لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد
زنجیرەی ژیاندنەوەی کەلەپوری ئەدەبی کورد ، ژمارە (٥)

دیوانی نالی

„ مەلا خدری ئەحمەدی شاویسی مکایەلێ „

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی

مەلا عبدالکریمی مدرس و فتاح عبدالکریم

محمّدی مەلا کریم

ئەندامی یاریدەری کۆڕی زانیاری کورد
پیا چوونەوە

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا
بەغدا ـ ١٩٧٦

من مطبوعات المجمع العلمي الكردي

سلسلة احياء التراث الادبي الكردي ، رقم (٥)

ديوان نالي

„المُلّا خِضْر بن أحمد بن شاويس المِيكائيلي"

حققه و شرحه

المُلّا عبد الكريم المدرّس و فتاح عبد الكريم

و راجعه

محمّد المُلّا عبد الكريم

العضو الموآزر للمجمع العلمي الكردي

مَطبعة المجمع العلمي الكردي

بغداد ـ ١٩٧٦

نالێ ، وەك بە خەیاڵی هونەرمەندی کورد (بدیع باباجان)دا هاتووە

پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیەمان چۆن ئامادەکرد؟

دەمێك بو خولیای لێکۆڵینەوەی دیوانی (نالیّ) و (سالم)م لە کەللەدا بو • بە دڵ حەزم ئەکرد بەرهەمی ئەم شاعیرە هەڵکەوتوانە بە شێوەیەکی پاك و پوختە و ڕێکخراو بخرێتە بەردەستی خوێندەوارانی بەڕێزی کورد و ، ڕۆشنبیرانی تازە پێگەیشتوی ئەم بەرەیە زیاتر لە کەلەپوری پڕ شانازیی ڕابوردوومان بزانن ، تا لەبەر ڕوناکیی رابوردوودا و بە سوود وەرگرتن لە ڕابوردوو ، لە داڕشتن و توسینی تازەدا سەرکەوتوتر بن و لە هەنگاو نانیاندا بەرەو ئەدەبی پێشکەوتوی دواڕۆژ جێپێیان پتەوتر بێ • دیارە سامانی هەر نەتەوەیەك لە هەر سوچێکەوە بیگری بریتییە لە کەلەپوری ڕابوردو و دەسمایەی ئەمڕۆ و ڕوونیی ئاسۆی بەرەو دواڕۆژی • پشت گوێ خستنی هەر یەك لەم سیانە مانای پشت گوێ خستنی ڕێبازی زانیارییە و ، لە ڕێ هەڵە کردن و سەرەسوڕە بەولاوە هیچی تیا نابێ •

چەند ساڵێك لەمەوبەر ڕۆژێکیان لەگەڵ باوکم باسی کەلەپوری ئەدەبیی کوردمان ئەکرد • تا باس هاتە سەر باسی (نالیّ) و (سالم) و (کوردیّ) و ئەو وەچەیەی شاعیرانی کورد • پێشنیارم لا کرد کە خەریکی دیوانەکەی (نالیّ) ببێ • باوکم ، لەگەڵ ئەوەشدا کە وەختی ئەوەندە

نەبوو و زیاتر بە دەرز وتنەوەی فەقێکانیەوە خەریك بـــوو ، گفتی دامێ • زۆری نەبرد لەسەر بناخەی نوسخە لەچاپدراوەکان دەستی بە کار کرد و شەرحێکی لەسەر کۆکراوەی هەمـــۆ نوسخەکان تۆست • داڕشـــتنەوە و ڕێکخستنیشی خستە ئەستۆی من •

من چیم کرد ؟

پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی باوکمم هەمۆ خوێندەوە و سەرلەنوێ بە نوسخە چاپەکاندا ڕۆیشتمەوە ، بەتایبەتێ چاپـــەکەی مامۆستا (عەلێ موقبیل) و ، پاش ئەوەی چەند جارێك چۆمە خزمەتی مامۆستای ئەدیب و زانا ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد مامۆستا مەسعۆد موحەممەد و بەرکوڵێکی بەردڵگرم سەبارەت بە (نالێ) و هەست و چەشی (نالێ) لا کرد ، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە لێکۆڵینەوەی شیعری (نالێ) کارێکی گەورەیە و بە پشتیوانیی تەنها نوسخە لەچاپدراوەکان ، بەتەواوێ ناگاتە ئەنجام • لەم ڕۆەوە چۆمـــەوە خزمەتی بـــاوکم و لەگەڵی لە مەســـەلەکە کۆڵیمەوە • بڕیارمان دا کارەکە ڕاگرین و دەس‌کەین بە گـــەڕان بەدوای نوسخەی دەستنوسدا ، بۆئەوەی هەمۆیان بەراورد بکەین و لەو بەراوردە نوسخەیەکی تا بـــکرێ پاکتر و وردتر ئامادە بـــکەین • باوکم تەواوکردنی کارەکەی لەسەر ئەم بناخەیە خستە ئەستۆی من •

منیش بەم پێیە دەستم کرد بە کار و لە ماوەی بەراورد و لێکدانەوەدا قۆناغ بە قۆناغ ئەچۆمەوە لای باوکم و پێویستم بە هەر لێکدانەوەیەکی نوێ بوایە یا هـــەر گیروگرفتێکم بهاتایەتە ڕێ لێم ئەپرسی • سەرەنجامی کارمان ئەم بەرهەمە بو کە ئیستا ئەیخەینە بەردەستی خوێندەواران •

ئەو نوسخانەی لە بەردەستما بۆن :

بێ‌گومان ئەو هەوڵەی مامۆســـتایان (کوردێ) و (مەریوانێ) و (عەلێ موقبیل) و (گێو) لەپێنـــاوی کۆکردنەوە و چاپکردن و لەسەر توسینی دیوانی (نالێ)دا داویانە ڕەنجێکی مەردانەیە و جێگای شانازییە و

لەسەر ئێمە و بەرەی داهاتو پێویستە بایەخێکی تایبەتییان بۆ دابێین و لە لاپەڕەی مێژوی خزمەتی ئەدەبی کورددا بۆیان بنوسین • بەڵام لەڕاستیدا ئەم نوسخە چاپانە هیچیان کەڵکی ئەوەیان پێوە نیە بە تەواوی بکرێنە بەڵگە بۆ لێکۆڵینەوە و مەعنا لێدانەوە • هەندێکیان تەنها ڕۆنوسێکی ڕۆتن و لە هەندێکی‌تریان‌دا بێ لێکۆڵینەوە و چۆنە بنج و بناوان (بە ئارەزۆ) دەسکاریی وشەکان کراوە •• ئەمانە بە جارێ مەعنا لێدانەوە و ڕۆشن کردنەوەی وشەکاندا نەڕۆیشتون • تەنها مامۆستا عەلی موقبیل نەبێ ، کاری ڕاست بێ ، لە داوێنی لاپەڕەکاندا مەعنای هەندێ لە وشەکانی بە فارسی لێداوەتەوە ، بەڵام بەداخەوە ئەو وشانەش کە ئەو مەعنای لێداونەتەوە زوربەیان ئاسانن و لەوانەیە هەر خوێندەوارێکی ژیر پاش نەختێك تێبینی بیانزانێ !

لەمە بەولاوە ئەم چاپانە بە هیچ جۆرێ خۆیان لە قەرەی مێژۆ و بۆنە و هۆی وتنی هیچ غەزەل و قەصیدەیەك نەداوە کە نەختێ ڕۆناکی بخاتە سەر هەندێ لای تاریکی ژیانی شاعیر و وتنی شیعرەکانی (بێجگە غەزەلەکەی کە بەبۆنەی مردنی سلێمان پاشای بابانەوە وتوێەتی کە هەمۆیان یەك لەدوای یەك تەئریخەکەیان بە حیسابی « ئەبجەد » نوسیوە) •

گەڕان بەدوای دەستنوسدا :

لە زۆر کەسم بیستبو کە خوالێخۆش‌بۆ مامۆستا مەلا موحەممەدی چرۆستانی شیعری نالیی زۆر چاك زانیوە و نوسخەیەکی پاکی دیوانەکەی بە دەستخەتی خۆی ــ چرۆستانی ــ هەیە(١) • کە باوکم بۆ ئەم مەبەستە

---

(١) لەبارەی مێژوی ژیانی مامۆستا مەلا موحەممەدی چرۆستانییەوە ، کاك یەحیای کۆڕی ئەم چەند دێڕەی بۆ نوسیوین :

خوالێخۆش‌بۆ ناوی (مەلا موحەممەدی کۆڕی مەلا عەبدوڕڕەحیمی چرۆستانی)یە . ساڵی ١٣١٢ی کۆچی لە دێی ئابلاخ لە نزیکی سولەیمانی هاتوەتە دنیاوە و لە پێنج‌شەممەی ١٦ی ناوجەژنانی ١٣٨٢ی کۆچی ، ڕێکەوتی نیسانی ١٩٦٣ی زایینیدا کۆچی دوایی کردوە و لە

=

نامەیەکی بۆ کاك ئەحمەدی کوڕی خوالێخۆش‌بۆ نوسێ کە ئێستە مودیر ماڵە لە ڕانیە لە پارێزگای سولەیمانێ ، خوا هەقە و پیاوەتێ نابێ بشاردرێتەوە ، وەك دڵسۆزێکی بەهیممەت دیوانە نالییەکەی بۆ ناردین • جێگای شانازێ و سەربەرزێ و شایانی سوپاسە •

هەر لەم بابەتەوە سۆراخی نوسخەیەکی‌تریشمان کرد کە دەسنوسی خوالێخۆش‌بۆ مامۆستا مەلا عارفی چنگنیانێ (٢) بۆ • باوکم لەم بارەیەوە

سولەیمانێ نێژراوە . بە منالێ لای باوکی خوێندوێەتێ و پاشان بە فەقێیەتێ چوەتە سولەیمانێ و هەولێر و کۆیە . لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهاندا ، بۆ دەرباز بۆن لە سەفەربەر ، چوەتە ناوچەی ڕانیە و پژدەر و لەوێ بوە بە مەلا . پاش بۆردومان کردنی ڕانیە لەلایەن ئینگلیزەوە کە ماڵەکەی ئەویشی بەرکەوتوە ، چوە بۆ ناوچەی شارباژێڕ و سیوەیل و پاشان هاتوەتە سولەیمانێ و تا کۆچی دوایێ کردوە ، لەوێ بوە .

خوالێخۆش‌بۆ پیاوێکی خۆش خولق و شیرین زەوشت و شاعیرێکی ورد بوە . بە کوردێ و عەرەبێ و فارسێ شیعری هەیە . لە شیعرەکانیدا زێ و شوێنی نالیی گرتوە ، چونکە نالێ زانێکی باش بوە و هۆگریی نالێ کاری تێ کردوە .

(٢) کاك موعتەصەم لەبارەی مێژوی ژیانی باوکیەوە نامەیەکی درێژی بۆ ناردین ، وا لێرەدا پوختەیەکی ئەخەینە بەر چاو :

خوالێخۆش‌بۆ کوڕی مەلا قادری چنگنیانییە ، ساڵی ١٨٨٧ی زایینێ لە دێی چنگنیانی سەر بە قەزای شارباژێڕ لە پارێزگای سولەیمانێ لەدایك‌بوە و شەوی پێنج شەممەی ١٩٦٧/٥/١١ ، ڕێکەوتی ای صەفەری ١٣٨٧ لە سولەیمانێ دنیای بەجێهێشتوە و لە گردی سەیوان نێژراوە .

خوێندنی تا پلەی ناوەندێ لای باوکی خوێندوە و پاشان بە فەقێیەتێ چوەتە بانە لە کوردستانی ئێران و لە سولەیمانییش لای مامۆستا مەلا حوسەینی پیسکەندێ خوێندوێەتی . هەروەها لە کەرکۆکیش خوێندوێە . کە بوە بە مەلا هاتوەتەوە بۆ چنگنیان . لە سەردەمی شێخ مەحمودی ڕەحمەتیدا بۆ ماوەیەك بوە بە قازێ و پاشان خۆی

نامەیەکی بۆ کاك موعتەصەمی کوڕی نارد • ئەویش زۆ ئەو دەستوسەی بۆ ناردین(۳) •

نامەوێ بیشـــارمەوە کەوا پێش ئـــەوەی نوســـخە دەستنوسەکانی خوالێخۆشبوان چروستانێ و چنگنیانیمان بـــۆ بێ ، هیوایەکی گەورەم هەبۆ کـــە بەهۆی ئەو دۆ نوسخەیەوە گـــەلێ گیروگرفتی لێکۆڵینەوەمان بۆ ئاسان ببێ ، چونکە هەر لە زوەوە ناوبانگی شیعر دۆستێ و ئەدیبیی ئەو دۆ ذاتەم بیستبو • بێجگە لەوە کە خۆم ساڵی ۱۹۵۳ بە میوانێ چۆبۆمە دێی چنگنیان بۆ خزمەتی مامۆستا مەلا عارف و بۆم دەرکەوتبو کەوا سەرەڕای پایەیبەرزی لە زانستە ئایینیەکاندا فارسێزانێکی وریا و ئەدەب دۆستێکی ورد و خـــەت خۆشێکی نایابیشـــە • ئەمانە هـــەمۆ کۆڵێ هیـــوایان تێدا بۆژاندمەوە و ، لـــە دڵی خۆمدا وامدانا کە دەستنوسی ئـــەم دۆ مامۆستا ڕەحمەتییە پڕیانـــە لە داوێن و پەراوێز و ، گەلێ وشـــەی قورسیان ڕۆن کردوەتەوە و دۆریش نیە هەندێ لایـــەنی وشە ئاراییشیان خستبێتە ڕۆ • بەڵام بەداخـــەوە وەك من دامنابو وا نەبو • ئەو هەڵبەســـتە جوانانە بێ بەرگ و ڕۆت و قۆت نۆسرابۆنەوە • بەڵام لەوەدا لـــە چاپەکان جیا بۆن کە دۆ خوێندەواری ئەدەب دۆست بەپێی توانایـــان بە فارسێ نۆسییەکی جوان شیعرەکانیان نۆسیوەتەوە و گەلێك لە نوســـخە چاپەکان زیاتر لە ڕاستیی ئەصـــڵی وشەکان نزیك کەونۆنەتەوە • جاروبـــاریش بە شێوەی

= وازیلێهێناوە . لە ســـاڵی ١٩٥٤دا بوە بە مودەڕڕیس لـــە قزرابات (سعدیە) و تا ١٩٥٨ لەوێ بوە ، ئەنجا گەڕاوەتەوە بۆ سولەیمانێ و بوە بە مامۆستای مزگەوتی حاجێ مەلا شەریف و تا مردن لەوێ بوە .

خوالێخۆشبۆ مەلایەکی زانا بو . زانیاری میرات (فرائض)ی زۆر چاك ئەزانێ . دەسێکی باڵای لەفارسێ زانیدا هەبو . موعەمما زانێکی باشیش بو .

(۳) یارمەتیی کاك ئەحمەدی چروستانێ و کاك موعتەصەمی چنگنیانێ لە مەیدانی ڕاست کـــردنەوە و ڕۆن کـــردنەوەی ئەم دیوانـــەی نالیدا بە هاوکارییەکی گەورە دائەنرێ .

(نوسخه) لەملاولای وشەکانەوە هەندێ وشە و نیوە بەیتیان تۆسیوەتەوە• ئەوەش شتێکی بەبایەخ بو بۆ ئێمە •

من لەو باوەڕەدام ئەم دۆ مامۆستایە ، بەتایبەتێ مامۆستای چروستانێ ــ لەبەرئەوەی لەگەڵ زاراوەی سولەیمانێ و شێوەی قسەی (نالێ)دا زیاتر ئاشنا بوە ــ دیوانی (نالی)یان زۆر باش زانیوە • بەڵام کەم و زۆر خۆیان بە مەعنا لێدانەوە و دەرخستنی جوانیی ئەدەبییەوە ماندۆ نەکردوە • بۆچی ؟ نازانم !!

وەك بیستبۆم و لە دەستنۆسەکەی مامۆستای چروستانییەوە لەکاتی خۆیدا بۆم دەرکەوت ، ئەم ذاتە لە خەستەخانەی (تۆپخانە) لە بەغدا نەخۆش بوە و مامۆستا هەژاری موکریانییش(٤) لەوێ بوە و ، دیوانە دەستنۆسەکەشیان لەبەردەستا بوە • کەچێ چەند وشەیەکی کەم و کۆڕ نەبێ هیچیان لەسەر ئەو نوسخەیە نەنۆسیبو •

من کە سەرپێیینە خوێندەواریی مەلاکانی کوردستان دێنمەوە پێش چاوم و هەندێ لەو بەرهەمە گەورە و گرنگانەیان دێنمەوە یاد ، کە سەیری لێکۆڵینەوەی یەك لەسەریەکیان ئەکەم ، کە ئەبینم کتێبێکی نەحو یا صەرف یا مەنطیق یا بەلاغە یا کەلام یا فیقە و ئوصۆلی فیقە و فەلەکیات نەماوە لە کوردستاندا مامۆستا کوردە زاناکان شەرحێك یا حاشیەیەکیان لێ نەکردبێ،

---

(٤) لە یەکەم لاپەڕەی سپیی نوسخەکەدا مامۆستا هەژار نۆسیویە :
« شەوی ٩٥٦/١/٢٩ لە خزمەتی مامۆستا مەلا موحەممەددا دیوانە نالییەکەمان خوێندەوە ، زۆر مەمنۆن بۆم کە زۆر ئیستیفادەم لە حوضۆری کرد و لە موستەشفادا بۆم بۆ بە مایەی فەیض و ئونس ــ هەژار » .
مامۆستای چروستانییش لە داوێنی ئەو چەند دێڕەوە ئەم بەیتەی نۆسیوە :

« کە بێ (ژێ) هاریو ، بێ (هێ) کە ژاری
وەها وریا و ژیری ، چۆن هەژاری ؟ »
چروستانێ

ئەگەمە ئەو باوەڕە کە لێ نەکۆلینەوەیان لە تۆسینی کوردێ ، لە دیوانی یەکێکی وەك نالێ ، خانێ ، مەولەوێ ، مەلای جزیرێ •• تاد ، هیی ئەوەیە تۆسینی خۆماڵییان لا بە بایەخ نەبوە ، بۆیە گوێی خۆیان لێ کەڕ کردوە •
ئەگینا ئەدەبی کوردێ و شیعری کوردێ لە ئەدەب و شیعری عەرەبێ و فارسێ گرانتر نەبوە و وەك ئەوانیان زۆر باش زانیوە ، لەوپەڕی ئەمانیشەوە هاتۆنەتەوە !!

ئەی بۆ وەك مەعنا لێدانەوەی کتێب و دیوانی زمانە دراوسێکان مەعنایەکی ئەمانەشیان لێ نەداوەتەوە ، تا ئێمەش پاش ئەوان بەشێوەیەکی ڕازاوەتر و لەبارتر تازەمان بکردنایەتەوە ؟ !

لێکدانەوە چیی پێویستە ؟

بۆ مەعنالێدانەوە و ڕۆنکردنەوەی دیوانێکی وەك دیوانی (نالێ) ئەم شتانە پێویستن :

١ ــ ڕاست کردنەوەی شیعرەکان و گۆڕینی شێوە تۆسییە فارسییەکەیان بۆ شێوە تۆسیی کوردیی ئەمڕۆ • ئەمەش پێجگە لە کوردێ زانین پێویستی بە زانینی فارسێ و شێوە تۆسیی فارسێ و زانینی عەرەبێ و ئەو زاراوانەی زانیارە ئایینییەکان هەیە کە دێنە ڕێگای لێکۆڵەوە • کەمێکیش ئاگاداریی لە مەرز و بۆم و ڕێ و شوێنی ئەو شاعیرە و کورتەیەکی ژیانو بەسەرهاتی ژیانی پێویستە •

٢ ــ دڵنیابۆن لەوەی کە ئەو قەصیدەیە یا ئەو غەزەلە هیی ئەو خاوەن دیوانەیە و هیی یەکێکیتر نیە •

٣ ــ ئەو بۆنەیەی کە شیعرەکەی بۆ وتراوە •

٤ ــ دیارێ کردنی ئەو سەردەمەی کە شاعیری تیا ژیاوە و ئەو ڕێبازەی گرتۆیەتی و چەندی لە خەڵك وەرگرتوە و چەندی زیادەی خستوەتە سەر •

٥ ــ ئەو کەسەی کە لە دیوانێك ئەکۆڵێتەوە پێویست نیە شاعیر یا ئەدیب بێ ، بەڵام پێویستە چەشێکی ئەدەبیی هەبێ و بچێتە پێستی خاوەن شیعرەکەوە تا بتوانێ حوکمێکی بەئینصافانە بدا و نرخی ڕاستەقینەی بۆ دابنێ و بە چاوێکی بێلایەن و بێ ئەوەی خۆیەتیی خۆی کاری تێ بکا سەیری ئەو بەرهەمە بکا و هەڵیسەنگێنێ •

٦ ــ ئاگالێبوون و زانینی نەفسییەتی شاعیر و دیارێ کردنی چەشنی چەش و هەست و خەیاڵی •

ئەو ڕێگایەی لە بەسەردا هاتنەوەی شەرحەکەی باوکمدا گرتمەبەر :

پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ خەریکی لێکۆڵینەوەکەی باوکم ببم هەمۆ نوسخە چاپ و دەستوسەکانم ڕێز کرد و فیهرستێکم بۆ ڕێك‌خستن و بەراوردێکی وردم لەێوانیاندا کرد و چێ لە هەمۆیانا هەیە و چێ تەنها لە هەندێکیانا هەیە هەمۆم دەست نیشان کرد و لەسەر بناخەی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵ باوکم تێکستێکم لە تێکڕای نوسخە دەستنوس و لەچاپدراوەکان هەڵبژارد و تۆسیمەوە و هەر جیاوازییەکی ڕێ‌تێ‌چوێش هەبۆ لە پەراوێزا دامنا و ئەم ئیشارەتانەم بۆکردن بەنیشانە :

(چر) : چروستانێ • (چن) : چنگنیانێ • (عم) : عەلێ موقبیل • (کم) : کوردێ و مەریوانێ • (گم) گیوی موکریانێ •

پاش لێبۆنەوەش لە تۆسینەوەی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی کتێبەکە ، لە ڕێگای برای بەڕێز شێخ عەلێ قەرەداغییەوە سێ کەشکۆڵم دەسگیر بۆ لە هەمۆیانا شیعری نالێ هەبو • یەکێکیان ڕەسۆڵ ناوێکی کوڕی حاجێ ئەحمەدی توربەیێ لە ساڵی ١٣١٢ی کۆچیدا تۆسیبۆیەوە ، بۆ ئەم نوسخەیە نیشانەی (ت)م دانا • یەکێکیشیان مەلا فەتاحی کاگردەڵێ لە ١٣٢٧ی کۆچیدا تۆسیبۆیەوە ، بۆ ئەمیش نیشانەی (ك)م دانا • ئەویشیان مەلا عەزیزی ڕێشاوێ تۆسیبۆیەوە ، بۆ ئەمیش نیشانەی (عز)مان دانا • چێ زیادە لەم سێ نوسخەیەشدا هەبۆ خستمە سەر تێکستە ئامادە

کراوەکە و جیاوازییە ڕێ‌ێچوەکانی ئەمانیشم لە پەراوێزدا دانا •

هەروەها لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کوردیشدا دۆ نوسخەی دەسنوسی‌ترم دۆزییەوە یەکێکیان هیی کتێبخانە دەسنوسەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبێ بۆ کە بەخشیبۆی بە کۆڕ • ئەمەیان هۆی دانانی چەند قەصیدەیەکی تیا نۆسرابو • ئەویشیان هیی کتێبخانەکەی خوالێخۆش‌بۆ مامۆستا موحەممەد ئەمین زەکێ بۆ کە پاشماوەکانی بەخشیبۆیان بە کۆڕ و لە ١٣٢١ی کۆچێدا نۆسرابوەوە • ئەمانە هیچ زیادەیان تیا نەبۆ ، بەڵام کەڵکم لە جیاوازییە ڕێ‌ێچووەکانیان وەرگرت • بۆ یەکەمیان نیشانەی (تۆ) و بۆ دۆهەمیان نیشانەی (مز)م دانا •

بۆیەش تەنها جیاوازییە ڕێ‌ێچوەکانم لە پەراوێزا داناوە ، چونکە لە هەمۆ نوسخەکانا گەلێ جیاوازیی‌وام هاتوەتە ڕێ سۆر زانیومە یا هەڵەی نۆسیار یا هەڵەی چاپە •

پاش ئەوەی پرسم بە هەندێك لە زانا و ئەدەب دۆستان کرد ، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کەوا پێویستە کەمێك تەرتیبی دیوانەکە بگۆڕم • بۆ ئەم مەبەستە بەپێی پێتی دوایێ غەزەل و قەصیدەکانم وەك نوسخەکانی لەمەوپێش ڕێز کرد • بەڵام لەم ڕێزکردنەدا پێتی پێش پێتی دواییشم ڕچاو کرد ، واتە : ئەو غەزەلەی کە پێتی دواییی بەیتەکانی ئەلفە و پێش ئەلفەکە (بێ)یە خستمە پێش ئەو غەزەلەی کە پێتی دواییی ئەلفە و پێش ئەلفەکە (پێ)یە • ئەم تەرتیبەم لە هەموواندا بەکارهێناوە تەنها ئەوە نەبێت کە سەرەتام بە غەزەلی :

ئەی جیلوەدەری حوسن‌و جڵەوکێشی تەماشا ..

دەستپێ‌کردوە ، چونکە :

١ ــ لە **هەمۆ** نوسخەکاندا کراوە بە سەرەتا •

٢ ــ لەوە ئەچێ کە نالێ خۆیشی بەتایبەتێ خستبێتیە پێشەوە • ئەوەتا لە یەکەم بەیتیا ئەوە دەرئەخا کە خوا جوانێ ئەبەخشێ و هەر

ئەویشە سەرنجی خەڵق ڕاکێشێ و لەناو خەڵقدا بایەخ بەو جوانییە ئەدا • هەروەها لە پایانی ئەم غەزەلەدا ئەڵێ :

نالێ ، نیەتی سیحری بەیان ، حیکمەتی شیعرە
ئەمما نیەتی قووەتی دڵ ، قودرەتی ئینشا

واتە : نالێ نیازی وتنی شیعری پڕ لە حیکمەت و بەیان و وتاری سیحراویی هەیە ، بەڵام هێزی دڵ و توانای داهێنانی نیە ، تەنها خودا ئەم هێزەی ئەداتێ • ئەمەش بە بەستنەوە لەگەڵ تێکڕا و پاش و پێشی غەزەلەکەدا سەرەتای دەست پێکردن ئەگەیەنێ • ئەمانە وایان لێ کردم منیش وەك پێشوان ــ بەڵام بە بەڵگەوە ــ ئەم غەزەلە لەپێش هەموانەوە دانێم و بە سەرەتای دیوانەکەی حسێب بکەم •

بۆ ڕاست کردنەوەی شیعرەکان ، پاش ڕێك‌خستنی فیهرستەکەی باسم کرد ، هەمۆ نوسخە چاپ و دەستنوسەکانم لە بەردەستما ڕێزکرد و نرخێکی تایبەتیم بۆ نوسخە دەستخەتەکان دانا نەك تەنها لەبەر دەستخەتێتێ، بەڵکو لەبەرئەوەی خاوەن خەتەکان کورد و خوێندەوار و ئەدەب دۆست و نزیکە چەرخی (نالێ) بۆون و ، هیچ نەبێ خوێندەواری‌وایان دیوە کە نالیێ دیبێ • ئەمەش مرۆڤ زیاتر لە ڕاستییەوە نزیك ئەکاتەوە •

نە باوکم لە سەرەتادا و نە خۆیشم لە قۆناغی دۆهەمدا ، هیچ وشەیەکی گران و بەئاسانێ نەزانراومان نەکردوەتە ماڵ تا لە فەرهەنگێکی فارسێ یا کوردێ یا عەرەبیدا نەماندۆزییێتەوە و هەر وشەیەك پەیوەندی بە زاراوەیەکی شەریعەت یا تەصەووف یا هەر زانیارییەك لە زانیارییەکانی ئیسلامەوە بۆبێ بەپێی توانا چۆنەتە بنج و بناوانی •

کە بەتەواوێ لە کارەکەم بۆمەوە ، کێبەکەم بە شێوەی کوردیی نوێ و بە پێی ڕێنوسی کۆڕی زانیاری کورد نوسیەوە ، بەڵام وشە عەرەبییەکانم ــ لە هەندێ شوێنا نەبێ ــ بە پیتی عەرەبێ و شێوەنوسیی کوردێ نوسیوەتەوە و لە نوسینەوەدا دەسکاریی هیچ وشەیەکم نەکردوە ،

واته چۆنم دیوه له هەمۆ نوسخەکاندا یا لە هەندێکیاندا بێ گۆڕین تۆسیومەتەوە • جا ئەگەر بە تەواوم نەزانیبێ ئەوا لەکاتی مەعنا لێدانەوەو لێکۆڵینەوەدا باسم کردوە •

لە داوێنی لاپەڕەکانەوە مەعنای یەکە یەکەی وشە گرانەکانم تۆسیوە • ئەنجا مەعنای تێکڕای بەیتەکەم لێکداوەتەوە و پاش ئەوەش ئەوەی پەیوەندی بە وشەئارایێ و (بەدیع)ەوە هەبێ ، ئەوەندەی هەستم پێ کردبێ ، خستۆمەتە ڕۆ • دوای هەمۆ ئەمە نوسخەکانی‌ترم (لەو شوێنانەی کە نوسخەی‌تر هەبێ) تۆسیوەتەوە و نیشانەی سەرچاوەی ئەو نوسخانەم ، وەك پێشان باسم کرد ، داناوە •

ئەو زاراوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارمانهێناون :

وەك لەمەوپێش باسمکرد ئەو بار و دۆخە ئەدەبییەی نالیی تیا ژیاوە ، کاری تێکردوە و ، زیرەکێ و بلیمەتییەکەشی پاڵی پێوە ناوە هەرچی جوانکارێ و وشە ئارایێ هەیە بەکاری‌بێنێ • لەبەرئەوە شیعرەکانی بێجگە لە قۆڵیی مەعنا و ناسکیی هێما ، پڕیشن لە (موحەسسیناتی بەدیعێ) • ئێمە پاش هاوژییەتیی چەند ساڵی دیوانەکەی نالێ ، بە بیر و بۆچۆنی خۆمان گەیشتۆینەتە ئەوە کە نالێ بەدەگمەن وشەیەکی بێجێ و بێمەبەستی داناوە و لە هەندێ شوێنیشدا دۆ وشەی کۆکردوەتەوە کە بە واتا پەیوەندییەکی‌وایان بە یەکەوە نیە ، کەچێ بەدیمەن ، کۆکردنەوەیان لە جوانێ بێبەش نیە وەك لە گەلێ شوێنی لێکۆڵینەوەکەدا ڕۆنمان کردوەتەوە •

جا لەبەرئەوەی کە نالێ بۆ دەرخستنی ئەو جوانییانەی شیعرەکانی ڕێبازی عیلمی (بەدیع)ی گرتوە و شوێن پێی ڕەوانبێژێ (بەلاغە)ی عەرەبیی هەڵگرتوە ، بە پێویستمان زانێ یەکە یەکەی ئەو موحەسسیناتە بەدیعییانە ڕۆن بکەینەوە کە ئەو بەکاری هێناون • زاراوەکانی ئەو موحەسسیناتەشمان هەر بە عەرەبێ هێشتەوە ، چونکە هێشتا وشەی پڕبەپێستیان لە کوردیدا بۆ دانەنراوە و هەرچییش تائیستا لێرە و لەوێ بەرچاو ئەکەوێ کاڵ و کرچە • مەبەست لای ئێمە دەرخستنی جوانیی

شیعرەکەیە ، ئیتر بە زاراوەی عەرەبێ بێ یا کوردێ • دیارە ئەگەر بکرایە بە کوردێ بوایە ، چاکتر بو • بەڵام هێشتا ئەو توانایەمان بۆ نەلواوە • ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە دیوانەکەی نالێ کەلەپۆر (تراث)یکی نەتەوەییە و ئەبێ بەو چاوە لێی بکۆڵینەوە و جوانییەکانی دەرخەین •

ئیستا پوختەیەکی ئەو زاراوانە ئەخەینە پێش چاو و مەعناشیان لێ ئەدەینەوە و نمۆنەیان بۆ ئەهێنینەوە :

یەکەم ــ هەندێ لەو جوانییانەی پەیوەندییان بە مەعناوە هەیە :

١ ــ (طیباق) کە (تەضادد)یشی پێ ئەڵێن • واتە : کۆکردنەوەی دۆ مەعنای دژی یەکتر • ئەگەر دۆ مەعناکە مەعنای دۆ ڕستە ، یا دۆ کار ، یا دۆ ناو ، یا دۆ پیت بۆن ، ئەوا پێی ئەڵێن (طباق الایجاب) • ئەگەر بۆن و نەبۆن (نفی و اثبات)یش بۆن ، ئەوا پێی ئەڵێن (طباق السلب) •

نمۆنەی یەکەم : ئەو دژایەتییەی لەێوان (ڕەقێ) و (نەرمێ)دا هەیە ، وەك لەم بەیتەدا :

صابۆنی کەفی پێتە کەفی زاری چاپلۆس
خاصییەتی (ڕەقێ)ی هەیە نەرمیی زوبانی لۆس

نمۆنەی دووەمیش وەك لەم بەیتەدا :

لە کن من با وجۆدی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نیە ئەم شارە بێ تۆ

ئەوەتە لێرەدا « با وجۆدی •• تاد » ، بۆن و « کەسی تێدا نیە » نەبۆن ئەگەیەنێ •

٢ ــ (تەناسوب) واتە : کۆکردنەوەی دۆ یا چەند شتی هاوجۆر و پێکەوە گونجاو ، وەك کۆکردنەوەی (شەمس) و (قەمەر) و (ئەستێرە) لەم بەیتەدا :

ئەستێرە هەمۆ مەحوە لەنێو نۆری قەمەردا
یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بە فەردا

٣ ــ (تەشابوهی ئەطراف) کە بەشێکە لە تەناسوب ، واتــە : دوایێ هێنانی قسەیەك بە شتێك کە لەگەڵ سەرەتای قسەکەدا بگونجێ ، وەك لــەم بەیتەدا :

بونیانی کیبر و سەرکەشییە طاقی کیسرەوێ
دانانی ظوڵم و زۆرەشییە تەختی ئابنۆس

٤ ــ (تەوریە) واتە : وشەیەك دۆ مەعنای هەبێ ، یەکێکی نزیك و یەکێکی دۆر و مەعنا دۆرەکەیان مەبەست بێ ، وەك وشــەی (ئاو) لەم بەیتەدا :

زێێ حورمەت و بێحورمەتیی هەرگیز نەکوتابێ
چەن ئاوی زژابێت و چ ئاوی نەزژابێ

٥ ــ (حوسنی تەعلیل) کە ئەوەیە بەڵگەیەك بۆ دۆخێك دابنرێ ، ئەو بەڵگەیە شتێکی زاستەقینە نەبێ ، تەنها بۆ ئیعتیباریێکی ناسك و شاعیرانە بێ ، وەك نیوەی دووەمی بەیتی داهاتۆ لەگەڵ نیوەی یەکەمیدا :

شیعری خەڵقێ کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکێ ؟
کەی لە دیققەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا ئەکا ؟

ئیستا ئەمە شتــێکی خەیاڵییە پــەتك و هــەودا ببێ بە هــەرایان و بەربەرەکانێی یەکتر بکەن لە ناسکیدا •

٦ ــ (کینایە) واتە : بەکارهێنانی وشەیەك یا زستەیەك و مەبەست نەبۆنی مەعنا زاستەقینەکەی و لەدڵ گرتنی مەعنایەکی تر کە پەیوەندییەکی بە مەعنا زاستەقینەکەیەوە هەبێ ، بە مەرجێ زێگا لە مەبەست بــۆنی مەعنا زاستەقینەکەش نەگرێ ، وەك لەم بەیتەدا :

عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر
لە زۆی تۆم دیدە هەڵنایە شەو و زۆژ گەرچی بێدارم

ئیستا لێرەدا (خوسرەوی خاوەر) کینایەیە لە خۆر •

٧ ــ (ئیستیعارەی موصەڕڕەحە) واتــە : شوبهاندنی شــتێك بــە شتێکی‌تر و ناوهێنانی پێ‌شوبهێنراوەکە لەجیاتیی شوبهێنراوەکە بە مەرجێ نیشانەیەکی‌وا لە ئارادا بێ پەیوەنــدی بە شوبهێنراوەکەوە ببێ ، وەك لەم بەیتەدا :

کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتۆت
لەو تەختە کەوا صاحیبی مۆرن بە صەدارەت

لێرەدا جۆتە مەمکی یار شوبهێنراوە بە بەی و هەنار • مەمك ناوی نەهێنراوە ، بەی و نار لە جێگەیدا دانراون • صیفەتی (نەگەیشتۆ)یش کە ئیضافە کراوەتە پاڵ (ت) نیشانەیەکە پەیوەندی بە مەمکەوە هەیە چونکە مەمك هیی یارە نەك هیی بەی و نار •

٨ ــ (ئیستیعارەی مەکنییە) واتە : شوبهاندنی شتێك بە شتێکی‌تر لەگەڵ ناوهێنانی شوبهێنراو ، بە مەرجێ شتێکی‌واش باس بکرێ پەیوەندی بە پێ شوبهێنراوەکەوە ببێ ، وەك لەم بەیتەدا :

دەست بەندییانە ، دێن و دەچن سەرو و نارەوەن
یا حەڵقەیانە صۆفییی ملخواری مەندەبۆر ؟

لێرەدا سەرو و نارەوەن شوبهێنراون بە کوڕە لاو لەکاتی هەڵپەڕکێدا ، (دێن و دەچن)یش کــە لەگەڵیاندا وتراون کاری پیاون نــەك هیی دار و درەخت •

ڕاستەکەی ئێمــە لەم لێکدانــەوە و لێکۆڵینەوەیەماندا هونــەری ئیستیعارەمان زۆر نەخستوەتە ڕۆ چونکە لە زوربەی شیعرەکاندا هەیە • خوێندەواری زیرەك هەر کە کەمێك ئاشنایەتیی لەگەڵ شیعرەکانی نالێ پەیدا کرد خۆی ئەیاندۆزێتەوە •

٩ ــ (لەف و نەشر) ئەوەیە لەپێشدا دۆ شت یا زیاتر باس بکرێ و لە دواییدا بــێ دیاریکردن باسی چەند شتێکی‌تر بکرێ کــە پەیوەندیان بەوانی پێشوەوە هــەبێ • جا ئەگەر تەرتیبی شتە دواییــەکان وەك هیی

پێشوەکان بۆ ئەوە پێی‌ئەڵێن (لەف و نەشری مورەتتەب) و ، ئەگەر پاش و پێشیش بۆن واتە یەکەم بۆ دووەم و دووەم بۆ یەکەم ئەگەڕایەوە ، ئـــەوە پێی‌ئەڵێن (لەف و نەشری موشەووەش) •

نمۆنەی لەف و نەشری مورەتتەب وەك ئەم بەیتەدا :

ئەم ئەرضە مەزرەعەی عەمەلە و گوڵخەنی ئەمەل
هێندی بوە بە مەسجید و هێندی بە مەزبەلە

لەپێشدا دۆ شتی وت : (مەزرەعەی عەمەل) و (گوڵخەنی ئەمەل) • لەدواییشدا دۆ شتی‌تری وت : (بوە بە مەسجید) و (بوە بە مەزبەلە) • مەسجید لەگەڵ مەزرەعەی عەمەل و مەزبەلەش لەگـــەڵ گوڵخەنی ئەمەل لەبارە •

نمۆنەی لەف و نەشری موشەووەشیش وەك لەم بەیتەدا :

بە ناری عەشق و ئاوی دڵ جەسەد وەك حەزرەتی مۆسا
طەریقی بەحری فیرعەون و ڕەفیقی ئاتەشی طۆرە

لێرەدا ، لەپێشـــدا (نار) و (ئـــاو)ی وت و لەدواییـــدا (بەحری فیرعەون) و (ئاتەشی طۆر) کە یەکەمیان لەگەڵ دووەم و دووەمیان لەگەڵ یەکەم لەبارە •

١٠ــ (موبالەغە) : ئەوەیە صیفەتێك ئەوەندە بەهێز یا بێ‌هێز پیشان بدرێ کە یا نەشیاو (موستەحیل) یا زۆر گران بێ ، وەك لەم بەیتەدا :

شوعاعی ڕۆت لە گەردندا دیارە دڵ دەسۆتێنێ
بنازم بەم تەجەللایە چ خورشید و بلۆرێکە !

١١ــ (لەطافەت) : ئەوەیە وشەیەك دۆ مەعنا هەڵبگرێ وەك وشەی (زار) لەم بەیتەدا کە هەم مەعنای (لاواز) و هەم مەعنای (دەم)یش ئەگەیەنێ :

جان بەر لەبی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت
(فالبائس یستوهب من فیك معاشا)

١٢ــ (تەشبیهی مەقلوب) واتە : شوبهاندنی پێچەوانە کە ئەوەیە شتێك بشوبهێنێ بە شتێکی‌تر کە لەڕاستیدا ئەبۆ بە پێچەوانەوە بوایە • ئەمەش بۆ موبالەغەیە لە هاتنەدیی هۆی شوبهاندنەکە لە شوبهێنراوەکەدا ، وەك لەم بەیتەدا :

شەرەری تابش و بارش لە دەمی ڕەعدی بەهار
ئەثەری جۆششی گریانە لە ئەفغانمدا

دووەم ــ هەندێ لەو جوانییانەی پەیوەندییان بە وشەوە هەیە :

١ ــ جیناس : ئەوەیە دوو وشە وەك یەك بن • ئەمەش چوار جۆری هەیە :

أ ــ (جیناسی تەواو) : ئەوەیە پیتەکانی ئەو دوو وشەیە لە چەشن و ژمارە و ڕێز و سەروژێردا تەنبەتەن یەك بن • جا ئەگەر هەردوو وشەکە یەك وشەیێ بۆن ، ئەوا پێیئەڵێن (جیناسی تەواوی موماثیل) ، وەك لەم بەیتەدا :

شەبەهی زوڵفی شەبەهـ گۆنەیە ڕۆ گەردانی
بە سەری ئەو کە بە سەودا سەر و سامانم دا

لێرەدا لەێوان دوو وشەی (شەبەهـ)دا جیناسی تەواوی موماثیل هەیە •

خۆ ئەگەر یەکێ لە دوو وشەکان لە دوو وشە دروست کرابێ و ئەوی‌تریان یەك وشەیێ بێ ، ئەوا پێیئەڵێن (جیناسی تەرکیب) ، وەك لەم بەیتەدا :

موطمەئین خاطر و ئەیمەن مەبە هەرگیز لە شەڕی
نەفسی ئەمارە ، کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕییە

ب ــ (جیناسی ناقیص) : ئەوەیە یەکێ لە دوو وشەکە پیتێکی لەوی‌تریان زیاتر بێ • ئیتر ئەو زیادەیە لە سەرەتاوە بێ یا لە ناوەڕاست یا لە

دوایێ وشەدا ، وەك وشەی (پۆش) و (پۆشۆ) لەم بەیتەدا :

رەقیب و موددەعێ وەك پۆش و پۆشۆن
بسۆتێنین كە وەك بەرقین ، لەبەر قین

جـ ــ (جیناسی موحەرڕەف) : ئەوەیە دۆ وشەكە لە هەمۆ شتدا یەك بن ، تەنها سەروژێریان جیاواز بێ ، وەك (جەنان) و (جینان) ، بەپێی شێوە تۆسینی عەرەبێ ، لەم بەیتەدا :

جەنانی وەك جینان كردم بە ماوا
حەبیبەی (ماڵیاوا) ماڵی ئاوا

د ــ (جیناسی موضاریع) : ئەوەیە دۆ وشەكە وەك یەك بن و تەنها لە یەك پێتدا جیاواز بن و ئەو دۆ پێتەش كە تیادا جیاوازن لەیەكەوە نزیك بن ، وەك وشەی (دێبا) و (زێبا) لەم بەیتەدا :

كۆڕ تازەوو تەڕ مادام سادە وەكو خوشكی بێ
ئەمما كە ڕۆا سەبزە دێبا كۆڕ و زێبا كێ

هـ ــ (جیناسی لاحیق) : ئەوەیە دۆ وشەكە وەك یەك بن و تەنها لە یەك پێتدا جیاواز بن و دۆ پێتەكەش بەتەواوێ جیاواز بن ، وەك سێ وشەی (ئاسك) و (ناسك) و (باسك) لەم بەیتەدا :

ئەلا ئەی ئاسكی ناسك بە باسك
شكاندت گەردنی صەد شێرێ شەرزە

جیناس جۆری تریشی هەیە ، بەڵام ئێمە لە دیوانەكەی نالیدا هەر نمۆنەی ئەمانەمان بەرچاو كەوت • لەوانەیە جۆری تریشی تیا بێ و بەسەرماندا تێپەڕیبێ •

٢ ــ (ئیقتیباس) : وەرگرتنی شتێك لە ئایەتی قورئانی پیرۆز یا فەرمۆدەی پێغەمبەر یا سەرچاوەیەكی ئەدەبێ و بەكارهێنانی لە ڕستەدا ، نەك بە شێوەی ئەوە كە تێكستێكە وەرگیراوە ، وەك (سیحری بەیان) و (حیكمەتی شیعر) لەم بەیتەدا :

نالێ نیەتی سیحری بەیان ، حیکمەتی شیعرە
ئەمما نیەتی قووەتی دڵ ، قودرەتی ئینشا

کە لە حەدیثی (ان مــن الشعر لحــکمة و ان من البیان لســحرا) وەرگیراون •

٣ ــ (تەلمیح) کە هێمــایە بۆ شــیعرێك یــا زۆداوێك ، وەك لــەم بەیتەدا :

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین
خۆی کە دامێنگیری شاهی ئاصەفی ثانێ دەکا

کە هێمایە بۆ حیکایەتی حــەزرەتی سولەیمان و پەپوە سڵێمانەکە و بەلقیسی شاژنی یەمەن کە لە شاری سەبەء ژیاوە ••

ئەمە جگە لە گەلێ جۆری جوانێ و هونەری وشە ئارایێ کە ئەگەر یەکێك بەتایبەتێ بەدوایانا بگەڕێ ، لەوانەیە باسێکی دوور و درێژیان لەسەر بنوسێ •

گیروگرفتی ناسینەوەی شیعری نالێ :

سەبارەت بە دڵنیا بوون لەوەی ئەم غەزەلە یا ئەو قەصیدەیە یا ئەو بەیتە هیی (نالی)یە یا هیی ئەو نیە ، بەڕاستێ پیاو تووشی سەرئێشە ئەبێ و ناچارە گومان بکاتە بنچینەی کار !

جێی ســەر سوڕمان نیــە خەڵك شــیعریان وتبێ و (نالی)یەکیان خستبێتە دوا بــەیت و بوبێتە شــیعری نالێ ! یا لــەکاتی نووســینەوەدا بە (ئیجتیهاد) ئەم غەزەلــە یا ئەو بەیتە کرابێتە هیی نالێ هــەر لەبەرئەوەی نەیانزانیوە هیی کێیە و توانای خۆ ماندوو کردن و دۆزینەوەی خاوەنەکەیان نەبوە •

مەسەلەی شیعر بەدەم خەڵکەوە هەڵبەســتن (ئینتیحال) لە (نالێ) کۆنترە و لەناو ئەدەبی کۆنی گەلە دراوسێکانیشدا بوە • ئێمەش بەشێکین

له گەلانی ئــەم سەرزەوییە و ئەدەبەکەشمان یەکێکە لــە ئەدەبەکانی ئەو جیهانە •

ئەوەی لەم بابەتــەوە کــەمێك دڵنیایێ بە خوێنــەر ئــەدا ئەوەیە کە سەردەمی شاعیرەکەمان زۆر دوور نیە و ، سولەیمــانێ و دەوروبەری خاڵێ نەبوە لە شاعیر و خوێندەوار و بلیمەتی وەکو مەحوێ و شــاعیری ناسکی وەك بێخود و پیرەمێــردی لێ نەبڕاوە و تا ئەم دواییــەش گــەلێ ئەدەب دۆستی بەعومری‌وای تیــا بوە کە لە نالێ و ســەردەمی نالێ و هاوڕێیانی نالێ دوور نەبوون و ئەم کۆمەڵە شیعرانە کە دراونەتە پاڵ نالێ و پێی‌دەڵێن (دیوانی نالێ) زوربەیان کەس ڕەخنەی لێ نەگرتوون و نەیوتوە ساختەن ! ••

ئەمە لەلایەك • لە لایەکی‌تریشەوە شــیعرەکانی نــالێ تێکڕا خاوەنی چەند صیفەتێکی تایبەتین و ، پاش ئەوەی کە ماوەیــەك ئەدیبی ڕەخنەگر لەگەڵیاندا بێ و ، تەماشای شیعری شاعیرانی‌تری ئەو ســەردەمە بکا و بە وردێ چاو بە وشەی ئەو سەردەمەدا بگێڕێ و دڵی بــۆ مەعنا و نهێنیی وشە و ڕستە و تەعبیری تێکڕای ئەو ژۆژانە بکاتــەوە و ، ئەنجا بێتە سەر بەرهەمەکانی نالێ و خاسیەتە تایبەتییەکانی وشە و ڕســتە و وشە ئارایێ و خەیاڵ تەنێ و جونبوشی هەســت و قۆڵیی مەعنا و تاوتوێان بکا ، لەوانەیە بتوانێ شیعری زادەی بیری (نالێ) لە هیی ساختە جیا بکاتەوە •

ژیانی نالێ و سەردەمی

نالێ ناوی خدر (خضــر)ە و کوڕی ئەحمەدی شاوەیســی ئــالی بەگیی مکایەڵییە(٥) • لە گوندی (خــاك و خۆڵ) لە دەشــتی شــارەزوور

---

(٥) نالێ خۆی ناوە نــاوە لە شیعرەکانیدا ناوی (خضر)ی بــە لەطافەت یا تەوریە بەکارهێناوە . سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە :

١ ــ هەرچەندە کە عومری (خضر) و جامی جەمت بۆ
چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بۆ !

=

هاتوەتە دنیاوە • بەپێی ژێبازی خوێندنی ئەو سەردەمە لە سەرەتاوە قورئانی پیرۆز و وردە کتێبی فارسیی خوێندوە و چـوە بۆ فەقێیەتێ و لەپێنـاوی وەرگرتنی زانستە ئایینییەکاندا شار و دێهاتە قوتابخانەدارەکانی بەشێکـی کوردستان گەڕاوە و دوا پلەی ئەو خوێندنەی بڕیوە و ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتوە • ئەو شوێنانەی کە زۆر تیایانا مابۆیێتەوە سـنە و سـابلاغ و زەردیاوای قەرەداغ و هەڵەبجە و سـولەیمانین • لـە قەرەداغ لای شێخ موحەممەدی ئیبنولخەیاط خوێندۆیەتی • لە تەکیەی قەرەداغیش ژیاضیاتی لای شێخ عەلیی مەلا خوێندوە• لە سولەیمانێ لە مزگەوتی (سەیید حەسەن) لای مەلا عەبدوڵلای ژەش بوە • زۆرتر دەوری موستەعیددیی لە خانەقای (مەولانا خالید) لـە سولەیمانێ ژابواردوە • هەروەهـا گەلێکیشی لە هەڵەبجە و سولەیمانێ لای شێخ ئەولای خەرپانێ خوێندوە (٦) •

ئەم مەعلۆماتەی سەرەوە کە بە ئەمانەت نەقڵم کردن ، دۆر نیە ژاست بن ، هەرچەند لایەنی مێژۆی هەرکەس پێویستە زۆر بە وردێ دەستی بۆ ببرێ و بەڵگەی دیاری هەبێ •

خوالێخۆش‌بۆ موحەممەد ئەمین زەکێ بەگ ئەڵێ : نالێ لـە سالانی

= ٢ ـ خەطی سەبزی لە کەناری لەبی (نالێ) هەروەك
(خضر)ی زیندە لەسەر چاە زولالێکی هەیە

٣ ـ سەری زوڵفت کە ژشتەی عومری (خضر)ە نیوە هەودایە
چ هەودایە ؟ کە هەر حەڵقەی دوصەد زنجیری تێدایە

٤ ـ تا گەرمژەویی قەطرەیی ظوڵماتی بەقا بێ
(ماء الخضر) ت قەطرە لەسەر قەطرە فیدا بێ

٥ ـ لەبی تۆ ئاوی بەقا ، من (خضر) م
فەیضی تۆ ژەحمەت و ، من سەوزە گیا

(٦) علاءالدین سجادی ، مێژوی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٠ . (چاپی دووەم) ل ٢٤٠ ـ ٢٤١ .

١٢١٥ ــ ١٢٧٣ی کــۆچێ ، ١٨٠٠ ــ ١٨٥٦ی زایینیــدا ژیاوە(٧) • د • مەعرۆف خەزنەداریش هەر هەمان مێــژۆ دیارێ ئــەکا(٨) • هەروەها د• کەمال فوئادیش(٩) • مامۆستا عەلائەددین سەججادییش ئەڵێ : لە ١٧٩٧ی زایینیدا هاتوەتە دنیاوە و لە ١٨٥٥دا مردوە (١٠) •

وا هەمۆ ئەم مامۆستایانە ، مامۆســتای ســەججادێ نەبێ ، میژۆی لەدایکبۆن و مردنی نالییان وەک یەک دانا و بەو پێیە نالێ ٥٦ ساڵ ژیاوە • تەنها بەپێی بۆچۆنەکەی مامۆستای سەججادێ تەمەنی بوە ٥٨ ساڵ •

وابزانم هۆی یەکنەکەوتنی قسەی مامۆســتا ســەججادێ لەلایەک و دوکتۆر خەزنەدار و دوکتــۆر کەمال فوئاد لــە لایــەکی‌ترەوە دەربارەی تەمەن و ساڵی لەدایکبۆنی نالێ ئەو بەراورد کردنەی کوردێ و مەریوانێ و بەدوای ئەوانیشدا مامۆستا عەلێ موقبیلە کە لە پێشەکیی دیوانەکەیاندا ساڵی ١٢١٥ی کۆچییــان لەگەڵ ساڵی ١٧٩٧ی زایینیدا بەراورد کــردوە • جا ئەگەر وابێ ئەوا وەک کوردێ و مەریوانێ و موقبیل و سەججادێ ئەفەرمۆن نالێ (٥٨) ساڵ ژیاوە• بەڵام لە جەدوەلەکەی ڕۆژەڵاتناسی ئەرمەنیی سۆڤێتێ یۆسف ئەبگارەڤیچ ئۆرێلێ (١١)دا ساڵی (١٢١٥)ی کۆچێ لەگەڵ ساڵی (١٨٠٠ ــ ١٨٠١)ی زایینێ بەرابەر کراوە • بەپێی ئەمە وەک دوکتۆر مارف

---

(٧) محمد امین زکی ، خلاصة تاریخ الکــرد و کردستان ، (ترجمة محمد علی عونی) ، القاهرة ، ١٩٣٩ ، ص ٣٥٨ .

(٨) مارف خەزنەدار ، لەبابەت میژۆی ئەدەبی تازەی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ ، ل ٣٦ « بە زمانی ڕۆسێ » .

(٩) کــەمال فوئــاد ، دەسنۆوســی کوردێ ، فیزبــادن ١٩٧٠ « بە زمانی ئەڵمانێ » .

(١٠) علاءالدین ســجادی ، میژوی ئــەدەبی کوردی ، ل ٢٤٠ ، ٢٤٤ ، چاپی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧١ .

(١١) یوسف ابگاروڤیچ اوربــلی ، جداول لتحویل الســنوات الهجریة الی الســنوات المیلادیــة ، (ترجمــة الدکتور حســین قاسم العزیز) ، مجلة المورد ، المجلد الثالث ، العدد الرابع ، بغداد ١٩٧٤ .

خەزنەدار و دکتۆر کەمال فوئاد لەســـەری زۆیشتۆن ســـاڵی لەدایكبۆنی نالێ دەکاتە (١٨٠٠)ی زایینێ و تەمەنیشی دەیێتە (٥٦) ســـاڵ •

لە ڕاستیدا هیچ‌کام لەمانە باسی ئەو سەرچاوەیەیان نەکردوە کە ئەم ساڵی بۆن و مردنەیان لێ وەرگرتوە کە ئەمەش شتێکی بنەڕەتـــێ و زۆر گرنگە • بێ‌گومان مەسەلەی دیـــارێ کردنی مێژۆ بە (ئیجتیهاد) نـــابێ و بناغەیەکی ڕاست و دروستی ئەوێ • بەڵام هەندێ شت هەیە دەبنە هۆی زۆن کردنەوەی سەردەمی (نالێ) و نزیك بۆنەوە لە زانینی ساڵی لەدایكبۆن و مردنی •

١ ــ نالێ پەیوەندییەکی تایبـــەتیی لەگەڵ سلێمان پاشـــای بابان و ئەحمەد پاشای کوڕیدا بوە • ئەم پەیوەندییەیش بەم بەڵگانەی خوارەوەدا دەرئەکەوێ :

أ ــ ئەو غەزەلەی کە سەرەتاکەی ئەم بەیتەیە :

بولبولی طەبعم ئەوا دیسان ئەناخوانێ دەکات

کە تیا ئەڵێ :

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین
خۆی کە دامێنگیری شاهی ئاصەفی ثانێ دەکات

شاهی ئاصەفی یەکەم حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر بوە کە وەزیرەکەی ناوی ئاصەفی کوڕی بەرخیا بوە و مەبەستی لە شای دووەمی ئاصەفیش ، سولەیمان پاشای بابانە (١٢) •

ب ــ ئەو غەزەلەی کە یەکەم بەیتی ئەمەیە :

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن
ئاشۆبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

---

(١٢) بڕوانە : مەسعۆد موحەممەد ، حاجێ قادری کۆیێ ، بەرگی دووەم ، بەغدا ١٩٧٤ ، ل ١٥٥ ــ ١٥٦ .

که هەمۆی بریتییە لە پیاهەڵدان و وەسفکردنی تاقمە سوپایەك • ئەبێ ئەو سوپایە سوپای کێ بۆبێ ئەگەر هیی سلێمان پاشـــا یا ئەحمەد پاشای کوڕی نەبۆبێ ، بەتایبەتێ کە کتێبەکانی مێژۆ ئەڵێن ئـــەم ئەحمەد پاشایە سوپایەکی زێڵوپێك و تازە بابەتی پێکهێناوە • جـــا نازانم (نالێ) لەکاتی دەستەڵاتی ئەحمەد پاشادا لە سولەیمانێ ماوەتەوە و ئەو سوپایەی بە چاوی خۆی بینیـــوە و وەصفی کـــردوە ، یا پێش زێکخســـتنی ســـولەیمانیی بەجێهێشتوە و باسەکەیان بۆ گێڕاوەتەوە و دۆربەدۆر تەعریفی کردوە ، یاخۆ مەبەستی سوپای سلێمان پاشای باوکیەتی کە لە (١٢٣٤)ی کۆچییەوە تا ١٢٥٤ حوکمڕانیی سولەیمانیی کردوە ؟ !

جـ ــ قەصیدە درێژەکەی کە بۆ سالمی هاوژێی گیانێ بە گیانیی خۆی ناردوە ، کەتێکڕا پرسیارە لە وەزعی ســـولەیمانێ پـــاش نەمـــانی دەوری بابانەکان •

د ــ غەزەلەکەی کە بەبۆنەی سەفەری حەجی (نۆرێ زۆدباری)یەوە وتۆیەتی کە وەك لـــە تێکڕای بەیتەکانەوە دەرئەکەوێ خـــاوەنی زێبازی نەقشبەندێ و یەکێك بوە لە موریدە ناوداراەکانی مەولانا خالید (١١٩٧ی • ك ــ ١٧٨٣ی • ز ، ١٢٤٢ی • ك ــ ١٨٢٦ی • ز) •

هـ ــ قەصیدەکەی کە بە (مەستۆرە)یا وتوە(١٣) :

خوسرەو خانی ئەردەڵان مێردی مەستۆرە خانم کە بە (خوسرەو خانی ناکام) بەناوبانگە لە ساڵی (١٢٤٠)ی کۆچێ و (١٨٢٤)ی زایینییەوە لە سنە (والێ) بوە • خوسرەو خان لە ساڵی ١٢٤٤ی کۆچیدا ، لەگەڵ ئەوەش کە (حوسن جیهان)ی کچی فەتح عەلێ خانی قاجار ژنی بوە ، بۆ خۆشکردنی ناوبەین و دڵدانەوەی ئەبولحەسەن (مەستۆرە)ی ئەدیـــب و شـــاعیریش

---

(١٣) مەستۆرە : مـــاە شەرەف خانمی کچـــی حەسەن بەگ وەك مامۆســـتا سەججادێ ئـــەڵێ ، یا کچـــی ئەبولحەسەن بـــەگ وەك خوالێخۆشبۆ مامۆستا ئایەتوڵڵای مەردۆخێ لە لاپەڕە ١٥٩ی بەرگی دووەمی کتێبی (تاریخ مردوخ)دا ئەڵێ .

ئەخوازێ • بە حیسابە پێشوەکە لەوکاتەدا کە مەستۆرە شۆی بە خوسرەو خان کردوە (نالێ) ٢٩ سالاّن بوە •

ئیتر هەرچۆن بێ ، نالێ خەوەکەی ــ کە لە قەسیدەکەیا بۆ مەستۆرە باسی لێئەکا ــ پێش شۆکردنی مەستۆرە دیێ و قەصیدەکەی بۆ هاتبێ یا پاش شۆکردنی وتبێتی ، ئەم کەین و بەینە زۆناکییەك هەر ئەگرێتە سەردەمی ژیانی (نالێ) •

و ــ کۆمەڵە کتێبێکی دەستۆسی پێکەوە جوزوبەند کراوی کتێبخانەی بنەماڵەی موفتیی هەڵەبجەم (١٤) دی • دۆ غەزەلی تیا نوسرابوەوە(١٥) لە سەرەوەیان نوسرابو (نالێ) واتە ئەم غەزەلانە هیی نالین • هەرچەند لە هیچ لایەکی غەزەلەکانەوە نەنوسرابو کەی تۆسراونەتەوە ، بەڵاّم دیار بو وەك کتێبەکان خۆیان زۆ نوسرابۆنەوە • کتێبەکانیش لە تەئریخی جیا جیادا نوسرابۆنەوە • بۆ نمۆنە یەکێکیان (کفایة)ی بێتۆشێ بو بە دەستی مەعرۆفی کوڕی شێخ ئەوڵاّی خەرپانێ نوسرابوەوە لە ساڵی ١٢٦٩ی کۆچیدا • یەکێکیتریان قەصیدەی (بانت سعاد) بو لە ساڵی ١٢٣٢دا نوسرابوەوە • یەکێکیکەشیان قەصیدەیەکی

---

(١٤) بنەماڵەی موفتیی هەڵەبجە ئەچنەوە سەر شێخەوڵاّی خەرپانێ .

(١٥) دۆ غەزەلەکە ئەو غەزەلانە بۆن کە سەرەتای یەکێکیان ئەم بەیتەیە :

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم ، شەرت بێ ، هەتا ئەو خوارە بێ تۆ

سەرەتای ئەویشیان ئەم بەیتەیە :

عاشقی بێ دڵ دەناڵێ ، مەیلی گریانی هەیە
بێ شکە هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە

غەزەلی یەکەمیان ، زیاد لە هەمۆ نوسخەکانی بەردەستم ئەم بەیتەشی تیابو :

هەمۆ ئەعضایی ناڵینم دەناڵێ
سەراپام میثلی مۆسیقارە بێ تۆ

١٥٠ بەیتیی جەلالەددینی سیوطێ بو ژەسـوڵ ناوێك له سالّی ١٢٣٢دا لـه مەدرەسەی مەولانا ئەحمەدی کوژی مەولانا سلّێماندا تۆسیبۆیەوە •

هەروەها له لاپـالّی کۆمەڵه دەستۆسێکی‌تری پێـکەوە جوزوبەند کراوی هەر ئەم کتێبخانەیەدا(١٦) شیعرێکی‌ترم دێ درابوە پاڵ نالێ (١٧) • کتێبەکانی ئەم کۆمەڵه له سالّانی ١٢٧١ و ١٢٧٢دا نوسرابۆنەوە •

هەرچۆن بێ دیارە سالّانی ١٢٣٢ و ١٢٦٩ و ١٢٧١ و ١٢٧٢ که سالّی تۆسینەوەی ئـەو کتێبانەن جۆرە ژۆشناییەك ئەخەنە سـەر سالّانی ژیانی نالێ •

نابێ ئـەوەش لەیادکەین که وەك ئەڵێن نالێ لای شـێخی خەرپانێ خوێندۆیە • لـه باوکم بیست فەرمۆی له شێخ بابەژەسـۆڵی عەبابەیلێ (١٨٧٨ ــ ١٩٤٣)م بیستوە نـالێ لەگەڵ موفتیی زەهاوێ و مەلا یاسینی تەشارێ و مەلا یۆسفی تەوێڵەیێ موستەعید (قوتابیی دوا پله) بوون لای شێخ ئەولّای خەرپانێ • گومانیش لەوەدا نیە که شێخ ئەولّا سالّی (١٢٥٤)ی کۆچێ وەفاتی کردوە (١٨) •

ز ــ بـەلّام وابزانم لـه هەمۆ ئەم بەڵـگانە گرنگتر ئـەوەیێ که ژۆژەلّاتناس خۆدزکۆ که شابەندەری ژۆسیا بوە له پاریس ئەیگێژێتەوە کەوا له سـالّی ١٨٥٣دا له پاریس چاوی به ئەحمـەد خان ناوێکی بابان

---

(١٦) هەردو کۆمەڵه دەستۆسەکەم لای بەژێز شێخ عەلیی شێخ موحەممەدی قەرەداغێ دی .

(١٧) شیعرەکه ئەمـەیه که لەبەر ژاسـت نەبۆنەوەی مەعنـاکەی بۆم ، به شێوە نۆسینی فارسێ ، واتە وەك خۆی ، ئەینۆسمەوە :

بدور دایری فنجان چینی
شکاندی دائری فنجان چینی

(١٨) محمد علی القرەداغی ، الشیخ عبدالله الخرپانی من خـلال مخطوطات مکتبته ، گۆڤـاری کۆژی زانیاری کورد ، بـەرگی (٢) ژمارە (٢) ، بەغدا ، ١٩٧٤ .

مامۆستا شێخ تۆریی شێخ بابەعەلییە (١٨٩٠ ــ ١٩٥٥ی ز) کە پیاوێکی زانا و شیعر دۆست بوو زوربەی تەمەنی لە تەکیەی قەرەداغدا بەسەربردبو و مامۆستا سەججادییش خۆی لێی بیستوە ، ئــەم ڕیوایەتە ڕێی تێئەچێ و بە دۆری نازانم •

بەڵام بەداخەوە لــە دیوانەکەیا کەم و زۆر هیچ جــۆرە هێمایەك بۆ ئەم ئایشێیە نیە و تائیستەش چ غەزەل و قەصیدەیەك کە بۆنی ئایشێی لێوە بێ نەبینراوە • بەڵام تێکڕا بۆنی دۆ ئافرەت یا زیاتر لە ژیانی شــاعیرێکدا بەتایبەتێ لە هەڕەتی لاویدا شتێکی دۆر نیە • دڵی لاوێك تا ســەری بــە پەتەوە ئەکرێ و لەێو (قەفەزی پۆڵایین !) یا (هێلانەی زێڕین !) دا تۆند ئەکرێ سەر بە دەیان لاوە ئــەنێ • نالییش یەکێك بوە لەو هەمۆ خەڵکی خوایە !

نالێ لە چەند لایەکی دیوانەکەیدا ناوی (حەبیبە) و لە دۆ لاشدا ناوی (مەحبۆبە)ی هێناوە • لامۆایە مەبەستی لە (مەحبۆبە)ش هەر (حەبیبە) بوە ، چونکە بە زاراوی (صەرف) (حەبیب) لەسەر کێشی (فەعیل) پێش ئەوەی بکرێتە (عەلەم) بۆ تێر و مێ بەکاردێت و ، حەبیبە تەنها بۆ ئافرەت پاش ئەوەیە کە کراوە بە عەلەم • جا هەندێ جار (حەبیبە)ی بەکارهێناوە و جاروباریش (مەحبۆبە) • هەروەها لاشمۆایە چ (حەبیبە) و چ (مەحبۆبە) هیچ کامیان ناوی ڕاستەقینەی یارەکەی نالێ نین ، چونکە لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئەوڕۆژەی کوردەواریدا ئاسان نەبوە بۆ مەلایەك دڵی بە ئافرەتێکەوە بۆبێ ، ناوی ئەو ئافرەتە بزڕێنێ و بیخاتە شیعری خۆیەوە ، نەخوازەڵا ئەگەر بەتەمای خواستنیشی بۆبێ •

وا لێرەدا ئــەو شیعرانە ئەخەمە پێش چــاو کە ناوی (حەبیبە) یا (مەحبۆبە)یان تیایە :

١ ــ جەنانی وەك جینان کردم بە ماوا
(حەبیبە)ی (ماڵیاوا) ، ماڵی ئاوا

٢ ــ خەندەو دەمی (مەحبوبە) کەوا زۆر نمەکینن
بەس خۆشە ئەگەرخۆ نمەکی زەخم و برینن

٣ ــ پێمدەڵێن (مەحبوبە) خێل و قیچە ، مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە ، یا ترازوی نازی نەختێ سەر دەکا ؟!

٤ ــ موژگانی سییەھ مەستە وەکو چاوی (حەبیبە)
غارەت گە بکەن دێن و دەچن ڕۆح بڕفێنن

٥ ــ لە دنیا جەننەتی باقێ تەلاری شاهییە ساقێ !
(حەبیبە) طوڕڕەیی طەوقی ملی شیرین و عەزرایە

٦ ــ ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەری پەیوەندی نیە
نەیشەکەر قەددە ، بەڵێ بەندی هەیە ، قەندی نیە

٧ ــ (نالێ) لەبی (حەبیبە) هەم طبیبە ، هەم طەبیبە
خولاصەیی لەبیبە ، فەرمانبەری لەبی بە

٨ ــ دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی (حەبیبە)
وەبزانە خوێنی خۆمە ، یا مینەتی ڕەقیبە

وەکو لەپێشەوە باسم کرد ئەوانەی شتێکیان لەبارەی نالییەوە نوسیوە وتویانە (حەبیبە)ی خواستوە و بووەتە هاوسەری •• بەڵام ناوونیشانی (حەبیبە)ی هاوسەری نالێ ، بەتایبەتێ لە سالانی دەرەوەیدا ، ونە ، نە لەوە ئەچێ کە لەگەڵ خۆی بردبێتی بۆ حەج و بۆ ئەستەمۆڵ و نە لەوەش ئەچێ کە ئەو دۆستە گیانی بە گیانییەی بە زیندوێ لە کوردستاندا بەجێهێشتبێ •• دوور نیە ، وەك مامۆستا سەججادێ لە مێژوەکەیدا ئەفەرموێ ، (حەبیبە) پێش سەفەری (نالێ) کۆچی دوایێ کردبێ •• نەبونی منالّ و نەوەش ئەوەندەی‌تر ڕێ و شوێنی ئەم مەسەلەیەی تاریك کردوە •

لێرەدا جێی خۆیەتی کەمێ لەسەر هەندێ لایەنی بۆچونەکەی مامۆستا (سەججادێ) بڕۆم و هەندێ شت بخەمە ڕوو :.

مامۆستا دەربارەی مان و نەمانی (حەبیبە) ئەفەرموێ :

« •••• وە زۆرتریش کە نەهاتوەتەوە بۆ سولەیمانێ (واتە نالێ) هەر لەبەر ئەوە بوە تەماشای کردوە (حەبیبە)یە نەمـــاوە ، دۆستەکان و ئەربابی زەوقی خۆی کە لەگەڵیان ژاییواردوە نەماون ، سەرەژای ئەمـــەش جەوری تورکان (عوسمانییەکان) هەر زیادی کردوە • ئیتر دڵخۆشییەکی شك نەبردوە تا ژۆ بکاتەوە سولەیمانێ ، بەڵکو لەو بڕە شیعرەیدا کە ئەڵێ :

هەتا تۆم ئاشنا بۆیت ئاشنا بۆم (٢٦)
ئەمێستا مۆ بە مۆ (٢٧) ئەغیارە بێ تۆ
لە کێ من با وجۆدی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نیە ئەم شارە بێ تۆ
هەمۆ رۆژێ لەتاو هیجرانی ئەم سااڵ
تەمەننای مردنی پێرارە بێ تو •••

وا ئەگەیەنێ کە (حەبیبە) تەنیا دۆ ساڵ لەگەڵ (نالێ) بوە ، چونکە دەردەدڵی ئەوە ئەکا ئەڵێ : تا تۆ دۆست و ئاشنام بۆیت هەمۆ کەسم هەبۆ ، ئیستە کە تۆ نەمـــایت هەمۆ کەسم لێ بـــۆ بە بێگانە ، لەگەڵ ئـــەو هەمۆ مەردمەشا کە لـــەم شارە ــ سولەیمانێ ــ دا هەیە هەر لەبەرئەوە کـــە تۆ نەماوی کەسی تێدا نیە ، لەبەر ئەو کۆچە کە ئیمساڵ تۆ کردت داوای مردنی پێرار ئەکەم ، چونکە پێرار لەبەرئەوە بە تۆ شاد نەبۆبۆم هەمـــۆ دەمێك ئاواتی مردنم ئەخواست ، ئێستە کە تۆ نەمایت کەوتۆمەتە داوا کردنی ئەو مردنە ! •• » (٢٨)

ئەمە نەصی فەرمۆدەکەی مامۆستا (سەججادێ) بۆ •

---

(٢٦) ژاستەکەی : ئاشنام بۆن . (ف)
(٢٧) ژاستەکەی : مۆ بە مۆم . (ف)
(٢٨) علاءالدین سجادی ، میژوی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ١٩٧١ ، ل ٢٤٢ ، (چاپی دووەم) .

دەبا پێکەوە چاوێ بە غەزەلەکەدا بخشێنین و بزانین ئاخۆ بۆ شیعری پاش مردنی خۆشەویست ئەشێ ، یا هەر مەبەست جیا بۆنەوە و دۆرکەوتنەوەی بێ مردنە ؟

١ ــ نالێ لە سەرەتای غەزەلەکەدا ئەڵێ :

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرط بێ هەتا ئەو خوارە بێ تۆ

با مەعنای (شەرط و جەزا)ی ڕستەی « ئەگەر نەمردم بێ تۆ ، شەرط بێ نەچم بێ تۆ » لێبدەینەوە . نالێ ئەڵێ : تازە ئەمجارە تێکەوتم ، تۆش بۆم ، بێ تۆ چۆم بۆ ئەو خوارە • ئەگەر خوا کردی و لە مەرگ ڕزگار بۆم ، شەرط بێ جارێکی‌تر بێ تۆ نەچم • ئەمە لەگەڵ مردۆدا ئەوترێ یا لەگەڵ زیندۆدا ؟ ! ئەی ئەگەر (نالێ) نەمرد ، هەر وەك نەمرد ، یاری لە گۆڕ دەرئەهێنێ و لەگەڵ خۆیا ئەیبا ؟!

٢ ــ لە بەیتێکی‌تری ئەم غەزەلەدا ئەڵێ :

لە کن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من
لە کن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ !

ئەم گلەیێ و بناشتە لەگەڵ مردۆدا ئەکرێ یا لەگەڵ زیندۆدا ؟ تۆ بڵێی نالێ مەبەستی ئەوە بێ بڵێ : تەنانەت لە گۆڕیشدا ، بێ من درك و داڵت لە لا گوڵزارە ؟ باوەڕ ناکەم !

٣ ــ ئەمە لەلایەك • لە لایەکی‌تریشەوە ئەم غەزەلەی کە مامۆستا سەججادێ کردۆیە بە بەڵگەی بۆچۆنەکەی خۆی ، وەك ئەو واتایە هەڵئەگرێ ، ئەوەش هەڵئەگرێ کە دەربڕینی ئازاری جیاییەکی‌تر بێ ، بەتایبەتێ تێکڕای شیعرەکان جیابۆنەوەی دۆرێ ئەگەیەنن ، نەك مردن :

هەمۆ ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێڕارە بێ تۆ

ئەگەر باس باسی مردن بوایە ئەیتوانی بڵێ :

هەموو رۆژێ لە داخی مەرگی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێبڕارە بێ تۆ

٤ ــ ئەگەر نەختێ بە وردێ و لە ڕێبازی چەشنی نالییەوە سەیری بەیتەکە و بەرامبەریی (هیجران) و (مردن) بکەین بۆمان دەرئەکەوێ مەبەستی (نالێ) لە « هیجران » هیجرانی مردن نیە و نایەوێ مەرگی حەبیبە و مەرگی خۆی بخاتە دۆ تای ترازۆ ، بەڵکو ئەیەوێ لێ دۆرکەوتنەوەی حەبیبە بخاتە تایەك و مەرگی خۆی لەو تاکەی‌تریدا دانێ .

٥ ــ دۆریش نیە نالێ ئەم غەزەلەی هەر بۆ (حەبیبە) نەوتبێ و بەبۆنەی دۆرکەوتنەوەی دۆستێکی‌تریەوە وتبێتی •

دوا سەرنجم لەم بابەتەوە ئەوەیە بۆچی هیچ لاواندنەوە (مرثیة)یەك لە شیعری نالێدا دەربارەی حەبیبە بەرچاو ناکەوێ ؟ بێ‌وەچەیێ و کەس لە دوانەمانی نالێیش ئەوەندەی‌تر گرێ‌کەی کوێر کردوەتەوە ! کێ بێ ئەوەندە ئازا بێ بڵێ هەر لە بنەڕەتا (حەبیبە)ی نەخواستوە ؟!

نامە شیعرییەکەی بۆ سالم

با جارێ لە بابەتی مێژۆ دۆر نەکەومەوە و چەند سەرنجێك سەبارەت بەو سالەش بخەمەڕۆ کە مامۆستا سەججادێ بۆ نامەکەی نالیی دیارێ کردوە ، ئەو نامەی کە بۆ عەبدوڕڕەحمان بەگی سالمی ناردوە .

مامۆستا لەمبابەتەوە ئەفەرموێ :

« ... لە ١٨٣٠ی ز دا ئەچێ (واتە نالێ) بۆ حەج و سولەیمانێ بەجێ‌دێڵێ ، حەج ئەکا و ئەگەڕێتەوە بۆ (شام) چەند ساڵێك لەوناوەدا ڕاییواردوە ، هەوای مەڵبەندی ئەکەوێتە سەر ، لە ١٨٣٤دا کاغەزە بەناوبانگەکەی کە سەرەتاکەی ئەڵێ :

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرۆر
ئەی پەیکی شارەزا بە هەمۆ شاری شارەزۆر

ئەتۆسێ بۆ سولەیمانێ ... » (۲۹) تاد .

با هەندێ شتی زۆر ئاشکرا و هەمۆ لا پێ ڕازێ بخەینە ڕۆ :

۱ ــ ئەو تەئریخەی کە مامۆستا سەججادێ داینناوە ئەکاتە (۱۲۵۰)ی کۆچێ .

۲ ــ نالێ لە شــامەوە قەصیدەکەی بۆ (سالم) ناردوە و ســالم لە سولەیمانێ بوە . گوێ لە بەیتێکی وەلاّمەکەی سالم بگرە کە ئەڵێ :

بۆ مولکی شامە نامەیی من سۆیی (نالی) یە
هەر حەرفی ئەو لە وەضعی ویلایەت دەدا خەبەر

۳ ــ لە شیعرەکانی سالمەوە دەرئەکەوێ کەوا وەلاّمەکەی لەکاتێکدا داوەتەوە دەســتەلاّتی بابانەکان بە ئێجگارێ لەناوچــوە و عوسمانییەکان ڕاستەوخۆ سولەیمانییان بەڕێوەبردوە . سالم ئەڵێ :

لەو سایەوە (۳۰) کە حاکمی بابان بەدەرکران
نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر

٤ ــ لە سەردەمی سلێمان پاشا و مەحمۆد پاشای برایدا ، ئەگەرچی شەڕی نێوان ئەم دۆ برایە درێژەی کێشا و جارێك مەحمۆد پاشا بە یارمەتیی حوکۆمــەتی قاجــاریی ئێــران و ، جــارێك ســلێمان پاشا بە یارمەتیی سوپای عوسمانێ ئەوی‌تریان دەرئەپەڕاند ، بەلاّم تێکڕا بابان حاکم بۆن و سولەیمانێ بە دەستی خۆیانەوە بۆ و نە سوپای عوسمانێ و نــە چریکی قاجارێ نەڕژابۆنە ناو شار .

---

(۲۹) علاءالدین سجادی ، مێژوی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ۱۹۷۱ ، ل ۲٤۳ ، (چاپی دووەم) .

(۳۰) ئەمە بەپێــی نوسخەکەی مامۆستا مــەلا موحەممەدی چروستانییە ، ئەگینا لە نوســخەکانی‌تردا کە ئــەم وەلاّمەیان تیــایە ، نۆسراوە : لەو ساڵەوە ...

شێخ ڕەزای تاڵەبانێ ئەڵێ :

لە بیرم دێ (سولەیمانێ) کە دارولمولکی (بابان) بو
نە مەحکەمی عەجەم ، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بو

لە بەر قاپیی (سەرا) صەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەطافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت (گردی سەیوان) بو

لەبەر تابۆری عەسکەر ڕێ نەبۆ بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقەوو نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بو

کە عەبدوڵڵاە پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد
(ڕەضا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش طیفلی دەبوستان بو

ئەو ساڵە کە عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا لەشکری (ڕەضا قولێ خانی کوڕی خوسرەو خانی ناکام)ی والیی سنەی شکاند ، کە بۆ یارمەتیی مەحمود پاشای مامی عەبدوڵڵا پاشا لەشکرەکەشیی کردبو ، بەوجۆرە کە ئایەتوڵڵای مەردۆخێ تۆسیوبەتی ، بریتییە لە ساڵی ١٢٥٧ی کۆچێ (٣١) ڕێکەوتی ١٨٤١ ــ ١٨٤٢ی زایینێ .

مامۆستای سەججادێ تەئریخی لەدایکبۆن و مردنی شێخ ڕەزای بەمجۆرە تۆسیوە ١٨٣٥ ــ ١٩٠٩ی ز (٣٢) .

٥ ــ لە ساڵی (١٢٥٢)ی کۆچیدا بە تەواوێ فەرمانڕەوایێ سولەیمانێ بۆ سلێمان پاشا تەخت بۆ و لە (١٢٥٤)دا وەفاتی کرد . نالێ خۆی ئەڵێ :

شاهی جەم جا نالیا ! (تأریخ جم) تەئریخیە
تا نەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبو

---

(٣١) شیخ محمد مردوخ کردستانی ، تاریخ مردوخ ، جلد دوم ، بدون ذکر محل و سال طبع ، ص ١٦٦ ــ ١٦٧ .

(٣٢) علاءالدین سجادی ، میژوی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ١٩٧١ ، ل ٣٧٤ ، (چاپی دووەم) .

(تاریخ جم) به حیسابی ئەبجەد ئەکاتە ١٢٥٤ی کۆچێ کە ژێکەوتی ١٨٣٨ی زایینییە (٣٣) •

٦ ــ ئەحمەد پاشــای کوڕی ســلێمان پاشا لەدوای مــردنی باوکی فەرمانڕەوایێ سولەیمانیی گرتە دەست و تا ساڵی ١٢٦٤ی کۆچێ و ١٨٤٧ی زایینێ فەرمانڕەوایێ کردوە • لەم ساڵەدا لەگەڵ ســوپای نەجیب پاشای والیی بەغدادا گژان و لەئەنجامدا شکاو نێررایە ئەســتەمۆڵ • عەبدوڵلاڵ پاشای برای وەك قایمقامێکی مۆچەخۆری عوسمانێ لە سولەیمانێ دانرا و سوپای تورکیش ژژایە شار و سەربەخۆیێ بابان دوایێ هــات • عەبدوڵلاڵ پاشا تا ساڵی ١٨٥١ی زایینێ مایەوە ، ئــەنجا ئەویش بەتــەواوێ لابرا و کاربەدەستێکی تورکی لە شوێندا دانرا (٣٤) •

کەواتە لەگەڵ ئــەم هەموە ژاستییە تەئریخییانەدا چــۆن ئەگونجێ (نالێ) لە ســاڵی (١٨٣٤)ی زایینیدا کــە هێشتا سلێمان پاشــا بەسەر زیندۆ بوە و ســولیمانیی بەتەواوێ بۆ تەخت بوە ، نامــەی وا پڕ ئازار و جەخاری بۆ سالمی برادەری نوسیبێ ؟!

من لامواید (نالێ) ئەم نامەیەی یا دوابەدوای شکانی ئەحمەد پاشا و بانگکردنی بۆ ئەســتەمۆڵ ناردوە ، کە ئەکاتە ســاڵی ١٨٤٧ی زایینێ ، یا پاش بەئێجگارێ دەس لەکار کێشانەوەی عەبدوڵلاڵ پاشــای برای و نەمانی دوا دەستەلاتی بنەماڵەی بابان ، واتە ساڵی ١٨٥١ی زایینێ کە ئەکاتە ساڵی ١٢٦٨ی کۆچێ •

---

(٣٣) یوسف ابگاروڤیچ اوربلی ، جــداول لتحویل السنوات الهجــریة الی السنوات المیلادیــة ، (ترجمــة الدکتور حســین قاسم العزیــز) ، مجلة المورد ، الجزء الثالث ، العدد الرابع ، بغداد ، ١٩٧٤ .

(٣٤) سی . جی . ادموندز ، کرد و ترك و عرب (ترجمة جرجیس فتح‌الله المحامی) ، بغداد ١٩٧١ ، ص ٥٧ .

سالم ئەڵێ :

توخوا بڵێ بە حەضرەتی (نالێ) : دەخیلی بم
بەم نەوعە قەط نەکا بە سوڵەیمانییا گوزەر !

ئەم موڵکە نەظمی نابێ بە بێ عەدلی واریثی
بێ ئەو بە قەصدی ئەم طەرەفە با نەکا سەفەر !

نالێ یا نالێ یا نالێ ؟

لە پێشدا با نەختێك لە واتای ئەم دو وشەیە بکۆڵینەوە : (نالێ) یانێ چێ و لە چیەوە هاتوە ، یاخۆ (نالێ) یانێ چێ و بناخەکەی چیە ؟

یەکەم : (نال) • لە فەرهەنگی (برهان قاطع)دا ئەڵێ : « (نال) لەسەر کێشی (سال) نەیجەیەکە ناوەکەی بۆش بێ • بە عەرەبێ پێی ئەڵێن « مزمار » (واتە : شمشاڵ) • هەروەها بە قەڵەمی نوسێن ئەڵێن و بەو تاڵە باریکانەش ئەڵێن کە لەناو قەڵەمی نەیجەدایە (کە ئەوسا پێیان نوسیوە و تائێستەش ماوەی ماوە) • بەو نەیجە ناوپڕەش ئەڵێن کە تیری لێ دروست ئەکەن (ئەڵبەت مەبەستی حەیزەرانە) • بە قامیشی شەکریش ئەڵێن • بە جۆگەی بچکۆلە و گەورەش ئەڵێن • ناوی باڵندەیەکی بچوکی زۆر خۆش ئاوازیشە • بە مەعنای نالە (نالین)یش هاتوە » (٣٥) •

ئەمانە هەمو مەعنای (نال)ی فارسی بوون لە بورهانی قاطیعەوە وەرم گێڕانە سەر کوردێ • بەڵام (نال)ی بە لامی بچوکم لە کوردیدا دەست نەکەوت •

دووەم (نالّ) ، نەعل : بەمەعنا هەر شتێ لە پێ بکرێ و پێی پێ بپارێزرێ ، یا نالی وڵاخ و وڵاخی بەرزە • لەم دواییەشدا بۆ نالّ و نالچەی

---

(٣٥) محمد حسین بن خلف تبریزی ، برهان قاطع ، باهتمام دکتر محمد معین ، تهران ١٣٤٢ ص ٢١٠٤ ، ج ٤ ، چاپ دوم .

قۆندەرە بەکارئەهێنرێ • بەڵام مانای وشەکە لە بنەڕەتدا وەك وتم پێڵاو و نالێ ولاخ بوە • ئەوسای زۆر کۆن قۆندەرە نەبوە تا نالێ لێ بدرێ •

ئەمە ئەگەر ناو (اسم) بێ • خۆ ئەگەر کار (فعل) بێ ، ئەوا شێوە تۆسینە فارسییەکەی دۆ بار هەڵئەگرێ • یەکەم : نالێ ، واتــە : نالاندی و هاواری لێ بەرز بوەوە • دووەم : نالێ ، واتە قسە ناکات •

با جارێ واز لــە (نالێ) بێنــین و نــەختێ (نالێ) و (نالێ) تاوتۆ بکەین ، بزانین سەرمان لە چیەوە دەرئەچێ ؟

ئەگەر وشەکە ئیسم بێ نیسبەتە ئەڵای نالێ ولاغ و کەوش و بــە مەعنا شتی سەرکوتکراو و ژێر پێ خراوە • ئەگەر فیعل بێ و وەك مامۆستا سەججادێ ئەڵێ و بۆ غائیب (نادیار) بێ ئەوا بە مەعنا (نالاندی) ئەبێ کە کاری ڕابوردۆ (فعلی ماضی)یە • یا (نالێ)یە کە کاری ئیستا و لەمەوپاش (فعلی مضارع)ە و بە مەعنا (لا یقول)ی عەرەبییە !

من لامواپە نازناوی شاعیر نە (نالێ)ی مەنسۆب ئەڵای (نالّ)ە و ، نە (نالێ)ی فیعلی ماضییە و نە (نالێ)ی موضاریعە •

یەکەمیان نیە ؛ چونکە زۆر دۆرە چەشی شاعیرێکی پایەبەرزی باوەڕ بەخۆکردۆی بەخۆدا نازیوی نا صۆفیی وەك مەلا خدر لەناو هەرچێ ناو و نازناوی ئاودار و پــاراوی کوردەواریدا هــەیە وشەی (نــالّ)ی ولاغی هەڵبــژاردبێ و خــۆی دابێتە پــاڵی و خۆی کردبێتــە شتێکی ســواوی سەرکوتکراوی ژێرپێخراوی وەك نالّ !

ناشتوانین بڵێین (نالێ) ئیسمە و نیســبەت دراوەتە پاڵ (نالە)ی بە مەعنا هاوار ، چونکە نیسبەت ئەڵای نالە (نالەیێ)یە نــەك (نالێ) وەك (سالەیێ) نیسبەت ئەڵای خێڵی (ســالە) یا (پاوەیێ) نیســبەت ئەڵای شاری (پاوە) یا (قاوەیێ) نیسبەت ئەڵای ڕەنگی (قاوە) ، مەگەر لەسەر ڕێ و شوێنی نیسبەتی عەرەبێ نیسبەتی خۆی دابێ وەك (بەرزنجەیی)یەکان کە بە خۆیان ئەڵێن (بەرزنجێ) ، بەڵام ئەوەش دۆرە ، چونکە لە مەسەلەی

(بەرزنجێ)دا بنیادەم بە ئاسانێ نیسبەت ئەلا دراوەکە ئەدۆزێتەوە ، کەچێ لە (نالێ)دا وا نیە • سەرەڕای ئەوەش ئەگەر مەلا خدر نیسبەتی خۆی ئەلای (نالە)ی کوردێ بدایــە ، ئەبۆ نیسبەتەکەی بە شــێوەی کوردێ بدایە و خۆی ناو بنایە (نالەیێ) •

دووەمیش نیە بە هەر دو بارەکەیەوە ، چونــکە هەمۆ شاعیرەکان چ کوردیان و چ فارسیان ، بەش‌بەحاڵی بیستنی ئێمــە ، یەکێکیان تیا نەبوە فیعلی ماضێ یا موضاریع یا ئەمر هیی غائیب یــا حاضری کردبێتە نازناوی خۆی • نازناوی شاعیرە کورد و فارسەکان یا ناوی ڕاستەقینەی خۆیان بوە یا نیســبەت دراوەتە پاڵ ئیســمی (مەصدەر) یــا ناوی شــتێکی‌تر ، یا صیفەتێکیان پەسەند کردوە وەك : (مەحوێ) نیسبەتە ئەلای (مەحو) ، (خاکێ) نیسبەتە ئەلای (خاك) ، (فەیضێ) نیسبەتە ئەلای (فەیض) ، (فەوزێ) نیسبەتە ئەلای (فەوز) ، (کوردێ) نیسبــەتە ئەلای کورد ، (نارێ) نیسبەتە ئەلای (نار) ، (هەردێ) نیسبەتە ئەلای (هەرد) ، یا وەك (سالم) و (بێخود) و (صائیب) و (حەریق) و (حافظ) و (بێدڵ) و (کەلیم) ••

ئەمە لە لایەك • لــە لایەکی‌تریەوە (نازناو) تێکــڕا لە ڕستەدا ، بێ گوێدانە ئەوە کە نازناوە ، جێگای ئەبێتەوە و مەعنای تــەواو بەدەستەوە ئەدا • دەبا بۆ نمۆنە ئەم بەیتە بخوێنینەوە بزانــین (نالێ) یا (نالێ)ی فیعل چ مەعنایەك ئەدەن ؟

وەرە سەیری خیابان و بەیاضی دەفتەری (نالی)
کە صەف صەف مەصرەعی بەرجەستە ڕیزی سەروی مەوزۆنە

یا ئەم بەیتە :

لەومەیی (نالی)یی دێوانە مەکەن ئەی عوقەلا
موددەیێکە کە زەدەی لەطمەیی دەستی پەریە

یا ئەم بەیتە :

(نالێ) ئاسۆدە نیە طۆلی نەمامی عومرت
بە نەفەس دێت و دەچێت ، ئەصلی لەسەر بایێکە

(نالێ) ئەڵێی یا (نالێ) ئەگەر ئەتوانی بێجگە (نازناو)یەتێ جێگای بکەرەوە و مەعنای بگونجێنە ! نەڵێ ئەم سێ بەیتە ، بەڵکو ئەگەر هەمۆ دوا بەیتەکان سەیر بکەی وشەی (نالێ)ی فیعـــل بێجگە (نازناو)ییەکەی لە ڕستەکاندا جێگای نابێتەوە • بەڵام ئـــەگەر (نالێ)ی مەنســـوب بێ ، وەڵ لەمەوپاش باســـی ئەکەین ، چ نازناو بێ و چ بـــە مانا بنەڕەتییـــەکەی بێ لە ڕستەکاندا جێگای ئەبێتەوە •

کە لە (نالێ) و (نالێ) بۆینەوە ، ئەوە مایەوە کە بڵێین (نالێ) بێ بە لامی بچۆڵ و ئیسمی مەنسۆب بێ ، واتە : مەلا خدر خۆی داوەتـــە پاڵ (نال)ی بە مەعنا قەڵەم یا (نال)ی بە مەعنـــا شمشـــاڵ ، یا (نال)ی بە مـــەعنا تاڵە باریکەکانی ناو قەڵەمی نەیجە ، یا (نال)ی بە مەعنا باڵنـــدە دەنگ خۆشەکە یا (نال)ی بە مەعنا نالـــین ، یا (ناله)ی فارسێ کە ئەویش هـــەر بە مەعنا نالینە • بەڵام لەم حاڵەدا ئەبێ دانە پاڵەکە لەسەر ڕێ و شوێنی دانە پاڵی عەرەبێ بێ •

من لامۆایە نازناوی مەلا خدر (نالی)یە بەلامی سۆڵ و ئەم وشەیە ، وەڵوتم ، نیسبەتە ئەلای (نال)ی فارسێ و ئەم (نال)ەش بە مەعنا قەڵەم و تاڵی ناو قەڵەم و شمشاڵ و باڵندەی خۆش ئاواز و بە مەعنـــا (ناڵە)ش ئەگونجێ •

سەیری ئەم بەیتەی بکە :

ظاهیر و باطین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سێڕڕێی قەڵەم بێ غەیری (نالێ) کەس نیە

واتە : نالێ ئاشنای پەنامەکییەکانی قەڵەمە چونکە تاڵی ناو قەڵەمەکەیە و لەو تاڵە نزیکتر لە قەڵەمەوە نیە •

بەڵام لەم بەیتەدا :

لە سایەی قەددی مەوزۆن و دۆ زوڵفی
لە نالێ و شیعر و تەسویدی نەما باث

(نال)ی بە مەعنا قەڵەم و (نالێ) بە مەعنا (قەڵەمێ) زۆر گونجاون و لەگەڵ شیعر و تەسویدیشدا گونجاوترن •

یا سەیری ئەم دو بەیتە بکە :

لەگەڵ مورغی چەمەن (نالێ) دەنالێ
کە یانێ : عاشق و هەمفەرد و فەردین

زۆخی تۆ گوڵێکە صەد وەك هوزاری عاشق ئەمما
لە هەمۆ چەمەن دیارە بە ئوصوڵی ناڵە (نالێ)

لەم دۆ بەیتەدا (نالێ)ی مەنسوب ئەلای (نـــال)ی بە مەعنـــا بانـدە دەنگخۆشەکە زۆر لەبارە •

لەم بەیتەشدا کە ئەڵێ :

(نالێ) و مەئەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا
وەك نالە لە نەیدا ، وەکو نالە لە قەڵەمدا

نیوەی دوەم دۆر نیە هێما بێ بۆئەوەی (نالێ) مەنسوب بێ ئەلای (نال) چ بە مەعنا قەڵەم و چ بە مەعنا شمشاڵ ، ئیتر بە (وەك نالە لە نەیدا)ی بخوێنینەوە یا بە (وەك ناڵە لە نەیدا) •

لە گەڵێ شوێنیشدا (نالێ) بۆ نیسبەت ئەلای (نال) ی فارســیی بە مەعنا ناڵە لەبارە • بۆ نمۆنە :

بۆ زوڵف و زۆخ و ئەبرووی چون زوڵفی سیاتان
عالەم وەکو (نالێ) هەمۆ با ناڵە و ئاهن

ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە هەڵگرتنی وشەی (نالێ)ی مەنسووب بۆ چەند جۆرە مەعنا و بنــەڕەت و یــارێ کردنی شــاعیری هەڵکەوتوومان بە وشە و ڕستە شتێکی سەیر نیە • نالێ خۆی ئەڵێ :

نەظمی (نالێ) میثلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نیە
دوو ڕوە بۆ سەیری خاطر : یەك خەفێ و یەك ئاشکار

با بگەڕێینەوە سەر ڕاستە بابەتەکە : بۆچێ (نالێ)م بە لامی ســووك پەسەند کرد ؟ وەرە لەگەڵما سەرنجێك لەم شتانەی خوارەوە بدە :

١ ــ مامۆستا مەلا خــدری نالێ زۆر کۆن نیە و لە ناوچــە و شاری سولەیمانییەوە دوور نەبوە و لە شاعیران و ئەدەب چێژانەوە دوورە پەرێز نەبوە و شیعر دۆستەکانی سولەیمانێ ناسیویانە و تا ئیستە لە مامۆستا شیعر دۆستە دیارییەکانی ئەم ناوچەیە ــ ئەوانەی کە زۆر نیە کــۆچی دواییان کردوە ــ وشەی (نالێ) بە لامی قەڵەو نەبیسراوە ، وەك خوالێخۆشبوان مامۆستا شێخ بابارەسوڵی عەبابەیلێ و مامۆستا شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەد بێندە و مامۆستا شێخ نووریی شێخ باباعەلیی تەکیەیێ و مامۆستا مەلا عارفی چنگنیانێ و مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانێ و بێخود و پیرەمێرد • هەموو ئەمانە (نالی)یان لێ بیسراوە نەك (نالێ) •

بۆ نموونە : مامۆستای چنگنیانێ لە سەرەتای دیوانە دەستنووسەکەیدا نووسیویەتی :

« بسم الله الرحمن الرحیم دیوانی نالی علیه رحمة الله المتعالی »
تۆ بڵێی هەر تەنها بۆ پیتی (ی) وشەی « متعالی »ی بەکار هێنابێ و وشەیەکی‌تری دەســت نەکەوتبێ کە ئاخرەکەی (ی) بێ ؟! یــا تۆ بڵێی مامۆستای چنگنیانێ (متعاڵی)ی خوێندبێتەوە تا ببێتە : (دیوانی نالی علیه رحمة الله المتعالی) !

کەواتە ئەگەر لەبەر (هاو سەجعێ)ی نالێ و متعالێ نەبێ ، ئەبێ بۆ چێ بێ ؟

له ڕاستیدا من نەك هەر گوێ نادەمە ئەوەی که لەم دواییەدا هەندێ شەقام یا کۆگا له سولەیمانێ به ناوی (نالی)یەوە ناونراوە به لامی قەڵەو ، بەڵکو ڕەخنەشی لێ ئەگرم ؛ چونکە بێ لێکۆڵینەوەی بنج و بناوانی ناوی شاعیرێکی هەڵکەوتوی وەك مەلا خدر ڕەوا نیە به تەنها ئیجتیهاد و بێ ساغ بوونەوەی تەواو ناوێکی تایبەتیی بەسەرا بسەپێنرێ !

۲ ــ نالێ به فارسییش شیعری وتــوە • زیرەکێکی وەك ئــەو ئەوەی له بیر نەچوە وشەیەك بکاتە نازناوی خۆی که له زمانی فارسێ و تورکییشدا بەکارهێنرابێ • گوێ بگرە لەم بەیتە فارسییەی :

(نالیا) از چە سگانش همە شب نالانند
کە نە آن شیفتگان نیز جگر خوارانند

فارس (نالێ) ئەڵێن نەك (نالێ) •
با سەیری ئەم بەیتە تورکییەش بکەین :

ناودان قلم (نالی) فصاحتده همان
نشئه آب بقا ، زمزمهء کوثری وار

۳ ــ با نەختێ له (قافیــە) و (ڕەوی)ی بەیتەکانیش ورد ببینەوە بزانین (نالێ)یە یا (نالێ) ؟

أ ــ نالێ له موستەزادەکەیا ئەڵێ :

لەم خاکی دەری ڕەحمەتی بێ زەحمەتە (نالێ)
فیردەوسە مەئالی

حاشا کە لەمێدا ببمە سائیلی مەحرۆم
هەرچەند له عوصاتم

ب ــ له پیتی (ی)دا تەماشای ئەم غەزەلــەی بکــە و سەرنجێك له (قافیه) و (ڕەوی)ی بەیتەکان بدە تا ڕاستیی بۆچوونەکەمت بۆ دەرکەوێ :

برق البصر لەبەر بەرق تەلەئلوئی لەئالێ
(خسف القمر) لە ئیشراق قیامەتی جەمالی

نیە دیدەیی چ مەردوم ، نیە مەردومی چ دیدە
لە فرۆغی خەددی فاریغ ، لە خەیاڵی خاڵی خاڵێ

سەری هەردو گوڵمی داخۆ گوڵی نەوبەهارە ، یا خۆ
طەرەفی نەهارە ، زوڵفی (زلف من الليالي) ؟!

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەك یەشمی ئابدارە
شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەك زوخاڵی

بە مەلاحەتی تەکللوم هەمو زەمزەم و مەلیحێ
بە فەصاحەتی تەبەسسوم هەمو کەوثەر و زولاڵێ

نەظەرم پڕە لە نۆری شەو و زۆڕی طەلعەتی تۆ
کە بە زۆ شوعاعی شەمسی ، بە برۆ خەمی هیلاڵی

زۆخی تۆ گوڵێکە صەد وەك هوزاری عاشق ، ئەمما
لە هەمۆ چەمەن دیارە بە ئوصوڵی نائەڵ (نالێ)

ورد بەرەوە لـــە وشەکانی (لەئالێ) و (جەمـــالی) و (لەیالێ) و (زولاڵێ) و (هیلاڵی) هەمۆیان بە لامی بچۆکن ، تەنها (جەمال) بـــە زاراوەی ئەردەڵان و کەرکۆك بە (جەماڵ)یش ئەخوێنرێتەوە • وشەی (خالێ) و (زوخالی)ش بە (خاڵێ) و (زوخاڵی)ش ئەتوانین بخوێنینەوە • جا کامیان بەرین بۆڵای ئەویان ؟ زۆر بخەینە دوای کەم ، یـــا کەم بخەینە دوای زۆر بێئەوەی مەعنا و لەفظ تێك‌بچێ ؟!

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە (نالێ) یەکسانیی حەرفی پێش دوایێ لە هەمۆ دیوانەکەیدا ڕاگرتوە •

جـ ــ چاوێکیش بەم شیعرەدا بگێڕە :

هەرکەسێ تەحدیثی نیعمەت بێ ، موراد و مەطلەبی
میثلی (نالێ) ئیمتیثالی ئەمری یەزدانێ دەکات

کامیان لەسەر زمان و بۆ چەشی مۆسیقایێ ڕەوانتر و ڕەساترە : سێ لامی بچوك بەدوای یەکا بێن ، یا بەم جۆرە :

میثلی (نالێ) ئیمتیثالی ئەمری یەزدانێ دەکا

شاعیری مەزنی نەتەوەی کورد حاجی قادری کۆیێ ئەفەرموێ :

بەجێما (نالێ) وەك (نالی) ، دواکەوت (کوردێ) وەك گەردی
کە (حاجێ) غاری دا ئەسپی لە مەیدانی سوخەنڕانێ

جارێ بۆئــەوەی (مەرجەع)ی (ضەمیر)ەکان بخەینــەوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان ئەبێ شیعرەکە بەمجۆرە لێ بکەین :

کە (حاجێ) غاری دا ئەسپی لە مەیدانی سوخەنڕانێ
بەجێما (نالێ) وەك نالی ، دواکەوت (کوردێ) وەك گەردی

من لامواید حاجی قادریش لەم شیعرەدا وشەئارایێ کردوە : لایەك (نالێ)ی بە لامی ستۆك لەگەڵ (نال)ی ئەسپەکەیدا بــە لامی قەڵەو ، لایەکیتریش (کوردێ)ی بە کافی عەرەبێ لەگەڵ (گەرد)ی ژێــر پێی ئەسپەکەیدا بە گافی کوردێ بەرابەر کردوە .

٤ ــ با یــەك دۆ ئاوڕیتریش لەلایــەنی واتا و هێمای هەنــدێ لە شیعرەکانی (نالێ) بدەینەوە کە بۆ مەبەستەکەمان بێسوود نیە :

١ ــ (نالێ) و مەئەلی حالی لە ئەشکەنجەیی غەمدا
وەك نالە لە نەیدا ، وەکو (نال)ە لە قەڵەمدا

واتە : نالێ و دۆخی ژیانی لەبێو جەڕ و مەنگەنەی غەم و پەژارەدا وەك نالەی شمشاڵە . جەلالوددینی ڕۆمێ لە مەثنەویدا ئەفەرموێ :

بشنو از نی چون حکایت میکند
وز جدائیها شکایت میکند

هەروەها وەکو تاڵی باریکی تێو قەڵەمی نەیجەیە کە بەشی هەر دادان و بڕانە تا دوایێ دێ و کەس پێی نازانێ !

ئەگەر ئەمە هێما نەبێ بـــۆ بناغەی نازناوی نالێ ، ئەبێ چێ بێ ؟ من لامواید هێمایە بۆ هەردۆ ماناکەی (نال) کە خۆی داوەتە پاڵی •

ب ــ من سەروی زەوانی چەمەنی عالەمی بالام
(نالێ) بە طوفەیلێ بوەتە سایە نە دۆی من

مەعنا ئاشکراکەی ئەوەتە کە : یار ئەڵێ من سەروی زێك و زاســتی باغچەی جیهانی بەرزی جوانیم ، نالێ بە خۆزایێ و بە بێ زۆ و زایێ بوەتە سێیەرم و لێم جیا نایێتەوە ، ئەگینا من خۆراکی ئەو نیم !

بەڵام لەنــاو هەمۆ شتێکدا بــۆ تەنها سەروی لەگــەڵ (نالێ)دا بەراورد کردوە ؟ لامواید لەم دوا بەیتەدا (نالێ) خۆی بە زوبانی خۆیەوە قسە ئەکا و بناغەی نازناوەکەیمان بۆ زۆشن ئەکاتەوە و ئەڵێ : من سەروی بالا بەرزی دەس پێ نەگەیشتۆی جیهانی ئازادی گیانم ، دانە پاڵ (نال) ، واتە نازناوی (نالێ) ، لەخۆیەوە بوەتە ســێیەرم و بوەتە ناوم و لێم جیا نایێتەوە • فەرقی بەینی سەرو و نال (شمشاڵ ، یا قەڵەم)یش فەرقی بەینی ئاسمان و زێسمانە !! بەرزیی وەك سەروی من لەکوێ و شمشاڵ و قەڵەم لەکوێ ؟!

جـ ــ تا چاکی نەکەی پڕ لە هەوا سینەیی (نالێ)
وەك زەنگەڵە ئاوازەیی دەنگی دڵی نایێ

واتە : تا سینەی نالێ پــڕ نەکەی لە هەوای عەشق و دڵدارێ ، وەك زەنگ ئــاوازەی سازگار و حەزین لە ناخی دڵیەوە دەرنــاچێ • هێمایشە بۆئەوەی شمشاڵ تا فۆی پیا نەکرێ و پڕ لە هەوا نەکــرێ ئاوازەی لێوە نایەت •

لەگەڵ ئەمهەمۆ سەر و خوار و ئەمدێو و ئەودێو کردنەشدا من لامواید ئەم جۆرە کار و بارە ئەدەبییانە بە شێوەی ئێجگارێ و بڕاوە و بێ گومانێ

دەستیان بۆ نابرێ و ئەم بۆچۆنانەی خۆیشم بە بێخەوش نازانم و زۆر نزیکیشە خۆیان لەبەر پلاردا نەگرن و بۆچونی چاکتر جێگایان بگرێتەوە ، بەڵام هەوڵێك بۆ بە پێویستم زانێ خۆمی تیا ماندۆ بکەم و هەر ئەوەندەشم لە دەست هات • لە هەمۆ حاڵێکیشدا ئەبێ دان بەو ڕاستییەشدا بنێین کەوا شاعیر بۆیە ئەم نازناوەی بۆ خۆی دیارێ کردوە ، بەپێی پێویستیی شوێن ، چ لەبارەی وشە و چ لەبارەی مەعناوە ، یاریی پێ بکا و بە هەر شێوە و مەعنایەك کە پێویست بو ، بەکاری بێنێ •

نالێ و ئەدەبی بێگانە

نالێ لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمدا ژیاوە • لەو سەردەمەدا زمانی باوی ئەدەبێ بریتێ بوە لە زمانی عەرەبێ و فارسێ و تورکێ ، چونکە کوردستان یا سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانێ یا ئێران بوە و زمانی ڕەسمێ یا فارسێ یا تورکێ بوە ، بێجگە لەوەش کە زمانی عەرەبێ زمانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوە و کوردستانیش تێکڕا یەکێك بوە لە وڵاتە ئیسلامەکان• سەرەڕای ئەوە کە نالێ خۆیشی خوێندەوارێکی ئایینێ و مەلایەکی موسوڵمان بوە • جا بۆیە ، نالێ ئەگەرچی بەشی زۆری شیعری بە کوردێ وتوە ، شیعرەکانی وشەی زۆری فارسییان بە دەس‌کارییەوە یا بێ دەسکارێ تیایە • هەروەها وشەی زۆری عەرەبێ و زاراوەی ئایینێ و زاراوەی زانیاریی ئاینییەکانی وەك فیقە و ئوصوڵی دین و مەنطیق و فەلەکییاتیان تیایە کە بەشێوەی ئیقتیباس و تەلمیح بەکاری هێناون • ئەو شیعرانەی کە لە (موناجات)و نزا و پاڕانەوەدا وتوونی هەمۆیان ئەنجامی ئەو کارە کاریگەرەن کە ئایینی ئیسلام لە ناخی دەرۆنیدا کردوێتی •

هەر لە سەرەتای دیوانەکەیەوە ڕۆ لە بارەگای خودا ئەکا و ئەڵێ :

ئەی جیلوەدەری حوسن و جەلەوکێشی تەماشا
سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نیە حاشا

بەو ڕەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییەهـ زەڕ
لەم قەلبە کە وەك بەردە ، ڕەشە ، (رش رشاشا)

(لا حول و لا طول و لا قوة الا
بالله ، له القدرة ، والكائن ما شا)

(دین) و (مەدەد) و (ڕەحمەت) و (قودرەت) و (مەشیئەت) لە زاراوەکانی عیلمی کەلامن •

حەلاڵی بێ نیکاحی حوری عینم
بە جۆتێ ناظیری شەرع و فەتاوا

هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو
حەددی چیە (نالێ) کە بڵێ ماچە کەفارەت

(حەلال) و (نیـــکاح) و (شەرع) و (فەتـــاوا) و (حەدد) و (کەفارەت) لە زاراوەکانی عیلمی فیقهن •

لەکن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیوّلا نیە باث
لە حیکەم پەروەرییی (بۆ عەلی سینا) نیە باث

(جەوهەری فـــەرد) و (هەیوّلا) لە زاراوەکانی فەلســـەفەن و لە کتێبەکانی عیلمی کەلامدا ئەخوێنرێن •

ئەی میهری میهرەبان وەرە سەر بامی بامیداد
تا مەهرّوان ببنە هیلالی شەوی میحاق

(هیلال) و (میحاق) لە زاراوەکانی عیلمی فەلەکییاتن •

وەك قیاسێکی کە موثبەت بێ نەتیجەی بێتەجێ
حەمدو لیللا شەهـ کە عالێ جا بوو خالێ جا نەبۆ

(قیاس) و (موثبەت) و (نەتیجە) لە زاراوەی زانیاریی مەنطیقن •

حاضری ئەمری خیطابە دلّ ئەگەرچێ مەنهییە
ڕاجیعی تۆیە ضەمیری من ئەگەرچێ غائیبە

(حاضر) و (ئەمـــر) و (خیطـــاب) و (مەنهج) و (زاجیـــع) و (ضەمیر) و (غائیب) لە زاراوەکانی عیلمی نەحون و لە ئوصولی فیقهیشدا بەکاردێن •

دەری زەحمەت کەوا بەحری موحیطی عاصییە (نالی)
تیا جان و تەن ئوفتادەی شەپۆلی سەیلی عیصیانە

(بەحر) و (موحیط) لە زاراوەکانی جیۆگرافیان •

ئەم نموونانە کـــە پیشانم دان لەچاو ئەوانیتردا قەترە بـــە دەریان و دیوانەکەی نالی پڕیەتی لەم جۆرە دوزراوانە !

نالی و مەبەستی شیعری

ئەو مەبەستانەی کە لە شیعری (نالی)دا زۆچاو کراون ، ئەمانەن :

١ ــ دڵداری کە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی لەم جۆرەیە •

٢ ــ وەصف ، بەتایبەتی وەصفی بەهار و دیمەنی سروشت و وەصفی حوجرە شەق و شڕەکەی و لێهاتوی و بوردەباریی (کەر)ەکەی !

٣ ــ نزا و پاڕانەوە لە خوا •

٤ ــ بیری ولاّت کردنەوە : (لە قەصیدەکەیدا کە بۆ سالمی ناردوە ، لەگەڵ غەزەلی « دەروونی لدارالشارەزوور و بەردە ») •

٥ ــ لاواندنەوە و پیاهەڵدانی پاش مردن : (غەزەلەکەی لەمەڕ وەفاتی سلێمان پاشای بابان ، لەگەڵ قەصیدەکەی کە وەک ئەڵێن بەبۆنەی مردنی باوکی « حەبیبە »ەوە وتویەتی) •

٦ ــ مەدح و پیاهەڵــدان : (مەدحی تورێ زۆدباریی بـــرادەری کە ئەچێتە حەج ، مەدحی سوپای بابان ، مـــەدحی ولاّت ، مەدحی پێغەمبەر ، مەدحی مەککە ومەدینە) •

نالێ له قۆڵیی مەعنـــا و جوانیی وەصف و بەرزیی پێچـــواندن و دەربڕین و ئاشکرا کردنی دەردی دڵدا شیعری کوردیی بەڕادەیەك بەرز کردوەتەوە بێ پێ لێهەڵبـــڕین گەیشتوەتە ڕادەی ئەدەب و شـــیعری ئەو سەردەمەی نەتەوە دراوسێکان : عەرەب و فارس و تورك .

له وەصفی بەهاردا ئەڵێ :

گەرمێ و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە
پشکۆی گوڵ ئاتەشین بە نەسیم بۆ ، گەشایەوە

لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ
ناوی ، کە پڕ خەڵۆزە ، بە شەبنم گەشایەوە

فەصلێکە هەر لە فەرقی بەشەر تا ڕەگی شەجەر
وشکێ بە غەیری صۆفیو عاصای نەمایەوە !

له وەصفی ڕێگای دەشتی کاکی بەکاکیی حەجی ئەوسادا ئەڵێ :

مەڵێ : دەشتە . بڵێ : دنیا هەمۆ خانێکە ، ئەم حەوشە
چ حەوشێکە کە ئافاقی حەصار ، ئەفلاکی سەربانە

عویۆنی گەرم و سوێراوی میثالی چاوی گریانە
ڕۆعۆنی شاخی سۆتاوی شەبیهی جەرگی بوریانە

سمافی ئەحمەرە ، یا قۆتی ڕۆح و ئاوری نەفسە
حەصاتی ئەبیەضە ، یا شوهبی نەجمی ڕەجمی شەیتانە

له وەصفی حوجرە شەق و شڕەکەیدا ئەڵێ :

ڕۆژی بەفر و با وەکاشە ، ڕۆژی باران قوففەیە
صاحیبی لازم کە بیبێ سەوڵ و کاسێکی شکاو !

کاسە بۆیە لازمە تا ئاردەڵۆکی دەر بدا
سەوڵ بۆیە لازمە نەك جۆگەلە بیبا بە تاو !

تا ئەڵێ :

حوجرەکە ئاوس بو ، وەعدەی خۆی بەهارێ بۆ بزێ
وەضعی حەملی کەوتە پایز نابەکام و ناتەواو !

لە وەصفی کەرەکەیدا ئەڵێ :

مل عەلەم ، شیرین قەڵەم ، ئاهۆ شکەم ، مەیمۆن قەدەم
سم خڕ و کلك ئێستر و مەنزڵ بڕ و عارەق نەڕێژ

صائیموددەهری بە ڕۆژ ، ئەمما بە ڕۆژۆی بێنییەت
قائیموللەیلی سلۆك ، ئەمما سلۆکی بێ نوێژ !

با سەیرێکی ئەم دەردە دڵی دڵدارییەش بکەین :

بۆچی نەگریم صەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی
بۆ مەی نەڕژێ شۆشە لە صەد لاوە شکاوە

هەر جۆگە و جۆباڕێ کەوا سۆر و سوبڕ بێ
جێی جۆششی گریانی منە و خوێنە ڕژاوە

هەرچەندە کە ڕۆتم ، بە خودا مائیلی ڕۆتم
بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە !

یا ئەم وەصفی زوڵفە :

ئەو سیلسیلە وا موشکی خەتا نێوی براوە
پڕ پێچ و شکەن خەم بە خەم و حەڵقە کراوە !

لەولاوێکە لەولاوە بە ئەملاوە کشاوە
یا یاسەمەنی خاوە بە ڕۆی ڕۆژدا ڕواوە !

یا دۆکەڵی جەستەی منە بەو شەمعە سوتاوە !
یا هەوری سییەھ تاوە کە مانیع لە هەتاوە !

ئەم زوڵف و خەت و خاڵ و چاو و قەد و بالآیە ڕێگای هەستی ولآت ویستنی لێ نەگرتوە و لــە قەصیدە بەناوبانگەکەیدا بۆ ســالم بەڕادەیەك زوخاوی دۆرێ هەڵئەڕێژێ ، لەوانەیە ئەو کەسەش کە ئەمڕۆ ئەیخوێنێتەوە پڕ بە دڵ ماتەمی دایگرێ و لە ناخی خەمدا نوقوم ببێ :

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرۆر
وەی پەیکی شارەزا بە هەمۆ شاری شارەزۆر

ئەی لوطفەکەت خەفیو هەواخواه و هەمدەمە
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوضۆر

ئەی هەم مەزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان
طۆفانی دیدەوو شەرەری قەلبی وەك تەنۆر

تا ئەڵێ :

وەك ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆی یار
وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی شیوەسۆر

لە دواییدا ئەڵێ :

زارم وەکو خیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوطۆر !

لەم شەرحی دەردی غوربەتە ، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوما بکا عوبۆر !

لە شینەکەیدا کە ئەڵێن بەبۆنــەی مردنی باوکی حەبیبەوە وتوێەتی ، ئەڵێ :

ماتەم وەکو زولفەینی سیییەھ گرتی سەراپات
پۆشتێ لە ڕۆخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات

دیدەت وەکو گوڵ سۆرە پڕی شەونمی ئەشکە
یا لالەیی پڕ ژاڵەیە دۆ نێرگسی شەهلات !

بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگرییم
گەوهەر بڕژێنین بە بوڵندیی قەد و بالآت

لاکین ئەمە دنیایە گەهێ سۆرە گەهێ شین
« لا یسأل من عاش و من مات و من فات »

کە دێتە مەیدانی نزا و لــە بارەگای یەزدان پاڕانەوەش بەتــەواوێ ئەچێتە جیهانی گیانییەوە و بەرامبەر بــە پەروەردگار و پێغەمبەری خوا ئەوپەڕی ملکەچێ ئەنوێنێ • سەیری کە چۆن لــە بارەگای پێغەمبەردا ئەپاڕێتەوە :

بە قوربانی عولۆمی ئەووەلین و ئاخیرینت بم
لەگەڵ ئەسراری قورئانت کەوا ئەلطافی سوبحانە

موڕادم ذیللەت و پاڕانەوەی حاڵە نەوەك نەعتە
بە چەن بەیتێکی کوردانە کە قورئانت ئەناخوانە

ئەگەرچی کوردی دۆری شارەزۆری قەسوەتم ، ئەمما
وەسیلەم طەیبەوو حیلمی شەفیع و فەضلی مەنانە

بەسەر هاتۆمە ئەو خاکە کە هەر میثقالە ذەڕێکی
بە میزانی شەفاعەت کێبوی حیلم و بەحری غوفرانە

وەك دەرئەکەوێ مەدحەکانی نالێ سنوڕێکی تایبەتییان هەیە و ڕیا و زوبانلۆسێ و خۆ بۆپێشەوە بردنیان تێدا بــەدێ ناکرێ • (ڕەثا)یەکی سادە بۆ فەرمانڕەوایەکی کوردی شایانی وەك سلێمان پاشا و پیرۆزبایێ لە جێنشینێکی زیرەك و هەڵکەوتوی وەك ئەحمەد پاشای کۆڕی و وەسفێکی سوپای بابانەکان کە پارێزگاری سنوور بوون ، یا نامەیەکی خۆشەویستانە بۆ مەلایەکی خاوێن و خانەدان و دڵ و دەرۆن فراوانی ڕێز لە هاوڕێ گرتوی بۆ سەفەری هــات و نەهاتی حەج ڕۆیشتوی وەك نــوڕێ ڕۆدبارێ ، یا مەدح و پیا وتنی مەقامی پێغەمبەر (د • خ) و پاڕانەوە لە قاپیی ڕەحمەتی خوایێ ، ئەو مەدحانە نین کە بکرێنە هۆی پلار تێگرتنی !

مەبەستی هەجو و ذەم کـــردنی خەڵقم لە دیوانەکەی نالیـــدا بەدێ نەکردوە ، لە سێ غەزەل و قەصیدەدا نەبێ : یەکێکیان لەگەڵ میرزا صەفای شیرازییەتی (٣٦) کە سەرەتاکەی ئەمەیە :

قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دنیایی دەنێ
قەدری ئەو کەمتر و هەر دۆ لە غەمی یەکدی غەنێ

یەکێکی‌تریان دژی وشکە صۆفییە کە یەکەم بەیتەکەی ئەمەیە :

بنوارّە وشکە صۆفی‌یو زەقصی بە هەلهەلە
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێمەلە !

سێیەمیان قەصیدە درێژەکەیەتی (بە شێوەی پرسیار و وەڵام) کە بە مەستۆرە خانمی ئەردەڵانیدا وتوە و ئەمە سەرەتاکەیەتی :

مەستۆرە کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك و عیتابێ !

غەزەلەکەی کە بۆ (صەفای شیرازێ)ی ناردوە ، ئەگەرچی بۆنـــی تۆزەیێ و قسە پێوتنی لێ ئەکرێ ، تێکڕای قســەکانی باســی ئایینە و لە ئامۆژگارییەوە زیاتر نزیکە •

غەزەلەکەشی کە دژی وشکە صۆفییە بــە هەجوی زەلامێکی تایبەتێ نادرێتە قەڵـــەم • نالێ دانۆلەی لەگەڵ وشکە صۆفیدا نەکــوڵاوە و ئەم دیاردەیە لە تێکڕای دیوانەکەیدا زۆر دیارییە •

لە قەصیدەکەی لەمەڕ مەستۆرە خانمیشدا مەدح زیاتر بەدی ئەکرێ و

---

(٣٦) ئەم قەصـــیدەیەی نالیمان لە بـــرای بەڕێز دوکتۆر عزالدیـــن مصطفی رسولەوە دەستکەوت ، لەگەڵ چەند قەصیدە و غەزەلێکی جیاجیای ئەم و ئەودا بۆ و لە پەڕە کاغەزێکی کۆن و بە شێوەی نۆسینی فارسێ نۆسرابوەوە و لە سەرەتاکەیەوە نۆسرابو : « مناظرهء نالی سلیماني مع میرزا صفا الشیرازي » .

ئەوەندە داوێن پاکێ و جوانیی داوەتێ مەگەر هەر (نالێ) خۆی لە خەودا دیبێتی !

لێرەدا بابەتێك خۆی دێنێتە پێشەوە بۆ ئەوە ناشێ بەسەریا تێپەڕین و لایەکی لێ نەکەینەوە •

گیوی موکریانێ لەو ســـەرەتایەدا کە بـــۆ (دیوانی نالێ)ی نوسیوە لە چەند لایەکەوە و بە چەند جۆرێك (نالێ)ی بەر پلار داوە • بۆ نمونە ئەڵێ :

« ••• بەڵێ ئەوە حاشار نادرێ کە نالێ پارچە هەڵبەستێکی بە ناوی شیوەن و مێژۆی کۆچی دوایێ سڵێمان پاشای بابانەوە داناوە کە ئەمـــە سەرەتاکەیەتی :

تا فەلەك دەورەی نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبۆ

وەبزانم ئەوەشی لە زۆی هەستێکی پاکی کوردایەتییەوە نەبوە ، دەنا هەتیو نەدەبۆ ، بەڵکو نەوس و شۆرباوخۆرێ پێی کردوە » (٣٨) •

گیو هەروەها لەسەر تانە و توانجی خۆی ئەڕوا و ئەڵێ :

« بەڵگەیەکیتر کـــە گرنگترین نمونـــەی دڵڕەقێتێ و بێبـــەزەیێ و

---

(٣٧) گیوی موکریانێ ، پێشدەستیی دیوانی نالێ ، هەولێر ، ١٩٦٢ ، ل ١ .
بەپێچەوانەی قسەکەی مامۆستا گیوەوە ، شانامە ، هەرچەند زمانی فارسیی زیندۆ کردوەتەوە ، زۆر وشەی عەرەبێ و تەنانەت تورکییشی تیایە .

(٣٨) سەرچاوەی پێشۆ ، ل ب .

هەستییەتیی نالیێ لە ڕاست کوردااندا سوور دەکاتەوە ئەم دوو تاکەیەتی کە دەڵێ :

طەبعی شەککەر باری من کوردیێ ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقصوودی لە (عمداً) وا دەکا

لێرەدا خۆی ددانی بەوەدا ناوە کە هەڵبەستی بۆیە بە کوردیێ داناوە چونکە کوردیێ لە زمانێکیتر باشتر دەزانێ خۆی تێدا تاقیێ دەکاتەوە • لەوەشدا کە دەڵێ :

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا

لێرەشدا وادەگەیەنێ کەسێکی نەزان نەبێ ڕەخنە لە هەڵبەستەکانم ناگرێ لەبەرئەوەی کە کوردین چونکە مەبەس وشە نیە بەڵکو واتایە ••• » (٣٩) • تا ئەڵێ : « ••• جا مرۆ چۆن لە داخانا نەمرێت کە زانا و بوێژێکی دەستەڵاتدار لەجیاتیی نیشتمان پەرستێتیێ هەوا و هەوەس پەرست بێ و حەیبەی بە هەمو کورد و کوردستان نەگۆڕێتەوە ؟! » (٤٠)•

دیسان ئەڵێ :

« ••• مەستوورە (ماهشەرەف خانم)ی کوردستانیێ کە یەکێك بوە لە وێژەوان و بوێژە هەرە پایە بەرزەکانی کوردی سنە و خاوەندی دیوانە لەوانەیە کە لە دیار نالیدا گوتبێتیان : هەڵبەستەکانی مەستوورە جوان و پەسەندن ، نالییش لەبەر نەکێشان و خۆپەسەندیێ پەردەی ئابڕوێی مەستوورەی دڕیوە و بەو بەندە (قەصیدە)یەی :

مەستوورە کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ

---

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو ، ل پ •
(٤٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل ت •

له ســـنوری شـــێواز (ئـــەدەب) زۆر تێپەڕیـــوە ••• هـــەزار موخابین ! » (٤١) •

پاش چوارده ساڵ له تۆســـینەکەی مامۆستا گیو موکریانێ ، مامۆستا موحەممەد ئەمین کاردۆخییش وتارێکی به ناونیشانی « بەدبەختیی شاعیر و تۆسەرەکانمان » تۆســـیوە • ئەویش هەمان گلەییی لـــە (نالێ) کردوە ، ئەڵێ :

« ••• بۆ نموونه تاقه (ژێکی شاعیره)مان بوه به ناوی مەستۆرەوه کەچێ (نالێ)ی شاعـــیر که هاوچەرخی بوه (خـــەوی پێوه دیوه) ، به هەڵبەستێکی دۆر و درێژ شکاندۆیەتی ••• » (٤٢) •

له عاستی ئەم ڕەخنانەی مامۆستایان گیو و کاردۆخیدا هەر ئەوەنده ئەڵێم که :

١ ــ نەتەوایەتێ هەستێکی سیاسییه و زادەی قۆناغێك و چەند هۆ و دۆخێکی تایبەتییه و له خۆیەوه نایەت • پێویستیش نیه هەمـــو کەس ئـــەم هەستەی به یەك شێوەی تایبەتێ هەبێ • لەو قۆناغەدا که نالیی تیا ژیاوه به دەیان شاعیری کلاسیکێ هەڵکەوتۆن و کەسیشیان شێوەی نەتەوەخوازیی له شیعرەکانیاندا دەرنەکەوتوە • هەر لەبەر ئەمەشه ئێمه ئەمڕۆ به چاوێکی پڕ له ڕێزەوه ئەڕوانینه زانایەکی بلیمەتـــی وەك خـــانێ یـــا شـــاعیرێکی هەڵکەوتۆی وەك حاجێ قادری کۆیێ ، یا مەلایەکی پایه بەرزی وەك مەلای کۆیه (١٨٨٠ ــ ١٩٤٣) که ئەمـــانه زیـــاد له شاعیر و زانا و مەلاکـــانی هاوچەرخیان هەڵکەوتۆ بوون و هەستێکی تایبـــەتێ له دەرۆنیاندا خولی خواردوه و له بەرهەمەکانیاندا به ئاشکرا دیاره ، بەڵکو هەندێکیان لەمەش زیاتر ئاسۆیەکی فراوانتریان له بەرچاو بوه • بەڵام ئەمه نابێ وامان لێ بکا نرخی ئـــەدیب و زاناکانیترمان به کەم تەماشا بکەین که هـــەر هیچ نەبێ

---

(٤١) سەرچاوەی پێشۆ ، ل ت .

(٤٢) گۆڤاری (بەیان) ، بەغدا ، مارتی ١٩٧٥ ، ژمارە ٢٣ ، ل ١٩ .

نەوەستاون و لەگەڵ دەور و پشتا (تفاعل)یان کردوە و ئەوانیش سەرو خشتیان لە بناخەی ئەدەب و زانیاریی مرۆڤایەتیدا داناوە • هەرگیز نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین لە هەر چەرخێکدا هەمو زانا و ئەدیبەکانمان لە هەمو لایەنێکەوە لە یەك پلە و پایەدا بن • ئەگینا هەمو ئەدیبەکانی فەرەنسای سەردەمی (ویکتۆر هیگۆ) وەك هیگۆ و هەمو ئەدیبە ڕۆسەکانی سەردەمی (گۆرکی) وەك گۆرکی و هەمو ئەدیبە عەرەبەکانی ئەم چەرخەش وەك جەواهیری و سەیاب و هەمو ئەدیبەکانی کوردەواریی خۆشمان وەك (گۆران) ئەبوون • لەڕاستیدا ڕێبازی شاعیرە هەڵکەوتوەکان و بلیمەتیان لە هەمو سەدە و سەردەمێکدا سەرنج ڕاکێشەرە و بیری تیا کول ئەبێ •

تانە و توانجی ساردی وەك ئەوەی گیو ، ئاراستەی ئەدیبێك ئەکرێ لایەنگری لای چەوت بێ ــ بۆ نموونە : لەکاتی بزۆتنەوەی نەتەوایەتی یا نیشتمانیدا لەگەڵ بەرەی دوژمندا بێ ــ نەك یەکێکی ئیعتیادی و لە وێژەدا هەڵکەوتوی وەك نالی ! من نازانم چ ناڕەساییەك لەم ئەدیبەدا بەدی ئەکرێ بێجگە ئەوەی کە ئەدەبی کوردی گەیاندوەتە پلەیەك کە مایەی شانازییە و بەرهەمەکەی لە دیاریترین کەلەپوری نەتەوە ئەژمێردرێ •

ئێمە ئەگەر لەم ڕوە ڕەخناییە تەسکەوە بۆ کەلەپور و خاوەنەکانیان بڕوانین زۆر لەدواوە ئەمێنینەوە • وڵاتانیتر ، بە سۆشیالیست و سەرمایەداریانەوە ، بە دەیان جار و جۆر دیوان و کتێبی شاعیر و توسەرانی کۆنی خۆیانیان لەچاپداوە و لێیان کۆڵیونەتەوە و سەرشاخیشیان نەگرتون • بگرە نرخی شایانی شانیشیان داونەتێ •• تۆ بڵێی تەنانەت فارسیش وەك هەندێ کەسی لای ئێمە سەیری حافظ و سەعدیی نەمر بکەن ؟ بڕوا ناکەم !

۲ ــ ئەمجا با لایەك لە بەرهەمەکانی (نالی) بکەینەوە بزانین ڕاستە هیچیان تیا نیە ؟!

قەصیدەکەی کە بە « بادی خۆش مرۆر »دا بۆ (سالم)ی هاوڕێ و هاودەمی ناردوە ، ئەگەر شێوەیەك لە شێوەکانی هەستی نەتەوایەتی نەبێ ، بۆچی تەنها (سالم)ی بەسەر کردوەتەوە و نامەی بۆ نوسیوە ؟ ئەو سالمەی

که تێکەڵی خانەدانی بابانەکان بوە و بەرزێ و نزمیی ئەوانی بە هیی خۆی زانیوە و لەناو گەردەلوولی ئەو ڕۆژانەدا ژیاوە ؟!

بێجگە ئەو هەموو تەعریف و بە شـــان و بالاّ هەڵدانەی کە بۆ ئاو و خاك و تۆز و گەردی سولەیمانیی ئەڵێ ، بە شارێکی پڕ (عەدل)یشی ئەداتە قەڵەم ــ کە « عەدل » پەیوەندی بە فەرمانڕەواییەوە هەیە و ئەوە ئەگەیەنێ کە نالێ دەستەلاّتی بابانە خـــۆ ولاّتییەکانی زۆر بە دڵ بوە • هـــەروەها دانیشتوانی ولاّتەکەشی بە هونەرمەند و خاوەن کارگێڕێ داوەتە قەڵەم :

ئەهلێکیوای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن
هەم ناظیمی عوقوودن و هەم ناظیری ئومووڕ

سەیرێکی ئەو بەراوردانە بکە کە لە نامەکەیدا لەێوان دو دۆخی جیا و دژدا ئەیـــکا ، کە هەمـــوی هێما و هێماکارییـــە و پلارە لە دەســـتەلاّتی عوسمانییەکان :

دەوری (کانیبا) « بە جەمع و دایەرەیە » و جێی ئاهەنگ و خۆشییە ، یا « ڕۆژی قیامەتە » و بە دەست بێگانەوە زەلالەتیەتی ؟ چیمەنی خانەقا « ڕەبیعی ئاهوە » یا « چایری ستوور (هێستر !)، » ؟ سەوزەی دەور و بەری گوڵ « تەڕە » یا وەك « ڕیشی کاکە ستوور » وایە ؟ « جمەی دێ لە حەبیبان » یا وەك دۆزەخ پڕە لە « ڕەقیبان » ؟ « کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە » یا بـــوە بە « مەعرەضی نوفوور » ؟! « فەضـــای دەشتی فەڕێکان مەحشەر میثالە » یا بوەتە « چۆڵی سەلم و تۆر » و بۆنی خوێنی لێدێ ؟!

ئەگەر ئەمانە هەموو بۆ دەیەی پێنجەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ناوچەی سولەیمانیدا بە ولاّت ویستن نەدرێنە قەڵەم ئەی ولاّت ویستن چیـــە ؟! تۆ بڵێی ئەمەش هەر « شورباوخۆرێ » بێ ؟!

ئەی لە غەزەلەکەیدا کە بۆ سلێمان پاشای بابانی وتوە و ڕۆژی وەفاتی تیا دیارێ کردوە و پیرۆزباییی لە ئەحمەد پاشای کوڕی کردوە و سلێمان

پاشای بابانی گەیاندوەتە ژادەی جەمشید و شانازیی بەو سەردەمەوە کردوە کە ئەو تیا فەرمانڕەوا بوە ، مل‌ملانی لەگەڵ ئەوکەسانەدا کردوە کە لەوانەیە بڵێین لەم ژۆژەدا جەمشید نیە • ئەمەش شانازێ بە نەتەوە و ژۆڵەی نەتەوەوە نیە ؟ لە تەعریفی چەند کەسی‌تردا وای وتوە تا بڵێین وەك خەڵکی‌تر لەدۆی نان و پایە گەژاوە ؟ هەر تەنها پەیوەندی دۆستێ و خۆش‌ویستن و بە شانازییەوە باس کردنی فەرمانڕەوای وڵات لەو سەردەمەدا بە وڵات ویستن ئەدرێتە قەڵەم • بێجگە ئەوە کە بایەخی دیارێ کردنی تەئریخیشی بێتە پاڵ ، کە ئەوەش خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی شانازێ‌کردن •

لە غەزەلی :

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن

یشدا زۆر بەئاشکرا هەستی پێ‌خۆش‌بوون و شانازێ‌کردن بەو دام و دەزگایە بەدێ ئەکرێ کە بێ‌گومان ئەمەش هەر لە هەستی نەتەوە ویستییەوە هەڵئەقوڵێ •

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە بزۆتنەوەکانی کوردستانی سەردەمی (نالێ) بزۆتنەوەی خێڵەکێ بوون و خاوەن دەستەڵاتەکانی بابان هەر خۆیان بەر بۆبۆنە گیانی یەکتر و بزۆتنەوەی نەتەوایەتێ نەگەیشتبوە ژادەیەك هەمۆ شاعیرێ ــ وەك هەندێ کەس ئەیانەوێ ــ ببزوێنێ ، ئەگەرچی لە هەمۆ چەرخێکیشدا بلیمەت و هەڵکەوتۆ سەری هەڵداوە و ئێمەش لەو جۆرە کەسانە بێ‌بەش نین و (نالێ) و غەیری نالییش گلەییان لێ‌ناکرێ کە لە بەرهەمەکانیاندا بە شێوەیەکی دیارێ و ژاستەوخۆ ژێبازی نەتەوەخوازییان نەگرتوە • بۆ سەربەرزیی نەتەوە و بۆ (نەمر)یی نالییش ئەوەندە بەسە کە لەگەڵ ئەو هەمۆ فارسێ‌زانێ و عەرەبێ و تورکێ‌زانینەدا رێگای شیعر وتنی بە کوردێ گرتوەتەبەر و وەك هەویر یاریی بە وشە و ژستەی کوردێ و وشەی زمانە دراوسێکان کردوە و قوتابخانەیەکی بۆ شیعری کوردێ داناوە دەیانی وەك کوردێ و مەحوێ و نارێ و بێخود و ئەدیبانی‌تر دوای کەوتۆن و بەهرەیان لێ وەرگرتوە • لەمەوپاشیش بە درێژێ لەم بابەتە ئەکۆڵینەوە •

٣ ــ له غەزەلەکەشیدا لەمەڕ (تۆرێ زۆدبارێ) ، له برادەرێ و وەفا و خۆشویستن بەولاوە شتێك نابینم که بۆنی ژیا و ماستاوکردنی لێ بێ • تۆ بڵێی نورێ زۆدبارێ مەلا خدری نالیی ژیاندبێ و نوقمی ناز و نیعمەتی خۆیی کردبێ ، بۆیە ئەمیش وا بە سۆز بیری ئەکاتەوە و دوعای بۆ ئەکا که بە خۆشی و سەلامەتێ بگەڕێتەوە ؟ ئەی بۆ غەزەلەکەی بڕیتێ نەبێ له دەربڕینی هەستێکی خاوێنی برادەرایەتیی نالێ بەرامبەر برادەرێکی دڵسۆزی که لێی حاڵێ بوە و دڵیان بە یەك کراوەتەوە •

٤ ــ سەبارەت بە دۆ بەیتەکەشی که مامۆستا گیو کردنی بە بەڵگەی تاوانبار کردنی ، بە پێویستی ئەزانم بڵێم لەڕاستیدا نالێ له تێکڕای ئەو دۆ پارچە شیعرەیدا که ئەم دۆ بەیتەیان تیایە ، ئەیەوێ بە شانوبالی خۆیا هەڵدا • بەم پێیە مەبەستی له شیعری یەکەم باسکردنی توانای ئەدەبیی خۆی و دەسەلاٽ شکانیەتی بەسەر هەر سێ زمانی کوردێ و عەرەبێ و فارسیدا و ئەیەوێ بەرپەرچی ئەوانە بداتەوە که تانۆتی ئەوەیان لێداوە گوایە زمانەکانیتر نازانێ بۆیە بە زمانی خۆمالیی کوردێ شیعر ئەڵێ • نالێ له وەڵامی ئەوانەدا ئەڵێ : بە کوردێ شیعر وتنم هیی ئەوە نیە ناتوانم بە فارسێ و عەرەبێ شیعر بڵێم ، بەڵکو ئەمەوێ خۆم تاقێ بکەمەوە شتێکی نوێ بێنمە ئاراوە که تائیستا کەس نەیکردبێ : بە کوردێ شیعر بڵێم ، واتە بەپێچەوانەی بۆچۆنەکەی گیوەوە ، کوردێ بکەم بە زمانی ئەدەب و ئەدەبێکی کوردییش دروست بکەم شانبەشانی ئەدەبی فارسێ و عەرەبێ بێتە مەیدانەوە ! هەمۆشمان ئەزانین بەر له نالێ و سالم و بەر له چەرخی گەشی بابانەکان ، بە زاراوەی سولەیمانێ شیعر نەوتراوە • تا ئەو سەردەمە شیعری کوردێ له کوردستانی ژۆژهەڵاتدا لەسەر کێشی پەنجەی خۆمالێ و بە زاراوەی (گۆرانێ) و لە کوردستانی ژۆژاوادا لەسەر کێشی خۆمالییش و عەرەبییش و بە زاراوەی کرمانجیی سەرۆ بوە • شیعری کوردێ لەسەر کێشی عەرۆزی عەرەبێ و بە زاراوەی سولەیمانێ زادەی شارستانەتیی سەردەمی بابانەکان و دەستکردی نالێ و سالم و پاش هاتوەکانی ئەوانە •

له شیعری دۆهەمیشیدا پێیان ئەڵێ چ منیش و چ ئێوەش کوردین و کوردێ ئەزانین ، بەڵام شانازییەکەی من لەوەدایە بە زمانی زگماکی خۆم مەعنای وا دێنمە ئاراوە کەستان نەتوانێ خۆی لە قەرەی بدا ! کەواتە با کەس گاڵتە بە شیعرەکانم نەکا بڵێ ئەو شیعری بە کوردێ وتوە و هەمۆ کەس کوردێ ئەزانێ •• مەسەلەکە بە تەنها کوردێ زانین نابڕێتەوە • شیعر هەم زمانیشە و هەم دارشتنیشە و هەم مەعنای بەرزیشە •• ئەوا گریمان ئێوە کوردییەکەی حاڵێ بۆن چونکە زمانی خۆتانە و شاعیریشتان تیا هەڵکەوت بتوانێ وشە ڕێك‌بخا •• ئەی مەعنای بەرز لەکوێوە دێنن •• پیاوی عاقڵ دوای مەعنا ئەکەوێ و شت بە مەعنادا ئەناسێتەوە • هەر بۆیەش پاشان ناحەزەکانی ئەداتەوە بەر پلار و پێیان ئەڵێ :

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکێ ؟
کەی لە دیقەقەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکات ؟

شیعرە کوردییەکانی خۆی یا وەك تاڵی کندر بە ورد و باریك یا وەك تای زوڵفی یار بە ناسك و نازدار دائەنێ و شیعری بەربەرەکانێ کەرەکانیشی ، بە هەر زمانێ بێ ، بە پەتك •• جیاوازیی نێوان هەوداو پەتکیش هیچ لەسەرنۆسینێکی ناوێ !

ئەنجا ئەگەر ، وەکو مامۆستا گیو ئەڵێ ، نالێ زمانی کوردیی ، وەك زمان ، لاسۆك بۆبێ و ویستبێتی لاسەنگیی باری شیعرەکانی ــ بە هۆی زمانە کوردییە سۆکەکەیانەوە ! ــ بە گرانیی مەعناکانیان ڕاست کاتەوە ، خۆ فارسێ و عەرەبییش هەر وان •• لەوانیشدا هەر مەعنا سەنگی شیعر دیارێ ئەکا و زمانەکان لەخۆیانا شتێکی ئەوتۆیان نیە ئەگەر قسەی بێمەعناشیان پێ بکرێ جێگای مەعنایان بۆ پڕکاتەوە • کەواتە وا دیسان نالێ بە چاوێکی سۆك سەیری زمانی کوردیی نەکرد و هەر ئەوەندە بو مەعنای لا مەبەست بو و لەوە بەولاوە هەمۆ زمانێکی لا چون یەك بو ، کە ئەوەش هیچ بە سۆك زانینێکی کوردێ ناگەیەنێ •

نالیٓ ئەگەر زمانی کوردیی بە سۆك و بێبایــەخ دابنایە شان بەشانی عەرەبیٓ و فارسیٓ ژیزی نەئەکرد و هەر سیانیانی بە سێ ولآت دانەئەنا و خۆی نەئەکرد بە حوکمڕانی هەرسێکیان :

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتوە
(نالیٓ) ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە ، دیوانی هەیە

ئەمەوێ دیسانەوە بڵێم هەر تەنها تۆسین و شیعر وتنی نالیٓ بە کوردیٓ و لەو سەردەمەدا ، خۆی لە خۆیدا مایەی سەربەرزیٓ و شایانی شانازیٓ پێوە کردنە و ، پێویســتە زۆر بە چاوی ژێــزەوە تەماشا بکــرێ • هێنانەدیی ئاواتەکەی شاعیری مەزن و نەتەوە پەرستی کورد حاجیٓ قادری کۆییە ، گۆڕەکەی پڕ بێ لە نۆر ، کە ئەفەرموێ :

کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بە کوردیٓ گەر بنۆسرایە زمانی

مەلا وو میر و شێخ و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما نام و نیشانی

٥ ــ نالیٓ لە قەصیدە نایابەکانی ژێــگای مەککە و مەدینەشیدا و ، لەکاتی نزا و پاڕانەوەیدا لــە بارەگای خوا ، ئەوەی لە بــیر نەچوە باسی کوردایەتیی خۆی و شیعرەکانی بکا :

مواردم ذیللەت و پاڕانەوەی حاڵە ، نەوەك نەعتە
بە چەن بەیتێکی (کوردانە) ، کە قورئانت ئەنا خوانە !

ئەگەرچی (کورد)ی دۆری شارەزۆری قەسوەتم ئەما
وەسیلەم طەیبەوو حیلمی شەفیع و فەضڵی مەننانە

٦ ــ لە قەصیدەکەیدا کــە دژی میرزا صەفای شــیرازیٓ وتویەتی ، بەراورد لەێوان ڕابواردن و دنیا پەرستیی عەجــەم و زبرپۆشیی غەیری عەجەمدا ئەکا ، بەو جۆرە کە عەقڵی ئەو و ئەو وەختە بڕیویەتی ، لەپاشدا ئەڵێ :

میللەتی کورد و عەرەب هەردویەکە تەفرەقە بۆن
بە جەفاوو میحەنی مۆڵگی سەباوو یەمەنێ

لەم بەیتەدا خوێنەری وریا بۆنی ئەوە ئەکا کە (نالێ) بێ‌بەش نەبوە لە هەستێکی ولاّت ویستن و هاوولاّت خۆش‌ویستن و بگرە زیرەکییەکەی ئەوەندە سەرژێژ بوە ئەوەشی زانیوە کە میللەتی کورد و عەرەب لە کۆنەوە و تا ئەو سەردەمە گیرۆدەی دەستی زۆرداری بێگانە و ، ژێر چەپۆکەی ژۆژگار بوون و ، لە ماڵ‌ویرانیدا یەکیان‌گرتوەتەوە •

لە ڕاستیدا ، ئەگەر نەیێتە زیادەڕەوێ لەوانەیە بڵێم خەوەکەی لەمەڕ مەستورەی و قەصیدەکەی لەمەڕ میرزا صەفای شیرازییشی لە هەستێکی حەز لە زمانی کوردێ کردنەوە بە کوردێ وتوە ، ئەگینا فارسییشی هەروەك کوردێ زانیوە و ئەیتوانی بێ خۆ ماندوو کردن دو شاکاری فارسیی بۆ بنوسینایە ، بەتایبەتێ هەر هیچ نەبێ فارسییەکە لای میرزا صەفا و مەستورە خانم باوتر بوە !

جا با بیینە سەر قەصیدەکەی لەمەڕ مەستورە ، کە ئەویش ، وەك باسمان کرد ، بوە مایەی کۆمەڵێ هێرشی نابەجێ بۆ سەر نالێ :

بەر لە هەرچێ هێرشی شاعیرێك بۆ سەر شاعیرێکی‌تر لە چوار چێوەیەکی دوور لە سیاسەتدا ، جا ئەو دو شاعیرە لە یەك نەتەوە بن یا لە دو نەتەوەی جیا ، بەدبەختیی لایەکیان و ستەمکاریی ئەو لاکەیان ناگەیەنێ • شیعر زادەی هەست و خەیاڵی ذاتێ و تاقێ کردنەوەیەکی ناوخۆی شاعیرە بەرهەمی ژۆژ و دۆخێکی تایبەتییە و باوەڕ ناکەم کەس مافی ئەوەی ببێ ژێگای دەربڕینی (هەست) لە کەس بگرێ • شیعر وەنەبێ تەنها دو نیوەی ئەوەندەی یەك و چەند ڕستەیەکی کێش‌دار بێ • شیعر بروسکەیەکە لە مێشکەوە دەرئەچێ •• هەستێکە دەروونی شاعیر پڕ ئەکا و لە توکی قەڵەمەکەیەوە سەر ئەکا و ئەژێتە خوارێ •• شیعر خۆی کارێکی ئەفسوناوییە و ئەو کارەش کە ئەیکاتە دەروونی خەڵك هەر لەو بابەتەیە •

بۆیە تەنانەت پێغەمبەریش (د • خ) فەرمۆیەتی : « ان من الشعر لحکمة و ان من البیان لسحرا » واتە : بەڕاستێ هەندێ شیعر پەندی زۆر بەرزە و هەندێ ڕەوانبێژییش ئەفسۆن و جادووە • هەر لەبەر ئەم دۆخە تایبەتییەی شاعیریشە پێشینان وتۆیانە هەر شاعیرێك شەیتانێکی تایبەتیی هەیە کەی سەری لێ بدا شیعری بۆ دێ ! بۆیەشە شیعر کە بۆ بە دەسمایەی ژیان و پایە ، هەرچەندە جوانیش بێ هەر بێتام و خوێ نەبێ •

من نە گلەیێ لە نالێ لەم ڕۆەوە بە ڕەوا ئەزانم کە شیعری‌وای لەبارەی مەستۆرەوە وتوە و نە لاشم‌وایە ئەگەر مەستۆرەش وەلاێکی لەم (تەڕتر)ی بدابایەتەوە کەس بۆی هەبو بڵێ خراپی کردوە •

۲ ــ ئەنجا بۆ ئەم قەصیدە نایابەی نالێ کە ئەوپەڕی جوانێ و ڕازاندنەوە و دۆتوێیی وشە و قۆڵیی مەعنای تیا بەکارهێناوە و مەستۆرەی لە پۆپەی جوانێ و داوێن پاکیدا پیشانداوە نیشانەی « کەچێ و سۆکێ و هەرزەیێ » بێ بۆ دانەرەکەی ؟ هیچ دۆر نیە نالێ ئەم قەصیدەیەی لە هەڕەتی لاوێتیدا وتبێ پێش ئەوەی خۆی ژن بێنێ و مەستۆرەش شۆ بکا و ، دەربڕینی ڕاستەقینەی هەستێکی پەنگ خواردوەوەی ناو قۆلاییی دەرۆنی لاوێکی بێبەش و دەست نەڕۆیشتۆی ، بە نەریت و پەیوەندی ئایینێ و کۆمەلایەتێ گەمارۆ دراو بێ کە تاقە ڕێگایەکی هەناسەدانی بریتێ بۆبێ لەم ڕێگای (ئەدەبی نیمچە بێپەردە)یە •

۳ ــ گریمان وتمان ڕاستە ئەم قەصیدەیە « پەلاماڕێکی زۆر ناشیرین و ناڕەوایانە »یە ، بەڵام مادەم دەور و پشتی مەسەلەکەمان بەتەواوێ بۆ ڕۆن نەبوەتەوە و بۆنە و مێژۆی دانانی قەصیدەکەی نالێ نازانین و لەبۆچۆن بەولاوە هیچ سەرچاوەیەکمان بەدەستەوە نیە ، بۆ ئەبێ وای‌دانەنێین کە نالێ لەخۆڕایێ ئەم پەلاماڕەی مەستۆرەی نەداوە ؟ بۆ ئەبێ مەستۆرە لەپێشا گورزی خۆی نەوەشاندبێ و نالیی بەر پلار نەدابێ یا هەر هیچ نەبێ لای ئەم و ئەو بە ناشاعیری ناونەبردبێ و ئەمیش بەم قەصیدەیەی بەرگریی لە خۆی نەکردبێ ؟!

٤ ــ له مێژوی ئەدەبدا بە صەدان شەڕە جنێوی بە شـــیعر لەێوان شاعیراندا ڕوێداوە و شتێوا لە مێژوی ئەدەبی کوردیشدا هەیە و کەسیش نەهاتوە لە لاوە بەزەیێ بە کەسیاندا بێتەوە و لەسەری بکاتەوە • هەر لـــە مێژوی ئەدەبی عەرەبدا کە لە بەردەستی هەمۆماندایە بە لێکۆلینەوە و هەڵسەنگاندن دەیان (شەرح)یان لـــە (نەقائیض)ەکەی (فەرەزدەق) و (جەریر) کردوە و لایەنە هونەرییەکانیان و هۆی ئەو شـــەڕە شیعرانەیان ڕوون کردوەتەوە • وا هەر بۆ نمۆنە شەڕە جنێوێکی نێـــوان فەرەزدەق و جەریر ئەخەینەڕوو کە هەردوو نەك هەر لە یەك نەتەوە بەڵکو لە یەك خێڵیشن ، لە (بەنی تەمیم)ن و تەنها ئەوەندەیە هۆزەکانیان جیان ، یەکەمیان لە هۆزی (مەجاشیع) و دووەمیان لە هۆزی (کولەیب)ە •

فەرەزدەق بە جەریر ئەڵێ :

ولـــو تـــرمی بلـــؤم بنـــی کلیـــب
نجـــوم اللیـــل ، ما وضحت لســـار

ولـــو یـــرمی بلـــؤمهم نهـــار
لدنس لؤمهـــم وضـــح النهـــار

جەریریش بە فەرەزدەق ئەڵێ :

لقـــد ولـــدت ام الفـــرزدق فاجـــرا
و جـــاءت بـــوزواز قصـــیر القـــوائم

ومـــا کان جـــار للفـــرزدق مســـلم
لیـــأمن قـــردا لیله غـــیر نائم (٤٣)

کەواتە بۆ ئەبێ ئەگەر لای ئێمەش شاعیرێك شتێکی تۆزێ لەعادەت بەدەر بە شاعیرێکی‌تر بڵێ ، بەمجۆرە لێی بکرێ بە هەرا ؟

---

(٤٣) الدكتور شوقي ضـــيف ، تأريـــخ الادب العربي ــ العصـــر الاسلامي ، القاهرة ، (الطبعة الثانية) ، بدون ذكر سنة الطبع ، ص ٢٤٢ و ٢٤٧ .

ئەمە لەبارەی هەرای نالێ و مەستۆرە و بەرپەرچدانەوەی هێرشی نارەوای هەندێ کەسەوە بۆ سەر نالێ • بەڵام توخوا ئەگەر لەباری سەرنجی مێژوی ئەدەب و کۆمەڵایەتیی کوردەوە ورد ببینەوە ، باشتر نەبو ئەم مامۆستایانە لەجیاتیی خۆ خەریك کردنیان بەو جۆرە بابەتە بێئایە و مایانەوە ، لەوە بکۆڵینایەتەوە ئاخۆ ئەم پارچە شیعرەی نالێ چیئەگەیەنێ و دیوەخانی میرانی ئەردەڵان چۆن کۆڕێك بوە وا بوە بە جێگەی کۆبۆنەوەی ئەدیبان و سەربەستیی بەڕادەیەك تیا بوە میرکچێکی ئەدیبی سنەیێ توانیویە بێ چارشێو و ڕۆپۆش تیا دانیشێ و فەقێیەکی غەریبی وەك نالییش تیا بەشدار بێ و لەگەڵ مەستۆرە یەکتریی تیا بناسن و ئەمە هەمۆ یانێ چی ؟

(نالێ) مرد و (مەستۆرە)ش مرد و هەمۆ کەسیکەش ئەمرن • ئەوەی بەش بە حاڵی کورد لەم دوانە بەجێمابێ ئەدەبەکەیانە • بۆ ئەدەبی کورد چەند جوان ئەبو ئێمەش چەند « شێخ ڕەضا »ی ترمان بوایە و ئەدەبەکەمان چەند دەوڵەمەندتر ئەبو ئەگەر نالێ چەند قەسیدەی تری وەك ئەوەی لەمەڕ مەستۆرەی وتبایە و مەستۆرەش وەڵامی دابایاتەوە و شاعیرەکانی تریش شیعری وایان دانابوایە • ئەوە بۆ ئێمە زۆر بەبایەخ تر ئەبۆ لەوەی بڵێین ئەدەبەکەمان ئەدەبی مەلائیکەتانە و لە کاروباری سەرزەوێ نادوێ !

کات و شوێنی ئەم خەو بینینەی (نالێ) :

کە لە وەڵام دانەوەی ڕەخنەکانی لەمەڕ مەستۆرە خانم بۆینەوە ، بێ جێ نابێ باسێکی کاتی خەو بینینەکەش بکەین و کەمێ لێی بکۆڵینەوە •

وەك مەشهۆرە ، نالێ لە سنەیش خوێندۆیەتی • وەك ئایەتوڵڵای مەردۆخییش ئەڵێ ، مەستۆرە خانم لە ١٢٤٤ی•ك (١٨٢٨ ــ ١٨٢٩ی•ز)دا شۆی بە کەیخوسرەو خانی ناکام کردوە (٤٤) •

---

(٤٤) شیخ محمد مردوخ ، تاریخ مردوخ ، جلد دوم ، بدون ذکر سال و محل طبع ، ص ١٦١ .

گومان لەوەدا نیە کە ئەم دوانە (نالێ و مەستۆرە) هاوچەرخ بوون • بەڵام نالێ لەکوێ و کەی ئەم خەوەی دیوە و قەریحەی کراوەتەوە و ئەم هەڵبەستەی ڕازاندوەتەوە ؟ ئاخۆ لە سنە یا لە دەرەوەی سنەدا ، پێش شۆکردنی مەستۆرە یا پاش شۆ کردنی ؟ ئەمانەش وەک هۆی وتنی قەصیدەکەی ، هەمۆ بێ سەر و شوێن ماونەتەوە و تەنها بە تۆژینەوە ئەبێ شتێکمان لەبارەیانەوە بۆ ساغ ببێتەوە •

باوکم بۆی گێڕامەوە کەوا لە مامۆستا شێخ بابە ڕەسۆڵی عەبابەیلێی بیستوە کەوا « نالێ لە سنە لە مزگەوتی دارول ئیحسان خوێندۆیەتی و ، ئەو ڕۆژەی ئەم قەصیدەیەی تەواو کردوە ، بۆ شەو سنەی بەجێهێشتوە و بەرەو عێراق گەڕاوەتەوە » • مزگەوتی دارول ئیحسانیش ئەمانوڵڵا خانی والێ باوکی کەیخوسرەو خانی ناکام دروستی کردوە •

جا ئەگەر نالێ لە سنە بۆبێ و لەپاش شۆکردنی مەستۆرە ئەم قەصیدەیەی وتبێ ، ئەوا بەپێی ئەو ساڵەی کە بۆ لەدایکبۆنییان داناوە ، واتە ١٢١٥ی • ک ، ئەبێ ئەو دەمە لە تەمەنی ٢٩ــ٣٠ ساڵاندا بۆبێ و لەوێ فەقێ بۆبێ • ئێ ساڵییش بۆ فەقێی زیرەک درەنگە و بۆ ئەوە ئەشێ گومانی لێ بکرێ ، یاخود ئەبێ بڵێین لە ئاخر و ئۆخری سەردەمی ئیجازە وەرگرتنیدا بوە • خۆ ئەگەر پێش شۆ کردنی مەستۆرەش وتبێتی ، ئەوا ئەبێ تەمەنی لە ٢٩ ساڵان کەمتر بۆبێ و ئەمەش زیاتر ڕێی تێئەچێ •

زوربەی تەعبیر و وشە بەتوێکڵەکانی نالێ ئەوە ئەگەیەنن مەستۆرە لەوکاتەدا شۆی نەکردبێ ، وەکو ئەمانە : « عوقدەم هەیە » ، « هیی تۆم » ، « ئەم مەسەلە حەل کەی » ، « بیکر » ، « مومکین نیە کەس دەخڵی بکا » ، « میثلی سوها بێ نەسوابێ » ، « دوڕڕی سەما بێ نەسمابێ » ، « نەقوپابێ » ، « ئاوی نەدرابێ » ، « طەلیسمی نەشکابێ » ، « هێشتاکو لە حەق جێگەیی خاصی نەدرابێ » ، « ئیکسیری تەڵای ئەحمەری چەن قەطرە لە لا بێ » ، « دەعوای ئومەرا چەند لەسەر تەختی کرابێ » ، « چەند خوێنی ڕژابێت و چ خوێنی نەڕژابێ » •• تاد •

ئەمانە هەموو و هیی‌تریش ئەوە ئەگەیەنن کەوا مەستورە لەوکاتەدا شوێی نەکردوە • بێ‌گومان (مەستورە خانم)ی ئەدیب پێش شوکردنیش جێگە و ڕێگە و دەست و پێوەندار بوە • لەبەرئەوە دوڕ نیە نالیی داماو پاش ئەم « کەتن ! »ە لەترسانا ڕای کردبێ • ئەو وا لەوێ ئیستەش هێشتا دەست لە یەخەی ناکەنــەوە و هێناویانەتە هەتیتە ، جــا نەخوازەڵلاّ ئەو سەردەمە !

بەلاّم لە بــەشی وەلاّمەکەیدا بەیتێك هەیــە ، بە باڕێکدا مەعــنای شوکردنی مەستورە ئەگەیەنێ • بەیتەکە ئەمەیە :

شەو نائیم و قائیم عەلەمی بابی ڕەضا بێ
بێ دیدە هەڵستێ بە مەثەل عەینی عەصا بێ

ڕستەی « بابی ڕەضا » وەك مەعنای « دەرگای قەناعەت » ئەگەیەنێ ، مەعنای « باوکی ڕەضا قولێ خان »یش ئەگەیەنێ (کە کوڕی کەیخوسرەو خان بوە لە ژنە فارسەکەی : حوسن جیهانی کچی فەتح عەلێ شای قاجار) •

واتە : چاری ئەم مەسەلەیە بە دێوانەیەك ئەکرێ شــەو لە خەویشدا بەپێوە بێ و ئالاّی مالّی باوکی ڕەضا قولێ خان بێ ! ئەگەر ئەم بارە ڕەوا بێ ، کۆکردنەوەی نــاوی مەستورە لەگــەڵ ڕەضادا ئەوە ئەگــەیەنێ کە مەستورە لەو سەردەمەدا ژنی کەیخوسرەو خان بوە •

★ ★ ★

خوێندەوارانی خۆشەویست و بەڕێز !

وەك وتمــان ، لێکۆڵینەوەی (نالێ) ئەرکێکی قــورس و باڕێکی گرانە • ئێمە ، باوکم و من ، ئەگەر خۆمان بە شــایانی هاتنە ئەم مەیدانە زانیبێ ، تەنها لەبەر ئەوە بوە کەسی‌تر پێش ئێمــە دەست و بردی نەکرد کارێکی لەمەی ئێمە بەڕپان‌تر و بەدەرەتان‌تر بکا تێکڕای دیوانەکەی نالێ بگرێتەوە • نالێزانێکی بەدەسەلاّتی وەك مامۆستا مەسعوود موحەممەدیش کە گەلێ لێکۆڵینەوەی ورد و زیرەکانەی لەبارەی نالییەوە بلاّو کردوەتەوە ،

بەداخەوە هێشتا دەرفەتی ئەوەی بۆ نەلواوە خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان بکا و تێکڕای دیوانەکە بداتە بەر شتکردنەوەی قەڵەم •

ئێمە بە هەمتۆ ڕۆنێ و ئاشکراییەك پێی‌لێ‌ئەنێین کەوا هەندێ شوێنی دیوانەکەمان بۆ ساغ نەکراوەتەوە • شێوەی نووسینی کۆن و نامەلایەنیی زوربەی ڕۆنووس‌کەرەوەکانیش ئەوەندەی‌تر بوون بـــە کۆسپی ڕێگامان • ئەوەشی کە زانیومانە ، لامان‌وایە هێشـــتا زۆری‌تری بەبەرەوەیە • بەڵام هەرچۆن بێ و ئەمەی کە کردوومانە هەرچەنـــد کەم بێ ، کەم لە هیچ هەر باشترە و ، بۆیە وا بەپێی ئەم باوەڕەمان دیوانی نالیتان ئەخەینە بەردەست و ، بەوپەڕی دڵســـۆزیێ و ڕاستییشەوە چاوەڕوانی ئـــەو ڕۆژەین کەسێکی‌تر شتێکی لەمـــەی ئێمە پوخت‌تـــر بڵاو بکاتەوە و ئێمـــەش ئەوەمان بەسە بەشداریەکمان لە کردنەوەی قەڵای سەختی شیعری نالیێ و تـــێکڕای ئەدەبی کلاسیکی کورددا کردبێ •

فاتح عبدالکریم

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشتی ئەلف

— ١ —

ئەی جیلوەدەری حوسن و جڵەوکێشی تەماشا !
سەرژشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە ، حاشا (١)

— ١ —

(١) جیلوە : ژۆناکێ . ورشە . بەها . جیلوەدەر : ورشەبەخش . جڵەو : جڵەوی ئەسپ . جڵەوکێشی تەماشا : جڵەوی سەرنجی خەڵکێ ژائەکێشێ بۆ تەماشاکردنی ئەو جیلوەیە . سەرژشتە : سەرتاڵ . سەرەتا . دین : ئایین . بینین . مەدەد : یارمەتێ . حاشا : هەرگیز .

واتە : نالێ ژۆ ئەکاتە بارەگای خوا و ئەڵێ : ئەی ئەوکەسەی کە جوانێ و ورشە ئەبەخشی و جڵەوی سەرنجی خەڵکیش ژائەکێشێ بۆ تەماشای ئەو جوانییە ، واتە هەر خۆت جوانێ بەخشیت و هەر خۆیشت برەو بەو جوانییە ئەدەی ، یاخود : ئەی ئەو خوایەی جوانیی خۆت لە کرداڕە سەرسامکەرەکانتدا دەرئەخەیت و مێشک و بیریش ئەدەی بە ئادەمیزاد لێی ورد ببنەوە و بەوە جڵەوی سەرنجیان ژائەکێشێ بۆ بیرکردنەوە لە گەورەیێ خۆت ، نەك هەر کاروباری دنیا ، بەڵکو سەرەتای ئایینیش ، یاخود سەرەتای بینین هەرگیز بێ یارمەتیی تۆ نابێ .

ئەم شیعرە ئیشارەتە بە حەدیثی « کل امر ذی بال لم یبدأ فیه باسم الله فهو ابتر » واتە :هەر کارێکی بەبایەخ ، بە ناوی خواوە دەستی پێ نەکرێ ، بێئەنجام ئەبێ . لەمەشەوە دەرئەکەوێ کە نالێ خۆی ئەم پارچە شیعرەی کردووە بە سەرەتای دیوانەکەی .

لە کۆکردنەوەی (جیلوە) و (جڵەو)دا جیناسی موحەژژەف هەیە . لە (جڵەوکێشی تەماشا)یشدا ئیستیعارەی مەکنییە هەیە ، ئەوەتە

فەیياضی ژیاضی گوڵ و میهر و مل و لەعلی
ئەی شەوقی ژوخ و ذەوقی لەبت ذائیقە بەخشا (٢)

ذەژژاتی عوکۆسی کەششی میهری جەلالن
وا دێن و دەچن سەرزەدە سوڵطان و شەهەنشا (٣)

(تەماشا) شوبهێنراوە بـە ئەسپ و (جڵەو)یش بەڵگەکەیەتی چونکە جڵەو لەو شتانەیە لەگەڵ ئەسپ ئەگونجێن . لـە وشەی (دین)یشدا لەطافەت هەیە چونکـە هەم مـەعنای ئایـین و هەم مەعنـای بینینیش ئەگەیەنێ .

جڵەوکێشی (ت) و (ك) : جڵەوبەخشی .

(٢) فەیياض : باران ژێژ . بەرەکەت بەخش . ژیاض : جەمعی ژەوضەیە ، واتـە باخچـە . میهر : ئەو خۆرەی کـە هەمـۆ جیهـان بگرێتەوە . خۆشەویستێ . لەعل : مۆرۆیەکی ئاڵی گرانبەهایە و کینایەشە لە لێوی ئاڵ . ژوخ : ژۆ . ذەوقی لەب : تامی لێو .

واتە : ئەی ئەوکەسەی کە پیت و بەرەکەت و بایەخ بەسەر باخچەی گوڵ و بەسەر ژۆژ و مل و گەردن و لێـوی وەك لەعلـدا ئەژژێنی .. ئەی ئەوکەسەی کـە ژۆناکیی ژۆ و تـامی لێـوت مایەی تام کـردن و چەشتن و لەزەت وەرگرتنە ..

(شەوقی ژوخ) و (ذەوقی لەب) مەجازن نەك حەقیقەت .

لە کۆکردنەوەی (ژیاض) و (فەیياض) و ، (شەوق) و (ذەوق)دا جیناسی لاحیق و ، لە کۆکردنەوەی (ژیـاض) و (گوڵ)دا تەناسوب هەیە .

مل و لەعلی (چر) : مـەهـ و لەعلە . (چن) و (عم) و (ك) : مل و لەعلن . مەهـ : مـانگ . گفتوگۆ بە کۆمەڵ لە وشەی (لەعلن)دا لەبـەر بە گەورە گرتنی خوایە کە شاعیر قسـەی لەگەڵ ئەکا .

(٣) ذەژژات : جەمعی ذەژژەیە واتە تـۆز یا وردە . عوکۆس : شـەوق و ژۆناکیی ژۆژ . کەشش : هاتوچۆ و بەیەکا هاتن . جەلال : گەورەیێ . سەرزەدە : سەرگەردان .

واتە : گەورە و پایەدارانی دنیا کە سـەرگەردانانە دێن و دەچـن و هەمیشـە لەکاردان ، بایەخی تۆزێکی وردیان هەیە و شـتێکی نـاچیزن کەوتۆنەتە بەر تیشکی هاتوچۆی خۆری گەورەیێ یا خۆشـەویستێ و

جان بەر لەبی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت
« فالبائس يستوهب من فيك معاشا » (٤)

بەو ڕەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییەھ زەڕ
لەم قەلبە کە وەك بەردە ، ڕەشە ، « رُشَّ رَشاشا » (٥)

بەزەیی خوا ، بۆیە وا دەرکەوتۆن و سەرگەردانانە دێن و دەچن . مەبەستی لەوەیە دەسەلآت و گەورەیێ و فەرمانڕەوایی ئەوانە لەڕاستیدا هیچ نییە و ئەگەر خوا بە گەورەیی خۆی لوطفی لەگەڵ نەکردنایە ئەو دەرکەوتنەی ئیستاشیان نەئەبۆ کە لەڕاستیدا لە هاتوچۆی وردە تۆزێك زیاتر نییە لەبەر تیشکی خۆردا .

لە کۆکردنەوەی (ذەڕّات) و (سوڵطان و شەهەنشا) و ، (جەلال) و (سەرزەدە) و ، (سەرزەدە) و (سوڵطان و شەهەنشا)دا طیباق هەیە . لە کۆکردنەوەی (دێن) و (دەچن)یشدا تەناسوب هەیە .

(٤) جان بەر لەب : ئەوەی گیانی گەیشتبێتە سەر لێوی واتە وەخت بێ گیانی دەرچێ . بۆسە : ماچ . عاشقی زارت : عاشقی تۆ کە لاواز و بێگیانە ، یا عاشقی دەمت چونکە (زار) بە مەعنا دەمیش هاتووە . بائس : نائومێد ئەگەر لە (بؤس) وەرگیرابێ ، یا ماچکەر ئەگەر لە (باسَ) وەرگیرابێ .

واتە : عاشقی بێگیانت ، یا عاشقی دەمت ، گیانی گەیشتووەتە سەر لێوی و خەریکە دەرئەچێ بۆ ماچی لێوت و ئەم نائومێدە یا ئەم داوای ماچ کەرە داوای مۆچە و بەرات لە دەمت ئەکا یا داوای گوزەران و ژیانت لێ ئەکا . دیارە نیسبەت دانی لێو و دەم و ماچ و مەعشوقییەتێ لە خوا شتێکی مەجازییە و حەقیقەت نییە و ئەمەش لای شاعیرە پێشووەکان باو بووە .

بەکارهێنانی وشەی (بائس) بەو دۆ مەعنا پێشووەی باسمانکردن ، هەروەها وشەی (زار) بە مەعنا لاواز یا بە مەعنا دەم لەطافەتی تیایە . نالێ ئەم شێوەیە لە زۆر شوێندا دۆبارە ئەکاتەوە . لە کۆکردنەوەی (لەب) و (زار) و (فی)دا کە واتە دەم تەناسوب هەیە .

(٥) عام : گشتێ و هەمۆکەس گرەوە . سەنگی سییەھ : بەردە ڕەشە . زەڕ : زێڕ . قەلب : دڵ ، یان : قەڵب ، واتە ناچیز و بێنرخ . رش رشاشا: ئاوڕشێن کە بە ئاوڕشێن کردن .

« لا حولَ و لا طولَ و لا قوةَ الا
بالله ، له القدرةُ ، والكائنُ ما شا » (٦)

« نالێ » نییەتی سیحری بەیان ، حیکمەتی شیعرە •
ئەمما نییەتی قووەتی دڵ ، قودرەتی ئینشا (٧)

واتە : خودایا ! لەو بارانی بەزەییە گشتییەت کە ئەگەر بەسەر بەردی زەشا ببارێ ئەیکا بە زێڕ ، یا بەردی زەشی ناو دیواری کەعبەی وەك زێڕ پیرۆز و گرانبەها کردووە ، ئاوڕشێنێکی ئەم دڵە زەق و زەشەی منیش بکە ، یا ئاوڕشێنێکی منی قەڵبیش بکە کە وەك بەرد زەق و هیچ لەسەر نەڕواوم و لە گوناها زەش هەڵگەڕاوم .. نالێ لەم شیعرەیدا بەتەواوێ لە توانا و دەسەلاتی یەزدان قۆڵ ئەبێتەوە و دائەچێ .

لە کۆکردنەوەی (سەنگی سییەهـ) و (زەڕ)دا طیباق و ، لە بەکارهێنانی وشەی (قەلب)دا کە بۆ دۆ مەعنا دەستئەدا لەطافەت و ، لە کۆکردنەوەی (زەشە) و (رش)ی (رش رشاشا)دا جیناسی ناتەواو هەیە .

(٦) شا : کورتکراوەی وشەی (شاء)یە لەبەر کێشی شیعرەکە هەمزەکەی لابراوە .

واتە : کەس دەسەلاتی کردنی هیچی نییە ، لە زێگای خواوە نەبێ . دەسەلات هەمۆی هەر هیی ئەوە و (بۆ) ئەو شتەیە کە خوا مەیلی لەسەر بۆنی بێ ، یاخود (بۆ) خاوەنی ویستن و ئارەزۆ نییە . بەپێی ئەم مەعنایە (ما) کە ئەبێ بە حەرفی نەفی .

(٧) نییەتی : نیازی . سیحری بەیان : وتەیەك ئەوەندە جوان بێ وەك سیحر خەڵك سەرسام بکا . حیکمەتی شیعر : شیعر و هەڵبەستیوا کە پڕ بێ لە مەعنا و زانست . ئەمما : بەڵام . قووەتی دڵ : هێزی دڵ . قودرەتی ئینشا : توانای وتن یا دروست کردن .

واتە : نالێ کە دەستی داوەتە شیعر وتن ، نیازی وایە وتەی سیحراوێ و شیعری بەتوێکڵ و مەعنا بڵێ .. بەڵام هێزی دڵ و توانای وتن یا داهێنانی نییە ، مەگەر خودا خۆی دەس بە باڵیەوە بگرێ و یارمەتیی بدا .

لە نیوەی یەکەمی ئەم شیعرەدا ئیقتیباس لە فەرمۆدەی پێغەمبەر هەیە کە فەرمۆیەتی : « ان من الشعر لحکمة ، و ان من البیان لسحرا » .
واتە : بەڕاستێ لە هەندێ شیعرا مەعنای قۆڵ و لە هەندێ پەخشانا

ئەستێرە هەمۆ مەحوە لەێو نۆری قەمەردا ،
یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بە فەردا ؟ (١)

خاکی بەری پێت هەم گڵ و ، هەم گوڵ بە سوروشکم
وەقتی غەم و شادیێ ئەوە کردۆمە بەسەردا (٢)

ڕستەیوا هەیە بنیادەم سەرسام ئەکا . لە نیوەی دۆهەمیشیدا ئیقتیباس لە ئایەتی «أ أنتم انشأتموها ، أم نحن المنشئون» هەیە کە واتە : ئاخۆ ئێوە دروستتان کردووە (باسی ژیان ئەکا) یان ئێمە دروستمان کردووە ؟ لە کۆکردنەوەی هەردو وشەی (نییەتی)یشدا سەرەڕای جیناس طیباقیش هەیە .

— ٢ —

(١) فەردا : سبەینێ .

واتە : نازانم چۆنت بشوبهێنم و چۆنت لەگەڵ خەڵکدا بەراورد بکەم ؟ ئاخۆ شەوە و ڕۆناکیێ و جریوەی ئەستێرەکان لەبەر ڕۆناکیی دەم و چاوت ناتوێنن (مەبەستی لەوەیە : جوانەکانیتر هەمۆ لەعاستی تۆدا ون و نادیارن) ، یاخۆ خۆری جوانییە بێهاوتاکەت شەوی تاریکی کردووە بە سبەینێی ڕۆشن و ئیتر نە ئەستێرەیە و نە مانگ ؟ نالیێ لێرەدا شاکارێکی ڕاستەقینەی پیشانداوە ، لە تەشبیهێکەوە بەرز بووەتەوە بۆ تەشبیهێکی بالاتر ، بێجگە لەوە کە گۆڕانی شەو بە ڕۆژ شتێکی نایابە .

لە کۆکردنەوەی (ئەستێرە) و (نۆر) و (قەمەر) و (شەمس)دا تەناسوب و ، لە کۆکردنەوەی (شەمس) و (شەو) و (فەردا)شدا طیباق هەیە .

شەمسی (چن) : ڕۆژی .

(٢) خاکی بەری پێت : ئەو خاکەی تۆ بەسەریا ئەڕۆی . سوروشك : فرمێسك . ئەوە : ئەو خاکەیە .

واتە : خاکی بەری پێت بە فرمێسکی چاوم ئەبێ بە لیتە و جاروباریش بە هۆی بارانی فرمێسکی بێ وچانمەوە گوڵی لێئەڕوێ و من ئەو خاکە بەو هەردۆ شێوەیە بەکاردێنم : لەکاتی خەفەتدا وەك قوڕ ئەیکەم بە سەرما و لەکاتی خۆشییشدا گوڵە و ئەیدەم لە سەرم .

تەلبیسی نییە ئەو کەسە دێوانەیی زۆتە
بێچارە نەما غەیری حەیاتێکی لەبەردا ! (٣)

زەنگی نییە زۆخسارەیی زەنگین و لەطیفی
زۆشن بووە ئەم نوکتە ثەباتی لە بەصەردا (٤)

لە یەکخستنی (گل) و (گول)دا جیناسی موحەززەف و طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (غەم) و (شادێ)دا طیباق هەیە . هەروەها هاتنی (غەم) و (شادێ) دوابەدوای (گل) و (گول) لەف و نەشری مورەتتەبە .

(٣) تەلبیس : زیا و فێڵبازێ . لەبەرکردن (پۆشین) . دێوانە : شێت . زۆت : دەم و چاوت . زۆت و قۆت .

واتە : ئەوەی عاشق و گورفتاری زۆخساری نازاری تۆ بێ ، یا ئەوکەسەی عاشق و هەژار و بێ بەرگ و زۆت و قۆت بێ ، زیا و فێڵ نازانێ ، یا هیچی نابێ دایپۆشێ و خەڵکێ هەمۆ بە زازی ئەزانن ، چونکە ئەم بێچارەیە تەنها گیانێکی لاوازی لە لەشدایە یا لەبەردایە و مرۆیوا بێهێز و زۆت و قۆت زیا و فێڵبازیی لەکوێ پێ ئەکرێ .

لە بەکارهێنانی (تەلبیس) و (زۆت)دا بە مەعنای دۆهەم طیباق هەیە . لەوەشدا کە (تەلبیس) و (زۆت) و (لەبەردا) دۆ مەعنا هەڵئەگرن لەطافەت هەیە . شاعیر لەم بەیتەدا ، بەپێی مەعنای دۆهەم ، گیانی شوبهاندووە بە پۆشاك و کردۆیەتیە بەری عاشق .

زۆتە (چر) : تۆیە . بەپێی ئەم نوسخەیە (تۆیە)ش دۆ مەعنا هەڵئەگرێ : (تۆ)ی ضەمیری خیطاب و (تۆ)ی بەمەعنا لەناو .

(٤) زۆخسارە : زۆمەت . لەطیف : ناسك .

واتە : زۆمەتی جوان و زەنگینی لەبەر ناسکێ و شەفافێ زەنگی نییە و چاو نایبینێ و ئەم شتە لای کەسانی بینا و وریا سەلێنراوە و جێگیر بووە چونکە چاو ناتوانێ شتی بێزەنگ ببینێ .

زاراوەی (زەنگ) و (لەطیف) لە عیلمی کەلام وەرگیراون لە باسی مەلائیکەدا کە جیسمی لەطیفن . لە یەکخستنی (زەنگی نییە) کە (بێزەنگ) ئەگەیەنێ و (زەنگین)دا طیباق هەیە .

هەرچەندە کە ئینسانە لە بەرچاوی من و تۆ ،
مومکین نییە ئەم لوطفە لە ئینسان و بەشەردا (٥)

ئیشباتی خەط و خاڵە ، بە صەد شوشتن و گریان
ناچێتەوە ئەم نوقطە لەبێو دیدەیی تەڕدا (٦)

شەوقی کە نەبێ باصیرە ، مەئیوسە لە دینن
هەر شەوقی ئەوە قووەتی دینی بە نەظەر دا (٧)

---

(٥) لوطف : ناسکی .

واتە : هەرچەندە یار بەدیمەن ئادەمیزادە ، بەڵام ئەم جۆرە ناسکییە هەرگیز لە بەرەی ئادەمیزاددا هەڵناکەوێ .

(٦) خەط : خەطی جەوهەرێ کە لای فەیلەسۆفەکان شتێکی وەهمییە و تەنها بە باری درێژیدا بەش ئەکرێ . خاڵ : جەوهەری فەرد کە بە هیچ بارێکا بەش ناکرێ . ناچێتەوە : ناسڕڕێتەوە . دیدەیی تــەڕ : چاوی فرمێسکاوێ .

واتە : وێنەی بالآی یار کە وەك خەطی جەوهەریی لای فەیلەسووفەکان وایە لەگەڵ وێنەی دەمی کە وەك جەوهەری فەردە ، لە گلێنەی چاوم دوور ناکەونەوە و بە صــەد جــار شــتن و گریــان داناشــۆررێن و ناسڕڕێنــەوە . ئەمەش بەڵگەی بۆنی خــەط و جەوهەری فــەردە ، بەپێچەوانەی قسەی فەیلەسۆفەکانەوە کە ئەڵێن نین .

لە کۆکردنەوەی (خەط) و (خاڵ) و (نوقطە) و ، (شوشتن) و (گریان) و (دیدە) و (تەڕ)دا تەناسوب هەیە .

شوشتن و (عم) و (کم) و (گم) : دیدەیی .

(٧) باصیرە : چاو . دین : بینین . نەظەر : چاو . یاخود تەنها سەیرکردن کە مەرج نییە بگاتە ڕادەی بینین ، چونکە گەلێ جــار بنیادەم سەیری شت ئەکا ، بەڵام نایبینێ .

لەوانەیە ئەم شیعرە وەڵامی پرسیارێك بێ لــە شیعری پێشووەوە هەڵئەستێ . گوایە یەکێك پرسیار ئەکا ئەڵێ ئەگەر ڕاســتە بالآی یار خەطی جەوهەرییە و دەمی جەوهەری فەردە ، ئەی تۆ چۆنی ئەبینی ؟ ئەمیش لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەڵێ : چاو ئەگەر شەوق و ئیشتیاقی نەبێ نابینێ و هەر شەوق و ئیشتیاقی یارە هێز و توانا ئەدا بە چاو . منیش ئەو شەوق و ئیشتیاقەم هەیە بۆیە ئەیبینم .

ئالۆده نەبێ دا ، بە زەبۆن‌گیریيی خوێنم
بۆ کوشتنی من دامەنی پاکی لە کەمەر دا (٨)

« نالێ » خەبەری بێ ئەثەری غائیبە ، ئەمما
نالێکی حەزین دێ لە موناجاتی سەحەردا (٩)

ئەگەر بشڵێین نالێ وەك خەڵکێ وشەی شەوقی بە زۆناکێ مەعنا لێداوەتەوە ، مەعنایەکی‌تریش ئەگونجێ . واتە : زۆناکیی زۆمەتی یار کە وەك هەتاوە ، بووەتە هۆی بینین ، ئەگینا چاو لە تاریکیدا نابینێ .

قووەتی دینی بـە نەظەر دا (چـر) : باعیثی دیتن بـە نەظەردا . (چن) و (ك) : باعیثی بینش لە بەصەردا .

(٨) ئالۆدە : گروفتار . تێکەڵ . دا : تا . زەبۆن‌گیریيی خوێنم : خوێنی بە داماوێ و بێ‌کەسێ کوشتنم . دامەن : داوێن . کەمەر : پشتێن .

واتە : یار ، بۆئەوەی داوێنی پاکی بە خوێنی بە زەبۆنێ کوژراوێکی وەك مـن خوێناوێ نـەبێ ، لـەکاتی کوشتنما چـاکی کرد بـە بەری پشتێنەکەیدا . یاخود : یار ، بۆئەوەی زۆ لە کۆڵم بـکاتەوە و تۆشی گوناهی بە ستەم کوشتنم نەبێ ، چاکی لێ کرد بە لادا و زۆ کوشتمی . لەسەر مەعنای یەکەم وشەی (دامەنی) ، بەپێی زێبازی عیلمی نەحو ، (متنازع فیه)یە لەنێوان (ئالۆدە) و (لە کەمەر دا)دا ، واتە هەردوکیانی بەسەرا دێتـەوە . لـە بەکارهێنانی وشەی (دامـەن) و (پـاکی)دا لەطافەت هەیە کە ئیشارەتە بۆ داوێن‌پاکیی یار .

دا (عم) و (کم) و (گم) : تا . پاکی (چن) و (ك) : چاکی .

(٩) خەبەری بێ‌ئەثەر : دەنگ‌وباسی بێ سەر و شوێن . غائیب : نادیار ، ئـەوەی مال و حاڵ و کـەس و کاری خـۆی بەجێ‌هێشتبێ و نەزانن لەکوێیە . نالێکی : نالەیەکی . موناجاتی سـەحەر : پاڕانەوە لە خوا لەکاتی بەرەبەیاندا .

واتە : نالێ تەنها دەنگ و باسی کەسێکی نادیاری بێ سەر و شوێنە ، ئەوەندە هەیە کە نۆزەیەکی خەمگینی پاڕانـەوەی دەمەوبەیان بەرگوێ ئەکەوێ ، هـەر ئەوە هەیـە زێ‌بەدێ‌یەکی ئەوی پێ بکـرێ و سەر و شوێنێکی ئەوی پێ بدۆزرێتەوە .

لـە کۆکردنـەوەی (نالێ) و (نالێکی ـ نالەیـەکی) دا جیناسـی موحەڕڕەف هەیە . ئەمـەش یەکێکە لەو بەڵگانەی بۆمـان دەرئەخەن نازناوی شاعیرمان (نالێ) بووە نەك (نالێ) .

بێ‌ئەثەری (چر) : بێ‌ئەثەرە . (ت) : بێ‌ئەثەر و .

- ٣ -

تا تایی سەری طوڕڕەیی پڕ پێچشی با دا ،
هەر تایەکی باریکی گوڵ و نافە بە با دا (١)

گوڵ هاتەدەرێ ، لافی لە حوسنی بوتی ما دا
لەرزی قەدی بەرزی ، لە ڕقا زوڵفی کە با دا (٢)

شەو چەپکەنی نەیلۆفەڕیو جیلوەیی ڕەقصی
شەرمندە دەکا زوهرەیی زەهرا لە سەمادا (٣)

- ٣ -

(١) تا : تاڵ . طوڕڕە : زوڵف . پڕ پێچش : ئەوەی لۆلیی زۆر تیابێ . تایەکی : تەڵە مۆیەکی . نافە : موشکی بۆنخۆشی بن ناوکی ئاسك .

واتە : هەر ئەوەندە کە یار سەری زوڵفی لۆلی خۆی با دا ، هەر تەڵە مۆیەکی یەك بار گوڵ و موشکی بۆنخۆشی دا بە دەم باوە و دنیای پڕ کرد لە بۆن و بەرامەی خۆش .

لە کۆکردنەوەی (تا)ی یەکەم و دۆهەم و سێهەم و کۆکردنەوەی (تا)ی دۆهەم و (بار)دا ، کە بار دۆ تایە ، تەناسوب هەیە . جگە لەو موبالەغەیەش کە لە کات و کۆکردنەوەی تا و باردا هەیە کە چۆن یەك تەڵ مۆی بەرامبەر یەك بار گوڵ و نافە داناوە لەو کاتە کەمەدا . لەنێوان هەردو (با دا)شدا جیناس هەیە .

باریکی (چن) و (ت) : صەد باری .

(٢) بوت : بت . ما : ئێمە ، وشەیەکی فارسییە .

واتە : گوڵ لەژێر ئەرز هاتەدەرێ ، کەوتە فیشاڵ کردن گوایە لە یارە باڵا وەك پەیکەرەکەی ئێمە جوانترە .. بەڵام کە یار لە ڕقی ئەم قسەیەی گوڵ زوڵفی خۆی با دا ، باڵای بەرزی گوڵ بە بای تاڵە موەکانی زوڵفی یار کەوتە لەرزین و خۆی پێ ڕاگیر نەکرا و کەوت ..

لە کۆکردنەوەی (ما دا) و (با دا) و ، (لەرزی) و (بەرزی)دا جیناسی لاحیق هەیە .

ئەم بەیتە تەنها لە نوسخەکانی (عم) و (گم)دا هەیە .

(٣) چەپکەن : جل و بەرگی ڕازاوەی شەو . نەیلۆفەڕێ : ڕەنگی وەك ڕەنگی گوڵە نەیلۆفەڕ شین . نەیلۆفەڕ گوڵێکە لە ئاوا ئەڕوێ ، لەگەڵ

خۆش صوبح دەمێکە کە بە خەندە دەنوێنێ
بەس ذەڕڕەیی خۆرشید لە ذەڕڕێکی سوهادا (٤)

دەم دەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە
بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆیا دەمی نادا (٥)

خۆرکەوتندا سەر دەرئەهێنێ و لەگەڵ ئاوابۆنیا ئەچێتەوە ناو ئاوەکە . ڕەقص : سەما . زوهرە : یەکێکە لە ئەستێرە گەورە گەڕۆکەکان ، پێیشی ئەڵێن زوهرەی ڕەققاص ، واتە سەماکەر . زەهرا : جوان . سەما : ئاسمان یاخود هەر بە مەعنا کوردییەکەی .

واتە : جلی شینی شەوانەی یار و دەرکەوتنی لە مەیدانی سەمادا ، ئەستێرەی جوانی زوهرە لە ئاسمانا یا لەکاتی سەماکردنا شەرمەزار ئەکا هەرچەند ناوبانگیشی بە سەماکەر دەرچووە .

(٤) صوبحدەم : بەرەبەیان ، یان دەمی وەك ڕۆژ پاك و ڕۆشن . دەنوێنێ : دەرئەخا . بەس : زۆر . ذەڕڕەیی خورشید : ورده تیشکی خۆر . سوها : یەکێکە لە ئەستێرە نادیارەکانی حەوتەوانە (بنات النعش) .

واتە : ئای بەرەبەیانێکی چەند خۆشە کەوا یار بە پێکەنینی خۆی ناز و خۆشیی وەك ورده تیشکی خۆر لە دەمێکی بچکۆلانەی وەك ئەستێرەی سوهاوە بڵاو ئەکاتەوە کە لە بچکۆلەییدا وەك جەوهەری فەرد وایە . یان : ئای ، دەمی یار چۆن دەمێکی وەك بەرەبەیان خاوێن و جوان و ڕۆشنە کە بە پێکەنین دانەکانی ــ کە وەك وردەی خۆر وان ــ لە دەمێکی وەك ئەستێرەی سوها بچکۆلەوە دەرئەخا .

لە کۆکردنەوەی (خورشید) و (سوها)دا لەو ڕووەوە کە هەردوکیان لە یەك جۆرن ، تناسب و ، لەو ڕووەوە کە گەورە و بچۆکن ، طیباق هەیە . لە کۆکردنەوەی (دەنوێنێ)یشدا کە بە مەعنا (ئەخەوێنێ)یش دێت ، لەگەڵ (صوبحدەم)دا کە کاتی خەو نییە لەطافەتێك هەیە . پیشاندانی (ذەڕڕاتی خورشید)یش لە ئەستێرەی (سوها)دا کە لە خورشید زۆر بچۆکترە ، موبالەغەیەکی جوانی تیایە .

(٥) دەم دەم : جار جار . زار : دەم . گۆیا : گوایە .

واتە کە یار جار و بار دەمی ئازاردەری خۆی ئەکا بە خونچەی نەپشکۆتۆ و قوتی ئەکاتەوە ، بەم کردارەی وەڵامی دڵدارەکانی ئەداتەوە کە داوای ماچی لێئەکەن و ئەم بە خونچە کردنەی دەمی مەعنای ئەوەیە کە ماچی دەمی نادا و گوایە ئەڵێ وەرن ماچی لێوم بکەن . یاخود مەعنای

سهم ألف القد فقد صاد فؤادى .
صاد هو من عينه ، قد صاد فسادا (٦)

ئەوەیە دەمی بۆ ماچکردنی لێوی بانگەواز ئەکا . بەمپێیە وشەی (نادا) عەرەبییە و لە بناخەدا (نادی)یە .

ئەم مەعنایەش ئەگونجێ : یار کە جار جار بە خونچەی لێوی دەست ئەکا بە گریان و دڵی دڵدارانی بریندار ئەکا ، بەو گریانەی بانگیان ئەکا بێن لێوی ماچکەن ، بۆیە دەمی گۆیای ناخاتە کار و بە وتن بانگیان ناکا .

لە کۆکردنەوەی (دەم دەم) و (دەم)دا تەناسوب و جیناس و لە کۆکردنەوەی (زار) و (ئازار)دا جیناسی ناتەواو هەیە . جگە لەو جوانییەش کە لە کۆکردنەوەی (دەم) و (زار)دا هەیە .

دەم دەم کە دەکا (چر) و (چن)و (ك) : هەرچەندە دەکا .

(٦) واتە : بالای وەك پیتی (ئەلف) باریك و بەرزی یار ، تیرە ، چونکە ئەوەتە دڵمی زاو کردووە . لە چاویشیا وەك پیتی (صاد) وایە ، کردوەمی بە نێچیری خۆی و بەسەرما سەرکەوتووە . جاران باو بووە چاویان لە گەورەیدا ، کە نیشانەی جوانییە ، شوبهاندووە بە پیتی (صاد) .

ئەم شیعرە بۆ ئەوە دەست ئەدا گەلێ جۆرە یاریی تیا بە وشە بکرێ. بۆ نموونە بشخوێنرێتەوە :

صه من الف القد ، فقد صاد فوآدى
صاد هو من عينه ، قد صار فسادا

واتە : تۆ لێگەڕێ لە ئەلفی بالای یار .. ئەو بە پیتی (صاد)ی چاوەکانی منی زاو کردووە و بووە بە هۆی مان وێرانیم . یاخود (صادِ) بێ بە مەعنا تینۆ و مەعنای شیعرەکە وای لێبێتەوە : تینۆیەك لە چاوی یارەوە ، یا تینۆیەك لەسەر کانیی یارەوە منی کردووە بە نێچیر. بەم پێیە (عین) لە یەکەکاتا هەم بە مەعنا (چاو)و هەم بە مەعنا (کانێ)یش بەکارهێنراوە .

بەپێی ئەوەش کە مامۆستای چنگنیانێ لەجیاتیی (قد صاد فسادا) نۆسیویە (قدصاد فصادا) و لەسەری نۆسیوە (من الفصد) ، مەعنای ئاخری شیعرەکە وای لێدێتەوە : بۆ بە هۆی خوێن لێ چۆنم .

لە کۆکردنەوەی (الف) و (عین) و (صاد) و ، (الف) و (قد)دا تەناسوب و ، لە کۆکردنەوەی (صادَ) و (صاد") یا (صادِ)دا جیناسی

بۆ ماچی دەمی ڕەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی
جۆیایی بەقا خۆی لە دەمی تێغی فەنا دا (٧)

« نالێ » کە غولامی مەدەی زوڵف و برۆتە
شاهێکە لە بن سایەیی باڵی دۆ هومادا (٨)

موحەڕڕەف و ، لە کۆکردنەوەی (صاد) و (صار) و ، (صاد) و (ساد)دا جیناسی لاحیق و ، لە بەکارهێنانی (عین)دا بە دۆ مەعنا لەطافەت هەیە .

عینه (کم) : عینك . قد صاد فسادا (چن) : قد صار فصادا . (عم) و (گم) : قد صادف صادا .

(٧) عیشوە : ناز . خەم : چەماوە ، وەك کەوان . جۆیایی بەقا : ئەوەی بەتەمای ژیانی هەمیشەییە .

واتە : ناز و غەمزەی کەوانی ئەبرۆی ئەوەندە دڵ ڕاکێشەرە لەوانەیە ئەوەی بەتەما بێ بگاتە کانیی ئاوی حەیات (کە دەمی یارە) تا لێی بخواتەوە و نەمرێ ، گوێ نەداتە ئامانجەکەی خۆی کە نەمردنە و بۆ گەیشتن بەو کانییە خۆی بداتە بەر تێغی برۆی یار و لەپێناوی ژیانا بمرێ ! چەند جوانە نازی یار ئەوەندە کاریگەر بێ دڵدار ڕابکێشێ و وای‌لێبکا لەپێناوی ژیانی هەمیشەییدا گوێ بە مردن نەدا .

لە کۆکردنەوەی (دەم) و (ئەبرۆ) و (دەمی تێغ)دا تەناسوب و ، لە کۆکردنەوەی (بەقا) و (فەنا)دا طیباق هەیە . جگە لەوەش کە وشەی (بەقا) و (فەنا) ئیشارەتن بە دۆ حاڵی صۆفییانە و ، سەرەڕای ئەو حوسنی تەعلیلەش کە تیایەتی .

(٨) غولام : نۆکەر . مەدەد : یارمەتێ . هوما : باڵندەیەکە ئەڵێن بەسەر هەرکەسێکەوە بنیشێتەوە ئەبێ بە پادشا .

واتە : نالێ کە لەڕاستیدا بەندەی جۆتێ زوڵف و برۆی تۆیە ، لە بن سێبەری باڵی ئەو جۆتە زوڵف و برۆیانەدا کە سێبەریان بۆ کردووە و بەسەر سەریەوە نیشتۆنەتەوە ، بووە بە پادشا .

لە (باڵی دۆ هوما)دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە و (زوڵف) و (برۆ)ش قەرینەیە و ، لە کۆکردنەوەی (زوڵف) و (برۆ)دا تەناسوب و، لە کۆکردنەوەی (غولام) و (شاە)دا طیباق هەیە .

نیوەی دۆهەمی ئەم شیعرە لە نوسخەی (کم)دا بەم جۆرەیە :

شاهێکە لە بن سێبەری دۆ باڵی هومادا

تەبەسسوم دەردەخا حوققەی دەم و جەوهەر لەێو ئەودا
بەڵێ مثقاڵە ذەرزە ظاهیرە جیلوەی لە پڕتەودا (١)

بە پارێك نامەوێ دەرمان ، لە نەشئەی چاوییە عیللەت
بە پۆلێك ناکڕم عەنبەر ، لەگەڵ زوڵفی ئەوە سەودا (٢)

ڕەقیبی جوفتەلێ ، نایێتە نەخچیرت ، کە خەرکوزەڕە
ئەلیفی چایرە دائیم لە قەشقەی کەردڕ و جەودا (٣)

— ٤ —

(١) تەبەسسوم : زەردەخەنە . حوققە: قوتوی بچوك . جەوهەر: جەوهەری فەرد ، ئەو پارچەیەی کەرت ناکرێ . پڕتەو : تیشك ، ڕۆناکی .
واتە : زەردەخەنەی وەك ڕۆژ جوانی یار ، دەمی دەرئەخا کە وەك قوتوی بچوکی عەتار وایە و ، لەناو قوتووەکەشدا ددانەکانی دەرئەخا کە ئەوەندە وردن ئەڵێی جەوهەری فەردن . ئەمەش شتێکی سەیر نییە ، چونکە شتی ئەوەندەی ذەرزە ورد ، هەر لەبەر تیشکی خۆردا دەرئەکەوێ ..
لە هێنانی نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە بەدوای نیوەی یەکەمیدا ، حوسنی تەعلیل هەیە . نالێ لەم بەیتەدا دەمی یاری شوبهاندووە بە قوتوی بچوکی بۆن خۆشێ و جەوهەری خواستووە بۆ ددانەکانی و پڕتەوێشی خواستووە بۆ زەردەخەنە . لە کۆکردنەوەی (حوققە) و (جەوهەر)یشدا تەناسوب هەیە .

(٢) پارێك : پارەیەك . نەشئە : مەستێ . پۆل : نەختێکی کەم و بێبایەخ بووە . سەودا : مامەڵە .
واتە : من دەردەداری چاوی مەستی یارم ، لەبەرئەوە دەرمانم بە پارەیەکی کەمیش ناوێ .. مادەم سەودا و مامەلەشم لەگەڵ زوڵفی بۆنخۆشی یارە ، عەنبەر بە پۆلێ ناکڕم .
لە هەردۆ نیوە شیعرەکەدا حوسنی تەعلیل و لە کۆکردنەوەی (پۆل) و (پارە) و (دەرمان) و (عیللەت) و (ناکڕم) و (سەودا)دا تەناسوب هەیە .

(٣) ڕەقیب : بەدکار . جوفتەلێ : جۆتە هاوێژ . نەخچیر : نێچیر . خەرکوزەڕە : جاشۆلکە . ئەلیف : هۆگر . چایر : هەرێز و سەوزەگیا

سیلاحی پەرچەمی پڕ خەم ئەگەر تارە و ئەگەر مارە
برۆ و غەمزەی کەوان و تیر ئەگەر هەودا و ئەگەر مەودا (٤)

لە ئەشکەنجەی شکەنجی زوڵفی ئەو بێ وەعدە مورغی دڵ
دەنااڵێنێ وەکو بولبول لە صوبحی کاذیبی شەودا (٥)

کە ولاخی تیا ئەلەوەڕێ . قەشقە : بۆمان ڕاست نەکرایەوە مەعنای چییە . وای بۆ ئەچین بەپێی موناسەبەتی شۆێن (عەشقی) یا (مەشقی) بێ . کەردڕ : گیایەکە لە چەشنی کنگرە کەرانە . جەو : جۆ .

واتە : بەدکاری جۆتە هاوێژ کەی بۆ ئەوە ئەشێ ببێ بە نێچیری تۆ ؟ ئەو هەمیشە هەر لەگەڵ ئالیك و لەوەڕدا سەر و سەودایەتی .

ڕەقیبی جوفتەلێ (کم) و (گم) : ڕەقیبت خوفتە بێ . (ت) : ڕەقیبێ خوفتە بێ . نەخچیرت (کم) و (گم) : نێچیرت .

(٤) پەرچەم : زوڵف . پڕ خەم : پڕ پێچ و لۆل . تار : تاریك . تاڵی مۆ . غەمزە : چاو داگرتن ، ئیشارە کردن بە چاو . هەودا : تاڵ . مەودا : تیژێ .

واتە : چەکی زوڵفی لۆلی یار کاریگەر و ترسێنەرە ، چ ئەگەر لەبەر ڕەشێ و تاریکێ بێ و چ ئەگەر لەبەر پێچ و لۆلێ بێ . بڕۆی وەك کەوان و ئیشارەتی چاوی وەك تیریشی هەر کاریگەرن چ لەبەر باریکێ بێ و چ لەبەر تیژێ بێ .

لە کۆکردنەوەی (پەرچەم) و (پڕ خەم) و ، (تار) و (مار) و ، (هەودا) و (مەودا)دا جیناسی لاحیق هەیە .

(٥) ئەشکەنجە : ئازار . شکەنج : لۆلێ و چین چینیی زوڵف و قژ . مورغ: پەلەوەر . صوبحی کاذیب . کاتێ کە پێش ڕۆژبۆنەوە کەناری ئاسمان تۆزێ ڕۆشن ئەبێتەوە و نەشارەزا وائەزانێ بەرەبەیانە .

واتە : پەلەوەری دڵم کە گرفتاری داوی زوڵفی یاری بێگفت و پەیمانە و ، ئازاری پێوە ئەچێژێ ، لەناو داوی زوڵفەکانیەوە و بە دەم ئەو ئازار و سزایەوە ، سەیری ڕۆمەت و ڕۆی ئەو ئەکا و بەو هیوایە بێسۆد بۆ خۆی ئەناڵێنێ ، وەك ئەو بولبولەی لە تاریکیی شەودا بەیانییە درۆزنە بە کەناری ئاسمانەوە بەدێ ئەکا و دەست ئەکا بە خوێندن ، بە تەمای ئەوەیە شەبەق بدا و ڕۆژ ببێتەوە کەچێ لە شەوی تار بەولاوە هیچی دەسگیر نابێ .

به تیرێ دۆ نیشانه چا نییه ئەی ژۆحەکەم ! شیرین
به غەمزەی ، تاقه یەك تیری له فەرهاد و له خوسرەو دا (٦)

وەها مەستی تەماشای چاوته « نالێ » که نازانێ
به بێداری دەبینێ ، یا له نەشئەی مەستیو خەودا ! (٧)

جۆشش و تابه لەێو دیدەیی گریانمدا
چ تەتوریکه له تەندۆرەیی طۆفانمدا (١)

لەێوان (ئەشکەنجه) و (شکەنج)دا جیناسی ناتەواو هەیه ، جگه لەو تەناسوبەش که له یەکخستنی (مورغ) و (دڵ) و (ناڵین) و (بولبول)دا هەیه .له یەکخستنی (صوبح) و (شەو)یشدا طیباق هەیه . (صوبحی کاذیب)یش ئیشارەته بۆ زاراوێکی ئایینێ که دۆ فەجری تیا بەکارئەهێنرێ (فەجری کاذیب) و (فەجری صادیق) و یەکەمیان هێشتا هەر شەوه و دۆهەمیان کاتی نوێژی بەیانی دادێ .

(٦) چا : چاك .
واته : گیانه ، باش نییه به تیرێ دۆ نیشانه بپێکی . ئەوه پەشیمانێ و ماڵ وێرانیی لەدوایه . نابینی که شیرین به تاقه تیرێك دڵی خوسرەویش و فەرهادیشی پێکا ، کەچی لەئەنجاما هیچ کامیانی دەست نەکەوت و تەنانەت خۆیشی به فەتەرات چۆ . لەوانەیه مەبەستی نالێ له دۆ نیشانەکه دین و دنیا بێ ، واته : به تیری چاوت دینیش و دنیاشت له دەست دام .

(٧) واته : نالێ به ژادەیەك به تەماشا کردنی چاوه مەستەکانت گرفتار بووه و کەوتووەته دەریای خەیاڵەوه ، نازانێ ئاخۆ بێدار و بەخەبەره که ئەتبینێ ، یاخود خەو ئەبینێ و کاسی سەرخۆشییه ؟!

(١) جۆشش : کوڵان . تاب : تاوی باران . دیدەیی گریان : چاوێ که بگرێت . تەندۆره : تەنۆره ، گێژی قۆڵی ئاو . طۆفان : لافاو .
واته : له چاوی بەگریانەوەمدا هەم کوڵان و هەم تاوی بارانیش هەیه. چەند سەیره لەناو تەنۆرەی گێژی لافاوی فرمێسکی چاومدا تەنۆرێکی

شەبەهی زۆڵفی شەبەهـگۆنەیە ، زۆگەردانی •
بە سەری ئەو کە بە سەودا سەر و سامانم دا (٢)

شەرەر و تابش و بارش لە دەمی ژەعدی بەهار
ئەثەری سۆزشی گریانە لە ئەفغانمدا (٣)

بە گڕ و بڵێسەی بگرێ و ئەو ئاوە زۆر و بەگوژمەی ئەو ئاگرەی پێ نەکوژێتەوە !

لە کۆکردنەوەی (جۆشش) و (تاب)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (تەنۆر) و (تەندۆر)دا بێجگە لە طیباق جیناسی ناتەواو و ، لە کۆکردنەوەی (تەنۆر) و (طۆفان)دا ئیقتیباس لە ئایەتی (و فار التنور) هەیە کە واتە تەنۆری ئاگر هەڵچۆ و ئاوی بەگوژم هەڵقوڵێ ، کە باسی لافاوەکەی حەزرەتی نۆح ئەکا (د . خ) .

تابە (چن) و (عم) و (گم) و (ك) : تاوە . لەنێو (چن) و (کم) : لەناو .

(٢) شەبەهـ (ی یەکەم) : وەك . شەبەهـ (ی دووەم) : مۆرۆی شەوە . گۆنە : چەشن . زۆگەردان : زۆ وەرچەرخاندن . سەودا : عەشق . مامەڵە .

واتە : کە من سەر و سامانی خۆم لە دڵداریدا ، یا بە مامەڵە ، دا بە سەری زوڵفی یار و ئەویش نەیدا و زۆی وەرچەرخاند ، زوڵفی ژەشی دەرخست و دنیای لێ تاریك کردم . ئەو زۆ وەرچەرخاندنەی ئەو ، بە وێنەی زوڵفەکانی ، وەك شەوە ژەش و تاریك بۆن .

ئەشگونجێ مەعنای بەم جۆرە بێ : زۆ وەرچەرخاندنی یار لە من تاڵ و تاریکە وەك ژەشیی زوڵفەکانی کە وەك شەوە وان . بەڵام تازە من گوێ بەم جۆرە دەرد و ئازارانە نادەم ، چونکە سەر و ماڵم لە ژێگای عەشقدا داناوە و هیچم بەدەستەوە نەماوە و کەوتۆمەتە سەر ساجی عەلێ .

لەنێوان هەردۆ (شەبەهـ) و هەردۆ (سەر)دا جیناسی تەواو هەیە . لە کۆکردنەوەی (زۆ) و (گۆنە)یشدا تەناسوب هەیە .

بە سەودا (چر) : بۆ سەودا .

(٣) شەرەر : پزیسکە . تابش : گڕ سەندن . بارش : بارین . دەم : کات. ژەعد : هەورە گرمە . سۆزش : سۆتان . ئەفغان : هاوار .

تۆ كه حۆريت ، وەره تێو جەننەتی دیدەم • چ‌دەكەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سۆزانمدا ؟! (٤)

قیمەتی ماچی دوصەد كیسەیی ساغە و ، نیمە
غەیری یەك كیسەیی صەد پارە لە گیرفانمدا (٥)

واتە : پزیسكە و گڕ سەندن و بارانی سەردەمی هەورە برۆسكە ، لە دڵ هەڵقرچان و گریان و هاواری منەوەیە .
لە دێڕی یەكەمدا لەف و لە دێڕی دۆهەمدا نەشری مورەتتەب هەیە، بێجگە لەو موبالەغە و زیادە ڕەوییەش كە تیایەتی كە تێكڕای چەخماخە و هەور و بارانی كردووە بە یەكێ لە نیشانەكانی گریانی خۆی .
نالێ لەم شیعرەیدا تەشبیهی مەقلوبی بەكارهێناوە . چەخماخەی هەوری شوبهاندووە بە سۆتانی خۆی و باران بە فرمێسك و گرمەی هەور بە نالینی .
شەرەر و تابش و بارش (چن)و (ك) : تابش و بارش و نالش .
سۆزشی (چن) : جۆششی .

(٤) حۆرێ : حۆریبانی بەهەشت . سۆزان : گڕ تێبەربۆ .
واتە : تۆ كە حۆریت ، جێگەت ئەبێ بەهەشت بێ . كەواتە چێ ئەكەی لەناو دۆزەخی دڵەی پڕ لە بڵێسەی ئاگر و سینەی گڕ تێبەربۆی مندا . وەرە ناو بەهەشتی چاوەكانم كە بەهۆی فرمێسكەوە هەمۆی بووە بە باخ و گوڵ و گوڵزار .
نالێ بەم شیعرەی ئەیەوێ بڵێ با بەسی بێ دۆرێ و با بەس هەر بیر لێ كردنەوەتم پێ ببڕێ . نزیك بكەوەرەوە لێم و وەرە بەرچاوی پڕ لە گریانم ، بزانە لە چ‌حاڵێكدا ئەژیم ..
لەم (كم) و (ت) و (ك) : لە .

(٥) كیسە : ئەندازەیەك پارە بووە وەك بڵێی هەزار دینار ، خراوەتە تۆرەكەیەك و بە دەست هەڵگیراوە . صەد پارە : پینە پینەی لە صەد پارچە دراوە یەك .
واتە : پێداویستی دەستكەوتنی ماچی یار لەكوێ و دەسەلاتی من لەكوێ ؟ ماچێكی یار بە صەد كیسەی ساغ پارە دەست ئەكەوێ و منیش لە كیسەیەكی شڕی لە صەد پارچە پەڕۆ دروستكراو بەولاوەم نییە كە خستۆمەتە گیرفانم .
لەنێوان هەردو وشەی (كیسە)دا جیناسی تەواو و ، لەبەینی (دوصەد) و (صەد) و (یەك)دا تەناسوب و ، لە بەینی (ساغ) و

شیرەیی جانە وتم یا مەیە ؟ چا بۆ فەرمۆی
عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا (٦)

بەحشی سیرّژی دەهەنی نوقطە بە نوقطە بگەرّێی
سەری مۆیێ نییە بێ نوکتە لە دیوانمدا (٧)

« نالێ » ، ئەو نوقطە کەوا بۆ بە نیشانەی چاوی
من لە صەفحەی رّوخی ئەو دولبەرە نیشانم دا (٨)

(صەد پارە)دا طیباق و ، لە بەینی (ساغ) و (نیمە)شدا هەر طیباق هەیە .

یەك (عم) : ئەم .

(٦) شیرە : شیلە . جان : گیان . چا : چاك ، یا چایێ . عەکس : وێنە . لەبی مەرجان : لێوی وەك مەرجان سۆر .

واتە : وتم ئاخۆ شیلەی گیانە و خۆێنە کراوەتە کاسە ، یاخود شەرابە و ئامادەی لێو کراوە ؟ باش بو یار لە وەلآمدا فەرمۆی وێنەی لەعلی لێوی وەك مەرجانمە لەناو پیالّەکەمدا . یاخود : هیچیان نەبو ، چایێ بۆ بە دەمی یارەوە وێنەی لەعلی لێوی وەك مەرجانی ئەوی وەرگرتبو چونکە ئەو نابۆی بە لێویەوە و لێوی لە پیالّەکەدا رّەنگی ئەدایەوە .

لە بەکارهێنانی وشەی (چا)دا کە دۆ مەعنا ئەگەیەنێ لەطافەت هەیە .

شیرەیی جانە (« پەراوێزی » چر) و (عم) : شێوەیی جامە .

(٧) سیرّژ : نهێنێ . دەهەن : دەم .

واتە : خاّل بە خاّلی باسی رّازی جوانیی دەمی یار بگەرّێی لە دیوانەکەمدا ، ئەوەندەی سەرەمۆیەك بابەتی بێ نوکتە و وردەکاریت ناکەوێتە بەردەست . ئەمەیش شتێکی زۆر لەجێیە ، چونکە دەمی یار ئەوەندە بچۆکە وەك جەوهەری فەرد وایە ، هەرچییش پەیوەندی بەو دەمە جوانەوە بێ ، پێویستە زۆر ورد و بە مەعنا بێ .

بگەرّێی (چر) و (عم) و (ت) و (ك) و (مز) : بکرێ .

(٨) نوقطە : خاّل . صەفحە : تەخت . رّوخ : رّۆ .

واتە : ئەو خاّلەی بۆ بە نیشانە بەسەر چاوی نالییەوە ، بە تەختی رّۆی یارەوە بۆ ، من پیشانی ئەوم دا و لەوەوە ئیتر لەسەر چاوی ئەو جێی خۆی گرت . لەوانەیە ئەم بەیتە بکرێ بە بەلگەی ئەوە کە نالێ چاوی تانەی بەسەرەوە بووە .

گەر بێیە دەرێ ، سەروی ژەوانی لە ئیرەمدا
وەرە نەییە دەرێ ، ئاهووی چینی لە حەرەمدا (١)

عیشقت لە دڵ و دیدەیی پڕ ئەشك و ئەلەمدا
گونجایش و تەسکینی نییە ، زۆرە لە کەمدا ! (٢)

— ٦ —

(١) ژەوان : ژێكوپێك . ئیرەم : باخی ئیرەم ، ئەو بەهەشتەی کە شەدداد دروستی کردبو و قورئان لە ئایەتی (ارم ذات العماد ، التي لم يخلق مثلها في البلاد)دا ئیشارەتی بۆ ئەکا . مەبەستی لە کۆمەڵگای کچانی شۆخ و نازدارە . ئاهۆ : ئاسك . حەرەم : حەرەمی کەعبە کە ژاوکردنی تیا قەدەغەیە .

واتە : تۆ لە هەموو حاڵێکدا جوان و نازداری ، چ لە دەرەوە بی و چ لە ژوورەوە . لە دەرەوە بی وەك سەرو بالآبەرز و دیاری لەناو جوانانا و لە ژوورەوەش بی وەك ئاسکی چینیی ناو حەرەمی کەعبە وای کە کەس ناتوانێ دەستی بۆ بەرێ . شوبهاندنی یار بە ئاسکی چینێ ئەبێ لەبەر ئەوە بێ ئەو جۆرە ئاسکانە زۆر بەرچاو نەکەون .

لە کۆکردنەوەی (ئیرەم) و (حەرەم)دا جیناسی موضاریع و لەنێوان (بێیە دەرێ) و (نەییە دەرێ)دا طیباق هەیە .

بێیە دەرێ (عم) : بێتەدەرێ . ژەوانی (عم) : ژەوانە . نەییە دەرێ (عم) : نەیتەدەرێ . بەپێی ئەم نوسخەیە ئەبێ هەڵەیەك لە وشەی (چینی)دا هەبێ و ئەبۆ (چینە) بوایە .

(٢) ئەشك : فرمێسك . گونجایش : گونجان . تەسکین : دامرکان ، ئۆقرە گرتن .

واتە : خۆشەویستێ و حەزلێکردنی من بۆ تۆ ئەوەندە زۆرە و جێگەی خۆشی پێویستە ، لەناو دڵەی پڕ ئازار و دیدەی پڕ لە فرمێسکمدا جێی نابێتەوە و دانامرکێ و ئۆقرە ناگرێ ، چونکە دڵ و دیدەم هەم بچۆکن و هەم ناخۆشیشن .

لەم بەیتەدا نالێ هونەری حوسنی تەعلیلی بەکارهێناوە . لە هێنانی (ئەشك) و (ئەلەم)یشدا بەدوای (دڵ) و (دیدە)دا لەف و نەشری موشەووەش هەیە .

لافی دەمی تۆ ، غونچە لە دەمیا بو ، بە (عمداً)
با خوستی بڕێ ، خستی ، کە مستێکی لە دەم دا (٣)

دڵ موضمەحیلی دەردە وەکو دیدە لە نمدا
حەیران و پەرێشانە وەکو قەطرە لە یەمدا (٤)

---

(٣) لاف : ئیددیعا و دەم درێژێ . عمداً : دەسەنقەست . خوست : داوێن . مست : مستە کۆڵە .

واتە : خونچەی نەپشکۆتۆ کە نیشانەی نەکراوەیێ و بچۆکییە ، نیازی لاسایێ کردنەوەی دەمی تۆی لە دڵا بۆ و ئەیویست بڵێ منیش وەك ئەو بچۆکم ، بەڵام (بـا) لەسـەر تۆ هاتـە دەنـگ ، داوێـنی قرتـاند و مستەکۆڵەیەکیشی دا بەدەمیا پشکواندی و دەمی پێکردەوە و چێ بۆنی خۆشی تیابو هەمۆی بە دەور و پشتیدا بـڵاو کردەوە ، گوایە ئەو بۆنە خۆشەی گوڵ لە نیازی لاسایێ کردنەوەی دەمی تۆی کاتی کرانەوەیەوە هاتووە ! مەبەست لـە داوێن قرتاندنیش لێـك جوێکردنەوەی بـەرگە سەوزەکەی سـەر پەڕەکانی خونچـەی نەپشکۆتووە و ، لە خستنیش لاربۆنەوەی گوڵە پاش پشکۆتنی .

لە (دەمی) و (دەمیا) و (دەم)دا جیناسی لاحیق و تەناسوب و ، لە (خوستی) و (خستی) و (مستێکی)دا دیسان جیناسی لاحیق هەیە .

خستی کە (عم) : خستییو .

(٤) موضەمەحیل : فەوتاو . نم : فرمێسك . قەطرە : دڵۆپ . یەم : دەریا .

واتە : وەك چۆن چاوم لەناو فرمێسکی زۆرما خنکاوە ، دڵیشم هەروا گرفتاری دەردە ، سەرگەردان و پەرێشان بـووە ، وەك دڵۆپە ئاوێك بکەوێتە ناو دەریاوە کە سەر و شوێنی نامێنێ .

نالێ لەم بەیتـەدا شاکارێکی جوانی دروست کـردووە . لەجیاتیی ئەوەی فرمێسك بخاتە چاوەوە ، چاوی لە فرمێسکدا نوقم کردووە و ، فەوتانی دڵی لەنـاو دەرد و ئازارا شوبهانـدووە بەوە کە دڵۆپێـك ئاو بکەوێتە ناو دەریایەکی پان و بەرینەوە . ئەوەش ئەوپەڕی سەرگەردانێ و بێ سەر و شوێن بۆنە .

لەنێـوان (دەرد) و (دیدە) و (یـەم) و (نم)دا جیناسـی لاحیق هەیە .

دڵ موضمەحیلی دەردە (چـر) و (چـن) و (ك) و (مـز) : دڵ موضمەحیل و دیدە .

« نالێ » مەثەلی حاڵی لە ئەشکەنجەییی غەمدا
وەك ناڵە لە نەیدا ، وەکو نالە لە قەڵەمدا (٥)

— ٧ —

ژوخم ژەنگینی ژەنگی ژۆمەتی ژەنگینتە ، بازا !
قەدی سەروم کەمانینی قەدی شیرینتە ، بازا ! (١)

---

(٥) مەثەل : نمۆنە : ئەشکەنجە . ئازار . نالە : هاوار . نەی : شمشاڵ . تالە باریکەکانی ناو قەڵەمی قامیش .

واتە : نمۆنەی حاڵی نالێ بەدەست دەرد و ئازار و گیروگرفتی خەم و پەژارەوە وەك نمۆنەی نالەی شمشاڵی لێهاتووە کە هەمیشە سکاڵای دۆرێ ئەکا و هەرگیز شکاتی نابژێتەوە ، یا وەك ئەو تالە باریکەیە کە لەناو قەڵەمدایە و هەر تاوێك قەڵەمەکە دابدرێ ، ئەویش لێی ئەبژرێت .

نالێ لەم شیعرەدا ئیشارەتێکی بۆ بەیتەکەی مەثنەویی جەلالوددینی ژۆمێ کردووە کە ئەڵێ :

بشنو از نی چون حکایت میکند
وز جدائیها شکایت میکند

واتە : گوێ شل کە بۆ قامیش . قامیش ، کە لەژێر پێدا زیکەی دێ ، ژازی خۆی ئەگێژێتەوە و سکاڵای دەردی دۆرێ ئەکا .

لەنێوان (نالێ) و (حاڵی)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (نالە) و (ناله)دا جیناسی موحەژژەف هەیە .

نالێ (عم) : نالێ و .

— ٧ —

(١) بازا : باز ئا ، وەرەوە . وشەکە لەبنەڕەتا فارسییە . قەد : باڵا . قەد(ی دۆهەم) مەعنای (چەماندنەوە)ش ئەگەیەنێ . کەمانین : وەك کەوان لێهاتۆ .

واتە : بەهۆی ژەنگی ژۆمەتی جوانی تۆوە ژۆم زەرد هەڵگەڕاوە ، جا یا لە خەفەتی دۆریت یا بەهۆی شەرمەزار بۆنەوە لە بەرچاوی خەڵك . باڵای وەك سەرو بەرزی جارانیشم بەهۆی باڵای جوانی تۆوە وەك کەوان چەمیوەتەوە ، یا بەهۆی چەماندنەوە جوانەکەی تۆوە بووە بە کەوان ، کەواتە وەرەوە بۆ لام تا منیش بچمەوە سەر دۆخی جاران .

غەریب و بێکەس و زار و فەقیری خانەدانی تۆ
جگەر سۆتاو و ماڵوێرانی زوڵفی چینتە ، بازا ! (٢)

(معاذ الله) کە ڕەحمێکت بە حاڵی زاری مندا بێ
کە ئاخر بەندەیی خاکی دەری پێشینتە ، بازا ! (٣)

ئەگەر خوێنم دەڕێژی تۆ ، ئەوە تێغ و ئەمیش گەردن
ئەگەر بنیادی پەیمان ، دەستی من دامێنتە ، بازا ! (٤)

لە چاوانم هەتاکەی قەطرە قەطرە خوێن دەکەی ئەی دۆست !
کوا ئەم عەهد و پەیمان و وەفا کابینتە ، بازا (٥)

---

(٢) زار : داماو . لاواز . زوڵفی چین : زوڵفی جوانی چین لەسەر چین .
واتە : ئەوکەسەی لە خانەدانی تۆ دۆرکەوتووەتەوە و نامۆ و بێکەس و هەژار کەوتووە (کە منم) ، بەهۆی زوڵفی چینچینی تۆوە جگەر سۆتاو و ماڵوێران بووە . کەواتە دە وەرەوە !

(٣) معاذ الله : پەنا بە خوا ، خوا نەکا ، هەرگیز ڕۆ نادا . دەر : بەردەرگا . پێشین : کۆن .
واتە : هەرگیز بەزەییەکت بە حاڵی مندا نایەتەوە ، ئاخر خۆ من بەندەی کۆنی خاکی بەردەرگای خۆتم ، دە وەرەوە !

(٤) بنیاد : بناخە . پەیمان : گفت .
واتە : هەرچیم لێ ئەکەی ئامادەم . ئەگەر سەرم ئەبڕی ، ئەوە تێغی تۆ و ئەمەش گەردنی من . ئەگەر بناخەی گفت و پەیمانیشم لەگەڵ دائەنێی ، دەسم دامێنت ، دە وەرەوە !

(٥) کابین : ئەو ئەندازە پارەیەی پیاو لەکاتی ژنهێنانا لەئەستۆی ئەگرێ بیدا بە ژنەکە . لەو مەعنایەشەوە وەرگیراوە بۆ هەر شتێ مرۆ لەئەستۆی خۆی بگرێ .
واتە : تا کەی ، گیانە ، چاوم دڵۆپ دڵۆپ ئەکەی بە خوێن ؟ کوا ، تۆ کەی وا دەرئەکەوێ گفت و پەیمانت لە ئەستۆ گرتبێ ، دە وەرەوە !
ڕێیشی تێئەچێ (کابینتە) هەڵەی نۆسیار بێ و ڕاستەکەی (کایینتە ــ کە ئایینتە) بێ ، واتە : کوا ، کەی گفت و پەیمان ڕاگرتن ڕەوشتی تۆیە ؟

به « نالێ » باوەڕت نایێ ، خەیاڵت بێت و ببینێ
که چۆن مەشغوڵی نەغمەی گۆشەیی نالینتە ، بازا ! (٦)

— ٨ —

ئەحوەلی تەفرەقە نەظەر تەقوییەتی سەبەب دەکا
عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا (١)

---

(٦) واتە : ئەگەر باوەڕ بە نالێ ناکەی ، بە خەیاڵت بفەرموو منی بە بیردا بێ و ببینێ چۆن لە سۆچێکا کەوتوم خەریکی ئاوازی نالینم لەتاو دۆریت .. دەسا وەرەوە .

ڕێیشی تێئەچێ (نالینتە) هەڵەی نۆسیار بێ و ڕاستەکەی (بالینتە) بێ ، واتە : لە سۆچی جێگە سەرەکەتا کەوتوم ئەنالێنم ..

ئەم پارچە شیعرە لە هیچکام لە دەستنۆسەکانی بەردەستمانا و هەروەها لە چاپەکەی (کم)یشدا نییە . دوکتۆر مارف خەزنەداریش ئەڵێ هێشتا بۆم ڕاست نەبوەتەوە هیی کێیە ، بەڵام بە هیی نالیی نازانێ . (د. مارف خەزنەدار ، چەند پەراوێزێکی دیوانی نالێ ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ، ژمارە ٣٤ ، کانۆنی یەکەمی ١٩٧٥ و کانۆنی دۆهەمی ١٩٧٦) . پارچەکە هەرچەند سادەیە ، شەقڵی نالییشی پێوە دیارە .

— ٨ —

(١) ئەحوەل : خێڵ ، یەك بە دۆ بین . تەفرەقە نەظەر : ئەوەی هێزی بینینی پەرێشانە و سەرنجی چاوی بەم لا و بەولادا ئەڕوا و یەکی بە دوان دێتە پێش چاو . عاریف : خوداناسی دڵ وریا . وەحدەت ئاشنا : ئەوەی لەگەڵ بیری خوا بە یەك زانیندا ئاشناییی هەیە .

واتە : ئەوەی چاوی دڵی خێڵ بێ تاماشای (سەبەب) ئەکا و هەرچێ کە ڕۆژئەدا ئەیبەستێ بە هۆیەکی تایبەتییەوە و ئەوەش لەئەنجاما ئەکێشێتەوە بۆ هاوبەش بۆ خوا دانان ، وەك چۆن ئەوەی چاوی ڕاستەقینەی خێڵ بێ یەکی بە دۆ دێتە پێش چاو . بەڵام ئەوەی کە خوا بناسێ و دڵی بە بیری یەکێتیی خواوە ڕاهاتبێ ، شەرم ئەکا قسەی وای لە دەم بێتە دەرەوە .

ئەڵێن نالێ ئەم پارچە شیعرەی لە بەرپەرچ دانەوەی زانای ناوداری کورد موفتیی زەهاویدا وتووە لەئەنجامی دەمەتەقێیەکی فەلسەفیدا

بەندە ئەزەل بە خەططی خۆی قابیلی قیسمەتی بووە
ئیستە بە ئیقتیضای عەمەل جێگەیی خۆی طەلەب دەکا (٢)

داری ئیراك و داری هیند هەردوو کە عۆدە ئیسمیان
هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبۆلەهەب دەکا (٣)

کە لەبارەی سەبەبەوە لەنێوانیانا زۆی داوە . ئەگەر ئەمە ڕاست بێ لەوانەیە ببێ بە بەڵگەی ئەوە کە زەهاوێ خێڵ بۆبێ .

(٢) ئەزەل : ئەوەی نەبۆنی لێ پێش نەکەوتبێ . خەط : پێلێنان . قابیلی قیسمەت : ئەوەی بە بەشی خۆی ڕازێ بێ یا ئەوەی بۆ دابەش کردن بشێ . ئیقتیضا : پێویست . عەمەل : کردەوە .

واتە : ئادەمیزادی موسوڵمان لە زۆژی ئەزەلدا بە دانپیانانی خۆی ڕازێ بووە بە بەشی خۆی و لە وەڵامی « ا لست بربکم ؟ »دا واتە : ئاخۆ من خوای ئێوە نیم ؟ کە پەروەردگار لە خەڵکی پرسیوە ، وتوێەتی : « بلی » واتە : تۆ خوای ئێمەی . بەمپێیە ئیتر ئەبۆ سەبەب و سەبەبکارێ نەهاتایەتە ئاراوە . کەچی ئیستا وا بە کردار بەپێچەوانەی پێلێنانەکەی خۆی ئەجۆڵێتەوە و بە نیسبەت دانی کار بۆلای خۆی داوای جێ و زێیەك ئەکا بۆ خۆی گوایە ئەویش لەگەڵ خوادا هاوبەشە لە دروستکردنی کردارا . .

نالێ لەمبەیتەدا ئیشارەتیشی بەو وتە فەلسەفییە کردووە کە ئەڵێ (خەت بۆ دابەش کردن ئەشێ) .

خەططی (عم) : حەظظی .

(٣) ئیراك : داریێکە لە لقەکانی ، سیواك دروست ئەکەن و لەکاتی دەستنوێژ گرتن و گەلێ کاتیتریشدا بەپێی زەوشتی پێغەمبەر (د.خ) ئەیهێنن بە دەما بۆ پاككردنەوەی بێخی ددان و خۆشکردنی تامی دەم.

داری هیند : داری بخۆر کە بۆ بۆنخۆشێ ئەیستێنن . هەمدەم : هاودەم ، هاوزێ . سوننەت : گوفتار و زەوشتی پێغەمبەر . ئەوەم : ئەو ، ئەم . ئەبۆلەهەب : یەکێکە لە ناوەکانی ئاگر ، ئیشارەتیشە بە ناوی ئەبۆلەهەبی مامی پێغەمبەر .

واتە : بۆ ئیسپاتی ئەوە کە ئەنجامی هیچ شتێ پەیوەندی بە بناخەکەیەوە نییە و هەموی هەر بە دەستی خوا خۆیەتی و ئەو چارەنوس دائەنێ ، سەیری داری ئیراك و داری هیند بکە ، هەردوکیان داریێکی عادەتین کەچی ئەویان سوننەتی پێغەمبەری پێ جێبەجێ ئەکرێ و

سەهم و نەصیبی ئەصلییە ، بەحثی گیاە و گڵ نییە
تۆتنە خەرجی سۆتنە ، مۆدنە ماچی لەب دەکا (٤)

لەومەی زەمان دەکەی کە بۆچ خواریی ڕاستیی دەوێ ؟!
غافڵی دەستی ڕاستی خۆت خزمەتی دەستی چەپ دەکا (٥)

ئەمیان بە لای ئەبۆلەهەبدا ئەڕۆا ، واتە ئەسۆتێنرێ و دۆکەڵی پێ ئەکرێ .
نالێ لەم بەیتەدا ئیشارەتی بە دۆ ئایەتی « تبت یدا ابی‌لهب ... وامرأته حمالة الحطب » کردووە کە واتە : دەسەکانی ئەبۆلەهەب وشك بن .. ژنەکەشی کۆڵەدار هەڵئەگرێ بۆ ئازاردانی موسوڵمانان . لەناو ناوەکانی ئاگریشدا ناوی (ابولهب)ی هەڵبژاردووە و بەکاری‌هێناوە ، بۆئەوەی لە بەرابەری وشەی (سوننەت)دا دابنێ چونکە سوننەت هیی پێغەمبەرە و ئەبۆلەهەبیش دوژمنی پێغەمبەر بووە .

لە دۆ نیوەی ئەم بەیتەدا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

لە هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمانا لەجیاتیی (ئەوەم) نۆسراوە : (ئەمەو) . تەنها لە پەراوێزی نوسخەی (چر)دا نەبێ بە نوسخە نۆسراوە : (ئەوەم) . ئێمە ئەمەمان لا پەسەند بۆ چونکە سەرچاوەی هەردو ئیشارەتەکە بە ڕێك‌وپێکی ئەڕۆا و مەعناکە بێ پێچ و پەنا دێ .

(٤) سەهم و نەصیب : بەش و چارەنۆس . گیاە : گیا ، سەوزە . خەرج : بەش . مۆدن : دار جگەرە .
واتە : چارەنۆسی هەرکەس چۆن بێ هەر ئەوە دێتە ڕێی. مەسەلەکە پەیوەندی بە ڕیشە و بنەڕەتەوە نییە . ئەوەتە تۆتن کە مەبەستی ئەسڵیی جگەرەخۆرە ، بەشی سۆتانە ، ئەوەش دار جگەرەیە کە لە هۆیەکی جگەرەکێشان بەولاوە نییە ، بە شوێنێکی نازداری وەك لێوەوەیە و هەمیشە ماچی لێو ئەکا !
سەهم و نەصیبی (چر) و (گم) : قیسمەت و سەهمی .

(٥) لەومە : سەرزەنشت . خوارێ : ذەلیلێ . غافڵ : بێئاگا .
واتە : سەرزەنشتی گەردۆن ئەکەی کەوا بۆچ کارێك ئەکا ڕاستێ هەر لەبنەوە بێ .. ئاگات لەوە نییە کە تەنانەت لە خۆیشتا دەستی ڕاستت خزمەتی دەستی چەپت ئەکا و مڵکەچی ئەوە .. واتە : باری ژیان وایە تائیستاش خراپە و درۆ لەسەرەوە بن و چاکە و ڕاستێ بۆ سۆدی ئەوان هەڵسۆڕێن ..

طۆطییی تۆ له حیرصی دڵ داوی طەمەع دەکاتە مل
بولبولی من له عەشقی گوڵ تەغنیەوو طەرەب دەکا (٦)

« نالێ » حەریفی کەس نییە ، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە
بەیتی ڕەدیفی کەس نییە ، هەرزە نویسە ، گەپ دەکا (٧)

---

(٦) حیرص : تەماع . تەغنیە : گۆرانێ وتن . طەرەب : ساز و ئاواز .
واتە : من و تۆ ، ئەی بەدکار، زۆرمان جیایە لە یەك. تۆ طووطیت.. ئیش و کارت هەر قسەی ئەم و ئەو گێڕانەوە و هێنانو بردنە ، بۆیە لەبەر تەماع کۆتی بەندەگیت لە مل کردووە و بووی بە نۆکەری ئەم و ئەو . بەڵام من بلبلم ، دڵداری گوڵ و باخم ، هەمیشە گۆرانێ بۆ جوانی و شینایێ و سروشت ئەڵێم ..
ئەگەر وەك لەپێشەوە وتمان ڕاست بێ نالێ ئەم پارچە شیعرەی بەرابەر بە موفتیی زەهاوێ وتبێ ، ئەوا مەبەستی لە طۆطییەتێ لاسایێکردنەوە و وتنەوەی قسەی موعتەزیلەکانە کە بەندە بە دروستکەری کاری خۆی ئەزانن و دەورێکی گەورە ئەدەن بە (سەبەب) .
طۆطییی تۆ له حیرصی دڵ (چر) : طۆطییی دڵ له حیرصی گوڵ . بەمپییە مەعنای نیوە شیعرەکە وای لێ دێتەوە : دڵ طۆطییە و بەخیلێ بە گوڵ ئەبا بۆیە داوی تەماعی له مل کردووە . له پەراوێزی هەر ئەم نوسخەیەشدا بە نوسخە نۆسراوە :

طۆطییی تۆ له حیرصی دڵ داوی قەفەس دەخاتە مل

(٧) حەریف : هاودەم . ئیلف و ئەلیف : هاوشان . ڕەدیف : هاوسەر . هەرزە نویس : ئەوەی شتی پڕ و پۆچ ئەنۆسێ . گەپ : گاڵتە .
نالێ لەم شیعرەیدا ، لەپاش دەربڕینی بێزارێ له باری ژیان کە ئەوی خستووەتە بنەوە و خەڵکی سەرخستووە و پایەیەکی کۆمەڵایەتیی نزمی بەم داوە و خەڵکی کردووە بە خاوەن ڕێ و شوێن ، هەڵوێستێکی کەمتەرخەمانە لە ژیان وەرئەگرێ و ئەڵێ چش ، هەرچۆنە با هەر وابێ .. دیارە من شایانی پایە و ڕێ و شوێنی ئەم خەڵکە نیم و له نمۆنەی کەسیان نیم و شیعرەکانیشم شیعری هەرزە نۆسییە ، بۆیە ڕێ و شوێنیشم له کۆمەڵدا ئەمەیە کە هەیە ..
ئەلیف (چن) : ئەنیف . ئەبێ بەپێی ئەم نوسخەیە (ئەنیف) له

بولبولی طەبعم ئەوا دیسان ئەنا خوانێ دەکا
نوکتە سەنجێ و ، بەذلە گۆیێ و ، عەنبەر ئەفشانێ دەکا (١)

هەرکەسێ ئیظهاری دانایێ بکات و ، مەقصەدی
خود پەسەندێ بێ ، یەقین ئیظهاری نادانێ دەکا (٢)

خەرقە پۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهەری ذاتی ئەمن ؟
بیتە تێو ، جیلوەی ، بە زوشتێ خۆی بە عوریانێ دەکا (٣)

(ئەنف) وەرگیرابێ و مەعناکەی (هاولۆت) بێ واتە نزیك و هاودەم .
ئەگەر ئەوەی لەپێشەوە وتمان کەوا نالێ ئەم پارچە شیعرەی لە بەرپەرچدانەوەی موفتیی زەهاویدا وتووە ، وا بێ ، ئەوا ئەبێ لە لێکۆلینەوەی باری کۆمەلایەتێ و دەرۆنیی نالیدا پایەیەکی تایبەتێ بۆ ئەم پارچە شیعرە دانرێ .

(١) طەبع : طەبیعەت . ئەناخوانێ : پیا هەڵدان و ستایش کردن . نوکتە سەنجێ : وتنی شتی ورد و قسەی پڕ مەعنا . بەذلە گۆیێ : قسەی خۆش کردن . عەنبەر ئەفشانێ : عەنبەر بلاو کردنەوە ، کینایەیە لە قسەی نەستەق و شیعری نایاب وتن .
واتە : تەبیعەتی عاشقی بە شەوق و ذەوقم دیسانەوە کەوتەوە ستایشو پیا هەڵدان و وتنی قسەی نەستەق و خۆش و بلاو کردنەوەی بۆن و بەرامەی خۆشی شیعری جوانی وەك عەنبەر کە هەمێ لایەك ئەگرێتەوە .
عەنبەر (عم) و (گم) : گەوهەر .

(٢) دانایێ : زانایێ .
واتە : ئەوەی بە نیازی خۆهەڵدان ، زانایێ و تێگەیشتنی خۆی دەربڕێ ، دیارە نەفامیی خۆی دەرئەخا .
مەقصەدی (کم) : مەطڵەبی .

(٣) خەرقەپۆش : صۆفێ . جیلوە : ورشە . زوشتێ : ناشیرینێ . عوریانێ : ڕۆت و قوت .

ضابیطەی طەبعم سواره ، ئیددیعای شاهیی هەیە
موحتەشەم دیوانە ، داوای تەختی خاقانێ دەکا (٤)

واتە : صۆفییەکی خەرقە لەبەر چۆن ئەتوانێ جەوهەری شەخصی من یا جەوهەری خۆ بەخۆ پەیدا کردۆی من بشارێتەوە ، یاخود بیداتە پاڵ خۆی و بیکاتە بەری خۆی ؟ ئەگەر بێتو بێتە ئەم مەیدانەوە ، ورشەی جەوهەری من ، ئەو بەو ناشیرینییەی خۆیەوە زۆت و قۆت ئەکاتەوە و ئەیخاتە بەرچاوی خەڵك . یاخود ئەگەر بێتە ناو ورشەی جەوهەری منەوە و بییەوێ بیکا بە بەرگ بۆ خۆی ، بەو ناشیرینییەیەوە کە هەیە ، لەجیاتیی ئەوەی خۆی داپۆشیبێ ، خۆی زۆت و قۆت ئەکاتەوە و ئابزۆی خۆی ئەبا .

شێوەی نۆسینەوەی ئەم بەیتە لە نوسخەکانی بەردەستمانا زۆر ئاڵۆز و شێواوە و هەرکام بە جۆرێکیان وەرگرتووە :

(چر) : **بیننی جیلوەی بە زوشتێ خۆی بە قوربانێ دەکا**

(چن) : **پینەیی جیلوە بە زوشتێ خۆی بە عوریانێ دەکا**

(عم) : **بیننی جیلوەی بژشتی خۆی بە عوریانێ دەکا**

(گم) : **بێتە نێو جیلوەی بە زوشتێ خۆی بە عوربانێ دەکا**

(ت) : **بیننی جیلوە بە زوشتێ خۆی بە عوریانێ دەکا**

(ك) و (مز) : **بیننی جیلوەی بە زوشتێ خۆی بە عوریانێ دەکا**

لە سەیر کردنی تێکڕای نوسخەکان و بە نیشانەی شوێن و موناسەبەتەکەشدا ، ئەچێتە دڵەوە پێشان بەمجۆرە بۆبێ .

خەرقەپۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهەری ذاتی ئەمن ؟
بێتە نێو ، جیلوەی ، بژشتی خۆی بە عوریانێ دەکا

واتە : فەقیرێ و پەرپۆتێ کەی زیرەکێ و بلیمەتیی من دائەپۆشێ ؟ کە کاتی خۆی هات ، بەهرەی من بژشت و کاری خۆی بە زۆتێ ئەکا ، خەنجەری دەبانە و لە کێڵان دەرچووە !

(٤) ظابیطەی طەبعم : تەبیعەتی بەذەوق و زێك‌وپێکم . سواره : بەنەشئەیە و لەسەر پێیە . شاهێ : پادشایەتێ ، یاخود ئیشارەتە بۆ (شاهێ)ی شاعیر . موحتەشەم دیوان : دیوەخانی قەرەباڵغ ، یا دیوانی شیعری گەورە ، یان ئیشارەتە بە گەورەیەکی (محتشم الدیوان) ناو . خاقانێ : خاقانییەتیی چین ، یا تێکڕای گەورەیێ ، یا ئیشارەتە بۆ (خاقانێ)ی شاعیر .

شاهیدی فیکرم که بێته جیلوه‌گاهی دولبه‌رێ
شاهی خوسره‌و ژۆحی شیرینی به قوربانێ ده‌کا (٥)

تۆکی خامه‌ی من که بێته مه‌عنائارایی که‌مال
خه‌ط به خه‌ط ئیظهاری نه‌قشی صۆره‌تی (مانێ) ده‌کا (٦)

واته : ذه‌وقی شیعر وتنم سواره ، له مه‌یدانی شیعر وتندا ئیددیعای پادشایه‌تێ ئه‌که‌م ، یاخود ئیددیعای پایه‌ی (شاهێ)ی شاعیر ئه‌که‌م و دیوه‌خانم پڕه له‌وانه‌ی حه‌ز له شیعرم ئه‌که‌ن ، یاخود دیوانێکی گه‌وره‌م هه‌یه و داوای بۆن به خاقانی ولاّتی شیعر ئه‌که‌م ، یا ئه‌مه‌وێ جێگه‌که‌ی (خاقانێ)ی شاعیر بگرمه‌وه .

ڕێیشی‌تێ‌ئه‌چێ له‌جیاتیی (ضابطه‌ی طه‌بعم) ، (ضابطی طه‌بعم) بێ ، واته : سروشتی وه‌ك ئه‌فسه‌رم سوار بووه ئه‌یه‌وێ ببێ به پادشا . (محتشم الدیوان)ێکه بۆ خۆی ڕاست بووه‌ته‌وه داوای ته‌ختی خاقانی چین ئه‌کا .

له وشه‌کانی (سوار) و (شاهێ) و (موحته‌شه‌م دیوان) و (خاقانێ)دا ته‌وریه هه‌یه به‌گوێره‌ی ئه‌و مه‌عنایانه‌ی لێمان‌دانه‌وه .

(٥) شاهید : یار . له شیعردا ئه‌و وشه‌یه‌یه که ئه‌بێته نمۆنه (مثال) بۆ بناخه (قاعده)یه‌ك . ئه‌و بیره‌ی که پوخته‌ی شیعره‌که‌یه . شاهیدی فیکر : ئه‌و مه‌به‌سته‌ی که شاعیر کردۆیه به شامه‌به‌ستی به‌یێك یا غه‌زه‌لێك . واته : ئه‌و مه‌عنا ورده‌ی که شیعره‌که‌ی به ده‌ورا ئه‌سۆڕێته‌وه .

واته : ئه‌و بیره‌ی که کردۆمه به بناخه و مه‌به‌ستی شیعرم ، ئه‌وه‌نده جوانه ئه‌گه‌ر بێته مه‌یدانی خۆنواندنی دولبه‌رییه‌وه ، خوسره‌و گیانی شیرینی خۆی ، یاخود گیانی (شیرین)ی یاری خۆشه‌ویستی ، بۆ ئه‌کا به قوربانێ و له‌به‌رپێیا سه‌ری ئه‌بڕێ .

له کۆکردنه‌وه‌ی (شاهید) و (شاه)دا جیناسی ناته‌واو و ، له کۆکردنه‌وه‌ی (خوسره‌و) و (شیرین)دا ته‌ناسوب و ، له وشه‌ی (شیرین)دا (له‌طافه‌ت) هه‌یه .

فیکرم (کم) : بیگرم . له‌وانه‌یه (بیکرم) بۆبێ ، واته : ئه‌و مه‌به‌سته‌ی که من بۆ یه‌که‌مجار له شیعرمدا ده‌رم‌بڕیوه و که‌س پێش من نه‌یتوانیوه وا بڵێ .. تاد .

(٦) خامه : قه‌ڵه‌م . مه‌عنا ئارایێ : مه‌عنا ڕازاندنه‌وه . خه‌ط : دێڕ .

ئیستیطاعه و قووەتی طەبعم ، بە کوردیێ و فارسیێ
عارەبیێ ، ئیظهاری چالاکیی‌یو چەسپانیێ دەکا (۷)

خاطرێکی شۆخ و خۆش و بێغەم و جەمعم هەبۆ
ئێستە بۆ زوڵفی کەسێ مەشقی پەرێشانیێ دەکا ! (۸)

مانیێ : هونەرمەندێکی ئێرانیێ بووە ناوبانگی بە وێنەی جوان کێشان دەرچووە .

واتە : نۆکی قەڵەمی من کە بییەوێ مەعنا بڕازێنێتەوە و باسی جوانیێ بکا ، هەر دێڕێکی ئەوەی ئەینۆسێ نیگارێك ئەنوێنێ لە نیگارە نایابەکانی (مانیێ)ی نیگارکێشی بەناوبانگ و مەعناکە بەڕادەیەك ڕۆشن ئەکاتەوە ببێ بە شتێکی دیاریێ و هەست پێکراو و بینراوی وەك نیگارە دیاریەکانی مانیێ .

مەعنا ئارایی کەمال (مز) : صەنعەتی نەقشیگەریێ .

(۷) چەسپانیێ : گورج‌وگۆڵیێ .

واتە : توانا و هێزی تەبیعەتی شیعر وتنم بە هەر سێ زمانی کوردیێ و فارسیێ و عەرەبیێ ئەوە دەرئەبڕێ کە چەند لەم مەیدانەدا چالاك و گورج و گۆڵم .

(۸) خاطر : دڵ و دەروون . شۆخ : ساز . جەمع : کۆمەڵ . پرژ و بڵاو نەبۆ . مەشق : خۆڕاهێنان لەسەر فێربوونی شتێ . پەریشانیێ : بڵاویێ .

واتە : بەرلەوەی بکەومە داوی خۆشەویستیی یارەوە ، دڵ و دەروونم ساز و خۆش و لەجێی خۆیا بـو . بەڵام ئیستا لەپێناوی زوڵفی بڵاوی ئەودا ، ئەمیش خەریکە خۆی فێری بڵاویێ و پەرێشانیێ و پەرت بوون ئەکا . مەبەستی لەوەیە بڵێ دڵ و دەروونم مەشقی پەرێشانیی لە زوڵفی یارەوە وەرئەگرێ .

لە کۆکردنەوەی (شۆخ) و (خۆش)دا جیناسی قەلب و ، لە یەکخستنی (زوڵف) و (پەرێشانیێ)دا تەناسوب هەیە . لەمەشدا کە (مەشق) بۆ (زێڕك‌وپێکی)یە و کەچیێ بۆ (پەرێشانیێ) بەکارهێنراوە هونەرێکی جوان بەکارهاتووە .

تەنها لـە نوسـخەی (عـم)دا نوسـرابۆ (هەبـۆ) ، لە هەمـۆ نوسخەکانی‌تری بەردەستمانا نۆسراوە (هەیە) . ئێمە (هەبو)ەکەمان لا لەبارتر بو .

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە ، یەقین
خۆی کە دامێن گیری شاهی ئاصەفی ثانێ دەکا (٩)

ئەو کەسە تەحدیثی نیعمەت بێ موراد و مەطلەبی
میثلی « نالێ » ئیمتیثالی ئەمری یەزدانێ دەکا (١٠)

---

(٩) هودهود : پەپوە سلێمانە . بەلقیس : شاژنی یەمەن . سەبا : سەبەء ، پایتەختی ئەو سەردەمەی یەمەن . ئاصەف : ئاصەفی کوڕی بەرخیای وەزیری حەزرەتی سولەیمان . شاهی ئاصەف : حەزرەتی سولەیمان . شاهی ئاصەفی ثانێ : سولەیمان پاشای بابان .

واتە : پەپوە سلێمانەی دڵم بەندیخانەی خۆشەویستیی یاری دیوە کە وەك بەلقیسی شاژنی سەبەء بەدەستەلاتە ، بۆیە دەس ئەکا بە پشتێنی سلێمان پاشای بابانداا کە پادشاهی ئاصەفێکی دۆهەمی وەك ئەحمەد پاشای کوڕیەتی ، کە بۆ باوکی ، لەجێی ئاصەفی کوڕی بەرخیادا بووە بۆ حەزرەتی سولەیمان ، بۆئەوەی بگاتە فریای و لە داوی دیلیی یاری دەربهێنێ ، بەوە کە بیگەیەنێتە دەستی .

بەپێی ئەوە کە مەشهۆرە دایکی بەلقیس دێو بووە ، ئەشگونجێ وشەی (دیوە) بە (دێوە) بخوێنرێتەوە .

ڕێیشی تێئەچێ مەعنای شیعرەکە بەمجۆرە بێ : پەپوە سلێمانەی دڵم بە چاوی خۆی بینێ کەوا سولەیمان چەند بەدەستەلاتە و چۆن بەلقیسی سەبەئی بە دیل گرت ، بۆیە دەستەو دامێنی ئاصەفی دۆهەم بۆ تا لای سولەیمان تکای بۆ بکا نەوەك تۆشی شتێ ببێ ..

نالێ ، لەم شیعرەیدا خۆی شوبهاندووە بە پەپوە سلێمانە و ، سلێمان پاشای بابان بە حەزرەتی سولەیمان و ، ئەحمەد پاشای کوڕی بە ئاصەفی کوڕی بەرخیا و ، خۆشەویستیی یارەکەی بە بەند بۆن لە بەندیخانەی شاژنە بەلقیسدا . لە کۆکردنەوەی (هودهود) و (بەلقیس) و (سەبەء) و (دێو) و (ئاصەف)یشدا هونەری تەناسوب و موراعاتی نەظیری بەکارهێناوە .

تەنها لە نوسخەی (عم) و (گم)دا نوسراوە : (سەبای دیوە) . لە نوسخەکانیتری بەردەستمانا نوسراوە : (هەوایێکە) . ئێمە ئەمی (عم) و (گم)مان لا بەجێتر بو .

(١٠) تەحدیثی نیعمەت : باس کردنی ناز و نیعمەتی گەورە گەوران . موراد : ئارەزۆ . ئیمتیثال : گوێ ڕایەڵێ .

طەبعی شەككەرباری من ، كوردێ ئەگەر ئینشا دەكا ،
ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی ، لە (عمدا) وا دەكا (١)

یا لە مەیدانی فەصاحەتدا بە میثلی شەهسەوار
بێ تەئەممول بەو هەمو نەوعە زوبانی ڕاددەكا (٢)

واتە : من كە تەعریفی خۆم ئەكەم و لە قسە ڕەوانێ و زیرەكیی خۆم ئەدوم ، یا كە ئیشارەت بۆ پیاوەتیی سلێمان پاشای بابان ئەكەم بەسەرمەوە ، شتێكی بێ ڕێ و جێم نەكردووە ، شوكرانە بژێریی نیعمەتی خوام كردووە و فەرموودەی ئەوم بەجێهێناوە كە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی : « و أما بنعمة ربك فحدث » واتە : باسی ناز و نیعمەتی خوا بەسەرتەوە ، لە هەمو شوێنێ بگێڕەوە .
مەطلەبی (چر) و (كم) : مەقصەدی .

— ١٠ —

(١) شەككەربار : شەكر هەلگر . شەكر بارێن ، مەبەست شیرینە . ئینشا : دانان . ئیمتیحان : ئەزموون ، تاقێكردنەوە .

واتە : زەوقی شیرینی من كە بەلای ئەوەدا ئەچێ بە كوردێ شیعر بلێ، لەبەرئەوە نییە كە كوردییەكە ئاسانە و دەسەلاتی بەسەر عەرەبێ و فارسێدا ناشكێ ، بەڵكو لەبەرئەوەیە ئەیەوێ خۆی تاقی بكاتەوە بزانێ شتێكی تازەی لە دەست دێ لەمەوپێش كەس نەیكردبێ كە شیعر وتنە لەسەر عەرۆزی عەرەبێ بە زمانی كوردێ ، یا نە ؟

(٢) شەهسەوار : شاسوار ، شۆڕەسوار و لاوچاك . تەئەممول : ورد بوونەوە . ڕاددەكا : غار ئەكا ، یا ڕائەهێنێ .

واتە : یاخود مەبەستی خۆ تاقی كردنەوە نییە ، تەبیعەتی شیعریەتی **ئەوەندە سواڕە** ، بێگوێدانە ئەوە كە مەیدان مەیدانی فارسییە یا عەرەبێ یا كوردێ ، ئەو هەر لەخۆیەوە بە هەمویاندا ئەداتە غار ، یا لە هەمویاندا خۆی ڕائەهێنێ .

لە كۆكردنەوەی (مەیدان) و (شەهسەوار) و (ڕاددەكا)دا تەناسوب هەیە .

یا (چن) و (كم) و (ت) و (ك) : با . (مز) : ئەو . بەو (چن) و (ك) :

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا (٣)

بێتە حوجرەم ، پارچە پارچەی موسوەدەم بکڕێ بە ڕۆح ،
هەرکەسێ کۆتاڵ و پارچەی بێ بەدەڵ سەودا دەکا (٤)

شیعری خەڵقێ کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکێ ؟!
کەی لە دیقەقەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا ؟! (٥)

بـی . (کم) و (گم) : بەم . زوبـانی (گم) : زمانی . (مز) : لیسـانی . ڕادەکا (کم) : وائەکا .

(٣) خۆکردییە : دەسکردی خۆماڵییە . نادان : نەزان و نەفام .
واتە : با کەس توانجم تێ نەگرێ بڵێ شـیعرەکانی کوردین و هەر شاعیرێك بگری ئەتوانێ شیعری کوردێ بڵێ . بەڵێ ڕاسـتە زۆر کۆلکە شاعیر هەن ئەتوانن (شـیعر) بە کوردێ ڕێكخەن .. بەڵام خۆ شـیعر هەر هاوسەنگیی دۆسەرەکەی و یەکێتیی دوا پیتەکانی نییە . شیعر بەر لە هەرچی ناوەڕۆکی ورد و مەعنای قۆڵە و دانایان لە شـیعردا بەدوای ئەوەدا ئەگەڕێن و ئـەوەش دەستی کۆلکە شاعیرەکان ناکـەوێ بیخەنە شیعرەکانیانەوە .
لـە کۆکردنـەوەی (خۆ کوردییـە) و (خۆکردییـە)دا جیناسـی تەرکیب و ، لەنێـوان (کوردێ) و (کـردێ)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە .
طالیبی (ك) : تابیعی . خۆکوردییە (چر) : خۆ کوردییو .

(٤) موسوەدە : موسەووەدە ، ڕەشنۆس ، نۆسراو بەر لە پاکنۆس کردنی . بێبەدەڵ : ئەوەی ئەوەندە بەنرخ بێ شتێ نەبێ بۆئەوە بشـێ لەبریتیی ئەوا بدرێ .
واتـە : ئەوەی بـەدوای پارچـەی گرانبـەهادا ئـەگەڕێ ، با بێتە حوجرەکەی من ، پارچە پارچەی ڕەشنۆسەکانم بکڕێ و لەبریتیدا گیانی خۆی دانێ ، بەمە هێشتا هەر ئەو قازانج ئەکا .
حوجرەم (کم) و (گم) : حوجرە . موسوەدەم (ت) : ئەسوەدم . سەودا (گم) داوا .

(٥) دیقەقەت : وردێ . بـاریکێ . پەتك : ئـەو بەنـەی بەڕە و جەواڵی لێ دروست ئەکەن . هەودا : تاڵی ڕێسمانی ئاوریشم .

— ١١ —

پێم‌دەڵێن : مەحبوبە خێڵ و قیچە ، مەیلی شەڕ دەکا
خێڵ و قیچە ، یا ترازوی نازی نەختی سەر دەکا ؟! (١)

واتە : شیعری خەڵکێ هەرگیز لە ناسکیدا ناگاتە ڕادەی شیعری من.
شیعری من لە چاو شیعری خەڵکیدا وەك تاڵی ئاوریشم وایە لەچاو پەتکدا و دیارە پەتکیش هەرگیز ناتوانێ لە باریکێ و ناسکیدا بەربەرەکانێ لەگەڵ تاڵی ئاوریشم بکا .

لە نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا حوسنی تەعلیل هەیە .

بۆ نازکێ (کم) : ئەی نالیبا .

لە خوێندنەوەی ئەم قەصیدەیەوە ، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە و خۆی دائەسەپێنێ : ئاخۆ ئەو شاعیرە هاوچەرخەی نالێ کێ بۆبێ کەوا بە فارسێ (یاخود بە عەرەبێ) شیعری وتبێ و گاڵتەی بە شیعرە کوردییەکانی ئەم کردبێ ؟ تۆ بڵێی ئەم مەسەلەیەش پەیوەندێکی بە (مەستۆرە خانمی ئەردەڵان)ەوە نەبێ ، بەتایبەتی کە دیارە نالێ ئەم قەصیدەیەی لە سەردەمی فەقێیەتیدا وتووە : « بێتە حوجرەم » ... تاد ؟ تەنها مەگەر تۆژینەوەی لەمەوپاشی زۆشنبیرانمان وەڵامی ئەم پرسیارەمان بۆ بداتەوە !

— ١١ —

(١) هەر وەك لەم بەیتەوە دەرئەکەوێ ، مەشهۆرێشە کەوا حەبیبەی یاری نالێ خێڵ بووە . خێڵییش لەناو خەڵکدا بە عەیب ئەژمێردرێ و ژوانینی خێڵ نیمچە خێسە کردنێکە . هەروەها خێڵ جارجاریش وائەنوێنێ ئەڵێی چاوێکی ئەنۆقێنێ و چاوەکەی‌تری ئەکاتەوە. نالێ لەم غەزەلەیدا بەرپەرچی ئەوانە ئەداتەوە کە خێڵیی حەبیبەیان بە عەیب داناوە ، ئەڵێ : ناحەزان پێم ئەڵێن خۆشەویستەکەت خێڵ و چاوڵارە ، خێسە لە خەڵکی ئەکات وەك بڵێی شەڕیان پێ بفرۆشێ . نەخەیر نە خێڵە و نە خێسەش لە کەس ئەکا .. تەنها ئەوەندەیە ترازوی نازی، کە چاویەتی ، کەمێك سەرئەکا و بەسەر لایەکا ناز زۆرتر ئەکا تا بەسەر لایەکی‌ترا .. سەرکردنی ترازۆ ئەوەیە کە هەڵئەبڕی هەردۆ سەرەکەی هاوسەنگ نەبن .

لە کۆکردنەوەی (شەڕ) و (سەر)دا جیناسی موضارع هەیە .

خێڵ و قیچە ، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی‌کەر دەکا ؟! (٢)

چاوی هەمڕەنگی گوڵی ، مەستی شەو و ڕۆژن مەدام
یەك لە نەشگوفتەی بەنەفشە ، یەك لە نەیلۆفەڕ دەکا (٣)

عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێدەگەی
کەچ نەظەر کەی فەرقی خوار و ژوور و ، خێر و شەڕ دەکا ؟! (٤)

---

(٢) هاوێتن : هاویشتن . موژگان : برژانگ . پەی‌کەر : ئەوەی پەی ئەکا . پەی‌کردن : بڕینەوەی چوار پەلی ولاخە . .
واتە : یار خێل و قیچ نییە ، بەڵکو ئەیەوێ بە غەمزەی چاوی ، تیری برژانگی کە دڵی دڵدار پەی ئەکا ، ڕاست بهاوێ بۆ دڵ و چوار پەلی دڵی پێببڕێتەوە تا مەیدانی دەربازبوونی نەمێنێ . دیارە تیرهاوێژیش بۆئەوەی نیشانە بپێکێ ، چاوێکی ئەگرێتە نیشانەکە و ئەو چاوەکەی ئەنوقێنێ .
ئەشگونجێ (مەیلی) نەبێ و (میلی) بێ و لەمحاڵەدا (پەی‌کەر)یش بە (پەیکەر) ئەخوێنرێتەوە بەمەعنا نیشانە ، واتە : میلی ڕاست هاویشتنی گوللەی برژانگی ، دڵ ئەکا بە نیشانە .
خێل (عم) : خوێل . چاو (کم) : تاو . هاوێتنی (چر) : ئاوێتنی. (چن) و (ك) : ناوێتنی . (گم) : هایژتنی .

(٣) هەمڕەنگ : هاوڕەنگ . مەدام : هەمیشە . نەشگوفتە : نەپشکوتو . بەنەفشە : وەنەوشە .
واتە : چاوەکانی یار وەك گوڵ وان ، چۆن گوڵ هەندێکیان بە شەو مەست و خەوالۆن و هەندێکیان بە ڕۆژ ، ئەمانیش هەر وان . چاوە خێلەکەی ، دڵی بە شەوەوەیە وەك وەنەوشە کە لە سێبەردا گەشە ئەکا و چاوەکەی‌تری وەك گوڵە نەیلۆفەڕە کە لەبەر خوڕدا هەڵدێ .
گوڵی (عم) و (کم) و (گم) : گوڵە . نەشگوفتەی (چر) و (عم) و (ت) : نەشگوفتە . بەنەفشە (کم) و (گم) : وەنەوشە .

(٤) عەکس : وێنە . کەچ‌نەظەر : ئەوکەسەی کە ڕاست نەبینێ .
واتە : چاوی یار وەك ئاوێنە وایە و تۆیش ، ئەی ناحەز ، لە چاوی یاردا وێنەی چاوی لاری خۆت ئەبینی . بۆیە وائەزانی چاوی یار خێل و قیچە . مەبەستی ئەوەیە بڵێ چاوی خۆت خێل و قیچە نەك هیی یار ،

هەرکەسێ نوقصانیی ڕۆی باوێتە سەر ڕۆی ئاینە
شاهیدی هەرچەندە (رأي العين)ە ، کێ باوەڕ دەکا ؟! (٥)

کاتبی خێر و شەڕی عوششاقە ، بۆ وەصڵ و فیراق ،
لوطف و قەهری هەر بە جارێ سەیری دۆ دەفتەر دەکا (٦)

بەڵام چونکە تۆ لاربینی خوار و ژۆر و خێر و شەڕ لە یەك ناکەیتەوە و ، لەجیاتیی خۆت یار بە خێڵ ئەزانی ..

لەنێوان (خێر) و (شەڕ) و ، (خوار) و (ژۆر)دا طیباق هەیە .

(٥) باوێتە : بخاتە . ئاینە : ئاوێنە . رأی العین : ئەوەی زەق بە چاو ببینرێ .

واتە : وەك وتم ناحەز خۆی ناشیرین و خێڵ و قیچە ، نەك یاری من کە ڕۆی وەك ئاوێنە بێ‌گەردە . جا هەرکەس بێت و ناشیرینیی خۆی بخاتە ئەستۆی ئاوێنە و ئەو تاوانبار بکا و بڵێ خەتای ئەوە کە من ناشیرینم ، با شایەتیشی هەبێ ، کە دیمەنەکەیەتی کە لە ئاوێنەکەدا بە ناشیرینێ دەرئەکەوێ ، کەس باوەڕی پێ ناکا .

نوقصانیی ڕۆی (چن) و (عم) و (ت) و (ك) و (مز) : نوقصانی ڕۆ .

(٦) واتە : یار وەك فریشتەی تۆمارکردنی چاکە و خراپەی بەندەکانی خوا وایە . چۆن ئەوان بەجارێ چاکە و خراپەی بەندە ئەنۆسن و بەپێی ئەوەی ئەینۆسن کۆمەڵە بەندەیەك ئەنێرنە دۆزەخ و کۆمەڵێکی‌تر ئەنێرنە بەهەشت ، ڕۆخۆشێ و ڕۆگرژیی ئەمیش بەجارێ سەیری دەفتەری کرداری دڵدارانی ئەکا تا بزیار بدا کامیان بخاتە بەهەشتی (پێ‌گەیشتن) و کامیان بخاتە دۆزەخی (دۆرێ) . دیارە کە بە جارێکیش تەماشای کرد، چاوە ساغەکەی ئەبینێ و چاوە خێڵەکەی نابینێ .. جا ئەگەر بە نیازی پێ‌گەیشتن تەماشای دەفتەرەکەی کردبو ، هەندێك بەرئەکەون و پێی‌ئەگەن و هەندێکیش ئەکەونە پشت گوێ . ئەگەر بە نیازی بزیاردانی دۆرییش تەماشای کردبۆ ئەوا ئەو هەندەی ئەکەونە بەر چاوە ساغەکەی بێ‌بەش ئەبن و ئەو هەندەکەی‌تر ئەو بزیارە سەختەیان بەسەرا نادرێ .

لەمبەیتەدا ئیشارەت بەو واتە ئایینییە کراوە کە ئەڵێ هەر مرۆیەك دۆ فریشتەی بەسەر شانەوەیە چاکە و خراپەی تۆمار ئەکەن .

« نالێ » ئەو وەحشێ غەزالە کەس ئەبەر داوی نەکەوت
چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە ، دائیم سەر دەکا (٧)

— ١٢ —

چاوەکەت ئاگر لە سینەی عاشقی میسکین دەکا
مەستە ، مەیلی چەن کەبایێکی دڵی خوێنین دەکا (١)
طالیبی لێوین و ئەڵقەی زوڵفمان نیشان دەدا
ژاژەوی میصرین و ئەو ژۆمان لە موڵکی چین دەکا (٢)

---

(٧) وەحشێ غەزال : ئاسکی کێوێ . ئەبەر : بەر .
واتە : نالیبا ! تائیستا کەس نەکەوتووەتە داوی ئەو یارەوە کە بپێکرێ و ئەویش بێ بیگرێ و بیبا ، چونکە چاوە وەك شەهێنەکانی ئەوەندە تیژ و زۆبینن ، کە بۆ کەسێ ئەژوانن تیری نیگایان سەر ئەکا و ناپێکێ .
لە کۆکردنەوەی (سەر) و (بەر)دا جیناسی لاحیق هەیە .
ئەبەر داوی (چر) : لەبەر ژاوی . (چن) و (ك) : لەبەر داوی . (مز) : وەبەر داوی . (کم) : بەسەر داوی . سەردەکات (عم) : شەڕ دەکات .

— ١٢ —

(١) واتە : چاوت ئاگر بەرئەداتە سینەی دڵداری بەسەزمان کە هێلانەی دڵیەتی .. بەڵام ناهەقی نییە وائەکا .. سەرخۆشە . سەرخۆشیش بۆ مەزە حەزی لە کەبابە . چییش لە دڵی خوێناوێ چاترە بۆ کەباب ؟! .
لەم بەیتەدا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە : مەست بۆ چاو و کەباب بۆ سینە و دڵ بۆ عاشق ئەگەڕێتەوە .
ئاگر (عم) : ئاور . بەڵام ئاشکرایە هەڵبەستی نۆسەرێکی موکریانییە ، چونکە ئەمە زاراوەی ئەو ناوچەیەیە .
ئەم پارچەیە تەنها لە نوسخەکانی (عم) و (گم)دا هەبۆن .
(٢) ژاژەو : ڕێبوار .
واتە : ئێمە داوای ماچی لێوی سۆری لێ ئەکەین ، کەچی ئەو ئەڵقەی ڕەشماری زوڵفیمان پیشانئەدا و پێیمان ئەترسێنێ . سەیرە .. ئێمە ئەمانەوێ بۆ میسر بژۆین کە (یۆسف)ی ونبۆمانی تیایە ، کەچی ئەو

تا موعەییەن بێ کە زۆرن دەس گریو دەس کوژی
فەرقی سەر ، پەنجەی بە خوێناوی حەنا ڕەنگین دەکا (٣)

بێ قسەی غونچەی دەمت کاتی تەبەسسوم ڕۆبەڕۆ
هەتکی شوعلەی بەرق و نەظمی دائیرەی پەروین دەکا (٤)

بەرەو ولاتی چینمان ئەنێرێ و ئەمانخاتە ئەودیوی کێوی (قاف) .. لە وشەی (چین)دا ئیشارەت کراوە بـە چـین چینیی زوڵف و ڕەشێ و بۆن خۆشییەکەی وەك موشکی خەتا و خوتەن .

لە کۆکردنەوەی (لێو) و (زوڵف)دا تەناسـوب و لـە یەکخستنی (میصر) و (چین)دا طیباق هەیە ، چونکە میصر لە خۆراوا و چین لە خۆرەلاتە . لە هێنانی میصر و چینیشدا بەدوای لێو و زۆڵفدا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

ئەڵقەی (عم) : حەڵقەی . ڕاڕەوی (عم) : ڕەهزەوی . ئەو ڕۆمان (عم) : واریدمان . بەڵام ئاشکرایە هەڵبەستی نۆسەرێکی موکریانییە ، چونکە ئەمە زاراوەی ئەو ناوچەیەیە .

(٣) موعەییەن : ئاشکرا و دیارێ . دەس گر : دیل ، دەستگیر . دەس کوژ : بە دەس کوژراو . فەرقی سەر : تەوقی سەر . حەنا : خەنە .

واتە : بۆئەوەی لای هەمۆکەس ئاشکرا و دیاری بێ کە یار زۆر کەسی بە دیل گرتووە و زۆریشی بە دەستی خۆی کوشتووە ، خەنـەی وەك خوێن سۆر ئەدا لە تەوقی سەر و لە پەنجەکانی ، گوایە ئەو خەنەیە کە سەر و دەستی پێ ڕەنگین کردووە خوێنی قوربانییەکانیەتی .

دەس گریو دەس کوژی (گم) : دەستگروی دەستکوژی .

(٤) تەبەسسوم : زەردەخەنە . هەتـك : ئابڕۆ بردن . بـەرق : برۆسکەی هەور . پەروین : چەنـد ئەستێرەیەکی وردن لە دەوری ئەسـتێرەی (ثەور) کۆبۆنەتەوە .

واتە : خونچەی دەمت بێئەوەی هیچ بڵێ ، هـەر تەنها بە بەرەوڕۆ وەستان، لەکاتی زەردەخەنەدا، بە خڕیی خۆی و بە دەرخستنی ڕیزی دانە سپییەکانت ، ئابڕۆی ڕۆشنایی کاتی هەورە برۆسـکە و ڕێك وپێکیی بازنەی دەوری ئەستێرەی پەروین ئەبا .

ئەشگونجێ (ڕۆبەڕۆ) نەبێ (ڕۆ و برۆ) بێ . بەمپێیە مەعنای بەیتەکە وای لێدێتـەوە : ڕۆت لەبەر ڕۆشـنێ و برۆت لەبـەر کەوانییەتێ ،

تیری موژگانت له سینەمدا دەچێ بۆ پیری دڵ
هێنده کەچ ئایینه قەصدی خانەدانی دین دەکا (٥)

گوڵ به دەم بادی صەباوه پێکەنێ یەعنی وەرە
تۆ له وەصڵم بۆ بەرە ، ئەو بۆیه بولبول شین دەکا (٦)

بێئەوەش که موحتاجی قسەکردنی دەمت ببن ، تەنها به زەردەخەنەیەکی لێو ، ئابڕوێ تیشکی هەوره برۆسکه و بازنەی دەوری ئەستێرەی پەروین ئەبەن . بەپێی ئەم مەعنایه مەبەست له (قسەی دەمی کاتی زەردەخەنه) ئەوه ئەبێ دەم به تەنها زەردەخەنەکەی وەك هاتبێته دەنگ و شایەتییەکی دابێ وایه .

ئەشبێ وشەی (بێ قسەی) لەپێشانا (بێ قسه) بۆبێ و به هەڵەی نۆسیار ئەو (ی)یەی هاتبێته سەر . بەم پێیه مەعناکه وای‌لێدێتەوه : خونچەی دەمت لەکاتی زەردەخەنەدا هەر بەتەنها خۆی و بێئەوەی پێویستی به وتنی هیچ هەبێ ، ئابڕوێ زۆشناییی کاتی هەوره برۆسکه و، زێڤوپێکیی بازنەی دەوری ئەستێرەی پەروین ئەبا .

(٥) کەچئایین : بێدین .

واته : تیری برژانگت که له کەوانی برۆتەوه تەقاندوتەته سینەم ، له هەمو شوێنەکانی سینەمدا پیری دڵمی کردووه بە نیشانه ، که ئەبو لەبەر پیرێ و پێشەوایێ قەدری بزانێ و خۆی‌نەداته قەرەی . برژانگت ئەوەنده بێدین و ئایینە کەسی نەدۆزیوەتەوه بیکا به نیشانەی تیری خۆی ، دڵ نەبێ که لانەی خواناسییه .

ئەشگونجێ (له سینەمدا) بەمجۆره بێ : (له سینەم دا) واته : تیری برژانگت نا به سینەمەوه و ئەویش ئەچێ له پیری دڵم ئەدا .. تاد .

له دو نوسخەکەی بەردەستمانا لەجیاتیی (پیری دڵ) نوسرابو (پری « پەڕی » دڵ) . ئێمه ئەوەمان به هەڵه زانێ و کردمان به (پیری دڵ) چونکه هەم مەعناکەش بەمجۆره بە باشێ دێ و ، هەم لەبەر هاوسەنگیی (تیری) و زێکیی تێکڕای نیوه شیعرەکەش .

بۆ پیری « پەڕی » (عم) : لۆ پەڕی .

(٦) واته : گوڵ به دەم شنەی بای سبەینێوه پێکەنێ و خونچەی پشکۆت . ئەو پشکۆتن و دەم کردنەوەیەی ئەوەبو به بای سبەینانی وت وەرە بۆنی خۆشی وەصڵی یار له من وەرگره و بە جیهانا بڵاوی کەرەوه . بولبولی زار و دڵداریش که بەم کەین و بەینەی زانێ و ئەم قسەیەی

چاوی من بەحری موحیطی تۆیە بۆ دەفعی گەزەند
لێت موعەییەن بێ کە « نالێ » گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا (٧)

— ١٣ —

یا بدرُ علوًّا و ضیاءً و کمالا
فالغصنُ مع الأصلِ الی فرعِكَ مالا (١)

گوڵی گوێ لێ بۆ و تێگەیشت خۆشەویستەکەی لەگەڵ یەکێکیترا گفت و پەیمانی هەیە ، لەداخا کەوتە گریان و شین .

بەمپێیە ڕستەی (ئەو بۆیە) لەبناخەدا (ئەوە بۆیە) بووە و لەبەر خاتری ڕێکیی شیعرەکە سۆك کراوە . ئەمە ڕای مامۆستا عەلێ موقبیلە ، بەڵام ڕێیشی تێئەچێ (ئەو بۆیە) نەبێ ، (ئەو بەویە) بێ . واتە : گوڵ لەگەڵ بای سبەینداندا ئەم قسەیە ئەکا و بولبول لەولاوە بۆ خۆی لەداخا دەست ئەکا بە گریان .

(٧) بەحری موحیط : دەریای بەرین و بێ ســنوور ، ئوقیانوس . گەزەند : زیان .

واتە : تۆ لەناو چاوی مندای و هەمیشــە لەبەر چاومی و چاوم وەك دەریایەك وایە دەوری تۆی گرتووە بۆئەوەی هیچ زیانێکت تۆش نەبێ . تۆیش دڵنیا بە من هەمیشــە بە دڵ و گیان تۆ ئەپارێــزم و برژانگەکانی چاومت بۆ ئەکەم بە پەرژین تا دەستی کەست نەگاتێ ، یا دڵت بۆ ئەکەم بە پەرژیــن .

لە شیعرەکەدا ئیشارەتێکی ناسکیش بۆ ئەوە هەیە کە خەڵك چــاوی پیس بەهۆی زیان گەیشتن دائەنــێن ، کەچێ ئەم بە چــاوی ، یارەکەی ئەپارێزێ ..

لە ڕستەی (گوڵ بە دڵ پەرژین دەکــات)دا لەطافەت هــەیە چونکە (دڵ) ، هەروەك ڕۆنمان کردەوە دۆ مەعنا ئەدا .

دەفعی (گم) : بەحری .

— ١٣ —

(١) واتە : ئەی ڕۆی وەك مانگی چواردە جوانی یار ، تــا ئەتوانی بەرزتر و ڕۆناکتێ بەخشتر و پڕ و تەواوتر بە ، چونکە شــان و قۆڵی یــار لەگەڵ لەش و لاریدا ، بەرەو زوڵفی درێــژی بۆ داوێــن شــۆڕ بووەوەی ، لار بۆنەتەوە و ئەگەر تۆ بەرزتر نەبێتەوە و ڕۆشنتر نەبی شــەوی درێژی زوڵفی ئەو ئەگاتە زەوێ و دەوروبەر ئەگرێتەوە و ئەیکا بە تاریکستانێ .

تا سونبولی زوڵفت له نیهالی قەدت ئالاّ
من دۆدی هەناسەم گەییە عالەمی بالاّ (٢)

ما عادَلَكَ البانُ ، ولا اللينةُ لِيناً
اذ عَدَّلَكَ الباریءُ حسناً و جمالا (٣)

من گریە ، ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین
من لەعلی بەدەخشان و ، ئەتۆ لوئلوئی لالا (٤)

نالێ لەم شیعرەیدا زۆری یاری شوبهاندووە بە مانگی چواردە و لەش و لاری بە ساقی درەخت و قۆڵ و باڵی بە لقەکانی و زوڵفی زەشی درێژیشی بە شەو . بۆیە پێویستی بە مانگێکی خۆی چواردەیە بە ناوەڕاستی ئاسمانەوە زۆری زەویی بۆ ڕۆشن کاتەوە .

لە (بەدر)دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە و ، گفتوگۆی لەگەڵ یاردا بەڵگەکەیەتی .

لە کۆکردنەوەی (کمالا) و (فرعك مالا)دا جیناسی تەرکیب و ، لە کۆکردنەوەی (غصن) و (اصل) و (فرع)دا تەناسوب هەیە .

یا بدر (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (مز) : یا بدری . فالغصن (عم) و (گم) : الغصن .

(٢) نیهال : نەمام . دۆد : دۆکەڵ . بالاّ : بەرز .

واتە : کە دیم زوڵفی وەك گوڵی سونبولت باوەشی بە نەمامی بالاّتا کرد و لێی ئالاّ ، خەم و پەژارە دایگرتم کەوا چۆن خۆم لێی بڕبەش بۆم. بۆیە دۆکەڵی هەناسەم بەرز بووەوە و گەیشتە ئاسمان .

ئەم بەراوردەی نالێ لەنێوان شۆڕ بۆنەوەی زوڵفی یار و گەیشتنە ئاسمانی دۆکەڵی هەناسەی خۆیدا کردۆیە ، شاکارێکی هونەریی بەرزە .

لە کۆکردنەوەی (ئالاّ) و (بالاّ)دا جیناسی لاحیق هەیە .

(٣) واتە : زێکی و بەرزیی دەرختی بان (کە درەختێکی بەرزە گەڵای وەك گەڵای بێ وایە) ناگاتە زێکێ و بەرزیی بااڵت و نەرمیی سەرینی زۆر نەرمیش ناگاتە نەرمیی لەشت ،چونکە تۆ خوا خۆی بەتایبەتێ بە جوانێ و شۆخێ زێکی خستۆی .

(٤) گریە : گریان . خەندە : پێکەنین . لەعلی بەدەخشان : لەعل بەردێکی سۆری گرانبەهایە لە کان دەرئەهێنرێ و بەدەخشانیش ولاتێکە لە زۆژەڵاتی باشۆری ئێران بە کانی لەعل ناوبانگی دەرکردووە . لوئلوء : مرواڕێ . لالا : لەئلاء ، درەخشان .

بادِرْ ، وَ أغرِ كوكبةَ البدر بـداراً
قد فقتَ سَنا الشارقِ ، لا ذُقتَ زوالا (٥)

طوڕڕەت وەکو تۆماری شکستە و ، سەری کوڵمت
بۆ تۆری سەوادم بووەتە شەمعی موتالاّ (٦)

واتــە : من گریان بە تۆ ئەفرۆشــم و فرمێســکی خوێنینی خۆمت ئەدەمێ و تۆیش لەباتیدا پێکەنینم پێ ئەفرۆشــی و گاڵتــەت بــە ڕازی خۆشەویستییەکەی من دێ و مرواریی ڕیــزی دانە سپییەکانتم پیشان ئەدەی .

ئەشگونجێ مەعناکەی وابێ : من کە گریانت پێ ئەفرۆشم تۆ دڵۆپی فرمێسکی سپیت لە منــەوە دەســگیر ئەبێ و ، تۆش کــە پێکەنینم پێ ئەفرۆشی من دێتنی لێوی وەك لەعل سۆرتم پێ ئەبڕێ .

لە کۆکردنەوەی (گریە) و (خەندە)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (لەعل) و (لوئلوء)دا تەناسوب هەیە .

من گریە ، ئەتۆ خەنــدە (عم) و (گم) : من گریەوو تــۆ خەندە . بەیەکدی (چر) : بەیــەکتر . بەدەخشــان و (عم) : بەدەخشــانی . (کم) و (ت) : بەدەخشان .

(٥) واتە : زۆکە دەستوبرد کە هێرش بەرە ســەر تیپی لەشــکری مانگــی چواردە و لەناوی‌بەرە . تۆ لە خۆر بەرزتر و بەڕێزتری ، یاخوا هەرگیز نوشوستێ نەهێنی !

لە کۆکردنــەوەی (بــدر) و (بدارا) دا جیناســی ناقیص و ، لــە کۆکردنەوەی (فقت) و (ذقت)دا جیناسی لاحیق هەیە . جگە لەوەش کە لە باس‌کردنی (زەوال)دا ئیشارەت بە لادانی خۆر هەیە لە ناوەڕاستی ئاسمان کە زاراوەیەکی فیقهییە و بەکارهێنانەکەی تەناسوبی تیایە .

واغر (چن) : واعن .

(٦) طوڕڕە : زوڵف. تۆمار : جاران ئەو نامانەی بە خەتی خۆش ئەنۆسران و ڕستەی جوانیان تیا ئەهۆنرایەوە ، کۆیان ئەکردنەوە و بەڕێز ئەیانلکاندن بەیەکەوە و پاشان لۆلیان ئەکرد و نامە نامە بە دەرس بە منداڵیان ئەوت بۆئەوەی نۆسەری خــەت خۆش و ڕەوان‌بێژیان لێ دەرچێ . بەوەیان ئەوت تۆمار . شکستە : جۆرە خەتێکی فارسییە بەئاسانێ بۆ هەمۆکەس ناخوێنرێتەوە و کەســی شارەزای ئــەوێ . ســەواد : خــەتی ڕەشی بەردەست . جاران بە خوێندەواریش ئەوترا . موتالاّ : تەماشا کردن و خوێندنەوەی کتێب .

ئەو چاوە غەزالە فەتەراتی سەر و مالّە
ئەو نەرگسە کالّە نە منی هێشت و نە کالاّ (٧)

حوققەی فەلەکول‌ئەطلەس و ئەستۆنەیی زێڕین
بێ بێکە بە تارای سەرو ترکەی خەز و والاّ (٨)

واتە : زوڵفی ڕەشی پێچ پێچت تۆماری نامەی بە خەتی شکستە نۆسراوە ، هەمۆکەس سەرێ لێ دەرناچێ . سەری کوڵمیشت وەك مۆمی داگیرساو وایە من لەبەر ئەو مۆمەدا بەرچاوی خۆم ڕۆشن ئەکەمەوە و تۆماری زوڵفت ئەکەمەوە و ئەیخوێنمەوە و لە جوانێ و پڕ مەعنایییەکەی ئەگەم .

نالێ لەم شیعرەیدا دۆ شێوەی لە زوڵف و ڕۆمەتی دۆستەکەی دروست کردووە لە یەك جیان و بێ یەکیش نایانکرێ ، جگە لە طیباقی ڕۆناکێ و کراوەیی ڕۆمەت و لۆلێ و ڕەشیی زوڵفیش .

شکستە و (چن) و (ك) : شکستە . (مز) شکستەی . کوڵمت (مز) : زوڵفت .

(٧) غەزال : ئاسك . فەتەرات : فەوتان . کالاّ : پارچە ، کەڵو پەڵ .

واتە : چاوی یار لەو ڕووەوە کە لە گەورەیدا وەك چاوی ئاسك وایە، هۆی لەناوچۆنی سەر و مالّی دڵدارە . لەو ڕووەشەوە کە لە مەستیدا وەك نێرگسی کاڵ وایە ، خۆیشم و هەرچیم هەیە هەمۆی لەناوبرد .

نالێ لەم شیعرەدا چاوی یاری بە دۆ جۆر شوبهاندووە . لەلایەکەوە لە گەورەیێ و تێژیدا شوبهاندۆیەتی بە چاوی ئاسك . لە لایەکی کەشەوە لە خەوالۆیەتێ و لە مەستیدا شوبهاندۆیەتی بە نێرگسی کاڵ .

لە کۆکردنەوەی (چاو) و (سەر) و ، (سەر) و (مالّ)دا تەناسوب و ، لە یەکخستنی (مالّ) و (کالّ)دا جیناسی لاحیق و ، لە یەکخستنی (کالّە) و (کالاّ)دا جیناسی ناقیص هەیە .

نەرگسە (کم) : نێرگسە . (گم) : نێرگزە . (ت) : نەرگسی .

(٨) حوققە : ئاسمان . فەلەکول ئەتڵەس : لای فەیلەسۆفە کۆنەکان ناوی ئاسمانی نۆهەمە چونکە ئەوان (عەرش) و (کورسی)یشیان بە ئاسمان داناوە . ئەستۆنە زێڕینە : کۆڵەکە زێڕینە ، (قوس قزح) . تارا : سەرپۆشی بۆك . ترکە : چارۆکەی کۆڵ . خەز : ئاوریشم . والاّ : جوان . پایەبەرز .

دنیا به فیدای قەددی بکه ، دامەنی بگره
طوبی لِمن اختارَ علی المالِ مآلا ! (٩)

« نالیَ » به ئومێدی ظەفەری طەوقی تەلیسمت
ماری سڕی زولفت له سەر و گەردنی ئالاّ (١٠)

— ١٤ —

حیرەتزەده وا دیده وەکو حەلقەیی دەر ما
بێمایه نییه عاشیقی بێچاره ، (بفرما) ! • (١)

واته: تۆ شایانی ئەوەی ئاسمانی فەلەکول ئەتڵەس بکەی به سەرپۆشی ژۆژی بۆکێنیت و کۆڵەکه زێڕینه بکەی به چارۆکەی ئاوریشمی جوانی کۆڵت . دۆر نییه لەو سەردەمەشدا دۆ قوماشی گرانبەها بۆبێ به ناوی (فلك الاطلس) و (ستۆنی زێڕین)ەوه ، تەنانەت که ئیستاش قوماشی (ئەتڵەس) هەیه .

(٩) واته : دارایَ و سامانی دنیا بکه به قوربانی بالاّی و ، دەسەو داوێنی ببه، پاره قیمەتی نییه ، سەرەنجامی خۆش شته . خۆزگه بەوەی بیر له دوارۆژ ئەکاتەوه و ئەیخاته پێش ڕابواردنی ئیستاوه و سەرەنجامی خۆشی لا له پاره و دارایَ بەنرختره !

له کۆکردنەوەی (قەد) و (دامەن)دا تەناسوب و ، له کۆکردنەوەی (مالّ) و (مەئال)دا جیناسی ناقیص هەیه .

بکه (چر) و (عم) و (گم) : بکەو . علی المال (ت) : علی الحال .

(١٠) ظەفەر : دەستکەوتن . طەوق : کۆت . طەلیسم : ئەفسانه و جادۆی پەی پێ نەبراو .

واته : نالیَ به هیوای پەیپێبردن و کردنەوەی طەلیسمی گەنجینەی ڕۆت هات ، بەڵام له جیاتیی ئەوەی بە مرازی دڵی خۆی بگا ، ماری سڕی زوڵفتی له سەر و گەردن ئالاّ و بۆ بەداوەوه . له ئەفسانەی کۆندا هەیه مار بەسەر گەنجینەی شارراوەوه پەپکه ئەخوا .

له کۆکردنەوەی (سەر) و (سڕ)دا جیناسی ناقیص هەیه .

ظەفەری طەوقی (ك) : ظەفەری طەوق و . (مز) : ظەفەر و طەوق . سڕی (کم) : سەر و . (گم) : سەری . سەر و (کم) : مل و .

— ١٤ —

(١) حیرەتزەده : سەرسام و سەرگەردان . حەلقەیی دەر : ئەڵقەڕێزی

بێ ، سەروی ژەوانم ! کە لەبەر ئەشکی ژەوانم
خەرقە بووەتە غەرقە ، کەوا سەوزە لەبەرما (٢)

ئەی واعیظی بارید چییە هەروەك هەرەسی کێو
بەو وەعظە کە بایە هەمو ، هاتوی بەسەرما ؟! (٣)

دەرگا کە هەمیشە لە دەرەوەیە و سەر بائەدا و چاوەژوانە .. بێمایە : بێکارە و بێدەسەلآت و هیچ لە دەست نەهاتو . بفەرما : وشەیەکی فارسییە واتە فەرمو .

واتە : چاوم سەرگەردان و سەرسامە وەك ئەلقەژێزی دیوی دەرەوەی دەرگا کە هەمیشە لەدەرەوەیە و بەهۆی هاتوچۆی خەلکەوە ئەلەرێتەوە و هەردەم چاوەژوانە یەکێکیتر دەرگاکەی پێ بکوتێتەوە . دە فەرمو بگەرە فریام ، وامەزانە عاشقی بەدبەخت هیچی لە دەست نایەت و هیچی لەبارەدا نییە .. گەورەترین سەرمایەی بەدەستەوەیە کە سەرچاوەی لەبن نەهاتوی خۆشەویستییە .

بێمایە (کم) و (گم) : بێپایە .

(٢) بێ : وەرە . ژەوان (ی یەکەم) : بەرز و قنج . ژەوان (ی دوەەم) : جاری ، ئەوەی ئەژوا . خەرقە : عابا . پالتۆ . غەرقە . نوقمی ئاو .

واتە : ئەی یاری بالآ وەك سەرو بەرزم ! وەرە لام و بگەرە فریام ، وا من بەهۆی ژێژەنی فرمێسکمەوە هەموی گیانم لە ئاو هەلژەنراوە . خەرقەکەی بەرمە لە ئاوا نوقم بووە و ، کەواکەمە ئەویش ئەوەندەی ئاو بەسەرا ژۆیشتووە گیای لێ ژواوە .

ئەشگونجێ (بێ)ی سەرەتای شیعرەکە مەفعوڵی (بفەرما)ی دوا وشەی شیعری پێشوی بێ ، واتە بڵێ : وەرە ! تاد .. هەروەها ئەگونجێ (کەوا) بە مەعنا (کە) بێ واتە : ئەوەتە .. ئەوەش ئەگونجێ کە (لەبەر) بەمەعنا (لەپێشی) و ، (ما)ی (لەبەرما) عەرەبێ بێ و کورتەی (ماء) بێ واتە : کەواکەم لەبەر ئاو یا لە بەراوا سەوز بووە .. لەنێوان هەردو (ژەوان)دا جیناسی تەواو و ، لەنێوان (خەرقە) و (غەرقە)دا جیناسی موضاریع و ، لەنێوان (خەرقە) و (کەوا)و ، (غەرقە) و (سەوزە)دا تەناسوب هەیە .

(٣) بارید : سارد . هەرەسی کێو : بەفری زۆر کە لە دەمەو بەهارا بنەکەی ئەتوێتەوە و لەجێی خۆی ئەجوڵێ و لە لاپاڵەکانەوە لێژ ئەبێتەوە بۆ ناو چەم و دۆڵ و دار و بەردێکی زۆریش لەگەڵ خۆی دێنێ و وا ئەبێ

بۆ هەرکەسێ مەبذۆلە طەریقێکی ئەمانەت
هەر عاشقی بێچارە لە ڕێی خەوف و خەطەر ما (٤)

دیدەم هەموشۆراوە بە شۆراوی سوروشکم
لەم لەوحە نیگارینە نە عەین و نە ئەثەر ما (٥)

ئاوایێ و باخ و باخاتی بەرئەکەوێ وێرانی ئەکا و بنیادەمی دێتەڕێ ڕای‌ئەماڵێ و ئەیکوژێ . بایە : سۆك و بێ‌بایەخە .

واتە : ئەی ئامۆژگاریێ‌کەری قسە سارد ! ئەوە چییە ، وا وەك هەرەسی کێو بە ئامۆژگاریيە سۆك و بێ‌بایەخەکانت هاتوی بەسەرما داتگرتومەوە ، یاخود بە سەرمای زستان هاتوی ئامۆژگاریيە وەك (با) بێ‌مایەکانت ئەدەی بەگوێما . .

لەنێوان (بارید) و (هەرەس) و (کێو) و (با)و (سەرما)ی (بەسەرما)دا تەناسوب هەیە .

که بایە هەمو ، هاتوی (گم) : که وەك بایە ئەوەند هاتوە .

(٤) مەبذۆل : ئاسان . ئەمانەت : سەلامەتێ . ما : مایەوە .

واتە : هەرکەس ڕێگایەکی بێ‌وەی و سەلامەتی بۆ ئەلوێ بیگرێتەبەر، عاشقی داماو نەبێ ڕێگاکەی هەمو مەترسێ و مەینەتە .

طەریقێکی (چر) : طەریقێکە .

(٥) شۆراو (ی دۆهەم) : شۆرئاو ، ئاوی سوێر . لەوح : تەختە . نیگارین : وێنە لەسەر کراو . عەین : چاو . ذات . ئەثەر : نیشانە . عەرەض .

واتە : چاوم هەمۆی بە فرمێسکی وەك ئاو و خوێ سوێراوم شۆراوەتەوە ، بەڕادەیەك ئەو تەختە نیگارینە کە هەزاران وێنەی تێدا نەخش کرابو ئیستا هیچی تیا نەماوە ، نە چاو و نە پاشماوەی چاو ، یان نە خۆی و نە نیشانەکانی .

نالێ لەم شیعرەدا ئیشارەتێکی ناسکیشی بە ئایەتی « في لوح محفوظ » کردووە و ، ویستوێیە بڵێ : بەپێچەوانەی لەوحە پارێزراوەکەی ئایەتەکەوە ، لەوحی چاوی ئەم هیچی نەماوەتەوە .

لەنێوان هەردو (شۆراو)دا جیناسی تەرکیب و ، لەنێوان (عەین)و (ئەثەر)دا کە بەمەعنا (ماددە) و (عەرەض)ن طیباق هەیە .

لەوحە (عم) : لەوحی . عەین و (چن) و (عم) و (گم) و (ك) و (مز) : لەوح و .

وا ظەن مەبە ڕۆخسارەیی تۆ غائیبە قوربان
بنواڕە چلۆن نەقشە لەێێو دیدەیی تەڕما (٦)

یا توربەتێ ، یا غوربەتێ با ڕێ بشکێنین
هەر مونتەظیرە « نالێ » ئەگەر مرد و ئەگەر ما (٧)

---

(٦) ظەن : گومان . چلۆن : چۆن .

واتە : ئازیزەکەم ! لەم قسانەوە کە کردمن وا گومان نەبەی کەوا وێنەی ڕۆخسارە نازدارەکەی تۆش وەك وێنەکانیتر شۆراوەتەوە و لەناو چاوما نەماوە . نەء .. وێنەی تۆ هەمیشە هەر ئەمێنێ .. سەیرکە چۆن لەناو چاوە بە فرمێسك تەڕەکەمدا نەخشە و دیارییە . ئەم شیعرە موبالەغەیەکی زۆر جوانی تیایە ، چونکە نەخش بە عادەت ئەبێ لەناو ئاوا بکوژێتەوە ، کەچی نەخشی ئەم لەناو ئاوا جێگیربووە .

لەێێو (کم) : لەناو .

لە نوسخەکانی (چر) و (چن) و (عم) و (ت) و (ك) و (مز)دا ئەم شیعرە لەپێش شیعری پێشووەوەیە ، تەنها لە نوسخەی (کم) و (گم)دا بەمجۆرەیە کە لێرەدا دامانناوە . ئێمە ئەمەمان بەلاوە لەبارتر بو .

(٧) توربەت : گۆڕ . غوربەت : غەریبێ . ڕێشکاندن : هاتوچۆکردن .

واتە : یا غەریبیم بشکێنە و بانگم کە بێمەوە ئەگەر بەسەر زیندوێ بۆم ، یا ئەگەر مردم سەرێ لە گڵکۆکەم بدە و گۆڕەکەم پێشێل کە .. هەرچۆن بێ من هەمیشە چاوەڕێی پێگەیشتنتم ، چ بە زیندوێ بێ و چ بە مردوێ . کەواتە با ئەم لێکبڕانە بەس بێ و ڕچەی نێوانمان بشکێنین و بە یەك بگەینەوە .

لەێێوان (توربەت) و (غوربەت)دا جیناسی لاحیق و ، لەێێوان (مرد) و (ما)دا بەدوای (توربەت) و (غوربەت)دا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

لە دارشتنی ئەم پارچە شیعرەوە وادەرئەکەوێ نالێ پاش چۆنی بۆ شام داینابێ ، چونکە بە عادەت چۆن بۆ فەقێیەتی لە کوردستاندا بە چۆنە غەریبێ دانانرێ مادەم فەقێکە هەر لە ولاتەکەی خۆیایەتی و نیازی گەڕانەوەشی هەیە پاش لێبۆنەوە لە خوێندن . جا ئەگەر وابێ کە ئێمە بۆی چووین ، ئەوا وائەگەیەنێ کە (حەیبە)ی نەهێنابێ ، چونکە ئەگەر هێنابۆیایە و ژنی بوایە پێویستی نەئەکرد ئەو بانگی کاتەوە بێتەوە .

بشکێنین (کم) و (گم) و (عم) : بشکێنن .

جه‌نانی وه‌ك جینان كردم به ماوا
(حه‌بیبه)ی (مالّیاوا) مالّی ئاوا ! (١)
حه‌لاّلّی بێ نیكاحی حۆری عینم
به جۆتێ ناظیری شه‌رع و فه‌تاوا (٢)

---

(١) جه‌نان : دڵ . جینان : جه‌معی (جه‌نه‌ت) ه به‌مه‌عنا به‌هه‌شت . ماوا : مه‌ئوا ، جێگه . مالّیاوا : دێی خۆشه‌ویسته‌كه‌ی نالێ بووه .
واته : حه‌بیبه‌ی مالّیاوایێ ، خوا مالّی ئاوا كا ، دڵی وه‌ك به‌هه‌شت ئاوه‌دان كردمه‌وه و كردی به جێ و ماوای خۆی .
له كۆكردنه‌وه‌ی (جه‌نان) و (جینان)دا جیناسی موحه‌ڕڕه‌ف و ، له‌نێوان (مالّیاوا) و (مالّی ئاوا)دا جیناسی ته‌ركیب هه‌یه .
جه‌نانی (چر) : جه‌نانت . به‌ڵام ئه‌م خیطابه له‌گه‌ڵ غیابی نیوه شیعری دۆهه‌مدا ناگونجێ .

(٢) حۆری عینم : حۆرییه سپییه‌كانم ، مه‌به‌ست له گلێنه‌ی چاوه . یاخود : حۆریی عه‌ینم ، واته چاوی وه‌ك حۆریم . ناظیر : چاو . سه‌رپه‌رشتێ‌كه‌ر .
واته : كه دڵم بۆ به به‌هه‌شت و یار تێیدا جێ‌گیر بۆ ، ئه‌بێ وه‌ك دانیشتووانی‌تری به‌هه‌شت حۆریی لێ ماره ببڕرێ ، بۆیه وا گلێنه‌ی چاویشمی پێشكه‌ش ئه‌كه‌م . ده‌با ئه‌م حۆرییه سپییانه‌ی چاومی ، یا ئه‌م گلێنه‌ی چاوی وه‌ك حۆرییه‌می لێ حه‌لاّل بێ به ماره‌بڕێ ، به‌پێی فه‌رمۆده‌ی جۆتێ چاودێرێ‌كه‌ری كاروباری شه‌رع و فتوای شه‌رع .
ئه‌شگونجێ مه‌عنای شیعره‌كه به‌م‌جۆره لێك‌بدرێته‌وه : با حۆریی سپیی چاوم ، یا چاوی وه‌ك حۆریم ، حه‌لاّلی پێویست به ماره‌بڕین نه‌كردۆی یار بێ كه دڵمی كرد به به‌هه‌شت و تیا دانیشت .. به‌م‌پێیه شیعره‌كه ئیشاره‌ت ئه‌بێ به‌وه كه حۆریی به‌هه‌شت ماره‌بڕینی ناوێ و بۆره ئیشاره‌تێكیشی تیا ئه‌بێ بۆئه‌وه كه نالییش حه‌بیبه‌ی نه‌هێناوه .
مه‌به‌ستیش له‌م ماره‌بڕینی چاوه له یار و نیشته‌جێ بۆنیه تیایدا ،

زەفافەتگاهی پەردەی ئاڵی چاوم ،
موبارەك حەجلە بێ بۆ بۆك و زاوا (٣)

صیداقی ژۆنماوو ، وەصڵی شاهید
لەگەڵ شایێ کەران بێ دەنگ و داوا (٤)

ئەوەتە مادەم کە خۆشی ویستووە ، هەرگیز شێوەیی لە بەرچاو ون نابێ .

ناظیری (چر) و (ت) : ناظیر و .

(٣) زەفافەتگاه : شوێنی گواستنەوە ، پەردە کە بۆکی تێئەبرێ بۆ زاوا . حەجلە : شوێنی تایبەتیی یەکەم شەوی بۆك و زاوا .

واتە : پەردەی سۆری خوێناویش کە بەهۆی گریانی زۆرەوە بەسەر ژۆی چاوما هاتووە ، ببێ بە شوێنێکی پیرۆزی گواستنەوە و شەوی یەکەم بۆ ئەم بۆك و زاوایە .

ئەشتوانرێ نیوەی دۆهەمی ئەم شیعرە بەمجۆرە بخوێنرێتەوە :

موبارەك حەج لەبێ بۆ بۆك و زاوا

واتە : حەجێکی پیرۆزی لێو بۆ بۆك و زاوا . مەبەستی لەوەیە هەرکام لە بۆك و زاوا کە دەم ئەبەن بەلای یەکترەوە بۆ ماچ ، لێوی هەرکامیان حەجی کەعبەی لێوی ئەویانی کردووە .

زەفافەتگاهی پەردەی (ت) : زەفافەت پەردەگاهی . حەجلە بێ (کم) : حوجرە بێ (گم) : حەجلەیە .

(٤) صیداق : مارەیێ . ژۆنما : ئەو ئاوێنەیەی لەکاتی گواستنەوەی بۆکدا ئەیگرن بەژۆیەوە و تیا دەرئەکەوێ .

واتە : مارەییەکەشی ئەو ئاوێنەیە بێ کە تیا دەرئەکەوێ کە ژۆخساری خۆیەتی و ، شاهیدی ئەم مارە بڕینەش بەیەك گەیشتنەکەیان بێ و لەگەڵ شایێ کەرانیشا کە برژانگەکانمن بێ هەرا و ئاژاوە دانیشن .

ئەبۆ ئەم شیعرە لەپێش شیعری پێشووەوە بوایە چونکە دیارە مارەبڕین و شایەتگرتن و گەیشتن بەیەکی بۆك و زاوا بەر لە گواستنەوە و چۆنە پەردە ئەبێ . لەوانەیە بە هەڵەی نۆسیار دواکەوتبێ .

صیداقی (ك) : صیداق و . شایێ کەران (کم) و (ك) : شایێتییان .

ویصالی بێ کەم و کەیفی حوضوری
لە « نالێ » گەر دەپرسێ ، یەعنی ئاوا (٥)

— ١٦ —

پەچەیی پەرچەمی‌یو ، پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگە شەوە کوڵمی تیا (١)

---

(٥) بێ کەم : بێ چەندیەتێ . کەیف : چۆنیەتێ . حوضور : هاتنە خزمەت .
واتە : ئەگەر باسی پێگەیشتنی ، لە پێگەیشتنی کەس نەچۆی بێ چەند و چۆنی یار ئەپرسێ لە نالێ ، لە وەڵامدا ئەڵێ ئا بەمجۆرە ئەبێ کە حەبیبە و چاوەکانم بەیەک گەیشتن .
ئەم شیعرەش هەر لەوانەیە بکرێ بە بەڵگە کەوا نالێ و حەبیبە بەیەکنەگەیشتوون .
کەیفی (گم) : کەیف و .

— ١٦ —

(١) پەچە : زۆپۆش . پەرچەم : قژی پێشی سەر . پرچ : زوڵف . سیا : زەش . تیا : تیایدا .
واتە : پەرچەم و پرچی زەشی یار کە بۆنەتە پەچە بەسەر زۆیەوە ، لەگەڵ کوڵمی جوان و ورشەداریا ئەڵێی شەوی مانگە شەوە ، شەوەکەی پەرچەم و پەچەکەیەتی و مانگەکەشی زۆوەکەیەتی .
نالێ لەم شیعرەدا تەشبیهی موەککەبی بەکارهێناوە ، شێوەیەکی تێکەڵاوی شوبهاندووە بە شێوەیەکی‌تر . هەروەها صەنعەتی ئیهامیشی بەکارهێناوە ، واتە شوێنە گومکێ پێکردن . ئەوەتە شوبهاندنی پەچە و پەرچەمی زەش بە مانگە شەو شتێکی سەیرە بەڵام وشەی (کوڵمی تیا) مەسەلەکە زۆشن ئەکاتەوە .
لە وشەی (پرچ) و (پەرچەم)دا جیناسی ناقیص و ، لە (سیا) و (تیا)دا جیناسی موضارع هەیە .
لە نوسخەی (تۆ)دا لەسەر ئەم پارچە شیعرە نوسراوە : « در مدح نقاب که بر سر نسائی دیده ، گفته‌اند » واتە : لە تاریفی پەچەیەکدا فەرموێانە کە بە سەری ئافرەتێکیەوە دیوە . بە شیعری شەشەمیشدا لەوە ئەچێ لە ئەستەمبوڵ وتبێتی ، چونکە هەر لە شارێکی‌وادا ئەگونجێ ئافرەتێکی‌وای دیبێ نەزانێ لە چۆنەتەوەیەکە .

لادە دەسرۆکەیی هەورێ لە جەبین
دەرکەوێ شەمس و قەمەر ، نۆر و ضیا (٢)

لێوی تۆ ئاوی بەقا ، من خضرم
فەیضی تۆ ڕەحمەت و ، من سەوزە گیا (٣)

پەچەیی (عـــم) و (گـم) و (ت) و (تـۆ) و (مـز) : پێچەیـی .
پرچی (چن) و (ت) و (ك) : زوڵفی .

(٢) دەسرۆکە : دەستەسڕی بچۆك . سەرپۆش . هەورێ : سرکەیێ ، جۆرە سەرپۆشێکی ناسـکی ڕەش و سـپیی ئاوریشـمە . جەبـین : تەوێل ، ناوچاو . ضیاء : ڕۆشنێ .

واتە : سەرپۆشی سرکەیێ لەسەر ناوچـاوت لادە با مـانگ و ڕۆژ و شەوق و ڕۆناکیی ڕۆت دەرکەوێ .

لە کۆکردنەوەی (دەسرۆکە) و (هەورێ) و (جەبـین)و هەروەهـا لـە کۆکردنـەوەی (شـەمس) و (قەمـەر) و (نـۆر) و (ضـیاء)دا تەناسوب هەیە . لە وشەی (هـەورێ)یشـدا لەطـافەت هەیە چونکە هەروەکو مەعنای سرکەیێ ئەگەیەنـێ ، ئیشارەتێکیشی بە (هـەور)ی ئاسـمان تیایە کە لەگەڵ (مـانگ) و (ڕۆژ)دا پەیـوەندی و تەناسوبی هەیـە . لە هێنانی (نـۆر) و (ضیـا)یشـدا بەدوای (شـەمس) و (قەمەر)دا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

هەورێ (ت) هەورێـن .

(٣) ئاوی بەقا : ئەو کانییەی ئەڵێن هەرکەس لێی بخواتەوە نامرێ . خضر : حەزرەتی خضر کە ئەڵێن ئاوی ژیانی خواردووەتەوە بۆیـە تا قیـامەت ئەژێ . ئیشارەتیشی بە ناوی نالێ خۆی تیایـە . فەیض : میهرەبانێ و ڕۆخۆشێ . ڕەحمەت : بارانی ڕەحمەت .

واتە : یارە نازدارەکەم ! لێوی تۆ کانیی ئاوی حەیاتە ، منیش خدری زیندەم ، هاتۆمەتە سەری لێم خواردوەتەوە و هەرگیز نامرم . میهرەبانیی تۆ لەگەڵ من بارانی ڕەحمەتە و منیش سەوزە گیـای ڕووای ئەو بارانی ڕەحمەتەم . لەنێوان (ئاوی بەقـا) و (خضر) و ، لەنێـوان (بـارانی ڕەحمـەت) و (سـەوزە گیـا)دا تەناسـوب هەیـە . لـە وشـەی (خضر)یشدا لەطافەت هەیە ، چونکە هەم نـاوی حەزرەتی خضر و هەم ناوی مەلا خدری نالێ و هەم مەعنای سەوزە گیاش ئەگەیەنێ کە لەبـەر ئاوا ئەڕۆێ .

ئاوی (چـر) و (کـم) و (ت) و (مـز) : ئـابی .

فەرشی کەففی بەری پێتە نەرگس
سەری داخستووە وەك چاوی حەیا (٤)

مەمخەرە هاوییەیی هەولی فیراق
دەستی من دامەنی تۆ ژۆژی قیا (٥)

« گێل » ئەگەر تورکی ، «تعال » ئەر عەرەبی
« بێ » ئەگەر کوردی ، ئەگەر فورسی « بیا » ! (٦)

---

(٤) فەرش : ژایەخ . کەف : سۆل . بەری دەست .
واتە : نەرگسی نازداری جوان و بۆن خۆش لەعاست جوانێ و بۆن خۆشیی تۆدا ئەوەندە خۆی یە کەم ئەزانێ ، بووە بە ژایەخی ژێر سۆلی بەرپێت ، وەك چاوی شەرم ژۆی نایەت سەر هەڵبژێ ، بۆیە وا ملی لار کردووەتەوە . یاخود : نەرگس لەعاستی تۆدا ئەوەندە خۆی بە هیچ ئەزانێ بەری دەستی کراوەی بۆ تۆ بووە بە بەری پێ .. چەند زیادەژەوییەکی جوانە ! چاوەکە خۆی بووە بە شەرم نەك چاوی کەسێکی شەرمن ..
نەرگس (کم) و (گم) : نێرگس .

(٥) هاوییە : دۆزەخ . تۆنی قۆڵ . هەول : ترس . شوێنێکە لە دۆزەخدا .
قیا : کورت کراوەی (قیام) یا (قیامەت)ە .
واتە : وەك کەسێك لە ژۆژێکی ژەش و سەختی وەك ژۆژی قیامەتدا دەسەو داوێنی کەسێکیتر ببێ بەفریایا بگات ، منیش وا دەسەو داوێنی تۆ ئەبم کەوا لێم دۆرنەکەویتەوە و تۆشی داوی دۆزەخی دۆریتم نەکەی .
ئەشگونجێ مەعنای وا لێکبدرێتەوە ئەگەر تۆشی داوی دۆریتم بکەی ، لە ژۆژی قیامەتدا لە کۆڵت نابمەوە و تۆشی لێپرسینەوەت ئەکەم و تۆڵەت لێئەسێنمەوە .
لە کۆکردنەوەی (هاوییە) و (هەول) و (دۆزەخ) و (قیا = قیامەت)دا تەناسوب هەیە . کورتکردنەوەی وشەی (قیامەت)یش بە (قیا) کە نالێ کردۆیەتی کردارێکی زمانەوانیی نوێیە هاوچەشنیمان پێشتر لە کوردیدا نەدیوە .
ژۆژی (ت) : ژۆزی .

(٦) واتە : لە هەر نەتەوەیەك هەی بە زوبانی ئەو نەتەوەیە بانگت ئەکەم ، ئەڵێم : وەرە .

سەری فەرهادم و ، دەندۆکی قوڵنگ
دەستی مەجنۆنم و ، دامێنی چیا (٧)

خاطری زاهیدی خاڵێ ، خاڵێ
نییە ، ئەڵبەتتە ، لە بێنێکی ڕێا (٨)

لەم شیعرەدا نالێ ئەیەوێ ڕادەی خۆشەویستیی یارەکەی دەربڕێ و پێیبڵێ لە هەر نەتەوەیەك بیت بۆ من چونیەکە و هەرکەس بیت ئەوەی لای من مەبەستە، پێگەیشتنتە. بەڕاستییش توانیویە بە شێوەیەکی سادە، بەڵام جوان ، ئەوپەڕی هەستی پەیوەندی خۆی پێوەیەوە دەربڕێ ..

لە هەمۆ نۆسخەکانی بەردەستمانا ، چاپ و دەستنۆسیان ، شیعرەکە لەبارەی ڕێزکردنی ڕستەکانیەوە بەمجۆرەیە کە پیشانمان داوە . تەنها لە نوسخەکەی چاپی مامۆستا گیودا نەبێ (« بێ » ئەگەر کوردی)یەکەی پێش‌خراوە ، ئەوەش زیاتر لەوە ئەچێ دەسکاریی خۆی بێ .. چونکە لەبارەی هونەری جوانکارییەوە (گێل) و (تعال) کە دوا پیتیان لامە ، بەیەکەوە بن جوانترە و (بێ) و (بیا)ش لەپاڵ یەکدا بن ، گونجاوترە بۆئەوەی جیناسێکی ناقیص پەیدا ببێ .

تورکی (ت) تورك و. ئەگەری چوارەم ــ (ت) : وەگەر. فورسی (کم) و (گم) : فارسی .

(٧) فەرهاد : فەرهادی دڵداری شیرین . دەندۆك : نۆك . قوڵنگ : چەکوشی بەرد پێ تاشین . مەجنۆن : قەیسی عامیریی شێتی لەیلا . دامێن : داوێن . بنار . چیا : شاخ .

واتە : ئەگەر نەیەیتەلام ، هەمۆ هۆیەکی گرفتاربۆنم بۆ کۆبووەتەوە . سەری فەرهاد و نۆکی قوڵونگەکەیم ، ئیتر چیم ئەمێنێتەوە بۆ پان بۆنەوە ؟! دەستی مەجنۆن و داوێنی چۆڵ و بیابانم کە سەری خۆی بۆ هەڵگرت .. ئیتر چیم ئەمێنێتەوە بۆ شێتبۆن و دەشتودەر گرتنەبەر ؟! .

لەنێوان (سەر) و (فەرهاد) و (قوڵنگ) و ، (مەجنۆن) و (چیا) و ، (دەست) و (داوێن) و ، (سەر) و (دەست)دا تەناسوب هەیە. لەنێوان ئەم شیعرە و شیعری پێشوێشدا حوسنی تەعلیل هەیە ، واتە : لە حاڵێکی نازەحەتدام ، بە هەمۆ زوبانێ بانگت ئەکەم بێیتەلام و بەفریام بگەی ، ئەگینا ... تاد .

دامێنی (چر) : دامەنی .

(٨) خاطر : دڵ . زاهیدی خاڵێ : سۆفیی بەدیمەن دەست لە دنیا هەڵگرتۆ . بێن : بۆن . ڕیا : ڕۆپاماڵێ .

دۆر له تۆ ئیدی مەپرسە ، قوربان
حاڵی « نالێ » که نه مرد و نه ژیا ! (۹)

— ۱۷ —

ڕیشەکەی پان و درێژە ، بۆ ڕیا خزمەت دەکا
ظاهیرە هەرکەس به طۆل و عەرضی ڕیشیدا ڕیا (۱)

واتە : دڵ و دەروونی پۆچ و بۆشی سۆفیی بەدیمەن دەست له دنیا هەڵگرتۆ ، هەرچۆن بێ ، بۆنێکی ڕۆپاماڵێ و مەرایێ کردنی هەر لێ دێ .

ئەشگونجێ مەعناکەی وا لێك‌بدرێتەوە : دڵ و دەروونی ئەو سۆفییەی که گوایە وازی له خاڵی گۆنای یار هێناوە ، خاڵێ نییە له ڕۆپاماڵێ و درۆ .

زاهیدی خاڵێ (عم) و (گم) : زاهید و حاڵی . (کم) : زاهید و خاڵێ . ئەڵبەتتە لە بێنێکی (کم) : ئیستاکە به بێنێکی . (گم) : ئیستاکە به بەبێنێکی .

لەڤێوان هەردو (خاڵێ)دا جیناسی تەواو و ، لەڤێوان (خاڵێ) و (خاڵێ نییە)دا طیباق هەیە .

له کۆکردنەوەی (حاڵی) و (نالێ)دا جیناسی لاحیق و ، له (نه مرد) و (نه ژیا)دا طیباق هەیە .

(۹) ئیدی : ئیتر .

واتە : لەمەی زیاتر که بۆم لێکدایتەوە ، چیی‌تر هەواڵی نالیی مەپرسە به دەست دەردی دۆرییەوە چۆنە ، نه ئەوەتە بمرێ و بەجارێ لێ‌بێتەوە و نه وەکو خەڵکیش به خۆشێ ئەژێ . . له دۆزەخی دۆریدا وەك دانیشتۆی دۆزەخی لێ‌هاتووە که قورئان باسی ئەکا و ئەفەرموێت : « لا یموت فیها ولا یحیا » واتە : نه تیا ئەمرێ و نه تیا ئەژێ .

(۱) ڕیا : دۆرۆێ . طۆل : درێژی . عەرض : پانێ .

واتە : فلاڤ‌کەس ڕیشێکی پان و درێژی هەیە ، بەڵام بۆ خوا خزمەت ناکا و پانێ و درێژیی ڕیشەکەی نیشانەی خواناسیی نییە ، نیشانەی دۆرۆییەتی . ئەگەر ئەو مەبەستی پەیڕەویی پێغەمبەر بووایە (د . خ) ، پڕی مشتێ ڕیشی ئەهێشتەوە .

گوڵ به دەم بادی صەباوە پێکەنێ ، بولبول فڕێ
یەعنی عاشق لازمە دوور بێ لە یاری بێوەفا (٢)

عاشقی صونعی حەقم ، قوربانی ڕەنگی قودرەتم :
چاوی ماوێ ، خاڵی شین ، کوڵمی سپێ ، زوڵفی سیا (٣)

نالێ لەم شیعرەیدا گاڵتە بەوانە ئەکا کە بەدیمەن خۆیان بە پیاوچاك و لەخواترس ئەدەنە قەڵەم . بۆیەش لە نیوەی دوەهەمیدا بە تەوریە پلارێکی تێگرتوون و ڕستەکەی وا داڕشتووە مەعنایەکی کەش بگەیەنێ : وشەی (ظاهیرە) ببەستڕێتەوە بە نیوە شیعری پێشووەوە و پاشماوەکەی وای لێبێتەوە : خەڵکی بە باری درێژێ و پانیدا بە ڕێشیا بڕین ! .
لە کۆکردنەوەی هەردو (ڕیا)دا جیناس هەیە .
درێژە (چن) و (« پەراوێزی » چر) و (عم) : درێژی .

(٢) واتە دو ڕۆێ و ناڕاستێ نەك هەرلای ئادەمیزاد ، بەڵکو لای گیان لەبەرانیتریش شتێکی ناپەسەند و بێزراوە . نابینی کاتێ گوڵ بە دەم بای صەباوە پێئەکەنێ و ئەلەرێتەوە ، بولبول دڵگران ئەبێ و هەڵئەفڕێ ، چونکە لای وایە یار پێویستە هەر یاری یەکێك بێ و عاشقیش ئەبێ خۆی لە یاری بێوەفا دوور بگرێ ..
چەند صورەتێکی جوانە هەڵفڕینی بولبولی لەسەر چڵ ، لە کاتی لەرینەوەی گوڵدا بە دەم بای سبەینێوە ، بە تۆرانی بێزارێ و ناڕەزایێ لە بێوەفایێ دەربڕین مەعنا لێداوەتەوە !

(٣) صونع : کردار . ماوێ : کاڵ .
نالێ لەم شیعرەیدا دیسانەوە ئەگەڕێتەوە سەر باسی سۆزی دڵداریی خۆی و ئەڵێ : برادەرینە ! ئێوە بن و خودا لە عەشقبازیدا بەسەرمدا مەیەن و لۆمەم مەکەن ، چونکە عەشقی من عەشقێکی ڕاستەقینەیە و من عاشقی کرداری خوام ، بە قوربانی ئەو ڕەنگانەم کە ئەو دایهێناون و خۆم لەپێناوی چاوی کاڵ و خاڵی شین و کوڵمی سپێ و زوڵفی ڕەشدا بەخت ئەکەم کە خوا هەموی لە یاردا کۆکردوەتەوە .
لە کۆکردنەوەی (چاوی) و (ماوێ) دا جیناسی لاحیق و لە یەکخستنی (ماوێ) و (شین) و (سپێ) و (سیا)دا طیباق هەیە .
صونعی (عم) : صوبغی ، بەڵام ئێمە (صونعی)مان لا ڕاستترە چونکە سەرەڕای ئەوە کە لە هەمو نوسخە دەسنوس و چاپەکاندا ، نوسخەی (عم) نەبێ ، نوسراوە (صونعی) ، ئەگەر (صوبغی) بێ لەگەڵ (ڕەنگی)دا ئەبن بە یەك و ئەو دوبارە کردنەوەش پێویست نابێ .

سەرگرانە قافڵە سالاری ڕێی چین و خەتا
چونکە باری عەنبەر و میسکە لە زوڵفەینی دو تا ! (٤)

حەڵقە حەڵقە زوڵفی سەر قوببەی هەیاسەی کەوتووە
مەحرەمی سیڕڕە ، بەڵێ گەنجۆری گەنجە ئەژدەها (٥)

---

(٤) سەرگران : خەریك . قافڵە سالار : پێشڕەوی کاروان : خەتا : خەتا و خوتەن ، ولاتێکە لە تورکمانستان . زولفەین : هەردو زوڵفەکە . تا : تای بار ، یاخود : تاڵ .

واتە : یار کە پێشڕەوی کاروانی ڕێی چین و خەتایە و بارەکەی بریتییە لە بۆنی خۆش ، خەریکە و دەستی گیراوە چونکە هەردۆ تا باری زولفەکانی عەنبەر و میسکی بۆن خۆشە کە خاڵەکانی گۆنایەتی .

یاخود : سەری سەرقافڵەی ڕێی چین و خەتا قورس بووە ، چونکە هەر بە دۆ تاڵ لە زوڵفەکانی باڕێ عەنبەر و میسکی هەڵگرتووە ..

لە شوبهاندنی یاردا بە سەرقافڵە و ناونەهێنانی شوبهێنراودا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە و بەڵگەش (زولفەینی دۆ تا)یە کە پەیوەندی بە شوبهێنراوەوە هەیە .

لە کۆکردنەوەی (قافڵە سالار) و (ڕێ) و (بار) و (تا)دا تەناسوب هەیە .

قافڵە سالاری (عم) و (گم) : قافڵەی سالاری .

(٥) قوببە : گۆپکە . هەیاسە : پشتێنێکی گۆپکەدارە لە زیو دروست ئەکرێ ، ژنان ئەیبەستنە پشت . گەنجۆر : گەنجینەدار .

واتە : زوڵفی یار چین چین و ئەڵقە ئەڵقە بەسەر هەیاسەکەیدا هاتووە و لەسەری لۆلی خواردووە . ئەمەش شتێکی سەیر نییە ، چونکە زوڵفی یار مەحرەمی ڕازە بۆیە گەیشتووەتە سەر هەیاسەکەی پشتی کە بەسەر ناوکیەوەیە و ، وەك ئەژدەها وایە بۆیە گەیشتووەتە سەر گەنجینەی ناوکی ... لە ئەفسانەی کۆندا هەیە کەوا لە هەر کوێیەکدا گەنجینەیەکی شارراوە هەبێ مار و ئەژدەها لەویا پەپکە ئەخۆن ..

لە (گەنجۆری گەنجە ئەژدەها)دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە و بەڵگەش نیوە شیعری یەکەمە .

زوڵفی سەر (چن) و (ت) : زوڵف ئەبەر .

صۆفییی مەستۆری ژۆت و موفلیسی خستە طەمەع
سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها (٦)

ظاهیر و باطین ، لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سیرژی قەڵەم بێ ، غەیری « نالێ » کەس نەما (٧)

---

(٦) مەستۆر : داپۆشراو .

واتە : ئەو گفتەی خوا بە ئەهلی بەهەشتی داوە کەوا لە بەهەشتا چەندیان ئارەزۆ لێ بێ سەیری خاڵی حۆرییان ئەکەن و لێوی ئاڵیان ئەمژن ، تەماعی خستەبەر سۆفیی لە مەیدانی خواناسیدا بەرچاو نەکەوتۆی ژۆتی هیچ نەدارای بازاڕی قیامەت ، بەڵام دیارە خەیاڵی خاوی کردووە و تا بەژاستێ نەبێ بە خواناس و، لە مەیدانی کرداری چاکا داراییەکی گەورە کۆنەکاتەوە ، هیچی دەسگیر نابێ .

لە یەکخستنی (مەستۆر) و (ژۆت) و ، (موفلیس) و (طەمەع)دا طیباق هەیە . بە بەراورد لەگەڵ شیعری یەکەمیشدا کە باسی ژیشی سۆفێ بو ، ئیشارەتێکی ناسك و جوان کراوە بەو قسەی نەستەقی پێشینانە کە ئەڵێ : ژیشی تەماعکار بە قنگی مفلیس ! لە وشەی (بێ بەها)شدا ئەوەش مەبەست بووە کە واش بخوێنرێتەوە: (بیبە ، ها) واتە: ئەو ماچەی هیچی تێناچێ و حۆریی خاوەن لێو بە ماچکەر ئەڵێ : فەرمو بگرە !

مەستۆری ژۆت و (چر) : مەستۆر و ژۆتی . (کم) : مەستۆری ژۆتی .

(٧) لەوح : تەختەی لەسەر نوسین ، یا (لوح المحفوظ) کە ئەو تەختەیەیە هەرچێ لە جیهانا ژۆبدا و بە عیلمی خوادا ژابۆردبێ ، تیا نوسراوە . حەقیقەت : ئەو وشەیەی بۆ مەعنای ژاستەقینەی خۆی بەکارهێنرابێ . مەجاز : ئەو وشەیەی لە غەیری مەعنای ژاستەقینەیدا بەکارهێنرابێ بەمەرجی بۆنی پەیوەندییەك لەنێوان مەعنا ژاستەقینەکە و مەعنا مەجازییەکەدا .

نالێ دوای پەردە هەڵماڵین لە ژۆی سۆفییە بەدیمەن خواناسەکان کە ئیددیعای زانینی هەمۆ نهێنییەکی گیتێ ئەکەن ، دێتە سەر شانازێ کردن بە خۆی و ئەڵێ : ئەوەی بە ئاشکرا یا بە پەنهانێ ئاگاداری ژازی قەڵەم بێ ، ناوی لەسەر تەختەی ژاستەقینەی ناوی ئاگادارانا نوسرابێ یا هەر لە عیلمی خوادا ژابۆردبێ کەوا لە ئاگادارانە ، یا خەڵك ئەوەندە

. . . . . .

باسی ئاگاداریی بکەن وەك لەسەر تەختە ناوی نوسرابێ ، لەم جیهانەدا ، لە نالێ بەولاوە ، کەس نەماوە . .

ئەمە ئەگەر مەبەست لە (نالێ) ، خاوەن شیعر خۆی بێ . بەڵام مەعنایەکی‌تریش ئەگونجێ و دیارە نالێ ، بە عادەتەکەی خۆی ، ئەو مەعنایەشی مەبەست بووە . ئەوەش ئەوەتە (نالێ) درابێتە پاڵ (نال) کە تاڵی باریکی‌ناو قەڵەمی قامیشە،کە ئەگەر لە گۆشەی خەیاڵی وردی شاعیرانەوە مەعنای شیعرەکە لێ‌بدەینەوە ، دیارە ئاگاداری هەمۆ ئەو بابەتانەیە قەڵەم بۆ نوسینیان بەکار ئەهێنرێ .

بەپێی ئەم مەعنایە وا بەڵگەیەکی‌تریش ڕاست بووەوە کەوا نازناوی ئەم شاعیرە بەخۆدانازیوەمان (نالی)یە نەك (نالێ) وەك هەندێ‌کەس وتوێانە . .

یا مەجاز (ت) : تا مەجاز .

★ ★ ★

تیپی بێ

— ١ —

زولفەینی بە خەم مار و بە حەڵقەن وەکو عەقرەب
شیعری لەف و نەشرن ، چ موشەووەش ، چ مورەتتەب (١)

جێی دەم دەمە ، جێی لەب لەبە ، ساقێ وەرە ئەمشەب
هەم ماچی دەمادەم بدە ، هەم جامی لەبالەب (٢)

— ١ —

(١) خەم : لۆل . عەقرەب : دۆپشك . لەف و نەشر : لە پێشەکییەکەدا لە باسی زاراوە بەدیهییە بەکارهێنراوەکانی ئەم دیوانەدا ، بەدرێژی لەسەرمان نۆسیوە .

واتە : زوڵفەکانی یار چ لە حاڵی ئاڵۆزێ و چ لە حاڵی تەڵ تەڵ وەستان و شانە کراویدا ، لە رۆی لۆل خواردن و ئەڵقەییانەوە لە مار و دۆپشك ئەچن و وەك ئەو شیعرانە وان کە لەف و نەشریان تیایە چ لەف و نەشری مورەتتەب بێ و چ لەف و نەشری موشەووەش . مەبەستی لەوەیە ئەتوانین بڵێین (خەم) بۆ (مار) ئەگەڕێتەوە و (ئەڵقە) بۆ (عەقرەب) کە ئەبێ بە لەف و نەشری مورەتتەب یا بەپێچەوانەوە کە ئەبێ بە لەف و نەشری موشەووەش .

(٢) دەمادەم : دەم لەسەر دەم . جاروبار . لەبالەب : لێو لەسەر لێو . لێوانلێو .

واتە : دەم ئەبێ لەسەر دەم بێ و لێو ئەبێ لەسەر لێو بێ . کەواتە ، ئەی یاری ئازیز ، ئەمشەو وەرە لامان ، لە دەمت ماچی دەم لەسەر دەم یا ماچی تاونەتاومان بدەرێ و ، لە پیاڵەی لێوت جامی شەرابی لێو بە لێوەوە نان ، یا جامی پڕ لە مەیمان بۆ تێکە .

بەو شەهدی کەلامەت کە بە ئیشرابی لەطافەت
لەذذەت دەگەیێنی بە دڵ و ذیهنی موخاطەب (٣)

عاجز مەبە هەرگیز لە درۆ و ئیفکی حەسۆدان
دونیایە ، دەبێ سەگ بووەڕێ ، شیعە بکا سەبّ (٤)

وەك صۆفییی صافێ مەبە ئالۆدە بە دونیا
بێهۆدە موکەددەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب (٥)

ئەمشەب (چر) و (عم) و (کم)و (گم) و (مز) : ئەمشەو . دەمادەم (گم) : دەماودەم .

(٣) شەهد : شیلەی هەنگوین . ئیشراب : پێ خواردنەوە . ذیهن : بیر . موخاطەب : گفتوگۆ لەگەڵ کراو .
واتە : بەو قسەی وەك شیلەی هەنگوین شیرینەت ، کە وەك چۆن ئەو بە ئاسانێ و خۆشێ قۆت ئەچێ ، تۆیش ئەم وا بە ناسکێ بە گوێی گۆیدەرا ئەدەی ــ خۆشێ و ئارامێ بە دڵ و بیری ئەوانە ئەگەیێنی کە قسەیان لەگەڵ ئەکەی .

ئیشرابی (چن) و (ك) : ئەشرافی . لامانوایە لەسەر ئەم نوسخەیە (ئیشراقی) بێ و بەهۆی هەڵەی نۆسیارەوە وای بەسەرهاتبێ . دەگەیێنی (کم) : ئەگەیێنی .

(٤) ئیفك : بوختان . سەب : جنێو .
واتە : ئەمە دنیایە ، بنیادەمی خاوەن بەهرە و لێهاتۆ کەسیوای هەر بۆ هەڵئەکەوێ بەخیلیی پێبەرێ.. ئەوەتە مانگەشەو هەمۆ ئەیبینین چۆن دنیا ڕۆشن ئەکاتەوە ، کەچێ سەگەل لێی ئەوەڕن .. حەزرەتی عائیشە خوا لە قورئانا پاکانەی بۆ کردووە ، کەچێ شیعە هەر بوختانی بەدەمەوە ئەکەن و جنێوی ئەدەنێ .

حەسۆدان (چن) و (چر) و (ت) و (گم) و (مز) : ڕەقیبان . دەبێ (چن) : ئەبێ .

(٥) صافێ : سادە لەوح و نەفام . ئالۆدە : تێکەڵ ، گرفتار . بێهۆدە : بێسۆد . موکەددەر : لێڵ . مەشرەب : کانێ . ڕەوشت .
واتە : خۆت وەك سۆفییە نەفام و سادە لەوحەکان تێکەڵی دنیا مەکە و لە خۆڕایێ سەرچاوەی کانیاوی ڕاستێ و خواناسێ لێڵ مەکە .

عاشق هەوەسی مەیکەدەوو عیلمی بەسیطە
عاقڵ طەلەبی مەدرەسەوو جەهلی مورەککەب (٦)

قارۆنە فەلەك ، موستەحەقی گرتن و خەسفە
زیو و زەڕی شەمس و قەمەرە ، دیرهەمی کەوکەب (٧)

لەنێوان (موکەددەر) و (مەشرەب)دا تەناسوب هەیە .
ئالۆدە بە دنیا (عم) و (کم)و (گم) و (مز) : ئالۆدەیی دنیا .

(٦) هەوەس : ئارەزۆ . مەیکەدە : مەیخانە . عیلمی بەسیط : زانستی سادەی بێ پێچ و پەنـا . طەڵەب : داوا . جەهلی مورەککەب : نەزانینی دۆباد ، نەزانین و نەزانین بە نەزانینەکەش .

واتە : دڵدار فڕوفێڵ و پێچ و پەنا نازانێ ، بەدوای مەیکەدەی خۆی و زانستێکی سادەدا ئەگەڕێ و سەر لە خۆی ناشێوێنێ . بەڵام ئەوانەی کە خۆیان بە زانا و خوێندەوار دائەنێن ، بە خەیاڵی خۆیان هۆگری خوێندن و قوتابخانە و زانستن ، کەچی لەڕاستیدا شوێنی نەزانێ کەوتـۆن و بـە خۆیشیان نازانن .

لە کۆکردنەوەی (مەیکەدە) و (مەدرەسە) و ، (عیلم) و (جەهل) و ، (بەسیط) و (مورەککەب)دا طیباق هەیە .

هەوەسی (کم) : طەڵـەبی . عاقڵ طەڵـەبی (عم) و (ت) : جاهیل طەڵەبی . (کم) : عاقڵ هەوەسی . (گم) : جاهیل هەوەسی .

هەرچەند لە هیچ کام لە نوسخەکانی بەردەستمانا لەجیاتیی (عاقڵ) لە (جاهیل) بەولاوە شتێکیتر نەبو ، ئێمە لامانوایە ڕاستەکەی (غافڵ)ە و بە هەڵەی نۆسیار بووە بە (عاقڵ) . مەعناکەش بەمجۆرە ڕەساتر دێ و وای لێدێتەوە : ئەوەی بێئاگا بێ لە عەشق ڕێگای خوێندن ئەگرێتەبەر، بەڵام خوێندن لەوە زیاتری بەدەمەوە نییە کە نەزانینی بۆ دۆپات ئەکاتەوە و نایگەیەنێ بە ناسینی ڕاستەقینە کە تەنها لە ڕێگای عەشقەوە پەیدا ئەبێ.

(٧) قارۆن : دەوڵەمەندێکی جۆلەکە بووە لە خۆی بایێ بووە ، خوایش غەزەبی لێگرتووە دارایێ و سامانی بردووە بە ناخی زەویدا . خەسف : ڕۆچۆن. دیرهەم : پارەی زیو . کەوکەب : ئەستێرە .

واتە : چەرخی گەردۆن لە بەدکرداریێ و کەچ ڕەفتـاریدا وەك قارۆن وایە ، زێڕ و زیوەکەشی بریتییە لە ڕۆژ و مانگ و پارەی زیویش بریتییە

قەللابی جیهان نەقدی عەیاری نییە قوربان !
« نالێ » مەحەکی هیممەتی کردوێیە موجەزّەب (٨)

★ ★ ★

له ئەستیرەکان . بۆیە ئەمیش ، وەك قارۆن ، شایانی ئەوەیە خوا تێك و مەکانی بدا و بە ناخی زەویدا بیباتە خوار .

لەنێوان (فەلەك) و (شەمس) و (قەمەر) و (کەوکەب) و ، (زێڕ) و (زیو) و (دیرهەم)دا تەناسوب و ، لە وشەی (قارۆن) و (خەسف)یشدا تەلمیح هەیە . هێنانی (شەمس) و (قەمەر)یش بەدوای (زیو) و (زێڕ)دا کە (خۆر) و (زیو) سپین و (مانگ) و (زێڕ)یش زەردن ، لەف و نەشری موڕەتتەبە .

گرتن (ت) : گردن . ئەویش هەر بەمەعنا گرتنە .

(٨) قەللاب : بێبار . نەقدی عەیار : نەختی بێگەرد . مەحەك : بەردێکە زێڕی بێگەرد و ناپاکی پێ لە یەك جوێ ئەکرێتەوە .

واتە : گەردۆنی بێبار چونکە هەر زۆژە لەسەر باریێکە زێڕ و زیوی ساغی لا نییە . زێڕ و زیوی ساغ لای کەسێکە هەم ساغ بێ و هەم زێگای خۆیشی نەگۆزێ . بەڵام نالێ، بەپێچەوانەی گەردۆنەوە ، بەردی مەحەکی هیممەتی بەرزی خۆی تاقیی کردووەتەوە و دەری خستووە کەوا ساغ و بێگەردە .

لە کۆکردنەوەی (نەقد) و (عەیار) و (مەحەك)دا تەناسوب هەیە .
قوربان (ت) و (مز) : صەدبار .

تیپی تێ

— ١ —

ماتەم ، وەکو زوڵفەینی سییەھ ، گرتی سەراپات
پۆشێ لە ڕۆخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات (١)

— ١ —

(١) سییەھ : سیاە ، ڕەش . ڕۆخ : ڕۆ . ئەسپی شەترەنج . تەعبییە : کۆکردنەوە . زاراوەیەکی سوپاییشە . بەیدەق : ڕێگا پیشاندەری ڕێ . سەربازی شەترەنج ، لە (پیادە)وە کراوە بە عەرەبێ . شامات : یا مەبەست ولاتی شامە ، یا جەممی (شامە)ی بە مەعنا خاڵە ، یا ڕستەی (شاە مات)ە کە لە زاراوەکانی شەترەنجە .

واتە : خەم و پەژارە وەك زوڵفە درێژەکانت ، یاخود لەگەڵ زوڵفە درێژەکانتا ، کە ھەمۆ لەشتیان داگرتووە ، لە تەوقی سەرتەوە تا بەری پێتی گرتەوە . ڕێگای لێ بڕیت چاوساغەکان کۆکەیتەوە و بەرەو ولاتی شام بکەوێتە ڕێ . بەمپێیە ئەبێ بخوێنینەوە (بەیدەقی شامات) . یاخود : ڕێگای کۆکردنەوەی خاڵەکانتی لێ گرتی و ئیتر ناتوانی دەریانخەی ، چونکە کەسێ کە تازیەبار بێ خۆی پێ ئارایش نادرێ و ناتوانێ زوڵفەکانی لادا و خاڵەکانی لە بەرچاوی تەماشاکەرانا کۆکاتەوە . یاخود : ڕێگای کۆکردنەوەی پیادەکانی شەترەنجەکەتی لە ئەسپەکان گرت و بەھۆی ئەوەوە (شا) مرد و (کش مەلیك !)ی لێکرا و دوڕاندت . .

ھەرچۆن بێ ، دیارە ئەم قەسیدەیە بەبۆنەی مردنی یەکێکەوە وتراوە و ڕۆی دەمی تیا کراوەتە نازداریك و ھەر بۆیەش ئەڵێن بۆ لاواندنەوەی باوکی (حەبیبە)ی وتووە و ئێمەیش لەسەر ئەوە ئەڕۆین . جا ئەگەر ئەمە ڕاست بێ ، لەگەڵ ڕەچاو کردنی مەعنای یەکەمدا وائەگەیەنێ نالێ تەمای ئەوەی لە دلا بووە حەبیبە بچێ بۆ لای بۆ شام ، بەڵام حەبیبە بەبۆنەی کۆچی دواییی باوکیەوە ڕێگای ئەوەی لێ بڕاوە و (شامات) تەنها

تاقانه یەتیمی خەلەفی ئاخری نیسان !
تۆ خۆش بی ، صەدەف بۆ بە فیدات ، دوور بی لە ئافات (٢)

بۆ فەوتی صەدف حەیفە بڕێژێ دورەری ئەشك
ضایيع مەكە دوڕ دانە بە غارات و خەسارات (٣)

ئیشارەتێکی تیا ئەبێ بۆ مردنی باوکی (حەبیبە) چونکە باوکی حەبیبە بۆ حەبیبە لە حوکمی (شا)دایە و (مات)ەکەش مەعنای مردنەکەی ئەگەیەنێ .

بەپێی هەرکام لە مەعناکان جۆرە شوبهاندنێك و ، تەناسوبی نێوان چەند وشەیەك و ، تەلمیح بۆ چەند زاراوەیەك ، لە شیعرەکەدا هەیە .

(٢) تاقانە یەتیم : دوڕی تاقانە . خەلەف : پاشماوە . صەدەف : گیانلەبەرێکی دەریاییە لە بەهارانا دێتە سەر ئاو و سکی ئەکاتەوە دڵۆپی بارانی تێئەکەوێ ئەنجا سکی ئەنێتەوە بە یەکدا ، ئەو دڵۆپە بارانانە لە سکیا ئەبن بە مرواریێ . جا ئەگەر پتر لە دڵۆپێکی تێکەوتبو ، پتر لە مرواریيەکی تیا پەیدا ئەبێ ، بەڵام مرواریيەکانی ورد ئەبن و زۆر گرانبەها نابن . ئەگەر تاقەیەك دڵۆپیشی تێکەوتبو تاقە مرواریيەکی لێ پەیدا ئەبێ و ئەو مرواریيە زۆر گرانبەها ئەبێ . ئیستا هەرچی زۆر نایاب و گرانبەها بێ ، پێیئەوترێ (دوڕی یەتیم) .

واتە : ئەی تاقانە مرواریی بەری دڵۆپی دوازۆژەکانی بەهار ، کە دڵۆپی بارانیان تیا گەورە ئەبێ ، خۆت خۆش بی (صەدەف)ەکەی باوکت کە ساڵەها تۆی لە پشتی یا لەژێر چاودێرێ و دەسەڵاتی خۆیا ڕاگرت ، مرد .. خۆت لە دەرد و بەڵا دوور بی ! .

لەمبەیتەوە دەرئەکەوێ خۆشەویستەکەی نالێ کە ئەم قەصیدەیەی بۆ وتووە تاقانەش بووە و بەری باوکێکی پیریش بووە ..

لە (دوڕی یەتیم)دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە و بەڵگەش (دوور بی لە ئافات)ە .

تۆ خۆش بی (چن) و (عم) و (ك) و (ت) و (مز) : تۆ خۆش بە .

(٣) دورەر : جەمعی (دوڕ)ی عەرەبییە . دوڕدانە : دەنکی مرواریێ . فرمێسك . غارات : تالآن .

واتە : حەیفە لەبەر مردنی باوکت کە وەك صەدەف ، مرواریی تۆی شاردبووەوە و نەیئەهێشت بەو هەموو گرانبەهایێ و نازداریيەوە کە هەی ،

دیدەت وەکو گوڵ سۆرە ، پڕی شەبنمی ئەشکە ؟
یا لالەیی پڕ ژالەیە دۆ نەرگسی شەهلات ؟ (٤)

بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگرییم
گەوهەر بڕژێنین بە بوڵندیی قەد و بالآت (٥)

لاکین ئەمە دونیایە ، گەهێ سۆرە ، گەهێ شین
لا یُسألُ مَن عاشَ ، وَ مَنْ ماتَ ، وَ مَنْ فاتَ ؟! (٦)

دەرکەوی ، دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی وەك دەنکە مرواریێ هەڵڕێژی و لەناویان‌بەری و بە تالآنیان بدەی .. صەدەف کەی ئەوە دێنێ مرواریێ لەپێناویا بەخت بکرێ !

لە کۆکردنەوەی (صەدەف) و (دوڕ)دا تەناسوب و، لە (صەدەف)یشدا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە و بەڵگەش وشەی (فەوت) و تێکڕای بابەتەکەیە .

دورەری ئەشك (« پەراوێزی » چر) و (گم) : دوڕی ئەشکت .

(٤) شەبنم : شەونم . لالە : گوڵە مێلاقە . ژالە : وشەیەکی فارسییە بەمەعنا شەونم یا تەرزە . شەهلا : چاوێ ژەشییەکەی مەیلەو شین بێ .
واتە : چاوی لەبەر گریانی زۆر سۆر هەڵگەڕاوی ، پڕ لە فرمێسکی سپیت ، گوڵاڵە سۆرەیە شەونمی بەسەرا باریوە ، یان چاوە مەیلەو شینە وەك نەرگس مەستەکانت گوڵە مێلاقەن ، شەونمیان کەوتووەتە سەر ، یاخود تەرزە کوتاونیەتەوە ؟!
لە (دۆ نێرگسی شەهلات)دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە و بەڵگەش بەیتی پێشووە .
شەبنمی (عم) و (کم) و (گم) و (مز) : شەونمی. نەرگسی (کم) و (گم) : نێرگسی .

(٥) گریە : گریان .
واتە : لەوانەیە منیش بەهۆی گریانی تۆوە ئەوەندە بگریم ، بە هەردوکمانەوە بە بەرزیی بالآت دڵۆپی فرمێسکی وەك گەوهەر هەڵڕێژین .
بۆ (کم) و (گم) : بەو . بڕژێنین (کم) : بڕژێنم .

(٦) سۆر : شایێ . ڕەنگی سۆر . شین : گریان . ڕەنگی شین .
واتە : بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گریان دادی کەس نادا . ئەمە دنیایە ،

بەس گریە بکە بۆ پودەر و بابی حیجابت
بێبابیی تۆ موریثە بۆ وەصڵ و مولاقات ! (٧)

بێبابیی تۆ بۆ من و تۆ بابی فوتوحە
بێبابیی تۆ خواستەیی من بو بە ئاوات (٨)

جاری‌وا هەیە شایێ و زەماوەندە و جاری‌واش هەیە شین و شەپۆرە . یاخود جاری‌وا هەیە جلی سۆری دڵخۆشیی لەبەردایە و جاری‌واش هەیە جلی شینی ئازیەت‌بارێ ئەپۆشێ . ژیان و مردن بە دەست خوایە ، کەس لێی‌ناپرسێتەوە کێ ژیا و کێ مرد و کێ لەکیس چۆ !

لە (سۆر) و (شین)دا لەطافەت و ، لەنێوانیانا تەناسوب و طیباق و، لەنێوان (مات) و (فات)دا تەناسوب و جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (عاش) و (مات)یشدا طیباق هەیە .

(٧) پودەر : وشەیەکی فارسییە بەمەعنا باوك . باب : باوك . دەرگا . حیجاب : پەردە . دەرگاوان .

واتە : بەس بۆ ئەو باوکەت بگری کە بۆبو بە پەردە و دەرگا لەنێوان من و تۆدا ، نەیئەهێشت بە یەك بگەین . بێباوکیی تۆ ، یا نەبونی دەرگا لەنێوان من و تۆدا لەوانەیە ببێ بەهۆی بەیەکگەیشتنمان .

نالێ لەم شیعرەدا وێنەیەکی زۆر جوانی داهێناوە . کە هەروا بە سەرپێیی سەیری شیعرەکە بکەین وای لێ تێئەگەین بنیادەم کە ماڵەکەی بێدەرگا بو هاتوچۆکەر بەئاسانێ پێیئەگەن . بەڵام لا قۆڵەکەی ئەوەیە باوك کە مرد فرزەند و کەس‌وکاری میرات و کەلەپۆرەکەی ئەبەن بۆ خۆیان و هەرکامیان شتێکی لێ پێ ئەبڕێ . ئەوەش کە لە باوکی ئەمەوە بۆ ئەم ئەمێنێتەوە نیعمەتی بەیەکگەیشتنیەتی لەگەڵ خۆشەویستەکەی کە ئەوسا باوکی ژێی لێ گرتبو و لەبەر بۆنی ئەو ، ئەو مافەی نەبو .

کۆکردنەوەی وشەی (حیجاب) کە لە (حەجب)ەوە هاتووە بەمەعنا ژێگای میرات بردن لێ گرتن ، لەگەڵ (مۆریث) کە هەردوکیان زاراوەی زانستی (فەرائیض)ن ، تەناسوبی تیایە و لەگەڵ شوێنەکەشدا زۆر ئەگونجێ کە بابەتی سەرخۆشێ لێکردن و ئازیەت‌بارییە . (بابی حیجاب)یش لەطافەتی تیایە چونکە بۆ مەعنای (باوك)یش و (دەرگا)یش دەستئەدا . لەنێوان (حیجاب) و (باب)یشدا تەناسوب هەیە .

(٨) فوتوح : کردنەوە . خواستە : داوا .

واتە : بێباوکیی تۆ یا بێ دەرگاییی ماڵی تۆ ، بۆ من و تۆ دەرگای ژێگا

بێ بابی مورادی من و تۆ بۆ به تەمەننا
بێ بابی دوعایی من و تۆ بۆ به موناجات (٩)

ئەو بابە کە فەتح و ظەفەری قەلعەیە قەلعی
با قەلعی بکا زەلزەلەیی هاذیمی لەذذات (١٠)

ئەو پیری خەرەف ، ئافەتی مەردییو صەفا بو
تۆ شۆخ و جوان ، دۆر بی لە ئافات و خەرافات (١١)

لە زۆدا کردنەوەیە و ، ئاواتی من بووە هەمیشە لە خوام خواستووە .
لەنێوان هەردو (بابی) و (بێبابییی)یدا جیناسی تەواو و ، لەنێوان (باب) و (فوتۆح)دا تەناسوب هەیە .

(٩) بێ بابێ : بێ باوکێ . مورادێ : ئارەزۆ ، مەبەست . موناجات : پاڕانەوە لە خوا لەژێر لێوەوە ، بە کزێ .

(١٠) قەلعە : قەلا . قەلع : هەڵکەندن و لەبن‌هێنان . زەلزەلە : بۆمەلەرزە . هاذیم : تیژبڕ . هاذیمی لەذذات : مەرگ .
واتە : ئەو باوکەی ، یاخود ئەو دەرگایەی ــ کە مەبەست لەویش هەر باوکەکەیە ــ کە هەڵکەندنی لە پایەی گرتنی قەلاێەکدایە ، با بۆمەلەرزەی مەرگ یاخود با بای بۆمەلەرزەی مەرگ لە بنی بێنێ .
وشەی (هاذم اللذات) لە فەرمۆدەیەکی پێغەمبەردا هاتووە . ئەشگونجێ (هازم اللذات) بێ واتە : ئەوەی خۆشێ ئەبەزێنێ و زاوی ئەنێ یاخود (هادم اللذات) بێ واتە : تێکدەری خۆشێ .
لە وشەی (ئەو بابە)دا تەوریە هەیە . هەروەها لەنێوان (باب) و (قەلعە) و (زەلزەلە) و (با)دا بەمەعنا (ریح) تەناسوب هەیە و ، لەنێوان (قەلعە) و (قەلع)یشدا جیناسی ناقیص هەیە .
ئەو بابە (چن) و (عم) و (ك) و (تۆ) : ئەو بابی ، کە بە (ئەو بابێ) یا (ئەو بابەی)یش ئەخوێنرێتەوە .
فەتح و (چر) : بابی . قەلعی (عم) و (گم) : قەمعی . هاذیم (چر) و (ك) : هازیم . (عم) و (کم) و (گم) و (مز) : هادیم .

(١١) خەرەف : خەڵەفاو . مەردێ : پیاوەتی . صەفا : زابواردن . خەرافات : خەڵەفان .
ئەو پیری خەرەف (چر) : ئەو پیر و خەریف . (کم): ئەو پیر و خەرەف . (ك) : ئەو پیری خەریف . مەردییو (چن) : مەردانی .

ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە
چۆ صاعیقەیی بەردی عەجۆز و ، گوڵ و مل هات (١٢)

گوڵ تاجی لەسەر نا و ، چەمەن مەخمەڵی پۆشێ
هات موژدە کە خەلعەت گەییە بەر بە موباهات (١٣)

---

(١٢) صاعیقە : هەورە برۆسکە ، یا گرمەی وەك هەورە برۆسکە لەسەر گوێ قورس . بەردی عەجۆز : برجی پیرەژن لە دوازۆژەکانی زستانا ، یاخود مەبەست لە (بەرد) هەر بەردی کوردێ و لە (عەجۆز)یش بنیادەمی پیرە .

واتە : ئەو لەناوچۆن و مردنی باوکتە ئەبێ بەهۆی جێبەجێ کردنی ئەو گفتەی پێتداوم .. خوا شوکر کەوا مرد .. بە مردنی ئیتر گوێمان لە گرمەگرمی وەك هەورە برۆسکەی ، دوازۆژەکانی ژیانی یا وەك بەرد هاویشتنی ئەو نابێ و لەمەوپاش بەهاری ژیانە و تۆیش وەك ملوانکەی گوڵ ئەکرێیتە ملی من .

لەنێوان هەردو (وەفاتە)دا جیناسی تەرکیب هەیە .
عەهد و (چر) : وەعد و . چۆ (کم) و (گم) و (ك) و (ت) و (تۆ) : چۆن .

(١٣) چەمەن : چیمەن . خەلعەت : خەلآت . موباهات : فیز و کەشوفش .

واتە : گوڵ پشکۆت و چیمەن بەرگی سەوزە گیای وەك مەخمەڵ ناسکی لەبەرکرد و موژدە هات کەوا خەلآتی بەهار بە فیز و کەشوفشەوە گەیشتە بەرەوە .

لەسەر نا و (عم) و (گم): لەسەر ناوە. تێکستەکانی نیوەی دۆهەمی ئەم شیعرە ئالۆزییەکی زۆریان تیایە . ئێمە تێکستی نوسخەی (عم)مان پێ ڕاستتر بو لە هەموان . وا تێکستی نوسخەکانیتریش پیشان ئەدەین :

(چر) و (تۆ) : **هات موژدەیی خەلعەت ، گەییە بەرگی موباهات**
(چن) و (مز) : **هات موژدەیی خەلعاتی گیا بەرگی موباهات**
(کم) : **هات موژدەیی خەلعەت ، گەییە بەرگی موباهات**
(گم) : **ها موژدەیی خەلعەت گەییە بەر بە موباهات**
(ت) : **هات موژدە خەلآت و گەییە بەرگی موباهات**
(ك) : **هات موژدەیی خەلعات ، گەییە بەرگی موباهات**

هات زەمزەمەیی بولبول و ئاوازەیی قومرێ
هات بادی صەبا ، دێن و دەچن عەرعەر و بانات (١٤)

نەجم و شەجەر و نەرگس و ئەنواری شگۆفە
جیلوەی چەمەنن ، یەعنی زەمین بۆ بە سەماوات (١٥)

ماوەردە لەسەر خەرمەنی گوڵ عەطرفشانە ،
یا ئاوی حەیاتە : عەرەقی وردی موحەییات ؟! (١٦)

---

(١٤) زەمزەمە : هەرا و زەنا . قومرێ : کۆتر . بانات : درەختەکانی بان .
واتە : بەهار هاتووە ، لە شایی هاتنی بەهارا بولبول دەسیان کردووە بە خوێندن و کردۆیانە بـە هـەرا و ، کۆتر کەوتۆنەتە گمەگم و ، داری عەرعەر و بان بە دەم بای بەیانییەوە ئەشنن و دێن و دەچن .
بلبل و (مز) : قومرییو . قومرێ (چر) و (ك) و (تۆ) و (مز) : قەماریێ . بەپێی ئەم نوسخانە ئەبێ (ئاوازەیی) بە (ئاوازی) بخوێنرێتەوە .

(١٥) نەجم : گیای کورتی بێلاسـك . شەجەر : درەخت . ئەنـوار : جەمعی (نەور)ە واتە : چرۆی ئەو درەختانەی گوڵ ئەکەن . شگۆفە : پشکۆتۆ .
واتە : گیای کورت و دار و درەخت و نەرگسی سپێ و زەرد و چرۆی پشکۆتۆی درەختەکان ، ئەمانە هەمۆ مایەی ڕازانەوەی چیمەنی عەردن و زەوییان پێ بووە بە ئاسمان ، ئەو چۆن بە مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەکانی ئەدرەوشێتەوە ، ئەمیش بەمان ڕازاوەتەوە .

(١٦) ماوەرد : ماء الورد ، گـوڵاو . خەرمـەن : خەرمان . عەطرفشـان : ئەوەی بۆنی خۆش بڵاو ئەکاتەوە . ورد : بچۆك ، یاخـود وەرد : گوڵ . موحەییا : تەوێڵ .
واتە : ئەو ئارەقە وردەی بەتەوێڵتەوەیە ، یاخـود ئـەو ئارەقی گوڵی ناوچاوتـە ، گوڵاوە پرژاندۆیانـە لە خەرمـانی گوڵ و بـۆنی عەتر بڵاو ئەکاتەوە ، یاخود ئاوی حەیاتە هەرکەس بـە زمان بیلێسێتەوە هەرگیز نامرێ ، یان ئارەقی شەرمە ؟
نیوەی دۆهەمی ئەم شیعرە لە تێکستەکانی بەردەستماندا زۆر ئاڵۆزە . ئێمە تێکستی (چن) و (مز)مان پەسەند کرد و وا ئەو تێکستەکانیتریش ئەخەینە پێش چاو :
(عم) : **یا ئاوی حەیاتە عەرەق و وەردە موحەییات**

گوڵشەن وەکو بەزمێکە کە ئاحادی هوزاری
بۆ تاقە گوڵێکی گەییە ڕۆتبەیی مێئات (۱۷)

تۆ باقییەیی ساقییەیی صەحنی چەمەن بە
مەیدان هەمو مەی دانە بە کاسات و بە طاسات (۱۸)

« نالێ » یەك و ئەو کەس کە تەمامی غەزەلی بیست
مەعلۆمی بووە زۆر و کەمیی خاریقی عادات (۱۹)

(کم) و (ت) : **یا ئاوی حەیاتە ، عەرەقی وەردە موحەییات**

(گم) و (تۆ) : **یا ئاوی حەیاتە عەرەقی وەردە (یا : وردە) موحەییات**

(ك) : **یا ئاوی حەیاتی عەرەقی وەردی (یا : وردی) موحەییات**

(۱۷) ئاحاد : یەکە یەکە . هوزار : بولبول ، یاخود هەزار . مێئات : صەدان .
واتە : باخی گوڵانی ژیان وەك سەیرانگەیەکی لێهاتووە یەکە یەکەی بولبولەکانی بۆ گەیشتن بە تاقە گوڵێکی کە ڕۆی تۆیە، بوون بە صەدها . . یاخود یەکە یەکەی هەزاران بولبولەکەی . . تاد . بەمپێیە مەعنای (بولبول)مان لەوەوە بۆ دێ کە چەمەن بێ بولبول نابێ و ئەو هەزارانە ئەبێ بولبول بن .
زیادەڕەوییەکی زۆر شاکارانەیە ئەمەی نالێ کردۆیەتی یەکە یەکە بگەنە صەدان . .

(۱۸) باقییە : ماو . ساقییە : ئاوگێڕ . صەحن : مەیدان ، یاخود سینێ . کاسات : جەمعی (کاسە)یە . طاسات : جەمعی (طاسە)یە .
واتە : تۆ خۆش بی و هەمیشە هەر مەیگێڕی باخی ژیان بی . . جیهان مەیدانی ژیان و مەرگە ، بە کاسە و بە تاسە شەرابی مەرگی تیا دەرخواردی خەڵکێ ئەدرێ . . یاخود : چش لە خەڵك ، تۆ بۆ خۆت بژی و لەسەر سینیی ژیان بمێنەرەوە ، دنیا هەمۆ مەیدانی خۆشێ و ڕابواردنە .
لە شیعرەکەدا ئیشارەتێکیش بە زاراوەی (ساقێ و باقێ) هەیە کە بەوە ئەڵێن بۆ ئادەمیزاد ئەمێنێتەوە لە مامەڵەدا . .
باقییەیی ساقییەیی (عم) و (گم) : ساقییەوو باقییەیی . (کم) و (ت) و (مز) : باقییەوو ساقییەیی .

(۱۹) خاریقی عادات : ئەو کردارانەی لە توانای هەمۆکەسدا نین و خواوەند بەهرەی لێهاتنیان تەنها بە هەندێ کەسی هەڵبژاردەی خۆی ئەدا .

— ٢ —

چاوت له برۆ یەعنی لەژێر طاقی نەظارەت
بێ‌پەردە عەیان دێتە تەکەللوم بە ئیشارەت (١)

شایستەیی شان ، لایقی مل طوڕڕەیی تۆیە
نەك طوڕڕەیی شاهەنشەهیی‌یو طەوقی وەزارەت (٢)

واتە : نالێ یەك کەسە ، بەڵام ئەوەی ئاگای لە هەمۆ شیعرەکانی هەبێ ، بۆی دەرئەکەوێ کرداری (خرق العادة) زۆر زۆئەدا یا کەم . مەبەستی لەوەیە بڵێ کرداڕە ئەدەبییەکانی من هەمۆیان (خرق العادە)ن .

لە نوسخەی (تۆ)دا لەلای سەرۆی ئەم قەصیدەیەوە نۆسراوە « بند هفتم در مرثیهء یکی از محبان اسلامبولی فرموده » . واتە : بەندی حەوتەم لە لاواندنەوەی یەکێ لە خۆشەویستە ئەستەمۆڵییەکاندا فەرمۆیەتی . بەڵام بەئاشکرا دیارە لە دڵدانەوەی یارەکەیدا وتۆیەتی بەبۆنەی مردنی باوکیەوە کە نەیهێشتووە شۆ بکا بە نالێ و عەقڵیش نایگرێ نالێ لە دواساڵەکانی ژیانیا لە ئەستەمۆڵ یارێکی بۆبێ بەتەمای هێنانی بۆبێ و باوکی زێی لێ گرتبێ وەك لە قەسیدەکەوە دەرئەکەوێ ، تا مەعنای قەصیدەکە لەگەڵ ئەو قسەیەدا یەکبخەین کە لە نوسخەکەی (تۆ)دا نۆسراوە .

— ٢ —

(١) طاق : تاق ، پەنجەرەی هیلاڵی . نەظارەت : وەزیرێ . عەیان : ئاشکرا . مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

(٢) شایستە : شایان . طوڕڕە (ی یەکەم) : زوڵفی لۆل . طوڕڕە (ی دۆهەم) : مۆر ، نیشانە . طەوق : ملەوانە .

واتە : چاوت بەئاشکرا و بێ‌پێچ وپەنا لەژێر تاقی وەزیریدا کە برۆتە ، بە ئیشارەت دێتە قسە و ئەڵێ زوڵفت شایانی شان و ملی تۆیە ، لەکاتی بڵاویدا شانت داپۆشێ و لەکاتی لۆلییشدا لە ملت بئاڵێ ، نەك نیشانەی شاهەنشایێ و ملوانکەی وەزیرێ کە لەعاستی زوڵفتدا هیچ بایەخێکیان نییە .

بە وەزیر دانانی چاو لەبەر ئەوەیە کە چاوەکان دوانن و وەزیریش جاران دوان بوون : وەزیری دەستە ڕاست و وەزیری دەستە چەپ .

سەر خاتیمەیی حوسنی عیادەت کە نەهاتی
بارێ بگەرە فاتیحەوو دەئبی زیارەت ! (٣)

کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتۆت
لەو تەختە کەوا صاحیبی مۆرن بە صەدارەت ؟ (٤)

---

(٣) خاتیمەی حوسن : عاقیبەت خێرێ ، مردن . عیادەت : هەواڵ پرسیی نەخۆش . بارێ : کەڕەتێك . فاتیحە : سۆرەتی فاتیحە خوێندن بۆ گیانی مردۆ . دەئب : نەریت . زیارەت : زیارەتی گۆڕ .

واتە : کە نەخۆش بۆم و کەوتبۆمە گیانەڵا نەتکرد کەڕەتێ بێی سەرێکم لێبدەی و هەواڵێکم بپرسی .. ئیستا کە مردۆم جارێ وەرە تەعزیيەکەم فاتیحەیەکم بۆ بخوێنە و نەریتی زیارەتی گۆڕەکەم بەجێبێنە .

لە کۆکردنەوەی (خاتیمە) و (فاتیحــە)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (عیادەت) و (زیارەت)دا تەناسوب هەیە . ڕستەی (خاتیمەی حوسن)یش ئیشارەتە بــۆ زاراوەی (حسن الختام) کە گەلێ جــار بەمەعنای مردن بەکاردێ .

(٤) نار : هەنار . تەخت : تەختی سینە و تەختی ڕۆ . صەدارەت : کەوتنە لای ســەرەوە . ئیشارەتیشە بــە زاراوەی (صەدر) کە لە ســەردەمی عوسمانییەکاندا بە سەرەك وەزیران وتراوە .

واتە : کێ دەستی ئەگاتــە بەهێی مەمك و هەنــاری ڕۆمەتت بەسەر تەختی سینە و ڕۆتەوە ، کە هێشتا کاڵن و پێنەگەیشتۆن و فەرمانی گرتنی لای سەرەوەیان دراوەتێ ؟

لە خواستنی (تەخت)دا لە تەختی شایيەوە بۆ تەختی سینە و ، (مۆر) لە فەرمانی وەزیرییەوە بۆ گۆی مەمك و ناوەڕاستی کوڵم و ، (صەدارەت) لە سەرەك وەزیرییەوە بۆ بەرزیی شوێنی مەمك و گۆنای یار،ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیــە و بەڵگەش شــوێنی بابەتەکەیە . لــە کۆکردنەوەی (تەخت) و (مۆر) و (صەدارەت)یشدا تەناسوب هــەیە . لە وشــەی (نەگەیشتۆت)یشدا ئیشارەتێکی ناسك هەیە بۆ ئــەوە کە جاران خەڵك بەئاســانێ دەستیان نەئەگەیشــتە کاربەدەســتــانی بەرز ، هەروەهــا لە وەصفکردنی پێشوبهێنراویشدا بە کاڵێ ، ئیشــارەتە بۆئــەوە کــەوا کاربەدەست ئەگەر فامیدە و پێگەیشتۆ بی خۆی لە خەڵك دوور ناگرێ .. لەوانەیە پلارێکی (نەفــامێ)یشــی تیــا بێ ، گرتبێتیــە ئەوانــەی لــە کۆمەڵ و ژیانا لە سەرەوەن ..

دەسرۆکەیی هەورێ چ حیجابێکە کە تێیدا
شمسُ فلك الحسن أنارَتْ فَتوارت ! (٥)

هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو
حەددی چییە « نالێ » کە بڵێ ماچە کەفارەت ؟! (٦)

کێ (چـر) و (چـن) و (عـم) و (ك) : کـەس . نـەگەیشـتوت (چـر) : نەگەیشتۆ .

(٥) واتە : سەرپۆشی تەنکی هەورێ چۆن جۆرە سەرپۆشێکە ، زۆژی زۆتی جار جار لێوە دەرئەکەوێ و جار جار ئەشارێتەوە ؟!

لە وشەی (هەورێ)دا ئیشارەت بەوەش کراوە کە زۆی یـار لەژێـر سرکەییەوە وەك خۆری ژێر هەور وایە،چۆنهەورەکە هەمیشـە زۆی خۆر داناپۆشێ بەڵکو جارجار ئەیشارێتەوە و جار جار ئەزەوێتەوە ، ئەمیش هەمیشـە زۆی یار داناپۆشێ،جار جار بەسەریەوە ئەبێ و جارجار لانەچێ.

لە (شـمس)دا ئیسـتیعارەی موصەزەحـە هـەیە و (دەسـرۆکە) و (الحسن)یش بەڵگەکەینی .

دەسرۆکەی (کم) و (گم) : دەسرۆکەوو . نیوەی دۆهەمی ئەم شیعرە لە پەراوێزی نوسخەی (چر)دا بەمجۆرەیە :

شمس فلك الاطلس نارت فتوارت

(٦) دەمەکەت : خوێنەکەت ، ئەو خوێنەی کردت . دەمت . (دە وامەکە)ت . بار : ئەو توێژەی بەسەر لێوی وشکەوە پەیدا ئەبێ . باری هەڵگرتن . حەد : سزای شەرعیی گوناە . توانا . کەفارەت : ئەوەی گوناە یا شتێکی ماددی دابشوا .

ئەتوانرێ مەعنای ئەم شیعرە بە چەند جۆر لێكبدرێتەوە :

یەکەم ــ هەرچەند خوێنی سۆری ئەو دڵدارەی بە ناحـەق کوشتت بووە بە بار و بە لێوتەوە وشك بووەتەوە و بەئاشکرا پێوەی دیارە ، نالێ هەر حەددی نییـە بڵێ ماچی لێـوت ئەو خوێنەی لێ دائەشـوا و پاکی ئەکاتەوە . دیارە مەبەست لە خوێنەکە سۆریی لێـوی یارە کە هەرگیز لاناچێ .

دۆهەم ــ هەرچەند تاوانی دەمت کە بە دڵداری وت (نـا) و ئەویش لە داخانا مرد، بووە بە بارێك بەسەر لێوتەوە و،لە زۆژی قیامەتا کە هەمۆ ئەندامی ئادەمیزاد شایەتیی لێئەدەن ، لێوت لێت دێتە دەنـگ ، نـالێ

مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرمۆت
دەخیلت بم کە خانەی صەبرەکەم سۆت (١)

لە ژۆت و قۆتی وەك من ژۆ مەپۆشە
کە وەصڵی تۆیە قۆتی عاشقی ژۆت (٢)

حەددی نییە بڵێ : ماچ ئەوبارە لە لێوت ئەکاتەوە .

سێهەم ـ هەرچەند بەهۆی تاوانی دەمتەوە کە لەعاستی دڵدارانا قڕوقەپ بووە و هیچ نالێ ، لێوت باری لێ نیشتووە ، نالێ حەددی نییە بڵێ ماچ ئەو بارە لە لێوت ئەکاتەوە .

چوارەم ـ هەرچەند ئەوەندەت گوناە لەعاستی دڵدارانا کردووە و لە خۆتت دۆر خستۆنەتەوە و پێت وتۆن « دە مەکەن ! » ، گوناە بووە بە بار و بەسەر لێوتەوە کەڵەکەی کردووە ، نالێ بۆی نییە بڵێ کەفارەتی ئەو هەمۆ گوناهە ماچی لێوتە .

پێنجەم ـ لەگەڵ ئەوەندەی هەرکام لەم چوار مەعنایە کە پەیوەندی بە نیوەی یەکەمی شیعرەکەوەیە ، ئەشتوانرێ مەعنای نیوەی دۆهەمی بەمجۆرە لێ بدرێتەوە : نالێ ئەگەر بڵێ کەفارەتی ئەم گوناهە ماچی لێوتە، خۆی گوناهبار ئەبێ و ئەبێ حەددی لێ بدرێ . یاخود : نالێ ! بڵێ حەددی ئەم گوناهانە ئەوەیە ماچێك لە لێوی یار بسەنرێ ..

هەرچۆنی مەعنا لێبدەینەوە ، لە کۆکردنەوەی (گوناە) و (دەم)دا کە بە شێوەی نۆستینی کۆنی مەعنای خوێن ئەگەیەنێ ، لەگەڵ وشەی (حەدد) و (کەفارەت)دا، تەناسوبێکی جوان هەیە. هەروەها لە کۆکردنەوەی (دەم) و (لێو) و (ماچ) و (حەد بۆن)یشدا ..

ـ ٣ ـ

(١) ئیخلاف : پێچەوانە کردن . خانە : ماڵ . سۆت : سۆتا . سۆیەت ، بەرەو تۆ (بە فارسێ) .
واتە : دەسم داوێنت ، ئەو گفتەی داتمێ بەپێچەوانەی مەجۆلێرەوە و لێی پاشگەز مەبەوە ، چونکە وا خەریکە ماڵی سەبرم ئاگری تێبەرئەبێ ، یاخود چونکە ژۆی ماڵی سەبرم کردووەتە تۆ ، بەڵکو لایەکم بەلادا بکەیتەوە .
ئەو (کم) و (گم) و (ت) : ئەم . وەعدەی (چن) و (عم)و (ك) : وەعدە .

(٢) واتە : ژۆی‌خۆت لە هەژاری ژۆت و قۆتی وەك من مەشارەوە ، چونکە

موژەت قوللابیيە هەم تیر و هەم شیر
برۆت میحرابیيە هەم تاق و هەم جوت (٣)

لە سندوقی پڕی سینەم بترسە
کە ئاگر بەر بداتە تەخت و تابوت (٤)

تاقە هۆیەکی ژیان بۆ منی عاشقی ژوت بریتییە لە پێگەیشتنت کە ئەویش بەهۆی دیتنی ژوتەوە دێتەدێ .

لەنێوان (ژوت) و (قـوت)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێـوان هەر سێ (ژوت)ەکەدا جیناسی تەواو و ، لە (ژوت)ی (عاشقی ژوت)دا لەطافەت هەیە . (ژوت و قوت) و (قوتی ژوت)یش لە جیناسی قەلبەوە نزیکن .

(٣) موژە : برژانگ . قوللابێ : وەک قولاپ .
واتە : برژانگت وەک قولاپ وایە نوکی وەک تیر تیژە و وەک شمشێریش کەوانییە . برۆیشت هیلالییە وەک میحرابی مزگەوت و ، لە ژوی شێوەوە وەک تاق وایە و ، جوتیشە واتە دوانە .
لە (تیر) و (شـیر)دا جیناسی موضـاریع و ، لە (تاق) و (جـوت)دا طیباق و ، لە وشەی (تاق) خۆیدا لەطافەت هەیە چونکە بـە دو مەعنـا بەکارهاتووە .
هەم تیر و هەم شیر (مز) : هەم شیر و هەم تیر . تاق و (مز) : تاقە .
ئەم شیعرە لە پەراوێزی نوسخەی (چر)دا بەمجۆرەش نوسراوە :

موژەت قوللابە ، یا هەم تیر و هەم شیر ؟!
برۆت میحرابە ، یا هەم تاق و هەم جوت ؟!

(٤) واتە : سندوقی سینەم پڕە لە ئاگری داخی دەردی تۆ . بترسە لەوە کە ژۆژێ لە ژۆژان بڵێسەی بتگرێتـەوە : لـە ژیانـا بی تەخت و تاراجت بسوتێنێ و، مردبی تابوتەکەت بکا بە خەڵوز. یاخود لە سندوقی سینەی پڕ لە ئاگرم بترسە ، ئەوەندە بەهێزە بە مردنیشم دانامرکێتەوە و لەوانەیە لەسەر تاتە شۆریش بێ یا لەناو دارە مەیتا ئاگرم تێبەربدا .

پڕی (عم) : گڕی . بترسە (ت) : بترسی . ئاگر (عم) و (گم) : ئاور . بەربداتە (چن) و (ت) و (ك) : بەردەداتە .

لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بو
کەوا شەککەر دەباریّ ، گوڵ دەپشکوت (٥)

---

(٥) واتە : کە گوڵی سوور ئەپشکوت و شەکر ئەبارێ ، هیی ئەوەبو تۆ پێئەکەنیت و لێوت ئەبزوانـد و دانت دەرئـەکەوت . لە ڕەنگی سـوری لێوتەوە ، کە ئەتجوڵاند ، گوڵ ئەپشـکوت و ، لە ددانی سـپیتەوە کـە دەرتئەخستن شـەکر ئەبارێ . ڕەنگ بێ مەبەستی لە بارینی شـەکر پێکەنینەکەی یار بێ و بڕگە بڕگەکانی پێکەنینەکەی شوبهاندبێ بـە کوڵۆ شەکر ، یاخود داوەرینی باری سپیی سـەر لێوی یـار خـۆی و کەوتنە خوارەوەی بێ بەهۆی پێکەنینەکەیەوە و ، ویستبێتی بڵاێ یار بشوبهێنێ بە قامیشی شەکر و باری داوەریوی لێویشی بە شەکرەکەی. ئەم مەعنای دۆهەمە لە ڕێگای پەیوەندی نێوان (بارین) و (بار)ەوە ڕێی تێئەچێ .

نـالێ لـەم شـیعرەدا تەشـبیهی مـورەککـەبی بـەکارهێنـاوە : پشکۆتنی گوڵی سۆر و بارینی شەکری شـوبهاندووە بە پێکەنینی یـار و دەرکەوتنی لێو و ددانی . لەم شوبهاندنەدا زیادەڕەوییەکی زۆر جـوان و بڵا هەیە .

نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە ، بەمجورە کە لێرەدا نۆسیومانەتەوە ، تەنها لە کەشکۆڵێکا هەبو برای بەڕێز موحەممەد عەلێ قەرەداغێ پیشانیداین ، تێکڕای ناواخنەکانی لە ساڵانی ١٣٢٨ ـ ١٣٣٦ی . ك (١٩١٠ـ١٩١٨ی . ز)دا نوسـرابۆنەوە . نوسخەکانیتری بەردەستمان ، لەگەڵ ئـەو وردە جیاوازییەش کـە لێرەدا ئەینۆسـینەوە ، بەمجۆرە بۆن :

ئەوە لێوی ئەتۆیە پڕ لە خەندە ؟

ئێمە بۆیە ئەوەی کەشکۆڵەکەی کاك موحەممەد عەلیمان لا پەسـەندتر بو ، چونکە سەرەڕای ڕەسایی داڕشتنەکەشی ، لێوی یاری تیا بە (لەعل) وەصف کرابو . ئەوەش بـۆ تەواوکردنی هـەمۆ گۆشەکانی شوبهاندنەکە شتێکی بەبایەخ بو .

ئەوە (کم) و (گم) : ئەمە . دەباریّ (عم) : دەباریّ و .

لە نوسخەکەی (عم) و (گم)دا لەپاش ئەم شیعرەوە شیعرێکیتریش هەیە . شیعرەکە ئەمەیە :

فیدای دەست و کەمانت بم ، بە تیرێ
دەپێکی سێ و دۆ هەم تاق و هەم جۆت

ئێمە ئەم بەیتەمان بـە هیی نالێ نەزانێ و نەمانخسـتە ناو شیرازەی تێکستەکەوە چونکە :

دەکەی نەخچیری صەد دڵ هەر بە تیرێ
ئیلاهێ هەر بمێنێ دەست و بازوت !

چ شیرینە خوطوطی دەوری لێوت
بەڵێ مەعلوومە خۆشە خەططی یاقوت (٦)

هە « نالێ » ! بەڵکو بیکێشی بە نالێن
بنالە ، دامەنیشە مات و مەبهوت (٧)

---

(١) دوا وشەی ، وشەی (جوت)ەو ئەم وشەیە دوا وشەی شیعری پێشوێشە و ، شاعیری سەرکەوتوێش دو جار لەپاڵ یەکدا وشەیەك ناکا بە لەنگەری شیعر . (٢) ڕستەی (بە تیرێ) و تێکڕای مەعنای ئەم شیعرە لە شیعری دوایدا هەیە و هیچ پێویستییەکیش بو ئەم دوبارە بونەوەیە نییە . (٣) شیعرەکە تەنها لە نوسخەی (عم)و (گم)دا هەبو و ئەگەر هیی نالێ بوایە ئەبو هیچ نەبێ لە یەکێك لە دەسنوسەکانیشا هەبێ. بۆیە ڕامان بو ئەوە چو (عم) و(گم)یش یەکێکیان لەویانی وەرگرتبێ.

خۆ ئەگەر هەر بشڵێین شیعری نالییە ئەوە مەعنای وا لێ ئەدەینەوە : بەقوربانی ئیشارەتی دەست و کەوانی بروت بم ، بە تاقە تیرێکی نیگای چاوت هەر سێ پارچەی دڵ و سێ و جگەر و هەردو گورچیلەی دڵدار ئەپێکێ و تاق و جوت گرفتاریان ئەکەی . بەمپێیە ڕستەی (تاق و جوت) وەك مەعناکەی خۆی ئەبەخشێ ، ئەشگەڕێتەوە بو (سێ)و (دو)وەکە .

(٦) واتە : ئای ئەو گەنە مووانەی بە دەوری لێوتەوەن کە جوانن .. دیارە ئەشبێ هەر جوان بن ، چونکە ئەو گەنە موو (ڕەش)انە ، بەدەوری یاقوتی سوری لێوتەوەن ، کەواتە (خەتی یاقوت)ن . ئاشکرایە کە (خەتی یاقوت)یش ــ کە خەتخوشێکی بەناوبانگ بووە ــ زۆر جوانە .

نالێ لەم شوبهاندنەیدا کەڵکی لە ڕستەی (خەتی یاقوت) و ئیشارەتە مێژوییەکە وەرگرتووە بو تێپەڕاندنی شوبهاندنی گەنەموی ناسکی سەر لێوی یار بە پێشوبهێنراوێکیوا ، شتێکی ڕاستەقینە نییە لەگەڵ شوبهێنراوەکەدا کویان بکاتەوە . ئەمە یەکێکە لە خاسیەتەکانی شیعری نالێ کە کەمترین و بچوکترین پەیوەند با زۆر بەدیمەن و خەیاڵییش بێ ، لەنێوان دو شتا ، بەجێناهێڵێ بێئەوەی بو وشە ئارایێ و مەعنا ڕێکخستن کەڵکی لێ وەربگرێ .

(٧) هە : هو . مەبهوت : سەرسام .

ئەی سەروی بولّەند قەدد و ، برۆ تاق و ، مەمك جوت !
کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتوت ؟! (١)

دەم هەمدەمی غونچێکە نەپشکوتووە هێشتا
با کەشفی نەکرد بەرگی عەطرپۆشی گولّی زوت (٢)

واتە : ئەی نالێ ! مات و سەرسام دامەنیشە .. بنالێنە و هاوار بکە، لەوانەیە ئەگەر بنالێنی لەئەنجاما کار بکەیتە دلّی و بتوانی زایکێشی بۆلای خۆت ، یاخود خەتی لێوی بەرەو دەمی خۆت زاکێشی ، واتە بیهێنیتە دەنگ و لێت بپرسێ چیتە و دەم بنێ بە دەمتەوە ..

— ٤ —

(١) واتە : ئەی یاری بالاّ وەك سەرو بەرزی ، برۆ وەك تاق کەوانیی ، مەمك دوان ! تۆ بالاّت ئەوەندە بەرز بێ ، کێ دەستی ئەگاتە جوتە مەمکی وەك کالّە بەی و جوتە گوّنای وەك هەنارت کە هێشتا پێنەگەیشتوون ؟!

لەنێوان (تاق) و (جوت)دا طیباقی لەفظێ هەیە چونکە مەعنای (تاق) لێرەدا (یەك) نییە تا بەرابەری جوت بێ و ، لە کۆکردنەوەی (بەی) و (نار ــ هەنار)یشدا تەناسوب هەیە و ، شیعرەکەش تێکڕا حوسنی تەعلیلی تیایە ، چونکە ئەگەر شوێنە گوڕکێ بە نیوە شیعرەکان بکەین ، هۆی دەسنەگەیشتن بە بەی و هەناری نەگەیشتوی مەمك و گوّنای یارمان بۆ دەرئەکەوێ کە بەرزیی بالاّیەتی . ئەمەش کە درەختی سەرو بەری بەی و هەنار بگرێ داهێنانێکی جوانە . پەیوەندییەکیش مولاحەزە کراوە لەنێوان وشەی (نەگەیشتوت) و (کێ دەستی دەگاتە)دا واتە (دەست پێ نەگەیشتو) .

کێ (ك) : کەس .

(٢) دەم : هەناسە . دەم . هەمدەم : هاودەم ، هاوڕێ . غونچێکە : غونچەیەکە . کەشفی نەکرد : دەری‌نەخست ، لای‌نەدا .

واتە : هەناسەت کە وەك شنەی بای بەیانێ ناسکە ، یا هەناسەی من کە وەك سروەی بای سبەینان سارەدە ،بە دەوری دەمتایە کە وەك خونچەی نەپشکوتو نەکراوەیە ، یا دەمت هاوڕێی خونچەی نەپشکوتوی لێوتە و ، هێشتا با لەگەڵ ئەو مەحرەمێ و ناسکییەشی کە هەیەتی و بە هەمو

گریانی من و خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێ
بەو مەوسیمی بارانە کەوا خونچە دەپشکوت (٣)

خڵخاڵی قەدم ، وەك خەمی زولفەینی سەراپات ،
پشتانی قەدت بێت و فیدای بازنی بازوت (٤)

شوێنێکدا دێ و دەچێ، ئەو پەڕە ناسکەی لانەداوە کە عەتری گوڵی زۆتی شاردووەتەوە . مەبەستی لەوەیە هێشتا کەس دەسی بۆ نەبردووە یا تەنانەت بایش لە ڕازی جوانییەکەی نەگەیشتووە . ڕێیشی تێئەچێ ڕۆی دەمی لە کچێکی نۆستۆ بێ سەرپۆشێکی تەنکی دابێ بەسەر دەم و چاویا.

نالێ لەم شیعرەدا لە لایەکەوە دەمی یاری شوبهاندووە بە خونچەی نەپشکۆتۆ و لە لایەکی‌کەشەوە ڕۆی شوبهاندووە بە گوڵی بۆندار کە پەڕەیەکی ناسکی بەسەرەوە بێ و هێشتا با لای نەدابێ .

لە وشەی (دەم) دا لەطافەت و ، لە (دەم) و (هەمدەم)دا جیناسی لاحیق و ، لە کۆکردنەوەی (خونچە) و (با) و (بەرگ) و (عەطر) و (گوڵ)دا تەناسوب هەیە .

(٣) مەوسیم : وەرز .

واتە : گریان و فرمێسك ڕشتنی من لە دەردی دۆریی تۆ و گوێ نەدان و پێکەنینی بێباکانەی تۆیش بە من لەو کاتە ئەچێ کە بەهاران باران ئەباڕێ و خونچە ئەپشکوێ . وادیارە خونچەی دەمی تۆ بە بارانی گریانی من ئەپشکوێ .. دیارە ئەبێ دۆریی نێوان نالێ و یارەکەی ئەوەندەی دۆریی نێوان هەور و زەوێ بێ کە ئەویان بارانەکەی لێوە دێ و ئەمیان خونچەکەی تیا.ئەپشکوێ .. لە لایەك شیوەن و گریان بێ و لە لایەك بەزم و پێکەنین !

نالێ لەم شیعرەدا تەشبیهی موڕەککەبی بەکارهێناوە . دۆ شتی جوێ و لە دۆ باری دژی یەکتریدا شوبهاندووە بە یەك . ئەمە یەکێکە لە شاکارەکانی نالێ .

دەشوبهێ (چر) و (کم) و (گم) : دەشوبهێن .

(٤) خڵخاڵ : پاوانە . خەم : چەمیوە . پشتان : هاوبالا . بازۆ : قۆڵ .

واتە : یاخوا بالای وەك پاوانە چەمیوەی لە دەوری پێت گەڕاوم ، وەك زولفە لۆلەکانت کە لە تەوقی سەرتەوە تا بەری پێتیان گرتووەتەوە، ڕاست بێتەوە و ببێ بە هاوبالای قەدت .. لەجیاتیی ئەوەی بە سەر گەردی پێت

خاڵی نییه « نالێ » دڵه‌که‌ت ساتێ له هیجران
تا تاری وجودت نه‌پسێنێ مه‌له‌کول‌مۆت (٥)

★ ★ ★

بێ و هه‌ر له‌به‌ر پێتا که‌وتبێ ، به قوربانی بازنی قۆڵت بێ و شان و باڵت بگرێته باوه‌ش !

ئه‌م ئاواتی گۆرانه له حاڵی (لـه‌به‌ر پێدا کـه‌وتن)ه‌وه بۆ (له باوه‌ش گرتن)ی یار، که نالێ له‌م شیعره‌یدا ده‌ری‌بڕیوه گواستنه‌وه و به‌راوردێکی گه‌لێ هونه‌رمه‌ندانه‌یه .

له کۆکردنه‌وه‌ی (خڵخاڵ) و (بازن)دا ته‌ناسوب و ، له به‌رانبه‌ر به یه‌ك کردنی (قـه‌ده‌م) کـه لـه شـێوه‌ی نۆسـینی جـارانی (قـه‌دم)ه‌وه ده‌رئه‌که‌وێ ــ و (بازۆ) و ، (خـه‌م) و (پشـتان)دا طیباق و، له‌نێوان (قه‌دم) و (قه‌دت) و ، (بازن) و (بازۆ)دا جیناسی لاحیق هه‌یه .

قه‌دت (چر) و (چن) و (ك) : قه‌ده‌م .

(٥) تار : تاڵ . مـه‌له‌کول‌مـه‌وت (ملك الموت) : فریشته‌ی گیان‌کێشان ، عیزرائیل .

واته : تا فریشته‌ی گیان‌کێشان به‌نی ژیانت نه‌پچڕێنێ، به یار ناگه‌یت و دڵت تاوێك له خه‌می دۆریی یار خاڵی نابێ .

نالێ له‌م شیعره‌دا ویسـتۆیه وشـه‌ی (مه‌له‌کول‌مۆت) به‌م‌جۆره‌ش بخوێنرێـته‌وه : (ملی که‌ل‌مۆت) واتـه : ملی وه‌ك مۆ باریکت ! به‌م‌پێیه مه‌عنای شیعره‌که زیاده‌ڕه‌ویـیـه‌کی جوانی تێ‌ئه‌که‌وێ . واتـه : دڵت له ده‌ردی دۆریی یار خاڵی نابێته‌وه تا ئه‌وه‌نده له‌ڕ و لاواز ئه‌بێ په‌تی ژیانت به ملی وه‌ك مۆ باریکت ئه‌پچڕێ . ئه‌مه‌ش وا ئه‌گرێته‌وه هه‌ر به سه‌ر زیندۆ بێ و له‌ڕاستیدا که‌ڵکی هیچی پێوه نه‌مابێ و ئه‌گه‌ر بـه یاریش بگا هیچی لێوه ده‌سگیر نه‌بێ ..

دڵه‌که‌ت (چن) : ده‌مه‌که‌ت . واته : هه‌ر باسی دۆریی یار ئه‌که‌ی .. تاد .

تیپی ثێ

— ١ —

عومری بێ حاصڵی من چۆ به عەبەث
ئەمەکم هەرچی هەبۆ چۆ به عەبەث (١)

میهری بێ میهری ژۆخت گیراوه
له منی سایه صیفەت چۆ به عەبەث (٢)

— ١ —

(١) عەبەث : پژوپۆچ . ئەمەك : وەفا . ئومێدێك .
واته : عومری بێهۆدەم لەخۆڕایێ لەکیس چۆ ، هەرچی وەفام بۆت پیشان‌دا ، یا هەرچێ هیوایەکم هەبۆ ، هەمۆیم له دەست دەرچۆ .
ئەمەکم (چر) : ئەمی‌کەم . (عم) و (گم) : ئەمەلم . (کم) : ئەمەکەم . (ك) : ماڵەکەم . چۆ ــ ی دۆهەم ــ (عم) : بۆ .

(٢) میهر : خۆر . خۆشەویستێ . سایه : سێبەر . واته : ژۆی وەك خۆری بێخۆشەویستیی تۆم لێ گیراوه ، بەدکار کەوتووەته بەینی من و ئەوەوە ، له دەستی منی سێبەر ئاسا دەرچووه . نالێ کــه خۆی کرد به سێبەر و ژۆی یاری کرد به خۆر ، بەوه بڕیاری نەمانی خۆی دا چونکه ســێبەر له بۆنی خۆرەوه پەیدا ئەبێ .
نالێ لەم شیعرەدا خۆی شوبهاندووه به تۆپی زەوێ و ژۆی یار به تۆپی خۆر و خۆشەویستییەکەی به تیشکی خۆر و بەدکار به مانگ .
له وشەی (گیراوه)دا تەوریبه و ، له کۆکردنەوەی (میهر) و (سایه)دا تەناسوب هەیه .
ڕۆخت (چر) و (عم) و (کم) و (گم) : دەرت . (مز) : ژۆت . چۆ ــ ی دۆهەم ــ (عم) و (کم) و (ت) : بۆ .

قەصدی یاریتە لەکن بەزمی ڕەقیب
یاری من ! خۆت مەکە بەدخۆ بە عەبەث (٣)

خانەیی دڵ کە خەرابە ، چ بڵێم
بە خەیاڵت کە : بفەرمۆ ، بە عەبەث ! (٤)

« نالیێ » ئەو غونچە دەمە بێزارە
مەکە ماچی دەمی ، ئەرجۆ ، بە عەبەث (٥)

★ ★ ★

---

(٣) واتە: گوایە بەڕاستت نییەو یارێ ئەکەی کە لەگەڵ بەدکاردا ڕائەبوێرێ و ڕۆی خۆشی ئەدەیتێ . ئەی دۆستی خۆشەویستم ، لەخۆڕایێ خۆت پیاو خراپ مەکە ، بەدکار بۆ ئەوە ناشێ بە هیچ ڕۆیەك ڕۆی بدەیتێ .
لە (یاریتە) و (یاری) دا جیناس هەیە .
لەکن (« پەراوێزی » چر) و (کم) و (گم) و (مز) : لەگەڵ .

(٤) خانە : ماڵ . خەراب : وێران .
واتە : مادەم ماڵی دڵم وێرانەیە و کەڵکی تیا دانیشتنی پێوە نییە ، چۆن ، بێهۆدە ، بە یادت بڵێم فەرمۆ وەرە ناوی .
ئەمەی نالیێ ئەیڵێ وێنەیەکی ئێجگار ناسکە . ئەو تەنانەت بەوەش ڕازیێ نییە کە یادی یار بە دڵی پڕ ئازاریا تێپەڕێ ، نەبادا یادی ڕەنجیدە ببێ !

(٥) بێ زار : بێ دەم ، یاخود بێزار بەمەعنا وەڕس و بێتاقەت . ئەرجۆ : تکا ، لە (ارجو)ی فیملەوە وەرگیراوە بەمەعنا تکا ئەکەم ، یاخود هەر فیملەکە خۆیەتی .
واتە : لە خۆڕایێ بەتەمای ماچی دەمی ئەو یارە مەبە کە دەمی وەك خونچەیە نەکراوەتەوە ، چونکە دەمی نییە . یاخود : ئەو یارە دەم وەك خونچەی نەپشکۆتووە ، بێزار و وەڕسە ، تاقەتی ماچ دانی نییە ، بەتەمای ماچی مەبە . یاخود : تکات لێ ئەکەم بە بێهۆدە دەمی ماچ مەکە چونکە مادەم دەمی نەکاتەوە یا دەمی نەپشکۆتبێ ، وەك دەمی نەبێ وایە .

تیپی چیم

— ١ —

عیشقت ، کە مەجازێ بێ ، خواهیش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و ، لەیلا کچ و ، سەلما کچ و ، عەذرا کچ (١)
فەرقی کوڕ و کچ ژۆشن ، وەك فەرقی مەهـ و میهرە
ئەم فەرقی شەو ژۆژە وەك فەرقە لە کوڕ تا کچ (٢)

— ١ —

(١) عیشقی مەجازێ : لای ئەهلی دڵ عیشق دو جۆرە ، عیشقی حەقیقێ کە عیشقی خوایە و عیشقی مەجازێ کـە عیشقی جینسییە . خواهیش : داوا . ئـارەزو . شیرین : بێجگە لە مەعنا لـەفظییەکەی و لەوەش کە ناوی ئافرەتە ، ئیشارەتیشـە بۆ شیرینی خوسـرەو و فەرهاد . لەیلا : بێجگە لە مەعنا لەفظییەکەی کە نەشەی کاتی سەرخۆشییە و لەوەش کە ناوی ئافرەتە ، ئیشارەتیشـە بۆ لەیلای قەیسی عامیرێ . سەلما : بێجگە لە مەعنا لەفظییەکەی کە ساغێ ئەگەیەنێ و لەوەش کـە ناوی ئافرەتە ، ئیشارەتیشـە بۆ (سەلما)ی زەمزی دڵدارێ لە ئەدەبی عەرەبدا . عەذرا : بێجگە لە مەعنا لەفظییەکەی کە واتە (کچی دەست بۆ نەبراو) و لەوەش کە ناوی ئافرەتە ، ئیشارەتیشە بۆ مەریەمی دایکی عیسا و ، بۆ عەذرای قارەمانی زازی خۆشەویستیی (وامیق و عەذرا) .
واتە : کە لە عیشقا زێگای عیشقی مەجـازیت گرتەبەر ، هەر کچت بوێ .. چونکە هەر سیفەتێکی جوان لە عەشقدا مەبەست بێ ، هەموێ لە کچدا کۆبووەتەوە .

نالێ لە ناوەکانا لەطافەتی بەکارهێناوە ، وەك لە مەعنا لێدانەوەکانیاندا زۆنمان کردەوە .
عیشقت (چر) : عیشقێ .

(٢) مەهـ : مانگ . میهر : خۆر .
واتە : جوانیی کچ وەك هیی خۆر وایـە و هیی کوڕ وەك هیی مانگ .

مەھ مەھ لە مەهی سادە : یەعنی لە قەمەر لادە
هەم شەمس و ثورەییا کچ ، هەم زوهرەیی زەهرا کچ (٣)

بێ بێنە گوڵی ژاڵە ، هەم بێ بەرە ، هەم تاڵە
قەد سەرو و سنەوبەر کچ ، چاو نێرگسی شەهلا کچ (٤)

کوڕ وەك گوڵی گوڵزارە ، ئەمما ثەمەری خارە
وەك هەنگی چڕوداڕە ، هەنگوینی موصەففا کچ (٥)

خۆر نیشانەی زۆژە و مانگیش نیشانەی شەو و بەئەندازەی جیاوازیی نێوان خۆر و مانگ ، لەنێوان کوڕ و کچیشدا جیاوازێ هەیە .

نالێ لە نیوەی دوهەمی ئەم شیعرەدا بە نیازی دوپات کردنەوەی جیاوازیی زۆری نێوان کوڕ و کچ بۆ مەسەلەی دڵداریێ ، تەشبیهی مەقلوبی کردووە ، ئەگینا ئەبوێ بیوتایە : ئەم فەرقی کوڕ و کچە وەك فەرقی شەو و زۆژە .

لە هێنانی (شەو) و (زۆژ)دا بەدوای (مەهـ) و (میهر)دا ، لەف و نەشری مورەتتەب و ، لە کۆکردنەوەی (کوڕ) و (کچ) و ، (شەو) و (زۆژ)یشدا طیباق هەیە .

ئەم (ت) : ئەو . (عم) و (گم) : وەك . وەك فەرقە (چر) : وەك فەرقی . وەك (عم) و (گم) : ئەم .

(٣) مەهـ مەهـ : (مە) ، وشەیەکی عەرەبییە واتە دەس‌بەردار بە ، دوبارە کراوەتەوە . سادە : بێ موو . ثورەییا : کۆمەڵە ئەستێرەیەکن لە گەردنی (ثەور)دا لێی جوێ نابنەوە . زوهرە : ئەستێرەی ناهید .

نالێ لەم شیعرەدا لەطافەتی بەکارهێناوە ، چونکە لە زمانی عەرەبیدا (قەمەر) موذەککەرە و ، (شەمس) و (ثورەییا) و (زوهرە) موئەننەثن .

(٤) بێن : بۆن .

واتە : کوڕ وەك گوڵی ژاڵە وایە ، نە بۆنی هەیە و نە بەریش ئەدا و تاڵیشە . بەڵام کچ بالای وەك داری سەرو و سنەوبەر بەرزە و چاوی وەك نەرگسی مەست وایە .

ئەشگونجێ (بێ بێنە) بە (بیبینە) بخوێنرێتەوە ، واتە سەیری‌کە .

لەنێوان (بەر) و (بێن) و (تاڵ)دا تەناسوب و ، لەنێوان (ژاڵە) و (تاڵە)دا جیناسی لاحیق هەیە .

(٥) خار : دڕك . موصەففا : پاڵفتە .

دوڕ نییە مەبەستی نالێ لەم شیعرە ئەوە بۆبێ بڵێ بەڵێ ڕاستە کوڕ

کچ پەرچەمی چین چینە ، دۆ مەمکی لەسەر سینە
وەك شانەیی هەنگوینە بۆ لەذذەتی دنیا کچ (٦)

جەزلی ئەمەر و سایە بۆ صەولەتی ئەعدا کوژ
نەخلی ئەمەر و مایە بۆ دەولّەتی دنیا کچ (٧)

کوژ زیبی دەبوستانە ، کچ شەمعی شەبوستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوژ ، بۆ خەلّوەتی تەنها کچ (٨)

وەك گولّی گولّزار وایە بەئاسانێ بنیادەم ئەتوانێ بڕوا بیکاتەوە ، بەلّام بەرەکەی زیان و تاوانە . ڕاستە کچیش وەك هەنگی چزۆدار وایە پیاو بێمەینەت ناتوانێ بیبڕێتەوە ، چونکە نە خۆی خۆی هەروا ئەدا بەدەستەوە و نە کەس و کاریشی بێ ئەرکێکی گران ئەیدەن بە شۆ ، بەلّام لەپاش دەسگیر بۆن وەك هەنگوینی پالّفتە وایە ، چۆن ئەو مۆمی پێوە نییە ، ئەمیش گوناە و ئابڕۆ چۆنی لەدوا نییە . ئەگەر مەبەستی نالێ ئەمەبێ کە ئێمە تێیئەگەین ئەوا ئەم شیعرە ئیشارەتە بەو ڕاستییە کە لە کۆمەلّگا داخراوەکانی وەك کۆمەلّگای ئێمەدا هەستی پێ ئەکرێ لەبارەی پەیوەندی جینسییەوە . شیعرەکە ئیشارەتێکی‌تریشی تیایە ، بەلّام بۆ باس‌کردن ناشێ .

(٦) لەم شیعرەدا ، لە کۆکردنەوەی (چینە) و (سینە)دا جیناسی لاحیق و ، لە یەکخستنی (شانە) و (پەرچەم)دا تەناسوب هەیە ، چونکە دۆر لە مەعناکەشی کە (پۆرە هەنگ)ە ، بە شێوەی نۆستێن لەگەلّ (شانە)ی سەر داهێنانیشدا یەکئەگرێتەوە .

ئەم شیعرە تەنها لە دەستۆسەکەی (چر)دا هەبو .

(٧) جەزل : بە دەس و دەهەندە . سایە : پەنا . صەولەت : هێرش . نەخل : دار خورما .

واتە : کاتی هێرش بردنە سەر دوژمن ، کوژ قوربانێدەر و بە دەس و دەهەندەیە و سایە و پەنای لێقەوماوانە . بۆ ڕابواردن و شان و شکۆی دنیایش کچ دار خورمای بەرداڕە .

لە کۆکردنەوەی (سایە) و (مایە) و ، (صەولەت) و (دەولّەت)دا جیناسی لاحیق هەیە .

ئەمەر و (عم) و (گم) : ئەمەری . دەولّەتی دنیا (چن) : خەلّوەتی تەنها .

(٨) زیب : جوانێ . دەبوستان : قوتابخانە . شەمع : مۆم . شەبستان :

مۆ سونبولی ئاشوفته ، دوڕ دانه‌یی ناسوفته
ده‌م غونچه‌یی نه‌شگوفته تێفکره کوڕه یا کچ ! (۹)

کوڕ ئایینه‌یی حوسنی ، تا وه‌ك کچه ، مه‌نظوره
گرتی که غوباری مۆ چینێ کوڕ و مینا کچ (۱۰)

کوڕ تازه‌وو ته‌ڕ ، مادام ساده وه‌کو خوشکی بێ
ئه‌مما که ڕوا سه‌بزه ، دیبا کوڕ و ، زیبا کچ (۱۱)

تاریکستانێ .

واته : کۆر مایه‌ی جوانیی ده‌سگاکانی خوێندن و خوێنده‌وارییه .. کچیش بۆ ڕازاندنه‌وه‌ی ماڵی ده‌رگا داخراوه .. بۆ به‌زم و ئاهه‌نگ و ته‌ماشا کوڕ ، چونکه ئه‌وسا کۆڕی ڕابواردن هه‌ر بۆ پیاوان بووه .. بۆ به‌سه‌ربردنی ته‌نیایی شه‌ویش کچان ..

له کۆکردنه‌وه‌ی (ده‌بوستان) و (شه‌بوستان)دا جیناسی موضاریع هه‌یه .

(۹) ئاشوفته : تێکچۆ . ناسوفته : نه‌سمراو . نه‌شگوفته : نه‌پشکۆتۆ .
واته: بیرکه‌ره‌وه بزانه کوڕ خاوه‌نی قژی تێکچۆی وه‌ك سونبولی ئاڵۆزاو و، دوڕڕی نه‌سمراو و ، ده‌می وه‌ك خونچه‌ی نه‌پشکۆتۆ بچۆکه ، یا کچ ؟ دیاره کچ !

(۱۰) مه‌نظۆر : ته‌ماشاکراو . مینا : شۆشه . واته : ئاوێنه‌ی جوانیی ژۆمه‌تی کوڕ تا وه‌ك هیی کچ وایه و مۆی لێ نه‌هاتووه ، بۆ ته‌ماشاکردن ئه‌شێ . به‌ڵام که تۆزی دێزی گه‌نه‌تۆکی لێ نیشت ، وه‌ك قاپی فه‌خفۆریی لێ دێ ، که‌چێ کچ هه‌ر به شۆشه‌یی خۆی ئه‌مێنێته‌وه و هیچی لێ نایێ .
حوسنی (چر) و (گم) و (کم) : حوسنه .

(۱۱) دیبا : پارچه قوماشی نه‌خش له‌سه‌رکراو . زیبا : جوان .
واته : ڕاسته کوڕ تا وه‌ك خوشکی مۆی لێ نه‌هاتبێ ، تازه و ته‌ڕ و پاراوه ، به‌ڵام که شینایی گه‌نه‌تۆکی لێ ڕوا ، ئه‌و موه‌ی لێی‌ڕواوه ، ئه‌بێ به نه‌خش و نیگاری ده‌ستکرد بۆ ده‌م و چاوی . که‌چێ کچ به جوانێ و قه‌شه‌نگیی سروشتکردی خۆی ئه‌مێنێته‌وه .
له کۆکردنه‌وه‌ی (دیبا) و (زیبا)دا جیناسی موضاریع هه‌یه .

بۆ شەربەتی شیرینێ فنجانە لەسەر سینێ
مەم توحفەیی توففاحی ، شەم عەنبەری بۆیا کچ (١٢)

هەم گوڵبەنی بێ خاری ، هەم مەزرەعی ئەزهاری
هەم مەخزەنی ئەسراری ئیثباتی مەزایا کچ (١٣)

جەننەت پڕی ویلدانە ، خادیم هەمو غیلمانە
خانم کە تێدا حۆرین یەکسەر هەمو حەسنا کچ (١٤)

---

(١٢) مەم : مەمك . توحفە : دیارێ . توففاح : سێو . شەم : شەمع ، مۆم. بۆیا : بۆندار .
واتە : مەمکی وەك سێو خڕ و ، وەك ماڵی دیارێ نایابی کچ ، کە بالای وەك شەمع بەرز و ڕێکە و ، وەك عەنبەر بۆنخۆشە ، وەك فنجان وایە بەسەر سینیی سنگیەوە بۆ گێڕانی شەربەتی شیرینێ .

(١٣) گوڵبەن : دار گوڵ یا چەپکە گوڵ . مەزرەع : مەزرەعە ، جێگای کشتوکاڵ . ئەزهار : جەمعی زەهرە ، واتە گوڵ . مەخزەنی ئەسرار : جێگای ڕاگرتنی ڕاز و نهێنێ . ئیثباتی مەزایا : پێ سەلماندنی باشترێتێ .
واتە : بەڵگەی سەلماندنی باشترێتیی کچ لە کوڕ ئەوەیە کە کچ چەپکە گوڵی بێ درکە و ، گوڵی تیا ئەچێنرێ واتە تۆوی مرۆی تیا دائەنرێ و منداڵی لێ ئەبێ و ، کە خاوەنی شتێکیشە ڕازی ڕاگرتووە وەك کچێتییەکەی بێ .
ئەشتوانرێ (مەزرەعی ئەزهاری) وا بخوێنرێتەوە :
(مەزرەعەیەزهاری = مەزرەعەی ئەزهاری) . بەمپێیە وشەی (مەزرەعە) دەسکارێ نەکراوە و تەنها بۆ هاوسەنگیی شیعرەکە لەگەڵ وشەی (ئەزهاری) تێکەڵی یەك کراون .
بێ خاری ، ئەزهاری ، ئەسراری (عم) و (کم) و (گم) : بێ خارە ، ئەزهارە ، ئەسرارە . ئیثباتی مەزایا (چن) و (کم) و (گم) و (ك) و (تۆ) : ئەسبابی موهەییا .

(١٤) ویلدان : جەمعی وەلەدە واتە کوڕ . غیلمان : جەمعی غولامە واتە کوڕی تازە پێگەیشتۆ . خانم : ئافرەتی گەورە و سەرۆك . حەسنا : جوان .
واتە : بەهەشت پڕیەتی لە کوڕی جوان و ، خزمەتکارانی ناو بەهەشت

گەر ئەشرەف و مەحبوبە یوسف کوڕی یەعقوبە
کچ بو بە خزیداری یەعنی کە زولەیخا کچ (١٥)

صیددیق و عەزیز هەروەك یوسف کە نەبێ بو کوڕ
صیددیقەیی مەعصومە وەك داکی مەسیحا کچ (١٦)

بایێکی هەیە دونیا بۆ عەشقی مەجازێ ، بەس
« نالێ » چییە ئەو بابە : ئادەم کوڕ و حەووا کچ (١٧)

هەموو کوڕی تازە هەڵچوون . حۆرییەکانی بەهەشت کە سەرکردە و خاوەن ماڵن ، هەموو لە بەرەی کچانن . ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کچ چاترە لە کوڕ ئەگینا ئەوان گەورە و ئەمان کارەکەر ئەبوون .

(١٥) خزیدار : کڕیار . زولەیخا : ژنی عەزیزی میسر کە دڵی چوبو لە یوسف .
واتە:ڕاستە یوسفی کوڕی یەعقوب کوڕێکی بەشەرەف و خۆشەویست بووە و ، ئەمەش وائەگەیەنێ کە کوڕ چاترە لە کچ ، بەڵام نابێ ئەوەش لەیادکەین کە ئەوی یوسفی کڕی ، زولەیخا بو کە کچ بو .
گەر (چر) و (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (تو) : کوڕ .

(١٦) صیددیق : زۆر ڕاستگۆ، حەزرەتی یوسف. لە قورئاندا هەیە «یوسف ایها الصدیق .. » واتە : یوسف ، هەی پیاوی ڕاستگۆ ! .. عەزیز : عەزیزی میسر ، میردی زولەیخا . نەبێ : پێغەمبەر . صیددیقەیی مەعصومە : ئافرەتی باوەڕ پێکراوی بێگوناە ، حەزرەتی مریەمی دایکی مەسیح .
واتە : ئەگەر لەبەرەی کوڕانا کەسانی وەك حەزرەتی یوسف و عەزیزی میسر بوبن ، کە زولەیخای ژنی دوهەمیان دڵی لە یەکەمیان چو ، ئەوە نابێ بە بەڵگە بۆئەوە کە هەمیشە کوڕ لە کچ داوێن پاکترە . لەناو کچانیشدا داوێن پاکی وەك مەریەمی دایکی مەسیح هەڵکەوتووە ..

(١٧) باب : دەرگا . جۆر .
واتە : عیشقی مەجازێ یەك دەرگای هەیە مرۆ لێیەوە بچێتە ژورەوە ، یا یەك جۆری هەیە ، ئەویش ئەوەیە لەنێوان نێر و مێدا بێ ، چونکە ئێمە هەمو نەوەی ئادەم و حەواین و ئادەم کوڕ بووە و حەووا کچ و کەواتە عیشقی مەجازێ ئەبێ بە کوڕ و کچ بکرێ نەك بە کوڕ و کوڕ .

• • • • • • • • • • • • • • • • • • • •

عیشقی مەجازێ (عم) عیشقی مەجاز و .

ئەم قەسیدەیەی نالێ کە بە مەبەستی بەرهەڵستێ لە گرتنەبەری ڕێگای نادروست داینـاوە لە کاروباری جینسدا ، ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای باری کۆمەڵایەتیی ئەو ڕۆژەیە لەم ڕووەوە و ، ئەگەر بەراوردێکیشی لەگەڵ ئەو قەسیدانەی شاعیرانیتری پاش خۆی بکەین کە بەئاشکرا لایەنی دڵداریێ لەگەڵ کوڕدا ئەگرن ، بۆمان دەرئەکەوێ کۆمەڵ لە چ لێژێکی بێڕەوشتیدا تێگلابو .

★ ★ ★

تیپی حێ

— ١ —

ساقێ ! وەرە ژەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح
بەم ژاحە ، لەسەر ژاحە ، دەڵێن : ژاحەتی ئەرواح (١)

بەم کاسە لەسەر پەنجە دەڵێن : نۆری عەلا نۆر
ژەخشانە لە میشکاتی قەدەحدا وەکو میصباح (٢)

— ١ —

(١) ساقێ : مەیگێڕ . جاران لە کۆڕی خواردنەوەدا کچانی شۆخ مەیان گێڕاوە ، لەوەوە (ساقێ) بووە بە کینایە لە کچی جوان . ئەقداح : جەمعی قەدەحە بە مەعنا پیالەی مەیخواردنەوە . ژاح (ی یەکەم) : پێك . ژاح (ی دۆهەم) : لەپی دەست . ژاحەتی ئەرواح : ئارامی گیان .
واتە : ئازیزە مەیگێڕەکەم ، وەرە قەراخی پیالەی مەی بە پەنجەکانت ژەنگاوێ کە (مەبەستی لەوەیە کە پەنجەکانی بە خوێنی دڵداران سۆرن ، یا ژەنگین کینایەیە لە پیرۆزێ ، چونکە پەنجەی یار پیرۆزە) . بەم پیالەی مەیە کە تۆ لەسەر لەپی دەستی دائەنێیت ، ئەڵێن ژەحەتیی گیانە .
لە کۆکردنەوەی هەردو (ژاح)دا جیناسی تەواو و ، لە کۆکردنەوەشیاندا لەگەڵ (ژاحەت) جیناسی ناقیص هەیە .

(٢) ژەخشان : تیشکدەرەوە . میشکات : تاقێکە دیوەودەر نەبێ . میصباح : چرا .
واتە : ئەم پیالەی مەیە بەسەر پەنجەی سۆرتەوە ، وەك ئەوە وایە ژۆناکێ لەسەر ژۆناکێ دابنرێ . شەرابەکەش لەناو پیالەکەدا وەك چرایەك وایە لە تاقێکی نادیوەودەردا دانرابێ .

قەطرێکە لە بەحری کەرەم و ڕەحمەتی فەتتاح
نەڵ عارەقی کەرمی عینەب و شەربەتی توففاح (٣)

بەو دەستە کەوا مەرهەمە بۆ ئەم دڵی خەستە ،
بەو پەنجە کە بۆ بابی گوشایش ئەوە میفتاح ، (٤)

ئەشگونجێ دانانی پەنجەی یار بە ڕۆناکی لەوەوە بێ کە باسی ناسکیی کچێك ئەکرێ ، ئەڵێن ئەوەندە ناسکە خوێنەکەی لەودیوی پێست و گۆشتەکەیەوە دیارە .

تێکڕا ئەم شیعرە لە ئایەتی (الله نور السماوات والارض ، مثل نوره كمشكاة فيها مصباح ، المصباح في زجاجة ، الزجاجة كأنها كوكب دري) تا ئەگاتە (نور على نور ..) وەرگیراوە .

(٣) قەطرێکە : قەطرەیەکە ، دڵۆپێکە . فەتتاح : خوا کە دەرگای ڕەحمەتی خۆی بۆ بەندە ئەکاتەوە . کەرم : داری مێو . عینەب : تڕێ . توففاح : سێو .
واتە : وا تێنەگەن ئەو مەیەی یار بەو دەست و پەنجانەی ئەیگێڕێ ئارەقی تڕێی ڕەزە مێو و شەربەتی سێوە ، وانیە . دڵۆپێکە لە دەریای میهرەبانێ و ڕەحمەتی خوا کە دەرگای خێر و خۆشیی بۆ هەمو خەڵك کردووەتەوە ، یا دەرگای بۆ هەموان لەسەر پشتە .

لە کۆکردنەوەی (قەطرە) و (بەحر)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (کەرەم) و (کەرم)دا جیناسی موحەڕڕەف و ، لە کۆکردنەوەی (فەتتاح) و (توففاح)دا جیناسی قەلب هەیە ، سەرەڕای ئەو تەناسوبە زۆرەش کە لە تێکڕای شیعرەکەدا هەیە .

کەرەم و (ك) : کەرەمی . عارەقی (گم) و (ت) : ئارەقی . کەرمی عینەب و (ت) : کەرم و عینەب و . (عم) و (کم) و (گم) : گەرمیی عینەب و . (ك) : گەرمیی عینەبی و . بەپێی ئەم نوسخانەی دوایێ وشەی (گەرمێ) لەگەڵ (عارەقی)دا ئەگونجێ .

(٤) گوشایش : کردنەوە . میفتاح : کلیل .
مەعنای ئەم شیعرە و دۆ شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ .
ئەم (گم) : ئەو . دڵی (کم) : دڵە .

بەو دەننی فوراتە کە دەکا پەششە بە عەنقا ،
نەك لەو خومی نیلە کە دەکا باخە بە تیمساح ، (٥)

پڕ کە قەدەحی پڕ فەرەحی بێ تەرەح و غەم
ناوِلْني ، وَنادِمني وغازِلني بالأفراح (٦)

---

(٥) دەن : کۆپەی شەراب کە ئەیخەنە ژێر چاڵ بۆئەوەی شەرابەکە کۆن ببێ و شەرابێکی چاکی لێ دەرچێ . فورات : سازگار و ساف و بێگەرد. زۆباریکە لە عێراقا ناوبانگی ئاوەکەی بە خۆشی دەرچووە . پەششە : مێشۆلە . عەنقا : باڵدارێکی خەیاڵییە . خوم : کۆپەی گەورەی مەی و سرکە و شتیوا . خاسەڕەنگ کە جلی پێ شین ئەکەن . نیل : شین . زۆباریکە لە میسر . باخە : کیسەڵ . لە هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمانا نۆسراوە (باغە) بەڵام هەڵەیە . تیمساح : نەهەنگ ، گیان لەبەرێکی ئاوییە لەشێکی گەورە و کلکێکی درێژ و دەس و قاچێکی کورتی هەیە و قەپاغێکی ئەستۆری هەیە وەك قەپاغی کیسەڵ .

بەو (عم) : لەو . فوراتە (عم) و (گم) : قەڕابە . لەو (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ك) : بەو .

(٦) تەرەح : خەفەت . لە هەمۆ نوسخەکاندا بە (طەرەح) نۆسراوە . بەڵام هەڵەیە ، وشەکە عەرەبییە و (تەرەح)یشە . دیارە نۆسیارەکان ئەوەندە (ط)یان لە عەرەبیدا دیوە ، لەبەر کۆلکە خوێندەواریێتیی خۆیان ، وایانزانیوە هەرچێ (ت)یشە ئەبێ (ط) بێ ! . نادمنی (چن) و (ك) : ناومنی.

واتە : دەی سا مەیگێڕ ! بەو دەستە جوانانەت کە تیماری دڵەی بیمارن و ، بەو پەنجە باریکانەت کە کلیلی کردنەوەی دەرگای ئاواتن ، لەو کۆپەی شەرابی سازگار و بێگەردی کۆنە کە هیچ لە دڵا ناهێڵێ ، پیاڵەیەکی بێدەرد و خەمم بۆ پڕ کە ، بیدە بە دەستمەوە و ، خۆیشت لەگەڵما بخۆرەوە و ، قسەی خۆشم لەگەڵ بکە و، پیاڵەم بۆ لە پیاڵە بدە و بە خۆشێ لەگەڵما دڵدارێ بکە ، نەك لەو شەرابانەی کە سەری بنیادەم کاس ئەکەن و ، باری ئەوەندەی‌تر گران ئەکەن ، تا وای لێ دێ کیسەڵێکی بچۆکی لەبەرچاو ئەبێ بە نەهەنگێك .

لە یەکخستنی (دەستە) و (خەستە) و ، (فەرەح) و (تەرەح)دا جیناسی لاحیق و ، لە کۆکردنەوەی (فورات)و (نیل) و ، (پەششە) و (عەنقا) و (باغە) و (تیمساح)دا طیباق و ، لە وەصف کردنی ئەو شەرابەی ئەیەوێ بە (فورات) و ، ناوهێنانی کۆپەکەی بە (دەن) و ،

لەم گەردشی مینایە کەوا دەورە ، نە جەورە
ساقیّ کەرەمی سایقە ، « نالیّ » مەکە ئیلحاح (٧)

★ ★ ★

وەصفکردنی شەرابە ناخۆشەکەش بە (نیل) و ناوهێنانی کۆپەکەی بە (خوم)دا ــ لەطافەت هەیە .

نیوە عەرەبییەکەی ئەم شیعرە لە نوسخەی (مز)دا کوردییە و بەمجۆرەیە :

تا پڕ بێ دڵ و ڕۆحی ئەمن ئیستا لە ئەفراح

(٧) مینا : چەرخی گەردوون . پیاڵەی شەراب . سایق : لێخوڕی چەرخی گەردوون ، خوا . بهێن و ببەری پیالەی شەراب ، یار . ئیلحاح : پێ بەزەویدا کوتان و سوڕ بوون لەسەر شتێك .

واتە : چەرخی گەردوون ، چۆن بۆ بنیادەم دێتە پێشەوە ، ستەم نییە و ، هەرکەس سەرەی خۆی هەیە و ، خوا خۆی ئەزانێ چیّ ئەکا . کەرەمی لێ خوڕەکەی کە خوایە،شەرابی بە ئاوات گەیشتن ئەدا بە دەستی هەرکەسێکەوە و ، سوڕ بوون و پێ بەزەویدا کوتان داد نادا . یاخود یار خۆی ئەزانێ کەی وەختی ئەوەیە دڵی نەرم بێ و ، پیاڵەی شەرابی بەئاوات گەیشتن بە تۆیش بدا و ، پێویست ناکا زۆری لەسەر بڕۆیت و ، لێی گەڕێ بۆ خۆی چیئەکا با بیکا .

لە یەکخستنی (دەورە) و (جەورە)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ساقیّ) و (سایق)دا جیناسی قەلب هەیە .

مەکە ئیلحاح (عم) و (گم) : بکە ئینجاح. لەپەراوێزی (عم)دا مەعنای ئینجاح بە (شادکردن) و لە پەراوێزی (گم)دا بە (شاد) لێدراوەتەوە . دیارە ئەگەر بۆیان پینە نەکەین هەردوکیان بە هەڵەدا چوون .

تیپی دال

به فارسی

— ۱ —

ابروان تو طبیبان دل افگارانند
هردو پیوسته ازان بر سر بیمارانند (۱)

گنج رخسار تو دیدن نبود زهره مرا
که ز زلف تو برو خفته سیه مارانند (۲)

ما هزاران ، ز غمت خسته و ناکام ، ولی
کامیاب از گل روی تو خس و خارانند (۳)

— ۱ —

(۱) واته : برۆکانی تۆ پزیشکی دڵداره دڵ بریندارەکانتن ، بۆیە هەمیشە بە ڕاسەری نەخۆشەکانەوە ڕاوەستاون .

لە وشەی (پیوستە)دا لەطافەت هەیە چونکە هەم مەعنای (هەمیشە) و هەم مەعنای (پەیوەست) و (یەکگرتووەوە)ش هەڵئەگرێ . هەروەها لە وشەی (بیمارانند)یشدا لەطافەت هەیە ، چونکە هەڵئەگرێ بەمەعنا (نەخۆش) بێ و هەڵیشئەگرێ بە مەعنا (مەست) بێ . ئەوەتە ئەوترێ (چاوی بیمار) واتە (چاوی مەست) . واشە ، برۆ بەسەر چاوەوەیە !

(۲) واتە : من هەرگیز ناوێرم سەیری گەنجینەی ڕۆمەتی تۆ بکەم ، چونکە ڕەشمارەکانی زوڵفت بەسەر ئەو گەنجینەوە نۆستۆن و ئەپارێزن . ئیشارەتە بەو ئەفسانەیە کە ئەڵێ مار بەسەر گەنجینەوە پەپکە ئەکا .

(۳) واتە : ئێمەی بولبولی نەغمەخوان‌کە ڕۆژ تا ئێوارە بە بالای تۆدا ئەخوێنین،

بر سر کوی خود از گریه مکن منع مرا
زانکه گلهای چمن منتظر بارانند (٤)

نرگسان تو که خواب همه عالم بردند
خفتگانند ، ولی رهزن بیدارانند (٥)

« نالیا » ار چه سگانش همه شب نالانند
که نه آن شیفتگان نیز جگر خوارانند (٦)

لەتاو دەرد و خەفەتی دۆریت گرفتار بووین و ، هەر ئەم چڵ و ئەو چڵ ئەکەین و ، لە پێگەیشتنت نائومێد بووین . کەچی درۆك و داڵ هەمیشە بەلای گوڵی زۆتەوەن . ئاشکرایە بلبل بەسەر چڵی درەختەوە نەبێ نانیشێتەوە ، کەچێ درۆك و داڵی بنی گوڵ هەمیشە هاوسەری پەڕەی گوڵن .

ئەتوانرێ وشەی (هزار = هوزار) بە (هەزار)یش بخوێنرێتەوە ، واتە : ئێمە کە هەزاران دڵدارین .. تاد .

(٤) واتە : زێم لێ مەگرە بەسەر زێ و شوێنتا بگریم و فرمێسك بڕێژم . گوڵزاری باخچەکەت چاوەڕوانی بارانە پێی بگەشێتەوە . بۆیە منیش بارانی فرمێسکی خۆمی بەسەرا ئەڕێژم .

(٥) واتە : چاوە مەستە خەوالووەکانت ، خەویان لە چاوی عالەم بڕیوە و ، بوون بە زێگری زێ و تالانکەری مالی ئەو دڵدارانەت کە لەتاو دەردی دۆریت خەو لە چاویان حەرام بووە .

زیادەڕەوییەکی ئێجگار شاکارانەیە : خەوتۆ خەو لە خەڵك حەرام بکا و زێگا لە بێداران بگرێ .

لە کۆکردنەوەی (خفتگان) و (بیداران)دا طیباق هەیە
بردند (عم) : بستند .

(٦) واتە : نالییا ! بەدکارەکانی بەردەرگای مالی یار، هەرچەند شەو تا بەیانی هەرایانە ، هەراکەیان لەوەوە نییە کە دڵیان پێوەیەتی ، تەنها ئەوەیان ئەوێ دڵی دڵدارەکانی بریندار بکەن و جگەریان بخۆن و نەهێڵن بە دیداری شاد ببن .

ار چە (عم) و (ك) و (مز) : از چە . نالانند (چر) و (ك) و (مز):بیدارند.

تیپی ڕێ

— ١ —

ئیلتیقای پۆلاٚ و ئاسن هەر نیزاعە و گیر و دار
جەمعی ماء و نار و ، زەند و زەندەوو ، مەرخ و عەفار (١)

— ١ —

لە چاپکردنی ئەم دیوان و لێکۆڵینەوەی دیوانی (نالی)یەدا گەیشتبۆینە (تیپی ڕێ) ، کە برادەری دڵسۆز قوتابیی دوا پۆلی بەشی کوردۆڵۆژیی زانکۆی سلێمانێ ، کاك جمال محمد سێ دەسنۆسی دیوانی نالیی بۆ ناردین و ، ئێمەش خستمانە بەردەست و لێرەوە تا دواییی کتێبەکە کەڵکیان لێ وەرئەگرین .

یەکەمی ئەم دەسنۆسانە کە لە برادەری بەڕێز کاك عبدالرحمن مزۆریی وەرگرتووە بۆمان ، (مەلا عبداللەی گەلاڵێ) ناوێك لە ساڵی ١٣١٦ی کۆچێ ، (١٨٩٨ ــ ١٨٩٩ی . ز)دا نۆسیویەتەوە . بۆ ئەم دەسنۆسە ئیشارەتی (عب) دائەنێین . دۆهەمیشیان (مەلا احمد) ناوێك لە ساڵی ١٣١٧ی کۆچێ (١٨٩٩ــ١٩٠٠ی . ز)دا نۆسیویەتەوە . بۆ ئەمیش ئیشارەتی (اح)مان دانا . سێهەمیشیان مامۆستا نەجمەدین مەلا نۆسیویەتەوە و ساڵی بۆ دانەناوە . بۆ ئەمیش ئیشارەتی (من)مان دانا .

(١) گیر و دار : وشەیەکی فارسییە بەمەعنا بگرە و ڕاگرە . ئیستا بەمەعنا هەرا و کێشە بەکاردێت . زەند و زەندە : دۆ وشەی عەرەبین ، دۆ جۆرە دارن ، سەرۆیان زەند و ژێرۆیان زەندەیە ، لە بەیەکگەیاندن و لێکدانیان ئاگر پەیدا ئەبێ . مەرخ : وشەیەکی عەرەبییە بە جۆرە دارێکی ناسك ئەڵێن زۆ دائەگیرسێ . عەفار : جۆرە دارێکیترە ئاگری لێ ئەبێتەوە .

بۆ لێکدانەوەی مەعنای ئەم بەیتە سەرەتایەك پێویستە : پۆلاٚ و ئاسن هەردوکیان لە یەك ڕەگەزن . لە زمانی عەرەبیدا پۆلاٚ (فولاذ) نێرینەیە و ،

ئاسن (حدید) مێیینەیە . (ماء) و (نار)یش یەکەمیان نێرینە و دۆهەمیان مێیینەیە . (زەند) و (زندە)یش لە عەرەبیدا یەکەمیان نێرینە و دۆهەمیان مێیینەیە . لە فارسییشدا (زند) بە چەخماخ ئەڵێن کە لە بەردە ئەستێ ئەدرێ و بە هەردوکیان ئاگر ئەکەنەوە . (مەرخ) و (عەفار)یش هەر بە عەرەبێ دۆ جۆرە دارن کە بدرێن لە یەك زۆ دائەگیرسێن ، دیارە ئەمانیش لەبەرئەوەی کە داگیرسانەکەیان لە بەیەکگەیشتنەکەیان پەیدا ئەبێ ، یەکێکیان بە نێر و ئەویان بە مێ دانراوە .

ئەنجا دێینە سەر لێکدانەوەی مەعنای بەیتەکە وەك ئێمە لێی حاڵی بووین :

نالێ ئەیەوێ بڵێ : بەیەکگەیشتن و پەیوەندی پۆڵا (پیاو) و ئاسن (ئافرەت) پڕیەتی لە هەرا و کێشە . ئەم دوانە بێ یەك نایانکرێ و پێکەوەش ژیانیان پڕیەتی لە ناکۆکێ (تناقض) . وەك چۆن دۆ تەلی سارد و گەرمی کارەبا : دژی یەکن و کەچێ تەنها پێکەوەش ڕۆناکێ دێننە بەرهەم . ئەم پەیوەندییە پێویست و لە هەمان کاتیشدا پڕ لە ئاڵۆزییەی نێر و مێ ، وەك کۆبۆنەوەی ئاو و ئاگرە ، کە یەکێکیان گەرمە و ئەویان سارد و هەردوکیان بۆ ژیان پێویستن و ئاگر بە ئاو ئەکوژێتەوە ، یا وەك پەیوەندی (زەند) و (زەندە) و ، (مەرخ) و (عەفار)ە کە بە هەردولایان ئاگر ئەکەنەوە .

واتای ئاشکرای بەیتەکە ئەوە ئەگەیەنێ کە لە بەیەکگەیشتنی پۆڵا و ئاسندا ئاو و ئاگر بەکارئەهێنرێن . لە لایەکەوە کۆرەی ئاسنگەر بە مۆشەدەمە خۆش ئەکرێ و ، ئاسنەکە لەناو ئاگردا دائەنرێ ، تا سۆر ئەبێتەوە و بە چەکوشی پۆڵا لێی ئەدرێ و ، ڕێکئەخرێ و ئامێری هەمە چەشنەی لێ دروست ئەکرێ و ، لە لایەکی‌کەشەوە ئاسنەکە ئەخرێتە ناو ئاو سارد ئەکرێتەوە و زاخاو ئەدرێ . ئەم شێوە وەصفە لەگەڵ پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەتیشدا ئەگونجێ و ئەمەش واتا پەنهانییەکەی شیعرەکە. هەروەها (زەند) و (زەندە) و ، (مەرخ) و (عەفار)یش لێك ئەدرێن و لێك ئەخشێنرێن و لەو لێکدان و لێکخشاندنەیان ئاگر پەیدا ئەبێ . ئەمە واتا ئاشکراکەی ڕستەکە . واتا پەنهانییەکەشی شێوەی پەیوەندی پیاو و ئافرەت و لەیەك نزیك بۆنەوەیانە کە ئەبێ بە هۆی پەیدابۆنی هەڕەتی ئارەزۆ و ، پاشانیش ژیانێکی نوێی لێ دێتە بەرهەم .

دۆر نییە ، جگە لە نێریی (فولاذ) و مێیینی (حدید)یش ، نالێ بۆیە پیاوی بە (پۆڵا) و ئافرەتی بە (ئاسن) وەصف کردبێ ، چونکە بەعادەت

ئەم لەسەر تەعظیم و گەورە گرتنی ئەو بێ قوصوور
ئەو لەسەر تەحقیر و تەخفیف و شکستی زاری مار (٢)

پیاو ئافرەت ئەکوتێتەوە و ئافرەت بۆ پیاو نەرم ئەبێ ، وەك چۆن چەکوشی پۆلاّ ئاسنی لە کۆرەی ئاسنگەریدا پێ نەرم ئەکرێ .

نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە ، لە نوسخەکانی بەردەستمانا ، جیاوازیی زۆری تیابو . لە هەمۆیاندا نوسخەی (ك) زیاتر بەلای ڕاستیدا ڕۆیشتبۆ و ، ئێمەیش پشتمان بەو نوسخەیە بەست . تەنها ئەوەندە هەبو (زەندە)ی بە (زیندە) و (عەفار)ی بە (عیفار) نۆسیبوەوە . جیاوازییەکانی نوسخەکانیتر هیچیان لەوانە نەبۆن مەعنایەکی ڕاست و گونجاو بەدەستەوە بدەن و هەمۆ هەڵەی نۆسیاری حاڵێ نەبۆ بۆن . بۆیە پشت گوێمان خستن .

(٢) ئەم : ئیشارەتە بۆ نزیك کە لێرەدا (ئاسن)ەکەیە ، کەچێ نالێ ئیشارەتی بۆ (پۆلاّ)کە پێ کردووە . ئەو : ئیشارەتە بۆ دۆر کە (پۆلاّ)کەیە ، کەچێ نالێ ئیشارەتی بۆ (ئاسن)ەکە پێ کردووە . وادیارە نالێ لەم ئیشارەتەیدا لای خۆیەوە دەستی پێ کردووە .

مەعنا دیارەکەی ئەم بەیتە ئەوەیە : پۆلاّ هەمیشە خەریکی بە گەورە گرتنی ئاسنە ، ئەوەتە ، پارچە ئاسن ئەکا بە ئامێری جۆر جۆر کە هەریەکە بۆ چەند کار بەکاردێن . کەچێ ئاسن هەمیشە لەسەر ستۆك‌کردن و بە هیچ زانین و شکاندن و زەهری مار دەرخوارددانی پۆلاّیە . ئەوەتە پۆلاّ بووە بە خزمەتکاری ئاسن و کاری بۆ ئەکا و ، بە هەڵبژینی زۆری بە دەستی وەستا ستۆك بووە و ، ئەو تالاّوەی بە دەما ئەکرێ کە تاونەتاو ئاسنگەر ئاسنەکەی تێ‌ئەخا بۆ سارد بۆنەوە .

مەعنا پەنهانییەکەشی ئەوەیە پیاو هەمیشە خەریکی گەورەکردنی ئافرەتە ، بە دۆگیان کردن و چۆنەلا و ، بە هیچ جۆرێ کورتی ناکاتەوە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە .. کەچێ ئافرەت پیاو ئەکا بە هیچ و ستۆکی ئەکا و خاڵیی ئەکاتەوە و ئەدا بە دەمی مارەکەیدا .. مەبەست وێنەگرتنی کاتی پاش بەیەك‌گەیشتنی پیاو و ئافرەتە .

تەخفیف و (« پەراوێزی » چر) : تەحقیقی ، واتە : هێنانەدیی .. (عم) و (کم) و (گم) : تەخفیف و . (عب) و (اح) : تەخفیفی . زاری مار : هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمان (عم) و (گم) و (مز) نەبێ : ژاری مار . (عم) و (گم) و (مز) : ژارە مار .

وەك وتمان ، لە هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمانا (ژار) نۆسراوە . ئێمە

ئەم بچێ ، ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران
ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ ، چاو یەك و قەطرە هەزار (٣)

ئەم بە چاو دوڕڕ و بە سەر لەعلێ هەدیيە بۆ دەبا
ئەو بە تف دەیکا بە میزابی شکستەی ئابشار (٤)

لامانوابو ئەمە هەڵەیە و ڕاستەکەی (زاری مار)ە ، چونکە زار هەم بە مەعنا (ژار) و هەم بە مەعنا (دەم)یش دێ و ئێمەش هەردو مەعناکەمان بۆ دەرخستنی هەردۆ ڕووەکەی ئەم پارچە شیعرەی نالێ پێویستە . بۆیە گۆڕیمان و کردمان بە (زاری مار) .

(٣) گوڵ خەندەران : گوڵێکی سۆرە ، ئەڵێن کە بنیادەم پێبکەنێ ئەو لەناسکیدا لەت ئەبێ .

مەعنا دیارەکەی واتە : کە چەکوشی پۆلاّ چۆ بدا بە ئاسندا ، ئەو ، چونکە لە کۆرەدا سۆر کراوەتەوە ، وەك گوڵ خەندەران بە ڕۆیەکی گەشەوە لە بەردەمیا دائەنیشێ ، بەڵام کە ئاسن لە کۆرە دەرئەچێ و دێ ، چەکوشە پۆلاّکە ، ئەبێ بە یەك چاو و هەزار دڵۆپەوە هەڵسێتەوە . مەبەست لە یەك چاوی چەکوشە پۆلاّکە ئەوەتە کە ڕۆی کردووەتە ئاسنەکە و ، مەبەست لە هەزار قەترەکەشی ئەو پزیسکانەیە کە لە کاتی پیادانی ئاسنە سۆرکراوەکەدا ، ئەکەونەوە . مەبەست لە هەستانی چەکوشە پۆلاّکەش بەرزکرانەوەیەتی بۆ پیادانی ئاسنە سۆرەوەکراوەکە .

مەعنا پەنهانەکەشی ئەوەیە : کە پیاو چۆ بۆ لای ئافرەت ، ئافرەت بە (دەم)ی وەك گوڵ خەندەران سۆری ، کراوەیەوە، لە بەردەمیا دائەنیشێ . کە ئافرەتیش بێ بۆ لای پیاو ، ئەبێ ئەم بە یەك (چاو) و هەزار (دڵۆپ)ەوە (هەستێتەوە) ..

بچێ (گم) : ئەچێ . (کم) و (ت) و (ك) و (مز) و (عب) و (اح) و (من) : نەچێ . واتە : بەئامادەیێ دائەنیشێ و چاوەڕوان ئەکا .

(٤) میزاب : پلۆسك . ئابشار : تافگە .

مەعنا دیارەکەی واتە : ئەو پرشانەی لە ئاسنی سۆرەوە کراو ئەبنەوە ، مرواڕین و ، سەری ئاسنەکەش کە لەناو کۆرەکەدا سۆر بووەتەوە لەعلە بەسەریەوە . ئەم مرواڕێ و لەعلە ، پۆلاّ بە دیارێ بۆ ئاسنی هێناون . کەچێ ئاسن بەرابەر بەم قەدرزانینەی پۆلاّ ، پۆلاّکە ئەکا بە پلۆسکە شکاوی ئاو پیاهاتنە خوار . مەبەستی لەوەیە کە ئاسنەکە هەڵئەکێشن لە ئاو بۆ

نەظمی « نالێ » میثلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە
دۆ ڕووە بۆ سەیری خاطر : یەك خەفێ و یەك ئاشكار (٥)

— ٢ —

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرۆر !
ئەی پەیکی شارەزا بە هەمۆ شاری (شارەزوور) ! (١)

سارد بۆنەوە ، بەهۆی گەرماکەیەوە پرژێکی زۆر بە سەر و ڕۆی چەکوشە پۆلاکەدا ئەپرژێنێ .

مەعنا پەنهانەکەشی ئەوەیە پیاو بە (چاو)ی ، دڵۆپی (ئاو)ی وەك مرواریێ سپێ و ، بە (سەر)ەکەی سۆرایی وەك لەعل ئەبا بۆ ئافرەت ، کەچێ ئەو لەپاداشا ئەوەندە (تف) بە (دیاری)یەکەیدا هەڵئەدا ، وەك پلۆسکە شکاوی تافگەی لێ ئەکا .

دوڕڕ و (عب) و (من) : دەڕوا . لەعلی هەدییە (چر) و (ت) و (ك) و (عب) و (من) : لەعل و هەدییەی . (کم) و (گم) : لەعلی هەدییەی . دەیکا بە (من) : دەیکاتە .

(٥) خەفێ : نهێنێ . ئاشکار : دیارێ .
واتە : شیعری (نالێ) وەك ئاو و ئاوێنە وایە ڕەنگی نییە ، دۆ ڕووە ، بەر و پشتی هەیە . لە ڕۆیەکیا بنیادەم ، وەك چۆن لە ئاو و ئاوێنەدا خۆی ئەبینێ ، مەعنای ئاشکرای بۆ دەرئەکەوێ و ، لەو ڕووەکەشیا کە یا وەك بنی جام یا وەك جیوەی ئەودیوی ئاوێنە وایە هیچ دەرناکەوێ ، کەچێ مەعنایەکیتریش هەیە .

ئاو و ئاوێنە (عم) و (ت) و (عب) و (من) : ئاو و ئاینە . (ك) : ئاوە ، وێنەوو . (اح) : ئاوە ، وێنەیی .

شاعیر و نۆسەر کاك عبدالرزاق محمد بیمار بەشداریەکی باشی لە لێکدانەوەی ئەم پارچە شیعرەدا لەگەڵ کردین . قەدر و سوپاسی ناخەینە پشت گوێ .

— ٢ —

(١) باد : با . مرۆر : گوزەر ، تێپەڕین . پەیك : فروستادە ، کەسێ بە کارێ نێررابێ بۆ شوێنێك . شارەزوور : ئیستا ناوچەیەکی بچۆکە لە پارێزگای سولەیمانێ ، (خاك‌وخۆڵ)ی زێدی نالێ یەکێکە لە گوندەکانی . بەپێی دابەش‌بۆنی بەڕێوەبەرێتیی ئەو سەردەمەی نالێ ئەم پارچە شیعرەی تیا

ئەی لوطفەکەت خەفییو هەوا خواه و هەمدەمە !
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوضتور ! (٢)

وتووە ، بەشی زۆری کوردستانی ئیستای عێراقی گرتووەتەوە . بەڵام بە نیشانەی ئەوەدا کە نالێ خۆی لەمەوپاش لە باسی سولەیمانیدا ئەڵێ :

بۆ دەفعی چاوەزارە ئەڵێن شاری شارەزوور

دیارە مەبەستی لێی ، تەنها شاری سولەیمانێ و دەور و پشتیەتی .

نالێ ، کوردی کەوتووە ولاتان ، شاعیری خاوەن هەستی ناسك ، پاش ئەوەی لەئەنجامی تێکچوونی حوکمڕانیی بابانەکانا کوردستان بەجێئەهێڵێ و سەری خۆی هەڵئەگرێ و ڕوو ئەکاتە شام و ماوەیەك لە نامۆییدا ئەمێنێتەوە ، هەوای نیشتمان ئەداتەوە لە کەللەی ، ژانێکی قوڵ لە دەروونیا گینگڵ ئەخوا ، ئەنجامەکەی ئەم شاکارە هونەرییە ، ئەم تابلۆ پڕواتایە ئەبێ کەوا لەوێوە بۆ هاوەردێکی خۆی ، بۆ (عبدالرحمن بەگی سالم)ی ناردووە و ، ئەویش لە سولەیمانییەوە بە شاکارێکیتری لەم چەشنە وەڵامی ئەداتەوە ، کە پیاو هەردوکیان بەراورد ئەکا ، وائەزانێ دوو کەون خراونەتە قەفەز ، قەفەزێکی دەربەدەرێ و یەکێکی دەستبەسەرێ ، لە بەرابەری یەکدا ئەخوێنن و بۆ یەکدیی ئەستێننەوە.

لەو ڕۆژەوە کە شیعر هەیە ، تەرازوی جیاکردنەوەی شیعری ڕاستەقینە لە شیعری تەنها بەدیمەن ، هەر ئەوە بووە ، شاعیر تا چ ئەندازەیەك لەگەڵ خۆیدا ڕاستی کردووە و ، شیعرەکەی چەند لە ناخیەوە هەڵقوڵاوە ، ئاخۆ دەنگدانەوەی ژانی دەروونی خۆیەتی ، یا بۆنە و پێویستێ و باری ژیان زۆری لێ کردووە بیڵێ . وابزانین تاقە شتێ لە هەرچێ باشتر وەڵامی ئەم پرسیارەمان بداتەوە و ، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەرخا ، ڕادەی لەگەڵدا گونجان و بە دڵ چوونی کۆمەڵی خوێندەوارانە . بۆیە ، بێگومان ، ئەو پایەیەی ئەم پارچە شیعرە لە میژوی ئەدەبی کورددا دەستی خستووە ، نیشانەی ڕاستیی شاعیرە لەگەڵ خۆی و ، بەڵگەی ئەوەیە شیعرەکەی لە قوڵاییی دەروونیەوە سەری کردووە .

نالێ لەم پارچە شیعرەیدا بای تیژڕەو ئەکا بە نامەبەری خۆی و، دەست ئەکا بە بەری پشتێنیا و ، پێی ئەڵێ : خوا بمکا بە قوربانی تۆزی ئەو ڕێگایەی تۆ بەسەریا ئەڕۆی ، تۆ شارەزای هەموو کون و کەلەبەرێکی شاری شارەزووری و ڕێت لێ ون نابێ ، بڕۆ ئەم نامەیەم بۆ بگەیەنە و هەواڵم بۆ بپرسە و بزانە ...

ئەی ــ ی دوو هەم ــ (اح) : وەی .

(٢) خەفێ : نهێنێ . بەشارەت : مژدە . گۆشە : سووچ .

ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان :
طۆفانی دیدەوو شەرەری قەلبی وەك تەنـــوور ! (٣)

گاهێ دەبێ بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ
گاهێ دەبێ بە دەم دەدەمێنی دەمی غورۆر (٤)

واتە : ئەی ئەو بایەی کە نەوازش و دڵدانەوەت ، یاخود ناسکیت ، پەنهانە و کەس پێی‌نـازانێ ، چـونکە با وەختێ بە بایـەکی خـۆش دائەنرێ کە بەئاســتەم ، وەك بەدزییەوە ، بـوەزێ . هەوایەکی ئەوێ بیجوڵێنـێ .. هاوڕێی بنیادەمــە ، چونکە ئەگەر نەبێ بنیـادەم خەفە ئەبێ .. ئــەی ئەو بایەی کە بەئاستەم هەڵکـردنت ، مژدەیە بۆ دڵ و دەرونی ئەوانەی لەسەر سۆچی بەرماڵی بە دڵ ئامادەیێ و دۆرنەکەوتنەوە دانیشتوون .

مەبەستی گفتوگۆکە پاش چەند شیعرێکی‌تر دێ .

هەمدەمە (اح) : هەمدەمم .

(٣) هەمێزاج : هاوسروشت .

مەبەستی لەوەیە با لەوەدا کە جاروبار سارده ، هاوسروشتی تۆفانی چاوی دڵدارانە کە فرمێسکی تەڕیانە . لەوەشا کە جاروباریش گەرمە ، هاوسروشتی بڵێسەی دڵەی وەك تەنۆر گەرمیانە کە لە شێوەی فرمێسکی گەرمدا دێتە دەرەوە .

(٤) گاهێ : جارێـکیان . ڕەوح : فێنکێ . دەم ــ ی یــەکەم ــ : دەمەی ئاسنگەر ، مۆشەدەمە .

مەعنای ئەم شیعرە وەك لێکدانەوەی ئەو شوبهاندنەیە کە لە شیعری پێشۆدا هەبۆ . واتە : لەوکاتانەدا کە ساردی ، ئەبێ بە مایەی فێنکێ و باوەشێنی دڵ ئــەکەی . لەوکاتانەشدا کــە گەرمی ، ئەبێ بــە دەمەی ئاســنگەر و خوێنی ، یاخود دەمــی ، لەخۆبایێبۆن ئەبزوێــنی ، وەك مەشهۆرە بنیادەم لە کاتی گەرمادا تۆڕەیە و ئاگای لە خۆی نامێنێ چی ئەکا و چی ئەڵێ ..

لە کردنی (با)دا جارێك بە سروە و باوەشێن‌کەری دڵ و ، جارێکیش بە دەمەی ئاسنگەر ، طیباقێکی جوان هەیە ، سەرەڕای ئەو جوانییەی لە کۆکردنەوەی طۆفانی دێدە و ئاگــری تەنۆری دڵدا هەیە لە شیعری پێشۆدا ، کە ئیشارەتێکیشی تیا کردووە بە ئایەتی (وَ فارَ التَّنُّورُ) لە باسی تۆفانەکەی حەزرەتی نۆحدا .

دڵ (ت) : ڕۆح .

مەحوی قەبۆڵی خاطری عاطر شەمیمتە
گەردی شیمال و گێژی جەنوب و کزەی دەبۆر (٥)

سۆتا ڕەواقی خانەیی صەبرم ، دڵ و دەرۆن
نەیماوە غەیری گۆشەیی ذیکرێکی یا صەبۆر (٦)

هەم هەمعەنانی ئاهم و ، هەم هەمڕێکابی ئەشك
ڕەحمێ بەم ئاهـ و ئەشکە بکە ، هەستە بێ قوصۆر (٧)

---

(٥) عاطر شەمیم : بۆنخۆش . شیمال : بای شەماڵ . جەنوب : بای گەرمی باشۆر . دەبۆر : ڕەشەبا .

واتە : ئەو تۆزەی بای شەماڵ ئەیجۆڵێنێ و ، ئەو گێژەڵۆکەی بای باشـــۆر هەڵئەکا و ، ئەو کزە ساردەی ڕەشـــەبا ئەیبزوێنێ ، هەمۆ فەوتاو و سەرگەردانی گەڕان بەدوای ئـــەوەدان کە دڵی بۆن و بەرامە خۆشی تۆ پەسەندیان بکا .

عاطر شەمیمتە (چن) و (ك) : پڕ فەیض و عاطیرە .

(٦) ڕەواق : هەیوان . خانە : خانۆ .

واتە : هەیوانی ماڵی خۆڕاگرتن و بوردەباریم سۆتا ، سەبر جێگەیەکی نەمـــا خۆی تیـــا حەشار بـــدا ، کەوتە دەشـــت . دڵ و دەرۆنـــم تەنها سۆچێکیان بۆ ماوەتەوە دوعای (یا صەبۆر)ی تیا بخوێنن ، بەڵکو خوا دەرۆیەکی خێریان لێ بکاتەوە .

دڵ و («پەراوێزی» چن) و (ت) و (ك) و (مز) و (اح) : دەر و . بەپێی ئەم نوسخانە مەعنای شیعرەکە وای لێدێتەوە : دەر و ناوی هەیوانی ماڵی سەبرم ئاگری تێبەربـــۆ .. (عم) : وەکو . بەمپێیـــەش مەعناکەی وای لێدێتـــەوە : هەیوانی خانـــۆی سەبرم ، هـــەروەك ناوەوەی ، ئاگـــری تێبەربۆ . گۆشەیی ذیکرێکی (چر) : گۆشەیی ذیکرێکە . (ت) گۆشەیی ذیکرێك کە .

(٧) هەمعەنان : هاوجڵەو . هەمڕێکاب : هاوڕێف ، هاوئاوزەنگێ .

واتە : کە خانۆی ســـەبرم ڕۆخا و جێگەم نەما ئۆقـــرەی تیا بگرم ، هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ هەمیشە پێبەپێی ئاخهەڵکێشان و فرمێسك ڕشتن بڕۆم ، کەواتە ئەگەر بەزەییشت بە مندا نایێتەوە، با بەزەییەکت

وەك ئاهەكەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار
وەك ئەشکەکەم ژەوان بە هەتا ئاوی (شیوەسۆر) (٨)

بەو ئاوە خوت بشۆ لە کودۆراتی سەرزەمین
شاد بن بە وەصلی یەکدی : کە تۆی طاهیر ، ئەو طەهۆر (٩)

ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی (سەرچنار)
ئاوێکە پڕ لە نار و چنار و گوڵ و چنۆر (١٠)

بەواندا بێتــەوە . هەڵسە ، تۆ وەك ئــەوان نیت ، ژێت لێ ون نابێ ، بکەوەرە ژێ بژۆ ...

ئاهـ و ئەشکە (« پەراوێزی » چر) : ئاهە وشکە . ئەگونجێ ئەمیش هەر (ئاهە و ئەشکە) بێ وا نۆسرابێ .

(٨) دەوان : ئەوەی بە ژاکردن بژوا . کۆ : بەردەرگای ماڵ . ژەوان : جارێ . شیوەسۆر : شیوێکە لەنزیك چەمچەماڵەوە .

واتە : وەك هەناسەی ساردی درێژم بە پەلە بژۆ تا ئەگەیتە بەردەرگای ماڵی دۆست و ، وەك فرمێسکم جارێ ببە تا ئەگەیتە ئاوی شێوە سۆر .

لــە کۆکردنــەوەی (ژەوان) و (دەوان)دا جیناسـی لاحیــق و ، لە کۆکردنەوەی (ئاە) و (ئەشك) و، (خاك) و (ئاو) و (شیو)دا تەناسوب هەیە. لە هێنانی ناوی (شیوە سۆر)یشدا ئیشارەت بەوە کراوە کە فرمێسکی شاعیریش خوێناوە و سۆرە . ئەوەش گونجانێکی جوانی تیایە .

ئاوی شیوە سۆر (« پەراوێزی » چر) و (کم) و (گم) و (اح) : ئاوی پردە سۆر . (« دیسانەوە پەراوێزی » چر) : شیوی پردە سۆر .

(٩) کودۆرات : تۆز و خۆڵ . طاهیر : پاك . طەهۆر : پاك کەرەوە .

واتە : کــە گەیشتیتە ســەر (شیوە ســۆر) و نزیکی ســوڵەیمانێ بۆیتەوە ، لادە ، کەمێك بحەسێرەوە ، بەو ئاوە خــۆت بشۆ ، هەرچی تۆز و خۆڵی زۆی زەویت لەو زێگەیەدا لێ نیشتووە ، هەمۆی دابشۆ . تۆ خۆت پاك و ئاوەکەش پاکەوەکەر ، بە دیتنی یەك شاد ببن .

(طــاهیر) و (طەهۆر) لە زاراوەکانی فیقهن .

کە تۆی (کم) : ئەتۆ .

(١٠) عەین : کانێ . ســەرچنار : کانێ و سەراوێکە حــەوت کیلۆمەترێك لە سولەیمانییەوە دۆرە . جێگای ژابواردنی خەڵکی شارە . نار : هەنار .

چەشمێکە میثلی خۆر کە لە صەد جێ ، بە ژۆشنێ
فەورانی ، نۆری صافە لەسەر بەردی وەك بلۆر (١١)

یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا
ئەستێرەکانی ژابکشێن وەك شەهابی نۆر (١٢)

چنۆر : گیایەکی بۆنخۆشی کێویە ، بەلآم لە شوێنی وەك سەرچنار ناژوێ ، وادیارە نالێ هەر بۆ وەزنی شیعر هێناوێتی . دۆریش نییە مەبەستی هەنار و چنار و چنۆری ژاستەقینە نەبێ ، بەڵکو کینایە بن لە کچی بالآ بەرز و بۆن خۆش و مەمکی خڕ ، چونکە سەرچنار لەمێژە سەیرانگای خەڵکی سولەیمانییە و شۆخەکانی شار هەمیشە تیا کۆئەبنەوە .

لە وشەی (عەینی)دا لەطافەت هەیە چونکە هەم مەعنای (کانێ) و هەم مەعنای (خۆی)یش ئەگەیەنێ . لەنێوان (نار) و (چنار)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (چنۆر) و (چنار)دا جیناسی لاحیق هەیە .

ئاوێکە پڕ لە نار و چنار و (کم) و (گم) و (من) : ئاوێکی صافە پڕ لە چنار و . (عب) : ئاوێکە پڕ لە دار و چنار و . گوڵ و چنۆر (ت) و (مز) : گوڵی چو نۆر . واتە گوڵی وەك نۆر .

(١١) چەشمێکە : چەشمەیەکە ، کانییەکە . فەوران : فەوەران ، هەڵقوڵان .
واتە : سەرچنار کانییەکە وەك خۆر وایە ، وەك چۆن خۆر بەسەر پارچە بلۆری ئاسمانەوە لە صەد لاوە تیشك بڵاو ئەکاتەوە ، ئەمیش پاك و ژۆشن و بێگەرد لە صەد لاوە هەڵئەقوڵێ و بەسەر بەردی خاوێنی وەك بلۆر سپیی ناو کانیدا ئەژوا ..
ژۆشنێ (چن) : ڕۆشنێ و .

(١٢) واتە : یاخود سەرچنار کانیاو نییە،ئاوێنەیەکە دانراوە ، دیمەنی ئاسمانی بە ئەستێرەکانیەوە تیا دیارە . (وردە بەردەکانی بنی ئاوەکە ، جێگەی ئەستێرەکان ئەگرنەوە لە شوبهاندنەکەدا) . بەلآم چونکە وێنەی ئەستێرەکان لە ئاوەکەدا ئەجۆڵێنەوە (مەبەست ئەوەیە کە ئاوەکە بەسەر وردە بەردەکانا ئەژوا ، وا دێتە پێش چاو بجۆڵێنەوە و بکشێن) ، وەك ژاکشابن و درێژ کشابن وایە و ، لەوەدا لەوە ئەکەون کە لە ئەستێرەی عادەتێ بچن و ، وەك ئەو ئەستێرانەیان لێ دێ کە بەدوای شەیتانە بۆ ئاسمان ژۆیشتووەکاندا ئەکشێن .
ژابکشێن (چر) و (ك) و (مز) و (تۆ) و (عب) و (اح) : ژابکشێ .

یا چەشمەساری خاطری پڕ فەیضی عاریفە
یەنبۆعی نۆرە دابڕژێنێ لە کێوی طۆر (١٣)

دەموت دو چاوی خۆمە ئەگەر (بەکرەجۆ)یی ئەشك
نەبوایە تیژ و بێ ئەمەر و گەرم و سوێر و ستور (١٤)

---

(١٣) چەشمەسار : سەرچاوە . عاریف : خواناس . یەنبۆع : کانێ . کێوی طۆر : ئەو کێوەی خوا قسەی لەگەڵ حەزرەتی مۆسا تیا کرد و نۆری خۆی تیا پیشان دا .

واتە : یا هیچیان نییە ، سەرچاوەی پڕ بەرەکەتی خواناسانە ، سەرچاوەی ڕۆناکییە ، لە کێوی تۆرەوە دابڕژێتە خوارەوە .

پڕ فەیضی عاریفە (عم)و (ت) و (مز)و (عب)و (من) : پڕ فەیضو عاطیرە. (تۆ) پڕ فەیضی عاطیرە . یەنبۆعی نۆرە دابڕژێنێ (کم) و (گم) و (من) : یا ئاوی ڕۆح بەخشە کەوا دێ . (چر) و (عم) و (ت) : ... دادەڕژێنێ . (چن) : ... دابڕێژنێ یا دابڕێژێنێ .

(١٤) بەکرەجۆ : شوێنێکە دە کیلۆمەترێك لە سولەیمانییەوە دۆرە ، جۆگایەکی لە سەرچناوەوە بۆ دێ .

واتە : ئەگەر فرمێسکی چاوەکانم تیژ و بێبەرهەم و گەرم و سوێر و ستور نەبۆنایە ، بە ئاوی بەکرەجۆم ئەوت فرمێسکی منە ، بەڵام ناتوانم وابڵێیم چونکە هەرچەند فرمێسکی منیش وەك ئاوی بەکرەجۆ زۆرە ، بەڵام ئەو خاسیەتانەی باسم کردن و لە فرمێسکی چاومدا هەن ، لە ئاوی بەکرەجۆدا نین .

نالێ ، لە دانانی ئەم خاسیەتانەدا بۆ فرمێسکی چاوی خۆی و ، دژەکانیان بۆ ئاوی بەکرەجۆ ، مەعنا ئارایییەکی زۆر جوانی کردووە ، سەرەڕای ئەو زیادە ڕەوییەش کە چاوی خۆی بە یەکێك لە جۆگاکانی سەرچنار داناوە .

وشەی (بەکرەجۆ) لەم شیعرەدا بەگوێرەی زانستی نەحوی کوردێ (متنازع فیە)یە لەنێوان (دەموت) و (نەبوایە)دا و ڕاستکردنەوەی ڕستەکە بەمجۆرە ئەبێ : ئەگەر بەکرەجۆی ئەشك تیژ و بێئەمەر و گەرم و سوێر و ستور نەبوایە،ئەموت جۆگەی بەکرەجۆ دۆ چاوی خۆمە.
دۆ (چن) و (من) : کە .

داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی (خاكوخۆڵ)
هەتا نەكەی بە خاکی (سولەیمانی)یا عوبۆر (١٥)

یەعنی ڕیاضی ڕەوضە کە تێدا بە چەن دەمێ
موشکین دەبێ بە کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور (١٦)

---

(١٥) سارا : صەحرا ، دەشت . خاكوخۆڵ : دێیەکە لە نزیکی چەمی تانجەڕۆوە ، لە ناوچەی (عەربەت) ، ٢٤ کیلۆمەترێك لە ڕۆژهەڵاتی سولەیمانییەوەیە . سولەیمانێ : یەکێکە لە بەناوبانگترین شارەکانی کوردستان ، ئیبراهیم پاشای بابان لە ساڵی ١٧٨٤دا دروستی کردووە و ، پێتەختی میرنشینیی بابانی لە (قەڵا چوالان)ەوە بۆ گواستووەتەوە .

نالێ کە لە شیعرەکانی پێشوێدا (با)ی تیژرەوی لەجیاتیی خۆی نارد و بەسەر کوردستانا فڕاندی ، تا گەیاندیە (شیوە سۆر) و ، دەم و چاوێکی لەوێ پێ شۆڕێ و ، لەوێیشەوە بردی بۆ (سەرچنار) و ، ئەو هەموو تەعریفەی سەرچناری بۆ کرد ، نەیهێشت لەوێ داکەوێ . لەوێیشەوە ناردی بۆ (خاكوخۆڵ) . بەڵام مەبەستی سەردان لە (خاكوخۆڵ) نەبو ، تەنها بۆئەوەی بە بێوەفا دەرنەچێ ناوێکی ئەوێیشی هێنا .. سولەیمانیی ئەویست ، ئەو سولەیمانییەی بیرەوەرییەکانی لە تەختی دڵی هەڵکەنرابۆن و ، خۆشترین ساڵەکانی ژیانی تیا بردبوە سەر . ئەوەتە بۆی دێ بە پیا هەڵدانی سولەیمانیدا و یەکە یەکە بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ باس ئەکا و ئەڵێ : نەکەی بەر لەوەی بە سولەیمانیدا تێپەڕی،بچێتە دەشتی وەك عەنبەر بۆنخۆشی (خاكوخۆڵ). سولەیمانێ لەپێش هەر کوێیەکەوەیە .

نەبی (عم) و (کم) و (گم) و (من) : مەبە . هەتا (چن) و (ك) : حەتتا . (عم) و (ت) و (مز) : هەرتا .

(١٦) ڕیاض : جەمعی (ڕەوضە)یە هەم بەمەعنا باخچە و هەم بەمەعنا بەهەشت بەکاردێ . لێرەدا هەردو مەعناکە مەبەستە . موشکین : موشکاوێ ، بۆنخۆش وەك کەسێك موشکی لە باخەڵدا بێ . کاکۆڵ : قژی درێژی پشتسەر . غیلمان : جەمعی (غولام)ە واتە کوڕی تازە پێگەیشتوو .

واتە : مەبەستم لە سولەیمانێ ئەو باخچەی بەهەشتەیە کە هەر لەوێ ئەتوانی بە ماوەیەکی کەم بۆنی خۆشی کاکۆڵی کوڕە لاو و زوڵفی حۆرییە نازدارەکان هەڵبگری . دیارە سولەیمانێ کە بۆ بە باخچەی بەهەشت ،

خاکی میزاجی عەنبەر و ، داری ژەواجی عۆد
بەردی خەراجی گەوهەر و ، جۆباری عەینی نۆر (١٧)

شامی هەمۆ نەهار و ، فوصۆلی هەمۆ بەهار
تۆزی هەمۆ عەبیر و ، بوخاری هەمۆ بوخۆر (١٨)

ئەبێ پڕیش بێ لە (غیلمان)ی کاکۆڵ درێژ و بۆن خۆش و ، لە (حۆر)ی زوڵف وەك موشك خۆش بەرامە .

تێدا بە (چن) و (من) : تێیدایە . موشکین (اح) : زەلیف .

(١٧) میزاج : تێکەڵ . سروشت . جۆبار : جۆگە .

واتە : ئەو سولەیمانییەی کە بێبایەخترین شتی بەبایەخە .. خاکی سروشتی عەنبەری بۆنخۆشی هەیە یا لەگەڵ عەنبەردا تێکەڵە و ، داری وەك داری بۆنخوشی عۆد بەژەواجە و ، گەوهەر لە خەرج و باجی بەردیا ئەدرێ و ، جۆگەی ئاوی وەك نۆر وایە یا سەرچاوەی نۆرە .

لە کۆکردنەوەی (میزاج) و (ژەواج) و (خەراج)دا هەرچەند جیناس نییە ، بەڵام وشەئارایییەکی جوان هەیە کە لە زۆر شوێنیتریشدا نالێ شتیوای هەیە . لە کۆکردنەوەی (خاك) و (دار) و (بەرد) و (عۆد)یشدا تەناسوب هەیە . لە (عەین)یشدا لەطافەت هەیە .

میزاجی (کم) و (گم) و (من) : ژەواجی . (مز) : خەراجی . عەنبەر و (چن) و (گم) و (ك) و (تۆ) : عەنبەرە . گەوهەر و (چن) و (گم) و (ك) و (تۆ) و (عب) : گەوهەرە .

(١٨) شام : ئێوارە . نەهار : ڕۆژ . فوصۆل : وەرزەکانی ساڵ . بوخار : هەڵم .

لە کۆکردنەوەی (شام) و (نەهار)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (نەهار) و (بەهار) و ، (بوخار) و (بوخۆر)دا جیناسی لاحیق و، لە کۆکردنەوەی (تۆز) و (بوخار) و ، (عەبیر) و (بوخۆر)دا تەناسوب هەیە . سەرەڕای جۆرە طیباقێکیش کە لەنێوان (تۆز) و (عەبیر) و ، (بوخار)و (بوخۆر)دا هەیە لەوڕووەوە کە (تۆز) و (بوخار) بێبایەخ و بەڵکو خراپن ، بەپێچەوانەی (عەبیر) و (بوخۆر)ەوە .

شارێکه عەدل و گەرمه ، له جێگێکه خۆش و نەرم
بۆ دەفعی چاوەزاره دەڵێن شاری شارەزوور (١٩)

---

(١٩) واته : شارێکی بەداد یاخود شارێکی تەخت و ، گەرمه و له شوێنێکی خۆش و نەرماندا دروست کراوه . که پێیشی ئەڵێن شاری شارەزوره ، لەبەرئەوه نییه ڕاسته شاری شارەزوره ، بەڵکو بۆ چاوەزار و لێ لادانی چاوی پیس ، وای پێ ئەڵێن . مەبەست له خراپیی دانه پاڵی سوله‌یمانێ بۆ شارەزوور یا ئەوەیه که شارەزووری ئەو سەردەمه دواکەوتو و پڕ لە دەرد و ئازار بووه و ئاو و هەوایەکی ناخۆشی بووه ، یا ئەوەیه که وشەی (شارەزوور) مەعنای شاری جەور و ستەم ، یا شاری درۆ و بوختان، یا شاری زووری کوژی ئەژدەهاك ئەگەیەنێ ، وەك له کتێبه میژوویه کۆنەکاندا نوسراوه . عادەتێکی میللییش هەیه منداڵی خۆشەویست بۆ دەفعی چاوی پیس ناوی ناشیرینی لێ ئەنێن ، گوایه بۆیەش به شارێکی جوان و خۆشەویستی وەك سوله‌یمانێ وتراوه شاری شارەزوور .

نالێ ئەوەشی لەم شیعرەدا مەبەست بووه که له بەرابەری وشەی (عەدل)دا که هەم مەعنای دادپەروەرێ و هەم مەعنای ڕێك و تەختیش ئەگەیەنێ ، وشەی (شارەزوور) دانێ که وەك مەعنای (شاری درۆ و بوختان) ئەگەیەنێ ، وەك وتمان ، مەعنای (شاری شیو)یش ئەگەیەنێ ، چونکه (زوور) له عەرەبیدا بەمەعنا شیویش هاتووه .

نیوەی یەکەمی ئەم شیعره جیاوازییەکی زۆری له نوسخه دەستوس و چاپەکانی بەردەستمانا تیا هەیه . ئێمه پشتمان به نوسخەی (چر) بەست . لەبەر بایەخی جیاوازییەکانیان و ، بۆ یارمەتێدانی لێکۆڵینەوەی پتری دواڕۆژیش ، تێکستی نوسخەکانیتریش لێرەدا ئەنوسێنەوه .

(چن) و (اح) : **شارێکه عەدل و گەرم له جێگێکی خۆش و نەرم**
(عم) : **شارێکه پڕ له عەدل له جێگای خۆش و نەرم**
(کم) : **شارێکه پڕ له عەدل و کەرەم ، جێیەکی خۆشێ و بەزم**
(گم) : **شارێکی عەدل و گەرم له جێگەیکی خۆش و نەرم**
(ت) : **شارێکی عەدل و گەرمه له جێگێکی خۆش و نەرم**
(ك) : **شارێکه عەدل و گەرمه له جێگێکی خۆش و نەرم**
(تۆ) : **شارێکه عەدل و گەرم و له جێگەیێکه خۆش و نەرم**
(مز) : **شارێکه عەدل و گەرم جێگەییه ذەوق و بەزم**
(عب) : **شارێکه عەدل و گەرم و له جێگێکی خۆش و نەرم**

ئەهلێکی‌وای هەیە کە هەمۆ ئەهلی دانشن
هەم ناظیمی عوقوودن و هەم ناظیری ئومۆور (٢٠)

سەیرێ بکە لە بەرد و لە داری مەحەللەکان
دەورێ بدە بە پرسش و تەفتیش و خوار و ژۆر (٢١)

داخۆ دەرۆنی شەق نەبووە (پردی سەرشەقام) ؟ !
پیر و فوتادە تەن نەبووە (داری پیرمەسۆر) ؟ ! (٢٢)

---

(٢٠) دانش : زانین . ناظم : هۆنەرەوە . عوقوود : جەمعی (عەقد)ە بەمەعنا ملوانکە .

واتە : سولەیمانێ وەنەبێ تەنها شوێنەکەی خۆش بێ،دانیشتووانیشی مرۆی زیرەك و زانا و خاوەن بیرن . ئەدیب و شاعیری‌وایان تیایە شیعری جوانی‌وا ئەڵێن وەك ملوانکەی مرواریێ هۆنرابێتەوە و ، کاروباری دنیایش ڕائەپەڕێنن و لێ‌هاتوون .

لەنێوان (ناظم) و (ناظیر)دا جیناسی لاحیق هەیە .

نیوەی دوەهەمی ئەم شیعرە لە نوسخەی (چن)دا بەمجۆرەیە :

ئەهلێکن ئەهلی دانش و نێکن بوزورگ و خورد

لە نوسخەی (ك)یشدا بەمجۆرەیە :

ئەهلێ کە ئەهلی هونەر ، نێکن بوزورگ و خورد

بەپێی ئەم نوسخەیە ئەبێ (ن)یەك لە (هونەر)ەکە پەڕیبێ و (هونەرن) بێ ، ئەگینا مەعناکەشی نایەت و سەنگەکەشی لەنگ ئەبێ .

(٢١) مەحەللە : گەڕەك . دەور : خول . پرسش : پرسیار .

لەم شیعرەوە نالێ (با) ئەخاتە ناو شار بۆ زانینی هەواڵی شوێن بیرەوەرییەکانی و یەك‌بەیەکیان باس ئەکا بۆی . پێی‌ئەڵێ سەرێ لە دار و بەردی گەڕەکەکانی شار بدا بزانێ کامیان لە جێی خۆیان ماون و کامیان تێکچوون و ، خوار و ژۆری شار بگەڕێ و خولی پیا بخوا و لەم و لەو بپرسێ .

لە بەرد و لە داری (چر) و (عم) و (ت) و (مز) : لە دار و لە بەردی . تەفتیش و (عم) و (کم) و (گم) : تەفتیشی .

(٢٢) سەرشەقام : گەرەکێکە لە گەڕەکەکانی بەشی خوارۆی سولەیمانێ . پردی سەرشەقام : پردێك بووە لە نزیکی مزگەوتی مامۆستا مەلا

ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەمداری (شێخ هەباس) ،
یا بێنەواوو بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عۆر ؟! (٢٣)

حوسەینی پیسکەندییەوە . فوتادە : ئوفتادە ، کەوتۆ . تەن : لەش . پیر مەسۆر : پیر مەنصۆر ، پیاو چاکێك بووە شەخسەکەی لە داوێنی گەڕەکی مەلکەندییەوەیە،ئیستا بەو دەوروبەرە ئەڵێن گەڕەکی پیر مەسۆر. شوێنەواری گۆڕستانی دەوروبەری شەخسەکە خەریکە کوێر ئەبێتەوە و هەمۆی کراوە بە خانۆ ، بەڵام شەخسەکە خۆی ماوە و داڕێکیشی بە سەرەوەیە ، دیوارێکی بە دەورا کراوە . وادیارە دارەکەی پیر مەسۆر لە سەردەمی نالیدا دارێکی گەورە بووە و وەك هەمۆ شەخسەکانی کوردستان ئالاّ و پەڕۆیەکی زۆری پێوە بووە و بەهاران جێگای کۆبۆنەوەی کۆڕ و کچی شۆخی شار بووە ، بۆیە نالێ وا بەسۆزەوە ناوی ئەبا .

ئەم دۆ شوێنە (سەرشەقام) و (پیر مەسۆر) کە نالێ ناویان ئەهێنێ سەر و خواری شار بوون . مەبەستی نالییش ئەوەیە (با) هەمۆ لایەکی شاری بۆ بپشکنێ .

پیر و (تۆ) و (عب) : پیری .

(٢٣) بە بەرگ و بار : پۆشتە و پەرداخ . عەلەمدار : داری ئالآیێ و پەڕۆ پیا هەڵواسراو ، یا مرۆی ئالاّ هەڵگر . شێخ هەباس : شێخ عەبباس ، یەکێك بووە لە سەیدەکانی بەرزنجە ، قەبرەکەی زیارەتگای خەڵکە ، کەوتووەتە داوێنی سولەیمانییەوە . جاران بەو دەور و پشتەیان ئەوت گەڕەکی جۆلەکەکان . ئیستا پێیئەڵێن گەڕەکی شێخەباس . بێنەوا : هەژار و ڕۆت و قۆت . شەخس : بنیادەم ، یاخود قەبری پیاوچاك . عۆر : عوریان ، ڕۆت .

واتە : سەرێ لە شەخسەکەی شێخەباسیش بدە ، بزانە وەك جاران زیارەتگا و سەیرانگای خەڵکە و ، دارەکەی سەری کە ئەوەندەی ئالآیێ پیا کرابو بۆبۆ بە دار ئالآیێ ، یا ئەتوت ئالآیێ هەڵگری شێخەباسە ، وەك جاران بە پارچە پەڕۆی ئالاّ و والاّ ڕازاوەتەوە ، یان هیچی پێوە نەماوە و وەك پیاوی ڕۆت و قۆتی لێ هاتووە ، یاخود بووە بە شەخسێکی بێ پەڕۆ و پاڵە ؟ هەرچەند (دار) و (شەخس) جیان لە یەك ، بەڵام چونکە (شەخس) بە (دار)دا ئەناسرێتەوە ، نالێ دارەکەی کردووە بە شەخس .

عەلەمداری (چن) و (ت) و (ك) و (مز) و (اح) و (من) : عەلەمدارە .

ئایا به جەمع و دائیرەیە دەوری (کانی با) ،
یاخۆ بووە بە تەفریقەیی شۆڕش و نوشتور ؟! (٢٤)

(سەیوان) نەظیری گونبەدی کەیوانە سەبز و صاف ،
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبتور ؟! (٢٥)

بەپێی ئەم نوسخانە مەعنای شیعرەکە تاڕادەیەك ئەگۆڕێ و (شێخ هەباس) ئەبێ بە (موبتەدا) و (عەلەمدار) کە بەپێی نوسخەکانیتر موبتەدا بو ، ئەبێ بە خەبەری دۆهەم . هەباس (کم) و (گم) و (ت) و (مز) : عەباس . گەڕاوە (عم) و (کم) و (گم) و (من) : کراوە .

(٢٤) کانێ با : کانێ و سەراوێکە لەودیوی گردی سەیوانەوە سەیرانگای بەهارانی خەڵکی سولەیمانییە . نەزەرگەی شەخسێکیشە ئەڵێن چاك کردنەوەی باداریی گرتووەتە خۆی . شۆڕش : هەرا و هوریا. نوشتور : ڕۆژی قیامەت کە هەمۆ زیندووان ئەمرن .

واتە : ئاخۆ ئیستاش دەوری کانێ با خەڵکی تیا کۆئەبنەوە و بە دەوری کانییەکەدا ئەڵقە ئەبەستن بۆ شایێ و ڕابواردن و هەڵپەڕکێ ، یاخود ، خەڵکەکەی بڵاوەیان لێ کردووە و وەك ڕۆژی قیامەتی لێ هاتووە کە هەرچی گیانلەبەر هەیە ئەمرن ؟

بە جەمع و (عم) و (ت) : بە جەمعی : تەفریقەیی شۆڕش و (عم) و (گم) و (ت) و (مز) : تەفریقەیی شۆڕشی . (کم) و (من) : تەفریقەوو شۆڕشی . (ك) و (تۆ) و (عب) : تەفریقەوو شۆڕش و .

(٢٥) سەیوان : گردێکە لە بەری ڕۆژەلاتی سولەیمانییەوە ، ناوبانگی بە گۆڕستانەکەیەوە دەرچووە . وەك لە پارچە شیعرێکی (شێخ ڕەزا)وە دەرئەکەوێ لە سەردەمی بابانەکاندا جێگای ڕابواردنی میرەکان بووە. لەم شیعرەی نالێ خۆیشیەوە دەرئەکەوێ لە سەردەمی ئەویشدا هێشتا تاکوتەرا گۆڕی تیابووە. یەکەمجار هەر بابانەکان خۆیان،بە یادی سەردەمی زیندوێەتێ ، کردیان بە گۆڕستان بۆ خۆیان و ئەوانەی لێیانەوە نزیك بۆن و پاشان وردە وردە بۆ بە گۆڕستانی خەڵکیش .. کەیوان : ئەستێرەی (زوحەل) کە بازنەیەکی زۆر ڕۆناکی بە دەورایە و بووە بە نمۆنەی شتی زۆر ڕۆشن . ئەنجوم : جەمعی (نەجم)ە واتە ئەستێرە .

واتە : وەك چۆن گومەزی شینی ئاسمان کە ئەستێرەی زوحەلی پێوە دیار بێ ، ئەستێرەیتری پێوە بێنمۆنە ، ئاخۆ گردی سەیوانیش هەروا

ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانیی ئاسکان) ،
یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ و لۆرەلۆر ؟! (٢٦)

سەوز و سافە وەك جاران و گۆڕی کەسی ـ دیارە لەبەر کەمیی گۆڕەکان ـ پێوە دیار نییە ، یاخود گۆڕی زۆری تیا هەڵکەنراوە و وەك ئاسمانی تاریکە شەوی لێ هاتووە کە ئەستێرەی زۆری پێوەبێ ؟

ڕەنگبێ مەبەستی نالێ لەم شوبهاندنە ئەوە بۆبێ جاران سەیوان گۆڕی تەنها چەند کەسێکی ناوداری تیا بووە وەك ئەستێرەی زوحەل بە ئاسمانەوە ، بەڵام پاشان بووە بە گۆڕستانێکی گشتێ و خەڵکێکی زۆری لە زانایان و شاعیر و ئەدیب و پیاوچاکان تیا نێژراوە کە هەریەکەیان ، بەش بە حاڵی خۆیان ، لە مەیدانی خۆیانا ئەستێرەیەك بوون .

سەبز و (عم) و (کم) و (گم) : سەوز و .

(٢٦) مەکان : شوێن . کانێ ئاسکان : کانێ و سەراوێك بووە لە ڕۆژاوای سولەیمانییەوە ، ئێستا گەڕەکێکە . لە سەردەمی بابانەکاندا ، وەك لە شیعرێکی شێخ ڕەزاوە دەرئەکەوێ ، مەیدانی ڕمبازێ و پێشبڕکەی سواریێ بووە . مەلعەبە : گاڵتەجاڕ .

دوور نییە مەبەست لە ئاسکان کچانی شۆخی چاو جوانی شار بۆبێ کە وەختی خۆی چۆبنە سەر ئەو کانێ و ئاوە و ، هەر بەو بۆنەیەشەوە شوێنەکە وا ناو نرابێ و کوڕانیش ئەو ناوەیان کردبێ بە مەیدانی گەڕان و ڕابواردنی خۆیان و ، هەر لەوەشەوە بابانەکان کردبێتیان بە مەیدانی ڕمبازییان. دیارە لاوانی پێشبڕکەکەر کە ببینن کچانی شۆخ لە نزیکیانەوە لەسەر ئاوەکە دانیشتوون ، گەرمتر ئەبن و ئارەزۆی سەرکەوتنیان زیاتر ئەبێ .. جا لەوڕووەوە نالییش ئەپرسێ : ئاخۆ کانێ ئاسکان هەروەك جاران جێگای کچە وەك ئاسك چاو جوانەکانە کەئەهاتنە سەر ئاو ، یا جێگای پێشبڕکەکەرەکانە کە وەك ئاسك تیژ ئەڕۆیشتن ، یاخود نەخەیر ، بە ڕۆژ بووە بە گاڵتەجاڕی ئەوانەی مەگەر تەنها لاسایی شۆڕە سوارانی بابانیان پێ بکرێتەوە و ، بە شەویش چۆڵ و هۆڵە و سەگ و گورگ تیا ئەلۆرێنێ . دۆریش نییە مەبەستی لە گورگ سوپای داگیرکەری عوسمانێ و لە لۆرەلۆر دەنگی بە گوێ ناسازی ئەوان بێ ..

ئەم شیعرە تەنها لە نوسخەی (چر) و (عم) و (کم) و (گم)دا هەیە .
ئاسکەیە : (عم) و (کم) و (گم) : ئاسکە .

ئێستەش سوروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار) ،
یاخۆ بووە بە صۆفییی وشکی لە حەق بە دوور ؟! (٢٧)

داخو دەرۆنی صافە ، گوزەی ماوە (تانجەرۆ) ،
یاخۆ ئەسیری خاکە بە لێڵێ دەکا عوبوور ؟ ! (٢٨)

سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو (خانەقا) بکە
ئایا زەبیعی ئاهووە ، یا چایری ستوور ؟! (٢٩)

---

(٢٧) شیوی ئاودار : شیوێکە لە زۆژاوای باکوری سولەیمانییەوە بەلای سەرچناردا .

واتە : شیوی (ئاودار) وەك جاران فرمێسکی دڵداریی لە چاو ئەرژێ ، واتە ئاوی پیا ئەڕوا ، یان وشکی کردووە وەك چاوی وشکە سۆفییە خوا نەناسەکان کە دڵۆپێ فرمێسکیان لە ترسی خوا لە چاو نارژوا ؟ یاخود وەك وشکێ و بێدڵیی سۆفییە لە ڕاستێ دوورەکان وشکە ؟ بەگوێرەی مەعنای دوەەم ، شوبهاندنەکە شوبهاندنی مەحسوسە بە مەعقوڵ کە یەکێکە لە شێوە ناسکەکانی شوبهاندن .

عیشقی (چر) : ئەشکی :

(٢٨) تانجەرۆ : چەمێکە لە سەرچاوەکانی سەرچنارەوە پەیدا ئەبێ و ، لە داوێنی سولەیمانییەوە بە بناری چیای گلەزەردەدا بەرەو شارەزوور مل ئەنێ و لە (دواوان)دا ئەژێتە سیروانەوە .

واتە : ئاخۆ تانجەرۆ کەسی هەیە گوێی بداتێ و هەموو ساڵێ جۆماڵی بکا و ، بە هێز و گوزەکەی جارانیەوە ئەڕوا ، یا پڕ بووەتەوە و قوڕ و لیتە بەری گرتووە و لیخن بووە ؟

گوزەی (عم) : گوزی .

(٢٩) خانەقا : خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندێ ، لە گەڕەکی (دەرگەزێن) کە مەحمود پاشای بابان دروستی کردووە . زەبیع : بەهار . گژ و گیای بەهار . ئاهو : ئاسك : چایر : بەهاربەند . ستوور : چوارپێ .

نالێ لەم پارچە شیعرە پڕ سۆزەیدا ، تا دێ میگناتیزی هەستی زیاتر بە شوێنێکی تایبەتییەوە گیر ئەبێ . وەك دیمان (شارەزوور) و (شیوە ستوور) و (سەرچنار) و ئەنجا خوار و ژوری سولەیمانێ و پاشان سەیرانگاکانی دەور و پشتی و ڕۆبارەکانی ، هیچ کامی لە هەستی بیر و

سەبزە لە دەوری گوڵ تەڕە وەك خەططی زۆیی یار
یا پۆشی وشك و زۆرە وەکۆ ڕیشی (کاکە سۆر) ؟ (٣٠)

یادی خۆی بێبەش نەکرد . بەڵام بنیادەم هەرچەند بازنەی خۆشەویستییشی بەدەرەتان و گوشاد بێ و کەسان و جێ و شوێنێکی زۆر بگرێتەوە ، شتێك یا کەسێکی هەیە لە هەر شتێك یا لە هەر کەسێکی زیاتر هەڵاوێرێ و جێگای لای سەرۆی لە دڵیا بۆ ئەو تەرخان کردبێ . ئەگەر ئەو جێگایە بەشبەحاڵی نالێ لە جیهانا کوردستان و لە کوردستانا سولەیمانێ بۆبێ ، کە وایشە ، لە سولەیمانییشا خانەقای مەولانایە و وەك پاشتر دەرئەکەوێ ، لە خانەقایشدا بەتایبەتێ ژۆرەکەی خۆیەتی . بەمجۆرە وا ئەبینین نالێ ئیتر قورساییی سۆز و پرسیار ئەخاتە سەر خانەقا و دوایێ پرسیاری بە هەواڵ پرسینی ژۆرەکەی خۆی دێنێ . لە خۆڕایێ نییە لەم قەسیدە ٤٣ بەیتییەدا ١١ بەیتی بۆ خانەقا تەرخان کردووە و لە هەمۆ دیمەنێکی باری ئاوەدانێ و کۆمەڵایەتێ و سروشتێ و خوێندەواریی ناو خانەقای پرسیوە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە خانەقا لە بناخەدا شوێنی سۆفیگەریە و نالییش هەرگیز دانۆلەی لەگەڵ سۆفیگەریدا پێکەوە نەکوڵاوە .

نالێ لە سەرەتای پرسیاریا لە وەزعی خانەقا ، بە بای خۆش گوزەر ئەڵێ کە یەکەم جار سەرت کرد بە دەرگای حەوشی خانەقادا چیمەنەکەت ئەکەوێتە بەرچاو . دەسا جوان جوان لێی ورد ببەرەوە ، بزانە وەك جاران شوێنی گەشت و ڕابواردنی ئاسکە کە مایەی جوانییە بۆ چیمەن، یاخود هێستری چوار پەل قەویی تێبەردراوە تیا ئەڵەوەڕێن . . مەبەستی لەوەیە مەلا و خوێندەوار و ڕۆشنبیر و خواناسی ڕاستی تیایە ، یان پڕە لە کەسانی نەفام و تێنەگەیشتۆ و لە ڕاستێ دۆر ، لەوانەی خوا پێیان ئەفەرموێت « أولئك كالأنعام ، بل هم أضل » کە داگیرکەرانی زۆمن .

ناو (اح) : نێو .

(٣٠) زۆر : زبر . کاکە سۆر : پیاوێکی پیری بەسالاچۆ بووە لەو سەردەمەدا لە سولەیمانێ . خۆی سۆر بووە و ئەڵێن ناوی عەولا بووە ، ڕیشێکی تۆزێ درێژی هەبووە ، ڕیشی پیاوی سۆر زەردکارە ، با سپییش ببێ ئەو بەڵگەیە تیا هەر ئەمێنێتەوە* .

---

* علاءالدين سجادی ، دۆ چامەکەی نالێ و سالم ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، چاپخانەی مەعاریف ، ل ٥٤ .

قەلبی مونەووەرە لە حەبیبانی نازەنین ،
یا وەك سەقەر پڕە لە ڕەقیبانی لەندەهۆر ؟ (٣١)

واتە : سەرنجی گوڵەکانی حەوشی خانەقا بدە بزانە گیـای سەوزی تەڕیان بەدەورایە وەك گوڵی ڕۆمەتی یار و مۆی زوڵفی بەدەوریا ، یاخود هـەمۆی هـەر پۆشـی وشـکی زەرد هـەڵگەڕاوە وەك ڕیشـە زەرد هەڵگەڕاوەکەی کاکە سۆر ؟

ڕێیشی تێئەچێ (کاکە سۆر) ئیشارەت بێ بە سەربازی عوسمانێ کە دەم و چاویان سۆر و مۆیان زەرد بووە .

سـەبزە (عم) و (کم) و (گم) و (من) : سـەوزە . تـەڕە (مز) : پڕە . خەططی (من) : زوڵفی . زۆرە (عم) : زەردە .

(٣١) قەلب : دڵ . دەرۆن . ناوەوە . مونەووەر : نۆرانێ ، ڕۆناك . سەقەر : دۆزەخ . لەندەهۆر : چوارشانە و کەڵەگەت ، مەبەست لە کەسانیوایە ئەوەندە زەبەللاح بن خەڵك لێیان بترسێ .

واتە : ئاخۆ ناوەوەی خانەقا کەسانی خۆشەویستی نازداری تیایە کە ئەبـن بە مایەی ڕۆنـاکێ بۆی ، وەك چۆن دڵی ئادەمیزاد بە یادی خوا ڕۆناك ئەبێتەوە ، یاخود پڕە لە کەسانی بەدکار و بەدفەساڵ و سیاچارە ، وەك دۆزەخ کە پڕە لە گوناهبار و پیاو خراپیوا ڕێگای چاکەیان لە خەڵك ئەگرت .

لە نوسخەکەی (عم)دا ئەم شیعرە لەپاش شیعری ژمارە (٢٧)ەوەیە، بەڵام دیارە ئەوە هەڵەیە . سەرەڕای ئەوە کە لە هـەمۆ نوسخەکانیترا بەمجۆرەیە کە ئێمە دامانناوە ، هەر ئەمەش لەگەڵ ڕێچکەی شیعرەکانا ئەگونجێ، چونکە ئەم شیعرە بۆ ئەوە دەسنادا باسی (شیوی ئاودار)بکا و، لەگەڵ باسی (خانەقا)دا جۆرە .

لە وشەی (قەلب) و (مونەووەر)دا لەطافەت هەیە ، چونکـە باس باسی خانەقایە و دڵی نۆرانییش زیاتر پەیوەندی بە خانەقاوە هـەیە . هەروا لە بەراورد کردنیشیا لەگەڵ (سەقەر) وردەکارییەکی جوان هەیە، چونکە خانەقا کە جێی خواناسییە ئەبێ وەك بەهـەشت بێ و پڕ بێ لە حۆریی جوان ، نەك وەك دۆزەخ کەسانی گوناهبار و سیا چارە و خوێن تاڵی تیا بێ .

نازەنین (« پەراوێزی » چر) و (کم) و (گم) و (ك) و (عب) و (من) : نازدار .

دەس‌بەندیانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن ،
یا حەڵقەیانە صۆفییی ملخوار و مەندەبۆر ؟ (٣٢)

مەیلێ بکە لە سەبزە درەختانی مەدرەسە :
ئەوراقیان موقەددیمەیی شینە یا نە سۆر ؟ (٣٣)

---

(٣٢) دەستبەند : دەستی یەك گرتن . نارەوەن : درەختێکی بەرز و گەورەی لق و پۆپ چڕی گەلا وردە ، لە حەوشی زۆر لە تەکیە و خانەقاکانا هەیە بۆ سێبەر، بەری نییە . حەڵقە : کۆبۆنەوەی سۆفییەکان بۆ یادی خوا و پیرانی تەریقەت و بیرکردنەوە لە مەرگ و قەبر و قیامەت ، لەگەڵ بەکارهێنانی وردە بەردی گوێ چەمدا لەجیاتیی تەزبێح . مەندەبۆر : بەدبەخت .

واتە : ئاخۆ سەرو و نارەوەنەکانی حەوشی خانەقا لە خۆشیدان و وەك لاوانی هەڵپەڕکێ‌کەر دەستیان گرتووە دێن و دەچن و لەسەر ئاوازی شنە با سەما ئەکەن ، یاخود وەك سۆفییە کوڵۆڵەکان پەیوەندیان بە خۆشیی ژیانەوە نەماوە ، سەریان کز کردووە و ملیان خوار کردووەتەوە و بێ‌دەنگ و سەنگن ؟

مەندەبۆر (مز) و (من) : مەندەمۆر . ئەمیش هەر دەسکارێ کراوی مەندەبۆرە .

(٣٣) ئەوراق : گەلا . موقەددیمە . لای پێشەوە . قەراخ . سەرەتا .

واتە : لایەك بە لای درەختە سەوزەکانی لای حوجرەی فەقێکاندا بکەرەوە بزانە قەراخی گەلاکانیان شینە یا سۆر هەڵگەڕاوە . مەبەستی لەوەیە بزانێ درەختەکان خزمەتیان هەیە و ئاویان ئەدرێ یانە ، چونکە ئەگەر قەراخی گەلاکانیان شین بێ، ئەوە واتە گەش و پاراون و نیشانەی خزمەت کرانیانە و ، ئەگەر سۆر هەڵگەڕابێ ، ئەوە سەرەتای زەرد بۆنیانە و وائەگەیەنێ کەس گوێیان ناداتێ .

ئەشگونجێ مەبەستی لە درەختەکان مەلا و فەقێکانی مەدرەسە بێ و، مەبەستیشی لە ئەوراق ڕۆاڵەتیان بێ چونکە وشکێ و تەڕیی درەخت ، بەر لە هەرچی بە ڕەنگی گەلایدا دیارە و ، مەبەستیشی لە شین خەفەتبارێ و لە سۆر شایێ و خۆشێ بێ . بەم‌پێیە مەعنای شین و سۆر لە هەرکام لە دۆ مەعناکەدا پێچەوانەی ئەوی‌تریانە و ئەمەش نیشانەی دەسەلاتی شیعریی نالییە کە لە یەك شیعردا دۆ وشە هەر یەکی بە دۆ مەعنای دژی یەکتر بەکاردێنێ .

حەوزی پڕی کە نائیبی دیدەی منە لەوێ ،
لێڵاوی دانەهاتووە وەك سەیلی (شیوەسۆر) ؟ (٣٤)

ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە ،
یاریی تیایە ، یا بووەتە مەعرەزی نوفۆر ؟ (٣٥)

ئەوانەی شارەزای کتێبەکانی جارانی حوجرەکان بن ، ئەزانن وشەی (مقدمە) و سەرباسەکان لە زۆر لەو کتێبانەدا بە مەرەکەبی سۆر یا شین ئەنوسران . هەرچەند پەیوەندێك لەنێوان ئەم بە شین و سۆر نوسینە و خۆشێ و ناخۆشیدا نییە ، نالێ هەر ویستوێەتی ئیشارەتێکیش بۆ ئەوە بکا . لە کۆکردنەوەی (مەدرەسە) و (ئەوراق) و (موقەددیمە)شدا گەیاندنی جۆرە لەطافەتێکی مەبەست بووە .

بکە لە (چر) و (عم) و (مز) و (عب) و (من) : بکە بە . سەبزە (من) : سەوزە . (ك) و (تۆ) : دەکەی بە .

(٣٤) نائیب : جێنشین . سەیل : لافاو . شیوە سۆر : یا شیوە سۆرەکەیە کە پێشان باسمان کرد ، یا هەر شیوێکی کاتی لافاو هاتنە کە قوڕاوی سۆری پیا سەربکا .

واتە : حەوزە پڕەکەی خانەقا جێنشینی چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی منە کە پڕن لە فرمێسکی ساف و زۆشن . جا ئاخۆ ئەویش ئاوی پاك و زۆشنی تیایە ، یا کەس گوێی ناداتێ و وەك ئاوی شیوە سۆر قوڕاو و لێڵی تیایە ؟

لێڵاوی (مز) : لێشاوی .

(٣٥) کەنار : قەراخ . کەوشەك . باز : یاخود سێ باز : یارییەکە جاران فەقێ ، بەهاران و پایزان ، بە زۆژانی سێشەممە و جومعەدا ئەیانکرد . یارییەکە بەمجۆرەیە : کۆمەڵە هەرزەکارێك لە شوێنێکی نەرماندا سەرە ئەبەستن و ، شوێنی یەکەم پێدانان دیارێ ئەکەن و ، هەرکامیان بە گوڕ دێن ، لەو شوێن پێیەوە بەولا ، سێ بازی بەگوژم ئەبەن و ، بەوجۆرە بەردەوام ئەبن تا دەرئەکەوێ کێ لە هەموان زۆرتری بڕیوە و کێ لە هەموان کەمتری بڕیوە . ئەمەیان کە لە هەموان کەمتری بڕیوە ، دائەبێ و پشت دائەکا و ، ئەوانەی کە زۆریان بڕیوە بازی بەسەرا ئەبەن . پێشەنگەکەیان کە لە هەمۆیان زۆرتری بڕیوە و پێی ئەڵێن ئیمام، لە هەر بازێکی تازەیدا ، بگاتە هەر کوێ ، دابووەکە ئەگوێزێتەوە بۆ

چاوێ بخه لەسەبزەوو سێرابی دائیرە
جێ جیلوەگاهی چاوەکەمە نەرمە یا نە زۆر ؟ (٣٦)

ئەوێ ، تا یەکێکی‌تریان توانای نامێنێ بە بازێك بگاتە لای دابووەکە و ، خۆی دائەبێ و ، دابووەکە ئەبێ بە ئیمام . کەوشەك : یاریپەکی‌تر یەك بازی تیا ئەبرێ و ، لەدوا شوێنی بازدا کەوشێك دائەنرێ . لەمیشا کێ لە هەموان کورت‌تری بڕێ دائەبێ و ، کێ لە هەموان زۆرتری بڕێ ، ئەبێ بە ئیمام و بەر لە هەموان بازی بەسەرا ئەبا . لەگەڵ هەر بازێکی ئیمامدا دابووەکە بە ئەندازەی کەوشێك ئەچێتە پێشەوە . بازدەر نابێ قاچی لە کەوشەکە بکەوێ . ئەگەر لێی‌کەوت خۆی دائەبێ . بازدانی کەوشەك لە هیی سێباز گرانترە ، چونکە بە سینگە و باز ئەیبا و ، ئەبێ یەکسەر لەو شوێنەوە کە بۆ سەرەتای باز دیارێ کراوە ، خۆی فڕێ بدا و ، تەنها دەستی لە پشتی دابووەکە بکەوێ و خۆی بەسەریا فڕێ بداتە ئەودیویەوە .

واتە : ئاخۆ ئیستاش قەراخی حەوشەکەی خانەقا وەك جاران جێگای سێباز و کەوشەکی فەقێیانە و یاریی تیا ئەکرێ ، یا بووە بە پیشانگای دڵ لێ بێزران و حەز لێ نەکران و ، کەس زۆی تێ ناکا ؟ بەم شیعرەدا دەرئەکەوێ ئەو سەردەمە حەوشی خانەقا ئەوەندە گەورە بووە ، جێی تایبەتیی سێباز و کەوشەکی تیا بووە و ، لەوانەشە مەبەست ئەوە بۆبێ فەقێکان هەرکاتێ ئارەزۆی یاریبان بۆ ، پێویست نەکا بچن بۆ دەرەوەی شار و هەر لە حەوشی خانەقادا (وەرزش)ی خۆیان بکەن .

لە کۆکردنەوەی (حەوشەکە) و (کەوشەکە)دا جیناسی ناقیص هەیە .

باز و (کم) : بازی .

ئەم شیعرە و شیعری پێشەوەی لە نوسخەی (من)دا بەر و دوان .

(٣٦) سێراب : تێراو . بەو چیمەنە ئەڵێن کە ئاوی زۆری ئەدرێ بۆئەوەی هەمیشە گەش و تێراو بێ . دائیرە : بازنە ، دەوروبەر . جیلوەگاە : جێگای دەرکەوتن و ورشەدانەوە . زۆر : زبر .

واتە : تەماشایەکی سەوزە و چیمەنەکەی دەور و پشتی حوجرەی فەقێکانی خانەقا بکە ، بزانە ئیستاش نەرم و سەوز و پاراوە و ئازیزانی تیا کۆئەبنەوە ، یاخود کەس گوێی ناداتێ و وشك بووە و بووە بە پۆشی زبر .

ئەم شیعرە و شیعری پێشەوەی لە نوسخەی (عب)دا بەر و دوان .

لە کۆکردنەوەی (چاوێ) و (چاوەکەم)دا لەطافەت و ، لە کۆکردنەوەی (نەرم) و (زۆر)دا طیباق هەیە .

توخوا فەضایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش
مەحشەر میثالە یا بووەتە (چۆڵی سەلم و تۆر) ؟ (٣٧)

لە سەبزەوو (عم) : بە سەوزەوو . (کم) و (گم) و (تۆ) : لە سەوزەوو . (ك) و (ت) : لە سەبزەیی . (مز) : بە سەبزەوو . سێرابی (عم) : سێراوی . (کم) : سەیرابی . دائیرە (چر) : دائیرەی .

(٣٧) فەضا : تەختان . دەشتی فەقێکان : تەختانێك بووە لە سەرکارێز لە بەر گردی سەیواندا و تۆزێ بە لای گردی حاجێ ئەولاوە ، کەوتووەتە ژۆژەلاتی شاری سولەیمانییەوە ، پردێکی بچکۆلەی دار هەبو لە شیوەکەی سەرقەبران ئەپەڕیتەوە ئەچوێتە ناو دەشتی فەقێیانەوە . ئێستە شوێنەکەی هەمۆ بووە بە خانۆ . تا سالانی ١٩٤٠ ئەو باوە و ئەو ناوە هەبوە ، پاش ئەوە وردە وردە خانۆ شوێنەکەی داگیر کرد * . فەقێ : کەسانێك بۆن لە تەمەنی ١٠ ــ ١٢ سالانەوە حوجرەی تایبەتییان لە مزگەوتەکاندا هەبو ، زانستەکانی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی و هەندێ بابەتی فەلسەفە و ماتماتیك و ئاسمان شوناسییشیان ئەخوێند . تا پاش جەنگی یەکەمی جیهانیش بناخەی خوێندن و خوێندەواری لە کوردستانا ئەوان بۆن. کە لە خوێندن ئەبۆنەوە ، ئەبۆن بە مەلا. لەناو ئەم مەلایانەدا زانای گەورە گەورە هەڵکەوتووە . دەوری گەورەی پەیدا بۆن و گەشە پێدان و پاراستنی ئەدەبی کورد ئەم مەلا و فەقێیانە دیویانە . ئیستاش لە زۆر لای کوردستانا فەقێیەتی ماوە ، بەڵام زۆر ڕۆی کردۆتە کزێ . سەلم و تۆر : دۆ کۆڕی فەرەیدۆنی پادشای پێشدادێ بوون ، لەنێوانی خۆیانا بووە بە شەڕیان و لەو شوێنەدا کە شەڕەکەیان تیا کردووە کوشتارێکی گەورەیان لە یەکتری کردووە و قەلاچۆیان خستووەتە یەك . ئیستا بە هەر شوێنێ وێران و چۆڵ بێ ، ئەڵێن بووە بە چۆڵی سەلم و تۆر .

واتە : ئاخۆ ئیستاش دەشتی فەقێکان لەبەر زۆریی فەقێی یارێکەر و خەڵکی تەماشاکەر وەك دەشتی مەحشەر وایە و پڕە لە عەشامات ، یاخود نە یارێکەری تیا ماوە و نە تەماشاکەر و وەك چۆڵی جێ شەڕی سەلم و تۆری لێ‌هاتووە ؟ .

توخوا (عم) و (گم) : داخۆ . (ت) و (ك) : توخودا . فەقێکان (ت) و (ك) و (تۆ) و (مز) : فەقێیان . ئەمێستەکەش (عم) و (مز) : ئێستەکەیش .

---

* علاءالدین سجادی ، دۆ چامەکەی نالێ و سالم ، بەغدا ، ١٩٧٣ چاپخانەی مەعاریف ، ل ٦٤ .

واصیل بکه عەبیری سەلامم به حوجرەکەم
چیی ماوه ، چیی نەماوه ، له هەیوان و تاق و ژۆر ؟ (۳۸)

ئەو غاری یاره ئیستە پڕ ئەغیارە ، یا نە خۆ
هەر غاری یاره ، یا بووەتە غاری مار و مۆر ؟ (۳۹)

---

(۳۸) واتە : بۆنی خۆشی سەلام و هەواڵپرسیم لەگەڵ خۆت هەڵگرە و بیبە و بیگەیەنە بە حوجرەکەم کە تیادا ئەژیام و ، بزانە هەیوان و تاق و ژۆری چیی ماوە و چیی نەماوە ؟

وەك لە سۆزی شیعرەکانی پێشەوەی نالییەوە بۆ خانەقا ، دەرکەوت کەوا لەوێ خوێندۆیە و ڕەنگبێ هەر لەوێیش خوێندنی تەواو کردبێ ، لەم شیعرە و (لە تێکڕای شیعرەکانیشەوە) دەرئەکەوێ کە پاش بۆن بە مەلایش خانەقای بەجێنەهێشتووە و نەچوەتە هیچ کوێی‌تر و ڕێ و شوێنێکی دیاریشی لەوێ بووە،بەڵکو تا سولەیمانییشی بەجێهێشتووە هەر لەوێ بووە و ، لەوانەیە ئەوەش بگەیەنن کە ژنی نەهێناوە.بەڵگەمان بۆ ئەم بۆچۆنانەمان ئەوەیە فەقێ تا فەقێ بێ ژۆری تایبەتیی نییە و لەگەڵ فەقێکانی‌تردا پێکەوە ئەژین . نالییش هەواڵی ژۆر و هەیوانی ژۆر و تاقەکەی ئەپرسێ . کەواتە دیارە ئەم ژۆرە ئەو ژۆرە نییە لەگەڵ فەقێکانا تیا ژیاوە . هەروەها فەقێ کە بۆ بە مەلا ئەو مزگەوتە بەجێدێڵێ کە تیا خوێندووە و ئەچێتە شوێنێکی‌کە و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکا ، کەچی نالێ سۆزێکی تەنانەت کەمیشی بۆ هەوارگەی نوێی پاش خانەقای ، ئەگەر بۆبێ ، دەرنەبڕیوە . دۆریشە بڵێین پاش بۆن بە مەلا بووە بە مەلای خانەقا ، چونکە ئەو پرسیارەمان لێ ڕاست ئەبێتەوە : ئاخۆ مەلاکەی خانەقا چیی لێ هات ؟ هەروەها ئەگەر نالێ پاش بۆن بە مەلا و بەر لە چۆنە دەرەوەی لە کوردستان ، خانەقای بەجێهێشتبایە ، بەو هەمۆ سۆزەوە باسی لێ نەئەکرد ، ئەو هەمۆ سۆزە نیشانەی زامی نوێی لەبیرنەچوەوەیە .

هەیوان و (اح) : ئەیوان و .

(۳۹) غار : ئەشکەوت . ئەغیار : بێگانە . مۆر : مێرۆلە .

واتە : حوجرەکەم کە ئەوسا بۆ من و هاوڕێکانم وەك ئەشکەوتەکەی (ئەور) بو بۆ پێفەمبەر (د.خ) و ئەبۆبەکری هاوڕێی ، ئیستا پڕ بووە لە بێگانە و کەسانی نەناس ، یا هەروەك جاران دۆست و برادەری

زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ !
ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوطوّر ؟! (٤٠)

تیایە ، یاخود کەسی تیا نییە ، چۆڵ و هۆڵە و مەگەر مار و مێرۆلەی تیابێ ؟

نالێ لەم پرسیارەیدا ئیقتیباسی لە بەسەرهاتی کۆچکردنی پێغەمبەرەوە کردووە لە مەککەوە بۆ مەدینە ، کە چۆن لەگەڵ ئەبۆبەکردا ماوەیەك خۆیان لە ئەشکەوتی (ثەور)دا شاردەوە تا کافرەکان دوّر کەوتنەوە . هەروەها وشەی (غاری مار)یش ئیشارەتە بەوە کە مارێك لەو ئەشکەوتی ثەوردا پەنجەی ئەبۆبەکری گەست .

لەنێوان (غار) و (یار) و (مار) و ، (مار) و (موّر)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ئەغیار) و (یار)دا طیباق هەیە . لە کۆکردنەوەی (غار) و (مار) و (یار)یشدا تەناسوب هەیە .

ئیستە (ك) : داخۆ .

(٤٠) زار : لاواز : دەم . هیلال : مانگی یەك‌شەوە . نەحیف : لەڕ . خەیاڵ : خەیاڵ کردنەوە . سێبەر . خوطوّر : تێپەڕین .

واتە : لاواز بووم وەك مانگی یەك شەوە و ، وەك خەیاڵ یا وەك سێبەر لەڕ بووم . بشێ بەم لەڕ و لاوازییەشەوە کە نابم بە باری مەینەت بۆ سەرشانی کەس ، جێگەم لە دەمی کەسێکا نەبێتەوە ناوێکم بێنێ ، یا لە دڵی کەسێکا بیرێکم لێ بکاتەوە . ئەم بەیتەی نالێ لە ڕیزی پێشەوەی شابەیتەکانی ئەم قەسیدەیەوەیەتی . شوبهاندنێکی بەرز و بالآی تیادا بەکارهێناوە . خۆی لەلایەکەوە تیا شوبهاندووە بە مانگی یەکشەوە لە زەردێ و باریکی و چەماوەییدا . لە لایەکی‌کەشەوە خۆی تیا شوبهاندووە بە خەیاڵ واتە مادەی نەماوە و ، لەم شوبهاندنەوە داوا ئەکا کە باسی بکەن و بیری لێ بکەنەوە ، چونکە باس کردن و بیر لێ کردنەوەی لەڕ و لاوازێکی وەك ئەو هیچی تێناچێ نە بۆ دەم و نە بۆ دڵ .

هیلال (چر) و (ك) : خیلال . خیلال جەمعی خەللە ، گەلێ مەعنای هەیە . ئەوەیان بۆ ئێرە دەس بدا پۆشێکی تایبەتییە بن‌ددانی پێ خاوێن ئەکەنەوە . (تۆ) و (عب) : ظیلال . ظیلال جەمعی ظیللە بەمەعنا سێبەر . زار (تۆ) : ڕاز .

لەم شەرحی دەردی غوربەتە ، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبتور ! (٤١)

ئایا مەقامی ڕۆخصەتە لەم بەینە بێمەوە ،
یا مەصڵەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صتور ؟ (٤٢)

حاڵێ بکە بە خوفیە : کە ئەی یاری سەنگ دڵ
« نالێ » لە شەوقی تۆیە دەبێڕێ سەلامی دتور ... (٤٣)

---

(٤١) هەرچی ژان و تلانەوە و سوێی نالێ هەیە لـەم قەسیدەیەدا ، هەموی گوشێنراوەتە پیاڵەی ئەم بەیتەوە . وا نەبێ ، زۆر زەحمەتە هونەرمەند بیر لەوە بکاتەوە دڵی ببێ بە ئاو و سەرکەوێ ، کە ئاو سەرناکەوێ ، و بە چاویا تێپەڕێ و بێتەوە بۆ نیشتمان ..

غوربەتە (کم) و (گم) و (من) : میحنەتـە . هیجرەتـە (گم) و (من) : غوربەتە . (ت) : دۆر وەطەن . (مز) : حەسرەتە . ڕەنگە (کم) و (گم) و (من) : وەختە . (ت) و (مز) : وەقتە .

چاوا : لە هەمو نوسخەکانی بەردەستمانا ، نوسخەکەی (من) نەبێ ، (چاوما) بو . ئێمە ئەمان لا پەسەندتر بو .

(٤٢) ڕۆخصەت : ڕێگادان . تەوەققوف : وەستـان . چاوەڕوانێ . یەوم : ڕۆژ . نەفخ : فۆکردن . صۆر : شاخێکە لە ڕۆژی قیامەتدا ئیسرافیلی فریشتەی مراندن و ژیاندنەوە دۆ جار فۆی پیا ئەکا . بە فۆی یەکەم هەمۆ زیندووان ئەمـرێنێ و ، بە فۆی دۆهەم هەمۆ مـردووان زیندۆ ئەکاتەوە .

واتە : ئاخۆ هەڵی ئەوە هەیە لەم ماوەیەدا بێمەوە بۆ سوڵەیمانێ ، یا باشتر وایە لێی‌ڕاوەستین تا ڕۆژی قیامەت کە هەمۆ زیندەوەر لە سارای مەحشەردا خڕ ئەبنەوە و ئێمەش لەوێ بە دیداری یەکتر شاد ئەبین و خوایش تۆڵەی لەیەکردنمان لە بەدکار ئەستێنێ .

مەقامی ڕۆخصەتە : (عم) و (گم) : مەجاڵی هاتنە .

(٤٣) خوفیە : نهێنێ . سەنگدڵ : دڵڕەق وەک بەرد .

واتە : بەدزییشەوە بە یاری دڵڕەق بڵێ : لە ئارەزۆی دیداری تۆوەیە نالێ لە دۆرەوە سەلام ئەنێرێ .

. . . . . .

ڕەنگبێ مەبەستی نالێ لەم بە نهێنێ هەواڵ و ســـەلام بۆ یار ناردنە ئەوەبێ بییەوێ بڵێ ئەم پارچە شیعرەم بۆ مەسەلەیەکی گەلێ گشتێ تەرخان کردووە کە سۆزی نیشتمانە و ، نامەوێ کاروباری تایبەتیی تێکەڵ ببێ .. خۆ ناشکرێ هەر بە یەکجارێ یارەکەی پشت گوێ بخا ، بۆیە وا بە (با) ئەڵێ بە دزییەوە وای پێ بڵێ ..

یاری (تۆ) و (عب) و (اح) و (« پەراوێزی » من) : داری .

★ ★ ★

لە خوێندنەوەی ئەم نامەی نالییەوە بۆ سالم،بەئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ کەوا مەبەستی نالێ تەنیا هەواڵپرسینێکی عادەتێ و دەربڕینی سۆزی نامۆیەك نییە بۆ ولاتەکەی . شـــیعرەکەی شـــیعرێکی سیاســییــە و ، لەبەرئەوەش کە بۆ ولاتێکی ژێردەستەی ناردووە ، شێوەی (ڕەمز)ی تیا بەکارهێناوە . نالێ لە هەر شیعرێکیا دۆ پرسیار ئەکا.لە پرسیارێکیاندا باری ڕابۆردۆ دێنێتەوە پێش چاو و ئەپرسێ ئاخۆ وەك خۆی ماوە و،لە پرسیاری دۆهەمیشدا بەرامبەرەکەی دائەنێ ، بەڵام بە لای خراپترا ، نەك بەرەو باشتر بۆن ، چونکە ئەزانێ (باشتر) لە داگیرکەر چاوەڕوانێ ناکرێ . ڕابوردۆ لـــەم شیعرانەدا سەردەمی حـــوکمی (بەبە) و ، کاتی پرسیاریش ســـەردەمی ڕۆمییەکانە . کەواتـــە نالێ لایەنگریی خۆی بۆ سەردەمی بابانەکان دەرئەبڕێ و ، ڕێتێچۆنی خراپتربونی باری ژیانیش بۆ سەردەمی ڕۆمییەکان دائەنێ . ئەوەندەی کە بیری خۆشیی سەردەمی پێشۆ ئەکاتەوە ، ڕێتێچۆنی ناخۆشییەکی گەلێ زیاتریش بۆ سەردەمی ڕۆمییەکان ئەخاتە پێش چاو . تەنانەت پرسیار لە گۆڕانی گەلێ شتیوا ئەکا کە زۆر دۆرە بە گۆڕانی ڕژێمی سیاسێ بگۆڕێن .

وەك هەر ڕۆشنبیرێکی وریا و دۆربین ، هەست بە پەیوەندی نێوان باری دەرۆنیی خەڵك و ڕژێمی سیاسێ ئەکا. ئەمەش بەوەدا دەرئەکەوێ کە ئەپرسێ ئاخـــۆ خەڵك زەوقەکەی جارانیان مـــاوە و ، ڕابواردن و گەڕان و ســـەیرانەکەی ئەوسایان هەر ئەکەن یا نە ؟ فـــەقێ ئەچن بۆ یارێکردن و ، ڕەمبازێ و غارغارێنی لاوان بـــەردەوامە ، یا لە سایەی ڕژێمی ڕەشی ڕۆمییەکانەوە هەمۆ شتێ سڕاوەتەوە ؟! شێوەی ڕەمز بەکارهێنانەکەشی ، وەك هۆیەك بۆ توانای دەربڕینی مەبەست لەگەڵ خۆ دەرباز کردنیشا لە چاوی زەق و گوێی قیتی خەفیە و جڵخوارەکان، بە سەرەتایەکی زیرەکانەی دانانی جۆرێکی نوێی ئەدەب دائەنرێ لە زمانی کورددا .

وەلامەکەی سالم کە بۆ ولاتێکی بەش‌بەحالی سولەیمانیی ئەو ژۆژە — ئازادی ناردووە ، هەمۆ شتێ بەئاشکرا ژۆن ئەکاتــەوە . سالم خۆی بە ناچاری پەردە دادانەوە نازانێ . هەر ئەوەندە مەبەستە نامەکەی لە سولەیمانێ دەرچێ .. ئیتر گەیشتنی دەستەبەر کراوە . وەلامەکەی سالم کلیلی تێگەیشتنی گەلێ سەری شیعرەکەی نالییە ، بۆیە وا لێرەدا تێکستەکەی ئەویش بلاو ئەکەینەوە :

وەلامەکەی سالم

جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر !
ئەی پەیکی موستەعید لە هەمۆ ژاهی پڕ خەطەر !
ئەی میروەحەی جەمالی مەهاسای دولبەران !
وەی شانەزەن بە کاکۆڵی تورکانی ستێم بەر !
جارۆکەشی مەنازیلی جانان لە خەڵوەتا !
فەڕڕاشی فەرشی بەهاران لە دەشت و دەر !
ماڵش دەدەی بە دەم لە دەمی خوابی صوبحدەم
هەم زوڵفی قێرەگۆنەوو هەم چیهرەیی قەمەر
بارێ بە سروەکەت بە شنەی ، ئەنگەبینی گەز
گرتۆیە جونبوشت بە هەم ئاغۆشی نەیشەکەر
وەقتی طەوافی عاریضی دولبەر شنۆیی تۆ
لەغزش دەخا بە طوڕڕە لە سەر تا بە پێ کەمەر
کەی دێتە خەندە غونچە ، دەمی ، بێ وەزیدەنت ؟!
گەر تۆ نەبێ درەختی چەمەن ناگرێ ثەمەر
ئیحیاکونی جەمیعی نەباتاتی عالەمی
ڕەعنا گوشا لە تەربییەتی قامەتت شەجەر
ئابی حەیات و ئاتەشی ئەفسوردەیە دەمت
تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنۆرا کە دێتەدەر
میحنەت ئەوەندە زۆرە ، دڵم هێندە تەنگ بووە
دۆدی هەناسەکەی سەحەرم هەوری گرتە بەر
هیممەت کە چابوکانە بە ئیجرایی مەطڵەبم
لەمسەر بڕۆ وەکۆ بەرید و ، لەوێ بێ وەکۆ تەتەر
بۆ موڵکی شامە نامەیی من ، سۆیی (نالی)یە
هەر حەرفی ئەو لە وەضعی ویلایەت دەدا خەبەر

. . . . . .

پرسیویه ظاهیرەن لە ڕەفیقانی یەك جیهەت
ئەحواڵی ئەهلی شەهر و ڕەفیقانی سەربەسەر
لەوسایەوە کە حاکیمی (بابان) بە دەر کران
نەیدیتوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر !
تا بۆ بە جایی مەطلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم
سۆتا گیاە و ، تەشنەوو خوشکیدە بۆ ئەمەر
ناکەن هەوایی هیچ کەبابێ ذەلیلی شەهر
بوریانە بەس لە ناری غەما پارەیی جگەر
جوز گاەگاهێ ئاە و نااڵە لە ئەییامی ڕۆمییان
نەمدیوە وا ببێ لە عەدالەت لەبی بەشەر
(سەیوان) پڕە لە شەخصی ستەمدیدە خوار و ژۆر
هەر قەبری پڕ غەمانە لە هەر لا دەکەم نەظەر
جێی تورکەکانی ڕۆمە دەر و ژۆری (خانەقا)
غافڵ هەمۆ لە جایی موریدانی با خەبەر
ئەو حەوضە پڕ دەبۆ کە وەکو چاوەکانی تۆ
تەغییرە ئاوی وەك دڵی مەردانی پڕ کەدەر
سۆتا دڵم بە حاڵەتی جۆباری (سەرچنار)
لێڵاوە چەشمەساری وەکو چاوی بێ بەصەر
ئەو دەشتە جایی یارییی یارانی حوجرە بۆ
یەکسەر مەقامی ڕۆمییە هەروەك تەهی سەقەر
زستانی ئەووەڵین بو درا بەرگی (شێخ هەباس)
ڕۆمێ ئەوەندە شۆمە لە شەخصیش دەخەن ضەرەر
وەك پیری ساڵخوردە ، خەمە ، داری (پیرمەسۆر)
مەشغۆڵی لەغزشە هەمە جا ، پایی تا بە سەر !
ئەو بەردەکانی ناوی نرا قصنی شەخصەکەی
دایان بە شاخی دارەکەیا تورکی بێ هونەر
وەك چاوی بێغەمانە هەمۆ (شێوی ئاودار)
بەس موشکیلە لە چەشمەیی ئەو قەطرە بێتە دەر
ئەوسا مەکانی ئاسکە بۆ کانی ئاسکان
ئێستە لە دەنگ و ڕەنگییی ڕۆمێ پڕە لە کەر
تا دوزدی وەقتی نیمەشەبن تورکی بێ نیظام
دوزدن هەمۆ لە خەرمەنی مونعیم وەکو شەرەر

- ٣ -

سەیلی هیجرت بەردی بنچینەی لە ڕەگ هێنامەدەر
باری فیکرت قەددی ڕاستی تێشکاندم وەك فەنەر (١)

شارێکە پڕ لە ظوڵم و ، مەکانێکە پڕ لە شێتن
جایێکە پڕ لە شۆر و ، ولاتێکە پڕ لە شەڕ
ئەمڕۆ فەضایی بازیگەهی جایی ڕەهزەنە
لەو دەشتە دێ لە غەییەوە ئاوازی (اَلْحَذَرْ)
سەربانی پڕ لە گەڕدوم و دێواری پڕ لە مار
کۆڵانی پڕ لە ڕەهزەن و صەحرایی پڕ خەطەر
دڵ نایەڵێ بڵێم چییە سامانی حوجرەکەت
هەر تاری عەنکەبوتە حیجابی بیرۆن و دەر
نایێ صەدا لە پەنجەرەکەی جوز فوغانی جوغد
غەیرەز شەقامی موڕ نییە شوێنی پێ گوزەر
تو خودا بڵێ بە حەضرەتی (نالێ) : دەخیلی بم
بەم نەوعە قەط نەکا بە سولەیمانییا گوزەر
((سالم)) صیفەت لە بێ کەسییا با نەبێ هیلاك
من کردم ئەو نەکا لە غەمـا خوێنی خۆی هەدەر
ئەم موڵکە نەظمی نابێ بە بێ ضەبطی واریثی
بێ ئەو بە قەصدی ئەم طەرەفە با نەکا سەفەر

شیعرەکەی سالمیش پێویستی بە ئەندازەیەك لەسەر نۆسین و لێکۆڵینەوە و ، دەربڕینی جیاوازیی تێکستەکانی هەیە . بەڵام بام ئەوە بمێنێ بۆ کاتی لەچاپدانی دیوانەکەی خۆی کە ئەگەر خوا یار بێ ئەویش بەدەستەوەیە.

- ٣ -

(١) سەیل : لافاو . هیجر : لە یار بڕان . فیکر : بیر لێکردنەوە . فەنەر : پارچە کاغەز یا پارچە قوماشێکە وەك لۆلە لۆل ئەدرێ و مۆمی داگیرساوی ئەخرێتە ناو بۆئەوەی کە لەشوێنێکەوە برا بۆ شوێنێکی کە با نەیکوژێنێتەوە . بە هەر شتێکی لۆل دراویش ئەوترێ .

واتە : لافاوی دۆریت بەردی بناغەی لە چینی ژێرەوە هێناومەتەدەر و ها ئەوەندی نەماوە بڕۆخێ و،باری گرانی بیر لێکردنەوەشت بالای ڕاستی تێشکاندۆم و وەك فەنەر چەماندۆیەتیەوە .

شیری ئەبرۆت ، تیری غەمزەت وا لەجەرگم کاریيە
دێت لە تۆفانی دۆ چاوم لەتلەتی خوێنی جگەر (٢)

چاو و دڵ شەڕیانە ، نازانم خەتای کامیانە خۆ
تا بە داری کەم ، دەری کەم بیخەمە شین و چەمەر (٣)

تۆری چاوم ! چاوەکەم بێ تۆرە بێ تۆ ، ذەڕەیی
خاکی دەرگاکەت ببێژم بیکەمە کوحلی بەصەر (٤)

دڵ موشەبەك بۆ لەبەر ئێشان و نێشانی موژەت
ئیشی چاو بو بۆیە هێند گریام و خوێنی کەوتە سەر (٥)

فیکرت قەددی ڕاستی (گم) : فیکری قەددی ڕاستت . تێشکاندم (گم): تێیشکاندم . (ك) : تێکشکاندم .

(٢) واتە : جگەرمت بەجۆرێ بە شیری برۆ و تیری ئیشارەی چاوت ئەنجن ئەنجن کردووە ، لەتەکانی بوون بە خوێن و وەك لافاو لە چاومەوە ئەڕژێن .

(٣) واتە : چاو و دڵم لەبەینی خۆیانا هەرایانە لەسەر تۆ ، چاو ئەیەوێ هەر بۆ خۆی بی سەیرت بکا و ، دڵ ئەیەوێ هەر بۆ خۆی بی حەزت لێ بکا . منیش نازانم لەم شەڕەدا ئەم دوانە کامیان تاوانبارن تا لە جێی خۆی دەری‌کەم و لە داری بدەم و بیخەمە واوەیلا . . نالێ لێرەدا ئەیەوێ بڵێ کەسیان ناهەقی نییە و هەردوکیان ئەیانەوێ هەر لە نزیکتەوە بن و لێت دۆرنەکەونەوە ، بۆیە ئەگەر هەرکامیان لە جێی خۆی دەرکەم و لە تۆی دۆر خەمەوە ئەکەوێتە گریان و شێن .

(٤) ذەڕەڕە : تۆز . وردە . کوحل : کلە . بەصەر : چاو . بینایێ .
واتە : تۆ دیار نیت ، تا خاکی بەری پێت هەڵگرم و ببێژم و لەجیاتیی کلە چاومی پێ بڕێژم تا ببینێ ، بۆیە بینایێ لە چاوم بڕاوە .

(٥) موژە : برژانگ . موشەبەك : کون‌کون وەك پەنجەرە .
واتە : بەهۆی ئێش و نێشی برژانگەکانتەوە دڵم کون‌کون بۆ . ئەو کارە کاری چاوت بو موژەت لە دڵما کردی ، بۆیە ، چاوەکانی منیش کاریان پێ تێ‌کرا و زۆر گریام و خوێن لە دڵمەوە سەری‌کرد و کەوتە سەر چاوم .
ئێشان ونێشانی موژەت (گم) : ئێشان و نێشانی برۆت . (مز):ئێشانی نێشانی فرەت . چاو (گم) : چا . گریام و خوێنی (ك) : گریام کە خوێنی .

لەتلەت و کونکون بووە دڵ وا لە شەوقی شیرەکەت
ژۆحەکەم دێت و دەچێ ، داخۆ لە کامیان دێتە دەر ؟! (٦)

هەرچی مەحبوبەم دەبینێ وا تەحەییور دەیگرێ
سوێن دەخوا بە خوا دەڵێ « باللە ما هذا بشر » (٧)

چەندە خۆشە دابنیشین دو بە دو ئەمن و گوڵم
داکەوێتن موددەعیێ لەو خوارە هەروەك دەستی کەر (٨)

رۆژپەرستی ژوتە « نالیێ » بۆیە دائیم وەك غوڵام
زەرد و گەردنکەچ لە دەرگات حاضرە دەستەو نەظەر (٩)

---

(٦) واتە : دڵم لەتاو ئارەزوی بینینی بروی وەك شمشێری تۆ ، کون کون بووە . گیانم بەو کونانەدا دێ و دەچێ ، نازانم سەرەنجام لەکامیانەوە دێتە دەرەوە و ، ئەمرم !
ئەشتوانرێ نیوەی دوهەمی ئەم شیعرە بەمجۆرە بخوێنرێتەوە :
ژۆحەکەم ! دێیت و دەچیێ ، داخۆ لە کامیان دێیتەدەر !
واتە : ئازیزەکەم ، تۆ کە جێگات لەناو دڵمایە ، ئیستا بەناو کونەکانی دڵما دێیت و دەچیێ ، نازانم سەرەنجام لەبەر بۆ تیا ژیان ــ نەشیانی دڵم ، لە کام کونیانەوە دێیتەدەر (چونکە بەو کونکون بوونەی دڵم ئەمرم) !

(٧) تەحەییور : سەرسامیێ .
واتە : یارەکەم ئەوەندە جوانە ، هەرکەس ئەیبینێ ، لە جوانیی سەرسام ئەبێ ، سوێند ئەخوا ئەڵێ قەسەم بە خوا « ئەمە لە جینسی ئادەمیزاد نییە » واتە فریشتەیە .
نالیێ لەم شیعرەدا ئیقتیباسی لە ئایەتی « فلمّا رأینَهُ اکبَرْنَه و قطّعن أیدیهنّ و قلْنَ حاشَ للهِ ما هذا بشراً ، اِنْ هذا الا ملكٌ کریمٌ » کردووە کە باسی حەزرەتی یوسفَ و کەنیزەکەکانی زولەیخای ژنی عەزیزی میسر ئەکا و ئەڵێ : کە دییان ، زۆر بە گەورەیان زانیێ و ، لەتاو جوانیی دەستی خۆیان بڕیێ و وتیان قەسەم بە خوا ئەمە بنیادەم نییە ، ئەمە لە فریشتەیەکی نازار بەولاوە نییە .

(٨) داکەوێتن : داکەوێ . موددەعیێ : بەدکار . دەستی کەر : کینایەیە لە کەسێ یا شتێ کەڵکی هیچی پێوە نەمابێ و فڕێ درابێتە لاوە .

(٩) ژۆژپەرست : گوڵی ژۆژگارپەرست ، گوڵێکی زەردە هەمیشە لەگەڵ گەڕانی ژۆژدا ڕۆ وەرئەچەرخێنێ .

شەوی بەهاری جوانێ خەوێ بو پڕ تەشویر
لە فەجری پایزی پیرێ بەیانی دا تەعبیر (١)

واتە : زەردیی ڕۆم و ملکەچیم هیی ئەوەیە ڕۆی تۆ وەك خۆر وایە و منیـــش وەك گوڵــە ڕۆژگارپەرســـت وام بــۆ ڕۆی تۆ و ، گوڵــە ڕۆژگارپەرستیش هەم زەردە و هەم ملکەچیشــە ، وەك چــۆن نۆکــەر هەمیشــە هەم ڕۆزەردە و هــەم لە دەرگای ئاغایدا ملکــەچ ئەوەســتێ چاوەڕێی فەرمانە .

دەرگات (گم) : دەرگا .

لــەم پارچە شیعرەدا سادەییەکی ئاشکرا ، بــە بــەراورد لەگــەڵ شیعرەکانیتری نالێ ، هەســت پێ ئەکرێ . لە نوسخە دەسنوسەکانی بەردەســتمانا ، ئەم پارچەیــە تەنها لە نوســخەکەی (چن) و (ك)دا و ، لە چاپەکانیشدا تەنها لە نوسخەکەی (گم)دا هەیــە . چنگنیانێ لە پەراوێزی نوسخەکەی خۆیدا نوسیویە : « ئەم غەزەلە لــە فەرمایشی نالێ ناچێت ، ظاهیر داخیلی نییــە » . دیارە ئــەویش هــەر لەبەر سادەییــەکەی وای نوســیوە . بەڵام بە ڕای ئێمــە شەقڵی نالیی پێوەیــە . سادەییەکەشی لەوانەیە لەبەرئــەوە بێ لە سەرەتای شــیعر وتنیدا نوســیبێتی . دیارە بەرهەمی هیچ شاعیرێك هەمــۆی لە یەك ئاست و پلەدا نابێ . هــەر ئەم سادەییەشە وای لە د . مارف خەزنەدار کردوە دانە پاڵی ئەم پارچەیە ئەلای نالێ لەلایەن گیوی موکریانییەوە ، بە هەڵە دانــێ و ، بنوســێ : « هێشتا بۆم ساغ نەبوەتەوە هیی کێیە » (گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ، ژمــارە ٣٤ ، کانونی یەکەمی ١٩٧٥ و کانونی دوەهەمی ١٩٧٦ ، لاپــەڕە ٤٢) .

— ٤ —

(١) لە هەمۆ نوسخە چاپ و دەسنوسەکانی بەردەستمانا ، ئەم قەصیدەیــە تەنها لە نوسخەکەی ڕەحمەتێ مامۆستا مەلا فەتاحی کاگردەڵیدا هەبــو کە (ك)مان بۆ کردووە بە نیشانە و کۆمەڵێکیش هەڵە و ناتەواویی تیا بو . پاشان د. مارف خەزنەداریش ، بە شێوەی ئاڵوگۆڕ ، نوسخەیەکی داینێ کە وەك ئەڵێ لە ڕۆی دەسنوسێکی نوسیوەتەوە لە دوا ساڵەکانی ســەدەی نۆزدەهــەمدا نوسراوەتــەوە . هەرچەند ئەو نوســخەیەی د. خەزنەداریش هەڵەی گەورە و ئاشکرای لــە هینەکەی لای خۆمان

زۆرتر تیابو ، بـەلام بۆ ڕاست کردنـەوەی چەند شوێنێك کـە لێرەدا بە تیپی (د) ئیشارەتمان بۆ کردووە ، کەلکێکی باشمان لێ وەرگرت .

چ نوسخەکەی (ك) و چ ئەوی د. خەزنەدار هەر ئەوەندەیان تیابو کە ئێمە لێرەدا نوسیومانەتەوە . بەلام دیارە ناتەواویی هەیە ، چونکە هەم بابەتەکە تەواو نەبوە و ، هەم نازناوی شاعیریش دیار نییە . لە نوسخەکەی (ك)یشدا جێگای پێنج بەیت بە سپییەتێ هێڵراوەتەوە . زێی تێئەچێ بۆیان نەخوێنرابێتەوە ، یا نوسخەکەی بەردەستیان پەڕوت بۆبێ ، یـا بە (ئەدەبی زۆ هەڵماڵراو)یان دانابێ و نەیانتوسیبێتەوە . هەرچۆن بێ ئەمە شـتێکی سەرنجڕاکێشەرە : ئـەم پارچە شـیعرە تەنها لـەم دۆ نوسخەیەدا هەیە و لە هەردوکیشیاندا ناتەواوییەکەی ئەوەندەی یەکە .

ئەم پارچەیە لە شیعرە بەرز و پڕ ماناکانی نالییە و دیارە هیی سەرەتای پیریشیەتی و ، یەکێکیشە لەو پارچـە کەمانەی شیعری ئەو و تێکڕای شیعری کلاسیکی کوردێ کە یەکێتیی بابەتیان تیایە ، هەرچەند بابەتەکە خۆی هەندێ وردە لقی لێ بووەتەوە .

تەشویر : گەلێ مەعنای هەیە وەك شەرمەزار کردن و ئاڵۆزانـدن و سەرلێشێواندن و خۆشێ . لێرەدا مەعنای دواییان مەبەستە .

واتە : تەمەنی جوانێ کە وەك شـەوی بەهار درێژ و خەو تیا خۆش ئەهاتە پێش چـاو ، خەونێکی خۆش بـو دیمان و ، تەعبـیرەکەی لە بەرەبەیانی پایزی پیریدا دەرکەوت. تەعبیرەکەی ئەوەبو بنیادەم هەرچەند لە گەنجیدا خۆش ڕابوێرێ ، هەرگیز تا سەر نابێ بۆی و ئاخرێ ئەبێ هەر لۆتی پیرێ داژەنێ و ، ئەوەندە دەردی پیرێ ئەچێژێ ، خۆشیی ژیـانی بە تاوێکی ئێجگار کورت دێتە پێش چاو .

نالێ لەم شیعرەیدا وەرزی جوانیی شوبهاندووە بە بەهار لەوەدا وەك چۆن بەهار خۆشترین وەرزەکانی ساڵە ، وەرزی جوانییش خۆشترین وەرزەکانی ژیانە . لە بەهاریشدا شوبهاندۆیەتی بە شەو ، چونکە شەوی بەهار درێژە و خەوی تیا خۆشە . لە شەویشـدا شوبهاندۆیەتی بـە خەونـێ بنیادەم بیبینـێ . زۆی شـوبهاندنەکەش کورتـیی خـەو و نازاستییەتی . مەبەستی ئەوەیە بڵێ مادەم لەپاش جوانێ پـیرێ دێ ، هەرچێ خۆشیی ژیانە هەموی پۆلێك ناهێنێ .

لە نیوەی یەکەمی ئەم شیعرەدا سێ وشە و وێنەیەك و ، لە نیـوەی دۆهەمیشیدا سێ وشە و وێنەیەکیتری دژی ئەوانی پێشۆ زێز کراوە : شەو و فەجر ، بەهار و پایز ، جوانێ و پیرێ ، خـەوی پڕ تەشـویر و

چ شەو ، چ رۆژ ؟ وەها کورتی لەهو و لەعب و میزاح
کە هەردو وەك یەکەچۆن بە نەغمەیی بەم و زیر (٢)

ئەسەف درێژی شەو و رۆژی ئەو شەو و رۆژەم
قوصۆریان بووە طۆلی نەدامەتی تەقصیر (٣)

سەوادی طورڕەیی ئەو ئیشتیباهی سەهوی جوان
بەیاضی غورڕەیی ئەم ئینتیباهی سوجدەیی پیر (٤)

بەیان کردنی تەعبیر . ئەمە سەرەڕای تەناسوبی نێوان زۆر لە وشەکان و جیناسی لاحیقی نێوان (شەو) و (خەو) .

(٢) میزاح : گاڵتە . یەکەچۆن : یەك ئەچۆن . بەم : دەنگی بەرز . زیر : دەنگی نزم . بەم و زیر ، یان زیر و بەم ئاڵەتێکی مۆسیقایە لە دۆ پارچە پێکهاتووە بەمەکەیان دەنگی بەرز و زیرەکەیان دەنگی نزمە .
واتە : شەو و رۆژێکی چەند کورت بۆن بەهۆی گاڵتەکردن و ڕابواردنەوە هەستم بە بەسەرچۆنیان نەئەکرد و ، هەردوکیان لەسەر ئاوازەی بەم و زیر ، یا کورت و درێژ وەك ئاوازەی بەرز و نزمی بەم و زیر ئەبڕانەوە .
میزاح (ك) : میزاج .

(٣) ئەسەف درێژ : کەسێ خەفەتی زۆر بێ . قوصۆر : کورتێ . نەدامەت : پەشیمانێ . تەقصیر : کەمتەرخەمێ .
واتە : هەمیشە خەفەتێکی زۆری ئەو عومرە درێژە ئەخۆم کە هەمۆی وەك شەوێکی بەهاری خەو و بێئاگایێ و ، رۆژێکی پایزی بێدەسەلاتێ بەسەرچۆ . داخی ئەوەم لە دڵایە کە چۆن وا کورتیی ئەو شەو و رۆژەی ژیان ، بووە بە هۆی پەشیمانییەکی دۆر و درێژ و زۆر بۆم ، لەبەرئەو کەمتەرخەمییەی کردم . مەبەستی لەوەیە بڵێ ئیستا کە پیر بووم و پایزی تەمەنم داهاتووە ، داخی ئەو ماوە کورتەی ژیانم لە دڵایە کەوا ئەرکی سەرشانی خۆمم تیا بەجێنەهێنا و بۆم بۆ بەهۆی پەشیمانییەکی لە ڕادە بەدەر .
لەنێوان (درێژ) و (شەو و رۆژ) و ، هەردو (شەو و رۆژ)دا کە پێشۆیان (هەمیشە) و دۆهەمیان (شەو و رۆژی عومری کورت) ئەگەیەنێ و ، لەنێوان (قوصۆر) و (طۆل)دا طیباق هەیە .

(٤) سەواد : ڕەشێ . طورڕە : زوڵف . ئیشتیباە : بەهەڵەداچۆن .

بەیاض : سپێتێ . غوزرە : ناوچاوان . ئینتیباە : ئاگادار بوونەوە . سوجدە : سوجدەی سەهو کە لە هەندێ حالەتی بەهەلەداچوونی ناو نوێژدا بەر لە سەلام دانەوە ــ ئەبرێ .

واتە : زەشیی کاکۆلی لاوان هیی ئەو هەلەی بێئاگاییەیە لە سەردەمی هەرزەکاریدا ئەیکەن . سپێتیی ناوچاوی پیرانیش هیی وریا بوونەوە و پاشگەز بوونەوەی وەك سوجدەی سەهو بردنیانە .

نالێ لەم بەیتەدا زەشیی کاکۆلی هەرزەکاری بەو قۆناغە پڕ لە ئارەزووە شوبهاندووە کە هەرزەکار پیا تێئەپەڕێ و ، بێجگە لە زابواردن بیر لە هیچ ناکاتەوە ، کە ئەمەش ئەگەر بە چاوی ئایین سەیری بکرێ گومڕاییە و گومڕاییش زەشێ و تاریکییە . سپێتیی ناوچاوانی پیاوی پیریشی بە وریا بوونەوەی کەسێك شوبهاندووە کە لە نوێژا هەلەیەکی کردبێ و بەر لە سەلامدانەوە سوجدەی بۆ بەرێ . زاچڵەکان و بیرکردنەوەی بنیادەمیشی لە دوا سالەکانی ژیانیا شوبهاندووە بە وریا بوونەوەی نوێژکەرێ کە هەلەیەکی لە نوێژەکەیدا کردبێ و ، سەلامدانەوەی نوێژکەریشی شوبهاندووە بە مردن و نوێژەکە خۆی بە ژیان .

چەند گونجاو و جوانە نالێ وا زەشیی کاکۆلی لاوانی ، لەگەڵ ناوچاوی لەبەر سوجدە بردن سپێ بووەوەی پیران بەراورد کردووە ، ئەڵێی ئەم زەشێ و سپێتییەی لە پیر و لاو خواستووە و داویە بە شەوەزەنگ و بەرەبەیان !

لەنێوان (سەواد) و (بەیاض) و ، (طوزرە) و (غوزرە) و ، (ئیشتیباە) و (ئینتیباە) و ، (سەهو) و (سوجدە) و ، (جوان) و (پیر)دا طیباق هەیە .

(٥) واتە : ئاوات و هیوای من وەك زۆژی بەهار زۆر و درێژ و نەبڕاوەن و ، کردەوەشم ، کە ئەبێ هەر لە زێگای ئەوانەوە بەتەمای هاتنەدیی ئاواتەکانم بم ، وەك زۆژگاری پایز کەم و کورتن .

لەنێوان (نەهار) و (بەهار) و ، (گەلێك) و (کەمێك)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ئەمەل) و (عەمەل)دا جیناسی موضاریع و ، لەنێوان (درێژ) و (کورت) و ، (طەویل) و (قەصیر)دا طیباق هەیە . لەنێوان دۆ بڕگەکەی هەرکام لە دۆ نیوە شیعرەکەشدا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە . بڕگەی یەکەمی نیوە شیعری دۆهەم بۆ بڕگەی یەکەمی نیوە

غوباری ئەو شەو و زۆژەن زدێنی ماش و برنج
کە تێکەڵن شەبەهی صوبح و شام و شیر و قیر (٦)

سپێ نەذیرە هەمۆ مۆ لە سیرزێی (وَجْهُ) لە سەر
مونەووەرە ، لە طەرەف تۆرەوە بووە بە نەذیر (٧)

شیعری یەکەم و ، بـزگەی دۆهەمی نیوە شیعری دۆهـەم بۆ بزگەی دۆهەمی نیوە شیعری یەکەم ئەگەڕێتەوە .

(٦) غوبار : تۆز . زدێـن : زیش . ماش و برنج : ئەو زیشـەی بە زەشێ نەمابێتەوە و هێشتا تەواویش سپێ نەبۆبێ . شەبەهـ : وەك . شـام : ئێوارە .

واتە : تۆز و گەردی گوناهی ئەو شەو و زۆژەی ژیانمە کاری کردووەتە سەر زیشم و بۆزی کردووە و کردۆیە بە ماش و برنج و ، مۆی زەش و سپیی تیا تێکەڵ بووە وەك تێکەڵیی (بەیانێ) و (ئێوارە) واتە شەو و زۆژ و ، لەیـەکەوە نزیکیی (شیر) و (قیر) کە بە دیمەن تەنهـا تیپێکیان لە یەك جیایە و لە ڕاستییشدا یەکێکیان سپێ و ئەویان زەشە .

(٧) سپێ نەذیر : تۆقێنەری سپێ . جاران خێڵە عەرەب کە دوژمن بهاتایاتە سەریان یەکێکیان بەرگێکی ئاودامانی سپیی ئەکردەبەر و ئەچوە سـەر بەرزاییەك هاواری ئەکرد کـە فریایانکەون . سپێ نەذیـر ، یـاخود (النذیر العریان) بەوە ئەڵێن . مونەووەر : زۆناك ، نۆرانێ .

واتە : هەرچێ مۆ بەسـەرمەوەیە بووە بـە (تۆقێنەری سـپێ) و ترسی مردنم ئەخاتەبەر و ئایەتی (كلُّ مَنْ عَلَيْها فانٍ ، ويبْقى وجْهُ رَبِّكَ ذِي الجَلالِ والاكرامِ) م ئەدا بەگوێدا کە واتە هەرچێ بەسـەر زۆی زەوییەوەیە هەمۆی ئەفەوتێ و تەنهـا زۆی خـوای گەورەی تـۆ ئەمێنێتەوە . بەڵام ئەم موە سپییە تۆقێنەرە ، زۆناك و پیرۆزە چونکە هەڕەشەکەی لە خواوە هێناوە کە زۆناکیی ئەرز و ئاسمانە وەك خـۆی ئەفەرموێت (اللّهُ نورُ السَّمواتِ والأرضِ) .

ئەشگونجێ وشەی (لەسەر) مەعنای (عَلی) بێ و ئیشارەت بێ بۆ (عَلَيْها)ی ئایەتەکە . هەروەها ئەشگونجێ نالێ ویستبێتی (هەمۆ مۆ) بە (هەمۆم و) بخوێنرێتەوە ، واتە هەمۆ گیانم .

مرۆری نەکسە کە عەکسی قەمەر دەکا بە ڕەمەق
ذوبۆلی نیکسە دەگێڕێ کە عەکسی ڕیش بە شیر (٨)

دەلیلی ژۆشنە بۆ بەدء و عەود و کورتییی عومر
تەنی هیلال کە بە طەلعەت جوان ، بە خەلعەت پیر (٩)

---

(٨) مرۆر : تێپەڕبۆن . نەکس : کزێ . سەرەوقنگ کردنەوەی شتێك . عەکس : دەرخستن . پێچەوانە . ڕەمەق : نیوەگیان . نیکس : شکاندنەوەی شتێك بەجۆرێك سەری بکەوێتەوە خوارەوە .

واتە : بەهۆی تێپەڕبۆنی سەردەمی پیرێ و کزێ و نزیکبۆنەوەی دواییەوەیە ، مانگی گەش و جوان لە دواڕۆژەکانیا وا دەرئەکەوێ وەك لە حاڵی گیانەڵادا بێ . یا خەتای بەشێوەی سەرەو قنگ تێپەڕبۆنی مانگە وا پێچەوانەی (قەمەر) ، (ڕەمەق)ە . بەهۆی سیس‌بۆنی بالای بنیادەم و چەمانەوەیەتی کە لەبەر پیرێ سەری ئەکەوێتە بەرپێی ، گیای ڕیشی وشك ئەبێ و سپێ ئەبێتەوە ، یا لەبەر شکاندنەوەی وشەی (ڕیش)ە ، (شین)ەکەی ئەکەوێتە سەرەوە و (ڕێ)کەی ئەکەوێتە خوارەوە و ئەبێ بە (شیر) .

نالێ ئەم شیعرەی لە ئایەتی (وَمَنْ نُعَمِّرْهُ ، نُنَكِّسْهُ فِي الْخَلْقِ) ئیقتیباس کردووە کە واتە : ئەوەی زۆر بیژیێنین ، پاشان بالای ئەچەمێنینەوە .

(٩) بەدء : سەرەتا . مەبەست سەرەتای دروستبوونی بنیادەمە کە هێشتا زۆر بچکۆلەیە . عەود : گەڕانەوە . مەبەست زیندۆ کردنەوەی بنیادەمە لەو دنیادا . تەن : لەش . هیلال : مانگی یەکشەوە . طەلعەت : هەڵاتن، دیمەن . خەلعەت : بەرگ .

واتە : مانگی یەکشەوە کە لە سەرەتای مانگدا هەڵدێتەوە ، وا دێتە پێش چاو شتێکی نوێ بێ . کەچێ لە ڕاستیدا پیرەو هەر ئەو مانگەیە کە شەوی پێشۆ ، بەنیسبەت مانگی ڕابوردووەوە لە چڵەپۆپەی پیریدا بو . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عومرێکی زۆر کەمی ڕابواردبو کە ستێ ڕۆژە . ئەمە نیشانەیەکی ئاشکرا و بەڵگەیەکی ژۆشنە بۆ ئەوە کە عومری ئادەمیزاد لە دنیادا زۆر کورتە و ، ئەو خوایەی لە نەبۆن دروستی کردووە ، لەو دنیاش دروستی ئەکاتەوە ، وەك چۆن مانگی بەسەرچۆ هەڵدێنێتەوە .

ئەم شیعرە ئیشارەتە بە ئایەتی (كَما بدأكُم تعودون) .

له شەرحی هەیئەتی مەتنی بەدەن کە هەر جوزئی
سەقیمە ، عاجزە تەصحیح و ڕابیطی تەدبیر (١٠)

تێدا حەدیثی حەداثەت ضەعیف و مەترۆکە
کە قەطعە صیححەتی ئیسنادی عەنعەنی تەقریر (١١)

---

(١٠) شەرح : لێکدانەوە . ئەو کتێبەی کە تێکستی کتێبێکی‌تریان ، وشە وشە و ڕستە ڕستە خستبێتە ناویەوە و ، مەعنای ئەو وشە و ڕستانەیان پێ لێکدابێتەوە . هەیئەت : دیمەن . عیلمی ئاسمان‌شناسێ کە جاران فەقێ ئەیانخوێند . مەتن : پشت . تێکستی ئەو کتێبەی لەبەر گرانێ ، وشە وشە و ڕستە ڕستە ئەیانخستە ناو چوار چێوەی کتێبێکی‌تر‌ەوە و مەعنایان لێکئەدایەوە . جوزء : پارچە . بەشێک لە چەند بەشێکی کتێبێک . سەقیم : نەخۆش . ڕستەیەک کە مەعناکەی نەیەت بەدەستەوە . تەصحیح : ساغکردنەوە . ڕاستکردنەوەی هەڵەی ناو کتێب . ڕابیط : ئەو تەختەیەی ئەیخەنە سەر ئێسقانی شکستە بۆئەوەی بگیرسێتەوە و چاک بێتەوە . جۆرە ڕەمزێکی تایبەتێ بۆن وەک (،) و (ــ) و (؛) و (:) و (.)ی ئیستا لەسەر کتێب ئەیاننوسین بۆئەوەی خوێندەوار بەئاسانێ ڕستەکانی کتێبەکە بەیەکەوە ببەستێ و بزانێ کوێ پەیوەندی بەکوێوە هەیە و لەکوێدا بوەستێ و لەکوێدا تێهەڵچێتەوە . جاران بەم کارەیان ئەوت (خۆشکردنی کتێب) .

نالێ لەم شیعرەیدا خۆی شوبهاندووە بە کتێبێکی پڕ لە هەڵە کە بە کەس ڕاست نەکرێتەوە ، لەوەدا کە ئەمیش ئەوەندە نەخۆشە بە کەس تیمار ناکرێ . ئەڵێ منی پیر و لێکەوتۆ هەمۆ پارچەیەکی پشتم ئێش ئەکا و کەس ناتوانێ مەعنای مەتنی شیرازە پچڕاوی بەدەنم لێکبداتەوە . بۆیە خۆشکردن و دەستلێدان و پەیوەندێ دروست کردن لەنێوان ئەندامەکانی لەشمدا هیچ بە هیچ ناکات و سۆدێکی پێ ناگەیەنێ .

لامان دۆر نییە وشەی (تەدبیر) هەڵە بێ و ڕاستەکەی (تەضمیر) بۆبێ ، کە واتە ئیشارەکردن بۆ بنەوانی (ضەمیر) لە ڕستەدا ، کە ئەویش یەکێک بووە لە شێوەکانی خۆشکردنی کتێب .

(شەرح) و (مەتن) و (جوزء) و (سەقیم) و (تەصحیح) و (ڕابیط) ، وەک لێکمان دانەوە ، زاراوەی خوێندنی حوجرەن .

(١١) حەدیث : قسە . فەرمۆدە یا کردەوەی پێغەمبەر (د.خ) یا ئەوەی پێی زانیبێ و نارەزاییی لێ دەرنەبڕیبێ . حەداثەت . لاوێتێ . حەدیث

چ مشت و پەنجە ؟ وەکو مشتی شانە ڕەق کە دەڵێی
لە شانیدا نەبووە دەستوبردی کوشتوگیر (١٢)

بە (حدّثني) گێڕانەوە . ضەعیف : لاواز . ئەو حەدیثەی کەوا ئەوانەی ئەیگێڕنەوە لەبارەی بێگوناهێ و متمانە پێکراوییەوە نەگەنە ڕادەی ئەوانەی حەدیثی (حەسەن) ئەگێڕنەوە . مەترۆك : خراوە لاوە . ئەو حەدیثەی تاقە یەك کەس گێڕابێتیەوە و بەئاشکرا گوناهبار بێ یا گێژ و وێژ بێ یا شتی لە بیر بچێ یا قسەی لێ بکەن کەوا درۆزنە . قەطع . بڕین . حەدیثی مەقطوع ئەو حەدیثەیە زنجیرەی گێڕانەوەی نەگاتەوە سەر ئەصحابە ، بەڵکو لە تابیعین یا لە خواری ئەوانەوە بپچڕێ . صیحەت : دروستێ . حەدیثی صەحیح ئەو حەدیثەیە زنجیرەکەی لەوکەسەوە کە ئەیگێڕێتەوە تا ئەگاتە سەر پێغەمبەر (د.خ) نەپچڕابێ و ئەوانەش کە ئەیگێڕنەوە بێگوناە و قسەڕاگر بن . ئیسناد : دانەپاڵ . دانی حەدیث ئەپاڵ ئەو کەسەی گێڕاویەتەوە . عەنعەن : عەن عەن ، لە فلاّنەوە و ئەویش لە فلاّنیترەوە و بەوجۆرە .. حەدیثی موعەنعەن ئەو حەدیثەیە کە تیا بووترێ فلاّن کەس لە فلاّن کەسی گێڕایەوە بۆم ، بێئەوەی بڵێ ئەو فلاّنە قسەی بۆ کردم کەوا فلاّن کەس قسەی بۆ کردووە .. تاد ، یا لێیبیستووە . تەقریر : بڕیاردان . ڕەزامەندیی پێغەمبەر (د.خ) لە شتێ بیستبێتی یا کردەوەیەك دیبێتی .

واتە : لەم کتێبی شەرحی هەیئەتی مەتنی بەدەنەدا کە لە شیعری پێشۆدا باسی کرا ، تەنانەت حەدیثێکیش بە (حَدّثَنی فلان ، قال حدّثني فلان) گێڕرابێتەوە بە حەدیثی ضەعیف و مەترۆك دائەنرێ ، چونکە ئەوەی ئەیگێڕیتەوە لە خۆیەوە قسە ئەکا و لەبەر پیرێ و پەك کەوتەیێ ئاگای لە خۆی نییە و حەدیثەکەی وەك حەدیثی موعەنعەنی بابەتی تەقریر تەماشا ئەکرێ و ، ئیسنادی حەدیثی موعەنعەنی تەقریری لەم جۆرەیش بە صەحیح دانانرێ و وەك مەقطوع ئەدرێتە قەڵەم .

ئەمە مەعنای شیعرەکە لە ڕووە زاراوەییەکەیەوە . لەو ڕووەکەی تریشیەوە واتە : باسی گەنجایەتێ لەم مەسەلەی منەدا گوێی نادرێتێ ، چونکە ئەوەی ئەم باسە ئەگێڕێتەوە هەر لە خەڵکی بیستووە و خۆی نەیدیوم و ئاگای لە حاڵم نییە .

عەنعەنی (ك) : عەنعەن و .

(١٢) مشت (ی دۆهەم) : مشتۆ . شان : شەئن ، شأن ، بار .. کوشتوگیر : جۆرە زۆرانگرتنێکی بێ نەخشە و پلاّنە .

چ قەد کەوانێ ؟ وەکو پێ شکاو و ئوفتادە ،
کە بازی سێ قەدەمی قەت نەداوە وەك پەڕی تیر (١٣)

لە نەحو و صەرفی ئەداتی مەپرسە ئەی موعریب
کە ڕەفع و نەصب و جەڕ و جەزمە ئالەتی تەقریر (١٤)

واتە : مشت و پەنجەیەکی چۆن ؟ مشت و پەنجەیەکی ڕەق و تەق و چرچ و وشکی وەك مشتوی شانەی قژ داهێنان کە تەختەیەکی ڕەقی بێگیانە ، ئەڵێی هەرگیز ئەوەی لەبارا نەبـوە دەستوبردی زۆرانێکی هەڕەمەیی ببێ .

ئەشگونجێ (کوشتوگیر) نەبێ ، (کوشتێگیر) بێ ، واتە : زۆرانگر ، ئیتر زۆرانگرتنەکەی هەرچۆن بێ .

لەنێوان (مشتو) و (مشتێ)دا و هـەروەها لەنێـوان (شانە) و (شان)دا جیناسی ناقیص هەیە .

ئەچێ بە دڵا ، بەر لەم شیعرە ، لای کەمی شیعرێك پەڕیبێ ، چونکە گواستنەوەی بابەتەکە لە ڕوویەکیەوە بۆ ڕوویەکی کەی ، نەختێ بە گران تەواو ئەبێ .

(١٣) قەدکەوان : ئەوەی قەدی وەك کەوان چەمیبێتەوە . ئوفتادە : لێکەوتو . سێ قەدەم : سێ پێ ، سێ باز ، جۆرە بازدانێکە ، لە پارچە شیعری پێشوودا بەدرێژێ لێی‌دواین . پەڕی تیر: پەڕێکی تیژ بووە بەسەر تیرەوە، کە تیرەکەیان تەقاندووەتە کەسێك و لێی‌داوە پەڕە تیژەکەی پیا چووە و لە لەشیا ماوەتەوە و تیرەکە خۆی کەوتووەتە خوارەوە .

واتە : بالآیەکی کەوانیی چەماوەی چۆنی هەیە ؟ وەك بالای کەسێکی پیری لێکەوتوی قاچ شکاو کە هەرگیز بازی سێبازی نەدابێ و وەك پەڕی تیر تیژ نەفڕیبێ و نەگەیشتبێتە ئەو شوێنەی مەبەستیەتی .

ئەم شـیعرە لە نوسـخەکەی (ك)دا هەڵـەی زۆری تیابو . ئەمەی لێرەدا نوسیومانەتەوە ، تێکستی نوسخەکەی (د)ە لەگەڵ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیدا .

(١٤) نەحو : زانستی چۆنیەتیی سەر و ژێر کردن بۆ وشە لە زمانی عەرەبدا . وەك . ڕوتێکـردن . صەرف : زانستی داتاشینی فیعـل لە زمانی عەرەبدا . ڕۆ لادان . ئـەدات : زاراوەیەکی زانستی نەحـوە . هۆ . (هینی) پیاو . موعریب : ئـەوەی سەر و ژێر ئەکا بۆ وشـە و ڕستە

وەها سەقیم و موجەززا عەوامیلی ئەجزا
کە ئالەتی عەمەلی نەحوی مەحوی صەحوی ضەمیر (١٥)

لێك ئەداتەوە . لێرەدا ئەوەی (ئەمدیو و ئەودیو) بە ئافرەت ئەکا . زەفع: بۆر (ُ) . هەڵبژێن . نەصب : ســـەر (ـَ) . ڕاستکردنەوە . جەڕ : ژێر (ـِ) . ڕاکێشان . جەزم : زەنە (ْ) . تەواوکردن . ئالەتی تەقریر : هۆی بژێاردان . هۆی تەختکردن .

نالێ لەم شیعرەیدا زاراوەکانی زانستی نەحوی بەکارهێناوە بۆ باسکردنی ئەوە کە توانای (کردن)ی نەماوە ، هەرچەند بەدیمەن ئەڵێ : ئەی ئەوکەسەی ئەتەوێ سەر و ژێر و بۆر و زەنە بۆ وشە بکەی ، باسی هۆیەکانی سەر و ژێر دانان بەپێی زانستی نەحـو و صەرف ، لە من مەپرسە . بەهۆی ســـەر و ژێر و بۆر و زەنەوە بژیار ئـــەدرێ شوێنی فلآنە وشە لە ڕستەدا چییە ، ڕووەکەیتری مەعنای شیعرەکەی ئەوەیە : ئەی ئەوکەسەی سەر و ژێر ئەکەی بە ئافرەت ، باسی ڕۆپێکردن و ڕۆ پێلادانی (هینەکەمم) لێ مەپرســـە ، کەڵکی ئەوەی پێـــوە نەماوە . بە هەستان و قنج بۆنەوە و ڕاکێشان و تەواوکردنا دەرئەکەوێ کەسێك ئەو سەر و ژێر پێکردنەی لەتوانادا بێ یا نە ، خۆ منیش ئەوانەم نییە !

ئەم شیعرەش لە نوسخەکەی (ك)دا ناتەواویی هەبو ، بە نوسخەکەی (د) ڕاستمان کردەوە .

(١٥) سەقیم : پڕ لە هەڵـــە . نەخۆش . موجەززا : لە یەك جـیا بووەوە و شیرازە تێکچۆ . پارچە پارچە بۆ . عەوامیل : ناوی کتێبێکی سەرەتاییە لە زانستی نەحودا و ، ئیشارەتیشە بۆ هەر وشەیەك بەپێی ئەو زانستە کار لە وشەیەکیتردا بکا . هۆیەکانی ئیشکردن . ئـــەجزا : بەشەکانی کتێب . ئەندامانی لەش . ئالەتی عەمەل : زاراوەیەکی زانستی نەحـوە بەو وشانە ئەڵێن کار لە وشـــەیتردا ئەکەن . ئەندامانی لـــەش کـــە بۆ خواپەرستێ بەکار ئەهێنرێن . (هینەکەی) بنیادەم . صەحوی ضەمیر : وشیار بۆنەوەی ضەمیر ، واتە بە شێوەی (ئیسمی ظاهیر) بەکارهێنانی (ضەمیر) کە جۆرە وشەیەکن لە شوێنی تایبەتیدا لەجیاتیی ئیسمی ظاهیر بەکارئەهێنرێن وەك (ئێمە ، ئەوان ، ئەو ، من ، تۆ .. تاد) . ئاگاداریی دڵ و لەبیرنەچۆنەوەی خوا . هەستانی (شتە) شارراوەکەی بنیادەم ..

کەوابۆ ئەم شیعرە بە سێ جۆر مەعنای لێ ئەدرێتەوە . مەعنایەکی (نەحوێ) کە واتە : بەشەکانی کتێبی عەوامیلم ئەوەندە پڕن لە هەڵە و ، پارچە پارچە بوون ، کەڵکی هیچیان پێـــوە نەماوە و بـــۆ تیـــا خوێندن

حورۆفی جەزرە تێیاندا نەماوە ئاوی عەمەل

هەمۆ موعەللەق و مولغایی عامیلی تەقدیر (١٦)

ناشێن ، وەك (عامیل)یان لێ هاتووە لە زانستی (نەحو)دا کە بەرەو (ضەمیر) بڕوا کاری تێبکا ، کە وشیارییەکەی ئەو ضەمیرە واتە حاڵەتی (ئیسمی ظاهیر)یەکەی مەحو بووەتەوە و دیار نییە ، چۆن عەمەلی عامیلەکە بەو ضەمیرەوە دەرناکەوێ ، کەڵکی (عەوامیل)ەکەی منیش وا نادیار بووە .

مەعنای دۆهەمیش مەعنایەکی صۆفییانەیە ، واتە : دەست و پەلم کە هۆی خواپەرستیمن ، وا لەکارکەوتۆن و گوناە دەستی بەسەریانا زاڵ بووە ، وەك بڵێی توانای کاریان بەرەو ئەوە کەوتووەتە زێ کە وریا بۆنەوەی دڵ و دەرۆنم بفەوتێنن و بەیەگجارێ نوقمی چاڵی گوناهم بکەن ..

مەعنای سێهەمیش کە لەگەڵ تێکڕای بابەتەکە ئەگونجێ و ، لەگەڵ شکات لە پیرێ و لێقەومانا جۆرە ، ئەوەتە : ئەندامە ئیشکەرەکانی لەشم وا نەخۆش و پەلکەوتۆن و پەیوەندیان بەیەکەوە بڕاوە ، وەك ئەوەن کە چۆن هۆی (کردن)یشم بەرەو ئەوە ئەڕوا توانای (هوشیار) بۆنەوە لە (شارراوە)کەم بستێنێ !

(١٦) حورۆفی جەزرە : چەند وشەیەکن لە زمانی عەرەبدا کە چۆنە سەر ئیسم (ژێر)ی ئەدەنێ . ئەمڵا و ئەولای گۆزە ، چونکە (حورۆف) جەمعی (حەرف)ە واتە ئەمڵا و ئەولا و (جەزرە)ش بەمەعنا گۆزەیە . موعەللەق : زاراوەیەکی زانستی نەحوە بەجۆرە عامیلێك ئەڵێن لە هەندێ حاڵدا لە لەفظدا کار ناکا و لە مەعنادا ئەیکا . شۆڕبووەوە . مولفا : زاراوەیەکیتری زانستی نەحوە بە جۆرە عامیلێك ئەڵێن لە هەندێ حاڵدا نە لە لەفظ و نە لە مەعنادا کار ناکا . لەکار کەوتۆ . عامیلی تەقدیر : لە نەحوی زمانی عەرەبیدا جۆرە عامیلێك هەیە کاریش ئەکاتە پاشەوەی و خۆیشی نییە ، بە خەیاڵ دائەنرێ ، ئەوە پێیئەڵێن عامیلی تەقدیرێ . قەزا و قەدەری خوا .

مەعنای ئەم شیعرە و شیعری پاشەوە پێکەوەدێ .

حورۆفی (د) : ظورۆفی . بەم جۆرەش مەعناکە هەر دێت ، وەکو لە شیعری دواییدا دەرئەکەوێ ، بەڵام نوسخەکەی (ك) گونجاوترە .

به غەیری (عەن) کە لە بۆ نەزع و عەزلی زەنبۆرە
کە ژاری ماری نەچێژێ عوسەیلەیی هەنجیر (١٧)

---

(١٧) عەن : یەکێکە لە حەرفەکانی جەرّ هەرگیز لەکارناخرێ ، مەعنای لادان ئەگەیەنێ . نەزغ : داماڵین . عەزل : لەکارخستن . زەنبۆر : مێش هەنگ، مەبەست لێی ئارەزۆی بنیادەمە . عوسەیلە : شیلە ، (ئاو)ی بنیادەم . نالێ لەم شیعرەدا کەڵکی لە دیمەنی وشەی (عەن) وەرگرتووە کە بە شێوەی نۆستێنی کوردیی جاران لەگەڵ (عَنَّ) یەکئەگرێتەوە و مەعنای (نەیهێشت) ئەگەیەنێ . جا ئەگەر بە شێوە زۆکەشییەکەیان مەعنای ئەم دۆ شیعرە لێبدەینەوە ، ئەوە واتە : حەرفەکانی جەرّ ئاوی ئیش کردنیان پێ نەماوە ، هەمۆ لەکار خراون و عامیلێکی تەقدیرێ کار لە پاشەوەیاندا ئەکا ، تەنها (عەن) نەبێ کە لە کار ناکەوێ . بەڵام ئەم مەعنایە نە پڕ بە پێستی هەردۆ شیعرەکەیە و نە شتێکیوایش ئەگەیەنێ. مەبەستی زاستەقینەی نالێ ئەوەیە بڵێ : گونەکانم کە وەک دەسکی ئەمڵاولای (گۆزە) کەم وان ، ئاوی کارکردنیان تیا نەماوە و ، بە قەزا و قەدەری خوا لەکار کەوتۆن و بەمڵاو بەولای گۆزەکەدا شۆڕ بۆنەتەوە ، تەنها زێگرێك ماوە کار بکا ، ئەویش کارەکەی بۆئەوەیە نەهێڵێ (دەمی) شیلەی (هەنجیر) ، (ژاری مار)ەکەی بچێژێ . دەنکی هەنجیر دەمێکی بچکۆلەی هەیە شیلەکەی لێوە دێتە دەرەوە . شوبهاندنەکە لەویادایە .

ئەشگونجێ مەعناکەی وا لێبدەینەوە :... ئەویش کارەکەی بۆئەوەیە نەهێڵێ (دەمی مار)ی ئارەزۆم ، وەک مێش هەنگ ، بچێ بەسەر (هەنجیر)ەوە بنیشێتەوە ، شیلەکەی بچێژێ . بەمپێیە ئەبێ وشەی (ژار) بە (زار) بخوێنرێتەوە و ، زستەکەش دۆ شوبهاندنی تیا ئەبێ ، لەلایەکەوە شوبهاندنی (ئارەزۆ) بە مێش هەنگ لەوزووەوە وەک چۆن مێش هەنگ بەسەر گوڵەوە ئەنیشێتەوە شیلەکەی ئەمژێ ، ئەمیش بەسەر (هەنجیر)ەوە ئەنیشێتەوە بۆ هەمان مەبەست . لە لایەکیکەشەوە شوبهاندنی بە (مار) لە دۆ سەرەوە ، یەکەم ئەوە کە ئالەتی ئەو ئارەزووە بەدیمەن لە مار ئەچێ . دۆهەمیش لەوەوە کە (نەفس و ئارەزۆ) لە ئەدەبییاتی ئایینیدا بە مار شوبهێنراوە . دیارە لەم شوبهاندنەدا نابێ ئەو تەناسوبەیش پشتگوێ بخرێ کە لەنێوان (زەنبۆر) و (عوسەیلە)دا هەیە کە بە عەرەبێ بچۆککراوەی (عەسەل)ە .

وشەی (عوسەیلە) لەم شیعرەدا ئیشارەتە بەوەی لە حەدیثێکی

خورۆجی (با) له لوصوق و (عەلا) له ئیستیعلا
دوخۆلی عەتبەیی (عەن) فاصیله له تیری جەفیر (١٨)

پێفەمبەردا لەبارەی حەلاڵبۆنەوەی ژنی سێ تەلاقە دراوەوە بۆ مێردەکەی ، ئەفەرموێ «... حَتّى تَذوقي عُسَيْلَتَهُ » واتە : تا تامی شیلەکەی نەکەی .

(١٨) با : ب ، بێ ، یەکێکە لە حەرفەکانی جەڕ ، مەعنای (لوصۆق) ئەگەیەنێ کە واتە لکانی شتێك بە شتێکەوە . ئەو غازەی لەدواوە لە بنیادەم دەرئەچێ . دەستیش ئەدا (باە) بێ واتە هێزی (کردن) . لوصۆق : ئەو مەعنایەی کە حەرفی جەڕی (بێ) ئەیگەیەنێ . قنگی بنیادەم چونکە لەکاتی دانیشتندا ئەنۆسێ بە زەوییەوە . عەلا : علی ، یەکێکە لە حەرفەکانی جەڕ مەعنای سەرکەوتنی شتێك بەسەر شتێکدا ئەبەخشی. (هینەکەی) پیاو کە بەرز ئەبێتەوە . ئیستیعلا : ئەو مەعنایەی کە (علی)ی حەرفی جەڕ ئەیگەیەنێ . بەرزبۆنەوەی (هینەکەی) پیاو . عەتبە : عەتەبە ، بەردەرگا ، کەوشکەن . عەن : عَنْ ، یەکێکە لە حەرفەکانی جەڕ بۆ لادانی شتێکە لە شتێکی‌کە . ئیشارەتیشە بە (عَنّ)ی بە مەعنا شلەپەتەیێ . فاصیل : جوێکەرەوە . جەفیر : هەگبەیەکە لە دار پێستی پێوە نەبێ ، یا لە پێست داری تیا بەکارنەهێنرابێ ، تیردان.

مەعنا (نەحوی)یەکەی ئەوەیە : دەرچۆنی حەرفی جەڕی (بێ) لە گەیاندنی مەعنای لکانی شتێکەوە بە شتێك و ، دەرچۆنی حەرفی جەڕی (عەلا) لە گەیاندنی مەعنای سەرکەوتنی شتێکەوە بەسەر شتێکدا ، بەنیسبەت ئەم دۆ حەرفەوە لە حوکمی نزیك بۆنەوەدایە لە حەرفی جەڕی (عەن) و وەرگرتنی مەعنای ئەو کە لادانی شتێکە لە شتێك .

مەعناکەی‌تریشی ئەوەیە پیربۆنی بنیادەم بەڕادەیەك کە (با) لەدوایەوە دەرچێ ، یا هێزی (کردن) لە (پیا نۆسان)یا نەمێنێ و ، دەرچۆنی هینەکەی (کە بەرز ئەبوەوە) ــ لە حاڵەتی (بەرز بۆنەوە)و،چۆنە بەر کەوشکەنی قۆناغی شلەپەتەیێ ، ئەمانەن (تیر)ی ئەو بنیادەمە لە (تیردان)ەکەی جوێ ئەکەنەوە .

وشەی (عەتبەیی)مان لەسەر نوسخەکەی (د) بۆ ڕاست کرایەوە . لە نوسخەکەی (ك)دا بە هەڵە نۆسرابو .

ئەلیف نەکیرەوو بێگانە ، نایەتە تەعریف
عەلەم موشابیهی غەیر و مولازیمی تەنکیر (١٩)

— ٤ —

تیر ناز نگەهك هر دله نیجه یری وار
عاشقك پاینه زولفك گیبی یوزبك سری وار (١)

---

(١٩) ئەلیف : (أل) ، ئەلفلامی تەعریف . ئیشارەتیشە بە (هینەکەی) پیاو کە وەك تیپی (ئەلف) درێژە . نەکیرە : لە نەحودا ئەوەی کەسێ یا شتێکی نادیارێ بگەیەنێ . نەناسراو . تەعریف : کردنی نەکیرە بە مەعریفە. ناساندن . عەلەم : وشەیەکە لە خۆیەوە کەسێك یا شتێکی دیارێ بگەیەنێ . موشابیە : وەك. غەیر : غیر ، وشەیەکە لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر ئیضافەش بکرێتە پاڵ مەعریفەیەك هەر نابێ بە مەعریفە و بە نەکیرەیێ ئەمێنێتەوە . مولازیم : هاوسەر . تەنکیر : نەکیرەیەتێ . نەناسراوێ .

مەعنا نەحوییەکەی واتە : ئەلفلامی تەعریفەکەم لەو جۆرە ئەلفلامانە نییە کە نەکیرە ئەکەن بە مەعریفە و ، عەلەمیشم وەك وشەی (غَیْر) وایە چۆن ئەو بە ئیضافە نابێ بەمەعریفە و هەمیشە هاوسەری نەکیرەیەتییە ، ئەمیش هەرگیز نابێ بە مەعریفە .

مەعناکەی‌تریشی ئەوەیە (هینە) وەك ئەلفەکەم ئەوەندە بێ‌کارە و پەك‌کەوتەیە کەس (ناینناسێ) و ناتوانم بە کەسی (بناسێنم) ! (هینەکەم) کە جاران وەك (ئالآیێ) قنج بۆ ، وەك شتی‌کەی لێ‌هاتووە و (کیر)یش بووە بەهاوسەری (تەن) واتە لەش و لێی جیا نابێتەوە بڕوا بۆ (جێیەك) !

ئەشگونجێ (ئەلیف) بە (ئەلێف) بخوێنرێتەوە واتە ئولفەت پێوە گیراو و ، (غەیر)یش بە (کەسێکی‌تر) مەعنای لێ‌بدرێتەوە . بەم‌پێیە مەعنای شیعرەکە وای لێ‌دێتەوە : لەبەر پیرێ و نەخۆشێ وام لێ‌هاتووە ناسراو و ئولفەت پێوە گیراوم لا بووە بە نەناسراو و بێگانە و (ناو)ی ناسراوم لابووە بە (یەکێکی‌تر) کە هەمیشە لە بەرچاوما نەناسراو بێ .

نالێ لەم شیعرەیدا ، بە عادەتەکەی خۆی لە یارێ‌کردندا بە وشە ، ئەوەشی مەبەست بووە کە (نەکیرەوو بێگانە) بە (نە کیرەوو بێ گانە)ش بخوێنرێنەوە . شتی‌کەش هەیە زێی تێ‌ئەچێ بە خەیاڵیا هاتبێ ، بەڵام بۆ باس‌کردن ناشێ ..

— ٤ —

(١) واتە : تیری نازی نیگات ، لە هەر دڵێکدا چەندین جێگە نۆکی هەیە ، وەك

اول مهی زهره جبین درّ بناگوشنه چوق
نامور سبعهء سیاره گیبی مشتری وار (۲)

بزم می در ، ندما جمع ، قدح گرد شده
صوفی‌نك ورد و دعای سحریله یری وار (۳)

عکس زولفك قدحی دیده‌ی گریانمده
نشئه‌ی سنبل ترّ ، شیوه‌ی نیلوفری وار (٤)

ناودان قلم « نالی » فصاحتده همان
نشئه‌ی آب بقا ، زمزمهء کوثری وار (٥)

چۆن زوڵفت بۆ بەستنەوەی پێی دڵدار هەزار سەری لێ بووەتەوە .

(۲) واتە : ئەو یارە زۆ وەك مانگی ، ناوچاو وەك ئەستێرەی زوهرەیە ، زۆری وەك حەوت ئەستێرە گەزۆکەکە ، کڕیاری مرواریيەکانی بناگوێینی .

(۳) واتە : کۆڕی خواردنەوەیە ، هاوڕێیان کۆبۆنەتەوە . پیاڵە لە گەڕانایە بەسەر دانیشتووواندا . تەنانەت سۆفییش بە ویرد و دوعای بەری بەیانیەوە جێگای هەیە .

(٤) واتە : وێنەی زوڵفت لە پیاڵەی چاوی پڕ لە ئاوی فرمێسکمدا ، نەشەی سونبولی تەڕ و شێوەی گوڵە نێلۆفەری هەیە .

(٥) واتە : پلۆسکی قەڵەمی نالێ ، لە فەسیحێ و ڕەوانیدا ، نەشەی ئاوی حەیات و هێزی هەڵقوڵینی حەوزی کەوثەری هەیە .

ئەم پارچە شیعرە لە دەسنۆسەکانی (چر) و (ت) و (ك) و (مز)دا هەیە . بەڵام نوسخەکان گەلێ وردە جیاوازییان لە یەکتر هەبو . لەبەرئەوەی کە جیاوازییەکان لە تورکێ نەزانین و ناشییەتیی نۆسیارەکانەوە پەیدا بۆبۆن ، پشت گوێمان خستن .

مامۆستا شکور مصطفی کارگێڕ و ئەندامی یارێدەری کۆڕی زانیاری کورد ئەم پارچە شیعرەی بۆ ڕاست کردینەوە و مەعنای بۆ لێکداینەوە . هەر ئەویش بو بۆی دەرخستین کەوا جیاوازیی نوسخەکان هیی هەڵەی نۆسیارەکانە .

لەم پارچەیەشدا ، وەك لە هەر پارچە شیعرێکی‌تریدا ، نالێ گەلێ هونەری وشە ئارایێ و مەعنا بلاویی بەکارهێناوە، بەڵام چونکە لێکدانەوەی

- ٥ -

نفس ساعت گیپی ایشلرسه گر یاد ایله طاعتدر
بر آنك قورمه‌سی پیریولنه احیای ساعتدر (١)

- ٦ -

آن زلف مشکبار بدان روی چون نگار
گر کوته‌است ، کوتهی از وی عجب مدار (١)
شب در بهار میل کند سوی کوتهی
آن زلف چون شب آمد و آن روی چون بهار (٢)

ئه‌و وشه‌ئارایێ و مه‌عنا بلاّوییانه له‌سه‌ر زانینی تورکێ وه‌ستابو و بێ‌ئه‌وه که‌ڵکی بۆ خوێنده‌واری کورد نه‌بۆ ، ئیشاره‌تمان بۆ هیچی نه‌کرد .

- ٥ -

(١) ئه‌م تاقه شیعره‌ش هه‌ر مامۆستا شکور مصطفی بۆی ڕاست کردینه‌وه و مه‌عنای بۆ لێکداینه‌وه . مامۆستا شکور نوسیویه ئه‌ڵێ واته : ئه‌گه‌ر هاتو هه‌ناسه وه‌ك سه‌عات به یادی خواوه کار بکا ، ئه‌وه خواناسێ و تاعه‌ته . کۆك‌کردنیشی بۆ تاوێك له‌ڕێی خوادا ، زیندوکردنه‌وه‌ی سه‌عاته (به‌مه‌عنا کات ، واته زیندوکردنه‌وه‌ی شه‌وه به تاعه‌ت) . له هه‌مان‌کاتا زیندوکردنه‌وه‌ی سه‌عاته‌که خۆیشیه‌تی .

مامۆستا شکور نوسیویشه ئه‌ڵێ : ئه‌شگونجێ (گر یاد)ه‌که هه‌ڵه‌ی نوسیار بێ و ڕاسته‌که‌ی (گریان) بێ ، واته : ئه‌گه‌ر بێتو هه‌ناسه وه‌ك سه‌عات به دەم گریانه‌وه کار بکا .. تاد . هه‌روه‌ها نوسیویه ئه‌ڵێ : چه‌ند مه‌عنایه‌کی‌تریش بۆ شیعره‌که ده‌ست ئه‌دا ، به‌ڵام ئه‌م مه‌عنایه‌م لا له هه‌مو به‌سه‌ندتر بو .

ئه‌م شیعره له نوسخه‌ی (ت) و (مز)دا هه‌بو . له هه‌ردوکیانا له‌باره‌ی ڕێنوسه‌وه به هه‌ڵه نوسرابوه‌وه ، مامۆستا شکور هێنایه‌وه سه‌ر ڕێنوسی تورکێ .

- ٦ -

(١) مه‌عنای ئه‌م دو شیعره فارسییه پێکه‌وه دێن .

(٢) واته : ئه‌گه‌ر ئه‌و زوڵفه وه‌ك موشك ڕه‌ش و بۆن‌خۆشانه‌ی ، به‌سه‌ر

. . . . . .

ڕۆی وەك وێنە ــ جوانی یــارەوەن ، کورت بن ، هیچ ســەرت ســوڕ نەمێنێ ، چونکە شەوی بەهار کورتە و ، مادەم ئەو زوڵفانەش وەك شــەو ڕەشن و ، بە لای ڕۆمەتی وەك بەهار گەشی یارەوەن ، بوون بە شــەو و ڕۆمەتیشی بووە بە بەهار .

ئەم دۆ شیعرە وەرگێڕراوی دۆ شیعری عەرەبــین . لە هیچ کام لە نوسخەکانی بەردەستمانا نین . کاك جمــال محمدی قوتــابیی زانکۆی سولەیمانێ بۆی ناردۆین و نۆسیویە لە مەلایەکی وەرگرتووە و مەلاکە پێیوتووە شیعری نالین . لە تێکستەکەی کاك جمالدا لەجیاتیی (گر) نۆسرابو (گە) و لەجیاتیی (بهار)ی دێڕی دوایێ ، نۆسرابو (نگار) . بەڵام ئەوە هەڵە بۆ ، ئێمە خۆمان ڕاستمان کردەوە .

★ ★ ★

تیپی زێ

— ١ —

خاو و بێخاوی دو زوڵفی خاوم ئەز
چاوە چاوی یەك غەزالە چاوم ئەز (١)

گەر نییە ئاور لە سینەمدا بە تاو
بۆچ لەبەر قوڵقوڵ غەریقی ئاوم ئەز ؟! (٢)

— ١ —

(١) خاو (ی‌یەکەم) : دژی کرژ : بێ خاو : بێ خەو . ئەز : من . چاوەچاو : چاوەڕوانێ .
واتە : بیرکردنەوە لە جوانیی دۆ زوڵفە خاوەکەی یار ، خاو و بێهێزی کردۆم و خەو و خۆراسی لێ هەڵگرتۆم . هەمیشە چاوەچاومە، بەملا و بەولادا ئەڕوانم ، بەڵکو یاری چاو وەك چاوی ئاسك جوانم بێت و ، ئیتر ئەم بێئیسراحەتییەم بەسی بێ .
لە کۆکردنەوەی (خاو) و (بێخاو)دا ، بە دیمەن طیباق و ، لە مەعنادا تەناسوب و ، لە کۆکردنەوەی (یەك) و (دۆ)یشدا هەم طیباق و هەم تەناسوب و ، لەنێوان (چاو) و (خاو)دا جیناسی لاحیق هەیە .
خاو و بێخاوی (عب) و (من) : خاوی بێخاویی .

(٢) ئاور : ئاگر . قوڵقوڵ : قوڵەقۆڵ ، قوڵدان . غەریق : خنکاو ، نوقم .
واتە : ئەگەر ئاگری عیشق لە دەروۆنمدا بەتاو نییە ، بۆچی لەبەر قوڵدانی مەنجەڵی سینەم لە ئاودا نوقم بووم ! مەبەستی لە فرمێسکی چاوەکانیەتی .
لە وشەی (ئاور)دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە و ئیضافەی ئاور بۆ (سینە) نیشانەیەتی ، چونکە بە (سینە)دا ئەزانین کەوا ئاگرەکە ئاگری ڕاستەقینە نییە و ، شەوقە شوبهێنراوە بە ئاگر ، ئەگینا ئاگر لە سینەدا چێ ئەکا . لە کۆکرنەوەی (ئاو) و (ئاور)یشدا طیباق هەیە .

ناری سینەم گەر نەبێ ، غەرقم ئەمن
ئاوی چاوم گەر نەبێ ، سۆتاوم ئەز (٣)

غەیری زوڵفی تۆ کە ڕشتەی عومرمە
دەس لە (مافیها)ی زەمان بڕیاوم ئەز (٤)

---

(٣) نار : ئاگر . غەرق : غەریق ، خنکاو .

واتە : ژیانم لەسەر بۆن و کۆبۆنەوەی دۆ شتی دژی یەك بەندە : ئاگر و ئاو ، ئاگری سینەم و ئاوی چاوم . ئەگەر ئاگری سینەم نەبوایە کە ئەوەندە بەتینە تەنانەت بەری ئاویشی پێ ئەگیرێ ، لەبەر فرمێسکی زۆری چاوم ئەخنکام و ، ئەگەر ئاوی چاوم نەبوایە کە ئەوەندە بەهێزە هەر ئاگرێکی بێتە پێش ئەیکوژێنێتەوە ، بە ئاگری سینەم ئەسۆتام .

لە کۆکردنەوەی (نار) و (ئاو) و (غەرق) و (سۆتاو)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (سینە) و (چاو)دا تەناسوب و ، لە یەکخستنی (ئەمن) و (ئەز)دا (تەرادوف) هەیە .

ئاوی چاوم گەر نەبێ (ت) : ئاوی چاوانم نەبێ .

(٤) ڕشتە : دەزوی پێ هۆنینەوەی تەزبیح و ملوانکە و شتی‌وا . (مافیها)ی زەمان : ئەوەی لە جیهاندا هەیە .

واتە : دەستم لە هەرچێ لە زەماندا هەیە بڕاوە ، تەنها تاڵی زوڵفی تۆ نەبێ .

لە نیوەی یەکەمی ئەم بەیتەدا زیادەڕەوییەکی ئێجگار بالآ هەیە . ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەگەر زوڵفی یار نەبێ ، کە هەناسە هەناسەی عومری شاعیر بە یەکەوە ئەبەستێ ، هەر هەناسەیەکی عومری بگری دوا هەناسە ئەبێ و ، پەیوەندی بە شتێکی‌ترەوە نابێ بە دوای ئەودا بێ . لە نیوەی دۆهەمیشدا ، بە عادەت ئەبۆ بیوتایە دەستم لە جیهان و هەرچێ لە جیهاندا هەیە (الدنیا و ما فیها) بڕاوە ، نەك لە کات و هەرچێ لە کاتدایە . بەڵام ئەم لەگەڵ (عومر)دا وشەی (زەمان)ی بەکارهێناوە و ئەیەوێ بڵێ تەمەنم تەنها ئەوکاتەیە کە هەست بە پەیوەندێ لەگەڵ تۆ بکەم و ، جگە لەو پەیوەندییە باریکەم بە تۆوە کە زوڵفت ڕاگیری کردووە ، هیچ هەستێکم بە کات و هەرچێ لەکاتدا ڕۆبدا نەماوە ..

ئەبۆ بیشیوتایە (مافیه)ی زەمان ، چونکە (زەمان) موذەککەرە ، بەڵام چونکە ئەم (مافیها)یەی لە (الدنیا و مافیها) ئیقتیباس کردووە کە وەك

تازه ئەبرۆت وسمە کێشاوە بە ناز
دڵ لەتی شمشێری تازەساوم ئەز (٥)

ئەی ڕەفیقان ! صوحبەتی « نالێ » مەکەن
بۆچ ؟ کە من لەوڕا وەکۆ بەدناوم ئەز (٦)

مەثەل وایە و مەثەلیش ناگۆڕێ ، دەسکاریی نەکردووە .

(٥) وسمە : گیایەکە ژنان لەناو ئاودا ئەیکوڵێنن و برۆی پێ ڕەنگ ئەکەن . جۆرە خەنەیەکیشە ، ژنان ، پاش خەنە ، ئەیگرنە سەر بۆ ڕەشکردنی قژیان .

واتە : بڕۆت تازە بۆ نازکردن بە وسمە ڕەنگ کردووە ، وەک شمشێرێ تازە لە هەسان درابێ . بۆیە من کە ئەو برۆیانەی تۆ ئەبینم ، دڵمیان پێ لەت ئەبێ ، وەک بە شمشێرێکی تازە ساو لەت کرابێ .

لەنێوان (نازە) و (تازە)دا جیناسی لاحیق و ، لە (شمشێری تازە ساو)یشدا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە . نیشانەکەشی باسی برۆکەیە .

(٦) صوحبەت : هاوڕێیەتێ .

واتە : برادەرینە ! لێم دوێر کەونەوە و هاوڕێیەتیم مەکەن ، چونکە من چارەم ڕەشە و ناویشم زڕاوە و ، لەوانەیە هەرکەسیش لەگەڵم هەڵسێ و دانیشێ ، نەگبەتیی من کاری تێ بکا .

لەوڕا (ك) : لەیرا . لەوڕا وەکو (کم) و (من) : ڕێسوایەك و .

نیوەی دوەمی ئەم شیعرە لە هەمۆ نوسخە چاپەکانا بە هەڵە نوسراوەتەوە .

نالێ لەم پارچە شیعرەیدا وشەی جیاوازی لە گەڵێ زاراوەی کوردێ وەرگرتووە : وەك (ئەز)ی کرمانجیی سەرۆ کە واتە : من (کە زۆتر لە کرمانجیی خوارۆیشدا بووە ، وەك ئەو پەندی پێشینانەی کە ئەڵێ : « ئەزم هەڵئەبەزم » و ئەوەی‌تر کە ئەڵێ : « ئەگەر زانییان ئەزم و ئەگەر نەیانزانی دزم ») و ، (ئاور = ئاگر) و (خاو = خەو) و (لەوڕا و لەیرا = لێرەدا) و (بڕیاوم = بڕاوم) کە هەریەکی لە ناوچەیەکی کوردستانی ئێران بەکارئەهێنرێن .

ئەمەی نالێ کردوێەتی ، وەك کەرەستەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوێی کورد و موتوربە کردنی بە هەمۆ زاراوەکان شتێکی بەبایەخە .

تیپی ژێ

- ١ -

هەی کەڕێکم بۆ ، چ پەیکەر ؟ طەی‌کەری هەوراز و لێژ
سینە پان و ، مۆچە کورت و ، شانە بەرز و ، گوێ درێژ (١)

- ١ -

(١) هەی : وشەی ئاگادار کردنەوە و دەربڕینی سەرسامییە . پەیکەر : تیمثال . طەی‌کەر : ژێبڕ و ماندۆ نەبۆ . هەوراز : بەرەو ژۆرە . لێژ : بەرەو خوارە . مۆچە : مۆچ ، دەست .

نالێ لەم پارچە شیعرەیدا تەعریفی گوێرێژێکی خۆی ئەکا ، کە ژۆژێ لە ژۆژان بۆیەتی و ، دیارە سۆدێکی زۆریشی بووە بۆی . ئەڵێ : کەڕێکی زۆر چاکم هەبو .. چۆن کەڕێ بو !. تێکسمڕاو و جوان دارێژراو ، پەیکەرێك بو ، بەرەو ژۆرە و بەرەو خوارەی هەمۆ تەی ئەکرد ، وەك گوێرێژی‌تر نەبو کە ناتوانن بە بەرەو ژۆرەدا سەرکەون و لە بەرەو خوارەدا داپەڕن .. تاد .

لە کۆکردنەوەی (طەی‌کەر) و (پەیکەر)دا وشە ئارایییەکی جوان هەیە ، هەرچەند ناگاتە پلەی جیناس . لەنێوان (هەوراز) و (لێژ) و ، (کورت) و (درێژ)یشدا طیباق هەیە . لە (گوێدرێژ)یشدا تەوریە هەیە .

نالێ کە لەم شیعرەیدا وتۆیە «هەی کەڕێکم بۆ ..» و نەیوتووە «من کەڕێکم بۆ» ، چەند مەبەستی بووە . یەکەم : ئەگەر بیوتایە «من ..» تاد لەوانەبو ئەوەی ئەیخوێنێتەوە بسڵەمێتەوە ، چونکە بەر لە تەواوکردنی نیوە شیعرەکە ، مەعناکە باش نایەت .. دۆهەم : وشەی « هەیگەر »

بن زك و جەبهەت سپێ ، كلك ئێستر و دامەن سیا
یەككە تاز و ، سێ برّ و ، دۆ باد و ، شەش دانگ و درێژ (٢)

كەللە وەك جەرّرەی شەرابی پر نیشاط و تەرّ دەماغ
شێری نەرّ ، ئاهۆیی بەرّ ، گورگی سەفەر ، قەمچێ نەچێژ (٣)

مل عەلەم ، شیرین قەلەم ، ئاهۆ شكەم ، مەیمۆن قەدەم
سم خرّ و كلك ئێستر و ، مەنزل برّ و ، عارەق نەرّێژ (٤)

خۆی لە فارسیدا بە ئەسپی كوێت ئەڵێن و نالێ گەیاندنی ئەم مەعنایەشی مەبەست بووە . سێهەم :«هەی كەر» مەعنای بانگەوازێكیش ئەگەیەنێ و ئەمەش بۆ ئێرە زۆر لەجێیە . چوارەم : دروستكردنی جۆرە هاوئاوازییەكیشی لەنێوان (هەی‌كەر) و (پەیكەر) و (طەی‌كەر)دا مەبەست بووە . بۆیە دیارە ئەوەی كە لە (عم) و (گم) و (من)دا نۆسراوە «من ..» تاد ، هەڵەیەكی ئاشكرایە .

لە هەمۆ نوسخەكانی بەردەستمانا نۆسراوە (چ پەیكەر) . بەڵام ئێمە لامانوایە ئەمە هەڵەی نۆسیارە و رّاستەكەی (چو پەیكەر)ە ، واتە : وەك پەیكەر ، چونكە بەمجۆرە مەعناكە رّەسا دێ .

(٢) بن زك : ژێر سك . جەبهەت : تەوێڵ . دامەن : داوێن ، بەشی خوارۆی هەر چوار پەل . سیا : رّەش . یەككە تاز : بەتەنها غاركەر ، واتە لە هەموان پێشكەوتۆ . سێ برّ : بۆمان رّاست نەبوەوە چییە . دۆباد : كرژ ، توند و تێكسمرّاو ، دژی خاو و خلیچك . شەش دانگ : بێ كەم و كورتێ .

كلك ئێستر (مز) : كلك و سەر و . سێ برّ و دۆ باد و شەش دانگ و (چر) : دۆ برّ و سێ باد و شەش دانگ و . (عم) : سێ پەرّ و دۆ با و شەش دانگ و . (ك) : سێ پەرّ و شەش دانگ و سێ باد و . (مەن) : سێ پەرّ و دۆ باد و شەش دانگ و .

(٣) جەرّرە : كۆپە . تەرّ دەماخ : بە شەوق . نەرّ : نێر : ئاهۆیی بەرّ : وەك ئاسك لە برّینی تەختاندا . گورگی سەفەر : وەك گورگ رّاكەر لە سەفەردا . قەمچێ نەچێژ : ئەوەندە باش و گورج ، پێویست بە قامچێ پیادان نەكردۆ .

(٤) مل عەلەم : مل وەك ئالآیێ بەرز . شیرین قەلەم : قەوارە رّێختە و

زەرق و زەڕاقیی وەکو خاکستەر ، ئەمما بێ غوبار
بەرق و بەڕاقیی وەکو پیرۆزە ، لاکین بێ کرێژ (٥)

سم وەکو یەشم و لە پەشم و توکی پێدا سەرنگون
چاو وەکو بیجادە یا دو شەو چراغی شوعلە ڕێژ (٦)

ڕێکوپێک . ئاهو شکەم : ناوقەد باریک وەک ناوقەدی ئاسک . مەیمون قەدەم : پێ بە ڕزق و ڕۆزێ . ئەڵێن ساڵی مەیمون ساڵێکی پڕ خێر و بەرەکەتە . یاخود پێ وەک پێی مەیمون . کلک ئێستر : کلک وەک کلکی ئێستر . مەنزڵ بڕ : ڕێگای دوور و درێژ تەی‌کەر . عارەق نەڕێژ : ماندو نەبو .

لەنێوان (عەلەم) و (قەلەم) و ، (خڕ) و (بڕ)دا جیناسی لاحیق هەیە .
عارەق نەڕێژ (مز) : عانیق درێژ ، واتە مل درێژ .

(٥) زەرق و زەڕاقێ : شین ڕەنگێ . خاکستەر : خۆڵەکەوە . بەرق و بەڕاقێ : شەوق‌دانەوە . کرێژ : کرێش .

واتە : شین کار بو وەک خۆڵەمێش ، بەڵام تۆزەکەی ئەوی پێوە نەبو . ئەشبریسکایەوە وەک پیرۆزە ، بەڵام بریسکانەوەکەی هیی ئەوە نەبو کرێشی پێوە بێ .

لەنێوان (زەرق و زەڕاقێ) و (بەرق و بەڕاقێ)دا جیناسی ناقیص هەیە .

لە نیوە شیعری یەکەمدا ئیشارەتێک بە وتەی (کەر و خۆڵەمیش) کراوە .

لاکین (چر) و (کم) و (من) : ئەمما .

(٦) یەشم : یەکێکە لە بەردە گرانبەهاکان ، ئەتاشرێ . پەشم : خورێ . سەرنگون : ون . بیجادە : جۆرە یاقوتێکە . ئاقیق . مۆرۆی کارەبا . شەوچراغ : گەوهەری شەوچراغ . شوعلەڕێژ : تیشک بڵاوکەرەوە .

واتە : سمی کەرەکەم وەک بەردی یەشم وابو ، ساف و بێگەرد بو ، لە توکی پێیدا نوقم بو . چاوەکانیشی وەک بیجادە یا وەک گەوهەری شەوچراغ وابوون دەوروبەری خۆیان ڕۆناک ئەکردەوە .

لە (یەشم) و (پەشم)دا بە لەفظ جیناسی لاحیق و ، بە مەعنا طیباق هەیە ، چونکە یەکەم ڕەق و دوهەم نەرمە . لە کۆکردنەوەی (پێ) و

گوێ دریژێ بار و کورتان بەرز و ، پالاڵنێ بەزێن
چوست و وریاتر لە گوێ کورتانی پالاڵنێ و گێژ (۷)

قانیعی بابی ڕەضا و ڕاضێ بە پۆش و درۆك و دالّ
سالیکی صەبر و تەحەممول ، بوردەبار و هیچ نەوێژ (۸)

(سەر)یشدا تەناسوب و طیباقیش هەیە ، لەو ڕووەوە کە هەردوکیان دۆ ئەندامی لەشن و ، یەکەمیان نزمێ و دۆهەمیان بەرزێ ئەگەیەنێ .

دۆ (مـز) : وەك .

(۷) پالاڵنێ (ی یەکەم) : ئەسپی کۆتەڵ . جاران لە هەندێ ناوچەی کوردستان کە گەورە پیاوێك بمردایە ئەسپێکی تا بڵێی شۆخ و جوانیان ئەهێنـا ئەیانڕازاندەوە ، جـل و بەرگی مردووەکەیـان ئەدا بەسـەردا و بـە گۆرانییەکی تایبەتێ ئەیانلاواندەوە و خەڵکیش بۆی ئەکەوتنە شـین و شەپۆڕ . بەوەیان ئەوت کۆتەڵ . پالاڵن : کورتان . پالاڵنێ (ی دۆهەم) : ئەسپی گێژ کە بۆ سواریێ دەسنەدا و هەر بۆ باربردن بەکاربهێنرێ .

واتە : گوێرێژەکەم گوێرێژێکی ئەوەندە چاك بـو کورتانی بەرزی لێ ئەکرا و باری زۆری هەڵئەگرت (مەبەست لە بەرزیی بار زۆرییەتی) . ئەسپی کۆتەڵی ئەبەزاند ، یاخود کورتانەکەی بە زین ئەچۆ . زۆر لـەو بنیادەمە گوێ کورت و گێژ و وێژانە وریاتر بو کە وەك ئەسپی بار بردن وان و هەر بۆ ئیش پێکردن باشن .

لە کۆکردنەوەی هەردۆ (پالاڵنێ)دا طیباق و جیناس و ، لە کۆکردنەوەی (گوێ کورت) و (گوێ درێژ)دا طیباق هەیە .

گوێ درێژی (چر) و (ك) : گـوێ درێژ و . گوێ کورتـانی پالاڵنێ و گێژ (چر) و (اح) : لە صەد ئینسانی هەرزە و گێژ و وێژ .

(۸) سالیکی صەبـر و تەحەممول : زێگـای سەبرکردن و بـاری مەینـەت هەڵگرتنی گرتبوە بەر . بوردەبار : باربردۆ ، خۆڕاگرتۆ . هیچ نەوێژ : بێدەنگ و گلەیێ نەکەر . قانیعی بابی ڕەضا : لە دەرگای ڕەزامەندیدا بە بەشی خۆی قنیات کردۆ .

ڕەضا و (چر) و (عم) و (مز) و (عب) و (من) : ڕەضا . (کم) و (گم) و (عب) و (مـن) : نەبێژ .

عاقڵێ بۆ ناوی کەر بو ، قاطیعی ڕێگەی سەفەر
خۆش سلۆكتر بۆ لە صەد وێڵداشی هەرزە و گێژ و وێژ (٩)

(صائم الدهر)ی بە ڕۆژ ، ئەمما بەڕۆژۆی بێ نییەت
(قائم اللیل)ی سلۆك ، ئەمما سلۆکی بێ نوێژ !٠٠ (١٠)

چەندە پێم خۆشبۆ زوبانی حاڵی دەیوت « نالیا »
هەردو حەیوانین ، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ (١١)

---

(٩) قاطیعی ڕێگەی سەفەر : ڕێگەی سەفەری ئەبڕێ . یاخود بۆبو بە چەتەی ڕێگەی سەفەر ، مەبەست لەوەیە ئەودندە تیژڕەو بو ، ئەتوت ڕێگەی سەفەر تاڵان ئەکا ، یاخود ڕێگای سەفەر لە ترسی ئەو نەمابو ، واتە ئەوەندە زۆ تەی ئەبۆ بە هۆی ئەوەوە . خۆش سلۆكتر : ڕەوشت باشتر . وێڵداش : برادەر .

ڕێگەی (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (مز) و (اح) و (من) : ڕێگە و . خۆش سلۆكتر (ك) و (اح) : خۆش جڵەوتر . وێڵداشی (عم) و (گم) و (ك) و (مز) و (اح) : ئینسانی .

(١٠) صائم الدهر : ئەوەی بەدرێژایی ساڵ بەڕۆژۆ بێ . نییەت : نیازی ڕۆژۆ گرتن . قائم اللیل : ئەوەی بە شەو هیچ نەخەوێ . سلۆك : گرتنی ڕێگای سۆفییەتی .

نالی کە ئەم زاراوانەی کۆڕی خواپەرستانی خواستووە و لێرەدا بەکاری‌هێناون ، تەنها مەعنا زمانییەکانی مەبەست بووە . ئەیەوێ بڵێ گوێرێژەکەم بەدرێژایی ساڵ بە ڕۆژ هیچی نەئەخوارد ، چونکە هەر خەریکی ڕەنجدان بو و ماوەی ئالیك خواردنی نەبو . بەڕۆژۆ بو ، بەڵام فەرقی لەگەڵ ڕۆژووەواندا ئەوەبو ئێوارە نییەتی ڕۆژۆی سبەینێی نەئەهێنا . بە شەویش تا بەیانی بە پێوە ئەوەستا ، سەری دانەنەواند ، سلۆکی ئەکرد ، بەڵام سلۆکەکەی نوێژی لەگەڵ نەبو .

دۆریش نییە هەر مەبەستی پلار تێگرتنی سۆفییەکان بۆبێ .. هەمۆ ئەزانین دانۆی لەگەڵیان نەکوڵاوە .

ئەم شیعرە لە نوسخەکانی (ت) و (مز) و (اح)دا نییە . وابزانین ئەوانەی ئەو نوسخانەیان نۆسیوەتەوە ، ئەو شیعرەیان بە بێئەدەبی زانیوە بەرابەر بەڕۆژووەوان و شەونوخنی کێشانی خواناس ، بۆیە نەیاننۆسیوەتەوە .

(١١) ئەم شیعرەی نالی هەستێکی بەرزی (دڵ بە گیانەوەرانا سۆتان)ی

. . . . . .

تیایه . نالێ ، بەرابەر بەم شیعرەی شایانی ئەوەیە بە یەکەم هونەرمەندی کوردی گیانەوەر دۆست دانرێ .

چەندە (عـم) و (کـم) و (گـم) : هێندە . زوبانی حاڵی دەیوت (من) : زوبانی حاڵ کە دەیگوت .

★ ★ ★

تیپی سین

— ١ —

که تۆ هاتی له نەومیدێ نەما باس
له هیجر و ئینتیظار ئیدێ نەما باس (١)

له سایەی زوڵفی تۆوە شەو درێژە
له صوبح و تۆری خورشیدێ نەما باس (٢)

— ١ —

ئەم قەسیدە و قەسیدەی پاشەوەی له هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمانا، تەنها نوسخەکەی (گم) نەبێ ، خراونەتە (تیپی ثێ)وە و وشەکانی (باس)ی لەنگەری شیعرەکانی بە (باث) نۆسراون . ئێمە ئەمەمان بە هەڵە زانێ ، چونکە هەرچەند (باث) له (بەحث)ەوە هاتووە و دوا پیتی (بەحث)یش (ثێ)یە ، مادەم تێکڕای وشەکە دەسکارێ کراوە و (حێ)کەی کراوە بە (ئەلف) و (ثێکەی) بە (سین) ئەخوێنرێتەوە ، ئیتر بۆچی بە (سین)یش نەنۆسرێ ؟

(١) نەومیدێ : نائومێدێ . هیجر : دۆرێ . ئینتیظار : چاوەڕوانێ . ئیدێ : ئیتر .

واتە : کە تۆ هاتی ، بە دیدارت شاد بۆین و ئاواتمان هاتەدێ و ، ئیتر باسی نائومێدێ و دۆرێ و چاوەڕوانێ لەئارادا نەما ، چونکە ئەو باسانە باسی کاتێ بۆن کە تۆ هێشتا دیار نەبۆی و بە دەرکەوتنت پێویستیان پێ نەما .

هەڵیش ئەگرێ (نەومیدێ) بە (نەوم ئیدێ) بخوێنرێتەوە ، واتە : کە تۆ هاتی ، ئیتر باسی خەو لەناو ناوانا نەما .

ئینتیظار ئیدێ (مز) : ئینتیظاری تۆ .

(٢) واتە : بە هۆی هاتنی تۆوەیە بەو زوڵفە ڕەشە درێژانەتەوە ، وا

فەلەك تۆی دا كە ئەمشەو ڕۆژمان بۆی
لە ڕەجمی نەجمی ناهیدێ نەما باس (٣)

شەوگاریش درێژ بووە و باسی بەیانێ و تیشكی خۆر لەئارادا نەماوە .
لە كۆكردنەوەی (شەو) و (ڕۆژ)دا طیباق و ، لە (ڕۆژ) و (نۆر) و (خورشید)دا تەناسوب هەیە .

تۆوە شەو (عم) و (ت) : تۆیە شەو . (مز) : تۆ وەك .

(٣) ڕەجمی نەجم : لە قورئانا هەیە كەوا كاتێ ئەستێرە بە شەو ئەكشێ ، بۆ ڕاونان و دەركردنی ئەو ئەهریمەنانە ئەچێ كە چوون گوێ لە دەنگوباسی فریشتەكانی ئاسمان بگرن . ناهید : ئەستێرەی زوهرە كە پێیشی ئەڵێن زوهرەی ڕەققاص و زۆریش گەش و ڕۆشنە .

واتە : فەلەك تۆی بە ئێمە بەخشێ ، هاتیتە لامان و شەوی تاریكت بۆ كردین بە ڕۆژی ڕۆشن . بۆیە ئێتر مەیدانی ئەوە نەما ئەهریمەنەكان بچن گوێ لە دەنگوباسی فریشتەكانی ئاسمان بگرن و ، كە مەیدانی ئەوەش نەما ، هیچ پێویستییەك نامێنێ خوا ئەستێرەی وەك ناهید گەشیان بە دوادا بكشێنێ ، ڕەجمیان بكا پێی و لە ئاسمانیان دۆرخاتەوە و ، ئەو بابەتە لەئارادا نەما .

یاخود بە هاتنی تۆ ڕۆژ بووەوە و مەیدانی ئەوە نەما ئەهریمەنی بەدكار خۆی لە تاریكاییدا داگرێ گوێی لە ڕاز و نیازی نێوانمان بێ و ، ئێمەش ــ وەك چۆن ئەستێرە شەیتان ڕەجم ئەكا ــ بچین ئەو بەردەباران بكەین و دۆری‌بخەینەوە . هەروەها پێویست بە ئەستێرەی ناهیدی سەماكەریش نەما كۆڕمان بڕازێنێتەوە ، تۆ جێگەی ئەوت گرتەوە . بەگوێرەی ئەم مەعنایە ئەبێ بخوێنینەوە : لە ڕەجم و نەجمی ناهیدێ .. تاد ، وەك لە نوسخەی (عب)دا نۆسراوە .

نالێ لە شیعری دۆهەمی ئەم قەسیدەیدا یاری كرد بە هۆی داهاتنی شەو . وا لێرەشدا كردی بە هۆی ڕۆژبۆنەوە . جارێكیان لە زوڵفەوە بۆی چۆ ، دنیای پێ كرد بە تاریكستانێ . جارێكی‌تریش لە ڕووەوە بۆی هات ، جیهانی پێ كرد بە ڕۆژی نیوەڕۆ . بە هەڵهاتنی لە شەودا كردی بە نیشانەی ئاخر زەمان كە ڕۆژ لە ڕۆژاواوە ، واتە بە شەو ، هەڵدێ .. وابزانین مەبەستی لەم هەمۆ داهێنانە ئەوەبێ بڵێ یار هەمۆ سەرێكی ژیانی ئەوی گرتووەتەوە : ڕۆژیەتی ، شەویەتی ، مانیەتی ، مردنیەتی ، ئەم دنیایەتی ، ئەو دنیایەتی ..

حەوادیث جام و ، دەوران بۆ بە ساقیێ
لە بەزمی جامی جەمشیدێ نەما باس (٤)

شوکر جەمعییەتێکی بێ نیزاعە
لە شەڕڕی موددەعێ و کەیدی نەما باس (٥)

لە کۆکردنەوەی (شەو) و (ڕۆژ)دا طیباق و ، لە یەکخستنی (شەو) و (نەجم) و (ڕەجم) و ، (فەلەك) و (نەجم) و (ناهید)دا تەناسوب و ، لەنێوان (نەجم) و (ڕەجم)دا جیناسی لاحیق هەیە .

بۆی (عم) و (گم) و (عب) : بی . ڕەجمی نەجمی (گم) : نەجم و ڕەجم و . ناهیدێ (چر) و (چن) و (مز) : نەومیدێ . ئەگەر هەڵەی نۆسیار نەبێ ، ئەبێ بەپێی ئەم نوسخانە (ڕەجم) بە گومانی بێجێ و ، (نەجم) بە ئەستێرەی بەخت مەعنا لێبدەینەوە و دیارە (نەومیدێ)یش نائومێدییە . واتە : بە هاتنت نائومێدێ و گومانی بێجێ بردن و ئەستێرە گرتنەوە بۆ زانینی هەواڵی هاتن و نەهاتنت ، لەئارادا نەما .

(٤) حەوادیث : جەمعی حادیثەیە واتە ڕۆداو . جام (ی ــ یەکەم) : جامی مەی . دەوران : هەڵسوڕانی گەردۆن . جامی جەمشید : جەمشید یەکێك بووە لە پادشا ناوارەکانی ئێران ، ئەڵێن ئاوێنەیەکی بووە دنیای تیا دیوە . ئەوە جامەکەیەتی .

واتە : ڕۆداوی خۆش بووە بە پیاڵەی مەی و ، چەرخی گەردۆن بووە بە مەیگێڕ ئەو پیاڵانە بەسەر خەڵکدا ئەگێڕێ و ، هەرکەس بگری شتێکی خۆشی لێ ڕۆداوە و ، کەس باسی بەزم و ڕەزمی جامی جەمشید ناکا .

لە کۆکردنەوەی هەردۆ (جام)دا جیناسی تەواو هەیە .
جام و (عم) : بەزمی . (گم) و (عب) : بەزم و .

(٥) کەید : فێڵ .
شەڕڕی (ت) : سیڕڕی . موددەعێ و کەیدی (عب) و (اح) : موددەعێ کەیدی . بەمپێیە ئەبێ (کەیدی) بە (کەی دێ ؟) بخوێنرێتەوە ، هەروەك ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لەگەڵ تێکستی پێشوێشدا ئەگونجێ .

ڕەقیب و موددەعیێ هەردۆ لە خەودان
هەتا چەن ساعەتێکی‌دێ نەما باس (٦)

سەماعە ، گەردشی عیشقە ، حەقیقەت
لە صۆفیێ و ڕەقصی تەقلیدێ نەما باس (٧)

لە سایەی قەددی مەوزۆن و دۆ زوڵفی
لە « نالیێ » و شیعر و تەسویدی نەما باس (٨)

— ٢ —

لەکن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیۆلا نییە باس
لە حیکەم پەروەریی بۆ عەلی سینا نییە باس (١)

---

(٦) ڕەقیب : بەدکار .
لە پەیوەندی ئەم بەیتەدا بە بەیتی پێشووەوە حوسنی تەعلیل هەیە .

(٧) سەماع : گوێ لە گۆرانێ گرتن . گەردش : هەڵسۆڕان .
واتە : بەزمی گوێ لە گۆرانێ ڕاگرتن و ، هەڵسۆڕانی خۆشەویستێ و ڕاستکاریە . باسی صۆفیێ و سەمای ناڕەسەن و لەسەر شێوەی چاولێ‌کەرێ و لاسایێ‌کردنەوە نەماوە لە ناوا .
سەماعە ، گەردشی عیشقە (عب) : سەماعە و گەردشی عیشقە و . (اح) : سەماعەی گەردشی عیشقە . ڕەقصی تەقلیدێ (اح) : ڕەقص و تەقلیدی .

(٨) قەدد : بالا . مەوزۆن : ڕێکوپێک . تەسوید : نۆسراوی پاکنۆس نەکراو .
واتە : کە بالای ڕێکوپێک و جۆتە زوڵفی ڕەشی یار هاتە مەیدانەوە ، باسی نالیێ و شیعرە ڕێکەکانی و ڕەشنۆسەکانیان لە مەیدانا نەما . ئیستا ڕۆژ ڕۆژی یار و بالای ڕێک و زوڵفی ڕەشی ئەوە . هیچ کەسی‌تر لەعاستیا هیچ نییە و ، هیچ شیعرێک ئەوەندەی ئەو ڕێک نابێ و ڕەشیی هیچ نۆسراوێک ناگاتە ڕەشیی زوڵفەکانی ئەو .
زوڵفی (چر) و (ت) و (مز) : زوڵفت .

— ٢ —

(١) جەوهەری فەرد : ئەو ماددە بچکۆلەیەی بەش‌کردن هەڵناگرێ .

صۆفییان هاتنه مەجلیس وەرەقی دیده بشۆن
لەکن ئەو دێمییه وشکانه له دەریا نییه باس (٢)

بەرابەرەکەی جەوهەری مورەککەبه . هەیوڵا : ماددە . حیکەم : جەمعی (حیکمەت)ە واتە ژیرێ و زانایێ . ناوی یەکێکیشە لە زانستەکان کە ئەگەر لەگەڵ زاراوەی زانستیی ئەم چەرخەدا بەراوردی بکەین ، فەلسەفە و پزیشکێ و فیزیا و دەروون شناسێ ئەگرێتەوە . بۆعەلێ سینا : زانا و فەیلەسۆفی بەناوبانگی ئیسلام ، (٩٨٠-١٠٧٣) ، لە بوخارا لەدایكبووە و لە هەمەدان مردووە .

واتە : یار ئەوەندە ناسکە وەك جەوهەری فەردی لێ هاتووە و باسی ماددە و هەیوڵا و صۆرەتی لا ناکرێ . مایەی چاك بۆنەوەی دەردی دڵدارانیشە ، بەڕادەیەك حەکیمێکی زانای وەك ئەبۆ عەلێ ئیبنوسینا باسی ، لەعاستی ئەوا ، لەئارادا نەماوە .

نالێ ، بە عادەتەکەی خۆی ئەوەشی وێستووە کە وشەی (هەیوڵا) کە بە شێوەی جارانی نۆسین ئەنۆسرا (هیولا) ، بە (هەیە و لا)ش بخوێنرێتەوە ، واتە : یار گوێی لە هیچ نییە و (هەیە و نییە)ی لا نییە .. هەروەها وێستۆشیەتی (سینا) بە (سینە)ش بخوێنرێتەوە ، واتە : گوێ بە سنگی وەك ئیبنوسینا حیکمەت پەروەری من نادا .

(جەوهەری فەرد) و (هەیوڵا) لە زاراوەکانی عیلمی حیکمەتن .

جەوهەرە (گم) : جەوهەری .

(٢) وەرەقی دیده : ئەو کاغەزەی ئەدرێ بەسەر دەموچاودا بۆ شاردنەوەی ، دێوجامە . دەریا : بەحر ، مەبەست لە ڕاستییە .

واتە : سۆفییەکان هاتنە مەجلیسی ئێمە بە فرمێسکی درۆ دێوجامەی چاپلۆسێ و ڕیای سەر دەموچاوی خۆیان دابشۆن . نازانن ئەو دێوجامەیە بە ئاوی دەریای ڕاستێ و هەقپەرستێ نەبێ داناشۆرێ ، بەڵام ئەوان دێمێ و وشکن ، شارەزای دەریا نین ، ئیتر لەکوێ بگەنە سەر دەریا ڕۆی درۆزنانەی خۆیان داشۆن .

(دەریا) بەمەعنا خواش هاتووە . بەمجۆرەش مەعناکە هەر دێ و ئاشکرایە .

لەوانەشە وشەی (وەرەق) ئیشارەت بێ بۆ ئەو گەڵای بەهەشتەی کە ئادەم و حەووا پاش گەنم خواردن و عەورەت دەرکەوتنەکەیان لە بەهەشتا

بەزمی ژەندانە ئەمە ، مەلعەبەیی وەعظ نییە
لە بەد و نێکیی‌یو قەللابیی‌یی دونیا نییە باس (٣)

ئەمە جێی ژەمز و ئیشاراتی دەروونە ، لە گەروی
تەنگی پڕ غەرغەرەیی واعیظی غەژڕا نییە باس (٤)

بە سەراوێژەیی چاوێنەییی کەللەی سەریان
لە کەی و قەیصەر و ئەسکەندەر و دارا نییە باس (٥)

عەورەتی خۆیان پێ دائەپۆشێ و ، کە خوا لە بەهەشتی دەرکردن ، ئەویش لەسەر عەورەتیان کەوتە خوارەوە . ئەگەر وابێ ، نالێ هاتووە دەمووچاوی سۆفییە ژیاکارەکانی شوبهاندووە بە عەورەتی ئەوان !

ئەشتوانرێ (وەرەق) بە (وەریق) بخوێنرێتەوە واتە پارەی زیو . بەمپێیە ئیشارەتێکی ناتەواوی تیا ئەبێ بۆ حیکایەتی (اصحاب الکهف) و وای لێ دێتەوە سۆفییەکان لە ئەشکەوتی خەلوەتخانەی خۆیانەوە هاتن بۆ شاری کۆژی دڵداران ، پارەی لە ژەواج کەوتوی خۆیان بگۆژنەوە .

لەنێوان (بشۆن) و (دێمێ) و ، (وشکانە) و (دەریا)دا طیباق و ، لەنێوان (بشۆن) و (دەریا) و ، (دێمێ) و (وشکانە)شدا تەناسوب هەیە .

(٣) ژەند : عاشق . مەلمەبە : گاڵتەجاڕ . نێکێ : چاکە . قەللابێ : بێبارێ .

مەعنای ئەم شیعرەش ، وەك شیعری پاشەوەی ، پەیوەندی بە شیعری پێشووەوە هەیە . واتە : با سۆفیی ژیاکار زۆ نەکاتە ئەم کۆژی ئێمەیە . کۆژی ئێمە کۆژی دڵدارانی ژاستەقینەیە و ، گاڵتە بازاڕی ئامۆژگاریی بێکردار نییە . ئێمە بە ناخی خۆشەویستیی ژاستدا چۆینەتە خوارەوە و ، خۆمان بە باسی چاکە و خراپە و بێباریی دنیاوە خەریك ناکەین .

نێکی‌یو (مز) نێکی‌یی .

(٤) غەرغەرە : خڕەخڕ و گیرانی قوژگ و دەنگ دەرنەهاتن . غەژڕا : بایێ .

واتە : کۆژی ئێمە کۆژی دڵدارانە ، بە ئیشارەت و ژەمزی دەروون قسەی تیا ئەکرێ ، مەیدانی ئەوە نییە واعیظی لەخۆبایێ ، بێ بە گەروی گیراو و هەناسەی سواریەوە دەستی تیا بکا بە پەند و ئامۆژگاریێ .

(٥) سەراوێژە : سەری داهێڵراو و شۆژ کراوە . چاوێنە : وەك لەناو چاڵ

جێی زوبان گرتن و دڵ ڕۆشنی‌یو سۆتانه
موقته‌دا شه‌معه که خامۆش نییه ئه‌مما نییه باس (٦)

(چاڵه ئاو)دا . کـــه‌ی : که‌یخوسره‌و یا که‌یکاوس که دۆ شـــای ئێران بوون . ئه‌سکه‌نده‌ر : ئه‌سکه‌نده‌ری مه‌کدۆنی که لای هه‌ولێردا له‌شکری دارای شای ئێرانی به‌زاند و ولاّته‌که‌ی داگیر کرد . دارا : داریۆش ، دوا پادشای بنه‌ماڵه‌ی هه‌خامه‌نشێ که ئه‌سکه‌نده‌ری مه‌کدۆنێ به‌زاندی .

واته : به‌هۆی سه‌ر داهێلانی ، وه‌ك به‌سه‌ر چاڵه ئاوا شۆڕکراوه‌ی ئه‌م دڵدارانه‌وه که سه‌رخۆشی بـــاده‌ی خۆشه‌ویستیی ڕاسته‌قینه‌ن ، باسی هیچ بابه‌تێکی دنیایێ له کۆڕی خواردنه‌وه‌یاندا نه‌ماوه و ، که‌س ناوی قه‌یسه‌ر و ئه‌سکه‌نده‌ر و دارا ناهێنێ .

ئه‌شتوانرێ نیوه شیعری دۆهه‌م به‌مجۆره بخوێنرێته‌وه :

به‌سه‌ر ئاوێزه‌یه چا وێنه‌یه که‌للەی سه‌ریان

واته : که‌للەی ســـه‌ریان به‌سه‌ر پیاڵه‌ی باده‌دا شـــۆڕ کردووه‌ته‌وه ، وێنه‌ی که‌للەی سه‌ریان له پیاڵه‌ی شه‌رابه‌که‌دا وه‌ك وێنه‌ی که‌للەسه‌ری به‌سه‌ر چاڵه‌ئـــاوا شۆڕکراوه‌وه وایـــه .. ئاگایان له دنیا نییـــه و هیچ باسێکی دنیایێ ناهێننه ئاراوه .

ڕێیشی تێ‌ئه‌چێ (چا وێنه‌یی) به (چاوێنییی) بخوێنرێته‌وه ، به‌وپێیه مه‌عناکه به جۆرێـــکی‌تر لێ‌ئه‌درێته‌وه ، له‌جیاتیی ئـــه‌وه‌ی باس باسی دڵدارانی ڕاسته‌قینه‌ی کۆڕی باده‌خواران بێ ، ئه‌بێ به باسی صۆفییانی دۆزۆ . واتـــه : ئـــه‌م ســـۆفییه بـــه دیمـــه‌ن لـــه خواتـــرس و ســـه‌ر دانه‌واندوه‌وانه ، ئه‌وه‌نده بۆش و که‌للە پۆچن که‌للەسه‌ریان بۆ ئه‌وه ناشێ ته‌نانه‌ت بۆ مه‌نعی چـــاوی پیسیش هه‌ڵواسرێ . ئه‌وه‌تـــه له نه‌گبه‌تێ و بێ‌کاره‌ییی که‌للەسه‌ری بۆ چاوێنێ به ملا شۆڕ کراوه‌ی ئه‌وانه‌وه ، باس و خواسی که‌یخوسره‌و و قه‌یسه‌ر و ئه‌سکه‌نده‌ر و دارا له‌ئارادا نه‌ماوه .

به سه‌راوێزه‌یی (عم) و (گم) و (ت) و (مز) : له‌به‌ر ئاوێزه‌ییی .

(٦) موقته‌دا : چاولێ‌کراو . خامۆش : بێ‌ده‌نگ . کوژاوه .

واته : کۆڕی دڵدارانی ڕاسته‌قینه جێی ئه‌وه‌یه مرۆی تیا بێ‌ده‌نگ بێ ، بســـۆتێ ، دڵی ڕۆشن بێ . چاو له مۆم بکا تیایدا کـــه بۆ خۆی ئه‌سۆتێ و ورته‌ی له ده‌م نایه‌ت ، به‌ڵام ده‌وروبه‌ری ڕۆشن ئه‌کاته‌وه . به دیمه‌ن سه‌یری ئه‌که‌ی ، باس و خواسی نییه ، بـــه‌ڵام له‌ڕاستییشدا

حەضرەتی هەیبەتە ، نەك غەیبەت و ڕەیبەت « نالێ »
ئەڵلاّ ئەڵلاّ ، چ حوضوڕێکە کە (أصلاً) نییە باس ! (٧)

— ٣ —

صابۆنی کەفی پێیە کەفی زاری چاپلۆس
خاصییەتی ڕەققیی هەیە نەرمیی زوبانی لۆس (١)

بێدەنگ نییە ، چونکە دەنگی ڕاستەقینە ئەوەیە ئەنجامەکەی کار بێ و ، کاریش نییە لە کاری مۆم بە بەرهەمتر کە بەرچاوی خەڵك ڕۆن ئەکاتەوە .

لەنێوان (خامۆش نییە) و (نییە باس)دا طیباق هەیە .

(٧) حەضرەت : حازرێ . هەیبەت : سام . ڕەیبەت : گومان و دۆدڵێ .

واتە : کۆڕی دڵدارانی ڕاستەقینە جێگای حازریی ترس و سامی خوایە و ، وەك کۆڕی سۆفییە تەنها بەدیمەن لەخواترسەکان ، جێگای پاشملە وتنی ئەم و ئەو و دۆدڵێ و گومان لەم و لەو کردن نییە . خوایە ! ئەمە چۆن حازربۆنێکە بنیادەم ئەوەندە قۆڵ هەستی پێئەکا ، باسکردنی بە هیچ کلۆجێ تیا پێویست نییە ، چونکە (باسکردن) بۆ کاتێ دەستئەدا باسکراوەکە خۆی دیار نەبێ .

ڕەیبەت (مز) : ڕەهبەت . (عب) : ڕەغبەت .

— ٣ —

(١) کەفی پێ : بەری پێ . زار : دەم . چاپلۆس : مەرایێکەر و شانتەکێن .
خاصییەت : نیشانەی تایبەتێ . ڕەققێ : سابۆنی ڕەقێ .

واتە : لەپی دەمی پیاوی مەرایێکەر و ڕیاباز ، لە کاتێکا کە ئەدوێ و مەرایێ ئەکا و کەف ئەچەڕێنێ، سابۆناوی بۆ قسە لەگەڵ کراوەکە پێیە، لەبەرپێیا بیڕێژێ تا هەڵیخلیسکێنێ .. یاخود ئەو کەفەی لە دەمی پیاوی مەرایێکەر و ڕیاباز ئەڕژێتە سەر زەوێ ، سابۆناوی بەرپێیە ، بۆ هەڵخلیسکاندنی قسە لەگەڵ کراوەکەی ڕشتووە . نەرمیی زمانی لۆسیش ، بۆ خەڵك هەڵخەڵەتاندن ، خاسییەتی سابۆنی ڕەقیی پێوەیە و کە بنیادەمی دا بە عەرزا زرمەی لێ هەڵدەستێنێ .

ئەی دڵ ! خەراجی حاصڵی ظوڵماتی بەحر و بەڕ
میراتی ئیعتیباڕە لە فورزەندی فەیلەقوس (٢)

بونیانی کیبر و سەرکەشییە طاقی کیسرەوێ
دانانی ظوڵم و ڕۆژەشییە تەختی ئابنۆس (٣)

بە نیشانەی شیعرەکانی پاشەوەدا ، وابزانین مەبەستی نالێ لەم چاپلۆس و زمانلۆسە (دنیا) بێ کە بنیادەم لە خشتە ئەبا ، بەڵام بە تێکڕاییش هەر ڕاستە و دەست ئەدا .

لە کۆکردنەوەی (کەفف)و (کەف)دا جیناسی ناقیص و ، لە (ڕەققێ) و (نەرمێ)دا طیباق و ، لە (زار) و (زوبان)دا تەرادوف و ، لە (ڕەققێ) خۆیدا بەتایبەتێ لەطافەت هەیە ، چونکە مەعنای وشەکە بە عەرەبێ پێچەوانەی مەعنا کوردییەکەیەتی .

پێیە (« پەراوێزی » چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (مز)و (اح) و (عب) و (من) : پێتە .

(٢) ظوڵمات : تاریکێ ، بن . ئیعتیبار : پەند وەرگرتن . فورزەندی فەیلەقوس: ئەسکەندەری کوڕی فیلیپی مەکدۆنێ .

واتە : ئەی دڵ ! ئەوەی لە بەروبۆمی بنی دەریا و وشکانێ بۆ بنیادەم ئەمێنێتەوە ، تەنها ئەو میراتەیە کە لە پێشینان بۆمان ماوەتەوە ، کە ئەوەتە پەند لە ژیانی ئەسکەندەری کوڕی فیلیپی مەکدۆنێ وەرگرین کە دنیای هەمۆ گرت و ، کە مردیش لە بستێ زەوێ و چەند یاردە جاو زیاتری پێ نەبڕا .

ظوڵماتی بەحر و (« پەراوێزی » چر) و (چن) و (ت) و (ك) و(مز) و (اح) : ظوڵمەت لە بەحر و .

(٣) بونیان : کۆشك و سەرا . کیبر : فیز . سەرکەشێ : یاخیگەرێ . طاقی کیسرەوێ : تاقی کیسرا کە پاشماوەکەی ئیستا لە نزیکی شاری سەلمان پاکەوەیە . ئابنۆس : درەختێکە دارەکەی زۆر قورس و ڕەقە .

واتە : تاقی کیسرا کە سەری گەیشتبوە کەشکەلانی فەلەك ، کۆشکی فیز بەسەر خەڵکا کردن و لە خوا یاخێ بۆن بو . تەختی لە دار ئابنۆسی ڕەشی بریقەداریش نیشانەی جەور و ستەم و ڕۆژەشیی ئەو پادشایەیە لە سەری دائەنیشێ .. نالێ ئەیەوێ بڵێ : هەر ئەوەی کە زۆرداران بە

بنوارە بۆنی ئەووەڵت و چۆنی ئاخرت :
هاتی چ ژۆت و قۆت و ، هەڵاتی چ لۆس و پۆس ؟! (٤)

گەر فەژڕ و تاج و زینەت و شەوکەت وەفای دەبۆ
بێ دەردی‌سەر دەمانەوە بۆ طاوس و خەرۆس (٥)

نیشانەی گەورەیی خۆیانی دائەنێن ، هەر ئەوە خۆی نیشانەی هیچ و پۆچییانە .

لە یەکخستنی (بونیان) و (تاق) و (تەخت) و ، (ژۆرەش) و (ئابنۆس)دا تەناسوب هەیە .

(٤) واتە : ئەی ئادەمیزادی لە خۆ بایی بۆ ! بیرێ لە خۆت بکەرەوە ، چۆن هاتیتە دنیاوە و چۆن ژۆیشتی .. بە ژۆت و قۆتێ لە دایك بۆیت و بە تالآن کراوێ و ژۆت کراوەیێ ژۆیشتی .. کەواتە دنیا بۆ ئەوە ناشێ پشتی پێ ببەستی ..

لە یەکخستنی (بۆن) و (چۆن) و ، (ژۆت) و (قۆت) و ، (لۆس) و (پۆس)دا جیناسی لاحیق و ، لە یەکخستنی (ئەوەوڵ) و (ئاخر)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (ژۆت و قۆت) و ، (لۆس و پۆس)دا تەناسوب هەیە .

لە وشەی (هاتی) و (هەڵاتی)دا ئیشارەت بۆ ئەوە کراوە کە بنیادەم کە دێتە دنیاوە ئاگای لە هیچ نییە و بەئاسانێ دێ . بەڵام پاشان ئەوەندە ئەرك و مەینەتی ژیانی بەسەرا ئەتلێتەوە ، خۆزگەی مەرگی خۆی ئەخوازێ و ئەیەوێ لە دەس ژیان هەڵبێ .. هەروەها لە وشەی (لۆس و پۆس)یشدا ئیشارەتێك بۆ ئەوە کراوە کە بنیادەم کە مرد ، هەرچیی هەیە ، ، میراتگر لێی دائەماڵن بۆ خۆیان و ساوسیوەی ئەدەن و ئەوجا حەواڵەی ئەو دنیای ئەکەن .

(٥) فەژ : جوانێ . خەرۆس : کەڵەشێر .

واتە : ئەگەر جوانێ و تاج و شان و شکۆ وەفایان بووایە ، بەئاسانێ بۆ تاوس و کەڵەشێر ئەمانەوە ، کە هەمیشە نازیان پێوە ئەکەن و بەخۆیانیانەوە دەرئەخەن و بێقەدر ژایان ناگرن . مەبەست لە تاجی تاوس و کەڵەشێر پۆپنەکەیانە .

فەژڕ و (چن) و (کم) و (ك) و (ت) و (مز) و (عب) و (من) : پەژ و . تاج و (کم) و (من) : تاجی . دەمانەوە (کم) و (من) : دەمایەوە .

گەر ئاب و تابی جەننەتی‌یو دۆزەخیت دەوێ
بنواڕە نێو چەوانی بەشۆش و برۆی عەبۆس (٦)

بۆ مەشقی عیشقی زوڵفی نیگار و نیگارشی
« نالێ » لە خامەدا بووەتە شاهی طوڕڕەنۆس (٧)

---

(٦) ئاب : ئاو ، تەڕایێ . مەبەست فێنکییە . تاب و تاو ، گەرمێ . جەننەتێ : بەهەشتێ . دۆزەخێ : جەهەننەمێ . بەشۆش : ڕۆخۆش . عەبۆس : ڕۆگرژ .

واتە : ئەگەر ئەتەوێ چاوت بە ناوچاوی فێنکی بنیادەمی بەهەشتێ و ، ناوچاوی ئاگرینی بنیادەمی جەهەننەمێ بکەوێ ، سەیری ناوچاوی بنیادەمی ڕۆخۆش و بنیادەمی ڕۆگرژ بکە . ڕۆی خۆش نیشانەی بەهەشتێ و ڕۆی گرژ نیشانەی جەهەننەمییە .

لەنێوان (ئاب) و (تاب) و ، (جەننەتێ) و (دۆزەخێ) و ، (بەشۆش) و (عەبۆس)دا طیباق و ، لەنێوان (ئاب و تاب) و (جەننەتێ و دۆزەخێ) و ، (بەشۆش و عەبۆس)دا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

نێو (گم) و (من) : ناو .

(٧) مەشق : ڕۆنۆس کردنەوەی خەتی خۆش بۆ فێربۆنی نۆسینی جوان . نیگار : وێنە . ئافرەتی وەك وێنە جوان ، یار . نیگارش : نۆسین و نەخش‌کردن . طوڕڕەنۆس : ئەوەی نەخشی لۆل و ئاڵۆز ئەنۆسێ .

واتە : نالێ ، بۆ ئەوەی فێر ببێ مەشقی خۆشەویستیی زوڵفی یار و جوانێ و ڕازانەوەی ئەو زوڵفە بکا ، بووە بە شای طوڕڕەنۆسان ، لەناو قەڵەمدا لۆلی خواردووە و پێچراوەتەوە . ئەیەوێ بڵێ ئەوەی دڵی بە زوڵفی یارەوە بێ ، ئەبێ فێر ببێ لەتاو دەرد و ئازار وەك ئەو زوڵفە لۆل بخوا . منیش بۆ فێربۆنی ئەو خۆشەویستێ و لۆل خواردنە ، بووم بە تاڵە باریکەکانی ناو قەڵەم و ئەوەندە مەرەکەبم هەڵمژیوە (مەشقم کردووە) ، لۆل بووم (تاڵە باریکەکانی ناو قەڵەمی قامیش لۆلن) و ، لە ڕەشێ و لۆلیدا بووم بە شای طوڕڕەنۆسان ..

زیادە ڕەوێ و وێنەی ناسکی ئەدەبێ وا نەبێ ، بۆچێ باشە !

ئەم شیعرەش بەڵگەیەکی‌تر کەوا نازناوی (نالێ) بە لامی بچۆکە نەك بە لامی قەڵەو ، چونکە (نال) لەناو قەڵەمدایە و (خامە)ش قەڵەمە .

. . . . . .

له کۆکردنـــەوەی (مەشق) و (عەشـــق)دا جیناسی لاحیـــق و ، له کۆکردنەوەی (نیـــگار) و (نیگارش)دا جیناســـی ناقیص و ، لەنێـــوان (مەشق) و (نیگار) و (نال) و (خامە) و (طوڕڕەنۆس)دا تەناسوب هەیە .

مەشقی عیشقی (ت) و (ك) و (مز) (اح) و (عب) : عیشقی مەشقی . نیگار و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : نیگاری و . (عم) : نیگاری .

★ ★ ★

تیپی طێ

— ١ —

موّی سپێ کردم به شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط
شۆرە شەط یەعنی کە تێدا خود بە خود قەل بۆ بە بەط (١)

— ١ —

(١) شوشتن : شۆردن . عەین : چاو . کانێ . وەك . شۆرە شەط : سوێرە چەم ، فرمێسك . خودبەخود : لەخۆیەوە . قەل : قەلەڕەش . مەبەست ڕەشێنەی چاوە . بەط : مراوێ ، مەبەست سپییە .

واتە : ئاوی فرمێسکی چاوم کە ئەوەندەی ڕۆبارێکی سوێر زۆرە ، بەهۆی گریانی زۆرمەوە ، ئەوەندە بەسەر ڕیشما هاتووەتە خوار ، ڕەنگەکەی شتووەتەوە و سپیی کردووەتەوە . ڕۆباری سوێری فرمێسکم ، ئەو ڕۆبارە ئەوەندە سوێرەیە کە ئەگەر قەلەڕەشی تێبچێ ، لەبەر زۆریی خوێی ، هەر لەخۆیەوە تیا سپێ ئەبێتەوە و ئەبێ بە مراوێ ، وەك چۆن ڕەشێنەی چاوی منی تیا سپێ بووەوە و کوێر بۆ و ترۆسکەی لێ بڕا .

لە وشەی (عەین)دا لەطافەت هەیە ، چونکە ، وەك لە سەرتاوە ڕۆنمان کردووە سێ مەعنا ئەبەخشێ . لە کۆکردنەوەی (شوشتن) و (ئاو) و ، (عەین) و (شەط) و ، (قەل) و (بەط)یشدا تەناسوب هەیە . لە (قەل) و (بەط)دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحەیش هەیە ، ڕەشێنەی چاو شوبهێنراوە بە قەل و ، چاوی سپێ بووەوە شوبهێنراوە بە مراوێ و پێشوبهێنراو لەجیاتیی شوبهێنراو دانراوە و ، نیشانەش (عەین) و (موّی سپێ کردم)ە لە نیوە شیعری یەکەمدا .

شوشتن (چن) و (ت) و (ك) و (مز) و (عب) و (اح) : شوستن ، کە ئەویش هەر بەمەعنا شوشتنە . خودبەخود (عم) : خۆبەخۆ .

هەڵگرێا ، وەك مۆمی کافووری بە شەودا ، مۆ بە مۆم
دا سیاهیی ڕۆ بخوێنم نوقطە نوقطە ، خەط بە خەط (٢)

من دەڵێم شەو بۆ بە ڕۆژ ، نەفسم دەڵێ ڕۆژ بۆ بە شەو
ئەو موصیبە ، چونکە چاوی پێ سپی بۆ ، من غەلەط (٣)

---

(٢) هەڵگرێا : داگیرسا ، شەوقی دایەوە . کافووری : سپی وەك کافوور کە بەرێکی سپی و بۆنخۆشی درەختێکە . دا : تاوەکو . سیاهی : ڕەشی.

واتە : موومکانی سەر و ڕیشم سپی بۆن و ، وەك مۆمی کافووری داگیرسێنی ، یەکە یەکە بە سپییەتی بە سەر و ڕۆمەوە دیارییان دا ، تا خەت بە خەت و نوختە بە نوختە کردەوەی بەدی خۆم ، لەبەر ڕۆشناییاندا بخوێنمەوە و تەماشای ڕۆی ــ لەبەر گوناە ــ ڕەشی خۆم بکەم . مەبەستی لەوەیە کە بنیادەم پیر بۆ ، ئیتر وەختی ئەوە دێ پەند و ئامۆژگاری لە مۆی سپیی خۆی وەرگرێ و چاوێ بە ڕابوردوی خۆیدا بگێڕێتەوە و لە کردەوە ڕەشەکانی خۆی پاشگەز ببێتەوە .

ئەشگونجێ (سیاهی) نەبێ (سیاهەی) بێ ، واتە لیستەی . بەمپێیە مەعنای ڕستەکە وای لێدێتەوە : سەیرێکی سیاهەی کرداری خۆم بکەم .

هەڵگرێا (ت) و (مز) و (عب) و (اح) و (من) : هەڵکرا . ئەمیش هەر ئەگونجێ (هەڵگرێا) بێ ، چونکە لە نۆسینی ئەوسادا (ك) و (گ) وەك یەك ئەنۆسران . دا (عب) : وا .

(٣) موصیب : ئەوەی باش بۆ شتێ بچێ و بیپێکێ .

واتە : منی نیازی گەڕانەوە و پاشگەز بۆنەوە کردۆ ، لەگەڵ نەفسی خۆ بەدەستەوە نەداو و حەز لە دنیا کردۆم ، کێشەمانە لەسەر مەعنای ئەم مۆ سپی بۆن و پیرییە . من ئەڵێم سەردەمی لاوێ سەردەمی بێئاگایی و گومڕایی بۆ و ، ئیستا کە پیر بووم و ئەگەڕێمەوە و ڕۆ ئەکەمە خوا ، نیشانەی ئەوەیە شەوی بێئاگایی دوایی هاتووە و ئیتر ڕۆژی خواناسییە. ئەویش ئەڵێ وا نییە. سپی بۆنی مۆ نیشانەی ئەوەیە ڕۆژی ژیانی خۆش و ڕابواردن دوایی هاتووە و ئیتر لەمەولا ئەوەی جارانم بۆ نالوێ و دنیام لەبەرچاو تاریك بووە .حەق بەلای ئەوەیە و من بە هەڵەدا چووم ، چونکە چاوم سمەسای لێ بڕاوە و هیچ نابینم .. کەواتە ڕاستە ڕۆژ بووە بە شەو ، ئەگینا ئەبێ ڕۆژی کوێر چۆن ڕۆژێك بێ !

ڕەوغەنی دیدەم ڕژایە سەر کیتابی خەططی خۆم
چاو لە ئێشی ئەو سپێ ، تۆریش بەسەر ئەودا سەقەط (٤)

سەرد و گەرمی ئاهەکەم سەوزەی گیای کردم بە پۆش
پایزی ، ڕۆ بۆ بە بوردی ستۆر و زەردی موختەلەط (٥)

تۆ بڵێی ئەم پارچە شیعرە ، وەك هەندێ هێمای‌تریش لە چەند پارچە شیعرێکی‌ترا ، نیشانەی ئەوە نەبن کە نالێ لە دوا ساڵەکانی ژیانیا کۆێر بۆبێ ؟

پێ (چن) و (ك) : لێ .

(٤) ڕەوغەن : ڕۆن. سەقەط:سەقەت ، پەكەوتۆ . سقط ، کەوتە خوار .

واتە : ڕۆنی چاوم کە مایەی تیشك دانەوە و گڕان و بینینی بۆ ، ڕژایە سەر ڕۆم کە وەك کتێب لە بەر دەمیا کراوەتەوە و موو ڕەشەکانی وەك خەتەکانی کتێب بۆن . ئیستا چاوم لەتاو ئازاری ئەو ڕۆن ڕژانە کۆێر بووە،یاخود لەبەر ئەو کارەی کە ئەو ڕۆنە کردی کە ڕژا،سپێ بووەتەوە و بێ‌کار کەوتووە و ، ڕۆناکیی چاویشم بەسەر ئەودا ، واتە بەسەر چاومدا شەل و پەل و سەقەت کەوتووە چونکە کەوتووەتە خوار بۆ سەر کتێبی ڕۆم ، یا بەسەر کتێبی ڕۆمدا کەوتووە . بەپێی ئەم مەعنای دواییە سەقەط (سَقَطَ)ی فیعلی ڕابوردوی عەرەبییە .

دیدەم ڕژایە (چر) و (مز) و (عب) و (اح) : دیدەی ڕەضایە . (چن): دیدەم ڕژاوە . (عم) و (گم) : دیدە ڕژایە . (کم) و (من) : دیدەی خەطایە .

(٥) بورد : پارچە قوماشێکی جوان بووە پێیان وتووە (بوردی یەمانێ) . موختەلەط : تێکەڵ .

واتە : وەك چۆن گۆڕانی هەوا کار ئەکاتە سەر شینایێ و ، هەوای سارد ڕەنگی لە ڕۆ ئەبڕێ و هەوای گەرم ئەیسۆتێنێ و وشکی ئەکا ، ئاە و هەناسەی سارد و گەرمی منیش ، ڕیشی ڕەشی وەك سەوزە گیای وشك کردم و سپیی کردەوە و کردی بە پۆش . ڕۆی پایز داهاتۆم ، یاخود ڕۆم بە شێوەی باخی پایز ، بۆ بە پارچەی بوردی یەمەنێ کە تێکەڵە لە ڕەنگی سۆر و زەرد . ئەمیش هەندێکی بەتەواوێ وشك بووە و سپێ بووەتەوە و ، هەندێکی کەشی ڕەنگی گۆڕاوە خەریکە وشك ئەبێ و سپێ ئەبێتەوە .

وەجهەکەم ئیسمی بەیاض ، ئەمما وەرەق زەرد و سیاه
با موخەططەط بێ بە کافوورێ کەشیدەی خۆش نەمەط (٦)

نیوەی دۆهەمی ئەم شیعرە لە نوسخەکانی بەردەستمانا جیاوازیی زۆری تیابو . ئێمە لەناو هەمۆ نوسخەکاندا پشتمان بە نوسخەی (عم) بەست . ئەمەش جیاوازییەکانی نوسخەکانیتر :

(چن) : زۆ بۆتە بەردی سەوز و زەردی . (کم) : ئەو بۆ بە بەرد و ــ یا بورد و ــ سۆر و زەرد و . (گم) : زۆ بۆ بە بەردی سۆر زەردی . (ك) : زۆ بۆ بە زەردی سەرد و زەرد و . (مز) و (عب) : زۆ بۆ بە بەردی سەرد و زەردی . (اح) : زۆ بۆ بە زەردی سەرد و زەردی .

لەنێوان (سەرد) و (گەرم) و ، (گیا) و (پۆش)دا طیباق و ، لەنێوان (سۆر) و (زەرد)دا طیباق و تەناسوب هەیە .

(٦) وەجە : زۆ . بەیاض : سپێتێ . ئەو پارچەیەی لە کەناری کتێبەکانەوە بە سپێتێ ئەمایەوە . وەرەق : کاغەز . موخەططەط : خەت خەت کراو، لە (میسطەرە) دراو . جاران کە کاغەزی خەت خەت کراو نەبو ، مەقەبایەکیان ئەهێنا ، چۆنیان بویستایە دێرەکانی کتێبەکە زێكبخەن ، بەوجۆرە تالّە کندری چەند لۆ بادراویان تێهەلّئەکێشا . پاشان پەرەی کاغەزی سپییان ئەخستە سەری و توند پەنجەیان پیائەهێنا ، جێگەی کندرە بادراوەکەی لەسەر نەخش ئەبۆ ، ئەوجا بەسەر ئەو نەخشانەدا ئەیاننۆسێ . بەو مەقەبا کندر تێهەلّکێشراوەیان ئەوت (میسطەرە) . کافوورێ کەشیدە : خەتی کێشراوی سپێ وەك کافوور ، ئەو خەتەی کە لەئەنجامی لە میسطەرە دانی کاغەزەوە بە کاغەزەکەوە دەرئەکەوت . نەمەط : شێوە .

واتە : کاغەزی زۆم، هەرچەند بە خەتیمیسطەرە کێشی، وەك کافوور سپیی ، مۆی سپیم ، سپێ بووەتەوە ، هەر بەناو سپییە . لەڕاستیدا لە شەرمەزاریدا زەرد و ، لە گوناهباریدا ڕەشە . مەبەستی ئەوەیە بڵێ وەك چۆن خەتی میسطەرە کاغەزی زەردو زەش سپێ ناکاتەوە ، مۆی سپیی سەر و ڕیشی منیش زۆزەردێ و زۆڕەشیی شەرمەزاریی دەرگای خوا و گوناهباریی دواڕۆژم هەڵناگرێ .

لە کۆکردنەوەی (بەیاض) و (وەرەق) و (زەرد) و (سیا) و (موخەططەط)دا تەناسوبێکی جوان هەیە .

چونکه لەوحی ڕۆسییەھ ڕۆزەردی بێتەزیینییە
خوێنی چاوم جەدوەلی بێ ، قەطرەکانیشی نوقەط (٧)

نەقشی دۆ مۆیێ بە دۆ ڕۆیێ دەبێتە عەیبی شەیب
ئاینەی ڕۆ پاکییە ، ڕۆناکییە نۆر و شەمەط (٨)

---

(٧) بێتەزیینێ : جوان نەکردن و نەڕازاندنەوە . جەدوەل . جۆگا . ئەو خەتانەی جاران لەکاتی کتێب نۆسینەوەدا بە مەرەکەبی سۆر لەسەر کتێب ئەکێشران بۆ جیاکردنەوەی دێڕەکان و شوێنی دێڕەکان لە یەکتر. نوقەط : جەمعی نوقطەیە واتە نوختە .

جاران فەقێ ئەهاتن کاغەزی سپییان زەرد ئەکرد ئەوجا کتێبیان لێ ئەنۆسییەوە بۆئەوەی لەکاتی خوێندنەوەدا ئازاری چاو نەدا . دیارە کتێبەکەشیان بە مەرەکەبی ڕەش ئەنۆسییەوە . بۆ جوانییش خەتی سۆریان لەنێوان دێڕەکاندا ئەکێشا و نوختەی تیپەکانیشیان بە ڕەنگی سۆر ، ئەکرد . جا نالییش هاتووە ڕۆی خۆی شوبهاندووە بە پەڕە کتێبێکی لەو کتێبانە و ئەڵێ مادەم تەختەی کتێبی ڕۆم لەبەر گوناە ڕەشە و ، بەهۆی نەڕازاندنەوەیەوە بە کرداری چاك زەرد و شەرمەزارە، من ئەمەوێ بە خوێنی چاوەکانم بیڕازێنمەوە . بە خوێنی بە ڕۆمدا هاتووە خوار جەدوەلی بۆ ئەکەم و خەتی بۆ ئەکێشم و ، بە دڵۆپەکانیشی نوختەی سۆری بۆ دائەنێم .

نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە لە نوسخەی (کم) و (من)دا بەم جۆرەیە :

چونکە لەوحەی ڕۆ سیاە و زەردی بێتەزیینییە .

سییەھ (گم) و (مز) : سیاە . بێتەزیینییە (چن) : بێ تێراوییە .

(٨) شەیب : پیرێ . شەمەط : بۆزێ .

واتە : بۆنی نەخشی دۆ جۆرە مۆ (مۆی سپێ و مۆی ڕەش) بە دەم و چاوی بنیادەمەوە ، کاتێ ئەبێتە عەیب و مایەی ناشیرینێ ، ئەگەر ئەوکەسە دۆ ڕۆ بێ ، بەدیمەن خۆی بە پیاوچاك و خواناس پیشان بدا ، وەك پێویستە بۆ کەسێ چۆبێتە سالّەوە و ، لەڕاستییشدا پیاوێکی ئارەزۆباز بێ وەك ئەوانەی هێشتا هەرزەکارن و مۆی سەر و ڕیشیان ڕەشە . ئەو ئاوێنەیەی کە ڕۆی ڕاستەقینەی بنیادەمی تیا دەرئەکەوێ، مۆی ڕەش و سپێ نییە ، پاکیی کردەوەی بنیادەمەکە خۆیەتی ، بۆنی

یا گەدایێکە غەنێ ، یا پادشاهێکە فەقیر
لەم دووە خاڵێ نییە « نالێ » لە زۆی حەددی وەسەط (٩)

مۆی زەش و سپێ نیشانەی زۆناکییە ، چونکە لە زۆناکیدا زەش و سپێ لە یەك ئەکرێنەوە .

نوسخەکانی بەردەستمان لەم شیعرەشدا ناکۆکیی زۆریان لەنێواندایە. ئێمە پشتمان بە نوسخەی (عب) بەست . ئەمەش جیاوازییەکانی نوسخەکانیتر :

نەقشی (چن) : نەقصی . (ك) و (مز) و (اح) : نەقضی . بە دۆزۆێ دەبێتە (چر) و (كم) و (ك) و (مز) و (اح) : بە دەوری زۆی دەبینێ . (چن) : بە دەوری زۆ دەبینێ . (عم) و (گم) : بە دەوری زۆی دەبێتە . (من) : بە دۆ زۆێ دەبینێ . زۆناکییە (چن) : زۆ ناکەیە .

(٩) حەددی وەسەط : زادەی مامناوەندێ . لە زانستی مەنطیقدا (حەددی ئەوسەط) وشەی دۆبارە کراوەی ناو (صوغرا) و (کوبرا)یە .

واتە : دۆ زێگا هەیە لە ژیاندا بۆ خۆمیان هەڵبژێرم و زێگایەکی سێهەمیان لەنێواندا نییە . یا ئەبێ خۆم بە پیاوی دنیا و دەسەڵاتدارا هەڵنەواسم و لەبارەی داراییەوە هەژار بم ، بەڵام لە دەرۆنی خۆمدا گەورەترین سامانم هەبێ کە کەسایەتیی سەربەخۆی خۆمە ، یان ئەبێ دەس‌بەرداری کەسایەتیی خۆم ببم و لەوبارەوە ببم بە بنیادەمێکی لات و بێدەسەڵات ، بۆئەوەی لەبارەی ژیانی ماددییەوە وەك پادشا بژیم .

نالێ هەرچەند نەیوتووە کام زێگایان هەڵبژێرێ ، بەڵام هەر بە بەرچاوخستنی دۆ زێگاکەدا دیارە زێگای یەکەمیانی بۆ خۆی دیاری کردووە ، کە زێگای ئازادێ و سەربەخۆیی دڵ و دەرۆنە هەرچەند سکیشی لەبرسا قۆڕەی بێ و ، چاو لە دەستی کەس نەبوە لەم دنیایەدا.

گەدایێکە ، پادشاهێکە (چن) و (ك) و (مز) و (اح) : گەدایێکی ، پادشاهێکی .

★ ★ ★

تیپی قــاف

— ١ —

قوربان مەحاڵە پێکەوە بن صەبر و ئیشتیاق
خاریج لە نەصصی ئایەیە تەکلیفی (لا یطاق) (١)

مەعنایی نوور و ظوڵمەت و نەشری حەیات و مەوت
بۆ ، زۆ و زوڵف و زۆژی ویصال و شەوی فیراق (٢)

— ١ —

(١) تەکلیفی (لایطاق) : داوای کردنی کارێ کەردەنێ نەبێ و لەتوانای بنیادەما نەبێ بیکــا .
واتە : گیانە ! هەرگیز ناکرێ یەکێ سۆزی تۆی لە دڵا بێ و بیشتوانێ خۆی زاگرێ و ، شتیوا بە داوای شتی لەتوانادا نەبۆ دائەنرێ .
ئەم شیعرە ئیشارەتە بە ئایەتی (لا یکلف الله نفساً الا وسعها) واتە : خوا داوای شتێ ناکا لە کەسێ کە لەتوانایدا نەبێ .
ئایەیە : (چن) و (عم) و (گم) : ئایەتە . (عب) و (کم) و (من) : ئایەتی .

(٢) نەشر : بڵاوکردنەوە .
واتە : ئەگــەر ئەتەوێ بــزانی مەعنای (زۆنــاکێ) و (تــاریکێ) و بڵاوکردنەوەی (ژیــان) و (مردن) چییە ، سەیری زۆی زۆناك و زوڵفی زەشی خۆت بکە و، سەرنجی خۆشیی ئەوکاتەی من بدە کە پێت ئەگەم و دنیام لە بەرچاوا ئەبێ بە زۆژی زۆشن ، یا دوورم لێت و دنیام وەك شەوی تار لە بەرچاوا زەش ئەبێ .
لەنێــوان (نــوور) و (ظوڵمــەت) و ، (حەیــات) و (مــەوت) و ، (زۆژ) و (شــەو) و ، (ویصــال) و (فــیراق)دا طیبــاق و ، لــە

ئیظهاری ئیددیعایی تەصەببور لە وەصڵی تۆ
یا مەکرە ، یا دەسیسەیە ، یا کیذبە ، یا نیفاق (٣)

بۆ تۆ کە بیکر و تازە ، وەکو حۆریی جەننەتی
قەیدی چییە عەجۆزەیی دونیا بدەم طەڵاق ؟ ! (٤)

شیرینیی‌یو ، لە تاڵی‌یو ترشیی عیتابی ژۆت ،
خاڵت لەسەر جەبین بووەتە دانەیی سماق (٥)

یەکخستنی (بۆ) و (ژۆ)دا جیناسی لاحیق و ، لە کۆکردنەوەی (ژۆ) و (زوڵف)دا تەناسوب هەیە .

بۆ (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : وەك . (ت) و (ك) و (عب) و (اح) : بۆ . (مز) : لەو . زوڵف و (هەمۆ نوسخەکان جگە لە « چن ») : زوڵفە . بەپێی ئەم نوسخانە ئەبێ (ویصال و) بە (ویصالە) بخوێنرێتەوە .

(٣) تەصەببور : ئەوەتە بنیادەم خۆی وا پیشان بدا کە لەعاستی دەرد و ناژەحەتیدا دان بە خۆیدا ئەگرێ .

واتە : ئەوەی لاف لێبدا بڵێ من ئەتوانم لەعاستی دەردی دۆریی یاردا خۆم ژابگرم، یا فێڵ ئەکا ، یا پیلانێکی بەدەستەوەیە، یا درۆ ئەکا ، یا دۆژووە .

تەصەببور (« پەراوێزی » چر) و (عم) و (من) : تەبەصصور ، کە واتە دۆربینێ ، بەڵام مەعنای نایەت . کیذبە : (« پەراوێزی » چر) : کوفرە .

(٤) بیکر : کچ ، بەرابەری ژن . عەجۆزە : پیر و فەرتۆت .

واتە : تۆ بۆ من هەمۆ دنیا ئەهێنێ . ئیتر چیی تیایە ئەگەر لەپێناوی تۆدا کە تازە کچێکی وەك حۆریی بەهەشتی ، دەس لە دنیا هەڵبگرم کە ئەڵێی پیرەژنێکی فەرتۆتە .

(٥) عیتاب : گلەیێ و بناشت . جەبین : ناوچاو . دانە : دەنك . سماق : ترشە سماق .

واتە : ئازیزەکەم ! تۆ لەخۆتدا شیرینی ، بەڵام بەهۆی ئەو هەمۆ گلەیێ و بناشتە تاڵ و ترشەوە کە ئەیکەیت و بە ژۆتەوە دەرئەکەوێ و

صۆفێ له فەقر و فاقه وەکو فاقه فاقی دا
تەسبێحی دام و دانەیه ، زێشی دو فاقی فاق (٦)

ئەی میهری میهرەبان وەرە سەر بامی بامیداد
دا مەهرۆوان بین به هیلالی شەوی میحاق (٧)

زۆتی پێ گرژ بووه ، خاڵەکەی به ناوچاویشتەوەیه وەك دەنکی ترشه سماق دێته پێش چاو .

شیرینی‌یو (عم) : شیرینییه و . (گم) : شیرینییه . عیتابی (چن) و (ت) و (مز) و (عب) و (اح) : عەنابی ، بەڵام هەڵەیه چونکه (عەناب) شیرینه .

(٦) فەقر و فاقه : لاتێ و هەژارێ . فاقه (ی دۆهەم) : تەڵه ، داو . فاقی دا : لەڕ بۆ . چەمییەوه . دام : داو . دانه : ئەو گەنمەی لەبەر داوا دائەکرێ تا چۆلەکه بێته سەری و ببێ بە تەڵەوه . دۆ فاق : دۆ فلیچقان .

واته : وشکه سۆفێ لەبەر لاتێ وەکو تەڵه چەمیوەتەوه ، بۆیه کەوتووەته فڕوفێڵ . تەزبێحەکەی لەو ڕۆوەوه که بازنەییه وەکو داو وایه و ، لەو ڕۆوەوه که دەنك وەکو ئەو دانەیه وایه که دائەکرێ بۆ چۆلەکه . زێشی دۆ فلیچقانیشی ئەم سەر و ئەوسەری داوەکەیه که خەڵکی پێوه ئەبن ، مەبەستی لەوەیه بڵێ : سۆفێ به تەزبێحەکەی و مۆی زێشی که نیشانەی خواپەرستییەکی ساختەن ، عالەم زائەکێشێ بۆلای خۆی و گرفتاریان ئەکا .

دانەیه (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (مز) و (عب) : دانەیی .

(٧) میهر : خۆر . میهرەبان : بەبەزەیێ . بام : بان . بامیداد : سبەینان . مەهرۆوان : ئەوانەی ڕۆیان وەك مانگ وایه . شەوی میحاق : شەوی سیی مانگی عەرەبێ که مانگی تیا دەرناکەوێ .

وأته : ئەی یاری ڕۆمەت وەك خۆر و ، به بەزەیێ ! له ئاسۆ هەڵبێ و وەرە سەر بانی سبەینان ، تا هەرچێ جوانی‌تر هەن لەتاو جوانیی تۆ هەمۆیان خۆیان بشارنەوه و ، وەك مانگی ڕۆژی سیی مانگ باریك و بێهێز ببن .

له کۆکردنەوەی (میهر) و (میهرەبان) و (مەهرۆوان) و ، (بام) و (بامیداد)دا جۆرە وشەئارایییەکی نزیك له جیناس هەیه. له کۆکردنەوەی

« نالێ » كه صەدری مەسنەدی تەمكینی تەكیه بۆ
بۆ تۆ بووه به دەربەدەری كۆچەوو سوقاق (٨)

— ٢ —

چییه گواره گوناهی ، وا به نەستەق
به گوێ هەڵتاوەسیوه ، سەر موعەللەق ؟! (١)

(هیلال) و (میحاق)یشدا تەناسوب هەیه . سەرەڕای ئەو تەناسوبەیش كه لەنێوان (سەربام) و (بامیداد)دا هەیه لەوڕووەوه كه له كوردستانا باوه موسوڵمانان سبەینێی سیی مانگ ئەچنه سەربان بزانن مانگ دیاره كه ئەبێ به نیشانەی ئەوه ئەو ڕۆژه دوازۆژی مانگ نییه ، یا نه، تا ئێواره بۆ مانگی نوێ بگەڕێن .

ئیضافەكردنی (سەربام) بۆلای (بامیداد) مەعنائاراییەكی زۆر جوانی تیایه ، چونكه (بامیداد) كاته نەك شوێن ، كەچێ نالێ كردوێەتی به شتێكی ماددێ .

دا (عم) و (كم) و (گم) و (من) : تا . (مز) : با .

(٨) صەدر : لای سەرۆی مەجلیس . مەسنەد : جێگای پاڵدانەوه . پاڵ پشت . تەمكین : ڕێز و قەدرلێگرتن . تەكیە : ئەوەی پاڵی پێوه بدرێ ، پشتێ . كۆچه : كۆڵان . سوقاق : ناگاته ڕادەی شەقام و لە كۆڵانیش گەورەتره .

واته : نالێ كه جاران پاڵی بەو پشتییەوه ئەدایەوه كه بۆ نیشانەی قەدر و حورمەت گرتن لای سەرەوه دائەنرا ، ئیستا لەپێناوی خۆشەویستیی تۆدا دەربەدەری كۆچه و كۆڵانان بووه .

دۆر نییه وشەی (تەكیه) ئیشاره بێ بۆ (تەكیەی قەرەداغ) كه مەشهۆره نالێ لەوێ خوێندۆیه و (ئایشێ) ناوێكیشی تیا خۆشویستووه .

تەكیه بۆ (چن) و (ت) و (ك) و (مز) و (اح) : تەكیەیه . بۆ تۆ (چن) : بێ تۆ . كۆچەوو (عم) : كۆچەیی .

— ٢ —

(١) نەستەق : ڕێكوپێك . موعەللەق : هەڵواسراو .

واتە : گواره گوناهی چییە ، چیی‌كردووه ، وا ڕێك و جوان

دەخیلت بم نەخیلی یا ژوطابی
وەها شیرین و ، سینە نەرم و ، دڵ ژەق ! (٢)

سەراپای گرتووی زوڵف ، بۆیە بۆیی
موقەییەد ، هەم موخەلخەل ، هەم موطەووەق ! (٣)

هەڵتواسیوە بە گوێتدا ، یا بـە گوێ هەڵتواسـیوە ، سـەری شـۆڕ بووەتەوە ؟!

هەڵتاوەسیوە (مز) : هەڵداوەسیوە .

(٢) نەخیل : دار خورما . ژوطاب : خورمای شلی تازە .

واتە : لە ژێی خوادا پێم بڵێ تۆ چیت : دار خورمای ، وا دڵت کـە ناوکی خورماکەیە ئەوەندە ژەقە ، یا خورمای شـلی تازەی ، وا تـامت شیرین و سنگت کە گوشـتەکەیەتی ئەوەنـدە نەرمـە ؟! چـەند جوانی هێناوەتەوە : دڵ کە گۆشتە ژەق بێ ، کەچێ سینە کە ئێسقانە نـەرم بێ !

لە کۆکردنەوەی (دەخیل) و (نەخیل)دا جیناسی موضاریع هەیە .
لە کۆکردنەوەی (نەرم) و (ژەق)یشدا طیباق هەیە .

دەخیلت بـم («پەراوێزی» چر) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) : ئەتۆ قوربان .

(٣) موقەییەد : دەست بەسراو . موخەلخەل : پێ بە زنجیر . موطەووەق : تەوق لە گەردن .

واتە : زوڵفت ئەوەندە درێژە لە تەوقی سـەر تا کەڵەنگۆسـی پێتی گرتووەتەوە،بۆیە وا هەندێکی لە دەستت و هەندێکی لە پێت و هەندێکی لە گەردنت ئاڵاوە ، لە ملتا بووە بە ملوانکە و ، لە دەستتا بووە بە بازن و، لە پێتا بووە بە پاوانە .

لەنێوان (بۆیە) و (بۆیی)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (موقەییەد) و (موخەلخەل) و (موطەووەق)دا تەناسوب هەیە . لەطافەتیشیان تیایە .

لە نوسخەی (کم) و (من)دا نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە بەمجۆرەیە :

سەراپای گرتووی زولفەینی خاوت

گرتووی زوڵف (اح) : تۆیە زوڵفت . موقـەییەد (چر) و (کم) : موسەلسەل .

له پێت ئالاوه حەڵقەی ماری گێسوت
عەجایەب حەییی بێ جان قەیدی موطڵەق ! (٤)

که لێڵ و سوور و کول بۆ چاوی تیژت
ئەوەندە پێی دەڕێژێ خوێنی ناحەق (٥)

---

(٤) گێسوت : زوڵف . حەی : زیندوو . مار ، سوکراوەی (حەییە)یە . بێ‌جان : بێ‌گیان . قەید : زنجیر . موطڵەق : بەڕەڵلا .

واتە : ئەڵقەی زوڵفت کە وەک ڕەشمار وایە ، لە پێت ئالاوە . ئەم ئەڵقەی زوڵفی وەک ڕەشمارتە ، شتێکی زۆر سەیرە : لەلایەکەوە کە مارە و ماریش (حەییە)یە و (حەی)یشە ، زیندووە . لە لایەکی‌کەشەوە کە موو ، گیانی لەبەردا نییە و مردووە . قەیدە ، دەست و پێ و گەردنتی بەستووەتەوە، کەچێ ئەم دەست و پێ و گەردنەشت بەڕەڵلان و قەیدەکە لە کاری نەخستوون، یاخود قەیدەکە خۆی موطڵەقە، بەڕەڵلایە، لەجیاتیی ئەوەی کە شوێنێکی بەستەوە هەر بەوەوە خەریک بێ ، بە هەر لایەکی‌ترا ئارەزوی بێ پەل ئەهاوێ .

وشەی (قەید) و (موطڵەق) لە گەڵێ لە زانستەکانیشدا بەکاردێن ، یەکەم بۆ گەیاندنی مەعنای بەستنەوەی وشەیەک یا حوکمێک بە بارێکی تایبەتییەوە و ، دوەەم : بۆ گەیاندنی مەعنای بەڕەڵلایی ئەو وشەیە یان ئەو حوکمە .

ئەگونجێ مەعنای ئەم شیعرە بەمجۆرەش لێکبدرێتەوە : سەیرە ! زوڵفی یار ماریکی بێ‌گیانە ، کەچێ بووە بە هۆی پێوەنەد کردنی یار کە بنیادەمێکی ئازاد و زیندووە .

گێسوت (« پەراوێزی » چر) و (ت) : زوڵفت .

(٥) واتە : چاوی تیژت ئەوەندە بە ناحەق بۆ ڕشتنی خوێنی دڵداران بەکارهێنا ، لەبەر زۆریی بەکارهێنان کول بۆ ، بە خوێنی کوژراوەکان سوور بۆ ، بە هۆی ماندوبۆنیشیەوە لێڵ بۆ و بەری تاریک بۆ . دەسا با بەسی بێ ئیتر بەکارهێنانی .

سوور و کول (مز) و (عب) و (اح) : سورەگوڵ . ئەوەندە پێی . (چر) : ئەوەندەی پێ . (عم) و (ت) و (مز) و (عب) و (اح) : ئەوەندە پێ . (مز) : ئەوەندی پێ . دەڕێژێ (چر) : بڕێژێ . (کم) و (من) : ئەڕێژێ .

شوکر « نالێ » سەری خەصمت وەکو گۆ
بە خوارێ ، نەك بە یارێ ، کەوتە بەر شەق (٦)

---

(٦) خەصم : دوژمن . گۆ : جۆرە تۆپێکی دارینـــە بە دارێك لێیان داوە و یارییان پێ کردووە ، بە دارەکەیان وتووە چەوگان واتە گۆچان . خوارێ : ذەلیلێ . یارێ : دۆستایەتێ . یارێ کردن .

نالێ لەم شیعرەیدا زوڵفی یاری بە دوژمنی خۆی دانـاوە ، چونکـە مادەم ئەو زوڵفە دەست و پێی یاری بەستووەتەوە و لە ملی ئالاوە و ، بە شۆڕبۆنەوەشی بەسەر سنگ و ڕۆی یارا ڕێگای لە نالێ تەنیوە ، دیارە کاری دوژمنانەی کردووە ، چ لەگەڵ نالێ خۆی و چ لەگەڵ دۆستەکەی، کە ئەمەش هەر وەك ئەوەیە کاری دوژمنانەی لەگەڵ نالێ خۆی کردبێ . شوبهاندۆیشیەتی بە سەر چونکە مادەم لۆلە ، دیارە خڕە و وەك ســەر وایە . دایشیناوە کەوا مادەم شۆڕ بووەتەوە بۆ بەرپێی یار و هەمیشـــە ئەکەوێتە بەری ، وەك گۆیەك وایە بدرێتە بەر شەق .

نالێ بە خۆی ئەڵێ شوکری خوا بکە کەوا ســـەری دوژمنەکەت کـــە سەری زوڵفی یارە ، وەك گۆی مەیدان کەوتووەتە بەر پێی یار . کەوتنە بەر پێکەشی بە زەلیلییە ، نەك بە دۆستایەتێ و لە حاڵی یـــارێ کردنا وەك گۆی ڕاستەقینە .

بە خوارێ (مز) بـــە زارێ . کەوتـــە (هەمۆ نوســـخەکان « جگە لە نوسخەی ك ») : دایە . ئێمە ئەمان لا پەسەند بۆ چونکە ئەگەر (دایە) بووایە مەعناکە نەئەهات لەبەرئەوە کە نالێ سەری دوژمنی ــ کە سەری زوڵفی یارە ــ نەداوەتە بەر شەق ، یـــار خۆی داویەتە بـــەر شـــەق ، بـــەڵکو نەشیداوەتـــەوە بە شەق ، زوڵفەکـــە خـــۆی لەبەر درێـــژێ شۆڕبووەتەوە و کەوتووەتە بەرپێی . هەروەها چونکە سوپاسی خوا زیاتر لەسەر شتێك ئەکرێ لـــەخۆیەوە بە باشێ بۆ بنیادەم ڕێبکەوێ ، نەك بنیادەمەکە خۆی بە دەسەنقەست بیکا . لەسەر نوسخەی (دایە) ئەبێ وشەی (نـــالێ)یش بە (نالێی) بخوێنرێتەوە .

★ ★ ★

تیپی کـاف

— ١ —

ئەی شۆخی بێ نیاز و گران ناز و غەمزە سۆك !
تیری موژەت نیشانەیی دڵ کون دەکا بە نۆك (١)

کوشتەی نیگاهی دیدەتە ، گەر مەست ، ئەگەر خەراب
بەستەی کەمەندی زوڵفتە ، گەر شێخ ، ئەگەر سولۆك (٢)

— ١ —

(١) گرانناز : ئەوەی نازی بە گران بکەوێتە سەر خەڵك . غەمزە سۆك : ئەوەی بە تیلی چاو ئیشارەتێکی زۆر کەم بکات .

واتە : ئەی نازداری بە کەس موحتاج نەبۆی ، ناز بـە گران کەوتووە سەر دڵدارانی ، وردە ئیشارەت بە چاو کردۆ ! تیری برژانگت بە نۆکی تیژی خۆی نیشانەکەی کون ئەکا کە دڵی دڵدارە .

لە هەرکام لە (تیری موژە) و (نیشـانەی دڵ)دا شـوبهاندن و ، لە کۆکردنەوەی (نیاز) و (ناز)دا جیناسی ناقیص و ، لـە (سـۆك) و (نۆك)دا جیناسی لاحیق و ، لە (گران) و (سۆك)دا طیباق هەیە .

بێنیاز و (چن) و (ك) : دیدە مەست و . دەکا (کم) و (من) : ئەکـا .

(٢) کوشتە : کوژراو . نیگاهی دیدە : بە لاچـاو تەماشاکردن . خەراب : ئەو سەرخۆشـەی لەتـامبەدەر سـەرخۆش بێ ، کـە پێیشـیئەڵێن بەدمەست . بەستە : کەمەندکێش ، گیرۆدە . شێخ : پیری تەریقەت . سولۆك : سالیك ، مرید ، ئەوەی خەریکی خواپەرستییە .

واتە : چئەوانەی مەستی عادەتین و چئەوانەی لەتامبەدەر سەرخۆشن هەمۆ کوژراوی تۆن کە بە لاچاو بۆیان ئەڕوانێ . شێخانی تەریقەتیـش کە خەڵك کەمەندکێش ئەکەن بۆلای خۆیان و مریدەکانی بەردەستیشیان

نەقدی دڵێ کە ڕائیجی سەودایی تۆ نەبێ ،
مەغشۆش و کەم عەیارەوو هەم قەڵب و هەم چڕۆك (٣)

صۆفیێ ! وەرە ئەسەیری ظوهۆراتی باغ و ڕاغ
لایێ هەمۆ شکۆفەوو ، لایێ هەمۆ گوڵۆك (٤)

که ئـەوان کەمەندکێشـیان کردۆن ، هـەمۆ بەکێش کراوی کەمەندی زوڵفی تۆن .

لەنێوان (کوشتە) و (بەسـتە) و ، (مەسـت) و (خەراب) ، و (شێخ) و (سوڵۆك)دا تەناسوب و ، لەنێوان (مەست) و (بەستە)دا جیناسی لاحیق هەیە .

گەر ــ لـە هەردۆ نیوە شـیعرەکەدا ــ (کم) و (گم) و (عب) و (من) : ئەگەر . بەپێی ئەم نوسخانە ئەبێ (دیدەتە) و (زوڵفتە)یش بە (دیدەت) و (زوڵفت) بخوێنرێنەوە و لەگەڵ هـەمزەی (ئـەگەر)ەکە تێکەڵی یەك بکرێن . خەراب (چر) : شـەراب . بەپێی ئەم نوسخەیە ، بە بەراورد لەگەڵ وشەی (سوڵۆك) لە نیوەی دۆهەمی ئەم شیعرەدا ، زیادەڕەوییەکی یەجگار زۆر پەیدا ئەبێ . سوڵۆك (مز) : مولۆك . ئەشـگونجێ وشـەی (سوڵۆك) خۆی (سەلۆك) بێ کە ڕاستەوخۆ واتە : سالیك .

(٣) نەقد : نەخت ، پارە . ڕائیج : ڕەواجدار . سەودا : مامەڵە . مەیدانی خۆشەویستێ . مەغشـۆش : تێکـەڵ لە مس و شـتێوا . ناپاك . کەمعەیار : ئەو زێڕەی بێگەرد نەبێ . سۆك . چڕۆك : پۆچ .

واتە : زێڕی دڵێ کـە لـە بازاڕی خۆشەویسـتیی تۆدا نەڕوا و تۆ پەسەندی نەکەیت و وەرینەگری ، زێڕێکی خاوێن نییە ، مسی ئامانجی ناپاکی تیایە ، لەگـەڵ زێڕی بێگەردی خۆشـەویستیی ڕاسـتەقینەدا بەراورد ناکرێ ، قەڵبە ، بۆش و پۆچە .

لە دانانی دڵدا بە نەقد ، شوبهاندن و ، لە نیسـبەتدانی بێڕەواجێ و قەڵبێ و کەمعەیاریدا بۆ لای دڵ مەجـاز هەیە .

تۆ (چن) و (عم) : تۆی . کەم عەیارەوو هەم (چر) و (عب) : کەم عەیارەیە ، هەم . (چن) : کەم عەیارە هەمۆ . قەڵب و (چر) و (ت) : قەڵبە.

(٤) ظوهۆرات : دەرکەوتن و دیاریدان . ڕاغ : مێرغوزار . بناری سەوز . شکۆفە : خونچە . گوڵی درەختی بەردار . گوڵۆك : وردە گوڵ .

واتە : ئەی وشکە سۆفیی لە خێر و خۆشـێ بێبەش ! وەرە دەرێ

دەستی چناری ڕۆت و ، سەری شاخ و ، لێوی گوڵ
ڕازانەوە بە خەلعەتی دیباوو بەرگ و تۆك (٥)

دەس‌بەندیانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن
صاحێب کولاە و سایەوو بەرگن وەکۆ مولۆك (٦)

تۆڕێ فڕێدە و بایێکی باڵی خۆت بدە،سەیرێکی دنیا بکە چۆن هەمیشە لە گۆڕان و نوێ بۆنەوەدایە ، تەماشاکە باخ و مێرغوزار چۆن خۆیان ڕازاندووەتەوە ، لەلایەکەوە خونچەیە ئەپشکوێ و ، لە لایەکی‌کەوە درەختە گوڵی کردووە و وردە گوڵی گرتووە .

لەنێوان (باغ) و (ڕاغ)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (باغ) و (شکۆفە) و (گوڵۆك)دا تەناسوب هەیە .

ئە سەیری (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (من) : بچینە . شکۆفەوو (ك) و (عب) : شکۆفەیە .

(٥) خەلعەت : خەڵات . دیبا : ئاوریشمی هەمەڕەنگ .
واتە : چنارە ڕۆتەکەی جاران کە ئەوەندە لق و پۆپیشی نەبۆ وەك درختەکانی‌تر سەر و سیمایەکی بداتێ و ، لۆتکەی جاران کەچەڵی شاخەکان و ، لێوی گوڵەکان کە ئەوسا خونچە بۆن و نۆقابۆن ، ئەمڕۆ هەمۆ ڕازاونەتەوە . چنارە ، ئاوریشمی گەڵای لەبەرکردووە و ، شاخە، بەرگی گوڵ و گیای ڕەنگاوڕەنگی پۆشیوە و ، گوڵە ، پشکۆتووە و تۆکی کردووە . مەبەست لە تۆکی گوڵ ئەو پڕۆشە وردەیە بەودیوی پەڕەکانیەوەیە . نالێ بۆ چنار دەستی داناوە چونکە لقەکانی بە پاڵ چنارەکە خۆیدا سەرئەکەون وەك دەستی بنیادەم کە بەپاڵیا شۆڕ ئەبێتەوە . لە شاخیش سەری باس کردووە ، چونکە سەری شاخ بە زستانا سپێ ئەبێ و زۆتریش بەفرەکەی ئەچێتەوە و ڕەش ئەبێتەوە و لە هەر کوێیەکی‌کەی دیارێ‌تر . بۆ گوڵیش لێوی باس کردووە چونکە پشکۆتن لە لێوەوە دیارێ ئەدا و گوڵیش بە پشکۆتنا ئەناسرێتەوە . سەرەڕای ئەوە کە مەبەستیشی بووە دەست و سەر و لێو یەك‌بخا .
نیوەی یەکەمی ئەم شیعرەمان بەگوێرەی نوسخەی (مز) نۆسییەوە کە لەوانی‌تر ڕاستتر بۆ لامان و ، تێکستی نوسخەکانی‌ترمان لەبەر زۆریی هەڵە و مەعنا بەدەستەوە نەدان ، خستە پشت گوێ . بەرگ و (کم) و (گم) و (من) : بەرگی .

(٦) دەس‌بەند : دەستگرتنی هەڵپەڕکێ . کولاە : کڵاو ، سایە : سێبەر .

کانێ دەزێن بە ئاو و ، درەخت ئاوسن بە با
شاییی بەهارە ، بولبولە داماد و غونچە بۆك (٧)

مولۆك : جەمعی مەلیکە بەمەعنا پادشاە .

واتە : سەرو و نارەوەند ئەلێی دەستەی کوژە لاو و کچی شۆخن لای یەکا دەستیان بۆ هەڵپەڕکێ گرتووە و لەبەر شنەی بادا ئەلەرێنەوە، کلاوی گۆپکەی گوڵیان لەسەر ناوە و سێبەریان کردووە بۆ ئەوانەی لەبنیاندا دائەنیشن و ، بەرگی گەڵای سەوزی نوێیان پۆشیوە ، ئەڵێی پادشاهن بەم تاج و بەرگ و سایە و زێ و شوێنەیانەوە .

ئەم شیعرە و شیعری پێشۆیمان لەبەر زۆناکیی بابەت و تێکستی نوسخەکانی (چر) و (کم) و (گم) و (من) دا لێرەدا دانا . لەنوسخەکانیتردا لەپاش شیعری دەهەمەوەن و بەرودوایشن . لە نوسخەی (عم)یشدا ئەم شیعرە لێرەدایە و شیعری پێشۆی لەپاش شیعری دەهەمەوەیە . ئێمە خۆمان لامانوایە جێگای ڕاستەقینەیان پاش شیعری نۆهەمە .

(٧) دەزێن بە ئاو : بەهاران کە کانێ ئەتەقێ و ئاوێکی ئێجگار لە جاران زۆرتری پیادێ . ئاوسن بە با : بای داراوس کە لە دواڕۆژەکانی زستانا ئەوەزێ و درەختی پێئەگەشێتەوە و ئەوەندەی پێناچێ گۆپکە و گەڵا ئەکا . داماد : زاوا .

نالێ لەم شیعرەیدا یەکێ لە وێنە شاکاریيەکانی خۆی پیشانداوە . بەهاری کردووە بە شایێ و لەم شاییەدا بولبولی کردووە بە زاوا و خونچەی بۆ کردووە بە بۆك و ، بای داراوسی دواڕۆژەکانی زستان و درەختی تەڕایی تێکەوتووەوەشی هێناوە بۆ پیشانداني وێنەی ئاوس بۆنی بۆك پاش گواستنەوەی و ، تەقینی کانێ و ئاوی زۆر پیا هاتنیشی کردووە بە منالەکەی کە ئەیبێ ..

لەنێوان (دەزێن) و (بەئاو)دا لەطافەتێکی جوان هەیە ، چونکە هەرچەند لێرەدا ئاوەکە زادەکەیە و پەیدا ئەبێ ، بەڵام وردە ئیشارەتێکیش بۆ ئەوە کراوە کە ئافرەت بەهۆی (ئاو)ەوە ئەزێ و ئیشارەتێکیتریش بۆ ئەوە کراوە کە خوا ئەفەرموێت (وَجَعَلْنا مِنَ الْماءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ) واتە هەمۆ شتێکی زیندۆمان لە ئاو دروست کردووە . لە ئاوس بۆنی داریشدا بە با ئیشارەتێك بۆ ئەوە کراوە کە (باە) واتە هێزی پیاو بۆ چۆنە لای ژن ، وەك چۆن ئیشارەت بۆ (بای داراوس)یش کراوە .

لەنێوان (کانێ) و (ئاو) و (درەخت) و (با) و ، هەروەها لەنێوان

وەك چاوی وشكە صۆفییە كانێ لە دار و بەرد
دەردێن بە صەد تەرەننوم و گریان و نۆكەنۆك (٨)

ڕایێڵ و تار و ، پۆیی كولۆی بەفرە ، ئابشار
با بای دەدات و ماسیی پێدا دێ وەك مەكۆك (٩)

(بەهار) و (بولبـــول) و (غونچە) و ، لەنێوان (دەزێـــن) و (ئاوسن)یشدا تەناسوب هەیە .

تێكستی نیوەی یەكـــەمی ئەم شیعرە لە نوســـخەكانی بەردەستمانا جیاوازیی زۆری تیابو . ئەمەی ئێمە نۆسیومانەتەوە لەسەر نوســـخەی (كم)ە . ئەمەش تێكستی نوسخەكانیتر :

(چر) و (گم) و (ت) : **كانێ دەزێن بە تاو و درەخت ئاوسن بە با**
(چن) و (ك) و (اح) : **كانێ دەزێن و درەخت هەمۆ ئاوسن بە با**
(عم) : **كانێ دەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە بار**
(كم) : **كانێ دەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە با**
(عب) : **كانێ دەزێن و درەخت ئاوسن بە با**
(من) : **كانێ ئەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە با**

(٨) تەرەننوم : لەبەرخۆوە گۆرانێ وتن .

واتە : كانییەكان كە لەناو دار و بەرد و شاخەكانەوە هەڵئەقوڵێن و هاژەیان دێ ، كە ئەڕژێنە خوارەوە و ئاوازی جۆراو جۆریان لێ بـــەرز ئەبێتەوە ، ئەڵێی چاوی وشكە سۆفین كاتێ كـــە ئـــەوانیش ئـــەگرین و فرمێسك ئەڕێژن و لەبەر خۆیانەوە نۆكەنۆك ئەكەن .

نالـــێ مەگەر ئـــەوەی مەبەست بـــۆبێ كە دڵی ڕەقی وشـــكە سۆفێ بشوبهێنێ بەو شوێنە ڕەقەنانەی كانییان لێ هەڵئەقوڵێ ، ئەگینا زۆر دۆرە لێیەوە شكۆی وایان بداتێ ئاوی كانێ بكا بە فرمێسكی چاویان و نۆكەنۆكیان بكا بە هاژەی ئاو !

(٩) ڕایێڵ : ڕایەڵ ، تان ، ئەو تـــاڵە بەن یا دەزووە ســـتۆنییانەی لەكاتی تەنینی شاڵ یا جاو یا بەڕە و قاڵێ و شتیوادا تاڵە ئاسۆییەكانیان پیا تێئەپەڕێنرێ . تار و پۆ : تان و پۆ . كولووە بەفر : دانە دانەی بەفری شێ كە بەتوندێ و گەورەیێ ببارێ یا با لـــە شوێنێكەوە هـــەڵیگرێ بۆ شوێنێكی‌كە . ئابشار : تافگە . مەكۆك : مەكۆ .

شەبنم کە نەظم و نەثرە لە ئەوراقی غونچەدا
گۆیا بووە بە زار و زوبان و ددان و پۆك : (١٠)

« نالێ » عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفظی کەم و بچۆك (١١)

واتە : تافگەکان بوون بە زایەڵ و تان و ، پۆکەشیان کولۆی بەفرە کە با زای ئەماڵێ و ئەیدا بە ناویاندا وەك لە هەردوکیان قوماشێك بچنێ . مەکۆی ئەم جۆلایێ کردنەش ماسییە کە بەناو تان و پۆکەدا ئەڕوا .

پۆ (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (مز) و (عب) و (من) : پۆد .

(١٠) نەظم : ڕێك‌دانراو . شیعر . نەثر : بڵاو . پەخشان . ئەوراق : گەڵا . کاغەز . گۆیا : هاتووە زمان .

مەعنای ئەم شیعرە و شیعری دوایێ پێکەوەدێ .

(١١) عەجەب : چەندسەیر . ئەدا دەکا : ئەگەیێنێ .

واتە : لەم بەهارە جوانەدا شەونمی ناو پەڕەکانی گوڵ ، چ‌ئەوانەیان ڕێك نیشتۆنەتە سەر پەڕەکان و چ ئەوانەیان پرژ و بڵاون ، هەمۆ لەعاست هونەری نالیدا هاتۆنەتە دەنگ و ، بە دەم و زمان و ددان و پۆك ئەڵێن : نامەخوا لە نالێ ! چۆن وا بە هێزی وردیی خۆی ئەتوانێ مەعنای گەورە گەورە لە چوارچێوەی وشەی کەم و بچۆکدا جێگا بکاتەوە .

بە شیعری پێشۆدا کە شەونمی لەسەر (ئەوراق) بە (نەظم و نەثر) تیا پیشان‌درا و، لە هەردۆ حاڵەکەیدا بۆ هەڵدان بە شان و باڵی ڕەوانبێژیی نالیدا هاتبوە دەنگ ، لەوانەیە بگەینە ئەوە کە نالێ پەخشانی جوانیشی نۆسیوە و ، ئەم بەکارهێنانی وشەی (نەظم و نەثر)ە کە هەریەکی دۆ مەعنا ئەگەیەنن ، بۆ ئەم مەبەستەیە .

★ ★ ★

تیپی میم

— ١ —

به هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام
به زستان دڵ شکستەی بەردی سەرمام (١)

له هێلانەی زەمیندا وەك شتور مورغ
منی قودس ئاشیان بێ باڵ و پەڕ مام (٢)

— ١ —

(١) جەستە : لەش . خەستە : نەخۆش .
نالێ لەم پارچە شیعرەیدا گلەیێ لە بەختی خۆی و ناباریی چەرخی گەردوون ئەکا کەوا نە کات و نە شوێن هیچکامیان بە ئارەزوی دڵی ئەو نەهاتوون و هیچیان نەیانتوانیوە حەسانەوەی دڵ و گیانی بۆ دابین بکەن. لەم شیعرەیدا گلەیێ لە کات ئەکا و ئەڵێ هیچکام لە وەرزەکانی ساڵ دڵی ئاو نادا و لە هیچ کامیاندا ناحەسێتەوە ، نە لە وەرزی گەرما دا و نە لە وەرزی سەرما دا .

لە یەکخستنی (هاوین) و (زستان) و ، (گەرما) و (سەرما)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (جەستە) و (خەستە) و ، (دەرد) و (بەرد) و ، (گەرما) و (سەرما)دا جیناسی لاحیق و ، لە وشەی (بەرد)یشدا لەطافەت هەیە چونکە (بَرْدْ) بە عەرەبێ واتە سەرما .

بەردی سەرمام (چن) و (عم) و (کم) و (ت) و (مز) و (من) : بەرد و سەرمام . دڵ شکستە (چن) : پا شکستە .

نیوەکانی ئەم شیعرە لە نوسخەی (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من)دا بەرودوان .

(٢) شتورمورغ : باڵندەیەکی گەورەیە پێی درێژ و کلکی کورت و باڵی بچوکە . ناتوانێ بفڕێ ، بەڵام زۆر تیژڕەوە ، بە سەعاتێ ٤٠ کیلۆمەتر

له قوربی (قاب قوسین)ی دو ئەبرۆت
منی (أدنی) چ دۆر و دەربەدەر مـــام ! (٣)

بەلاّ گەردانی بالاّت بم ئەگەر چۆم
فیدای هیندۆیی خالّت بم ئەگەر مـــام (٤)

رێئەکا . بالای دۆ میتر و نیو بەرزە . ئالف و گیانەوەر ئەخوا . بەسەر تەپۆلکەی چەو و وردە بەردەوە هێلانە ئەکا ، قودس ئاشـــیان : ئەوەی ئاسمان جێی بێ . قودس : پیرۆز . ئاشیان : هێلانە .

نالێ لەم شیعرەشیدا گلەیێ لە دەست تەنگەلانێ و بێدەسەلاّتیی خۆی ئەکا کە چۆن ئـــەو هەل و دەرفـــەتەی بـــۆی لواوە بەشی بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەرشانی ناکا و لە ئاستی ئەودا نییە . ئەڵێ : من کەســێکم جێگام ئەبێ بە ئاسمانی بەرزەوە بێ و هێلانـــەم لەوێ بێ ، کـــەچێ وەك وشتر مورغم لێهاتووە ، هەم هێلانەشم بەسەر تەختی زەویـــەوەیە و هەم پەڕ و باڵیشم نییە پێی بفڕم .

(٣) قورب : نزیکێ . قاب قوسین : ئەوەندەی دۆ کـــەوان . أدنی : ئەدنـــا ، نزیك . سۆك . مام : مامەوە .

واتـــە : پێـــوانەی نێوانمان ئەوەندەی پێـــوانەی نێـــوانی دۆ کەوانی بڕۆکانتە . کەچی منی ئەوەندە لێتەوە نزیك ، دۆر و دەربەدەر کـــەوتۆم لێت و ، دەستم ناتگاتێ .

نالێ لەم شیعرەدا ئیقتیباسی لـــە ئایەتی (ثُمَّ دَنی فَتَدَلّی ، فکانَ قابَ قَوْسَین اوْ ادنی) کردووە .

ئەم شیعرە و شیعری پێشـــەوەی لە نوســـخەکانی (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من)دا بەرودوان .

(٤) هیندۆ : هیندێ . خاّل . بە خاّل ئەڵێن (خاّلی هیندۆ) واتە خاّلی وەك هیندێ ڕەش .

مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .

لە کۆکردنەوەی (بەلاّ) و (بالاّ) دا جیناسی ناقیص و ، لە کۆکردنەوەی (چۆم) و (مام)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (خاّل) و (مام)یشـــدا تەناسوب هەیە هەرچەند بەمەعنا (خاّلۆ) و (مامە)ش نین .

ئەم شـــیعرە لە نوســـخەکانی (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من)دا شیعری حەوتەمە .

نەفەس هەروا لە ژێدا دێت و نایێ
لە سەیر و مەیری ئەسبابی سەفەرمام (٥)

دەمێکە وا لەسەر پێیەك دەستێم
لە شەوقی تۆ بە میثلی مۆم و ، هەر مام (٦)

---

(٥) مەیر : دۆپات‌کردنەوەی وشەی (سەیر)ە بەپێی ژێ و شـوێنی زمانی کوردێ وەك (نان) و (مان) و (پیاو) و (میـاو) و شـتی‌وا . ئـەم دۆپات‌کردنەوەیە جۆرە بێموبالاتێ و بە سۆك سەیر کردنێکیش ئەگەیەنێ. مەیر هەروەها بە مەعنا خواردەمەنێ و ئازۆقەیش هاتووە . سەفەرمام : سەفەرمدام .

واتە هەناسەم بەژێوەیە ئەیەوێ بێت دەرچێت ، کەچێ دەریش‌ناچێ . دۆدڵە ، نازانێ چێ بکا ؟ خۆیشم خەریکی تەماشای توێشۆی سەفەری دواییمم ، بەڵام ئەوەندەش گوێی نادەمێ . مەبەستی ئەوەیە بڵێ خۆم بۆ سەفەری ئەو دنیام باش ئامادە نەکردووە . جا ئەگەر ژۆیشـتم ، ئەوا عومری درێژم بۆ تۆ بەجێهێشتبێ و بەقوربانی بـاڵای تـۆ بم . ئەگەر مایشم ، ئەوا بۆ تۆ ئەژیم و لە دەوری خاڵی ژەشت ئەگەژێم .

ئێمە وای بۆ ئەچین نالێ خۆی ئـەم شـیعرە و شیعری پێشۆی لە شوێنی یەکتری ئیسـتایان دانابێ ، چونکـە وا باشـتر مـەعنا ئەدەن بەدەستەوە .

لە کۆکردنەوەی (دێت) و (نایێ)دا طیبـاق و ، لـە کۆکردنەوەی (سەیر) و (مەیر)دا جیناسی لاحیق هەیە .

سەیر و مەیری (چر) و (عب) : سەیری مەیر و . (ت) : لە سەبری سەیری . سەبر : واتە تاقێ‌کردنەوە . (اح) : لە سەیر و مەیرو .

(٦) واتە : دەمێکە بەدەوام لە عیشقی تۆدا وەك مۆم ئەسۆتێم ، یا وەك مۆم لەسەر یەك پێ وەستاوم ئەسۆتێم ، کەچێ هەر ناشبژێمەوە و دواییم نایەت . ئەشگونجێ (مۆم) بە (مۆم) بخوێنرێتەوە . بەمپێیە مەعناکەی وا لێئەدرێتەوە کەوا لە عیشقی تۆدا وەك مۆ باریك و لەژ و لاواز بووم .
لەنێوان (مۆم) و (مام)دا جیناسی لاحیق هەیە .
لەسەر پێیەك (« پەراوێزی » چر) و (عم) : لەسەر یەك پێ . (مز) : لەسەر خۆم هەر . تۆ (« پەراوێزی » چن) : ژۆت .

وەرە قوربان ! بە جان هەردۆ برا بین
کە تۆ بێ مادەر و من بێ پودەر مام (٧)

لە (دار العلم)ی تەحصیلی مەعاریف
وەکۆ « نالێ » جەهۆل و بێخەبەر مام (٨)

— ٢ —

ئــەی تازە جــەوان ! پیرم و ئوفتــادەوو کەوتۆم
تــا مــاوە حــەیاتم

دەستێ بــدەرە دەستی شــکستەم ، کە بەسەرچۆم
قوربانی وەفــاتم (١)

---

(٧) بە جان : بە گیان . مادەر : دایك . پودەر : باوك .
واتە : هەردوکمان هاودەرد و هاوئــازارین . تۆ دایکت نییە و من باوك . کەواتە وەرە گیانە ، با هەردۆ ببین بە برای گیانێ بەگیانیی یەك .
لەنێوان (برا) و (مادەر) و (پودەر)دا تەناسوب هەیە .
هەردۆ (عب) : یەك دۆ . بەمپێیە شیعرەکە مەعنابەکیتری زۆر جوان ئەبەخشێ . واتە : وەرە بە گیان یەك کەس بین ، بە دیمەنیش دۆ برا بین .

(٨) دارالعلــم : خوێندنخانە . تەحصــیل : دەستخستن . مەعاریف : زانست . جەهۆل : هیچ نەزان .
لەوانەیە نــالێ مەبەستی لەم شیعرە هەر خۆ بــە کەم دانان بێ و ، لەوانەشە لــە نامۆییدا دایــنابێ و مەبەســتی بێئاگایێ بێ لــە هەوالی سولەیمانێ .
بێخەبەر (چن) و (عم) و (عب) و (أح) : بێبەصەر . (ت) : دەربەدەر .

— ٢ —

(١) تازە جەوان : جوانی لە تافی لاوێتیدا . شکستە : شکاو .
ئەم پارچە شیعرە لەو جۆرەیە کــە پێیئەڵێن (موستەزاد) چونکە ئەوەتە لەدوای هەر نیوە شیعرێکیەوە بڕگەیەکی لێ زیاد کراوە .

تۆ یوسفی نەو حوسنی لەسەر میصری جینانی
من پیرم و فانیّ
لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندوّم و نە مردوّم
هەروا بە تەماتم (٢)

نالیّ لەم پارچە شیعرەیدا ڕۆی دەمی کردووەتە پێغەمبەر (د.خ) و سکالای خۆی لا ئەکا . دیارە ئەم شیعرەی لەوکاتەدا داناوە کە لە سەردەمی پیریدا چووەتە مەدینە و زیارەتی قەبری پیرۆزی پێغەمبەری کردووە .

نالیّ ئەڵێ : ئەی ئەو جوانەی کە ئیستاش ، پاش مردنت بە هەزار و چەندصەد ساڵ ، هەر لە هەڕەت و تافی جوانیدای و هێزت هەرگیز کز نابێ ، من پیر و ئوفتادە و لێکەوتوم . دەسا هەی بەقوربانی وەفات بم ، تا گیانێکم تیا ماوە دەستێ بدەرە دەستی شکستەم و ڕاستم کەرەوە ، چونکە ئەوەندە پیر بووم پشتم کۆم بووەتەوە و وام لێهاتووە وەك سەرم نیشتبێتە زەوێ و بەسەر بڕۆم بە ڕێیدا . یاخود ئیستا دەستێ بدەرە دەستی شکستەم و فریامکەوە . کە مردیشم، چش ! بەڵاگەردانی تۆ بم و بەقوربانی وەفات چوبم .

لە کۆکردنەوەی (تازە جەوان) و (پیر) و ، (حەیات) و (وەفات)دا طیباق و ، لە (دەستێ) و (دەستی)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە .

لە تەنها نوسخەی (کم) و (من)دا نوسراوە (پیرم و ئوفتادەوو کەوتوم) . لە نوسخەکانیتردا نوسراوە (پیر بی ئوفتادەوو کەوتوم) . ئێمە ئەوەی نوسخەکانی (کم) و (من)مان پێ ڕاستتر بو ، چونکە نالیّ لەپێشاندا بە (تازە جەوان) قسەی لەگەڵ پێغەمبەردا کرد و ، (پیر بی)یش دوعای پیربوّنە . پیربوّنیش ئەگەر پیربوّنی ڕاستییە واتە عومری درێژ ، ئەوە دوعایوا بۆ پێغەمبەر ناکرێ چونکە لەدنیادا نەماوە . خۆ ئەگەر کینایەش بێ لە بێهێزیی ئایین و بیروباوەڕ ، بەوپێیە کە دژی (تازە جەوان)ە ، ئەوە ئەبێ بە دوعای شەڕ و ، هەرگیزیش ڕێیتێناچێ نالیّ دوعای شەڕ لە پێغەمبەر بکا . لەبەرئەوەش کە زەحمەتە ئەم هەموّ نوسخەی دەسنوّسە لەسەر هەڵەیەك یەکیان گرتبێ ، ئێمە لامانوایە هەڵە لە نوسینەوەکەدایە و ئەم (پیر بی ئوفتادەوو کەوتوم)ە لەپێشا بەمجۆرە بووە : (پیر پی افتادهٔ کوتوم = پیری پێ ئوفتادەوو کەوتوم) .

(٢) یوسف : حەزرەتی یوسف کە مەشهوّرە بە یوسفی میسر و ، لەبەر جوانیّ لە ئەدەبییات و فۆلکلۆری میللیدا کراوە بە نموّنە . نەوحوسن :

فەرقێـــکی نەکـــرد نەفسی نەفیســـم بە عینایـــەت
وەحشێ لـــە ویـــلایەت
لەم گۆشـــەیی وێرانـــەیە هەر مامـــەوە وەك بۆم
وەیشۆمی ولاتـــم (٣)
ئەی قوبیـــەیی طەیبە کە دەڵێی حوققـــەیی طیبی !
مەئـــــوایی حەبیبـــی !
مســـکێنم و بـــۆ خـــاکی عەطرناکە کـــە هاتـــۆم
بەو بۆنـــەوە هاتم (٤)

تازە جوان . جینان : بەهەشت . کولبە : کەلاوە . ئەحزان : جەمعی (حوزن)ە واتە خەم .

نالێ لەم شیعرەیدا بەراورد لەنێوان توانای پێغەمبەر و بێدەسەلاتیی خۆیدا ئەکا و دەری‌ئەبڕێ کەوا چەند پێویستی بە بەزەیی پێغەمبەرە . ئەڵێ : تۆ لە مەملەکەتی بەهەشتدا وەك یۆسفی تازە لاوی لە میسردا و ، منیش پیرێکی لێکەوتۆی کونجی کەلاوەی خەفەت گرتۆم . نە ئەوەتە زیندۆ بـم و بتوانم بـۆ خۆم بژیـم و ، نە ئەوەشـــە بمرم و بـــۆ خۆم بحەسێمەوە .

ئەم شیعرە ئیشارەتێکیشی بە چاوەڕوانیی کردنی حەزرەتی یەعقۆبی کوێر و پیر تیا کراوە کە هەواڵێکی یۆسفی کوڕی بۆ بێ .

لە کۆکردنەوەی (یۆسفی نەوحوسن) و (پیرم و فانێ) و ، (میصری جینان) و (کولبەی ئەحزان)یشدا طیباقێکی جوان هەیە .

(٣) نەفیس : حەسۆد . عینایەت : گوێپێدان و خزمەتکردن . وەحشێ : کێوێ . ویلایەت : ئاوەدانێ . بۆم : کوندەبەبۆ . وەیشۆم : وەیشۆمە ، نەگبەتێ .

واتە : نەفسی بەد و حەسۆدم هەروەك خـــۆی ماوەتەوە و هەرچێ خزمەتی کراوە چاکتری نەکردووە . لەبەر خراپیی خۆم زۆی ئاوەدانیم نییە و ، دۆرە پەرێز لە کونجی وێرانەدا ماومەتەوە وەك کوندەبەبۆ و ، بچمە هەر لایەك ئەبم بە مایەی نەگبەتێ بۆ ئەو شوێنە .

لەنێوان (مامەوە) و (بۆم)دا تەناسوبی لەفظێ و ، لەنێوان (وێرانە) و

هەرچەنـــدە کە من عەبـــدم و ژۆزەردم و عاصیم
مەئمۆلـــە خەلاصـــیم
قوربـــانی بیـــلالم کـــــە هیـــلالانە هەلاتـــــۆم
هەر عەفوە خەلاتم (٥)

(بۆم) و (وەیشۆم)یشدا تەناسوب هەیە .
هەر (مز) : ئەوا .

(٤) قوببە : گومەزێ . طەیبە : ناوی شـــاری مەدینەیە کە قەبری پیرۆزی پێغەمبەری تیایە . حوققەی طیب : سندۆق یا قوتۆی بۆن خۆشێ . مسکێن : فەلاحی بێزەوێ. عەطرناك: عەتراوێ، بۆنخۆش . بەوبۆنەوە: بە بۆنی ئەو خاکەوە ، یا بەهۆی ئەو خاکەوە .

نالێ لەم شیعرەیدا ژۆی دەمی ئەکاتە گومەزیی مزگەوت و مەرقەدی پێغەمبەر و ئەڵێ : ئەی ئەو گومەزییەی مەرقەد و مزگەوتی پێغەمبەر لە شاری مەدینەدا ، کە ئەڵێی ســـندۆقی بۆنخۆشـــیت (مەبەســـت لـــە بۆنخۆشییـــەکە لاشـــەی پێغەمبـــەرە لـــەناو خاکـــا) ، تـــۆ جێگـــای خۆشەویستەکەی منی کە پێغەمبەرە و ، منیش مسکێنێکی بێزەویم بۆ ئەم خاکە بۆنخۆشە عەتراوییە هاتۆم ، بۆنی ئەم خاکە ژایکێشـــاوم ، یا بەبۆنەی ئەم خاکە عەتراوییەوە هاتۆم .

لە یەکخستنی (طەیبە) و (طیب) و ، (هاتۆم) و (هاتم)دا جیناسی ناقیص و لە (بەوبۆنەوە)شدا ، وەك ژۆنمان کردەوە ، لەطافەت هەیە . ئەشگونجێ (مسکێن) بە (میسکین) بخوێنرێتەوە واتە میسکاوێ و حەز لە میسك کردۆ . بەمپێیە لەنێوان (میسکین) و (عەطرناك)یشدا تەناسوب پەیدا ئەبێ .

بۆ خاکی عەطرناکە کـــە هاتۆم (عم) و (گم) : بەو خـــاکە عەطرناکەوە هاتۆم . (کم) : بەو خاکی عەطرناکەوە هاتۆم . (عب) و (تۆ) : بۆ خاکی عەطرناکێکە هاتۆم . (من) : لەو خاکی عەطرناکە کە هاتۆم . بەپێی ئەم نوسخەیە (خاکی عەطرناك) صیفەتی مەککە ئەبێ .

(٥) عاصێ : گوناهبار . مەئمۆل : چاوەژوانێ کراو . خەلاصێ : ژزگاربۆن . بیلال : بیلالی حەبەشێ ، بانگدەری پێغەمبەر (د.خ) . هیلالانە : وەك مانگی یەکشەوە .

واتە : هەرچەند من بەندە و ژۆزەرد و گوناهبارم ، هەر چاوەژوانی ژزگاربۆنم بەهۆی تۆوە . بەقوربانی بیلال بم کە بانگی دا و خەڵکی بانگ

مووددێـــکه کـــه هەم‌گەردشی دەورانی ســـوپیهرم
موغبـــەڕ بووه میهرم
ئاوێنـــەیی دڵ شاهیده هەرچەنـــده ســـییەهـ ڕۆم
مـــیرئاتی جـــەلاتم (٦)

کرد ڕۆبکەنه تۆ بۆئـــەوەی لەسەر دەستی تۆدا ئـــازاد ببن و گوناهیان ببەخشرێ و ، منیش ڕۆزەرد و لەڕ و لاواز ، وەك مانگی یەکشـەوه ، هەلاتم و هاتـــم و ڕۆم‌کرده تۆ . دیـــاره خەلاتی منێ کـــه ئەڵێی مانگی یەکشـەوەم (و کەواته مانگی یەکشـەوەم پیشان داوی) هەر ئەوەیه ئازادم کەیت و له گوناهم خۆش بێ .

ئەم شیعره ئیشارەته بەوەکه جاران مژدەی بینینی مانگی یەکشـەوەیان (دیاره بۆ مانـــگه گرنگەکانی وەك موحـــەڕڕەم و مەولـــوود و ڕەجەب و ڕەمەزان و شەشەلان و قوربان) ببردایه بۆ گەورەی سەردەم ، مژدەبەر خەلات ئـــەکرا . ئیشارەتێکیشی تیا کـــراوه بۆئەوه که لەکاتی دیتنی مانگی نوێدا بانگێك ئەدرا بۆ ئاگاداری . ئیشارەتێکی ناسکیشی تیایه بۆئەوه که نالی (که به خۆی ئەڵێ : کۆیله) بەدەم بانگی کۆنه کۆیلەیەکی‌تری وەك بیلالی حەبەشییەوه ڕۆیشتووه .

هیلالانه (عم) و(گم): بیلالانه. بەپێی ئەم نوسخەیه ئەبێ ڕۆی شوبهاندن به بیلال ئەوەبێ وەك چۆن بیلال لەتاو جـــەور و ستەمی قورەیشییەکان ڕای‌کرد بۆ لای پێغەمبەر ، ئەمیش لەتاو زۆر پێ‌سەندنی گوناه (یا ئەگەر سەرنجێکی قەسیده شارەزۆرییەکەی بدەین ، لەتاو جەور و ستەمی داگیرکەران) ڕای‌کردووه بۆ لای پێغەمبەر . هەلاتۆم (چن) : هەلاتم . بەڵام هەڵەیه چونـــکه لەگەڵ لەنـــگەری شیعرەکانی‌تـــردا ڕێکناکەوێ ، ســـەرەڕای ئەوەش کـــه حاڵەتـــه تەصویرییـــەکەی خەبەردانـــەکەی ، بەپێچەوانـــەی شیعرەکانی‌تر‌ەوه تیا ئەگۆڕێ به خەبـــەردان له شتێکی ڕابۆردۆی بڕاوه .

(٦) هەم‌گـــەردش : هـــاوڕێ . دەوران : خول‌خواردنەوه ، ســـۆڕانەوه . ســـوپیهر : ئاســـمان . گەردۆن . موغبـــەڕ : تۆزاوێ . میهر : خۆر . سییەهـڕۆ : ڕۆڕەش . میرئات : ئاوێنه . جـــەلا : ڕۆشنێ و پاکێ و بێ‌گەردێ . دەرکەوتن .

واته : دەمێکی زۆره لەگەڵ چەرخی گەردۆنا ئەسۆڕێمەوه به هەمۆ چاکه و خراپەیەکیەوه ، هەتاوم لێڵ و مینام گەردی ئەم ڕێگا دۆرەی لێ

ئەی مەسجید و میحرابگەهت قیبلەیی حاجات
بۆ ئەهلی موناجات !
مەحجوبی هەوام و ، ئەمەتە مەشهەدی مەعلوم
بۆ ڕاهی نەجاتم (٧)

ئەی مەطلەعی ئەنواری هەمو قاصیو دانی
شەمسی صەمەدانی
وەك ذەڕڕەیی بێجیلوە نە مەوجود و نە مەعدوم
جۆیایی بەراتم (٨)

نیشتووە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دڵ حسێبە ، سەیری دڵم بکە کە ئاوێنەی ڕۆناکی و نۆری تۆیە و تۆی تیا دەرئەکەوێ ، سەیری کە چەند پاك و خاوێنە و چەند جوان تۆی تیا دیاری .

لەنێوان (ئاوێنە) و (ڕۆ) و ، (میرئات) و (جەلا)دا تەناسوب هەیە .

موغبەڕ (عم) : ئەغبەر .

(٧) مەسجید : مزگەوت . میحرابگەهـ : شوێنی میحراب . ئەو شوێنەی مزگەوت کە پێش نوێژی تیا ئەوەستێ . قیبلەیی حاجات : ئەو شوێنەی موحتاجان ڕۆی تێئەکەن . موناجات : پاڕانەوە . مەحجوب : شەرمەزار . هەوا : ئارەزۆی نەفس . مەشهەد : جێگەی کۆبۆنەوەی خەڵك . ڕاه : ڕێگا .

واتە : ئەی ئەوکەسەی کە مزگەوت و میحرابت قیبلەی موحتاجانە و ، لە هەمو لایەکەوە ڕۆی تێئەکەن و تیا ئەپاڕێنەوە لە خوا .. منیش یەکێکم لەوانە و شەرمەزاری ئارەزۆی نەفسم ، هاتۆمەتە ئێرە و ، ئێرە ئەو شوێنەیە ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازیی خۆمی لێوە ئەدۆزمەوە .

(٨) مەطلەع : ئەو شوێنەی خۆر و مانگی لێوە هەڵدێ . قاصی : دوور . دانی : نزیك . صەمەدانی : خوایی . بێجیلوە : بێمایە . جۆیا : ئەوکەسەی بەدوای شتێکدا بگەڕێ . بەرات : خەڵات .

واتە : ئەی ئەوکەسەی ڕۆناکی بۆ دوور و نزیك ، هەمو لای تۆوە هەڵدێت ! . ئەی خۆری خواکرد بۆ ڕۆشنکردنەوەی جیهان ! . منی نابوت وەك تۆزێکی بێمایە و هیچ و پوچ وام لەبەر تیشکی خۆری تۆدا ،

لەم خاکی دەری ڕەحمەتی بێ زەحمەتە ، « نالێ »
فـیردەوسە مەئـــالی
حاشـا کـە لەمێـدا بیسـە سـائیلی مەحـرۆم
هەرچەند لە عوصاتم (٩)

بۆ ئەوە ناشێم نە بە بۆ و نە بە نەبۆ دابنـرێم . چاوەڕوانی خەلآت و بەراتی تۆم بمگرێتەوە .

نالێ لە دۆ نیوەکەی ئەم بەیتەدا ، بەرابەر بە هەر وشەیەکی یەکەمیان دژەکەیی لە دۆهەمیانا داناوە : (مەطلەعی ئەنوار) بەرابەر بە (ذەڕڕەیی بێجیلوە) . (قاصێ و دانێ) بەرابەر بە (مەوجۆد و مەعدۆم) . (جۆیای بەرات) بەرابەر بە (شەمسی صەمەدانێ) چونـکە صەمەدانێ نیسبەتە بۆلای (صەمەد) کە واتە (بێئیحتیاج) و دژی (جۆیای بەرات)ە . لە بەراورد کردنی (شەمس) و (ذەڕڕە)شدا طیباقێکی ئێجگار قۆڵ هەیە . هەروەها لە (قاصێ) و (دانێ)یشدا طیباق هەیە .

بێجیلوە (کم) و (من) : پێچیدە .

(٩) فیردەوس : بەهەشت . مەئال : سەرەنجام . لەمێدا : لێرەدا . سائیلی مەحرۆم : سـوالکەری بێبـەش . عوصات : گوناهبـاران ، جەمعی عاصییە .

واتە : لـەم خـاکی دەرگای ڕەحمـەتی بەئاسـانێ و بێ مەینـەت دەس‌کەوتووەی پێغەمبەردا ، نالێ سەرەنجام بەهەشتی دەسگیر ئەبێ . من هەرچەند گوناهباریش بم ، هەرگیز لەم شوێنەدا بێبەش نابم و ، نابم بە سوالکەرێ بە نائومێدێ بگەڕێتەوە .

لە کۆکردنەوەی (ڕەحمەت) و (زەحمەت)دا جیناسی موضارع هەیە و لە ڕستەی (دەری ڕەحمەت)دا ئیشارەت کراوە بۆ ئایەتی (وَما اَرْسَلْناكَ اِلاّ رَحمةً لِلْعالَمین) و ، لە (سائیلی مەحرۆم)یشدا ئیشارەت کراوە بۆ ئایەتی (وَفی اَمْوالِهِم حَقٌّ مَعلوم ، لِلسائِلِ والمَحْروم) . نالێ کە لە نیوە شـیعری یەکەمدا خۆی بە (نادیار) و ، لە نیـوەی دۆهەمدا خۆی بە (دیار) داناوە ، شێوەی ئیلتیفاتی بەکارهێناوە لە غائیبەوە بـۆ موتەکەللیم .

ڕەحمەتی (چر) : ڕەحمەتە . بەپێی ئەم نوسخەیە (نالێ) موبتەدا و (بێزەحمەتە) خەبەری ئـەبێ . بەپێی نرسخەکانی‌تریش (بێزەحمەتە)

حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم
ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم (١)

گوتم : ئایا بە زاری خۆت دەپرسێ حاڵی زاری من ؟
بڕۆی هێنایە یەك ، وەك شکڵی (لا) یەعنی کە بێ زارم (٢)

صیفەتی (ڕەحمەتی) و ، (نالێ) هەر موبتەدا و ، خەبەرەکەی ڕستەی (فیردەوسە مەئالی) ئەبێ .

بەرابەر بە یەك دانانی (نالێ) و (مەئالی) ، وەك لە سەرەتاکەدا ڕۆن کراوەتەوە ، بەڵگەیەکی‌تری ئەوەیە کەوا نازناوی نالێ بە لامی سۆکە نەك بە لامی قەڵەو .

(١) حەنایێ : خەناوێ ، سۆر . زار : بریندار . شەهادەت : شەهیدێ . شایەتێ .

واتە : یار پەنجەی خۆی بە خوێناوی دڵی برینداری من سۆر کردووە و ئەڵێ خەنەم تێگرتووە . لەوانەیە ئەم پەنجە سۆر بۆنەی یار ببێ بە بەڵگەی بە شەهیدێ مردنی من کەوا بە دەستی کافرێکی بێڕەحمی وەك ئەو کوژراوم ، یا ببێ بە شایەتێ بۆم کەوا کوشتەی دەستی ئەوم .

حەنایێ (کم) و (گم) و (من) : خەناوێ (عب) : حەناوێ . لەوانەیە ئەمیش (خەناوێ) بۆبێ . کردووە (ت) و (مز) : گرتەوە . پەنجەی (چر) و (چن) : پەنجە . (ت) : یارم . خوێناوێ (ت) : خۆناوێ . ڕەنگە (کم) و (گم) : ڕەنگی یا ڕەنگێ .

(٢) زار (ی یەکەم) : دەم . زار (ی دۆهەم) : نارەحەت . لا : لامەلفەلا کە واتە نەء ، کە ئەگەر وابنۆسرێ : (لا) ، تارادەیەك وەك کەوانی لێ دەرئەچێ و لە (برۆ) ئەچێ . زار (ی سێیەم) : دیسانەوە دەم ، یاخود لەگەڵ (بێ)کەدا پێکەوە وشەی (بێزار) پێك دێنن .

واتە : بە یارم گوت ئاخۆ هەرگیز ڕێئەکەوێ ئەوەندە لوتفت لەگەڵم هەبێ بە دەمی خۆت هەواڵێکی حاڵی نارەحەتم بپرسێ ؟ ئەویش بڕۆکانی وەك وشەی (لا) هینایەیەك و هیچی نەوت ، تەنها بەو برۆ هێنانە یەکەی

عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر
بە ڕۆی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و ڕۆژ ، ئەرچی بێدارم (٣)

پێی‌ڕاگەیاندم کە دەمی ئەوەندە بچۆکە قسەی پێ ناکرێ ، یاخود بێزار و وەڕسە لێم و وەلامم ناداتەوە .

لەنێوان سێ وشەی (زار)دا جیناسی تەواو و ، لە (بێزارم)دا لەطافەت هەیە . لەبەینی (خۆت) و (من)یشدا تەقابول و لە کۆکردنەوەی (وتم) و (بڕۆی هێنایەیەك)دا کە یەکەمیان قسە کردن و خۆ بە کەم دانان و دۆهەمیان فیز و خۆ بە زل زانین ئەگەیەنێ ، طیباق هەیە . هەروا لە (ڕۆی هێنایە یەك) و (بێزارم)دا بە هەردۆ مەعناکەی تەناسوبێکی جوان هەیە ، چونکە ناوچاو هێنانەیەك و ڕۆگرژکردن لەگەڵ (نا) وتن و (بێزارێ) یا (بێزارێ)دا گەلێ گونجاوە .

گوتم (چر)و (چن) و (کم) و (من) : وتم .

ئەشگونجێ (لا)کە و (یەعنی)یەکە بەیەکەوە ببەستین و ببن بە (لایعنی) واتە : گوێی لێ نییە . بەمجۆرە مەعناکەی وای لێدێتەوە : بڕۆی بەشێوەیەکی بێموبالاتانە هێنایە یەك ، واتە دەمی نییە ، یا تاقەتی نییە وەلام بداتەوە .

(٣) خوسرەوی خاوەر : پادشای ڕۆژەلات ، کینایەیە لە خۆر .

واتە : من سەرسام ماوم ! من بە شەو و بە ڕۆژ بێدارم و لەگەڵتام ، لەگەڵ ئەوەش نە بە شەو و نە بە ڕۆژ چاوم لە ڕۆتا هەڵنایەت و ناوێرم سەیرت بکەم ، کەچێ ئەستێرە کە تا خۆر دیار بێ ئەو دیار نییە و بە ڕۆژ نۆستووە ، لە خۆر ناترسێ و بە شەو هەڵدێ و ئەکەوێتە جریوە جریو !

نالێ لەم شیعرەیدا ڕۆی یاری بەرابەر بە خۆر و چاوی خۆی بەرابەر بە ئەستێرە داناوە و بڕیاری داوە کەوا ڕۆی یار لە خۆر کاریگەرترە . ئەوەتە چاوی خۆی کە هەمیشە بە شەو و ڕۆژ لە بەرابەر ڕۆی یارەوەیە و ساتێ لێی دوور ناکەوێتەوە، هەرگیز یارای هەڵهاتنی لەعاستی ئەودا نییە. کەچێ ئەستێرە کە تیشکیشی لە خۆر وەرئەگرێ و بە ڕۆژیش لایا نییە، ناترسێ ، بە شەو هەڵدێ .

لە کۆکردنەوەی (ئەستێرە) و (شەو) و ، (ڕۆ) و (دیدە)دا تەناسوب و، لە بەینی (هەڵدێ) و (هەڵنایێ) و ، (شەو) و (ڕۆژ)دا طیباق هەیە .

شەو هەڵدێ (چر) و (عب) : هەڵدێن شەو. لە تاوی (عب) : لە تابی. بە ڕۆی (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (مز) و (عب) و (من) : لە ڕۆی . ئەرچی (عم) و (کم) و (گم) و (من) : گەرچی .

طەبیبی من دەبێ دەخڵی هەبێ ، صاحیب ئیشارەت بێ
مەگەر چاوت بزانێ من لەبەر چێ مەست و بیمارم ! (٤)

بە سەروم وت کە ڕاستە سەرکەش و بەرزی ، کەچێ لەرزێ :
کە فەرقیشم بگاتە ئاسمان بەندەی قەدی یارم ! (٥)

---

(٤) دەخڵ : پەیوەند .

واتە : مەگەر هەر چاوەکانت عیلاجی دەردی من بکەن ، چونکە حەکیمی من ئەبێ حەکیمێ بێ پەیوەندی بە نەخۆشەکەیەوە هەبێ و لە دەردی بزانێ و ئیشارەتی پێ بکرێ و بتوانێ ڕێی بۆ دانێ . بۆیە مەگەر هەر چاوە مەستە بیمارەکانت کە پەیوەندی مەستێ و بیماریان لەگەڵ من هەیە ، بزانن بۆچێ من ئاگام لە خۆم نییە و بیماری چیم .. ئەبێ چاوەکانت کە بە ئیشارەتی خۆیان وایان لە من کرد ، ئیشارەت بکەن و ڕێ و شوێنم بۆ دانێن و دەرمانی دەردم بدۆزنەوە . (لە ئەدەبیاتدا چاو بە مەست و بیمار وەصف ئەکرێ) .

لە کۆکردنەوەی (ئیشارەت) و (چاو)دا تەناسوب و ، لە (هەبێ) و (دەبێ)دا جیناسی لاحیق هەیە .

دەبێ (کم) و (من) : ئەبێ . هەبێ (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (مز) و (اح) و (من) : ببێ . ئیشارەت (عم) و (گم) : مرووەت. مەست و (اح) : سست و .

ئەم شیعرە و شیعری پاشەوە لە نوسخەی (چر)دا بەرودوان . لە نوسخەی (عم)یشدا بەیتی حەوتەم لەپێش هەردوکیانەوە دانراوە .

(٥) سەرکەش : یاخێ و ملبەرز . فەرق : تەپڵی سەر . قەد : بالآ .

واتە : بە داری سەروم وت ڕاستە تۆ بەرز و یاخیت و سەر بۆ کەس دانانەوێنی ، کەچێ ئەو لەجیاتیی ئەوەیبەو پیا هەڵدانەی من لە خۆی بایێ ببێ ، کەوتە لەرزین و موچوڕکە بە لەشیا هات و وتی : سەریشم بگاتە ئاسمان ، هەر بەندە و ملکەچی بالآی یارم ، واتە سەرم لەبەر پێیایەتی .

لەنێوان (بەرزی) و (لەرزێ)دا جیناسی لاحیق هەیە .

وت (عم) و (گم) و (مز) و (عب) : گوت . کە ڕاستە (چر) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) : کە ڕاست و . (عم) : کە ڕاس و . سەرکەش و (عب) : سەرکەشی .

له شیرینیی ئەتۆ ، ئەی خوسرەوی تەختی زەمین ، ڕەنگە
بگاتە ئاسمانی بێستۆن فەرهادی هاوارم (٦)

بڕۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بۆ
خەطت هات و وتی : من ناسیخی طوغرایی خونکارم (٧)

---

(٦) شیرینێ : سەرەڕای مەعنای خۆی ئیشارەتیشە بە شیرینی داستانی شیرین و فەرهاد . خوسرەو : پادشا . خوسرەوی پەرویز . بێستۆن : ئەو شاخەی فەرهاد تاشیی . بە ئاسمانیش ئەڵێن ، چونکە بێستۆن واتە بێ کۆڵەکە و ئاسمانیش کۆڵەکەی نییە . فەرهاد : دڵداری شیرین و بە هەر بەدبەختێکی هاوارکەریش ئەڵێن و لە وشەی (فەریاد)یشەوە نزیکە.

واتە : ئەی پادشای سەر تەختی ڕۆژی زەوێ ! ڕەنگبێ من لە عەزرەت جوانێ و شیرینیی تۆ هاوارم بگاتە ئاسمان !

لە یەکخستنی (شیرینێ) و (خوسرەو) و (تەخت) و (بێستۆن) و (فەرهاد) و ، (زەمین) و (ئاسمان)دا تەناسوب و ، لە بەرانبەری یەک دانانی (زەمین) و (ئاسمان)دا طیباق هەیە .

لە شیرینیی ئەتۆ (چن) و (ك) و (عب) : بە شیرینیی ئەتۆ . (عم) : بە شیرینییی تۆ . تەختی (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (مز) و (من) : ڕۆێێ . فەرهادی (چر) و (ت) : فەرهاد و . (عم) و (کم) و (گم) و (مز) و (من) : فەریاد و .

(٧) هوما : باڵدارێکی ئێسقان خۆرە ئەڵێن سێبەر بەسەر هەرکەسەوە بکا بەختەوەر ئەبێ یا ئەبێ بە پادشا . خەط : مۆی تازە دەرهاتۆی سمێڵ ، ئەڵێن فلاّنکەس خەتی داوە واتە سمێڵی بۆز کردووە . جارانیش لە داوێنی لێوی خواروەوە بۆسەر لۆتکەی چەناکە نەخشێکی ستۆنییان ئەکوتا ، بەوەشیان ئەوت خەت . ناسیخ : هەڵوەشێنەرەوە . ئەو ئایەتەی قورئان کە حوکمی ئایەتێکیتر لەناوا هەڵگرێ . طوغرا : مۆری پادشا . زوڵفی لۆل . خۆنکار : خوێنڕێژ . پادشا .

واتە : جاران کە هێشتا منداڵ بۆیت و مۆت لێ نەهاتبۆ ، بڕۆکانت باڵی هوما بۆن ، سێبەری سەری پادشای جوانیت بۆن ، بۆ هەرکەست بڕوانییایە بۆی ئەبۆن بە باڵی هوما ، بۆی ئەبۆن بە سێبەری سەری پادشا بەسەریەوە . یاخود جاران بڕۆکانت باڵی ، سیبەر وەك سیبەری هوما پیرۆزی ، سەری پادشای جوانیت

سەراپا هەروەکو حەلقەی زرێ پەرویزەیی خوێنم
بە یەك یەك تیری موژگانی زرێ دۆزت بریندارم (٨)

حەمایێل کە دەمی تێغت لە حەلقەی گەردنی « نالێ »
مەگەر تێراو بیم بەو ژەنگە ، تینوێی ساعیدی یارم (٩)

بۆن ، هەرکەس بهاتایاتە ژێریان ، واتە بۆ هەرکەست بژوانییایە و بکەوتایەتە بەر ئیشارەتیان ، بەختی ئەپژا .. ئیستا کە سمێلت بۆز کردووە ، بەربەرەکانێی زولفی ، وەك ئیمزای توغرایێ پێچپێچی ، کچانی خوێنرێژ ئەکا و ، ئەڵێ دەسەلآتی ئەو زولفانەم لە مەیدانا هەلگرتووە و ئیتر زۆژ زۆژی منە . یاخود ئیستا ئەو دەورە نەك هەر بروکانت نایبینن، زولفی وەك توغراشت نایبینێ .. لەوەتەی خەتی ژێر چەناکەت هاتووەتە ئاراوە حوکمی زولفیشتی هەلوەشاندووەتەوە .

ئەم شیعرە دۆ ئیستیعارەی موصەزرەحەی تیایە : (خەط) لە مەعنای خۆیەوە کە نۆسینە ، خوازراوە بۆ گەنەمۆی سمێل ، یا بۆ ئەو نەخشە ستۆنییەی لەژێر لێوی خواروەوە ئەکوترێ . (طوغرا)یش لە مەعنای خۆیەوە کە مۆری شاهانەیە ، خوازراوە بۆ زولفی پێچپێچی کچان . ئیستیعارەکان لەوەوە دروستکراون کە جاران پادشاهان وابووە بۆ ڕاسپێرییێك هەر مۆرێکیان بە کاغەزا ناوە و ، واشبووە کاغەزیان نۆسیوە . دیارە کە کاغەزیان نۆسیبێ لە مۆرە زۆتەکە زەواتر بووە .

سایەی سەری (عم) : سایە لەسەر . وتی (عم) و (گم) : گوتی . خونکارم (عب) : خەطکارم .

(٨) زرێ : جۆرە کراسێکی کونکونی میتالێ بووە جەنگاوەرانی کۆن لەبەریان کردووە لە لێدانی شیر و تیر پاراستۆنی . پەرویزە : بێژنگ . زرێدوز : زرێسم .

واتە : بە نۆکی تیری بژرانگی زرێ سمت بریندار بووم ، سەرتاپای لەشم وەك بێژنگی لێ هاتووە خوێن دائەدا .

بە یەك یەك (چن) و (کم) و (ك) و (اح) و (من) : بە پەیکی . (گم) : بە نۆکی .

(٩) حەمایێل : ئەوەی ڕاست و چەپ لە مل کرابێ وەك فیشەکلغ و شمشێر و شتیوا یا دوعای لەکیفگیراو . ساعید : باسك .

واتە : دەمی تێفت ڕاست و چەپ بدە لە گەردنم با باش بیبڕێ و

دەورانییە ، وەك هێڵەكی سەودا ، سەری گێژم
بۆیە بە دەقیقێ مەثەلە هەرچی دەیێژم (١)

خوێنی زۆری لێ بێ ، چونکە تینوێی باسکی یارم مەگەر هەر بەوژەنگە تێراو ببم .

حەڵقەی گەردەنی (« پەراوێزی » چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (من) : حەلق و گەردەنی . ببم (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (عب) و (من) : ببێ . بەمژەنگە مەعناکەی وای لێدێتەوە : مەگەر بەوژەنگە باسکی تینوێی یارم تێراو ببێ . بەو ژەنگە (چن) و (ك) : بەو نەوعە . (« پەراوێزی » چر) و (اح) : بەمنەوعە . (عم) : بەم ژەنگە .

(١) دەورانێ : ئەوەی بە دەوری خۆیا خولبخوا ، یا ئەمدەس و ئەودەسی پێبکەن . هێڵەك : هێڵەکی ئارد بێژان کە ئاردە وردەکە لە سۆسەکەی جوێ ئەکاتەوە . سەودا : سەرەخولە تۆشهاتۆ . دەقیقێ : بە وردێ . وەك ئارد . دەبێژم : ئەڵێم . لە بێژنگ یا لە هێڵەکی ئەدەم .

واتە : سەری گێژم وەك هێڵەکی بەدەستەوە خولاوە ، چۆن هەمیشە بە دەستی ژنی ئاردبێژەوە ئەخولێتەوە ، ئەمیش هەمیشە هەر وا ئەخولێتەوە بە دەوری خۆیا و ، ئەو بیرانە لە تەتەڵە ئەدا کە بە مێشکیا دێن و پڕ و پۆچیان لە یەك جوێ ئەکاتەوە . بۆیە هەرچێ بڵێم و هەر شیعرێ بنۆسم ، لە بێگەردێ و وردیدا نمۆنەیە ، وەك چۆن ئاردێ درابێ لە هێڵەك لەوپەڕی خاوێنێ و وردیدایە و هیچ سۆس و پل و پۆشی پێوە نییە .

جگە لەو لەطافەتانەی لە هەندێ وشەی ئەم شیعرەدا هەن و لە مەعنا لێدانەوەکەدا ئیشارەتمان بۆ کردن ، لە وشەی (گێژ)یشدا لەطافەتێك هەیە چونکە (گێژ) بە جۆرە بێژانێکیش ئەوترێ . (گێژ و تەتەڵە) لەناو ژنانا وشەیەکی باوە . لە کۆکردنەوەی (هێڵەك) و (گێژ) و (دەقیق) و (دەبێژم)یشدا تەناسوب هەیە .

هێڵەکی (چر) و (چن) و (عب) و (مز) : هێڵەك . ئەمە دەست ئەدا (هێڵەکی) بێ و دەستیش ئەدا (هێڵەکە) بێ . (ك) و (اح) : هێڵەکە . لەسەر نوسخەی (هێڵەکە) و زێتێچۆنی (هێڵەکە) لە نوسخەکانی

هەر پەرچەم و پێشانیيە فیکری شەو و رۆژم
هەر گەردەن و زوڵفە ئەمەلی دوور و درێژم (٢)

بێ دیدەوو دیداری ، هەمو خوێنە دەگرییم
یەعنی گوڵ و نەرگس کە نەبێ ، لالە دەێژم (٣)

(هێڵەك)دا نیوە شیعرەکە وا ئەخوێنرێتەوە :

دەورانییە ، وەك هێڵەکە ، سەودا سەری گێژم

مەعناکەشی وای لێدێتەوە : سەری گێژی تۆشی دەردی سەودا بۆم ، وەك هێڵەك وایە بە دەوری خۆیا خول ئەخوا . سەری (ت) و (ك) و(اح) : سەر و .

(٢) پەرچەم : ئەو قژەی ناوچاوان ئەگرێتەوە . پێشانێ : ناوچاوان . ئەمەل : هیوا .

لە هەردو نیوەکەی ئەم شیعرەدا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە ، چونکە دیارە (شەوەزەنگ) لەگەڵ (زوڵف) و ، (رۆژ) لەگەڵ (ناوچاوان) و، هەروا (دوورێ) لەگەڵ (گەردن) و ، (درێژێ) لەگەڵ (زوڵف)دا پەیوەندیان هەیە . لە کۆکردنەوەی (شەو) و (رۆژ)یشدا طیباق و ، لە یەکخستنی (گەردن) و (زوڵف)دا تەناسوب هەیە .

شەو و (چن): شەب و .

(٣) لالە : گیایەکی بچۆکی کێوییە زیاتر لە شوێنی شێدارداا ئەڕوێ،ماڵییش ئەکرێ . لە سەرەتای ناوەڕاست مانگی بەهارا پێ ئەگا . جۆرە کێوییەکەی گوڵێکی سوری هەیە .

واتە : هەرچەند چاو و رۆی تۆم لێ نادیار بێ ، من لە خەفەتدا لەجیاتیی فرمێسك خوێن لە چاوانم دێ . دیارە کە گوڵ و نەرگسم نەبێ، ئەبێ لالە لە زەویدا بنێژم .

مەبەستی ئەوەیە بڵێ چاوی تۆ وەك نەرگسی مەست و رۆخسارت وەك گوڵی سور وایە لە بەرچاوی منداا . تا ئەوان دیار بن شادێ و خۆشیمە ، بەڵام کە ئەوان نەبون ، لە خەفەتدا فرمێسکی سور لە چاوانم ئەڕژێنمە زەوێ و ئەوەندەش زۆری ئەڕژێنم ، بەرز ببێتەوە ، وەك بڵێی نەمامی لالەم ناشتبێ .

لە (گوڵ) و (نەرگس)دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە . (ڕۆمەت)ی یار بە (گوڵ) و (چاو)ی بە (نەرگس) شوبهێنراوە . ئەنجا

ڕەنگ و ئەثەری شۆڕشی لەعلی نمەکینە
ئەم ئەشکە کە بەم سۆرییو سوێرتیە دەڕێژم (٤)

(ڕۆمەت) و (چاو) لابراون و پێ شوبهێنراوەکان کە (گوڵ) و (نەرگس)ن لەجێیان دانراون . نیوە شیعری یەکەمیش نیشانەی ئەمەیە . هەروەها لە (لالە)شدا ئیستیعارەیەکی موصەڕڕەحە هەیە ، چونکە (فرمێسکی سۆر) شوبهێنراوە بە (گوڵی لالە) و ئەنجا (فرمێسکی سۆر) لابراوە و (لالە)ی لە شوێندا دانراوە و نیشانەش ڕستەی (خوێنە دەگرێم)ە لە نیوە شیعری یەکەمدا .

لە هێنانی (گوڵ) و (نەرگس)دا بەدوای (دیدە) و (دیدار)دا لەف و نەشری موشەووەش هەیە .

دیدەوو (چر) و (ت) و (اح) : دیدەیی . بەڵام مەعنای بەئاسانێ نایەت. (مز) : دیدەنی . هەمۆ (« پەراوێزی » چر) و (عم) و (من) : ئەتۆ . دەگرێم («پەراوێزی»چر) و (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : گرینم . (ك) : ئەگریەم . گوڵ و نەرگس کە نەبێ («پەراوێزی»چر) : کە نەبێ نەرگس و گوڵ . نەرگس (کم) و (گم) و (من) : نێرگس .

(٤) شۆڕش : هەرا . لەعل : کینایەیە لە لێوی یار . نمەکین : خوێیاوێ ، سوێر . کینایەیە لە خۆش و بەتام .

واتە : ئەو ماچەی لێوی وەك لەعل سۆر و ، وەك خوێ بەتام و خۆشەت کە کردم ، هەرایەکی لە دەرۆنما بەرپا کرد ، ئەنجامەکەی ئەوەبۆ ئیستا کە لێمەوە دۆریت ، ئەم فرمێسکە زۆرە وەك خوێن سۆر و وەك خوێ سوێرە لە چاوانم ئەڕێژم .

لە (سۆرێ) و (سوێرێ)دا جیناس هەیە . لە هێنانی (سۆرێ) و (سوێرێ)یشدا بەدوای (ڕەنگ) و (ئەثەر)دا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

نیوە شیعری دۆهەم جۆرە لەنگییەکی تیایە لەگەڵ زەوقی نالێ ناگونجێ . هیچ نەبێ ئەبۆ بووترایە (بەم سۆرییو بەم سوێریە ..) . خۆ ئەگەر واشدابڕێژرایە لەدوای (سوێرێ)یەوە هیچ پاشگرێکیتر نەبوایە گەلێ ڕێکتر و جوانتر ئەبۆ . نوسخەکانی بەردەستمان ، هیچکامیان مەودای دۆزینەوەی شێوەیەکی ڕاستریان نەداینێ . بۆیە ئێمەش وەك خۆیمان هێشتەوە .

ڕەنگ و ئەثەری شۆڕشی : ئەمە تێکستی نوسخەی (چر)ە .

بێ نییەتی تەقبیلی دەمت عاطیلە ژۆژۆم
بێ حەضرەتی میحرابی برۆت باطیلە نوێژم (٥)

« نالێ » وەکو لالە کە شەهیدی غەم و داغــە
لەم بــاغە بفەرمۆ کە ئەویش لێرە دەنێژم (٦)

نوسخەکانیتر لە دانانو دانەنان و چۆنیەتیی دانانی (واوەکانی عەطف) و (یێکانی ئیضافە)دا جیاوازییەکی زۆریان تیایە . بە ژای ئێمە هەر ئەمەی نوسخەی (چر) ژاست و ئەوانیتر هەمۆ هەڵە بۆن یا ئیحتیمالی ژاست و هەڵەیان هەبۆ ، بۆیە گوێمان نەدانێ . سۆرییو سوێرێیە («پەراوێزی» چر) و (کم) و (ت) و (اح) : سوێرییو سۆرییە. (مز) : سۆرییو شۆرێیە .

(٥) نییەت : نیاز . تەقبیل : ماچکردن . عاطیل : پەککەوتۆ . حەضرەت : دیاربۆن . میحراب : میحرابی مزگەوت ، تاقێکی بەرزە لە ناوەژاستی دیواری پێشــەوەی مزگەوتدا ســەرەکەی وەک کەوان هاتووەتــەوە و پێشنوێژ تیا ئەوەستێ . باطیل : بەتاڵ ، دانەمەزراو .

واتە : وەک چۆن ئەگەر ژۆژووەوان تا دواکاتی حەرامبۆنی خواردن و خواردنەوە ، نیازی ژۆژۆگرتنی سبەینێی لــە دلاّ نەبێ ، ژۆژووەکەی دانامەزرێ ، منیش ئەگەر بــەر لە دەســتپێکــردنی ژۆژۆم نیــازی ماچکردنێکی دەمی تۆم لە دلاّ نەبێ (دیارە کــە بنیادەمیش نیازی کردنی شتێکی بۆ ، ئەیکا)، ژۆژووەکەم دانامەزرێ . هەروەها هەر نوێژێ ئەیکەم، ئەگەر لە حوزۆری میحــرابی بڕۆی تــۆدا نەبــێ و لە بەردەمــی تــۆدا نەوەستابم و ژۆم نەکردبێتە قیبلەی تۆ ، ئەو نوێژەم بەتاڵ و بێسۆدە.

لە کۆکردنەوەی (ژۆژۆ) و (نوێژ) و ، (دەم) و (بڕۆ)دا تەناســوب و ، لەنێوان (عاطیل) و (باطیل)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (نییــەت) و (حەضرەت)دا کە یەکەمیان مەعنای حازرنەبۆن ئەگەیەنێ ، طیباق هەیە .

(نییەت) زاراوەیەکی فیقهە .

(٦) داغ : داخ .

واتە : نالێ لە خەمی دۆریت و بەهۆی ســۆزی زۆریــەوە بــۆت ، شەهید بووە. نیشانەی شەهیدییەکەشی ئەوەتە وەک لالەی سۆر،سۆر و خوێناوییە . دەسا بفەرمۆ ئەویش لە بــاخی پڕ لە گــوڵی روخسارتــا بنێژە و بیخەرە چاڵ و با لەپاڵ نەرگسی چاوتا بێ ، خۆ ئەویش هــەر هیچ نەبێ ، مادەم لالەیە ، گوڵە ..

عومرێکه به میزانی ئەدەب توحفه فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێی‌نەگەیێ ، ئیستە خەمۆشم (١)

لەو گەردەن و عیقده که پڕە گەردەن و گۆشت
بەو پێیە کەنارم که پڕە دامەن و کۆشم (٢)

لەنێوان (نالێ) و (لاله) ، و (باغ) و (داغ)دا جیناسی لاحیق و ، له کۆکردنەوەی (لاله) و (باغ) و (دەنێژم)دا تەناسوب هەیه .

وەکۆ لاله که (ك) و (مز) : که وەکۆ لاله . غەم و داغه (گم) : خەم و داخــه . (مز) : غــەم و دەرده . ئەویش (عم) : ئــەمیش . (گم) : منیش !

— ٥ —

(١) میزان : تەرازۆ . توحفه : عەنتیکه . دیارێ . خەمۆش : بێدەنگ .

واته : دەمێك بو به سەنگ و تەرازۆی ئەدەب شیعری جــوانم بەناو خەڵکا بڵاو ئەکردەوه و عەنتیکه فرۆشیم ئەکرد. بەڵام ئاستی تێگەیشتنی خەڵك ئەوەندە نەوێ بۆ، هەرچیم وت کەس لێم حاڵێ نەبۆ . بۆیە ئیستا وا بێدەنگ بووم .

ئەم شیعرەی نالێ هاوارێکی ناڕەزاییە له زۆری کۆمەڵدا دەری‌ئەبڕێ. ئەو کۆمەڵەی کــه چینی بنــەوەی لەبــەر بەدبــەختێ و کوێرەوەرێ و دواکەوتن نە ئەتوانێ له هونەری جــوان بگا و نــە لەئاستی ئەوەشدایە قەدری هونەرمەنــد بگرێ . چینی سەرەوەشــی تا بینەقــاقەی نوقمی زابواردن و ئارەزۆبازێ و خــەڵك چەوســاندنەوەی خۆیەتی و ، ئەگەر جاروبارێکیش لایەك به لای هونەری جواندا بکاتەوه ، هەر بۆ زابواردنی خۆشی خۆیەتی .

لەنێوان (میزان) و (فرۆش)دا تەناسوب هەیه

توحفه (چن) : نوکته . وت و (عم) و (گم) و (مز) : گوت و .

(٢) گەردەن (ی یەکەم) : گەردنبەند ، گەردانه . عیقد : گواره . کەنار : دۆرەپەرێز . دامەن : داوێن .

واته : من بۆیه لەو گەردنبەند و گوارەی تۆیه که گەردن و گوێتیــان

وەك طوڕڕەیی پێچیدەیی تۆ ساغ و شکستەم
وەك نەرگسی نادیدەیی تۆ خۆش و نەخۆشم (٣)

ڕازاندووەتەوە ، دۆر کەوتۆمەتەوە و کەنارەگیر بووم ، چونکە داوێن و کۆشم پڕن لە شیعری وەك گەردنبەند و گوارەکانی تۆ ، بۆیە ئیتر پێویستم بەوانەی تۆ نییە . یا پڕن لە فرمێسکی وەك دەنکی مرواریێ ، یاخود بەو (پێ)یە لێیان دۆر کەوتۆمەتەوە کە داوێن و کۆشم گیراوە و ناتوانم هەڵسم بێم بۆلات . بەمپێیە نالێ زۆر جوان وشەی (پێ)ی لە مەعنای (هۆی ڕۆیشتن)ەوە خواستووە بۆ هۆی (نەتوانینی ڕۆیشتن) .

دۆریش نییە (گەردەن)ی یەکەم لەپێشاندا (گەرزەن) بۆبێ و لە نۆسینەوەدا کرابێ بە (گەردەن). گەرزەن بەو کۆمەڵە مرواریێ و گەوهەرە نایابانە ئەڵێن پادشاکانی ساسانێ تاجیان پێ ئەڕازاندەوە .

لەنێوان هەردۆ (گەردەن)دا جیناس و ، لەنێوان (گەردەن) و (گۆش)دا تەناسوب و ، لەنێوان (گۆش) و (کۆش)دا جیناسی موضاریع هەیە .

گەردەن و گۆشت (چر) : دامەن و گۆشم . (چن) : گەردەن و کۆشم . (کم) و (ك) و (من) : گەردەن و گۆشم . (ت) : کەردەن و کۆشت . (عب) : کەردەن و کۆشم . (کاف)ەکانی ئەم دۆ نوسخەیە ئەشگونجێ (گاف) بن ، چونکە جاران (کاف) و (گاف) وەك یەك ئەنۆسران . بەوپێیە (« پەراوێزی » چر) و (مز) و (ت) و (اح) : بۆ بێیە . (« پەراوێزی » چر) : بۆ بێنە . (عب) : بۆچ بێیە .

(٣) طوڕڕە : زوڵف . ئیمزای توغرایێ . پێچیدە : لۆڵخواردۆ و لەیەكئالاو. شکستە : تێكشکاو . خەتی شکستە کە جۆرە خەتێکی فارسییە. نادیدە: نەبینراو ، نەکراو .

واتە : من وەك زوڵفی لۆڵی تۆ هەم ساغیشم و هم تێکیش شکاوم . یاخود وەك زوڵفی لە مۆری توغرایێ چۆی تۆ،هەم وەك خەتی ساغیشم و هەم وەك خەتی شکستەشم . وەك چاوی ، لە مەستیدا وەك نەرگس و ، لە خەوالۆیەتیدا وەك نەبینراو و نەکراوەی تۆ ، هەم خۆشیشم و هەم نەخۆشیشم . ساغێ و شکاوییەکەی زوڵفی یار لەوەوەیە کەوا لەو ڕووەوە کە نەقرتاوە ، ساغە و ، لەو ڕووەشەوە کە لۆڵە ، شکاوە . خۆشێ و نەخۆشیی چاویشی لەوەوەیە کەوا لەو ڕووەوە کە هیچی نییە، ساغە و لەو ڕووەشەوە کە مەست و خەوالووە، وەك نەرگسی نەپشکۆتۆ، نەخۆشە .

سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بۆم و ، ئەمێستاش
قوربان ، سەری تۆ خۆش ، کە نەماوە سەری خۆشم ! (٤)

شێخیی‌یو سەراپا دەڵەك و ڕێوی دەپۆشێ
« نالێ »م و بە ڕۆتێ لە هەمۆ دیدە دەپۆشم (٥)

لە کۆکردنەوەی (ساغ) و (شکستە) و ، (خۆش) و (نەخۆش)دا طیباق و ، لە (طوڕڕە) و (شکستە)دا کە هەردوکیان لە بابەتی نووسینن ، تەناسوب هەیە .

نەرگسی (چن) و (ك) و (اح) : دیدەیی. (کم) و (گم) و (من) : نێرگسی.

(٤) واتە : تا تۆم هەبۆی و لێم نزیك بۆی و قسەت بۆ ئەکردم ، سەرخۆشی ماچی لێو و قسەی خۆشت بۆم . ئیستا کە لێم بڕاوی ، سەری تۆ خۆش بێ ، هۆی ئەو سەرخۆشییەی جارانم نەماوە و لەئەنجامی ئەوەوە سەریشم تیا چووە یاخود سەری چاك و سەلامەتی جارانم تۆشی دەرد بووە .

وەك دەرکەوت نالێ لەم شیعرەدا (سەرخۆش)ی بە چوار مەعنا بەکارهێناوە : مەست ، دوعای عومر درێژێ ، سەری خۆم ، سەری چاك و سەلامەت . لە وتنەوەی سێ جاری (سەر) و (خۆش)دا جیناس هەیە .

قوربان (چر) و (چن) و (ك) : ئیستە . بەڵام جۆرە دۆبارە کردنەوەیەکی بێتامە . ئەم شیعرە لە نوسخەکانی (ت) و (مز) و (عب) و (اح)دا نییە .

(٥) دەڵەك : گیان‌لەبەرێکی کێوییە پێستەکەی پارەیەکی زۆر ئەکا .

واتە : تۆ شێخی ، بەڵام هەر بە قسە ، ئەگینا بە کردار لەجیاتیی ئەوەی وەك پیاوانی ڕاستەقینەی خوا بە کەم قنیات بکەی ، لەسەر تا پێت بە بەرگی گرانبەهای پێستی دەڵەك و ڕێوێ دائەپۆشێ و بۆیە وەك دەڵەك و ڕێوییش دێیتە بەرچاوی خەڵك ، یا کرداری ئەوانە ئەپۆشیت کە وەك دەڵەك و ڕێوێ زیان‌بەخش و فێڵبازن . منیش نالییەکی هەژار و ڕۆت و قۆت و بێ‌پێچ و پەنام و لە هەمۆ ناتەواوێ و کەم و کورتییەك چاو ئەپۆشم ، یا لە هەمۆ گیانمدا هەر چاوم دائەپۆشم بۆئەوەی عەیب و عاری خەڵك نەبینم .

لەنێوان (دەپۆشێ) و (دەپۆشم)دا جیناسی لاحیق هەیە .

دەپۆشێ (چن) : ئەپۆشێ . لە هەمۆ (چر) و (عب) :لە هەوا .

شەو هات و ئەمن مەستی خەیالآتی کەسێکم
مەشغوڵی نەفەس گرتنی موشکین نەفەسێکم (١)

لەم حوجرە ، لەبەر پەنجەرە کەوتوم و دەخوێنم
بێعەینی دەڵێی بولبولی گۆشەی قەفەسێکم (٢)

هەم واریثی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنوون
وا تێمەگە ، قوربان ، کە گەدا ، بولهەوەسێکم (٣)

---

(١) نەفەس : هەناسە . موشکین نەفەس : ئەوەی هەناسەی بۆنی موشك بدا .

واتە : وا زۆژ تەواو بۆ و شەو داهات ، کەچێ من هێشتا مەستی بیر کردنەوەم لە یارێك و ، خەریکی ئەوەم هەناسەی خۆم ئەگرم و خۆم وەك زاوچێ مات ئەدەم ، بەڵکو یاری هەناسە وەك موشك بۆن خۆش گوزەر بکا و بۆنی هەناسەی بێ بەسەرما .

شەو هات و ئەمن (عب) : شەو هاتووە ، یا هاتەوە ، من .

(٢) بێعەینی : بِعَیْنِهِ ، کوت و مت .

واتە : لەم ژوورەدا تاق و تەنیا لەبەر پەنجەرەکەدا کەوتوم ، گۆرانێ ئەڵێم بۆ خۆم ، کوتومت ئەڵێی بولبولێکم لە سۆچی قەفەزێکدا ، لەتاو دەردی دیلیی خۆم ئەخوێنم .

(٣) گەدا : لات و بێکەس . بولهەوەس : أبوالهَوَس ، ئارەزۆباز ، دەس‌بەتاڵ و پۆچ و بێمایە .

واتە : ئازیزەکەم ! وا تێنەگەی من کابرایەکی ئارەزۆبازی لاتی بێدەس‌مایەم و لەخۆزایێ ئیددیعای عەشقی تۆ ئەکەم . من میراتگری فەرهادی بێستۆنتاش و مەجنۆنی بیابانگەردم ، هەرچێ سامانی خۆشەویستیی ئەوانە بۆ من ماوەتەوە و لە ئاگری دڵداریدا سۆتاوم .

ئەم شیعرە لە نوسخەی (چن)دا نییە .

گەدا (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) : گەدا و .

گەردەن کەچی تۆم بێ کەشش و ڕست و قەلادە
وا ظەن مەبە ناعارف و هەرزە مەرەسێکم (٤)

وەڵلاهی کلاوی سەری من چەرخی دەماڵێ
ببوایە بە دامانت ئەگەر دەستڕەسێکم (٥)

باوەڕ مەکە ڕۆح سەختی غەمی فیرقەتی تۆ بم
بۆ هاتنی تۆ باقییە نیوە نەفەسێکم (٦)

---

(٤) کەشش : بەکێشکردن . ڕست : ئەو پەتەیە ئەکرێتە ملی تانجێ . قەلادە : گەردنبەند . ظەن : گومان . ناعارف : نەفام و نەزان . هەرزە مەرەس : ئەو تانجییەی بە ڕەحەتێ نەدرێتەبەر بۆ ڕاو .

واتە : پێویست بەوە ناکا بە زۆر بەکێشم بکەیت و پەت و گەردنبەندم بخەیتە مل . من خۆم لە خۆمەوە گەردنکەچتم و کەوتۆمەتە دوات . وا گومان مەبە نەفامم و ئەگەر بەدوای خۆتا ڕامنەکێشی ئەڕۆم بەملا و بەوڵادا یا مان ئەگرم ، نەخەیر هەمیشە هەر بەدواتەوەم و لەگەڵتام ..

کەشش و (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : کەشش . بەپێی ئەم نوسخانە دەستئەدا (کەشش و) یا (کەششی) بێ . (عم) و (کم) و (گم) : کەششی . ڕست و (چر) و (عم) و (عب) : دەستی .

(٥) چەرخ : ئاسمان . دەماڵێ : ئەکوتایەوە . دەستڕەس : دەست پێ گەیشتن .

واتە : قەسەم بە خوا ئەگەر تاقە جارێك دەستم بگەیشتایە بە دامێنت . پایەم ئەوەندە پێی بەرز ئەبوەوە کلاوی سەرم دەرگای ئاسمان بکوتێتەوە .

ئەم شیعرە و شیعری پاشەوەی تەنها لە (عم) و (گم)دا هەن .

(٦) ڕۆحسەخت : ئەوەی بە زەحمەت گیان بەدەستەوە بدا و بمرێ . فیرقەت : جیایێ . نیوە نەفەس : نیوە گیان .

واتە : وا مەزانە بەرگەی خەفەتی دوریی تۆ ئەگرم و بە گران گیان بەدەستەوە ئەدەم . نەخەیر ، لەبەرئەوە نییە هێشتا ماوم و نەمردوم . ئەو نیمچە گیانەم بۆیە تیا ماوە ، چاوەڕوانی هاتنی تۆم ، ئەمەوێ پێشکەشی هاتنتی بکەم و لەبەرپێی تۆدا بەختی بکەم .

هەر لەحظە دەڵێم من سەگی دەرگام و ، ڕەقیبیش
دێتە سەر و چاوم کە منیش سەگ مەگەسێکم ! (٧)

گرتوێە سەگت چاکم و لای تۆمەوە دێنێ
یەعنی وەرە « نالێ » کە منیش دادڕەسێکم ! (٨)

---

(٧) ڕەقیب : بەدکار . سەگ مەگەس : مێشە سەگانە ، ئەو مێشەی بە سەر و چاوی سەگەوە ئەنوسێ .

واتە : من هەمیشە ئەڵێم سەگی بەردەرگای یارم و ، بەدکاریش دێتە وێزەم و لە کۆڵم نابێتەوە ، ئەڵێ ئەگەر تۆ سەگی بەردەرگای یاری ، منیش مێشە سەگانەم دێم بە سەر و چاوتەوە ئەنیشمەوە بەرت لێ ئەگرم و ناهێڵم چاوت بە یار بکەوێ .

دەرگام و (مز) : دەربان و . دەربان : دەرگاوان . دەڵێم (کم) و (من) : ئەڵێم .

(٨) دادڕەس : کەسێ دادێ کەسێ بدا .

واتە : سەگەکەت کە بەدکارەکەی بەینمانە ، چاکی گرتوم و بۆلای تۆوەم دێنێ . ئەمەش واتە پێم ئەڵێ : نالێ منیش کەسێکم ئەتوانم فریات کەوم و شتێکت بۆ بکەم . دیارە دوژمنیش جاروبار ئەبێ بەهۆی قازانجی بنیادەم .

چاکم و لای (عب) : چاکم ئەلای .

لەوە بەولاوە کە وەك وتمان شیعری سێیەم لە نوسخەی (چن)دا نییە و شیعری پێنجەم و شەشەم تەنها لە نوسخەی (عم) و (گم)دا هەن، ڕێکخستنی شیعرەکان لە نوسخە دەسنوسەکاندا بەمجۆرەیە کە ئێمە لێرەدا نوسیومانەتەوە . بەڵام لە نوسخە چاپەکان و نوسخەکەی (من)دا جیاوازە و بەمجۆرەی بنەوەیە :

(١) لە هەر چواریاندا (١) . (٢) لە هەر چواریاندا (٤) . (٣) لە (عم)دا (٣) ، لە (کم) و (گم) و (من)دا (٢) . (٤) لە (عم)دا (٢) ، لە (کم) و (گم) و (من)دا (٥) . (٥) و (٦) لە (عم) و (گم)دا (٥) و (٦) ، لە (کم) و (من)دا نین . (٧) لە (عم)دا (٧) ، لە (کم) و (گم) و (من)دا (٣) . (٨) لە هەر چواریاندا (٨) .

ماچی دەمەکەی دامێ کە دامێ سەر و مالّم
بنواڕە چ صەییادە ، چ جەللادە بە حالّم ! (١)

— ٧ —

ئەم پارچە شیعرە تەنها لە نوسخەی چاپی (عم) و (گم)دا هەیە. چاپی (کم) و نوسخە دەسنوسەکانی بەردەستمان ، هیچ کامیان سۆکە ئیشارەتێکیشیان بۆ نەکردووە . شیعرەکە هەرچەند لە چەند لایەکیدا نیمچە شەقڵێکی نالیی پێوەیە ، لاوازییشی زۆرە . لەوجۆرەش نییە کە بڵێین لەوانەیە نالێ لە سەرەتای شیعر وتنیدا وتبێتی ، بەڵکو لە شیعری شاعیرێکی خاوەن مومارەسەی ، بەڵام سەرنەکەوتۆ ئەچێ . وێنەکانیشی هەرکام یەکی چەند جار لە شیعری شاعیرانیتردا دۆبارە کراونەتەوە و هیچکامیان هونەرێکی جوانی ئەوتۆیان تیا نییە. سەرەڕای ئەوە کە هەڵەی نوسینەوەش کارێکی کردووە هەندێ شوێنی ڕاست نەکرێتەوە . بۆیە ئێمە بە شیعری نالیی نازانین . مامۆستا مەسعۆد موحەممەدیش کە خاوەنی گەلێ لێکۆڵینەوەی وردە لەبارەی نالییەوە ، لە گفتوگۆیەکی تایبەتیدا وتی « بە هیی نالیی نازانم » . دوکتۆر مارف خەزنەداریش ئەڵێ : «ئاشکرایە هیی نالێ نییە» . (د. مارف خەزنەدار ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ، ژمارە ٣٤ ، کانونی یەکەمی ١٩٧٥ و کانونی دۆهەمی ١٩٧٦) . بەڵام ئێمە لەبەر پشتگوێ نەخستنی کرداری (مامۆستا عەلێ موقبیل) کە بۆ یەکەمجار ئەو بڵاوی کردووەتەوە ، بەپێچەوانەی بۆچوونی خۆمان ، لێرەدا بڵاوی ئەکەینەوە و هەرکاتێکیش هەواڵێکی کەمان لەبارەیەوە دەسگیر بۆ ، ئاسانە لەسەر لاپەڕەی یەکێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانمان چێ پێویست بێ بینوسین .

(١) واتە : کە سەر و مالّم لەپێناوی یارا دانا و بەتەواوێ لەناوچوم ، ئەوسا ماچێکی دەمی دامێ . هاوار لە یار چۆن ڕاوچییەکی دڵدارانیەتی ، چۆن داوێکیان بۆ ئەنێتەوە .. هاوار ! چۆن خۆنکار و خوێنڕێژێکە .

لەنێوان هەردو (دامێ)دا جیناسی تەواو و ، لەنێوان (دەم) و (دامێ) دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (مالّم) و (حالّم)دا جیناسی لاحیق هەیە .

عاشق ــ دەڵێ ــ نابێ كە بدا خۆی لە داوم
زوڵفم كە هەموو داوە ، هەموو دانەیە خاڵم (٢)

بۆ تۆزی ڕەهت دیدە سەقاوو موژە جارۆب
ترسام كە لە پێت چێت دەمێ جێت بماڵم (٣)

باری غەمی جان ئەبرووەتی تیر و كەمان كرد
یەعنی قەدەكەی ئەلفی منە ئیستە كە دالم (٤)

---

(٢) ڕستەی (دەڵێ نابێ) لە هەردوو نوسخەكەی (عم) و (گم)دا بە (دڵی نایێ) نوسراوەتەوە . ئەگەر بشڵێین مەعنای شیعرەكە بەمجۆرە ئەگونجێ ، ئەوەمان هەر لە ئەستۆدا ئەمێنێتەوە كە پێشان قسەیەك بە دەمی یارەوە نەكراوە تا وتنی ئەم شیعرەش بگێڕینەوە بۆلای ئەو . كەواتە ئەبێ بڵێین (دەڵێ)یە و (دڵی) نییە ، پاش ئەوە ئەتوانین بڵێین وشەی دوەهەم (نایێ)یە یا (نابێ)یە و ئێمە دوەهەممان هەڵبژارد ، لەگەڵ ئەوەش كە لە تێكڕای مەعنای هەردوو بۆچوونەكە نازازین كە واتە : یار ئەڵێ عاشق نابێ ، یاخود نایەت ، خۆی بدا لە داوم چونكە ئەگەر خۆی لێ بدا تۆش ئەبێ ، زوڵفمە هەموو تاڵەكانی داون و نراونەتەوە و ، خاڵیشمە دانەی داوەكەیە .
لەنێوان (داو) و (دانە)دا تەناسوب هەیە .

(٣) ڕەهـ : ڕێگا . سەقا : ئاوهەڵگر . ئاوڕشێنی‌كەر . جارۆب : گسك .
واتە : چاوم داناوە بە فرمێسك ئاوڕشێنی ڕێت بكا و ، برژانگیشم داناوە گسكی بدا بۆت ، بۆئەوەی تۆزی ڕێ نەیەت بە سەر و ڕۆتا . بەڵام لەوە ترساوم كاتێ كە جێگاكەت گسك ئەدەم برژانگێكم بەجێ‌بمێنێ و پاشان بچێ بە پێتا و ئازارت بدا ..
لەنێوان (تۆز) و (ڕەهـ) و (سەقا) و (جارۆب) و ، (دیدە) و (موژە)دا تەناسوب و ، لەنێوان (پێت) و (چێت) و (جێت)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (چێت) و (جێت)دا جیناسی موضاریع هەیە .

(٤) ئەبرووەتی : ئەبرۆتی . لە نوسخەی (عم)دا نوسراوە (ابروتی = ئەبرۆتی) بەڵام شیعرەكە بەمجۆرە لەنگ ئەبێ ، بۆیە لە نوسخەی (گم)یشدا وەك لای ئێمە پینە كراوە . لەگەڵ ئەوەشدا مەعنای شیعرەكە هەر نایەت چونكە (برۆ) بە (كەمان) كراوە نەك بە (تیر و كەمان) و ، سەرەڕای ئەوە (برۆ) هەر خۆی (كەوانێ) بووە .. دیارە شیعرەكە بە جۆرێكی‌تر بووە و

دەستم مەخە سەر ، تا قەدەمم سۆتووە ، چاوم !
یاخۆ بە شیفا هاتووی ؟ چەندێکە ئەنالم (٥)

ڕەنگینە بە خوێناوی دەرۆنی ، دڵی « نالێ »
بنواڕە دەڵێ خۆ خەنەیە پەنجەیی ئاڵم (٦)

لایقی مەخزەنی طەبعە هەمو کەنزی غەزەلم
قابیلی ضەربی ڕەواجە زەڕ و زیوی مەثەلم (١)

هەڵەی نۆسیار وا ئاڵۆزاندۆیەتی و ، لەوانەیە ، بە نیشانەی نیوە شیعری داهاتودا ، بڵێین بەمجۆرە بووە :

باری غەمی جان ئەبروی شیری بە کەمان کرد

واتە : باری خەمی سەر دڵ و دەرۆنە وا بڕۆی وەك شمشێرتی کردووە بە کەوان ، وەك بڵێی بڕۆت وەك بالآی جاران وەك ئەلفی من بو کە ئیستا چەمیوەتەوە و بووە بە دال .

(٥) واتە : چاوەکەم ! دەستم لەسەر دامەنێ ، سەراپام سۆتاوە ، با زامم نەکولێتەوە ، یان بۆیە دەستم لەسەر دائەنێی ، چونکە هاتۆی شیفای دەردم بی ، لەبەرئەوەی کە دەمێکە ئەنالێنم . عادەتە کەسێك کە ئەچێ هەوالی نەخۆشێ بپرسێ ، دەستی ئەنێتە سەر سەری .

(٦) واتە : یار بە خوێناوی ناوەوەی دڵی نالێ ، دەستی خۆی ڕەنگاوڕەنگ کردووە . کەچێ سەیری کە ئەڵێ پەنجەم بۆیە ئاڵ نییە کە خوێنی کەسی پێوەبێ ، بەڵکو خەنەم تێگرتووە .

لەنێوان دوا وشەکانی هەمۆ بەیتەکانا جیناسی لاحیق هەیە .

ئەم پارچە شیعرە نایابەی نالێ لە هیچکام لە نوسخە دەسنۆس و چاپەکانی بەردەستمانا نییە . بە خەتێکی خۆش لەسەر پارچە کاغەزێکی کۆن نۆسرابوەوە لەگەڵ چەند پارچە شیعرێکی فارسیدا ، لەوە ئەچۆ پەڕەی دڕاوی کتێبێك بێ ، برای بەڕێز کاك محمد فرج محمد قوتابیی دوا پۆلی کوللییەی ئیمامی ئەعظەم داینێ . شایانی سوپاسێکی زۆرە .

سایەیی پایە وەکو باڵی هوما و بازی سپیم
نە وەکو بۆمی قەدەم شۆم و ، نە هەمڕەنگی قەلم (٢)

ناوەڕۆکی شیعرەکە لەوە ئەچێ وەڵامی هەندێ کەسی بەدکار بێ کە لە بارەگای دەرباری بابان یا شوێنێکیتری خاوەن پایەیوادا خراپەی نالییان وتبێ و ، ئەویش بە دەربڕینی شان و شکۆی خۆی بەرپەرچی دابنەوە . شیعرەکە یەکێکە لە شاکارەکانی شیعری نالێ و ، ئەوەی مایەی سەر سوڕمانە ، ئەوەتە چۆن ئەوەندە زۆر بڵاو نەبوەتەوە ، لە هەمۆ یا لە زۆر لە دەسنۆسەکاندا هەبێ .

(١) مەخزەنی طەبع : شوێنی چاپ . کەنز : گەنجینە . ضەرب : دراو لێدان . زەواج : زۆیشتنی پارە لە بازاڕا . مەثەل : قسەی نەستەق و بەتوێکڵ .

واتە : هەرچێ شیعرم هەیە وەك زەڕ و زیوی ناو گەنجینە وایە و شایانی ئەوەیە لە عەماری چاپخانەدا دابنرێ،واتە لە چاپبدرێ و،هەرچێ قسەی نەستەق و بەتوێکڵم هەیە بۆ ئەوە ئەشێ بڵاو ببێتەوە بە وڵاتانا و ، وەك پارەی زەواجی وەخت چۆن لێئەدرێ و خەڵك دەستاو دەستی پێئەکەن ، ئەمیش خەڵك دەما و دەم بۆ یەکتریی بگێڕنەوە .

ئەشگونجێ مەبەست لە (طەبع) چاپ نەبێ ، بەڵکو (طەبیعەت) بێ ، واتە : گەنجینەی شیعری من شایانی ئەوەیە لە عەماری طەبیعەت و بەدڵبۆندا دابنرێ .. تاد . ئەگەر مەبەست لە (طەبع) مەعنای یەکەم بێ کە چاپخانەیە ، ئەوا نالێ شایانی قەدر زانین و شانازێ پێوە کردنێکی زۆرە وا بەجۆرێك ئاواتی لەچاپدانی بەرهەمەکانی دەرئەبڕێ . ئەوەندەی ئێمە بزانین هیچ زۆشنبیرێکی کورد ، بەر لە نالێ ، ئەم ئاواتەی دەرنەبڕیوە .

(٢) سایە : سێبەر . هوما : باڵندەیەکی پیرۆزە ئەڵێن بەسەر هەرکەسێکەوە بنیشێتەوە و سێبەری بەسەردا بکا ، ئەبێ بە پادشا . بازی سپێ : جۆرە بازێکی بەنرخە . بۆم : کوندەبەبۆ کە کەلاوە و وێرانە ئەکا بە مەنزڵگای خۆی و نیشانەی نەگبەتییە . قەل : قەلەڕەش کە هەر ئەقڕێنێ و خەڵك بە نیشانەی خێری نازانن .

واتە : من لە هەرکوێ بم مایەی فەڕ و بەرەکەتم بۆ ئەو شوێنە و ، کەسێکم سێبەرم لەئاستی سیبەری باڵی هومادایە خێرم بەدەمەوەیە و ، وەك بازی سپێ بۆ کەشکەلانی فەلەك ئەفڕم و بە شوێنی نەوێ و شتی

کەوکەبەی طەلعەتی شاهانەیی تۆم بورهانــە :
کە لەسەر موددەعی ، سوڵطانی موبینە جەدەلم (٣)

ڕۆژ سەری کوڵمتە ڕۆناکیی نۆری بەصەرم
شەو خەمی زوڵفتە تاریکیی طوڵی ئەمەلم (٤)

حەرەکاتم سەکەنات و ، سەکەناتم حەرەکات
چوستە ، سستێ ، قەوییە ضیعف و ، سەریعە کەسەلم (٥)

هیچ و پۆچ ڕازێ نــابم .. کوندەبەبۆ نیم نیشانەی وێرانە و نەگبەتێ بم و ، قەل نیم هەر دەنگم بێ و بە ئاوازێکی ناساز بقرێنم

(٣) کــەوکەبە : شان و شکۆ . طەلعەت: ناوچاوان . بورهان : بەڵگە . موددەعێ : ناحەزی لاف و گــەزاف لێدەر . سوڵطان : دەسەڵات . موبین : ئاشکرا و دیارێ . جەدەل : بەرپەرچدانەوەی یەکتر بە گفتوگۆ.
واتە : بەڵگەی زاڵیی قسەی من بەسەر قسەی بەدکاری ناحەزدا ، ئەو شان و شکۆ و پایەی بەرزەیە کە تۆ هەتە و لــە سایەی منی هوما ئاسا و وەك بازی سپییەوە دەسگیرت بووە !
هەزار ئافەرین لە نالیی هونەرمەندی سەربەرز .. بە خۆدا نازین و باوەڕ بە خۆ کردن و سەرکوتکردنی دوژمن ئاوا نەبێ ، بۆچی باشە ؟ !

(٤) بەصەر : چاو . خەم : چەمیوە و لوڵ . طوڵی ئەمەل : درێژیی هیــوا.
واتە : ڕۆناکیی نۆری چاوم بە ڕۆژدا بە تیشکی سەری کوڵمی تۆیە و، ئاواتی دۆری بەرچاو تاریك و نەهاتووەدیشــم کە بە شەو بــیری لــێ ئەکەمەوە ، زوڵفی ڕەش و ئاڵۆزتە کە لە ڕەشییەکەیدا لە بەرچاو تاریکیی ئاواتەکەم و لەو کاتە ئەچــێ کە بــیری لێ ئەکەمــەوە تیایــدا و ، لــە ئاڵۆزییەکەیشیدا لە ئاڵۆزێ و گرێ تێکەوتنی ئاواتەکەم ئەچێ .

(٥) حەرەکات : جۆڵە . سەکەنات : دامرکان . چوست : چالاك . کەسەل : تەمەڵێ .
واتە : جۆڵەم وەك دامرکــان وایە و کــەس پێی نــازانێ ، کــەچێ لەڕاستیشدا هەر لە حاڵی جۆڵەدام و کار ئەکەم و ، تاوێکیش دامرکانم نییە هەمیشە هەر لە جۆڵە و کاردام . سستیــم لە ئاســتی بزێویــی خەڵکدایە و ، بێهێزیم لەئاستی هێزیــاندایە و ، تەمەڵیــم لەئاســتی

بێش و کەم بێ شکەم و حیرص ، وەکۆ طیفلی ژەضیع
زاوییە بێشکەم و ، بێ شکم و بێ حییەلم (٦)

خوانی ذی شانی جیهان هەنگی خۆشاهەنگە ، وەلێ
مێشی دەم نۆشم و ، دوم نێشم و ، عەکسی عەسەلم (٧)

پەلەکردنیانایە . مەبەستی لەوەیە لە هیچدا لە کەس ناچم و لە هەمۆ دیمەنێکی بزێویی ئادەمیزاددا لە خەڵك باڵاترم .

نالێ لەم مەسەلەی (حەرەکات) و (سەکەنات)ەدا ئیشارەتی بۆ وتەیەکی عیلمی کەلام کردووە کە (حەرەکە) و (سوکۆن) بەمجۆرە ئەناسێنێ : (الحركة كونٌ ثانٍ ، في آنٍ ثانٍ ، في مكانٍ ثانٍ . والسكون كونٌ ثانٍ ، في آنٍ ثانٍ ، في مكانٍ اولَ ، ولايشترطُ فيه اللبثُ) . واتە : جۆڵەیە بۆنێکی دۆهەمە ، لە کاتێکی دۆهەمدا ، لە شوێنێکی دۆهەمدا . دامرکانیش بۆنێکی دۆهەمە ، لە کاتێکی دۆهەمدا ، لە شوێنێکی یەکەمدا و ، مانەوەشی لەو جێگا یەکەمەدا تیا نەکراوە بە مەرج ، ئەگینا سەرلەنوێ ئەبێتەوە بە جۆڵە و جۆڵەیەکی نوێ پێکدێنێ .

(٦) بێش : زۆر . شکەم : سك . حیرص : تەماع . زەضیع : شیرە خۆرە . زاوییە : سۆچ ، گۆشە . بێشکە : بێشکەی منالّ . شك : گومان . حییەل : حِیَلْ ، جەمعی حیلەیە واتە فێڵ .

واتە : کەم و زۆر بەدوای ورگ و نەوسدا ناگەڕێم و تەماعم نییە ، وەك منالّی شیرەخۆرە وام کە بە زۆر کەم قنیات ئەکا . لەم جیهانەدا تەنها بەشی خۆم جێگام هەیە ، وەك منالێك لە بێشکەدا ڕاکشابێ و،دڵپیس و گوماناوێ نیم لە خەڵك و فڕ و فێڵ نازانم .

لە یەکخستنی وشەکانی (بێش و کەم) و (بێ شکەم) و (بێشکەم) و (بێ شکم)دا ، جیناس و وشەئاراییەکی زۆر باڵا هەیە .

(٧) خوان : سفرە . ذیشان : ذيشَأنْ ، خاوەن پایە . خۆشاهەنگ : خۆش ئاواز و خۆش بزۆتن . پۆرەی هەنگ کە لە دەوری کۆرەکە کۆئەبنەوە . وەلێ : بەڵام . مێش : مێشی هەنگ . دەم نۆش : خوێنمژ، ماچکەر و شیلەگری دەمی وەك گوڵ . دوم نێش : چزۆ ئازاراوێ . عەکسی عەسەل : پێچەوانەی هەنگوین ، تاڵ ، لەسەع ، لَسَعْ واتە پێوەدان و گەستن .

واتە : خوانی پیاوی گەورە لەوە ئەچێ کە پۆرە هەنگ لە دەوری

عاجیزی شوکری تەمامی نیعەمم ســـەر تا پا
کە نە ڕیش بەڵم و ، نە کۆسە و ، نە کەل و گۆج و شەلم (٨)

« نالێ »یو سینەیی بێکینەیی چاکم ، ئەمما
چاکی دامەن تەڕم و ، وشکە سەرابی عەمەلم (٩)

کۆرەکە خڕ ئەبنەوە . ئەو خۆی کۆرەی هەنگە و ئەوانەش لە دەوری خڕ بۆنەتەوە پۆرە هەنگن ، منیش یەکێکم لەو هەنگانە ، بەڵام من هەنگێکیوام خوێنی بەدکار ئەمژم ، یاخود کام گـــوڵ وەك دەمی یـــار جـــوانە بەوەوە ئەنیشـمەوە، چزۆ ئازاراویم بۆ هەرکەس بییەوێ بە خراپ توخنم بکەوێ، پێچەوانەی عەسەلم ، تاڵم ، بۆ کەس قوت ناچم ، یـــاخود لەجیـــاتیی هەنگوین بەخشین (لَسَعْ)م هەیە کە واتە پێوەدان .

نالێ لە وشەی (خۆشاهەنگە)دا ویستوێەتی ئیشارەتێك بۆ وشـــەی (شاهەنگ)یش بکا کە سەرگەورەی هەنگەکانە و بەڕێوەبەری کاروباریانە.

(٨) نیعەم : نِعَمْ ، جەمعی (نِعْمَة)یە واتە نیعمەت . ڕیش بەڵم : ڕیـــش سپیی مەیلە و زەرد و ڕیش زۆر و فش و فۆڵ . کەل : ددان کەوتۆ .

واتە : هەرگیز ناتوانم بەتەواوێ شوکرانە بژێریی نیعمەتی خوا بکەم ، یاخود ناتوانم شوکرانە بژێریی نیعمەتی خوا بکەم کە لە تەوقی سەر تـــا نۆکی پێمی گرتووەتەوە ، نە بەڵمە ڕیشم و ، نە کۆســـەم و ، نە پـــیر و دانکەوتۆم و ، نە گۆج و شەلم . ئەشگونجێ (کەل) نەبێ (گـــول) بێ ، چونکە جاران هەردۆ وەك یەك ئەنۆسران .

(٩) چاك : کراوە و ئاشکرا . چاکی دامەن : چاکی داوێن . سەراب : دەشتی لمین کـــە لەدۆرەوە ئەبریسکێتـــەوە و تینۆ وائەزانـــێ ئاوە و ئەچێتـــە سەری و ، کە بۆی دەرئەکەوێ هیچ نییە بە نائومێـــدێ ئەگەڕێتـــەوە . یـــاخود : ســـەراو .

واتە : من نالیم و هیچم لە کەس ناشارمەوە و سنگم کڕاوەتەوە بـــۆ خەڵك و ، هیچ کینەیەکم لە دڵدا هەڵنەگرتووە بۆ کەس . کەچێ لەگەڵ نالەباریی گەردۆن تێگلاوم و چاکی داوێنم تیـــا تەڕ بووە و ، ســـەرابی کرداری باشم بۆ ڕۆژی قیامەت وشکە و ئاوی تیا نییە ، یاخود کانیاوی کردارم وشکە .

عەزیزم ، ژۆحی شیرینم ، دو چاوم !
دەوای زامی دڵ و جەرگی بڕاوم ! (١)

ئەتو شا ، من گەدا ، دادم بپرسە
لە ظوڵمی چاوی بیمارت کوژاوم (٢)

ئەگەر نەیدەیتە دەس خۆم قاتیلی خۆم
لە ژۆژی ئاخیرەتدا بی پێناوم (٣)

— ٩ —

(١) ئەم پارچە شیعرەیش تەنها لە نوسخەکەی (عم) و (گم)دا هەیە . ئێمە ئەمیش هەر بە شیعری نالێ نازانین . بەڵکو لامانوایە شیعری (کاکە حەمەی ناری)یە. بەداخەوە دیوانەکەی ناریمان لا نەبو تا بتوانین تەماشای بکەین . ئەم بۆچۆنەی ئێمە لەوەوەیە کە یەکەم : شێوەی شیعرەکە زۆر لە شێوەی شیعری ناری ئەچێ . دۆهەم : تەعبیری (کوژاوم) کە لە بەیتی دۆهەمدا هاتووە و تەعبیری (دەس خۆم) کە لە بەیتی سێهەمدا هاتووە ، شێوەی مەریوانن و کاکە حەمەش خەڵکی ئەوێیە . سێهەمیش زۆر نزیکە کەسێکی کۆلکە خوێندەوار (ناری)ی لێ بۆبێ بە (نالێ) . بلاوکردنەوەی شیعرەکەش یەکەمجار لە چاپی (عم)دا کە لە (سنە) چاپکراوە ، ئەم بۆچۆنەی ئێمە بەهێز ئەکا ، چونکە پەیوەندی (مەریوان) بە (سنە)وەیە . مامۆستا مەسعۆد موحەممەدیش ، لە گفتوگۆیەکی تایبەتیدا وتی بە شیعری نالیی نازانم . د. مارف خەزنەداریش هەر بەمەعنایە ژایەکی بلاو کردووەتەوە . (د. مارف خەزنەدار ، گۆڤاری ژۆژی کوردستان ، ژمارە ٣٤ی کانونی یەکەمی ١٩٧٥ و کانوونی دۆهەمی ١٩٧٦) بەڵام دیسان بۆ ڕێزگرتن لە بۆچۆنی مامۆستا عەلی موقبیل کە یەکەمجار ئەو ئەم شیعرەی بە ناوی نالییەوە بلاو کردووەتەوە ، ئێمەش لێرەدا بلاوی ئەکەینەوە و چاوەڕوانی دەرکەوتنی شتێکی نوێ ئەبین لەبارەیەوە .

(٢) واتە : شکاتی خۆت لای خۆت ئەکەم ، چونکە هەر تۆی بتوانی دادم بدەی .

(٣) واتە : ئەگەر چاوتم نەدەیتە دەس کە خوێنمی ڕشتووە ، تا منیش تۆڵەی

دەسا لادە سەری زوڵفت لەسەر ڕۆت
کە ڕۆتی ڕۆتم و مایل بە تاوم (٤)

لەباتیی خوێنی خۆم ڕاضیم بە ماچێ
دەسا بیدە هەتا زیندوم و ماوم

ئەوا نیشانەیی مەرگم عەیانە
کە من غەرقیی خەم و خوێن و زوخاوم (٥)

مەکەن مەنعم لە شیوەن ئەی ژەفیقان !
کە مەحزۆن و غەمین و دڵ شکاوم

لە ژینی خۆم ئومێدم قەطعە « نالێ » !
کە ستۆتاوە هەمۆ جەرگ و هەناوم (٦)

خۆمی لێ بکەمەوە و تێر تێر ماچی کەم و خوێنی بمژم ، یاخوا لە ڕۆژی قیامەتدا بکەوێتە بەر لێپرسینەوە و لەپێناوی ئەو تاوانەدا لەگەڵ منت کرد ، تیا بچی .

لاوازیی نیوەی دۆهەمی ئەم شیعرە لەبارەی دارشتنەوە ، یەجگار ئاشکرایە .

(٤) مایل : حەزکردۆ . تاو : هەتاو ، خۆر .
واتە : سەری زوڵفت لەسەر ڕۆمەتی وەك ڕۆژت لادە ، چونکە من بەهۆی عەشقی ڕۆتەوە ڕۆت و قۆت کەوتۆم و ئارەزۆی ئەوەم هەیە خۆری ڕۆت لێم بدا و گەرمم کاتەوە .
لەنێوان (ڕۆتی) و (ڕۆتم)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان ئەم دوانە و (ڕۆت)دا جیناسی ناقیص هەیە .

(٥) عەیان : ئاشکرا و دیارێ .

(٦) ئومێدم قەطعە : هیوام بڕاوە .

گەر دەپرسێ من لەبەر چێ کەم دەخۆم
من بە برسێ قەط مەزانە ، غەم دەخۆم (١)

— ١٠ —

لە ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەی دیوانی نالییەدا بۆ چاپ، گەیشتبۆینە ئەم پارچە شیعرە ، ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ دۆ دەسنوسی دیوانی نالیی داینەلا . نوسخەیەکیان دۆ ــ سێ کەسی خەتخۆش لــە نۆسینەوەیدا بەشداریان کردبو ، بەڵام کەسیان ناوی خۆی نەنۆسیبو . یەکــێ لەمــانە لە داوێنــی بەشــێکی دیوانەکەوە نۆسیویە کــەوا لە سولەیمانێ نۆســیویەتەوە و بــۆ (مەلا عبدالحمید) ناوێکی نۆسیوەتــەوە . ئەمەیــان بایەخــێکی زۆری بــە نۆسینەکەی داوە و سەر و ژێرێکی زۆری بۆ وشەکان کردووە و لە چەند شوێنێکیشدا چەنــد وشەیەکی مەعنا لێداوەتەوە . یەکێکی کەشــیان نۆسیویە کەوا لە ١٣٢١ی . ك (١٩٠٣ ــ ١٩٠٤ی . ز)دا نۆسیویەتەوە. نوسخەکەی تریشیان کە دیارە نوسخەیەکی تازەترە ، وەك ئەوی پێشۆ بە خەتێکی خۆش نۆسراوەتەوە، بەڵام لەبارەی وردێ و بایەخی زانستییەوە نوسخەیەکی عادەتییە . نۆسیاری ئەمیش نە نــاوی خۆی و نە ساڵی نۆسینەوەی نەنۆسیوە . بە وەرگرتنی ئەم دۆ نوسخەیە ئەمانیشمان بۆ کەڵك لێ وەرگرتن خستە بەردەستە و بۆ یەکەمیان ئیشارەتی (خــا) و بۆ دۆهەمیان ئیشارەتی (خب)مان دانا .

بەرابەر بە بەردەستخستنی ئەم دۆ نوسخەیە سوپــاسێکی زۆری شێخی خاڵ ئەکەیــن .

(١) واتە : ئەگەر لێم ئەپرسێ بۆچی خواردنێکیوام نییە و کەم ئەخۆم ، لــە وەڵامدا پێت ئەڵێم کەوا من برسێ نیم ، وا تێنەگــەی . خــواردنی من خەم و پەژارەیە و ئەوەندە زۆری ئەخۆم پێی تێڕ ئەبم و پێویســتم بــە خواردنیتر نییە .

دەپرسێ (کم) : ئەپرسێ . (خا) : بپرسێ . دەخۆم («پەراوێزی» چر) و (کم) : ئەخۆم .

ئاوی سوێری چاو و باری تاڵی لێو
سوێر و تاڵێ دەمدەم و ژەمژەم دەخۆم (٢)

تا سەری زوڵفت لەسەر ڕۆ حەڵقە دا
من وەکۆ ماری سەر ئاگر خەم دەخۆم (٣)

---

(٢) واتە : خواردنی من بریتییە لە ئاوی سوێری چاو کە فرمێسکە کـە بە چاوما دێتە خوار و بە لێو ئەیلێسمەوە و ، لە باری تاڵی لێوم کە بە ددان لێیئەکەمەوە و ئەیخۆم . من تاو بە تاو و ژەم بە ژەم ، سوێرێ و تاڵێ ئەخۆم ..

لەنێوان (ئـاو) و (چـاو) و ، (دەم دەم) و (ژەم ژەم)دا جینـاسی لاحیق و ، لەنێوان (چاو) و (لێو)و ، (سۆر) و (تاڵ)دا تەناسـوب هەیـە .

تاڵی لێو (ك) و (عب) : تاڵـە لێـو . بەپێـی ئەم نوسـخانە ئەبـۆ (سوێری)یش (سوێرە) بووایە . (« پەراوێزی » چر) و (اح) : لێوی تاڵ . (خا) : لێوی ئاڵ . نیوە شیعری دۆهەم لە (« پەراوێزی » چر) و (خا)دا بەم جۆرەیە :

سوێریو تاڵێ ئەمن ژەم ژەم دەخۆم

(٣) دا : بدا . خەم : پێچ .

واتە : هەرچەند سەری زوڵفت کە وەك مار وایە ، بەسەر ڕۆتەوە کە وەك ئاگر گەشە ، لۆل بخوا و ببێ بە ئەڵقە، منیش لەئاستی خۆمـەوە وەکۆ ماریێك کە بەسەر ئاگرەوە ڕاگیرابێ قرچ ئەبم و بە دەوری خۆمدا پێچ ئەخۆم و دێمە یەك .

ئەم بەراوردەی کە نالێ لەم شیعرەیدا کردۆیە : سەری زوڵفی یاری بەسەر ڕۆمەتیەوە داناوە بە مار کە بخرێتە سەر ئاگر و ، پێچ خواردنی خۆیشی لەتاو ئاگری خۆشەویسـتێ لە بەرابـەری ئـەوەدا دانـاوە ، وردەکارییەکی یەجگار جوان و باڵا و وێنەیەکی کەمهاوتایە .

لە (حەڵقە) و (خەم)دا تەرادوف هەیە .

زوڵفت (عم) و (گم) و (مز) و (عب) و (اح) : زوڵفی . دەخـۆم (کم) و (من) : ئەخۆم .

ئاوی کەوثەر نۆشی صۆفیێ بێ کە من
ئاوی ئینسان ، یەعنی ماچی دەم دەخۆم (٤)

شەربەتی خەوف و ڕەجای ئەغیار و یار
ترش و شیرین هەم دەچێژم ، هەم دەخۆم (٥)

من لە طەوری عالەم و دەوری فەلەك
ضەربی لازیب ، زەخمی بێ مەرهەم دەخۆم (٦)

---

(٤) ئاوی کەوثەر : ئاوی حەوزی کەوثەر لە بەهەشتدا .
ئەم بەیتە لە نوسخە دەسنوسەکاندا ، تەنها لە نوسخەی (من)دا هەیە . ئێمە وای بۆ ئەچین هیی نالێ نەبێ ، یەکەم لەبەرئەوە کە پێچەوانەی هەمۆ بەیتەکانیترە کە تێکڕا باسی دەرد و پەژارەن . دۆهەمیش لەبەرئەوە کە تەعبیری (ئاوی ئینسان) هەرچەند پاشانیش بە (ماچی دەم) **مەعنای لێدراوەتەوە ، تەعبیرێکی تازادەیەك نا شایانە .**
دەخۆم (کم) و (من) : ئەخۆم .

(٥) خەوف : ترس . ڕەجا : ئومێد . خەوف و ڕەجا دۆ حاڵەتی تایبەتین لە موسوڵمانی ڕاستەقینەدا کۆئەبنەوە ، لەلایەکەوە هەرگیز ترسی خودای لە دڵ دەرناچێ و ، لە لایەکی‌کەشەوە هەمیشە هیوای ڕەحمی خوای لە دڵدایە و نائومێد نابێ . ئەغیار : بێگانە و ناحەز . هەم : دیسان . خەم.
واتە : من ئەو شەربەتە ترش و ناخۆشە ئەچێژم و ئەو شەربەتە شیرین و خۆشە ئەخۆمەوە کە بریتیین لە ترسی بێگانە و ناحەز و هیوای نەوازش و بەزەیی یار و ، ساتێ حەسانەوەم نییە و لەنێوان ئەم دوانەدام .
لە کۆکردنەوەی (شەربەت) و (ترش) و (شیرین) و (دەخۆم) و (دەچێژم)دا تەناسوب و ، لە هێنانی (ئەغیار) و (یار) و ، (ترش) و (شیرین)دا بەدوای (خەوف) و (ڕەجا)دا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە . سەرەڕای طیباقی نێوان (خەوف) و (ڕەجا) و ، (ترش) و (شیرین) و ، (ئەغیار) و (یار) .
لە (هەم دەچێژم) و (هەم دەخۆم)یشدا لەطافەت هەیە چونکە (هەم) بە مەعنا (دیسان)یش و بە مەعنا (خەفەت)یش هاتووە .
دەچێژم (کم) و (من) : ئەچێژم . دەخۆم (کم) : ئەخۆم .

(٦) طەور : کردار و ڕەوشت . گۆڕان . دەور : سۆڕان . فەلەك :

تاڵی بێیار و دیار و تار و مار
عەلقەمی چێ ؟ ئەرقەمی چێ ؟ سەم دەخۆم ! (۷)

نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قۆتییە
من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم (۸)

غەم دەڵێ : « نالێ » کە غەمخوارتیم نەکا
ناعیلاجم من بەنێ ئادەم دەخۆم (۹)

گەردۆن . ضەربی لازیب : لێدانی‌وا کە بە بنیادەمەوە بنۆسێ و لێی‌نەبێتەوە . مەرهەم : مەڵهەم .

واتە : من بەدەست ژەوشت و کرداری خەڵکێ و گۆڕانی دنیا و سۆڕانی چەرخی گەردۆنەوە ، گیرم خواردووە . کوتەکی‌وام پیا ئەماڵرێ هەرگیز لێم نەبێتەوە و ، زامی‌وام لێ ئەکرێ هەرگیز تیماری نەبێ .

عالەم و (چن) عالی . ئەگونجێ عالی‌یی بێ یا عالی‌یو . دەوری (چر) و (خا) : جەوری . دەخۆم . (کم) : ئەخۆم .

(۷) دیار : ولات . تار و مار : سەرەوژێر بۆ و تێکچۆ و پژ و بڵاو . عەلقەم : کاڵەکە مارانە . ئەرقەم : ماری شڵ ، پیسترین جۆری ماری کوشندەیە . سەم : زەهر .

واتە : من تاڵێ و ناخۆشییەك ئەخۆم کاڵەکە مارانە و ژاری ماری شڵ لە چاویا هیچ نین .. من تاڵیی غەریبێ و بێکەسێ و دەربەدەرێ ئەخۆم .. من ژاری ڕاستەقینە ئەخۆم !

تاڵیی (کم) و (من) : تابشی . دیار و (چن) و (ت) و (مز) و (اح) : دیار . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . (عم) و (گم) : دیاری . عەلقەمی چێ ؟ ئەرقەمی چێ ؟ : ئەمە بەگوێرەی نوسخەی (خا) و (خب)ە ، ئەگینا لە هەمۆ نوسخەکانی‌تردا بەرودوان . ئێمە ئەوەی نوسخەی(خا) و (خب)مان لا پەسەند بو چونکە ئەبێ سەرکەوتن لە سۆکەوە بێ بۆ قورس .

(۸) مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە مەعنای شیعری پاشەوەیەوە .

نەوعە ئینسانێ هەیە (خا) : نەوعی ئینسانێ هەمۆ ، یاخود هەم و . من غەمی خۆم و غەمی (چر) و (مز) و (عب) و (من) و (خب) : من غەمی خۆم هەم غەمی . (گم) : من غەمی خۆم و هەمۆ . (خا) : هەم غەمی خۆم هەم غەمی . دەخۆم (کم) و (من) : ئەخۆم .

(۹) واتە : کەسانی‌وا هەن ژیانیان لەسەر خەم و خەفەت بەندە و بە خەم

وەی کە ژۆزەردی مەدینە و ژۆسیاهی مەککە خۆم !
دەرکراو و دەربەدەر ، یا ژەب دەخیلی عەفوی تۆم (١)

خواردن ئەژین . من یەکێکم لەوانە ، بەڵام تەنها بە خواردنی خەمی خۆم داناکەوم ، خەمی خەڵکی‌کەش ئەخۆم ، چونکە (خەم) ئەڵێ ئەگەر نالێ خەمم نەخـوا و بەتەنـگمەوە نەیـەت و ، هەمۆم نەگرێتـە ئەستۆی خۆی ، ناچار ئەبم دنیا هەمۆ بگرمـەوە و هـەمۆ ئەم خەڵکە بخـۆم و گشتیان لەناوبـەرم . بۆیە من خـۆم ئەکەم بەقوربانیی ئـەم خەڵکە و سەرپەرشتیی خەم ئەکەم تا ئەم خەڵکە لە خوران ژزگار بکەم ، چش کە خۆیشمی تیا بچم .

لەنێوان (هـەم) و (غـەم)دا جیناسی موضـاریع و ، لـە (خۆم) و (دەخۆم)دا جیناسی ناقیص هەیە .

دەڵێ (کم) و (من) : ئەڵێ . غەمخـواریم (عب) : غەمخواریَ . نەکا (ت) : نەکەی . ناعیلاجم (چر) و (مز) و (عب) و (خا) : بێعیلاجم .

ئەم پارچە شیعرە بۆ لێکۆڵینەوەی باری دەرۆن و جۆری بیرکردنەوەی نالێ پایەیەکی تایبەتیی هەیە . دیارە پاش دەرچۆنی لە کوردستان ، لە مەککە لەکاتی مالاّواییی چۆندا بۆ ئەستەمۆڵ وتۆیەتی . هەندێ نیشانەی ئەوەی تێدایە کە نالێ لە مەیدانی بیری ئایینیدا پیاوێکی (دیمەن پەرست) نەبوە . نـالێ لەم پـارچە شـیعرەیدا بەئاشـکرا ئەوە دەرئەخـا کـە، دۆرێ و نزیکێ لە مالّی خـوا لە خۆیدا هیچ نییە و کار لەسـەر (نیاز) بەندە و ، گوناە بە (ئاوی زەمزەم) داناشۆررێ .. بێزاریی خۆی لەوە دەرئەبڕێ کە بنیادەم بە خێر و حەسەناتی ئەم و ئەو بـژێ و کـاتی بـە بێ‌کار و کاسبێ بەرێتەسەر و ، ئەوە بە شایانی خۆی نازانێ . وای پێ چاترە تەنانەت لە خاکی زۆمدا گوڵۆچنێ بکا ، تا ئەوە کە بە بەروبۆمـی وەقفی پیاوچاکان بژێ لە مەککە .. لای شۆرەییە پێشەی بنیادەم هەر خواردن و نۆستن بێ و بەرهەمێکی بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵ لێ نەوەشێتەوە.

هەروەها بە بەراوردی ئەم پارچە شیعرەدا لەگەڵ ئەوی‌کەی کە پێشتر بڵاومان کردەوە و لە مەدینە وتبۆی و سەرەتاکەی ئەوەبۆ : « ئەی تازە

دەفتەری ئەعمالی من ، بێ قەطرەیێکی ڕەحمەتت ،
کەی بە صەد زەمزەم سیاهیی نوقطەیێکی لێ دەشۆم ؟! (٢)

جەوان .. تاد » ، بۆمان دەرئەکەوێ کــە نالێ دۆ سەفەری حیجازی هەیە و ئەمەیــانی لە سەرەتای بەجــێهێشتنی کوردســتان و گوڕی بیرکردنەوە و سۆزدا وتووە و ، ئەویانی لە سەفەرێکیتری سەردەمی پیریدا داناوە .. چونــکە ئەو هەڵوێستە ئازایانەی نــاڕەزایێ لە ژیانی تەوەزەلێ و بێکارێ کە لەمیانیدا دەربڕیوە ، بە هیچ جۆرێ لەگەڵ ئەو نیشــانانەی پیرێ یەکناکەوێ کە لەوی‌کەیاندا بۆمان دەرئەکەوێ ..

(١) واتە : هاوار بۆ من کە ڕۆژەردی مەدینەی شــاری مەرقــەدی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) و ڕۆژەشی مەککەی دابەزگەی سرۆشم و ، پێم‌ناکرێ تیایاندا بمێنمەوە و بەجێیان‌ئەهێڵم .. خوایە ! من کە لــەم دۆ شــارە پیرۆزەدا نامێنمەوە ، وەک دەرکراو و دەربــەدەر وام و ، ئەبــێ تۆ لێــم ببۆرێ و چاوەڕوانی لێ‌بۆردنتم .

دۆریش نییە مەبەستی لە (ڕۆژەردیی مەدینە) و (ڕۆسیاهیی مەککە) ئەوە بێ کەوا تــا ئەوکاتە مەدینەی نەدیــوە و ، ناشتوانێ لــە مەککەدا بمێنێتەوە . هەروا دۆریش نییە مەبەســتی لە (دەرکراو و دەربەدەر) ناچار بۆنی بەجێهێشتنی کوردستان بێ ...

لەنێوان (خۆم) و (تۆم)دا جیناسی لاحیق هەیە .

(٢) دەفتەری ئەعمال . کردارنامە. لە ئایەتدا هەیە کە خوا لە ڕۆژی داوەریدا ئەفەرموێت هەرکەسێک کردارنامەی خۆی بدرێتێ کە ڕزی ئەو چاکە و خراپانەی تیا نۆسراوە کە لە دنیادا کردۆنی . وشەی (دەفتەری ئەعمال) لەوە وەرگیراوە . زەمزەم : بیرێکە لە مەککە ، خەڵکێ بۆ پیرۆزێ ئاوی لێ ئەخۆنەوە و حاجێ لێیشی دێننەوە بۆ ولاتی خۆیان .

ئەم شیعرە و شــیعرەکانی پاشەوەی ، بەڵگەی پێویســت نەبۆنی مانەوەن لــە مەککە ، نــالێ ئەیانهێنێتــەوە . واتە : خــوایە ، بۆچی بمێنمەوە ! دەفتــەری کردارم پــڕە لە گوناه و بە صەد ئــاوی زەمزەم نوختەیەکی ناکوژێنرێتەوە و ، هەمۆ شتێ لەسەر ڕەحمەتی تۆ بەندە . ڕەحمەتی تۆیش چ لێرە و چ لە هەر شوێنێکی‌کە چون یەکە .

چەند تەعبیرێکی جوان و زیادەڕەوییــەکی وردە ، لەلایەکەوە ئاوی صەد بیری زەمزەم تاقە نوختەیەکی کردارنامەی نالێ ناشواتەوە ، کەچێ لەولاوە تاقە دڵۆپێکی بەزەیی خوا بۆ لابردنی هەمۆی بەسە ..

کەعبە ئیشراقی وەکو خورشیدە ، من چاوم ضەعیف
لێم بووە ڕۆشن کە بوعدی قوربە ، قوربی بوعدە بۆم ! (٣)

بۆ جیواری حەق لە هەر جێ صیدقی نییەت کافییە
من لە (بیت الله) ئینشەڵلاّ (بأذن الله) دەڕۆم (٤)

لێم حەرامە دانەوو ئاوی حەماماتی حەرەم
من کە بازی دیدە بازم نەڵ شەوارەی دەستەمۆم (٥)

---

(٣) ئیشراق : تیشکدانەوە . خورشید : خۆر . بوعد : دوورێ . قورب : نزیکێ .
واتە : کەعبە تیشکی وەکو خۆر وایە ، منیش کابرایەکم چاوی دڵم کز و کوێرە . کەسێکیش چاوی کز و کوێر بێ ، تا لە خۆرەوە دوورتر بێ و نەچێتە بەری و لە سێبەردا بمێنێتەوە ، باشتر کەڵک لە تیشکی وەرئەگرێ و بەپێچەوانەشەوە . من خۆم بەم چاوە کز و کوێرانەمەوە ئەم ڕاستییەم بۆ ڕۆشن بووەتەوە و بۆم دەرکەوتووە کەوا تا لە خۆری کەعبەوە دوورتر بم ، لەڕاستیدا لێیەوە نزیکترم و ، تا زۆرتر بچمە بەری ، کەمتر کەڵکی لێ وەرئەگرم .
لە کۆکردنەوەی (قورب) و (بوعد)دا طیباق هەیە .
کەعبە ئیشراقی : (چر) و (ك) و (اح) و (خا) : کەعبەیی ئەشراف . (« پەراوێزی » چر) و (« پەراوێزی » خا) : کەعبەیی ئەشرەف . (کم) و (من) : کەعبەیی ئەشواق . (تۆ) و (عب) و (خب) : کەعبە ئەشواقی . وادیارە ئەمیش هەر (ئیشراقی) بووە و بە هەڵەی نۆسیار گۆڕاوە . تێکڕای ئەم شیعرە لە (چن)دا نییە .

(٤) جیوار : دراوسێیەتێ . حەق : خوا . صیدقی نییەت : ڕاستیی نیاز . بیت الله : ماڵی خوا ، کەعبە ، مەککە . ئینشەڵلاّ : ان‌شاءالله ، خوا بیکا . باذن الله : خوا ڕازیی لێ بێ .
واتە : بۆئەوەی بنیادەم لەپاڵ خوادا بێ و دراوسێی بێ ، مەرج نییە دانیشتوی مەککە بێ ، لە هەرکوێ بێ ، هەر ئەوەندە نیازی پاك و ڕاست بێ ، دراوسێی خوایە . بۆیە ، منیش خوا یار بێ ماڵی خوا بەجێئەهێڵم و ئەڕۆم ..
لە هەر جێ (چر) و (ت) و (ك) و (مز) و (اح) : لە هەرچێ .

(٥) دانە : ئەو دانەی بۆ پەلەوەر دائەکرێ . حەمامات : کۆترەکان . حەرەم :

تا به‌که‌ی وه‌ك ڕاوییه و ، وه‌ك سانییه‌ی سێ پەل شکاو
بێ طه‌واف و سه‌عی و عه‌مره هه‌ر بخه‌وم و ، هه‌ر بخۆم ! (٦)

حه‌ره‌می که‌عبه . یاخود مه‌ککه و ده‌وروبه‌ری . دیده باز : چاو کراوه . شه‌واره : ئه‌و باڵنده‌یه‌یه که به شه‌وی تاریك ڕۆشنایی ئه‌بینێ و ڕێ ون ئه‌کا و به ئاسانی ئه‌گیرێ . ده‌سته‌مۆ : ئه‌و په‌له‌وه‌ره‌ی سڵ نه‌کاته‌وه له خه‌ڵك و به‌ئاسانی بگیرێ .

واته : من که بازی چاوکراوه‌م و ئه‌توانم زۆر به‌رز بفڕم و به هێزی خۆم نانی خۆم په‌یدا بکه‌م و ، په‌له‌وه‌ڕێکی به شه‌واره که‌وتۆی ده‌سته‌مۆ نیم هه‌رکه‌س ئـاره‌زۆی لێ بێ بمگرێ و بمبا بۆ خـۆی و بمکا به هیی خۆی ، حه‌رامه له‌م ده‌ور و بـه‌ری حه‌ره‌می که‌عبه‌دا لێی‌بکه‌وم و وه‌ك کۆتره ده‌سه‌مۆ بووه‌کانی ، خێرۆمه‌ند دانم بۆ داکه‌ن و ئاوم بده‌نێ !

نالێ له‌م شیعره‌یدا ئه‌وکه‌سانه‌ی که بێ ئیش و کار له ده‌وروبه‌ری حه‌ره‌می که‌عبـه‌دا دانیشتۆن و به خێری خێرۆمه‌نـدان ئه‌ژین و هێز نادەنه به‌ر خۆیان کاسبییه‌ك بکه‌ن و به ڕه‌نجی شان و ئاره‌قی ناوچاوان نان په‌یدا بـکه‌ن ــ شوبهاندووه به کۆتره بێده‌سـه‌ڵاته ده‌سته‌مۆکانی حه‌ره‌م . جا ئاخۆ نالییه‌ك که هه‌ڵۆیستی به‌رابه‌ر به‌وانه ئاوا بۆبێ و وا ئازایانـه ڕه‌خنه‌ی لێ گرتبن ، ئـه‌بێ هه‌ڵۆیستی به‌رابه‌ر بـه سۆفێ و ده‌رۆیشه‌کانی خانه‌قا و ته‌کیه‌کانی کوردستان چۆن بۆبێ ؟! دیاره گه‌لێ له‌وه تیژتر بووه که جاروبار له هه‌ندێ شیعریدا ده‌رئه‌که‌وێ .

له یه‌کخستنی (حه‌رام) و (حه‌مام) و ، (بـازی) و (بازم)دا جیناسی لاحیق و ، له کۆکردنه‌وه‌ی (حه‌رامه) و (حه‌ره‌م)دا جیناسی ناقیص و ، له‌نێوان (دانه) و (ئاو) و (حه‌مامات)دا ته‌ناسوب و ، له به‌راورد کردنی (دیده‌باز) و (شه‌واره)دا طیباق هه‌یه .

شه‌واره‌ی (چر) و (چن) و (ك) و (مز) و (اح) و (خا) : ڕیشۆله‌ی .

(٦) ڕاوییه : حوشتر یا هه‌ر وڵاخێکی‌تر که ئاوی پێ بگوێزنه‌وه . وشه‌که به عه‌ره‌بێ واتـه (ئاوده‌ر) . جاران له سه‌رده‌می حه‌جـدا به وڵاخ ئاویان به‌سه‌ر ڕه‌شماڵی حاجییه‌کاندا به‌شیوه‌ته‌وه . سانییه : ئه‌و حوشتره‌ی ئاوی له بـیر پێ هه‌ڵئه‌گۆزن . طه‌واف : یه‌کێکه لـه کاره‌کانی حه‌ج ، گه‌ڕانه به ده‌وری ماڵی که‌عبه‌دا . سه‌عی : کارێکی‌تری حه‌جه ، ڕاکردنه له‌نێوان (صه‌فا) و (مه‌روه)دا که دوو شوێنن . عه‌مره : واجبێکی‌تری وه‌کو حه‌جه ، جیاوازیی له حه‌ج له‌وه‌دایه مه‌رج نییه هه‌ر له ده ڕۆژی یه‌که‌می مانگی قوربانا بکرێ و وه‌ستانی (عه‌ره‌فه)شی تیا پێویست نییه .

من لەوانەم چێ کەوا ئەهلی وەسیلەو مەسئەلەن
عامیل و ناچار و مەعذوّر ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم ! (٧)

واتە : تا کەی من وەك وشترێکی سێ پەل شکاوی ئاو هەڵگۆستن و ئاوگێڕان بم ، نەك هەر تەنها هیچم پێ نەکرێ ، بەڵکو ئەگەر هیچیشم پێ بکرێ هیچێکی ئەوتۆ نەبێ .. تا کەی من بێئەوەی لەبەر پەل شکاوێ بتوانم بـە دەوری ماڵی خوادا بگەڕێم و ، لەنێوان صـەفا و مەروەدا ڕابکەم و ، واجـبی عەمرە بەجێبێنم ، کار و پیشـەم هەر نۆستن و خواردن بێ . یاخود تا کەی من وەك حوشتری سـێ پەل شکاوی ئاو هەڵگۆستن و ئـاو گواستنەوە ، لەجێـدا کەوتبم و بخـۆم و بخەوم و کارێکی سۆدمەندم لێ نەوەشێتەوە ، با تەنانەت ئاودانیش بێ بە خەڵك ؟!
لەنێوان (بخەوم) و (بخۆم)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە .

وەك ڕاوییە و وەك سانییە (چن) و (ت) و (خا) و (خب) : وەك ڕاوییە ، وەك سانییەی . (عب) و (اح) : وەك ڕاوییە ، وەك سانییە . طەواف و سەعی و عەمـرە : ئەمە بەپـێی تێکستی نوسخەی (چـر) و (خا)یە . نوسخەکانیتر هەندێ وردە جیاوازییان تیایە ، بەڵام هەمۆی هەڵەیە . هەر بخەوم و هەر بخۆم (ك) و (تۆ) و (عب) و (خا) : هەر بنۆم و هەر بخۆم (ت) و (مز) و (اح) و (خب) : هەر بخۆم و هەر بنۆم . ئەوانی دیکە هەمۆ هەڵەن .

(٧) وەسیلە : هۆی خۆ نزیك‌کردنەوە لە خەڵك . مەسئەلە : داوا ، سوالّ . مەعذوّر : بیانۆدار .

واتە : من حەقم چییە بەسەر ئەو کەسانەوە کە فێری خۆ هەڵواسین بوون بە خەڵکا و بە سوالّ و صەدەقە ئەژین .. من چیمە بەسەر ئەو کەسانەوە کە ناچارن و بیانۆیان هەیە هـەر داوای زیاتر ئەکەن چونکە خۆیان کاسبییان پێ ناکرێ .. من لەوانە هیچیان نیم و ، ئەتوانم بە ڕەنجی شانی خۆم بژیم . لەبەرئەوە لە مەککەدا نامێنمەوە و پشت بە ژیانی چاو لەدەستێ نابەستم و ئەڕۆمـە شوێنێکی‌کە بۆ خۆم ئیشێك ئەکەم و پێی‌ئەژیم .

وشەی (عامیل) لەم شیعرەدا زۆر بێجێیە . ڕێی تێچێ یا (خامیل) بۆبێ یا (عاطیل) و بە هەڵەی نۆسیار گۆڕابێ . لە نوسخەی (خب)یشدا نۆسراوە (عالم) . ئەمە بۆڕەڕێیەکی تێئەچێ ، لەوڕووەوە کە (مەلا) زیاتر هەر چاو لە دەستی خەڵك بوون و بە خەڵات و بەراتی گەورە گەوران و یارمەتیی خەڵك ژیاون .

خەوفی من لێرە لەبەر زۆریی گوناهە یەك بە صەد
گەرچی عاصێ و موذنیبم ئەمما موقیرّ و بێ درۆم (٨)

شادمانێ بێ وەفایە ، یاری تێرێ و مەستییە
یاری تەنگانەم غەمە با هەر غەمی خۆم خۆم بخۆم (٩)

لامەدە « نالێ » لە ئەنباری جیرایەی صالّحان
گەرچی ببیە خۆشەچینی دانەیی خەرمانی زۆم (١٠)

وەسیلە و : لە هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمانا ، جگە لە (چن) ، نۆسرابو (وەسیلەی) . ئێمە ئەوی (چن)مان لا پەسەند بۆ . مەعذۆر (چر) و (چن) و (ك) و (مز) و (اح) : مەغرۆر . (تۆ) و (من) و (خا) : مەغدۆر .

(٨) موذنیب : گوناهبار . موقیرّ : پێلێنەر .
واتە : من درۆ ناکەم و پێی لێ ئەنێم کەوا کابرایەکی گوناهبارم . گوناهیش لە مەککە یەك بە صەد ئەژمێررێ لای خوا . بۆیە من لە زۆریی گوناهی خۆم ئەترسم و ناتوانم لێرە بمێنمەوە و ئەڕۆم .

(٩) واتە : شادمانێ وەفای بۆ کەس نییە ، تەنها لە سەردەمی تێرێ و مەستیدا لەگەڵ ئینساندایە . کە بنیادەم کەوتە تەنگانەوە هەر خەم و خەفەت یار و یاوەر و دۆستی ئەبێ . منیش ئیستا لەم تەنگانەیەمدا هەر خەم برادەر و هاوڕێمە ، کەواتە با خۆم خەمێکی خۆم بخۆم و چارەیەکی دەردی خۆم بکەم .
مەستییە (« پەراوێزی » چن) : هەستییە . تەنگانەم (خب) : تەنگامەم .

(١٠) ئەنبار : عەمار . جیرایەی صالّحان : ئەو بەراتەی بۆ پیاوچاکان تەرخان ئەکرێ کە پێیبژین و خەریکی خواپەرستیی خۆیان بن . خۆشەچین : گوڵۆچنێکەر . ئەوەی خێر و بەرەکەتێکی زۆری دەسگیر ببێ . ئەم دۆ مەعنا دژی یەکن و وادیارە نالێ خۆیشی هەردۆ مەعناکەی مەبەست بۆبێ وەك پاش کەمێك ڕۆنی ئەکەینەوە .
نالێ لەم بەیتەیدا ، بە عادەتی شاعیرە کلاسیکەکان کە لە دوا بەیتدا پەشیمانییەك پیشان ئەدەن و ، ئەکشێنەوە ، ئەڵێ : نالێ ! ئەو قسانەی

دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە ، جەوابی نادەم
موددەتێکە لە قەفەسدایە ، عەذابی نادەم (١)

کە لەبارەی بەجێهێشتنی مەککەوە کردتن ، هەموو خەیاڵ بۆن و ، هەر ئەوەت بۆ باشـــە لێرە بمێنیتەوە نەچێ بۆ هیچکـوێ . دەس‌بەرداری عەماری بەرات و موچەی خواناسان مەبە و هەر لە مەککە بژێ ، بیری چۆن بۆ ئەستەموڵ لە مێشکت دەرکە ، مەچۆ ، هەرچەند ئەگەر بچێ ، بیشبی بە هەڵگر و چنەوەی دانەوێڵەی خەرمانی ولاتی زۆم و بکەوێتە خێر و خۆشییەوە .

زستەی (لامەدە) لە چەند نوسخەیەکدا بە (لابدە) نوسراوە . بەمپێیە ئەم شـیعرەش هەر بە زێگای شـیعرەکانی پێشوودا ئـەزوا . واتە : دەس‌بەرداری موچە وەرگرتن ببە لە عەماری بەراتی خواناسان و مەککە بەجێبێڵە و بـزۆ بۆ ولاتی زۆم ، هـەرچەند لەوێ لەبـەر هەژاری و نەدارایی موحتاجی گوڵۆچنی کردنیش ببێ .

لامەدە (تۆ) و (عب) و (خب) : لابدە . جیرایەی (چر) و (ك) و (اح) و (خا) : جیرابەی . لەسەر ئەم نوسخانە ئەبێ (جیرابی) بێ چونکە (جیراب) بەمەعنا هەمانەیە نەك (جیرابە) . (کم) و (عم) و (من) : خەزێنەی . (مز) : جەنابی . (خب) : خەرابەی . واتە : وێرانەی .

تێکڕای ئەم پارچە شیعرە بەبایەخەی نالی لە نوسخەی (گم)دا نییە . ئەگەر بیشڵێین مامۆستا گیو هیچ نوسخەی دەسنوسی لا نەبوە ، خۆ هیچ نەبێ ئەیتوانی لەبەر نوسخەکانی (عم) و (کم) بینوسێتەوە .

(١) چەمەن : باخ و گوڵزار . جەوابی نادەم : زێی لێ ناگرم . دڵی ناشکێنم . یاخود وەڵامی نادەمەوە ، چی ئەکا با بۆ خۆی بیکا .

واتە : ماوەیەکی زۆرە دڵ گیرۆدەی بەندی قەفەزە . ئیستا ئەیەوێ بایەکی باڵی خۆی بدا و گەشتێکی ناو باخ و گوڵزار بکا . بۆیە کە باسی خۆشیی دەر و دەشتم بـۆ ئەکا و بەمەعنا داوام لێ ئـەکا زێگای بدەم تۆزێك بۆخۆی زابوێرێ ، بێدڵیی ناکەم ، یاخود وەڵامی نادەمەوە ، با بۆخۆی حەزی لە چییە بیکا .

لەنێوان (دڵ) و (دەڵێ)دا جیناسی ناقیص و ، لە زسـتەی (جەوابی نادەم)دا لەطافەت هەیە . لە (قەفەس)یشدا ئیستیعارەی موصەزرەحە

مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گول و مول
بە دوصەد مەدرەسەوو دەرس و کیتابی نادەم (٢)

گوتم : ئەی ماه ، دڵی من بە دڵی خۆت بکرێ !
گوتی : من بەردی بەقیمەت بە کەبابی نادەم (٣)

هەیە چونکە بێبەشتێ و دنیا بەئارەزۆ نەبـوون شوبهێنراوە بە قەفەس ، نیشانەش ئەوەتە کە دڵ لە نارەحەتیدا ئەبێ بەڵام لە قەفەزدا نابێ .

موددەتێکە (عب) و (خب) : موددەیێکە .

ڕەنگ بێ نالێ ئەم غەزەلەی لە یەکێ لە تاوەکانی بێتاقەتێ و وەڕزبۆنی فەقێیەتیدا وتبێ . شیعری پاشەوەش ئەم بۆچۆنە ئەگەیەنێ .

(٢) گول : گوڵ . مول : جۆرە مەیێکە .

نالێ لەم شیعرەشیدا بەڵگە بۆ ئەو قسەیە دێنێتەوە کە لە شیعری پێشۆیدا کردی . ئەڵێ دڵ حەقیەتی ئارەزۆی ڕابواردنی سەیری باخ و چەمەنی هەبێ و ، لە حوجرە و ژیانی حوجرە بێزار بێ . من خۆیشم کۆڕێکی ناوباخ و بولبولان و بەزمی یارانی وەك گوڵ ڕازاوە و ، مەیخواردنەوە لەگەڵیانا بە دۆصەد قوتابخانە و دەرس و کتێب ناگۆڕمەوە .

لە یەکخستنی (مەجلیسێك)دا کە مەعنای (زۆر کەم) ئەگەیەنێ ، لەگەڵ (دۆصەد) کە کینایەیە لە (زۆر) ، طیباق هەیە .

مەجلیسێکی (چر) و (ت) : مەجلیسێکە . بەزمی گول و مل (گم) و (ك) و (اح) و (من) : بەزم و گول و مول . (« پەراوێزی » چر) و (عم) و (عب) : هەر بەرگە ، یا بەرگی ، گوڵێ . دەرس و (خا) : دەرسی(یش) .

(٣) ماه : مانگ . بەردی بەقیمەت : (احجار کریمة) .

واتە : بە یارم وت : ئەی نازداری وەك مانگ جوان ! وەرە با دڵمان بگۆڕینەوە بە یەك ، واتە یەکترمان خۆشبوێت .. ئەویش لە وەڵاما وتی : من مامەڵەیوا ناکەم . دڵی من دڵی دولبەرە ، دڵی دولبەریش ڕەقە ، دڵێکیش کە دڵی دولبەر بێ و ڕەق بێ وەك بەرد ، دیارە لە بەردە گرانبەهاکانە . دڵی تۆیش دڵی عاشقە ، دڵی عاشقیش سۆتاوە ، دڵی سۆتاویش کەبابە . کەبابیش هەرگیز بەردی بەقیمەت ناهێنێ . لەبەرئەوە دڵم ناگۆڕمەوە بە دڵت .

گۆشه‌گیرم له برۆت و ، موته‌وه‌حیش له موژه‌ت
ژۆحی شیرینم ئه‌به‌ر شیر و قولابی نادەم (٤)

طه‌ڵه‌بی سینه‌یی چاکم مه‌که به‌و چاوانه
سینه‌که‌م چاکه به ئینسانی خه‌رابی نادەم (٥)

له کۆکردنه‌وه‌ی (قیمه)دا که له وشه‌ی (به‌قیمه‌ت) دەرئه‌که‌وێ له‌گه‌ڵ (که‌باب) ، جۆره ته‌ناسوبێك هه‌یه . له به‌کارهێنانی (به‌رد)یشدا که ژه‌ق و سه‌خته به مه‌عنا دڵی یار که گۆشته و نـــه‌رمه ، جوانکارییه‌کی ئێجگار بالآ هه‌یه .

ته‌نها له نوســـخه‌کانی (گم) و (عب)دا نۆسراوه : (گـــوتم ، گوتی) . له‌وانی‌تردا نۆسراوه : (وتم ، وتی) . به دڵی (خا) : به‌ده‌لی .

(٤) گۆشه‌گیر : دۆره‌په‌رێز . موته‌وه‌حیش : هه‌ڵاتۆ و داوه کێو .

واته : برۆت وه‌ك شـــمشێر و برژانگت وه‌ك قـــولاپ وایـــه . منیش نامه‌وێ گیانی شیرینی خۆم بخه‌مه به‌ر شمشێر و قولاپی تۆ ، بۆیه خۆم له برۆ و برژانگی تۆ دۆره‌په‌ریز گرتووه و له ده‌ستیان هه‌ڵاتوم .

له کۆکردنه‌وه‌ی (برۆ) و (موژه) و ، (شـــیر) و (قولاپ)دا ته‌ناسوب هه‌یه .

ژۆحی شیرینم ئه‌بـــه‌ر (عم) : ژۆح شیرینه ، له‌بـــه‌ر . (گم) : گیانی شیرینم ئه‌به‌ر (ت) : ژۆح شیرینه، ئه‌به‌ر . شیر و (« په‌راوێزی » چر) و (کم) و (گم) و (من) : تیر و .

(٥) چاك (ی یه‌کەم) : له‌ت‌له‌ت ، کراوه . ئینسان : گڵێنه‌ی چاو . بنیادەم .

واته : نه‌ته‌وێ به نیگای چـــاوت ده‌ستم به‌سه‌ردا بگری و ســـینه‌ی کراوەم به‌ری بۆ خۆت و دڵم ده‌ربێنی .. سینه‌ی من سینه‌یه‌کی چاکه نایده‌م به بنیاده‌مێکی خراپ ، یاخود نایده‌م به چاوێکی خراپی‌وا که به تیری نیگای سینه‌ی خه‌ڵك له‌ت‌له‌ت ئه‌کا .

له کۆکردنه‌وه‌ی (چـــاکم) و (چاکه)دا جیناسی لاحیـــق و ، له‌نێوان (چاك) و (خه‌راب)دا طیباق و ، له وشه‌ی (چاك) و (ئینسان)دا له‌طافه‌ت هه‌یه .

به‌و (« په‌راوێزی » خا) : به‌م .

« نالیـــا » ئەم غەزەلەت تازە بە تازە وتووە
بە دوصەد (مەثنەوی)یو (لوبیی لوباب)ی نادەم (٦)

— ١٣ —

(فاتیحە !) تەسخیرە شاری دڵ بە طابۆری ئەلەم
موددەتێکی زۆرە پاتەختە لەبۆ خاقانی غەم (١)

---

(٦) مەثنەوێ : کتێبێکی بەناوبانگی شیعری سۆفییانەیە بە فارسێ ، مەولانا جلال‌الدینی ڕۆمێ نۆسیویە کە لە ٦٧٠ی . ك (١٢٧١ ــ ١٢٧٢ی . ز)دا مردووە . لوبیی لوباب ، لب اللباب ، کتێبێکە سیف‌الدینی ئامودێ نۆسیویە کە لە ٦٣١ی . ك (١٢٣٣ ــ ١٢٣٤ ی . ز)دا مردووە . لەوانەیە کتێبی‌تریش بەم ناوە هەبێ .
واتە : ئەی نالێ ! تازە ئەم غەزەلە جوانەت وتووە .. ئەوەندە ناسك و ڕەمانایە بە دۆصەد کتێبی بەناوبانگی وەك (مەثنەوێ) و (لب اللباب)ی ناگۆڕمەوە ..

— ١٣ —

ئەم پارچە شیعرە تەنــها لە دەسنۆسەکەی ڕەحمەتێ مەلا عەزیزی ڕێشاویدا هەبۆ کە لە پێشەکییەکەدا ئیشارەتی (عز)مان بۆ دانا . لــەوە ئەچێ نالێ ئەم شیعرەی لەوکاتەدا وتبێ کە قاجاریەکان لە ١٢٤٦ی . ك (١٨٣٠ ــ ١٨٣١ی . ز)دا بە ناوی یارمەتیدانی مەحمۆد پاشای بابانەوە هاتنە ناو شاری سولەیمانێ و ، سلێمان بەگ (سلێمان پاشا) کە ڕۆمەکان پشتگیری بۆن ، شاری بەجێهێشت و ڕۆی کردە (زەنگاباد) .

(١) فاتیحە : سـۆرەتی (الفاتحة) ، داوای خوێندنی سـۆرەتی فاتیحە بۆ گیانی کەسێکی مردۆ . تەسخیر : داگیرکردن و سـەر پێ نەوێکردن . مەبەست لێرەدا داگیرکراوەکەیە . ئەلەم : ئازار . خاقان : پادشا .
نالێ ئەم شیعرەی بە دادانی (فاتیحە)یەك دەست پێئەکـا بۆ گیـانی شاری دڵ و ئەڵێ ئەم شارە کەوتـووەتە ژێر باری تـابۆری سوپـای خەمەوە و ، دەمێکی زۆرە بووە بە پایتەختی خاقانی خەم و خەفەت و ، ئەو حوکمڕانیی تیا ئەکا و ، بە بەراورد لەگەڵ جارانی وەك نەمابێ وایە .

حوکمی قانۆنی صەفا ڕۆیێ لە ڕەومی ڕۆمەدا
تا هووەیدا بۆ لە ڕۆما گەردی ئاشۆبی عەجەم (٢)

لەذذەتی دنیا کە هیچ و پۆچە لای ئەهلی ئەدەب
ئەووەڵ و ئاغازی جەور و دەردە ، ئەنجامی ستەم (٣)

تۆزی ئایینەی سکەندەر وا بەدەم باوە ، وەلێ
گەردی دامانی غەریبانە بلۆری جامی جەم (٤)

---

(٢) صەفا : ڕابواردن . ڕەوم : جۆرە شەرابێکە لە قامیشی شەکر دروست ئەکرێ . تا : لەوکاتەوە . هووەیدا : ئاشکرا .

واتە : ئەوەتی تۆز و گەردی ئاشۆب و ئاژاوەی عەجەم لە ولاتی ڕۆمدا ئاشکرا بووە و دەرکەوتووە ، شەرابی ڕۆخساری منیش حوکمی ناچاریی خۆشێ و سەرخۆشکردنی لێ هەڵگیراوە . مەبەستی ئەوەیە بڵێ وەک چۆن قانۆنێکی سروشتکردە شەراب بنیادەم سەرخۆش ئەکا ، هەروا قانۆنێکی سروشتکرد بۆ ڕۆی منیش هەمیشە خۆش بێ و دڵی خەڵکی پێ بگەشێتەوە ، بەڵام لەوکاتەوە کە ئێرانییەکان ئەم خاکی ڕۆمەیان پێشێل کردووە ، منیش گەشێ و خۆشێ لە ڕۆخسارم هەڵگیراوە .

ئەشگونجێ (ڕەومی) نەبێ و (ڕۆمی) بێ ، واتە : خۆشێ لە ولاتی ڕۆمی ڕۆمدا نەماوە .

(٣) ئاغاز : سەرەتا .

واتە : خۆشێ و ڕابواردنی دنیا کە لە بەرچاوی پیاوی هونەرمەند و دنیا دیدە و زیرەکدا هیچ نایەنێ و قیمەتی نییە ، سەرەتاکەی بریتییە لە زوڵم کردن لە ژێردەست و ، چەشتنی دەرد و نازەحەتێ بەدەست کاروباری حوکمڕانییەوە و ، ئەنجامەکەشی کەوتنە ژێر چەپۆکەی زۆردارێکیتر ، وەک خەڵکیتر .

(٤) ئایینەی سکەندەر : ئاوێنەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنێ کە ئەڵێن ئەوەندە بەرز بووە دنیای هەمۆ لێوە دیوە . وەلێ : بەڵام . جامی جەم : ئاوێنەکەی جەمشید ، ئەویش ئاوێنەیەکی وەک ئەوەی ئەسکەندەر بووە .

واتە : دنیا بۆ کەس نامێنێ تا سەر . ئەوەتە ئاوێنە گرانبەهاکەی پادشایەکی بە شان و شکۆی وەک ئەسکەندەر ، ورد و خاش بووە و تۆزەکەی بەدەم باوەیە ، شۆشەی ئاوێنەکەی جەمشیدیش بووە بە تۆزی

بۆ دەکەی تەکلیفی ڕەسمی ئولفەت و یارێ لە من ؟
کەی بە صوحبەت ئاشنایە سالیکی ڕێگەی عەدەم ! (٥)

من مەتاعم جاوە ، چاوم ! باخەبەر بێ موشتەرێ
تا غەزەل سەودا نەکا لای تاجری چیتی بەقەم (٦)

داوێنی غەریبان کە لە شوێنێك لە جلەکانیان ئەنیشێ و لە شوێنێکی‌تر لێیان دائەتەکێ .

مەبەستی نالێ لە هێنانی وشەی (وەلێ) ئەوەیە بڵێ تۆز هەر هیچ و بێمایەیە ، خوا با بە ئاسمانیا بەرێ یاخود لە زەویدا دایتەکێنێ و ، ئەو شان و شکۆیەی لە دنیادا هەیە هەر دیمەنە و لەڕاستیدا بایەخی وردەیەکی تۆزی هەیە .

وشەی (وەلێ) بەگوێرەی تێکستی دەسنوسەکە بو ، ئێمە خۆمان لامانوایە لە ئەسڵدا (دەڵێ) بۆبێ و بە هەڵەی نوسیار گۆڕابێ . بەمپێیە نیوە شیعری دوهەم شتە وتراوەکەیە کە تۆزی ئاوێنەی ئەسکەندەر وتوێەتی .

(٥) ڕەسمی ئولفەت : ئوسوڵی ناسیاوێ . یارێ : دۆستایەتێ . صوحبەت : ڕابواردن . سالیك : ڕێبوار . ڕێگەی عەدەم : ڕێگای مەرگ .

واتە : بۆچێ داوای ئوسوڵی ناسیاوێ و دۆستایەتێ لە من ئەکەی ؟ من ڕێبواری ڕێگای نەبوونێ و مەرگم و ، کەسێکیش ڕێبواری ڕێی نەبوونێ و مەرگ بێ ، شارەزای هاوڕێیەتێ نییە .

(٦) مەتاع : کەل و پەلی فرۆتەنێ . جاو : خامی گازرێ نەکراو . غەزەل : جۆرە قوماشێکی گرانبەهایە . سەودا : مامەڵە . ئارەزۆ . باخەبەر : ئاگادار . بەقەم : ڕەنگێکی سوۆرە قوماشی پێ ڕەنگ ئەکەن . لەوانەشە لە (باقێ ماندە)وە هاتبێ واتە (عەمارەپۆ) .

واتە : ئازیزەکەم ! من کابرایەکی لاتم ، دوکانەکەم شتی گرانبەهای تیا نییە ، دەسمایەی دەسم جاو و شتیوایە . با کڕیار ئاگای لە خۆی بێ ، ئەگەر ویستی (غەزەل) بکڕێ ، لای فرۆشیاری چیتی بە بەقەم ڕەنگ کراو بەدوایا نەگەڕێ .

ئەم شیعرە ، بەشبەحاڵی شیعری پێشوێ ، وەك حوسنی تەعلیل وایە.

لە دەسنوسەکەدا لەجیاتیی (چیتی بەقەم) نوسرابوێ (چیت بە قەسەم) . ئێمە خۆمان وامان ڕاست کردەوە .

کەی دەکا شەرح و بەیاناتی ژۆمۆزی دەردی دڵ
ژۆژەشی هەروەك دەوات و ، دۆ زوبانی وەك قەڵەم ! (٧)

« نالیا » بێ هیممەتێ تا کەی بە دەست میحنەتتەوە
فاتیحیو ژۆستەماسا ، صاحیبی تێغ و عەلەم (٨)

---

(٧) ژۆمۆز : جەمعی (ژەمز)ە واتە ئیشارەت . مەبەست شتی بەئاسانێ لێحاڵێنەبووە . دەوات : شۆشەی مەرەکەب .
واتە : ژۆژەشی وەك شۆشەی مەرەکەب و دۆ زمانی وەك قەڵەم ، کەی ئەتوانن نهێنییەکانی دەردی دڵ لێکدەنەوە !

دەوات بۆیە بە (ژۆژەش) وەصفکراوە ، چونکە جاران مەرەکەبی نۆسین زیاتر ژەش بووە . قەڵەمیش بۆیە بە (دۆ زوبان) وەصف کراوە ، چونکە قەڵەم لە لایەکەوە چاك و خراپی پێ ئەنۆسرێ و ، لە لایەکی کەشەوە دۆلای هەیە و درزێك لەنێوان لاکانیایە . کەواتە قەڵەم هەم بە مەعنا و هەم بە دیمەنیش دۆ زمانە .
موفتیی زەهاوییش ئەم بیرەی لە شیعرێکی فارسیدا داژشتووە . جا نازانین ئەو و نالێ کامیان لەویانی وەرگرتووە . شیعرەکەی موفتێ ئەمەیە :

نامە ننویسم مباد از راز دل آگە شود
دو زبانی همچو خامە ، روسیاهی چون قلم

واتە : نامە نانۆسم نەوەك دۆ زمانێکی وەك خامە و ژۆژەشێکی وەك قەڵەم بە ژازی دڵم بزانن .

(٨) فاتیح : ولاتان داگیرکەر . ژۆستەماسا : ژۆستەمئاسا ، وەك ژۆستەم .
واتە : نالێ ! تا کەی وا بە دەست دەرد و بەڵاوە ، بێهیممەتانە ، گیرئەخۆی ؟ ژاپەژە .. تۆ کە ئازایەکی ولات داگیرکەری،وەك ژۆستەم و، خاوەنی شمشێر و ئالایت .. لەسەرچێ پەکت کەوتووە ، هەستە !
لە دەستۆسەکەی (عز)دا وشەی (میحنەتتەوە) بە (میحنەتەوە) نۆسرابو . دیارە لەسەر شێوەی نۆسینی کۆن هەردۆ (تێ)کە لە یەك گیرکرابۆن ، ئێمە کردمانەوە . وشەی (فاتیحیو)یش بە (فاتیحی) نۆسرابو ، لەنگ بو ، ئێمە خۆمان بەمجۆرە ژاستمان کردەوە ، چونکە شتیوا لە شیعری کۆندا هەیە . لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لامانوایە ژاستەکەی وا نییە ، لەوانەیە (فاتیحێکی) یا (فاتیحی تۆ) یا شتێکیوا بۆبێ .

لەبت میم و ، قەدت ئەلف و ، زوڵف چیم
دەزانێ بەم سییانە طالیبی چیم ! (١)

وەفای عەهدە لە من ژۆح و ، لە تۆ ماچ
چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم (٢)

کە هاتی تێغی بێزاریت لە سەر دام
سەری خۆم خود بە خود هەڵگرت و ژۆییم (٣)

---

(١) لەب : لێو .

واتە : لێوت لە بچۆکیدا وەك (سەلکی) تیپی (میم) وایە کە کونێکی بچۆکی تیایە و ، بالآیشت وەك تیپی (ئەلف) بەرز و باریکە و ، زوڵفیشت وەك حەرفی (چیم) پێچی خواردووە . دیارە بەم شوبهاندنەدا خۆت تێئەگەی چیم لێت ئەوێ .. ماچم ئەوێ !

نیوە شیعری یەکەم لە نوسخەی (عم) و (مز) و (خب)دا بەمجۆرەیە :

لەبت میم ، قەد ئەلیف ، زوڵفت وەکۆ چیم

بەم سییانە (کم) و (گم) و (مز) و (عب) : بەو سییانە .

(٢) وەفای عەهد : گفت بەجێهێنان . ئەمانەت : شتێکی کەسێك لای کەسێکیتر دانرابێ . تەسلیم : دانەوە .

واتە : من و تۆ گفتێکمان لەنێواندایە ، من گیانی خۆمت بۆ بەخت بکەم و تۆش ماچێکم بدەیتێ .. کەسێکیش کە گفتێکی دا بە کەسێك ، ئەو گفتە وەك ئەمانەتی ئەوکەسە بێ لای ، ئەکەوێتە ئەستۆی . لەبەرئەوە هەردوکمان چارمان ناچارە ئەبێ گفتەکەمان بێنینەدێ و ئەمانەتی یەکتر بدەینەوە . ئەم شیعرە ئیشارەتە بە دۆ ئایەتی (اِنَّ العهْدَ کانَ مَسؤولاً) و (انَّ اللهَ یأمُرُکم انْ تؤدُّوا الأماناتِ الی أهلِها) .

(٣) بێزارێ : تۆزەیێ و ناڕەزایێ . خود بە خود : لەخۆوە .

واتە : کە تۆ هاتی بۆ لام لەجیاتیی دڵدانەوە و دڵ شاد کردن ، تێغی

سوی مصر است مرا عزم از این لجهء غـم
تا که در نیل کشم جامه ز بی‌داد و ستم (١)

میرود نالیِ از اینجا چو حریص از دنیا
با لب خشك و کف خالی و چشم پر نم (٢)

تۆزەییت دا له سەرم ، منیش لەداخانا سەری بڕاوی خۆم هەڵگرت و ڕۆیشتم . یا : که دیم تۆ لێم زوێر و زیزی ، منیش سەری خۆم هەڵگرت و ئاوەدانیم بەجێهێشت .

له کۆکردنەوەی (سەر) و (سەری)دا جیناسی ناقیص و ، له (سەری خۆم هەڵگرت)دا لەطافەت هەیە ، چونکه دۆ مەعنا ئەگەیەنێ .

— ١٥ —

(١) ئەم چوارێنه فارسییه تەنها له دەستۆسەکەی (چر)دا هەیە .

واته نیازی ئەوەم هەیە خۆم لەم گێژاوی غەمه دەرباز کەم و بڕۆم بۆ میسر ، تا بۆ دەربڕینی بێزاریِ و ناڕەزاییِ له جەور و ستەم ، کراسەکەی خۆم له ئاوی نیل هەڵکێشم ، شین ببێ .. ئەم (شین‌بۆنی کراس)ە لەوەوە دەرئەکەوێ که قوماش خرایه نیلەوه دیاره ئەبێ به (نیلیِ) و (نیلیِ)یش جۆره شینێکه .

(٢) واته : زۆرم پێ ناخۆشه ئەم ولاتە بەجێدێڵم .. که ئەڕۆم ، خۆم بەو دەوڵەمەندە ڕژدە تەماعکاره ئەشوبهێنم که ئەمرێ ، له لێوێکی وشك و دەستێکی خاڵیِ و چاوێکی پڕ له فرمێسك بەولاوه ، هیچ لەگەڵ خۆی نابا .

زۆر لەوه ئەچێ نالیِ ئەم شیعرەی پاش تێکچۆنی میرنشینیی بابانەکان وتبێ ، بۆیه وا کۆچ‌کردنی خۆیشی ئەشوبهێنێ به مەرگی کەسێك نەیەوێ بمرێ . ئەبێ دەربڕینی بێزاریيەکەشی ، له جەور و ستەمی داگیرکەرە عوسمانییەکان بۆبێ و ، بۆیەش وێستبێتی بۆ میسر بچێ ، دەنگوباسی ئەوەی زانیبێ که لەناو هەمۆ ولاتە موسوڵمانەکانا (جگه له ئێران) هەر میسر لەژێر دەستی عوسمانیدا نەبووه ، سەرەڕای بۆنی (ئەزهەر) و ناوبانگی مەلایەتیِ و خوێندنیش تیایدا . دۆریش نییه زۆتر له دەرباری

. . . . . .

بابانا شتێکی لەبارەی پەیوەندی ئیبراهیم پاشای کۆڕی حـەمە عەلـێ پاشای میسر و میری ڕەواندزەوە بیستبێ ..

بەداخەوە هیچ لەبارەی ئەنجامی ئەم نیازەی ناڵییەوە نازانین : چووە یا نە و ، ئەگەر نەچوە ، چێ پەکی خستووە ؟ !

★ ★ ★

تیپی نوێ

— ١ —

که تۆی قیبله ، دەمت سا بێنه ، قوربان !
لەسەر قوبله دڵم مەشکێنه ، قوربان ! (١)

وەرە بنواڕە دۆ دەستی حەنایيم
حەنایيی چێ ؟ هەمۆ خۆ خوێنه قوربان ! (٢)

— ١ —

(١) قیبله : ماڵی خوا له مەککه که موسوڵمانان پێنج فەرزه ڕۆی تێئەکەن . قوبله . ماچ .
واته : قوربان ! مادەم تۆ قیبلەی منی و من هەمیشه ڕۆم له تۆیه ، دەسا ماچێکم بدەرێ و به نەدانی ئەو ماچه دڵم مەشکێنه .
نالێ که لەم‌بەیتەدا یاری شوبهاندووه به ماڵی قیبله ، دیاره دەمیشی شوبهاندووه به (حجر الاسود) که بەردێکه له دیواری کەعبەدا ، خەڵکێ له سەردەمی حەجدا بۆ پیرۆزێ ماچی ئەکەن .
لەنێوان (قیبله) و (قوبله)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیه .
که تۆی قیبله (عم) و (کم) و (گم) و (من) : که تۆ قیبلەی . (ت) : که تۆی قیبلەم . لەسەر قوبله (عم) : لەبۆ قوبلەی . دیاره له ئەسڵدا (له بۆ قوبلێ = قوبلەیەك) بووه .

(٢) حەنایێ : خەناوێ ، گیراوه خەنه .
واته : قوربان وەرە سەیری دەستەکانم بکه که ئەڵێی گرتۆمنەته خەنه .. بەڵام خەنەی چێ ؟ له خەنەم نەگرتۆن . بۆیه سۆرن چونکه خوێنیان پێوەیه ، ئەوەندەت به تیری خۆشەویستێ بریندار کردۆم ، دەس بۆ هەر کوێی گیانم ئەبەم هەر خوێنه ، بۆیه دەستم خوێناوییه .

شەقی کە ، غەیری حوببی تۆی تێدا بێ ،
بە دەستی خۆت دڵم دەرێنە ، قوربان ! (٣)

لە بۆ خەڵقێ خەڵاتێ بەخشانی ماچە
خەڵاتی من هەمۆ خۆ جوێنە ، قوربان ! (٤)

فوتۆری چاوەکانت نانوێنێ
بە « نالێ » فیتنە بەس بنوێنە ، قوربان ! (٥)

لەنێوان هەردۆ وشەی (حەنایێ)دا جیناسی تەواو و ، لەنێوان (خوێن) و (قوربان)دا تەناسوب هەیە ، چونکە هەرچەند مەبەست لە (قوربان) مانگی قوربان نییە ، بەڵام وشەکە ئەو مەعنایەش هەڵئەگرێ .

حەنایم (ت) و (ك) و (مز) و (اح) و (خا) و (خب) : حەنائیم . (عم) : حەنایت . (کم) و (من) : خەناویم . (گم) : خەناویت . حەنایی چێ (چر) و (ت) و (مز) و (اح) و (خا) : حەنائیی چێ . (کم) و (گم) و (من) : خەناوییی چێ . هەمۆ (چن) : هەمۆی . خۆ خوێنە (کم) و (گم) و (من) و (خب) : هەر خوێنە . (مز) : خوێنینە .

(٣) شەق : لەت . حوبب : خۆشەویستێ .
واتە : قوربان ! دڵم لەت کە ، ئەگەر لە خۆشەویستیی خۆت بەولاوە شتێکت تیا دێ ، بە دەستی خۆت دەریبێنە (واتە : دڵەکە) و فڕەیدە ، من دڵیوام ناوێ .
وشەی (دڵم) لە لایەکەوە مەفعۆلوبیهیی (شەقی کە)یە و ، لە لایەکی کەوە موبتەدایە و (غەیری .. تاد) خەبەریەتی و ، لە لایەکی تریشەوە مەفعۆلوبیهیی (دەربێنە)یە .
شەقی کە (« پەراوێزی » چر و خا) و (اح) : شتێکی . (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (خب) : ئەگەر دڵ . (ك) : دڵێ کە .

(٤) بەخشان : بەخشینەوە .
واتە : بەسەر خەڵکیترا ماچ دابەش ئەکەیت و بە ماچ خەڵاتیان ئەکەی ، کەچێ خەڵاتی منی دڵسۆزیش جنێو و قسەی دڵ بریندارکەرە .
لە بۆ (مز) : لەنێو . خەڵقێ (چن) و (ت) و (ك) : خەڵکێ . بەخشانی (چن) : بەخشانە .

(٥) فوتۆر : ساردێ و بێمەیلێ . نانوێنێ : ناخەوێنێ . فیتنە : گوروفتار و

— ٢ —

ڕەفیقان ! من ئەوا ڕۆییم لەلاتان
لە مەظلۆمان بلاّ چۆڵ بێ ولاّتان (١)

گیرۆدەکردن . بنوێنە : دەرخە .

واتە : مادەم نیازت نییە ساردێ و بێمەیلیی چاوەکانت بەرابەر بە من بخەوێنێ و لەکاربخـەی ، هیچ نەبێ بەس گرفتـارێ و گیرۆدەییم پێ بنوێنە و بەسم ڕاکێشە بۆلای خۆت .

لە کۆکردنەوەی (نانوێنێ) و (بنوێنە)دا لە شێوەی نەفی و ئیثباتەکەدا طیباق و ، لە مەعنادا ئیشتیراك هەیە ، سەرەڕای ئەو طیباقەش کە لە مەعنا لێدانەوەی (نواندن)دا هەیە بە (خەواندن) و بە (پیشاندان) .

— ٢ —

ئەم پارچە شیعرە لە دەستۆسەکانی (چر) و (چن) و (ك) و (ت) و (عز) و (مز) و (اح) و (خا)دا هەیە و دراوەتە پاڵ نالێ . هەروەها لەناو کۆمەڵێ دەستۆسی مەلا موحەممەد ناوێکی گەڵاڵەیشدا هەیە بە ناوی نالییەوە و کاك جەمال موحەممەدی قوتابیی دوا پۆلی بەشی کوردۆلۆژیی زانکۆی سولەیمانێ وێنەیەکی لێ بۆ گرتین و بۆی ناردین . لەسەر قسەی کـاك جەمال لە بەیاضێکی کۆنی مەلا ســەید عەبدولقادری واعیظیشدا هەر هەیە و دراوەتە پاڵ نالێ . ئەمانە هەمۆ بەڵگەی ئـەوەن کە شـیعرەکە شیعری نالییە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نوسخە دەستۆسەکەی (تۆ) و لە هەردۆ چاپی (کم) و (گم)ی دیوانی کوردیدا پارچە شیعرێکی ١٣ بەیتێ بڵاّو کراوەتەوە بەیتی یەکەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەم و حەوتەمی ئەم پارچە خراوەتە چوار چێوەیەوە ، بەیتی یەکەمی ئەم لەوێیش هەر یەکەمە ، سێهەم هەشتەمە ، چوارەم دوانزەهەمە ، پێنجەم دەهەمە ، حەوتەم سیانزەهەمە کە دوا بەیتە لەوێ . جیاوازیی بەیتەکان لێرە و لەوێ هەر ئەوەندەیە سەرەتا لێرە (ڕەفیقان)ە و لەوێ (عەزیزان)ە و ، لەجیاتیی (نالێ)ی ئێرەش لەوێ (کوردی)یە .

ئێمە لامانوایە کوردێ ئەو چەند شـیعرەی لە نـالێ وەرگرتـووە و خستۆنیەتە چوارچێوەی شیعرەکانی خۆیەوە و ، شـتیوا لە جیهـانی ئەدەبدا کەم نییە و ، جیاوازیی پلەی هونەرییش لەنێوان ئەمانەی نالێ و ئەوانەی کوردیدا زۆر ئاشکرایە .

بلاّ سا شار به شار و دێ به دێ بین
له دەس یاران بکەین طەیبی ولاّتان (۲)

مەڵێن کەڵکی نەبۆ ، ژۆیێ ، جەهەننەم !
سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەضاتان (۳)

سەیرئەوەیە لە نوسخەی (خب)دا شیعری چوارەمی پارچەکەی کوردییش هەر بە هیی نالێ دانراوە . ئەو شیعرە ئەمەیە :

کە من ژۆییم جەهەننەم پڕ مەکەن لێم
لە من خالێ مەکەن کۆشک و سەراتان

(۱) بلاّ : با ، باوەکۆ ، لێی‌گەڕێ . ولاّتان : سۆک‌کراوەی (ولاّتتان)ە ، یاخود (ولاّتان)ی جەمعی (ولاّت)ە .

واتە : برادەرینە ! وا من ژۆیشتم و بەجێم‌هێشتن ، سا خوا بکا پاش من ولاّتەکەتان ستەم لێ‌کراوێکی‌تری تیا نەبێ ، یاخود هیچ ولاّتێك ستەم لێ‌کراوی تیا نەبێ ، تا وەك منی بەسەر نەیەت .

چۆڵ بێ («پەراوێزی» چر) و (چن) و (ت) و (مز) و («پەراوێزی» خا) و (خب) : چۆڵ بۆ . بەپێی ئەم نوسخانە مەعنای نیوە شیعری دۆهەم وای لێ‌دێتەوە : لێی‌گەڕێ ، باش بو ولاّتەکەتان پیاوی ستەم لێ‌کراوی تیا نەما .

(۲) بلاّ : چش . طەی : پێچانەوە ، تەی‌کردن .

واتە : چش قەید ناکا ، با لە دەست دۆست و برادەر و بەهۆی ئەوانەوە ، دەربەدەر و ئاوارە ببین و ژێی دۆری ولاّتان ببڕین و سەری خۆمان هەڵگرین .

بلاّ (مز) : بڵێ . سا (چن) و (ت) : با .

(۳) قەڵغان : بەرگرێکی لە پۆڵا دروست‌کراوە لە چەشنی ساج ، جاران شەڕکەر گرتۆیانە بە ژۆیانەوە بۆ خۆپاراستن لە تیر و شیری دوژمن . قەضا : قەزا و قەدەری خوا .

واتە : مەڵێن نالێ کەڵکی هیچی پێوە نەبو ، ژۆیێ ، دەبا بڕوا ، بە جەهەننەم .. من ، هەرچەند ئێوەش لەگەڵم خراپ بۆن و بۆن بە مایەی ژۆیشتنم ، هەر دڵسۆزەکەی جارانتانم و سەری خۆم ئەکەم بە قەڵغان بۆ تیری قەزا و قەدەر نەیەت بتانپێکێ .

سەفەرمان چونکە زێی هات و نەهاتە
دوعامان بۆ بکەن ، ئێوە و خوداتان ! (٤)

منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم
دەترسم من بڕۆم ، بشکێ سوپاتان (٥)

شکاری وەحشییان بەس دەستەمۆ کەن
نەوەك بەر بێ شکاری خانەزاتان (٦)

---

(٤) هات و نەهات : هاتنەوە و نەهاتنەوە . بەخت بۆ هاتن و بەخت بۆ نەهاتن . مان و مردن .

واتە : ئەم سەفەرەی ئەیکەین سەفەری زێی ژیان و مەرگە ، لەوانەیە جارێکیتر چاومان بە یەك بکەوێتەوە و لەوانەشە نە . کەس نازانێ سەرەنجام چۆن ئەبێ . کەواتە ئێوە و خواتان لە دوعای خێرتان بێبەشمان مەکەن .

ئەم بەیتە و بەیتی پێشۆ لە نوسخەی (چر)دا بەرودوان .

خوداتان (عز) : خواتان . دیارە ئەبێ تۆزێ (واو)ەکەی بگرین .

(٥) واتە : ئەگەر خەم خواردن بۆ ئێوە دابنێین بە لەشکرێك ، ئەوا سەرلەشکری ئەو لەشکرە منم و من لە هەمۆکەس خەمی ئێوەم زیاتر لەدڵدایە . جا بۆیە ئەترسم ئەگەر من بڕۆم لەشکری خەم بۆ خواردنتان پەکی بکەوێ و بێ سەرلەشکر بمێنێتەوە و ببەزێ و کەس نەبێ خەمتان بخوا .. مەبەستی ئەوەیە بڵێ کەس نازانێ وەك من خەم بخوا و ئاگاداریی خەم بکا و کاروباری بەڕێوەبەرێ .

دەترسم (ك) و (عز) : ئەترسم .

(٦) شکار : ڕاو . ڕاوکراو . لێرەدا مەبەست مەعنای دۆهەمە . دەستەمۆ : مااڵێ و بەئاسانێ گیراو . خانەزا : لە مااڵ لەدایكبۆ ، مااڵێ .

واتە : بەس نێچیری کێوێ (مەبەستی لە بێگانەیە) دەستەمۆ بکەن و بلاوێنەوە ، ئەگینا نێچیری پەروەردەکراوی بەردەرگا و بەوەفای خۆتان لەداخانا سەری خۆی هەڵئەگرێ و ئەڕوا و خاك و بۆمتان بەجێدێڵێ .

ئەم بەیتە تەنها لە نوسخەی (چر)دا هەیە . سەیر ئەوەیە نوسخەکەی (تۆ) کە ئەم پارچە شیعرەی بە ١٣ بەیت تیا هەیە و داویەتە پاڵ (کوردێ) ، ئەم بەیتەی تیا نییە .

ئەوەند ئەرجۆ دەکا « نالێ » کە جار جار
بکەن یادی موحیببی بێ ڕیاتان (٧)

— ٣ —

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان (١)

---

(٧) ئەرجۆ : تکا . لە (أرجو — ئەرجـۆ)ی فیعلی موضارع وەرگیراوە .
موحیبب : خۆشەویست .

واتە : نالێ تەنـها یەك تکای لێتان هەیە ، ئەویش ئەوەیـە جاروبار یادێکی ئەم خۆشەویستە ڕاستگۆ بێدرۆ و ڕیایەتان بکەنەوە .

ئەوەند (ك) و (عز) : ئەوەن . دەکا (چن) : ئەکا . (أح) و (خا) : دەکەم .

نەزانینی هۆی دانانی ئەم پارچە شیعرە ، لە گەلێ پارچە شیعری‌تری نالێ زیاتر مایەی داخە . لەم پارچە شیعرەوە بەئاشکرا دیارە کە نالێ لای کەسـانێکی بەدەسـەلاتی‌وا بـووە وەك دۆسـت و بـرادەر لەگـەڵی جۆلاونەتەوە و ، پاشان بۆ کەسێکی بێگانە دڵیان یەشاندووە و ناچاری ڕۆیشتنیان کردووە ، بەڵام ئەو هەر خۆشی ویستۆن و دڵی پڕ بووە لە سۆز بۆیان . بریا ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆمـان دەرکەوتایە ڕۆداوەکە چۆن بووە .

— ٣ —

(١) دوگمـە : قۆپچە . نوێـژی شێوان : نوێـژی ئێوارە . بەیـانی‌دا : دەرکەوت . سـفیدە : سپیدە ، ڕۆناکی . باغی سـێوان : مەبەست سنگی یارە کە مەمکی وەك سێوی پێوەیە .

واتە : دوێنێ ئێوارە لەکاتی نوێژی شێواندا لەودیو دوگمەی سوخمەی وەك خۆر زەرد و سۆری یارەوە ، سنگی وەك سپیدەی بەیانی سپیی ، باخی سێوی مەمکەکانی دەرکەوت .

ئەشگونجێ مەعنای نیوە شیعری دۆهەم بەمجۆرە بێ : گوڵی سپیی دەختی سێو ، بەهێی بەخشی . ئەوەش بزانین کە مەمکی کچان ، وەك بە سێو ئەشوبهێنرێ ، بە بەهێیش ئەشوبهێنرێ .

هەرچەند مەبەست لەم (بەیانی دا)یە ئیشارەت کردن بە (بەرەبەیان) و

له خەوفی طەلعەتی ژۆژ هەروەکو شێت
بە ژۆزەردێ هەلآت و کەوتە کێوان (٢)

دو چاوی من کەوا کەیلی سوروشکن ،
دەپێون ئاوی بەحری خوێ بە پێوان (٣)

(نوێژی بەیانێ) نییە ، بەلآم کۆکردنەوەی لەگەڵ (نوێژی شێوان)دا طیباقێکی جوانی بەدیمەن تیایە . هەروەها (دەرکەوتنی سپیدەی بەیانێ)ش لەکاتی (نوێژی شێوان)دا کە شەوی تاریکی کردووە بە ژۆژی ژۆشن ، ئەگەر لەگەڵ (باغی سێوان)ەکەیدا ژانەگرین ، زیادەژەوییەکی بالآی تیایە . لە خواستنی (سفیدە)شدا کە هیی بەیانیانە ، بۆ سنگی یار و ، لە بەکارهێنانی (باغی سێوان)دا لەجیاتیی سنگ و مەمك ئیستیعارەی موصەژژەحە هەیە . لە کۆکردنەوەی (شێوان) و (سێوان)یشدا جیناسی لاحیق هەیە .

سفیدە (گم) : سپیدە .

(٢) طەلعەت : ژۆمەت . هەلآتن . ژۆژ : خۆر . ژۆزەردێ : خەجالەتێ و شەرمەزارێ . کاڵێ و زەردێ . هەلآت : ژای‌کرد . هەڵهات . کێوان : شاخەکان ، یاخود کەیوان واتە ئاسمان .

واتە : خۆر ، لە ترسی ژۆناکیی ژۆی یار ، لە شەرمەزاریدا ، وەکو شێت هەلآت و ژای‌کرد و دایە شاخەکان . مەبەستی لە زەردەی خۆراوایە کە خۆرێکی زەردی کاڵ تەنها بە لۆتکەی چیاکانەوە ئەمێنێتەوە .

یاخود : خۆر ، لە ترسی هەڵهاتن و دەرکەوتنی ژۆی یار ، ژەنگی لە ژۆ بژا ، زەرد هەڵگەژا ، بە زەردێ لە ئاسۆ هەڵهات و لیزگی دای لە لۆتکەی چیاکان و پاشان خۆیشی بۆ ناوەژاستی ئاسمان بەرز بووەوە . مەبەستی لە کاتی هەڵهاتنی خۆرە لە سبەیناندا .

لە وشەی (طەلعەتی) و (ژۆزەردێ) و (هەلآت) و (کەوتە کێوان)دا ، وەکو ژۆنمان کردەوە ، لەطافەت هەیە ، چونکە یەکێ دۆ مەعنا ئەگەیەنن .

ژۆزەردێ (چن) : ژۆی زەردی .

(٣) کەیل : پڕ ، لێوانلێو . سوروشك : فرمێسك . دەپێون : وەك پێوانە کردن هەڵئەگۆزن . بە پێوان : بە پێوانە کردن .

مەکەن لۆمەی پەشێویی دڵ کە ئەمشەو
پەشێواوە لەبەر پەرچەم پەشێوان (٤)

شەرابی لەعلی ڕۆمانێ لە « نالێ »
حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان (٥)

واتە : چاوەکانم کــە پڕن لە فرمێسك و هەمیشــە فرمێسکیان لێ ئەڕژێ ، فرمێسکیان بەڕادەیەك زۆرە و لێ نابڕێ ، ئەڵێی ئاوی بەحری خوێ هەڵئەگۆزن و دایئەڕێژن ..

لەنێوان (چاو) و (ئاو)دا جیناسی لاحیق و ، لە کۆکردنەوەی (چاو)دا کە مەعنای سەرچاوەش ئەبەخشێ ، لەگەڵ (ئاو) و (بەحر) تەناسوب هەیە .

کەیلی (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (اح) و (من) و (خا) : سەیلی . دەپێون (عب) و (خا) : دەپێوێ . خوێ (« پەراوێزی » چر) و (کم) و (گم) و (ت) و (مز) و (من) و (خب) : خوێن . بەپێی ئەم نوسخانە ئەبێ (سوروشك)یش کە واتە فرمێسك ، هەر بە خوێن مەعنای لێ بدرێتەوە .

(٤) واتە : گلەیێ لە دڵەکەم مەکەن کە ئەمشەو لەسەر خۆی نییە . هۆی ئەم لەسەرخۆ نەبوونەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزیی پەرچەمی یاران کە کاری لەمیش کردووە .

لەنێوان (پەشێویی) و (پەشێواوە) و (پەشێوان)دا ، بێجگە لەوە کە لەگەڵ هاوڕیشــەیی وشەکانیشــدا هەریەکی بە مەعنایــەکی تایبەتێ بەکارهێنراون ، جۆرە جیناسێکی لاحیقیش هەیە .

مەکەن (چر) و (عم) و (کــم) و (گم) و (مــز) و (اح) و (مــن) و (خــا) : مەکە .

(٥) ڕۆمانێ : وەك هەنار .

واتە : چەشــتنی شەرابی ڕەنگ سۆری کــاڵی وەك ڕەنگی لەعل و هەنارم لێ حەرامە ، ئەگەر ماچی لێوی یار نەبێ بە مەزەی .

لەنێــوان (لەعل) و (ڕۆممــانێ) و (لێو)دا کە ڕەنــگیان لەیەك‌ئەچێ تەناسوب هەیە . تەناسوبێکی جوانیش لەنێوان (شەراب) و (حەرام)دا هەیە چونــکە بەپێی ڕێ و شوێنی ئایــین شەراب حەرامــە . لەنێوان (شەراب) و (مەزە)شدا تەناســوبێکی‌تر هەیە . لە تێکــڕای وشەکانی دواییی بەیتەکانیشدا جیناسی لاحیق هەیە .

ئەهلی تەعدادی مەحاسین نۆسییان
خاڵ یەك و ، زوڵفی دووان ، هەر دۆ سییان (١)

کوفری زوڵفە تار و ، ماری ئەرقەمن
صفری خاڵە ، حەڵقەیی هیندۆسییان (٢)

---

(١) تەعداد : ژمارەکردن . مەحاسین : چاکە و جوانێ . سییان : سێن . سیاهن ، ڕەشن .

واتە : ئەوانەی بەدوای جوانیدا ئەگەڕێن و ئەیژمێرن ، نۆسیویانە یار خاڵێکی پێوەیە و دۆ زوڵفی هەیە کە بە هەردوکیان (واتە بە خاڵ و زوڵف) ئەبن بە سێ ، یان خاڵ و زوڵفی ، یان تەنها هەردۆ زوڵفەکەی ، ڕەشن .

لە کۆکردنەوەی (یەك) و (دۆ) و (سییان)دا بەپێی ئەوە کە ڕەقەمی ژمارەن تەناسوب و ، بەپێی ئەوە کە جیان لە یەك ، طیباق هەیە . هەروەها لە کۆکردنەوەی (نۆسییان) و (دۆسییان)دا جیناسی لاحیق و ، لە (سییان) خۆیشیدا لەطافەت هەیە .

تەعدادی مەحاسین (« پەراوێزی » چر و چن) و (کم) و (گم) و (ك) و (ت) و (مز) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) : تەعداد و موحاسیب. خاڵ یەك و (« پەراوێزی» چر) و (عم) و (عب) و (خا) : خاڵی یەك . (گم) : خاڵ یەك .

(٢) تار : تاریك . تار و مار : پرژ و بڵاو و ئاوارەکراو . ئەرقەم : مارێکی پیسی کوشندەیە . ناوی ئەو ئەصحابەیەشە کە پێغەمبەر (د.خ) و هەندێ لە یارانی لە سەرەتای پەیدابۆنی ئیسلامدا شەوان بەنهێنێ لە ماڵی ئەودا کۆئەبۆنەوە . صفری خاڵ : خاڵی وەك نوختەی سفر . سفر ، خۆیشی واتە بۆش و پۆچ . حەڵقەیی هیندۆسییان : ئەڵقەی ڕەش وەك هیندۆکێ کە پێستیان ڕەشتاڵەیە . لۆتەوانە .

نالێ لە شیعری پێشودا جوانییەکانی یاری ژمارد . لەم شیعرەشدا دێتە سەر باس و لێدوانیان ، ئەڵێ : هەرچێ کە زوڵفەکانیەتی ، بەهۆی کوفریانەوە (کە ڕەشییەکەیانە و ڕەشییش نیشانەی کوفرە) ، تاریکن و

زوڵفی جەزڕاڕی صەفاصەف خستە پێش
یەعنی زەنگێ لەشکری قیرۆسییان (٣)

ئەم غەزالانە کە نەقشی دیدەمن
تەن سپین و چاو و خاڵ و مۆ سییان (٤)

بوون بە ماری ئەرقەم . هەرچی خاڵی وەك سفریشیەتی بەهۆی بۆشێ و پۆچییەوە ، ئەڵقەی هیندۆسییەکانە کە ئەیکەنە لۆتیان . بەپێی ئەم مەعنای دواییە ئەبێ خاڵەکە بەسەر لێوی یارەوە بێ،تا وەك لەبارەی شێوەوە شوبهاندی بە حەڵقەی هیندۆسییەکان کە هەم ڕەشە و هەم خڕە ، لەبارەی جێگاشەوە بشێ بە لۆتەوانە دابنرێ .

نالێ لە نیوە شیعری پێشودا ویستوێە ئیشارەت بە کۆبۆنەوەی موسوڵمانانی سەرەتای پەیدابۆنی ئیسلام بکا لە مالی (ابن‌الارقم) و ئەو مەعنایەش بگەیەنێ کەوا : خەتای کوفری زوڵفە پەڕەوازەی مالی ئەرقەم بوون . هەرچەند ئەم مەعنایە شتێکی تەواو نادا بەدەستەوە و نازانرێ مەبەست کێیە ، بەڵام نالێ ، لە هیچە ، ئەوەشی هەر مەبەست بووە . ئەمە یەکێکە لە خاسییەتەکانی نالێ . لە وشەی (هیندۆسییان) یشدا ویستوێە ئەوە بگەیەنێ کە زوڵفەکانی یار بە خاڵی وەك ئەڵقەی هیندۆیەوە ئەکەنە سێ .

(٣) جەزڕاڕ : ڕاکێشەر . سوپای بێشومار . صەفاصەف : ڕیز بە ڕیز و چین چین . زەنگێ : قولەڕەش کە جاران کۆیلە بوون و کڕاون و فرۆشراون . قیرۆسییا : کینایەیە لەوەی بە هیچ دابنرێ و گوێی نەدرێتێ ئەگەر لەناوبچێ . یاخود (قیر و سییا)یە واتە قیر و ڕەش .

واتە : یار ، زوڵفی دڵداران کەمەندکیش‌کەر و ، وەك لەشکری بێ شومار تاڵ ــ زۆری ، ڕیز بە ڕیز و چین چین هێنا پێشەوە و دایهێنا و شانەی کرد . مەبەستی یار لەم زوڵف خستنە پێش ڕووەی ، ئەوەیە بڵێ زوڵفەکانم وەك سوپای زەنگێ بێبایەخن و ئەگەر شتێکیشیان لێ بێ مەبەست نییە ، یاخود وەك سوپای زەنگێ قیرین و ڕەشن .

زەنگێ (چن) : هیندێ . (کم) و (گم) و (من) و (خب) : ڕەنگی ، واتە : وەك .

لە وشەی (قیر و سیا)دا ، وەك وتمان ، لەطافەت هەیە .

(٤) غەزال : ئاسك . تەن : لەش . سییان : سیاهن ، ڕەشن .

حاکمانی مەحکەمە نامە سییان
قەت نەماوە غیرەت و نامۆسییان (٥)

نەرم و زەرقیی خەرقەیی سالۆسیان
شاهیدی زۆرە زوبانی لۆسیان (٦)

واتە : ئەو یارە وەك ئاسك نازدار و جوانانە کە وێنەیان بووە بە نەخش و لەناو چاوما کێشراوە ، لەشیان سپێ و ، چاو و خاڵ و مۆیان ڕەشە .

لەنێوان (سپین) و (سییان)دا طیباقی لەفظێ هەیە .

دیدەمن («پەراوێزی» چر و چن و خا) : دیدەتن . چاو و خاڵ و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : دیدە کاڵ و .

(٥) نامە سییان : نامەی کرداریان لە ڕۆژی قیامەتدا ڕەشە ، تاوانبارن .

واتە : داوەرانی دادگا نامەی کرداریان ڕەشە و ، غیرەت و نامۆسیان نەماوە ، لەجیاتیی گوناهبار بێگوناه تاوانبار ئەکەن و ، بەپێچەوانەشەوە.

بە نیشانەی شیعرەکانی پاشەوەدا مەبەستی نالێ لە (حاکمانی مەحکەمە) ئەوانەیە خۆیان بە ناحەق کردووە بە پاسەوانی ئایین .

دۆریش نییە (مەحکەمە نامەسییان) جەمعی (مەحکەمە نامەسێ) بێ و وشەکە تورکێ بێ و ، بەوپێیە شیعرەکە پلار بێ لە حوکمڕانانی عوسمانێ.

لەنێوان (نامە سییان) و (نامۆسییان)دا جۆرە جیناسێکی تەرکیب هەیە .

مەحکەمە نامە سییان (عم) و (کم) و (گم) و (من) و (عب) و (اح) و («پەراوێزی» خا) : مەحکەمەی نامە سیاە . (ك) و (مز) : مەحکەمە نامە سیاە . (ت) و (خب) : مەحکەمەی نامەی سیاە .

(٦) زەرق : ئارایش و ڕەنگا و ڕەنگێ . سالۆس : فڕ و فێڵ . زۆر: ساختە و دەست هەڵبەست .

واتە : نەرمێ و جوانیی جبەی فش و فۆڵی پڕ لە فڕ و فێڵیان کە بۆ نیشانەی لە خوا ترسانی خۆیان لەبەریان کردووە و ، زمانی لۆسی خەڵکی ساویلکە هەڵخەڵەتێنیان ، هەمۆ شایەتی درۆن و نابن بە بەڵگەی ڕاستگۆییان .

لەم بەیتە و بەیتی پێشۆدا ، لەنێوان (حاکمان) و (مەحکەمە) و (نامە

چاوەکەم ! مەنوازە ڕەنگی ظاهیرێ
خۆ دەزانێ (ڕۆ سپێ) چەند ڕۆ سییان (٧)

ناوی مەخموران نەبەی « نالێ » ! لەێو
حەلقەیی واعیظ ، لەوێن جاسوسیان ! (٨)

ڕەقیب و موددەعێ فیتنە و عیلاقەی چاوی جادوتن
لە گۆشەی گۆشەوارەت نائیبی هاروت و ماروتن (١)

سیا) و (خەرقە) و (شاهیدی زۆر)دا تەناسوب هەیە .
نەرم و (عم) : بەزم و . خەرقەیی (عم) و (ك) و (ت) و (اح) و (خب) : فیرقەیی . ئەم بەیتە تەنها لە نوسخەی (عم)دا بەیتی پێنجەمە ، بەڵام ئەوە هەڵەیە .

(٧) ڕۆ سپێ : ئافرەتی داوێن پیس . ڕۆ سیا : ڕۆ ڕەش .
واتە : گیانەکەم ! نەکەی هەرگیز بە ڕواڵەت و دیمەن هەڵخەڵەتێی . خۆت ئەزانی ڕۆسپییەکان کە بەدیمەن جوان و ڕازاوەن ، لای خوا چەند گوناهبار و ڕۆڕەشن .
لەێوان (ڕۆ سپێ) و (ڕۆ سیا)دا طیباق و ، لە نیوە بەیتی دوەمدا بەرابەر بە نیوە بەیتی یەکەم حوسنی تەعلیل هەیە .

(٨) مەخموڕ : سەرخۆش و بەدمەستە . لەێو : لەناو .
واتە : نالێ ! نەکەی لەناو کۆڕی ئەوانەدا کە کۆبوونەتەوە لە واعیظ ، گوێیان بۆ پەند و ئامۆژگارییەکانی شل کردووە ، ناوی سەرخۆشان بە خراپە بێنی .. سەرخۆشان لەوێیش خەفیەیان هەیە ، خۆی بە گوێگری واعیظ داوەتە قەڵەم ، قسەکەیان پێ ئەگەیەنێتەوە و ئەنجامەکەی بۆ خۆت باش نابێ .. تۆیش ئەچیتە ڕیزی خەرقە پۆشانی زمان لۆسی تەنها بەدیمەن پیاو چاکەوە .. کۆڕی مەیخوارانی لەناو ئەنجومەنی واعیظیشیدا کەسیوایان هەیە لەبنەوە لەگەڵیان بێ .

(١) ڕەقیب : بەدکاری نێوان یاران و دڵداران . موددەعێ : ئەوەی ئیددیعای شتێ بکا . مەبەست لێرەدا کەسێکە بە درۆ خۆی بە خۆشەویستی جوانێك

نەباتاتی زەوێ وەك مونزەوێ هاتونەدەر ، یەعنێ
هەمۆ سەرخۆش و مەست و زۆژپەرست و عاشقی زۆتن (٢)

دابنێ . فیتنە : مایەی نەگبەتێ و خراپە . عیلاقە : ئەوەی بە شتێکدا هەڵواسرابێ . جادۆ : سیحرباز . گۆشە : سۆچ . گۆشەوارە : گوارە . نائیب : جێنشین . هارۆت و مارۆت : دۆ فریشتە بوون ، ناو و باسیان لە قورئانیشدا هاتووە ، خەڵکیان فێری سیحر کردووە ، پاشان خوا غەزەبی لێ گرتۆن لە بیرێکا لە (بابل) سەرەوخوار هەڵیواسیون و تا زۆژی قیامەت هەروا ئەمێننەوە و هەمیشە تینۆیانە ، بەڵام هەرچی ئەکەن دەمیان ناگاتە ئاوی بنی بیرەکە ...

واتە : بەدکار و خۆهەڵپەسێن مایەی خراپە و بەدین لەنێوان من و تۆدا و بە چاوی ئەفسۆناویتدا هەڵواسراون ناهێڵن من ببینی و ، لە سۆچی گوارەی گوێتدا شۆڕکراونەتەوە ، جێگای هارۆت و مارۆتیان گرتووەتەوە ، ناهێڵن گوێت لە من بێ .

وەك دیمان نالێ ئەم شیعرەی لە زازی هارۆت و مارۆت وەرگرتووە و تەنانەت وشەی (فیتنە)شی لە ئایەتەکە ئیقتیباس کردووە. نالێ ویستۆیە بڵێ وەك چۆن هارۆت و مارۆت لەناو چاڵەکەدا سەر بەرەوخوار هەڵواسراون ، زەقیب و موددەعیش هەروا لە بەرچاوی تۆدا هەڵواسراون و ، چۆن ئەوان سۆچێکی چاڵەکەیان گرتووە ، ئەمانیش سۆچی گوارەی گوێتیان گرتووە و ، وەك چۆن ئەوان مایەی فیتنە و خراپە بۆن بۆ خەڵك ، ئەمانیش بۆ من و تۆ بوون بە مایەی فیتنە و خراپە و ناهێڵن بتبینم و گوێم لێت بێ . دیارە بۆ تەواوکردنی تەشبیهەکە کەڵکی لەوەش وەرگرتووە کە چاو و گوێ بەدیمەن لە چاڵ ئەچن و چاو لە شەفافییەتەکەیدا لە ئاو ئەچێ . هەروا ئەوەشی زەچاو کردووە کە وەك چۆن هارۆت و مارۆت هەرگیز دەمیان ناگاتە ئاوەکە ، ئەمانیش ناتوانن بگەنە ناخی چاو و گوێی یار و ، خۆیان بخەنە دڵیەوە .

(٢) نەباتات : گژوگیا . مونزەوێ : گۆشەگیر و کەنارەنشین . زۆژ پەرست : گوڵە بە زۆژە . زۆت : زۆمەتت .

واتە : جاران کە تۆ دیار نەبوی ، گوڵ و شینایێ لەژێر زەویدا گۆشەگیر بۆن ، بەڵام کە تۆ هەڵهاتی ، هەمۆ لە عەشقی زۆی تۆدا مەست و سەرخۆش بۆن و ، جێی خۆیان بەجێهێشت و هاتنەدەر و ، ئیستا هەمۆ وەك گوڵە زۆژگار پەرست زۆیان لە تۆیە . نالێ لەم بەیتەدا ئیشارەتی بە پەیوەندی دەرهاتنی گوڵ و گژوگیا کردووە بە خۆرەوە .

زۆژپەرست و (چر) و (ت) و (عب) : زۆژپەرستی .

وەرە تێو بەزمی گوڵزاران و گوڵ زاران ، تەماشاکە :
سەراسەر پێکەنینی گوڵ ، لەبالەب غونچە پشکۆتن (٣)

چ قەصر و دائیرە و تاقێ ، تیا تۆ تاقی ئافاقی ،
نەی و موطریب ، مەی و ساقێ ، گوڵ و بولبول هەمۆ جۆتن (٤)

---

(٣) گوڵزاران : باخچەکان . گوڵزاران : ئەوانەی دەمیان وەك گوڵ جوان و بۆنخۆش و نازدارە . لەبالەب : لێوان لێو . لێو بە لێو . غونچە پشکۆت: خونچە پشکۆتۆ . دەمکراوە .

واتە : وەرە ناو بەزم و ئاهەنگی باخچەکان و سەیری جوانان و نازداران بکە ، ببینە چۆن لە هەمۆ لایەك گەشەی گوڵ و پشکۆتنی خونچەیە ، یان چۆن لە هەمۆلایەك کچانی وەك گوڵ پێئەکەنن و دەمی وەك خونچەیان ئەکەنەوە قسەی خۆش ئەکەن .

لە کۆکردنەوەی (گوڵزاران) و (گوڵزاران)دا جگە لە لەطافەت ، جیناسی تەواو و ، لە کۆکردنەوەی (سەر) و (لەب) و ، (گوڵ) و (خونچە)شدا تەناسوب هەیە .

نێو بەزمی (چن) و (کم) و (من) : ناو بەزمی . (عم) و (ك) و (مز) و («پەراوێزی» خا) : نێو قەصری . (خب) : سەر قەصری .

(٤) چ : هەر . قەصر : کۆشك و تەلار . دائیرە : باخ و باخچەی دەوری ماڵ . تیا : تێدا . تاق (ی یەکەم) : تاقی سەرپەنجەرە . تاق (ی دۆهەم): تەنها . ئافاق : دنیا .

واتە : هەر کۆشك و تەلار و باخ و باخچە و پەنجەرە و هیلالییەك تۆ تاقانە بێ تیایا ، لە خۆشیی ڕۆژی تۆوە ئەبێ بە بەزم و مەیدانی خۆش بەسەربردن : شمشاڵ و گۆرانێبێژ و ، مەی و مەیگێڕ و ، گوڵ و بولبولی تیا کۆئەبێتەوە .

لەنێوان هەردۆ (تاق)دا جیناس و ، لەنێوان (قەصر) و (دائیرە) و (تاق)دا تەناسوب هەیە . هەروا لەنێوان (نەی) و (موطریب) و ، (مەی) و (ساقێ) و ، (گوڵ) و (بولبول)یشدا .

چ (چن) : له . قەصر و (عم) و (کم) : قوطر و . بەپێی ئەم نوسخەیە ئەبۆ (قوطری) بووایە ، چونکە (قوطری دائیرە) زاراوەیەکی زانستی ئەندازەیە ، هێڵێکی ڕاستە لە مەرکەزی دائیرەوە ئەڕوا و موحیطی دائیرەکە ئەکا بە دۆ بەشی چونیەکەوە . بەپێی ئەم نوسخانە ئەبێ مەعنای

له شەوقی ڕۆیی شەمع و ، زوڵفی دۆد و ، طوڕڕەیی مەجمەر
سوپەند و ، عۆد و ، پەروانە ، بخۆر و ، غالییە سۆتن (٥)

(تاق)ی یەکەمیش بە نیوە دائیرە لێكبدەینەوە و لەوەوە بچین بۆ تاقی هیلاڵ . تیا : تەنها نوسخەی (چن) . نوسخەکانیتر هەمۆ (تێدا) .

نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە نوسخەی (عب)دا بەمجۆرەیە :

بەڵێ لەم جێیەدا میثلت نییە ، (باللهِ) تۆ تاقی

ئێمە لامانوایە ئەمە هیی نالێ نییە و ، لەئەنجامی نەتوانینی خوێندنەوە و تێگەیشتنی نیوە شیعرەکەوە ، بە ناوی ئەوەوە دروستکراوە .

نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە و نیوەی دۆهەمی بەیتی پێشۆ ، لە نوسخەی (کم) و (من)دا لەجێی یەکتردان . بەوجۆرەش مەعناکە هەر دێ .

(٥) شەمع : مۆم . دۆد : دۆکەڵ . طوڕڕە : ناوچاوان . مەجمەر : پشکۆدان . سوپەند : گیایەکی کێویە ، تۆوێکی وردی ڕەشی هەیە ئەیکەنە ناو ئاگرەوە ئەیسۆتێنن ، بۆنێکی خۆشی هەیە . ئەڵێن بۆ چاوەزار باشە ! عۆد : داریکی بۆنخۆشە . غالییە : دەرمانێکی زۆر بۆنخۆشە لە چەند ماددەی جیاجیا دروست ئەکرا و بۆ بەهێزکردنی دڵ و بیر بەکارئەهێنرا . سۆتن : سۆتان .

واتە : لەتاو ڕۆناکیی ڕۆی وەك مۆم ڕۆشن و ، زوڵفی وەك دۆکەڵ درێژ و ڕەش و ، ناوچاوانی وەك پشکۆدان درەخشانی یار ، سوپەند و عۆد و پەروانە و بخۆر و غالییە هەمۆ سۆتان . سوپەند لەتاو خاڵەکانی ڕۆی و ، عۆد لەتاو زوڵفی ڕەشی بۆنخۆشی لەسەر ڕۆمەتی و ، پەروانە لە عەشقی شەمعی ڕۆی و ، بخۆری دۆکەڵ باریك و بۆنخۆش لەتاو تاڵی باریك و بۆنخۆشی زوڵفی و ، غالییەش بۆ بەهێزکردنی دڵ و بیری ئەوانەی بە دیتنی یار گرۆفتار بۆبۆن و بیریان پەرت و دڵیان ڕۆیشتبۆ ..

ڕۆیی (چن) و (ك) : ڕۆت . ئەبێ ڕۆتی بێ ، واتە : ڕۆتی وەك شەمع و .
نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە نوسخەی (عب)دا بەمجۆرەیە :

بە میشك و زەعفەران پڕ بۆن قوتۆی عەطر و لەگەڵ مەجمەر

حەببیان هەمدەمی ئاهۆ دەنۆشن ڕاحی ڕەیحانێ
ڕەقیبان هەمدەمی ئاه و دەکێشن دۆکەڵی تۆتن (٦)

گەلێ شێر و پۆڵەنگ و باز و شاهێنی شەهەنشاهێ
وەکۆ « نالێ » بە دڵ نێچیری ڕاوی چاوی جادۆتن (٧)

---

(٦) ئاهۆ : ئاسك . ڕاح : مەی . ڕەیحانێ : بۆنخۆش وەك ڕێحان . ئاه : ئاخ .

واتە : یاران لەگەڵ نازداران شەرابی بۆنخۆش ئەنۆشن و ، بەدکارانیش هەناسەی خەفەتبارانە هەڵئەکێشن و لە خەمگینیدا دۆکەڵی تۆتن بە با ئەدەن .

بەرابەر بە یەك دانانی (دەنۆشن) و (دەکێشن) زۆر جوانە ، چونکە (نۆشکردن) مەعنای ئاسانێ و حەسانەوە و ، (کێشان) مەعنای بار هەڵگرتن و ماندۆبۆن ئەگەیەنێ .

لە دۆبارەکردنەوەی (هەمدەم)دا جیناس هەیە . بەکارهێنانی جاری دۆهەمی (هەمدەم) زۆر لەبارە چونکە (ئاه) لە دەم دەرئەچێ و لەگەڵ دەمدایە . لە کۆکردنەوەی (ئاهۆ) و (ئاه)یشدا جیناسی تەرکیب هەیە .

هەمدەم (عم) و (گم) و (مز) و (خب) : هەمزەم . هەمزەم : هاوزەوگ ، هاوگەلە .

ئەم بەیتە و بەیتی پێشۆ لە نوسخەی (چن)دا بەرودوان .

(٧) واتە : هەر تەنها من نیم گیرۆدەی تۆ بۆم و بە تیری چاوی سیحربازت ڕاوت کردۆم . گەلێ کەسی ئازا و ڕاوچیی وەك شێر و پۆڵەنگ و باز و شاهێنی شاهانەش دیل و نێچیری تۆن ..

لە کۆکردنەوەی (شێر) و (پۆڵەنگ) و،(باز) و (شاهێن)دا تەناسوب و، لە یەکخستنی (چاو) و (ڕاو)دا جیناسی لاحیق هەیە .

باز و شاهێنی شەهەنشاهێ (چر) : فەهد و بازی شاهێنی شاهێ . (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) : فەهد و باز و شاهێنی شاهێ . نێچیری (چن) و (عم) و (ت) و (مز) : نەخچیری .

ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بۆمن
موشکیل ، بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکۆ من (١)

تا نەشئە نەچێژن لە لەبی کەوثەری ساقێ ،
بێچارە چوزانن کە هەمۆ مەستی زەقۆمن ؟! (٢)

ژۆناکیی ژۆ شەوقە لە نێو ظوڵمەتی مۆدا
وەجهی ئەمەتە دڵ هەمو پەروانەیی مۆمن (٣)

---

(١) سەرسەرێ باز : ئەوەی خەریکی شتی هیچ و پۆچ بێ . بازی بێ سەر و پێ و بێکارە . هەمسەر : هاوسەر . بۆم : بایەقوش . موشکیل : زەحمەت . ساعید : باسك .

واتە : ئەم بازە بێکارانە کە هەر بە ناو بازن و لەژاستیدا هاوسەری بایەقوشن ئەوەندە نەگبەتن ، زۆر زەحمەتە بگەنەوە بە باسکی شاهێکی وەکۆ منداو ، دەستیان بگاتە دەستی من و ببن بە هاوشان و هاوژێم .

نالێ ئەم پارچە شیعرەی بە زوبانی یارەوە وتووە . یاخود لە شێوەی قسەکردنا بە زوبانی ئەوەوە ، بە شان و باڵی خۆیا هەڵئەدا .

(٢) لەب : لێو . کەوثەر : حەوزی کەوثەر لە بەهەشتدا . زەقۆم : خۆراکی دۆزەخییەکان .

واتە : ئەم دڵدارە سادە لەوحانە تا تامی شەرابی لێوی یار نەکەن کە ئەڵێی ئاوی حەوزی کەوثەرە ئاوگێژ ئەیگێژێ ، ئەوەندە بەدبەخت و چارەژەشن تێناگەن تائیستاش سەرخۆشی خواردنەوەی زەقۆمی ئەهلی دۆزەخن و خۆشەویستیی ژاستەقینەیان نەهاتووەتەژێ .

(٣) وەجهـ : هۆ .

واتە : ژۆناکیی ژۆم لەناو تاریکاییی زوڵفمدا شەوق ئەداتەوە . بۆیە دڵان هەمۆ بوون بە پەروانە و بەدەوری مۆمدا ئەسۆژێنەوە . مەبەستی ئەوەیە بڵێ وەك چۆن پەروانە بەدەوری مۆمدا ئەسۆژێتەوە ، دڵانی دڵدارانیش بەدەوری زوڵفی ژەشی منـدا ئەسۆژێنەوە کە ژۆی وەك مۆمیان لەناودا شارداوەتەوە .

زوڵفم به نەسەب سیلسیلەیی ڕێفعەت و شانە
من دەیخەمە بەر پێ کە حەبەشزادەیی ڕۆمن (٤)

من سەروی ڕەوانی چەمەنی عالەمی بالآم
« نالێ » بە طوفەیلێ بووەتە سایە لە دۆ من (٥)

لە کۆکردنەوەی هەردۆ وشەی (مۆ)دا جیناس و ، لەنێوان (ڕۆناکێ) و (ظوڵمەت)دا طیباق و ، لەنێوان (ڕۆ) و (وەجە)دا جۆرە تەرادوفێك هەیە . هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کە مەبەست لە (مۆمن) ، (مۆی منن)ە ، بەڵام تێکڕا وشەکە بەپێی نۆسینی جاران (مومن = مۆمن) لەگەڵ (پەروانە)دا تەناسوبی هەیە .

نالێ لەم بەیتەیدا ، بە زمانی یارەوە ، ڕەشیی زوڵفی خۆی شوبهاندووە بە شەو و ، داینناوە کەوا پەروانەش ، کە دڵی دڵدارانە ، لەوناوەدا بە دەوری ڕۆمەتی یاردا ئەسوڕێتەوە .

لەنێو (کم) و (من) : لەناو .

(٤) ڕێفعەت : بەرزێ . شان : شەئن ، پایە . حەبەشزادە : بەچکەی ڕەشی حەبەشەیێ ، کۆیلە .

واتە : زوڵفم لەبارەی بن و بنەچەوە ، زنجیرەی پشتاوپشتی بەرزێ و شان و شکۆیە ، بەڵام چونکە کۆیلە و زەڕخڕیدە و لە وەچەی حەبەشەیێ و ڕۆمییە ، من قەدری ناگرم و ئەیخەمە بەرپێم . ئەمە مەعنا دیمەنییەکەی بەیتەکە . مەعنا ڕاستەقینەکەشی ئەوەیە کەوا زوڵفم هەرچەند لەبارەی بن و بنەچەوە ئەگەڕێتەوە سەر زنجیرەی بەرزی سەر و شانم ، بەڵام چونکە ڕەشە و کۆیلەی ڕۆمە ، لێی ئەگەڕێم درێژ ببێ تا وای لێ دێ بگاتە بەر پێم .

لەنێوان (نەسەب) و (سیلسیلە) و ، (شان) و (بەرپێ)دا تەناسوب هەیە . هەروەها لەنێوان (حەبەشزادە) و (ڕۆم)ی (ڕۆمن)یشدا لەلایەکەوە تەناسوب هەیە چونکە دۆ وڵات ئەگەیەنن ناویان زۆر جار پێکەوە دێ . لە لایەکی‌کەشەوە طیباق هەیە چونکە (حەبەشەیێ) ڕەش و (ڕۆمێ) سپین .

(٥) ڕەوان : ڕاست . عالەمی بالآ : جیهانی گیان کە دۆرە لە هەمۆ ڕواڵەتێکی دنیا . طوفەیلێ : ئەوەی لە خۆڕایێ خۆی بە کەسێکدا هەڵواسێ ، خوبزە . دۆ : دوا .

دۆری له من خستەوه بێ سەبەبێ یاری من
باری خودایا که تۆ بگری سەبەبکاری من ! (١)

واته (یار ئەڵێ) : من سەرۆیکی قنجی بالابەرزی جیهانی بەرزی گیانم و خەڵکی ئەم دنیایە نیم ، جیسمی لەطیفم ، سێبەرم نییە . نالێ بەمە نازانێ ، هەر لە زۆی خۆ پیا هەڵواسینەوە خۆی کردووە بە سێبەرم و کەوتووەتە شوێنم .

ئەم شیعرەش دیسان بەڵگەیەکی‌ترە کەوا نازناوی (نالێ) بە لامی سۆکە . ئەوەش لە بەراورد کردنی (سەرو) و (نال)ەوە دەرئەکەوێ کە نالێ ویستۆیە بڵێ پۆشێکی باریکی کورتی ناو قەڵەمێکی قامیش چۆن ئەتوانێ خۆی بکا بە سێبەری دار سەرۆیکی بەرز ؟

طوفەیلێ (چر) : سەفیلێ .

ئەم پارچە شیعرە تەنها لە دەسنۆسەکانی (چر) و (من) و چاپەکانی (عم) و (کم) و (گم)دا هەیە .

— ٧ —

(١) باری خودایا : خودای بارێ ، خودای دروستکەری دنیا ! سەبەبکار : ئەوەی ببێ بەهۆی شتێکی خراپ کە بەسەر کەسێکدا بێت .

واته : سەبەبکارەکەم ، لەخۆڕایێ ، یاری لێ دۆر خستمەوە . خوایە بە غەزەبی خۆت بیگری و گرفتاری کەی کەوا بەوجۆرە بۆ بەهۆی ئازاری دڵم .

وشەی (سەبەبکاری من) لەلایەکەوە فاعیلی فیعلی (دۆری لە من خستەوە)یە و ، لە لایەکی‌کەشەوە مەفعۆلوبیهیی فیعلی (بگری)یە . ئەمەش بەگوێرەی زانستی نەحو پێی‌ئەڵێن (تەنازوع) ، واته : شەڕی دۆ فیعل لەسەر ئیسمێك .

لەنێوان (باری) و (یاری) و (کاری)دا جیناسی لاحیق هەیە .

خستەوە (عم) : گرتووە . (گم) : کردووە . بێسەبەبێ (گم) : بە بێسەبەب . (ك) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) : بێسەبەبە . کە تۆ بگری (ح) : کەسێ بۆ بە ..

مەستی خەیاڵی ئەوە ، لەحظە ژمێری شەوە
دوژمنی خوێنیی خەوە ، دیدەیی بێداری من (٢)

دیدە نیگەهبانی یار ، تیپی سوروشکم هەزار
نالەیی دڵ نەی سەوار ، ئاهە عەلەمداری من (٣)

گریە بە خۆڕ دێتە خوار ، هەروەکو عەینی بەهار
خۆش بووەتە ئابشار مەدمەعی سەرشاری من (٤)

---

(٢) لەحظە ژمێر : تاو تاو ژمێر . دوژمنی خوێنێ : دوژمنێ کە بەهۆی خوێن ڕشتنەوە بۆبێ بە دوژمن .
واتە: چاوی هەرگیز نەچوە خەوی من مەستی بیرکردنەوەیە لە یار و، هەناسە بە هەناسەی شەوگاری درێژ ئەژمێرێ و ، لەگەڵ خەودا وەك دوژمنێکن خوێن لەنێوانیانا ڕژابێ .
بێداری : (چر) و (خا) : دیداری . لە پەراوێزی ئەم دۆ نوسخەیەشدا (بێداری) هەیە .

(٣) نیگەهبان : ئاگاداری‌کەر ، پاسەوان . تیپ : تیپی لەشکر . نەی‌سەوار: مەعناکەیمان بۆ ڕاستنەکرایەوە . دۆر نییە (نێزەدار) بۆبێ و بە هەڵەی نۆسیار گۆڕابێ . عەلەمدار : ئاڵا هەڵگر .
واتە : منی دڵدار هەمۆم تەرخانە بۆ یار و لەپێناوی ئەومدا داناوە . چاومە ، کردۆمە بە پاسەوان بۆی و بە هەمۆلایەکدا ئەڕوانم نەبادا دوژمن لێی نزیك بێتەوە و تۆشی زیانێکی بکا . سوپای فرمێسکیشم بە هەزاران ئامادەن بۆ پاراستنی . نالەی دەرۆنیشم... ؟ ئاە و هەناسەی بەرزیشم ئاڵا هەڵگریەتی .

(٤) گریە : گریان ، مەبەست فرمێسکە . عەین : کانێ . چەشن . خۆش : چاك . ئابشار : تافگە . مەدمەع : ئەو شوێنەی فرمێسکی لێوە ئەڕژێ، چاو . سەرشار : لێشاوکردۆ .
واتە : فرمێسك ، هەروەك کانیاوی بەهار بەخۆڕ لە چاوم ئەڕژێ ، چاوی پڕ لە فرمێسکم زۆر چاك بووە بە تافگە و بەهەمۆلایەکدا ئاو ئەپرژێنێ .

دولبەری عالێ دەماغ ، هەمقەدەمی سەروی باغ
بێتە نەظەرگەی قەراغ دیدەیی جۆباری من (٥)

حیکمەتی تۆ مولهەمە ، هەم قەدەمت مەرحەمە
موستەحەقی مەرهەمە سینەیی ئەفگاری من (٦)

بەخۆڕ (چن) : بەگۆڕ . لە («پەراوێزی»چن)یشدا دیسان : بەخۆڕ . عەینی (چن) و (عم) و (گم) و (ك) : سەیلی . (اح) : ڕەعدی . (خب) : هەوری .

(٥) عالێ دەماغ : بیر و سروشت بەرز . هەمقەدەم : هاوپێ ، هاوڕێ . جۆبار : جۆگا .
مەعنای ئەم شیعرە بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە .
هەمقەدەمی (چر) و (ت) و (مز) و (خب) : هەمقەدەمت . قەراغ (چن) و (عم) و (كم) و (ك) و (ت) و (مز) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) و (خب) : فەراغ ، واتە : بۆشایێ . جۆبار (چن) : خۆنبار ، واتە : خوێناوێ .

(٦) حیکمەت : فەرمۆدەی بەمەعنا . مولهەم : لە خواوە هاتۆ و خوا خستووە دڵ . هەمقەدەمت . هاوپێت . پێیشت ، پێ و قودۆمت . مەرحەمە : ڕەحمەت . مەرهەم : مەڵهەم ، دەرمان . ئەفگار : بریندار و ماندۆ و شەکەت .

واتە : با یاری خاوەن بیر و سروشتی بەرز ، کە لە بالآ بەرزێ و جوانیدا وەك سەروی ناوباخ وایە ، بێتە سەیرانگای کەناری جۆگەی ئەو فرمێسك و خوێنەی لە چاوی منەوە سەرئەکا . ئازیز ! فەرمۆ وەرە سەیری ، چونکە ئەگەر بێیت ، هەرچێ بفەرمۆیت ، فەرمۆدەت ئیلهامی خواییە و ، پێ و قودۆمت ڕەحمەتە و ، سینەی بریندارى منیش شایانی مەڵهەم و دەرمانی تۆیە .

لەنێوان (مولهەم) و (مەرهەم)دا جیناسی لاحیق و ، لە (مەرحەمە) و (مەرهەمە)دا جیناسی موضاریع هەیە . لە بەیتی دۆهەمیشدا ، بە بەراورد لەگەڵ بەیتی پێشۆ ، شێوەی ئیلتیفات بەکارهێناوە لە غائیبەوە بۆ موخاطەب ، مەگەر بڵێین (بێتە) هەڵەی نۆسیارە و ڕاستەکەی (بێیتە)یە . ئەوهەڵەیەش دۆر نییە لە شێوەی نۆسینی جارانەوە .

شاهیدی عەدلە و وەفا ، مەعدەنی صیدقە و صەفا
هاتووە دەرمان بکا قەلبی بریندارى من (٧)

ئەی تەلەفی گفتوگۆ ، جامیعی کیذب و درۆ
واعیظییە ئیشی تۆ ، عاشقییە کاری من (٨)

مەشرەبی « نالێ » گەلێ ئابیو ترشە ، بەڵێ
موعتەریفە خۆی دەڵێ : چا نییە ئەطوارى من (٩)

ئەفگار (ت) و (مز) و (عب) و (اح) و (خب) : ئەفکار . بەمپێیە مەعناکەی وایلێدێتەوە : سینەی پڕ لە بیر و خەیاڵی من .

(٧) شاهید : یار . عەدل : عادل ، بەداد . وەفا : بەوەفا . مەعدەن : کان . صیدق : ڕاستێ . صەفا : خاوێنێ و پوختەیێ . قەلب : دڵ .
لەم بەیتەدا نالێ باسی هاتنەجێی ئەو داوایە ئەکا کە لە بەیتی پێشوودا کردی .
لە وشەی (شاهید)دا تەوریە هەیە چونکە هەم مەعنای شایەتی دادگا و هەم مەعنای یاریشی ئەگەیەنێ . بەڵام کۆکردنەوەی لەگەڵ (عەدل و وەفا)دا پڕە لە جوانکارێ ، چونکە (عەدل) لەگەڵ مەعنا دوورەکەی و (وەفا)یش لەگەڵ مەعنا نزیکەکەی ئەگونجێ .

(٨) تەلەف : فەوتاو .
لەم بەیتەدا نالێ باری قسە وەرئەچەرخێنێ و ڕوی دەمی ئەکاتە ئەوەی لۆمەی دڵداران ئەکا و پێیئەڵێ : ئەی ئەوکەسەی کە فەوتاوی دەستی زۆربڵێییت و چەند جۆرە دەلەسەت لە خۆتدا کۆکردووەتەوە ، دەست لە یەخەم بکەرەوە و دەست بەردارم بە ، من و تۆ ناکەوینە یەك ، من عاشقم و ڕاست و ڕەوان و ، درۆ لای من باوی نییە و ، تۆیش کار و پیشەت هەر ئامۆژگاریێ کردنە بێئەوەی خۆت بەگوێرەی قسەکانی خۆت بجوڵێیتەوە و ، بۆیە هەرگیز ناگەینە یەك و لە یەکتریێ حاڵێ نابین .
ئیشی تۆ (مز) : کاری تۆ .

(٩) مەشرەب : خۆ و ڕەوشت . ئابێ : وەك بەی (بەهێ) . موعتەریف : کەسێ دان بە شتێکا بنێ . چا : چاك . ئەطوار : جەمعی طەورە ، واتە: خۆ و ڕەوشت .

خەندە و دەمی (مەحبوبە) کەوا زۆر نمەکینن
بەس خۆشە ئەگەر خۆ نمەکی زەخم و برینن (١)

غیلمانە ، گوتم ، خاڵی لەطیفت کە لە سەر دا
ئەم قیبلە برۆیانە کە غارتگەری دینن (٢)

واتە : ڕاستە خۆم ددانی پێدا دەنێم کەوا خۆ و ڕەوشتم گەلێ ترش و تۆڕەیە وەك بەهێی ترش و ئەتوارم چاك نییە و ، بۆیەش وا بەئاسانێ لەگەڵ واعیظ ناگونجێم .

لە ڕستەی (گەلێ ئابی‌یو) دا نالێ ئەوەشی مەبەست بووە کە بە (گولی ئابی‌یو)یش بخوێنرێتەوە . گولی ئابێ ، گولابێ : هەرمێ . بەمپێیە مەعناکەی وای لێدێتەوە : ڕەوشتم چاك و خراپە ، ترش و شیرینە .. هەروەها دانانی (چا)ی (چا نییە)شی بەرابەر بە (ئابێ) مەبەست بووە .

لە کۆکردنەوەی (گەلێ) و (بەڵێ) و (دەڵێ)دا جیناسی لاحیق هەیە .

مەشرەبی («پەراوێزی» چر و خا) و (چن) و (ك) و (اح) : مەذهەبی .

---

(١) خەندە : پێکەنین . نمەکین : خوێیاوێ . خۆش . ئەگەرخۆ : هەرچەند . نمەك : خوێ .

واتە : دەم و پێکەنینی یار ، هەرچەندە وەك خوێ زام و برینی دڵ ئەکوڵێننەوە ، هێشتا هەر زۆر خۆش و بەتامن .

لەنێوان (خەندە) و (دەم)دا تەناسوب و ، لەنێوان (نمەکین) و (نمەکی)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (زەخم) و (برین)دا تەرادوف هەیە .

نابێ سەرنجێکی ئەوەش نەدەین کە نالێ وێنەیەکی زۆر ناسکی لەم بەیتەدا پیشان داوین ، ئەویش ئەوەتە کە یار لەوڵاوە دەمی کردەوە و خەندەی بڵاو کردەوە ، لەم‌ڵاوە زامی دڵی دڵداریش ئەکرێتەوە و برینی ئەکوڵێتەوە .

(٢) غیلمان : جەمعی غولامە بەمەعنا بەندە . قیبلە برۆ : ئەوەی برۆی بووە بە قیبلەی دڵداران . غارەتگەر : تاڵانکەر .

واتە : کە خاڵە جوانەکانت بەسەر برۆتەوە کوتا (وەك گوڵ بدەی لە

ئاهۆیی حەرەم قیبلەیی ئەبرۆن کە بە دیدە ،
ئەم شەهد لەبانە کە هەمۆ شاهیدی چینن ، (٣)

سیمین بەدەن و ، سەرو قەد و ، لەنجە تەذەرون
کافر نیگەهـ و ، ژەشك ، لە بوتخانەیی چینن (٤)

سەرت) ، وتم یار بووە بە غولام . ئای لەم کچە نازدارانـە کە بروّیـان قیبلەی دڵدارانە ، چۆن تاڵان‌کەرێکی دینی دڵدارەکانیانن ؟ !

بۆ تێگەیشتنی تەواوی مەعنای ئەم بەیتە ، ئەبێ بزانین کەوا غولام ، تێکڕا ، ژەشە و خاڵیش ژەشە و ، کە یار خاڵی کوتا ژەشـاییەك بـە ناوچاویەوە پەیدابۆ و لەوەوە دانرا بە غولام . لە ڕۆیەکی‌کەشەوە ئـەو خاڵە ئەبێ بە تەماشاگەی دڵداران و ئەبێ بە قیبلەیان و ، ڕۆی دڵ کردنە ناوچاو و بروّی یاریش جۆرە پەرستنێکە . بنیادەمیش کە نوێژ ئەکـا ، ڕۆئەکاتە قیبلە و ، نوێژ کردن تێکڕا پەیوەندی بە میحرابی مزگەوتەوە هەیە و میحرابیش هیلالییە وەك برۆ و کەواتە وا برۆ لە سەرێکی‌کەشەوە بۆ بە قیبلە . هەروەها ڕۆکردنە قیبلە ئەبێ بە مایەی بە هێز و پتەو بۆنی ئایین ، کەچی ڕۆکردنە قیبلەی بروّی یار مایەی بە تاڵان چۆنی ئایینـی ئەوانەیـە ڕۆی تێئەکـەن ، لـەو ڕووەوە کە خواپەرستییـان لە یـاد ئەباتـەوە و ، بەدیمەنیش لـەو ڕوەوە کەوا برۆ وەك شـمشێر وایە و شمشێریش بۆ تاڵان‌کردنی ماڵی خەڵك بەکارئەهێنرێ .

ڕێیشی تێئەچێ مەبەست لە (دین) بینـین بێ . بەمپێیـە مەعنـای شیعرەکە وای لێدێتەوە : ئەو نازدارانە کە بروّیان ئەوەندە جوانە ، بووە بە قیبلە و ، ئاوی چاوی تەماشاکەر ئەبەن .

(٣) ئاهۆ : ئاسك . حەرەم : ئەو شوێنەی کەس نەتوانێ دەستی تیا بەرێ بۆ کەسێك ، وەك حەرەمی مەککە . دیدە : چاو . شەهد لەب : ئـەوەی لێوی وەك هەنگوین خۆش و شیرینە . شـاهید : نـازدار . شـاهیدی چینێ : کینایەیە لە نازداری ئێجگار جوان .
مەعنای ئەم شیعرە و شیعری پاشەوەی پێکەوە دێ .

(٤) سیمین بەدەن : لـەش وەك زیو سپێ . تەذەرو : جـۆرە چۆلەکەیەکە گۆشتی ئەخورێ ، کلکێکی درێژ و پەڕێکی جوانی هەیە ، لە دارستان و کێڵگەکانا ئەژێ . هێلانە لە زەویدا ئەکا و بیست و چوار ڕۆژ بەسەر دە

دندان گوهەر و ، لەب شەکەر و ، پەنجە بلۆرن
نازك بەدەن و ، مۆ کەمەر و ، سیم سرینن (٥)

زوڵفانی سییەھ ماری بە ئازاری دڵی زار
گاهێ لە یەسارن ، بە جەفا ، گەھ لە یەمینن (٦)

موژگانی سییەھ مەستی وەکۆ چاوی (حەبیبە)
غارەت کە بکەن ، دێن و دەچن ، زۆح بڕفێنن (٧)

هێلکەوە ئەنیشێ تا هەڵیان‌دێنێ . کافر نیگەھ : ئەوەی بێڕەحمانە بڕوانێتە یەکێك . ڕەشك : بەخیلێ ، ئێرەیێ .

واتە : ئەم کچە شۆخانەی کە ئەگەر لە چاوەوە بۆیان بڕوانی ، وەك ئاسکی حەرەم وان کەس ناتوانێ دەستیان بۆ بەرێ و ، حەرەمەکەشیان قیبلەگای بڕۆیانە و ، ئەم یارە قسە خۆشە لێو وەك هەنگوینانە کە هەریەکێکیان بگری نازدارێکی چینە ـ لەشیان وەك زیو و ، باڵایان وەك سەرو و ، لەنجەیان وەك قونەی تەزەرو و ، لاکردنەوە و تەماشایان کافرانە و حەسۆدانەیە و ، وەك لە بتخانەی چینەوە هاتبن وان .

(٥) دندان : ددان . گوهەر : گەوهەر . بلۆر : شۆشە . مۆ کەمەر : قەد باریك وەك مۆ . سیم : زیو . سورین : سمت .

(٦) سییەھمار : ڕەشمار : گاهێ : هەندێجار . گەھ : هەندێ جاری‌کەش . یەسار : لای چەپ . یەمین : لای ڕاست .
واتە : زوڵفەکانی کە ئەڵێی ڕەش‌مارن و دڵی بریندار ی عاشق ئازار ئەدەن ، جارێ بەم‌لادا ئەکەون و جارێ بەولادا .

(٧) موژگان : برژانگ . سییەھ مەست : بەدمەست ، زۆر سەرخۆش . غارەت : تاڵان .
واتە : برژانگەکانی وەك چاوی (حەبیبە) یەجگار زۆر خراپ سەرخۆشن کە بییانەوێ تاڵان بکەن دێن و دەچن گیانی دڵدار ئەفڕێنن .
(ی)ی وشەی (بڕفێنن) ، هەرچەند کراوەیە ، کورت نییە ، درێژە . ئەم وشەیە ئیسمی فاعیلە بۆ صیغەی جەمع و موفرەدەکەی (بڕفێن)ە وەك (بکوژ) و (ببڕ) و شتی‌وا .

« نالێ » وەرە لادە لە خەدەنگی موژەیی یار
ئەو کافرە مەستانە کە غارەتگەری دینن (٨)

— ٩ —

ئەم طاقمە مومتازە کەوا خاصصەیی شاهن
ئاشوبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن (١)

---

(٨) خەدەنگ : تیر .
واتە : خۆت لە تیری برژانگەکانی یار دوور ڕاگرە ، کافریشن و سەرخۆشیشن ، ئاگات لە خۆت نەبێ دینت بە تاڵان ئەبەن .
ئەم پارچە شیعرە کە هیچ مەیدانی گومانکردن نییە لەوەدا کە هیی نالییە ، تەنها لە چاپەکانی (عم) و (گم)دا هەبو .

— ٩ —

نالێ ئەم پارچە شیعرەی لەبارەی خولامە تایبەتییەکانی دەربارى بابانەوە وتووە کە دیارە هەڵبژاردەترین و شۆختترین و تازە هەڵچوترین کەسی ئەو دەوروبەرە بوون . لە نوسخەی (عب)دا نوسراوە «در مدح غلامان احمد پاشای سلیمانیە » واتە : لە پیاهەڵدانی خولامەکانی ئەحمەد پاشای سولەیمانیدا .

(١) مومتاز : هەڵاوێردە . خاصصە : تایبەتێ . قەلبی سوپاە : جاران سوپا کراوە بە چەند بەشەوە : موقەددەمە و موئەخخەرە و مەیمەنە و مەیسەرە و قەلب ، واتە ئەوانەی لەپێشەوە ئەڕۆن و ئەوانەی لەدواوە ئەڕۆن و ئەوانەی لای ڕاست ئەگرن و ئەوانەی لای چەپ ئەگرن و ئەوانەی لە ناوجەرگەدان . ئەرکی هەرە زۆری جەنگ ئەکەوتە ئەستۆی ئەمانەی دوایێ . قەلب : بەمەعنا وەرگێڕانەوەش دێ . قەلبی سوپاە زاراوەیەکی سوپاییە .
واتە : ئەم کۆمەڵە هەڵاوێردەیە کە دەست و دائیرەی تایبەتیی پادشان، لە جوانیدا بوون بە مایەی هەرا و ئاشوبە لە هەموڵایەکی وڵات و لە ناوجەرگەی سوپایشدا ، یان بوون بە مایەی وەرگێڕانەوەی سوپا و لەکارخستنی ، یان دڵی سوپا و خۆشەویستیئی ..
تێکڕای پارچە شیعرەکە وائەگەیەنێ هەڵەیە بڵێین (قەلبی سوپاهن)

صەف صەف کە دەوەستن بە نەظەر خەططی شوعاعن
حەلّقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن (٢)

نەرگس نیگەھ و ساق سەمەن ، کورتە بەنەفشەن
مۆ سونبول و ، زۆمەت گوڵ و ، هەم لالە کولاهن (٣)

عەطف کراوەتەوە سەر (ئاشۆبی دڵی مەملەکەت) و هەردو نیمچە جوملەکە خەبەری (ئەم طاقمە)ن ، مەگەر لە حاڵێکا کە (قەلب) بە (وەرگێڕانەوە) واتە (مایەی وەرگێڕانەوە) یا بە (دڵ) مەعنا لێبدەینەوە . ڕاست ئەوەیە عەطفی (قەلبی سوپاهن) بکەینەوە سەر (دڵی مەملەکەت) و (ئاشۆبی) بەسەردا بێتەوە .

لە کۆکردنەوەی (شاە) و (سوپاە)دا تەناسوب و ، لەنێوان (دڵ) و (قەلب)دا جۆرە تەرادوفێك هەیە . هەروەها لە (قەلب)دا لەطافەتیش هەیە ، چونکە هەم مەعنای دڵ و هەم مەعنای وەرگێڕانەوە و هەم مەعنای زاراوە سوپاپییەکەش ئەگەیەنێ کە باسمانکرد .

ئەم (عب) : ئەو . طاقم (گم) : تاقم . سوپاهن («پەراوێزی» چر) و (مز) : سیاهن . هەرچەند مەعناکەش ئەگونجێ ، واتە ئاشۆبی دڵی کەسانی دڵڕەشن ، بەڵام جوان نییە .

(٢) بەنەظەر : لە بەرچاودا . شوعاع : تیشك . ماە : مانگ .

واتە : کە ڕێز ڕێز ئەوەستن ، لە بەرچاودا وەکو هێڵی ڕۆناکین ، لارێ و خواریان تیا نییە ، یاخود بەهۆی بریقەدانەوەی جل و بەرگی جوانیان و چەکی دەستیانەوە تیشك ئەدەنەوە . کە ئەلّقەش ئەبەستن وەك خەرمانەن بەدەوری مانگدا . دیارە مانگە خەرمانە داوەکەش پادشا خۆیەتی .

صەف صەف («پەراوێزی» چر) و (عب) : یەك صەف . ئەوەستن (چر) و (چن) و (مز) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) و (خب) : ئەبەستن . لە («پەراوێزی» چر)دا : ئەوەستن . (ت) : ئەوێستن .

(٣) نەرگس نیگەھ : ئەوەی بە چاوێکی وەك نەرگس مەستەوە بڕوانێ . ساق : باڵا . سەمەن : گوڵی شینایییەکە پێی‌ئەڵێن سێپەڕە ، صەد گەڵای هەیە . گوڵەکە،زەرد و سپێ و شینی هەیە . دۆریش نییە لە ئەسڵدا (سیمین) بۆبێ ، واتە : باڵا سپێ وەك زیو . کورتە بەنەفشە : کورتەکی بەریان وەنەوشەیی ڕەنگ ، مەبەستی لە کەوای تاقەی شینە کە ئەو

گوڵزاری دەر و دەشتن و غیلمانی بەهەشتن
ئاهۆ صەف و ، ئاتەش بە کەف و ، تیز نیگاهن (٤)

صەحرا بە تەجەللێ دەکەنە وادیيی ئەیمەن
قامەت شەجەر و ، مەظهەری ئەڵطافی ئیلاهن (٥)

خوڵامانە لەبەریان‌کردووە . مۆ سونبول : ئەوەی تازە مۆی لێ هاتبێ و موەکانی زۆی وەك سونبول ناسك بن . زۆمەت گوڵ : ئەوەی زۆمەتی وەك گوڵ گەش بێ . لاله کولاه : کلاو سۆر وەك گوڵی لاله .

کورته (مز) : کورت و . بەنەفشەن : (عم) و (گم) و (مز) و (اح) و («پەراوێزی» خا) : وەنەوشەن . (کم) : ئەپۆشن . (ك) : دەپۆشن .

(٤) ئاتەش : ئاگر . کەف : دەست . تیز : تیژ .

واته : مایەی زازانەوەی دەرەوە و ناوەوەن . له دەرەوەدا وەك گوڵن، له کۆشکی پادشاشدا وەك غیلمانی بەهەشتن . له مەیدانی سەیران و زابواردنیشدا وەك ئاسك زێك زیز ئەبەستن ، تفەنگ و بارۆت بەدەستەوە ئەگرن ، یاخود ئاگر بەرئەدەنە دڵی تەماشاکەر هەروەك بڵێی ئاگریان بەدەستەوە بێ، چاویان تیژە ، هیچیان لێ ون نابێ، یان دڵی تەماشاکەر ئەسمن .

صەف و (چن) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) و (خب) : صیفەت .
تیز (چن) : تیزە .

نیوەی یەکەمی ئەم بەیته له نوسخەی (خب)دا بەمجۆرەیە :

غیلمانی دەر و دەشتن و حۆرانی بەهەشتن

ئەم بەیته و بەیتی شەشەم له نوسخەی (عب)دا لەجێی یەکتردان .

(٥) تەجەللێ : دەرکەوتن . دەرکەوتنی نۆری خودا . وادیيی ئەیمەن . شیوی لای زاست . ئەو شیوەی که نۆری خوای بۆ حەزرەتی مۆسا تیا دەرکەوت له کێوی تۆر و بانگی تیا لێ کرا . شەجەر : درەخت . ئیشارەتە بۆ ئەو درەختەی که لەنزیکیەوە بانگ کرایه حەزرەتی مۆسا .

واته : ئەم لاوانه که ئەکەونە دەر و دەشت ، به جوانیی خۆیان ئەیزازێننەوە . بالآیان وەك درەخت بەرزە و ، لوتفی خودا زۆی تێ کردۆن .

له سەرێکی‌کەشەوە نالێ شوێنەکەی ئەم لاوانەی شوبهاندووە بە

گەھ طاوس و ، گەھ کەبکن و ، گەھ بۆقەلەمۆنن
گەھ ئاتەش و ، گەھ شوعلە ، گەھێ دۆدی سیاھن (٦)

لالەن بە بەدەن ، ئەطڵەسی ئەخضەر کە لەبەرکەن
نەوڕەستە گوڵن ، بەستە لەگەڵ دەستە گیاھن (٧)

وادیی ئەیمەن کە نۆری خوای تیا دەرکـەوت بۆ حەزرەتی مۆسـا و ، خۆیانی لەلایەکەوە شوبھاندووە بە نۆری خوا کە لەو شیوەدا دەرکەوت بۆ مۆسـا (دیارە مۆساکەش ئەبێ ئەحمەد پاشا بێ) . لە لایەکی کەشەوە داینـاون بەو درەختەی بانگی حەزرەتی مۆسای لێوە کرا و ، کردۆنی بە جێگای دەرکەوتنی لوطفی خوا . تێکڕای شیعرەکە ئیقتیباسە لە ئایەتی (فَلَمّا اَتیھا نودِیَ مِنْ شاطِیءِ الوادِ الأیمَنِ فِي البُقْعَةِ المبارکَـةِ مِن الشَّجَرَةِ ، أنْ یا موسی انیِّ انـا اللّٰهُ ربُّ العالمینَ) .

صەحرا (مز) : یەکتا . دەکەنـە (گم) : ئەکەنـە . تەجەللـێ (گـم): تەجەللا . مەظھەری (عب) : مەنظەری . ئەلطافی (عم) و (گم) و (خب) : ئەنواری .

(٦) گەھ : جار جار . کەبك . کەو . بۆقەلەمۆن : عەلێشـیش . دۆد : دۆکەڵ .

واتە : ئەم کوڕگەلەی دەوروپشتی پادشا ھەر تاوێ لەسەر باڕێکن ، جارێك وەك تاوس خۆیان ئەنوێنن و، جارێك وەك کەو بە لارە و لەنجەوە ئەڕۆن بە ڕێدا و ، جارێك وەك بۆقەلەمۆن خۆیان فشئەکەنەوە . کـە تۆڕەش ئەبن جارێك ئەڵێی ئاگرن و ، جارێك ئەڵێی بڵێسەن ئەچـن بەئاسمانا و ، جارێکیش ئەڵێی دۆکەڵی ڕەشن بەری چاو و دڵی خەڵك ئەگرن .

شوعلە ، گەھێ (ھەمۆ نوسخەکان جگە لە «چـر») : شـوعلەوو ، گەھـ . لە نوسخەی (عب)دا (شوعلە) خراوەتە پێش (ئاتەش)ەوە .

(٧) ئەطڵەس : جـۆرە قوماشێکە . ئەخضەر : سـەوز . نەوڕەستە : تازە پێگەیشـتۆ . بەسـتە : بەسراو ، کراو بە چەپـك . گیـاە : گیـا .

واتە : لەش و سەر و ڕۆیـان لە گەشتۆ و جوانێ و خوێن تێزاویدا وەك گوڵی لالە وایە ، کە بەرگی تەڵەسی سەوزیـش لەبەرئەکـەن ، ئەڵێی گوڵی تازە پێگەیشتۆن لەگەڵ چەپکە گیادا بەسراون .

لەنێوان (ڕەستـە) و (بەستە) و (دەستـە)دا جیناسی لاحیـق و ،

تەنهایی سەمەن بەرگی بەنەوشە کە لەبەرکەن ،
وەك نۆری دڵی موئمین و ظوڵماتی گوناهن (٨)

بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەرو قەدانە ،
صۆفیێ لە طەڵەبدان و ، هەمۆ سالیکی ڕاهن (٩)

لەنێوان (گوڵ) و (گەڵ)دا جیناسی موحەڕڕەف و ، لەنێوان (گـوڵ) و (گیاه)دا تەناسوب هەیە .

لالەن (چر) و (کم) و (من) و (خا) : لابیس . («پەراوێزی» چـر) و (چن) و (ك) و (اح) : لایق . (عب) : لاله . بە بەدەن (خب) : بە زوبان . ئەخـضـەر (خب) : دیبا . لەبەرکەن (چن) : دەپۆشن . (ك) و (مـز) و (اح) : بپۆشـن . نەوڕەستە گوڵـن ؛ بەستە لەگـەڵ .. تـاد (عم) : نەوڕەستە گوڵ و .. تاد . (کم) : نەوڕەستەوو گوڵ بەستەوو .. تاد.

(٨) تەنها : لەشەکان ، جەمعی (تەن)ە واتە لەش . موئمین : کەسێ باوەڕی بە خودا هەبێ . ظوڵمات : تاریکایێ .

واتە : کە کەوای تاقەی مۆری تۆخ لەبەرئەکەن ، لەشی وەك گوڵـە یاسەمەن ، یا وەك زیو سپییان ، وەك نۆری دڵی موسوڵمان و تاریکاییی گوناه دێتە بەرچاو .

ئەو شوبهاندنەی لەم بەیتەدا هەیە شوبهاندنی تێکەڵە و ، شوبهاندنی شتی ماددییە بە شتی مەعنەوێ .

تەنهایی سەمەن (ت) : تەن یاسەمەن و . بەنەفشە (عـم) و (گـم) : وەنەوشە . لەبەرکەن (عم) : دەپۆشن . موئمین و (هەمۆ نوسخەکـان جگە لە «چر») : غەرقەیی . بەپێی ئەم نوسخانە ئەبۆ بەمجۆرە بووایە : (وەك نۆری دڵ و ، غەرقەیی .. تاد) .

(٩) خەرامیدەن : لارە و لەنجە کردن . طەڵەب : پەیجۆر ، داوا . سالیکی ڕاە : ڕێگرتووەبەر .

واتە : هەرچێ صۆفیێ هەیە هەمۆ ڕێیان گرتووەتەبەر و کەوتۆنەتـە پەیجۆری ئەوە چۆن چاویان بە لەنجە و لارەی ئەم شۆخە بااڵ بەرزانە بکەوێ .

ئەم (چن) و (ك) و (عـب) : ئەو . سـەرو قەدانە (کـم) و (مـن) : مەهوەشـە ، نالێ .

بۆ زوڵف و ڕوخ و ئەبرووی چون زوڵفی سیاتان
عالەم وەکو « نالێ » هەمو با نالەوو ئاهن (١٠)

« نالێ » ! بە خودا حەیفە دەڕەنجێنی دڵی خۆت
ئەم طاقمە مەخصوصە هەمۆ صاحیبی جاهن (١١)

خەطات فەرمۆ کە خۆشە چین و ماچین
کە ناچین ، لێرە خۆشە چینی ماچین (١)

---

(١٠) ئەم بەیتە تەنها لە نوسخەکانی (عم) و (گم)دا هەیە .
(١١) ئەم بەیتەش تەنها لە نوسخەکەی (عب)دا هەیە .
وەك زانیمان ئەم دۆ بەیتەی دوایێ لە جگە لە نوسخەکانی (عم) و (گم) و (عب)دا نین . نازناویش لەسەر بەیتی نۆهەم تەنها لە نوسخەی (کم) و (من)دا هەیە ، تەنانەت لەوێیش هەڵەیەکی ڕێزمانێ بەبۆنەی ئەو نازناوەوە پەیدا بووە ، چونکە ئەبۆ لەبریتیی (ئەم مەهوەشە ، نالێ) بووترایە (ئەم مەهوەشانە ، نالێ) لەبەرئەوە کە باس باسی کۆمەڵێکە نەك یەکێك ، کە ئەوەش پارسەنگی نیوە شیعرەکە خوار ئەکا . دۆبارە و سێبارە بۆنەوەی نازناوی (نالێ) بەمجۆرە شتێکی نەك هەر ناعادەتییە ، بەڵکو ڕاستیش نییە . ئالۆزییەك لە داوێنی ئەم پارچە شیعرەوە هەیە ئێمە سەرمان لێ دەرنەکرد و بۆمان ساغ نەکرایەوە . مەسەلەکە با بمێنێ بۆ وەڵامدانەوەی دوارۆژ .

(چر) لە پەراوێزی ئەم پارچە شیعرەوە نۆسیویە : «خود در جواب خود فرموده» واتە : نالێ خۆی لە وەڵامی خۆیدا فەرمۆیەتی . مەبەستی ئەوەیە لە وەڵامی ئەو پارچە شیعرەیدا وتۆیەتی کە لەم دیوانەدا لەپاش ئەم پارچە شیعرەوە بڵاوی ئەکەینەوە . لە نوسخەی (تۆ)یشدا هەر لەسەر ئەم پارچە شیعرەوە نۆسراوە : « از ردیف این غزل خودش جواب خود بدینگونه دادەاست» واتە : لە چەشنی ئەم غەزەلە خۆی وەڵامی خۆی بەمجۆرە داوەتەوە و ئەنجا ئەم پارچە شیعرەی بەدوادا نۆسیوەتەوە. بەڵام وەك لە سەرەتای پارچەی داهاتۆدا ڕۆنی ئەکەینەوە،

برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین
ئەمەندە چینە ، قوربان ، پێم بڵێ چین ؟! (٢)

ئەم دۆ پارچەیە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە و ، شتێکی ون لەم نێوانەدا هەیە هێشتا ڕۆن نەبوەتەوە .

هەروەها لە نوسخەی (تۆ)دا لە سەرەتای ئەم پارچە شیعرەوە نوسراوە «این غزل دلخواه حضرت نقیب مرحوم جناب میره سوره رحمه الله است » . واتە : ئەم غەزەلە بە ئارەزۆی حەزرەتی نەقیبی ڕەحمەتی جەنابی میرە سۆرەیە ڕەحمەتی خوای لێ بێ . بەڵام نەقیب کێیە و میرە سۆرە کێیە و مەسەلەکە چۆنە ؟ هیچمان بۆ ڕۆن نییە .

(١) خەطا : هەڵە . چین و ماچین : ولاتی چین . خۆشە چین : گوڵۆچن، ئەوەی لەبەر دەس‌کورتیی خۆی ، پاش خەرمان هەڵگرتن بە شوێن دەغڵەکەدا ئەگەڕێ ، ئەگەر گوڵە گەنمێك بەپێوە مابێ یا لە زەویدا کەوتبێ هەڵی‌ئەگرێ . هەروەها خۆشەچین بەوکەسەش ئەوترێ لەکوێ گوڵێ یا هێشوێەکی جوان بەدێ بکا ، ئەیکاتەوە .

واتە : هەڵەیە کە ئەڵێیت ولاتی چین و ماچین خۆشە . چین و ماچین خۆش نییە ، ئێرە خۆشە. ئێمەش بۆیە لێرە لاناچین بەهیواین ماچێکمان دەسگیر ببێ ، یان لێرە لەملا و لەولا ماچ کۆئەکەینەوە !

لە کۆکردنەوەی (خەطا) و (چین و ماچین)دا تەناسوب هەیە بەدیمەن، چونکە (خەطا) سەرەڕای مەعنای هەڵە ناوی شارێکیشە لە تورکستان .. لەنێوان (خۆشە چین) و (خۆشەچین)یشدا جیناسی تەرکیب هەیە . لەنێوان (ناچین) و (ماچین)یشدا جیناسی لاحیق هەیە.

(٢) واتە : بڕۆکانت پەیوەست و چین چینن . پەرچەمیشت هەروا چین لەسەر چینە بەسەر ناوچاوانتا هاتوەتەوە . ئازیز ، توخوا پێم نااڵێی ئەم هەمۆ چینانە چین کۆت‌کردۆنەتەوە ؟

لەنێوان چوار وشەی (چین)ی یەکەم و (چین)ی پێنجەمدا جیناسی تەرکیب و ، لەنێوان چوارەکە خۆیشیاندا جیناسی تەواو هەیە .

ئەشگونجێ مەعنای بەیتەکە وا لێبدرێتەوە کە ببێ بە (حوسنی تەعلیل) بۆ بەیتی پێشۆ . واتە : بڕۆت شارێکی چین و ، پەرچەمت شارێکی‌تری چین و ، مادەم لای خۆمان ئەم هەمۆ شاری چینە هەبێ ، ئیتر بۆچی بچین بۆ چین و ، لەڕێی خوادا پێم نااڵێی ئەم هەمۆ شاری چینە ، چین کۆت‌کردۆنەتەوە ؟

شکافێکه کلاّفه‌ی نافی زوڵفت
ده‌ڕێژێ میسك و عه‌نبه‌ر لێره تا چین (٣)

له‌سه‌ر به‌رگی گوڵێکی باغی حوسنت
هه‌زار ، گوڵچینی بێ به‌رگ و نه‌واچین ! (٤)

هه‌ر (چر) : پڕ .(مز) : هه‌م . پێم بڵێ (ت) و (خب) : پێم بڵێن . (تۆ) و (عب) : بێ‌خه‌طا .

(٣) شکاف : ئاوریشمی کلاّفه‌کراو . درز . له‌ت . ناف : مۆی بۆن‌خۆش. ناوك .

واته : کلاّفه مۆی بۆن‌خۆشی زوڵفت ، کلاّفه ئاوریشمێکه ، لێره‌وه تا چین موشك و عه‌نبه‌ر بلاّو ئه‌کاته‌وه . یاخود ئه‌ڵێین نالێ زوڵفی یاری شوبهاندووه به ناوکی ئه‌و ئاسکانه‌ی موشکیان تیایه و ، ئه‌ڵێ وه‌ك چۆن بن ناوکی ئه‌و ئاسکانه هه‌ڵئه‌درێن و موشکه‌که‌ی لێ ده‌ردێنن و بۆنی خۆش به هه‌مۆلایه‌کدا بلاّو ئه‌بێته‌وه ، تۆش زوڵفی وه‌ك ناوکی ئاسکی خۆت بکه‌ره‌وه و له‌تی که ، با بۆنی خۆشی لێره‌وه تا چین بگرێته‌وه . به‌م‌پێیه ئه‌بێ (شکافێکه) به (شکافی که) بخوێنرێته‌وه .

شکافێکه (عم) و (ك) و (تۆ) و (مز) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : شکافێکی . نافی زوڵفت (تۆ) : چینی زوڵفت . («په‌راوێزی» چر) و (ك) و (مز) و (اح) : زوڵفی موشکین. ده‌ڕێژێ (چن) : ده‌کێشێ. میسك و (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) و (اح) : موشك و .

(٤) به‌رگ : په‌ڕه . نه‌واچین : جه‌معی (نه‌واچی)یه ، واته ڕۆزێ‌خوا و ده‌ڕۆزه‌که‌ر ، یاخود گۆرانێ‌بێژ (خاوه‌ن نه‌وا ، خاوه‌ن ئاواز) .

واته : هه‌زاران‌که‌س له‌سه‌ر تاقه گوڵێکی باخی جوانیی تۆ، گوڵۆچنی هه‌ژار و بێ‌جل و به‌رگ و ده‌ڕۆزه‌که‌ر و ڕۆزی خوازن، یان گۆرانێ‌بێژن. جاران باو بۆ له کوردستانا زۆر که‌سی هه‌ژار به لادێکانا ئه‌گه‌ڕان گۆرانییان ئه‌وت و شمشاڵیان لێ‌ئه‌دا و به‌وه ئه‌ژیان . یاخود : هه‌زاران‌که‌س ئه‌یانه‌وێ تامی جوانیی تۆ بچێژن و په‌ڕه‌ی گوڵی تۆ بکه‌ن به به‌رگی خۆیان و گۆرانێ به باڵای تۆدا ئه‌ڵێن .

له‌نێوان یه‌کێتیی مه‌عنای (گوڵێکی) و زۆریی مه‌عنای (هه‌زار گوڵچین) و ، ئه‌و بۆنه‌ی له مه‌عنای (به‌رگی گوڵێکی)یه‌وه ده‌رئه‌که‌وێ و ئه‌و نه‌بۆنه‌دا که له (بێ‌به‌رگ)ه‌وه ده‌رئه‌که‌وێ ، طیباقێکی ئێجگار

ئەتۆ میهرییو مەهرۆیان ستارەن
لە خزمەت شەوقی تۆدا شەوچرا چین ؟! (٥)

هەمۆ ذەرّاتی میهری رۆتە با قین
خودامان بۆ بەقایە لێرە لاچین ! (٦)

هونەرمەندانە هەیە . هەروا تەناسوبێکی جوانیش لەنێوان مەعنای (بولبول) ، کە لە شێوەی نۆسینی جارانی (هەزار ـ هزار)ەوە دەرئەکەوێ ، لەگەڵ (نەوا)ی (نەواچین)دا هەیە .

(٥) میهر : خۆر . مەهرۆیان : ئەوانەی رۆیان وەك مانگ جوانە . ستارە : ئەستێرە . شەوچرا : گەوهەری شەوچراغ ، گەوهەرێکە بە شەو وەك چرا ئەدرەوشێتەوە . چرای شەو . جۆرە کرمێکە بە شەو تیشك ئەداتەوە ، بە کوردێ (گۆ ئەستێرە)ی پێئەڵێن .

واتە : تۆ خۆری و ئەوانەش کە لە جوانیدا ناوبانگیان دەرکردووە و رۆمەتیان وەك مانگ وایە،ئەستێرەن و هەمۆ لە تۆوە رۆناکێ وەرئەگرن. کەواتە ئیتر گەوهەری شەوچرای داماو چۆن ئەتوانێ بەرابەر بە جوانیت خۆی بنوێنێ .

ئەشگونجێ مەبەست لە (شەوچرا) گەوهەری شەوچراغ نەبێ ، (چرای شەو) یا کرمە بە شەو تیشك‌دەرەوەکە بێ . بەمپێیە مەعنای نیوە شیعری دۆهەم وای لێدێتەوە : کە مادەم تۆ خۆر بی و هەمۆ جوانان لەئاستی تۆدا ئەستێرە بن ، تیشکیان لەچاو تیشکی تۆدا وەك چرای شەو یا وەك کرمی شەوچرا وایە ، جا توخوا ئەبێ شەوقی چرای شەو یا شەوقی کرمی شەوچرا لەئاستی شەوقی رۆژدا چێ بێ ؟

(٦) میهر : خۆشەویستێ . با قین : لەگەڵ رق و کینەدا . یاخود جەمعی (باقی)یە واتە ماونەتەوە .

واتە : هەرچێ زەرّەی خۆشەویستێ بە رۆتەوەیە هەمۆ لەگەڵ رق و کینە و تۆرّەییدایە و لەوانەیە ئێمەشی بەرکەوین . بەڵام ئێمەش خوامان بۆ ماوەتەوە یاریدەمان بدا و بتوانین لەبەر ئەم رق و کینەیەی رۆی تۆدا لاچین .

ئەشگونجێ کە (میهر) هەر بە خۆر مەعنا لێبدەینەوە و مەعنای نیوە شیعرەکە وای‌لێبێتەوە کە هەمۆ وردەکانی تیشکی خۆری رۆت بە قین و کینەوەن و لەوانەیە بنیادەم بسۆتێنن ..

بڵێ « نالێ » به ئەربابی وەفا : بێن
هەمۆ موحتاجی خاك و بێڵ و پاچین (٧)

به جان سەختیيیو دڵ بەردێ ، من و تۆ
بیعەینێ هەروەکۆ پۆڵاوو بەردین (١)

لەنێوان (ذەرّە) و (میهر)دا بەوپێیە کە (میهر) بە مەعنا (خۆر) بێ ، طیباق و ، لەنێوان (میهر) و (ژۆت)دا بەوپێیە کە دیسان (میهر) بەمەعنا (خۆر) بێ جۆرە تەرادوفێك و ، لەنێوان (میهر) و (قین)دا بەوپێیە کە (میهر) بەمەعنا (خۆشەویستێ) بێ طیباق و ، لەنێوان (باقین) و (بەقایە)دا جۆرە جیناسێك هەیە .

ژۆتە باقین (چن) : ژۆتە باقێ . (عم) و (ت) و (ك) و (مز) و (اح) و («پەراوێزی» خا) و (خب) : ژۆتە پڕ قین. (تۆ) و (عب) ژۆت و باقین. («پەراوێزی» خا) : ژۆت و بەرقین . لەوانەشە (پڕ قین) بێ . خودامان بۆ بەقایە (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (مز) و (اح) و (من) و (خب) : خودا یارێ بدە تا ، یاخود : خودایا زێ بدە تا .

(٧) واتە : نالێ ، بە خاوەن وەفاکان بڵێ بێن ، یا بڵێ با لەناو خۆماندا بەوەفا بین ، چونکە دنیا ئەوەندە ناهێنێ و هەمۆمان بەرەو مەرگ ئەچین و پێویستمان بە بێڵ و پاچە گۆڕی پێ هەڵکەنین بۆ خۆمان و ، خاکمان ئەوێ پاش مردن تیا بنێژرێین .

ئێمە وای بۆ ئەچین لە نوسخەی ئەستەمبوڵیدا (و)یەك لەدوای وشەی (وەفا)وە بووە و نیوە شیعرەکە بەم جۆرە بووە :

بڵێ « نالێ » بە ئەربابی وەفا و بەین :

بڵێ (ك) و (ت) و (اح) و (خب) : بڵا . («پەراوێزی» چر) و (کم) و (گم) و (من) : وەرە . خاك و بێڵ و (چن) و (ك) و (اح) : بێڵ و خاك و.

لە تێکڕای نوسخە دەستۆس و چاپییەکاندا ئاڵۆزییەك لەنێوان ئەم پارچە شیعرە و پارچەی پێشۆدا ڕۆی‌داوە . (چر) و (ت) و (ك) و (تۆ) و (مز) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) بەیتی یەکەم و دۆهەمی پارچەی پێشۆ و ، (چن) و (کم) و (گم) و (من) تەنها بەیتی یەکەمییان لێرەدا

. . . . . .

داناوه و کردۆیانه به سەربەند . (عم)یش تەنهـا بەیتی سێهەمی ئەوێی هێناوه و لێرەدا کردۆیه به سەربەند ، جیـاوازیی بەکارهێنانی ئەو دۆ بەیته له پارچەی پێشۆ و لەم پارچەیەدا ، بەگوێرەی ئەم نوسخانه تەنها ئەوەندەیه لەجیاتیی (خەطات فەرمۆ)ی پارچەی یەکەم ، لێرە (مەکه مەدحی)یه و ، لەجیاتیی (پێم بڵێ)ی ئەوێ لێرە (بێخەطا)یه .

بەرابەر بەمه له نوسخەی (ت) و (ك) و (مز) و (اح) و (خب)دا ئەم دۆ بەیته له پارچەی پێشۆدا نین و،هەروەها له (مز)دا بەیتی چوارەمیش و، له (عم)دا تەنها بەیتی سێهەم نییه .

ئاڵۆزییەکیتریش له ئارادایه : له نوسخەکەی (چر) و (تۆ)دا ــ وەك له سەرەتای پارچه شیعری پێشۆدا باسـمان کرد ــ پارچه شـیعری پێشۆ به وەڵامی ئەم پارچه شیعره دانراوه ، گوایه نالیی خاوەنی ئـەم پارچه شیعره ، بەوی پێشۆ وەڵامی خۆی داوەتـەوه ، جا خواه ئەوی پێشۆی به ناوی کەسـێکیتر‌ەوه دانـابێ ، وەك له نوسـخەی (تۆ)دا نۆسراوه ، یا نه ..

بەڵام ئەوەی له بەراورد و لێکۆڵینەوەی ئـەم دۆ پارچه شـیعرەوه بەئاشکرا بۆ زەخنەگر دەرئەکەوێ ، ئەوەیه ئەم دۆ پارچەیه ، هەرچەند لـه وەڵام ئەچـن ، بەڵام هیچکامیـان وەڵامـی ئەوی‌تـریان نییـه و هیچ پەیوەندێکیان به یەکەوه نییـه ، ئەوه نەبێ کـه لەبارەی سـەنگی عەرۆزییەوه هاوجۆرن . که دۆ بەیتی یەکەم و دۆهەمی پارچەی پێشۆ ئەخەینه لای سەرەوەی ئەم و دەسـت ئەکەین بـه خوێندنەوەیـان و پاشان ئەگەینه بەیته بزبزە پشتییەکانی ئەم پارچەکه ، بەئاشکرا هەست ئەکەین که له جیهانێکەوه چۆینەته جیهانێکی‌تری بێپەیوەند . خۆ ئەگەر بەیتی سێهەمی ئەو بکەین به سەربەندی ئەم ، ئەوه جگه له بێپەیوەندییه مەعنایییەکه ، لەبارەی نایەکێتیی زەوی و قافیەیەی بەیتـەکه خۆی و نەگونجانیشییەوه لەگەڵ ئەم پارچەیه لەبارەی لەنگەرەوه ، گیر ئەخۆین..

ئێمه لامانوایه ، هەروەك دۆ پارچەکه پەیوەندیان بەیەکەوه نییـه ، ئەم پارچەیەش لای کەمی بەیتێکی ناتەواوه ، هەر هیچ نەبێ چونکه خۆ پێویسـته بەیتی یەکەمی (موصەڕڕەع) بێ واته (زەوی) و (قافییه)ی چونیەك بێ . مایەی خۆش بەختییه چروستانییش له پەراوێزی ئەم پارچەیەدا نۆسیویه : « در اکثر نسخ دو شعر در اول این غزل مفقود است » واته : له زوربـەی نوسخەکاندا دۆ بەیت له سـەرەتای ئـەم

غەزەلەوە نەماوە . بەڵام بۆ کەس بۆی نەگێڕاینەوە کە لە «اقل نسخ»دا ئەو بەیتانە کامەن ؟!

جیاوازیی ڕستەی یەکەمی بەیتی یەکەم و ڕستەی پێش دواییی بەیتی دۆهەمیش لە پارچەی پێشۆدا لەوەی لە نوسخە ناوبراوەکاندا کراون بە بەیتی یەکەم و دۆهەمی ئەم پارچەیە ، تەنها جیاوازیی نوسخە ئەگەیەنێ لە چوار چێوەی پارچەی پێشۆدا و ، نیشانەی ئەوە نییە شیعری سەربەخۆن و هیی ئەم پارچەیەن .

(١) جان سەختێ : گیان سەخت ، زۆ گیان دەرنەچۆن . خۆ بەدستەوە نەدان . دڵ بەردێ : دڵڕەقێ وەك بەرد . بێڕەحمێ . بیعەینێ : بعینە، دەق وەك . .

مەعنای ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی پێکەوە دێ .

لە هێنانی (من) و (تۆ)دا بەدوای (جان سەختێ) و (دڵ بەردێ)دا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

جان (عم) : گیان . پۆڵاوو (کم) و (ك) و (مز) و (اح) و (من) و (خا) و (خب) : پۆلاد و .

(٢) قاو : پۆشۆ ، پیفۆ ، ناوپۆرگی پیرەدارە ، هەیەتی زۆر نەرمە و هەیەتی کەمتر . زۆ ئاگر ئەگرێ و ، کە ئەسۆتێ بۆنێکی خۆشی هەیە . دین : ئایین . چاو پێکەوتن .

واتە : من و تۆ هەردوکمان لە یەك بابەتین و پێکەوەمان کار مەیسەر ئەبێ . من لە گیان سەختێ و خۆ بەدەستەوە نەدانا وەك پۆڵا وام کە بە هیچ ناشکێ و ، تۆیش لە دڵڕەقیدا وەك بەردە ئەستێ وای . بە بەیەك‌گەیشتنی هەردوکمان ئاگر ئەکرێتەوە . کەواتە ، وەرە با بەیەك‌بگەین و بە بەیەك‌گەیشتنمان ئاگر بەربدەینە پۆشۆی ژیانی ئەوەی ناحەزی یەکتر دێتنمانە کە وەك ناحەزی ئایین وایە . .

جاران لە لادێکانی کوردستانا باو بو جۆتیارەکان کە بییانویستایە سەبیل داگیرسێنن ، تۆزێ پۆشۆیان ئەخستە سەر بەردە چەخماخ و ئەستێکەیان پیا ئەدا ، ئاگرێکی لێ ئەبوەوە و پوشووەکە گورج ئاگری ئەگرت .

ڕەقیب و موددەعیێ وەك پۆش و پۆشۆ
بسۆتێنین ، کە وەك بەرقین ، لەبەر قین (٣)

مەفەرمۆ دڵ وەکۆ ئاوێنە صافە
بەڵێ بەم ئایینە بۆی بۆی بە خودبین (٤)

وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم :
کەوا فەقری غینایە ، مردنی ژین (٥)

ئەم بەیتە لە نوسخەی (مز) و (عب)دا نییە .

ئاگرێکی (عم) : ئاورێکی .

(٣) واتە : من و تۆ کە لە بەیەك گەیشتنمانا وەك برۆسکەی هەورین و زۆ ئاگر ئەکەینەوە ، با لەداخانا بەدکار و خۆهەڵپەسێن بسۆتێنین ، کە ئەوانیش وەك پۆش و پۆشۆ وان و زۆ ئاگر ئەگرن .

لە کۆکردنەوەی (پۆش) و (پۆشۆ)دا جیناسی ناقیص و ، لە کۆکردنەوەی (بەرقین) و (لەبەر قین)دا جیناسی تەرکیب هەیە .

پۆشۆ : ئەمە تێکستی (ت) و (مز)ە . نوسخەکانیتر هەمۆ : پۆشۆن .

(٤) ئاینە : ئاوێنە . خودبین : ئەوەی هەر خۆی لە بەرچاو بێ .

واتە : مەفەرمۆ دڵم وەك ئاوێنە ساف و بێگەردە . ئەگەر ڕاست دڵت وا بووایە ، هەمۆ شتێکت تیا ئەدێ و ، خەڵکیتریشت ئەهاتە بەرچاو و ، بەزەییت بە کەسانیتریشدا ئەهاتەوە . دڵت وەك ئاوێنە ساف نییە . ڕەشە و ، تۆیش ئاوێنەیەکی چڵکن بەکاردێنێ . بۆیە وا خودبین و خۆپەرستت لێ دەرچووە و لە خۆت بەولاوە کەست نایەتە بەرچاو .

مەفەرمۆ (عم) و (گم) و (تۆ) و (من) و (عب) : دەفەرمۆی . ئاوێنە (تۆ) و (عب) : ئایینە . بەم ئایینە (چر) و (چن) و (ك) و (مز) و (خا) : بەم ئاوێنە . ئێمە (بەم ئایینە)مان پەسەندکرد تا سەرەڕای بەکارهێنانی دۆ وشەی جیا و نەوای مۆسیقایێ ، مەعنای پێڕەو و ڕەوشتیش بگەیەنین . بۆی بۆی : ئەمە تێکستی (چر) و (اح) و (خا)یە . نوسخەکانیتر هەمۆ : بۆیێ .

(٥) عالەمی قەلب : جیهانی دڵ ، جیهانی خۆشەویستێ . فەقر : لاتێ . غینا : دەوڵەمەندێ .

مەعنای ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی پێکەوە دێ .

لەنێوان (فەقر) و (غینا) و ، (مردن) و (ژین)دا طیباق هەیە . هەروەها لە (عالەمی قەلب)یشدا لەطافەت هەیە ، چونکە واتە (عالەمی قەلب) عالەمێکی سەر هەڵەوگەڕاوە ، هەمۆ شتێکی تیا بەپێچەوانەوەیە .

تا (کم) و (ت) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : دا . (عم) و (تۆ) و (من) : با . فەقری (کم) و (گم) و (من) : فەقر و . غینایە (خا) : غینایە و . مردنی (کم) و (گم) و (تۆ) و (عب) و (من) : عالەمی .

(٦) ئوممێد : هیوا . بیم : ترس . گریە : گریان .

واتە : وەرە با جیهانی دڵت پیشانبدەم تا بزانی دڵداران لە چجیهانێکی خۆشدا ئەژین .. جیهانی دڵداران لە هیچ جیهانێکیتر ناچێ .. بنیادەم تیایا تا هەژارتر بێ و پتر لەپێناوی خۆشەویستیدا دەست لە دنیا بشۆا ، لەڕاستیدا دەوڵەمەندترە .. تا باشتر لەپێناوی خۆشەویستیدا بمرێ و تیا بتوێتەوە ، ژیانی ڕاستەقینەی باشتر بۆ ئەنۆسرێ .. جیهانی دڵداران جێگای کۆبۆنەوەی چەندها شتی بەدیمەن دژی یەک و ، لەڕاستیدا پێکەوە بەستراوە : هیوای گەیشتن بە یار و ترسی دۆرێ لێی .. گریان لەتاو دۆرێ و سۆز لە خۆشیی بەیەکگەیشتندا .. بەهاری ئاواتی گەش و ، پایزی هیوای وەریو .. زستانی فرمێسکی بەخوڕ و ، هاوینی بە گڕی وەصڵ سۆتان وەک بەروانە ..

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە لەمبەیتەدا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە ، چوارەکانی هەرکام لە دۆ نیوە بەیتەکە بەڕێز یەکتر لێکئەدەنەوە . وەک چۆن لەنێوان (ئوممێد) و (بیم)دا طیباق و ، لەنێوان ناوی چوار وەرزەکەدا تەناسوب هەیە .

لە لایەکی کەشەوە (ئوممێد) و (بیم) کە واتە (خەوف) و (ڕەجاء) دۆ زاراوەی عیلمی تەصەووفن .

تێدا (چن) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) : بەنا . دیارە هەڵەیە و ئەسڵەکەی (تیا) بووە لە نەزانیی نۆسیارەوە وای بەسەرهاتووە . (مز) : بە صەد . (خب) : لەبەر .

لەگەڵ مورغی چەمەن « نالێ » دەنالێ
کە یەعنی عاشق و هەم فەرد و فەردین (٧)

---

(٧) مورغی چەمەن : پەلەوەری ناو مێرغوزار . هــەم‌فەرد : هاوســەر و هاودەرد . فەرد : تاقانە .

واتە : نالێ لەگەڵ بولبولی ناو باخاندا هەمیشــە خەریکی نالآنە ، جۆتە دڵدارێکی ڕاستەقینەن ، بە سۆز پێکەوە ئەنالێنن و بە جیهانی پیشان ئەدەن کــەوا هەردوکیان گرفتــاری دەردی دڵن : پەلەوەری چەمەن دڵداری گوڵە و ، نالییش گرفتاری یار !

لەنێــوان (نــالێ) و (دەنــالێ) و ، (فەرد) و (فەردین)دا جینــاسی ناقیص هەیە . هەروەها لەنێوان (هەم‌فەرد) و (فەرد)یشدا طیباق هەیە .

عاشق و (کم) و (گم) و (ك) و (اح) و (من) : عاشقی . (تۆ) و (عب) : عاشقین .

★ ★ ★

تیپی واو

— ١ —

وەك قەفەس ئەم حوجرە كون تێیە كەوا گرتۆمیە ناو
تار و پۆیی عەنكەبۆتە ، زۆرە لێی كردۆمە داو (١)

— ١ —

(١) حوجرە : ژۆرێكە لەپاڵ مزگەوتدا فەقێ تیا ئەژین و تیا ئەخوێنن . عەنكەبۆت : جالجاڵۆكە .

واتە : ئەم حوجرە كون تێدا بووە كەوا منی لە چوارچێوەی خۆیدا گڵداوەتەوە ، ئەوەندە وێران و شەق و شرّە، تان و پۆی ئەڵێی تەنراوی جالجاڵۆكەیە ، بنیادەم بەئاسانێ ئەتوانێ لێی دەرباز ببێ ، بەڵام حوكمی زۆر و ناچاریە لە منی كردووە بە داو و ناتوانم بەجێیبهێڵم .

ئەبێ ئەم حوجرەیە حوجرەی مزگەوتی كوێ بۆبێ وا نالێ بەدەستیەوە هاواریەتی ؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو ئاگادارییە كەمەی هەمانە لەبارەی ئەو شوێنانەوە نالێ تیایاندای خوێندووە . دیارە حوجرەی خانەقای مەولانا نییە ، چونكە خانەقا سەرەڕای ئەوە كە بەگوێرەی باری ئەو ژۆژەی كوردستان كۆلكە زانكۆیەك بووە بۆ خۆی ، نالێ خۆیشی لە نامەكەیدا بۆ سالم یەجگار زۆر بە شان و باڵیا دێ و ، بەتایبەتێ بەشانازییەوە باسی حوجرەكەی خۆیی تیا ئەكا . زیاد لەوە لە بەیتی دۆهەمیشدا باسی ئاگردانی ناو حوجرەكە و دۆكەڵی بە دۆرنج بۆی میچەكەشی ئەكا كە پیا شۆڕ بووەتەوە خوارەوە، ئەشزانین لە زستانی سولەیمانیدا خەڵۆز گەشكردنەوە باو بووە ، نەك ئاگر كردنەوەی ناو ئاگردان . دۆریشە لە سنە بۆبێ ، چونكە حوجرەكانی ئەو سەردەمەی سنەیش حوجرەی پۆشتە و پەرداخ بوون و ئاگریان لە بوخاریدا تیا كراوەتەوە . لە سەرێكی‌كەشەوە كە نالێ باسی گەرمای بەتینی هاوینی ئەو شوێنە و سەرمای سەختی زستانی ئەكا ،

دۆدی سەرمیچی گوڵەنگی لەتلەتی دەسرازە کۆن
بان و دیواری بە میثلی لانکەی ئەجزا شکاو (٢)

دنیا ئەبین کەوا نە سولەیمانییە و نە سنەیە . کەواتە ئەبێ حوجرەی مزگەوتی کوێرە دێیەك بۆبێ . ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە کە نالێ خۆی لە دوا بەیتەکاندا باسی (دۆکان) و(جەزّاح) و (طەبیب) ئەکا کە وا ئەگەیەنن شوێنەکە ئاوەدانییەکی پێشکەوتۆ بووە ، لەوانەبۆ بڵێین باس باسی مزگەوتی خەرپانییە کە نالێ لەوێ لای زانای گەورە شێخەولای خەرپانێ خوێندۆیەتی و هاوڕێی موفتیی زەهاوێ و مەلا یاسینی تەشارێ و مەلا یۆسفی تەوێلەیێ بووە ، نەخوازەلاّ کە باسی گەرما و سەرماکەشی بۆ خەرپانێ دەست ئەدا چونکە خەرپانێ زستانێکی سارد و هاوینێکی گەرمی هەیە و شیعرێکیش لەمبارەیەوە هەیە ئەڵێ :

گر جهنم بود چو خرپانی
(وَقِنا رَبَّنا عَذابَ النّارِ)

واتە : ئەگەر دۆزەخ وەك خەرپانێ بێ ، خوایە بمانپارێزە لە ئاگری دۆزەخ . *

هەرچۆن بێ ئیستا ناتوانین بڕیار بدەین حوجرەکە حوجرەی کوێ بووە و ، مەگەر لەمەوپاش بە تەواوێ بۆمان ڕۆن بێتەوە .

تار و پۆیی (عم) و (کم) و (ت) و (مز) و (عب) و (اح) و (خا) : تار و پۆدی . (ك) : دار و پەردۆی . عەنکەبۆتە (چر) و (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (عب) و (من) و (خا) و (خب) : عەنکەبۆتی . زۆرە (ك) و (اح) : زۆری . لێی کردۆمە داو (عم) و (گم) و (خب) : لێی کردۆم بە داو .

لەنێوان (قەفەس) و (گرتۆمیە) و (داو)دا تەناسوب هەیە .

(٢) دۆد : دۆکەڵ . سەرمیچ : سەقف . دەسرازە : دۆ پارچە قوماشی بەر و پشتدارە ، لۆکەی تێخراوە و پەتێکی هۆنراوەی ڕەنگاوڕەنگی پێوەیە ، منالێ ناو بێشکەی پێ ئەپێچرێتەوە ، پارچە قوماشەکان بەسەر سنگ و سك و قاچی منالەکەدا دێنەوە و ، پەتەکەش بەسەر ناوی بێشکەکە و

---

* مامۆستا شێخ بابەڕەسۆڵی عەبابەیلێ ئەیگێڕایەوە کەوا ئەم بەیتە تاکی پارچە شیعرێکی درێژە . دۆر نییە هەر هیی نالێ بێ . ئەگەر ئەم پارچە شیعرە بدۆزرایەتەوە لەوانەبۆ ئەم پارچەیەی ئێرەشمان زیاتر بۆ ڕۆن بووایەتەوە .

هەر لە سەربان دار بە داری ڕایەڵی بژمێرە وەك
لا پەراستوی بارگیرێکی کە زیندۆ بێ بە ناو (٣)

غەوارەکەی نێوان کەللەکانیا . لانکە : بێشکە .

واتە : دۆکەڵی سەرمیچی حوجرەکە کە بووە بە دۆرنج و بـە دار و پەردووەکـانیدا شۆڕ بووەتەوە ، ئەڵێی گوڵەنـگی دارزاوی دەسرازە کۆنە بە غەوارەی بێشکەدا شۆڕ بووەتەوە . بان و دیوارەکانیشی ئەڵێی بێشکەیەکن پارچەکانی شکابێ .

نالێ لەم بەیتەدا وێنەیەکی جـوانی پیشانداوە کە فەقێکـانی لـە بێدەسەڵاتیدا بەرابەر بەو ژۆرە شەق و شـڕە ، کردووە بە سـاوای بێدەسەڵاتی پێچراوەی ناو بێشکە . زیادەڕەوییەکی وردیشی کردووە کە حوجرەکەی شوبهاندووە بە بێشکەی شکاو چونکە تەنانەت بێشکەی سـاغیش سەربـان و دیواری ئەوەندە نییـە ڕێی هیچ بگـرێ ، جـا نەخوازەڵا بێشکەکە شکابێتیش ..

سەرمیچی (اح) و («پەراوێزی» خا) : میچی سەر . گوڵەنگی (چن) و (ك) : گوڵەنگەی . (خا) گوڵەنگە . لانکەی (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (مز) و (عب) و (اح) و (من) : لانکی . ئەشگونجێ لانکەی بێ .

(٣) ڕایەڵ : ئەو دارە ئەستۆرانەی بەسەر دیواری ئەم سەر و ئەو سەری خانۆدا ڕائەکێشرێن و پاشان وردە دار و تەنکە بەرد و گەڵا و قـوڕ و ئەمجار خۆڵیان ئەکرێ بەسەردا و بانەکەیان پێ دائەپۆشرێ .

ژماردنی داری میچ واتە ڕایـەڵ لە ژۆری هۆدەوە شتێکی ئاسـان و عادەتییە ، بەڵام لە سەربانەوە ناکرێ ، چونکە داپۆشراوە . جا نالـێ ئەڵێ بانی حوجرەکەی ئێمە خـۆڵ و قوڕ و تەنکە بـەرد و وردە داری بەسەرەوە نەماوە ، تەنها هەر ڕایەڵەکانە و هیچیتر . بۆیە ئەتوانی هەر لە سەربانـەوە داربـەداری ڕایەڵەکـانی بژمێـری وەك لاپەراسـۆی ئێستڕێکی لەڕ و لاواز کە هیچ گۆشتی پێوە نەبێ و هەر بەناو زیندۆ بێ و بە تەنها دەست پیا هێـنانێ بتوانی پەراسووەکـانی لە یەك جیـا بکەیتەوە !

بارگیرێکی (چر) و (خا) : کۆنە ئەسپێکی . لە («پەراوێزی» چر)یشدا هەر : بارگیرێکی .

ژۆژ و شەو خۆش خۆش لەباتیی کا گەڵای پێدا دەکەن
وەك گەلاژیزانی پایز یەك یەکی دەژژێتە ناو (٤)

هەر لە ئیستاوە وەها سەرمای تێدا سەرما دەبێ
ژەنگە ناوی لێ بنێی چوار طاقی سەرما تێخزاو (٥)

ئاسمان هەورین دەبێ ، ئێمەش بە غەمگینێ دەڵێین :
ئەی خودا چبکەین لەژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو ؟! (٦)

---

(٤) لە کوردستانا عادەتە کە باران ئەبارێ و خانۆ دڵۆپە ئەکا ، کای پیا ئەکەن و بە بانگردێن ئەیگێژن بۆئەوەی قوژەکەی بنیشێتە سەر یەك و ئاو دانەدا . نالێ ئەڵێ حوجرەکەی ئێمە ئەوەندە شەق و شڕ بووە بۆئەوە ناشێ کای پیا بکەن ، گەڵای درەختی پیا ئەکەن وەك بڵێی تازە دارەژا کرابێ ، کەچێ لەگەڵ ئەوەشدا گەڵاکان یەك یەك ئەکەونە خوار وەك بڵێی گەلاژیزانی پایز بێ .

پێدادەکەن (کم) و (گم) و (من) و (عب) و (خب) : پێ وەردەکەن .

(٥) چوارطاق : جۆرە دەواریکی چوار گۆشەییە .

واتە : هەر لەئیستاوە کە سەرما هێشتا بەتەواوێ هێرشی نەهێناوە ، حوجرەکەی ئێمە ئەوەندە سارد ە ، سەرما خۆی سەرمای ئەبێ تیایدا . ئەڵێی حوجرەکە دەواری چوار تاقە و سەرمای تێخزاوە ، بۆیە سەرما کە دێتە ژۆرەوە ، بە هەرلایەکدا ئەڕوا تۆشی سەرما ئەبێ .

زیادەڕەوییەکی ئێجگار بالآیە ، نالێ حوجرەکە ئەوەندە بە سارد بداتە قەڵەم ، تەنانەت سەرما خۆیشی سەرمای ببێ تیایا .

ئەشگونجێ مەعناکەی هەر ئەوەندە بێ : هەر لەئیستاوە سەرما لە حوجرەکەی ئێمەدا ئەوەندە سارد ە .. تاد .

وەها (چن) و (کم) و (عب) و (من) و (خا) و (خب) : وەهای . سەرمای تێدا (کم) و (عب) و (خب) : سەرما تێدا . (ت) : سەرمای تیا . (خا) : سەرما تیا . دەبێ (کم) : ئەبێ . تێخزاو (چر) : تێخراو .

(٦) هەورین : هەور پێوە بۆ .

واتە : ڕۆی ئاسمان هەور دایئەگرێ و ، ئێمەش پەژارە دامان ئەگرێ چونکە هەور نیشانەی بارانە و حوجرەکەی ئێمەش باران گل ناداتەوە و، بۆیە بە دڵێکی خەفەتبارەوە ئەڵێین خوایە چێبکەین لەژێر میچی ئەم

ژۆژی هاوینی وەها مثقالە ذەرّەی پرّ دەبێ
نیمە ذەرّێك سێبەری تێدا نییە غەیرەز هەتاو (۷)

فەصڵی هاوینی جەهەننەم ، فەصڵی ئیستای زەمهەریر
زەمهەریر کەی وا بە تەئثیرە و ، جەهەننەم وا بە تاو ؟! (۸)

حوجرە کاولەدا کە بۆئەوە ناشێ کەسی تێدا بمێنێ ؟!

دەبێ (کم) : ئەبێ . (گم) : دەبێ و . ئێمەش (چر) و (عم) و (کم) و (ك) و (اح) و (خا) : ئێمەیش. دەڵێین (کم): ئەڵێین. خودا («پەراوێزی» چر) و (ك) و (عب) و (اح) : خودایا . (کم) : خوا . (من) : خودایە . لەژێر (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (خب) : لەدەس . («پەراوێزی» چر) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) : لەم . تیا نەماو (ت) و (عب) و (اح) و (خب) : تێنەماو . بەشبەحاڵی (عب) بۆ (لێنەماو)یش دەستئەدا .

(۷) نیمە ذەرّێك : نیوە ذەرّەیەك .

واتە حوجرەکەمان ئەوەندە لەوەوە دوّرە کە پێی بووترێ ژوّر ، بە ژۆژی هاویندا تەنانەت ئەوەندەی مثقالە ذەرّەیەکیش شوێنی تیا نامێنێ خۆر نەیگرێتەوە و ، ئەوەندەی نیوە مثقالە ذەرّەیەك سێبەری تیا نییە ، هەموّی هەر خۆرە !

ذەرّەی (عم) : ذەرّە . نیمە (عم) و (مز) : نیوە .ذەرّێك سێبەری تێدا نییە (عم) و (عب) و (خب) : ذەرّێکی نییە سێبەر تێدا . (ك) و (اح) : ذەرّێکی سێبەر تێدا نییە . غەیرەز (چن) و (عم) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : غەیری .

ئەم بەیتە لە (کم) و (گم) و (من)دا نییە . لە هەموّ نوسخەکانی بەردەستیشمانا لەم شوێنەدایە کە ئێمەش تیاماندا داناوە . بەڵام لامانوایە جێگای ڕاستەقینەی پاش بەیتی داهاتووە .

(۸) زەمهەریر : شوێنێکی ئێجگار ساردە لە جەهەننەمدا ، پلەی سەرمای لەئاستی گەرمای ئاگرەکەیدایە .

فەصڵ ـ ی یەکەم ـ (چن) و (ت) و (ك) و (مز) و (اح) : وەقتی . ئیستای («پەراوێزی» چر و خا) و (چن) و (عم) : زستان . (خب) : ئیستا . بە تەئثیرە و (چن) و (ت) و (مز) و (اح) : بە تەئثیر و .

نەیری ئەعظەم وەها تاوی دەدا وەك مەنجەنیق
بۆ دەوامی زۆژپەرستێ جەمعی حەربای دێتە ناو (٩)

---

(٩) نەیری ئەعظەم (النیر الاعظم) : زۆناکی مەزن ، خۆر . مەنجەنیق : ئالەتێك بووە لە شەڕەکانی کۆنا بەردی زل یا گوللەی ئاگریان پێ فڕێداوەتەوە ناو لەشکری دوژمنەوە . حەرباء : یەکێکە لە گیانلەبەرە خشۆکەکان زەنگی بەگوێرەی ئەو شوێنەی تیایەتی ئەگۆڕێ ، حەزی زۆر لە بەرخۆرە . کینایەیە لەو کەسانە کە بۆ هەر دەور و سەردەمێ بەرگی ئەو دەور و سەردەمە لەبەرئەکەن .

واتە : خۆر بە هاویندا حوجرەکەمان وا تاو ئەدا ئەڵێی مەنجەنیقە . کۆمەڵەی حەرباکانیش کە حەزیان لە خۆرە ، بۆ بەردەوام بۆنی زۆژپەرستێ دێنە ناوی ، زۆی تێدا ئەکەنە خۆر ، چونکە خۆر لەم حوجرەیەدا لە هەر شوێنێکی‌کە کاریگەرتر و دیارێترە .

زۆر زێی تێ‌ئەچێ مەبەستی نالێ لە بەکارهێنانی وشەی (حەرباء) و (زۆژپەرستێ) پلارگرتن بێ لە هەندێ لە فەقێکانی ئاوەڵی و، مەبەستی ئەوە بۆبێ بڵێ ئەگەر لەبەر خۆ هەڵواسین نەبوایە بە مامۆستای حوجرەدا کە لە زۆی پایەی زانستەوە وەك زۆژ وایە لەم حوجرەیەدا ، ئەو ئاوەڵە حەربا سیفەتانە نەئەهاتنە ئەم حوجرەیە کە بۆئەوە ناشێ کەسی تیا بژێ . ئەگەر بگەینە ئەوە کە نالێ ئەم شیعرەی لە خەرپانیدا وتووە لە خزمەتی شێخەوڵادا ، ئەم بۆچۆنەمان باشتر ئەچەسپێ * .

دەدا (کم) و (خا) : ئەدا . زۆژپەرستێ (مز) : زۆژپەرستین . جەمعی (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) و (خب) : جینسی . حەربای (ك) : سەرمای . دێتە (ت) : تێتە ..

---

* مامۆستا شێخ بابەڕەسوڵی عەبابەیلێ ئەیگێڕایەوە کەوا بیستویە لەناو فەقێ موستەعیدەکانی شێخەوڵای خەرپانیدا تا موفتیی زەهاوێ لە مەجلیسدا بۆبێ مەلا یاسینی تەشارێ ماقی قسەکردنی نەبوە و ، تا مەلا یاسین لە مەجلیسدا بووبێ مەلا یوسفی تەویلەیێ مافی قسەکردنی نەبوە و ، تا مەلا یوسفیش لە مەجلیسدا بۆبێ نالێ مافی قسەکردنی نەبوە ، واتە : نالێ پلەی چوارەمی بووە لەناویانا . لەوانەیە ئەم بەیتی « حەربا »یەش پەیوەندێکی بەم مەسەلەیەوە هەبێ ، هەروەها لەوانەیە پارچە شیعری « ئەحوەلی تەفرەقە نەظەر ... »یش ، وەك لە شوێنی خۆیدا ئیشارەتمان بۆ کرد ، لایەکی ئەم مەسەلەیەمان بۆ زۆنبکاتەوە .

دار و بەردی پەنجەرەی وەك نەسجی بەیتی عەنکەبوت
مەنعی هیچ ناکا حەتا مێشیش کە خۆی لێدا بە تاو (١٠)

ژۆژی تەرزە چەندە مینای دڵ شکێنە و سەر شکێن !
ژۆژی باران چەن شڕە و بێ عیصمەتە و ئابڕۆ تکاو ! (١١)

ژۆژی بەفر و با وەکاشە ، ژۆژی باران قوفەیە !
صاحیبی لازم کە بیبێ سەوڵ و کاسێکی شکاو (١٢)

کاسە بۆیە لازمە تا ئاردەڵۆکی دەربدا
سەوڵی بۆیە لازمە نەك جۆگەلە بیبا بە تاو (١٣)

---

(١٠) نەسج : نەسیج ، تەنراو . بەیت : ماڵ . حەتا : هەتاوەکو . تەنانەت .
بەردی (چن) و (من) : پەردۆی. (عم) و (ت) و (عب) و (اح) و (خا) : بەرد و . ناکا حەتا مێشیش کە (چن) و (ك) و (اح) و (خب) : ناکات و حەتتا مێش کە . (عم) و (ت) و (مز) : ناکات حەتتا مێش کە . (کم) و (من) و (عب) : ناکا کە حەتتا مێشیش . (گم) : ناکا هەتا مێشیش کە .

(١١) مینا : شۆشە . عیصمەت : پاراستن .
واتە : کە تەرزە ئەباریێ ، شۆشەی دڵ و ، سەرمان ئەشکێنێ،چونکە هیچ نییە بەری لێ بگرێ . لە ژۆژی بارانیشدا شڕە ئاوی پێوە ژاناوەستێ . بنیادەمی پێ ناپارێزرێ . ئابڕۆی تکاوە ، هەمۆ گیانی بەدەرەوەیە ، یاخود ئاوی بارانەکە کە نایگرێتە خۆی و پیا دێتە خوارەوە ئابڕووە تکاوەکەیەتی .

ژۆژی تەرزە چەندە مینای (کم) : ژۆژ مینای چەند مینای . دڵ شکێنە و سەر شکێن (چر) و (خا) : دڵ شکستە سەر شکێن . (کم) و (گم) و (مز) : دڵ شکێن و سەر شکێن .

(١٢) وەکاشە : وەك ئاشە . قوففە : قوفە .
مەعنای ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێك ئەدەینەوە .
نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە نوسخەی (خب)دا بەمجۆرەیە :
ژۆژی بەرف و با وەکۆ ئاش ، ژۆژی باران قوففەیە

(١٣) ئاردەڵۆك : ئەوەی لە وردێ و سپێتیدا لە ئارد بچێ .

وەضعی ئاشی گەر نەبێ ، بۆچێ دەبێ پڕ ئاردەڵۆك ؟!
طەبعی قوفڤەی گەر نەبێ ، بۆچێ دەنیشێتە سەراو ؟! (١٤)

کاسەوو کەوچك ، حەسیر و بەڕ لە ئاودا هەروەکو
کیسەڵ و ماستێ و جلە دێن و دەچن پرژ و بلاّو (١٥)

واتە : حوجرەکەمان لە ڕۆژی بەفر بارینا وەك ئاشی لێ دێ ، چۆن ئاش بەهۆی پڕۆشی ئاردەوە هەموّلایەکی سپێ ئەکاتەوە ، ئەمیش بەهۆی بەفرەوە وایە . لە ڕۆژی بارانیشدا ئەبێ بە قوفە و ئەکەوێتە سەر ئاو . بۆیە هەرکەسێ خاوەنی ئەم حوجرەیە بێ و تیایا بژێ ، پێویستی بە کاسەیەکە بەفرەکەی وەك ئارد پێ لابدا و ، سەوڵێکیشی ئەوێ ئاوی پێ لابدا لە دەوری ژۆرە سەر ئاو کەوتووەکە ، نەوەك ئاو بەتاو بیبا .

سەوڵی (چن) : قوفڤە . بەلاّم هەڵەیە ، چونکە ژۆرەکە خۆی کەوتووەتە سەر ئاو و بووە بە قوفە . لازمە ــ ی یەکەم ــ (ت) و (خا) : پێدەوێ . تا (چر) و (مز) و (عب) و (اح) و (خا) : دا .

(١٤) وەضع : بار . طەبع : سروشت .

ئەم بەیتە وەك (حوسنی تەعلیل) وایە بۆ دۆ بەیتەکەی پێشەوەی . واتە : ئەگەر ئەم حوجرەیە وەك ئاش نییە ، بۆچێ هەمیشە پڕە لە ئاردەڵۆك و ، ئەگەر وەك قوفە نییە بۆچێ ئەکەوێتە سەر ئاو ؟ دیارە وەك ئاش وایە بۆیە وا هەموّ سۆچێکی لەبەر ئاردەڵۆك سپێ ئەکاتەوە و، وەك قوفە وایە بۆیە کەوتووەتە سەر ئاو .

وشەی (وەضع) ئیشارەتە بە عیلمی (وەضع) کە یەکێکە لەو عیلمانەی فەقێ چەند کتێبێکی تیا ئەخوێنن . وشەی (طەبع)یش ئیشارەتە بە بابەتی (طەبیعییات) کە بەشێکە لە عیلمی کەلام .

دەبێ ، دەنیشێتە (کم) : ئەبێ ، ئەنیشێتە .

(١٥) بەڕ : بەرە . جلە : جلّة ، بەعەرەبێ جۆرە بەلەمێکی گەورەیە .

نالێ لەم بەیتەدا باسی کاسە و کەوچکی نان خواردن و حەسیر و بەڕە شڕی فەقێکان ئەکا کە لەناو ژۆری حوجرەکەدا ئەکەونە سەر ئاو .

لەم دۆ نیوە بەیتەدا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

پرژ و (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (اح) و (من) و (خب) : پرش و .

ڕۆژ پڕە گوێمان لەبەر ئەنهار و جۆگە و هاژە هاژ
شەو نییە خەومان لەبەر قرژاڵ و بۆق و ژاوە ژاو (١٦)

ئەو دەلاقەی تێدەخا چشت و مەکی پێدا دەبا
من لەوێ حەیران دەبم وەك ماڵ بڕاو و ماڵ براو (١٧)

حوجرەکە ئاوس بو ، وەعدەی خۆی بەهارێ بۆ بزێ
وەضعی حەملی کەوتە پایز نابەکام و ناتەواو (١٨)

---

(١٦) ئەنهار : جەمعی (نەهر)ە واتە جۆگە . هاژەهاژ : دەنگی ئاوە کە بەخۆڕ بڕوا . ژاوەژاو : دەنگی بۆقە لەناو ئاودا .
واتە : نە بە ڕۆژ و نە بە شەو ستار ناگرین . ڕۆژ لەبەر خوڕەی ئاو و شەو لەبەر دەنگی قرژانگ و بۆقی ناو ئاوەکە . .

(١٧) دەلاقە : کون . کەلەبەر . پەنجەرە . مال بڕاو : ئەوەی کون کرابێتە دیواری ماڵی بۆ دزێ لێکردنی ، کینایەیە لە دزێ لێکران . ماڵ براو : ئەوەی دز ماڵیان بردبێ .
واتە : ئەو ــ مەبەستی لە ئاوە ــ لەولاوە کون ئەکاتە دیواری حوجرەکە شتومەکی پیا ئەباتە ژوورەوە و لێیەوە ئەباتە دەرەوە و ، منیش لەمڵاوە سەرسام ئەبم وەك کەسێك ماڵیان بڕیبێ و ماڵیان بە تاڵان بردبێ ، نازانم چێ بکەم .
ئەو (چن) و (عم) و (کم) و (ت) و (ك) و (مز) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) : ئاو . تێدەخا (کم) : تێئەخا . دەبا (کم) : ئەبا . ماڵ بڕاو و ماڵ براو (چر) : ماڵ بڕاو و ماڵ بەراو . ئەم نوسخەیە (بەراو)ی بە (بەر ئاب) واتە : (سەر ئاو کەوتۆ) مەعنا لێداوەتەوە . (چن) و (عم) و (کم) و (عب) : ماڵ براو و ماڵ بڕاو . (ت) و (ك) و (مز) و (اح) : ماڵ دزاو و ماڵ براو . (خا) : ماڵ بەراو و ماڵ بڕاو . ئەم نوسخەیەش مەعنای (بەراو)ی بە (بەر ئاب) لێداوەتەوە . ڕاستەکەی هەمۆ ئەو نوسخانەی نۆسیویانە (براو) و گیرە (شەددە ّ)یان بۆ (ر)کە نەکردووە لەوانەیە مەبەستیان (بەراو) بێ .

(١٨) ئاوس : دۆگیان ، سك‌پڕ . وەضعی حەمل : لێ جیابۆنەوەی سك،منالّ بۆن . نابەکام : منالێ بەر لە پڕکردنەوەی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژەکەی لەدایك بۆبێ .

خۆ زگی نیشتۆته ئەرضی و ، تۆمەزا هێشتاوەکۆ
نوطفەکەی هەر ئاو بو ، بەریاوێت لەبەر هەور و هەلاو (١٩)

واتــە : وەك چــۆن ژنی دۆگیــان وردە وردە ســکی دەرئــەپەڕێ ، حوجرەکەی ئێمەیش وا سکی دابۆ ، لامانوابۆ تا بەهاری داهاتۆ خۆی ڕائەگرێ و لە بەهارا ئەڕۆخێ . بەلام خۆی پێ ڕاگیر نەکرا ، هەر لــە پایزدا قەوماندی و سکەکەی دانا و لەباریچۆ و ڕۆخا ..

حوجرەکە (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (عب) و (خب) : حوجرەمان . ئــاوس بو وەعدەی خۆی (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) و (خب) : ئاوس بووە وەعدەی .

(١٩) زگ : سك . بەریاوێت : بەریئاوێت ، بەریخست .

واتــە : حوجرەکەمــان لەبــەر ئەو هەمۆ ئــاوەی لە ســەر بان و دیوارەکانیەوە هەلێمژیبۆ ، سکی نیشتبوە زەوێ ، ئەتوت ئافرەتی سك پڕە ، کەچێ کە بەهۆی هەور و هەلا و هەوای ناسازەوە تلیسایەوە و تەپێ ، بۆمــان دەرکەوت نوطفەکەی ناو سکی هێشتا هەر ئاو بۆ نەبۆبۆ بە خوێن و گۆشــت ..

پەیوەندی (بەرهاویشتن) بە هەور و هەلاوە لەم بەیتەدا لەوەوەیە کە گەلێ جار وائەبێ چڕۆ و گوڵی تازە دەرکەوتۆی درەخت بــەهۆی بــا و بارانەوە ئەوەرێن و ئەکەونە خوار و ئیتر ئەوە وەك منالّ لــەبارچۆن ، وایە بۆ درەختەکان .

نالێ لەمبەیتەدا ئەوەی هێناوەتەوە پێش چاو کە زۆر جــار وائەبێ ســەربانی خانۆی قوڕی لادێکــانی کوردەواڕێ بــارانێکی زۆری تیــا ئەوەستێ و ســەربانەکە چاڵ ئــەبێ و وردە وردە دیــوار ئــەو ئــاوە هەڵئەمژێ و ئەتەپێ . جا کە ڕۆخا دیارە چێ ئاو لەسەر بانەکە مــاوە هەمۆی ئەڕژێ وەك بڵێی لە سکی دیوارەکەوە ڕژابێ . ئــەو نوطفــە و سك و بەرخستنەی نالێ لەم بەیتەدا پیشانی داوە ئەمەیە .

لەم بەیتەدا چوار ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە لە (ئاوس بۆن) و (زان) و (وەضعی حەمل) و (نابەکامێ)دا .

تۆمــەزا (عم) و (گم) : نەزا . (کم) و (خب) : تومــەز . بەپێی ئەم نوسخانە ئەبێ (ئەرضی و) بە (ئەرضییو) بخوێنرێتەوە .

ئاسمان تەرزەی کە لێدا ، بەردەبارانمان ئەکا
سوختەکانمان ڕادەکەن ، پاڵتۆ پساو و قۆن درّاو (٢٠)

ڕادەکەن بۆ جانیبی دوککانی جەڕّاح و طەبیب
چاك و دامەن هەڵکراو و ، سەر شکاو و تەنگەتاو (٢١)

لوطفی بانگوش بۆ کەوا لەم حوجرەدا زاناندمان
گەر بەنێ ئادەم بخنکێنن ، سەراوە نەك بناو (٢٢)

---

(٢٠) سوختە : فەقێ لە پلە سەرەتاییەکانی خوێندندا . لەوان بەرەوژوورتر (موستەعیدد)ە. سیستەمی خوێندنی حوجرە وابۆ سوختە ئیش و کاری نان و چێشت کۆکردنەوە و گسك لێدانی حوجرە و قاپ و قاچاخ شتن و چا لێنانیان بەجێئەهێنا و موستەعیدد ئیشیان نەئەکرد . سوختە لای موستەعیدد ئەیان‌خوێند و موستەعیددیش لای مامۆستا . پاڵتۆ : لاپاڵ ، لا پەراسووەکان .

مەعنای ئەم بەیتە و بەیتی داهاتۆ پێکەوەدێ .

تەرزەی کە (چر) و (کم) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) و (خب) : تەرزێکی یا تەرزەیکی . (عم) : تەرزەیکی . (گم) : تەرزێکی . لێدا (عم) و (مز) و (عب) : لێدا و . بەردەبارانمان (ت) و (خا) و (مز) : بەردەبارانی. دەکا (کم) : ئەکا . پساو : (چن) . نوسخەکانی‌تر هەمۆ : شکاو . چونکە وشەی (شکاو) لە بەیتی داهاتۆدا دۆبارە بووەتەوە ، ئێمە (پساو)مان لێرەدا پەسەند کرد . قۆن (کم) و (گم) و (من) : قنگ .

(٢١) جانیب : لا . جەڕّاح : ئەوەی تیماری زام ئەکا . طەبیب : ئەوەی تیماری نەخۆشێ ئەکا .

واتە : کە تەرزە ئەباریّ تەرزەکەی ئەوەندە زل و ناقۆڵایە سەری بنیادەمی پێ ئەشکێ . بۆیە سوختەکان بە سەر و پەراسۆی شکاو و قنگی درّاوەوە ، چاکی لێئەکەن بەلادا و داوێنیان هەڵئەکەن و بە هەڵەداوان ڕّائەکەن بۆ دۆکانی جەڕّاح و حەکیمەکان تیماریّکیان بکەن .

ڕّادەکەن (کم) و (من) : ڕّائەکەن . دوککان (چر) : دوککان و . چاك و (چر) و (عم) و (ت) و (ك) و (مز) و (عب) و (اح) و (خب) : چاکی . دامەن (چن) و (ك) : داوێن . (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (خا) و (خب) : دامێن .

(٢٢) زاناندمان : زانیمان .

چونکه نەتکرد قوڕ بە سەریا تاوەکو تەسکین ببێ
مەیدەرە بەر پێلەقە ، توخودا ، بلاّ بگرێ بە تاو ! (٢٣)

واتە : پیاوەتیی بانگوش بو بانەکەی نەگێڕا و ، بەهۆی ئەوەوە بانەکە دڵۆپەیەکی زۆری کرد و ، ناوەوەی پڕ بۆ لە ئاو و ، ئێمەش کەوتینە سەر ئاو و خنکاین و ، لەم حوجرەدا بۆمان دەرکەوت و زانیمان کەوا خنکاو ئەکەوێتە سەر ئاو و ناکەوێتە بنی .

بانگوش (عم) : بانکوت . حوجرەدا (عم) و (گم) : حوجرەیە . زاناندمان (چر) : زانانمان .

(٢٣) نالێ لەم بەیتەدا ڕۆئەکاتە بانگوشەکە، کە دیارە لە ناوەختا هاتووە بانەکە بکوتێتەوە و ، لە کاتی پێویستا بە قوڕ سواغی نەداوە تا کە باران بارێ دڵۆپە نەکا .. پێیئەڵێ : تۆ لەکاتی خۆیدا نەهاتی قوڕ بکەی بەسەریا تا بۆ خۆی داسەکنێ و ئۆقرە بگرێ ، ئستایش لێیگەڕێ ، دەسمەکە بە کوتانەوەی و پێلەقەی لێ مەدە ، توخوا با بۆخۆی بەتاو بگرێ و هەر دڵۆپە بکا ..

پەیوەندی (قوڕبەسەراکردن) و (تەسکینبۆن) لەوەوەیە کە ئافرەتی تەعزیەبار ، کەفو کوڵی گریانی ئەنیشێتەوە ، بەڵام قوڕی بە سەر و شانەوە هەر ئەمێنێ . جا ئەگەر قوڕی نەدابێ لە سەر و شانی ، ئەوە وائەگەیەنێ هێشتا تازە سوێیە و لە گەرمەی گریاندایە .

لەمبەیتەدا دۆ ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە لە (قوڕ بەسەراکردن) و (گریان)دا .

نەبۆنی نازناو لە نوسخە پشت پێبەستراوەکانی ئەم پارچە شیعرەدا*و گواستنەوەکەی نالێ لە باسی غائیبەوە بۆ خیطاب و ڕۆی دەم تێکردن ، لەوانەیە نیشانەی ئەوە بێ کە پارچە شیعرەکە ناتەواو بێ و چ لە پێش دوابەیت و چ لەدوایەوە لێی فەوتابێ .

نالێ لەم پارچە شیعرەیدا چوار تەعبیری کوردیی بەکارهێناوە ، ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێ بێ بەر لەو کەس بەکاریئەهێناون : (١) لە بەیتی یەکەمدا تەعبیری (کون تێیە) واتە : کە کونی تیایە . (٢) لە بەیتی پێنجەمدا تەعبیری (وەها سەرمای تێدا سەرما دەبێ) کە ئەبۆ بیوتایە :

---

* ئێمە لەوباوەڕەداین ئەو نوسخانەی نازناویان تیایە ، نۆسیارەکان خۆیان گۆڕیویانە ، چونکە دارشتنی دوا بەیت لەو نوسخانەدا هونەرمەندانە نییە .

هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بۆ
چونکە ئەمەلت زۆرە ، چ عومرێکی کەمت بۆ ! (١)

وەها سەرما تێیدا سەرمای دەبێ . (٣) لە بەیتی شەشەمدا تەعبیری (هەورین) کە ئێمە ئەڵێین : هەوری پێوەیە . (٤) لە بەیتی بیست و دۆهەمدا تەعبیری (زاناندمان) کە فیعلی جۆلاو (متعدی)یە و ئەو لەجیاتیی نەجۆلاو (لازم) بەکاری هێناوە .ئەمانە هەمۆ نیشانەی دەوری نالین لە بۆپێشەوە بردنی زمانی کوردیدا .

چونکە (کم) و (گم) و (من) : تۆ کە . نەتکرد (مز) و (خا) : نەیکرد . تاوەکۆ تەسکێن ببێ (چن) : تا وەکۆ تەسکێن بێ . (عم) : نالێ تا تەسکینی بێ . (کم) و (گم) و (من) : نالییا تەسکینی بێ . (ت) و (مز) : تاوەکۆ تەسکین دەبێ . (عب) و (خا) : تاوەکۆ تەسکینی بێ . پێلەقە (ت) و (ك) و (اح) : پێلەقان . تۆخودا (کم) و (گم) و (ت) و (مز) و (من) : تۆخوا. بلاّ (مز) : بڵێ. بەتاو (چن) و (عم) و (مز) و (عب) و (اح) و (خا) : تەواو .

(١) خضر : خدری زیندە کە مەشهۆرە ئاوی حەیاتی خواردووەتەوە و تا قیامەت نامرێ . جامی جەم : ئاوێنەکەی جەمشید کە مەشهۆرە هەمۆ دنیای تیا دیوە .

واتە : هەرچەند عومری خدری زیندەشت بۆ بنۆسرێ و وەك جەمشید خاوەن شکۆ و پایە بێ ، مادام ئاوات و هیوات زۆرە و هەرگیز نابڕێتەوە و هەمۆی نایەتەدێ ، عومرت عومرێکی کەمە ، چونکە عومری زۆر ئەوەیە بنیادەم هەمۆ ئاواتەکانی تیا بێتەدێ و ، ئەوەش هەرگیز نابێ . ئەم بەیتە ئیشارەتە بە حەدیثێکی پێغەمبەر کە ئەفەرموێت : «یَشیبُ ابنُ آدَمَ ویَشِبُّ فیهِ خَصلَتانِ : الحِرصُ وطولُ الأملِ» واتە : بنیادەم پیر ئەبێ ، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پیربۆنەکەیدا دۆ خەسڵەتی تیا گەنج ئەبێتەوە : تەماع و هیوای دۆر و درێژ .

لەنێوان (جام) و (جەم)دا بێجگە لە تەناسوب جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (جەم) و (کەم)دا جیناسی لاحیق هەیە .

زۆرە (مز) : زۆر بۆ .

ئەی جامیعی دونیاوو قیامەت بە خەیالآت
ئەو ژۆژە کە مردی ، نە ئەوت بۆ و نە ئەمت بۆ ! (٢)

بێزارە لە تۆ ئیستە ، هەماغۆشی عەدۆتە
دونیا ، کە دوێنێ حەرەمی موحتەرمت بۆ ! (٣)

دوێنێ چ بو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت ؟!
ئەمرۆ نەدەمت بۆ ، نە دەمت بۆ ، نە دەمت بۆ ! (٤)

---

(٢) واتە : ئەی ئەوکەسەی کە بە خەیاڵ دنیایش و قیامەتیشت کۆکردبوەوە و بردبۆتنەوە ، ئەو ژۆژەی کە مردی هیچیانت پێ نەبڕا ، چونکە دنیا و قیامەت دژی یەکن و بنیادەم ئەبێ هەر هەوڵی یەکێکیان بدا .

لە هێنانی (نە ئەوت بۆ و نە ئەمت بۆ)دا بەدوای (دونیا) و (قیامەت)دا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

ژۆییت (چن) و (ت) و (اح) و (عب) : ژۆێ . (عم) و (ك) : مردی .

(٣) هەماغۆش : هەمئاغۆش ، هاوباوەش . حەرەم : ژن .

واتە : دەسەلآت و سامانی دنیا کە تا دوێنێ وەك ژنی خۆت لەژێر دەسەلآتتا بۆ ، ئەمرۆ کە مردۆی لێت بێزار بووە و پەیوەندی پێتەوە نەماوە و لە باوەشی دوژمنەکەتدایە !

دوێنێ (چر) و (مز) و (خا) : بەعوشرەت . (« پەراوێزی » چر) : لەلای خۆت . (کم) و (گم) و (من) و (عب) : لەکن خۆت . (ت) : بەحورمەت .

ئەم بەیتە و بەیتی پێشۆ لە نوسخەی (عب)دا لەجێی یەکتردان .

(٤) لاف : هاش و هۆش . نەدەم : پەشیمانێ . دەم (ی یەکەم) : دەمی قسەکردن . دەم (ی دۆهەم) : هەناسە .

واتە : تا دوێنێ کە بە سەر زیندۆ بۆی ، بە ڕاست و چەپدا لاف و گەزافت لێئەدا و خۆت نەبێ کەست بە هیچ نەئەزانێ . ئەمرۆ کە ڕاست و ڕەوان بەرابەر بە دەسەلآتی مەرگ وەستایت و هیچت لەئاستیدا پێنەکرا ، لەو هەمۆ لاف و گەزافە پەشیمان بۆیتەوە و ، نە توانیت هەناسەیەك بدەیت و نە دەمت گۆی کرد هیچ بڵێ .

عومرت نەفەسێکی کە هەمۆ عالەمی دێنـا
بمرە لە غەمیدا کە هەمۆ صەرفی غەمت بۆ (٥)

وەك شەڵتە پەین گەھـ پڕ و گەھـ خاڵییە بەطنت
صەوم و ئەمەلت باعیثی نەفس و شکەمت بۆ (٦)

ئەشگونجێ (نەدەمت)ی دوایێ بە مەعنا پەشیمانێ بێ .

لەنێوان هەر سێ (نەدەمت)دا جیناسی تەرکیب و ، لە بەکارهێنانی (دەم)دا بە دۆ مەعنا ئیشتیراك و ، لەنێوان (دەم)ی بە مەعنا (هەناسە) و (دەم)ی بە مەعنا (زوبان)دا تەناسوب هەیە .

دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت (چر) و (عب) و (خا) : دەتدا بە زوبان لافی کەرامات . (ت) : لافی نەفەس و زاری کەرامەت . (ك) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) : نەفەس و حوسن و ــ یا حوسنی ــ کەرامات .

(٥) نەفەسێکی : هەناسەیەکی . دێنا : ئەهێنا .

واتە : ژیانت کـە تاقە هەناسـەیەکی ــ بە خەیـاڵی خۆت ــ هەمۆ جیهانی ئەهێنا ، لە خەفەتیدا بمرە چونکە هەمۆت لە خەم و پەژارەدا بەسەربرد .

نەفەسێکی (چر) و (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (مز) و (خا) : نەفەسێکە . کە (کم) و (گم) : لە . دێنا (چر) و (عم) و (ت) و (خا) : دونیا . (مز) : بالآ .

(٦) شەڵتە : دەفرێکی دۆلایی شاش تەنـراوە وەك زەشکە ، پەین و کا و شتی‌وای پێ ئەگوێزنەوە . گەھـ : جار جار . بەطن : سك . صەوم : زۆژۆ . شکەم . سك .

واتە : سکت خـاڵێ بێ یا پڕ بێ لە خۆراك ، لـە هەردۆ حاڵەکەدا هەروەك شەڵتەی پەین وایە کە جاری‌وا هەیە خاڵییە و جاری‌واش هەیە پڕە ، چونکە زۆژۆ گرتن و هیوای ئەو دنیات هیچیان لە نیازی خاوێنەوە نین ، زۆژووەکـەت بۆ ئەوە ئەگـرێ و سکتی پـێ هەڵئەگوشێ ، لە بەربانگدا دۆ قاتی زۆژ بخۆیت و ، هیوای ئەو دنیاکەشت بۆ ئارەزۆی نەفستە کە بەتەمای ژیانی خۆشتری . ئەگینا خوا پەرستی زاستەقینە ئەوەیە بە بێ ئامانج خوا بپەرستێ ، وەك حەزرەتی عومەر لە فەرمۆدەیەکیدا لەبارەی صوهەیبی زۆمییەوە ئەفەرموێت : « نِعمَ العبدُ صُهَیْب ، لوْ لَمْ یَخَفِ اللهَ لمْ یَعْصِهِ » واتە : صوهەیب بەندەی چاکە،ئەگەر

« نالێ » چییە وا میثلی جوعەل غەرقی شیاکەی ،
خۆ تۆ بە حیسابی وەکو پەروانە شەمت بۆ ؟! (٧)

— ٣ —

تا فەلەك دەورەی نەدا — صەد کەوکەبی ئاوا نەبۆ —
کەوکەبەی میهری موبارەك طەلعەتی پەیدا نەبۆ (١)

لە خواش نەترسایە بێ‌گوێیی نەئەکرد .

لەنێوان (بەطن) و (شکەم)دا تەرادوف و ، لە هێنانی (نەفس) و (شکەم)دا بەدوای (صەوم) و (ئەمەل)دا لەف و نەشری موشەووەش هەیە .

ئەم بەیتە تەنها لە نوسخەی (چر)دا هەیە .

(٧) جوعەل : قالۆنچە . شەم : شەمع ، مۆم .

واتە : نالێ چیت لێ قەوماوە ، بۆ وا گۆڕاوی ؟ بۆ وا وەك قالۆنچە لە شیاکەی دنیادا نوقم بووی ؟ خۆ تۆ بە سەنگ و تەرازۆی دڵدارە ڕاستەقینەکانی وەك پەروانە مۆمێکت هەبۆ بۆ خۆت ڕۆت تێ ئەکرد و لەپێناویا ئەسوتای ، بۆ وا ئیستا خەریکی کاری پەست و نەویت ؟

ئەشگونجێ (بە حیسابێ) بێ و بەوجۆرەش مەعناکەی دێت .

— ٣ —

نالێ ئەم پارچە شیعرەی بەبۆنەی کۆچی دوایی سلێمان پاشا و لەسەر تەختی بابان دانیشتنی ئەحمەد پاشاوە وتووە . ئەم پارچە شیعرە بایەخێکی تایبەتیی هەیە چونکە تاقە پارچە شیعرێکی نالییە ئیشارەتی بە مێژوی ڕۆداوێك تێدا کردبێ .

(١) فەلەك : ئاسمان . دەورە : خول . صەد : هەرچەند . کەوکەب : ئەستێرە . کەوکەبە . شان و شکۆ . میهر : خۆر .

واتە : تا ئاسمانی ژین خولی خۆی تەواو نەکرد و مانگی سلێمان پاشا ئاوا نەبۆ ، هەرچەند ئەستێرەکانی دەور و پشتیشی هەر مانەوە و ئاوا نەبۆن (مەبەست لە ئەستێرەکان شازادەکانیتری بابانە) ، شان و شکۆی خۆری هەلاتن — پیرۆزی ئاسمان کە ئەحمەد پاشایە ، دەرنەکەوت .

تا نه‌گریا ئاسمان و ، ته‌م ولاّتی دانه‌گرت ،
گولّ چه‌مه‌ن ئارا نه‌بۆ ، هه‌م لێوی غونچه وا نه‌بۆ (٢)

ئه‌شگونجێ ڕسته‌ی (صه‌د که‌وکه‌بی ئاوا نه‌بۆ) جومله‌ی موعته‌ره‌ضه نه‌بێ و وه‌لاّمی جومله‌ی پێشۆ بێ و (صه‌د) کینایه بێ له (زۆر) و مه‌عنای نیوه شیعره‌که وای‌لێ‌بێته‌وه : تا ئاسمان خولی خۆی ته‌واو نه‌کرد و هه‌مۆ ئه‌ستێره‌کانی ئاوا نه‌بۆن به‌هۆی نزیك بۆنه‌وه‌ی هه‌ڵهاتنی ڕۆژی ئه‌حمه‌د پاشاوه .. له‌م حاڵه‌دا مه‌به‌ست له ئاوابۆنی ئه‌ستێره‌کان به‌ش‌به‌حاڵی سلێمان پاشا مردن و ، به‌ش‌به‌حاڵی میرزاده‌کانی‌تری بابان ده‌رنه‌که‌وتنیانه له ڕۆژی ئه‌حمه‌د پاشادا .

نالێ بۆیه وه‌ك باسی خۆری ئه‌حمه‌د پاشای کردووه ، ناوی مانگی سلێمان پاشای نه‌هێناوه و هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی به به‌س زانیوه که ئیشاره‌ت بۆ سۆڕانه‌وه‌ی ئاسمان بکا ، چونکه نه‌یویستووه وا پیشان‌بدا که سلێمان پاشا له ئه‌حمه‌د پاشا که‌متره ، که‌چێ له‌ولاشه‌وه به وه‌صف کردنی ئه‌حمه‌د پاشا به خۆر ده‌ری‌خستووه که ئه‌م له‌و گه‌وره‌تر و پایه بڵندتره .

ده‌وره‌ی (عم) و (ك) و (عب) و (من) و (خا) : ده‌وری . ئه‌میش ئه‌گونجێ (ده‌وره‌ی) بێ . که‌وکه‌بی (« په‌راوێزی » چر و خا) و (چن) و (کم) و (گم) و (اح) : که‌وکه‌به‌ی . (ت) : که‌وکه‌به . که‌وکه‌به‌ی (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (عب) و (من) و (خا) و (خب) : که‌وکه‌بی . ئه‌میش ئه‌گونجێ (که‌وکه‌به‌ی) بێ . میهری (عم) : ماهی . طه‌لعه‌تی (عم) و (کم) و (گم) و (مز) و (اح) و (من) و (خب) : طالیعی .

(٢) چه‌مه‌ن ئارا : چیمه‌ن ڕازێنه‌وه . وا : کراوه .

واته : تا ئاسمان له خه‌فه‌تی مردنی سلێمان پاشادا ده‌ستی نه‌کرد به گریان و ، بارانی فرمێسکی خۆی نه‌ڕژاند به‌سه‌ر زه‌ویدا و ، ته‌می هه‌ناسه‌ی ساردی ولاّتی به‌به‌ی دانه‌گرت ، چیمه‌نی سوله‌یمانێ و ده‌ور و پشتی به گولّی ئه‌حمه‌د پاشا نه‌ڕازایه‌وه و خونچه‌ی لێوی پادشاهی نوێ نه‌پشکۆت .

چه‌ند وێنه‌یه‌کی جوانه : له‌ئه‌نجامی گریان و فرمێسك ڕشتن و ته‌ماوێ بۆنی ولاّته‌وه ، چیمه‌ن به گولّ بڕازێته‌وه و لێوی خونچه بپشکوێ .

لێوی غونچه (گم) : لێوی خونچه . (ك) و (مز) و (اح) و (خب) : غونچه لێوی .

تا چەمەن‌پیرا لە سەر ، ئەصلّی درەختی لانەدا ،
فەرعی تازە ، خوزّرّەم و بەرز و بولّەند بالاّ نەبۆ (٣)

تا (سولەیمانان) نەبۆنە صەدری تەختی ئاخیرەت ،
(ئەحمەدی موختار)ی ئیّمە شاهی تەخت ئارا نەبۆ (٤)

---

(٣) چەمەن پیرا : وشەیەکی فارسییە واتە ئەوەی باخ ئەزازیّنیّتەوە ، باخەوان . فەرع : لق . خوزّرّەم : تازە و تیّراو .

واتە : تا باخەوانی قەدەر ساقی درەختی ، لای سەرەوە نەبزّییەوە کە سلّیّمان پاشایە ، لقی تازە کە ئەحمەد پاشایە تیّراو نەبۆ و بالاّی بەرز نەبۆ و هەلّنەچۆ . نالیّ بەم وەصفەی ئەحمەد پاشا ئەیەوێ بلّیّ پادشای تازە بۆیە وا وەك لقی تیّراو و بالاّبەرز و گەش و هەلّچۆ وایە ، چونکە زّیشە و ساقەکەشی هەر وا بووە و دیارە گیا لەسەر بنجی خۆی ئەزۆیّتەوە .

تا چەمەن پیرا لە سەر (چر) و (عب) و (خا) : تا چەمەن پیرانەجۆی . وابزانین هەلّەی نۆسیارە و زّاستەکەی بەمجۆرەیە : تا چەمەن پیرا نەچۆ . (« پەراوێزی » چر و خا) و (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (مز) و (اح) و (من) و (خب) : تاچەمەن پیرانە سەر . تازە خوزّرّەم و بەرز و (چر) و (اح) و (خب) : تازە خوزّرّەمی بەرز و . (کم) و (من) : تازە خوزّرّەم و بەزمی . (گم) : تازە و خوزّرّەم و بەرزی . (مز) : تازەی خوزّرّەمی بەرز و . (خا) : تازە خوزّرّەم و بەرزی .

(٤) صەدر : جاران لەقەبی سەرۆکی وەزیران بووە . ئاخیرەت : ئەو دنیا .
واتە : تا سولەیمانەکان لەو دنیا نەبۆن بە سەرۆك وەزیرانی تەختی پادشاهیّ ، ئەحمەدی موختاری لای ئیّمەش نەبۆ بە شاهی تەخت زّازیّنەوە .

نالیّ لەم بەیتەدا لە یەکّکاتدا ویستۆیە (سولەیمانەکان) بۆ حەزرەتی سولەیمان و بۆ سلّیّمان پاشای بابان و لەوانەیە بۆ سولەیمان ناوی‌تریش بەکاربیّنیّ . هەروەها ویستۆیە مەبەستی لە (ئەحمەدی موختار) پیّغەمبەریش (د.خ) و ئەحمەد پاشای بابانیش بیّ . زۆر جوانیشی هیّناوەتەوە ، چونکە ئەگەر مەبەستی لە سولەیمان حەزرەتی سولەیمان و ، لە ئەحمەدی موختار پیّغەمبەر بیّ ، ئەوا حەزرەتی سولەیمانی کرد بە وەزیر و پیّغەمبەری کرد بە شا . هەروەها ئەگەر مەبەستیشی سلّیّمان پاشا و ئەحمەد پاشا بیّ وا ئەحمەد پاشای لە

قیصصه بێ پەردە و کینایەت خۆشە : شاهی من کەوا عادیلێ بۆ قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبۆ ، (٥)

بۆ نشینگەی مورغی ڕۆحی ئەو کە عالیٰ فیطرەتە جێگەیی خۆشتر لە ڕەوضەی (جنة المأوی) نەبۆ (٦)

وەك قیاسێکی کە موثبەت بێ ، نەتیجەی بێتەجێ حەمدو لیللا شەهـ کە عالیٰ جا بو ، خالیٰ جا نەبۆ (٧)

سلێمان پاشا بە گەورەتر دانا .

نەبۆنە (چر) و (خا) : لە بۆتەی . تەخت ئارا (ك) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) : فەخرئارا .

(٥) قیصصه . قسە . بێپەردە و کینایەت : ئاشکرا و بێپێچوپەنا . عەدیل : هاوتا ، هاوڕێ .

مەعنای ئەم بەیتەو بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێکئەدەینەوە .

ئەو (چر) و (چن) و (کم) و (ت) و (عب) و (من) و (خا) : وا .

(٦) نشینگە : جێگای تیا دانیشتن . عالیٰ فیطرەت : ئەوەی خوا بە بەرزیٰ دروستی کردبێ . مورغ : پەلەوەر . ڕەوضە : باخ . جنة المأوی : بەهەشت .

واتە : با ئیتر قسەکردن بە کینایە و پێچوپەنا بەس بێ . قسە بەئاشکرا خۆشە و مەسەلە مەسەلەی کۆچی دواییی سلێمان پاشا و لەسەر تەخت دانیشتنی ئەحمەد پاشایە . سلێمان پاشای پادشاهی من کە دادپەروەرێکیوا بۆ هاوتای لە جیهاندا نەبۆ ، کۆچی دواییی کرد و ، شوێنێکی ئەوتۆ شایانی ئەوە بێ مەلی ، خوا بە بەرزیٰ دروستکردوی ، گیانی پاکی ئەوی تیا بنیشێتەوە و بحەسێتەوە ، لە باخی بەهەشت بەولاوە نەبۆ ، بۆیە بەهەشت بۆ بە جێی .

بشێ ئەم بەیتە ئیشارەتێکی بۆ ئەوە تیا نەبێ کە سلێمان پاشا بە جۆرێکیوا مردبێ ، پێشان ویسترابێ هەوالی مردنەکەی تا ماوەیەك بشارنەوە ؟

بۆ نشینگەی (« پەراوێزی » چر) و (خا) : بۆ نیشانگەی . دیسان (« پەراوێزی » چر) و (ت) و (ك) و (مز) و (اح) و (خب) : نەشئەگاهی . (عم) و (کم) و (من) : بۆ نیشانگەی . ڕەوضەی (چر) و (کم) و (من) و (عب) و (خا) : باغی . (گم) : باخی .

شاهی جەم جا « نالیا » (تاریخ جم) تەئریخیە
دا نەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبۆ (٨)

---

(٧) قیاسی موثبەت : لە عیلمی مەنطیقدا (قیاس) بە دۆ ڕستە ئەڵێن هەریەکی لای کەمی لە دۆ وشە پێکدێن . جا ئەگەر هەردۆ ڕستەکە مەعنای بۆنیان ئەگەیاند ، ئەوە قیاسەکە قیاسی موثبەتە و دیارە ئەنجامەکەشی هەر بۆن ئەگەیەنێ .

واتە : وەك چۆن نەتیجەی قیاسی موثبەت بە ناچاری ئەبێ بێتەجێ ، لە سایەی خواوە سلێمان پاشایش چونکە پیاوێکی پایەبەرز بۆ ، پیاوی پایە بەرزیش جێگای کوێر نابێتەوە ، جێگای کوێر نەبوەوە و پایە بەرزێکی وەك ئەحمەد پاشا جێگای گرتەوە .

لە سەرێکی‌کەشەوە ، نالێ لە نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا ئەیەوێ بڵێ زیاتر وایە پیاوی پایەبەرز وەچەیەکی وای لەپاش بەجێنامێنێ ئەوەندە پایەبەرز بێ جێگەکەی بگرێتەوە . بەڵام سلێمان پاشا وا نەبۆ ، لەگەڵ ئەو پایە بەرزەشیدا کە بۆی ، پایەبەرزێکی وەك ئەحمەد پاشای کوڕی لێ بەجێما جێگەکەی گرتەوە .

پەیوەندی نێوان (عالێ جا) بۆن و (خالێ جا) نەبۆن لەوەوەیە بنیادەم کە لە جێگایەکدا دانیشتبێ دیارە ئەو جێگایەی گرتووە و ، کە لەو جێگایە بەرز بووەوە دیارە جێگاکەی چۆڵ ئەبێ چونکە خۆی چووە بۆ جێگایەکی بەرزتر . نالێ ئەڵێ : بەڵام سلێمان پاشا وانەبۆ ، هەرچەند بەرز بووەوە بۆ جێگایەکی بەرزتر لە تەختی شاهێ کە بەهەشتە ، شوێنەکەی خۆی بە خالێ نەمایەوە ئەحمەد پاشای تیا دانیشت .

بێتەجێ (چر) و (عب) : حاصلی . (« پەراوێزی » چر) : بێتەدێ . لە (« پەراوێزی » چر)دا (بێتەجێ)یش هەیە .

لەنێوان (عالێجا) و (خالێجا)دا جیناسی لاحیق هەیە . لە نیوەی دۆهەمی بەیتەکەشدا حوسنی تەعلیل هەیە بۆ نیوەی یەکەمی .

(٨) جەمجا . جێنشینی جەمشید .

واتە : سلێمان پاشا کە پادشایەك بۆ جێگەی جەمشیدی گرتبووەوە ، مێژوی مردنی بە حەرفی ئەبجەد ئەبێ بە ڕستەی (تأریخ جم) کە ئەکاتە ١٢٥٤ . بۆیەش ئەم ڕستەیە بۆ بە تەئریخی کۆچکردنی ، تا کەس نەڵێ لەم چەرخەدا پادشایەکی‌تری وەك ئەسکەندەر نەبوە جێگەی جەمشید بگرێتەوە ، ئەگەر سلێمان پادشا جێنشینی جەمشید نەبوایە تەئریخی

دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی ، فەرەقی بۆ
مەکسۆری ڕۆقی بەو دڵی وەك بەردی ڕەقی بۆ (١)

مردنی نەئەبۆ بە (تأریخ جم) . مەبەستی ئەوەیە بڵێ سلێمان پاشا ، تەنانەت ساڵی مردنەکەشی هەر وا ئەگەیەنێ سەردەمی ئەو سەردەمی جەمشید بووە .

حورۆفی ئەبجەد هەر حەرفەکانی ئەلف و بێن بە جۆرێکی‌تر ڕێز کراون : (ابجد ، هوز ، حطي ، کلمن ، سعفص ، قرشت ، ثخذ ، ضظغ) . نۆ حەرفی یەکەمیان یەکان (آحاد) و ، نۆی دۆهەمیان دەیان (عشرات) و ، نۆی دواییان سەدان (مئات)ن . بەمپێیە لە (تأریخ جم)دا (ت) ئەکاتە (٤٠٠) و (ا) ئەکاتە (١) و (ر) ئەکاتە (٢٠٠) و (ی) ئەکاتە (١٠) و (خ) ئەکاتە (٦٠٠) و (ج) ئەکاتە (٣) و (م) ئەکاتە (٤٠) و تێکڕایان ئەکەنە ١٢٥٤ واتە سلێمان پاشا لە ١٢٥٤ی . ك (١٨٣٨ـ١٨٣٩ی.ز)دا کۆچی دواییی کردووە و ئەحمەد پاشایش هەر لەو ساڵەدا چووەتە سەر تەخت .

لە نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا حوسنی تەعلیل هەیە .

دا (عم) و (کم) و (گم) : تا . (مز) : با .

(١) فیراق : دۆرێ لە یار. فەرەق : فەراق، تەق ، تەقینەوە. سەرچاوەکەی هەر وشەی (فیراق)ە . ئەشگونجێ بەمەعنا هەڵچۆن بێ و سەرچاوەکەی وشەی (استفراغ) بێ . مەکسۆر : شکاو .

وەك لە جیاوازیی تێکستەکانی ئەم بەیتەوە دەرئەکەوێ ، نۆسیاران تیپەکانی هەندێ وشەیان بە چەند جۆری جیا جیا دابەش کردووە کە هەریەکی مەعنایەکی تایبەتێ ئەگەیەنێ ، سەرەڕای ئەوە لە هەندێ وشەی‌تریشیدا تێکستی جیاواز گەلێ زۆرە . وشەی‌تریشی هەیە بەپێی شێوەی نۆسینی کۆن بۆ گەلێ مەعنا دەست ئەدا . ئەمە بووە بەهۆی سەرلێشێواو و ئاڵۆزانێکی زۆر و ڕێنەبردنە سەر مەعنای ڕاستەقینە بەتەواوێ . هەرچۆنبێ ئەو مەعنایەی ئێمە لای خۆمانەوە پەسەندمان کردووە ، لێرەدا ئەنۆسینەوە و لاشمانوایە بەیتەکە و بەیتی پاشەوەشی و بەیتی جوارەمیش هێشتا پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی پتر .

ئەو نەشئە کەوا ساقیَ منی پێ لە خودیَ سەند
نەك نەوعە ژەقێ بۆ کە لە قەطرەی عەرەقی بۆ ، (٢)

خەندەی نەفەسی تۆ بو وەکۆ صوبح و نەسیمی
یا گوڵ دەمی پشکۆتن و ، عەطری وەرەقی بۆ (٣)

نالیَ ئەڵێ : دڵ کە بەهۆی دۆریی یارەوە بووە بە شۆشەیەکی پڕ لە خوێن ، تەقی‌کردبۆ ، یاخود یەقی کردبوەوەلە خوێن و هەڵچۆبۆ ، چونکە بە بەردی ژق و قینی دڵی وەك بەرد ژەقی ــ یار شکابۆ .

لەنێوان (فیراق) و (فەرەق)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ژقی بەو) و (ژەقی بۆ)دا جیناسی موحەژژەف هەیە .

شیشەیی (عم) و (گم) : شۆشەیی . خوێنی (کم) و (گم) و (مز) و (عب) و (من) و (خا) : خۆنی . ژقی بەو (« پەراوێزی » چر و چن) و (ك) و (عب) : ژەقیب و . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : ژەقیب بۆ . دڵی وەك بەردی ژەقی بـۆ (چر) و (چن) و (کم) و (ت) و (ك) و (مز) و (اح) و (خا) : لە منی خەستە ژقی بۆ .

(٢) نەشئە : سەرخۆشیَ . خودیَ : ئاگا لای خۆ بۆن . ژەق : بە تورکیَ واتە عەرەقی خواردنەوە .

مەعنای ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێك‌ئەدەینەوە .

لەنێوان (ساقیَ) و (پێ)دا تەناسوبێکی تەنها بەدیمەن هەیە .

منی پێ لە خودیَ (عم) و (گم) : بە ئـەو عەقڵ و دڵی . نەوعە ژەقێ (چر) و (عب) : نـەو عـەرەقێ . (کم) و (گم) و (من) : نـەوعی ژەقێ . قەطرەی (چر) و (کم) و (ت) : قەطرە .

(٣) خەندە : پێکەنین . کرانەوە . نەسیم : شنەی بای بەیـانیَ . وەرەق : گەڵا .

نالیَ لە بەیتی یەکەمدا باسی شکانی شۆشەی دڵی پڕ لە خوێنی خۆی کرد کە بە بەردی ژق و کینەی دڵی وەك بەرد ــ ژەقی یار شکا . وتیشی دڵی تەقییەوە یا هەڵچۆ و هۆشـی لای خۆی نەما . لێرەشدا باسـی هۆش لانەمانەکە ئەکرێ کە چۆن بۆ و بۆ بە چیَ و ئەڵێ : ئەو نەشئەی سەرخۆشییە کە مەیگێڕ ، منی لە حـاڵی هوشیاریَ پێ دەرکرد ، ئەو جۆرە عەرەقە نەبۆ کە لـە دڵۆپی ئارەقی ژوێـا دەرئەکەوێ ، بمـداتێ بیخۆمەوە و پێی سەرخۆش ببم ، بەڵکو کرانەوەی بە پێکەنینەوەی دەمی

ڕەقێتیی تەن و ، ڕێقەتی دڵ ، ڕۆقبەتی طاعەت
مەخصۆصی ڕەقیب بۆ لە منی خەستە ڕقی بۆ ! (٤)

هێند مونتەظیری تۆ بو هەتا چاوی سپێ بۆ
نەرگس ، کە لەسەر یەك قەدەم و دیدە چەقیبۆ (٥)

یار و بلاوبۆنەوەی هەناسەی بۆن خۆشی و دەرکەوتنی دانە سپییەکانی بۆ کە وەك بای نەسیم وایە سبەینان هەڵئەکا و ئاسۆ ڕۆن ئەبێتەوە ، یاخود گوڵی سەردەمی پشکۆتن و ، بۆنی خۆشی گەلاکانی بو ..

بەگوێرەی ئەو نوسخانەش کە ڕستەی (نەوعە ڕەقێ)ی بەیتی دۆهەمیان بە (نەو عەرەقێ) نۆسیوە، مەعنای ئەو بڕگەیە وای لێدێتەوە : ئارەقێکی تازە نەبۆ لە دڵۆپی ئارەقی گۆنای ..

دەمی پشکۆتن («پەراوێزی» چر) و (کم) و (من) : دەمێ پشکۆتووە.
لە هەمۆ نوسخەکانی بەردەستماندا نۆسراوە (خەندەی نەفەس) ، بەلام (خەندە و نەفەس) لەبارترە و لەگەڵ بەراوردەکەیدا بە (صوبح و نەسیم) باشتر ئەگونجێ .

(٤) تەن : لەش . ڕێقەت : ناسکێ . ڕۆقبەت : گەردن .
واتە : بوردەباریی لەش و بەرگە گرتنی و ئامادەیی بۆ هەڵگرتنی هەر بارێ بدرێ بەکۆڵیا و ، ناسکیی دڵ و مڵکەچێ و بەگوێکردنی هەرچێ بوێسترێ ، هەمۆی لە منداکۆبووەتەوە . ئیتر نازانم بەدکار بۆچێ لەناو هەمۆ دڵدارانی یاردا بەتایبەتێ ڕقی لە منی خەستە بۆ ؟

لەنێوان (ڕەقیبەتێ) و (ڕێقەت) و (ڕوقبەت) و (ڕەقیب)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ڕەقیب) و (ڕەقی بۆ)دا جیناسی تەرکیب هەیە .

ڕۆقبەت (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (اح) و (من) : ڕێبقەت .
ڕێبقەت واتە : زنجیر لە مل کردن . ڕەقیب بۆ (چر) و (عب) : ڕەقیبت .
(چن) و (مز) و (من) : ڕەقیب و . (ت) و (اح) : ڕقی بو . (ك): ڕەقیبیش.

(٥) واتە : نەرگس ئەوەندە لەسەر یەك پێ وەستا و ، بە یەك چاو بۆیڕوانیت و تۆ هەر نەهاتێ ، چاوی سپێ بۆ ، واتە مرد یا کوێر بۆ . نەرگس خۆی یەك چاوی هەیە ، بەلام نالێ کە ئەڵێ بە یەك چاو بۆیڕوانیت ، مەبەستی ئەوەیە بڵێ هەردۆ چاوی کردبۆ بە یەك و بۆ تۆی تەرخان کردبۆن و هەر بۆ لای تۆوەی ئەڕوانێ و لای بە لایەکیکەدا

تا پێ‌نه‌که‌نێ گوڵ به ده‌می بادی صه‌باوه ،
نه‌مگوت : که شه‌وێ بولبولی بێچاره حه‌قی بۆ (٦)

« نالێ » له هه‌وا که‌وته سه‌ما ، بۆ به شه‌ناوه‌ر
به‌و وشکه مه‌له بیمی هیلاکی غه‌ره‌قی بۆ (٧)

نه‌ئه‌کردوه‌وه . هه‌روه‌ها نه‌رگس خۆی چاوی سپییه . به‌ڵام نالێ ئه‌یه‌وێ بڵێ له چاوه‌ڕوانیی تۆدا چاوی سپێ بووه . ئه‌وه‌ش بزانین که چاو سپێ بۆن کینایه‌یه لـــه مردن یا کوێر بۆن . له لایه‌کی که‌شه‌وه نیسبه‌ت‌دانی (چه‌قین) بۆ لای (دیده) زیاده‌ڕه‌ویه‌کی زۆر جوانه بۆ گه‌یاندنی مه‌عنای چاوه‌ڕوانی .

وشه‌ی (نه‌رگس) هه‌م فاعیلی (مونته‌ظیر) و هـــه‌م فاعیلی (چاوی سپێ بۆ)یشه ، واته هه‌رای له‌سه‌ره له‌نێوان ئه‌و دۆ فیعله‌دا .

(٦) واته : که سه‌ر له به‌یانێ دیم گوڵ به‌ده‌م سروه‌ی بای به‌یانییه‌وه پێکه‌نێ و ده‌می کرده‌وه و پشکۆت ، بۆم‌ده‌رکه‌وت بولبول حه‌قی بووه شه‌و ئه‌وه‌نده به‌کوڵ نالاندۆیه ، چونکه بولبول له هه‌رچیی‌تر عاشقتره به گوڵ ، که‌چێ گوڵ هیچ گوێ نادا به بولبول و به‌ده‌م بای به‌یانیانه‌وه پێ‌ئه‌که‌نێ ، که ئه‌بۆ به‌ده‌م بولبوله‌وه پێ‌بکه‌نییایه .

پێکه‌نینی گوڵ به‌ده‌م باوه مه‌جازی عه‌قڵییه .

نالێ بیری ئه‌م به‌یته‌ی له شوێنی‌تریشدا وتووه‌ته‌وه .

ئه‌م به‌یته و به‌یتی پێشه‌وه‌ی ته‌نها لـــه (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (من)دا هـــه‌ن .

(٧) هه‌وا : خۆشه‌ویستێ . ئاسمان . ســـه‌ما : ئاســـمان . سه‌ماکردن . شه‌ناوه‌ر : مه‌له‌وان . وشکه‌مه‌له : مه‌له له شوێنی بێ‌ئاوا. بیم : ترس . غه‌ره‌ق : خنکـــان .

واته : نالێ له خۆشیی دڵداریدا فڕێ بۆ ئاسمان ، یاخود به‌ئاسمانه‌وه که‌وته سه‌ماکردن و ، له‌و بۆشاییه‌دا بۆ به مه‌له‌وان و ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا که شوێنه‌که‌ی ئاوی تیا نه‌بۆ ، له‌خۆیه‌وه وشکه مه‌لـــه‌ی ئه‌کرد ، که‌چێ ترسیشی لێ نیشتبۆ بخنکێ !

له هه‌وا (کم) و (گم) و (من) : به هه‌وه‌س . (عب) : به هه‌وا . بۆ بـــه (اح) و (« په‌راوێزی » خا) : بۆیه . به‌و (چن) : له‌و . هیلاکی (چن) و (کم) و (گم) و (ك) و (مز) و (عب) و (من) : هیلاك و .

دەرۆنم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ
دڵم گەرمە و هەناسەم سەردە بێ تۆ (١)

خەریکی شەش‌دەری هات و نەهاتم
خەلاصیم قەت نییە لەم نەردە بێ تۆ (٢)

لیباسم ماتەمە ، شینە ، لە شیندام
سوروشکم سۆرە ، ژەنگم زەردە بێ تۆ (٣)

ـ ٥ ـ

(١) پڕ کەباب : لەتاو دەردی دۆرێ سۆتاو و بە کەباب بۆ .
لەنێوان (گەرم)و (سەردە)دا طیباقیش و تەناسوبیش هەیە . لەنێوان (دەردە) و (سەردە)شدا جیناسی لاحیق هەیە .

(٢) خەریك : گیرخواردۆ و داماو . شەش‌دەر : زاراوەیەکە لە یارێ‌کردن بە (نەرد)دا بەکارئەهێنرێ ، بریتییە لەوە یەکێ لە یارێ‌کەرەکان بەردەمی پۆلەکانی بەرابەرەکەیی گرتبێ و نەهێڵی زارەکەی هەڵدا . کینایەشە لە سەرلێ‌شێواوێ .
واتە : بە دەست شەش‌دەری هـات و نەهاتـەوە گیرم خواردووە و هەرگیز بێ تۆ لەم دەردە ڕزگار نابم .
لەنێوان (شەش‌دەر) و (نەرد)دا تەناسوب هەیە .
نەردە (« پەراوێزی » چر) : هەردە . (چن) و (ك) و (مـز) و (من) : دەردە .

(٣) ماتەم : خەمباریی بەبۆنەی مردنی کەسێکەوە . شـین : ژەنگی شـین ، دروشمی کەس مردۆێ . گریانی بەکۆڵ .
واتە : بەهۆی دۆریی تۆوە هەرچی نیشانەی خەم و خەفەتە تیامـدا کۆبووەتەوە : جلی شینی ئازیەتبارییم لەبەردایە و ، خـەریکی گریان و شینم و ، فرمێسکی خوێن لە چاوم ئەڕوا و ، ژەنگم زەرد هەڵگەڕاوە .
لە ڕستەی (لیباسم ماتەمە)دا زیادەڕەوییەکی زۆر جوان هەیە،چونکە وائەگەیەنێ ماتەم بەجۆرێ داگیری کردۆم بۆم بووە بە جـل و بـەرگ .

عەزیزم ! دڵ ڕەقە و ، خۆم فەرد و تەنهام
دەترسم بمکوژێ ئەم دەردە بێ تۆ (٤)

بە بێ دیداری تۆ خۆ لاڵە « نالێ »
عەجەب هەستاوە ئەم چەن فەردە بێ تۆ ! (٥)

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم ، شەرط بێ ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ (١)

لەنێوان (ماتەم) و (شین)دا بە هەردۆ مەعناکەی و ، لەنێوان (شین) و (سۆر) و (زەرد)دا تەناسوب هەیە . نالێ ئەوەشی مەبەست بووە کەوا (سۆر) کە مەعنای (شایێ)یش ئەگەیەنێ ، بەرابەر بە (شین)دانێ کە واتە گریان ، هەرچەند ئەو مەعنایەشی مەبەست نەبوە .

ماتەمە (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (مز) و (اح) و (من) و (خا) : ماتەم و . (ك) : ماتەمە و . لە شیندام (چن) : لە شیندا . بەمپێیە پەیوەندی بە نیوەی دۆهەمی بەیتەکەوە ئەبێ . سۆرە (کم) و (گم) : سۆر و .

(٤) واتە : ئازیزەکەم ! دڵم ڕەقە و بۆم نەرم نابێ و ، خۆیشم بەتەنهام و دەرەقەتی دڵ نایەم . بۆیە ئەترسم مادەم تۆم لەگەڵ نەبێ ئەم دەردی دڵە بێ تۆ بمکوژێ .

ئەشگونجێ مەعنای بەیتەکە بەمجۆرە لێكبدەینەوە کەوا : یار دڵی ڕەقە و نایێ بەلاما و منیش بەتەنهام بۆ خۆم . ئەنجا شاعیر وەرچەرخێ و ڕۆی دەمی بکاتە یار و بڵێ : ئەترسم ئەم دەردی دڵڕەقیی تۆ و دۆرییە لە تۆ ، بێ تۆ ، بمکوژێ .

دڵڕەقە و (چن) و (ك) : دڵ ڕەق و . دەترسم (گم) : ئەترسم .

(٥) واتە: دیداری تۆم لە بەرچاودا نەبێ زمانم گۆ ناکا قسە بکەم. بۆیە خۆیشم سەرم سوڕماوە چۆن ئەم چەند فەردە بێ تۆ هەستاونەتەوە و بە ڕێك و ڕەوانێ بۆم وتراون .

(١) واتە بەڵێ من ئەمجارە بێ تۆ نەمردم ، بەڵام ئەوەندە دەردی بێتۆییم

دەرۆنم خاڵییە ، وەك نەی دەنااڵێ
هەواریێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ ! (٢)

بیناییم کوێرە ، هەڵنایێ بە ڕۆی کەس
موژەم یەك یەك دەڵێی بزمارە بێ تۆ (٣)

چێشت تۆبەی لەوە پێ کردم کە بێ تۆ بۆ هیچ کوێیەك بڕۆم ، مەرج بێ جارێکی تر بێ تۆ تەنانەت تا ئەو خوارەش نەچم .

ئەم خوارە (چر) و (چن) و (عم) و (مز) و (عب) و (من) و (خا) : ئەو خوارە .

(٢) نەی : قامیش ، شمشاڵ . هەوار : نشینگەی هاوین و زستانی کۆچەرییەکان .

واتە : وەك قامیشێ کە گرێکانی ناوی لابرابن و کرابێ بە شمشاڵ و شمشاڵی پێ ڵێبدرێ و بناڵێنێ ، دەرۆنی لە غەیری یادی تۆ خاڵیی منیش هەر هاوار و ناڵەیەتی ، لەپاش ڕۆیشتنی تۆ وەك هەواریێکی چۆڵی ڵێ هاتووە ، تەنها هاواری منی تیایە بەدوای تۆدا .

وردەکارییەکی جوان لەم بەیتەدا هەیە کە ئەوەتە نالێ هەواری شوبهاندووە بە ئەشکەوتێکی چۆڵ، لەکاتێکا کە هەوار یا شاخێکی وشك و ڕەقی بەرز یا دەشتێکی کاکێبەکاکییە و ، دای ناوە کەوا ئەم ئەشکەوتە بەتەنها دەنگی هاواری خۆی پڕ بووە ، لەکاتێکا کە لە دەنگی بابردۆی خۆی بەوڵاوە هیچ نییە و هیچ کوێیەکیش نییە دەنگ پڕی کاتەوە .

لەنێوان (خاڵی) و (پڕ)دا طیباق و ، لەنێوان (هەوار) و (هاوار)یشدا جیناسی ناقیص هەیە .

هەواریێکی (چر) و (ت) و (مز) : هەواریێکە .

(٣) موژە : بژرانگ .

واتە : بێ دیتنی دیداری تۆ چاوم کوێرە و بە چاوپێ کەوتنی ڕۆی کەسی تر هەڵنایەت .. برژانگەکانم ئەڵێی بزمارن بە چاومدا چەقیون و ناهێڵن چاو هەڵێنم .

بزمارە (ك) و («پەراوێزی» خا) : بسمارە .

ئەم بەیتە لە نوسخەی (خا)دا پێنجەم بەیت و ، لە (کم) و (گم) و (عب) و (من) و (خب)دا شەشەم بەیتە بەگوێرەی ژمارەی بەیتەکان لێرەدا .

هەمۆ ئەعضایی نالێنم دەنالێ
سەراپام میثلی مۆسیقارە بێ تۆ (٤)

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکەت
شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ (٥)

لەکن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من
لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ (٦)

---

(٤) مۆسیقا : سازێکی سێ سۆچە لە قامیشی گەورە و بچوك دروستی ئەکەن . وتراویشە کەوا ناوی پەلەوەرێکە کونی زۆر لە دەنۆکیدا هەیە ، ئاوازی جۆراوجۆر لەو کونانەوە دەرئەچێ . ئەم مەعنای دۆهەمە بۆ ئێرە زۆر لەبارە .

واتە : هەرچی بەشێکی لەشم هەیە کە لەوانەبێ نالەی لێوە بێ، لەتاو دۆریی تۆ ئەنالێنێ . هەمۆ گیانم وەك دەنۆکی پەلەوەری (مۆسیقار)ی لێهاتووە و لەبەر بێتۆیێ نالەی لێوە دێ .

ئەم بەیتە تەنها لە کۆمەڵە دەسنۆسێکی بنەماڵەی موفتیی هەڵەبجەدا هەبۆ کە دۆ پارچە شیعری نالییشی تیا بۆ یەکێکیان ئەم پارچەیە بو و ، شێخ موحەممەد عەلیی قەرەداخێ پیشانی داین . (لە پێشەکییەکەدا یەدرێژێ باسی ئەم دەسنۆسانە کراوە) .

(٥) واتە : قەسەم بە شەربەتی شیرینی دیداری پاکت ، بەهۆی بێتۆییەوە هەر شەربەتێ ئەخۆمەوە لە دەمما وەك ژەهری مار وایە ، یا لە تاڵیی دۆریی تۆ وەك ژاری مار بخۆمەوە وام .

نالێ ئەم بەیتەی زۆر جوان هێناوەتەوە کە سوێن پێخوراو و سوێن لەسەرخوراو هەردوکیان لە یەك بابەتن و دژی یەکیشن : شەرابی وەصڵی یار کە لە هەمۆ شەرابێك شیرینترە و ، ژەهری مار کە لە تاڵیدا هاوتای نییە .

زەهری (چر) : ژاری . (گم) : ژەهری .

(٦) خار : درك . خەس : وشتر خوار .

واتە : تۆ ئەوەندە لە من بێزاری ، ئەگەر لەسەر درك و داڵ و وشتر خواریش دابنیشێ ، مادەم منت لا نەبێ ، بە گوڵزاری ئەزانێ .. منیش ئەوەندە حەزم لە تۆیە و ئارەزۆمەندی نزیکیتم ، مادەم لە تۆوە دۆر بم ،

لەکن من با وجۆدی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نییە ئەم شـــارە بێ تۆ (۷)

هەتا تۆم ئاشنا بۆی ، ئاشنام بۆن
ئەمێستا مۆ بە مۆم ئەغیارە بێ تۆ (۸)

خەرمانی گوڵیشم بەلاوە درێکە . مەبەستی لـــەوەیە بێ تـــۆ خەرمانێك گوڵ دەنکە درێکێك ناهێنێ لام ، یا لەسەر گوڵ دانیشتنیشم لا وەك لەسەر درك دانیشتنە .

ئەم بەیتە لە نوسخەی (خا)دا نییە .

لەنێوان (تۆ) و (من) و ، (خار) و (گوڵ)دا طیباق هەیە .

لەکن (چر) و (کم) و (گم) و (من) : لەلای .

(۷) ناس : خەڵك . ئەجناس : هەمۆ جۆر و ڕەگەزێك .

واتە : من بەڕادەیەك دنیا هەمۆی لە تۆدا ئەبینم ، لامۆایە ئەم شارە لەگەڵ ئەم هەمۆ خەڵکە زۆرەی تیایەتی لـــە هەمۆ جـــۆر و ڕەگەزێك ، مادام تۆی تیا نیت ، کەسی تێدا نییە و چۆڵ و وێرانەیە .

لەنێوان (با وجۆدی ناس و ئەجناس) و (کەسی تێدا نییە)دا طیباق هەیە .

لەکن (عم) و (گم) و (ت) و (مز) و (اح) : لەلای .

ئەم بەیتە لە (عب) و (خا) و (خب)دا لەپاش بەیتی نۆهەمی ئێرەوەیە و، لە (کم) و (گم) و (من)یشدا لەپاش بەیتی سێیەمی ئێرەوەیە .

(۸) ئاشنا : ناسیاو .ئەغیار : بێگانە .

واتە : تا تۆ ئاشنام بۆی بە چاوێکی گەش و ڕۆنەوە ســـەیری دنیـــام ئەکرد و هەرچێ لەم شارەدا هەیە (کە لە بەیتی پێشۆدا باســـی کردن) هەمۆ ئاشنام بۆن و بە هۆی دڵی شادمەوە لەگەڵ ئەو هەمۆ خـــەڵکەدا هەڵئەستام و دائەنیشتم . بەڵام ئیستا کە تۆم نەماوێ و ڕۆیشتۆی، لە گیانی خۆم بێزار بۆم و گوێ نادەمە هیچ شتێك و هیچ کەسێك ، تەنانەت مۆبەمۆی لەشی خۆیشم لا بووەتە بێگانە ..

ئەشگونجێ مەعنای نیوەی یەکەمی بەیتەکە بەمجۆرە بێ : تا تۆ ئاشنام بۆی ، ئاشنام هەبۆ ..

لەنێوان (بۆی) و (بۆن)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێـــوان (ئاشـــنا) و

هەمۆ ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمسالّ
تەمەننای مردنی پێراوە بێ تۆ (٩)

لە حەسرەت سەروی قەددت چاوی « نالێ »
دو جۆگە ، بەڵکو دۆ ڕۆباوە بێ تۆ (١٠)

زوڵفت کە لەسەر ڕۆ بە خەم و تابشە ئەمڕۆ ،
دۆدی سییەهی عۆدە لەسەر عاریضی پشکۆ (١)

(ئەغیار)دا طیباق هەیە .

ئاشنام بۆن (عم) و (ك) و (خا) : ئاشنا بۆن . (عب) : ئاشنا بۆم .

مۆبەمۆم (چر) و (عم) و (گم) و (ت) و (ك) و (مز) : مۆبەمۆ .

ئەم بەیتە لە (کم) و (من)دا نییە .

دانانی ئەم بەیتە لەم شوێنەدا بەگوێرەی نوسخەی (چر)ە . نوسخەکانیتر لەگەڵ بەیتی پاشەوەدا بەرودوایان داناون .

(٩) واتە : ئەو دۆرییەی تۆ کە ئەمسالّ من ئەیچێژم ، کارێکی پێکردۆم هەمۆ ڕۆژێ خۆزگەی ئەوە ئەخوازم کە پێرار بمردمایە .

نالێ لەم بەیتەدا بەوەشەوە دانەکەوتووە ، وەك خەڵك ، بڵێ : سالّ بە سالّ خۆزگەم بە پار .. بەڵکو بە خۆزگە بە پێراریشەوە دانەکەوتووە ، ئاواتی مەرگی پێراری خواستووە .. خۆشەویستێ بەمجۆرە بەهێز نەبێ چیی پێ ئەڵێن !

لەنێوان (ئەمسالّ) و (پێرار)دا طیباق هەیە .

تەمەننای (عب) : تەمەننا .

(١٠) قەددت : قەد و بالاّت . ڕۆبار : چەم .

واتە : لەتاو دۆریی بالاّی وەك سەرو بەرزت ، چاوەکانم ئەوەندە بەکوڵ ئەگرین ئەڵێی دۆ جۆگە بەڵکو ئەڵێی دۆ چەمن .

لەنێوان (سەرو) و (جۆگا) و (ڕۆبار)دا تەناسوبێکی جوان هەیە .

سەروی قەددت (چر) و (عم) و (ت) و (عب) و (خا) و (خب) : قەددی سەروت .

(١) خەم : پێچ و لۆل . تابش : تاو ، گەرمێ ، تین . دۆد : دۆکەڵ .

دەستم کە بە صەد وەعدە لە صەد جێگە شکاوە ،
جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ (٢)

سییەهـ : ڕەش . عوود : داڕێکی بۆنخۆشە ئەیستۆتێنن بۆئەوەی بۆن بداتەوە . عاریض : ڕۆمەت ، کولم .

واتە : زوڵفت کە ئەمڕۆ بەسەر ڕۆتەوە لۆلی خواردووە و شەوقی ڕۆت لەناو تاڵەکانیەوە دیارە و بە تینی خۆی ئاگر بەرئەداتە دڵی دڵدار و بۆنی خۆشی لێوە بڵاو ئەبێتەوە ، وەك دۆکەڵی داری ڕەشی بۆنخۆشی عوود وایە کە خرابێتە سەر ئاگر و بستوێ و ئاگرەکە شەوق بداتەوە و بۆنی عوودەکە بەملا و بەولادا بڵاو ببێتەوە .

نالێ لەم بەیتەدا شێوەی تەشبیهی مورەککەبی بەکارهێناوە .

زوڵفت (عب) : زوڵفی . ئەمڕۆ (عب) : ئیمڕۆ .

(٢) جەبر : گرتنەوەی شکستە . کەسر : شکان . شکستە . ئەستۆ : گەردن .

واتە : دەستم لە صەد کاتی جیادا ، هەر کاتی لە شوێنێکدا ، شکاوە . ئەم شکاوییانەش چاك نابنەوە تا پاش گرتنەوەیان بۆ ماوەیەك دەستم نەکەمە ملم و بە ملمیدا هەڵنەواسم .

ئەمە مەعنا دیارییەکەی بەیتەکەیە . بەڵام نالێ ئەم مەعنا دیارییەی تەنها وەك ڕێگایەك پێویستە بۆ گەیاندنی مەبەستی ڕاستەقینە . دەست شکان لە کوردیدا کینایەیە لە ئاوات نەهاتنەدێ و نائومێد بوون . نالێ ئەیەوێ بڵێ یار صەد جار گفتی دامێ و هیچ جارێکیان گفتەکەی خۆی نەهێنایەدێ و بەوە دەستم لە صەد لاوە شکاوە .. ئەنجا بە خۆی ئەڵێ : تا دەستت بە ملی یاردا هەڵنەواسێ و دەست نەکەیتە ملی ، شکستەکانی دەستت چاك نابنەوە و ئاواتت نایەتەدێ .

بەمجۆرە دەرکەوت لەم بەیتەدا تەوریەیەکی زۆر جوان هەیە . هەروەها لەنێوان (جەبر) و (کەسر)یشدا طیباق هەیە .

ئەشگونجێ شاعیر ڕاستەوخۆ بە یار بڵێ دەستی شکاوم چاك نابێتەوە تا تۆ بە ملی خۆتیا هەڵنەواسێ و نەیکەیتە ملت .. بەمپێیە زیادەڕەوییەکی وردی تیا ئەبێ ، چونکە وائەگەیەنێ خەڵکێ کە دەستیان ئەشکێ ئەیکەنە ملی خۆیان ، بەڵام دەستی شکاوی من تا یار خۆی نەیکاتە ملی خۆی ، چاك نابێتەوە و ناگیرسێتەوە ! .

کە بە صەد وەعدە لە صەد جێگە (کم) : لە سەد جێگە بە سەد وەعدە .

خاڵت چییە ؟ دانەی گەنمی جەننەتی زۆتە
چاوت چیە ؟ فیتنەی حەرەمی قیبلەیی ئەبرۆ (٣)

شەو بۆیی سەری سونبولی زوڵفت لە سەری دام
ئیستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەیی شەوبۆ ! (٤)

نەمبیستووە هەرگیز لە دەمت بێنی وەفایێ
هەرچەندە سەراپا گوڵی ، ئەمما گوڵی هێرۆ (٥)

لەم نوسخەیەدا (كە)یەك بەسەر (لە سەد)ەكەوە ناتەواوە . (گم) : كە بە سەد وەعدە لە سەد لاوە . (من) : كە لە سەد جێوە بە سەد وەعدە . نەیخەیە (چر) و (كم) و (گم) : نەیخەمە . (عب) : نەیخەنە .

(٣) واتە : زۆمەتت بەهەشتە و ، خاڵەكەی سەر گۆناشت ئەو دەنكە گەنمەیە كە حەزرەتی ئادەم لە بەهەشتدا خواردی و لەسەر ئەوە لە بەهەشت دەركرا . بۆیە هەركەس دەست بۆ خاڵی سەر گۆنات بەرێ ، دەری ئەكەی و لە دیداری بەهەشتی زۆمەتتی بێبەش ئەكەی و ئەیخەیتە خوارەوە بۆ زەویی بەرپێت .. برۆیشت قیبلەیە و ، چاویشت مایەی لە دین لادان و تاقێ كردنەوەی ئەو كەسانەیە دێن بۆ زیارەتی حەرەمی قیبلەی بروت ، پێویستە ئاگایان لە خۆیان بێ چاوت مەست و سەرخۆشیان نەكا تا لە بەری زیارەت و عیبادەتەكەیان بێبەش نەبن ..

نیوەی یەكەمی ئەم بەیتە لە سەرگوزەشتەكەی ئادەمەوە وەرگیراوە .

چییەی یەكەم و دوەەم (عب) : بووە . گەنمی جەننەتی زۆتە (چر) و (كم) و (ك) و (عب) و (اح) : گەنمی جەننەتی زۆمەت . (ت) و (خا) : گەنم و جەننەتە زۆمەت .

(٤) واتە : بە شەو بۆنی سەری زوڵفی وەك سونبول تاڵ تاڵ و بۆنخۆشت دای لە سەرم . لەووەختەوە تائیستا سەرم مەست و سەرخۆشی بۆنی ئەو گوڵی شەوبۆی زوڵفتەیە .

لە بەكارهێنانی وشەی (سەر)دا بە سێ مەعنای بەدیمەن لە یەك جیاواز ئیشتیراك و ، لە وشەكانیاندا جیناسی تەواو و ، لەنێوان (شەو بۆیی) و (شەوبۆ)دا جیناسی تەركیب هەیە .

ئیستەش سەرەكەم (چن) : ئیستەیشە سەرم . (عم) و (كم) و (ك) و (اح) و (خا) : ئیستەیش سەرەكەم .

(٥) بێن : بۆن . گوڵی هێرۆ : گوڵێكە رێشەی بە ناخی زەویدا ئەچێتە

قوربان وەرە تا ئەم غەزەلە تازە لەبەرکەین
عیزز و شەرەفی « نالیٓ » بە تەشریفی قەدی تۆ (٦)

— ٨ —

شەوی یەلدایە ، یا دەیجۆرە ئەمشەو
کە دیدەم دۆر لە تۆ بێ تۆرە ئەمشەو ؟! (١)

خوارەوە و هەمیشە لەو شوێنەیدا ئەژوێتەوە ، بۆنی هیچ نییە ، بەڵام بەدیمەن زۆر جوانە ، گوڵە هەرمەڵەشی پێ ئەڵێن .

واتە : هەرگیز بۆنی وەفام لە دەمت نەبیستووە . بۆیە تۆ هەرچەند لەناو جواناندا گوڵی ، بەڵام گوڵە هێرۆی کە بۆنی نییە .

ئەم بەیتە تەنها لە نوسخەکەی (ك)دا هەیە .

(٦) غەزەل : پارچە شیعر . جۆرە قوماشێکی جوانە .

واتە : قوربان ، وەرە بـا ئەم غەزەلە لەبەرکەین کـە تازە دامناوە و پێکەوە بیخوێنینەوە ، چونکە هاتنی تۆ بۆ لەبەرکردن و خوێندنەوەی ئەم غەزەلە مایەی شان و شکۆ و سەربەرزییە بۆ نالیٓ .

یاخود نالیٓ هاتـووە غەزەلە شـیعرەکەی شوبهاندووە بـە غەزەلی قوماش و ، خوێندنەوەی غەزەلەکەی بە بالآی یاردا شوبهاندووە بەوە کە قوماشی غەزەل بکاتە بەری قەد و بالآی .

لەبەرکەین (گم) و (من) : لەبەرکەی .

— ٨ —

ئەم پارچە شیعرە لە نوسخەکانی (چر) و (چن) و (گم) و (مز) و (عز) و (اح) و (خا)دا هەیە و دراوەتە پاڵ نالیٓ . لەنوسخەی (ت)یشدا هەیە و نۆ بەیتە و دراوەتە پاڵ (کوردیٓ) . هەروەها لە نوسخەکەی چاپی (کم)ی دیوانی کوردییشدا . چواربەیتی یەکەمی ئەم پارچەیە لە هەمۆ نوسخەکاندا هەیە . بەیتی پێنجەمی تەنها لە (چر) و (مز) و (اح) و (خـا)دا هـەیە . بەیتی شەشەمی تەنها لە (چر) و (اح) و (خا)دا هەیە . بەیتی حەوتەمیشی تەنها لە (چن) و (گم) و (عز)دا هەیە .

د . مارف خەزنەداریش ، پشت بە دیوانە لەچاپدراوەکەی کوردیٓ ، بە هیی کوردییی داناوە (بڕوانەرە : د. مارف خەزنەدار ، گۆڤاری ڕۆژی

دڵم وەك حاكمی مەعزوڵە ، قوربان !
خەڵاتی وەصڵی تۆی مەنظورە ئەمشەو (٢)

دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە ، بۆیە
لە من وەحشێ و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو (٣)

كوردستان ، ژمارە ٣٤ی كانوونی یەكەمی ١٩٧٥ و كانوونی دووەمی ١٩٧٦ ، ل٣٤) . بەڵام ئێمە بە شیعری نالیی ئەزانین و لامانوایە لەبەرئەوە كراوە بە هیی كوردێ ، چونكە كوردێ چەند پارچەیەكی‌تری لەم هەوایەی هەیە .

(١) یەلدا : ڕشەیەكی سەریانییە واتە لەدایكبوون ، درێژترین شەوی ساڵە كە دوا شەوی دوا مانگی پایزە . بۆیە وا ناونراوە چونكە حەزرەتی عیسا لەو شەوەدا لەدایكبووە . دەیجوور : شەوی زۆر تاریك و درێژ .

واتە: ئەمشەو لەبەر دوورێ لە تۆ، چاوم ترۆسكایی تیا نییە ، یاخود: یاخوا حاڵی‌وا لە تۆ بەدوور بێ ، من ئەمشەو چاوم ترۆسكایی تیا نییە ، نازانم ئەمشەو شەوی یەلدایە ، وا هەر نابێتەوە ، یاخود شەوی دەیجوورە وا ئەوەندە تاریك و نوتەكە .

لەنێوان (دوور) و (نۆر)دا جیناس هەیە .

ئەمشەو ــ لە هەموو بەیتەكاندا ــ (عز) : ئیمشەو .

(٢) مەعزوڵ : عەزڵكراو و لەكارخراو . مەنظوور : مەبەست .

واتە : دڵەكەی لە تەخت و تاجی گەیشتن بە تۆ دوور خراوەم ، وەك فەرمانداری لەكارخراو وایە ، چۆن ئەو هەمیشە بەتەمای ئەوەیە بیگێڕنەوە بۆ سەر كارەكەی و خەڵاتیشی بكەن ، ئەمیش هەر بەتەمای ئەوەیە بە خەڵاتی گەیشتن بە تۆ شاد ببێتەوە .

حاكمی (مز) : حاڵەكەم . مەعزوڵە (چر) و (اح) و (خا) : مەعذوورە . (مز) مەعذوورە یا مەغدوورە . (عز) : مەغروورە . تۆی (چن) و (گم) : تۆ .

(٣) دیدە : دیتن . ڕەمیدە : هەڵاتو ، ڕاكردو .

واتە دڵیشم حەزی لە بینینی چاوە جوانەكانی تۆیە ، بۆیە وا ئەمشەو لە من كێوێ بووە و ڕای‌كردووە بۆ لای تۆ و خۆم بێ دڵ ماومەتەوە .

لەنێوان (تۆیە) و (بۆیە)دا جیناسی لاحیق هەیە .

که تۆی شای کەچ کولاهی دیده مەستان ،
چ باکم قەیصەر و فەغفۆره ئەمشەو ؟! (٤)

له خەو هەڵساوه ، یا ئاڵۆزه چاوت ؟
هەمیشه وایه ، یا مەخمۆره ، ئەمشەو ؟ (٥)

سوروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ
جێگەم سەر دارەکەی (مەنصور)ە ئەمشەو (٦)

دڵیش (مز) : دڵم . وەحشێ و ڕەمیده و (چر) و (مز) : وەحشی ڕەمیده . (اح) و (خا) : وەحشی ڕەمیدەی .

(٤) کەچکولاه : کڵاولار . قەیصەر : لەقەبی پادشاهانی ڕۆم و ڕۆس بووه . فەغفۆر : لەقەبی پادشاهانی چین بووه .

واته : که تۆ بۆی به پادشای کڵاو بەفیزەوه لار لەسەر ناوی شۆخانی چاومەست ، ئیتر من هیچ پادشایەکی‌ترم لەم دنیایەدا مەبەست نییه و گوێ به کەسیان نادەم .

کەچکولاهی (گم) و (عز) : کەچکڵاو و . (مز) : کولاه و .

(٥) مەخمۆر : مەست .

واته : ئازیز ! تازه له خەو هەستاویت وا تۆزەیت و چاوت ئاگری لێ ئەباریێ ، یا نه چاوت ئاڵۆزه ؟ چاوت هەمیشه وایه و وا تیژ و توند ئەڕوانێته دڵداران ، یاخود ئەمشەو سەرخۆش و مەسته ؟

هەڵساوه (« پەراوێزی » چر) : هەڵساوی .

(٦) مەنصۆر : حوسەینی کوڕی مەنصۆری حەللاج ، یەکێکه له خواناسانی بەناوبانگی سەدەی سێیەمی کۆچێ . که وەجدی صۆفییانه ئەیگرت دەستی ئەکرد به هاواری (أنا الحقّ) . سەرەنجام لەسەر قسەی مەلاکانی بەغدا گیرا و هەشت ساڵ خرایه بەندیخانەوه . له سەردەمی خەلیفه ئەلموقتەدیری عەبباسیدا له زیندان هێنایانه دەرەوه و هەزار داریان لێدا و هەردۆ دەست و هەردۆ قاچیان بڕییەوه و لاشەکەشیان سۆتاند . ئەڵێن گوایه که خوێنەکەشی ئەڕۆیشت ڕستەی (أنا الحقّ)ی ئەنۆسێ .

واته : ئازیز ! بەجۆرێ گەیشتۆمەته حاڵەتی (وحدة الوجود) و لەگەڵ

تۆدا بووم بە یەك ، فرمێسکم کە لە چاوم ئەڕوا ، نەخشی چاوی تۆ ئەکێشێ، وەك چۆن خوێنی حەللاج ڕستەی (أنا الحق)ی ئەنوسێ. بۆیە وادیارە سەرەنجامی منیش وەك هیی ئەو ئەبێ و ، چۆن ئەویان لەسەر ئیددیعای (وحدة الوجود) لەگەڵ خوادا لەسەر تەختە ڕاکێشا و دارکارییان کرد و دەست و قاچیان بڕییەوە ، منیش هەر وا لێئەکەن .

چاوی (« پەراوێزی » چر) : ناوی . جێگەم (اح) و (خا) : جێگام .

(٧) مەهجۆر : خراوە لاوە و پشتگوێ خراو .

★ ★ ★

تیپی هێ

— ١ —

ساقێ ! به مەیی کۆنه لەسەر عادەتی نەو به
بشکێنه به یەك نەوبه دوصەد ماتەمی تەوبه (١)
ساقێ ! قەدەحی گەردشی گەردۆن دەشکێنێ
بارێ ، که ده بێ موعتەقیدی گەردشی ئەو به ! (٢)

— ١ —

(١) نەو : نوێ . نەوبه : نۆبه ، جار . ماتەم : ئازیەتبارێ .
واته : مەیگێـرێ ! وەره سـەر نەریتی نـوێ ، شەرابی کۆنـه بگێرە بەسەرمانا و تەعزیەی تۆبەکاریمان پێ بشکێنه . مەبەستی له تەعزیەی تۆبەکارێ ئەوەیه حاڵەتی تۆبەکارێ لەبەرئەوه که مـەیدانی خۆشـێ له بنیادەم ئەگرێ ، بنیادەمی تۆبەکار وەك تەعزیەدار لێئەکا .
لەنێوان (کۆنـه) و (نەو)دا طیباق و ، لەنێـوان (نەو به) و (نەوبه)دا جیناسی تەرکیب و ، لەنێوان (نەوبه) و (تەوبه)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (یەك) و (دۆصەد)دا طیباق هەیه .
پێشینانی کورد وتۆیانه « صەد گوناه و یەك تۆبه » ، بەڵام نالێ لێرەدا ئەیەوێ به یەك «گوناه» صەد تۆبه بشکێنێ .. جۆره «یاخیبۆن»یکی سەیره ئەمەی نالێ ئەیەوێ ..
کۆنه (چن) و (عم) و (کم) و (اح) و (من) و (خا) : کوهنه . ماتەمی (کم) و (گم) و (من) : ماتەم و .

(٢) قەدەح : پیاڵه . گەردش : سۆڕانەوه . بارێ : خوا .
واته : ئەی مەیگێـرێ ! خوا پیاڵـەی سۆڕانەوەی چـەرخی گەردۆن ئەشـکێنێ ، ئەمەش ئـەوه ئەگەیەنێ که وەره بـاوەڕت بـه گەردشی

ئەی نەفسی مورائێ چ گرانباری ، تەکالیف
بۆ خەڵقی دەکێشێ •• دە هەژۆ ژێش و جەدەو بە (٣)

بوغضت لە ضەعیفان چییە قوربان ، وەکو قەصصاب
بەو خەزز و بەزی ژیشوەتە ، ئەی هیزە ، قەڵەو بە ! (٤)

دەسەڵاتی خوا هەبێ ، نەك هیی گەردوون .

ئەشگونجێ مەبەست لە وشەی (ساقێ) مەیگێژ نەبێ ، بەڵکو (ساق) بێ لەگەڵ (ی)ی ئیضافەدا . واتە : خوا دەسگری پیاڵەی سۆزانەوەی چەرخی گەردوون ئەشکێنێ .. تاد .

دەشکێنێ (گم) : ئەشکێنێ . دە بێ (کم) : ئەبێ .

(٣) نەفس : گیان ، بنیادەم . مورائێ : ژیاباز . گرانبار : ئەوەی باری گرانی لەسەر شان بێ . تەکالیف : ئەرك . عیبادەت . هەژۆ : بژۆ . ژێش : بە ولاخێك ئەڵێن پشتە ژێشە بۆبێ . جەدەو : ولاخێکە برین لە پشتی ملی هاتبێ و برینەکەی تەشەنەی کردبێ و چاك نەبێتەوە

واتە : ئەی بنیادەمی ژیاباز ! ئەرکێکی چەند قورست خستووەتە ئەستۆی خۆت ، عیبادەت بۆ خوا نا ، بۆ زۆپامایێ ئەکەی .. دە بژۆ ، دەی ! با لەژێر ئەم بارە گرانەدا پشتە ژێشەت تۆش ببێ و جەدەو ببێ و ناوشانت دارزێ ..

گرانباری (عم) و (کم) و (من) و (خا) : گرانبارە . دەکێشێ دە هەژۆ (چر) و (ت) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) : دەکێشێ کە هەژۆ . (« پەراوێزی » چر) و (عب) : دەکێشییو دە هەر . (چن) و (ك) : دەکێشێ وەرە هەر . (عم) و (گم) : دەکێشی بژۆ هەر . (کم) و (من) : ئەکێشێ کە هەژۆ . (خا) : دەکێشێ کە دە هەر .

(٤) بوغض : کینە . خەزز و بەز : غەز و بەز ، پیو و چەورێ . هیزە : حیزە ، نامەرد . خیگەی ژۆن تێکردن .

واتە : قوربان ! جەنابی ورگن ! بۆچێ ژقتە لە کەسانی لەژ و لاواز و هەژار هەر لەبەرئەوە کە ناتوانن هیچ قازانجێکت پێ بگەیەنن .. ئەڵێی قەسابی کە چەند ژقیەتی لە حەیوانی لەژ ، چونکە پارەی باشی بۆ دەرناهێنێ .. کابرای نامەرد ، تۆ بژۆ بۆ خۆت خۆت بە غەز و بەزی بەرتیلی ئەم و ئەو قەڵەو کە و حەقت بەسەر خەڵکیترەوە نەبێ ..

ئەشگونجێ مەعنای (هیزە) نامەرد نەبێ ، (خیگە) بێ .. واتە : ئەی ئەوکەسەی ئەڵێی خیگەی پڕی ئەوەندە قەڵەوی .

ئەسپی نەفەست دێت و دەچێ ، گەرمە عەنانی
ئەی مەستی ڕیاضەت هەڵە ! هوشیاری جڵەو بە (٥)

وەك ماه و ستارەت کە ببێ مەیلی هەلاتن
سەرکردەیی ڕۆژ ، ڕەهڕەوی شەو ، ڕەهزەنی خەو بە (٦)

« نالێ » مەبە عاجز ، کە ئەمە دەورە نە جەورە
ساقێ کەرەمی یەك بە یەکە و نەوبە بە نەوبە (٧)

ضەعیفان (چن) و (ك) و (اح) : ڕەفیقان .

خەزز و بەزی (چر) و (ت) و (ك) و (اح) : خەزز و بەز و . (خب) : حەزز و بەزی . ڕیشوەتە (خب) : ڕەشتەوە . (کم) : فرصەتە .

(٥) نەفەس : هەناسە ، ژیان .عەنان : جڵەو .

واتە : تۆ ئاگات لە خۆت نییە و ئەسپی ژیانت داویەتە غار بۆ خۆی دێ و دەڕوا ، جڵەوی گەرم بووە .. دەسا ئەی سواری ، سەرخۆشی ، لەغاو گرتنەوەی ئەسپی نەفس هەڵەکردۆ و پشتگوێ خستۆ ، ئاگاداری جڵەوی ئەسپەکەت بە ، نەتدا بە هەڵدێرێکدا !

گەرمە عەنانی (چر) و (ك) و (خا) : گەرمی یا گەرمە عەنانە . (کم) و (من) : گەرمی عەنانە . (خب) : گەرمە عەنانە .

(٦) ستارە : ئەستێرە . ڕەهڕەو : ڕێگا تەی‌کەر ، ڕێبوار . ڕەهزەن : چەتە و جەردە ، ڕێگر .

واتە : ئەگەر ئەتەوێ هەمیشە وەك مانگ و ئەستێرە هەڵبێیت و لە بەرچاودا بێ ، ئەبێ بە ڕۆژا لەپێشی هەموانەوە دەرکەوێ وەك خۆر و ، بە شەو ڕێگا تەی بکەی وەك مانگ و ئەستێرە و ، خەو نەچێتە چاوت و وەك جەردە لێی‌دەی و لەناوی‌بەرێ .. مەبەستی ئەوەیە بڵێ ئەبێ بە شەو و بە ڕۆژ ڕاوەستانت نەبێ ..

ببێ مەیلی (« پەراوێزی » چر) و (کم) و (عب) و (من) : هەبێ شەوقی . (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : هەیە مەیلی . (عم) و (گم) : هەیە شەوقی . (خب) : نەبێ شەوقی . ڕۆژ ، ڕەهبەری شەو (من) : شەو ڕەهبەری ڕۆژ .

(٧) دەور : زەمانە . جەور : ستەم .

واتە : نالیا ! لە نالەباریی زەمانە زویر مەبە و خەم و پەژارە

دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی (حەبیبە) !
وەبزانە خوێنی خۆمە ، یا مینەتی ژەقیبە (١)

داتنەگرێ .. ئەمە کاری زەمانەیە و زەمانە هەروا بووە و وەنەبێ ستەمێ بێ لە تۆ کرابێ .. بەخشش و نەوازشی ساقێ ، واتە خوای گەورە ، یەکە یەکە و بە نۆبە خەڵك ئەگرێتەوە و وەنەبێ بە جارێ بەری هەموان بکەوێ .

مەلا جەلالی مەلا ئەحمەد لە پەراوێزی نوسخەی (من)دا مەعنای نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەی وا لێداوەتەوە : « یەعنی : ئەی ساقێ ! تۆ وەك ساقییە کۆنەکان مەبە ، هەر شەراب بدەی بە عاشقە کۆنەکان ، چونکە ئەگەر وابکەی شەراب بەر من ناکەوێ . تۆ شەراب بگێڕە و نۆرە بە عاشقی نەو بدە یەعنی عاشقی تازە پێگەیشتۆ » . بەپێی ئەم مەعنایە ، کە ئێمە لامانوایە پەیوەندێکی بە مەعنای نیوە بەیتی یەکەمەوە نییە و لەبەر ئەوە بێجێیە ، ئەبێ (نەوبە بە نەوبە) بە (نەوبە بە نەو بە) بخوێنرێتەوە واتە : نۆبە بە تازە بدە .

لەنێوان (دەور) و (جەور)دا جیناسی لاحیق هەیە .

کەرەمی یەك بە یەکە (چر) و (چن) و (عم) و (گم) و (ت) و (خا) : کەرەمی یەك بە یەك و . (کم) و (من) : کەرەمێکی بکە تۆش . (ك) و (اح) : کەرەمی یەك بە یەك .

— ٢ —

(١) واتە : گیانەکەم ! ناچاری دەست بەردار بۆنی خۆتم مەکە ، با هەر عەودالّ و سەوداسەرت بم ، ئەمەت لا گران نەبێ کەوا من دڵداری تۆم و هەرگیز دەست لە یەخەت ناکەمەوە .. خۆ تۆ منت کوشتووە و خوێنم لە ئەستۆتایە ، دە وابزانە ئەم دەست لە یەخە نەکردنەوەشم باریکیترە بەسەر شانتەوە وەك گوناهی خوێنم کە ژشتۆتە و لە ئەستۆتایە ، یا وەك ئەو منەتەی کە بەدکار لەبارەی منەوە ئەینێتە سەرت .

ئەشگونجێ مەعنای نیوە شیعری یەکەم بەمجۆرە بێ : لێم گەڕێ با دەستم هەر لە ملتا بێ .. تاد ...
وەبزانە (عم) و (کم) و (من) : وابزانە .

سەر بەردەباڵزی ڕێتە ، تەن تەختە بەندی جێتە
دڵ مەیلی خاکی پێتە ، ڕۆح ماڵی خۆتە ، بیبە (٢)

تۆ نەو شگوفتە وەردی ، من مایلم بە زەردێ
تۆ هەمسەرت نەسیمە ، من هەمدەمم لەهیبە (٣)

---

(٢) بەردەباز : ئەو بەردەی لە بوارا لەناو چەم و ڕۆباری بچۆکدا دائەنرێ و خەڵکێ بەسەریا ئەپەڕنەوە . تەختە بەند : شوێنێ بە تەختەی بە بزمار داکوتراو فەرش کرابێ .

واتە : سەرم بۆ کردوی بە بەردەباز بەسەریا بپەڕیتەوە بەرەو ئەو شوێنەی ئارەزوت لێیە . لەشیشم تەختە بەندی جێگای حەسانەوەتە .. دڵیش ئارەزوی لە خاکی بەری پێتە ، دەسا پێی پیا بنێ با خاکی بەری پێتی پێوە بنوسێ . گیانیش ئەوە هیی خۆتە ، بیبە ، چیی لێ ئەکەی بیکە ..

لەنێوان (ڕێتە) و (جێتە) و (پێتە)دا جیناسی لاحیق هەیە .

ڕێتە (چر) و (چن) و (ت) و (خا): پێتە. مەیلی («پەراوێزی» چر) و (عب) : وێڵی . پێتە (چر) و (چن) : ڕێتە .

(٣) نەوشگوفتە وەرد : گوڵی تازە پشکۆتۆ . نەسیم : شنەبا . لەهیب : بڵێسە .

واتە : من و تۆ ئەوەندە لە یەك دوڕین هەر خوامان یەکە . تۆ گوڵ خونچەیەکی تازە پشکۆتوی بە ڕەنگ و بۆی و ، منیش خەریکە زەرد ئەبم .. تۆ هاوڕێی شنەی فێنکی بەیانیانی و تازە لە ڕۆی ژیانا ئەکرێیتەوە ، منیش هەناسەی گەرمی وەك گڕەی بڵێسەی ئاگری دوڕێ سۆتاندومی و هەڵیپڕۆزاندوم .

لەنێوان (هەمسەر) و (هەمدەم)دا تەناسوب و ، لەنێوان (نەسیم) و (لەهیب)دا طیباق هەیە . بەکارهێنانی (لەهیب) بۆ (هەمدەم) لەوەوەیە کە هەناسەی گەرم لە دەمی دڵداری گرفتارەوە دەرئەچێ . هەروەها لەنێوان (وەردی) و (زەردێ)یشدا جیناسی لاحیق هەیە . دوڕیش نییە (نەسیم) تەوریەی تیابێ و ئیشارەت بێ بۆ (نەسیمی عەیبار) و کینایەش بێ لە بەدکار .

هەمسەرت (کم) و (من) و (خا) : هەمدەمت . بەڵام دوبارەکردنەوەیەکی بێجێیە .

شاهێنی دیده بازه ، مەستی شەرابی نازه
دڵدار و دڵنەوازه ، دڵکێش و دڵفریبه (٤)

ئەو طیفله خورد ساله ، هەر چەندە وەك غەزاله
ئەمما كه هاتە نەخچیر ، شێر صەولەتی مەهیبه (٥)

---

(٤) دیده باز : چاوكـراوه و وریا ، یان چاو وەك چاوی بـاز . دڵنەواز : ئەوەی دڵی خەڵك بداتـەوه . دڵکێش : ئەوەی دڵی خـەڵك ڕاکێشێ بۆلای خۆی ، یا لە ڕێگای دڵداریيەوه دڵیان لە ڕیشە بێنێ . دڵفریب : ئەوەی دڵی دڵدار هەڵخەڵەتێنێ و گرەویدەی خۆیی بکا .

واتە : یار شاهێنێکی وریا و چاوكراوەیە بۆ ڕاوكردنی دڵداران ، یاخود چاوی وەك چاوی باز تیژە بۆ دۆزینەوه و ڕاوكردنیان ، مەست و سەرخۆشی شـەرابی نازداریی خۆیـەتی ، دڵی دڵـداران لای خـۆی ڕائەگرێ و دڵیان ئەداتـەوه ، دڵیان کێش ئەکا بۆ لای خـۆی و دڵیان هەڵئەفریوێنـێ ... مەبەستی لەوەیە سەرخۆشێ کار ناکاتـە سەر وریاییەکەی و ، خۆشێ و ناخۆشێ بە دەستی خۆیەتی .

لەنێوان (باز) و (ناز)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ناز) و (نەواز)دا جیناسی ناقیص هەیە .

شەرابی نازه (چر) : خەیاڵی تازه .

(٥) خورد سال : منااڵ . غەزاڵ : ئاسـك . نەخچـیر : ڕاو . صـەولەت : هەڵمەت . مەهیب : ترس لێکراو .

واتە : یاری منااڵی تازه پێگەیشتوم ، هەرچەند ناسکە وەك ئاسك ، بەاڵم کە هاتـە ڕاوکردن وەك شـێر هەڵمەت ئەبا و بەسـامە ، **یاخود** بەاڵم لەڕاستیدا شێرە و شێریش کە هاتـە ڕاوکردن هەڵمەتێکی سام لێکراوی هەیە و لە چاو بەیەکادانێکا هەزارانت بۆ ڕاو ئەکات .

هەرچەندە وەك : ئەمە تێکستی نوسخەی (چر) و (کم) و (گم) و (من) و (عب)ە ، نوسخەکانیتر ، (خب) نەبێ کە نوسیویە (بیعەینی وەك) ، هەموو لەگەڵ جیاوازیی شـێوەی نوسینیانیشیا ، نوسـیویانە(بِعَیْنِهِ) . نەخچیر (کم) و (گم) و (من) و (عب) : نێچـیر . شێر صەولەتی (چن) : شێر صەولەت، کە ئەمیش ئەگونجێ (صەولەتی) بێ . (عم) و (ت) و (ك) و (اح) (خا) و (خب) : شێر صەولەت و . (من) : شێری صەولەت .

دڵ پەی دەکا نیگاهی سەهمی موژەی سییاهی
ڕەمزی هەمۆ بەڵایە ، غەمزەی هەمۆ موصیبە (٦)

ئەی چاوی پڕ نەدامەت ، دڵ پڕ غەم و غەرامەت
بگرێ ، کە وشکە صۆفێ لەم فەیضە بێ نەصیبە (٧)

ئەی خەڵوەتیی مورائێ ، بێ ڕەنگی خود نومائێ
ڕەنگ زەردی عاشقێ بە ، نەڵ زەردڕۆ و شەقێ بە (٨)

---

(٦) پەی دەکا : پەی‌کردن واتە بڕینەوە ، لێرەدا کینایەیە لە سمین و لەت‌کردن . نیگاە : تەماشا . سەهم : تیر . ڕەمز : ئیشارەت . غەمزە : ئیشارەت بە چاو . موصیب : ئەوەی بپێکێ .

واتە : نیگا و تەماشای تیری برژانگی ڕەشی یار دڵ لەت ئەکا یا دڵ کون ئەکا . هەرچەند ئیشارەتێك ئەکا بۆ دڵدار گرفتاری بەڵایەکی ئەکا ، یاخود هەرچەند بە لاچاو ئیشارەت بۆ دڵداران ئەکا و ، هەرچەند نازێك ئەکا دڵی دڵداران ئەپێکێ ، یاخود نازەکەی مایەی بەڵا و مصیبەتە بۆ گیانی دڵداران .

ئەم بەیتە و بەیتی دوایێ لە (چن)دا بەرودوان .

(٧) نەدامەت : پەشیمانێ . غەرامەت : دەرد و ئازار . فەیض : لافاوی بەرەکەت .

واتە : ئەی چاوی گریاناویی پڕ لە پەشیمانێ ! بە دڵی پڕ لە خەم و ئازار و دەردەوە بگرێ و خۆت بە بەختەوەر بزانە ، چونکە ئەو گریان و خەفەتەی تۆ نیشانەی خۆشەویستییە و وشکە سۆفیی ڕیاباز لەو خێر و بەرەکەتە بێبەشە ..

(٨) خەڵوەتێ : ئەوەی بچێتە خەڵوەتەوە بۆ خوا پەرستێ . مورائێ : ڕیاباز . خودنومایێ : خۆدەرخستن . زەرد ڕۆ : شەرمەزار و ترسنۆك . شەقێ : چارەڕەش .

واتە : ئەی سۆفیی خەڵوەت نشینی ڕیاباز .. ئەی بە زۆر و ساختە خۆت بە بێڕەنگ و ڕۆ پیشاندەر ، تا خەڵك وابزانن لە خوا پەرستیدا وا لەڕ و لاواز بۆیی .. با لە ڕێگای پڕ مەینەتی عەشقدا ڕەنگت زەرد ببێ ، نەك لە شەرمەزاریی حوزوری خوا و چارەڕەشیی ڕۆژی قیامەتدا لەبەر کردەوەی بەدت !

« نالێ » لەبی (حەبیبە) هەم طیب و هەم طەبیبە
خولاصەیی لەبیبە ، فەرمانبەری لەبی بە (٩)

ـ ٣ ـ

خاڵی بەینی چاو و ئەبرۆت ئینتیخابی کاتیبە
یەعنی نوقطەی فەرقی ئیبنو موقلە ویبنو حاجیبە (١)

مورائێ (چر) و (کم) و (گم) و (عب) و (اح) : مورایێ یا مەرایێ . ئەگەر (مەرایێ) بێ واتە : ئەی ئەوکەسەی بۆ مەرایێ کردن چۆیتە خەڵوەوە. زەرد زۆ و شەقێ بە (چر) و (عم) و (گم):زەردی زۆ شەقێ بە. (چن) : زەردیو شەقێ بە . (ك) و (خا) : زەرد و زۆ شەقێ بە . (عب) : زەرد زۆی شەقێ بە . (ت) و (من) و (خب) : زەرد زۆ و شەقێ بە ، یا زەردی زۆ شەقێ بە ، یا زەرد و زۆ شەقێ بە .

(٩) لەب : لێو . طیب : شتی بۆنخۆش . طەبیب : پزیشك ، مەبەست لێی دەرمانە بە مەجاز . لەبیب : عاقڵ .

واتە : نالێ ! لێوی (حەبیبە) هەم بۆنی خۆشە و شایانی بۆن پێوە کردنە وەك گوڵ و ، هەم دەرمانیشە شایانی ئەوەیە بمژرێ و بخورێ وەکو دەرمان .. ئەو خولاصەیەیە کە بەسە بۆ پیاوی عاقڵ بۆ تێگەیشتن وەك عەرەب ئەڵێن « اللَّبیبُ تَکفِیهِ الأشارةُ » یا وەك کورد ئەڵێن : مشتێ نموونەی خەروارێکە .. کەواتە مادەم لێوی یار بەمجۆرە بێ ، بڕۆ ببە بە قوربانی .

لەنێوان (حەبیب) و (طەبیب)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (طیب) و (طەبیب)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (لەبیبە) و (لەبیبە)دا جیناسی تەرکیب هەیە . خولاصەیی (چر) و (ك) : خولاصەیی و خولاصەوو . هەمۆ نوسخەکانیتر : خولاصەوو .

ـ ٣ ـ

(١) ئینتیخاب : هەڵبژاردن ، بەمەعنا هەڵبژاردەیە . کاتیب : نۆسەر . مەبەست لە خوایە . ئیبنوموقلە ویبنو حاجیبە : ئیبنو موقلە و ئیبنو حاجیبە . ئیبنو موقلە : ابن مقلة ، خەتخۆشێکی بەناوبانگ بووە . ئیشارەتیشە بە وشەی (مقلة) واتە پێڵۆی چاو . ئیبنو حاجیب : ابن حاجب ، نەحوزانێکی بەناوبانگی کوردە . ئیشارەتیشە بە وشەی (حاجب) واتە برۆ .

عەیب و لەعبی خەڵقی کرد تا یاری خستە داوی خۆی
خەصمەکەی من کەلبی ئاهۆ گیرە ، خیرسی لاعیبە (٢)

لەشکری خەططی شکستە و ، تیپی زوڵفی تار و مار
پادشاهی حوسنی عالەم‌گیری هێشتا غالیبە (٣)

واتە : ئەو خاڵەی لەنێوان چاو و برۆتدایە نوختەیەکــە خوا داینـاوە کە لە جوانیی نەخشەکانیا سەردەستەی هەموانە ، نوختەیەکە بۆ لەیەك جیاکردنەوەی پێڵۆی چاو (موقلــە) و برۆ (حاجیب) کە هەردوکیان ئەوەندە جوانن کەس ناتوانێ بڵێ کامیان لە کامیان جوانترە ، وەك چۆن کەس ناتوانێ بڵێ ئاخــۆ (ابن مقلــة) لە هونەری خۆیا ســەرامەدتر و لەپێشتر بووە ، یاخۆ (ابن حاجب) ؟

لەنێوان (چاو) و (ئەبرۆ)دا تەناسوب و ، لەنێوان (خاڵ) و (نوقطە)دا تەرادوف و ، لە (ئیبنو موقلە) و (ئیبنو حاجیب)یشدا تەوریە هەیە .

(٢) لەعب : یارێ . خیرس : ورچ . لاعیب : یارێکەر .

واتە : بەدکارە ناحەزەکەی من ئەوەندە ناو و ناتۆرەی لە خەڵك نا و ئەوەندەی یارێ بەم و بەو کرد و هەڵی‌خەڵەتاندن ، تا یاریشــی خستە داوی خۆی و هەڵی خەڵەتاند . ئەم بەدکارە ناحــەزەی منە لەلایەکەوە بووە بە سەگی ئاســڵگر ، ئەوەتــە یاری خســتە داوی خــۆی و ، لە لایەکی‌کەشەوە بووە بە ورچی یارێ پێ‌کردن ، ئەوەتە بە یارییەکانی خەڵك ڕائەکێشێ بۆ لای خۆی تا پاشان ئەیانخاتە داوەوە .

(٣) خەط : گەنە مۆی تازە ڕۆواوی سەر ڕۆی نازداران . شکستە : شکاو ، تێکەڵ و پێکەڵ . تار و مار : پەرت و بڵاو . ڕەش و لۆل .

واتە : ئەو لەشکرەی یار کە دڵی دڵدارانی پێ داگیر ئەکا کە گەنەمۆی تازە ڕۆوای سەر ڕۆیەتی ، تێك‌شکاو و تێکەڵ و پێکەڵە ، هەر کەمێکی لەلایەکەوەیە و ، تیپی زوڵفە ڕەش و لۆلەکانیشی پەرت و بڵاو بۆنەتەوە. بۆیە ئەبۆ نەیتوانییایە دڵی دڵداران داگیرکا چونکە هیــچ پادشاهێك بە لەشکری شکستەی واوە شەڕی پێ ناکرێ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پادشای جوانیی ئەو کە جیهــانی هەمۆ داگیر کردووە ، هێشــتا هــەر بەسەر مەملەکەتی دڵاندا زاڵە .

وشەی (خەططی شکستە) ئیشارەتیشە بــە زاراوەیەکی نۆســین ، چونکە (خەططی شکستە) جۆرە نۆسینێکی فارسییە .

حاضری ئەمر و خیطابە دڵ ، ئەگەرچێ مەنهییە !
راجیعی تۆیە ضەمیری من ، ئەگەرچێ غائیبە ! (٤)

« نالێ » ئیستە تاجی شاهێ و تەختی خاقانیی هەیە
شەوکەت ئارا ، موحتەشەم دیوانە ، فیکرەت صائیبە (٥)

خەططی (چن) و (ت) : خەططت . شکستە (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : شکست . زوڵفی (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : زوڵفت . ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی لە نوسخەی (کم)دا بەرودوان .

(٤) حاضر : ئامادە . لە عیلمی نەحویشدا جۆرە ضەمیرێك و لە عیلمی صەرفیشدا جۆرە فیعلێکە . ئەمر : فەرمان . لە عیلمی صەرفیشدا یەکێکە لە فیملەکان . خیطاب : فەرمۆدە . لە عیلمی نەحویشدا جۆرە ضەمیرێك و لە عیلمی صەرفیشدا جۆرە فیعلێکە . مەنهێ : مەنع کراو . لە عیلمی صەرفیشدا جۆرە فیعلێکە . زاجیع : گەڕاوە . لە عیلمی نەحویشدا ضەمیرێکە بگەڕێتەوە سەر ئیسمێك . ضەمیر : جۆرە وشەیەکە لەجیاتیی ئیسمی ظاهیر بەکاردێ . دڵ . غائیب : نادیار . لە عیلمی نەحویشدا جۆرە ضەمیرێك و لە عیلمی صەرفیشدا جۆرە فیعلێکە .

واتە : دڵی من هەرچەند وەصڵی تۆی لێ قەدەغە کراوە و نابێ نزیکت بکەوێتەوە ، ئامادەیە بۆ هەر فەرمانێکت و چیی پێ بڵێی جێبەجێی ئەکا . ضەمیری منیش کە ئەبێ هەر بۆ خۆم بگەڕێتەوە ، بۆ تۆ ئەگەڕێتەوە و بۆنی بەستەیە بە تۆوە ، هەرچەند لەوەش کەوتووە کە بۆ خۆم بێ و سەرلێشێواو و سەرگەردان بووە . چەند جوانە ضەمیرێ کە هیی (من)ی موتەکەللیم بێ بگەڕێتەوە بۆ (تۆ)ی موخاطەب و خۆیشی غائیب بێ .. نالێ لەم موبالەغە و جوانکارییەیدا لە ئەهلی نەحو و بەلاغەش تێپەڕی کردووە .

ئەشگونجێ مەعنای (ضەمیر) بە دڵ لێبدەینەوە .

لەنێوان (حاضر) و (ئەمر) و (خیطاب) و (مەنهێ) و (ضەمیر) و (غائیب)دا تەناسوب و ، لە (دڵ) و (ضەمیر)دا تەرادوف و ، لە (ضەمیر)دا تەوریە هەیە .

ئەم وشانە زاراوەی عیلمی نەحو و صەرف وئوصوڵی فیقهیشن .

(٥) شەوکەت ئارا : ئەوەی شان و شکۆ بەوەوە بڕازێتەوە . موحتەشەم

دَرُونِی لِدارِ الـ (شـارَزُورِ) وَ بَرْدِهِ
کَفْرْمِیسْکِ گَرْمِ اِلی آوِ سَرْدِهِ (١)

دیوان : ئەوەی کۆڕی گەورە و پایە بڵند بێ . فیکرەت : بیر و ڕا . صائیب : ڕاست و دروست .

واتە : نالێ ئیستا کابرایەکە لە مەیدانی شیعر و ئەدەبدا تاجی پادشایەتێ و تەختی خاقانیی هەیە . شان و شکۆ بەوەوە ئەڕازێتەوە و ، کۆڕ و مەجلیسی پایە بڵندە و ، بیر و ڕای ڕاست و دروستە .

لە ڕۆیەکی کەشەوە (شاهێ) و (خاقانێ) و (شەوکەت) و (فیکرەت) و (صائیب) . هەریەکە ناوی شاعیرێکی ئێرانین . (دیوان)یش ئیشارەتە بە دیوانی شیعر . بەمپێیە ئەتوانین مەعنای بەیتەکە بەمجۆرەش لێکبدەینەوە کەوا نالێ تاجەکەی (شاهێ)ی بەسەرەوەیە و ، لەسەر تەختەکەی (خاقانێ) دانیشتووە و ، (شەوکەت) بەوەوە شان و شکۆی هەیە و ، دیوانی شیعرەکەی گەورە و پایەبڵندەو (فیکرەت) و (صائیب)ی سەردەمی خۆیەتی ..

بەمجۆرە نالێ بە پشت قایمییەکی تەواوەوە بە خۆیا ئەنازێ و ، خۆی لە تای تەرازۆیەك و ئەو هەمۆ کەڵە شاعیرانەی ئێران لە تاکەی‌تری تەرازووەکەدا دائەنێ و، حەقیشیەتی ، چونکە ئەوەی پاشتر بێتە ئاراوە، هەر ئەوەندە بەهرەی هەبێ وەك نالێ ، ئەتوانێ کەڵك لە هەمۆ پێشینەکان وەربگرێ و هیی خۆیشی بخاتە سەر . دەسا صەد ئافەرین لەم ڕۆڵە سەربەرزەی مەیدانی ئەدەبی کورد !

ئارا (کم) و (گم) و (من) : ئارا و . دیوانە (عم) و (کم) و (گم) و (من) : دیوان و . (اح) و (خب) : دیوان و یا دیوانی . (خا) : دیوانی .

نالێ لەم پارچە شیعرە نایابەیدا ، کە چ لەبارەی دەوڵەمەندیی سۆز و چ لەبارەی تەکنیکی هونەرییەوە ، پێشەنگە و بەر لەو چەشنی لە کوردیدا نەبینراوە ، کۆمەڵێ وشەی کوردێ و عەرەبێ و کوردێ — عەرەبیی بەکارهێناوە و ، تێکڕا بە شێوەی عەرەبێ دایڕشتۆن و پێڕەوی دەستۆری زمانی عەرەبێ و سەر و بۆر و ژێری دوا پیتی وشەی لە زمانی عەرەبیدا بەسەردا بڕیون .

هونەرەکەی نالیّ لەم پارچە شیعرەیدا ، لەوەدایە کە ئەو وشە کوردییانەی بەکاری‌هێناون ، بخرێنە قاڵبی عەرەبییەوە . نۆسینەوەی ئەم پارچە شیعرە بە شێوەی دەستۆری کوردیّ ، ئەو خاسیەتەی لەناوئەبرد ، سەرەڕای ئەوە کە بۆنی سەر و بۆر و ژێری تەواویش لە چاپخانەی کۆڕدا مەترسیی ئەوەی نەئەهێشت کە هەندێ کەس نەتوانن لە حاڵی نەبۆنی سەر و ژێر و بۆردا شیعرەکە بێ‌هەڵە بخوێننەوە . زیاد لەوەش پارچە شیعرەکە وشەی‌وای تیایە نالیّ ویستۆیەتی بە عەرەبییش و بە کوردییش مەعنا ببەخشن و ئەگەر ئەو وشانەمان بە کوردیّ بنۆسییایەتەوە ، مەعنا عەرەبییەکەیانمان لەکیس ئەچۆ . بۆیە وامان بە باش زانیّ لە نۆسینەوەی ئەم پارچە شیعرەدا شوێن‌پێی دەستۆری نۆسینی عەرەبیّ هەڵگرین .

(١) دار : داری بەرابەری بەرد . ماڵ . برد : بەرد ، بەرابەری دار . ئەشگونجێ تێکڕای (بردە) بەمەعنا (بەر دیهی) بێ واتە : بەری دێی . سرد : سارد . ئەشگونجێ تێکڕای (سردە) بەمەعنا (سەر دیهی) بێ واتە : لای سەرۆی ئاواییەکەی .

واتە : سۆزی دڵ و دەرۆنم بۆ دیتنی دار و بەردی شارەزۆر ، یاخود بۆ دیتنی ماڵی شارەزۆر و بەری ئاوایێ لە دێهاتی شارەزۆر ، وەك سۆزی فرمێسکی گەرم وایە ــ کە فرمێسکی چاوەکانمە ــ بۆ ئاوی سارد یا بۆ کانیاوی لای سەرۆی ئاوایێ تا لێی‌بخۆمەوە و بیدەم بە چاوما گریانم بنیشێنێتەوە و کەف و کوڵی دەرۆنم دامرکێنێ . زیاتر وایە دێهاتی کوردستان لە پێینی کانیاوەوە دروست ئەکرێن بۆئەوەی پیسایی ناو ئاوایێ نەچێتە سەر کانیاوەکە و ، بەپێچەوانەوە کانیاو ، ئەگەر ئاوەکەی زۆر بێ ، پیسایی ئاوایێ ڕاماڵێ .

كَفَرْمِيسْكِ : نوسخەکانی بەردەستمان هیچیان (تەنوین)یان نەخستبوە سەر دوا تیپی ئەم وشەیە ، ئێمە خۆمان دامان‌نا چونکە هەم لە ڕۆی ڕێزمانەوە و هەم لە ڕۆی سەنگی بەیتەکەوە پێویست بو . (چر) و (چن) و (عب) و (خا) و (خب) : كفرميسكِ . (عم) و (گم) : كفرميسكى . (كم) و (من) و (ت) و (ك) : كفرميسك . (اح) : كە فرميسكِ . گَرْمِ : (چن) و (گم) : گرمى . (عم) و (ت) و (ك) : گرم .

لەنێوان (دار) و (برد) و (آو)دا تەناسوب و لەنێوان (گرم) و (سرد)دا طیباق هەیە . لە (دار) و (بردە) و (سردە)یشدا لەطافەت هەیە .

تَری وَرْدَهُ قُوتاً وَ جُوتاً وَ سایِقاً
فَیا قُوتَتی مِنْ جُوتِهِ ثُمَّ فَرْدِهِ (٢)

تَری عِینَةَ الْأبْدانِ مِنْ (خاكُ خُولِ) هِ
تَری مَنْدَلَ الْأوْراقِ مِنْ تُوزُ گَرْدِهِ (٣)

---

(٢) وَرْد : وەرد ، زەویی هەڵگێڕراوەی ئامادە کراو بۆ جۆت کردن و تۆو تیا چاندن . قوت : ڕۆزێ . جوت : جۆتەگا و جۆت کردن . دوانە . سایِق : جۆتیار ، لێخوڕی گای جۆت . فَرْد : تاك .

واتە : وەردی دەشتی شارەزوور ئەبینێ مایەی ڕۆزییە ، جۆتەگایە ئیشی تیا ئەکا ، جۆتیارە لە گاکانی ئەخوڕێ .. ئای چۆن ڕۆزییەکم هەبو لە جۆتەگای دەشتی شارەزوور و لە تاقە جۆتیاریەوە کە لە گاکان ئەخوڕێ !

لەوانەیە لەم بەیتەوە بگەینە ئەوە کە نالێ لە بنەماڵەیەکی لەبارەی ئابوورییەوە مامناوەندێ بووە .

لەنێوان (ورد) و (فرد) و ، (قوت) و (جوت)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (قوت) و (جوت) و (ورد) و (سایق)دا تەناسوب و ، لەنێوان (جوت) و (فرد)دا طیباق هەیە .

قُوَتتی (چن) و (خب) : قُوتی .
وسایقاً (« پەراوێزی » چن) : وَطاقةً ، واتە : بەتەنها . لە (تاك)ەوە هاتووە .

(٣) عِینَة : کەرەستە . اَبْدان : جەمعی بەدەنە واتە لەش . مَنْدَل : چیلکەی بۆن خۆش .

واتە : کەرەستەی لەشی ئادەمیزاد لە خاك و خۆڵی شارەزوورە . مەبەستی ئەوەیە ئەو قوڕەی حەزرەتی ئادەمی لێ دروستکرا ، هیی شارەزوور بۆ . تۆز و گەردیشی بۆنی داری بۆن خۆشی لێ دێ .

وشەی (خاك و خۆڵ) ئیشارەتیشە بە دێی (خاك و خۆڵ)ی زێدی نالێ . کەواتە لە وشەی (خاك و خۆڵ)دا تەوریە هەیە .

عینة (چن) : طینة . واتە : ئەو قوڕەی ئادەمی لێ دروست کرا . خاكُ (چن) : خاكِ . مندل (چر) : منزِل . تۆزُ (عب) : توزِ .

تَری دَشْتَةً بِالْوَرْدِ کانتْ بَهَشْتَةً
نْمُ الْوَرْدِ باران" عَلی خاكُ بَرْدِهِ (٤)

شَوانِ (سُلَیْمانی) ، صَبای (پیرْمَصُورَ)کَیْ
کِوانِ (قَرَهداغُ) ، هَوایْ (دارِزَرْدِ)هِ (٥)

---

(٤) دَشْتَةً : دەشتێك . وَرْد : گوڵ . بَهَشْتَةً : بەهەشتێك . نْمُ الْوَرْد : ئاونگی سەر پەڕەی گوڵ .

واتە : لە شارەزوڕا دەشتێك ئەبینێ بەهەشتێ بۆ بۆ خۆی ، ئەو ئاونگەی بەسەر پەڕەی گوڵدا ئەباڕێ ، وەك باران بەسەر بەرد و خۆڵیا ئەباڕێ .

نم الورد (عم) نْمُ الْوَرْدیِ ، واتە وردە نم ، وەك خۆی مەعنای لێداوەتەوە .

(٥) شوانی : شەوانی ، یاخود برژاندمی . پیر مصور : پیر مەسوڕ ، گەڕەکێکی سولەیمانییە . کوانی : کێوەکانی ، یان : کَوانی ، واتە داخی کردم . دارزردە : داریزەرد ، شاخێکە لە قەرەداغ .

واتە : باسی کام لای ئەو ولاتە خۆشە بکەم ؟ باسی شەوانی سولەیمانێ بکەم ، یان باسی شنەبای دەمەوبەیانی پیر مەسوڕ ! باسی چیاکانی قەرەداغ بکەم ، یان باسی هەوای سازگاری داریزەردی قەرەداغ !

نالێ مەبەستی بووە بە (شوانی) مەعنای (برژاندمی) و ، بە (کِوانی) کە بەدیمەن لە (کَوانی)یش ئەچێ ، مەعنای (داخی کردم)یش بگەیەنێ . بەمپێیە لەدوای (سلیمانی)یشەوە بۆڕێك دائەنرێ و مەعنای بەیتەکە وایلێدێتەوە کەوا یادی سولەیمانێ و بای بەیانیانی پیرمەسوڕ برژاندمی و ، بیری قەرەداغ و هەوای داری زەرد داخی کردم .

ئەشگونجێ (کِوانی) نەبێ (کوانێ) بێ ، واتە : لەکوێیە ؟

صبای (ت) و (عب) : صبا . (من) : صدای . داری (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) : دارَ . (خب) : دارَ یا دارِ .

لەنێوان (شوانی) و (کوانی)دا جیناسی لاحیق هەیە .

كأَنَّ كَنارَ أَرْضِهِ آسْمانَةَ"
لِبَرْزِيٌّ دُورِيٌّ لِسَبْزِيٍّ عَرْدِهِ (٦)

أما (سَرْچْنار") ، عَيْنِي جارِيَة" لَهُ
اَما (تانْجَرُو) قَدْ صارَ مَجْنُونَ هَرْدِهِ (٧)

فَباغاتُهُ داغاتُ جَرْكِ الشَّقائِقِ
فَوا دَرْدَتِي مِنْ خارْ خارِي لِوَرْدِهِ (٨)

---

(٦) كَنار : كەنار ، قەراغ . آسْمانَة" : ئاسمانێكە . عَرْد : عەرد ، عەرز ، زەوێ . لِسَبْزِيٍّ : لەبەر سەوزیی ..

واتە : وەك بڵێی قەراخی خاکی قەرەداغ لەبەر بەرزێ و دۆریی کێوەکانی و لەبەر سەوزیی زەوییەکەی ، ئاسمانێکە بۆ خۆی .

لە شێوەی سەر و ژێر و بۆر بۆ کردنی وشەکانی نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا نوسخەکانی بەردەستمان جیاوازییەکی زۆریان تیابو ، لەبەر بێبایەخێ باسمان نەکردن . جیاوازیی گرنگیان تەنها ئەمەبۆ : دُورِيٌّ («پەراوێزی» چر) و (کم) و (من) و (عب) و (خا) : وَرْدِهِ . لِسَبْزِيٍّ : ئەمە بەگوێرەی تێکستی (« پەراوێزی » چر)ە بەڵام بێ سەر و بۆر . نوسخەکانیتر ، (عم) و (گم) نەبێ ، (ل)یان پێوە نییە . عَرْدِهِ (چن) : هَرْدِهِ .

(٧) أما : أمّا ، هەرچییەکو ..

واتە : هەرچێ سەرچنارە ، ئەوە چاوم ، یا سەرچاوەکەم کە چاومە فرمێسکی لێ ئەڕوا بۆی ، یاخود چاوم کەنیزەکیەتی . مەبەستی لەوەیە بڵێ چاوم بەقوربانی بێ ، یاخود چاوم وێنەیەکی بچوکیەتی لە ئاو لێڕۆیشتنا . هەرچێ تانجەرۆیشە ، ئەوە بووە بە (مەجنوون)ی هەردی شارەزوور و زێی گرتووەتەبەر .

عینی : ئەمە تێکستی (چن)ە، نوسخەکانیتر هەموو نوسیویانە (عَيْن") . بەمپێیە مەعنای نیوە بەیتەکە وای لێدێتەوە : هەرچێ سەرچنارە ، کانییەك لە خەمی یادیا ئەڕوا کە کانیی چاومە . بەڵام نیوە بەیتەکە لاسەنگ ئەبێ بەمجۆرە .

هردە (چن) و (ك) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) : عَرْدِهِ .

(٨) داغاتُ : داخەکانی . دَرْدَتِي : دەردی من . خارْخارِي : دڵەکوتە و

وَکَمْ نالَ « نالیِ » مَنْ شفَا ساقِیانِهِ
شِفاً ، هَلْ شَفا مَنْ نالَ « نالیِ » بِدَرْدِهِ ؟! (٩)

ـ ٥ ـ

له دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میثلی تەندۆرە
شەطی ئەشکم نەبێ مانیع ، دەسوتێم دەبمە کۆی تۆرە (١)

یاد و ئارەزۆ .

واتە : باخەکانی سەرچنار ئەوەندە جوان و ڕازاوەن لە جوانیدا داخ بە جگەری گوڵی لالەدا ئەنێن . ئەی هاوار لەو دەردەی بەهۆی یاد و ئارەزۆی گوڵەکانی سەرچنارەوە تۆشی من بووە .

جَرگ (چر): قلب. دردتی: ئەمە تێکستی (عم) و (کم)ە ، نوسخەکانیتر هەمۆ نۆسیویانە (درونی) ، بەڵام نیوە بەیتەکەی پێ لاسەنگ ئەبێ . خارخاری (کم) و (گم) و (ت) و (من) و (خب) : خار خار .

لەنێوان (باغات) و (داغات)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (باغات) و (شقائق) و (ورد)دا تەناسوب و ، لەنێوان (خار) و (ورد)دا طیباق هەیە بەدیمەن .

(٩) ساقِیان : کچە ئاوگێڕەکان .

واَتە : ئای چەند جار نالێ لە لێوی کچە ئاو گێڕەکانی سەرچنار بەهرەمەند بووە و لێوی مژیون و لە دەردی دڵ ڕزگاری بووە .. مەبەستی لەوەیە بڵێ ئای چەند جار دەمم ناوەتە جۆگاکانی سەرچنار و ئاوم لێ خواردۆنەتەوە و گڕی دەرۆنم بەو ئاوە دامردووەتەوە . سا توخوا بشێ ئەوکەسەش کەوا نالیی گرفتاری دەردی دۆرێ کرد ، ئیستا دڵی ڕەحەت بۆبێ و حەسابێتەوە و کرمی دڵی مردبێ !؟ بێگومان نەء چونکە پیاوی حەسۆد و دڵپیس بە مەرگ نەبێ ڕزگاری نابێ و دڵی دانامرکێ ..

ئەم بەیتەمان بەمچەشنە ، تێکڕا ، لەبەر ڕۆشنایی نوسخەکانی (چن) و (ك)دا نۆسیوەتەوە . نوسخەکانیتر جیاوازیی زۆریان تیابۆ کە هەمۆ لە هەڵەی نۆسیارەوە بۆن و شتێکی نوێیان نەئەدا بەدەستەوە ، بۆیە پشت گوێمان خستن .

ـ ٥ ـ

(١) شەط : ڕۆبار . کۆ : کۆمەڵ ، کۆگا ، نۆرە : ئاهەك و زڕنیخی تێکەڵی یەك کراو .

به ناری عیشق و ئاوی دڵ ، جەسەد وەك حەضرەتی مۆسا
طەریقی : بەحری فیرعەون و ، ڕەفیقی : ئاتەشی طۆرە (٢)

واتە : دۆ شتم تیا کۆبووەتەوە کە دژی یەکن و پێکەوە ناگونجێن ، بەهۆی بەربەرەکانێی یەکترێ کردنی ئەو دوانەوە ماوم ، ئەگەر تەنها یەکێکیانم تیادا بووایە ئیستا فەوتابۆم . ئەو دوانە یەکێکیان ئاگری عەشقتە کە تەنۆرێکی لە دڵما ناوەتەوە و ئەویشیان دەردی دۆریتە کە هەمیشە بەهۆیەوە ئەگریم . ئەگەر ئەمەی دۆهەمیان نەبوایە کە کەمێك تینی ئەویان دائەمرێنێتەوە ، ئەسۆتام و ئەبۆمە کۆی نۆرە ...

لە کۆکردنەوەی (ئاتەش) و (شەط)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (تەندۆرە) و (نۆرە)دا جۆرە وشەئارایییەك هەیە .

ئاتەشی (گم) : ئاگری . دەسۆتێم (چن) و (عم) و (کم) و (من) و (خا) : **دەسۆتم .**

(٢) بەحری فیرعەون : ئەو بەحرەی حەزرەتی مۆسا و پەیڕەوەکانی لێی‌پەڕینەوە و فیرعەون و کۆمەڵەکەشی دوایان‌کەوتن و نیشتنە مل ئاو و خودا نوقمی کردن و خنکاندنی . ئاتەشی طۆر : ئاگری نۆری خودا کە بۆ حەزرەتی مۆسا دەرکەوت و دای لە کێوی طۆر و سۆتاندی .

واتە : بەم ئاگری عەشقە و بەم ئاوی چاوە کە لە قۆڵایی دڵمەوە هەڵئەقوڵێ ، لاشەم وەك حەزرەتی مۆسای لێ هاتووە ، ئەبێ بەسەر جۆگای فرمێسکی خۆیا بپەڕێتەوە کە وەك بەحرەکەی فیرعەون وایە و ، لەگەڵ ئاگری دەرۆنیا بگەڕێ کە وەك ئاگرەکەی کێوی طۆر وایە .

لەم (بەحری فیرعەون) و (ئاتەشی طۆر)ەدا ئیشارەتێکیش بۆ ئەوە کراوە کە ئەم عەشقەی نالێ هەرگیز ناگاتە ئەنجام ، چونکە مۆسا لە بەحرەکەی پەڕیەوە و ڕزگاری بۆ . بەڵام بەحری فرمێسکی ئەم هەرگیز دوایێ نایە تا لێی ڕزگار ببێ . ئاگرەکەی کێوی تۆرێش نۆری خوا بۆ دەرکەوت و نیشانەی ئەوەبۆ کە مۆسا خوا خۆیی چاو پێ ناکەوێ . کەواتە ئاگری عیشقەکەی ئەمیش کە هەمیشە لەگەڵیا ئەبێ ، نیشانەی ئەوەیە کە هەرگیز ناگا بە یار .

لە کۆکردنەوەی (نار) و (ئاو) و ، (مۆسا) و (فیرعەون)دا طیباق و ، لەنێوان (مۆسا) و (بەحر) و (طۆر)دا تەناسوب هەیە .

بە ناری عیشق و ئاوی دڵ (عم) و (گم) : بە ئاوی چاو و ناری دڵ . بەحری (عب) و (خب) : بەحر و .

دەچێ بۆ لای ڕەقیب ، خۆشە ، وەلێ ئەو داغە کوشتــوومی
لە کن ئەو چەندە مەجبوورە ، لە لای من چەندە مەغروورە ! (٣)

پەیامت هات و پەیکت ڕۆی ، خەیاڵم نارد و نەیگەییێ
ڕەسوولم کەوتە ڕێ ، گرتی ، هێنای وەك ئاگرە سوورە (٤)

---

(٣) واتە : قەید ناکا ، ناخۆش نییە یار ئەچێ بۆلای بەدکار و سەری لێئەدا ، ئارەزوی خۆیەتی . بەڵام من داخی ئەوە کوشتوومی کەوا چەند لای ئــەو ناچار و مەجبوور و مل‌کەچە و وەك بڵێی ئەم موحتاجی ئەو بێ ، کــەچێ ئەگەر جارێك بێتە لای من، ئەوەندە لەخۆی باییە و فیزم بەسەردا ئەکا !

ئەشگونجێ مەعنای ئەم بەیتە بەپێچەوانەوە لێك‌بدەینەوە کەوا بگەیەنێ: بەدکار ئەچێ بۆ لای یار ، قەیدی نییە با بچێ بۆ لای ، بەڵام من داخــی ئەوە ئەمکوژێ کەوا لای من خۆی لێ بایێ ئەبێ و فیزم بەسەرا ئەکا کەوا یار لەگەڵ ئەو جوورە ، کەچێ کە ئەشچێتە لای ئەو ، ئەوەنــدە ذەلیل و سەرشۆڕە .

دەچێ (کم) و (من) : ئەچێ . داغە (عم) و (گم) و (ك) : داخە . لەلای من (عم) و (من) : لەکن من .

(٤) پەیام : نامە یا هەواڵی نێرراو . پەیك : نامەبەر . ڕەسوول : فروستادە . ئاگرە سوورە : کینایەیە لە گورج و گوڵێ و دەستوبرد .

مەعنای ئەم بەیتــە و بەیتی پاشەوەیمان بەئارەزوی دڵــی خۆمان بۆ ڕاست نەکــراوەتەوە . ئەوەندەی بــۆی چوبین لێرەدا ئەینووســین و چاوەڕوانی بەشداریی هەر کەسێکی کەشین کە زیاتری بۆ ساغ کرابێتەوە لێی .

نالێ لە بەیتی پێشوودا بڕیاری‌دا کەوا بەدکار واتە ڕەقیب هەموو جارێ چاوی بە یار ئەکەوێ ، جا یا ئەم ئەچێ بۆلای ئەو یا ئەو دێ بۆلای ئەم . دیارە لەم حاڵەدا بەدکار ئەم هەواڵە دڵ ئازاردەرە بە نالێ ئەگەیەنێتەوە بۆئەوەی زیاتر دڵی بکوڵێنێتــەوە . نالێ بە یار ئەڵێ هەواڵت هات کە چوییتە لای بــەدکار یا بەدکار هاتووەتە لای تــۆ و ، فروستادەکەت کە بەدکار خۆی بۆ کە هەواڵەکەی پێ گەیاندم ، گورج وەك جنۆکە ڕای‌کرد . منیش خەیاڵم نارد بەدوایا ، واتە کەوتمــە بیرکردنەوە لەمە چۆن وا تۆ ڕێگای ئەوە ئەدەی ئەو بتبینێ ، بەڵام خەیاڵ کول بۆ ، نەگەیشت بەوە لە ڕازی ئەم ڕۆداوە بگا . ناچار بۆم هەناسەی گەرم و ئاگراوێ و بەسۆزی خۆم بەدوادا هەڵکێشا ، ئاهی هەناسەکەم ئەوەندە توند و تیژ بۆ هێنای

که دیتم شەکڵی صەد ڕەنگی ، گوتم : بابایی عەییارە
که بیستم لەفظی بێ دەنگی ، گوتم : شەپۆری شاپۆرە (٥)

گوتم : ڕاستی صەبا هەڵسە ! گوتی : مەشرەب موخالیفیە
گوتم : نارێ ، گوتی : بایە ، گوتم : ئەوجێ ، گوتی دۆرە (٦)

(ئەشگونجێ هێنانەکە کینایە بێ لە تێگەیشتنی مەسەلەکە) .
نەیگەییێ (چن) : نەیگەشتێ . (ك) : نەیگەییە .
نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە (عم) و (گم)دا بەمجۆرەیە :
پەیامت هات و پێ گوت ، ڕۆی ، خەیاڵم نارده دۆی ، گەییە
ئەم بەیتە لە (کم) و (من) و (خا)دا نییە .

(٥) بابای عەییار : وەك لە ئەفسانەدا ئەیگێڕنەوە کابرایەك بووە لە دەستە و دائیرەی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا ، ئارەزۆی لە کێ بۆبێ بچێتە شێوەیەوە، چووەتە شێوەیەوە . شەپۆر : ئالەتێکی مۆسیقایە فۆی پیا ئەکرێ .

واتە : کە شێوەی صەد ڕەنگیم دێ ، وتم ئەمە بابای عەیارە ، چۆن ئارەزۆ بکا وا خۆی ئەگۆڕێ ، بۆیەش توانیویە جێی خۆی لە دڵی یاردا بکاتەوە . کە دیتیشم دەم ئەجۆڵێنێتەوە و هیچیش نالێ ، وتم ببێ و نەبێ ئەمە کەڕەناکەی شاپۆرە . هەرچەند لە سەرچاوەکانی بەردەستمانا شتێکی ئەوتۆمان لەبارەی ئەم کەڕەنایەوە بۆ ساغ نەکرایەوە ، بەڵام دۆر نییە جۆرە بلوێرێکی جادۆگەرانە بۆبێ توانای کارکردنی لە دڵی خەڵك و ڕاکێشانیانا بۆبێ ، بۆیە نالییش وا بەدکاری پێ ئەشوبهێنێ .

که دیتم (عم) و (گم) و (من) : که من دیم . گوتم ــ ی یەکەم ــ (چر) و (کم) و (من) :وتم . گوتم ــ ی دۆهەم ــ (چر) و (چن) و (کم) و (من) و (ك) و (خب) : وتم .

(٦) ڕاستی صەبا : ئیشارەتە بە دۆ ئاوازی مۆسیقا : (ڕاست) و (صەبا) . مەشرەب : ذەوق . موخالیف : پێچەوانە . ئاوازێکی مۆسیقایە . نار : ئاگر . با (باد) : سەرەڕای مەعنا دیارەکەی ئاوازێکی مۆسیقایشە. ئەوج : چڵە پۆپە . ئاوازێکی مۆسیقایە .

مەعنای ئەم بەیتەمان بــە یەگجارێ بۆ ڕاست نەبووە ، بەڵام دیارە داوای ئەم ئــاوازە مۆسیقاییانە پەیوەندی بەوەوە هەیــە کە بەدکار لە بەیتی پێشــۆدا کرا بە شەپۆری شاپۆر . دۆر نییە لــە (ڕاست) و (صەبا) و (موخالیف) و (نار) و (با) و (ئەوج) و (دۆر)دا تەوریە هەبێ ،

گوتم : قوربانی تۆ من بم ، گوتی : قوربانی تۆ سەگ بێ
گوتم : شیشەی دڵم ناتوێ ؟ گوتی : بۆچیمە ؟ مەکسوورە (٧)

چونکە ئاشکرایە ئەم وشانە هەموویان ناوی ئاوازی مۆسیقان ، (نار) و (دۆر) نەبێ ، کە لەمبارەوە شتێکیان لێ نازانین . بەمپێیە ئەبێ مەعنای بەیتەکە بەمجۆرە بێ : بە بەدکارم وت بەم (بەیانی)یە (ڕاست) بە لەگەڵم ، وتی ئارەزوم (موخالیف)ی ئەوەیە لەگەڵت ڕاست بم . وتم کەواتە (ئاگر)ی باسی پەیوەندی خۆت و یار بنێ بە جگەرمەوە ، وتی (با)یە و ئاگرەکە بە هەموو لایەکا بڵاوە ئەکا . وتم کەواتە دۆرکەوەرەوە لە یار با من بگەمە (ئەوج)ی بەختەوەرێ ، وتی ئەوەش (دۆر)ە .. یاخود کە دیم بەدکار وەك شەپۆری شاپۆر وایە ، وتم مەقامێکی (ڕاست) و (صەبا)م بۆ لێدە ، وتی ئارەزوم لە مەقامی (موخالیف)ە . وتم مەقامی (ئاتەش)م بۆ لێدە ، وتی ئیستا کاتی مەقامی (باد)ە و (باد) و (ئاتەش)یش ناکەونەیەك . وتم مەقامی (ئەوج)م بۆ لێدە ، وتی مەقامی (ئەوج) مەقامێکی (دۆر)ە و نایگەیتێ .

وشەی (موخالیفیە) لە هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمانا بە (موخالیفە) نۆسرابۆ . نیوە شیعرەکە بەوە لاسەنگ ئەبۆ ، ئێمە خۆمان کردمان بە (موخالیفیە) و بەوە نیو شیعرەکەشمان ڕاست کردەوە و مەعناکەش تێك‌ناچێ . بەڵکو ئیمە لامان‌وایە لە ئەسڵیشدا یا (موخالیفیە) بووە یا (موخالیفمە) .

دانانی (گوتم) و (گوتی) لە تێکڕای ئەم بەیتەدا بەپێی تێکستی نوسخەکانی (عم) و (گم) و (عب) و (خا)یە ، نوسخەکانیتر لەنێوان (گوتم) و (وتم) و (گوتی) و (وتی)دا تێکەڵ و پێکەڵن . هەڵسە (عم) و (کم) و (گم) و (من) : هەستە . بایە (چن) : بادە .

(٧) ناتوێ : ناتەوێ . مەکسوور : شکاو .

واتە : بە یارم وت : بەقوربانت بم ، کەچی ئەوەندە دڵڕەق بۆ ، دڵی شکاندم و لە وەڵامدا وتی : سەگ بە قوربانت بێ .. لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەستبەرداری نەبوم و پێشنیارم کرد کە شۆشەی دڵمی بدەمێ ، بچێتە ناوی و ڕازێ بێ بە خۆشەویستێ لە دڵما جێگیر ببێ ، بەڵام قایل نەبۆ ، وتی : تۆ دڵت شکاوە و منیش ناچمە ناو دڵی شکاوەوە .

لەمبەیتەشدا دانانی (گوتم) و (گوتی) بەپێی تێکستی نوسخەکانی (چر) و (عم) و (ك) و (عب) و (خا)یە . نوسخەکانیتر لەنێوان (گوتم) و (وتم) و (گوتی) و (وتی)دا تێکەڵ و پێکەڵن . شیشەی دڵم ناتوێ (چن) و

خەراباتی دڵی « نالێ » مەفەرمۆ : خاڵییە ، نایەم !
بە مەرگی تۆ قەسەم ، چاوم ! بە ذیکرت بەیتی مەعمۆرە •• (٨)

— ٦ —

وەصفی زۆخساری لە فیکری بەنی ئادەم بە دەرە
ئیبتیدای مەدحی دەمی وەك خەبەری بێ ئەثەرە (١)

(ك) : شیشەی دڵم بۆ تۆ . (عم) و (کم) و (گم) : شیشەی دڵت ناوێ .
(من) : شۆشەی دڵت ناوێ .

(٨) خەرابات : وێرانە و کاول . بەیتی مەعمۆر : ماڵی ئاوەدان . بە ماڵی کەعبەیش ئەڵێن . شوێنێکیشە لە ئاسمان .

ئەم بەیتە جۆرە پەیوەندییەکی بە بەیتی پێشووەوە هەیە ، ئەوەش لەوەوەیە کە لە بەیتی پێشۆدا دڵی نالێ کرا بە شۆشەی شکاو ، واتە وەك شوێنێکی کاول و وێرانەی لێهات . لێرەشدا نالێ ، وەك بڵێی بەرپەرچی قسەکەی یار بداتەوە ، ئەڵێ : چاوەکەم ! پێم مەفەرمۆ دڵت شکاو و وێرانەیە و خاڵییە نایەم تیا دانیشم ، بە مەرگی تۆ قەسەم دڵم بە یادی تۆ ئاوەدانە هەرگیز یادی تۆی لێ نابڕێ . ئیتر چۆن ئەتوانێ بە وێرانەی ناو ببەی !

لەنێوان (نالێ) و (خاڵێ)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (خەرابات) و (مەعمۆر)دا طیباق هەیە . خاڵییە (چر) و (عم) و (گم) و (عب) و (خا) و (خب) : چا نییە .

— ٦ —

(١) خەبەر : دەنگوباس . بێئەثەر : ئەوکەسەی زۆیشتبێ بۆ سەفەرێکی وەك جەنگ و ماوەیەکی زۆری بەسەرا تێپەڕیبێ و کەس هەواڵێکی نەزانێ .

واتە : تەعریفکردن و پیاهەڵدانی جوانیی زۆخساری یار لەوە بەدەرە کە بیری بنیادەم پەی پێ ببا و ، لە توانای تێگەیشتنی ئادەمیزادا نییە . سەرەتای مەدحکردنی دەمی ، وەك دواییەکەی ، لە هیچ کوێیەکەوە نیشانەیەکی دیار نییە . مەبەستی لەوەیە دەمی یار ئەوەندە بچۆکە یا ئەوەندە جوانە ، بنیادەم نازانێ لەکوێوە دەس بکا بە تەعریفکردنی و لەکوێوە دواییی پێ بێنێ . یاخود : سەرەتای

نەونیهالی قەدی تۆ عەرعەرە ، دڵخواهی منە
ڕاستە دڵدارە ، وەلێ حەیفە کەوا بێ ثەمەرە ! (٢)

قامەتی سەروی ، ئەگەر بێ بەرە بۆچ نارەوەنە ؟!
تۆ بڵێ زوڵفی ئەگەر دۆکەڵە ، بۆچ ناری بەرە ؟! (٣)

تەعریفکردنی وەك هەواڵی کەسێکی ونبۆ وایە ، جا ئەگەر سەرەتاکەی وابێ ، ئەبێ دواییەکەی چۆن بێ !

مەعنای پێشۆ لە زاراوەی (موبتەدا) و (خەبەر)ی عیلمی نەحو وەرگیراوە . چ بەپێی ئەم مەعنایە و چ بەپێی مەعنای دۆهەمیش ، تەناسوبێکی جوان لەنێوان (ئیبتیدا) و (خەبەر)دا هەیە . هەروەها ڕستەی (خەبەری بێئەثەر)یش لە زاراوەیەکی شەرع وەرگیراوە .

ڕوخساری (چن) : ڕوخسارت ، بەڵام لەگەڵ نیوەی دۆهەمدا ناگونجێ . (خب) : ڕوخسارە .

(٢) نەونیهال : نەونەمام ، نەمامی تازە هەڵچۆ . عەرعەر : داری سەروی کێوێ . دڵخواه : ئەوەی دڵ بییەوێ . دڵدار : داریدڵ . خاوەن دڵ .

واتە : نەونەمامی بااڵی تۆ بەرز و ڕێك و ڕەوانە وەك سەرو و دڵی من گیرۆدەیەتی و حەزی لێیە .. ڕاستە ئەو نەونەمامە درەختی دڵانە و دڵی دڵدارانی پێوەیە ، بەڵام درەختێکی بێبەریشە ، ئەو دڵانەی پێوەینی هیچیان لێوە دەسگیر نابێ .

لە یەکخستنی (دار)ی (دڵدار) و (ثەمەر)دا تەناسوبێکی جوان هەیە .

نەونیهالی (« پەراوێزی » چر) و (کم) و (گم) و (عم) و (من) و (خا) : نەونەمامی .

(٣) نارەوەن : لە کوردیدا درەختێکی ساق ئەستۆرە ، لە بەرزێ و نزمیدا مامناوەندییە ، لق و پۆپ و گەاڵی زۆری لێ ئەبێتەوە ، هیچ جۆرە بەرێکی نییە . بەمەعنایە بۆ ئەم شوێنە دەست نادا . لە فارسیدا بەمەعنای داری هەناریش هاتووە . ئەم مەعنایە بۆ ئێرە ئەگونجێ . دۆریش نییە وشەکە بەهەڵە نۆسرابێتەوە و (نارەبەن) بێ کە واتە درەختی هەنار . نار : هەنار .

نالێ لە بەیتی دۆهەمدا بڕیاریدا کەوا نەمامی بااڵی یار هەرچەند دڵی دڵدارانی وەك بەر پێوە پێوەند بووە ، بەاڵم نەمامێکی بێبەرە بۆ دڵدارەکانی . لەم بەیتە و بەیتی پاشەوەشیدا ، کە مەعنایان تێکڕا وەك

زوڵف ئەگەر دۆکەڵە ، دۆکەڵ بەری گوڵناری نییە !
سەروە گەر قامەتی ، کەی سەروی ژەوان بارەوەرە ؟! (٤)

یەکە ، وەك لە قسەکەی پەشیمان ببێتەوە وا پیشانئەدا و ئەیەوێ بڵێ نەمامی بااڵی یار بەری هەیە و بەرەکەی مەمکەکانیەتی ، بەاڵم جۆرە دۆدڵێ و گێرە و کێشەیەك دێنێتە ڕێی خۆی و ئەڵێ : ئەگەر ڕاستە بااڵی وەك سەروی یار درەختێکی بێبەرە ، ئەی بۆچی بووە بە داری هەنار و جۆتێ مەمکی وەك هەناری پێوە بەند بووە ؟ ئەگەر تاڵی زوڵفیشی خەتی باریك و ڕەشی دۆکەڵە ، ئەی بۆچی بەرەکەی هەنارە ؟ مەبەستی لەوەیە کە زوڵفەکانی شۆڕ بۆنەتەوە تا گەیشتۆنەتە سەر مەمکەکانی و مەمکەکانی وەك هەنار بوون بە بەری .

سەروی (چن) : سەروە . نارەوەنە (کم) و (گم) و (ت) و (من) : نارەوەرە . ڕەنگە مەعنای (نارەبەرە) بێ واتە : بەرەکەی هەنارە . (عم) : بارەوەرە . ڕەنگە مەعنای (بارەبەرە) بێ واتە : کۆڵێکی هەڵگرتووە . ناری بەرە (چر) و (عب) : نارەوەرە . (« پەراوێزی » چر) : نازە سەرە . (چن) و (خب) و (ك) : نارەبەرە . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : نارە سەرە . ڕەنگە مەعنای (لەسەر هەنارە) بێ . (ت) و (اح) : ناربەرە . بۆ ناریبەرە و نارەبەرەش دەستئەدا .

نیوەکانی ئەم بەیتە لە (عم) و (کم) و (گم) و (من)دا بەرودوان .

(٤) گوڵنار : گوڵی هەنار . بە گوڵی هەناری کێویش ئەڵێن کە هەر گوڵەکە ئەکا و بەری نییە . گوڵەکەی گوڵێکی سۆری جوانە صەد پەڕەی هەیە . بارەوەر : بارەبەر ، بار هەڵگر .

واتە : ئەگەر بڵێین زوڵفی یار لەبەر ڕەشێ و باریکیی تاڵەکانی دۆکەڵە، خۆ دۆکەڵ بەری گوڵە هەنار ناگرێ، کەچێ زوڵفی یار بەری گوڵە هەناری هەیە کە ڕۆمەتی سۆریەتی . خۆ ئەگەر بشڵێین سەروە ، کەی سەرو باری میوە هەڵئەگرێ کە مەمکەکانی یارە کە بە داری بااڵیەوەن ؟

گوڵناری (غب) : گوڵتاوی . سەروە گەر قامەتی (چر) و (خا) : سەرو ئەگەر قامەتی . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : سەرو ئەگەر قامەتە . بارەوەرە (ت) : ناردەرە ، واتە : هەناربەخشە .

ئێمە وای بۆ ئەچین ئەم دۆ بەیتە هیی نوسخەی جیاجیا بن و نالێ لەپێشا یەکێکیانی دانابێ و پاشان بیری گۆڕابێ و ویستبێتی ئەوی کەیان لە جێگەی دانێ ، بەاڵم خەڵك کە پارچە شیعرەکەیان نۆسیوەتەوە ،

به حەقی جەڕڕی هەیاسەی زەڕ و کاکۆڵی سەری
دڵی گوم گەشتەیی من کوشتەیی پشت و کەمەرە (٥)

بێ ئەگەر بێتە دەرت ، دەیدەیە بەر شەق وەکو گۆ
نییە ذاتیشی نەیێ دڵ ، چ بکا ، قوڕ بە سەرە ! (٦)

هەردو بەیتەکەیان خستووەتە چوار چێوەیەوە . بەپێی بۆچوونەکەی خۆشمان لامانوایە نالێ بەیتی چوارەمی پاشتر داناوە و ویستوێیەتی لە جێگەی بەیتی سێیەمیدا دانێ .

دانانی ئەم بەیتە لێرەدا بەگوێرەی نوسخەکانی (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) و (خا)یە . نوسخەکانیتر کردوێانە بە بەیتی شەشەم .

(٥) جەڕ : بەستن . گومگەشتە : ونبوێ . کەمەر : پشتێنە .

واتە : قەسەم بە حەقی هەیاسەی زێڕ لە پشت بەستنی یار و ، قەسەم بە قژی سەری ، دڵی سەرلێشێواو و ونبوێی من کوژراوی ناوشانی یارە کە قژەکەی پیا هاتوەتە خوار و ، هیی پشتێنەیەتی کە هەیاسەکەی بەستووەتێ .

لەنێوان (جەڕ) و (زەڕ) و (سەر)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (گەشتە) و (کوشتە)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە .

کاکۆڵی سەری (« پەراوێزی » چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : زولفەینی کەچی . گومگەشتەیی (ت) : سەرگەشتەیی . پشت و کەمەرە (خب) : پشتی پودەرە !

(٦) بێ : ئەگەر بێتو . دەرت : دەرگات .

واتە : دڵ ئەگەر بێتو بێتە بەردەرگای مااڵت دڵسۆزیی خۆیت بۆ باس بکا ، وەك گۆ ئەیدەیتە بەر شەق و سەری ئەکوتیتەوە و سەرزەنشتی ئەکەی .. ناشتوانێ نەیەت و ، بێ تۆ ئۆقرە ناگرێ .. قوڕبەسەرە ، داماوە نازانێ چێ بکا !

لەنێوان (بێت) و (نەیێ)دا طیباق و ، لەنێوان (بێ) و (بێتە)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (نییە) و (نەیێ)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە .

وشەی (دڵ) فاعیلی (بێتە)ش و (نەیێ)یشە ، واتە ئەم دۆ فیعلە هەرایانە لەسەری !

بێ (عم) و (گم) : سەر . دەرت (خب) : دەرێ . نییە ذاتیشی نەیێ

له دەمی نالەیی زارم ، دڵی پڕ زەمزەمەکەم ،
وەلوەلەی حەلق و گەروێ « نالێ » لە گەردوون بە دەرە (٧)

— ٧ —

ئەی ساکینی ڕیاضی مەدینەی مونەوورە
لوطفێ بکە ، بفەرمۆ : مەدینەی منە و ، وەرە (١)

(چر) و (خا) و (خب) : نییە ذاتیشی نییە . (ت) و (اح) : نییە ڕاضیش کە نەیێ . (ك) : نییە ذاتیش کە نەبێ .

(٧) زار : دەرد و ئازاراوێ . زەمزەمە : هەرا و زەنا . وەلوەلە : هاوار و فوغان . حەلق : گەرۆ .

واتە : هاوار و فوغانی گەروێ نالێ کە لە دەمی نالەی ئازاراوێ و دڵی پڕ هەرا و زەنایەوە دەرئەچێ ، ئەوەندە زۆرە لە چەرخی گەردوونیش تێئەپەڕێ .

دڵی پڕ زەمزەمەکەم (عم) و (کم) و (گم) : لە دڵی پڕ شەرەرم . وەلوەلەی (عب) : زەمزەمەی . حەلق (خب) : خەلق .

— ٧ —

ئەم قەسیدەیەش یەکێکە لەو قەسیدانەی کە نالێ بۆ پێغەمبەر (د . خ)ی وتوون . بەر لەم قەسیدەیە ، موستەزادەکەی ژمارە (٢)ی تیپی میم بڵاوکرایەوە .

(١) ڕیاض : باخچەکان ، جەمعی (ڕەوضە)یە . مەدینەی مونەوورە : شاری نۆرانێ و پیرۆز ، شاری مەدینە کە پێغەمبەر لە مەککەوە کۆچی بۆ کرد و لەوێ وەفاتی کرد .

واتە : ئەی دانیشتوی ناو گوڵزارەکانی شاری مەدینەی پیرۆز ! بەزەییەکت پیامدا بێتەوە و بفەرمۆ ئەم شارە شاری منە ، وەرە بۆ ئێرە، با منیش ڕۆم بێ بێمە خزمەتت .

نالێ لە گفتوگۆ کردنیدا لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) کە پێی ئەڵێ (ساکن) ، ئەیەوێ ئەوە پیشان بدا کە پێغەمبەر لە ڕیزی مردووان نییە .. سەبارەت بەوەش کە بە مەرقەدی پێغەمبەر ئەڵێن (ڕەوضەی موطەهەرە) ، لە وشەی (ڕیاض)یشدا ئیشارەت کراوە بۆ فەرمۆدەیەکی پێغەمبەر کەئەفەرموێت :«مابَیْنَ بَیْتي و مِنْبَرِي رَوْضَةٌ مِنْ ریاضِ الجَنَّةِ» ، واتە : بەینی ماڵەکەم و مینبەری مزگەوتەکەم ــ کە ئیستا مەرقەدی لەویایە ــ باخچەیەکە لە باخچەکانی بەهەشت .

عەرشی بەرین کە دائیرەیە ، زەوضە مەرکەزە
فەرشی زەمین بە عەرصەیی طەیبە موجەوهەرە (٢)

طەیبە کە یەعنی عەکسی بەقیعی هەمۆ عەبیر
طەیبە کە یەعنی مایەیی ئەو میشکی ئەذفەرە (٣)

لەنێوان (مونـەووەرە) و (منە و وەرە)دا جینـاسی تەرکیب هەیە ، چونکە یەکەمیان یەك وشەیە و دۆهەمیان دۆ وشەی بەیەکەوە بەستراوە .
لوطفێ (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : زەحمێ .

(٢) بەرین : پان و پۆڕ و گەورە . دائیرە : خڕ و بازنەیێ . زەوضە : مەرقەدی پێغەمبەر . عەرصە : پارچە زەوێ . طەیبە : شاری مەدینە. موجەوهەر: گەوهەراوێ ، بە گەوهەر ڕازێنراوە .

واتە : عەرشی پان و بەرینی خوا کە دائیرەیەکی گەورەیە دەوری هەمۆ جیهانی داوە ، مەرقەدی پێغەمبەر مەرکەزەکەیەتی . ڕۆی زەوییش کە وەك فەرشێکی ڕاخراو وایە ، بە مەیدانی مەدینە ڕازاوەتەوە .

نالێ لەم بەیتەدا زیادەڕەوییەکی ئێجگار جوانی کردووە ، چونکە ئەبێ زەوێ بە فەرشی جـوان بڕازێتەوە ، نـەك فەرش بە زەوێ . ئەمە لـە لایەکەوە . لە لایـەکی کەشـەوە زەوێ شـتێکی نەجۆلاو و نەگۆڕاوە ، بەپێچەوانەی فەرشـەوە . بۆیە ئەویش هـاتووە زەویی هەمۆ لەئاستی شاری مەدینەدا بە فەرش داناوە و مەدینە بە زەوێ ..

لەنێوان (دائـیرە) و (مەرکەز)دا تەناسـوب و ، لەنێـوان (عەرش) و (فەرش)دا جیناسی لاحیق هەیە .

دائیرەیە (چر) و (چن) و (کم) و (من) : دائیرەیی . زەمین (گم) : زەوێ. بە : ئەمە تێکستی نوسخەی (گم)ە . لە هەمۆ نوسخەکانیترا : کە ، بەلام مەعنای نایەت . عەرصەیی (کم) و (ك) و (تـۆ) و (عب) و (اح) و (خا) : عەرصەیە . طەیبە موجەوهەرە (ت) : طەیبە جەوهەرە .

(٣) عەکسی بەقیع : پێچەوانەی بەقیـع کە (عەبیـق)ە واتە بۆن و بەرامەی خۆش . ئیشارەتیشـە بۆ گۆڕستانی (جنة البقیع) کە یەکێکە لە گۆڕستانە بەناوبانگەکانی موسوڵمانان و بەشێکی زۆر لە هاوڕێ گەورەکانی پێغەمبەر لەوێ نێژراون . مـایە : مادده . مێشـکی ئەذفەر : میشـکی پوختە و بۆنخۆش .

واتە : ئەو شـاری طـەیبەیەی کـەوا زەنگ و بـۆن دانەوەی (جنة

طەیبە کە یەعنی زۆژ و شەوی طیبی عالەمە
زۆژی کە وشکە ، شەو تەڕە ، کافۆر و عەنبەرە (٤)

لێوم ، لە زۆژی زۆشنی کافۆری وشکی ، وشك
چاوم ، لە شەبنمی شەوی وەك عەنبەری تەڕە (٥)

البقیع)ەکەی ، هــەمۆ عەبیری بۆنخۆشە ، یــان پێچەوانەی وشــەی (بقیع)ەکەی (عبیق)ە کە واتــە عەبیری بۆن خــۆش .. ئــەو شاری طەیبەیەی کە وشەکەی واتــە بــۆنخۆش و ئــەوەش وائەگەیەنێ ئــەو ماددەیەی لێی دروست کراوە میشکی پوختە و بۆنخۆشە .

کە یەعنی عەکسی بەقیعی (چن) : کە عەکسی زەبیعی هەمۆ . هەرچەند ئەم نوسخەیە بۆ بەراوردی (عەبیر)ەکە باشتر دەستی ئەدا ، بەڵام لەبەر بۆنی (بەقیع)ەکە ، ئێمە نوسخەکانیترمان لا پەسەندتر بۆ ، چونکە باس باسی مەدینەیە و بەقیعیش لەوێیە . مایەیی ئەو (« پەراوێزی » چر) : مائیدەیی و ، مایەیی وەك .

(٤) طیب : بۆنخۆشێ . کافۆر : دەرمانێکی بۆن خۆشی سپێ زەنگــە ، لە درەختێکی ئەکەنەوە . عەنبەر : شتێکی بۆن خۆشە ، زەنگی وەك زەنگی گڵ وایە لە گەدە یا لە زێخۆڵەی جۆرە ماسییەکی دەرئەهێنن .
واتە : ئەو شاری طەیبەیەی کە بە شەو و بە زۆژ بۆنخۆشێ ئەداتەوە بە جیهانا و ، بە زۆژ وشك و سپییە وەك کافۆر و بە شــەو شــێدار و زەشە وەك عەنبەر .

ئەم بەیتە ئیشارەتیشە بە ئاو و هەوای شەوو زۆژی مەدینە .
لەنێوان (طەیبــە) و (طیب)دا جیناســی موحەزۆزەف و ، لەنێوان (زۆژ) و (شەو) و ، (وشك) و (تەڕ)دا طیباق و ، لەنێوان (کافۆر) و (عەنبەر)دا تەناسوب هەیە .

عالەمە (ت) و (« پەراوێزی » ك) و (اح) : غالیبە . وشــکە (من) : وشك و .

(٥) شەبنم : شەونم .
واتە : لــە خەفەتی نەبینینی زۆژی وەك کــافۆر وشــك و زۆشــنی مەدینەدا لێوم وشك و بەبارە و ، لە داخی هەڵنەمژینی شەونمی شەوی وەك عەنبەر زەش و تەزیشیدا چاوم پڕە لە فرمێسك و هەمیشــە هەر ئەگریم .

طەیبە کە یەعنی طەییب و طاهیر بە ڕەوحی ڕۆح
فەرقی ئەڵێن : گڵی لە گوڵ ، ئاوی لە کەوثەرە (٦)

یەعنێ گوڵاوی قودسە گڵاوێ ڕەفع ئەکا
ئەو خاکە چاکە پاکەوو ئەو ئاوە مەطهەرە (٧)

★ ★ ★

لە کۆکردنەوەی (ڕۆژ) و (ڕۆشنی)دا تەناسوب و ، لەنێوان هەردۆ (وشك)دا جیناس و ، جیاییش هەیە چونکە دۆ جۆرە وشکیی جیاوازن . هەروا لەنێوان (ڕۆژ) و (شەو) و ، (تەڕ) و (وشـــك)دا طیباق و ، لەنێوان (شەونم) و (شەو)دا تەناسوب هەیە .

شەبنمی (عـــم) و (کم) و (گم) و (من) : شـــەونمی . شەوی (عم) : تەڕی . وەك (تۆ) : چون .

(٦) طەییب ، طاهیر : پاك و خاوێن . ڕەوح : هەناسە . ڕۆح : روح الامین ، جوبرەئیلی فریشتەی سرۆش هێنان بۆ پێغەمبەران ، یان کینایەیـــە لە پێغەمبەر (د. خ) چونکە لای ئەهلی دڵ بە(روح الارواح)ی ناو ئەبەن . کەوثەر : حەوزێکە لە بەهەشتدا .

واتە : شاری طەیبە کە تەنانەت ناوەکەشی وائەگەیەنێ بە هەناسەی پیرۆزی جوبرەئیل ، یا لە بەرەکەتی پێغەمبەرەوە پاك و خاوێنە ، ئەڵێن جیاوازیی لە شوێنانیتر ئـــەوەیە گڵی لـــە گوڵ ئەچێ و ئاوی لـــە ئاوی حەوزی کەوثەرە .

لەنێوان (طەیبە) و (طەییب) و ، (ڕەوح) و (ڕۆح) و ، (گڵ) و (گوڵ)دا جیناسی موحەڕڕەف و، لەنێوان (گڵ) و (گوڵ) و (ئاو)دا تەناسوب هەیە .

دەڵێن (عم) و (کم) و (من) : ئەڵێن . گڵی لە گوڵ ، ئـــاوی : شێوەی نۆسینی هەمۆ نوسخە دەسنۆسەکان و نوسخەکەی (عم)یش مـــەیدانی ئەوە ئەدەن ئەم ڕستەیە واش بخوێنرێتەوە : گڵی لەگەڵ ئـــاوی . بەم پێیە مەعنای نیوە بەیتەکە وای لێدێتەوە : ئاو و گڵی مەدینە لە کەوثەرەوە هاتووە . کەوثەریش کینایە ئەبێ لە بەهەشت .

(٧) گڵاوێ ڕەفع ئەکا : گڵاوێ لائەبا .ئەگەر سەگێك یا بەرازێك دەم بخەنە قاپێك یا بکەون لە کەسێك یا لە شتێك و سەگەکە یا بەرازەکە یا ئەوەی لێی‌کەوتۆن ، یەکێکیان تەڕ بێ ، ئەوە قاپەکە ، یا ئەو کەسە یا ئەو شتە ،

« نالێ » کەوا سەگی سەگی ئەو مەرز و بۆمەیە
ئەمما سەگی موعەللەمی بێ دەنگ و بێ وەڕە ، (٨)

بە گوێرەی شەرع گلاو ئەبێ و پێویستە حەوت جار بشۆررێ کە جارێکیان بە قوڕاوێکی خاوێن بێ . بەو شۆرینە ئەڵێن گلاوێ دەرکردن . گلاوێ لێرەدا کینایەیە لە گوناهبار بۆن . مەطهەر : شوێنی پاك بۆنەوەی گیانی گوناهبار لە گوناه .

واتە : مادەم گڵی مەدینە گوڵ و ، ئاوی لە ئاوی کەوثەر بێ ، دیارە گڵ و ئاوی ئەبێ بە گولاوی خوایێ و ، گلاویی گیانی گوناهبارانی پێ دەرئەکرێ و ، ئەو خاکە چاك و پاکەی مەدینە و ئەو ئاوە کەوثەرییەی ئەبن بە شوێن و هۆی پاککردنەوەی گیانی گوناهباران .

لە هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمانا وشەی (چاکە) بێ (و)ی عەطف نۆسراوە. ئێمە خۆمان بۆمان دانا ، چونکە یەکەم لە شێوەی نۆسینی کۆندا زۆر جار وائەبێ (و)ی عەطف و (ی) ئیضافە نانۆسرێن . دۆهەم لاسەنگ نەبۆنی نیوە بەیتەکەش پێویستی بەوە بۆ ، چونکە ، ئەگەر وامان نەکردایە ئەبۆ وشەی (مەطهەرە)مان بە (موطەههەرە) یا (موطەههیرە) بنۆسییایە کە هیچیان بۆ ئەم شوێنە دەسنادەن ، یەکەم لە زۆی مەعنا و دۆهەم لە زۆی لەفظەوە کە لەگەڵ زەویی تێکڕای پارچە شیعرەکەدا زێك ناکەوێ.

لەنێوان (گولاو) و (گلاوێ) و ، (ئەو) و (ئاو)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (خاك) و (چاك) و (پاك)دا جیناسی لاحیق هەیە .

زەفع (عم) و (کم) و (گم) و (من) و (ت) و (تۆ) و (عب) و (من) : دەفع. بەڵام دەفع لەم جۆرە شوێنانەدا بەکارناهێنرێ . چاکە پاکە (چر) : پاکە چاکە . مەطهەرە (چن) : میطهەرە ، بەڵام هەڵەیە چونکە ئیسمی ئالەت لە فیعلی نەجۆلاو دروست ناکرێ . (اح) و (خا) : موطەههەرە ، ئەمیش هەڵەیە وەك زۆنمان کردەوە .

(٨) مەرز و بۆم : لە دۆ وشەی (مەرز) و (بۆم) پێکهاتووە کە یەکەمیان واتە سنۆر و دۆهەمیان واتە زێ و شوێن و خاك و ولات . ئیستا تێکڕا بەمەعنا ولات و ناوچە بەکارئەهێنرێ . سەگی موعللەم : سەگی فێرکراو .

نالێ لەم بەیتەدا خۆی لە زادە بەدەر بە کەم داوەتە قەڵەم کە خۆی کردووە بە سەگی بەردەرگای سەگی ئەو ناوچەیە و ، بەوەشەوە نەوەستاوە ، خۆی کردووە بە سەگێکی بێ هەرا و قڕە و نەوەڕ .

مەعنای ئەم بەیتە لەگەڵ بەیتەکانی پاشەوەیدا دێ بە دەستەوە و ، وەڵامەکەیان لە بەیتی سیازدەهەم و چواردەهەمدایە .

فەرشی پەلاسە ، دۆشەکی خاکە ، سەرینی بەرد
بێ تۆك و ، زۆرت و قوت و ، فەقیر و قەلەندەرە (٩)

بێ تـۆکی جیفە خواری‌یو گورگین و بێ وجوود
لەم ئاو و خاکە ظاهیر و باطین موکەددەرە (١٠)

بۆنی نازناوی « نالی » لەم بەیتەدا نیشانەی دوایی هـاتنی پارچەکە نییە . بەپێچەوانەوە نیشانەی دەست پێکردنی سەرەتای بابەتێکی نوێیە لە چوار چێوەی پارچە شیعرەکەدا : نالی پێشان تەعریفی مەدینەی کرد و لێرەوە دەست ئەکا بە باسی ناچیزی و داماویی خۆی .

سەگی ــ ی یەکەم ــ (عم) و (گم) : سەگە . (گم) و (من) : سەگ . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش و بۆ خەبەری موبتەداش دەست ئەدا .

(٩) پەلاس : فەرشێکی زەنگاوزەنگە لە خوری ئەچنرێ ، کورکی نییە ، وەك سوابێ وایە . بە کراسی زبر و ئەستۆریش ئـەڵێن کـە دەروێشان لەبەری‌ئەکەن . بێ‌تۆك : کینایەیە لە هەژار و ناچیز . قەلەندەر : کەسێ هیچ پەیوەندێکی بە دنیاوە نەبێ .

لەوانەیە وشەی (قەلەندەر)لەم بەیتەدا ، نیشانەی ئەوەبێ کە نالی ژن و منالی نەبوە .

لە کۆکردنەوەی (بەرگ) و (دۆشەك) و(سەرین) و ، (خاك) و (بەرد)دا تەناسوب و ، لەنێوان (زۆت) و (قوت)دا جیناسی لاحیق هەیە .

فەرشی پەلاسە : ئـەمە تێکسـتی (عم) و (گم)ە ، (کم) و (من)یش نوسیویانە : پاسی لیباسە . نوسخەکانی‌تر هەمو نوسـیویانە : پاسی سوپاسە . مەعنای تێکستی ئەم نوسخانەمان بـۆ ڕاسـت نەکرایەوە . خاکە (خا) : خاك و .

(١٠) جیفە خواری : خواردنی مردارەوە بۆ . گورگین : گەزۆل . بێوجوود : ناچیز . موکەددەر : لێل . عاجز و خەمبار .

واتە : نالی لەم ولاتە دەر و ناو لێل و تاریکەدا ، سۆکی چاو لە دەسی ئەم و ئەو بۆنە کە وەك ئەوە وایە بنیادەم بە خواردنی مردارەوەبۆ بڕی و ، گەزۆل و ناچیز بووە کەس توخنی ناکەوێ ، چـاری نەماوە ئـەوە نەبێ سەری خۆی هەڵبگرێ و بێ بۆ لای تۆ .

ئەشگونجێ نیوەکانی ئەم بەیتە یەکی ڕستەیەکی سەربەخۆ بن . بەمپێیە مەعنای نیوە بەیتی یەکەم وا لێئـەدرێتەوە کـەوا نـالی بە ئاشکرا و بە

گەردەن کەچی قەلادەیی ژستی وەفاتە ، دێ
بۆ ژاوی بێنی ئەو دەر و دەشتە موعەططەرە (١١)

دا کۆچە کۆچە خۆڵی بەسەردا بکا بە چنگ
لەو خاکە ئەفخەرە کە هەمۆ تاج و ئەفسەرە (١٢)

نهێنێ لەم خاکە عاجز و دڵگرانە .. تاد .

لە بەراوردی ئەم بەیتەوە لەگەڵ پارچە شیعرەکەی «وەی کە ژۆزەردی مەدینە و .. تاد »دا ، وا دێتە پێش چاومان نالێ ئەم پارچە شیعرەشی هەر لەو سەردەمەدا وتبێ کە ئەوی تیا وتووە و ، ژیانی مەککەی زۆر لا تاڵ بۆبێ . بەیتی سیانزەهەمیش پشتی ئەم بۆ چۆنەمان ئەگرێ .

جیفە (کم) : حیصصە . گورگین و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : گورگین . بۆ (گورگین و) بۆ (گورگینی)یش دەستئەدا . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : گورگینی . لەم « (پەراوێزی » چن) : لەو .

ئێمە وامان بە بیردا دێ وشەی (بێتۆکی) لەم بەیتەدا لە ئەسڵدا (مەهتۆکی) بۆبێ ، چونکە (مەهتۆکی) لێرەدا باشتر دەست ئەدا و دۆبارە بۆنەوەی (بێتۆکی)یش جوان نییە .

لەم (« پەراوێزی » چن) : لەو .

(١١) قەلادە : گەردنبەند . ژست : پەتی گەردنبەند . موعەططەر : بۆنخۆش .

واتە : وەفا و من لە یاد نەچۆنەوەت بووە بە گەردنبەند و کراوەتە ملم و ، بە پەتیەوە بەسراوەمەتەوە و ملکەچیمی ، بۆیە وا دێم بۆ لات ، تا وەك سەگی بۆزەن ، ژاوی بۆنی خۆشی ئەو دەر و دەشتە بۆن خۆشە بکەم .

ژستی (چن) : ژستەی . (کم) : ژەستی . ژاوی بێنی : ئەمە تێکستی (خا)یە . (چر) و (چن) و (گم) : ژاوی بەینی . (تۆ) و (عب) : ژاوە بێنی . بەپێی نوسخەکانیتریش بۆ هەردۆ جۆرەکە دەست ئەدا .

(١٢) دا : تاوەکو . کۆچە : کۆڵان . ئەفخەر : پڕ شانازێ و شکۆ . ئەفسەر : کڵاوی شاهانە .

واتە : بۆیە دێ تا کۆڵان بە کۆڵانی ئەو ولاتە پیرۆزە بگەڕێ و خۆڵی ئەو خاکە پڕ شانازییە بکا بەسەریا کە هەمۆی وەك تاجی شاهێ وایە .

لەنێوان (ئەفخەر) و (ئەفسەر)دا جیناسی لاحیق هەیە .

(کهف الأنام)ی هیجرەتی ئەصحابی بێ زۆقوود !
بیکە بە خاکی خادیمی قیطمیری ئەو دەرە (١٣)

بەڵکو لە فەزڕی طەیبە کە طیبی پەیەمبەرە
ساکن ببێ گەزۆڵییی ئەو کەلبە بێ فەزە (١٤)

★ ★ ★

دا (عم) و (گم) : تا . خۆڵی : (چر) و (خا) و (من) : سیرە . (ك) و (تۆ) و (عب) و (اح) : سیر . بەداخەوە مەعنای هیچکام لەم دۆ وشەیەمان بۆ زاست نەکرایەوە و بۆ (سێر)ی بەمەعنا (تێر) و (سەیر)ی بەمەعنا (زۆیشتن)یش دەستیان نەئەدا .

لەو خاکی ئەفخەرە (عم) و (کم) و (گم) و (من) : لەو خاکی فەخرەدا . هەمۆ (چن) و (عم) و (کم) و (گم) : هەمۆی .

(١٣) کهف الانام : ئەشکەوتی پەناگای خەڵك . هیجرەت : کۆچ . ئەصحاب : یاران . زۆقوود : خەو ، زاکشان . قیطمیر : ناوی سەگەکەی ئەصحابولکەهفە .

نالێ لەم بەیتەدا بە ئیقتیباس لە سەرگوزەشتەی (اصحاب الکهف)ەوە کە حەوت کەسی مەسیحێ بوون ، بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام ، لە سەردەمی دەقیانۆسدا ، لە ترسی بتپەرستان پەنایان بردووەتە ئەشکەوتێك و لەوێ خەویان لێکەوتووە ، پاش سێصەد ساڵ خەبەریان بووەتەوە، هەروەها بە ئیقتیباس لە کۆچکردنی ئەصحابەی پێغەمبەرەوە بە شەونوخونییەوە لە مەککەوە بۆ مەدینە ، زۆی دەمی ئەکاتە پێغەمبەر و پێیئەڵێ ئەی ئەوکەسەی کە وەك ئەشکەوتی پەناگای هەمۆ ئادەمیزادی نەك تەنها هیی (اصحاب الکهف) و ، ئەصحابە شەونوخونێ کێشەکانت کۆچیان کردە لات ، کە ئەوان وەك (اصحاب الکهف) نەبۆن خەو بییان باتەوە بە لادا ، نالێ بکە بە خۆڵی بەرپێی خزمەتکاری سەگی بەردەرگای خۆت ..

کهف الانام (چن) و (« پەراوێزی » ك) : کهف الامان .

(١٤) واتە : بەڵکو ، لە فەڕ و بەرەکەتی مەدینەوە کە جێگای بۆنی خۆشی تۆیە ، گەزۆڵیی ئەو سەگە گەزاڵە بێ فەزە دامرێتەوە و چاك ببێتەوە .

مەشهۆرە سەگی گەزۆڵ خۆی لەناو گڵدا ئەگەوزێنێ بۆئەوەی ئاڵۆشی

پەیغامبەر و حەبیبی خودا ، (خاتَمُ الرُّسُل)
ڕەوضەی لە ئەرض و سایە لەسەر چەرخی ئەخضەرە (١٥)

قەت سێبەری دەبێ لەسەر ئەم ئەرضە فانییە
ئەو تاقە نەخلی عەرشە کە طوبایی سێبەرە ؟! (١٦)

دابمرێتەوە و چاك ببێتەوە .

گەرۆڵییی ئەو کەلبە (عم) و (گم) : لە غەم دڵی ئەم بەندە. ئەو : (عب) و (من) : ئەم .

(١٥) پەیغامبەر : پەیامبەر ، پێغەمبەر . سایە : سێبەر . چەرخی ئەخضەر : ئاسمانی سەوز .

نالێ لەم بەیتەوە ئەکەوێتە تەعریفکردن و پیاهەڵدانی پێغەمبەر (د. خ) و ئەڵێ : پێغەمبەر ئەوکەسەیە کە نامەی خوای هێناوە بۆ ئادەمیزاد و خۆشەویستی خوایە و دوا ئەڵقەی زنجیری پێغەمبەرانە ، مەرقەدی لە زەویدایە ، تیا ڕاکشاوە ، کەچێ بە ڕاکشاویشەوە سەری ئەوەندە بەرزە بەسەر ئاسمانی سەوزدا سێبەری کردووە .

پەیغامبەر و (عم) و (من) : پەیغامبەری . سایە لەسەر (ت) : سایەیی سەر . (اح) : سایە سەری .

(١٦) فانێ : فەوتاو . نەخل : دار خورما . طوبا : شجرة الطوبی ، درەختی طۆبا ، درەختێکە لە بەهەشتدا .

لە کتێبەکانی سیرەتی پێغەمبەردا نۆسراوە کەوا پێغەمبەر سێبەری نەبوە . نالییش بیری ئەم بەیتەی لەو وتەیە وەرگرتووە و ئەڵێ : پێغەمبەر ئەو دار خورمایەیە کە وا لە عەرشی خوادا و ئەوەندە پایە بڵندە تەنانەت درەختی (شجرة الطوبی)ی بەهەشتیش لەژێر سایەی ئەودایە ، ئیتر ئەوێ کە پایەی ئەوەندە بڵند بێ ، چۆن ئەبێ سێبەری لەم دنیا سەرەنجام فەوتاوەدا هەبێ ، چونکە ئەگەر سێبەری هەبێ ، دیارە سێبەرەکەی بەسەر زەوییەوەیە و ، کە زەوێ فەوتا ئەبێ سێبەرەکەی ئەویشی لەگەڵدا بفەوتێ و ، ئەوەش لەگەڵ شان و شکۆی ئەودا ناگونجێ .

دەبێ (عم) و (کم) و (من) : ئەبێ . ئەرضە (چر) و (تو) و (عب) و (خا) : خاکە .

ئەو سێبەرە کە قوبەیی فیردەوسی باقییە
ئەو سێبەرە کە خێوەتی صەحرایی مەحشەرە (١٧)

ئەو سێبەرە کە عالەمی عولوێ لە تۆرییە
شەمس و نوجۆم و هەرچی لەواندا موقەڕڕەڕە (١٨)

ئەو سێبەرە کە مەظهەری حوببی خودایییە
کەنزی موطەلسەمی نەظەری حەییی ئەکبەرە (١٩)

جێ بازی مەقدەمی شەوی قەدر و مەعاریجی
سەربانی عەرش و کورسیی‌یو جوبریلی شەهپەڕە (٢٠)

---

(١٧) قوبە : گومەز . فیردەوس : بەهەشت .
واتە : سێبەری پێغەمبەر ئەو سێبەرەیە کە بووە بە گومەز بەسەر بەهەشتی هەرگیز نەفەوتاوەوە و ، بووە بە دەوار بەسەر ئەو هەمۆ خەڵکەدا کە لە بیابانی مەحشەردا کۆئەبنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ، ئیتر سێبەری وا چۆن بۆ ئەم دنیایە ئەشێ و چۆن لەوانەیە بفەوتێ ؟!

(١٨) عالەمی عولوێ : جیهانی بالآ ، مانگ و خۆر و ئەستێرەکان . نوجۆم : ئەستێرەکان . موقەڕڕەڕ : بڕیار دراو . جێگیر کراو .
واتە : سێبەری پێغەمبەر ئەو سێبەرەیە کە ڕۆژ و ئەستێرەکان و هەرچییان تیایە ، لە تیشکی ئەو پەیدا بوون .. چەند جوانە سێبەر کە خۆی نەبۆنی ڕۆناکییە ، ببێ بە سەرچاوەی هەمۆ ڕۆناکییەك .
ئەو سێبەرە (کم) و (من) و (تۆ) و (عب) : ئەو سێبەرەی .

(١٩) مەظهەر : شوێنی دیاریدان . کەنزی موطەلسەم : گەنجینەی تەلیسماوێ . نەظەر : تەماشا . حەیی ئەکبەر : ئەوەی نامرێ و لە هەمۆ کەسێ و لە هەمۆ شتێ گەورەتر ، خودا .
واتە : سێبەری پێغەمبەر مەیدانی دەرکەوتنی خۆشەویستیی خوایە بۆی و ، ئەو گەنجینە ئەفسۆناوییەیە کە بەر بۆ ڕۆانینی لوتفی خوا کەووە .
حوببی (چن) : لوطفی . (ت) و (ك) و (اح) : سیڕڕی .

(٢٠) مەقدەم : هاتن . شەوی قەدر و مەعاریج : شەوی ڕێزلێگرتن و سەرکەوتن بۆ ئاسمان . شەهپەڕ : شاپەڕ .

دنیای چلۆن دەوێ کە بە قەد هیممەتی نەکرد
ئەم خەلعەتە کە ئەتڵەسی نۆ چەرخی ئەستەرە (٢١)

واتە : ئەو شوێنەی پێغەمبەر لە شەوی ڕێز لێگرتن و سەرکەوتنا بۆ ئاسمان هەنگاوی بۆ هەڵهێنایەوە ، سەربانی عەرش و کورسێ و سەرشانی جوبرەئیل بۆ کە لەناو فریشتەکانا وەك (شاپەڕ) وایە لەناو پەڕەکانی پەلەوەرەکاندا .

وشەی (سەرشان)مان لەوەوە هێناوە کە لە شەوی میعراجدا جوبرەئیل لەگەڵ پێغەمبەردا بووە، بەڵام ئەو تادوایێ لەگەڵی نەماوەتەوە. لەو شوێنەیدا کە بۆی دیارێ کراوە وەستاوە و پێغەمبەر بەتەنها خۆی ڕۆیشتووە و سەرکەوتووە و جوبرەئیل لەخواریەوە ماوەتەوە ، کەواتە سەرشانی کەوتووەتە ئاستی ژێرپێی پێغەمبەرەوە .

ئەم بەیتە ئیشارەتە بە ڕازی میعراج . لەبەرئەوە مەبەست لە (شەوی قەدر) گەیاندنی مەعنای (لیلة القدر) نییە کە شەوە تاکەکانی سێیەکی سێیەمی مانگی ڕەمەزانە . بەڵام دیسان دانانەکەی لەگەڵ وشەی (مەعاریج) کە ئیشارەتە بۆ (شەوی میعراج) شتێکی جوانە .

جێ (چر) و (عب) و (من) : جێی . بازی (چر) و (عب) و (تۆ) باز و . (چن) : باز . بۆ (باز و) و بۆ (بازی)یش دەست ئەدا . شەوی قەدر و (چن) و (ت) و (ك) و (تو) و (اح) و (خا) : شەوی قەدری .

(٢١) خەلعەت : خەڵات . ئەتڵەس : جۆرە قوماشێکە . نۆ چەرخ : حەوت ئاسمانەکە و مانگ و ڕۆژ . ئەستەر : مەعنایمان بۆ ساغ نەکرایەوە . لەوانەیە صیغە موبالەغەی (ستر) بێ واتە ئەوەی پتر دابپۆشێ .

واتە : پێغەمبەر دنیای چۆن ئەوێ ، لەکاتێکا کە خوا قوماشی ئەتڵەسی هەر حەوت ئاسمانەکە و مانگ و خۆری کرد بە خەڵاتی ، کەچێ هێشتا کورت و تەسکتر بۆ لەوەی بە بەری هیممەتی بەرزی ئەودا بێتەوە .

سەرچاوەی بیری ئەم بەیتە لەوەوە هاتووە کە سیرەت نۆسان نۆسیویانە خوا لە شەوی میعراجدا پێغەمبەری کرد بە سەرپشك ، لە سامان و دارایی دنیا چیی ئەوێ هەڵیگرێ بۆ خۆی ، بەڵام ئەو هیچی نەویست و تەنها داوای پایە بڵندیی ئەو دنیای کرد .

دەوێ (من) : ئەوێ . ئەم (چر) و (خا) : ئەو . نۆ (چر) و (کم) و (من) و (خا) : نەو . ئەستەرە (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : ئەخضەرە . ئێمە (ئەستەرە)مان دانا چونکە (ئەخضەرە) جارێکی‌تریش وتراوە .

تەشبیهی حوسنی فائیقی ، ئاخر ، بە چێ بکەم !
نۆری سونۆحی طەلعەتی صەد لەوحی ئەنوەرە (٢٢)

مەعلۆمە چونکی جەمعی ژۆسول موقتەبیس لەون
یۆسف یەکێ لەوانە کە سەرلەوحی دەفتەرە (٢٣)

گوفتاری نۆشی شاهیدی صەد شەهدی فائیقە
ژۆخساری خۆشی (اَظْهَرُ مِنْ) شەمسی ئەنوەرە (٢٤)

---

(٢٢) سونۆح : لاکردنەوە . طەلعەت : ژۆ . لەوح : هەر شتێکی پانتایی‌دار . ئەنوەر : ژۆناکتر .

واتە : نازانم جوانیی لەژادەبەدەری ئەو بە چێ بشوبهێنم . تەنها تیشکی لاکردنەوەیەکی ژۆی ئەو ، ئەوەندەی صەد تەختەی زۆر ژۆناك ژۆشنە .

(٢٣) موقتەبیس : ئەوەی (قەبەس) وەربگرێ . قەبەس : دەسەچیلە ، چەپکێك پۆش یا چیلکە بنرێ بە ئاگرێکەوە تا داگیرسێ و ببرێ لە شوێنێکی‌تر ئاگری پێ بکرێتەوە .

واتە : ئەوەی کە وتم ژاست و ئاشکرا و دیاریە ، چونکە هەمۆ پێغەمبەرەکان نۆریان لە نۆری پێغەمبەرەوە وەرگرتووە و ، یۆسف کە ناوی لە ژیزی پێشەوەی دەفتەری جواناندا نۆسراوە ، یەکێکە لەو پێغەمبەرانە .

کە (ك) و (اح) : لە .

(٢٤) نۆش : ئەوەی خواردنەوەی خۆش و بێگرێ بێ . شەهد : هەنگوین .

واتە : قسەی لەگوێدا خۆش و بێگرێی ، بۆ ئەوە ئەشێ شایەتیی شیرینێ بۆ صەد هەنگوینی زۆر چاك بدات . ژۆخساری خۆش و باشیشی لە ژۆژی ژۆناك ئاشکرا و دیاری‌تر .

ئەشگونجێ (شاهید) بە (یار) مەعنای لێبدرێتەوە و ، بەوپێیە مەعنای نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە بەمجۆرە بێ کەوا : قسەی لەگوێدا خۆش و بێگرێی ، وەك یار و مەعشۆقە وایە بۆ صەد هەنگوینی زۆر شیرین .
واتە : تەنانەت هەنگوینیش بەو شیرینییەی خۆی دڵی لە شیرینیی ئەو ئەچێ .

لەنێوان (نۆشی) و (خۆشی)دا جیناسی لاحیق و، لەنێوان (شاهیدی) و

ئەو شاهی ماهی میسرە ، ئەهالێ لە ژێی سوجوود
قورئان دەڵێ کە بەندە ئەمەو بەندە پەروەرە (٢٥)

ئەو دێ دەبا بە کەشمەکەش ، ئەم دێ دەبا بە لوطف
ئەو شاهی دڵبەرە ، نە شەهەنشاهی دڵدەرە (٢٦)

(شەهدی)دا جیناسی ناقیص هەیە .
نۆش و خۆش (« پەراوێزی » چر) و (خا) : نۆشە و خۆشە .
بەڕای ئێمە جێگای ڕاستەقینەی ئەم بەیتە لەپێش بەیتی پێشووەوەیە.

(٢٥) ماه : شار (وشەیەکی کۆنی زمانی پەهلەوییە) . سوجوود : جەمعی (ساجید)ە واتە سوجدەبەر . ئەمەو : ئەم ، ئەو .
واتە : حەزرەتی یوسف پادشای وڵاتی میسر بۆ و خەڵکی لەڕێگادا ئەوەستان ڕێزیان ئەبەست و سوجدەیان بۆ ئەبرد ، بەپێی فەرمودەی قورئان بەندە و زەڕخڕیدی عەزیزی میسر بۆ . ئەمیش ، واتە پێغەمبەری موسوڵمانان ، بەندە پەروەر بۆ ، هەرچێ بەندەیەکی دەستکەوتایە ئازادی ئەکرد . کەواتە ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی گەورەیی پێغەمبەری ئیسلام لەچاو حەزرەتی یوسفدا .
ئەم بەیتە ئیشارەتە بۆ بەسەرهاتەکەی یوسف کە براکانی بردیان خستیانە ناو بیرێك و هاتنەوە بۆ ماڵ بە باوکیان وت کەوا یوسف گورگ خواردی و ، پاشان کاروانچێ لەناو بیرەکەدا دۆزییانەوە و بردیانە میسر لەوێ فرۆشتیان و عەزیزی میسر کڕیی بۆ خزمەت کردنی ژنەکەی خۆی .. تاد .
لەنێوان (شاه) و (ماه)دا جیناسی لاحیق و تەناسوب هەیە .
لە ژێی : ئەمە تێکستی (چر) و (عب)ە . نوسخەکانیتر هەموو نوسیویانە : (لە ژێ) ، بەڵام دیارە مەبەستیان (لە ڕێی)ە و ژێنوسیان ناتەواوە . ئەمەو ــ ئەم ، ئەو ــ : ئەمە تێکستی (چر) و (تو) و (خا)یە . (چن) و (ك) و (عب) : بەندە ئەم و ، واتە واوەکە واوی عەطف بێت . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : بەندەیی ئەم . (ت) و (اح) : بەندە ئەم و یا بەندە ئەمەو ــ ئەم ، ئەو ــ .

(٢٦) واتە : حەزرەتی یوسف دێ بە کێشمەکێش دڵی خەڵك ئەبا بۆ خۆی و ، پێغەمبەری موسوڵمانانیش دڵی خۆییان ئەداتێ و بە قسەی خۆش دڵیان

ئەفرادی مورسەلین هەمۆ یەك ژازە ، ئام کەلام
لەم جێگەدا بزانە موقەددەم موئەخخەرە (٢٧)

شوبهەی نییە کە شەمس و قەمەر سێیەری ئەون
نیسبەت بە هەردو وەجهی وەکۆ نۆر و سێیەرە (٢٨)

ژائەکێشێ . بەڵێ ، حەزرەتی یۆسف شای دولبەرانە و وەك پێغەمبەری ئێمە شای دڵدەران نییە .

نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە ئیشارەتە بە کێشمەکێشەکەی نێوان زولەیخای ژنی عەزیزی میسر و حەزرەتی یۆسف کە ئایەتی « وَهَمَّتْ بِهِ وهَمَّ بها ، لولا انْ رأی بُرْهانَ رَبّه » باسی لێئەکا . نیوەی دۆهەمیشی ئیشارەتە بە دۆ ئایەتی « وَاِنَّكَ لَعَلی خُلُقٍ عَظِیمٍ » و « لَوْ کُنْتَ فَظًّا غَلیظَ القَلْبِ لاَنْفَضُّوا مِنْ حَولِكَ » لە باسی خۆ و ژەوشتی پێغەمبەردا .

دەبا ــ هەردوکیان ــ (عم) و (کم) و (گم) و (من) : ئەبا . (چر) و (ت) و (اح) : دەبێ .

(٢٧) ژاز : قسە . ئامکەلام : هاودەنگ . موقەددەم : پێش‌خراو . موئەخخەر : دواخراو .

واتە : یەکە یەکەی پێغەمبەران هەمۆ یەك قسە و هاودەنگن کەوا ئەبێ بزانرێ لەو شوێنەدا کە پێغەمبەران هەمۆ کۆببنەوە ، ئەوەیان ئەکەوێتە پێشی هەمۆیانەوە کە لەپاشی هەمۆیانەوە دێ .

یەك‌ژازە ئام کەلام («پەراوێزی» چر) : یەك زارە ، ئەم کەلام . مەعنای بەیتەکە بەمجۆرە وای لێدێتەوە کەوا یەکە یەکەی پێغەمبەران هەمۆ بریتین لە زمانێك و پێغەمبەری ئیسلامیش قسەی ئەو زمانەیە ، ئەمەش بۆیە وایە چونکە لە مەیدانێکا کە پێغەمبەرانی هەمۆ تیا خڕبۆبنەوە ، ئەوەیان ئەکەوێتە پێشی هەمۆیانەوە کە لەپاش هەمۆیانەوە هاتبێ . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : یەك ژاز و هەم‌کەلام .

(٢٨) واتە : گومان لەوەدا نییە کە ژۆژ و مانگ سێیەری پێغەمبەرن چونکە ژۆشنایی بەوپێیە کە سێیەری نییە ، سێیەرەکەی ئەبێ ژۆشنایی بێ و ، ژۆی پێغەمبەر بەنیسبەت هەرکام لە ژۆژ و مانگەوە وەکو ژۆشنایی وایە لەگەڵ سێیەردا .

ئەم بەیتە ئیشارەتە بە حەدیثی قودسیی (لَوْلاكَ ، لَوْلاكَ ، لَما

بورهانه صۆرەتی بەشەرێ چونکە تۆرە ، تۆر
بێ ظیللە ، ماسیوای بە دۆ نیسبەت موعەببەرە (٢٩)

واقیف بە هەرچی کەتمی خەبایایی ماضییە
عالیم بە هەرچی دێت و دەبێت و موقەددەرە (٣٠)

ئەو ڕۆی لە کەعبە ، کەعبە بە ڕۆی ئەو موشەڕڕەفە
یەعنی جەبینی قیبلە وو میحراب و مینبەرە (٣١)

★ ★ ★

خَلَقْتَ الافلاك) ، واتە : ئەگەر تۆ نەبۆیتایە ئاسمانەکانم دروست نەئەکرد .

شوبهەی (ت) و (تو) و (عب) و (اح) : شوبهە .

(٢٩) بورهان : بەڵگە . صۆرەتی بەشەرێ : وێنەی ئادەمیزاد . ظیلل : سێبەر . ماسیوای : لەو بەولاوە . موعەببەر : تەعبیر لێدراوە ، ڕۆن‌کراوە .

ماسیوا (عم) و (کم) و (گم) و (من) : ماسیوای .

(٣٠) واقیف : ئاگادار . کەتم : شاردنەوە . خەبایا : شاردراوە .

واتە : پێغەمبەر ئاگادارە لە هەرچێ ڕاز و نهێنیی شاردراوەی ڕابووردووە و ، هەرچییش لەمەولا ڕۆئەدا بە هەمۆی ئەزانێ .

ئەمەی نالێ ئەڵێ ، مەگەر لە چوار چێوەی زیادەڕەویی شاعیرانا جێی بکرێتەوە ، ئەگینا لەگەڵ ڕێبازی ئایین‌دا یەك ناکەوێ و ، بەگوێرەی ئایینی ئیسلام هەر خوا هەیە سنۆری ئاگاداریی ئەوەندە بەدەرەتان بێ . موقەددەرە (تو) : موقەڕڕەڕە .

(٣١) جەبین : تەوێڵ .

واتە : خەڵك لەبەر پیرۆزیێ ڕۆ ئەکەنە کەعبە و لە نوێژدا ئەیکەن بە قیبلەی خۆیان و پێغەمبەریش لە ژیانیا هەروا بووە و ئیستاش لە قەبرا هەر ڕۆ لە قیبلەیە ، بەڵام ڕاستەکەی کەعبە بە ڕۆ تێکردنەکەی پێغەمبەر شەرەفمەند بووە ، چونکە ئەگەر کەعبە تەنها قیبلە بێ ، پێغەمبەر تەوێڵی قیبلەیە و بڕۆکانی میحرابی مزگەوتن و نێوان بڕۆکانیشی مینبەری مزگەوتەکەیە .

با بێینه سەر وەجاهەتی قەدری لەکن خودا
بۆ عاصییان لە مەغفیرەت و صەرفی مەغفیرە (٣٢)

ڕەحمەت بە حوسنی صۆرەتی ئینسان ظوهۆری کرد
(خَیْرُ الْبَشَر) لەقەب بە شەفاعەت موبەششەرە (٣٣)

لەنێوان (کەعبە) و (قیبلە) و (میحراب) و (مینبەر) و ، لە کۆکردنەوەی (ڕۆ) و (جەبین)دا تەناسوب هەیە .

بە ڕۆی ئەو (تو) : بە ڕۆیی .

(٣٢) وەجاهەت : شوێن و پایە . عاصییان : گوناهباران . مەغفیرەت : لە گوناە خۆشبوون . صەرفی مەغفیرەت : جێبەجێکردنی لێخۆشبوونەکە .

واتە : پاش باسی گەورەیی پێغەمبەر ، با بێینە سەر باسی ڕۆی و شوێنی پایەی لای خوا بۆ داوای لێبوردنی گوناهباران و لێبوردنی خوایش لەوان .

وەجاهەتی (عم) و (کم) و (گم) و (اح) و (من) : وەجاهەت و . (ت) و (ك) و (تو) و (عب) : وەجاهەت . (وەجاهەت و) و(وەجاهەتی)یش هەڵئەگرێ . قەدری (عم) و (کم) و (گم) و (من) : قەدرت . مەغفیرەت و (ت) و (ك) و (اح) : مەغفیرەت . (مەغفیرەت و) و (مەغفیرەتی)یش هەلئەگرێ .

(٣٣) حوسنیصۆرەت : جوانیی شێوە . خیر البشر : چاترینی ئادەمیزاد . موبەششەر : مژدە پێدراو .

واتە : ڕەحمەتی خوا بۆ بەرەی ئادەمیزاد لە شێوەی جوانی ئادەمیزاددا دەرکەوت کە پێغەمبەرە . پێغەمبەرێ کە لەقەبی چاترینی ئادەمیزادی هەیە ، مژدەی ئەوەی دراوەتێ کە شەفاعەت بۆ گوناهبارانی ئوممەتەکەی ئەکا و خوایش لێیان خۆش ئەبێ .

ئەم بەیتە ئیشارەتە بە ئایەتی (وَ ما اَرْسَلْناكَ اِلاّ رَحْمَةً لِلْعالَمِینَ) . واتە : تۆمان بە هیچ جۆرێ نەناردووە بەوە نەبێ کە ڕەحمەتی بۆ هەمۆ جیهان .

صۆرەتی (عم) و (کم) و (گم) : سیرەتی . لەقەب : (عم) و (گم) : کەوا . موبەششەرە (عم) و (کم) و (گم) و (من) : موخەییەرە .

موژده له عاصییان که ئەو ئیقبالی ڕەحمەتە
ئیسمی ڕەحیم و غەوث و شەفیع و موخەییەرە (٣٤)

★ ★ ★

ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیکسیری قەلبی خاك !
بنوازە حاڵی هالیکی ئەم خاکە ئەحقەرە (٣٥)

---

(٣٤) ئیقبال : ڕۆکردن ، هاتن . غەوث : فریادڕەس . شەفیع : شەفاعەتکەر : موخەییەر : سەرپشك . ئارەزۆ دراوە دەست .

واتە : مژدە بێ لە گوناهباران کەوا هاتنی پێغەمبەر واتە هاتنی ڕەحمەتی خوا . پێغەمبەر ، لەبەرئەوە کە ڕەحمەتی خوایە بۆ موسوڵمانان ، ناوی (بەڕەحم) ە و (فریادڕەس) و (شەفاعەتکەری ڕۆژی قیامەت) و (ئارەزۆ بەدەست) بۆ ڕزگارکردنی هەرکەس کە بییەوێ .

غەوث و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : غەوثە .

(٣٥) مایە پەروەر : ئەوەی کە مادەکان پەروەردە ئەکات . ئیکسیر : زاراوەیەکی کیمیایی کۆنە ، بە گەوهەرێك وتراوە چییەتیی تەنێکی گۆڕیوە بە چییەتییەکی تر ، وەك ئەوە کە جیوە بکا بە زیو و مس بکا بە زێڕ .. تائیستا لە زانستدا شتیوا نەدۆزراوەتەوە . قەلب : گۆڕین . هالیك : فەوتاو . ئەحقەر : زۆر سۆك و بێبایەخ .

واتە : ئەی پێغەمبەرێ کە وەك ڕۆژی مایە پەروەردەکەر وایت بۆ پەروەردە کردنی دەروونی خەڵك و ، ئەی ئەوکەسەی وەك ئیکسیر وای ، خاك وەرئەگێڕێتەوە و ئەیکەی بە زێڕ ! سەیرێکی حاڵی فەوتاوی منیش بکە کە ئەوەندەی خاك بێبایەخ و سۆکم ، پاکم کەرەوە لە چڵکی گوناه و بمکە بە زێڕ . یان سەیرێکی حاڵی فەوتاوی ئەم ولاتە بێبایەخە بکە و بیکە بە ولاتێکی پیرۆز و پایە بڵند .

بە بۆچوونی ئێمە وشەی (هالیك) هەڵەی نوسیارانە و ڕاستەکەی (حالیك) بووە واتە تاریك .

پەروەری (چن) و (اح) : پەروەر و . (ت) و (ك) و (تو) و (عب) : پەروەر . بۆ (پەروەر و) و (پەروەری)یش دەستئەدا . ئەم (تو) : ئەو .

حیفظت شەبان و ، ئێمە ژەمە و ، ئەو لەعینە گورگ
ئەم نەفسە گورگە مێشە لەگەڵ ئەو بەد ئەختەرە ، (٣٦)

دائیم لە جەنب و خوار و کەمیندا بە ژۆژ و شەو
بۆ فرصەتە لە ژێگەیی ئیمانی ئەم مەژە (٣٧)

ئێمە بەقیعی غیرەتی تۆمان حەظیرەیە
ئەم نەفسە گورگە مێشە شەیاطینی عەسکەرە (٣٨)

---

(٣٦) شەبان : شوان . ژەمە : ژەوگ ، گەلە . لەعین : مەلعۆن ، دوور لە ژەحمەتی خودا . گورگەمێش : گورگ لە پێستی مەژدا . بەد ئەختەر : بەد ئەستێرە ، چارە شوم .
مەعنای ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی پێکەوەدێ .
شەبان (چن) و (گم) : شوان . ژەمە و (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) : ژەمە .

(٣٧) جەنب : لا ، تەنیشت . خوار : نزم . کەمین : سپێر ، ئەو شوێنەی تفەنگچی خۆی تیا حەشار ئەدا بۆ تەقە .
واتە : ئەی پێغەمبەری خودا ! پارێزگاریی تۆ شوانی ئێمەیە و ، ئێمەیش مێگەلین و ، شەیتانیش وەك گورگ وایە لە مەلاسدایە و ، نەفسی بەدکرداریش کە وەك گورگە لە پێستی مەژدا ، بووە بە دزدەسەکی شەیتانی شوم و ، لەگەڵ ئەودا شەو و ژۆژ لە لاوە و لە خوار و لە سپێردا خۆی مات کردووە بۆ فرسەتێ ئەگەژێ بتوانێ ژێگە بە مەژی ئیمانمان بگرێ و لە خشتەمان بەرێ و بیبا .
لە کۆکردنەوەی (شەبان) و (ژەمە) و (گورگ) و (گورگەمێش)دا تەناسوب هەیە .
جەنب و خوار و (چن) : جەنبی خوار و . (عم) و (کم) و (گم) : جەنبی خواری . (ت) و (ك) و (تو) و (اح) : جەنب خوار . هەرکام لە دۆ وشەکە بۆ ئەوە دەست ئەدەن (و) یا (ی)یان لەسەر دابنرێ . (عب) و (من) : جەنب و خواری .

(٣٨) بەقیع : جنة البقیع . حەظیرە : پەچە ، مۆلگە .
واتە : شوێنی حەسانەوە و مۆلگەی مێگەلی ئێمە ، بەقیعی غیرەتی تۆیە و ئێمە لە پەنای غیرەتی تۆداین . نەفسی گورگ ژەوشتیشمان کە لە پێستی مەژدایە ، شەیتانەکان جەندرمە و سەربازینی ، جا ئەگەر

خۆی کردووه به گەورەوو قەڕڕاڵی مولکی تەن
پشت و وەزیری ئەو سەگە دەججالی ئەعوەرە (٣٩)

قوربان ! دەخیلی حەلقەیی شوبباکی ڕەوضەتم
سێ ئیلتیجام هەیە ، کە لەگەڵ ئەو دووەم شەڕە (٤٠)

پەنامان نەدەی ئەفەوتێین و ئەخورێین .

ئەم بەیتە لە (عم) و (کم) و (گم) و (من)دا نییە .

حەظیرە : لە هەموو نوسخەکانی بەردەستمانا نوسرابو (خەطیرە) . ئاشکرایە نوسیارەکان یا پەنجەیان باش دانەناوە و نوختەکە لای‌داوە ، یا مەعنای وشەکەیان نەزانیوە .

لەنێوان وشەی (حەظیرە) و (عەسکەر)دا تەناسوب هەیە چونکە (عەسکەر)یش لە (حەظیرە)دا ئەحەوێنەوە .

(٣٩) قەڕڕاڵ : قەڕاڵ ، پادشا . پوشت : پشت و پەنا . دەججال : هەڵخەڵەتێن و درۆزن . کابرایەکی ساختەچییە بەر لە قیامەت پەیدا ئەبێ و خەڵکێکی زۆری پێ هەڵئەخەڵەتێ و پاشان لەسەر دەستی موحەممەدی مەهدیدا ئەکوژرێ ... ئەڵێن یەك چاویشی هەیە . ئەعوەر : یەك چاو .

واتە : نەفسی بەدکردار بووە بە پادشای ولاتی لەشم و ئەندامەکانی لەشم گشت بە ئارەزۆی ئەو ئەجۆڵێنەوە و کردارم هەموو بە ئارەزۆی ئەوە . شەیتانی کوێری مەلعۆنیش کە وەك دەججاڵ وایە ، پشت و پەنا و ڕاوێژکەر و وەزیریەتی .

نالێ مەبەستی بووە وشەی (پوشت) کە جاران بە (پشت) ئەنوسرا و بۆ (پشت)یش و بۆ (پوشت)یش دەستئەدا ، مەعنای هەردوو وشەکە بگەیەنێ .

پشت و وەزیری (چر) و (خا) و (اح) : پوشتی وەزیری . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : پشتی وەزیری . (عب) : پشت وەزیر . بۆ هەموو ئیحتیمالەکان دەست ئەدا .

(٤٠) دەخیل : پەنا هاوردوو . شوبباك : پەنجەرە . شیش‌بەند ، چوارچێوەیەکی ئاسنی تانوپۆیی کون‌کونی سەر بەرەڵلایە ، بەسەر قەبری پیاوچاکانیەوە دائەمەزرێنن بۆئەوەی کەس پێ نەنێتە سەر قەبرەکە خۆی . ئیلتیجا : پەنا ، هاوار . تکا .

ئەووەڵ لە ئیلتیجام ئەوەتە ئەی غەیۆری دین
حاضر ببێ لە کەشمەکەش و شۆڕی غەرغەرە (٤١)

گۆچانی غیرەتت لە ملمدا موعەوذە بێ
تا موژدە دێ کە تۆری یەقینم موظەففەرە (٤٢)

واتە : قوربان ! دەسەودامێنی شیش‌بەندی سەر مەرقەدت بم .. پەنام پێ‌هێناوی ، لەگەڵ سەگی نەفس و لەگەڵ شەیتان لە هەرادام ، سێ تکام لێت هەیە ، بگەرە فریام .

تکاکانی لە بەیتەکانی پاشەوەدا ڕۆن ئەکاتەوە .

دووەم (چن) : عاقیبەت . بەمپێیە واتە : سێ تکام هەیە چونکە (ئەگەر هاوار نەهێنمەلات) ئەنجامم لەگەڵ نەفسدا خراپ ئەبێ و عاقیبەت شەڕ ئەبم .

(٤١) غەیۆر : بەغیرەت . کەشمەکەش : بگرە و بەردە ، کێشمەنکێش . شۆڕ : هەرا و زەنا . غەرغەرە : کاتی گیانەلاّ ، دوا قۆناغی ژیان و سەرەتای مەرگ .

واتە : تکای یەکەمم ئەوەیە لێت ، ئەی خاوەن غیرەت لەئاستی مەسەلەی دینا کە ناتەوێ کەسێ لەوانەی شوێنت کەوتۆن بێئیمان بمرێ، لە هەرا و بگرە و بەردەی کاتی گیانەلاّ و مالاّوایی ئەم دنیایەمدا حازر بی‌و نەهێڵی شەیتان سەلبی سەرەمەرگم بکا . مەشهۆرە شەیتان لە کاتی سەرەمەرگدا بە هەمۆ جۆرێ ئەیەوێ بنیادەمی موسوڵمان هەڵخەڵەتێنێ و کارێ بکا بە بێئیمان کۆچی دوایێ بکا .

لە ـ ی یەکەم ـ : ئەمە تێکستی نوسخەی (ت)یە . (چر) و (اح) و (من) : کە . نوسخەکانی‌تر هیچیان دانەناوە ، بەڵاّم نیوە بەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ . ئەوەتە (ت) : ئەمەتە . کەشمەکەش و شۆڕی (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (تو) و (اح) : کەشمەکەش شۆڕ . بۆ ئەوە دەست ئەدا کە بۆڕ یا ژێر بە هەرکام لەدۆ وشەکە بدرێ .(عم) و (کم) و (گم) و (من) : کەشمەکەشی شۆڕ و . (عب) : کەشمەکەشی شۆڕ . (خا) : کەشمەکەش و ، کەشمەکەشی شۆڕی .

(٤٢) موعەوذە : موعەوێذە ، شتێ کەپەنای پێ بگیرێ لە مەترسییەك . یەقین : باوەڕ ، ئیمان . موظەففەر : سەرکەوتۆ .

نالێ پێشان خۆی و هەمۆ موسوڵمانانی بە مێگەلێ دانا کە گورگی

فائیض دەبێ بە نۆری نەجاتی حەبیبی حەق
لەو جێگەدا بە کوێرییی ئەو خەصمە ئەبتەرە (٤٣)

ڕۆ زەرد و وشك و خائیب و خاسیر ببێ عەدۆ
واصیل ببم بە ڕەحمەتی بارانی ، مەقبەرە (٤٤)

نەفس و شەیتان بییەوێ تێی بەربێ . پێغەمبەریشی کرد بە شوان . وا لەم بەیتەدا غیرەتی پێغەمبەریش ئەکا بـە گۆچان و ئەڵێ : تکام ئەوەیە لەکاتی گیانکێشاندا غـیرەتت وەك گۆچان لە ملمدا بێ بـۆ پاراستن و پەنادانم و ، بەرەڵلام نەکەیت و ئاگادارم بێ تا مژدەی ئەوەم لای خواوە بۆ دێ کە نۆری باوەڕم بەسەر تاریکاییی بێ باوەڕیدا سەرکەوتووە .

وشەی (موعـەوذە) لە نوسخەکانی بەردەستمانا لەبـارەی سەر و بۆرەوە بە چەنـد شێوەی جیا جیا نۆسراوە ، بەڵام هـەر ئەم شێوەیان ئەگونجێ کە ئێمە لێرەدا هەڵمانبژاردووە .

(٤٣) فائیض : خـاوەن فەیض ، بەهرەمەند . خەصم : دوژمـن . ئەبتەر . کلکبڕاو .

واتە : دەست لە نالێ بەرنەدەی تا لەو شوێنەدا کە خەریکە هەنگاو بۆ ئەو دنیا هەڵێنێتەوە ، بەکوێرایی چاوی ئەو دوژمنە کلك بڕاوە کە شەیتانە ، لەسەر دەستی خۆشـەویستی خوادا کە خۆتی ، بە نۆری ڕزگارێ ئەگات .

فائیض دەبێ (« پەراوێزی » چر) : فائیز دەبم . لەم نوسخەیەدا لەم شوێنەدا نۆسراویشە : «ظب» ، واتە : «ظاهیرا بدل» ، واتە : وادیارە لەبریتییا ئەبێ ئەم وشەیترە دابنرێ . (عم) و (کم) و (گم) : فائیض ئەبێ . ئەبتەرە (ك) و (اح) : بەدفەڕە .

(٤٤) خائیب : نائومێد . خاسیر : دۆڕاندۆ .

واتە : بۆ ئەوەی دوژمن کە شەیتانە نائومێد و زەرەرمەند ببێ و ، منیش بەهۆی بارانی ڕەحمەتی خواوە بگەمە گۆڕستان .

ببێ عەدۆ (چر) و (ت) و (ك) و (اح) : بە بێ عەدەد . مەقبەرە (عم) و (گم) : مەغفیرە .

دۆمینه ئیلتیجام ئەمەتە ئەو دەمەی دەبێ
ئەلواحی ئەڵحەدم بە زەنابیلی مەعطەرە ، (٤٥)

تەنگە ئەوا دەبێ کە لە ئەو جێگە تەنگەدا
سائیل نەکیر و عاریف و مەعرۆف و مونکەرە ، (٤٦)

ئیمدادی فەتحی بابی زوبانم بە فەضڵی تۆ
زۆ بێ ، کە ئەووەلین گوزەری پرد و مەعبەرە (٤٧)

---

(٤٥) دۆمینە : دۆهەم . ئەلواحی ئەڵحەد : ئەو تەختە بەردانەی بە لای ئەڵحەدی قەبردا هەڵدەسپێررێن . زەنابیل : جەمعی (زەنبیل)ە ، جۆرە سەبەتەیەکی دەستییە میوە و سەوزە و شتی‌وای تێ‌ئەکرێ . مەعطەرە : شوێنی عەتر و بۆن‌خۆشێ ، دۆکانی عەتارێ .

مەعنای ئەم بەیتە و دۆ بەیتی پاشەوەی پێکەوە دێ .

دۆمینە (چر) و (مـن) و (خا) : دۆمینـی . (عم) و (گم) : دووەم . ئیلتیجام (عم) و (گم) : ژجام . ئەمەتە (ت) : ئەوەتە . بە زەنابیلی مەعطەرە (چر) و (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : بزنابیل معطرە . ئێمە بە (بە زەنابیلی مەعطەرە)مان خوێندەوە ، چونکە لە زۆی ژێنۆسیشەوە دەست ئەدات و مەعناکەشی دێت . (ك) و (تۆ) و (عب) و (اح) و (خا) : بە زەنابیل موعەططەرە . (ت) : وەکو خاکی موعەططەرە .

(٤٦) تەنگە : تەنگانە . نەکیر : یەکێکە لەو دۆ فریشتەیەی لە قەبرا دێنە سەر بنیادەمی گوناهبار بۆ پرسیار لێ‌کردنی . عارف و مەعرۆف : ئەو دۆ فریشتەیەی لە قەبرا پرسیار لە پیاوی چاك ئەکەن . مونکەر : هاوژێکەی نەکیر .

تەنگە ئەوا دەبێ (چر) و (چن) و (خا) : تەنگاو دەبێ . بەڵام (چر) ئەوەش سەرنجی ڕاکێشاوە کە بەمجۆرە نیوە بەیتەکە دۆ بڕگەی کەم ئەبێ ، بۆیە لەجیاتیی (دەبێ)کە لە پەراوێزا نۆسیویە (دەبم ئەمن ــ ط ب)* واتە : وادیارە ئەبێ (دەبم ئەمن)ی لە جێ دابنرێ .

(٤٧) ئیمداد : یارمەتێ . فەتح : کردنەوە . بابی زوبان : دەرگای زمان .

---

* ط.ب یا طب : یەکێکە لە نیشانەکانی نۆسینی جارانی حوجرە ، لەبنچینەدا (ظ.ب) بووە ، بۆ کورتێ نوختەی (ظ)کەیان لابردووە . واتە : وادیارە ئەبێ ئەمەی لەجێ دابنرێ .

سێمینه ئیلتیجام دەڵێم ئەی غەوثی عاصییان
هاواری بگرە بەردەیی ئاشوبی مەحشەرە (٤٨)

ئەو ڕۆژی ئاخیرەی کە چ ڕۆژی لە دۆ نییە
ڕۆ ترش و قەمطەریر و عەبۆس و غەضەنفەرە (٤٩)

مەعبەر : شوێنی پەرێنەوە .

واتە : تکای دۆهەمم ئەوەیە لەوکاتەدا کە لە کەندڕی ناو قەبرەکەمدا ڕامئەکێشن و تەلەبەرد بە لاپاڵی دەرگای ئەڵحەدەکەیدا هەڵئەسپێرن و قەبرەکەم ئەبێ بە دۆکان بۆم و تەلەبەردەکان ئەبن بە زەنبیلەی بەدیوارەوە شۆڕکراوەی دۆکانی عەتار و ، تەنگانە ئاوا ئەبێ کەوا لەو شوێنە تەنگەدا پیاوی چاك بم یا پیاوی خراپ بم ، فریشتەی پرسیاری تایبەتێ دێنە سەرم ، ئا لەو شوێنەدا کە یەکەم گوزەری پەرێنەوەیە سا بۆ بەهەشت یا بۆ دۆزەخ ، یارمەتیت زۆ بگاتە فریام و ، لە سایەی تۆوە زمانم زۆ بپشکوێ و وەڵامی فریشتەی پرسیارم پێ بدرێتەوە .

پرد و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : پردی . (خا) : پردە .

(٤٨) غەوث : فریادڕەس . عاصییان : گوناهباران . بگرە و بەردە : کینایەیە لە هەرا و ئاژاوە و ئاگا نەبۆنی کەس لە کەس .

واتە : تکای سێهەمم ئەوەیە ئەڵێم ئەی فریادڕەسی گوناهباران ، وا لە بگرە و بەردەی ئاشوبی ڕۆژی مەحشەردام کە عالەم هەمۆ سەری لێشێواوە و هەرکەس خەمی خۆیەتی .

لەم بەیتە بەدواوە نالێ گەلێ باسی ڕۆژی مەحشەر ئەکا و ئەوجا داوای یارمەتێ ئەکا لە پێغەمبەر .

سێمینه ئیلتیجام دەڵێم (چر) و (تۆ) و (عب) و (خا) : سێمینه ئیلتیجای دڵم . (عم) و (گم) : سووەم ڕەجای دڵم . (کم) و (من) : سێمینی ئیلتیجای دڵم . ئەی (عم) و (گم) : ئەمەیە . هاواری (من) : هاوارە .

(٤٩) ئاخیرە : قیامەت . قەمطەریر : دژوار و تەنگ و نالەبار . عەبۆس : ناوچاو گرژ . غەضەنفەر : بەسام وەك شێر .

واتە : ئەو ڕۆژی دواییەی کە دوارۆژی دنیایە و ڕۆژی‌تری بەدوادا نایەت و هەمیشەیێ و نەبڕاوەیە و ، ڕۆژێکی ڕۆترش و لەسەر شان گرانە و وەك شێر بنیادەمی لێ ئەترسێ .

ئەم فەرشە خاکییە دەتەکێنن لە تۆز و گەرد
ئەم عەرشە نۆ صەحیفەیە دەیکەن بە یەك پەڕە (٥٠)

دەنگی فوغان و جۆش و خورۆشی جەمیعی خەڵق
گوێ لێرە دەیبیێ ، کە لەوێ گوێ هەمۆ کەڕە (٥١)

وەصف کردنی ڕۆژ بە (ڕۆترش) مەجازە و زیادەڕەوییەکی زۆری تیایە و مەبەست لێی ئەوەیە خەڵك لەو ڕۆژەدا ئەوەندە دێز و مۆن و ڕۆگرژن ، ڕۆژەکەش وای لێهاتووە .

ڕۆژی ((عم) : ڕۆژە . ئاخیرەی (عم) و (کم) و (گم) و (من) : ئاخیرە . ڕۆژی لە دۆ (چن) : ڕۆژێ لە دۆی . غەضەنفەرە (چن) : موقەنطەرە . موقەنطەر : ئەوەی باش گرێ درابێ یاخود زۆر ئاڵۆز بێ .

ئەم بەیتە ئیشارەتە بۆ ئایەتی (وَ اِنا نَخافُ مِنْ رَبِّنا یَوْماً عَبوساً قَمْطَریراً) . واتە ئێمە ترسی ڕۆژێکی مۆن و دژوارمان لە خوای خۆمان هەیە .

(٥٠) صەحیفە : پەڕە ، چین .

واتە : ئەو ڕۆژی قیامەتەی کە ئەم فەرشە خاکێ ڕەنگەی زەویی تیا ئەبێتە جۆرە زەوییەکی‌تر و تۆز و گەردی پێوە نامێنێ و ، هەر نۆ چینەکەی ئاسمان ئەپێچڕێتەوە و وەك یەك پەڕە قاقەزی پێچراوەی لێ ئەکرێ .

ئەم بەیتەش ئیشارەتە بە ئایەتی (یَوْمَ تُبَدَّلُ الأَرْضُ غَیْرَ الأَرضِ وَالسَّماواتُ مَطْوِیاتٌ بِیَمینِهِ) واتە : ئەو ڕۆژەی کە زەوێ ئەگۆڕرێ بە زەوییەکی‌تر و ، ئاسمانەکان بە دەستی ڕاستی خوا پێچراونەتەوە و ، ئایەتی (یَوْمَ نَطْوِي السَّماءَ کَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْکُتُبِ) واتە : ئەو ڕۆژەی ئاسمانەکان ئەپێچینەوە وەك چۆن تۆمار نامە ئەپێچێتەوە .

ئەمـی یەکەم(ت) : ئەو . فەرشە (چن) : فەرشی . عەرشە (چن) : عەرشی . نۆ (چر) و (خا) : نەو . دەیکەن (عم) و (کم) و (من) : ئەیکەن . پەڕە : هەمۆ نوسخەکان جگە لە « کم » و « گم » : بەڕە .

(٥١) فوغان : هاوار و گریان . دەیبیێ : ئەیبیسێ .

واتە : ڕۆژێکی ئەوەندە سەختە ، هەرکەسی تیا گرفتاری دەردی خۆیەتی و ، کەس لەبەر مەینەتی خۆی ئاگای لە کەس نەماوە و ، گوێی لە هاوار و فوغانی کەسی‌تر نییە ، کەچێ لێرەوە دەنگی گریان و هاواریان ئەبیسترێ .

ژۆژی قیامەتی (فاذا هم قیام) و ، شەخص
قائیم چەقیوە ، کێلە ، لەسەر خاکی مەحفەرە (٥٢)

ئایا قەد و قیافەیی خۆی بۆ بە کێلی خۆی ،
یا ساقی عەبهەرە کە دو چاوی لەسەر سەرە ! (٥٣)

زیادەڕەوییەکی زۆر جوانە ئەمەی کــە نالێ کردوێیەتێ ، بۆ پێشاندانی ڕادەی سەختیی ژۆژی قیامەت وا ئەنوێنێ (ئێرە) ماوە تا لێرەوە خەڵك گوێیان لە هاوار و فوغانی ئەهلی مەحشەر بێ !

دەنگی (چر) : دەنگ و . (چن) : دیگی ، واتە مەنجەڵی . شوبهاندنێکی جوانە . کە لەوێ گوێ هەمۆ کەڕە (کم) : کە لەوێ گوێی هــەمۆ کەڕە . (تو) : کە هەمۆ گوێ لەوێ کەڕە .

(٥٢) قائیم : بنیادەمی قنج و قیت . مەحفەر : جێگــای چــاڵ هەڵکەنــدن ، گۆڕستان .

واتە : ئەو ژۆژی قیامەتەی کە ئایەتی (ثُمَّ نُفِخَ فِیهِ اُخْرَی فَاِذا هُمْ قِیامٌ یَنْظُرُونَ) واتە : پاشان جارێکیتر فۆ کرایەوە بە صۆردا و کوتۆپڕ ئەبینێ ئەو هەمۆ مردووانە ڕاست بۆنەتەوە سەیر ئەکەن ، باسی ئەو ئەکا و ، بنیادەمی ڕاست بووەوەی تیا حەپەساوە ، بەپێوە وەستاوە ، ئەڵێی کێلی سەر قەبرە لەسەر خاکی گۆڕستان چەقیوە ، ئاگای لە هیچ نییە .

شەخص (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : خەڵق . مەحفەرە (تو) و (عب) و (من) و (خا) : مەحضەرە . دۆریش نییە (مەقبەرە) بۆبێ و بە هەڵەی نۆسیار گۆڕابێ .

لــە (فَاِذا هُمْ قِیــامٌ)دا ئیقتیبــاس لە ئایەتەکە و ، لــە وشەی (شەخص)دا ئیشارەت بۆ ئایەتی (شاخِصَةٌ اَبْصارُهُم) واتە : چاویان ئەبڵەق بووە ، کراوە . لەنێوان (قیــامەت) و (قیــام)یشــدا جینــاسی ناقیص هەیە .

(٥٣) عەبهەر . کەڵەگەت و زەلام . نەرگس .

ئەم بەیتەش لەبارەی مەعناوە پەیوەندی بە بەیتی پێشووەوە هەیە . واتە : کەس نازانێ ئەو بنیادەمەی بەسەر خاکی گۆڕستانەوە قنج قنج حۆڵ و بێئاگا وەستاوە ، چییە ؟ ئاخۆ : قەد و بالای مردووە ڕاستەوە بووەکە خۆیەتی بووە بە کێلی قەبرەکەی خۆی و نیشانەی بۆنی خۆیەتی ،

دنیا بووه به تاوەوو ، صەحرا به ژیلەمۆ
دنیا دەڵێن کە ئاگرە ، ناری سەمەندەرە (٥٤)

دیوانی گەرمی باری خودایە ، بە پایە عام
ئیصغایی خەڵقە ، ساعەتێکی عەرضی مەحضەرە (٥٥)

یا شتێکی زەلامی کەڵەگەتی حەپەساوە هیچی لە بنیادەم ناچێ چاوەکانی نەبێ ، کە ئەوانیش پەڕیونەتە تەوقی سەری .. یاخود هەر بەحاڵ گیانی تیایە ، ئەوەندە لەڕ و لاوازە ئەڵێی ساقی نەرگسە و چاوەکانی لەترسا سپێ بوون و وەك چاوی نەرگس بەسەر سەریەوەن . مەشهۆرە بنیادەم لە ڕۆژی قیامەتا ، لەترسانا چاوی ئەپەڕێتە تەوقی سەری .

لەنێوان (سەر) و (سەرە)دا جیناس و ، لەنێوان (قەد) و (چاو) و (سەر)دا تەناسوب هەیە .

(٥٤) ژیلەمۆ : خۆڵەمێش کە چینی بنەوەی ئاگر بێ . سەمەندەر : گیان لەبەرێکی ئەفسانەییە ئەڵێن هەر لەناو ئاگرا ئەژێ و هێلکە ئەکا و هەڵدێنێ و ، ئەگەر بێتە دەرەوە ئەمرێ !

واتە : ئەو ڕۆژی قیامەتە ڕۆژێکە پلەی گەرمای تیادا بەڕادەیەکە دنیا هەمۆ وەك تاوەی نراوە سەر ئاگری لێ دێ و ، دەر و دەشت هەمۆ ئەبێ بە ژیلەمۆ و بنەکەی ئاگر ئەبێ .. بنیادەمی ئەوڕۆژەش تەنها بە حوکمی ئەوە ئەژین و ناسۆتێن کە خاسیەتی سەمەندەریان وەرگرتووە .

بە تاوەوو (« پەراوێزی » چر) : بە تازەوو . دنیا ــ ی دووەم ــ(عم) و (کم) و (گم) و (تو) و (عب) و (من) و (خا) : دەریا . دەڵێن (عم) و (کم) و (گم) و (من) : دەڕۆنی . (تو) و (عب) : دەڵێنێ . کە ئاگرە (عم) و (کم) و (گم) و (تو) و (عب) و (من) : ئاگرە . (ت) : کە ئاگر . بۆ (کە ئاگرە) و (کە ئاگر و) و (کە ئاگری) دەستئەدا . (ك) و (اح) : کە ئاگری . ناری (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) و (ك) و (تو) و (عب) و (خا) : ماری ؟. (ت) : ماریش ..

(٥٥) بە پایە : بەپێوەیە . عام : خەڵك ، گشتێ . ئیصفا : گوێ شل‌کردن . عەرض : پیشان‌دان . مەحضەر : خزمەت . حوزوور .

لەم بەیتەوە نالێ باسی ڕۆژی لێپرسینەوەی خەڵك و ئامادەبۆنی خودا ئەکا بۆئەم داوەرییە و ناردنی هەندێ بۆ دۆزەخ و هەندێ بۆ بەهەشت و ، لەم بەیتەدا باسی بەستنی دادگای خوا و ئامادەبۆنی خەڵك کراوە بۆ

لایەك (زەبانییە) لە سەروکاری نارە ، نار
(هَلْ مِنْ مَزِیدْ) زوبانیە وەك ماری ئەژدەرە (٥٦)

وەلآم دانەوەی پرس . لە بەیتەکانی پاشـــەوەشدا دیمەنەکانیتری ئەو زۆژە پیشان دراون .

واتە : خــوا دیوانی گەرمی خــۆی بەستووە و خەڵك هەمــۆ بەپێوە زاوەستاون گوێیان شڵکردووە ، کاتی عەرز کردنی سیاهەی کرداری خەڵکە لە حوزۆری خوادا .

زاست کردنەوەی ئــەم بەیتەمان بەزەحمەت بۆ تەواو بــۆ . وشەی (بەپایە) لە هەمۆ نوسخەکاندا بە (بپای) نۆســراوە . وشەی (ئیصفای) تەنها لای (چــن) وایە . (چــر) و (ت) و (ك) و (تو) و (عــب) و (خا) : اصفار . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : اصفاری . (اح) اصفار . خودایە (چر) : خودایا . (کم) و (گم) و (من) : خوایە . خەلقە (چر) و (تو) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) : خەڵك . (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (من) : خەڵق . ئێمە خۆمان بە (خەڵقــە)مان نۆسییەوە . ساعەتێــکی عەرضی مەحضەرە : جیاوازییەکانی نوسخەکان لەم زستەیەدا یا هەڵەی ئاشکرا بۆن یا هیی شێوە نۆسینی جارانی فارسییانەیە . ئێمە وای بۆ ئەچــین وشەی (ساعەتێکی) لەپێشــدا (ساعەتەکەی) بۆبــێ . بەوجۆرە بەیتەکە زەساتر دێ .

(٥٦) زەبانییە : ئەو فریشتانەی بەرپــرسی ئاگری دۆزەخــن . سەروکار : سەرپەرشتێ . نار : ئاگر . هل من مزید : هیی‌تریش هەیە . زستەیەکە خوا بەدەم ئاگری جەهەنمەوە ئەیگێزێتەوە ، کە هەرچەند خەڵکی تــێ فزێ بدرێ هەر تێر نابێ و چاوی لە هیی تریشــە بۆی بێنن . مــاری ئەژدەر : ئەژدەها ، بەگوێرەی ئەفســانەی کۆن جۆرە مــارێکی ئێجگار گەورەیە ئاگر لە دەمیەوە دەرئەچێ .

واتە : لەلایەکەوە پێش‌خزمەتەکانی دۆزەخ خەریکی سەروکاری ئاگری دۆزەخن و پەیتا پەیتا خۆشی ئەکەن و ، ئاگریش بە زوبانی (هَلْ مِــن مَزیدْ ؟) قســە ئەکا و ، وەك ماری ئەژدەر زوبانی دەرکێشاوە و بڵێســەی ئاگری شاڵاو ئەهێنێ .

لەم‌بەیتەدا ئیشارەت کراوە بە ئایەتی (یَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ : هَــلْ امْتلأتِ ، وتَقولُ : هَلْ مِنْ مَزیــد ؟) واتە : زۆژی قیامەت زۆژێکە تیا ئەڵێین بە دۆزەخ : پڕ بوی ؟ ، ئەویش وەلآم ئەداتەوە ئەڵێ:هیی‌تریش هەیــە ؟ .

لایێکی‌کەش لە جەنەت و ڕێضوان تەدارەکە
حۆرێ ئەوا بە مونتەظیرێ دێنە مەنظەرە (٥٧)

ئەشخاصی خاصّە (تَشْخَصُ ابْصارُهُمْ) هەمو
(وا نَفسْیِ)یانە هەریەکە بۆ خۆی موحەییەرە (٥٨)

لەنێوان (زەبانییە) و (زوبانیە)دا جیناسی موحەڕڕەف و لەنێوان (کار) و (نار) و (مار)دا جیناسی لاحیق و ، لە (هل من مزید)دا ئیقتیباس هەیە.

سەروکاری (چن) : سەرکارو . نارە ، نار (چن) : نار و مار . (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : نار و نار . مزید (چن) : مزیدێ* . (ت) : مزیدیە ، بەلاّم زیادیی چ (ی)کە و چ (یە)کە ژمارەی بڕگەکانی نیوە بەیتەکە زیاد ئەکا . زوبانیە : ئەمە تێکستی (ت)یە . (چر) و (چن) و (ك) و (اح) و (خا): هەم زوبانیە ، بەلاّم (هەم)ەکە ژمارەی بڕگەکانی نیوە بەیتەکە زیاد ئەکا . (عب) : هەم زوبانەیی . ئەگەر ئەم نوسخەیە (هەم)ەکەی نەبوایە مەعنای (زوبانەیی) باش ئەهات ، هەرچەند (هل من مزید) وەستانێکی تیا ئەبۆ . وەك ماری (چر) و (تو) و (عب) : وەك مار و . (چن) و (ت) و (ك) و (اح)و (خا) : وەك ماری . (عم) و (گم) و (من) : وەکو ماری .

(٥٧) ڕێضوان : دەرگاوانی بەهەشت . تەدارەك : ئامادە . حۆرێ : کچانی جوان کە ئامادە کراون بۆ بەهەشتییەکان . مونتەظیر : چاوەڕوان . مەنظەرە : تەماشا . بەرچاو .

واتە : لە دۆزەخدا ئا وا بۆ کە وتمان . لە لایەکی‌کەشەوە لە بەهەشتدا خۆ ئامادەکردنە بۆ پێشوازێ لێ کردنی ئەوانەی دێنە بەهەشت و ، ڕێضوانی دەرگاوانی بەهەشت حازر بووە دەرگا بکاتەوە و حۆرێ دێنە تەماشا ، چاوەڕوانی خاوەنی خۆیانن بە یەکترێ شاد ببن . .
ئەم بەیتە لە (عم) و (کم) و (گم) و (من)دا نییە .

(٥٨) ئەشخاصی خاصّە : پیاوانی تایبەتێ . تَشْخَصُ ابْصارُهُمْ : چاویان ئەبڵەق ئەبێ . وا نفسی : هاوار بۆ خۆم . موحەییەر : سەرسام .

واتە : لەو ڕۆژە بەسام و شۆم و سەختەدا تەنانەت پیاوانی تایبەتییش چاویان ئەبڵەق بووە و هاواری (هاوار بۆ خۆم !)یانە و سەرسام بوون نازانن چێ بکەن .
ڕستەی (تشخص ابصارهم) لە ئایەتی قورئان ئیقتیباس کراوە .

---

* ئەم نیشانەی (ی)مانە بە پشتیوانیی ئەو کەشیدە بەرەو خوارە داناوە کە (چن) لە ژێری (ی)کەوە نوسیویە و نیشانەی (ی)ی بۆشە لای ئەو .

زێر و زەبەر دەبن بە دو فیرقە ، لە فیرقەتەین
واوەیل و ئیمتیازە کە کێ بێنە کێ بەرە (٥٩)

ئەکثەر کەسینە ، تابیعی بەرد و حەرارەتە
یەعنێ وەقودی نارە ، بوخاری موسەییەرە (٦٠)

---

(٥٩) زێر : ژێر . زەبەر : سەر . فیرقە : تاقم . واوەیل : هاوار . ئیمتیاز : جیاوازێ .

واتە : ئەو خەڵکە ئەبن بە دو تاقم ، تاقمێ لە ژێرەوە کە ئەهلی دۆزەخن و تاقمێ لە سەرەوە کە ئەهلی بەهەشتن . لە هەردو تاقمەکەوە دەنگ دێ ، لە دۆزەخییەکانەوە هاواری (یا وَیلَنا قد کُنا فِي غَفلَةٍ مِنْ هذا) واتە : قوڕبەسەرمان! ئاگامان لەمە نەبو و، لە بەهەشتییەکانیشەوە هاواری (امتازوا الیَومَ ایُها المُجرِمونَ) کە بە دۆزەخییەکانی ئەڵێن ، واتە : ئەی تاوانبارینە ئەمڕۆ جوێ ببنەوە . هاوارەکەش بەهۆی ئەوەوەیە کە بانگ ئەکەن فلان بێنە بۆ بەهەشت و فیسار بەرە بۆ دۆزەخ.

بێنە (عم) و (کم) و (گم) : سینە . بەرە (عم) و (کم) و (گم) و (تو) و (عب) : سەرە .

(٦٠) ئەکثەر : زوربە . تابیع : شوێنکەوتو . بەرد : یا سەرما یا هەر (بەرد)ی کوردێ . حەرارەت : گەرما . وەقود : سوتەمەنێ . نار : ئاگر . بوخار : هەڵم . موسەییەر : زەوێنراو ، خراوەگەڕ .

ئێمە لەو باوەڕەدا نین مەعنای تەواوی ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەیمان بۆ ساغ کرابێتەوە . بەڵام وەنەبێ تێکڕاش نەمانزانیبێ . هەرچۆن بێ ، ئەوەندەی کە بۆی چووین ئەیخەینە ڕو و چاوەڕوانی بەشداریی کەسانیتریشین .

نالێ ئەڵێ : زوربەی ئەوانەی لە مەیدانی حیساب و داوەریدا خڕبونەتەوە ، کە کافرانن ، شوێنکەوتوی سەرمای زەمهەریری دۆزەخ و گەرمای ئاگرەکەیین ، یاخود لەگەڵ ئەو بەردانەدان کە لە دۆزەخدا ئەسوتێنرێن و لەگەڵ گەرمای دۆزەخدان ، واتە سوتەمەنیی دۆزەخن و هەڵمی کوڵانیان لەناو گەرمای دۆزەخدا و بەسەر ئاگری دۆزەخەوە ، ئەڕەوێنرێ و سەرئەخرێ .

وشەی (وَقود) و (بەرد) بەوپێیە کە بەمەعنا (حەجەر) بێ ، ئیشارەتە بۆ ئایەتی (وَقودُها النّاسُ والحِجارَةُ) لە باسی جەهەننەمدا ، کە

باقیّ که زۆری له کەففەیی میزانه ، یەکسەرە •
هەرچەند سەرە موتابیعی میعیاری دۆ سەرە (٦١)

واتە : سۆتەمەنیی دۆزەخ بریتییە لە ئادەمیزادی خوانەناس و لە بەرد .
کەسینە (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : کە بێنە ، یا کە بەینە . (تۆ) و (عب) : بەنیە . بەرد و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : هەردۆ .

(کەسینە) تێکستی نوسخەکانی (عم) و (کم) و (گم) و (من) بۆ کە لەچاو نوسخە دەسنۆسەکاندا کەمتر جێگای باوەڕن و پشتمان پێ بەستۆن ، بەلاّم لەبەرئەوە کە نەگەیشتینە مەعنایەکی گونجاو بۆ (بێنە) یا (بەینە) یا (بەنیە) ناچار ئەممان هەلّبژارد . زێیشی تێئەچێ ڕاستەکەی (پێنە) بێ، واتە : زوربەی خەلّکەکە کە ئەوانەن لەبنەوەن و لەچاو موسوڵمانانداوەك (پێ) وان لەچاو (سەر)دا ، یا دەست و پێی گەورەکانیانن کە گومڕایان کردن .

تۆ بڵێی لە وشەی (بەرد) و ڕستەی (وەقۆدی نارە) و (بوخاری موسەییەرە)دا ئیشارەتێکیش بۆ شەمەندەفەر نەبێ کە جاران بە سۆتاندنی خەلّوزی بەرد بەڕێوە ئەچۆ و هەلّمی بەرز ئەبوەوە ؟! لەبارەی مێژووەوە ڕۆژەلاّت لە سەردەمی نالیدا شەمەندەفەری دیوە . یەکەمین شەمەندەفەر لە میسردا لە ١٨٥٧دا کەوتووەتە گەڕ . نالییش پاشتر مردووە و ئەم پارچە شیعرەشی لە مەدینە وتووە . هیچنەبێ دەنگوباسی شەمەندەفەری لە ڕێبوارانی میسرێ بیستووە کە هاتۆن بۆ مەککە و مەدینە .

(٦١) کەففەی میزان : تای تەرازۆ . سەر : لا ، ڕێز . موتابیع : ئەوەی چاو لەدۆی شتێك بێ .

واتە : ئەوانیکەش کە موسوڵمانن ، لە بێگوناە و گوناهبار ، ڕۆیان لە تای تەرازۆی کێشانەی چاکە و خراپەیانە ، هەمۆ یەك لا و یەك ڕێزن ، هەرچەند ڕێزەکەشیان چاو لەدۆی تەرازۆیەکی دۆسەرە تا بزانن سەنگی چاکە و خراپەیان چەندە و ئاخۆ بۆ ماوەیەك ئەچنە دۆزەخ تا سزای خراپەیان لێ بسەنرێ ، یا ڕاستەوخۆ ئەچنە بەهەشت ؟ .

میزانە (چن) : میزانی . هەرچەند سەرە (« پەراوێزی» چر) و (چن) و (خا) : هەرچەند یەکسەرە ، بەلاّم نیوە بەیتەکەی پێ لاسەنگ ئەبێ . (ت) : هەرچەندە یەك .

لەو کێشە کێشەدایە کەوا ڕەش سپێ دەبێ
لەو کێشە کێشەدایە کەوا ئەحمەر ئەصفەرە (٦٢)

ئەعمالمان لەگەڵ هەموو ئەوضاعی حاڵمان
مەغشوش و جەمعی ، حاضرە ، گەر خەیر ، ئەگەر شەڕە (٦٣)
مەخزونی ڕۆقعە ، حەببە بە حەببە ، لە کەففەدا
خالیص دیارە ، مس کە مسە ، عەینی زەڕ زەڕە (٦٤)

---

(٦٢) ئەحمەر : سوور . ئەصفەر : زەرد .

واتە : لەو کێشە و هەرای ڕۆژی داوەرییەدا موێی ڕەشی لاو سپێ ئەبێ و ، ڕۆژی گەش و سوور و پاراو لەترسانا زەرد هەڵئەگەڕێ و خوێنی تیا نامێنێ .

ئەشگونجێ مەعنای بەیتەکە وا لێكبدەینەوە کەوا شتی نەزانراو هەموو دەرئەکەوێ و ڕۆشن ئەبێتەوە و ئەوەی خۆی لێ بایێ بۆبۆ و بە خۆیا ئەنازێ خەجاڵەت و ڕۆزەرد ئەبێ .

بەپێی مەعنای پێشوو ، ئەم بەیتە ئیشارەتە بە ئایەتی (يَوْمَ يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا) واتە : ڕۆژێکە منداڵی تازە پێگەیشتوو پیر ئەکا .

ڕەش (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : ڕیش . دەبێ (کم) و (من) : ئەبێ .

(٦٣) مەغشوش : تێکەڵ لە چاك و خراپ . جەمع : کۆمەڵ . حاضر : ئامادە .

واتە : چاك و خراپ و ، تێکەڵ و کۆمەڵی کردار و ئەحواڵمان ، هەموو لە بەردەستا دانراوە .

مەغشوش و (خا) : مەغشوشی . (من) : مەغشوش . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . («پەراوێزی» چر) : مەخشوشی . (چن) و (ك) و (تو) و (عب) : مەخشوش و . (اح) : مەخشوش . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش ئەگونجێ . جەمعی : تەنها («پەراوێزی» چر) . نوسخەکانیتر هەموو : جەمع و . حاضرە («پەراوێزی» چر) : خاطرە . گەر (چن) و (ك) و (تۆ) و (اح) : ئەگەر . خەیر ، ئەگەر (ت) : خەیر و گەر . کەففە : تای تەرازوو . خالیص : بێگەرد .

(٦٤) مەخزوون : خراوە عەمار . نوسراوە . ڕۆقعە : کاغەز . حەببە : دەنك . کەففە : تای تەرازوو . خالیص : بێگەرد .

ذەرزێك لە چاوی بۆتەیی صەرزافی کەفەدا
مەخفێ نییە ، دیارە ، وەکو زۆژی نیمەرۆ (٦٥)

گریان هەمۆ رەشاوە لەبەر ئاهی دۆد رەنگ
موژگان بووە بە خامەوو ، دیدە بە مەحبەرە (٦٦)

واتە : هەرچێ لە کردارنامەماندا نۆسراوە و تیا کۆکراوەتەوە ، دەنك دەنك لە تەرازۆی کردارا دیارە ، مسی مسە ، وەك چۆن زێڕی زێڕە . مەبەستی لەوەیە چاك و خراپی هەمۆی ئاشکرا و لەبەرچاوە .

عەینی کە مس مسە (چن) : مس کە مسە عەینی .

لە نوسخەی (تو)دا نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە و نیوەی دۆهەمی بەیتی پاشەوەی یەك بەیتن و ئەو دۆ نیوە بەیتەکە نییە .

حەببە : زاراوەیەکە زێرینگەرەکان لە دروستکردنی خشڵی زێڕ و کڕین و فرۆشتنی زێڕدا بەکاری ئەهێنن .

(٦٥) بۆتە : جێگای تاقێ کردنەوەی مایە بۆ جوێ کردنەوەی بێگەرد و ناپاکی لە یەکتر . صەرزاف : ئەوەی پارە ئەگۆڕێتەوە و ساغ ئەکاتەوە . زەرشناس . نیمەرۆ : نیوەرۆ .

واتە : ئەوەندەی تۆسقاڵێك لە کرداری چاك و بەدمان لە بەرچاوی بۆتەی زەرشناسی تای تەرازۆی زۆژی قیامەت ون نابێ ، هەمۆی وەك زۆژی نیوەرۆ دیارە .

ذەرزێك (گم) : ذەرزەی . صەرزافی کەفەدا (چن) : صەرزاف لە کەفەدا . نیمەرۆ (چن) : نەیرە . واتە : زۆناك .

(٦٦) رەشاو : ئاوی رەش . دۆد : دۆکەڵ . مەحبەرە : دەوات ، شۆشەی مەرەکەب .

واتە : دۆکەڵی هەناسەی خەڵکی مەینەتێ ، ئاسمان و زەویی گرتووەتەوە و ، بەهۆی ئەوەوە خەڵکیش کە ئەگرین رەشاو لە چاویان دێ . بۆیە کە فرمێسك بۆ بە مەرەکەب ، برژانگەکانیش ئەبن بە قەڵەم و، چاو خۆیشی ئەبێ بە شۆشەی مەرەکەب .

لە کۆکردنەوەی (گریان) و (موژگان) و (دیدە) و ، لەنێوان (خامە) و (مەحبەرە)دا تەناسوب هەیە

رەشاوە (« پەراوێزی » چر) و (چن) و (ك) و (اح) و (خا) : زۆاوە .

میضماری شەهسەواریيی تۆیە کە صەف صەفە
کۆگایی حاصیلاتتە بەیدایی بەیدەرە (٦٧)

ڕۆژی جەزا ڕجا بکە بۆ « نالی »ی دەربەدەر
چون لەم جیهان گوناهی گەلێ زۆر و ئەکثەرە (٦٨)

ڕەنگە مەعنای (ئاوی ڕەژۆ) بێ ، چونکە (ڕەژۆ) بە (خەڵۆز) ئەڵێن . ئاهی : (ت) : ئاوی . دیارە مەبەستی لە ئاوی فرمێسکە . مەجبەرە (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (تو) و (اح) و (من) و (خا) : مەجمەرە .

(٦٧) میضمار : مەیدانی ڕمبازێ . شەهسەوار : شاسوار . بەیدا : دەشت . بەیدەر : خەرمان .

واتە : ئەم دەشتی مەحشەرە کە سوارانی ڕیز ڕیز و پۆل پۆل تیا وەستاون . کۆگای بەروبۆمی دەغڵ و دانی تۆیە ، دەشتی پڕ خەرمانی تۆیە . مەبەستی لەوەیە لەم مەیدانەدا بەروبۆم و خەرمانی ئومێد تەنها بریتییە لە شەفاعەت و تکا کاریی تۆ .

بەرابەر بە دانانی پێغەمبەر بە شاسواری مەیدانی مەحشەر، مەبەست لە سواڕەکانیتر پێغەمبەرەکانیترە .

شەهسەواریيی (چن) و (کم) و (گم) و (ك) و (تو) و (عب) و (من) : شەهسەوارەیی (ت) و (اح) و (خا) : شەهسەواری . تۆیە (ت) و (اح) و (خا) : ئەتۆیە .

(٦٨) واتە : لە ڕۆژی پاداش و سزا دانەوەی پیاو چاکان و تاوانباراندا ، تکا بۆ ئەم نالییە دەربەدەرە بکە بەڵکو خوا لێی خۆش بێ ، چونکە گوناهی لەم جیهانەدا زۆر زۆر کردووە و پێویستی بە تکای تۆ و ڕەحمی خوایە .

ئەم بەیتە لە هیچکام لە دەسنوسەکانی بەردەستمانا نییە . تەنها (چر) بە قەڵەمی فەڕەنگێ لە پەراوێزی دەسنوسەکەی خۆیەوە نوسیویەتەوە . ئەوەش وادیارە نیشانەی ئەوەیە لە یەکێ لە نوسخە چاپەکانی وەرگرتبێ .

چون لەم جیهان (چر) و (کم) و (من) : چونکە لە ڕۆی جیهان . بەڵام ژمارەی بڕگەکانی نیوە بەیتەکە زیاد ئەکا .

نوسخە دەستنوسەکانی بەردەستمان (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (عب) و (خا) ، ئەم قەسیدەیە و قەسیدەکانیتری پیاهەڵدانی پێغەمبەر (د. خ)یان کە بریتین لە (ئەی تازە جەوان ..) و (وەی کە ڕۆزەردی مەدینە و ..) و (ئەلا ئەی نەفسی بوم ئاسا ..) کە (شوتوربانا ..) و

سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە
دەڵێی عاصێ بووە لەو جێگە بەرزە ! (١)
سوروشکم ئاب و دانەی نارە ، کێ دێ :
بە گەرمێ داوەرێ بەم طەرزە تەرزە ؟! (٢)

(لە جوملەی موعجیزئەندەر . .)یش بەشێکن لەو ، لەپاڵ یەکدا ڕێز کردووە ، هەرچەند هەمۆ وەکو یەکیان ڕێز نەکردۆن . دۆریش نییە ئەم قەسیدانە ــ (ئەی تازە جەوان) نەبێ ــ هەمۆ لە یەك ماوەدا وترابن ، بەڵام ئاشکرایە ئەوان بۆیە پێکەوەیان ڕێز کردۆن ، چونکە هەمۆ مەدحی پێغەمبەرن . ئێمە ، وەك لە پێشەکییەکەدا وتمان ، قەسیدەکانمان بەپێی ڕێزی ئەلفوبێ ڕێکخستووە .

— ٨ —

(١) سەراپا : سەر تا پێ ، هەمۆ گیان . عاصێ بووە : گیری خواردووە .
نالێ لەم بەیتەدا هۆی (زەردێ)ی گوارە باس ئەکا وەك بڵێ گوارە بۆیە زەرد نییە کە لە زێڕ دروست کراوە و زێڕیش زەردە ، بەڵکو لەبەر ترس و لەرز زەرد هەڵگەڕاوە و ، خۆی بە شایانی ئەوە نازانێ بکرێتە گوێی یار و بە لامل و گەردنیا شۆڕ ببێتەوە و بگاتە ئەو پایە بڵندە ، وەك چۆن منالێك بچێتە سەر دارێکی بەرز یا تاشێکی تۆش و نەتوانێ بێتە خوار و ترسی لێبنیشێ و لەترسانا زەرد هەڵگەڕێ ، ئەمیش هەروا بەو جێگا بەرزەوە گیری خواردووە و ، لەترسا کە ناتوانێ بێتە خوار ، زەرد هەڵگەڕاوە .

لە (زەردی ترس و لەرزە) و (عاصێ بووە)دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە . لە وشەی (زەرد)یشدا لەطافەت هەیە چونکە بێجگە مەعنای ڕەنگی زەرد ، مەعنای ترسیش ئەگەیەنێ . لەنێوان (لەرزە) و (بەرزە)شدا جیناسی لاحیق هەیە .

سەراپای (چن) و (کم) و (من) : سەراپا . زەردی (چر) : زەرد هەر . دەڵێی (کم) و (من) : ئەڵێی . لەو جێگە (چر) : لەو بانە . (گم) و (ت) و (اح) : لەم جێگە .

(٢) ئاب : ئاو . دانە : دەنك . نار : ئاگر . هەنار . طەرز : جۆر .
واتە : فرمێسکم ، خۆی ، ئاوە ، بەڵام کە دایشئەوەرێ هەر دڵۆپێکی بگری ئەوەندە گەرمە ئەڵێی ئاگرە ، یاخود سۆر و خوێنینە وەك دەنکە

ئەلا ئەی ئاسکی ناسك ، بە باسك
شکاندت گەردنی صەد شێری شەرزە ! (٣)

ئەلا ئەی نازەنین ئاهۆ ، بە باهۆ
دڵی صەییادی خۆت هێنایە لەرزە ! (٤)

هەنار . پاشانیش ئەمەیێ و ئەبێ بە تەرزە . . زۆر سەیرە ! کێ دیویەتی تەرزە بەمجۆرە بە گەرمێ ببارێ؟! کێ دیویە شتێك لە یەك کاتدا هەم سپێ بێ و هەم سۆر ! هەم ئاو بێ و هەم ئاگر ! هەم گەرم بێ و هەم سارد ! هەم شل بێ و بڕوا ، هەم مەییبێ و بەستبێتی !

لە کۆکردنەوەی (ئاب) و (نار) و ، (گەرمێ) و (تەرزە)دا طیباق و ، لەنێوان (طەرزە) و (تەرزە)دا جیناسی موضاریع هەیە . لە (تەرزە)شدا ئیستیعارەی موصەرّحە هەیە .

بۆ تەرزە (بارین) بەکارئەهێنرێ ، بەڵام نالێ چونکە تەرزەی لەجیاتیی فرمێسك بەکارهێناوە ، فرمێسکیش (داوەرین)ی بۆ بەکاردێ ، بۆ ئەم تەرزەیەش هەر داوەرینی بەکارهێناوە .

ئاب و (چن) و (عم) و (گم) : ئاو و .

(٣) شەرزە : شێر بەچە ، شێرزاد ، ئازا .

واتە : ئەی دڵبەری ناسکی وەك ئاسك ، تۆ بە هێزی باسك و قۆڵی خۆت ملی صەد دڵداری ئازای وەك شێری بەچکە شێرت شکاندووە ! تۆ چۆن ئاسکێکی کە شێر لە ڕۆتا خۆی پێ ناگیرێ !

لەنێوان (ئاسك) و (ناسك) و (باسك)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (باسك) و (گەردن)دا تەناسوب و ، لە کۆکردنەوەی (ئاسك) و (شێر)دا طیباق هەیە . لە (ئاسك) و (شێر)دا ئیستیعارەی موصەرّحەش هەیە

ناسك (ت) و (خا) : نازك . شێری (ت) : شێرە .

(٤) ئاهۆ : ئاسك . باهۆ : شان و قۆڵ .

ئەم بەیتە وەك لێکدانەوەی بەیتی پێشۆ وایە . نالێ شتێوای هەیە ، لە شیعرەکانیا گەلێ جار بەیتێك بە بەیتێکیتر ڕۆن ئەکاتەوە و دەسەلاتی خۆی لە مەیدانی زمانزانیدا پیشان ئەدات .

واتە : ئەی ئاسکی نازدار ، من هاتم ڕاوی تۆ بکەم ، کەچی تۆ بە

دەفەرمۆی : چاوەکەت زەنجیر کە « نالێ » !
کە موطلّەق چا نییە ئینسانی هەرزە (٥)

(حلقە در گوش)ی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە
با نەنالّێ ، لێی مەدە (عَنْ لَطْمِهِ کُفَّ الْکَفَه) ! (١)

هێزی دەست و بازۆی خۆت دڵی ئەم ڕاوچییەی خۆت هێنایە لەرزە و یەخسیرت کردم .

لەنێوان (ئاهۆ) و (باهۆ)دا جیناسی لاحیق و ، لە (ئاهۆ) و (صەیاد)یشدا ئیستیعارەی موصەرّڕەحە هەیە .

(٥) موطلّەق : بەرەڵلاّ . چا : چاك . ئینسان : بنیادەم . بیبیلەی چاو . هەرزە : ئەوەی باش پەروەردەی دانەدرابێ .

واتە : ئازیز ! تۆ پێم ئەفەرمۆی چاوت وەك ئینسانێکی هەرزە وایە یا بیبیلەی چاوت وەك کەسێکی هەرزە و بێتەربییەت وایە ، بەرەڵلاّ کرابێ و کەس لێی نەپرسێتەوە چی ئەکا . بۆیە کەوتووەتە دۆی من و هەر تەماشای من ئەکا . بیبەستەرەوە و مەهێلّە دوام بکەوێ ، چونکە باش نییە ئینسانی هەرزە ، یا چاوی هەرزە بەرەڵلاّ بکرێ و جڵەوی بۆ شۆڕ بکرێ .

لەنێوان (چاوە) و (چاو)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (زەنجیر) و (موطلّەق)دا طیباق و ، لە (زەنجیر کردنی چاو)دا ئیستیعارەی موصەرّڕەحە هەیە . لە (ئینسان)یشدا لەطافەت هەیە چونکە ، وەك ڕۆنمان کردەوە ، دۆ مەعنا ئەگەیەنێ . تێکڕا لە دوا وشەی هەر پێنج بەیتەکەشدا (لەرزە ، بەرزە ، تەرزە ، شەرزە ، هەرزە) جیناسی لاحیق هەیە .

دەفەرمۆی : هەڵیشئەگرێ (دەفەرموێ) بێ . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : دەفەرمۆ .

(١) حلقە در گوش : ڕستەیەکی فارسییە ، واتە : ئەڵقە لەگوێ ، کینایەیە لە بەندە و خزمەتکار . زیاد لەو مەعنای کینایەیە ، کەللەی دەف خۆیشی کۆمەڵێك ئەڵقەی پێوەیە . کَفَه : کەففە ، کفّ ، کەف ، لەپی دەست .

نەی ، کە صاحیب سیرّرّە ، سەر تا پا بە ئەمری (کن) کونە
باطینی (ِقف ْ ِقف ْ عَلی ِسرّی) ، بە ظاهیر قەف قەفە (٢)

واتە : ئەم دەفە بەندە و خولامی ئەلقە لەگویّی لەپی رّەنگینی بە خەنە سۆرکراوی تۆیە ، کەواتە توخوا لیّیمەدە با نەنالیّنیّ ، مەنعی لەپی دەستت بکە لەوە کە چەپۆلە بدا بەسەریا .. رّستەی لیّیمەدە هەردۆ مەعناکەی لیّدان ئەگریّتەوە .

لەنیّوان (کەف) و (دەف)دا سەرەرّای تەناسوب جیناسی لاحیق و ، لەنیّوان (کَفَّ) و (کَفَه)دا جیناسی موحەرّرّەف هەیە .

لیّیمەدە : لە هەمۆ نوسخەکاندا ، جگە لە (چر) و (گم) و (من) ، بە (لیّمەدە) نۆسراوە ، بەوجۆرەش مەعناکە دیّ .

(٢) نەی : شمشالّی قامیش . سیرّرّ : رّاز و نهیّنیّ . کُنْ : ئیشارەتە بۆ ناوی خوا ، لە (کُنْ فَیَکُونْ)ەوە هاتووە .

واتە : شمشالّی لە قامیش دروستکراو ، کە رّازیّکی بۆ خۆی هەیە لە وەختی لیّدانیا رّای ئەگەیەنیّت ، سەرتاپای بە فەرمانی خوا کونکون بووە ، کەچیّ رّازەکەشی نادۆرّیّنیّ و لیّی ناکەویّ .. کە بە دیمەن قەفقەف و پارچەیە ، ئەوە لەدیوی ناوەوەیەوە بانگت ئەکا پیّتئەلّیّ وەرە لە رّازم ئاگادار ببە ..

ئەو وردەکارییەی لەم بەیتەدا هەیە تەنها لە وشەی عەرەبییەکانی (قَفْ قِفْ) ـ بە بەراورد لەگەلّ (قەف قەف) ـ و لە (ظاهیر) و (باطِین)ەکەوە دەرئەکەویّ .

وشەی (کُنْ) ئیشارەتە بۆ ئایەتی (اِنَّما اَمْرُهُ اِذا اَرادَ شیئًا اَنْ یَقُولَ لَهُ کُنْ فَیَکُونْ) واتە : کاری خوا وایە کە ویستی شتیّ ببیّ ، پیّیئەلّیّ ببە و ئەویش ئەبیّ .

لەنیّوان هەردۆ (سیرّرّ) و (سەر) و ، (قِف قِفْ) و (قەفقەف)دا جیناسی موحەرّرّەف و ، لەنیّوان (کُنْ) و (کون)دا جیناسی تەواو و ، لەنیّوان (باطین) و (ظاهیر)دا طیباق هەیە .

سەرتاپا (چن) و (عم) و (گم) و (خب) : سەرتاپای . قِفْ ـ ی یەکەم ـ (چن) : قَفْ . قەف ، بەمپیّیە ئەبیّ بە موضافوئیلەیهیی (باطینی) . علی سری (چر) و (خب) : عَلی سِرِّهْ . (عم) و (ت) : علی سری و . (گم) : علی سر . (خا) علی سرّیە . بە ظاهیر (عم) و (ت) و (مز) و (عب) و (خا) و (خب) : ظاهیر .

خۆشتره عوذری گونەهکاران له صەد ذیکری ژییا
ئەم به نەرمێ عەفوه عەفوه ، ئەو به تووندێ عەف عەفه (٣)

شێخیو سەر لنگه دەستاڑی به دەستاری بوزورگ
ژەندم و ، دەستاری کەللەی من دەفه ، نەك مینەدەفه (٤)

---

(٣) عەف عەف : حەو حەو ؛ وەژەی سەگ .

واته : ئەو عوزرەی گوناهباران ئەیهێننەوه بۆ داوای خۆشبوون لەو گوناهانەی کردوێانه ، گەلێ لەوه خۆشتره که هەندێ کەس به درۆ و بۆ ژیا ناوی خوا ئەهێنن ، چونکه ئەوانەی عوزر ئەهێننەوه هەستیان به تاوانی خۆیان کردووه و بەڕاستیانه و ئەیانەوێ پاشگەز ببنەوه ، بەڵام ئەمان بۆ ئەوه ناوی خوا دێنن دڵی کەسانێك له خۆیان ڕازێ بکەن . هەر بۆیەش ژییا له ئایینی ئیسلامدا به هاوبەش دانانێکی بچۆك دانراوه بۆ خوا .. کەواتە ذیکر کردنه به درۆ و ژیاکەی ئەمان که بەدەنگی بەرز ئەنەژێنن (حەی ! حەی !) ، لەئاستی داوای لێبوردنەکەی گوناهبارانا بەئاستەم و لەگەڵ جۆره کزۆزانەوەیەکدا ، وەك (عەو ! . عەو!)کردن و وەژینی سەگ وایه .

لەنێوان (عەفوه .. عەفوه) و (عەف .. عەف)دا جیناسی ناقیص و ، له کۆکردنەوەی (نەرم) و (توند)دا طیباق هەیه .

ئەم ، ئەو (عم) و (عب) و (من) : ئەو ، ئەم .

ئەم بەیته و بەیتی شەشەم لە نوسخەی (عب) و (من)دا له جێگای یەکتردان .

(٤) دەستار (ی دۆهەم) : مێزەره . بوزورگ : گەوره . ژەند : قۆشمه و کەیفچێ و خۆش . مینەدەف : گۆزی هەلاجێ که له ژێ و کەوانەکەی ئەدەن و لۆکەی پێ شێ ئەکەنەوه .

واته : تۆ بەناو شێخی تەریقەتی و مێزەرێکی زلت بۆ ژیا لەسەر ناوه ئەوەندەی لنگه دەستاڑێك ئەبێ ، دەمیشت لەژێریەوه خەرێکی بڕوێش کردن و قسەی هەلەق مەلەق و هیچ و پۆچە .. منیش کابرایەکی قۆشمه و کەیفچێ و خۆشم و گوێ به دنیا نادەم و ، لەجیاتیی مێزەر دەفەکەم ئەنێم به سەرمەوه ، نەك مێزەرێکی وەك گۆزی هەلاج ، لۆکەی ژییای بۆ ئەم و ئەو پێ شێ بکەمەوه ..

لەنێوان (شێخ) و (ژەند)دا طیباق و ، له کۆکردنەوەی (دەستاڑ) و

خادیمێ مەخدۆمییە ، ماقوڵێ ناماقوڵییە
لەم دەرە ئاصەف سولەیمانە ، سولەیمان ئاصـــەفە (٥)

صاحێبی (علم الکتاب)ە موطریبی هودهود نەفەس
یا سولەیمانە لە (اخوان الصفا) ، ئاصەف صەفە (٦)

(دەستار)دا جیناسی موحەرّرەف و ، لەنێوان (من دەفە) و (مینەدەفە)دا جیناسی تەرکیب هەیە .

(٥) ئاصەف : ئاصـــەفی کوڕی بەرخیـــا وەزیری حەزرەتی ســـولەیمان . سولەیمان : حەزرەتی سولەیمان .

واتە : لـــە مەیدانی خواناسینی ڕاســـتەقینە و دڵسۆزیی بێگـــەرددا خزمەتـــکارێ گەورەییە و ، خـــۆ بە گەورە زانین ناماقوڵییـــە .. لەم مەیدانەدا ئەوەی خۆی بە ئاصەف دابنێ ئەبێ بە سولەیمان و ، ئەوەی خۆی بە سولەیمان دابنێ ئەبێ بە ئاصەف ...

لە (ئاصـــەف) و (سولەیمان)دا تەنهـــا مەعنای بچـــوک و گەورە وەرگیراوە .

سولەیمانە (عم) و (گم) و (مز) : سولەیمان و . (من) : سولەیمانە و .

(٦) هودهود : پەپوە سڵێمانە . نەفەس : دەم و دۆ . اخوان الصفا : برایانی ڕاستێ و خاوێنـــێ و بێ گەردێ . ناوی حیزبێکی ئایینـــێ و سیاسییی ئیسماعیلێ مەشرەبیشە لە ســـەدەی دەهەمی زایینیدا کاری کردووە ، بنکەی لە بەسرە بووە و ، پەیڕەوەکانی بە فەلسەفەی ئیسلام و یۆنانەوە خەریک بوون . ئاصەف : ئیشارەتە بە ئاصەفی کوڕی بەرخیای وەزیری سولەیمان . صەف : ڕیز .

ئەم بەیتە وەک بەڵگە وایە بۆ بەیتی پێشۆ . واتە : موطریبی دەم و دۆ وەک پەپوە سڵێمانە ، کە نالێ خۆیەتی ، لەبەرئەوەی کە بەدیمەن ڕەند و سادەیە و خۆی وەک ئەو باڵدارە بچۆکە بە هیچ ئەزانێ ، بووە بە خاوەنی (علم الکتاب) . ســـڵێمان پاشایش برایەکی بێ ئەرک و تەکلیفـــە لەگەڵ کەس و کار و هـــاوڕێیان و ، خۆی وەک ئاصەفی وەزیـــری سولەیمان پێغەمبەر ئەداتـــە قەڵەم ، لەگـــەڵ ئەوەشـــا کە پادشـــایە و ئەو پایـــە گەورەیەی لەناو بنەماڵەی بابان و لەناو خەڵکەکەدا هەیە .

وشەی (علم الکتاب) ئیشارەتە بە ئایەتی (قَالَ الَّذي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْکِتابِ) لـــە باسی حەزرەتی ســـولەیمان و شاژنی ســـەبەئدا .

جامی تاقی مەیکەدە میشکاتی قیندیلی دڵە
شیشە پڕ قەرقەف لە ژەفڕەف شاهی عالێ ژەفڕەفە (٧)

طەبعی « نالێ » تۆندە ئەمژۆ ، یا بە نەشئەی نیم نیگاە
مەستی ژەحڕاح و مەی و ژاح و قەراح و قەرقەفە ؟! (٨)

وەصف کردنی موطریبیش بە (هودهود نەفەس) لەوەوە هاتووە کە پەپوە سلێمانە بە لەفز و گفتێکی شیرین لای سولەیماندا قسەی کردووە .

نیشانەی ئەوە کە مەبەست لە (موطریب) نالێ خۆیەتی ، بەیتی چوارەمە و ، پەیوەندی نالێ لەگەڵ سلێمان پاشا و ، هەستی شانازێ بە خۆ کردنی کە هەمیشە دەری‌ئەخا و ، وەصف‌کردنی پەپوە سلێمانە بە (هودهود نەفەس) و ، بەراورد کردنی پەیوەندی نالێ و سلێمان پاشا و ، حەزرەتی سولەیمان و ئەوکەسەی ئایەتی (قال الذي عنده علم من الكتاب) لێی ئەدوێ .

موطریبی (چر) و (خا) : موطریب و . (چن) و (مز) و (عب) و (اح) و (خب) : موطریب . بۆ (موطریب و) و (موطریبی)یش دەستئەدا . اخوان الصفا (خب) : ئیخوانی صەفا .

(٧) جام : پیالەی مەی . مەیکەدە : مەیخانە . میشکات : دەلاقەی نادیوەودەر کە چرای تیا دائەنرێ . قیندیل : چرا . قەرقەف : مەی . ژەفڕەف : ژایەخی جوان . تەختانی پڕ لە گوڵ و سەوزێ .

واتە : پیالەی شەراب کە لە دەلاقەی نادیوەودەری مەیخانەدا دانرابێ ، ئەو تاقەیە کە چرای دڵی سەرخۆشانی تیا دائەنرێ . شیشەی پڕ لە شەرابیش لەسەر چیمەنی پڕ لە گوڵ و شینایێ ، شاهێکی پایە و ژێ و شوێن بەرزە هەرچەند لەسەر زەوییش دانراوە .

ئەم بەیتە تەنها لە نوسخەکانی (عم) و (گم)دا هەیە .

(٨) طەبع : تەبیعەت . نەشئە : سەرخۆشێ . نیم نیگاە : لاچاو . ژەحڕاح : ژیانی خۆش . ژاح : مەی . بەری دەست ، قەراح : ئاوی سازگار .

واتە : نازانم نالێ هەر لەخۆیەوە ئەمژۆ تەبیعەتی تۆندە و قسەی تیژ و بەتوێکڵ ئەکا و لە چەند لاوە تێهەڵچووە ، یاخود مەستی بە لاچاو ژوانینی یارە بۆی ، وەك بڵێی شەرابی سازگاری لە دەستی یار وەرگرتبێ و خواردبێتیەوە .

كەوا زەڕتایی یەكتایێ دەڵێی خورشیدی ئافاقە
مەڵێ خورشیدی ئافاقە ، بڵێ میهرێ كەوا تاقە (١)

ڕەیاحین پەرچەم و ، لالە كولاە و ، یاسەمەن طوڕڕە
بەنەفشە خاڵ و ، نەرگس چاو و ، گوڵ زار و سەمەن ساقە (٢)

كۆكردنەوەی ئەو هەموو وشانەی لە نیوەی دوهەمی ئەم بەیتەدا لەپاڵ یەكدا ڕێز كراون ، هەر بۆ دەربڕینی دەسەلات و وشەئارایی نالێ هێناونی .

یا (چر) و (ك) و (اح) و («پەراوێزی» خا) و (خب) : وا .

(١) زەڕتا : ئەوەی تالەكانی لە زێڕ بێ . یەكتایێ : بێبەر . خورشید : خۆر . ئافاق : جیهان . میهر : خۆر . تاق : تەنها . تاقە : قوماشێكی ئاوریشمی جوان بۆ جاران ئەیانكرد بە كەوا و لەبەر تیشكی خۆردا ئەبریسكایەوە .

واتە : یاری كەوا تاڵ زێڕین و تەنك و بێبەر لە خۆری جیهانتاب ئەچێ كە تیشك بە گێتتیدا ئەداتەوە . . نەخەیر مەڵێ لە خۆری جیهانتاب ئەچێ كە تیشك بە گێتتیدا ئەداتەوە ، بڵێ خۆی خۆرێكی تاقانەیە هاوتای نییە ، یاخود بڵێ خۆرێكە كەوای تاقەی لەبەر كردووە .

هێنانی (مەڵێ خورشیدی ئافاقە) بەدوای (دەڵێی خورشیدی ئافاقە)دا كە (ئیجاب) و (سەلب)یان پێكەوە پێ كۆكراوەتەوە ، پێیئەڵێن (طباق السلب). لە وشەی (تاقە)شدا ، وەكو مامۆستا عەلێ موقبیل نۆسیویە ، لەطافەت هەیە چونكە هەم مەعنای (تەنهایە) و هەم مەعنای (تاقە)ی قوماشیش ئەگەیەنێ . لە كۆكردنەوەی (دەڵێی) و (مەڵێ) و (بڵێ)یشدا جیناسی لاحیق هەیە .

زەڕتای (عم) و (گم) و (عب) : زەڕتاری . یەكتایێ (كم) و (من) : یەكتایە . دەڵێی (كم) و (من) : ئەڵێی .

(٢) ڕەیاحین : جەمعی ڕەیحانە . پەرچەم : مۆی سەر كە ئەنیشێتە سەر ناوچاوان . لالە : گوڵێكی سۆری بەهارییە . كولاە : كڵاو . یاسەمەن : گوڵێكی بۆنخۆشە سپێ و زەرد و شینی هەیە . طوڕڕە : مۆی لۆلی

بنازم دلبەری خۆم چەندە پڕ وەصف و چ بێ عەیبە :
بە چاو مەست و ، بە دڵ هوشیار ، بە ئەبرۆ جوت و هەم تاقە ! (٣)

نەوای ئاهەنگی (قَدْ قامَتْ) طەریقی جەمعی زوهادە
قەد و قامەت بە لەهجەی ڕاستێ طوبایی عوششاقە (٤)

ئەملا و ئەولای ناوچاوان . بەنەفشە : وەنەوشە . زار : دەم . سەمەن : یاسەمەن . یاخود لە سیمین وەرگیراوە واتە زیوین . ساق : پۆز .

لە کۆکردنەوەی ناوی چەند ئەندامێکی لەش و ، چەند گوڵێکدا تەناسوب هەیە . نەرگسیش ، سەرەڕای مەعنای خۆیشی ، کینایەشە لە مەستێ .

کولاە و (عم) : کلاو و . نەرگس (کم) و (گم) و (من) : نێرگس . گوڵ زار و (ت) و (ك) و (اح) و (خب) : گوڵ زار . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . (خا) : گوڵ زاری . سەمەن (چن) : سیمین .

(٣) بنازم : شانازیی پێوە بکەم .
واتە : مایەی شانازیمە کەوا یارم ئەوەندە چاك و جوان و بێخەوشە ، بە چاو مەستە و بە دڵ هوشیارە ، بڕۆکانی لەلایەکەوە جوتن ، دوانن و ، لە لایەکی کەوە کەوانین وەك تاق و هیلاڵێ .
وەصف و (خب) : وەصفە و .

(٤) نەوا : ئاواز . ئاهەنگ : بەزم : قَدْ قامَتْ : ڕستەیەکە ، بەشێکە لە دوعایەکی تایبەتێ بەر لە دابەستنی نوێژی جەماعەت ئەخوێنرێ . طەریق : ڕێگا . زوهاد : جەمعی زاهیدە ، واتە ئەوەی دەستی لە دنیا داشۆرییێ . لەهجە : زمان . طوبا : درەختی طوبا کە درەختێکە لە بەهەشتدا . عوششاق : جەمعی عاشقە واتە دڵدار .
واتە : بۆ ئەوانەی ڕێگای خوایان گرتووە و دەستیان لە دنیا داشۆردووە ، ڕێگا بریتییە لە ڕێگای گوێگرتن لە ئاوازی بەزمی (قَدْ قامَتِ الصَّلاة) .. بە زمانی ڕاستییش قەد و بالای یار ، درەختی طوبای بەهەشتی دڵدارانە لە سایەیدا بحەسێنەوە .
لە (قد قامت)دا ئیقتیباس و ، لەنێوان (قد قامت) و (قەد و قامەت)دا جیناسی موحەڕڕەف و ، لە کۆکردنەوەی (طەریق) و (زوهاد)دا تەناسوب هەیە چونکە (طەریقە)ی تەصەووفیش هیی زاهیدانە . لە (طوبا)یشدا لەطافەت هەیە ، چونکە جگە لەو مەعنایەی وتمان ، مەعنای (خۆزگە) و (ئاوات)یش ئەگەیەنێ .

به زوڵفی تۆیه وابەسته ، له من دڵ گەر پەرێشانه
به ئەبرۆی تۆیه پەیوەسته ، ئەگەر طاقەت له من تاقه (٥)

به نەهری کەوثەر و شیر و عەسەل چەند تینووه صۆفیێ
لەبی « نالیێ » دوچەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقه (٦)

---

(٥) وابەست : پێوه بەستراو و پەیوەندیێدار . طاقەت : توانا . تاق : تەرێك کەوتۆ .

واته : من که دڵم پەرێشان و بلاوه و لای خۆم نییه ، هیی ئەوەیه که پەیوەندی به زوڵفی پەرێشانی تۆوه هەیه و ، ئەو پەرێشانییەی لەوەوه بۆ هاتووه . که توانا و تاقەتیشم نەماوه و لێم تەرێك کەوتووه ، هیی ئەوەیه ، هەمۆی لەگەڵ برۆی پەیوەست و وەك تاقی تۆ پەیوەست بووه .

نالیێ لەم بەیتەدا شاکارێکی جوانی هونەریی داهێناوه . ئەوەتە (وابەست) و (پەرێشان) ی له نیوه بەیتی یەکەمدا بەکارهێناوه که بۆ (زوڵف) ئەگونجێن و داونیەته پاڵ (دڵ) . له نیوه بەیتی دۆهەمیشدا (پەیوەست) و (تاق)ی بەکارهێناوه که بۆ (برۆ) ئەگونجێن چونکه بەیەکەوه پەیوەستن و بە جیا جیاش تاق و وەك تاق وان و ، داونیەته پاڵ (تاقەت) .

له کۆکردنەوەی (وابەسته) و (پەرێشان) و ، (پەیوەست) و (تاق)دا طیباق و ، لەنێوان (زوڵف) و (ڕۆ)دا تەناسوب هەیه .

تۆیه ـ ی یەکەم ـ (چن) : تۆوه . له من دڵ گەر (گم) : له من گەر دڵ.
تۆیه ـ ی دۆهەم ـ (چن) و (عب) : تۆوه . ئەگەر طاقەت له من تاقه (عم) و (گم) و (خا) : له من طاقەت ئەگەر تاقه (بێ گوێدانه ئەوه که له هەندێ نوسخەدا تاقه به طاقه نۆسراوه) .

(٦) نەهر : جۆگا . کەوثەر : حەوزێکه له بەهەشتدا . عەسەل : هەنگوین .

واته : صۆفیێ چەند تینۆی ئاوی حەوزی کەوثەر و شیر و هەنگوینی بەهەشته ، لێوی نالیێ دۆ ئەوەنده موشتاقی لێوی وەك لەعل سۆری یاره .

نالیێ وشەی (تینۆ)ی بۆ صۆفیێ بەکارهێناوه که (ماددە پەرستیێ) ئەگەیەنێ ، کەچی بۆ خۆی که عاشقه (موشتاق)ی بەکارهێناوه که (گیان پەروەریێ) ئەگەیەنێ . بەمە بەراوردی لەنێوان خۆی یاخود دڵداران و

به مەرگی خۆت قەسەم ، زاهید ، هەمۆ عومرت عوبۆرێکە
مەقام و مەنزڵت ، ئاخر ، لەکن جەمعی قوبۆرێکە (١)

دڵم بەردە ئەگەر شاخە ، بە چاوی سۆکی مەنوازێ
بەخۆڕایێ نەسۆتاوە ، ئەمیشە کێوی طۆرێکە (٢)

صۆفییاندا کردووە و ، ویستۆیە ئەوەمان تێبگەیەنێ کەوا صۆفییەکان هەرچەند بەدیمەن خواپەرستن ، بەڵام لەڕاستیدا بەدوای ماددەدا ئەگەڕێن و ، دڵدارانیش هەرچەند بەدیمەن وێڵی دوای هەوا و ئارەزۆی نەفسن ، بەڵام لەڕاستیدا بەدوای ڕۆحەتیی ڕۆحدا ئەگەڕێن ، کەواتە عیشقی ڕاستەقینە و خوایێ لای ئەمانە نەك لای صۆفییەکان .

وردەکارییەکیتریش لەم بەیتەدا هەیە . لەنیوەی دۆهەمیا (لەب) و (لەبان) هەیە کە بە هەردۆ ئەبن بە (لەبلەبان) واتە ماچ . لە لایەکیکەشەوە (لەبان) بە شێوەی نۆسینی کۆنی (لبان) مەعنای شیر ئەگەیەنێ . ئەوەش شتێکی جوانە چونکە واتە : لێوی نالێ موشتاقی شیری لەعلی لێوی یارە ، کە وا ئەگەیەنێ مناڵ چەند موحتاجی شیری مەمکی دایکیەتی ، ئەمیش ئەوەندە موشتاقی مژینی لێوی یارە .

بۆ (عم) : بەو . لەعلی : هەمۆ نوسخەکان ، (عم) نەبێ ، لەعل ، کە لەگەڵ (بۆ)دا بۆ (لەعلی) ئەگونجێ . (عم) : لەعلە . بۆ ئەم نوسخەیە ئەبێ هەر وا بێ چونکە لەجیاتیی (بۆ) نۆسیویە (بەو) .

— ١١ —

(١) عوبۆر : پەڕینەوە . قوبۆر : جەمعی قەبرە .
واتە : ئەی زاهیدی لەخۆبایێبۆ ! بە مەرگی خۆت قەسەم ، تەمەنت هەرچەند درێژیش بێت ، لەوە زیاتر نییە کە بازدان و پەڕینەوەیەکە لە سەردەمی پێش هاتنە دنیاوە بۆ ئەو دنیا .. ئارامگای دواییشت ئەبێ سەرەنجام لە گۆڕستانێکا بێ لەپاڵ کۆمەڵە گۆڕێکدا ..
لەنێوان (عوبۆر) و (قوبۆر)دا جیناسی لاحیق هەیە .
خۆت (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (مز) و (عب) و (من) : تۆ .
مەنزڵت («پەراوێزی» چر) : مەرجیمت .

(٢) واتە : دڵم ئەگەر بەردێکی بێبایەخ و هیچ و پۆچ بێ ، یا شاخێکی

شوعاعی ڕۆت له گەردندا دیاره دڵ دەسۆتێنێ
بنازم بەم تەجەللایە ، چ خورشید و بلۆرێکە ! (٣)

له خەڵوەت هاتەدەر صۆفیێ ، گڵ و بەردی بەسەرما دا
مەکەن مەنعی لەبەر خەڵوە ، ئەویش تازە غورۆرێکە (٤)

سەخت و گەردەنکەش بێ ، هەرچۆن بێ بە سۆك سەیری مەکە ، بەخۆڕایێ و بێ هۆ نەسۆتاوە ، هۆی سۆتانی ئەوەیە ئەمیش ، وەك چۆن کێوی طۆر کەوتە بەر تەجەللای نۆری خوا و سۆتا ، کەوتووەتە بەر گڕی ئاگری عەشق . بۆیە دڵی منیش لەجیاتیی ئەوەی بە چاوی سۆك سەیری بکرێ ، شایانی ئەوەیە وەك کلەی کێوی طۆر چاوی پێ بڕێژرێ .

له نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا حوسنی تەعلیل هەیە .

شاخە (عم) و (گم) : سۆتا . مەنوازێ (عم) و (کم) و (گم) و (من) : مەنوازە .

(٣) شوعاع : تیشك .

واتە : تیشکی هەتاوی ڕۆت کە لە ئاوێنەی گەردنی وەك بلوورتا ئەدرەوشێتەوە ، دڵی دڵداران ئەسۆتێنێ . ماشەڵڵا لەم جوانییە ! ڕۆمەتت خۆرێکی چەند پرشنگدارە و گەردنت بلۆرێکی چەند بێ گەردە . .

هێنانی (خورشید) و (بلۆر) بەدوای (ڕۆ) و (گەردن)دا لەف و نەشری موڕەتتەبە ، چونکە (خورشید) بۆ (ڕۆ) و (بلۆر)یش بۆ (گەردن) ئەگەڕێتەوە .

ڕۆت (چر) و (عب) : ڕۆی . دەسۆتێنێ (کم) و (من) : ئەسۆتێنێ .

(٤) خەڵوەت : گۆشەگیریی صۆفییانە کە ماوەیەك لە ژۆرێکدا ئەمێننەوە و ناچنە دەرەوە . ئەوە جۆرە خواپەرستییەکی صۆفییانە . گڵ و بەرد : وادیارە مەبەست لێی ئەو گڵمتك و بەردانەیە کە سۆفێ لەکاتی (خەتمە)دا لەجیاتیی تەزبێح بەدەستیەوە ئەگرن .

واتە : صۆفیی بەدیمەن دەست لە دنیا هەڵگرتۆ ، لە خەڵوەت خانەکەی هاتەدەر و گڵ و بەردەکەی دەستی دا بە سەرما و بە سۆك سەیری کردم . . لێیمەگرن وائەکا ، تازە لە خەڵوەت هاتووەتەدەر ، خۆی لێ بایێ بووە ، وائەزانێ ئەم دنیا لە خۆی بەولاوە کەسی تیا نییە و هەمۆ کەسێکی‌تری لا هیچە .

خەڵوەت (ت) و (ك) و (اح) : خەڵوە . صۆفێ (چر) و (چن) و (عم) و

غەمی چاوت لە چاومدا ، هەمی قەددت لە سینەمدا
لەبەر سستێ و ضەعیفێ ئەو خەوێکە ، ئەم خوطوڕێکە ! (٥)

بە ظاهیر شادمانیمە لەبەر کەتمی هەمۆ دەردان
کە « نالێ » گەر بنالێنێ ئەمیش نەشئە و سورۆرێکە (٦)

(کم) و (گم) و (عب) و (من) : زاهید . خەڵوە (ت) : خەڵوەت . ئەویش (چر) و (عم) و (کم) و (عب) و (من) : ئەمیش . (گم) : ئەمەش .

(٥) هەم : خەم . خوطوڕ : خەیاڵ .

واتە : خەم و خەفەتی دۆریی چاوت لە چاوما نیگای کێشراوە و ، دەردی دۆریی باڵات لە سینەمدایە . ئەمە نەختێ دڵم ڕەحەت ئەکات ، چونکە وردەیەك پەیوەندم لەگەڵت پێ پەیدا ئەکا . بەڵام چەرخی ڕۆژگار ئەوەشم پێ ڕەوا نابینێ . ئەوەتە لەبەر سستیی دڵ و بێهێزیی چاوم خەمی چاوەکەت وەك خەو بینین و دەردی دڵەکەت وەك خەیاڵێکیان لێ هاتووە لام و ، بەشی ئەوە ناکەن پێیان بحەسێمەوە .

لە نیوە بەیتی دۆهەمدا (سستێ) بۆ (دڵ) و (ضەعیفێ) بۆ (چاو) ئەگەڕێتەوە و لەف و نەشری موشەووەشە . بەڵام (ئەو خەوێکە) بۆ (غەمی چاو) و (ئەم خوطوڕێکە) بۆ (هەمی قەددت) ئەگەڕێتەوە و لەف و نەشری مورەتتەبە . لە کۆکردنەوەی (چاوت) و (چاوم)دا موقابەلە و جیناسی لاحیق و ، لە کۆکردنەوەی (چاو) و (قەد) و (سینە) و (خەم) و (خوطوڕە)دا تەناسوب هەیە .

لە چاومدا ، هەمی قەددت (کم) و (گم) و (من) : لە چاومدایە هیی قەددت . (مز) : لە چاومدا هەمی عەشقت .

(٦) واتە : من لەبەرئەوەی هەرچێ خەم و پەژارە و دەردمە هەمۆی ئەخۆمەوە و هیچی دەرنابڕم ، وا دێمە پێش چاوی خەڵك کە شادمان بم ، کەچێ ناخی دەرۆنم پڕە لە مەینەت و ئازار . ئەمەش جۆرە نەگبەتییەکە کە ناتوانم بنالێنم ، چونکە ئەگەر بێت و بتوانم بنالێنم ، نالینەکەم ئەبێتە جۆرە شایێ و خۆشییەك و کەمێك ئازارمی پێ سۆك ئەبێ . بەڵام کوا ؟!

لە کۆکردنەوەی (ظاهیر) و (کەتم)دا طیباق هەیە . وشەی (هەمۆ)یش هەڵئەگرێ (هەمۆ)ی بە مەعنا (گشت) بێ یا (هەم و) بێ واتە (هەم)ی بەمەعنا خەم لەگەڵ (و)ی عەطف . کەواتە لە (هەمۆ دەردان)دا لەطافەت

سەری هەر مۆی بەدەنم طەرزە تەمەننایێکە
گەردشی تۆکی سەرم دۆکەڵی سەودایێکە (١)

وەرە سەر سەیری صەفاگاهی نەظەرگەی چاوم
کە عەجەب مەنظەرەیی سەیر و تەماشایێکە (٢)

هەیە . لە کۆکردنەوەی (نالین) و (نەشئە) و (سورۆر)یشدا طیباق هەیە . نەشئە و (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) : شادێ و .

— ١٢ —

(١) طەرز : جۆر . تەمەننا : ئاوات . گەردش : سۆرانەوە . سەودا : عەشق.

واتە : هەزار جۆرە ئاوات لە دەرۆنما پەنگی خواردووەتەوە و هیچیم بۆ نایەتەدێ ، بەجۆرێکم لێ هاتووە ئەتوانم بڵێم سەری هەر تاڵە مۆیەکی لەشم ئاواتێکی پێوەیە . هەر مۆیەکی سەرم کە ئەجۆڵێ بە تەئثیری دۆکەڵی عەشقێکە لە کەللەما ئەیجۆڵێنێ .

دیارە ئەم پارچە شیعرە بەرهەمی باریکی دەرۆنیی زۆر سەخت و ماتەماویی نالییە .

سەری هەر مۆی (ت) و (اح) و («پەراوێزی» خا) و (خب) : هەر سەری مۆی . دۆکەڵی (چن) : دۆکەڵە . (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (اح) و (من) و (خا) : هێڵەکی .

(٢) صەفاگاه : جێگای ڕابواردن . نەظەرگە : دۆرنما . مەنظەرە : جێگای تەماشا .

واتە : ئەوەندە دیمەنی جوان و سەیر کە لە ژیانما بە چاوی خۆم دیومن ، لە ناوچاوما وێنەیان کێشراوە ، چاوم بووە بە جێگای تەماشا و ڕابواردنێکی سەرسامکەر .. وەرە تەماشای کە بزانە چ دیمەنێك ئەبینێ . ئەشتوانرێ مەعنای بەیتەکە وا لێبدرێتەوە کە ئەوەندە فرمێسك لە چاوی زۆرێشتووە ، چەند جۆرە گوڵ و گوڵزار لە چاویا ڕووابوە و بووە بە سەیرانگا و مەیدانی ڕابواردن .

سەیری : ئەمە تەنها بەپێی تێکستی (عم)ە . نوسخەکانیتر بەمجۆرەن: (چر) و (چن) و (عب) و (خب) : سەیر . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (اح) و (من) و (خا) : سەیر و .

سۆزشێکی نەفەس و شۆڕشی نائیی نایێ
هەریەکە نەوعە غینایێکە ، بە مەعنایێکە (٣)

حەڵقە حەڵقەی چدەکەی داوی کەمەندی زوڵفت
بۆ دڵی خەستە کەوا بەستەیی هەودایێکە ؟! (٤)

صەفاگاهی (چر) و (ت) و (ك) و (اح) و (عب) و (خا) و (خب) : صەفاگاه . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . (عم) و (گم) : صەفاگاه و .

(٣) سۆزش : سۆز . نەفەس : هەناسە . شۆڕش : دەنگ و هەرا . نائێ : دۆر . نای : شمشاڵ . غینا : غناء ، گورانێ .

واتە : سۆزی هەناسەی خەمباران و ئاوازی دۆری شمشاڵێك ، هەریەکی جۆرە گۆرانییەکە . بەڵام هەردوکیان یەك مەعنایان هەیە . هەردوکیان ، هەریەکە بە شێوەی خۆی ، دەردی دڵی ئادەمیزاد باس ئەکا.

ئەشگونجێ مەعنای (بە مەعنایێکە) وا لێبدرێتەوە کەوا هەریەکی مەعنایەکی تایبەتیی هەیە ، ئەویان شتێك ئەگەیەنێ و ئەمیان شتێکیتر .

هەرچۆن بێ لەنێوان (سۆزش) و (شۆڕش)دا هاوئاوازییەکی جوان و ، لەنێوان (نائێ) و (نایێ)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ناڵە) و (نای)دا تەناسوب هەیە .

سۆزشێکی (کم) و (من) : سۆزشی . (خب) : شۆڕشی . نائیی نایێ (عم) و (گم) : نای و ناڵەی . (ت) : ناڵەی نایێ . (ك) : نایێ نائێ .

ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی لە نوسخەی (چر) و (عب)دا لەجێی یەکتردان .

(٤) خەستە : نەخۆش . بەستە : بەستراو ، گیرۆدە . هەودا : تاڵی مۆ .

واتە : ئەوە خەریکی چیت ؟ بۆچی زوڵفت هەڵقە هەڵقە ئەکەیت و داوی لێ دروست ئەکەی بۆ دڵی عاشقە بیمارەکان ؟ خۆ دڵی عاشقی خەستە تەنها تاڵێکی مۆی زوڵفتی بەسە پێی گیر ببێ ، ئیتر بۆچی خۆت ماندۆ ئەکەی ؟!

لەنێوان (خەستە) و (بەستە)دا جیناسی لاحیق هەیە .

حەڵقە حەڵقەی : ئەمە تێکستی (ت)یە . نوسخەکانیتر هەمۆ نۆسیویانە : حەڵقە حەڵقە . چدەکەی («پەراوێزی» چر) و (ت) و (اح) و (من) و (خا) : کە دەکەی . (کم) : کە ئەکەی .

هەردەمە فەرشی کەسێکی‌کەیە بێ مەهر و نیکاح
دوَر لە چاکانی ، عەجەب فاحیشە دنیایێکە ! (٥)

« نالێ » ئاستوَدە نییە طوَلی نەمامی عومرت
بە نەفەس دێت و دەچێت ، ئەصڵی لەسەر بایێکە (٦)

---

(٥) هەردەمە : هەرکاتێ . فەرش : ژێرەخەر . مەهر : مارەیێ . نیکاح : مارەبڕین . فاحیشە : ئافرەتی داوێن پیس .

واتە : ئەم دنیای بێوەفایە هەر ڕۆژێ ژێرەخەری یەکێکی تازەیە بە ناحەق ئەکەوێتە ژێردەستی ، وەك ئافرەتی داوێن پیس کە بێمارەیێ و مارەبڕین لەژێر هەرکەسێکا بییەوێ ڕائەکشێ .. ئای لەم دنیایە ، دوَر لە پیاو چاکەکانی ، دنیایەکی چەند بێناموَس و داوێن پیسە !

فەرشی (عم) و (کم) : عیرسی . کەسێکی‌کەیە بێ مەهر و (چن) : کەسێکە کە بە بێ مەهر و .

(٦) طوَل : درێژی . نەفەس : هەناسە .

واتە : ئازیز ! نالێ بەدرێژیی عومری تەڕ و پاراو و لاوی وەك نەمامی تۆ ناحەسێتەوە . تەنها بە هەناسە دێت و دەڕوا ، تەنها هەر هەناسەیەکی تیایە ، ئەگینا هیچ نیشانەیەکی‌تری ژیانی پێوە نییە ، ڕیشەی لەسەر (با)یەك بەندە کە لای تۆوە بۆی بێت ، ئەگەر ئەو بایەی بۆ نەیەت هەناسەکەی خۆیشی نامێنێ .

(لەسەر بایەك وەستاوە) یا (لەسەر بایەك بەندە) لە کوردیدا ڕستەیەکی کینایەیە لە بێگیانێ و نزیکێ لە حاڵی گیانەڵا و مردن یا پیرییەکی تەواو .

ڕێیشی تێئەچێ بەیتەکە خیطاب بێ لەگەڵ نالێ خۆی و مەعنای بەمجۆرە لێك‌بدرێتەوە کەوا ئەی‌نالێ ، تەمەنی بێهێزت بەدرێژاییی خۆی ئاستوَدە نییە . تەمەنت هەموَ بریتییە لە هەناسەیەك دێ و دەچێ و لەسەر ئەو هەناسەیە وەستاوە ، کە وەستا عومرت تەواوە .

طوَلی نەمامی (عم) و (گم) و (ت) : طوَلە نەمامی . (ك) و (خا) : طوَلی تەمامی . لەسەر (چر) : لەگەڵ .

شاهێنی دو چاوت که نیگا و مەیلی بە دانگە
کێشانی بە قوللابی دلاوێزی بژانگە (١)

صۆفیێ و سەر و مێزەر ، من و زوڵف و سەر و دەسماڵ
من کوشتەیی لاجانگم و ، ئەو کوشتەیی جانگە (٢)

— ١٣ —

(١) شاهێن : لە فارسیدا (شاهین) میلی تەرازووە کە تاکانی تەرازوەکەی پێوە شۆڕ ئەکرێنەوە . لە دیالێکتی هەورامییشدا بە تەرازۆ ئەڵێن : شایەن ، لێرەدا ئەم مەعنایە مەبەستە . پەلەوەرێکی ڕاو پێکردنە لە چەشنی هەڵۆ ، چاوی یاری پێ ئەشوبهێنن لە توانای ڕاوکردنی دڵی دڵدارانداً . نیگا : بە لا ڕوانین . دانگ : بەشێك لە شتێك . کینایەیە لە کەمێ . قوللاب : قولاپ . دلاوێز : دڵ پیا هەڵواسراو . بژانگ : برژانگ .

واتە : تەرازۆی چاوەکانت کە بەئاستەم نەبێ بەملا و بەولادا سەرناکەن و یەکێك لە دۆستان هەڵناوێرن بەسەر ئەوانیکەدا تا تۆزێك زیاتر بۆلای ئەو بڕوانن ، بە قولاپی دڵ پیا هەڵواسراوی برژانگەکانت کێشانە ئەکەن . مەبەستی ئەوەیە بڵێ دڵی دڵداران لەناو چاوتان و بە قولاپی برژانگەکانت بەراوردیان ئەکەی تا بزانی کامیان لات خۆشەویستتر و قورستر تۆزێ چاوی بەلادا لار بکەیتەوە .

نالێ لە لایەکی کەشەوە مەعنای (ڕاوکەر)یشی لە وشەی (شاهێن) مەبەست بووە . بەمپێیە مەبەست لە (قولاپی برژانگ)یش چنگی شاهێنەکەیە کە چۆلەکەی دڵی دڵداران ڕاو ئەکا و مەبەستیش لە (کێشان) ڕاوکردن و بەکێشکردنە . بەمجۆرەش مەعناکە هەر تەواوە .

نیگا و مەیلی بە دانگە (کم) و (من) : نیگاهێکی بە دەنگە . دیارە (بەدەنگە)کەی هەڵەیە . بژانگە : (چر) و (خا) : مژانگە . ئەگەر هەڵە نەبێ، بشێ پەیوەندێکی بە (موژگان)ەوە هەبێ ؟

(٢) لاجانگ : نێوانی چاو و گوێ .

واتە : سۆفیێ حەزی لە سەر و مێزەرە کە لفکەی مێزەرەکەی بە لاجانگیا بێتە خوارەوە و خۆی پێ بنوێنێ ، منیش ئارەزۆم لەوەیە

فەرمۆتە کە بانگم کە ، شەوێ ، دێمە کەنارت
قوربان ! وەرە شەو ڕۆیی ، ئەوا وەعدەیی بانگە (٣)

بنوێنە برۆ ، یەعنی هیلالی سەری ماهت
چون وەعدەیی ماچی سەری کوڵمت سەری مانگە (٤)

زوڵف و سەر و دەسماڵی یار ببینم بە لاجانگیا شۆڕ بۆبێتەوە . من کوشتەی لاجانگی نازدارانم و ئەویش کوشتەی ئەو جەنگی سەر لێشێواوییەیە کە لەخۆیەوە دەستی داوەتێ لەگەڵ هەرچییەکدا بەئارەزۆی دڵی نەبێ . یاخود من بە بێجەنگ لە مەیدانی دڵدا کوژراوم و ، ئەویش لە جەنگی ڕیاکاریدا کوژراوە کە دنیا و قیامەتی تیا لەکیس چووە .

لاجانگم و (چن) : لاجەنگم و .

(٣) کەنار : لا ، پاڵ . بانگ (ی دۆهەم) : بانگی سبەینان . بانگکردن .

واتە : ئازیز ! تۆ خۆت بەڵێنت دامێ ، وتت شەوێ بانگم کە ، دێمە لات .. دەفەرمۆ ، شەو وا بەسەرچۆ ، وەعدەی بانگ بانگی بەیانییە ، یا فەرمۆ ، وەرە ، وەعدەی بانگکردنەکەیە .

لەنێوان (بانگ)ی یەکەم و (بانگ)ی دۆهەمدا ــ کە بەمەعنا بانگدان بێ ــ جیناس و ئیشتیراك و ، لە (بانگ)ی دۆهەمیشدا لەطافەت هەیە .

وەعدەیی (عم) و (گم) و (عب) و (خا) و (خب) : وادەیی .

(٤) ماه : مانگ .

واتە : گفتت دابۆمێ کەوا سەری مانگ ڕۆژۆی بێماچیم ئەشکێنێ و ماچم ئەدەیتێ . دەسا برۆی وەك مانگی یەکشەوەی ڕاسەری مانگی ڕۆمەتت دەرخە ، بۆئەوەی بە دەرکەوتنی ، مانگ نوێ ببێتەوە و ، وادەی ماچی لێوت بۆ من دابێ و ، منیش بە میوەی خۆش و بەتام و زەرد و سۆری سەری کوڵمت بەربانگ بکەمەوە .

ئەمە مەگەر کاری نالێ بێ لە یەك کاتدا مانگی یەکشەوە و مانگی پێگەیشتۆ کۆبکاتەوە !

برۆ (عم) و (گم) و (خب) : بڕۆت . کوڵمت (چر) و (عم) و (گم) و (ت) و (عب) و (خا) و (خب) : ماهت .

« نالێ » مەکە ، تۆڕا بو ، لەبەر جەبهەیی گرژت
نایێتە ئەلات ، عیجزی لەبەر دۆکەڵی قانگە (٥)

— ١٤ —

بنواڕە وشکە صۆفیو ڕەقصی بە هەلهەلە
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێمەلە (١)

---

(٥) مەکە : وازبێنە . بێدەنگ بە . تومەز . تۆڕا : تۆڕە ، یاخود لەگەڵ (بو)وەکەی پاشەوەیدا پێکەوە (تۆڕابو)ن . جەبهە : ناوچاوان . عیجز : عاجزێ . قانگ : دۆکەڵی پەنگ خواردووەوە .

واتە : نالێ ، بێدەنگ بە وازبێنە ، یار تۆڕە بووە یاخود تۆڕاوە ، لەداخی ناوچاوی گرژ و مۆنت نایەتە لات ، لە دۆکەڵی هەناسەی ساردی لە سینەدا قانگ دراو و پەنگ خواردووەوەت پەست و بێزارە .

مەکە (ك) و (عب) و (خا) : هەکە ، واتە : هاکا .

ئەم بەیتە لە (ت) و (عب) و (اح)دا نییە .

— ١٤ —

(١) وشکە صۆفێ: ئەو جۆرە صۆفییانەی کە مەسەلەی ئایینیان بە شێوەیەکی زۆر وشك گرتووە و لەئاستی سادەترین ڕابواردنی حەڵاڵدا چاوپۆشێ پیشان نادەن . هەلهەلە : هەلەلە ، قریوە کردن . هەوا : ئاسمان . ئارەزۆبازێ . پێمەلە : جۆرێکە لە جۆرەکانی مەلە ، ئاوی زیاتر بە پێ تیا لە ڕێ لائەدرێ .

واتە : سەیری وشکە صۆفێ بکە چۆن لەڕێی خۆی لایداوە و ، بە قریوە کێشانەوە کەوتووەتە سەماکردن و لە دەریای وشك و بێئاوی ئاسمانا (کە هەوای نەفس و ئارەزۆبازییە) کەوتووەتە پێ مەلەکردن . ڕستەکە گشتی کینایەیە لە کاری ناوەخت کە مەرجە پێویستەکانی دیار نەبن و لە یەكنەکەوتنی کردار و گوفتار .

لە کۆکردنەوەی (ڕەقص) و (هەلهەلە)دا تەناسوب و ، لەنێوان (بەحر) و (وشك) و ، (بەحر) و (هەوا)دا طیباق و ، لەنێوان (بەحر) و (پێمەلە)دا تەناسوب و لە (هەوا)دا لەطافەت هەیە .

ئەم ئەرضە مەزرەعەی عەمەلە و کوڵخەنی ئەمەل
هەندی بووە بە مەسجید و ، هەندی بە مەزبەلە (٢)

شێخم ، چ گەرمە حەڵقەیی ذیکرت بە ڕەشبەڵەك !
حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنابت موحەووەلە ! (٣)

---

(٢) مەزرەعە : کێڵگە . دێبەر . عەمەل : کار . کوڵخەن : تۆنی حەمام . ئەمەل : هیوا . مەسجید : مزگەوت . مەزبەلە : شوێنی تێڕشتنی پل و پۆش و پیسایی ناوماڵ .

واتە : ئەم جیهانە شوێنی کردەوەیە و بنیادەم تەنیا بە کردەوە تیا سەرئەکەوێ و ، بۆ هیوا و ئاواتی ڕۆت وەك تۆنی حەمام وایە ، چۆن ئەو هەرچیی تێبخەی ئەستۆتێ ، ئەمیش هەمۆ ئاوات و هیوایەکی تیا ئەبێ بە هیچ ، وەك چۆن ئەو شوێنەی بە نیازی پاکەوە خواپەرستیی تیا بکرێ ئەبێ بە مزگەوت و پیرۆز و بەڕێز و ، ئەو شوێنەی پیسایی مالآنی تێبڕێژرێ ئەبێ بە سەلوێنك و مەگەر هەر سەگ و پشیلە مۆشەی تیا بکەن .

لەنێوان (عەمەل) و (ئەمەل)دا جیناسی موضاریع و ، لەنێوان (مەزرەعە)دا کە بۆژانەوە و پێگەیشتن و ژیان ئەگەیەنێ و (کوڵخەن) کە مانای ستۆتان و نەمان ئەبەخشێ ، هەروەها لەنێوان (مەسجید) و (مەزبەلە)دا کە ئەمیان واتای خاوێنێ و ئەویان واتای پیسێ ئەدا ، طیباق هەیە . لەم بەیتەدا لەف و نەشری مورەتتەبیش هەیە ، چونکە (مەسجید) بەرابەر بە (مەزرەعەی عەمەل) و (مەزبەلە) بەرابەر بە (کوڵخەنی ئەمەل)ە .

مەسجید («پەراوێزی» چر) و (ت) و (عب) : مزگت . هەندی (چن) و (ت) و (مز) : بەعضی .

(٣) شێخ : شێخی طەریقەت . لە کوردستانی سەردەمی نالیدا طەریقەتی نەقشبەندێ و قادرێبووە و ئیستاش هەن . حەڵقەیی ذیکر : کۆبۆنەوەی دەرویشی قادرێ یا صۆفیی نەقشبەندێ بۆ ناوهێنان و یادکردنەوەی خوا . ڕەشبەڵەك : هەڵپەڕکێی پێکەوەی پیاو و ژن . حاڵ : حاڵ لێهاتن ، وەزعێکی تایبەتییە بەسەر دەرویش و صۆفیدا دێت و جڵەوی خۆیانیان تیا لەدەست دەرئەچێ . تێکڕای بار و وەزع . موحەووەل : سپاردە .

دائیم لەدوّتە مێگەلی ژن ، نێرگەلی پیاو
بەم ڕێشەوە لەپێشەوە بوّیی بە سەرگەلە ! (٤)

هەمیشە تاقمێ شێخی درۆزن لە کوردستانا بووون ، بەپێچەوانەی پێڕەوی ڕاستەقینەی شەرع و طەریقەتەوە ، دروشمی خواپەرستێ و شێخیەتییان بۆ سوّدی تایبەتیی خۆیان بەکارهێناوە و ، بە ناوی حاڵ لێهاتن و شتیواوە گەلێ کاری ناشەرعییان کردووە ، وەك کۆکردنەوەی ژن و پیاوی نامەحرەم پێکەوە و ، مەلاکانیش هەمیشە دژی ئەوە بوون . نالێ لەم بەیتەدا گاڵتە بەوجۆرە شێخانە ئەکا و ئەڵێ : یاشێخ ! حەڵقەی ذیکرت بەهۆی ڕەشبەڵەك و کۆبوّنەوەی ژن و پیاوەوە بەناو بۆ خواپەرستێ و لەڕاستیدا بۆ ڕابواردن ، زۆر گەرمە . دیارە وەزعی ئەم ژن و پیاوە ڕەشبەڵەکەرانەش بەدەست خۆتە و ، خۆت ئەزانێ چییان لێئەکەی ، هەرکەس بەپێی لێهاتنی و ئەوەی بۆی ئەشێ ! . یاخود خۆت بەرپرسیاریانی لای خوا وا گومڕات کردن و لە خشتەت بردن !

حاڵی (ت) : ئیشی . خۆ (مز) : هەم .

(٤) مێگەل : ڕانی بزن و مەڕ . لێرەدا مەبەست کۆمەڵی مێیینەیە . نێرگەل: کۆمەڵی نێر . سەرگەلە : ئەو حەیوانەی لەپێشی ڕانەوە ئەڕوا کە سابرێنێکی ڕیش درێژە .

واتە : یاشێخ ! هەمیشە کۆمەڵێ ژن و پیاوت شوێنکەوتوون کە ئەوەندە نەفامن ئەڵێی مەر و بزنن . خۆیشت بە کۆڵێ ڕیشەوە وەك سابرێنی سەرگەلە کەوتوێتە پێشیان و ئەوەندەش تێنەگەیشتوی نازانی بۆ کوێیان ئەبەیت .

لە کوردیدا وشەی (مێگەل) بۆ کۆمەڵی مەڕ و بزن ، چ نێر چ مێ ، بەکاردێ. ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێ بێ ، هەر نالییە وا بۆ یەکەمجار بۆ (کۆمەڵی ئافرەت)ی بەکارهێناوە و ویستوێیەتی ئافرەتەکان لە نەفامێ و فەقیریدا بشوبهێنێ بە مەڕ. (نێرگەل)یش کە لە بەرابەری (مێگەل)یەوە بەکارهێناوە ، نەمانبیستووە کەس پێش ئەو بەکاریهێنابێ . دیارە ویستوێیەتی ، سەرەڕای قنجکردنەوەشی لەئاستی (مێگەل)دا ، لە گەلێ ڕووەوە ئیشارەتی پێ بکا بۆ (نێرگەلە) و لە دوای شێخەوە بیخاتە ڕێ..

نێرگەلی (چن) و (کم) و (من) و (ك) و (عب) : نێرگەلەی . بەم (عم) و (ت) و (مز) و (عب) و (خب) : بەو .

دنیا مەحەللی کەون و فەسادێکە ، حیز و دۆن
مەعلۆمە چەن بەحیلەیە ، عەییارە ، چەند دەڵە ! (٥)
تۆ شێخ و ئەو عەجۆزە ، عەجەب دۆستی یەکترن !
بێ شاهید و نیکاحە دیارە موعامەلە •• (٦)
«نالێ» ! سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەکا
لایێ پڕە لە مەشعەلە ، لایێ پڕە لە مەشغەلە •• (٧)

---

(٥) مەحەلل : شوێن . کەون : بۆن . فەساد : خراپ بۆن و فەوتان . دۆن : بێبایەخ . عەییار : فێڵباز . دەڵ : مێچکە مێچکەکەر بۆ ئەم و ئەو . دەڵە سەگ کە لەکاتی دەڵەبەبادا گەمار وەک ڕەوگ ئەکەونە دوای. (دەلە) لە فارسیدا بە ژنی فێڵبازیش ئەوترێ .

واتە : ئەم جیهانە بەقای بۆ کەس نییە ، شوێنی تیا پەیدابۆن و فەوتانە . چیی تیا پەیدا ببێ ، پاشان ئەفەوتێ . شتێکی هیچ و پۆچ و بێبایەخە وەک دەڵەسەگ وایە گەمار شوێنی کەوتبن ، فێڵباز و تەلەکەچییە ، بنیادەم ئاگای لە خۆی نەبێ لە خشتەی ئەبا .

حیز و دۆن (چر): حەیزەبۆن کە بە عەرەبێ واتە پیرەژن . («پەراوێز»)ی چر) : حیزە ، دۆن . (کم) و (گم) و (ك) و (اح) و (من) و (خا) : خیرە ، دۆن . خیرە بە فارسێ واتە کەللەڕەق و یاخێ و بێشەرم و هیچ و پۆچ . بەحیلە (« پەراوێزی » چر) و (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (اح) و (من) و (خا) و (خب) : موحیللە . واتە حەرام حەلاڵکەرە .

(٦) واتە : یاشێخ ! تو شێخی و (شێخ)یش واتە پیر و ، دنیاش کۆنە وەک پیرەژنی بەسالاچۆ . هەدۆ کەوتۆنەتە یەک و دەستان خستووەتە دەستی یەک .. دیارە ئەم کارەی تۆ کردۆتە کە لەجیاتیی ئەوەی لەم ئاخری عومرەدا بگەڕێیتەوە و تۆبەیەکی پاک بکەی ، دەستت خستووەتە دەستی کۆنە داوین پیسێکی وەک دنیا ــ بێ ئاگاداریی کەس بووە و ، بە حەرام بوون بە هاوسەری یەک و شایەت و مارەبڕین لەئارادا نییە .

تۆ شێخ و .. تاد (چر) :

تو شێخ و ئەو عەجۆزەوو دەستی دەکێشییێ

نیکاحە : ئەمە تێکستی (کم) و (گم) و (من)ە . نوسخەکانیتر : (نیکاح) . دیارە هەڵەکە هیی شێوەی نوسینەوەیە ، ئەگینا لەمانیشدا هەر (نیکاحە)یە .

(٧) گونبەد : گومەز . خانەقا : جێگای خواپەرستیی پەیڕەوانی تەریقەتی

شکەنجی عەرض و طوّلی پێچی زوڵفت بێ سەرەنجامە
مەثەل طوّلی ئەمەل ، عومری خضر ، زنجیری سەودامە (١)

نەقشبەندێ . مەشعەلە : چـرا . شەمعدان . مەشفەڵە : سەرقاڵێ و هەرا و ئاشوّب .

واتە : نالێ سەرت وەك گومەزەکەی خانەقای لێ هاتووە ، لەلایەکەوە پڕە لە چرا و چراخان و شەمعی خوّشەویستێ و دڵداریّ و بیری ڕوّن . لە لایەکی‌کەشەوە پڕە لە هەرا و ئاژاوە و سـەری خـوّ قاڵکردن بە ڕوّ هەڵماڵینی ئەم و ئەو و دەرخستنی نارّاستییان و،بەمە ئاژاوە و هەرا لەناو خەڵکا ئەنێیتەوە ، چونکە قسەکانت لەوانە نین بە مێشکی هەموّ کەسێکا بچن و هەموان لێی حاڵێ ببن .

بشێ مەبەست لە وشەی (خانەقا) لەمبەیتەدا خانەقای مەولانا بێ و ، نیشانەی پەیوەندێك بێ لەنێوان (خـانەقای مەولانا) و ئەو شێخەدا کە نالێ قسەی لێ ئەکا ؟!

دەکا (کم) و (من) : ئەکا . (مز) و (عب) و (خب) : دەچێ . مەشعەلە (چر) و (کم) : مەشفەلە . مەشفەلە (چر) و (کم) : مەشعەلە .

ـ ١٥ ـ

(١) شکەنج : ئاڵوّزێ و باخواردن و شکانەوەی زوڵف . عەرض : پانایێ . طوّل : درێژێ . سەودا : عەشق .

واتە : ئاڵوّزێ و باخواردنی زوڵفی پێچ پێچت بەلای پانێ و درێژیدا ، شتێکە بنیادەم سەری لێ دەرناچێ و ناگاتە ئەنجامێك لەبارەیەوە . بەڵام منیش هیوام لا نابرێ و هەمیشە هەر بە تەمای ئەوەم شتێکم لەمڕووەوە دەسگیر ببێ و ، چونکە بنیادەم تا ئەمرێ ئومێدی هەر زوّرتر ئەبێ ، ئەگەر عومری حەزرەتی خضریشم بدرێتێ ، کە ئـەڵێن تـا قیـامەت ئەژێ ، کەڵکەڵەی ئەم هیوایە وەك زەنجیر هەر ئەمبەستێ بەخوّیەوە و لە کەللەم دەرناچێ .

ئەشگونجێ مەعنای بەیتەکە بەمجوّرە لێك‌بدرێتەوە کەوا ئەم ئازار و سزایەی لە بادانی زوڵفی پێچ پێچتەوە بە باری پـانێ و درێژیدا تۆشم ئەبێ ، بڕانەوەی نییە ، وەك چوّن هیوای ئادەمیزاد و عومری حەزرەتی

به شەڕ هاتن ڕەقیب و موددەعیێ ، من خۆشی خۆشیمە
کە دەعوایە ، لە هەر لایە بکوژرێ سوێدی ئیسلامە (٢)

ئیشارەم کردە ئەبرۆی ، یەعنی : میحرابت کەچە ، فەرموێ :
ئەمە قیبلەی تەمامی عالەمە ، جێی جیلوەی ئیمامە (٣)

خضر و زنجیری عەشقی تۆ کە منی پێ گیرۆدە بووم ، ئەوەندە دوێر و درێژن وەك بڵێی بڕانەوەیان نەبێ .

بەپێی مەعنای پێشوێ ڕستەی (عومری خضر) لەطافەتی تیا ئەبێ ، چونکە ئیشارەتە بۆ عومری حەزرەتی خضر پێغەمبەر و ، نالییش ناوی (خدر) بووە .

زوڵفت (چن) و (عم) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) و (خب) : زوڵفی . مەثەل : (چر) و (کم) و (عب) و (من) و (خا) : بەڵێ . (گم) : وەکوێ !

(٢) موددەعیێ : ئەوەی لەخۆیەوە ئیددیعای خۆشەویستیی یار ئەکا و بەدرۆ خۆی پیا هەڵئەواسێ . دەعوا : هەرا .

واتە : بەدکاری ناحەز و خۆ هەڵپەسێنەری درۆزن بۆ بە شەڕیان لەسەر خۆشەویستیی یار ، کە یاریش لەڕاستیدا هیچیانی خۆش‌ناوێ و یاری ئێمەیە . من خۆشی خۆشیمە کەوا ئەوان هەردوکیان لەناو خۆیانا هەرایانە، هەر کامیان بکوژرێ سوێدی ئێمەیە کە دڵداری ڕاستین، چونکە وەك چۆن دوێ کافر لەبەینی خۆیانا ببێ بەهەرایان ، سوێدی ئیسلامە ، لەبەرئەوە کە هەر کامیان لەناوبچێ ، بەش‌بەحاڵی ئیسلام کافرێ کەم بووەتەوە ــ بەگژی‌یەکاچوێنی ئەمانیش سوێدی ئێمەیە .

(٣) کەچ : لار . تەمام : هەموێ . ڕاست . جیلوە : دەرکەوتن . ئیما : ئیشارەت .

واتە : ئیشارەتم کردە بڕوێی یار ، تێم گەیاند کەوا بڕوێکانی لارن و ، یاریش لە وەڵامدا فەرموێی بەڵێ ڕاستە بڕوێم لارە ، بەڵام قیبلەی ڕاستەقینەی هەموێ خەڵکی جیهانە و ، جێی دەرکەوتنی ئیشارەت کردنمە بۆ دڵدارانم ، کە ئیشارەت بۆ یەکێکیان بکەم لە بڕوێمەوە درئەکەوێ .

ئەشگونجێ مەعنای (جێی جیلوەی ئیمامە) ئەوەبێ کە : جێی دەرکەوتنی پێش‌نوێژە ، کە چاومە . دیارە چاو لە ناوەندی بڕوێوە دەرئەکەوێ و بڕوێ وەك میحرابی مزگەوت وایە .

له سایەی ڕۆیی تۆوە شامی خەڵقێ طەڵعەتی صوبحە
له شامی زوڵفی تۆوە صوبحی ئێمە ظوڵمەتی شامە (٤)

له وشەی (تەمام)دا لەطافەت هەیە ، چونکە مەعنای (هەمۆ)یش و مەعنای (ڕاست)ی بەرابەری (کەچ)یش ئەگەیەنێ .

له وشەی (ئیما)شدا کە لەگەڵ ضەمیری موتەکەللیمی (م) و ضەمیری غائیبی (ه) یەکخراوە و بوون بە (ئیمامە) ، ئیشارەتێك بۆ وشەی (ئیمام) پێکهاتووە کە واتە پێش‌نوێژ و ، نالێ گەیاندنی مەعناکەشی مەبەست بووە و ، لەگەڵ (میحراب) و (قیبلە) و (عالەم)دا تەناسوبیان لەنێواندایە .

میحرابت کەچە (عم) و (کم) و (گم) و (من) : میحرابی کەچی . بەم‌پێیە ئەگونجێ (کەچی) صیفەتی (میحرابی) بێ و ئەشگونجێ وەڵام بێ . تەمامی (عم) و (گم) : تەواوی .

جێی جیلوەی (چن) و (عم) و (گم) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : جێ جیلوەی . (کم): جێی سوجدەی . (من) : جێ سوجدەیی . (ت) : میحرابی . ئیمامە ــ بەمەعنا : ئیشارەتمە ــ (چن) و (عب) : ئیمامە ــ بەمەعنا : پێش‌نوێژە ــ . (من) : عامە .

(٤) سایە : سێبەر . شام : ئێوارە . طەڵعەت : هەڵاتن . ظوڵمەت : تاریکێ .
واتە : بەهۆی ڕۆی ورشەداری تۆوە کە ئاراستەی خەڵکی ئەکەی ، خۆراوایان وەك کاتی خۆرهەڵاتنی لێ هاتووە ، وا ڕۆشن بووەتەوە . بەهۆی زوڵفی ڕەشیشتەوە کە ڕۆتی لێمان پێ ئەشاریتەوە ، سبەینانی ئێمە بووە بە تاریکە شەو .

له بەکارهێنانی وشەی (سایە)دا زیادەڕەوییەکی جوان هەیە . ئەوەتە ئەڵێ : ڕۆی تۆ ئەوەندە ڕۆناك و ڕۆناك‌کەرەوەیە ، تەنانەت سێبەرەکەشی کە بکەوێتە سەر شوێنێك دنیا وا ڕۆشن ئەکاتەوە ، وەك خۆر هەڵاتبێ . جا نەخوازەڵا ئەگەر خۆی ئاراستەی شوێنێك یا کەسێك بکرێ !

لەنێوان (ڕۆ) و (زوڵف)دا تەناسوب و ، لەنێوان (طەڵعەت) و (ظوڵمەت) و ، (صوبح) و (شام)دا طیباق هەیە .

له سایەی (گم) : له صوبحی . تۆوە ــ له هەردۆ نیوە بەیتەکەدا ــ (عم) : تۆیە . شامە (من) : عامە .

له ئاب و تاب و ئەشك و ئاهی خۆمدا بۆم به بوریانێ
لەباتیی پوختەگێ سۆتام و ئیستەش پێم دەڵێ : خامه (٥)

نیشانەی پوختەگێ بێدەنگییه «نالێ» ! ئەگەر پوختەی
به حوججەت طەی بکه نامه ، به حیددەت پەی بکه خامه (٦)

---

(٥) ئاب : ئاو . تاب : تاو ، گەرما . ئەشك : فرمێسك . ئاه : هەناسەی دەردەدار . بوریانێ : لاشەی سۆرەوه کراو له ڕۆنـدا پاش کوڵاندنی . پوختەگێ : کوڵان . خام : کاڵ ، نەبرژاو ، پێنەگەیشتۆ .

واته : وەك چۆن که گۆشت ئەکوڵێنن ئاگری بۆ ئەکەنەوه و ئاوی بۆ ئەنێنه سەر و خوێی تێئەکەن و فۆی بۆ ئەکەن له ئاگر ، منیش لەناو ئاوی سـوێری فرمێسـکدا و لەسەر ئاگـری گڕی دەرۆن و بـه ئاگر خۆشکردنی هەناسه هەڵکێشانی خـۆم ، لەجیاتیی کوڵان سۆتاشم ، کەچی ئیستاش وا یار پێم ئەڵێ : هێشتا کاڵه و پێنەگەیشتووه ، واته شارەزای دەردی دڵ نەبوه و تازه کاره ، یاخود گۆشتی کاڵه . . .

ئاب و تاب و (چن) و (ك) و (اح) و (خب) : ئاب و تاب . عەطفیش و ئیضافەش هەڵئەگرێ . (عم) : ئاب و تابی . سۆتام و (خب) : سۆتاوم و ئیستەش (چن) و (عم) و (كم) و (ك) و (اح) و (من) : ئیستەیش . (گم) : هێشتا . دەڵێ (كم) و (من) : ئەڵێ .

(٦) پوختەگێ : پوختەیێ . کوڵان . حوججەت : بەڵگه . هێز . توند . طەی : پێچانەوه . حیددەت : تیژ . پەیکردن : بڕین . خامه : قەڵەم .

واته : نیشانەی پوختەیێ ، یاخـود نیشانەی کوڵان لەسەر ئاگری عەشق ، ئەوەته بنیادەم بێدەنگ بێ و مڵکەچ بکا . جا ، نالییا ! ئەگەر تۆیش پوخت و بێگەردی و لەسەر ئاگری عەشق بەتەواوێ کوڵاوی ، مل کەچ کـه و بێدەنگ به و ، لەجیاتیی دەربڕینی نـاڕەزایێ و وتنی شیعری ڕاز و گلـەیێ ، کاغەزی شیعرت توند بپێچـەرەوه و بیخەرە باخەڵ و قەڵەمەکەت ببڕەوه و بیشکێنه و جارێتر لەبارەی بێڕەحمیی یارەوه نه هیچ بڵێ و نه هیچ بنۆسه .

لەنێوان (حوججەت) و (حیددەت)دا هاوئاوازییەکی جوان و ، لەنێوان (طەی) و (پەی)دا جیناسی لاحیق هەیه .

سەودازەدەکەی زوڵفت ، ئەزهاری لەکن پەشمە
دۆر لەو گوڵە بێخارە ، گوڵزاری لەکن پەشمە (١)

صۆفێ کە گرانبارە ، بێمەغز و سەبوكبارە
صۆفپۆشێ غەمی بارە ، ئەوباری لەکن پەشمە (٢)

— ١٦ —

(١) سەودازەدە : ئەوەی دەردی عەشق لێیدابێ . ئەزهار : جەمعی زەهرە واتە گوڵ . پەشم : هیچ و پۆچ . خار : درك .

واتە : ئەوکەسەی گوروفتاری دەردی خۆشەویستیی زوڵفی ڕەشی تۆ بۆبێ ، گوڵی زەرد و سۆری لا هیچ و پوچە و ، مادەم لای گوڵی بێدڕکی ڕۆی تۆدا نەبێ ، گوڵزاری بەلاوە بێبایەخە .

لەنێوان (گوڵ) و (خار)دا طیباق هەیە .

زوڵفت (ك) : خاڵت . ئەزهاری (چر) : ئیظهاری ، واتە دەربڕینی خۆشەویستییەکەی . بێخارە (کم) و (من) : یەعنێ ڕۆ . (ك) : بێچارە . بەمپێیە ئەم وشەیە پەیوەندی بە ڕستەکەی پاشەوەیەوە ئەبێ .

(٢) بێمەغز : بێمێشك و تێنەگەیشتۆ . گرانبار : بار قورس . سەبوكبار : بارسۆك . کینایەیە لە بنیادەمی بۆش و هیچوپۆچ کە شتێك نەبێ مێشکی پێوە خەریك بکا . صۆفپۆش : کەسێ بەرگی خوریی لەبەرکردبێ . ئەوبار : جەمعی وەبەرە واتە کورگ .

واتە : صۆفێ کە ڕیش و مێزەرە و تەزبێحێکی گەورەی هەڵگرتووە و باری خۆی پێ قورس کردووە ، لەڕاستیدا کابرایەکی بێمێشك و بێکارە . ئەو خورێ پۆشەی کە باری خەمی بەسەر شانەوە بێ و بیربکاتەوە، گوێ بە کورگ و خورێ نادا و ئەو جۆرە شتانەی بەلاوە هیچ و بێئایە و مایەیە .

صۆفپۆشێ غەمیبارە (چر) و (خا) : صۆفپۆشەوو غەمبارە . (چن) : صۆفپۆش و غەمی بارە . (عم) و (گم) : صۆفپۆشی غەمی یارە. (کم) و (من) : صۆفپۆش و غەمبارە . (ت) : صۆفپۆش غەمبارە . (ك) و (اح) : صۆفپۆشە غەمبارە .

دێوانه که شەیدا بێ ، تـــۆکی سەری سەودا بێ ،
قەط هیچی لەسەر نابێ ، دەستاری لەکن پەشمە (٣)

سینەی دڵی بێکینە ، صافە وەکو ئایینە
مەستـــۆرە بە پەشمینە ، ئەسراری لەکن پەشمە (٤)

---

(٣) دەستار : مێزەر .

واتـــە : دێوانـــە کـــە گرۆفتـــاری دەردی دڵ بـــێ و عاشـــق بـــێ و عەشق تەنانەت گەیشتبێتە تۆکی سەریشی و زۆتاندبێتیەوە ، هیچـــی نابێ دایپۆشێ و هیچیش نانێتە سەری و مێزەریشـــی بەلاوە قســـەی قۆزە . . تەنها ئەوانەن گوێ بە دیمەن ئەدەن ، کە لەڕاستییەوە دۆرن و پێویستیان بە شاردنەوەی کون و کەلەبەر و ناتەواویی خۆیان هەیە .

لە ڕستەی (قەط هیچی لەسەر نابێ)دا مەعنایەکی ناسکیش هەیە ، ئەوەتە : تەنانەت ئەگەر (هیچ)یش بکاتە سەری ، کە دیارە (هیچ) هیـــچ نییە تا بکرێتە سەر ، مێزەر هەر ناکاتە سەری !

هاوئاوازییەکی جوان لەنێوان (شەیدا بێ) و (سەودا بێ) و (لەسەر نابێ)دا هەیـــە .

نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە (عب)دا بەمجۆرەیە :

تۆکی سەری شەیدا بێ ، دێوانە کە ڕیسوا بێ

(٤) واتە : ئەو سینەیەی کە دڵی بێکینەی تیابێ ، وەك ئاوێنـــە صـــاف و خاوێن و بێگەردە ، تەنهـــا پارچە قوماشـــێکی خوریـــی بەســـەرەوەیە دایپۆشیوە ، هیچ ڕازێك لە کەس ناشارێتەوە و جێگەی فڕوفێڵ و پیلان نانەوە نییە ، ڕازداریی بەلاوە کارێـــکی هیچ و پۆچە ، ئارەزۆی لەوەیە بەئاشکرا و بێپێچوپەنا مامەڵە لەگەڵ خەڵك بکا .

لەنێوان (سینە) و (کینە)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان ئەم دوانە و (ئایینە) و (پەشمینە)دا هاوئاوازییەکی ناسك و جوان هەیە . لەنێـــوان (مەستۆرە بە پەشمینە) و (ئەسراری لەکن پەشمە)شدا جۆرە طیباقێکی جوانی مەعنا هەیە .

صافە : (ت) و (ك) و (اح) و (عب) : صافێ . ئایینە (چـــر) و (عم) و (گم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : ئاوێنە .

عاشق که دەکا ژاوی ، ظوڵماتی شەوە داوی
موژگانی تەژە چاوی ، بێداریی لەکن پەشمە (٥)

صۆفیێ ! چییە ئیشی تۆ ؟ هەر کایە حەشیشی تۆ !
عاشق وەکو ژیشی تۆ ، هەوساری لەکن پەشمە (٦)

چەن واسیعە ئەم ذیهنە ، ئەفلاکی تیا ژەهنە
ئەجبالی لە لا عیهنە ، ئەدواری لەکن پەشمە (٧)

---

(٥) واتە : دڵدار کە ئەیەوێ یاری خۆی دەسگیر ببێ و ژاوی بکا ، تاریکیی شەو ئەکا بە داو و ئەیەوێ بەهۆی تاریکییەوە دەستی پێبگا . مەسەلەی شەونوخونیی بەلاوە شتێکی ئاسانە و لەوە ناترسێ کە خەو ژێگای لێ بگرێ ، چونکە برژانگی هەمیشە تەژی فرمێسکە و ، کەسێکیش کە برژانگی تەژ بێ خەو ناچێتە چاوی .

دەکا (کم) و (من) : ئەکا .

(٦) کایە حەشیش : ئەوەی خەریکی کاری هیچ و پۆچ بێ . هەوسار : ئەو پەتەی لە ملی ولاخی ئەکەن و ئەیبەستنەوە پێی .

واتە : صۆفیێ ! تۆ خەریکی چیت ؟! تۆ کابرایەکی مایە پۆچی ، یاخود کردارت وەك پۆش وایە و لە کا بەولاوەشی لێ پەیدا نابێ ، مەبەستی لە بێمایەیی کردارەتی . بەڵام دڵدار ، خۆی بەم شتە هیچ و پۆچانەوە خەریك ناکا کە تۆ خۆتیان پێوە خەریك ئەکەی . ئەو هەوساری ولاخ و ژیشی تۆی لا چونیەکە کە کردۆتە بەهۆی بەستنەوەی ئازادیێ و سەربەستیت .

لەنێوان (ئیش) و (ژیش)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ئیشی تۆ) و (ژیشی تۆ) و (حەشیشی تۆ)دا هاوئاوازییەکی بەتام هەیە .

صۆفیێ (عب) : واعیظ .

(٧) ژەهن : مەرهۆن ، ژاگیراو . ئەجبال : جەمعی جەبەلە واتە کێو . عیهن : خوریێ . ئەدوار : جەمعی دەورە واتە چەرخی گەردۆن .

واتە : ماشەڵڵا لە ئاسۆی بیرم چەند بەدەرەتانە .. ئەم گێتتییەی هەمۆ تیایە و هەمۆی تیا ژاگیراوە و ، لە هەمۆ شتێ ئەزانم و شارەزام.. کێوی سەختم لا وەك خوریێ وایە و ، چەرخی گەردۆنم لا شتێکی بێبایەخە.مەبەستی لەوەیە گرانترین بابەتم بەئاسانیێ بۆ لێكئەدرێتەوە و،

« نالێ » كه قەدەح‌نۆشه ، مەستانەوو سەرخۆشه
خامۆش و نمەدپۆشه ، ئەشعاری لەكن پەشمه (٨)

— ١٧ —

بایێ له طەرەف قیبلەمەوه دێت و وەزانه ،
یا بۆیی هەناسەی دەمی غونچەی لەرەزانه ؟! (١)

لەسەر هیچ شتێ پەكم ناكەوێ و هیچم به گران نایەته پێش چاو .

چەن : تەنها (چر) . نوسخەكانی‌تر هەمۆ : (چەند) .

(٨) قەدەح‌نۆش : نۆش‌كەری پیالەی مەی . نمەدپۆش : ئەوەی فەرەنجێ لەبەر بكا . كینایەیە له بنیادەمی دەروێش مەشرەب . ئەشعار : جەمعی شیعرە .

واته : نالێ ئینسانێكه مەیخوار و عاشق و سەرمەست و بێئاگا له دنیا و هەرچێ به دنیاوەی ببەستێتەوه . . بێدەنگه ، خۆی له كاری كەس تێهەڵناقورتێنێ و تەنانەت شیعریش ، كه شاكاری دەستیەتی ، بەلایەوه هیچه ، یاخود ئەوەنده ئاسان بەدەستیەوه دێت ، به هیچی ئەزانێ .

لەنێوان (نۆش) و (خۆش) و (پۆش)دا جیناسی لاحیق هەیه .

ئەم بەیته له نوسخەی (چن)دا بەمجۆرەیه :

((نالێ)) كه نمەدپۆشه ، مەستانەوو سەرخۆشه
خامۆشه ، نه مەدهۆشه ، ئەشعاری لەكن پەشمه

ئەگەر لەبەر ناكۆكیی نێوان (مەستانەوو سەرخۆشه) و (نه مەدهۆشه) نەبوایه ئەم نوسخەیەمان هەڵئەئاوێرد ، بەڵام ئەو ناكۆكییه لێمان نەگەڕا.

قەدەح‌نۆشه (ك) و (اح) : نمەدپۆشی . مەستانەوو (ت) : مەستانەیی.
سەرخۆشه (ك) و (اح) : سەرخۆشی .

— ١٧ —

(١) طەرەف : لا . قیبله : یار ، كه وەك قیبله دڵان هەمۆ ڕۆژی تێئەكەن . بۆ : بۆن . لەرەزان : لەریوه .

واته : ئاخۆ بایەك لەلای یارەوه هەڵی‌كردووه ، له بۆن و بەرامەی یار تلاوه و ، ئیستا كه دێ بەسەرمانا ئەو بۆن و بەرامەیەمان ئەدا به لۆتا ، یاخود ڕاسته و ڕاست بۆنی هەناسەی دەمی وەك خونچەیەتی كه بەدەم سروەی بای سبەینانەوه ئەلەرێتەوه ؟

ئەشکم ، کە لەگەڵ عەشقمە ، طیفلێکی فەهیمە
هۆشم ، کە لەگەڵ خۆشمە ، پیرێکی نەزانە (٢)

لەنێوان (بایێ) و (بۆیێ)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (با) و (بۆ) و ، (هەناسە) و (دەم)دا تەناسوب هەیە .

بایێ (عم) و (کم) و (من) و (« پەراوێزی » خا) : بایە . دێت و (ك) و (اح) و (خا) : دێتە . بۆیی : ئەمە تێکستێ (چن)ە . نوسخەکانی‌تر ، (عم) و (گم) نەبێ ، نۆسیویانە : عەطری . (عم) و (گم) : بۆنی . غونچەی (گم) : خونچەی . لەرەزانە (چر) و (چن) لە ڕەزانە . بەمپێیە مەعناکەی وای لێدێتەوە : یا بۆنی هەناسەیەتی لە ڕەزە دێمەکانەوە دێ . بەڵام ناچێ بە دڵا . (عم) و (کم) : لەرزانە . (ك) و (مز) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) : لرزانە . ئەمیش بەپێی ڕێنۆسی کۆن بۆ (لەرەزانە) دەستئەدا .

(٢) فەهیم : تێگەیشتۆ و فامیدە .

واتە : زۆر سەیرە ! فرمێسکم زادەی عەشقە و تازەیە و ، عەشقیش سەرەڕۆیە و لە تێگەیشتنەوە دۆرە و ، ئەبۆ زادەکەشی کە فرمێسکەکەیە لەبەرئەوە کە زادەی ئەوە و تازەشە ، تێنەگەیشتۆ بووایە ، کەچێ ساوایەکی زانا و وریا و فامیدەیە ئەزانێ کەی ئەڕژێ . بەڵام هۆشم کە لەگەڵ هاتنە دنیامدا پەیدا بووە و دەمێکە لامە و هەمیشە لامە ، ئەبۆ زانا و فامیدە بووایە ، کەچێ بەپێچەوانەوە پیرێکی خەرەفاو و هیچ نەزانە .

نالێ لەمبەیتەدا ناکۆکیی نێوان (عەشق) و (هۆش) لە قاڵبێکی زۆر جوانا دەرئەبڕێ . ئەشک بە زادەی عەشق دائەنێ و مادەم زادەی ئەوە خۆشەویستە و ، بە ساوایشی پیشان ئەدا چونکە ساوا نیشانەی تازە بۆنەوەی ژیانە و ، هۆش و بیرکردنەوە و بێعەشقێ ئەکا بە یەك شت و ، بە پیرێ و نەزانێ و خەرەفاوییان دائەنێ .

ئەمە سەرەڕای ئەو وشەئارایێ و ڕۆخسار ڕازاندنەوەیەش کە لە بەیتەکەدا کردۆیە . ئەوەتە لەنێوان (عەشق) و (ئەشك)دا ، ئەگەر سەیرێکی هاوڕەگەزیی (ء) و (ع) و لە یەك نزیکیی (ك) و (ق) بکەین ، ئەتوانین بڵێین جۆرە جیناسێکی موضاریع هەیە و ، لەنێوان (هۆش) و (خۆش)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (طیفل) و (پیر)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (طیفل) و (فەهیم) و ، (پیر) و (نەزان)دا طیباقێکی وردتر و جوانتر هەیە . ئەگینا کێ دیویە ساوا زانا بێ و پیری کۆنەساڵ نەزان بێ .. شتی‌وا مەگەر هەر لە حیسابی عەشقدا دروست و ڕەوا بێ و نالێ بیهۆنێتەوە !

تیژاوی سوروشکم وەکو ئیکسیری سوهەیلە
ڕۆخسارەیی زەردم وەکو ئەوراقی خەزانە (٣)

شێخم ! وەرە دەر ، فەصڵی بەهار و گوڵ و گەشتە
ئەییامی لە گەرمابە خزان وەقتی خەزانە ! (٤)

ئەو شێخە بە کوم مەگرە کە پەشمینە مەریدە
ئەو ڕیشە بەسەر دارەوە ڕیسێکی بوزانە (٥)

عیشقمە (مز) : عیشقم و . خۆشمە (مز) : خۆشم و .
ئەم بەیتە لە (عم) و (من)دا بەیتی سێیەمە .

(٣) تیژاو : تێزاب ، شلەیەکی کیمیاییە زێڕی بێ‌گەردی لە ناپاك پێ جیا ئەکرێتەوە. ئیکسیر : مایەیەکی کیمیاییە گوایە ئاسن و مسی پێ ئەکرێ بە زێڕ . سوهەیل : ئەستێرەی گەشی سوهەیل کە نیشانەی پایزە و کە هەڵات ئیتر گەڵای دار دەست ئەکا بە زەرد بوون . ڕۆخسارە : ڕۆخسار ، ڕۆ . ئەوراقی خەزان : گەڵای پایز .

واتە : فرمێسکی سوێر و تیژم ئەڵێی ئیکسیری ئەستێرەی سوهەیلە . ڕۆخساری زەرد هەڵگەڕاویشم ئەڵێی گەلاداری پایزانە ، چۆن ئەستێرەی سوهەیل بۆ گەڵای دار ئەبێ بە ئیکسیر و زەردی ئەکا وەك ئیکسیر زێڕی بێ‌گەرد دەربخا ، فرمێسکی وەك تێزابیشم ڕۆی وەك ژەنگاوێ سوڕم زەرد هەڵئەگەڕێنێ .

ئەم بەیتە لە نوسخەی (مز)دا نییە .

(٤) ئەییام : ڕۆژان ، سەردەم . گەرماو : گەرماو ، حەمام .

نالێ لەم بەیتەوە یەکسەر پایزی بەجێ‌هێشت و بەهاری هێنا و ، ئەوەتە ڕۆئەکاتە ئەوانەی دڵیان مردووە و تەنها بۆ ڕۆپامالێ ئەژین و ، شێخی ڕیاباز ئەکا بە نموونەیان و پێی‌ئەڵێ : ئەم وەرزە وەرزی گوڵ و گەڕانە بەناو گوڵاندا و ، سەردەمی ئەوە نییە بنیادەم بخزێتە ناو گەرماو . . پایز کاتی خزانە گەرماوە نەك بەهار ، کە ئەبێ بنیادەم چاو بە گوڵزار و چرۆی دەرەخت و شینایی‌دا بگێڕێ .

لەنێوان (خزان) و (خەزان)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە .

لە گەرمابە (ك) و (اح) و (خا) : لەگەڵ مامە . دیارە ئەم تەعبیرە واتایەکی سەرگوزەشتەیی هەیە ، بەداخەوە ئێمە نەمانزانی چییە .

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە ، ئەمما
غەوواصی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە (٦)

---

(٥) کوم : قۆڵ . مەرید : یاخێ ، کینایەیە لە شەیتان . ڕێس : مۆ و خوریی ڕێسراو . بوزان : جەمعی بوزە واتە بزن .

واتە : دەست مەگرە بە قۆڵی ئەو شێخەوە کە شەیتانێکە ، بۆ خۆشاردنەوە بەرگی خوریی لەبەرکردووە . ڕیشەکەشی بەسەر داری بالآیەوە مۆی ڕێسراوی بزنە .

ئەشگونجێ (کوم) نەبێ و (کەم) بێ . واتە : بە کەمی مەزانە چونکە .. تاد . هەروا ئەشگونجێ (مەریدە) نەبێ و (موریدە) بێ ، واتە موریدێکی خورێ لەبەرە . نیوەی دۆهەمی بەیتەکەش لە زوربەی نوسخەکاندا بەجۆرێ نۆسراوەتەوە ئەگەر بهێنرێتە سەر ڕێنۆسی کوردیی نوێ وای لێدێتەوە :

ئەو ڕیشە بە سەردار و ڕەئیسێکی بزانە

بەڵام ئێمە پاش لێکۆڵینەوە گەیشتینە ئەوە کە بەمجۆرە مەعنایەکی ئەوتۆ نابەخشێ و ئەبێ ڕاستییەکەی بەمجۆرە بێ کە لە (مەتن)ەکەدا نۆسیومانەتەوە و ، پەراوێزێکی (چر)یش تیشکێکی بۆ خستینە سەر ڕێگای ئەم لێکدانەوەیە ، ئەوەتە لەسەر وشەی (بزانە) نۆسیویە (جەمع)، واتە (بوزانە)یە و جەمعی (بوز)ە بەمەعنا (بزن) .

ئەو شێخە بە کەم مەگرە (چن) : ئەو شێخە بە کەم بگرە . (گم) و (من) لەو شێخە بە کەم مەگرە . (اح) و (خا) : لەو شێخە بەکەم مەکرە . بەپێی ئەم نوسخانەی دوایێ ئەتوانین (بەکەم) وا مەعنا لێبدەینەوە کە ئەو ڕەنگەیە جلی پێ ڕەنگ ئەکەن یا قوماشی عەمارەپۆیە ، کەواتە (بەکەم) کینایە ئەبێ لە شتی بێکەڵك و ئیددیعای درۆی خواناسێ . پەشمینە مەریدە (عم) و (کم) و (گم) و (من) : شێخە نە موریدە . بزانە («پەراوێزی» چن) و (کم) و (ك) و (اح) و (خا) : مەزانە .

(٦) غەوواص : ئەوەی ئەچێتە بنی دەریا دوڕ و گەوهەر و مرواڕێ دەرئەهێنێ . تەعمیق : قۆڵکردنەوە. ڕۆچۆن. بزان : زانا .

واتە : دەریای بێبنی غەزەلەکانم پڕیەتی لە دوڕ و گەوهەری گرانبەهای مەعنای ورد و جوان . بەڵام وەنەبێ هەر کۆلکە مەلەوانێ بتوانێ بەئاسانێ ئەو دوڕ و گەوهەرانە دەربێنێ و ئەو مەعنایانە لێبداتەوە. دەریاگەردیوای ئەوێ بزانێ قۆڵ بۆی داچێ و بتوانێ بچێتە بنی ئاوی لێکدانەوە و لە

پڕ دانەیە ، ئەمما نەوەکو دانەیی چەڵتــوك
بەحرم وتووە ، نەك وەکو گۆڵی مەرەزانە (٧)

حوسنی نەظەرە ئەصڵی نەظەر حوسنی بە عیصمەت
صۆفیێ کە دەکا تەرکی ، بە ئینسانی مەزانە (٨)

ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە «نالێ»ی دەدزن خەڵق
ئاوێ نییە ، وەك ئاگری بێشەوقی دزانە (٩)

شیعرەکانم ورد بێتەوە و لە وردەکارییەکانم بگا .
بەیتی پێشۆ یەکێکە لە بەڵگەکانی ڕاستیی ئەم قسەیەی نالێ .
دەوێ (کم) و (من) : ئەوێ .

(٧) دانە : دەنك .
واتە : دەریای غەزەلەکانم پڕە لە دانە ، دانەی گەوهەری تاقانە و دوڕی نایاب و مرواریی گرانبەها ، نەك دانەی چەڵتۆك کە نیوەی پۆش و ئــەو نیوەکەی برنجە .. من باســی دەریــام کردووە ، باســی گۆڵە مەرەزەم نەکردووە ، تا کەسێ وا گومان بەرێ من دەنکــە چەڵتۆکم لایــە ، نــەك دەنکی گەوهەر و دوڕ و مــرواریێ . کەواتە ، ئەوانــەی تەنهــا ئەوەندە ئەتوانن بچنە ناو ئاوەوە ، ئــاو لە ئەژنۆیــان سەرنەکــەوێ و ، ئەوانەی لەجیاتیی گەوهەر و دوڕ و مرواریێ بەدوای پۆشی چەڵتــۆك ، یا ئەگەر هەر زۆر پایەبڵند بن بەدوای چێشتی برنجدا ئەگەڕێن ، خۆیان نەدەن لە قەرەی شیعری من .. شیعری من خۆراکی ئەو جۆرە کەسانە نییە و نایەت بەدەستیانەوە .

(٨) واتە : ڕاستەکەی تەماشاکردنی جوانێ لەگەڵ داوێن پــاکیدا ، شێوەی ڕەوا و باشی سەرنجە . جا ئەگەر وشکە صۆفیێ سەیری جوانێ نەکــا و هەمو سەیرکردنێکی جوانیی بەلاوە نارەوا و حەرام بێ ، گوێی مەدەرێ و بە بنیادەمی مەزانە ، ئەگەر بنیادەم بووایە تەماشای جوانیی نەئەخستە پشتگوێ کە خۆراکی یەکەمی گیان و دەرۆنی ئادەمیزادە .
(ئەصڵی نەظەر .. تاد) موبتەدایە دواکەوتووە و ، (حوسنی نەظەرە) خەبەرەکەیەتی لێی پێش‌کەوتووە .
حوسنی ــ ی دۆهەم ــ (عب) : حوسنە .

(٩) واتە : ئەو قسە ورد و پڕمەعنایانەی کە وەك گەوهەر وان و هەندێ کەس

ئەلا ئەی نەفسی بۆمئاسا ، هەتا کەی حیرصی وێرانە !
لەگەڵ ئەم عەشقبازانە بڕۆ بازانە ، ئازانە ! (١)

لە نالیبان ئەدزن و ئەیاندەنە پاڵ خۆیان و خۆیان ئەکەن بە خاوەنیان ، گەوهەری ناو دەریا نین و نادرەوشێنەوە ، وەك ئەو ئاگرە کز و بێتیشکە وان کە دز بە شەو ئەیکەنەوە ، چۆن ئەوان ناوێرن گڕی ئاگرەکەیان بەرزکەنەوە نەوەك خەڵك پێیان بزانن و بیبانگرن ، ئەمانیش ناوێرن وردەکارییەکانی نالێ بەتەواوێ بدزن و بیخەنە ناو شیعری خۆیانەوە ، چونکە خوێندەوار و زەخنەگر دەس‌بەجێ ئەیانناسنەوە کە هیی نالین . لەبەرئەوە کەم بەکاریان‌دێنن ، کە کەم‌کەمیش بەکاریان‌هێنان دیارە مەعنای تەواوی خۆیان نابەخشن و لەچاو گەوهەری بن‌ئاوی بیری نالیدا وەك پارچە گەوهەری شکاو و دەسکردیان لێ دێ کە باییەکی ئەوتۆی نییە .

ئەم بەیتە جۆرە ئیشارەتێکیشی بۆ ئەو پەندە کوردییە تیایە کە ئەڵێ «مۆرۆی دزیەتێ ، مەگەر بە شەو بکرێتە مل» .

لەم‌بەیتەوە دەرئەکەوێ کە نالێ لە سەردەمی خۆیدا ناسراوییەکی زۆری لەناو خەڵکا بووە و شیعری بەسەر زمانی زۆشنبیرانەوە بووە و ، خەڵك شانازییان پێوە کردووە ، بۆیە هەندێ بەناو شاعیری لەڕاستیدا ناهونەرمەند کە نەیانتوانیوە پیا بگەنەوە ، وردەکارییەکانی ئەویان دزیوە و خستۆیانەتە شیعری خۆیانەوە ؛ بەڵام بەهۆی بلاوبۆنەوەی شیعری نالییەوە بەسەر زمانی خەڵکەدا ، دزیەتییەکەشیان بەباشێ پێ‌نەکراوە و نەیانتوانیوە کەڵکی تەواو لە ماڵە دزێنییەکە وەربگرن . ئەتوانین ئەم بەیتە بکەین بە بەڵگە بۆئەوە کە هەر وردەکارییەك لە شیعری شاعیرێکی سەردەمی نالیدا هەبێ و لە هەمان‌کاتا لە شیعری نالێ خۆیشیدا هەبێ ، بە هیی نالیی دابنێین و شاعیرەکەی‌تر بە تاوانی دزییەوە بگرین .

گەوهەرە (کم) و (گم) و (من) : گەوهەری . (مز) : گەوهەر و . نوکتە (ت) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) : نوکتەی . ئاگری (عم) : ئاوری .

— ١٨ —

(١) بۆم : کوندەبەبۆ . بۆمئاسا : عادەت وەك کوندەبەبۆ . بازانە : وەك باز . ئازانە : ئازایانە .

موسوڵمان ! لێره مانی خان و مانت هەر نەمان دێنێ
پەشیمان بە کە دەرمانی نەمانت مایەی ئیمانە (٢)

بلاّ بۆ کوندەبۆ بێ ، مفتی مشك و ماری کەندۆ بێ
خەطیرەی گەنجی وێرانە ، ذەخیرەی کونجی کاشانە (٣)

واتە : ئەی نەفسی حەز لە ئاوەدانێ نەکردوێ ، وەك کوندەبەبۆ وێرانەنشین ! ئەم دنیا ، لەچاو ئەو دنیادا ، وەك کەلاوە و وێرانە وایە .. دەسا تۆ تا کەی دەس‌بەرداری ژیانی ئەم کەلاوە وێرانەیە نابی ! ئازایانە هەڵسە ، وەك بازی تیژپەڕ بفڕە و ، لەگەڵ عاشقانی ڕێگای ڕاستیدا ڕۆبکەرە ئاوەدانیی عەشق و خواناسێ .

دۆریش نییە مەبەستی نالێ لە (وێرانە) سولەیمانیی پاش ڕۆخانی بابانەکان بێ و ، ئەم قەسیدەیەی لەپاش بەجێهێشتنی کوردستان و ڕۆکردنە مەککە و مەدینە دانابێ .

بازانە ، ئازانە (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : ئازانە ، بازانە .

(٢) مان : مانەوە . خان و مان : جێگە و ڕێگە و ماڵ و مەڵبەند . مایە : سەرمایە .

لەم بەیتەشدا نالێ لەسەر سەرزەنشت کردنی نەفسی خۆی بەردەوامە و بە خۆی ئەڵێ : ئەی موسوڵمان ! مانەوەی دەست و پەیوەندت لەم دنیایەدا ئەنجامەکەی هەر نەمان و ماڵ وێرانییە و ، دنیا بۆ ئەوە ناشێ کەس پشتی پێ ببەستێ . پەشیمان بەرەوە لەم جۆرە ڕەوشتە ، چونکە تەنها باوەڕ بە خوا و پشت لە دنیا کردن دەرمانی دەردی نەمان و مسۆگەرکەری مانەوەی ڕاستەقینەیە بۆت .

لەنێوان (مان) و (خان) و (مان)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (مان) و (نەمان)دا بێجگە جیناسی ناقیص طیباقیش هەیە .

مایەی ئیمانە (چن) : مایە ئیمانە . لەوە ئەچێ ئەمیش هەر (مایەیی) بۆبێ . (عم) و (ت) و (ك) و (اح) : مایەیی مانە . بەپێی ئەم نوسخانە مەعناکەی‌وای لێ دێتەوە : ئەو دەرمانی دەردەت کە بریتییە لە نەمان و بێپەیوەندێ لەگەڵ دنیا ، هۆی مانەوەی هەمیشەییتە . بەڵام ئەم مەعنایە قورس دێتە پێش چاو .

(٣) بلاّ : لێی‌گەڕێ . مفت : خۆڕایی . کەندۆ : کەندۆی قوڕ یا قامیش کە لە ماڵانی لادێدا زەخیرەی زستانی تێئەکەن . خەطیرە : گرنگ و خاوەن

بەقییەی عومری ضایع گەر مورادت پێ تەدارەك بێ
حەیاتی مەككەت و مەوتی مەدینەت جەبری نوقصانە (٤)

پایە . کاشانە : خانوی بچوك و بێبایەخ کە هەژارانی تیا ئەژین .

واتە : لێگەڕێ لە دنیا ، بایەخدار و بێبایەخی .. هیچیت نەوێ .. با گەنجی شاراوەی ژێر کەلاوە کۆنی ، بۆ کوندەبەبۆ بێ کە هەر بەسەریەوە ئەقڕێنێ و هیچی لێ دەسگیر نابێ . . با زەخیرەی سۆچی مالێ هەژارانیشی بۆ مشك و ماری ناو کەندۆ بێ .. هیچی هیچ نییە و بۆئەوە ناشێ بنیادەم دڵی پێوە ببەستێ .

نالێ لەم بەیتەدا خاوەن گەنجانی دنیاپەرستی بە کوندەبەبۆ و ، هەژارانی دنیا پەرستی بە مار و مشك شوبهاندووە . دیارە سەرنجی ئەوەش ئەدرێ کە نالێ هەرچۆن بێ هەژارە دنیا پەرستەکانی لە دەوڵەمەندە دنیا پەرستەکان بە بەهرەمەندتر داناوە ، چونکە لە هەمۆ حاڵێکا مار و مشکی ناو کەندۆی هەژار زۆرتری دەستگیر ئەبێ لە کوندەبەبۆی سەرگەنجی دەوڵەمەند !

خەطیرەی (عم) و (کم) و (گم) و (من) و (ت) : خەطیرە . (ك) و (عب) و (اح) و (خا) : خەطیرە و . گەنجی (چر) : کونجی . (ت) : کونج . (ك) و (اح) و (خا) : گەنج و . (عب) : کونجی . ذەخیرەی (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (من) : ذەخیرە . کونجی (ت) و (اح) و (خا) : کونج . (ك) : گەنجی . وێرانە (عب) : کاشانە .

(٤) بەقییە : پاشماوە . ضایع : فەوتاو : تەدارەك : فریاکەوتن . جەبری نوقصان : پڕکردنەوەی ناتەواوێ .

واتە : ئەگەر ئەتەوێ فریای ئەو ماوەیەی تەمەنت بکەوێ کەوا خەریکە لەکیست ئەچێ و هێشتا بەتەواوێ لەکیست نەچوە ، بڕۆ لە مەککە بیبەرە سەر و پاشان بڕۆ لە مەدینە بمرە ، بەوە هەمۆ ناتەواییەکی زۆت پڕئەکەیتەوە .

ئەم بەیتە نیشانەی ئەوەیە نالێئەم پارچە شیعرەی لە سەرەتای سەفەری مەککە و مەدینەیدا وتووە ، جا خوا دۆ جار سەفەری مەککە و مەدینەی هەبێ یا یەك جار . هەروا لەوانەشە ببێ بە جۆرە نیشانەیەکی ئەوە کە لە مەدینە مردبێ ، نەخوازەلا ئەگەر بیبەستین بە پارچە موستەزادەکەیەوە کە لە دوا سالەکانی پیریدا و بەر لە چۆنە مەدینەی وتۆیەتی .

لەنێوان (حەیات) و (مەوت)دا طیباق و ، لەنێوان (مەککە) و (مەدینە)دا تەناسوب هەیە .

چ مەکـکە ؟ دار و بەردی قاعیدەی ئەرکانی ئیسلامە
چ طەیبە ؟ ماء و خاکی مائیدەی ئەنواری ئیمانە (٥)

فیداکاری تەن و جان بە ، لە ئاسانێ هەراسان بە
کە داغ و دەردی رێگەی مەکـکە باغ و وەردی مەردانە (٦)

---

(٥) قاعیدە : بناغە . ئەرکان : گۆشەکان . مائیدە : سفرە و خوان .

واتە : لە کام مەککەدا بژیم ؟ ئەو مەککەیەی کە دار و بـەردی بووە بە بناغەی گۆشەکانی ئیسلام و ئەگەر نەبوایە چـوار گۆشـەی زۆژەلآت و زۆژاوا و باکۆر و باشۆری ولآتی ئیسلام نەئەبۆ ، یاخود گۆشەکانی ئایینی ئیسلام کە شایەتیمان و نوێژ و زۆژۆ و زەکات و حەجن دانەئەمەزران ، بەومەعنا کە ئایینی ئیسلام لە مەککەوە هەلقولآوە و لەوێ وەحی هاتووەتە خوار بۆ پێغەمبەر .. لەکام مەدینەشدا بمرم ؟ ئەو مەدینەیەی کە ئاو و خاکی بووە بە سفرەیەك و نۆری ئێمان لەسەر ئەو سفرەیەوە بلآو بووەتەوە بۆ جیهان .

دۆر نییە وشەی (قاعیدە) ئیشارەت بێ بە ئایـەتی (وَاِذْ یَرْفَعُ اِبْراهِیمُ الْقَواعِدَ مِنَ الْبَیْتِ) واتە : کاتێك ئیبراهیم پایەکانی مالی کەعبەی بەرز ئەکردەوە و دروستی ئەکرد ..

لەنێوان (دار) و (بەرد) و ، (قاعیدە) و (ئەرکان)دا تەناسوب و ، لەنێوان (ماء) و (خاك) و بەلکو (مائیدە)شدا تەناسوب هەیە چونکە مائیدە بێئاو نابێ .

مائیدەی (چر) و (خـا) : مایـەیی . (اح) : مائیـدە . ئـەمیش هەر (مائیدەی)یە .

ئەم بەیتە لە (کم) و (گم) و (عب) و (من)دا نییە .

(٦) تەن : لەش . جان : گیان . وەرد : گوڵ .

واتە: گیان و لەشت بکە بە قوربانێ و رێگەی پڕ دەرد و مەینەتی مەککە بگرەبەر و ، لە حەسانەوە و پشۆدان بێزار ببە ، چونکـە داخ و دەردی رێگەی مەککە ، باخ و گوڵزاری مەردانە و شایانی ئەوەیە بنیادەم بـۆی بچێ .

لەنێوان (تەن) و (جان)دا تەناسوب و ، لەنێوان (داغ) و (بـاغ) و ، (دەرد) و (وەرد)دا ، لە لەفظدا جیناسی لاحیق و ، لە مەعنادا طیبـاق هەیـە ، سـەرەڕای لەف و نـەشری مورەتتەبیـش . جگـە لەوە کە هاوئاوازییەکی جوانیش لەنێوان (ئاسانێ) و (هەراسانێ)دا هەیە .

ئەگەرچێ رێگە : خاکی خوێنە ، دار و بەردی ئێسقانە ،
نیشانەی تیری رێگەی عەشقە ئەم ئێسقانە سپیانە (٧)

وتم : داخۆ چییە سۆر و سپێ تێکەڵ ؟! کە تێفکریم
سەراسەر کەللەیی ئوشتر ، لەبالەب خوێنی ئینسانە (٨)

داغ و (عم) و (گم) : داخ و . باغ و وەردی (عم) و (گم) : باغی وەردی. نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە لە پەراوێزی نوسخەی (من)دا بـە خەتێکی نوێ ، بەمجۆرە نوسراوەتەوە :

کە داغ و دەرد و رێگی مەککە وەردی ویردی مەردانە

بەلای ئێمەوە ئەگەر لەجیـاتیی (دەرد و) ، (دەردی) و ، لەجیـاتیی (ویردی) ، (وردی) نۆسرابوایە مەعنـایەکی جـوانی ئەبەخشێ ، چونکە (رێگ) واتە : وردە لم .

(٧) واتە : هەرچەند خاکی رێگای مەککە هەمۆی هەر خوێنە و ، دار و بەردی هەمۆی هەر ئێسقانە و لەوانەیە ئەوەی بچێ بۆ مەککە گیانی لە رێگـادا دانێ ، مەککە هەر شایانی ئەوەیە بنیادەم بۆی بڕوا ، چونکە ئەو ئێسقانانە کە بەدرێژاییی سالّ سپێ بۆنەتەوە، نیشانەی تیرێکن کە بە رێگای عەشقدا یا لەپێناوی عەشقدا نراون بە نیشانەیەکەوە .

ئەم رەنگ سۆرییەی خاکی رێگای مەککە ، کە نالێ بە خوێنی مەعنا لێئەداتەوە ، ئەوەیە کە رێگای مەککە لمی سـۆرە و ، ئەو ئێسقانانەش کە بە نیشانەی تیرێکیان دائەنێ بە رێگای یا لەپێناوی عەشـقدا نراین بە نیشانەیەکەوە،ئێسقانی حوشتری مرداروەبۆی یا کۆڕاوی کاروانین. بەڵام ئەم ، وەك لە بەیتی داهاتۆدا رۆنی ئەکاتەوە ، ئەیەوێ بیسانکا بە شتێکی ئایینێ و پیرۆز و سۆریی لە سۆرەکە ئەکا بە خوێنی حاجێ کە چەتە رێی پێ گرتۆن و کوشتۆنی، یا بە خوێنی شەهیدان کە لە غەزاکانی دەوروبەری مەککەدا رژاوە و ، ئێسقانی حوشترەکانیش ئەکا بە ئێسقانی حوشتری کۆڕاوی حاجییە چەتە کوشتووەکان یا ئێسقانی حوشتری غەزاییەکان کە بە تیری دوژمن کۆڕاون .

رێگە خاکی (چر) و (ت) و (ك) : رێگە خاك ، بۆ (خاك و) بۆ (خاکی)یش دەست ئەدا . (چن) و (اح) و («پەراوێزی» خا) : رێگە خاك و . (عم) و (گم) : خاکی رێگەی . بەردی ئێسقانە (چر) : بەرد و ئێسقانە . (ت) و (ك) و (اح) و («پەراوێزی» خا) : بەردە ئێسقانی .

(٨) لەبالەب : لێوانلێو .

بەڵێ بەم ڕێگەدا جەممازە جانبازە کە ڕۆژ و شەو
دەکا سەیر و سولتۆکی دائیمەن سەرخۆش و مەستانە (٩)

قەطاری زەنگ و قۆڕی ئوشتر و ئێستر لەسەر کێوان
دەڵێی زیڕەی صەدای قاز و قوڵنگی ئەوجی کەیوانە (١٠)

واتە : لە دڵی خۆمدا وتم ئاخۆ ئەم سۆر و سپییە چییە لەم ڕێگایەی مەککەدا تێکەڵی یەک بوون . کە ورد بۆمەوە بۆم دەرکەوت سپییەکە هەمۆی کەللەسەری حوشتری ژێر حاجییانە و سۆرەکەش خوێنی حاجییەکان خۆیانە ، کە چەتە و ڕێگر ئەهاتنە ڕێی کاروانی حەج و ئەبۆ بە شەڕ و دەیان حاجێ و حوشتری حاجیی تیا ئەکوژرا و صەدانیشی تیا ڕۆت ئەکرایەوە و حوشترەکانیان بە تالآن ئەبرا ..

ئەشگونجێ ، وەک لە بەیتی پێشۆشدا ئیشارەتمان بۆ کرد ، خوێن ڕشتن و حوشتر کوشتنەکە بۆ سەردەمی غەزای ئەسحابان بگەڕێتەوە..

ئوشتر (چر) و (عم) و (کم) و (گم) : وشتر . (من) : حوشتر .

لە کۆکردنەوەی (سەراسەر) و (لەبالەب)دا تەقابولێکی جوان هەیە .

(٩) جەمماز : وشتری تیژڕەو . جانباز : ئەوەی گیانی خۆی ئەخاتە مەترسییەوە و مل ئەنێ و گوێ بە مەترسێ نادا . سەیر . ڕێ تەی کردن. سولتۆک : ڕێگرتنەبەر .

واتە : لەم ڕێگای حەججەدا وشتری بارەبەری تیژڕەو گیانی خۆی خستووەتە سەر لەپی دەست و شەو و ڕۆژ خەریکی ڕێڕەوییە و ، بێوچان ، وەک سەرخۆش و مەست ، لە گەشت و گەڕاندایە .

لەنێوان (جەمماز) و (جانباز)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (شەو) و (ڕۆژ)دا طیباق هەیە .

ڕێگەدا (عم) و (کم) و (گم) : ڕێگە وا . (ک) و (عب) و (اح) : ڕێیەدا . سەیر و (چر) و (چن) و (ت) و (اح) : سەیر . بۆ (سەیر و) و (سەیری)یش دەستئەدا . (عم) و (کم) و (گم) : سەیری . دائیمەن (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (عب) و (من) : دائیمێ .

(١٠) قەطار : کاروان ، ڕێز . زەنگ و قۆڕ : ئەو زەنگلەی ئەکرێتە ملی ولاخی باریی کاروان لە سەفەری دۆردا و لەدۆرەوە دەنگی دێ . ئەوج : بەرزێ . کەیوان : ئاسمان .

چ ڕێگێکی سپێ واشە ، ئەوەندەی کەهکەشان دۆرە
چ صەحراییکی شین ڕەنگە ، بە قەد نۆ ئاسمان پانە (١١)

مەگەر ڕێی حاجیانە وا تیا سەییارە سەییارە !
مەجەڕڕە ئالەتی جەڕڕی جەریری سارەبانانە ! (١٢)

واتە : دەنگی ڕیزی زەنگ و قۆڕی ملی حوشتر و ئێستری حاجێ کە لەسەر کێوەکانی دەوروبەری مەککەوە دائەپەڕنەخوار و ، زایەڵەی لە دۆرەوە دێ ، ئەڵێی ئاوازی قاز و قوڵنگی ئاسمانە بە بەرزەوە ئەقیژێنن .

قەطاری (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : قەطار . بۆ (قەطار و) و (قەطاری)یش دەستئەدا . (خا) : قەطار و . زەنگ و (ت) : زەنگ . ئەمیش هەر (زەنگ و) وە. ئوشتر و ئێستر (عم) و (ت): ئێستر و ئوشتر. لە (كم) و (گم) و (عب) و (من)دا نیوە بەیتی یەكەم تێكڕا جیاوازە و لەنێوان ئەو نوسخانە خۆیشیاندا جیاوازێ هەیە . لە (كم) و (گم)دا هەڵەی گەورەی تیایە بۆیە نەماننوسییەوە ، هەرچەند تێكڕا لە شێوەی ئەوەیە كە لە (عب) و (من)دایە . لە (عب)یشدا : خوصۆصەن دەنگی زەنگی گەردنی ئێستر .. تاد . لە (من)یشدا : خوصۆصەن دەنگی زەنگی گەردنی حوشتر .. تاد .. دەڵێی : (كم) و (من) : ئەڵێی .

ئەم بەیتە لە نوسخەكانی (كم) و (گم) و (من)دا لەپاش بەیتی دوازدەهەمەوەیە .

(١١) سپێ واش : سپێ ڕەنگ، مەیلەوسپێ. كەهكەشان : كۆمەڵە ئەستێرەی كاكێشان ، كە لە دۆرەوە سپێ ئەكاتەوە . مەبەست لە ئاسمانە .

واتە : ئەم ڕێگای حەججە كە دەشتێكی لمینی كاكێبەكاكییە ، ڕێگایەكی چەند سپێ ڕەنگە ، ئەوەندەش دۆرە ئەڵێی ڕێی كاكێشانە بە ئاسمانەوە . ئەم دەشتە نەبڕاوەی مەككەیەش چۆن دەشتێكە لەبەر دۆرێ شین ئەكاتەوە و ئەوەندەی نەك تەنها حەوت ئاسمان ، بەڵكو ئەوەندەی نۆ ئاسمان پان و گەورەیە .

(١٢) سەییارە : كاروان. سەییار : ڕەوندە. ئەستێرە گەڕۆكەكان . مەجەڕڕە : كۆمەڵە ئەستێرەی كاكێشان . جەڕ : ڕاكێشان . جەریر : جڵەو ، ڕەشوەی ولاخ . سارەبان : حوشترەوان ، ئەو زەلامەی لەگەڵ وشتردا ئەڕۆا و ئاگاداریی ئەكا .

واتە : بشێ ئەم ڕێیە ڕێی حاجیان بێ وا كاروان پیا تێئەپەڕێ ، وەك

فەضا بەحری موحیط و وشتری تێدا سەفینەی بەڕ
سەرابی میثلی نیل و دیجلەوو جەیحوٚن و عومانە (١٣)

لە صەد جێ کلکی ئوشتر گەییە ئەرضی مەهلەکە ، هێشتا
یەمی فەججی عەمیقی ئاڵی هەر بێ قەعر و پایانە (١٤)

ئەستێرە بە ڕێی کاکێشانا ئەڕوا و ، ئەستێرەکانی ڕێی کاکێشانیش بوٚبن بەهوٚی ڕاکێشانی جڵەوی دەستی وشترەوانەکان و ڕێیان بوٚ ڕوٚشن بکەنەوە ؟!

تیا (چر) و (عم) و (عب) و (خا) : تێدا . مەجەڕڕەی (ك) : مەجەڕڕەی . هەندێ لە نوسخەکانی‌کەش بە هەڵە بە (میجەڕڕە)یان نوٚسیوە . جەریری (« پەراوێزی » خا) : جەریدی . جەرید : چڵی خورمایە کە توێکڵەکەی لێ‌کرابێتەوە . سارەبانانە (« پەراوێزی » خا) : پاسەبانانە .

(١٣) فەضا : بوٚشایی . بەحری موحیط : دەریای گەورەی بێ‌پایان ، کە دەوری زەویی دابێ ، ئوقیانوٚس . سەفینە : کەشتی . بەڕ : وشکان . سەراب : وردە زیخی بریقەدار کە ڕێبوار لەدوٚرەوە وائەزانێ ئاوە . جەیحوٚن : ڕوٚبارێکە لە تورکمانیا . عومان : دەریای عومان .

واتە : چوٚڵایی بێ‌پایانی ڕێگای نەبڕاوەی حەج وەك دەریای بێ‌سنوٚر وایە و ، وشتریش لەم وشکانییەدا بووە بە کەشتی (*) و ، وردە زیخی بریقەداری ژێر تیشکی هەتاویش وەك ئاوی نیل و دیجلە و جەیحوٚن و دەریای عومان دێتە پێش جاو .

فەضا (عم) و (گم): فەضای.موحیط و(عم) و (کم) و (گم) : موحیطە و. (اح) : موحیط . (من) : موحیطە . وشتری (عب) و (من) : ئوشتری . سەرابی (عم) و (گم) : سەراوی . دیجلەوو (ت) و (ك) و (اح) : دیجلەیە .

(١٤) مەهلەکە : شوێنی فەوتان . یەم : دەریا . فەج . ڕێگای دوٚر . عەمیق : قوٚڵ . قەعر : بن .

واتە : حوشتر لە صەد جێگادا گەیشتە گیان دەرچوٚن و تەنانەت کلکیشی گەیشتە ئەوە بنیشێتە زەویی فەوتان و گیانی تیا نەمێنێ ، کەچی هێشتا دەریای شینی ڕێگای دوٚری بەناخاچوٚی بیابان نە بنی دیارە و نە کەناری .. مەبەست لە دوٚریی ڕێگاکەیە . باس‌کردنی کلکی

(*) عەرەب ئەڵێن : « البعیر سفینة الصحراء » واتە : حوشتر کەشتیی بیابانە .

لەنێو ژیگی ژەوانی قوم نوقوم بۆ وشتر و بۆ گوم
نەما گوێی بیستنی (ڤُمْ ڤُمْ) ، چ جای ئیمکانی هەستانە (١٥)

تەنی حاجێ لەسەر چوار چێوەیی ناجێ دەڵێی نەعشە
لوعابی خۆر لەسەر ئیحرامی وەك کافوری ئەکفانە (١٦)

حوشتریش لەوەوەیە کە مەشهوورە ئەڵێن « فلانەکەس لە کلکی گەژابوەوە، ئەگینا مردبۆ » گوایە کلك دوا شوێنی گیان‌لەبەرە گیانی تیا نامێنێ .

ئوشتر (عم) و (کم) و (گم) و (من) : وشـــتر . مەهلەکە (گم) و (من) : مەهلەکە و . عەمیق و ئاڵی (چن) و (اح) : عەمیق ئاڵی . بۆ (عەمیق و) و (عەمیقی)یش دەستئـــەدا . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : عەمیقی ئاڵی . (ت) : عەمیقی ژێگە .

(١٥) ژیگی ژەوان : ئەو جۆرە لەی لە شوێنێکا جێگیر نابێ و بەدەم باوە ئەژوا . قوم : لم . (قُمْ ڤُمْ) : هەستە ! هەستە !

واتە : وشتر لەناو لمی با هەڵگرتۆی بیابانا نوقم بـــۆ و لم دایپۆشێ ، بەجۆری کە لەبەر دیارنەبۆنی لاق و سکی،بنیادەم وائەزانێ چۆکی داداوە. بۆیە وشترەوانەکان هەرچەند لێی‌ئەخوژن کە هەســـتێ ، ئـــەو گوێی بە دەرەوە نییە تا ببیسێ ، چجای ئەوە بتوانێ هەڵسێتەوە .

لەنێو (کم) و (من) : لەناو . ژیگی (عم) و (گم) : ژێگەی . ژەوانی (عم) : ژەواندا . وشتر و (عم) : وشتریش .

(١٦) تەن : لەش . ناجێ : حوشتری تیژرەو کە سواربووەکەی بە سەلامەتێ ئەگەیەنێتە جێ . نەعش : تەرم ، تابۆت ، مردۆ لەناو دارەمەیتا . لوعاب : شتێکە وەك تەنراوی جاڵجاڵۆکە لـــە گەرمـــای نیوەژۆکاندا ئەبینرێ لە ئاسمانەوە بەرەو خوار ئەبێتەوە . ئیحرام : بەرگی ئیحرام ، قوماشێکی نەدۆراوە حاجێ لەکاتی حەجدا ئەیکاتەبەر . کافوور : دەرمانێکی بۆنخۆشی سپییە . ئەکفان : جەمعی (کفن)ە .

واتە : لەشی حاجیی ماندۆی شەکەت و پەك کەوتۆ ، بەسەر پشتی حوشتری لەڕ و لاوازی حاجی‌گواستنەوەوە کە ئەوەندەیان ژەتاندووەتەوە هەر چوار چێوە و ئەسکاڵتەکەی ماوە ، ئەڵێی تەرمی مردووە لەناو دارە مەیتا . هەسۆنە زێڕینەی خۆریش لە قرچەی نیوەژۆدا کە ئەدا بەسەر بەرگی سپیی ئیحراما کە حاجێ لەبەری‌کردووە ، ئەڵێی کافوری سپییە و بەسەر کفنی مردۆدا کراوە .

مەڵێ : دەشتە ، بڵێ : دنیا هەمۆ خانێکە ئەم حەوشە
چ حەوشێکە ؟ کە ئافاقی حەصار ، ئەفلاکی سەربانە (١٧)

مەڵێ ڕێگەی کەشندە ، یا کوشندە ئەژدەرە ، یاخۆ
کەمەندە ، یا طەنابــی خێوەتی گەردۆنی گەردانە (١٨)

لەم تەشبیهەدا حوشتر وەك داڕە مەیتی لێهاتووە و ، لاشەی ماندوێی حاجێ بووە بە لاشەی مردوێی ناو داڕە مەیت و ، بەرگی ســپیی ئیحرام بووە بە کفن و هەسوێنە زێڕینەی خۆریش بووە بــە کافوێری سەر کفنی مردوێ .

لەنێوان (حاجێ) و (ناجێ)دا سەرەڕای جیناسی لاحیق ، تەناسوب و، لەنێوان (ئەکفان) و (نەعش) و (کافوێر)یشدا تەناسوب هەیە .

دەڵێی (کم) و (من) : ئەڵێی .

(١٧) خانێکە : خانەیەکە ، خانوێکە . ئافاق : جەمعی (ئوفوق)ە بەمەعنا ئاسۆ. حەصار : شوێرە .

واتە : دەشتی چێ ؟ نەکەی هەرگیز بڵێی ئەم ڕێگای حەججە دەشتە.. بەڵکو بڵێ : جیهان تێکڕا خانوێکە و ئەم ڕێگای حەججە حەوشەکەیەتی و، ئاسۆی دوێری کەس پێنەگەیشتوێش شــوێرەکەیەتی و ، ئاسمانەکانیش سەربانەکەینی .

(١٨) کەشندە : ئەوەی بکشێ و نەبڕێتــەوە . کوشــندە : بکــوژ . ئەژدەر : ئەژدەها . کەمەند : پەتێکی ئەستوێری درێژە بۆ گرفتار کردنی کەسێك یا گیانلەبەرێك بەکاردێ . طەناب : تەناف . گەردان : سوێرێاوە .

واتە : مەڵێ ، پێویست ناکا بڵێی ڕێگای حەج درێــژە و ئەکشێ و نابڕێتەوە . ڕێگای حەج ڕێگا نییە ، ئەژدەهای کوشــندەیە ، کەمەندی گرفتار کردنی خەڵکە ، تەنافی دەواری ئاســمانی سوێرێاوەیە کە بەسەر زەویدا هەڵدراوە . جا تەنافێ تەنافی دەواڕێکی گــەورەی وەك ئاسمان بێ ، ئەبێ چەند درێژ بێ !

لەنێوان (کەشندە) و (کوشندە)دا جیناسی موحەڕڕەف و ، لەنێوان (کەشندە) و (کەمەندە) و ، لەنێوان (گەردوێن) و (گەردان)دا جیناسی لاحیق هەیە .

عویۆنی گەرم و سوێراوی میٹالی چاوی گریانە
ڕۆوەۆنی شاخی سۆتاوی شەبیهی جەرگی بوریانە (١٩)

لە بن خاکی مەغاکی ئاتەشینی ، لەعلی لەب توشنە
لە سەر ئابی سەرابی ، سەروی سێرابی موغەیلانە (٢٠)

ڕێگەی (ك) و (عب) : ڕێگە . بەپێی ئەم نوسخانە مەعنای نیوە بەیتەکە وای‌لێ‌دێتەوە : ناوی ڕێگا مەهێنە ، ڕێگا نییە ، ماریکی کشاوی کوشندە هەیە .. تاد .

طەنابی (عم) : طەنافی . (کم) و (گم) و (من) : تەنافی .

(١٩) عویۆن : جەمعی (عەین)ە بەمەعنا سەرچاوەی ئاو . ڕۆوەۆن : جەمعی (ڕەعن)ە بەمەعنا لۆتکەی شاخ .

واتە : سەرچاوەکانی ئاوی گەرم و سوێر لەسەر ڕێگای چۆڵی حەج ، وەك چاوی گریاناویی دڵداران وان کە فرمێسکی گەرم و سوێریان لێ ئەڕژێ . لۆتکە سۆتاوەکانی شاخەکانی دەوروبەری ڕێگاش وەك جەرگی سۆتاوی ڕەش‌بووەوەیان وان .

(٢٠) مەغاك : ڕۆچۆ . ئاتەشین : گەرم وەك ئاگر . توشنە : تینۆ . ئاب : ئاو . سێراب : تێراو . موغەیلان : درەختێکی کورتەبنەی درکاوییە، لە دەشتە بێ‌ئاوەکانا ئەڕوێ .

واتە : سەیری بنەوەی ئەم خاکە ئەکەی ، چالاییەکانی کە ئەبۆ ئاویان تیا بوایە ، لێوی ئاڵیان تینووە بۆ دڵۆپێك ئاو . سەیری سەرەوەشی ئەکەی ، سەراب بووە بە ئاو تیایا و دار سەروی تێراوی قەراخ ئاوی سەرابی ، بریتییە لە درکی موغەیلان کە لە وشکانا نەبێ ناڕوێ ! وێنەیەکی جوانە بۆ دەربڕینی بێ‌ئاویی ڕێگای حیجاز .

لەنێوان (بن) و (سەر)دا طیباق و ، لەنێوان (خاك) و (ئاب) و (ئاتەش)دا تەناسوب و ، لەنێوان (سەرئاب) و (سەراب)دا جیناسی تەرکیب و ، لەنێوان (سەراب) و (سێراب)یشدا جیناسی ناقیص هەیە .

لە بن (چر) و (خا) : لەسەر . ئابی سەرابی (عم) : ئاوی سەراوی . سێرابی (عم) و (کم) : سێراوی .

سماقی ئەحمەرە ، یا قوتی زۆح و ئاگری نەفسە ؟!
حەصاتی ئەبیەضە ، یا شوهب و نەجمی زەجمی شەیطانە ؟! (٢١)

بە ظاهیر گەر مەگەس‌دارە ، بە باطین صەد چەمەن‌زارە
بە صوورەت یەك بە یەك خارە ، بە مەعنا صەد گولوستانە (٢٢)

---

(٢١) ئەحمەر : سوور . حەصات : حصاة ، وردە بەرد . شوهب : ئەو ئەستێرانەی بە ئاسمانا ئەکشێن . نەجم : ئەستێرە .

واتە : ئاخۆ ئەم خۆڵی سووری زێگای مەککەیە ، ترشە سماقی سوورە، یاخود خۆراکێکی سوورە بۆ گیان و ئاگرە بۆ سووتاندنی نەفس ؟ ئەم بەردە وردە سپیانەشی ، هەر بەڕاستی وردە بەردی سپین ، یاخود ئەو ئەستێرانەن بە ئاسمانا ئەکشێن بۆ زەجمی شەیتانەکان و دوور خستنەوەیان لە دەوروبەری مەککە و پاشان کەوتونەتە خوارەوە ؟

ئەشتوانرێ دوو وشەی (یا قوتی) بە یەك وشە دابنرێن و (یاقوتی) بن ، چونکە باس باسی خاکی سووری زێگای مەککەیە و (یاقوت)یش سوورە .

لەنێوان (ئەحمەر) و (ئەبیەض) و ، (زۆح) و (نەفس)دا تەناسوب و طیباق و ، لەنێوان (نەجم) و (زەجم)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ئاگر) و (شوهب)دا تەناسوب هەیە .

ئاگری (عم) و (گم) : ئاوری . شوهب و (عم) و (خا) : شوهبی .

(٢٢) مەگەس : مێش . چەمەنزار : جێگای سەوزێ . خار : درك .

واتە : ئەگەرچێ زێگای مەککە بەدیمەن خاوێن نییە و پڕە لە مێش ، لەڕاستیدا شوێنی گوڵ و سەوزییە. هەرچەندیش کە بنیادەم سەیری ئەکا هەر درك و داڵ ئەبینێ ، لەڕاستیدا ئەوەندەی صەد باخچە خۆش و جوانە .

تەنها لە نوسخەی (چن)دا نووسراوە : مەگەس‌دارە. ئێمە دڵنیا نین لەوە کە تێکستی ڕاست ئەمەبێ ، چونکە تێکستی نوسخەکانی‌تر هەرچەند لەناو خۆیانا جیاوازن ، بەڵام لەیەکیشەوە نزیکن . ئێمە نوسخەی (چن)مان لەبەرئەوە هەڵبژارد چونکە مەعنای بەئاسانتر ئەدا بەدەستەوە . نوسخەکانی‌تر بەمجۆرەن : (چر) و (عم) و (گم) و (عب) و (خا) : گەز بە گەز داره . (« پەراوێزی » چر و خا) و (اح) : گەر بزەداره . (گم) : گرنە کرداره . لەوانەیە (گرنە گەر داره) بێ . گرنە : دارێکی درکاوییە.

نەیستان و خەسەڵزاری صونۆفی شەوکەیی خاری
گەڵێ خۆشتر لە سەروستان و ، دڵکەش‌تر لە بوستانە (٢٣)

قەتاد و عەرفەج و خیطمێ و عەضات و عەوسەج و ئەثڵی
چ دامەن گیر و شین و دڵنشینی ژێی غەریبانە ! (٢٤)

بەمپییە مەعناکەی وای‌لێدێتەوە : هەرچەند گژنە بەدیمەن درەختە ، بەڵام .. تاد . (ت) و (ك) : گەزنە گەزدارە . (من) : گەر بە گەزدارە .. ئەوەش بزانین نە دەرختی (گەز) و نە درکی (گەزنە) سروشتیان لەوانە نییە لە شوێنی بیابانێ و وشکا بژوێن . ئەوەش هۆیەك بۆ بۆئەوە کە ئێمە چاو لەم تێکستانە بپۆشین و تێکستی (چن) هەڵبژێرین .

(٢٣) نەیستان : قامیشەڵان . خەسەڵزار : شوێنی درکاوێ . صونۆف : جەمعی (صینف)ە واتە جۆر . شەوکە : درك . دلکەش : دڵگیر .

واتە : هەرچێ لە ژێگای مەککەدا هەیە لە قامیشەڵان و جارەدرك و هەر جۆرە درك و داڵێك ، زۆر خۆشترە لە باخی سەرو و دڵژفێن‌تر لە ناوباخ و بێستان .

صونۆفی (ت) و (أح) : صوفۆفی. شەوکەیی (چن) و (أح): شەوکەوو.

(٢٤) قەتاد : دارێکی سەختە درکێکی وەك دەرزێ تیژی هەیە . عەرفەج : ژووەکێکی دەشتییە . خیطمێ : هێرۆ . عەوسەج : درەختێکی بچکۆلەبە لقی درکاوێ و گوڵی ژەنگاوژەنگی هەیە . ئەثڵ : درەختێکە لە شوێنی لمینا لە نزیکی ئاوا ئەژوێ ، گەلاکانی باریك و گوڵەکانی هێشۆیین ، لە ماڵیشا دەژوێنرێ . عەضات : دارێکی درکاوییە .

واتە : ئەو هەمۆ درك و داڵانەی کە ناوی هێنان ، لەگەڵ ئەوەشا کە درك و داڵن ، وەك دۆست دەست لە یەخەی ژێبواری نامۆ ناکەنەوە و ، وەك گوڵی شین وان لە دڵیا و ، لە دڵیدا جێگای خۆیان ئەکەنەوە . نالێ وێستۆیەتی درکایەتییەکانیان بکا بە نیشانەی خۆشەویستێ ..

نالێ لەم بەیتەدا لە ژێزکردنی وشەکانیشدا هاوسەنگییەکی جوانی کردووە .

هەندێ لە نوسخەکان لە ژاگرتنی وشە عەرەبییەکاندا کەوتۆنەتە هەڵەوە . لەبەر ئاشکرایی هەڵەکانیان پشت گوێمان خستن .

ئەم بەیتە لە (گم)دا نییە .

شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێی لەعلی نمەكپاشە
حەفیری چاهی وشكی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە (٢٥)

لەباتیی لالەیی حەمرا جگەر پوڕ داغی خورشیدە
لەباتیی سونبولی تاتا سەر و سەودا پەڕیشانە (٢٦)

موغەیلانی جل و مێزەر دڕێنی صۆفییە ، یەعنێ
ئەمە زێڕی موحریمانی مەحرەمی سەر زۆت و عوریانە (٢٧)

---

(٢٥) شەفیر : لێوار . شۆر : سوێراو . نمەكپاش : ئەوەی خوێی پیا وەشێنرابێ . كینایەیە لە خۆش و بەتام . حەفیر : هەڵكەنراو ، قوڵایی . چاه : چاڵ . زەنەخدان : چاڵایی سەر چەناكە .

واتە : لێواری چاڵ و بیری سوێراوی زێڕی مەككە كە زەنگی خۆڵەكەی سوڕە و توێژێ خوێی زەویە شۆرەكەشی بەسەرەوەیە ، ئەڵێی لێوی وەك لەعل سوور و بەتام و خوێی یارە . قوڵایی چاڵی وشكی بێئاویشی كە مەگەر تەنها چەند دڵۆپێ ئاوی تیابێ ، وەك چاڵایی چەناكەی وایە كە دڵۆپێ دوان ئارەقی پێوەیە ..

زێڕی تێئەچێ نالێ ئەم تەشبیهەی لەبەرئەوە كردبێ كە زێبوار لەڕادەبەدەر لەو زێگایەدا هیلاكە بۆ ئاو . بەڵام تێكڕا هەستی ئایینییە پاڵی پێوە ناوە ئەو زێگا گەرمە بكا بە نەكەرۆز و ئەو درك و دارە زۆرە بكا بە گوڵ و شینایی و ئەو لمە سوورە بكا بە لێوی وەك لەعلی یار ، تەنانەت كە خۆیشی هەموو ناخۆشییەكانی زێگاكە ئەخاتە زۆ .

ئەم بەیتە لە نوسخەی (گم)دا نییە .

(٢٦) حەمرا : سوور . پوڕ : پڕ . تاتا : تەڵ تەڵ وەستاو . سەودا : عەشق .

واتە : لەم زێگە وشك و دوور و بێئاو و شینایییەی مەككەدا جگەرمان بە تینی داخی خۆر سوور بووەتەوە و جێگەی گوڵاڵە سوورەی بۆ گرتوینەتەوە . خەیاڵیشمان پەرت بووە و عەشق لە كەللەمانا نەماوە و ئەو پەرت و بڵاوییەیە جێگەی گوڵی تاڵتاڵی سونبولمان بۆ ئەگرێتەوە .

پوڕداغی (چر) و (كم) و (گم) : پەرداغی . سەر و (چر) : سەر . بۆ (سەر و) و (سەری)یش دەست ئەدا . (عم) و (كم) و (گم) و (من) و (خا) : سەری .

(٢٧) موغەیلان : داریكی دڕكاوییە لە بیاباندا ئەڕوێ . موحریم : ئەوكەسەی

★ ★ ★

شوتوربانا ! ئەمە پەرژینی باغی ڕەوضەیە ، یاخۆ
عەرار و عەرعەر و بانی خیابانی بیابانە ؟! (٢٨)

نیازی حەجی هەبێ و چۆبێتــە ئیحرامەوە و جــل و بەرگی نەدۆراوی ئیحرامی پۆشیبێ و سەری ڕۆت‌کردبێ .

نالێ کە باسی سەختێ و نارەحەتیی ڕێگای مەککەی کرد و وتیشی ئەو ڕێگایە بەو هەمۆ نارەحەتییەشەوە کە هەیەتی لای خوانەسان و عاشقانی ڕاستەقینە ڕێگایەکی خۆش و پڕ گوڵ و گوڵزارە ، دەمی توانج ئاراستەی وشکە صۆفیی درۆزن و ڕیاباز ئەکا و ئەڵێ : دڕکی ڕێگای مەککە جل و مێزەری صۆفییان ئەدڕێ و ڕۆت و قۆتیان ئەکاتەوە و ڕاستییان ئەخاتە ڕۆ ، واتە : ئەوەی ڕێگای مەککە ئەگرێتەبەر ئەبێ خۆی لە هەمۆ شتێکی دنیایێ ڕۆت‌کاتەوە ، خۆ ئەمەش بە وشکە صۆفییەکان ناکرێ ، کەواتــە ڕێگای حەج ڕێگایەك نییە ئەوانە بیگرنە بەر و تەنها بە مەردانی ڕاسڵ و بێ کۆڵ و بار ، تەی ئەکرێ ..

لەنێوان (موحریم) و (مەحرەم)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە . هەروەها لە کۆکردنەوەی (سەر ڕۆت) و (عوریان)دا لەگەڵ (مەحرەم) تەناسوبێکی جوان هەیە ، چونکە لەناو مالاّ هــەر مەحرەم ئەتوانێ ســەر ڕۆت کا و جلەکانی داکەنێ .

یەعنێ (کم) و (گم) و (من) : نــالێ . موحریمــانی مەحرەمــی (چر) و (ت) : مەحرەمانی موحریمی . (کم) و (گم) محرمان محــرمی . بۆ هەردۆ ئیحتیمالەکە دەست ئەدا . (ك) و (اح) و (خا) : محرمان محرم و . ئەمیش بۆ هەردۆ ئیحتیمالەکە دەستئەدا .

بەپێی نوسخەکانی (کم) و (گم) و (من) کە لەجیاتیی (یەعنێ) نۆسیویانە (نالێ) ئەم بەیتە ئەبێ بە دوابەیتی ئەم پارچە هەڵبەستە و بەیتی داهاتــۆ ئەبێ بە سەرەتای پــارچەیەکی نــوێ . بــەڵاّم ئێمە ڕێگــەی زوربــەی نوسخەکانمان هەڵبژارد لەبەر یەکێتیی کێشی هەمۆ بەیتەکان و ، لەبەر ناهاوسەنگیی دوابڕگەی هەردۆ نیوەکــەی بەیتی پاشــەوە و ، چونکە ئەو نوسخــانەی لەجیــاتیی (یەعنــێ) نۆســیویانە (نــالێ) لەعــاستی نوسخەکانی‌تردا ئەوەندە جێگای متمانە نین .

(٢٨) شوتوربان : وشترەوان . ڕەوضە : باخچە ، مەبەست جەوشی جەرەمی مەککەیە . عەرار : گوڵە گاچــاو . عەرعــەر : درەختێکــە لە چەشــنی سنەوبەر . بان : درەختێکی بەرزی ڕێکە گەڵای وەك گەڵای داربێ وایە.

ئەسیری سیلسیلەی بەندی مەهاری سەرقەتارت بم
کە دەمکێشێتە ڕەوضەی حەی وەکو مەجنونی دێوانە (٢٩)

چ ڕەوضە ؟ ڕەوضەیی جەننەت ! چ جەننەت ؟ جەننەتی قوربەت !
چ قوربەت ؟ قوربەتی ڕاحەت ! چ ڕاحەت ؟ ڕاحەتی جانە ! (٣٠)

خیابان : شەقام . بیابان : دەشت .

نالێ وا پیشانئەدا کە ئاگری شەوق و سۆزی مەککە و مەدینە هەڵگرتووە و ئۆقرەی لێبڕیوە ، ئەیەوێ ساتێ زۆتر بگاتە بەرەوە . بۆیە بە هەر شوێنێکدا بڕوا ئەپرسێ ئەمە کوێیە و بە شوێنێکی پیرۆز و خۆشی پیشان ئەدا . لەم بەیتەدا لە وشترەوانەکەی ئەپرسێ ئاخۆ ئەو دار و دەوەنانەی ئەیانبینێ پەرژینی دەور و پشتی باخی مەککەن ، یاخود گوڵە گاچاو و سنەوبەر و بانی شەقامەکانی ناو ئەو دەشتەن ؟ .

لە کۆکردنەوەی (عەرار) و (عەرعەر) و ، (خیابان) و (بیابان)دا جیناسی لاحیق هەیە ، جگە لەو جوانییەی لە کۆکردنەوەی (بان)و (خیابان)و (بیابان)دا هەیە .

عەرار و (کم) و (من) سیواری . عەرعەر و (چن) و (عم) و (گم) و (من): عەرعەری. (ك) و (اح): عەرعەرە. بانی (چر) و(خا): بان و.(چن) و (عب) : بان . بۆ (بان و) و (بانی)یش دەستئەدا . خیابانی (چر) : خیابان و . (چن) و (ك) و (اح) : خیابان . بۆ (خیابان و) و (خیابانی)یش دەستئەدا .

(٢٩) مەهار : دارێکە ئەکرێتە لۆتی وشتر و پەتێکی توند پێوە ئەبەستێ . سەرقەتار : سەرقافڵە . حەی : هۆز . مەجنۆن : شێت ، یاخود قەیسی لەیلای بەناوبانگ .

واتە : یاخوا بە دیل و دەست بەستەی ئەو زنجیرە بم کە بە داری لۆتی وشترە سەرقافڵەکەتەوە بەستراوە ، کە وەکو شێت ، یا وەك بەکێش‌کردنی مەجنۆنی لەیلا بۆ ناو هۆز ، ڕامئەکێشێ بۆ باخچەی مەککە. دەمکێشێتە (کم) و (من) : ئەمکێشێتە . حەی : (چن) و (ك) و (اح) : خۆی . مەجنۆنی (چر) و (عم) : مەجنۆن و . (چن) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) : مەجنۆن . بۆ هەردوکیان دەستئەدا .

(٣٠) قوربەت : نزیکی . ڕاحەت : حەسانەوە .

واتە : ئەو باخچەیە کە منی بۆ ڕائەکێشریم ، باخچەیەکی عادەتی نییە ،

مەقام و زەمزەمەی حادێ ، لە شەوقی کەعبەوو حوجرەی
مەقام و زەمزەمە ، وا ئوشتری هێنایە جۆلانە (٣١)

بەڵکو باخچەی بەهەشتە . . بەهەشتی نزیکێ لە خانەی خودا و مەرقەدی پێغەمبەرەوە (د.خ) . . نزیکییەك کە ئەبێتە هۆی زەحەتێ و حەسانەوەی گیان نەوەك حەسانەوەی لەشی زۆت .

(٣١) مەقام (ی یەکەم) : ئاهەنگ و ئاوازەی مۆسیقا . بە ئاوازێکی تایبەتییش ئەوترێ . زەمزەمە : گۆرانێ لەبەرخۆوە وتن . حادێ : ئەوەی کە وشتر ڕائەکێشێ و وردە وردە لەبەرخۆیەوە گۆرانیی بۆ ئەڵێ . مەقام (ی دۆهەم) : مەقامی حەزرەتی ئیبراهیم ، شوێنێکە لە کەعبە ئەڵێن ئیبراهیم نوێژی تیا کردووە . زەمزەم : بیرێکە لە مەککە ، حاجییان ئاوی لێ ئەخۆنەوە بۆ پیرۆزێ و لێیشی دێننەوە بۆ ماڵی خۆیان .

واتە : مەقام و وردە گوڕانێ وتنی جڵەوکێش و وشترەوانە لەبەر سۆز و ئارەزۆی بینینی کەعبە و حوجرەی مەقامی حەزرەتی ئیبراهیم و بۆ گەیشتن بە ئاوی بیری زەمزەم ، وا ، سەرباری ماندوێەتیی ڕێگای دوور و ناخۆش ، حوشتری خستووەتە هەڵخستنەوە لەسەر ئاوازی ئەو مەقام و وردە گۆرانییە .

مەقام و : لە هیچ نوسخەیەکدا ئەم (واوی عەطف)ە نەبۆ . (عم) و (کم) و (گم) و (من) نۆسیبۆیان : (مەقامی) . نوسخەکانیتر هەمۆ نۆسیبۆیان : (مەقام) . ئێمە ، پشت بەوە کە ئەوەی ئەم نوسخانە ئەشگونجێ (مەقام و) بێ ، واوی عەطفمان لەدوای وشەی (مەقام)ەوە دانا ، چونکە مەعنای بەیتەکە وا باش ئەهات و ڕێنۆسی کۆنیش ڕێ ئەدا . زەمزەمەی (چر) و (کم) و (عب) و (من) و (خا) : زمزم و . ئەگەر ئەمیش بە (زەمزەمە و) نەخوێنینەوە ــ کە بۆیشی دەستئەدات ــ مەعنا نابەخشێ . حادێ : تەنها (عم) و (گم) بەمجۆرە و بە ڕاستیان نۆسیوە . (چر) و (کم) و (ت) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) : حاوێ ، بەڵام دیارە هەڵەیە . ئەوەندە هەیە ئەوەی نوسخەی (خا) لە (حادێ)یشەوە نزیکە . (چن) و (ك) و («پەراوێزی» خا) : چاوی . حوجرەی : ئەمە تێکستی تەنها نوسخەی (عم)ە . نوسخەکانیتر هەمۆ نۆسیوبانە (حیجرە) ، واتە حیجری حەزرەتی ئیسماعیل کە شوێنێکی پیرۆزە لە مەککە . ئێمە نوسخەکەی (عم)مان هەڵبژارد چونکە مەعنایەکی زیاتر و بەپیتتر ئەبەخشێ . مەقام و زەمزەمە وا : ئەمە تێکستی تەنها نوسخەی (عم)ە و لەگەڵ (حوجرەی) دەستئەدا . (چر) و (خا) مەقام و زەمزەمەی وا . (چن) و (ت) و (ك) و

صەریری جونبوشی تەخت و مەحەففەی مەخمەڵیی سەوزی
دەڵێی تەسبیحی مورغانە ، لەسەر تەختی سولەیمانە (٣٢)

(اح) : مەقام زەمزەمەی ئەو . ئەمیش هەر (مەقام و)وە . (كم) و (گم) و (من) : مەقامی زەمزەمەی وا . (عب) : مەقام زەمزەمە وا . ئەبێ ئەمیش (مەقام و زەمزەمەی وا) بێ . ئوشتری (كم) و (گم) و (من) : حوشتری . تێكڕای ئەم نوسخانە ، جگە لە (عم) ، لەگەڵ ئەوە ئەگونجێن كە (حوجرەی) بە (حیجری) بخوێنرێتەوە .

(٣٢) صەریر : جێرە جێر . جونبوش : جمووجوڵ . مەحەففە : كەژاوە . مەخمەڵ : جۆرە قوماشێكی قەیفەیی جوانە . تەسبیح : سوبحانەڵڵا كردن . مورغ : پەلەوەر . سولەیمان : حەزرەتی سولەیمان .

واتە : جێرە جێرێ بەهۆی جوڵەوەی تەخت و كەژاوەی ، سەوزی لە مەخمەڵ دروستكراوی ، سەر پشتی حوشتری بە ڕێگای مەككەدا ، وەك سوبحانەڵڵا كردنی پەلەوەرەكان وایە بەسەر تەختی حەزرەتی سولەیمانەوە . لە ئایەتی قورئانا هەیە كە حەزرەتی سولەیمان زمانی پەلەوەری زانیوە . بۆیە، دیارە ئەبێ هەمیشە هەمو جۆرە پەلەوەرێكی لە دەور خڕبوبێتەوە .

لەنێوان هەردو وشەی (تەخت)دا جیناسی تەواو هەیە ، هەرچەند مەعناشیان جیاوازە .

صەریری (چر) : صەریر . بەڵام دیارە (صەریری)یە بەنیشانەی ئەوەدا لەپاش (تەخت) (و) دانراوە . خۆ ئەگەر بە (صەریر و)یشی بخوێنینەوە ، دیارە مەعناكەی هەر دێت و (جونبوشی) عەطف ئەبێتە سەری . (چن) : صەریرەی . (كم) و (عب) و (من) : حەریرە . (ت) و (اح) : حەریر . (ك): صەریرە . بەڵام دیارە چ (صەریرە) و چ (صەریرەی) و چ (حەریر) و چ (حەریرە) هەموی هەڵەیە . جونبوشی (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) : جونبوش . بەڵام دیارە (جونبوشی)یە . تەخت و (عم) و (كم) و (گم) و (من) و (خا) : تەختی . (ت) و (عب) و (اح) : تەخت. مەحەففەی (عم) و (كم) و (گم) : مەحەففە و . (من) : موحەففا . مەخمەڵێ : ئەمە تێكستی تەنها نوسخەی (چر)ە ، لەمیشدا (ی)كەی پێوە نییە ، بەڵام نەنوسینی ئەو (ی)یە بە ڕێنوسی كۆن باوە . لە نوسخەكانیترا بەمجۆرەیە (چن) و (عم) و (كم) و (گم) و (من) : مەحفەلی. (ت) و (عب) : مەحمەل . (ك) : مەحمەل و . (خا) : مەحفەل و . ئێمە نوسخەكەی (چر)مان پێ باشتر بۆ چونكە چ (مەحمەل) و چ (مەحفەل)

کەژاوە و دار و بار و تەختەیی لوختی لەسەر بوختێ
دەنالێنن لە شەوقی طەیبە وەڵێ ئەستۆنی حەنانە (٣٣)

چ تۆرێکە لەێو فانۆسی بەرگی کەعبەدا ، ظاهیر
دەکێشێ خەڵق و ، باطین ئیمتیثالی ئەمری یەزدانە ؟! (٣٤)

هەردوکیان هەر مەعنای (مەحەففە) ئەگەیەنن ، بەڵام (مەخمەڵ) مەعنایەکی نوێ ئەبەخشێ و بەیتەکە بەپێتر ئەکا .

(٣٣) لوخت : زۆت . بوختێ : وشتری دۆ کۆپارە ، جۆرە وشترێکی بەهێزە ، باری زۆر هەڵئەگرێ و زەنگی سۆرە . ئەستۆنی حەنان : کۆڵەکەیەك بووە لە مزگەوتی پێغەمبەردا لە مەدینە ، لە کتێبەکانی سیرەتدا هەیە کەوا پێغەمبەر (د.خ) بەرلەوەی مینبەر و میحراب بۆ مزگەوتەکەی دروست بکا ، ئەچۆ پاڵی بە کۆڵەکەیەکەوە ئەدا خوتبەی ئەخوێندەوە . پاشان کە مینبەری بۆ مزگەوتەکەی دروستکرد ، کۆڵەکەکەی بەجێهێشت . کۆڵەکە دەستی کرد بە زیرەزیر و گریان ... پێغەمبەریش چۆ باوەشی پیاکرد و دڵی دایەوە .. ئەویش بێدەنگ بۆ و لە زیرەزیر کەوت ..

واتە : هەمۆ پارچەکانی کەژاوە و تەختە زۆتەکەی لەسەری دانراوە و بە کۆڵی حوشترەکەدا بەستراوە ، هەمۆ لەبەر سۆزی گەیشتن بە مەدینە، وەك کۆڵەکەکەی مزگەوتی پێغەمبەر ئەزیرێنن . نالێ ئەیەوێ مەعنای جیرە جیرێ و تەقەتەقی تەختە و قەوارەی کەژاوەکە بە کۆڵی حوشترەوە بە سۆزی گەیشتن بە شاری مەدینە مەعنا لێبداتەوە .

لەنێوان (لوختی) و (بوختێ)دا جیناسی لاحیق هەیە .

کەژاوە و (چن) : کەژاوەی . (کم) و (من) : کەژاوە . داروبار و (چر) و (عم) و (خا) : دار و باری . (کم) و (من) : دور باری . (گم) : دۆر باری . (ت) و (ك) و (اح) : دار و بار . بۆ هەردو ئیحتیمالەکە دەستئەدا . لوختی (چر) و (گم) : سەحقی . (چن) : سەختی یا سوختی . (کم) و (ت) و (ك) و (من) : سحقی . (عب) و (خا) : سوحقی . (اح) : سحق . لەسەر (خا) : لەبەر . بوختێ (عم) و (کم) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) : بختی . دیارە ئەبێ هەر (بوختێ) بێ . (گم) : بەختی . دەنالێنن (کم) و (من) : ئەنالێنێ . (گم) : دەنالێنێ .

(٣٤) واتە : ئەمە چنۆرێکە لەناو فانۆزێکدا کە بریتییە لە بەرگی کەعبە، بەدیمەن

چ جەذبە ؟ جەذبەیی ضەوئە لە قیندیلی حەرەمدا ، وا
دەبێ ئینسان لە طەوفیدا بسوتێ میثلی پەروانە (٣٥)

چ نوورێکە لە حوجرەی زەوزەدا وا قائیمە قوببەی ،
قەوامی عەرش و فەرش و قەلبی ئینس و قالەبی جانە ! (٣٦)

خەڵك زائەکێشێ بۆلای خۆی ، بەڵام لەڕاستیدا خەڵکەکە بە بێدەسەڵاتی خۆیان دێن و ، فەرمانی خوا وایە و ، ئەوان فەرمانی خوا بەجێدێنن ، چونکە کاتێ کە حەزرەتی ئیبراهیم مالی کەعبەی کردەوە و ئیسماعیلی کوڕی و دایکی لە مەککە بەجێهێشت، ئەیزانێ کەوا لە شوێنێکی بێنان و ئاوا بەجێیهێشتوون ، بۆیە لە خوا پاڕایەوە کە دڵی خەڵك ڕاکێشێ بۆلایان ، وەك لە قورئانا باسی لێکراوە .

نالێ لەمبەیتەدا مالی کەعبەی شوبهاندووە بە فانۆز و ، پایەی کەعبەی لە دڵی موسوڵماناندا بە تیشکی چرا و ، موسوڵمانان خۆیان بە پەروانە (هەرچەند ناویشی نەهێناوە) و مەعنای بەیتەکەی گێڕاوەتەوە بۆ سەرگوزەشتە و ڕازی حەزرەتی ئیبراهیم لە مەککەدا ، وەك قورئان باسی لێئەکا .

لەنێو (من) : لەناو . دەکێشێ (کم) و (من) : ئەکێشێ . خەڵق و (کم) و (من) و (خا) : خەڵقی . (چن) و (گم) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) : خەڵق. بۆ (خەڵق و) و (خەڵقی)یش دەستئەدا . یەزدانە (عب) و (اح) : سوبحانە .

ئەم بەیتە لە (عم)دا نییە .

(٣٥) جەذبە : هێزی ڕاکێشان . لای ئەهلی تەصەووفیش باڕێکی دەرۆنیی تایبەتییە بەسەر بنیادەمدا دێت . ضەوء : ڕۆناکی . قیندیل : چرادان . طەوف : سۆڕانەوە ، تەواف .

واتە : ئەمە چۆن هێزێکی ڕاکێشانە مەککە هەیەتی ؟ هێزی ڕاکێشانی ئەو ڕۆناکییەیە لە چرادانی حەرەمدا هەیە ، کارێك ئەکا لە بنیادەم بە دەوریا بسۆڕێتەوە و وەك پەروانە بسوتێ .

جەذبە جەذبەیی («پەراوێزی» چر) و (عب) : جەذبە و جەذوەوو .
جەذوە : پشکۆی ئاگر. (عم) و (کم) و (گم) و (من) : جەذبە و جەذوەیی .
دەبێ (کم) و (من) : ئەبێ .

(٣٦) ڕەوزە : مەرقەدی پێغەمبەر (د.خ) . قائیم : ڕاوەستاو . بەپێوەبۆ .

چ حوجره ؟ حوجره‌یی عولیا ، که‌وا نه‌عله‌ینی خوددامی
دوڕی تاجی سه‌ری قوطب و وه‌لییو شاه و سوڵطانه ! (۳۷)

چ حوجره ؟ وا له خاکی میلله‌تی دەوڵەت په‌ناهیدا
که‌مینه خادیمی سوڵطان و ، شاهه‌نشاهی دەربانه ! (۳۸)

قوببه : گومه‌زێ . قه‌وام : هۆی ڕاگیر بۆن . عه‌رش : عه‌رشی خوا . فه‌رش : تۆپی زه‌وێ . ئینس : بنیادەم . جان : جانّ ، جنۆکه .

واته : ماشه‌للا ئه‌مه چۆن نۆرێکه له مه‌رقه‌دی پێغه‌مبه‌ردا که‌وا بووه به گومه‌ز و چه‌تری هه‌ڵداوه و ، عه‌رشی خوا و تۆپی زه‌وێ و دڵی ئادەمیزاد و قه‌واره‌ی په‌ریان هه‌مۆ له‌سه‌ر ئه‌و به‌نده. ئه‌م به‌یته ئیشاره‌ته به حه‌دیثی قودسیی (لَولاكَ لَولاكَ .. لَما خَلَقْتُ الأفلاكَ) .

له‌نێوان (عه‌رش) و (فه‌رش)دا جیناسی لاحیق و ، له‌نێوان (قه‌لب) و (قاله‌ب)دا جیناسی ناقیص و ، له کۆکردنه‌وه‌ی (ئینس) و (جان)دا طیباق هه‌یه .

فه‌رش و (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) : قورش . له کوردیدا (عه‌رش و قورش) مه‌شهۆره . وادیاره به کوردێ کراوی (کورسی)یه .

(۳۷) عولیا : به‌رز . نه‌عله‌ین : جۆته پێڵاو . خوددام : جه‌معی خادیمه واته : نۆکه‌ر . قوطب ، وه‌لێ : لای ئه‌هلی ته‌صه‌ووف دۆ پله‌ن له‌و پلانه‌ی بنیادەمی خواناسیان پێ‌ئه‌گا .

واته : حوجره‌ی مه‌رقه‌دی پێغه‌مبه‌ر چۆن حوجره‌یه‌که ؟ ئه‌و حوجره به‌رزه‌یه که سۆلی پێی خزمه‌تکاره‌کانی ، بۆ ئه‌وه ئه‌شێ ببێ به دوڕڕی تاجی سه‌ری گه‌وره‌ترین پیاوانی دین و دنیا .

(۳۸) که‌مینه : که‌متر و بێ‌بایه‌ختر . دەربان : دەرگاوان .

واته : حوجره‌ی مه‌رقه‌دی پێغه‌مبه‌ر ئه‌و حوجره‌یه که‌وا ئه‌گه‌ر وادابنێین له خاکی میلله‌تی خاوەن دەوڵه‌ت و دەوڵه‌تداریدایه ، حوجره‌یه‌کی ئه‌وه‌نده پایه‌به‌رزه ئایه‌ختترین خزمه‌تکاری بۆ ئه‌وه ئه‌شێ ببێ به پادشای ولاّتان و ، پادشای ولاّتانیش بۆ ئه‌وه ئه‌شێ ببێ به دەرگاوانی .

حوجره وا (چر) و (عب) و (خا) : حوجره و دەر . (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (اح) و (من) : حوجره دەر . («په‌راوێزی» خا) : حوجره دۆر . میلله‌تی دەوڵه‌ت (چن) : دەوڵه‌تی میلله‌ت . (من) و (خا) : دەوڵه‌ت و میلله‌ت . که‌مینه (چر) و (خا) : که‌مینه‌ی .

چ قوبه ؟ سیلسیله‌ی قیندیل و شه‌معی باب و میحرابی
شوعاعی نوری دیده‌ی که‌وکه‌بی ئه‌یوانی که‌یوانه (۳۹)

مه‌کانی واسیطه‌ی ئیمکان ، مه‌کانه‌ت به‌خشی ئینس و جان
مه‌کینی لامه‌کان سه‌یران تیّدا ته‌شریفی میوانه ! (٤٠)

---

(۳۹) باب : ده‌رگا . که‌وکه‌ب : ئه‌ستیّره : که‌یوان : ئاسمان . ئه‌ستیّره‌ی زوحه‌ل .

واته : گومه‌زی سه‌ر مه‌رقه‌دی پیّغه‌مبه‌ر چوّن گومه‌زیّکه ؟ گومه‌زیّکی وایه زنجیره‌ی چرادان و شه‌معی ده‌رگا و میحرابی ، بوون به‌هوّی ئه‌وه که چاوی ئه‌ستیّره‌کانی ئاسمانی بینا بیّ ، ئه‌و ئاسمانه‌ی وه‌ك هه‌یوان هاتووه‌ته‌وه .

له‌نیّوان (ئه‌یوان) و (که‌یوان)دا جیناسی لاحیق هه‌یه .

قوبه (چر) : قوببه و . (عب) : قوببه‌ی . سیلسیله‌ی (چر) : سیلسیله و . قیندیل و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : قیندیل . بوّ عه‌طفیش و بوّ ئیضافه‌ش ده‌ستئه‌دا . (عم) و (گم) و (خا) : قیندیلی . شه‌معی (چر) و (عم) و (گم) و (من) : شه‌مع و . (چن) و (كم) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) : شه‌مع . بوّ عه‌طفیش و بوّ ئیضافه‌ش ده‌ستئه‌دا . باب و (چن) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) : باب . بوّ عه‌طفیش و بوّ ئیضافه‌ش ده‌ستئه‌دا .

(٤٠) مه‌کان : شوێن . واسیطه‌ی ئیمکان : هوّی بوّن . مه‌کانه‌ت به‌خش : هوّی قه‌در و پایه . مه‌کین : پایه‌دار . لامه‌کان سه‌یران : ئه‌وکه‌سه‌ی له شوێنی ناشوێندا سه‌یرانی کردووه .

واته : ئه‌و گومه‌زه نیشانه‌ی شوێنی ئه‌و پیّغه‌مبه‌ره‌یه که هوّی بوّن و درۆستبوّنی هه‌مۆ گیّتتییه و مایه‌ی قه‌در و پایه‌ی ئادمیزاد و په‌ریانه و ، ذاتیّکی‌وا گه‌وره و پایه بلّندی تیا میوانه که سه‌یرانی له شوێنیّکا کردووه بوّ که‌سی‌تر نه‌بوه به شوێن . ئه‌م رّسته‌یه ئیشاره‌ته بوّ چوّنی پیّغه‌مبه‌ر بوّ ئاسمان له شه‌وی میعراجدا . مه‌به‌ست له میوانییه‌که‌شی له قه‌برا ئه‌وه‌یه که تا رّوّژی قیامه‌ت به له‌ش له‌ویا ئه‌بیّ ، پاشان به‌هه‌شتی بالاّ ئه‌بیّ به جیّی ..

له‌نیّوان (مه‌کان) و (مه‌کانه‌ت)دا جیناسی ناقیص و ، له‌نیّوان (مه‌کان) و (مه‌کین)دا جیناسی لاحیق و ، له‌نیّوان (مه‌کین) و (لامه‌کان)دا طیباق هه‌یه .

چ میوانێکه ؟ صاحێب جێ و جاه و عیززەت وعەزمه
که دۆ عالەم طوفەیلی دەعوەتی و ، ئەو صاحیبی خوانه ! (٤١)

موحەممەد ، ئەحمەدی مورسەل ، مونیری مینبەر و مەحفەل
بەشیری ئاخیر و ئەووەل ، نەذیری خوێش و بێگانه (٤٢)

مەکانی (عم) و (گم) : مەکانت . لێرەدا (عم) مەعنای لێکداوەتەوە و نۆسیویە : (مکان تو) . بەڵام هەڵەیە . ئەگەر ئەو دۆ نوسخەیە ڕاست بن ، ئەبێ وشەکە (مەکانەت) بێ ، واتە پایە .

(٤١) واتە : ئەو پێغەمبەرەی لەو شوێنەدا بووە بە میوان چۆن میوانێکە ؟ میوانێکە خاوەن ڕێ و شوێن و خانەخوێیە .. خاوەن شان و شکۆ و ئیرادەی نەبەزیوە .. هەرچەند بەدیمەن لەوشوێنەدا بووە بە میوان ، بەڵام هەردو جیهان هەمۆ مفتەخۆری سەر دەعوەتی ئەون و ، هەر ئەوە سفرە و خوانی بۆ هەموان ڕاخستووە . مەبەست لە هەردو جیهان جیهانی بنیادەم و پەریان ، یا جیهانی ئاشکرا و نهێنێ ، یا جیهانی دنیا و قیامەتە .

میوانێکە (عم) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) : میوانێکی . شێوەی نۆسینی (که) لە (چر) و (چن)یشدا بۆ (کی) دەستئەدا . دەعوەتی و . («پەراویزی» چر) : دەعوەتە و . (چن) و (ت) و (اح) : دەعوەت . بۆ (دەعوەتێ) و (دەعوەت) و (دەعوەتی) دەستئەدا . (کم) و (من) : دەعوەتێ یا دەعوەتی . (ك) و (عب) : دەعوەت و .

(٤٢) مورسەل : فروستادە . مونیر : ڕۆناكەرەوە . مینبەر . ئەو شوێنەی مزگەوت کە خوتبەخوێن تیا ئەوەستێ بۆ خوتبە خوێندنەوە . مەحفەل : جێگای کۆبۆنەوەی خەڵك . بەشیر : مژدەدەر . ئاخیر و ئەووەل : هەمۆ وەچەکانی ئادەمیزاد لە سەردەمی هاتنی پێغەمبەرەوە تا ڕۆژی قیامەت . نەذیر : تۆقێنەر . ئەم صیفەتانە هەمۆ صیفەتی پێغەمبەرن (د. خ) .

لەم بەیتەدا ئیشارەت بەم دۆ ئایەتە کراوە : (یا ایُّها النَّبِیُّ انّا اَرْسَلْناكَ شاهِداً ومُبَشِّراً وَنَذِیراً ، وَداعِیاً الیَ اللهِ بِاِذْنِهِ وَسِراجاً مُنِیراً) .

لەنێوان (بەشیر) و (نەذیر) و ، (ئاخیر) و (ئەووەل) و ، (خوێش) و (بێگانە)دا طیباق هەیە .

سیراجی ئەنبییا ، خەتمی ڕۆسول ، نۆری موبینی حەق
کە عالێ کەعب و قەدر و دەست و صەدر و خاتەمی شانە (٤٣)

لەسەر ئەو ظوڵمەت ئابادی شەوی کوفرە کە طالیع بۆ ،
صەلاّ هەستا لە ئینس و جان کە ڕۆژی نۆری ئیمانە (٤٤)

لە نەفخی صۆر و نەشری بەعثەتی دینی حەق ئیحیا بۆ
لە قەبری جاهیلییەت هاتەدەر هەرچێ موسوڵمانە (٤٥)

---

(٤٣) عالێ کەعب : کەسێ ئەوەندە پایە بەرز بێ کەس نەگاتەوە بە قولە پێیدا . عالێ قەدر : پایە بڵند . عالێ دەست : بەدەستەلاّت . عالێ صەدر : سنگ بەرز : کینایەیە لە پیاوی دەرکەوتۆ و خاوەن شکۆ . خاتەمی شان : مەشهۆرە پێغەمبەر نیشانەیەك بە ناو شانیەوە بووە ، ئەوە نیشانەی پێغەمبەرێ بووە . مەبەست لە (عالێ خاتەمی شان) ئەوەیە مۆری ناوشانی لە هەمۆ کەس دیار و ئاشکرا بووە .

کەعب و (ت) و (ك) و (اح) : کەعب . ئەمیش هەر (کەعب و)وە . قەدر و (عم) و (ت) و (اح) : قەدر . ئەمیش هەر (قەدر و)وە . دەست و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : دەست . ئەمیش هەر (دەست و)وە . خاتەمی (چر) و (کم) و (ت) و (عب) و (من) : خاتەم و . (اح) : خاتەم .

(٤٤) ظوڵمەت ئاباد : تاریکستان . طالیع : هەلاّتۆ . صەلاّ هەستا : بانگ بەرز بووەوە .

واتە : کە لە تاریکستانی شەوی تاریکی کافریدا نۆری پێغەمبەر دەرکەوت ، بانگەوازی شادمانێ لە ئینسان و پەرێ بەرز بووەوە کەوا ئەمڕۆ ڕۆژی نۆری ئیمانە و وا خۆری موسوڵمانەتێ هەڵهات .

لەنێوان (شەو) و (ڕۆژ) و ، (کوفر) و (ئیمان) و (ظوڵمەت) و (نۆر) و ، (ئینس) و (جان)دا طیباق هەیە .

بەکارهێنانی وشەی (طالیع) بۆ پێغەمبەر ئیستیعارەی موصەڕڕەحەیە ، چونکە لەئەسڵدا بۆ مانگ و ڕۆژ و ئەستێرە بەکاردێ و ، پێغەمبەر شوبهێنراوە بە ڕۆژ و دەرکەوتنیشی بە هەلاّتنی .

صەلاّ (« پەراوێزی » چر) و (خا) : صەدا .

(٤٥) نەفخی‌صۆر : فۆکردن بە کەڕەنادا لەو دنیا بۆ زیندۆ کردنەوەی مردووان و بردنیان بۆ لێپرسینەوە . نەشری بەعثەت : بڵاو کردنەوەی

له سایه‌ی ئه‌مر و نه‌هیی ، حه‌قق و باطیل بۆ به دۆ فیرقه
به میثلی فه‌رقی ڕۆژ و شه‌و که فاریق تۆری ئیمانه (٤٦)

سه‌عاده‌ت بۆ به نـــۆر و صاعیدی ذه‌روه‌ی هیدایه‌ت بۆ
عه‌لامه‌ت تۆری ئیمانی (بیلال) و (وه‌یس) و (سه‌لمان) ه (٤٧)

هه‌واڵی ناردنی پێغه‌مبه‌ر لای خواوه بۆ گه‌یاندنی نامه‌ی خوا به خه‌ڵك .
ئیحیا : زیندۆ کردنه‌وه . جاهیلییه‌ت : نه‌زانێ ، سه‌رده‌می پێش هاتنی ئایینی ئیسلام .

نالێ له‌م به‌یتـــه‌دا سه‌رده‌می پێش هاتنی پێغه‌مبـــه‌ری شوبهاندووه به گۆڕستانی پاش مردنی هـــه‌مۆ خـــه‌ڵك له ڕۆژی قیـــامه‌تدا و ، ناردنی پێغه‌مبه‌ریشی شوبهاندووه به زیندۆ کردنه‌وه‌ی مردووان و ، بڵاوبۆنه‌وه‌ی هه‌واڵی سڕۆش بۆ هاتنی پێغه‌مبه‌ریشی شـــوبهاندووه بـــه فۆکردن به که‌ڕه‌نای مردۆ زیندۆ کردنـــه‌وه‌ی ڕۆژی قیامـــه‌تدا و ، ئـــه‌ڵێ : به‌هۆی بڵاوبۆنه‌وه‌ی هه‌واڵی ناردنی پێغه‌مبـــه‌ره‌وه لـــه‌لایه‌ن خـــواوه فۆ کرا به که‌ڕه‌نادا و ، دینی خوا که له‌به‌ر ته‌وژمی بت‌په‌رســـتێ ون بۆبۆ ، زیندۆ بووه‌وه و هه‌مۆ موسوڵمانان له گۆڕی نه‌زانێ و گومڕایێ ده‌رچۆن و هاتنه دنیای ڕۆشنی خواپه‌رستییه‌وه .

صۆر و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : صۆر . بۆ (صـــۆر و) و (صۆری)یش ده‌ستئه‌دا .

(٤٦) واته : به‌هۆی ئه‌مر به چاکه کردن و نه‌هی له خراپه کردنی پێغه‌مبه‌ره‌وه ، حه‌ق و ناحـــه‌ق ڕۆن بووه‌وه و خاوه‌ن باوه‌ڕ و بێباوه‌ڕ لـــه یه‌ك جوێ بۆنه‌وه و بۆن به دۆ تاقم ، وه‌ك ڕۆژ و شه‌و و ڕۆناکێ و تاریکێ که له یه‌ك جیان و ، جیاکه‌ره‌وه‌ی دۆ تاقمه‌که‌ش له یه‌ك بریتێ بۆ له نۆری ئیمان که له ناوچاوی تاقمێکیانا دیاره و ئه‌و تاقمه‌که‌یان لێی بێبه‌شه .

له‌نێوان (ئه‌مر) و (نه‌هی) و ، (حه‌ق) و (باطیل) و ، (ڕۆژ) و (شه‌و)دا طیباق و ، له‌نێوان (فه‌رق) و (فاریق)دا جیناسی ناقیص هه‌یه .

(٤٧) صاعید : سه‌رکه‌وتۆ . ذه‌روه : چڵه‌پۆپه ، لۆتکه . هیدایه‌ت : ڕێنمۆنێ . عه‌لامه‌ت : نیشانه . بیلال : بیلالی حه‌به‌شـــێ ، یه‌کێکه لـــه هاوڕێکانی پێغه‌مبه‌ر . وه‌یس : ئووه‌یســـی قه‌ره‌نێ ، کـــه وه‌یســـی مایده‌شتیشی پێئه‌ڵێن ، یه‌کێکه له تابیعین . سه‌لمان : سه‌لمانی فارسێ ، یه‌کێکی‌تره له هاوڕێکانی پێغه‌مبه‌ر .

شەقاوەت بۆ بە دۆد و داخیلی کۆرەی ضەلالەت بۆ
ئەمارەت خوسری خوسرەو ، کەسری کیسرا ، شەققی‌ئەیوانە (٤٨)

★ ★ ★

واتە : لەوڕۆژەوە کە پێغەمبەر هاتووە ، بەختیاری بووە بە ڕۆشناییەك و چووەتە سەر چڵەپۆپەی ڕێنمۆنێ . مەبەست لەوەیە هەرکەس خوا هیدایەتی نەدا و شارەزای ڕێگای ڕاست نەبێ، بەختەوەری ڕۆی تێناکا . بەڵگەی ڕاستیی ئەم قسەیەش موسوڵمان بۆن و بەختەوەریی بیلالی حەبەشێ و وەیسی قەرەنێ و سەلمانی فارسییە ، کە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی مەککە و مەدینە نەبۆن و تەنانەت عەرەبیش نەبۆن ، بەهۆی ئیسلام بۆنیانەوە ئەوەندە بەختیار بۆن ، بۆن بەو پیاوە پایە بڵندانەی لە مێژۆی ئیسلاما ناویان دەرکرد .

نۆر و (عم) و (کم) و (من) : نۆری . (ت) و (اح) : نۆر . ئەمیش هەر (نۆر و)وە . (خا) : نۆرێ . صاعیدی (چر) و (چن) و (عب) و (اح) : صاعید . ئەمیش هەر (صاعیدی)یە . (عم) و (کم) و (من) و (ت) : صاعید و . ذەروەی (چر) و (چن) و (عب) : دەروەی . ئەمیش هەر (ذەروەی)ە . ئیمانی (چن) و (عم) و (کم) و (من) : ئیمان . ئەمیش هەر (ئیمانی)یە . (ت) و (اح) و («پەراوێزی» خا) : ئیمانە .

ئەم بەیتە لە (گم)دا نییە .

(٤٨) شەقاوەت : بەدبەختێ . دۆد : دۆکەڵ. ضەلالەت : گومڕایێ . ئەمارەت : نیشانە. خوسر : زیان تۆشبۆن. خوسرەو : خوسرەوی پەروێزی پادشای ساسانێ . کەسر : شکان . کیسرا نازناوی پادشاکانی ساسانییە . شەق : درز تێبۆن . ئەیوان : هەیوان و تاقی کیسرا .

واتە : بەدبەختییش بۆ بە دۆکەڵی ڕەش و چووە کۆرەی گومڕاییەوە . ئیتر لەوڕۆژەوە هەرکەس ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتێ نەگرێ هەر ماڵوێرانیی بۆ ئەمێنێتەوە . نیشانەی ڕاستیی ئەم قسەیەش ئەوەتە کە لەگەڵ لەدایکبۆنی پێغەمبەردا (د. خ) تاقی کیسرا درزی تێبۆ . خوسرەوی پەروێزیش کە ئایینی ئیسلامی پەسەند نەکرد ، لەسەر دەستی شێرۆیەی کوڕیدا کوژرا و ، کیسرا شکا .

نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە لە (کم) و (گم) و (من)دا بەمجۆرەیە :

شەقاوەت «نالێ» ، وەك دۆکەڵ بە کۆرەی گومڕەهیدا چۆ

له جوملەی موعجیز ئەندەر موعجیزی : ئەحکامی قورئانە
که میعراجی بوڵەندی ئەووەلی ئایاتی « سوبحان »ە (٤٩)

له نۆری موعجیزەی تیغی نەما قەت ظوڵمەتی شوبهەت
که ڕۆناکیی شەوی میعراجی ، ڕۆژی بەدری بورهانە (٥٠)

---

(٤٩) موعجیز : یا موعجیزە ، ئەو کردەوە لە عادەت بەدەرەیە کە تەنها لەوکەسانە ئەوەشێتەوە کە ئیددیعای پێغەمبەرێ ئەکەن . ئەندەر : لەناو . سوبحان : مەبەست لێی سۆرەتی (ئیسراء)ە کە سەرەتاکەی بەم ئایەتە دەست پێئەکا (سُبْحانَ الَّذي اَسْرى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنَ الْمَسْجِدِ الحَرامِ الىَ الْمَسْجِدِ الأَقصى الَّذي بارَكْنا حَوْلَهُ ..) .

واتە : یەکێ لە موعجیزەکانی ناو موعجیزەی قورئان ئەوەیە باسی میعراجی بەرزی پێغەمبەر و چۆنی بۆ ئاسمان ، یەکەمین ئایەتی سۆرەتی (سبحان الذي اسرى)یە کە سۆرەتی ئیسرایە .

ئەمەی نالێ ئەیڵێ وردەکارییەکی زۆر جوانە ، چونکە قورئان خۆی موعجیزەیە و ، میعراجیش هەر موعجیزەیە و ، باسی میعراج لە قورئانا (موعجیزەی ناو موعجیزە)یە .

موعجیز ئەندەر (چن) : موعجیزاتی .

(٥٠) ظوڵمەت : تاریکێ . شوبهەت : گومان . بەدر : غەزای بەدر .

واتە : بەهۆی ڕۆناکیی موعجیزەی شمشێری پێغەمبەرەوە ، تاریکاییی گومان ، بە هیچ کلۆجێ ، لە دڵی کەسا نەما .. چونکە پێغەمبەر وەنەبێ تەنها هەر موعجیزەی پیشان دابێ . بۆ پشتگرتنی موعجیزەکانی هێزیشی بووە ، ئەوەتە بەڵگەی ڕاستیی و ڕۆناکیی شەوی میعراج ، بە سەرکەوتنی شەڕی ڕۆژی (بەدر)دا دیارە کە ئەصحابەکانی پێغەمبەر بتپەرستەکانی مەککەیان شکاند .

ئەشگونجێ نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە بەمجۆرە مەعنا لێکبدەینەوە کەوا بەهۆی ڕۆناکیی و ئاشکراییی موعجیزەی پێغەمبەرەوە تاریکاییی گومان تێغ و بڕندەییی نەما ..

لە کۆکردنەوەی (نۆر) و (ظوڵمەت) و ، (شوبهەت) و (بورهان) و ، (شەو) و (ڕۆژ)دا طیباق و ، لەنێوان (ڕۆژ) و (بەدر)دا جۆرە طیباقێک و ، لەنێوان (شەو) و (بەدر)دا جۆرە تەناسوبێک هەیە .

موعجیزەی (چر) و (عم) و (خا) : موعجیزی . دۆر نییە ئەمیش هەر

شەوەمما ، شەوچراغی جەدی و ثەور و مەرتەعی شامی ،
دوصەد قەرنی غەزالە و قۆچی صوبحی عیدی ، قوربانە (٥١)

(موعجیزەی) بێ . (ك) : موعجیزە : میعراجی : تێکستی هیچ نوسخەیەك وا نییە . تەنها (عب) نۆسیویە (میعراج و) ئەوانی‌کە هەمۆ نۆسیویانە (میعراج) . ئێمە خۆمان کردمان بە (میعراجی) چونکە یەکەم وشەی (بەدری) لەدواوە وائەگەیەنێ ئەمیش (میعراجی) بێ و ، دۆهەم رێنۆسی جارانیش مەیدانی شتی‌وای تیایە . بە لێکدانەوەیەکی کەمێك دۆر (میعراج و)یش مەعنای دێت .

(٥١) شەوەمما : شەو ئەمما . جەدی : یەکێکە لە برجەکانی ئاسمان . ثەور : یەکێکی‌تر لە برجەکان . مەرتەع : لەوەڕگە . قەرنی غەزالە : شاخی ئاسك . یەکەم سەردەرهێنانی خۆر لە سبەینێدا .

نالێ لەم بەیتەدا کەڵکی لەوە وەرگرتووە کە گەلێ لە وشەکان پتر لە مەعنایەکیان هەیە و بۆ پەیوەند کردنیان بەیەکەوە دۆ مەعنای لە هەندێکیان مەبەست بووە . ئەوەتە ئەڵێ : ئەو شەوەی کە پێغەمبەری تیا چۆ بۆ میعراج ، ڕاستە شەو بۆ ، بەڵام چۆن شەوێك بۆ ؟! شەوێ بۆ ئەستێرەی شەوچرای وەك ئەستێرەی جەدی و ثەور و لەوەڕگەی شامی ثەور ــ لێرەدا « ثەور »ی بە « گا » مەعنا لێداوەتەوە ــ و دۆصەد هەڵهاتنی تازەی خۆری بەیانێ ــ کە بە عەرەبێ پێی‌ئەڵێن « قرن الغزال » واتە « شاخی ئاسك » ــ و قۆچی بەیانیی جەژنی قوربان ، لە ئاست ڕۆشناییی ئەو شەوی میعراجەدا ئەبن بە قۆچی قوربانێ .

ئەشگونجێ وای مەعنا لێبدەینەوە (شەوچراغی) بۆ (شەو) بگەڕێتەوە ، نەك بۆ (جەدی) و (ثەور) . هەروا ئەشگونجێ (مەرتەعی ثەوری) بۆ (دۆصەد قەرنی غەزالە) بگێڕینەوە ، نەك بۆ (ثەور) . بەمپێیە وشەی (قوربانە) ئەبێ بە خەبەری موبتەدا نەك (قۆچی) .

جەدی و (گم) و (ت) : جەدی . ئەبێ ئەمیش هەر (جەدی و) بێ . ثەور و (چر) و (چن) و (ت) و (اح) و (من) : ثەور . بۆ (ثەور و) و (ثەوری)یش دەستئەدا . (ك) و (خا) : ثەوری . شامی (چر) و (خا) : شامن . (« پەراوێزی » چر و خا) : شاهن . (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : شاهی . دوصەد (عم) : کە صەد . قەرنی (ت) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) :فەرقی . غەزالەو (کم) و (گم) و (عب) و (من) : غەزالە . (ت) و (خا) : غەزالەی .

له خەوف و خەجڵەتی ، بەدری شەهی ئەنجوم سوپەھ ئیستەیش
کە هەڵدێ ، زەردیو سۆرێ لە طەلعەتیا نومایانە (٥٢)

شەوەمما ، کەوکەبەی هەر کەوکەبی نیلێ فەلەك دەتگوت
لە میصری زۆژی زینەت دەستی مۆسای ئیبنی عیمرانە (٥٣)

---

(٥٢) خەجڵەت : خەجاڵەتێ . شەرمەزارێ . بەدر : مانگی چواردە . ئەنجوم : جەمعی (نەجم)ە واتــە ئەستێرەکان . سوپەھ : لەشــکر . طەڵەت : هەڵهاتن . زۆ . نومایان : ئاشکرا و دیارێ .

واتە : مانگی چواردە کە شاهێکە ئەستێرەکانی ئاسمان لەشکرینی ، لەترسی زۆناکیی شــەوی میعراج و لە شەرمەزاریی خۆیــدا لەعاستی زۆناکیی ئــەودا ، ئیستاش کە هەڵــدێ ، زەردێ و ســۆرێ لەزۆیا ئاشکرایە ، زەردیی ترس و سۆریی شەرمەزارێ . مەبەستی نالێ ئەوەیە بڵێ ئەم زەردێ و سۆریی مانگی چواردەیە لە شەوی میعراجەوە پەیدا بووە و هۆیەکەشی ئەوەیە کە باسی کرد ..

ئەشگونجێ مەعنای (هەڵدێ) وا لێبدەینەوە کە لە (هەڵهاتن)ی بەمەعنا (زاکردن) وەرگیرابێ . بەمپێیە هەڵاتنەکەشی هەر بەردەوامیی زاکردنی ئەبێ لەبەر ترس و شەرمەزارێ . بەگوێرەی ئەم مەعنایە تەناسوبێکی جوان لەنێوان (هەڵاتن) و (شەھ) و (سوپەھ)دا ئەبێ .

شەهی ئەنجوم سوپەھ ئیستەیش (چر) و (عم) و (گم) و (من) و (خا) : شەهی ئەنجوم سوپیهر ئیستەیش . (چن) : سەپوە ئەنجومە ئیستەیشە .

(٥٣) کەوکەبە : گەشەدارێ و شان و شــکۆ . نیلێ فەلەك : ئاسمانی شین . زۆزی زینەت : زۆزی شایێ و ئاهەنــگ لە میــسر کە حەزرەتی مۆســا دەستی لە زۆی فیرعەونا تیا کرد بە باخەڵیا و دەریهێنا وەك چرا گڕا و پەکی جادۆی جادۆگــەرانی فیرعەونی پێخست ، وەك لە ئایەتی (قــالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ)دا ئیشارەتی بۆ کراوە .

واتە : زاستە ، شەوی میعراج شەو بۆ ، بەڵام شەوێ بۆ ئەتوت شان و شکۆی هەر ئەستێرەیەکی ئاسمانی شینی ، دەستی حەزرەتی مۆسای کوزی عیمرانە لە زۆزی زینەتدا کە ئەیکرد بە باخەڵیا و دەریئەهێنا ، ئەگڕا .

کەوکەبەی (کم) و (من) : کەوکەبی . هەر کەوکەبی (عم) و (گم) : هەر کەوکەبەی . دەتگوت (کم) و (من) : ئەموت . (عب) : دەموت .

شەوەمما ، غیبطەیی تۆری سووەیدایی دڵ و دیدە
شەوەمما ، خۆر تیا گۆیا لە شەرمی تۆری پەنهانە (٥٤)

شەوەمما ، ژۆژی ژۆشن نەیگەیشتێ گەرچی ئیستاکەش
لەدۆی شەو کەوتووە ، دەژوا بەسەر سەر ، گەرمی سەیرانە (٥٥)

لە هیجری یۆسفی میعراجی ، یەعقوبی فەلەك ، چاوی
نوجۆمی بۆ سپێ ، هێشتاکو هەر حەیران و سەهرانە (٥٦)

---

(٥٤) غیبطە : ئەوەتە کەسێك ئاواتی ئەوە بخوازێ شتێکی باشی دەسگیر ببێ کە کەسێکیتر هەیبێ . سووەیدا : ژەشێنەی چاو . ناوکورۆکی دڵ . گۆیا : گوایە .

واتە : هەرچەند ئەوکاتەی پێغەمبەری تیا چۆ بۆ میعراج ، شەو بۆ و تۆری گلێنەی چاو و خوێنی ژەشی دڵ ئاواتەخواز بۆن وەك ئەو ژەش بۆنایە .. شەوێکیوا ژۆناك بۆ ئەتوت خۆر لە شەرمی تۆری ئەو خۆی شاردووەتەوە .

(٥٥) واتە : بەڵێ ، شەوی میعراج شەو بۆ و شەویش تاریکە ، بەڵام ژۆیشتنی پێغەمبەر لەوشەوەدا بۆ ئاسمان ، ژۆشنییەکیوای پێبەخشێ ، ژۆژی ژۆشن ئیستاش لەسەر سەر بەدوایدا ژائەکا و سەرگەرمی گەژانە بەدوایا بەڵکو پێیبگاتەوە شتێکی لەو ژۆناکییەی لێ بستێنێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێی ناگاتەوە .

هەرچەند لە بە دوای یەکا هاتنی شەو و ژۆژا ناتوانرێ دیارێ بکرێ کامیان لەپێشەوەیە و کامیان لەپاشەوەیە ، بەڵام چونکە میعراج لە شەوا بووە و ژۆژ بەدوای ئەوا هاتووە ، نالێ وای بژیار داوە کە شەو لەپێشەوەیە و ژۆژ بەدوایا ژائەکا ..

لەدۆی (خا) : کە دۆی . لە («پەراوێزی» خا)یشدا هەر : کە دۆی . سەرگەرمی سەیرانە (چر) و (ك) و (خا) : سەرگەرم سەیرانە . دیارە ئەمیش هەر (سەرگەرمی)یە . (چن) : سەرگەرم و شێرانە (عم) و (گم) و (ت) : سەرگەرم و حەیرانە . (عب) : سەرگەرم شێرانە . دیارە ئەمیش (سەرگەرم و)وە . (اح) : سەرگەرم وێرانە . دیارە ئەمیش (سەرگەرم و)وە . (« پەراوێزی » خا) : سەرگەرم و وێرانە .

(٥٦) هیجر : دۆرێ . حەیران : سەرسام . سەهران : شەونوخونێکێش .

فەلەك پەردەی شەب ئەندەر ڕۆژی سەر فانۆسی ئافاقی
زەمین و ئاسمان ، لەم بانە تا ئەو بانە تابانە (٥٧)

شەوەمما صوبحی بیداریی طالیع بۆ کە جوبریلی
ئەمین بۆ خزمەتی طاها تیا مەئموری فەرمانە (٥٨)

نالێ لەم بەیتەدا ئاسمانی شوبهاندووە بە حەزرەتی یەعقوب و ، شەوی میعراجی شوبهاندووە بە حەزرەتی یوسف و ، ئەستێرەکانی ئاسمانی داناوە بە چاوی حەزرەتی یەعقوب ، واتە چاوی ئاسمان . ئەم شوبهاندنانەشی لەسەر بناغەی ئەوە داناوە کە چاوی حەزرەتی یەعقوب لەبەر دوری حەزرەتی یوسف کوێر بۆبۆ و سپێ بۆبووە . نالێ ئەڵێ : هەروەك چۆن چاوی حەزرەتی یەعقوب لەبەر دوری حەزرەتی یوسف کوێرایی داهات و سپێ بووەوە ، ئاسمانیش لەبەر دوركەوتنەوەی شەوی میعراج و نەمانی ، کوێرایی داهات و چاوی سپێ بۆ ، ئەوەتە ئەستێرەکانی سپین وەك چاوێ ئاوی سپیی داهاتبێ .

حەیران و (ت) : حەیران . دیارە ئەمیش هەر (حەیران و)وە. سەهرانە (چن) : هەراسانە . بەڵام نیوە بەیتەکە لەنگ ئەبێ ، مەگەر وشەی (هەر)ەکەی پێشەوە نەبێ . (کم) و (من) : دامانە .

(٥٧) شەب ئەندەر ڕۆژ : شەو لەناو ڕۆژا ، شەبەنگە بە ڕۆژ ، کینایەیە لە کۆبۆنەوەی هەمۆ ڕەنگە ڕۆشن و تاریکەکان . فانۆس : چرادان . تابان : تیشکدەرەوە .

واتە : پەردەی بەرفراوانی ، هەمە ڕەنگی ، سەر چرای ئاسۆی ئاسمان و زەوێ ، لە بانی زەوییەوە تا بانی ئاسمان تیشك ئەداتەوە و ڕۆشنە بەبۆنەی چۆنی پێغەمبەرەوە بۆ میعراج .

نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە (عم) و (کم) و (گم) و (من)دا هەندێ جیاوازیی هەبو ، بەڵام هەمۆ ئەو جیاوازییانەمان بە هەڵە زانێ ، بۆیە پشت گوێمان خستن .

(٥٨) طالیع : بەخت و چارە . طاها : یەکێکە لە ناوەکانی پێغەمبەر (د. خ) .

واتە : بەڵێ ، ڕاستە شەو بۆ کە جوبرەئیلی ئەمین چۆ بۆ لای پێغەمبەر ، فەرمانی ئەوەی پێ سپێررابۆ لەگەڵ خۆیی بەرێ بۆ میعراج ، بەڵام شەوێ بۆ بەخت تیا بێدار بۆبووەوە ، شەوی بەخت نەبۆ ، سبەینێی بۆ .

به فەرمۆدەی خودا فەرمۆی : بفەرمۆ ! ، هەستە هەر ئیستە
لەجێی بەدری دوجاوو دوژژی یەکتا ، دوژژی یەکدانە (٥٩)

ئەمن مەهدێ ئەتۆ هادێ ، شەوی تەجرید و تەقریبە
لەبەرکە خەلعەتی قورئان و ئەم تەشریفی ڕیضوانە (٦٠)

طالیع بۆ (عم) و (کم) و (گم) و (من) : طولۆعی بۆ . تیا (چر) و (عم) و (کم) و (عب) : تێدا . فەرمانە (عم) و (کم) و (گم) و (من) : قورئانە .

(٥٩) بەدری دوجا : مانگی چواردە کە شەوی تاریك ڕۆناك ئەکاتەوە . دوژژی یەکتا : ئەو دوژژەی کە بەتەنها لە سکی ماسیدا ئەبێ ، لەبەرئەوە دوژژێکی گەورە و گرانبەها ئەبێ . یەکدانە : تاقانە و تەنها ، وەك یەکتا .

واتە : جوبرەئیل کە لەو شەوەدا چووە لای پێغەمبەر ، بە فەرمۆدەی خودا پێیوت ئەی مانگی چواردەی تاریکەشەو و ئەی دوژژی تاقانەی گرانبەها ، هەر ئیستە هیچ ماتڵ مەبە ، هەستە، تەشریف بێنە لەگەڵم . لەنێوان (فەرمۆدە) و (فەرمۆی) و (بفەرمۆ) و ، لەنێوان (هەستە) و (ئیستە)دا وشە ئارایییەکی جوان هەیە .

بە فەرمۆدەی (چن) : بە فەرمۆیی . هەستە هەر ئیستە (عم) : زۆد هەر ئیستە . دیارە (زۆ دە)یە . (گم) : زۆکە هەر ئیستە . (من) : تۆ هەر ئیستاکە . بەدری دوجاوو (چن) و (ك) و (اح) : بدر الدجیوو .

(٦٠) مەهدێ : ڕێگا پیشاندراو . هادێ : ڕێگا پیشاندەر . تەجرید : ڕۆت بۆنەوە لە ماددییات . تەقریب : نزیك بۆنەوە لە خوا . خەلعەت : خەڵات . تەشریف : شەرەفمەند کردن . ڕیضوان : ڕەزامەندیی خوا .

واتە جوبرەئیل بە پێغەمبەری ڕاگەیاند کەوا هەرچەند من بەدوای تۆدا هاتۆم ، بەڵام من لە حوزۆری تۆدا شایانی ئەوە نیم ببم بە ڕێپیشاندەر . تۆ ڕێ پیشاندەری منی و من نەشارەزا و ڕێ پیشاندراوم ، چونکە ئەمشەو وەك شەوەکانیتر نییە ، ئەمشەو شەوی ڕۆت بۆنەوەیە لە ماددییات و لەوە کە منیش بەجێهێنەری ئەرکی سەرشانی خۆم بم وەك شارەزایەك لە ئاسمان . ئەمشەو شەوی نزیك بۆنەوەیە لەخوا و تۆیش پایەت لای خوا لە من بەرزترە .. دەسا فەرمۆ خەڵاتی قورئان لەبەرکە کە بریتییە لەوە ئایەتی قورئان هەواڵی میعراجت ڕائەگەیەنێ و ، بە شەرەفی ڕەزامەندیی خوا بەهرەمەند ببە کە ئەوەتە بانگی کردۆی بۆ حوزۆری خۆی .

که مەدعۆی لازەمان و لامەکان و قوربی بێچۆنی
سوار بە لەم بوراقە باریقە ، لەم ڕەخشە ڕەخشانە (٦١)

وەها هەستا بە باڵی جاذیبەی قودرەت ، لە نیوەی ڕێ
بەجێما ئەسپ و پەیك و ڕەفڕەف و ئەم چەرخی دەورانە (٦٢)

ئێمە وای بۆ ئەچین وشەی (قورئان) لەم شوێنەدا (قوربان) بۆبێ ، واتە نزیکێ لە خوا و ، نوسخەکەی (چن) و (« پەراوێزی » خا)یش ، وەك پاشان باسی ئەکەین ، هەرچەند بەرودوایەکیان تیایە ، پشتی ئەم بۆچۆنەمان ئەگرن .

قورئان و ئەم تەشریفی ڕێضوانە (چن) و (« پەراوێزی » خا) : ڕێضوانی ئەم تەشریفی قوربانە . (کم) و (من) و (خا) : قورئانی ئەم تەشریفی ڕێضوانە . (ك) و (اح) : ڕێضوان ئەم تەشریف قورئانە . دیارە (ڕێضوان و ئەم تەشریفی قورئانە)یە .

(٦١) مەدعۆ : بانگکراو . لازەمان : ئەوەی لەکاتا نییە . کینایەیە لە خوا . لامەکان : ئەوەی لە شوێندا نییە . کینایەیە لە خوا . قورب : نزیکێ . بێچۆن : بێهاوتا . بوراق : ئەو ئەسپەیە کە سیرەتنۆسان ئەڵێن پێغەمبەر لە شەوی میعراجدا سواری بووە . باریق : تیژ وەك بڕۆسکە . ڕەخش : ناوی ئەسپەکەی ڕۆستەمی زاڵە . لێرەدا لەو مەعنایەوە خوازراوە بۆ بوراق . ڕەخشان : درەخشان .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا تۆ بانگکراوی لەلایەن خواوە کە نە لە کاتایە و نە لە شوێندا ، بانگکراوی بۆ نزیکێ لە خواوە ، نزیکییەکی ئەوتۆ نە بە جێگەیە و نە بە کات . کەواتە فەرمۆ سواری ئەم بوراقە تیژڕەوە و ئەم ڕەخشە جوانە ببە .

کە مەدعۆی (چن) : لە دەعوەی . لامەکان و (چر) : لامەکان . بۆ (لامەکان و) (لامەکانی)یش دەستئەدا . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : لامەکانی لازەمانی . (عب) : لازەمان لامەکان و . دیارە (لازەمان و)وە . بوراقە (چن) و (ت) : بوراق . بۆ (بوراقە) و (بوراقی)یش دەستئەدا . (ك) و (عب) و (اح) و (خا) : بوراقەی .

(٦٢) جاذیبە : ڕاکێشەر . پەیك : فروستادە . مەبەست لە جوبرەئیلە . ڕەفڕەف : شتێکی‌تر سیرەت نۆسان ئەڵێن پێغەمبەر پاش دابەزینی لە بوراق لە شەوی میعراجدا سواری ئەو بووە . چەرخی دەوران : ئاسمانەکان .

موشەژژەف بۆ بە تەختی عەرش و تاجی قوربی (عند الله)
بە هەرچێ دەرجی (او ادنی) و (ما اوحی)ی قورئانە (٦٣)

بە هەرچێ چاوی دینی عیشقی تێدا شاهیدی صیدقە ،
بە هەرچێ دیدەیی عەقڵی تیا شەوکوێر و حەیرانە (٦٤)

واتە : پێفەمبەر کە ژاسپێرییەکەی خوای پێگەیشت ، بەجۆرێ گورج ژاست بووەوە و بە باڵی هێزی ژاکێشەری توانای خودا ژێگای بڕێ ، بوراقیش و جوبرەئیلیش و ژەفرەفیشی لە نیوەی ژێگەدا بەجێهێشت ، چونکە ئەوان هەریەکە ژادەیەکیان بۆ دانرابۆ ، نەئەبۆ لەو ژادەیە زیاتر لەگەڵی بڕۆن . چەرخی ئاسمانەکانیشی بۆیە بەجێهێشت چونکە ئەبۆ سنۆری ماددییات بەجێبێڵێ ...

ئەسپ و پەیك و ژەفرەف و (چن) و (ك) و (اح) : ئەسپ پەیك ژەفرەف . دیارە لەم نوسخانەشدا ئەبێ بە (و)ی عەطفەوە بێ . نوسخەکانیتر بە دانەنانی (و)ی عەطف و دانانی (ی)ی ئیضافە لەسەر ئەم وشانە ، کەوتۆنەتە هەڵەوە ، بۆیە پشتگوێمان خستن . لە نوسخەکەی (عب)دا ئەم نیوە بەیتەمان بۆ نەخوێنرایەوە ، چونکە کوژابوەوە . دەورانە (چن) : گەردانە .

(٦٣) دەرج : نۆسراو . تیا دانراو .

واتە : پێفەمبەر لەو شەوە پیرۆزەدا شەرەفمەند بۆ بە دانیشتن لەسەر تەختی عەرشی خوا و بە لەسەرنانی تاجی نزیکی لای خوا و ، بە زانینی هەمۆ ئەو ژاز و نهێنییانەی دۆ ئایەتی (فَكانَ قابَ قَوْسَيْنِ اوْ أدْنى) و (فَأوحى الى عَبْدِهِ ما اوْحى) ئەیانگەیەنن .

(٦٤) دین : بینین . شاهیدی صیدق : شاهیدی ژاستێ .

واتە : پێفەمبەر لەو شەوەدا ، دیسانەوە شەرەفیاب بۆ بە دیتنی هەرچێ کە تەنها چاوی بینینی خۆشەویستێ لە ئیددیعای بینینیا باوەژی پێئەکرێ و بە شاهیدی ژاستگۆ دائەنرێ . هەروەها شەرەفیاب بۆ بە بینینی هەرچێ کە تەنانەت چاوی عەقڵیش شەوکوێر و حەیرانە تیایدا و پێی بەدێ ناکرێ .

نالێ لەم بەیتەدا دۆ چاوی بۆ بینین داناوە ، چاوی خۆشەویستێ و چاوی عەقڵ .. چاویتری هەر بە هیچ داوەتە قەڵەم . لە چاوی خۆشەویستێ و چاوی عەقڵیش ، وزەی دیتنی ژاستەقینەی داوە بە

موخەصصەص بۆ ، مورەخخەص بۆ بە ئەسرارێ کە تەقریری
ئەجەلل و ئەعظەم و ئەعلا لە تەعبیری سوخەندانە (٦٥)

پەیاپەی هاتەوە سەر جێگەیی گەرمی لەگەڵ توحفەی
صەلات و هەم سەلام بێ لەو حەبیبی پاکی سوبحانە (٦٦)

چاوی خۆشەویستێ و ، مەبەستی ئەوەیە بڵێ ئیدراك و تێگەیشتن و دیتنی ڕاستەقینە هەر تەنها لە توانای خۆشەویستیدایە کارێك بکا دەسەلآتی بنیادەمی بەسەرا بشکێ و تەنانەت عەقڵیش لەئاستی شتی‌وادا داماو و پەك‌کەوتەیە . بە وشەی (دین) کە واتە بینین ، ئیشارەتی بۆ مەعنای (ئایین)یش کردووە ، کە ئەوەش وائەگەیەنێ ئایینی ڕاستەقینە تەنها بە خۆشەویستییەوە ئەبێ و چاوی عەقڵ توانای دیتنی ئایینێ بۆ بنیادەم مسۆگەر ناکا .

عیشقی (چن) و (کم) و (ت) و (ك) و (اح) و (من) : عیشق . دیارە ئەمیش هەر (عیشقی)یە . تیا (چن) و (گم) و (ت) : تێدا .

(٦٥) سوخەندان : قسەزان .

واتە : پێغەمبەر لەو شەوەدا شتی نهێنیی‌وای پێ‌وترا و ڕێگای درا بە ڕاز و نیازی‌وا بزانێ ، گەلێ لە ژۆری ئەوەوەیە بنیادەمی قسەزان و زیرەك و لێهاتۆ بتوانێ باسی لێ بکا و بیگێڕێتەوە ، چونکە تەنانەت قورئانیش کورتە ئیشارەتێکی بۆ ئەو شتانە کردووە ..

(٦٦) پەیاپەی : دەس‌بەجێ . توحفە : دیارێ .

واتە : پێغەمبەر (د.خ) پاش ئەوەی گەیشتە حوزۆری بارەگای خوا ، دەس‌بەجێ گەڕایەوە بۆ سەر جێگە گەرمەکەی ، چونکە ئەم سەفەری میعراجەی ئەوەندە کاتی نەخایاندبۆ جێگاکەی سارد ببێتەوە ، دیاریەکیشی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ موسوڵمانان کە پێنج فەرزەی نوێژە . دەسا صەلات و سەلامی خوای لێ بێ ئەو خۆشەویستی پاکی خودای بێ‌گەردە !

وشەی (صەلات) ئیشارەتێکیشی تیایە بۆ ئەوە کە دیاریەکە نوێژە ، چونکە (صەلات) بە عەرەبێ بەمەعنا (ڕەحمەت)یش و بەمەعنا (نوێژ)یش هاتووە .

سەلام بێ لەو (چن) : سەلامە لەو . (عم) و (گم) : سەلام بۆ ئەو . (ت) و (عب) : سەلامێ بۆ . (ك) و (اح) : سەلام و بۆ . (« پەراوێزی » خا) .

لەگەڵ ئال و لەگەڵ صەحبی ، خوصوصەن چار یاری دین
ئەبوبەکر و عومەر ، عوثمان و حەیدەر شێرێ یەزدانە (٦٧)

بە قوربانی عولوومی ئەووەلین و ئاخیرینت بم
لەگەڵ ئەسراری قورئانت کەوا ئەلطافی ڕەحمانە (٦٨)

موڕادم ذیللەت و پاڕانەوەی حاڵە ، نەوەك نەعتە
بە چەن بەیتێکی کوردانە ، کە قورئانت ثەنا خوانە (٦٩)

ئەگەرچێ کوردی دوورێ شارەزوورێ قەسوەتم ، ئەمما
وەسیلەم طەیبەوو حیلمی شەفیع و فەضلی مەنانە (٧٠)

سەلام بێ بۆ .

(٦٧) ئال : موسوڵمانانی هۆزی بەنێ هاشم و بەنێ موطەلیب . صەحب : ئەصحابە : ئەوکەسانەی بە موسوڵمانێ پێغەمبەریان دیبێ و بە موسوڵمانێ مردبن .

ئال و (چر) : ئالی . چار (عم) و (گم) : چوار . ئەبوبەکر و (چر) و (عب) : ئەبابەکر و .

ئەم بەیتە لە (ت)دا نییە .

(٦٨) واتە : بە قوربانی زانستی وەچەکانی پێشەوە و پاشەوە بم کە هەموو زانستی تۆیە و ، بە قوربانی نهێنییەکانی قورئان بم کە لوطفی خوان بە تۆ گەیشتوون .

ڕەحمانە (چن) و (عم) و (گم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : سوبحانە .

(٦٩) ذیللەت : زەلیلێ . نەعت : پیا هەڵدان . ثەناخوان : تەعریفکەر .

واتە : مەبەستم لەم چەند بەیتە کوردییە ڕەمەکییە ئەوە نییە بە شان و باڵتا هەڵدەم ، چونکە تۆ خوا خۆی تەعریفی کردوی و پێیوتوی (وَاِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ) . ئیتر ئەبێ تەعریفکردنی من چێ بێ .. مەبەستم باسی کوڵوڵیی خۆم و پاڕانەوەیە لە بارەگاتدا .

لە کۆکردنەوەی (حاڵ) و (نەعت)دا تەناسوب هەیە ، چونکە هەردوکیان زاراوەی عیلمی نەحون .

حاڵە (کم) و (من) : خۆمە .

(٧٠) قەسوەت : دڵڕەقێ . شەفیع : شەفاعەتکار . مەبەست لە پێغەمبەرە .

به سەر هاتۆمە ئەو خاکەی کە هەر مثقالّە ذەرّێکی
به میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە (۷۱)

مەنان : خاوەن خێر و رّەحمەت .

واتە : هەرچەند من کوردێکی دۆر ولاّتی خەڵکی شارەزۆری دڵرّەقێ و بێرّەحمیم ، بەڵام ترسم نییە ، چونکە هۆی رّزگاربۆنم شاری پیرۆزی مەدینە و لێبوردنی پێغەمبەری شەفاعەتکار و گەورەیێ و بەخشندەگیی خوای بەدەست و دەهەندەیە .

لەنێوان وشەی (شارەزۆری)دا بەپێی شێوەی جارانی نۆسین کە ئەنۆسرا (شارزور) و بۆ (شاری زۆر و) یا (زۆر و)ی عەرەبیی بەمەعنا (بوختان) دەستی ئەدا ، لەگەڵ وشەی (قەسوەت)دا تەناسوبێکی جوان هەیە .

شارەزۆری (چر) : شارەزۆرە . (چن) : شارەزۆر و . (ت) و (ك) و (عب) و (اح) : شەهرەزۆر . ئەمیش (شەهرەزۆری)یە . (حا) : شەهرەزۆری . طەیبەوو حیلمی شەفیع و . (عم) و (گم) و (من) : طەیبەی حیلمی شەفیعی . (کم) و (عب) : طەیبەوو حیلم و شەفیعێ . (ت) و (ك) و (اح) : طەیبەیی حیلم شەفیع . ئەبێ (حیلم و شەفیع و) بێ . (چن) : طەیبەیی عیلم شەفیع . ئەبێ (عیلم و شەفیع و) بێ و مەبەست لە (طەیبەی عیلم) پێغەمبەر بێ بە ئیشارەت بە حەدیثی (اَنا مَدِینَةُ العِلْمِ وَ عَلیٌّ بابُها) .

(۷۱) میزان : تەرازۆ .

واتە : بە سەر ، نەك بە پێ ، هاتۆمەتە ئەو خاکە پیرۆزەی کە هەر تۆسقاڵێکی لە تەرازۆی شەفاعەت و تکاکاریدا هاوسەنگی کێوێك چاوپۆشێ و دەریای لێبۆردنە . بۆیە پشت ئەستۆرم لەوە کە خوا لە گوناهم خۆش ئەبێ .

لە کۆکردنەوەی (مثقاڵ) و (کێو) و (بەحر)دا طیباق و ، لە (خاك) و (کێو) و (بەحر)دا تەناسوب هەیە .

حیلم و بەحری (چر) : حیلم و میهر . دیارە (میهر و) وە . (ت) و (عب) و (اح) : حیلم میهر . دیارە (حیلم و میهر و)وە . (ك) : حیلم بەحر . دیارە (حیلم و بەحری)یە . (خا) : حیلم و میهری .

نەبۆ ڕۆم بێمە خاکی چاکی پاکی طەیبە ، تا بیستم :
بە سەگ نابێ مولەووەث ئاوی زەرقا ، بەحری ئیحسانە (٧٢)

چ زەرقا ؟ بۆ سیاهیی دەفتەری هەر ناصییە ماحێ
چ طەیبە ؟ بۆ تەبایی دەردی هەر دەرماندە دەرمانە (٧٣)

---

(٧٢) مولەووەث : پیس . زەرقا : شین ، دەریا. کانییەکە لەسەر ڕێی مەدینە . واتە : لەبەر گوناهباریی خۆم ڕۆم نەئـەهات پێ بنێمە خاکی پاکی مەدینە ، تا بیستم کەوا ئاوی دەریا کە شینە ، یا ئاوی کانیی (زەرقا) بە دەم تێخستنی سـەگ پیس نابێ ، چونکە دەریای چـاکەیە و دەریاش گلاوێ هەڵناگرێ

لەنێوان (خاك) و (چاك) و (پاك)دا جیناسی لاحیق هەیە .

چاکی پاکی (چر) و (ت) و (خا) : پاکی چاکی . (کم) و (من) : چاك و پاکی . زەرقا (چن) : زەرق و .

(٧٣) سیاهێ : ڕەشێ . ناصیة : ناوچاوان . ماحێ : لەناوبەر و کوژێنەوە . تەبایێ : نابۆتێ و کەڵك پێوەنەبۆن . دەرماندە : داماو .

واتە : ئەو کانیـاوی زەرقایەی کە هەرچەند خۆی مەعنـای (شین) ئەگەیەنێ ، بەڵام ڕەشیی ناوچاوانی هەمۆ گوناهبارێك ئەسڕێتەوە ، کە وەك دەفتەر کـردەوەی چاك و خراپی خاوەنـەکەیی تیا نۆسراوە . ئەو مەدینەیەش کە تیماری دەردی هەر داماو و پەككەوتوەکە .

لە کۆکردنەوەی (زەرقا) و (سیاهێ) و (دەفتەر)دا تەناسوب هەیە . هەروەها لەنێوان (دەرماندە) و (دەرمان)یشدا جیناسی ناقیص هەیە . سەرەڕای ئەو نزیکییەش کە لەنێوان (طەیبە) و (تەبایی)دا هەیە .

نالێ بۆیە وشەی (سیاهێ)ی خستووەتە پاڵ دەفتەر ، چونکە سەرەڕای ئەوە کە مەعنای (ڕەشێ) ئەگەیەنێ و دەفتەری سپییش کە لێی‌نۆسرا ڕەش ئەبێتەوە ، وشەکە بەپێی شێوەی نۆسینی جاران بە (سیاهەی)یش ئەخوێنرێتەوە کە واتـە : لیستە . واتە ناوی گوناهـەکانی بەڕیز تیا نۆسراوە .

بەم دوا بەیتـانەی ئەم قەسـیدەدا وادەرئەکەوێ نـالێ لەسەفەری مەدینەدا و پاش زیـارەتی مەککە تەواوی کردووە . هـەروەها ئەوەش دەرئەکەوێ کە ئەمجارە ئەوەندە لە مەککە نەماوەتەوە و دوای زیارەتی مەککە ڕاستەوخۆ چووە بۆ مەدینە . کەواتە ئەمجارە ئەوجارە نییە کە لە

دەری ڕەحمەت کەوا بەحری موحیطی عاصییە « نالێ »
تیا جان و تەن ئوفتادەی شەپۆلی سەیلی عیصیانە (٧٤)

— ١٩ —

سوروشکی من کە لێڵاوە ، غوباری کۆە و هامۆنە
وەرە سەرچاوەکەم بنوازە ، وەك ئاوێنە ، چەند ڕۆنە ! (١)

مەککەوە چووە بۆ مەدینە و «ئەی کە ڕۆزەردی مەدینە. . تاد»ی تیاوتووە .

(٧٤) دەر : دەرگا . تەن : لەش . ئوفتادە : کەوتۆ . سەیل : لافاو .

واتە : نالییا ! نائومێد مەبە ، چونکە تۆ لە بەر دەرگای ڕەحمەتی خوادا کەوتۆی کە دەریایەکی بێپایان و سنۆرە بۆ گوناهباران . گیان و لەشی پەك‌کەوتۆی لافاوی گوناهیشت ، لافاوەکە ڕایئەماڵێ و ئەیخاتە ناو ئەو دەریا بێسنۆرەی ڕەحمی خواوە و پاك ئەبێتەوە لە گوناە .

تەبایێ (چر) و (عم) و (کم) و (من) و (عب) و (خا) : تەباهێ . (ك) : تەبائی .

سەیلی (کم) و (گم) و (من) : بەحری .

ئەم بەیتە تەنها لە (عم) و (کم) و (گم) و (من)دا کراوە بە دوا بەیت . نوسخەکانیتر هەمۆ کردۆیانە بە بەیتی پێش دوابەیت . ئێمە ئەو نوسخانەمان لا پەسەند بۆ کە کردۆیانە بە دوابەیت و وەك ئەوانمان کرد .

— ١٩ —

(١) کۆە : کێو . هامۆن : دەشت و بیابان .

واتە : فرمێسکی من کە ئەیبینن لێڵاوە ، لە خۆیا وا نییە . بەهۆی تۆز و گەردی کێو و دەشت و بیابانەوە کە دێ بە ڕۆما و فرمێسکەکەم لێڵ ئەکا ، وای لێهاتووە . ئەگینا وەرە سەر چاوم کە سەرچاوەی فرمێسکمە ، بزانە کانییەکی چەند پاك و ڕۆنە ئەڵێی ئاوێنەیە .

ئەشتوانرێ نیوە بەیتی دۆهەم بەمجۆرە بخوێنرێتەوە : « وەرە سەر ، چاوەکەم ! بڕوانە . . » تاد و ، بەوپێیە مەعنای لێبدرێتەوە .

نالێ ئەیەوێ بڵێ لەتاو دەردی دۆریی یار سەرم لێشێواوە و ڕێگەی دەشت و بیابانم گرتووەتەبەر و هەمیشەش هەر ئەگریم ، بۆیە ئەو تۆز و گەردی دەشت و بیابانە کە دێ بە ڕۆما ، تێکەڵی فرمێسکەکەم ئەبێ و ئەیکا بە لێڵاو و قوڕاو و پیا دێتە خوار .

مونەججیم کەرگەس و لاشەی لە لا شەیێکە ، نەیزانی
کە ئەم ئەفلاکە چەند لاکە ، کە ئەم گەردۆنە چەند دۆنە (٢)

دۆریش نییە نالێ مەبەستی ئەوەبێ گلەیێ لە چەرخی گەردۆن بکا کە بنیادەمی پاك و خاوێن بەهۆی تێکەڵیی پیاو خراپانەوە بەدناو ئەبێ و ناتۆرەی خراپی شوێن ئەکەوێ . بەمپێیە مەبەستی لە فرمێسکی سەرچاوە ڕۆن جەوهەری مرۆی چاك و ، مەبەستی لە تۆز و گەردی ڕێگا و بان ئەو هاوڕێی خراپ و کەند و کوسپانەیە لە ژیانا دێنە ڕێی بنیادەم .

وشەی (سەرچاوەکەم) دۆ مەعنا ئەبەخشێ یەکەم وا کە (سەر) و (چاوەکەم) بێ ، دۆهەمیش وا کە (سەرچاوە) و (کەم) بێ . مەعنا لێدانەوەکەی ئێمەش بەجۆرێ بو هەردۆ مەعناکەمان پێکەوە کۆکردەوە .

لێڵاوە (چن) و (ت) و (اح) : لێڵاو . بۆ (لێڵاوە) و (لێڵاوی)یش دەستئەدا . (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (من) و (خا) : لێڵاوی . (خب) : لێڵاوو .. کۆە و (چر) و (عب) : کۆە . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەیش دەستئەدا . (عم) و (گم) و (خب) : کێو و . هامۆنە (کم) و (من) : ئامۆنە . ئاوێنە (کم) و (من) : ئایینە .

(٢) مونەججیم : ئەستێرەگرەوە . کەرگەس : دالّە کەرخۆرە ، کە لاشەی گیانداری تۆپیو ئەخوا . لاشە : لاشەی گیانداری تۆپیو . ئەفلاك : جەمعی (فەلەك)ە واتە ئاسمانەکان . لاك : زەبۆن و بێدەسەڵات . دۆن : هیچ و پۆچ .

واتە ئەستێرە گرەوە کە دوای خەیاڵ کەوتووە و وائەزانێ جۆڵەی ئەستێرە و ئاسمان ئەم جیهانە بەڕێوەئەبا و ، دالّە کەرخۆرەی لاشەی تۆپیو خۆر و لاشەی تۆپیوی فڕێدراو لە یەك ناکاتەوە و ، بە یەك شتیان ئەزانێ ــ ئەوەندە ناتێگەیشتووە هێشتا لەوە حاڵێ نەبوە کە ئەم ئاسمانانە، کە ئەو بە بەڕێوەبەری کاروباری جیهانیان ئەداتە قەڵەم ، دەسەڵاتیان لە لاکە تۆپیوێك زیاتر نییە و ئەم گەردۆنە کە ئەو بە شتێکی بەبایەخی دائەنێ زۆر دۆن و بێقابیلەتە .

بە نیشانەی ئەوەدا کە نالێ لەمبەیتەدا وادائەنێ کەوا ئەستێرەگرەوە (دالّی لاشەخۆر) و (لاشەی خوراو)ی لا وەك یەکە و ، بەنیشانەی شیعری داهاتۆشدا ، بۆمان دەرئەکەوێ کەوا مەبەستی لە مونەججیم بنیادەمێکی هەڵمەتەکاسە و هەڵپەرستە کە چاوەڕوانی گۆڕانی باریێکی تایبەتێ بووە و خۆی بۆ ئەو بارە تازە چاوەڕوانێ کراوە ئامادە کردووە .

له دەورانی طەبیعەتدا لەگەڵ ژەوری فەلەك جۆتە
له ملیا چەمبەری دەوران و طەوقی چەرخی گەردۆنە (٣)

لەنێوان (لاشە) و (لاشەیێکە)دا جیناسی تەرکیب هەیە . هەروەها لەنێوان (ئەفلاکە) و (لاکە) و ، (گەردۆنە) و (دۆنە)دا هاوکێشییەکی جوان هەیە .

ئەشگونجێ بەیتەکە وا مەعنا لێبدەینەوە کەوا ئەستێرەگرەوە وەك دالّە کەرخۆرە وایە و لاشە تۆپیوی بەلاوە شتە .. تاد .

کەرگەس و (چن) و (ت) : کەرکەس . ئەبێ (کەرکەس و) بێ . (عب) و (اح) و (خا) : کەرکەس و . لەلا : ئەمە تێکستی تەنها (چن)ە . نوسخەکانیتر هەمۆ نۆسیویانە : (لەکن) . ئێمە بۆ مەبەستی یارێ بە وشەکردن ئەمان لا پەسەندتر بۆ . شەیئێکە (چر) و (عم) و (گم) : شەیئە کە . (چن) : شەیئکە . ئەمیش هەر شەیئێکەیە . (ت) و (اح) و (خب) : شیىء کە . بۆ (شەیئە کە) و (شەیئێکە)ش ئەگونجێ . نەیزانێ (ك) و (اح) و (خا) : نازانێ .

(٣) دەوران : سۆڕانەوە . ژەور : گاجۆت . چەنبەرە : چەڵەمەی ملی گاجۆت . طەوق : تەوق ، کۆت .

لەم بەیتەشدا نالێ هەر لەسەر پلارگرتنە ئەستێرەگرەوە بەردەوامە کە حیسابی زۆداوی دواڕۆژ ئەخوێنێتەوە . نالێ ئەڵێ : کابرای ئەستێرەگرەوە ، لە سروشت وەرگەڕاندا وەك برجی (ژەور)ی ئاسمان وایە* ، یا وەك گاجۆت وایە هەر جارێ ڕۆئەکاتە لایەك بۆ جۆتکردن . چەڵەمەی زەمانە و تەوقی چەرخی گەردۆنی لە مل کراوە ، ئەوان چۆن وەرسۆڕێن ئەمیش هەر وا وەرئەسۆڕێ .

لە یەکخستنی (ژەور) و (فەلەك) و ، (ژەور) و (جۆت) و (چەمبەرە)دا تەناسوب هەیە ، هەروەها لە کۆکردنەوەی (چەمبەرە) و (طەوق)دا .

ژەوری (چر) و (چن) و (عب) : ژەور . دیارە هەر (ژەوری)یە .
چەنبەرەی (چن) و (کم) و (من) : چەمبەرەی . (عم) و (گم) : چەنبەری .

---

* لەمبەیتەوە شتێکیوا دەرئەکەوێ کە بەپێی ئاسمان شناسیی کۆن ، برجی (ژەور) خاسیەتێکی سروشت گۆڕانی ببێ . لەمبابەتەوە شتێکی ئەوتۆمان بۆ ڕاست نەکرایەوە .

لەسایەی شەخصێکی هیممەت بڵند ، ئاستۆدەیە شارێ
بەڵێ خیططەی (سولەیمانێ) سەوادی ظیللی (کودرۆن)ە (٤)

وەرە سەیری خیابان و بەیاضی دەفتەری نالێ
کە صەف صەف ، مەصرەعی بەرجەستە ، ڕێزی سەروی مەوزۆنە (٥)

---

(٤) خیططە : پارچە زەوێ ، ناوچە .

واتە : لەسایەی تاقە کەسێکی پایەبەرزی هیممەت بالآوە ــ کە ئەو (کودرۆن) ناوەیە کە لە نیوەی دۆهەمی بەیتەکەدا باسی کراوە ــ شارێك هەمۆی حەساوەتەوە ، نەك تەنها چەند کەسێك لە دانیشتووانی . بەڵێ ڕاستە ناوچەی سولەیمانێ هەمۆی کەوتووەتە بەر ڕەشایی سێبەری (کودرۆن) و ئەو باڵی خۆی بەسەرا کێشاوە .

ئەبێ ئەم (کودرۆن) ناوە دارۆغە بازاڕی شار بۆبێ و کابرایەکی توند و تیژ و لێهاتۆ و بە وێڵ بۆبێ و لە سەردەمی ئەوا دز و درۆزن و پیاو خراپ لەناو شارا نەبۆبن .

ئاستۆدەیە («پەراوێزی» چر) و (کم) و (عب) و (من) : ئاستۆدە ڕێی . کودرۆنە (چر) و (چن) و (عم) و (گم) و (ك) و (اح) و (خا) : گەردۆنە . (کم) و (من) : گۆرۆنە . («پەراوێزی» ك) : کۆرۆنە .

(کودرۆنە) هەرچەند تەنها تێکستی (ت) و (عب) و (خب) بۆ ، ئێمە لامان پەسەندتر بۆ ، چونکە یەکەم : ئەگەر (شەخصێکی هیممەت بڵند)مان بە کەسێکیتر مەعنا لێ بدایەتەوە ، (بەڵێ)کە مەعنای نەئەهات . کەواتە ناوێکمان پێویست ئەبۆ بۆ نیوە بەیتی دۆهەم . دۆهەم : دۆبارە کردنەوەی وشەی (گەردۆنە) لە دۆ بەیتی لەپاڵ یەکدا شتێکی جوان نییە . سێهەم : ئەم چاکەیە کە نالێ باسی ئەکا لەوە کەمترە کە هیی میری ولآتێك بێ و زیاتر لە چاکەی بەڕێوەبەرێکی پۆلیس ئەچێ کە ئەوسا (دارۆغە بازاڕ)یان پێوتووە . چوارەم : تێکستی (کم) و (من) و («پەراوێزی» ك)یش پشتی ئەوە ئەگرن کە (کودرۆنە) بێ .

(٥) خیابان : ئەو هێڵە سپییەی لەنێوان دۆ نیوە بەیتی قەسیدەدا ستۆنێ دائەکشێ . هەروەها سپێتیی نێوان دێڕێك و دێڕێك . بەیاض : سپێتیی قەراخی دەفتەری شیعر . مەصرەع : نیوەبەیت . بەرجەستە : هەڵکەوتۆ .

واتە : وەرە تەماشای هێڵی ستۆنێ و ئاسۆیی نێوان دێڕ و نیوە

دڵ سیاسەنگ نەبێ ، مائیلی خاکی وەطەنە
خاڵی لەعلی حەبەشە ، ساکینی بوردی یەمەنە (١)

دێرەکانی شیعری نالێ بکە ، بزانە نیوەکانی چەند هەڵکەوتوون ئەڵێی زێزی دڕەختی سەروی زێڕك و پێك و ئەوەندەی یەکن ، تەنانەت تیپیوایش هەڵئەبژێرێ لە هەردوو نیوەکاندا ، لە یەك گەورەتر نەبن و جێگەی زۆرتر لە یەکتر نەگرنەوە .

دیارە بۆ هاوسەنگیی شیعر هەر ئەوەندە مەبەستە بڕگە و تەفعیلەکانی نیوەکان لەناو خۆیانا و ، هەردوو بەیتێك بەرابەر بە یەك ، ئەوەندەی یەك بن ، ئیتر ئەگەر لە نێوسینا جێگای زیاتر و کەمتر بگرنەوە ، ئەوە مەبەست نییە . بەڵام نالێ بۆ پێسەلماندنی هونەرمەندیی خۆی ئەڵێ تەنانەت ئەو پێوانەیەش کە نیوە بەیتەکانی هەر قەسیدەیەکم ئەیگرنەوە زیاتر و کەمتر نین لە یەکتر .

مەصرەعی (ك) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) : مەصرەعەی . زێزی (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خب) : زێزەی . (خا) : زێزە .

— ٢٠ —

(١) سیاسەنگ : بەردی زەش . کینایەیە لە زەقێ . بوردی یەمەن : جۆرە قوماشێکی خوریە لە یەمەن دروستی ئەکەن وەك شیرداخ هێڵی سپێ و زەشی تیایە .

واتە : دڵ ئەگەر زەق و بێزەحم نەبێ و لە سەنگی سەخت دروست نەبوبێ ، حەزی لە زێد و ماوا و نیشتمانی خۆیەتی ، بۆیە دڵی منیش هەمیشە حەزی لەوەیە لای یار و لەگەڵ بیرەوەریی ئەودا بێ ، یا بۆیە هەمیشە حەزی لە ژیانی ئەو نیشتمانەیە تیا هاتوومەتە دنیاوە (وەك بە دوا بەیتی ئەم پارچە شیعرەدا دەرئەکەوێ) . ئەوەتە خاڵیش (خاڵی یار) کە وەك لەعلی حەبەشە زەشە ، لە بوردی یەمەنیدا نیشتەجێ بووە کە بریتییە لە سەر زۆمەتی سپێ و ژێر زوڵفی تاڵ تاڵ و زەشی یار ، یاخود بۆ ڕاستیی قسەکەم ئەم نموونەیە ئەهێنمەوە کە ئەوەتە خاڵی یار کە وەك لەعلی حەبەش زەشە ، لەناو بوردی یەمەنیی سەر زۆمەتی سپێ و ژێر زوڵفی زەشیدا ئەژێ .

لە چاپکردنی ئەم شوێنەدا بۆین مامۆستا هێمنی موکریانێ هاتە

پەرچەمی سونبولیو ، قەددی (قضیب البان)ێ
زوڵف بەهلۆلیو ، خەط زەنگیو ، وەجهی حەسەنە (٢)

طەڵعەتی ئایەتی جان • مەظهەری ئیعجازی بەیان :
لەبی دورج و ، دەهەنی سیڕڕ و ، کەلامی عەلەنە (٣)

سەرلێدانمان . مەعنای ئەم بەیتەمان لێپرسێ ، وتی : وابزانم مەبەستی نالێ لە (خاڵی لەعلی حەبەشە) بەردی (حجر الاسود)ی دیواری کەعبە و لە (بوردی یەمەن) ئەو بەرماڵە بێ کە پێفەمبەر (د . خ) بەردەکەی تێخست و هەر چمکێکی دایە دەست سەرەك هۆزێك و خۆیشی بەردەکەی هەڵگرت و لەجێی خۆی دانا لە دیوارەکەدا . بەمپێیە مەعناکە وای لێدێتەوە ئەگەر ئەم بەردی (حجر الاسود)ە (سیاسەنگ) نەبوایە لە بەهەشت هەڵنەئەکەنرا بۆ سەرزەوێ . هەرچەند ماموستا هێمن ئەیوت دڵنیا نیم لە ڕاستیی ئەم مەعنایە ، بەڵام ئێمە لامانوایە بۆچوونێکی ورد و بەجێیە و وا بەسوپاسەوە بە ناوی ئەو خۆیەوە ئەینوسینەوە .

ناسکییەکی زیرەکانەی تیا ئەبێ ئەمە کە (نالێ) بە (حجر الاسود)ی وتبێ (سیاسەنگ) چونکە مەعنای هەردوکیان یەکێکە و وەك پێشان وتمان واتە : بەردی ڕەش .

سیا سەنگ : (عم) و (ت) : سییەهـ سەنگ .

(٢) پەرچەم : ئەو بەشە قژەی بەسەر ناوچاواندا دێتەوە . سونبول : جۆرە گوڵێکە لە گوڵدانا ئەینێژن و بۆ نەورۆزی ئامادە ئەکەن . (قضیب البان)ێ : وەك لقی بان . بان : درەختێکە گەڵایەکی سەوز و بۆنخۆشی هەیە . زوڵفی بەهلۆلێ : زوڵفی ئاڵۆز و پرژ و بڵاو . لەوەوە هاتووە کە (بەهلۆل) بە شێت و بەرەڵڵا ناوبانگی دەرکردووە . خەط : ڕازاندنەوەی موێ بڕۆ . زەنگێ : ڕەش .وەجهـ : ڕۆ . حەسەن : جوان .

پەرچەمی : ئەمە تێکستی («پەراوێزی»چر)ە . (چر) و (چن)و (کم) و (ت) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) و (خب) : پەرچەم . (ك) : پەرچەم و . سونبولیو («پەراوێزی» چر) : سونبول و . قەددی («پەراوێزی» چر) : قەددی تۆ . زولف . بۆ (زولفی)یش دەستئەدا . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : زولفی .

(٣) طەلعەت : دەرکەوتن . ئایەت : نیشانە . بەیان : قسە و گفتوگۆ . دورج: قوتوی بچووك . دەهەن : دەم . سیڕڕ : نهێنێ . عەلەن : ئاشکرا .

دەست لە خوێنم مەدە ، ئالۆدە مەکە دامەنی پاك
خوێنی من ثابیتە ، باطیل نییە وەك ژەنگی خەنە (٤)

وەك گوڵی ئاتەشێ ، خەملیوە بە بەرگی چەمەنێ
قامەتی نارەبەرە ، ناروەرە ، نارەوەنە (٥)

واتە : دەرکەوتنی ژۆمەتی یار کە خۆی ئەنوێنێ ، مایە و نیشانەی گیان هاتنەوەبەری دڵدارانە و ، موعجیزەییی گفتوگۆ و قسەشی بەوەدا دەرئەکەوێ کە لێوی وەك ئەو قوتووە بچۆکانە وایە شتی گرانبەهایان تیا ئەشارێتەوە ـ کە ددانەکانیەتی ـ و ، دەمی ئەوەندە بچۆکە وەك نهێنێ وایە و ، قسەشی ئاشکرایە هەمۆ پێی ئەزانین .

لە وشەی (ئایەت) و (موعجیز) و (بەیان)دا جۆرە ئیشارەتێك بۆ قورئان کراوە کە ئەویش موعجیزەیە و لە (ئایەت) پێکهاتووە و (بەیان)یشی هەیە واتە فەصیحە و کەس ناتوانێ شتیوا بڵێ . هەروەها لە نهێنییەتیی دەم و ئاشکراییی قسەشدا ئیشارەتێکی ئیقتیباس ئامێز هەیە چونکە کەلامی خوا ئاشکرایە و خوا دەمیشی نییە .

ئایەتی جان ، مەظهەری ئیعجاز و بەیان (چر) و (عب) : مەظهەری جان، ئایەتی ئیعجاز و . (چن) ... ئیعجاز ... (عم) و (گم) : .... مەنطیقی ئیعجازی . (ت) : ئایەتیو مەظهەری ئیعجازی . لەبی دورج و (چر) و (کم) و (ت) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) و (خب) : لەبی زۆح و. (عم) و (گم) : لەب و زۆح و .

(٤) ئالۆدە : تێکەڵ . شتێ لە شتێکەوە گلابێ . ثابیت : ژەنگێ نەچێتەوە .

واتە : مەمکوژە و خۆت لە خوێنمەوە مەگلێنە و دەستی خۆتی تێوەرمەدە و داوێنی خاوێنی خۆتی پێ پیس مەکە . خوێنی من خوێنێ نییە ژەنگی بچێتەوە . لە هەرچییەکەوە تلا لێنابێتەوە و دەستی هەرکەسی تێوە گلا تا مردن هەر پێیەوە ئەنالێنێ . خوێنی من وەك ژەنگی خەنە نییە پاش بەینێك کاڵ ببێتەوە .

خەنە (ت) و (اح) و (خب) : حەنە . حەنە : خەنە . بەپێی ئەم نوسخانە ئەشگونجێ (حەنە) ناوی کابرایەکی جۆلەکە بۆبێ . مەعنای بەیتەکەش بۆ ئەم ژێتێچۆنە دەستئەدا .

ئەم بەیتە لە (چر) و (عب) و (کم) و (من)دا بەیتی پێنجەمە .

(٥) گوڵی ئاتەشێ : گۆڵێکی سۆرە . خەملیوە : ژازاوەتەوە . چەمەنێ :

ڕۆشنیی دیده به ئینسانه ، که موژده‌ی قه‌ده‌مت
ڕۆشنیی دیده‌یی غه‌مدیده‌یی (بیت الحَزَن)ه (٦)

دڵی « نالێ » که ئه‌نیسی (قه‌ره‌داغ)ه ، ئیسته‌یش
داغی (سه‌رچاوه)وو (دێوانه)یی دار و ده‌وه‌نه (٧)

ئه‌وه‌ی ڕه‌نگی وه‌ك چیمه‌ن سه‌وز بێ . نارەبەر : ئه‌وه‌ی به‌ره‌که‌ی هه‌نار بێ . ناروەر : ئه‌و ئافره‌ته‌ی مه‌مکه‌کانی وه‌ك هـــه‌ناریان لێ‌هاتبێ (*) . نارەوەن : دره‌ختێکی دار سه‌خت و ، گه‌ڵا ددانه‌داره ، به‌ر له پشکۆتنی گه‌ڵای ، گوڵه‌کانی ئه‌وه‌رێن .

واته : یار وه‌ك گوڵی ئاگر به به‌رگی ســـه‌وزه‌وه ڕازاوه‌ته‌وه . گوڵه ، به‌ڵام وه‌ك ئـــاگر دڵـــداران ئه‌ســـۆتێنێ و جل‌وبه‌رگی ســـه‌وزی جوانی له‌به‌رکردووه . که سه‌یری ڕۆمه‌تی سۆر و مه‌مکی سه‌رسنگی ئه‌که‌ی ، ئه‌ڵێی داری هه‌ناره ، ئافره‌تێکه مه‌مکه‌کانی وه‌ك هه‌ناریان لێ‌هاتووه ، له خۆڕاگرتن و سه‌وزێ و ڕازاوه‌ییشدا ئه‌ڵێی نارەوەنه .

نارەبەره (ك) و (اح) : بارەبەره .

ئه‌م به‌یته له (کم) و (گم) و (من)دا به‌یتی شه‌شه‌مه .

(٦) ئینسان : گڵێنه‌ی چاو . قه‌ده‌م : هاتن . بیت الحزن : خه‌فه‌تخانه ، دڵ .

واته : ڕۆشنایی چاو به‌هۆی گڵێنه‌ی چاوه‌وه ئه‌بێ . تۆیش گڵێنه‌ی چاوی منی . له‌به‌رئه‌وه ، مژده‌ی هاتنت ئه‌بێ به مایه‌ی ڕۆشن بۆنه‌وه‌ی دیده‌ی غه‌م دیتۆی ناو خه‌فه‌تخانه‌ی چاوم .

دیده به ئینســـانه (چن) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (من) و (خا) و (خب) : دیده‌یی ئینسانه . غه‌مدیده‌یی (چن) و (خب) : غه‌مدیده . (گم) : خه‌مدیده‌یی .

ئه‌م به‌یته له (چر) و (عب) و (کم) و (من)دا به‌یتی چواره‌م و له (گم)دا به‌یتی پێنجه‌مه .

(٧) ئه‌نیس : ئولفه‌ت پێوه‌گرتـــۆ . قـــه‌ره‌داغ : دێی (زه‌ردیـــاوا) و تێکڕای ناوچه‌ی (قه‌ره‌داغ) له هه‌رێمی سلێمانێ. داغ : سۆتاو و ڕه‌ش هه‌ڵگه‌ڕاو.

(*) له لاپه‌ڕه ٤١٢ و ٤١٣یشدا وشه و مه‌عنای وشه‌ی (ناروەر) به‌پێی ئێره ڕاست بکه‌نه‌وه .

لەو وەختەوە بیستۆمە دێتن بەقەدەر چاوە ،

هەر مۆم لە بەدەن یەکسەر ، وەك عەینی فەنەر ، چاوە (١)

سەرچاوە : ئەگەر ناوی شوێنێکی تایبەتێ نەبێ ، تێکڕای سەرچاوە و کانێ و ئاو . دێوانە : شێت . دار : داری گەورە . دەوەن : وردە دار کە لەپاشاندا ئەبنە داری گەورە .

واتە : دڵی نالێ کە ئیستاش لەپاش ئەم عومرە و لەگەڵ ئەم دۆرییەش هەر ئولفەتی بە قەرەداغەوەیە و بیری ئەکاتەوە و لەناخیدا ئەژێ ، بۆ دێتنێکی‌تری سەرچاوەکانی ڕەش هەڵگەڕاوە و برژاوە و ، بۆ دار و دەوەنەکانی بووە بە (دێوانە) و شێت بووە و کەژ و کێوی گرتووەتەبەر. وشەی (دێوانە) ئیشارەتیشە بۆ چەمی دێوانە کە چەمێکە لە چیای (سەگرمە)وە پەیدا ئەبێ و بە قەرەداغدا ئەڕوا و لە نزیکی (دەربەندیخان)ەوە ئەڕژێتە (سیروان)ەوە .

لەم بەیتەوە وا دەرئەکەوێ نالێ ئەم پارچە شیعرەی لە نامۆییدا و لە سەردەمی پیریدا وتبێ .

قەرەداغە (خب) : قەرەطاغە . ئیستەیش (چن) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) : ئیستایش . (کم) و (گم) و (من) : ئیستا .

سەرچاوەوو دێوانەیی (چر) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) : سەرچاوەوو دێوانەوو .

ئەم پارچە شیعرەمان تەنها لەپاڵ کتێبێکی دەستنۆسی خۆماندا دێ ، نۆسرابوەوە .

(١) فەنەر : کاغەزێ یا شتێکی‌وایە لۆل ئەکرێ بە دەوری شەمعدا بۆئەوەی کە با لێی‌دا نەیکوژێنێتەوە .

واتە : لەوکاتەوە کە بیستۆمە توانای دێتنی هەرکەس بەئەندازەی چاویەتی ، دۆ چاوی هەبێ زیاتر و باشتر ئەبینێ لەوە کە یەك چاوی هەبێ و ، چاوی ساغ بێ باشتر ئەبینێ لەوە کە چاوی کز بێ ، ئا لەوکاتەوە هەرچێ مۆی لەشمە ، وەك چاوی لە فەنەر پێچراو ، یاخود وەك فەنەر خۆی بووە بە چاو بۆئەوەی باشتر یار ببینم .

فەرمۆی کە هەمۆ دەم بێ گریان و ، شەویش نەنوێ
ئەم بەندەیە مەئمۆرە ، ئەم ئەمرە لەسەر چاوە (٢)

جێگایێ نەظەرگا بێ ، شەش جانیبی دەریا بێ ،
ئەی مەردومی سەیرانێ ، لەم خیططەیە هەر چاوە (٣)

چاویشی لە «نالێ» کرد ، دین و دڵ و جانی برد
گەر زوڵفە ئەگەر نازە ، گەر خەندەیە ، گەر چاوە (٤)

رۆی شوبهاندنی (مۆ) بە (فەنەر) لەوەوەیە کە مۆ لۆل ئەخوا وەك فەنەر . لەوانەیە بۆیەش وتبێتی (بیستۆمە) و نەیوتووە (زانیومە) چونکە (زانین) بە تەجرەبەی شەخسیی ئینسان خۆی دێتەدێ ، بەپێچەوانەی (بیستن)ەوە و ، ئەویش لەوکاتەدا کە ئەم پارچە شیعرەی وتووە چاوی نەبۆبێ . بەڵگەی ئەم بۆچۆنەشمان ئەوەیە کە لە دوا بەیتدا ئەڵێ : « چاویشی لە نالێ کرد .. » تاد .

(٢) واتە : یار فەرمۆی ئەبێ گریانم هەمیشەیێ و بەردەوام بێ ، یاخود گریانم هەر خوێن بێ و لەجیاتیی فرمێسك خوێن لە چاوم بڕوا و ، شەویش نەنوم ، یاخود گریانەکەم شەویش نەخەوێ واتە نەبڕێتەوە .. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانەی یار من ئەمرم پێکراوە و بە «بەسەرچاو» جێبەجێی ئەکەم ، یاخود بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانی یارە من هیچ بەدەس نیم ، تەنها هەوڵ گەیێنێکم ، فەرمانەکە ئەگەیەنم بە چاو و ئەبێ ئەو بەجێی بهێنێ .

(٣) نەظەرگا : لە کوردەواریدا بەو شوێنانە ئەڵێن کە چاکانی خوا تاوێك تیا دانیشتۆن یا رۆی بەرەکەتیان تێ کردووە و پاش ئەوە خەڵك کردۆیانن بە زیارەتگا . شەش جانیب : شەشلا ، سەر و خوار و ڕاست و چەپ و بەر و دوا . مەردوم : خەڵك . بیبیلەی چاو . سەیرانێ : سەیرانکەر . جێگایەك بۆ سەیران بشێ . خیططە : ناوچە .
مەعنای ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێکئەدەینەوە .

(٤) واتە : ئەی خەڵکی سەیرانکەر ، یاخود ئەی گڵێنەی چاوم کە سەیرانگای یاران بۆی ، شوێنێ کە یار جارێ بە رۆی لوطفەوە تەماشای کردبێ ، یا وێنەی ئەوی تیا عەکس بۆبێتەوە و سەیرانگای نازاران بۆبێ و بۆ ئەوە بشێ تیا دانیشن و هەر شەش لاکەی ئاو (ی فرمێسك)بێ ، لەم

ئەو سیلسیلە وا میشگی خەتا نێوی براوە ،
پڕ پێچ و شکەن ، خەم بە خەم و ، حەڵقە کراوە ، (١)
لەولاوێکە لەولاوە بە ئەملاوە کشاوە ،
یا یاسەمەنی خاوە بە ڕۆی ڕۆژدا ڕژاوە ؟! (٢)
یا دۆکەڵی جەستەی منە بەو شەمعە سوتاوە ،
یا هەوری سیاتاوە کە مانیع لە هەتاوە ؟! (٣)

ناوچەیەدا هەر چاوم بۆ ، یار لە چاویش بێبەش و نائومێدی کردم و ، بەو لێسەندنەی چاوم دین و دڵ و گیانمی بەجارێ بە تاڵان برد .. بەڵام نازانم چۆن چاوی بردم ، بە زەبری زوڵف بردی ، یا بە هێزی ناز .. بە زەردەخەنەی لێو بردی ، یا بە ڕوانینی چاو .. هەرچۆن بێ بردی و منی لێ بێبەش کرد و ، ئەو سەیرانگایەشی نەهێشت کە نازاران ئەهاتنە ناوی و ، تەڕاییی لە دەوری ئەو دوڕگەیە بڕێ .

وەك پێشان وتمان لەوانەیە ئەم بەیتەش نیشانەی کوێر بوونی نالێ بێ لە دوا ساڵەکانی ژیانیا ..

— ٢٢ —

ئەم پارچە شیعرە تەنها لە نوسخەکانی (عم) و (گم)دا هەیە ، بەڵام هەمۆ نیشانەیەك وائەگەیەنێ هیی «نالێ»بێ .

(١) سیلسیلە: زنجیرە. میشگ : میشك. خەتا: ناوچەیەکە لە تورکمانستان. نێو : ناو . پێچ و شکەن : لۆل و تێكشکاو . چەمیوە و ئەڵقە ئەڵقە . مەعنای ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی پێکەوە دێ .
میشگی (گم) : میشکی .

(٢) واتە : ئاخۆ ئەو زنجیری زوڵفە کە لە ڕەشێ و بۆن خۆشیدا پێیئەڵێن (میشگی خەتا) و ، پێچ و لۆل و ئەڵقە ئەڵقەیە ، لەولاوە لە بالای یار ئالاوە و ، لە لای ڕاستەوە ئەچێ بۆ لای چەپ و بەپێچەوانەوە ، یاخود گوڵی یاسەمەنی خاوە بەسەر ڕۆی یاردا بڵاو بووەتەوە ؟
بە ئەم لاوە (گم) : بە ئەولاوە .

(٣) جەستە : لاشە . سیاتاو : هەوری ڕەشی بارانباوێ .

داوێکه له ڕۆی دانه‌یی خاڵت ته‌نراوه
زنجیره له پێی مائیلی ئه‌و ڕۆته نراوه (٤)

هه‌ی هه‌ی ! غه‌ڵه‌طم گوت • ئه‌مه ظوڵمه‌ت ، ئه‌وه ئاوه
به‌و ظوڵمه‌ته ، به‌و ئاوه ، حه‌یاتم غه‌ڵه‌طاوه (٥)

واته : یاخود دۆکه‌ڵی لاشه‌ی منه که مۆمی ڕۆی گه‌شی تۆ سۆتاندۆیه‌تی ، یا هه‌وری ڕه‌شی باراناوییه و ڕێگای له ده‌رکه‌وتنی ڕۆژی ڕۆت گرتووه ؟!

وشه‌ئاراییه‌کی جوان له کۆکردنه‌وه‌ی (سۆتاو) و (سیاتاو) و (هه‌تاو)دا هه‌یه . له‌نێوان (هه‌ور) و (دۆکه‌ڵ)یشدا ته‌ناسوب هه‌یه .

دۆر نییه وشه‌ی (شه‌معه) پێشان (شه‌مته) بۆبێ که له (شه‌م) و (ته) پێکهاتووه و ، نۆسیاران ده‌سکارییان کردبێ . ئه‌گه‌ر وابێ هاوئاوازییه‌کی جوان له‌نێوان (جه‌سته) و (شه‌مته)دا ئه‌بێ .

(٤) مائیل : ئاره‌زۆمه‌ند . لار .

واته : زوڵفت ته‌ڵه‌یه‌که به‌سه‌ر دانه‌وێڵه‌ی خاڵته‌وه نراوه‌ته‌وه بۆئه‌وه‌ی چۆله‌که‌ی دڵداران بێن و ببن به داویه‌وه . زنجیرێکه کراوه‌ته پێی ئه‌وانه‌ی عاشقی ڕۆتن ، یاخود کراوه‌ته پێی لار ڕۆیشتۆی ڕۆت ، یاخود کراوه‌ته پێی لار ڕۆیشتۆی ئه‌و دڵداره ڕۆت و قۆته‌ی وێراویه تۆی خۆش بوێ .

له‌نێوان (ته‌نراوه) و (ڕۆته نراوه)دا ، به چاوپۆشییه‌وه له وشه‌ی (ڕۆ) ، جیناسی ته‌رکیب هه‌یه .

(٥) هه‌ی هه‌ی : وشه‌ی سه‌رسامییه . ظوڵمه‌ت : تاریکستانێ . غه‌ڵه‌طاوه : وه‌رچه‌رخاوه . وه‌رگه‌ڕاوه‌ته‌وه .

واته : نه‌خه‌یر ، هه‌ڵه‌م کرد که زوڵف و ڕۆی یارم به‌و شتانه شوبهاند که باسم‌کردن . وانییه ، زوڵفی یار تاریکستانێ و ڕۆی یار ئاوی حه‌یاته . به‌هۆی ئه‌و تاریکستانێ و ئاوی حه‌یاته‌شه‌وه ژیانی من وه‌رگه‌ڕاوه و که‌وتووه‌ته مه‌ترسییه‌وه ، چونکه که ئه‌مه‌وێ بگه‌مه سه‌ر ئاوی حه‌یاتی ڕۆمه‌تی و بیمژم و ژیانی هه‌میشه‌یێ بۆ خۆم مسۆگه‌ر بکه‌م ، تاریکاییی زوڵفی ڕێم لێ‌ئه‌گرێ و ناهێڵێ بڕۆم .

دارشتنی ئه‌م به‌یته له بابه‌تی (ئاوی حه‌یات) وه‌رگیراوه که ئه‌ڵێن له

دڵ تینووه ، ستۆتاوه ، به بێ طاقەت و تاوه
ڕێگەم به سەراوه ، که دەچم ڕێم بەسراوه (٦)
ئەو شەربەتە ، ئەو جامە شەراوە لەبی ناوه
بۆ « نالی »یە ئاخر که خودا بۆ ئەوی داوه (٧)

زوڵفت به قەدتدا که پەریشان و بلاوه ،
ئەمڕۆ له منی شیفته ئاڵۆز و به داوه (١)

تاریکستانیدایه و کەس ناتوانێ پێی‌بگات .

(٦) تاو : هێز و توانا . سەراو : کانێ .

واته : دڵم تینووه بۆ مژینی لێوی یار ، توانا و هێزم لەبەر بڕاوه ، ڕێگەم بۆ سەر سەراو و کانیاوی دەم و لێوی یاره ، بەڵام زوڵفی هاتووەتەوه بۆ سەر دەم و لێوی و ڕێی لێ بەستۆم و ناهێڵێ بگەمە ئەوێ.

لەنێوان (به سەراوه) و (بەسراوه)دا جیناسی تەرکیب هەیە .

(٧) شەراو : شەراب .

واته : ئەو شەربەتەی ئەمەوێ بچم بیخۆمەوه و ، ئەو جامی شەرابەی ئەمەوێ بچم بینێم به دەممەوه ، پێی‌ئەڵێن (شەربەتی لێو) یا (جامی شەرابی لێو) و سەرەنجام هەر بۆ نالێ ئەبێ ، چونکه خوا بۆ ئەوی داوه .

ئەشگونجێ وشەی (ناوه) بەمەعنا (ئیسم) نەبێ ، بەڵکو یا بەمەعنا (ناب) بێ یا هەر (ناب) بێ و وەك چۆن (شەراب) کرا به (شەراو) ، ئەمیش کرابێ به (ناو) . (ناب) یا (ناو) واته : خاوێن و بێ‌گەرد .

بەکارهێنانی وشەی (شەراو) لەجیاتیی (شەراب) که زاراوی هەندێ ناوچەی کوردستانی عێراق و ئێرانه ، نموونەیەکی‌تری ئەو ڕێبازەی نالییه که وشه له دیالێکته جیاوازەکانی کوردییەوه ئەخوازێ و ئەیخاته ناو شیعری خۆی .

(١) شیفته : دڵدارێ که یار دڵی بردبێ . ئاڵۆز : شێواو . بەداو : سەر به گۆبەند و دەم به بیانۆ .

واته : زوڵفه درێژ و شۆڕەکانت کە بە قەد و بالآتدا پرژ و بلاو

ئەم عومرە عەزیزە کە لە بۆت نەقد و دراوە ،
صەد حەیف و دریغا کە موسوڵمانی نەماوە ! (٢)

عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زوڵفت
سەوداوو پەرێشانم و ، سەودایەکی خاوە (٣)

بۆنەتەوە و دڵی دڵدار ڕائەکێشن بۆ لای خۆیان ، ئەمڕۆ لە منیش ئاڵۆز و شێواو و سەر بە گۆبەند و دەم بە بیانۆن و گیرم بە دەستیانەوە خواردووە .

بە قەدتدا (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (من) : لە قەدتدا . ئەمڕۆ : ئەمە تێکستی تەنها (گم)ە ، نوسخەکانیتر هەموّیان ، (چر) نەبێ، : امرو ، کە بۆ (ئەمڕۆ)یش و (ئیمڕۆ)یش دەستئەدا . (چر) : ئیمڕۆ .

(٢) نەقد : نەخت ، پارە . دراو : سکە ، لێدراو . بەخشراو . دریغا : داخەکەم .

لێکدانەوەی ئەم بەیتە پێویستی بە (تەقدیرکردنی) خەبەرێك هەیە بۆ ڕستەی نیوە بەیتی یەکەمی و بەو تەقدیر کردنەوە مەعنای بەیتەکە وای لێدێتەوە کەوا عومری عەزیزی خۆم وەك نەختینە و دراو بۆ تۆ دانا ، یا پێم بەخشیت و دامە دەستت . بەڵام صەد حەیف و صەد مەخابن کەوا موسوڵمانەتی نەماوە تا تۆ وەفات هەبێ و ئەو عومر بەخشین و لە ژیان بۆردنەی منت لە بەرچاو بێ و ، قەدری پیاوەتیی کەس نازانی .

لە وشەی (دراو)دا لەطافەت هەیە ، چونکە بۆ هەردۆ مەعناکەی دەستئەدا .

ئەم بەیتە تەنها لە (چر) و (عب)دا هەیە و لەم شوێنەدایە . لە نوسخەکەی (چر)دا بە خەتێکی بێگانە لە خەتی ئەسڵی کتێبەکە نۆسراوە « هیی نالێ نییە » . بەڵام وەك پێشتر باسمان کردووە نوسخەی (عب) نوسخەیەکی کۆنە و لە (١٣١٨ ی . ك = ١٩٠٠ ــ ١٩٠١ ی . ز)دا نۆسراوەتەوە و جێگای گومان لێکردن نییە ، بۆیە ئێمە ئەم بەیتە بە هیی نالێ دائەنێین . نەقد و (عب) : نەقد . بۆ (نەقد و) و (نەقدە)یش دەستئەدا . حەیف و (عب) : حەیف . بۆ (حەیف و) و (حەیفە)یش دەستئەدا .

(٣) سەودا (ی یەکەم) : عاشق . سەودا (ی دۆهەم) : خەیاڵ . عەشق واتە : ماوەیەکی دۆر و درێژە بیر لە سەری زوڵفی درێژی تۆ

هەرچەندە کە ژۆتم ، بەخودا مائیلی ژۆتم
بێ‌بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە •• (٤)

ئەکەمەوە و ، بەو بیرکردنەوەیە گرفتار و پەریشان و خەیاڵ پەرت و بڵاو بووم . بەڵام ئەم خەیاڵ و بیرکردنەوەم خەیاڵێکی پۆچ و بێ‌مایە و کردارێکی بێ سوود و کەڵکە و دوای کڵاوی بابردۆ کەوتوم .

لە کۆکردنەوەی (خەیاڵ) و (خاو)دا ئیشارەتێکی ناسک کراوە بۆ ژستەی کینایەیی (خەیاڵی خاو) کە لە کوردیدا زۆر بەکاردێ . لە کۆکردنەوەی (زوڵف) و (خاو) و ، (زوڵف) و (پەرێشان)یشدا تەناسوبێکی جوان هەیە .

لە ژیزکردنی بەیتەکانی ئەم پارچە شیعرەدا شوێن‌پێی (چر) و (عب)مان هەڵگرتووە . نوسخەکانی‌تر جیاوازییان هەیە . تێکڕای نوسخەکان لە بەیتی یەکەم و دۆهەمدا هاوژیزن . ئەم بەیتی سێهەمەش لە (چن) و (عم) و (ت) و (اح) و (خا) و (خب)دا حەوتەمە .

(٤) واتە : هەرچەند کابرایەکی لات و بێ‌دەسەڵات و ژۆت و قۆتم و بەپێی نەریتی کۆمەڵایەتێ شایانی ئەوە نیم و بۆم ژەوا نییە بیر لە خۆشەویستیی نازدارێکی پایە بڵندی وەك تۆ بکەمەوە ، بەڵام چار چییە ؟ هێزی خۆشەویستێ هێزێك نییە دان بە جیاوازیی هەژار و دەوڵەمەند و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیدا بنێ .. حەزم لە دیداری ژۆتە و هەژارێ نابێ بە کۆسپ لە ژێی دەربڕینی ئەم خۆشەویستییەمدا .. بەڵکو هەر لەبەر ئەم هەژارییەم پێویستم پێتە و لەوانەبو ئەگەر هاوژێ و هاوسەرێکی خۆم بوایە بیرم لە تۆ نەکردایەتەوە .. هەژار بۆیە حەز ئەکا بچێتە بەرخۆر چونکە هیچی لەبەرا نییە و ئەیەوێ گەرمی ببێتەوە . ئەگەر جل و بەرگی گەرم و نەرمی باشی لەبەرابێ کاری بە خۆر و بەربەژۆچکەی زستانان چییە !

لەنێوان هەردۆ (ژۆتم)دا جیناسی تەرکیب و ، لەنێوان (هەتیو) و (هەتاو)دا جیناسی لاحیق و ، لە هێنانی نیوە بەیتی دۆهەمدا بەدوای نیوە بەیتی یەکەمدا حوسنی تەعلیل هەیە . تەشبیهێکی جوانیش لە بەیتەکەدا هەیە کە نالێ خۆی کردووە بە هەتیو و ، هاوژێ بە بەرگ و ، ژۆی یار بە خۆری زستان ..

بەخودا (کم) و (گم) : بەخوا .

(مانێ) نییەتی قووەتی تەصویری برۆی تۆ
ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەففیس نەکشاوە (٥)

بۆچێ نەگریم ، صەد کەژەتم دڵ دەشکێنی !
بۆ مەی نەژژێ ، شیشە لە صەد لاوە شکاوە ! (٦)

---

(٥) مانێ : وێنــە و نەخشکێشێکی بەناوبانگی ئێرانێ بــووە . ئیددیعای پێغەمبەرییشی کردووە . لە سەردەمی بەهرامی یەکەمی ساسانیدا بە شێوەیەکی دژندانە کوشتیان ، پێستیان گرۆ و پڕیان کرد لــە کــا و لە بەردەرگای شاریجوندیشاپۆردا هەڵیانواسێ تا خەڵك سەیری بکەن .. تەصویر : وێنەکێشان . موتەنەففیس : هەناسەدەر ، گیانلەبەر .

واتە : بڕۆت ئەوەندە جــوان و ڕازاوەیــە ، تەنــانەت نیگارکێشێکی بەناوبانگی وەك مانییش ناتوانێ وێنەی بکێشێ. کەوانی بڕۆی تۆ بەدەستی ئادەمیزاد ئامادە نەکراوە بۆ تیر نــان بە دڵی دڵــدارانەوە .. هــەر خوا ئەتوانێ کەوانی وەكبڕۆی تۆ دروست بکا هەمیشــە ئامــادەی ڕاوکردنی دڵی دڵداران بێ .

نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە حوسنی تەعلیلی تیایە بۆ نیوەی یەکەمی و ، لەنێوان (قەوس) و (نەکشاوە)شدا تەناسوب هەیە .

ئەم قەوسە (چر) : ئەو قەوسە . (من) : ئەم نەقشە .

ئەم بەیتە لە نوسخەکانی جگە لە (چر) و (عب)دا بەیتی هەشتەمە .

(٦) واتە : ڕۆژی صەد جار دەست بە ڕۆمەوە ئەنێی و دڵم ئەشکێنی ، ئیتر چۆن نەگریم؟شەرابی خوێنی دڵم چۆن لە چاوەکانمەوە نەژژێ و سەرنەکا، مادەم شۆشەی دڵمت لە صەد لاوە شکاندووە ؟

نیوە بەیتی دۆهەم ئەنجامی نیوە بەیتی یەکەم لێكئەداتەوە .

بە شوبهاندنی (مەی) بە (فرمێسك) و،(دڵ) بە (شۆشە) ئیستیعارەیەکی موصەڕڕەحە پێکهاتووە .

بۆچ مەی (چر) و (عم) و (من) : بۆ مــەی . (کم) و (خب) : مــەی بۆ . (گم) : مەی بــۆچ . شیشــە (عــم) و (گــم) و (ت) و (ك) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) : شۆشە . لاوە (چر) و (کم) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : جێگە . (ت) : جێگا .

ئەم بەیتە لە (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (اح) و (من) و (خا) و (خب)دا بەیتی دۆهەمە .

بێ فائیدەیە مەنعی من ئێستاکە لە گریان
بۆ عاشقی بێچارە زووەم ئاوە ڕژاوە ! (٧)

هەر جۆگەوو جێگێکی کەوا سۆر و سوێر بێ
جێی جۆششی گریانی منە و خوێنە ڕژاوە (٨)

---

(٧) زووەم : زۆ ئەم .

واتە : لۆمەکردنی دڵدار و ڕێگای گریان لێ گرتنی داد نادا . عاشقی بەدبەخت لە زووەوە ئەم ئاوەی بۆ ڕژاوە کە ئەبێ بەشی هەر گریان و بەدبەختێ و کوڕۆزانەوە بێ .

ڕستەی (ئاو بۆ ڕژان) لە کوردیدا کینایەیە لە داب و نەریت .

لە بەکارهێنانی (ئاو) و (ڕژان)دا وردەکارییەکی جوان هەیە ، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە فرمێسک و گریانەوەیە .

ئەم بەیتە لە (چن) و (عم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب)دا بەیتی پێنجەمە . لە (کم) و (گم) و (من)یشدا بەیتی شەشەمە .

(٨) جێگێکی : جێگەیەکی . جۆشش : هاتنە جۆش و هەڵقوڵان .

واتە : هەر جۆگەیەك کە ئەبینێ ڕەنگی سۆرە و تامی سوێرە ، خوێنی چاوەکانی منە ڕژاوە ، یاخود خوێنی منی بە بێتاوان کوژراوە ، بۆیە سۆرە و ، شوێنی هاتنەجۆشی گریانی منە بۆیە سوێرە .

لە مەعنا لێدانەوەی ئەم بەیتەدا ئەگونجێ (سۆر) و (سوێر) هەردوکیان پێکەوە بۆ (جۆگە) و (جێگە) بگێڕینەوە و ، ئەشگونجێ (سۆر) بۆ (جۆگە) و (سوێر) بۆ (جێگە) بگێڕینەوە و لەف و نەشری مورەتتەب بێ .

ئەشگونجێ ڕستەی (خوێنە ڕژاوە) بە (خوێ نەڕژاوە) بخوێنرێتەوە وەك لە هەندێ نوسخەدا نوسراوە و هەرچۆن بێ پیتەکانی ڕستەکە بۆ هەردۆ دارشتنەکە ئەگونجێن و ناڵینیش بە عادەتەکەی خۆی هەر ئەوەی مەبەست بووە .

لەنێوان (جۆگە) و (جێگە)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (سۆر) و (سوێر)دا جیناسی ناقیص هەیە .

جێگێکی کەوا (عم) : جوبار کەوا . دیارە (جۆبارێ)یە . (کم):جێگایە کەوا . (گم) و (من) و (خب) : جۆبارێ کەوا . (ك) و (اح) : جێگایێ کەوا :

سۆزی دڵمە باعیشی تاو و کوڵی گریان
مەعلۆمە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە (٩)

« نالێ » وەکو زوڵفت کە موطیعی بەری پێتە
تێکی‌مەشکێنە ، بە جەفا مەیخەرە لاوە (١٠)

جێی (چن) و (عم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : جێ . منە و : ئەمە تێکستی (چر) و (عم)ە . نوسخەکانی‌تر هەمۆ : منە ، (کم) نەبێ کە هەر لە بنەڕەتا وشەکەی تیا نییە . خوێنــە ڕژاوە (چر) و (گم) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) : خوێنە ڕژاوە . ئەبێ مەبەستی (خوێ نەڕژاوە) بێ . (عب) : خوێی نەڕژاوە . (خوێ)کەی بە هەڵە بە دۆ (ی) نۆسیوە .
ئەم بەیتە لە (چن) و (عم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب)دا بەیتــی سێهەم و ، لە (کم) و (گم) و (من)دا بەیتی پێنجەمە .

(٩) واتە : سۆزی ئاگری عەشقی دەرۆنمە بووە بە هۆی تاوی گەرم و بەکوڵی گریانم . ئەمەش شتێکی سەیر نییە ، چونکە هەموان ئەزانن ئاگرە ئەبێ بە هۆی هاتنەکوڵی ئاو .

لە نیوە بەیتی دۆهەمدا حوسنی تەعلیل و ، لەنێوان (تــاو) و (ئاو)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ئاگر) و (ئاو)دا طیباق هەیە .

مەبەستی نالێ لــە بەکارهێنانی وشەی (باعیث) بۆ پەیــوەندی نێوان (سۆزی دڵ) و (تاو و کوڵی گریان) و ، بەکارهێنانی وشەی (سەبەب) بۆ پەیوەندی نێوان (ئاگر) و (جۆششی ئاو) ئەوەیە بڵێ پەیوەندی ئەم دوانە وەك یەك نین و هیی یەکەم بەتین‌تر و بەهێزترە .

تاو و (چر) : تاوی . (اح) : تاو . بۆ هەردوکیان دەست ئەدا . (خا) : تاب و . ئاگر (عم) : ئاور .

ئەم بەیتە لە (چن) و (عم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب)دا بەیتی شەشەم و ، لە (کم) و (گم) و (من)دا بەیتی حەوتەمە .

(١٠) واتە : نالێ کە لە بەرپێتا کەوتووە و گوێ ڕایەڵ و فەرمان بەردارتە وەك زوڵفە دڕێژەکانت کە ئەکەونە بەرپێت ، مەیشکێنە یــەك و ئازاری دڵی مەدە و پشت‌گوێی مەخە و یادی بکەرەوە .

هەرچەند (تێك‌شکاندن) و (بەلاداخستن) لەم بەیتەدا دراونەتە پــاڵ نالێ ، بەڵام کۆکردنەوەیان لــەگەڵ زوڵفــدا لــە یــەك بەیتــدا شتێکی بێ‌موناسەبەت نییــە ، چونکە لە بنچینەدا ئــەبێ بدرێنــە پاڵ زوڵف .

تا له من ئەو زوڵفە ڕێی بۆسە و کەناری گرتووە
ناودەمم بێ شوبهە تامی زەهری ماری گرتووە (١)

خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دۆ گۆی سەر بە مۆر
مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە ! (٢)

مەبەستی نالێ ئەوەیە بڵێ ، هەرچەند من وەك زوڵفەکانت کەوتۆمەتە بەرپێت ، بەڵام ئەمە واناگەیەنێ لە هەمۆ شتێکا وەك زوڵفتم لەگەڵ بکەی.

وەکو (عب) : سری = سەری . بەمپێیە ئەبێ (نال)ی (نالێ)یش بە تاڵە باریکەکەی ناو قەڵەم مەعنا لێبدەینەوە . بە جەفا (کم) و (ت) و (اح) : بە جەفا و .

— ٢٤ —

(١) واتە : لەوکاتەوە کە زوڵفی یار ڕێی ئەوەی لێ گرتۆم لە باوەشمی گرم و ماچیکەم ، ناودەمم تاڵە و تامی ژاری مار ئەدا ، چونکە وەك چۆن گرانەتادار کە هیچ ناخوا ، لێوی بار ئەگرێ و تامی دەمی تاڵ ئەبێ ، منیش لەبەر بێبەش بۆن لە خۆراکی ماچی دەمی یار تامی دەمم تاڵ بووە ، یاخود لەبەرئەوە کە هەرچەند دەم ئەبەم گۆنای یار ماچ بکەم ، دەمم بەر زوڵفی وەك ڕەشماری ئەکەوێ و ڕەشماریش ژاراوییە . بەڵام ئەم مەعنای دۆهەمە لەگەڵ قەدر زانینی یاردا ناگونجێ .

زوڵفە (« پەراوێزی » چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) : شۆخە . بۆسە و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (عب) و (من) : بۆس و . زەهری ماری (چر) : ژەهری مار . (عب) : ژارە ماری .

(٢) عەرعەر : درەختی سەروی شاخێ ، درەختێکە وەك سەروی عادەتێ ، بەڵام کەمێك کورتتر و بچۆکترە لەو .

واتە : چەند جوان دۆ گۆی سەربەمۆر لەسەر سنگی یار سەریان هەڵداوە (مەبەست لە گۆکان جۆتە مەمکی یار و لە سەربەمۆر یا گۆی مەمکەکان یا کەس دەس بۆ نەبردۆییانە) . من لەوە سەرسامم کەوا کەی شتیوا ڕۆیداوە درەختی عەرعەر هەنار بگرێ . (مەبەست لە عەرعەر بالای یار و ، لە هەنار مەمکەکانیەتی) .

عەرعەر کەی (« پەراوێزی » چر) و (عب) : بۆچ عەرعەر . دیسان

ئەژدەهای زوڵفی لە دەوری گەنجی حوسنی حاریسە
حەڵقە حەڵقە ، چین بە چین ، سەرتا بە خواری گرتووە (٣)

ماهی من تەنها مەهێکە صەد نوجۆمی مەحو کرد
یاری من تەنها گوڵێکە صەد هەزاری گرتووە (٤)

(« پەراوێزی » چر) و (عم) و (گم) : چۆن عەرعەر . (کم) و (من) : عەرعەر چۆن . (ت) : کەی عەرعەر .

(٣) گەنج : گەنجینە ، خەزێنە . حاریس : پاسەوان .
واتە : زوڵفی یار ، وەک ئەژدەها ، دەوری گەنجینەی زێڕ و گەوهەری ڕۆمەتی داوە و پاسەوانیەتی و ، پەپکەی لەسەر کردووە و ، هەموی ، لەسەرەوە تا خوارەوە ، گرتووەتەوە . ئەم بەیتە ئیشارەتە بەو ئەفسانەیە کە ئەڵێن مار بەسەر گەنجینەوە هێلانە ئەکا .

زوڵفی ، حوسنی (عم) و (گم) و (عب) : زوڵفت ، حوسنت .
ئەم بەیتە و بەیتی پێشتر لە (عم) و (گم)دا بەرودوان . لە (عب)یشدا دوابەیتی پارچە شیعرەکەیە و نازناوی پێوە نییە .

(٤) ماه ، مەهـ : مانگ . نوجۆم : جەمعی نەجمە واتە ئەستێرە .
واتە : یاری دڵبەری من مانگێکی تاقانەیە ، بەڵام ڕۆناکییەکەی صەد ئەستێرەی لەناو بردووە و فەوتاندووە . تاقە گوڵێکە ، بەڵام صەد گوڵی گرتووە و بۆ هەرکوێیەکی ئەڕوانێ گوڵێکە بۆ خۆی . یاخود صەد دڵداری گیرۆدە کردووە . ئەشگونجێ مەبەست لە (ماه) مانگی بەمەعنا سێ ڕۆژ و لە نوجۆم جەمعی نەجمی بەمەعنا بەش بێ . واتە : هەرچەند یار جوانی تەنها وەرزێکە ، بەڵام جوانییەکەی بەجۆرێکە هەرگیز کز نابێ و صەد وەرز ئەگرێتەوە . وشەی (هەزار)یش بەگوێرەی شێوە نۆسینی کۆن بۆ (هوزار)ی بەمەعنا بولبولیش دەستئەدا . واتە : یار هەرچەند تاقە گوڵێکە ، بەڵام صەد بلبل عاشقی بوون .
مەحوکرد (ت) : پێوەیە . (عب) : کرد مەحو . هەزار : لە گەڵێ نوسخەدا بە (هوزار) نۆسراوە ، بەڵام ڕاستەکەی نالێ هەردۆ مەعناکەی مەبەست بووە . (کم) نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە و نیوەی یەکەمی بەیتی داهاتوی تیا نییە .
ئەم بەیتە لە (عب)دا بەیتی پێنجەمە .

دامەنی پاکێ مەداری دائیرەی خامەك نییە
خوێنی مەقتوولانە وا دامێنی یاری گرتووە (٥)

گەرد و بادی هیجری تۆ وا عالەمی لێ کردمە تۆز
نەك دو چاوم ، بەڵکە حەتتا دڵ غوباری گرتووە (٦)

شەربەتی عونابی لێوی شەککەر و بادامی چاو ،
سەروی قەددت ڕاستە ئەنواعی ئیماری گرتووە (٧)

---

(٥) دامەن ، دامێن : داوێن . پاکێ مەدار : خولگەی پاکێ و خاوێنێ . دائیرە : بازنە ، خولە . خامەك : قوماشێکی ئاوریشمە گەلێ ڕەنگی هەیە ، ڕەنگی هەرە باوی مۆرە . مەقتوڵ : کوژراو .

واتە : داوێنی یار کە خولگەی پاکێ و خاوێنییە و هەمۆ پاکێ و داوێن پاکییەك ئەچێتەوە سەر ئەو ، وەنەبێ لەبەرئەوە شین بکاتەوە کە لە قوماشی خامەك دروست کرابێ . ئەو ڕەنگە شینەی پێوەیەتی ڕەنگی خوێنی دڵدارە کوژراوەکانیەتی داوێنی گرتووە .

دامێنی (عم) و (ت) و (عب) : دامانی .
ئەم بەیتە لە (عب)دا بەیتی سێیەمە .

(٦) واتە : گەرد و بای دۆریی تۆ بەجۆرێ بەرچاوی گرتۆم و دنیای هەمۆ لێکردۆم بە تۆز ، نەك تەنها چاوەکانم کە بەدەرەوەن ، تەنانەت دڵیشم تۆز دایگرتووە .

گەرد و بادی (عم) و (گم) : گێژ و لۆلی . هیجری تۆ (ت) : هیجرەتت . (عب) : هیجرتە . دۆریش نییە (هیجرەتە) بێ واتە کۆچکردن و نالێ ئەم پارچە شیعرەی پاش بەجێهێشتنی کوردستان وتبێ . بەیتی دەهەمیش پشتی ئەم بۆچۆنەمان ئەگرێ .

(٧) عونناب : عەننـاب ، درەختێکی درکاوییە ، شەش میترێك بڵندە ، گەڵاکانی هێلکەیێ و ددانەدارن . گوڵێکی زەرد و هێشۆیێ ئەگرێ ، دارەکەی ڕەق و سۆرە . بەرێکی ورد و خڕ و بەتام و شیرینی هەیە . لە پایزا پێ ئەگا . بۆ دەرمانیش بەکاردێ . ئیمار : جەمعی ئەمەرە بەمەعنا میوە .

واتە : لە لایەکەوە شەربەتی شیرینی لێوی وەك عونناب سۆرت و ،

لەعلی شەككەرباری تۆ تێراوە ، شەككەر باریە
لێوی میحنەتباری من بێئاوە ، باری گرتووە (٨)

پڕجەفایە ، بێ وەفایە ، زۆد جەنگە ، دێر صوڵح
صەد درێغ و حەیفە طەبعی ڕۆزگاری گرتووە (٩)

لە لایەکی‌کەوە بادامی چاوتە . ڕاستە کە ئەڵێن درەختی سەروی بالآت چەند جۆرە میوەی وەك عونناب و بادامی گرتووە .

لێو و (چن) : لێو . دیارە (لێوی)یە . قەددی (« پەراوێزی » چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : قەددت .

نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە (« پەراوێزی » چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (من)دا بەمجۆرەیە .

پێوەیە بادامی چاو و شەككەر و عونابی لێو

تەنها لە (کم)دا (شەككەر و)وەکە کەوتووە .

ئەم بەیتە لە (عم)دا دەهەم و ، لە (کم)دا شەشەمە .

(٨) لەعل : بەردێکی گرانبەهای سۆرە . لێرەدا کینایەیە لە لێوی یار . بار : تۆڕێکە لە لێوی نەخۆش و تینۆ ئەنیشێ .

نالێ لەم‌بەیتەدا بەراورد لەنێوان لێوی خۆی و یاردا ئەکا و ئەڵێ : لێوی وەك لەعل ئاڵ و شیرینی تۆ ، تەڕ و پاراو و تێراوە ، شەکری بە سەرەوەیە . لێوی مەینەتباری منیش لە خەم و خەفەتدا وشك هەڵاتووە و تەڕاییی لێ‌بڕاوە و ، باری تاڵی لێ نیشتووە .

لەنێوان هەردۆ (شەككەربار)دا جیناسی تەواو و ، لەنێوان (تێراوە) و (بێئاوە)شدا طیباق هەیە . هەروەها لەنێوان هەردۆ (بار)دا جیناس هەیە .

تۆ (عم) و (گم) : ئەو . تێراوە (چر) : تێراوی .

(٩) زۆد : زۆ . دێر : درەنگ . صوڵح : ئاشتبۆنەوە .

واتە : یار زۆرم ئازار ئەدا و ، بەڵێن و پەیمانی نییەو ، زۆ ئەکەوێتە شەڕ و درەنگ ئاشت ئەبێتەوە . صەد حەیف و صەد مخابن وا ئەمیش سروشتی ڕۆژگاری گرتووە و وەك ئەوی لێ‌هاتووە .

لەنێوان (جەفا) و (وەفا)دا جیناسی لاحیق و طیباق و ، لەنێوان (زۆ) و (دێر) و ، (جەنگ) و (صوڵح)دا تەنها طیباق هەیە .

ڕۆزگاری (گم) : ڕۆژگاری .

یادی (کانێ دمدم) و سەرچاوەکەی (مێگوڕ) دەکا
(بەکرەجۆ)ی چاوم کە شێوەی (سەرچنار)ی گرتووە (١٠)

بێ مەحابا ئاو دەڕێژێ گەھ بە فەور و گەھ بە دەور
چاوی من موددێکە شێوەی ئابشاری گرتووە (١١)

شەمعی بەزمی من کەوا سۆتاوە ، زەرد و ئەشك ڕێژ
قەت نییە فەردێك نەڵێ ڕەنگی مەزاری گرتووە (١٢)

---

(١٠) ئەبێ (کانێ دمدم) یا (کانێ دەمدەم) و (مێگوڕ) ناوی دۆ سەرچاوە بن ، وەك (بەکرەجۆ) و (سەرچنار) .

سەرچاوەکەی (مێگوڕ) دەکا : ئەمە تەنها لە تێکستی (چن)ەوە نزیکە کە بەمجۆرە نۆسراوە : سەرچاوکە میگر دکا . تێکستی هیچ کام لە نوسخەکانیترمان بۆ ڕاست نەکرایەوە . بۆیە وا وەك خۆیان ئەیاننۆسینەوە . (چر) : سەرچاوە گرمی کردکا . (« پەراوێزی » چر) و (عب) : سرچاوە کرمی کردکان . (ت) : سەرچاوکەء میکرد دکا . (ك) : سرچاوە کرمی سردکا . (اح) و (خا) : سەرچاوەء کومی کردکا . (من) : سرچاوە گومی کردکات .

ئەم بەیتە لە هەمۆ نوسخە دەستنۆسەکاندا ، (عب) و (من) نەبێ ، دوابەیتە و نازناویش نییە . لە (عب)دا بەیتی پێش دوابەیتە و دوا بەیت بەیتی سێهەمی ئێرەیە . بەڵام لە (عم) و (گم)دا پێنج بەیتیتریش هەیە کە یەکێکیان هەروەها لە (کم) و (من)یشدا هەیە .

(١١) مەحابا : لایەنگرێ . گەھ : جارجار . فەور : پەلە . دەور : نۆبە . ئابشار : تافگە .

واتە : چاوی من هەمیشە ، بێ خۆبەستنەوە بە کاتێکی تایبەتییەوە ، جارجار بە پەلە و جارجار بە نۆبە ، فرمێسك ئەڕێژێ ، چاوی من ماوەیەکە وەك تافگەی ئاوی لێهاتووە و سەرەمڕ ئاوی لێ ئەڕوا .

ئەم بەیتە تەنها لە (عم) و (کم)دا هەیە و لەو دۆ نوسخەیەشدا بەیتی هەشتەمە . ئێمە لێرەدا دامانا چونکە لە نوسخە دەستۆسەکاندا نەبۆ .

(١٢) نالێ لەم بەیتەدا چاوی خۆی شوبهاندووە بە مۆم و ئەڵێ : مۆمی بەزم ڕازێنەوەی من کە چاومە ، سۆتاوە و زەرد هەڵگەڕاوە و فرمێسك ئەڕێژێ کە دڵۆپەی مۆمە تواوەکەیە ، ئەوەندە کپ و بێدەنگە و بێدەنگ

موددەعێ زەجرم دەکات و ، پێم‌دەڵێ : صەبرت ببێ
کەر بە لەعنەت بێ کە کەی عاشق قەراری گرتووە ! (١٣)

« نالێ » وا دائیم کە مەشغوڵی فوغان و ناڵەیە
باعیثی هیجرانی یارە دڵ شەراری گرتووە (١٤)

بۆ خۆی ئەگرێ ، کەس نییە نەڵێ ڕەنگی گۆڕستانی لێ نیشتووە .
ئەم بەیتەش هەر لە (عم) و (گم)دا هەیە .

(١٣) زەجر : سەرکوتاندنەوە .

واتە : کابرای لە خۆشەویستێ نەگەیشتۆ سەرم ئەکوتێتەوە کەوا من بەدەست دەردی دڵەوە نارەحەتم و پێم‌ئەڵێ خۆت ڕاگرە .. دەك پیاوی کەر بەلەعنەت بێ ، ئەگەر ئەو کەر نەبوایە ئەیفامێ کەوا دڵدار هەرگیز خۆی پێ ڕاگیر ناکرێ .

ئەم بەیتەش هەر لە (عم) و (گم)دا هەیە .

لەم دۆ نوسخەیە و لە (کم) و (من)یشدا پاش ئەم بەیتە بەیتێکی‌تریش هەیە . ئەو بەیتە ئەوەیە لە (کم)دا کراوە بە دوا بەیت . لەبەرئەوە کە ئەو بەیتە لە زۆر ڕووەوە لە بەیتی دەهەمی ناو ئەسڵی شیعرەکان ئەچێ ، نەمانتوسییەوە . ئەو بەیتە ئەمەیە :

چاوی « نالێ » دائیمەن فرمێسکی لێ دەڕژێتە خوار
وادەزانم هەر کە شێوەی سەرچناری گرتووە

(١٤) شەرار : شەراڕە ، بڵێسە .

واتە : نالێ کە هەمیشە ئەناڵێنێ و هاوار ئەکا ، بەهۆی دۆریی یارەوەیە کە ئاگری بەرداوەتە دڵ و دەرۆنی .

ئێمە، هەرچەند ئەم پێنج بەیتە زیادەمان بڵاو کردەوە کە هەر لە نوسخە چاپەکاندا هەن ، لەو باوەڕەدا نین هیی نالێ بن . نە شێوە و نە تەکنیکی دارشتن و نە ناوەڕۆك هیچیان واناگەیەنن بەشی یەکەم و دۆهەمی ئەم پارچە شیعرە لە یەك جۆر بن . نەبۆنی نازناویش لە دوابەیتی بەشی یەکەمدا کە بەیتی دەهەمە ، شتێکی سەیر نییە . سەرەڕای ئەوە کە هەر لەوانەیە نالێ خۆی نازناوی‌دانەنابێ ، ئەشگونجێ گۆڕانێ بەسەر دوابەیتا هاتبێ ، یا بەیتی‌تر بۆبێ و فەوتابێ .

لە نوسخەکانی (کم) و (گم) و (من)دا وردە جیاوازییەکی بێ‌بایەخ لەنێوان تێکستەکانی ئەم بەیتەدا هەیە .

گولّبنی قەددت لە قوبیەی سینە غونچەی کردووە
غونچە بەم شیرینییە قەط نەی‌شەکەر نەیکردووە (١)

نەخلی بالآت نەوبەرە ، تازە شکۆفەی کردووە
تۆ کە بۆی شیرت لە دەم دێ ، ئەم مەمەت کەی کردووە ! (٢)

— ٢٥ —

(١) گولّبن : درەختی گولّ . چەپکە گولّ . قوبیە : گومەز . نەی‌شەکەر : قامیشی شەکر .

واتە : بالآی وەك گولّباخت ، بەسەر گومەزی سنگتەوە کە مەمکەکانتە، خونچەی کردووە کە گۆکانیەتی .. خونچەیەکی ئەوەندە بەتام و خۆش و شیرینی کردووە ، لەگەلّ ئەوەشدا کە هێشتا کاڵە ، قامیشی شەکر پیا ناگاتەوە لە شیرینیدا .

دیارە نالێ ئەم پارچە شیعرەی بۆ کچۆلّەیەکی تازە پێگەیشتۆ وتووە .

گولّبنی (کم) و (من) : گولّبەنی . (گم) و (تو) و (خا) : گولّبونی . کردووە ، نەیکردووە (چر) و (تو) و (عب) و (خب) : گرتووە ، نەیگرتووە. قەط (کم) و (تو) و (عب) و (خب) : قەد . (گم) و (من) : قەت .

(٢) نەوبەر : تازە بەر گرتۆ . شکۆفە : گۆپکە ، هەلاّلە . نەخل : دار خورما . بۆ : بۆن . مەمە : مەمك .

واتە : بالآی وەك دار خورما بەرز و رێك و پێکت ، تازە بەری گرتووە و هەلاّلەی کردووە .. تۆ ئەوەندە منالّی هێشتا بۆنی شیر لە دەمت دێ ، چۆن وا مەمکت کردووە ؟ (مەمك کردن ، بێجگە لە مەعنا دیاریيەکەی ، کینایەشە لە گەورە بۆن و پێگەیشتن) .

لەنێوان (دەم) و (ئەم) و (مەم)دا جیناسی لاحیق و ، لە کۆکردنەوەی (شیر) و (مەم)یشدا تەناسوبێکی جوان هەیە ، چونکە شیر لە مەمکەوەیە. تازە (خب) : دوێنێ .

ئەم بەیتە لە (چر) و (کم) و (گم) و (عب) و (من)دا سێهەم و ، لە (تو)دا چوارەمە .

قامەتت نەخلە ، بە شیری ، فائیقەی پەی کردووە
نەحلی بێ‌نێشی مەمەت شەهدی سپیی قەی کردووە (٣)

---

(٣) نەخل : دار خـورما . کینایەشە لە بالآبەرزێ . فائیقـە : حوشترێکە هەر لەگەڵ دۆشینیا گوانی پـڕ ببێتەوە لە شیر . فائیق : لای سەرۆی گەردن کە سەر و ملی تیا یەکئەگرێتـەوە . پەی‌کردن : قاچ بڕینەوە . نەحل : هەنـگ . بێ‌نێش : بێ‌چزۆ . بێ‌ئازار . شـەهد : هەنگوین . قەی‌کردنەوە : ڕشانەوە .

لێکدانەوەی مەعنـای نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە ، بـە مەینەتێکی زۆر تەواو بۆ بۆمان ، چونکە تێکستی هەرکام لە نوسخەکانی بەردەستمان بە تەنها خۆی مەعنایەکی تەواوی نەئەدا بەدەستەوە . ئێمە ئەم تێکستەی ئێرەمان لە لێکدانی وشە ڕێ‌تێ‌چووەکانی هەمۆ نوسخەکان دارشتووە . بەر لە لێکدانەوەی مەعنای بەیتەکە وەك خۆمان بۆی چووین ، وا بە باشتر ئەزانین تێکستی هەمـۆ نوسخەکانی بەردەستمان بە شـێوە نۆسەکەی خۆیان بخەینە بەرچاو .

(چر) و (تۆ) و (عب) و (خا) :

قامت نخلی بشیری فایقی کی کردوه

(چن) : **قامتت نخله به شیر فایق پی کردوه**

(عم) : **قامتت نخله و به شهدی فایقی کی کردوه**

(کم) : **قامتی نخلی بشیری فایقی کەی کردوه**

(گم) : **قامتت نخله به شهدی فایقی کێ کردوه**

(ك) : **قامتت نخل بشیر فایقی پی کردوه**

(اح) : **قامتت نخل بشیره فایق پی کردوه**

(من) : **قامتی نخلی بشیری فایقی قەی کردوه**

(خب) : **قامت نخل بشیر فائقی قی کردوه**

ئەمە بـەش‌بەحاڵی نیـوە بەیتی یەکـەم . بەش‌بەحاڵی نیـوە بەیتی دۆهەمیش ، جیاوازیی بێ‌هەڵە هەر ئەمە بۆ : بێ نێشی (چن) و (عب) : بێ مێشی .

مەعنای بەیتەکەش ، وەك ئێمە بۆی ئەچین ، بەمجۆرەیە : بالآت وەك دار خورما بـەرزە ، بە شمشێری دەستی ، یاخود بە شـیری مەمکەکانی ،

نەخل و ڕۆممان پێکەوەن ، یا باغەبان وەی‌کردووە :
سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتوربەی کردووە ! (٤)

حوشتری شیرای ، یاخود شوێن پێوەندی سەر و گەردنی پەی کردووە و بڕیوەتــەوە . هەنگی ئازار نەگەیێن و بێ‌چــزۆی مەمکیشت ، هەنگوینی سپیی هەڵهێناوەتەوە .

لەوانەشە لــە نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا ، لــە (نەحلی بێ‌نێش) و (شەهدی سپێ)دا ئیشارەت بە حاڵەتی (حەسانەوەی ئافرەت) کرابێ .

ئەم بەیتە لە نوسخەی (ت)دا نییە و ، لە (چر) و (کم) و (گم) و (من) و (عب)دا چوارەمین بەیتە . تەنها لە نوسخەکانی (عم) و (گم)دا لەپاش ئــەم بەیتەوە ، ئەم بەیتەی خوارەوەش هەیە کە لەگەڵ شێوەی تێکڕای پارچە شیعرەکەش ناگونجێ و مەعناکەشی زۆر سادەیە و لــە چەشی نالییەوە دۆرە :

خۆم بە قوربانی سەر و دەسمالّ و دوگمەی کردووە
خۆم بە قوربانی دو چاوی پڕ لە سورمەی کردووە

(٤) ڕۆممان : هەنار . باغەبان : باخەوان . سێب : سێو . موتوربە : پێوەند، تلقیح . وەی : وای ، وەهای . لە نوسخەکــانی بەردەستمــانا نۆسراوە (وای) . ئێمە ئەوەمان لا هەڵە بۆ ، بۆیە بەمجۆرەی ئێرەمان نۆسییەوە .

واتە : سەرم لەم بالاّی وەك دار خورما بەرزی بەبەری هەنارەوەی یارە سوڕماوە . نازانم ئاخۆ هەر لە سروشتدا وایە دار خورما بەری هەناری گرتووە ، یاخود باخەوان هاتووە داری بەرزی سەروی لە داری سێو و بەی موتوربە کردووە و بالاّی وەك سەروی یار مەمکی وەك سێو و بەیی گرتووە .

نەخل و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : ســێب و . (عم) و (گم) : سێو و . موتوربەی : لە هەمۆ نوسخەکاندا ، (عم) و (گم) و (خب) نەبێ ، بە هەڵە بە (مطربەی) نۆســراوە . (عم) بــە (مربی) و (گم) بە (مطربە)ی نۆســیوە ! تەنها (خب) بــە بێ‌هــەڵە نۆسیویەتەوە لەسەر ڕێنۆسی کۆن . زۆر سەیرە کۆمەڵێ نۆسەر وشەیەکی ڕەسەنی کوردییان لێ ببێ بە عەرەبێ !

ئەم بەیتە لە (چر) و (ت)دا سێهەم و ، لە (چن) و (اح) و (ك) و (خا) و

بۆ مەمك « نالێ » چ منداڵانە وەی وەی کردووە
گەرچی مۆی وەك شیرە ، بەو شیرە شکۆفەی کردووە (٥)

خۆش بە هەردۆ دەست و دەم گرتــۆیە ئۆخەی کردووە
کیذب و توهمەت ، ئیفتیرا و بوهتان کە تۆبەی کردووە (٦)

(خب)دا چوارەم و ، له (کم) و (گم) و (من) و (تو) و (عب)دا دۆهەمە .

(٥) واتە : بڕوانە بۆ نالێ چون وەك منداڵ بۆ مەمکی یار ئەگرێ و کەوتووەتە هاوار هاوار .. هەرچەند پیریش بووە و مۆی وەك شیر سپێ بووە ، بەو شیرەی مەمکی یار هەڵاڵەی کردووە و پێگەیشتووە .

ئێمە وای بۆ ئەچین وشەی (بەو) بە (بۆو) بخوێنرێتەوە واتە (بۆ ئەو) و مەعنای بەیتــەکە وای لێبێتەوە : بــۆ ئــەو شــیرە منــاڵ بووەتەوە و کەوتووەتەوە گڕ و گاڵ و وەك درەختی بەهاران هەڵاڵەی کردووە .

دۆریش نییە مەبەستی لە (شکۆفە کردن) سپێ بۆنی زێشی بێ و بڵێ ئەو سپیەتییە لەئەنجامی سپیەتیی شیری مەمکی یارەوەیە .

وەی وەی (چر) و (عب) : وای وای . بەو (چر) و (کم) و (گم) و (تو) و (عب) و (خب) : لەو .

(٦) خۆش : زۆر باش . توهمەت ، ئیفتیرا : بوختان .

واتە : سەیری نالێ کە چەند چاك بە هەردۆ دەست و بــە دەم مەمکی یاری گرتووە و لە خۆشییاندا هەر (ئۆخەی .. ئۆخەی !)یەتی .. درۆ و بۆختانە ئەڵێن تۆبــەی کردووە و دەستی لە مەمکی یــار هەڵگرتووە . شتێوا ڕاست نییە و دڵداری ڕاستەقینەی وەك نالێ هەرگیز تۆبەی پێ ناکرێ .

بوهتان (گم) : بوختان .

ئەم بەیتە و بەیتی پێشۆ تەنها بەگوێرەی (عب) بەرودوا بەیتی پێنجەم و شەشەمن . ئەگینا لە هەمۆ نوسخەکانیترا ، لە (چر)دا نەبێ ، لە جێی یەکتردان . ئێمە شێوەی نوسخەی (عب)مان پەسەند کرد چونکە بەپێی نوسخەکانیتر مەرجەعی ضەمیری (کردووە)کــانی بەیتی پێشــۆ دیار نەئەبۆ کە ئەوەش دروست نییە . لە نوسخەی (چر)دا نیــوەی یەکەمی بەیتی پێنجەم و نیوەی دۆهەمی بەیتی شەشەم کراون بە بەیتی پێنجەم و، نیوەی یەکەمی بەیتی شەشەم و نیوەی دۆهەمی بەیتی پێنجەم کراون بە بەیتی شەشەم . لە پەراوێزیشدا بە فارسێ نۆسراوە « در نسخهء قدیمه

گەرمێ و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە
پشکۆی گوڵاتەشین بە نەسیم بۆ گەشایەوە (١)

مصرع ثانی (بو ممك .. الخ) ، (گرچه موی .. اه) است ، و مصرع ثانی (خوش بهردو .. اه) ، (کذب و تهمت .. است) » . واته له نوسخه کۆنەکەدا نیوەی دۆهەمی (بۆ مەمك .. تاد) ، (گەرچی مۆی ..) ه و نیوەی دۆهەمی (خۆش بە هەردۆ .. تاد) ، (کیذب و توهمەت ..)ه . واتە : ئەو نوسخە کۆنەیەش کە (چر) ئیشارەتی بۆ ئەکا ، هەر وەك نوسخەکانیتر و ئەم نوسخەی ئێمەیە وایە .

— ٢٦ —

ئەم قەسیدەیەی نالێ ، سەر تا خواری تەرخانە بۆ باسی بەهار .

(١) گوڵاتەشین : گوڵ ئاتەشین ، گوڵی وەك ئاگر سۆر . نەسیم : سروەی ناسکی با .

واتە : بەهۆی گەرمێ و تەڕیی هەوای بەهارەوەیە وا پشکۆی ئاگری زستان کوژایەوە ، چونکە کە گەرما داهات پێویست بە ئاگر نامێنێو کە دنیا تەڕ بۆ ئاگر ئەکوژێتەوە . بەهۆی سروەی ناسکی بای بەهاریشەوە بۆ پشکۆی گوڵی سۆری وەك ئاگر خۆڵی بەسەرەوە نەما و گەشایەوە و زەنگە سۆرەکەی دەرکەوت .

دۆر نییە نالێ بە ڕستەی (پشکۆ کوژایەوە) ئیشارەتێکی بەپێچەوانەشی کردبێ بۆ زاراوەی (سقوط الجمرة) کە بە کاتی سەرەتای داهاتنی گەرما و شکانی سەرما ئەڵێن و مەبەست لێی ئەوەیە پشکۆیەکی ئاگر کەوتووەتە سەرزەوێ و دنیا تۆزێ سەرمای شکاوە . ئەگەر وابێ نالێ (سقوط)ەکەی کە لە زاراوە عەرەبییەکەدا بەمەعنا کەوتنە زەوییە ، بە (کوژانەوە) مەعنا لێداوەتەوە .

نالێ هەروەها لەم دۆ نیوە بەیتەدا طیباقێکی جوانی بەدیمەن دروست کردووە کە ئەوەتە ئەڵێ (پشکۆ کوژایەوە) و (پشکۆ گەشایەوە) و لەڕاستیشدا (کوژانەوە) و (گەشانەوە)کە یەك شتن . لەنێوان هەردۆ وشەی (پشکۆ)شدا ئیشتیراك هەیە .

گوڵاتەشین بە نەسیم بۆ (چر) و (کم) و (ت) و (ك) و (تو) و (عب) و (اح) و (خا) : گوڵاتەشینی نەسیم بۆ . (من) : دڵاتەشینی نەسیم بۆ .

لاله که مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ
ناوی کە پڕ خەڵۆزە بە شەبنم گەشایەوە (٢)

گوڵ زاری وا ، کە هەرچی دەمێکی بو پێکەنێ
غونچەی گەشا کە یەعنی گرێی دڵ کرایەوە (٣)

---

(٢) لاله : گوڵێکی جوانە پتر لە شوێنی شێدار و قەراخئاودا ئەڕوێ . بە عەرەبێ پێی‌ئەڵێن (شقائق) یا (شقائق النعمان) ، گەلێ جۆری هەیە . هەیەتی سێ پەڕە و هەیەتی پێنج پەڕەی هەیە . ماڵییش و کێوییشی هەیە . کێوییەکەی پەڕەکانی سوور و بنی پەڕەکانی لەکەیەکی ڕەشی پێوەیە . لە سەرەتای بەهارا بە سەلك ئەنێژرێ . مەجمەر : مەقەڵێ ، جێگای پشکۆی ئاگر . شەبنم : شەونم .

واتە : گوڵی لاله کە ئەڵێی مەقەڵییە پڕە لە پشکۆی لۆتکە سوور و گەش و بن ڕەش کە هێشتا هەر خەڵۆزە و گەش نەبوەتەوە و .. بە شنەی بای بەهار ئەگەشێتەوە و وەك ئاگر خۆش بکەی ، خۆش ئەبێ ، ناوەکەی کە هێشتا ڕەشە و سوور نەبوە ، بە شەونمی بەهار گەش ئەبێتەوە .. سەیرە خەڵۆزی ناو مەقەڵێ بە با گەش ئەبێتەوە ، بەڵام ڕەشیی گوڵی لاله بە شەونم ئەگەشێتەوە کە ئاوە و ئەبۆ وەك چۆن ئاو پشکۆ ئەکوژێنێتەوە ، ئەمیش بەشە سوورەکەی ئەوی ڕەش کردایەتەوە .

دەبێ (کم) : ئەبێ . شەبنم (گم) : شەونم . گەشایەوە (چن) و (عم) و (گم) : کوژایەوە . ئەگەر (گڕایەوە) نەبۆبێ و دەسکارێ کرابێ ، دیارە هەڵەیە .

(٣) زار : دەم .وا : کراوە . گەشا : گەشایەوە .

واتە : گوڵ دەمی کراوەتەوە کە ئەوەش وائەگەیەنێ هەرچێ گەڵایەکی‌کراوەی هەیە هەموی بووە بە دەم و هەرچێ دەمیشی هەیە هەموی هاتووەتە پێکەنین . خونچەش گەشاوەتەوە و پەڕە یەك لە یەك پێچراو و ئاڵۆزەکانی لە یەك جوێ بۆنەتەوە و ، ئەو کرانەوەی ئەوانەش واتە گرێی دڵی خەفەتباران کراوەتەوە کە جاران زستان لە کونی ژۆرەوەی توند کردبۆن .

ئەشتوانین نیوە بەیتی یەکەم بە جۆرێکی‌تر مەعنا لێبدەینەوە لەسەر بناغەی ئەوە کە (گوڵ) و (زار) بە (گوڵزار) بخوێنینەوە و (وا) بکەین بە خەبەری ، واتە : گوڵزاری بەهار بەجۆرێك بۆ هەرچی دەمێکی هەبۆ ،

فەصڵێ کە هەر لە فەرقی بەشەر تا ژەگی شەجەر
وشکێ بە غەیری صۆفیی‌یو عاصای نەمایەوە (٤)

لەم فەیضی نوور هەرچی کەوا نارە مردووە
بەم نەفخی صوور هەرچی کە خاکە ژیایەوە (٥)

یا هەر کاتێکی هەبۆ ، پێئەکەنێ . بۆیە لە (زار) و (وا) و (دەم)دا لەطافەت هەیە .

دەمێکی بو (چر) و (ت) و (اح) و (خا) : دەمێکی کە . («پەراوێزی»چر): دەمێ هەیبو . (چن) : دەمێك بو . ئەبێ ئەمیش (دەمێکی) بێ . غونچەی: ئەمە تێکستی تەنها (چر)ە . نوسخەکانی‌تر هەمۆ (غونچە) . (گم) : خونچە! گرێی دڵ کرایەوە (چر) : گوزەی یا گرەی دڵ گەڕایەوە یا گڕایەوە . (ت): کری دڵ کرایەوە . بۆ هەمۆ ئیحتیمالەکان دەست ئەدا . (تـو) : گڕی دڵ کوژایەوە . (اح) : کژیی دڵ کرایەوە . لەوانەیە (کژێ) بەمەعنـا (کرژێ) بێ . (خا) : کرەی دڵ کرایـەوە . بۆ (گرەی) و (گوزەی) و (گەڕایەوە) و (گڕایەوە) ئەگونجێ .

(٤) فەرق : تەوقی سەر . شەجەر : درەخت : عاصا : داری دەست .
واتە : وەرزێکی‌وا پڕ لە خۆشێ و ژیانە هەر لە تەپڵی سەری بنیادەمەوە تا زەگ و ڕیشەی گیا و درەخت هەمۆی تەڕ بووەتەوە و کەوتووەتـەوە گەشەکردن و ، لە وشکە سۆفێ و دارە زەق و تەقەکەی دەستی بەولاوە کە یەك لە یەك وشـك و بێگیـانترن ، شت نەمـاوە نەخۆسـابێتەوە و نەبۆژابێتەوە .

صۆفی‌یو عاصـای (چن) : صۆفێ عەصـایێ . بەپێـی ئەم نوسـخە زیادەڕەوییەکی لەڕادەبەدەر پێك‌دێت .

(٥) فەیض : لێشاو . نار : ئاگر . نەفخی صوور : فۆکردن بەو کەڕەنایەدا کە مردۆی پێ زیندۆ ئەکرێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا .
واتە : لەم وەرزی بەهارەدا بە هێزی لێشاوی نووری خودا ، هەرچـێ ئاگرە و لە سروشتی ئاگردایە و سەرکەشە ، سارد بووەتەوە و مردووە . هەرچێ لە خاکیشـە و سروشـتی خاکییە ئەبۆژێتـەوە و ئەژیێتـەوە و سەر لە خاك دەرئەهێنێ .
لەنێوان (نوور) و (نار)دا جیناسی لاحیق و طیباق و ، لەنێوان (صوور) و (نوور)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (نار) و (خاك) و ، (نەفخی صوور) و (مردووە) و (ژیاوە)دا تەناسوب هەیە .

هەنجیری نەو شکۆفە کە پڕ بۆ لە شیری صاف ،
طیفلی عینەب شکۆفەیی کرد و ڕشایەوە (٦)

دایەی زەمین کە حامیلی ئەبنایی مەحشەرە
هەر تۆوێکی تیا کە ئەمانەت بو ، دایەوە (٧)

---

(٦) نەوشکۆفە : تازە گوڵ کردۆ . ڕشایەوە : ڕشانەوەی تڕێ لە کوردەواریدا بەو کاتە ئەوتڕێ کە تازە هێشۆی بەرسیلە دەرئەکەوێ و دەنکەکانی ئێجگار وردن .

نالێ لەم بەیتەدا تەقلە هەنجیری تازە هەڵتۆقیوی ساق پڕ لە شیلەی وەك شیری شوبهاندووە بە مەمکی کچی تازە پێگەیشتۆ و ، بەرسیلەی تازە دەرکەوتۆی تڕێیشی شوبهاندووە بە منااڵ و ، لەبەرئەوە کە بەو دەرکەوتنی بەرسیلەیە ئەڵێن (ڕشانەوەی تڕێ) ،داینناوە کەوا منااڵەکە کە بەرسیلەکەیە ڕشاوەتەوە و ڕشانەوەکەشی داوەتە پاڵ پڕبۆنی مەمکی هەنجیر لە شیر ..

نالێ ئەڵێ : کە تەقلە هەنجیری تازە هەڵتۆقیو پڕ بۆ لە شیری خاوێن و بێگەرد ، بەرسیلەی تازە دەرکەوتۆی ساواش گەشایەوە و ڕشایەوە .. لەم بەیتەدا لەنێوان (هەنجیر) و (عینەب) و ، (طیفل) و (ڕشانەوە)دا تەناسوب هەیە .

هەنجیری (چر) و (ت) و (خب) : ئەنجیری .

ئەم بەیتە لە نوسخەی (چر) و (عب)دا بەیتی حەوتەم و ، لە نوسخەی (تو)دا بەیتی هەشتەمە .

(٧) دایە : دایك . حامیل : هەڵگر ، دۆگیان . ئەبنا : ئەبناء ، جەمعی ئیبنە بەمەعنا منااڵ .

نالێ لەم بەیتەدا بەهار ئەشوبهێنێ بە ژۆژی حەشر کە هەمۆ مردۆ زیندۆ ئەبنەوە . مردووە زیندۆبووەکانیشی ئەو تۆوە جۆربەجۆرانەن کە لەناو زەویدان و ئەژوێن و سەر دەردێنن . لە لایەکی‌کەشەوە زەویی کردووە بە دایکی دۆگیان و گژ و گیا و گوڵی سەر دەرهێناوی کردووە بە منااڵی ناو سکی ئافرەتی دۆگیان و ، ئەڵێ : دایکی زەوێ کە ئاوسە و تۆوی هەمۆ جۆرە ژووەکێك لە سکیایە ، وەك چۆن زەویی ژۆژی مەحشەر ئەم هەمۆ خەڵکەی لە توێدایە ، هەمۆ ئەو تۆوانە ئەداتەوە کە بە ئەمانەت لای دانراون ، وەك چۆن زەویی ژۆژی مەحشەر هەمۆ مردووەکانی ناوی

سونبول لەبەر ڕۆعۆنەتی شمشادی تازەدا
هات و بە طەعن و دەورە بەسەریا شکایەوە (٨)

خەضرا ، دەڵێی زەمینە بە (چین) و (خەطا)یەوە
غەبرا ، دەڵێی سەمایە ، بە شەمس و سوهایەوە (٩)

هەڵئەداتەوە بۆ سەر زەوێ .

لە کۆکردنەوەی (دایە) و (حامیل) و (ئەبنا) و (تۆو) و ، هەروەها لە کۆکردنەوەی (زەمین) و (تۆو)دا تەناسوب و ، لەنێوان (دایە) و (دایەوە)دا وشە ئارایێ هەیە .

تۆوێکی (چر) : تۆوی کە . (عم) و (ت) و (اح) و (خا) و (خب) : تۆیێکی . (کم) و (من) : توخمی . (گم) : تۆوی . تیا کە (چن) : تێدا بو . (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) و (خب) : تێدا کە . ئەمانەت بو (چر) : ئەمانەت . دایەوە (چر) : درایەوە .

ئەم بەیتە لە نوسخەکانی (چر) و (تو) و (عب)دا بەیتی شەشەمە .

(٨) ڕۆعۆنەت : بێعەقڵێ . شمشاد : داری شمشاڵ . طەعن : ڕم پیاکردن . دەورە : خول بە دەورا خواردن . ئەم دوانە زاراوەی جەنگن .

واتە : سونبولی تازە دەرهاتوی بەهار کە بێعەقڵیی داری شمشاڵی دێ هەر هەڵئەچێ و خۆی لێ بایێ ئەبێ ، ڕۆی تیر و ڕمی خۆی تێ کرد و بەدەوریا پێچی خوارد و شکایەوە بەسەریا . مەبەست لە بێعەقڵیی داری شمشاڵ ئیشارەت کردنە بەو درۆ فۆلکلۆرییە کە ئەڵێ : « درێژ بێعەقڵە » !

لەبەر (چن) : لەسەر . (کم) و (ت) و (ك) و (اح) و (من) و (خا) و (خب): بەسەر . بەطەعن و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : بە طەعن . دیارە ئەبێ لەگەل (و)ی عەطفدا بێ . بەسەریا (کم) و (ت) و (اح) و (من) و (خا) : بە شیر (؟) .

ئەم بەیتە لە نوسخەی (چر) و (تو) و (عب)دا بەیتی حەوتەمە .

(٩) خەضرا : سەوز ، ئاسمان . خەطا : خەتا و خوتەن ، دۆ ناوچەن لە تورکمانستان . غەبرا : تۆزاوێ ، ئاسمان . سەما : ئاسمان . سوها : یەکێکە لە ئەستێرەکانی کۆمەڵەی حەوتەوانە .

واتە : زەوێ ئەوەندە سەوز و نەخش و نیگاراوێ و بۆنخۆشە ، وای

(بَرْدُ العَجوز)هێکی که نەیبۆ به غەیری بەرد
دنیا ئەمە چ ژەنگە ، چ بێنێکە دایەوە ! (١٠)

غەیری تەژیی عیشقی حەرارەتنوما ، نەمـا
بەفریش لە سەرد و گەرمی خەجاڵەت توایەوە (١١)

لێهاتووە تەنانەت ئاسمانی سەوز و ژازاوەشی پێ ئەشوبهێنرێ و ئاسمان لە سەوزێ و ژازاوەیدا لە زەوێ ئـەچێ . زەویش ئەوەندە جوان و ژۆناکە ئەڵێی ئاسمانە بە خۆر و ئەستێرەی حەوتەوانەیەوە .

لەنێوان (خەضرا) و (غەبرا) و ، (زەمین) و (ئاسـمان) و (شـەمس) و (سوها)دا طیباق هەیە . لەنێوان (سەما) و (سوها)یشدا نیمچە جیناسێکی لاحیق هەیـە .

دەڵێی ــ لە هەردۆ نیوە بەیتەکەدا ــ (کم) : ئەڵێی .

(١٠) برد العجوز : برجی پیرەژن ، چەنـد ژۆژێکە لە دوازۆژەکانی زسـتان ، هەوایان تیا زۆر سارد ئەبێ .

واتە : تا دوێنێ (برد العجوز)یێك بۆ لە سەرمـایەکی وەك بەردی ژەق بەولاوەی نەبۆ بیدا بە زۆی بنیادەما ، نازانم ئیستا دنیا چ ژەنگ و بۆنێکی خۆشی بەهار ئەداتەوە و ئەمە هەموی لەکوێوە هات وا زۆ ؟ . یـاخود دنیا تا دوێنێ لە ژەنگ و زۆدا وەك (بەرد) و وەك (پیرەژن) وابۆ ، ئیستا چۆن وا وەرگەڕا و ژەنگ و بۆنی بەهاری وەرگرت کە ئەڵێی کچی ژازاوەیە گوڵاوی داوە لە سەر و زۆی ؟!

(برد العجوز)هێکی (چـر) و (عـم) و (گـم) و (تـو) و (عـب) : (برد العجوز)هێکە . بە غەیری (عب) : لە غەیری .

(١١) حەرارەت نوما : گەرما نوێن .

واتە : بە داهاتنی بەهار ، بێجگە لە تەژیی دڵی دڵداران کە ئەویـش نیشانەی گەرمایە ، هیچ شتێکیوا نەما سەرما بگەیەنێ . تەنانەت بەفریش بەسەر کێوانەوە بەهۆی سەرما و گەرمای شەرمەزاریـیەوە کەوا سەردەمی **بەسەرچۆ** ، توایەوە . سەرما و گەرما : کینایەن لە گۆژانی حاڵ .

لەنێوان (نوما) و (نەما)دا جیناسی موحەژژەف هەیە .

تەژیی (چر) و (چن) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) : تەژیو . عیشقی (چر) و (عـب) و (خـا) : عیشـق و . (چـن) و (عـم) و (ك) و (تـو) و

هەر چاوەیێ کە وشك و عەقیمی بوڵەندییە ،
وەك طەبعی من بە نەظمی خوشی نەغمە زایەوە (١٢)

صاف و ژەوان و نەرمە وەکو زەمزەم و فورات
نەك ژەنگی نیلە یەعنی کە هات و گەژایەوە (١٣)

صۆفیێ ژیایە خەڵوەتی ، بێنی بەهاری کرد
هاتەدەرێ لە سایەیی چایەر ، حەسایەوە (١٤)

(اح) و (خب) : عیشق . دیارە ئەبێ (عیشقی) بێ . نوما نەما (عم) و (گم) و (ك) و (اح) : نەما نەمـا !

(١٢) چاوە : سەرچاوە و کانیاو . عەقیم : نەزۆك . طەبع : تەبیعەت . خوش : خۆش . نەغمە : ئاواز . زایەوە : تەقێ .
واتە : هەر کانیاو و سەرچـاوەیەك بەهـۆی بەرزیی شوێنەکـەیەوە وشکاوی هاتبێ و ئاوی لەبەر نەڕوا ، لەم بەهارەدا تەقیوەتـەوە ، وەك چون سروشتی من بە شیعری خۆش ئاواز تەقیوەتەوە و هەمیشـە شیعری جوان لە سەرچاوە و کانیاوی دەمم لێشاو ئەکـا .
ئەشگونجێ (وەك طەبعی من) بەسرابێ بە(وشك و عەقیمی بوڵەندییەوە)و ئیشارەتێکی ناسکی تیابێ بۆئەوەی هەرکەس سروشتی بەرز بێ و سـەر دانەنەوێنێ ، سەرچاوەی ڕزق و ڕۆزیی وشك ئەکا و هیچی دەسگیر نابێ، چونکە ئەم جیهانە ئیستاش هێشتا زۆری لەسەر ڕۆپـامااڵێ و ماستـاو کردن و شانتەکاندن و درۆ لەگەڵ خۆدا کردن بەندە . .
لەنێوان (عەقیم) و (زایەوە)دا طیباق هەیە .
وشك و عەقیمی (چر) و (تو) و (عب) : وشکـی عەقیمـی . (چـن) : وشك و عەقیم و . نەظمی (ك) و (خا) : نەظم و .
(١٣) واتە : ئەو سەرچاوە تەقیوانە ئاویان ساف و ژەوان و سۆکە بۆ گەدە ، وەك ئاوی زەمزەم و فورات وان کە پیرۆز و خاوێن و سازگارن و ، وەك ئاوی نیل لێڵ نین کە دێت و هەڵئەچێ و پاش ماوەیەك ئەنیشـێتەوە و ئەگەژێتەوە دۆخی جارانی .
نەرمە (ت) و (عب) و (من) و (خب) : بەزمـە (؟) . گەژایـەوە (چر) و (اح) و (خا) : کوژایەوە .
(١٤) چایەر : بەهاربەند ، تەویلە .

«نالێ» به داوه شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەوکەسەی که شاعیره صەد داوی نایەوه (١٥)

واته : سۆفێ بۆ ڕیا خۆی له خەڵوەدا حەشار دابۆ . هەر که بۆنی بەهاری کرد هاتەدەر و خۆی له سێبەری تەوێله ڕزگار کرد و کەوتە گەشتی ناو باخ و گوڵ و گوڵزار . یاخود : سۆفێ که بۆنی بەهاری کرد ڕیایه خەڵوەتخانەکەی خۆی و پیا تۆڕاند و بەجێی هێشت و له سێبەری بەهاربەند دەرباز بۆ و حەسایەوه لێی .

نالێ ، به هەردۆ مەعنا ، لەم بەیتەدا خەڵوەتخانەی سۆفیی شوبهاندووه به تەوێلەی چوارپێ و سۆفیی خۆیشی شوبهاندووه به گوێرێژ .

ڕیایه خەڵوەتی (چن) : ڕیائێ خەڵوەتێ . (ك) و (عب) : ڕیایێ خەڵوەتێ.

(١٥) داوه شەعر : تاڵه مۆ . دەقیق : ورد و باریك .

واته : نالێ به خەیاڵی شیعریی پڕ له وردەکاریی خۆی که ئەڵێی تاڵەمۆی باریکه، صەد داوی ناوەتەوه بۆ هەر شاعیرێك، یا بۆ هەرکەسێك هەست بکا و به خۆی بزانێ ، داوی‌وا که به هیچ کلۆجێ سەری لێ دەرنەچێ .

زیادەڕۆییەکی جوان لەوەدا هەیه که تاڵەمۆی باریکی خەیاڵی شاعیرانه ئەوەندە زۆر بێ صەد داوی پێ بنرێتەوه .

ئەشگونجێ مەعنای (دەقیقی خەیاڵی) وا لێبدرێتەوه کەوا مەبەستی ئەوەبێ (خەیاڵی وەك خەیاڵی « دەقیقێ ») که یەکێك بووه له شاعیره هەڵکەوتووەکانی ئێران .

لەنێوان (داوه) و (داو)دا جیناسی موحەڕڕەف و ئیشتیراك و ، لەنێوان (شەعر) و (شیعر)دا جیناسی موحەڕڕەف و ، له کۆکردنەوەی (شاعیر)دا لەگەڵ (شەعر) و (شیعر) جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (شیعر) و (شاعیر)یشدا تەناسوب هەیه .

★ ★ ★

تەنها له نوسخەکانی (عم) و (گم)دا پارچه شیعرێك به ناوی (نالی)یەوه بلاوکراوەتەوه بەیتی یەکەمی ئەمەیه :

هێندە بێزاری که زانیومه به زارێ نایەوه
دۆر له بالاکەت سەرینی نائومێدیم نایەوه

ooo

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خضرە ، نیوە هەودایە
چ هەودایە ؟ کە هەر حەڵقەی دوصەد زەنجیری سەودایە ! (١)

بەپێی ئەو ڕێ و شوێنەی لە ڕێکخستنی قەسیدەکانی (دیوانی نالی)دا گرتوومانەتەبەر ، ئێرە شوێنی دانانی ئەو پارچە شیعرەیە . بۆیە ئەگەر لەلاوە شتێکی ئەوتۆمان لەبارەیەوە بۆ دەرنەکەوتایە ، بۆ قەدرگرتنی وردیی مامۆستا عەلی موقبیل و پوختیی تاڕادەیەکی نوسخەکەی ، ئێمەش لێرەدا بڵاومان ئەکردەوە . بەڵام مامۆستا هێمن موکریانی، لە وەڵامی نامەیەکماندا لەبارەی خاوەنی ئەم پارچە شیعرەوە وتارێکی بەپێزی لە ژمارە ٢٥٧ی ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٧ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاو کردەوە ، ئەوەی تیا باس کرد کە ئەم پارچە شیعرە هیی (مەلاصاڵحی حەریق)ە و (حەریق) یەکێکە لە قوتابییەکانی قوتابخانەی شیعریی نالی‌و ئەو بۆ شێوەی نالیی گەیاندە موکریان و تەنانەت بە شیعریش مڵملانێی لەگەڵ کردووە و پلاریشی تێ گرتووە . مامۆستا هێمن لەو وتارەیدا سەرێکی مێژوی ژیانی حەریقیشی باسکردووە و ، لە هۆی دانانی ئەو پارچە شیعرە دواوە . بۆیە ئێمەیش وازمان لێهێنا بۆ خاوەنی خۆی و هیوامان وایە بەمنزیکانە دیوانی حەریقیش بە هەمۆ شیعرەکانیەوە بڵاو بکرێتەوە و ، سوپاسێکی زۆریش بۆ مامۆستای شاعیر و ئەدیب هێمن موکریانی . (بڕوانەرە : هێمن ، وەڵامێکی دۆستانە ، هاوکاری ، ژمارە ٢٥٧ ، ١٩٧٥/٣/٧ ، ل ٣) .

— ٢٧ —

(١) ڕشتە : دەزوی هۆنینەوەی ملوانکە و تەزبیح و شتیوا . هۆنراوە . خضر : حەزرەتی (خضر) پێغەمبەر ، یا (مەلا خدری نالی) خۆی . هەودا : تاڵ . سەودا : عەشق .

واتە : سەری زوڵفت کە لە درێژیدا وەک عومری هۆنراوەی حەزرەتی خضر درێژە ، یا ئەو تاڵەیە عومری مەلا خدری نالیی پێوە هۆنراوەتەوە ، ئەوەندە باریکە ، ئەڵێی نیوە تاڵە ، واتە لە تاڵیش باریکترە . بەڵام نیوە تاڵێکی چۆنە ؟ نیوە تاڵێکی ئەوتۆیە هەر لۆل خواردنێکی کاری دۆصەد زنجیری دڵداری ئەکا .

خضرە (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (من) و (خا) : خضری . بەم پێیە ئەبێ وشەی (نیوە)یش بە (نێوە) بخوێنینەوە واتە : .. کە بە ڕشتەی

بروّت تیغێکه وسمه‌ی صه‌یقه‌ل و مه‌سلوّل و موّکاره
که عیشوه‌ی جه‌وهه‌ره ، زه‌مز و ئیشاره‌ی ئاوی مه‌ودایه (۲)

به نه‌شئه‌ی سستی‌یو مه‌ستێ وه‌ها مه‌ستـــوّر و مه‌خموّره
نزانم خه‌و له چاوتدایه یا چاوت له خه‌ودایه ! (۳)

عومری خضری ناو ئه‌به‌ن . . (ت) و (اح) : خضر . بوّ سه‌ر و بوّر و ژێر ده‌ستئه‌دا . (ك) : خضر و . نیوه (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : نیمه . حه‌ڵقه‌ی دوصه‌د (چر) و (عم) و (گم) و (ت) و (عب) : حه‌ڵقێکـی صه‌د . سه‌ودایه (چر) و (چن) و (عـم) و (گـم) و (ت) و (اح) و (خـا) و (خب) : تێـدایه .

(۲) وسمه : گیایه‌که وشکی ئه‌که‌ن و ئه‌یکوتن و ژنـان ئه‌یگرنه‌وه و ئه‌یگرنه سه‌ریان بوّ ڕه‌ش‌کردنی سه‌ر و زوڵفیان . صه‌یقه‌ل : زاخاو ده‌ره‌وه . مه‌سلوّل : ڕوّت کراو . موّکار : ئه‌ڵێن ئه‌و تێفه موّ ئه‌کا واته زوّر تیژه ته‌نانه‌ت موّ له‌ژێریا نانوّشتێته‌وه ، به‌ڵکو ده‌س‌به‌جێ ئه‌قرتێ . عیشوه : ناز . جه‌وهه‌ر : ئه‌و نه‌خشه ئاوییانه‌ی له خه‌نجه‌ری ده‌بانا ده‌رئه‌که‌ون له‌کاتی ئه‌مدیو و ئه‌ودیو پێ‌کردنیا . مه‌ودا : تیژێ .

واته : بروّت ، ئازیز ! ، تێفێکه ، به وسمه زاخاوی ئه‌ده‌ی ، باریك و ڕوّت کـراوه ، دڵـی دڵـداران وه‌ك موّ له‌ت‌ئـــه‌کا . جه‌وهـــه‌ره‌که‌ی نازکردنه‌که‌یه‌تی که ورده ورده به‌مڵا و به‌ولادا ئه‌یجوڵێنیته‌وه . ئیشاره‌ت پێ‌کردنیشی ئـه‌و ده‌وره ئه‌بینێ که ئـاوداریی خه‌نجه‌ر ئه‌یبینـێ بوّ نیشان‌دانی تیژیی . ئه‌ڵێن : خه‌نجه‌رێکی ئاودراوه ، واته تیژه .

تیغێکه (ت) : سه‌یفێکه . وسمه‌ی (عم) و (گم) : وسمه . صه‌یقه‌ل و (چر) و (کـم) و (عب) : صـــه‌یقه‌ل . بوّ (صـــه‌یقه‌له) و (صـــه‌یقه‌لی) و (صه‌یقه‌ل و)یش ده‌ســـئه‌دا . (عـم) و (گم) و (من) : صـــه‌یقه‌لی . مه‌سلوّل و (چر) و (کم) و (من) : مه‌سلوّلی . ئاوی مه‌ودایه (چن) : ئه‌و به‌مه‌ودایه . (عم) و (گم) : ئاو و مه‌ودایه . (ت) و (ك) و (اح) و (خب) : ئاو مه‌ودایه . (عب) : ئاب مه‌ودایه . دیاره ئه‌بێ له هه‌ردوکیانا له‌گه‌ڵ (ی)ی ئیضافه‌دا بێ .

ئه‌م به‌یته له نوسخه‌ی (عب)دا به‌یتی چواره‌مه .

(۳) نه‌شئه : حاڵه‌تێکی نیمچه بێ‌ئاگایێ و نیمچه سه‌رخوّشییه . سستێ : لاوازێ و نه‌خوّشێ . مه‌ستوّر : داپوّشـــراو ، شـــارراوه . مه‌خموّر : مه‌ی‌زه‌ده ، سه‌رخوّش . نزانم : نازانم .

له سایه‌ی کوفری زوڵفت دڵ (فنا فی النور)ی ئیمانه
مه‌ڵێن ظوڵمه‌ت خراپه ، وه‌صڵی پەروانه له شه‌ودایه (٤)

سستێ و بێهێزێ نیشانه‌ی نەخۆشین . چاوی نەخۆشیش به چاوێك ئه‌ڵێن پێڵووه‌کانی تازاده‌یەك به‌سه‌ریا هاتبنه‌وه و ، ئه‌وه یەکێکه له حاڵه‌ته هەره جوانه‌کانی چاو و وەك خەواڵۆ و مەستی لێ‌ئه‌کا . نالیینش ئه‌ڵێ به یار : چاوه‌کانت بەهۆی بێماریێ و مەستییانه‌وه ، به‌جۆرێك داپۆشراون و پێڵۆیان به‌سه‌ردا هاتووه‌تەوه و خەواڵۆ و سه‌رخۆشن ، من سه‌رسام ماوم (خەو) و (چاوت) کامیان بووه به جێگه‌ی ئه‌ویان و کامیان له‌ناو ئه‌ویاندایه !

دیاره ئەم جیاکردنه‌وه‌ی (خەو له چاوا بۆن) و (چاو له خەوا بۆن)ه له یەك و دانانیان به دۆ حاڵه‌تی جیاواز ، شتێکی وەهمییه و ، نالیینش مەبەستی له پیشان‌دانی ئەم وێنەیە ، تەنها زیاده‌ڕەوییه و دەربڕینی له‌ڕاده‌به‌دەر بۆنی مەستیی چاوی یار . به‌ڕاستێ جوانیشی بۆ هاتووه و وێنەیەکی هونەرمەندانه‌ی پیشان‌داوه .

له کۆکردنەوه‌ی (سستێ) و (مەستێ)دا لە له‌فظدا جیناسی لاحیق و له مەعنادا پەیوەندێ و تەناسوب هەیه. هەروەها هاوئاوازییەکی جوانیش له‌نێوان (مەستۆر) و (مەخمۆر)دا هەیه .

سستی‌یو مەستێ (چر) : مەستی‌یو سستێ . (ت) : هەستی‌یو مەستێ . (خا) و (خب) : سوستی‌یو مەستێ . مەستۆر و مەخمۆره (کم) و من : سەرمەست و مەخمۆره . (ك) و (اح) : مەستۆره مەخمۆره. (عب) : مەخمۆر و مەستۆره . نزانم (چن) : نەدانەم ، که به فارسێ واته نازانم . (عم) و (گم) : نەزانم . ئێمه تێکستی (نزانم)مان پەسەند کرد ، چونکه له‌گەڵ ڕێبازه‌کەی نالیێ ئه‌گونجێ که وشه له دیالێکته جیاوازه‌کانی زمانی کوردییەوه دێنێ .

ئەم بەیته له نوسخه‌ی (عب)دا بەیتی پێنجەمه .

(٤) سایه : سێبەر . کوفر : کافرێ . فنا في النور : لە زاراوەیەکی صۆفییانه وەرگیراوه ، واته : توانەوه له ڕۆناکیدا . ئیمان : باوەڕ به خوا ، موسوڵمانەتێ . ظوڵمەت : تاریکێ .

واته : بەهۆی ئەوەوه که هەر شتێ بەپێچەوانەکەیدا ئەناسرێتەوه ، له سایەی کافریی زوڵفتەوه ــ که ڕەشه و کافرییش ڕەشه ــ ، دڵ له ڕۆناکیی باوەڕدا تووا‌وەتەوه ــ که باوەڕ لای موسوڵمانان ڕۆناکییه له بەرابەری کافریدا . کەواته کەس نەڵێ تاریکایێ خراپه . پەروانەش به شەو نەبێ

هەناسەم زوڵفەکەی لاداوو مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگوت و شەو ڕابورد و نەرگس هەر لە خەودایە (٥)

بە مەبەستی خۆی ناگا و بە وەصڵی مۆم شاد نابێ .

ئەشتوانرێ مەعنای نیوەی یەکەمی بەیتەکە وا لێكبدرێتەوە کەوا : دڵ لەژێر زوڵفی وەك کافرێ ڕەشی یارەوە ، ڕۆناکیی ڕۆی وەك باوەڕ ــ ڕۆناکی یاری دۆزیوەتەوە و تیا تواوەتەوە .

لەبارەی (فنا فی النور)ەوە کە وتمان لە زاراوەیەکی صۆفییانە وەرگیراوە ، مەسەلەکە بەمجۆرەیە : لای ئەهلی تەصەووف سێ پلە هەیە بۆ صۆفێ بەرلەوەی ببێ بە پیاوێکی تەواوی خوا . پلەی یەکەم (فنا فی الشیخ)ە کە هەمیشە بیر لە پیر ئەکاتەوە وائەزانێ ئەوی کردووەتە بەری خۆی .. دۆهەم (فنا فی النبی)یە کە قۆناغێ لە پێشترەو صۆفێ لەم قۆناغەدا هەمیشە بیر لە پێغەمبەر ئەکاتەوە و هەست بە یەکێتێ ئەکا لەگەڵی . سێهەم (فنا فی الله)یە کە هەرە بەرزترین پلەی خواناسییە و صۆفێ لەو پلەدا هەمیشە بیر لە خوا ئەکاتەوە و لەو بەولاوەی بەلاوە هیچ نییە و وائەزانێ لەگەڵ ئەودا یەکی گرتووە . نالێ هیچکام لەم قۆناغانەی نەویستووە و لە ڕۆناکیی ڕۆمەتی یاردا تواوەتەوە و ئەوەی بە ڕۆناکیی ئیمان داناوە و بەمە جۆرە سۆفیەتییەکی تایبەتیی بۆ خۆی دروستکردووە .

لەنیوە بەیتی دۆهەمدا حوسنی تەعلیل هەیە .

زوڵفت (چر) و (عب) و (خا) : زوڵفە . مەڵێن (ت) و (اح) : مەڵێ .

ئەم بەیتە و بەیتی پێشۆ لە (چر) و (کم) و (من) و (خا)دا لە شوێنی یەکتردان . هەروەها ئەم بەیتە خۆی لە (عب)دا سێهەمە .

(٥) ئەنگوت : هەڵیکرد .

واتە : هەناسەم دای لە گۆنای یار و زوڵفی لەسەر ڕۆی لادا ، بەڵام ئەو چاوێکی نەترۆکاند و لایەکی نەکردەوە . هەناسەم وەك شنەی بای بەیان وابو ، هەڵیکرد و شەوی زوڵفی یاری لادا ، کەچێ نەرگسی چاوی یار هەر لە خەودایە و نەپشکۆتووە .

نالێ لەم بەیتەدا هەناسەی خۆیی بە نەسیم و، زوڵفی یاری بە شەو و، چاوی یاری بە نەرگس شوبهاندووە .

هێنانی (نەسیم) و (شەو) و (نەرگس) بەدوای (هەناسە) و (زوڵف) و (چاو)دا لەف و نەشری مورەتتەبە .

له دۆریی تۆیه ئەی خورشیدی پڕتەو بەخشی شەوگەردان
که «نالێ» وا له حاڵاتی میحاقی ماهی نەودایه •• (٦)

نەرگس (کم) و (گم) و (من) : نێرگس .
ئەم بەیته له (عب)دا پێنجەمه .

(٦) خورشید : خۆر . پڕتەوبەخش : ڕۆناکێدەر . شەوگەردان : جەمعی شەوگەردە واتە ئەوەی بە شەو بگەڕێ له مانگ و ئەستێرە و بنیادەم و هەرچیی‌تر . حاڵاتی میحاق : ئەو کاتەی مانگ ئەگاتە ڕادەی ئەوپەڕی باریکێ و لاوازێ و له بەرچاو ون ئەبێ که ئەوەش له دواڕۆژەکانی مانگی عەرەبێ و له یەکەم ئێوارەی مانگی نوێدا ئەبێ که مـانگ زۆر بێتینه و بەزەحمەت بەدێ‌ئەکرێ . ماهی نەو : مانگی نوێ .

واتە : بەهۆی دۆریی تۆوەیه ئەی یارێ که وەك خـۆر وای ، ڕۆناکێ به مانگ و ئەستێرە گەڕۆکەکانی‌تری ئاسمان ئەبەخشێ ، نالێ کەوتووەته حاڵەتێ کزێ و لاوازێ وەك چۆن مانگ له حاڵەتی میحاقدا ــ که ئەبێ بەهۆی نوێبۆنەوەی مانگ ــ زۆر لاوازە .

بەپێی ئەم مەعنا لێدانەوەیه ڕۆی شوبهاندنی نالێ به میحاقی مانگی نوێ ، تەنها باریکێ و لاوازییه و ، دۆرێ و نزیکێ مەبەست نییه ، چونکه ئەگەر دۆرێ و نزیکێ مەبەست بووایه ، ئەبۆ نالێ له حاڵەتی دۆریدا له یار گەش و پڕ و ، له حاڵەتی نزیکیدا لێیەوه لاواز و باریك بووایه ، وەك چۆن مانگ که تا دۆرتر بێ له خۆر گەشتر و پڕتره و ، تا لێیەوه نزیکتر بێ لاواز و باریکتره .

ئەمه لەسەر ئەوه که سەرەتای بەیتەکه وا بخوێنینەوه : « له دۆریی تۆیه » بەگوێرەی ئەوەی هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمان ، (چر) و (خا) نەبێ ، نۆسیویانه « لدوری » یا « لـه دوری » و بـۆ « له دۆریی » و « له دەوری »یش دەستئەدا . خۆ ئەگەر وای بخوێنینەوه «له دەوری» وەك «چر» و «خا» به سەر و ژێر بۆ کردن دیاریان‌کردووه ، ئەوه ئەبێ بڵێین واتە : بەهۆی بۆنەوەیه لـه دەور و پشـتی تۆ ئـەی خورشیدی ڕۆناکێ بەخش بۆ شەوگەردان ، نالێ له حاڵەتی میحاقی مانگی نوێدایه ، که هەم مانگ له شـەودایه و لەوانەیه دەرکـەوێ و هـەم وردە وردە خۆیشی ئەگرێتەوه و پێ‌ئەگاتەوه ، نـەك میحاقی ئـاخری مـانگ که ئەکەوێتە سبەینان و لەبەر تینی تیشـکی ڕۆژ کـەم کـەس پێی بەدێ ئەکرێ . بەم‌پێیه ڕۆی شوبهاندنەکه لەوەوه دێ که مانگی حاڵەتی میحاق له نزیکترین پێوانەدایه له خۆرەوه . ئەگەر سـەرنجی یەکێتیی بابەتی

بیستم له هەمۆ لایە مەیلی شەڕ و دەعوایە
سەودا لە سەرمدایە ، باکم چ لە غەوغـایە (١)

فەرمۆی بە مژەی مەستی ، ئازانەوو تەڕدەستێ
سادەی لە دڵی سستی ، تیرێ ، بە تەمەنایە (٢)

پارچە شیعرەکە و وردەکاریێ کردنی نـاڵێ بدەین ، ئەم مەعنـایە زیاتر ئەچێ بەدڵدا (*) . بەڵام کەس یەکێتیی بابەت و نەبۆنی ناکۆکیی لەنێوان بەیتەکانی قەسیدەی لە هیـچ پارچە شـیعرێکی کلاسـیکیدا بە مەرج دانەناوە .

(١) واتە : بیستۆمە لە هەمۆلایەك هەرا و ئاژاوەیە و خەڵك بەربۆنەتە گیانی یەکتر . بەڵام من گوێ بە هیچی نادەم ، هەوای عەشقم لە کەللەدایە و خەریکی عەشقی خۆمم ، چش با خەڵکی یەکتر ببڕنەوە .

دیارە نالێ ئەم پارچە شیعرەی لە سەردەمی پشـێوەیەکی گەورەدا وتووە .

چ لـە غەوغایە (چر) : چی لە سـەودایە . (چن) و (ك) : لـە چی غەوغایە . نوسخەکانی بەردەستمان هەمـۆ لەجیاتیی (چ) نۆسیویانە (چی) . ئێمە خۆمان کردمان بە (چ) .

(٢) ئازانە : ئازایانە . تەڕدەستێ : ئەوەتە بنیادەم زۆ بێتە دەسـت و کار هەڵسۆڕێنێ .

واتە : یار فەرمانیدا بە برژانگە مەستەکانی کەوا ئازایانە بێنە دەست و تیرێ بنێن بە دڵمەوە ، چونکە دڵ دەمێکە چاوەڕوانی ئەو تیرەیە ، یاخود یار ئەیەوێ ئەو تیرەم پێوە بنرێ .

وەصفکردنی (مژە) بە (مەست) مەجازە ، چونکە (مەست) بۆ (چاو) بەکارئەهێنرێ نەك بۆ (مژە) ، بەڵام چونکە (مژە) شێوەی لە (تیر) ئەچێ و

(*) بۆ تێگەیشتنی ئەم مەعنایە بە شێوەیەکی فراوان و بـە لێکدانەوەیەکی دۆر و درێژەوە ، بڕوانەرە : مەسعۆد موحەممەد ، چەپکێك لە گوڵزاری نالێ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ل ٥٦ ـ ٦٠ .

چەرخی چەپی گەردۆنە ، ڕاست و چەپی چەند دۆنە
بێ چاکە چ بێچۆنە ، ڕاستێ لە چەپێ نایە (٣)

پێم‌گوت : مەکە چاک‌چاکم ، پێش‌خزمەتی زۆر چاکم ..
فەرمۆی : بە سەری کاکم ، داغت لە دڵمدایە ! .. (٤)

زاهید ! مەکە مەنعی دڵ ، بۆ تۆ نییە سۆدی گوڵ
خاکت بەسەر ئەی غافڵ ! کەوتۆیە چ سەودایە ؟! (٥)

(تیر)یش (چاو) ئەیتەقێنێ ، صیفەتی (مەست)ی (مژە) دراوە بە (چاو) . لەنێوان (مەستی) و (دەستێ) و (سستی)دا جیناسی لاحیق هەیە .

(٣) دۆن : سۆک و بێ‌بایەخ و پەست . بێچۆن : بێ‌هاوتا ، بێ‌وێنە .
واتە : چەرخی گەردۆن کە هەمیشە خراپ وەرئەسۆڕێ ، مرۆ بخاتە لای ڕاست یا بیخاتە لای چەپ هەمۆی هەر هیچە و ، بنیادەم نە بە پێش‌خستنی پێش‌ئەکەوێ و نە بە پاش‌خستنی پاش‌ئەکەوێ . لە چاکە نەکردندا هاوتای نییە ، دیارە شتێ بۆ کردنی خراپە دروستکرابێ چاکەی لێ ناوەشێتەوە .
ڕاست و چەپی (ك) و (عب) : ڕاست و چەپ . دیارە ئەبێ (چەپی) بێ . بێ‌چاکە (ك) : پەحجا کە . پەحجا : وشەی سەرسامییە .

(٤) چاك چاك : لەت‌لەت . پێش‌خزمەت : خزمەتکار .
واتە : تکام لە یار کرد کە دڵم ئەنجن نەکا و ئازار دانم بەسی بێ و بگەینە یەك ، چونکە من خزمەتکارێکی بەوەفام و هەرگیز خراپەم لێ نابینێ .. کەچێ لە وەڵامدا وتی : بە سەری کاکم داخت لە دڵمدایە و هەر ئازارت ئەدەم و تا نەتکوژم وازت لێ نایەنم ..
وشەی (چاك) بە دۆ مەعنای جیا بەکارهێنراوە و ، لەنێوان (چاك) و (كاك)دا جیناسی لاحیق هەیە .
پێم‌گوت (كم) و (گم) و (عب) و (من) : پێموت . داغت (چن) و (گم) و (عب) : داخت .

(٥) واتە : ئەی وشکە سۆفیی بەڕوالەت دەست لە دنیا داشۆرێو ! تۆ لۆمە و سەرزەنشتی دڵی من ئەکەی کە گیرۆدەی ڕۆخساری وەك گوڵی یار بووە و ، داوام لێ ئەکەی پاشگەز ببمەوە و بێمە سەر ڕێگەی تۆ ..

«نالێ» مەکە وەصفی تۆ •• باریکە نەمامی تۆ ••
مەعلۆمە کە سەروی تۆ بێمیثلە لە دونیایە •• (٦)

سەرمایەیی سەودا کە دەڵێن زوڵفی دو تایە
هەر پێچشی تایێکی صەد ئاشۆبی تیایە (١)

گوایە گوڵی ڕاستەقینە ئەوەیە کە تۆ شیفتەی بووی .. مەکە ! وا نییە و ، تۆ هەرگیز گوڵت دەستگیر نابێ و سۆدێکت لێیەوە چنگ ناکەوێ . خاکت بەسەر هەی نەفام ! دوای کلاوی بابردۆ کەوتۆی و ئەتەوێ منیش لە خشتە بەری ..

لەنێوان (دڵ) و (گوڵ)دا جیناسی لاحیق هەیە .

سۆدی (کم) و (گم) و (من) : وەصڵی . کەوتۆیە (چن) : کە وتۆتە ، واتە: بە منت وتووە ئەمە چ خەیاڵێکە شوێنی کەوتۆی ..

(٦) واتە : نالێ ! پێویست نییە تۆ دەسکەی بە تەعریفکردنی یارەکەت و بە شان و باڵیا هەڵبدەی .. مەکە ! هەموکەس ئەزانێ یاری تۆ قەد باریك و باڵابەرزە ، هەموان ئەزانن سەروێکە هاوتای لەو دنیایەدا نییە .

مەکە (ك) : مەدە . بێمیثلە (کم) و (گم) و (من) : مەشهۆرە .

(١) دو تا : دۆلا . پێچش : پێچ و ئەڵقە خواردن و لۆلبۆن .

واتە : سەرمایەی دڵداری و ئەوەی کە دڵداری لەوێوە دەست پێئەکا و دڵداران لەپێشا گیرۆدەی ئەو ئەبن ، کە زوڵفی دۆ لانەی لای ڕاست و لای چەپی ڕۆمەتە ــ هەر لۆل خواردن و بە ئەڵقەبۆنێکی تاڵێکی صەد ئاشۆب و هەرای بە دەمەوەیە بۆ دڵداران .

لەنێوان (تایە) و (تیایە)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (تایێکی) و (صەد ئاشۆب)یشدا طیباق هەیە چونکە یەکەم (یەك) ئەگەیەنێ .

سەودا (اح) : زوڵفت . دەڵێن (کم) و (من) : ئەڵێن . پێچشی : لە هیچ نوسخەیەکدا بەمجۆرە نەنۆسراوە ، بەڵام (چر) و (چن) و (عب) و (خب) نۆسیویانە : (پێچش) کە بۆ (پێچشو) و (پێچشی)یش دەستئەدا و ئێمە دۆهەمان لا پەسەند بو . (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (اح) و (من) و (خا) :

بیده به دڵم ، شیفته بۆ شیفته چاکه ..
بیخه ملم ، ئەو قەیده به دێوانه ڕەوایه .. (٢)
ئەو خاکی دەره مەسکەنی صەد ساڵەمه ، شایەد
جارێ له دەمی تۆ ببیەم : « سەگ بەوەفایه » (٣)
زوڵفت سەبەبە ، دڵ به عوذارت که دەستێ
ستوچی شەوه وا قاتیلی پەروانه چرایه (٤)

پێچش و . بەپێی ئەم نوسخانه ئەبێ (تایێکی)یش به (تابێکی) بخوێنینەوه وەك له (گم) و (من)دا نوسراوه . (کم) : تایێکه .

(٢) شیفته : شێواو . ئاڵۆز . قەید . کۆت . ڕەوا : شایان .

واته : ئەو زوڵفه شێواوەت ببەخشه به دڵم ، چونکه ئەو شێواوه و دڵی منیش شێواو و ، شێواو بۆ شێواو چاکه .. ئەو زوڵفه وەك کۆت و زنجیرەت بخەره ملم چونکه من دێوانه و شێتی تۆم و دێوانه و شێتیش شایانی ئەوەن کۆت و زنجیریان له مل بکرێ .

طیباقێکی مەعنەویی ناسك لەنێوان نیوەی یەکەم و دوەهەمی بەیتەکەدا هەیه . نیوەی یەکەم دڵ نەرمێ و خۆشەویستێ و بەزەیێ ئەگەیەنێ و ، نیوەی دوەهەم گرفتارێ و ئازار .. هەرچەند ئەوەش هەر به دیمەنه و ڕاستی مەعنای هەردوێ نیوەکه ئەگەڕێتەوه بۆ یەك سەرچاوه .

(٣) دەر : بەردەرگا . شایەد : بەڵکو . ببیەم : ببیسم .

واته : خاکی بەردەرگای ماڵت جێگای ساڵەهای ساڵمه ، چەندین ساڵه تیا کەوتوم .. دەبا جارێ له دەمت ببیسم بڵێی نالێ سەگی بەوەفای بەردەرگامه و لەگەڵ ئەو هەموێ دەرد و مەینەتەشدا که له بەردەرگای ماڵمدا چەشتی هەر بەجێی‌نەهێشتم ..

جارێ (خب) : بارێ .

(٤) عوذار : بناگوێ . موی ناوچاو . گۆنا . ڕوخسار .

واته : بەهۆی زوڵفتەوەیه دڵم به گڕی ئاگری ڕوەمەتت ئەستوێ ، چونکه زوڵفی ڕەشت شەوەزەنگێکی بەرپا کردووه و ، ڕوەمەتیشت تیا بووه به چرا و ، دڵی منیش پەروانەیه و ، پەروانه له هەرکوێ چرا ببینێ ڕوی تێئەکا و خۆی ئەدا بەدەم گڕیەوه . کەواتە وا دەرکەوت

« نالێ » كه ویقاری نییه ، بێباكه له خه‌ڵقێ
صۆفێ كه سلۆكێكی هه‌یه ، عوجب و ڕیایه (٥)

موشه‌خه‌ص له‌شكری خه‌ططت له‌سه‌ر ته‌سخیری بالآیه
كه طوڕڕه‌ی (میری میران)ت نیشانه‌ی ثه‌بتی طوغرایه (١)

سۆتانی دڵم به‌هۆی زوڵفته‌وه‌یه .
ده‌سۆتێ (كم) و (من) : ئه‌سۆتێ .

(٥) ویقار : قورسێ و سه‌نگینێ . سولۆك : ڕه‌وشت . خوا په‌رستیی ئه‌هلی ته‌صه‌ووف . عوجب : له‌خۆڕازێبوون .
واته : نالێ كه ڕاستیی خۆی ناشارێته‌وه له خه‌ڵك و ، چۆنه خۆی وا پیشان ئه‌دا ، هیی ئه‌وه‌یه له كه‌س ناترسێ و قازانجی لای كه‌س نییه تا چاوشۆڕیان بێ و ڕۆپاماڵییان بۆ بكا .. بۆیه‌ش بێترس ڕێگای عه‌شقی گرتووه‌ته‌به‌ر و گوێ نادا‌ته تیر و تانه و لۆمه و سه‌رزه‌نشتی كه‌س . به‌ڵام وشكه صۆفێ كه خۆی قورس ڕاگرتووه و خۆی به خواناس ئه‌داته قه‌ڵه‌م ، ڕیاباز و خۆپه‌سه‌نده و ، هه‌رچێ ئه‌كا هه‌ر به دیمه‌نه و له‌گه‌ڵ خۆیشی و له‌گه‌ڵ خه‌ڵكیش درۆ ئه‌كا .

یه‌كێ له گیروگرفته هه‌ره تۆشه‌كانی ڕاست‌كردنه‌وه‌ی شیعری كلاسیكی كوردێ ، نه‌زانینی هۆ و میژۆی دانانی پارچه شیعره‌كانه . ئه‌م دیارده‌یه له شیعری ناڵییشدا گه‌ڵێ جار زه‌ق ده‌رئه‌كه‌وێ ، وه‌ك له‌م پارچه شیعره‌دا به‌ئاشكرا هه‌ستی پێ ئه‌كه‌ین . له‌م پارچه شیعره‌دا (مه‌حمۆد) ناوێك و (مۆڵكی ڕۆم) و (به‌غـــدا)یه‌ك هه‌یه و ، (میری مـــیرانی)یه‌ك و دیارێ ناردن و بانگ‌كردنێك و گه‌ڵێ بابه‌تی‌تر دێته پێش‌چاو كه بێ زانینی ئه‌وانه زه‌حمه‌ته بڵێین توانیومانه شیعره‌كه ڕاست بكه‌ینه‌وه . گریمان وتمان باس باسی (مه‌حمۆد پاشای بابان)ه كه له ســـه‌ره‌تای فه‌رمانڕه‌وایدا والیی به‌غدا له‌لایه‌ن ڕۆمه‌وه پایه‌ی (میری میران)ی داوه‌تێ و ماوه‌یه‌كیشی له به‌غدا به‌سه‌ربـــردووه ، به‌ڵام خۆ ئه‌بێ له خۆمانه‌وه و پشـــت به ته‌نها گه‌یاندنێكی سه‌رپێیی چـــه‌ند به‌یتێك بڵێین دیاریـــه‌كه خه‌ڵاتی (میری میران)یه و ، پاشا نالیی بانگ كردووه بچێ بۆ لای بۆ به‌غدا و ئه‌ویش بۆی نه‌لواوه بچێ .. به‌ڵام ئه‌ی ناوی (خاكێ) و (كوردێ) چێ ، كه به ڕێز له دوا

. . . . . .

بەیتدا لەگەڵ ناوی (نالێ) کۆکراونەتەوە ؟ ئاخۆ پاشا ئەوانیشی بانگ کردووە ، یاخود ئەوانیش لە دانانی پارچە شیعرەکەدا بەشدار بوون ، یا چۆن ؟ ئەی بۆچی قسە لە تەواوی پارچە شیعرەکەدا بە (صیغەی موفرەدی موتەکەللیم) کراوە ؟ ئەمانە هەمۆ پرسیاریوان ئێمە رێگا بە خۆمان نادەین لەخۆمانەوە وەلامیان بدەینەوە . مافی تەنها ئەوەمان هەیە ئەو ئیشارەتە بکەین کە بە بیرمانا دێ و وا کردمان . لەوە زیاتر با بمێنێتەوە بۆ تۆژەرەوەی دواڕۆژ کە بەڵکو ئەمە خوایە بۆی بلوێ باشتر لە ئێمە قۆڵی لێ هەڵماڵێ و تۆزی گەردۆن لەسەر لاپەڕەی مێژۆی ئەدەبمان داتەکێنێ و شتی نوێمان بۆ دەرخا .

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بڵێین ئەم پارچە شیعرە لە هەمۆ نوسخە دەستوسەکاندا نییە و ، (چن) لە پەراوێزەوە لەسەری نوسیوە : « ئەم غەزەلە (علی الظاهر) فەرمایشی نالێ نییە » ، هەرچەند ئێمە لەم ڕایەیدا لەگەڵی نین .

(١) موشەخخەص : دیارێ و ئاشکرا . تەسخیر : داگیرکردن . طوڕڕە : ئیمزا . لۆل . طوغرا : جۆرە مۆرێکی سوڵتانەکانی عوسمانییە . خاڵ . واتە : ئاشکرا و دیاریە کەوا لەشکری خەت و خاڵ و مۆی تازە دەرهاتوت سەودای داگیرکردنی بالآتی لە کەللەدایە و ئەیەوێ بگاتە ئەژنۆت ، چونکە دیارە کەوا زوڵفی لۆلی طوڕڕەییت نیشانەیە و بەسەر خاڵی طوغراییتدا چەسپیوە .

ئەمە مەعنا دیاریەکەی بەیتەکە و ، گفتوگۆش لەگەڵ پیاو ، بە بەکارهێنانی ئەو نیشانانەی کە هیی پیاو نین وەك خەت و خاڵ و زوڵف و شتیوا ، لە ئەدەبی کلاسیکدا باوە و جێی گلەیێ نییە .

ئەبێ مەعنا ئەودیوییەکەشی ئەوەبێ : دیارە لەشکری نامە و دەسخەتی نوسراوت وائەگەیەنێ نیازی داگیرکردنی لای سەرەوەت هەیە (کە ناوچەی بابانە) ، چونکە مۆری (میری میران)یت بۆ بووە بە نیشانە و لەسەر طوغرای حوکمڕانیت نوسراوە .

مەعنا دیاریەکەی ئەم بەیتە لەوانەیە ئەوەش بگەیەنێ کەوا مەحمۆد پاشا ــ ئەگەر نالێ ئەم پارچە شیعرەی بۆ ئەو نوسیبێ ــ لەوکاتەدا لە سەردەمی پێگەیشتندا بووە .

خەططت (عم) و (گم) : خەططی . میرانت (عم) و (کم) و (گم) و (من) : میرانم .

خوصۆصەن هیندووی خەططی بەیاضی ژۆیی (مەحمۆد)م
لە مولکی (ژۆم)ەدا ئیستەش (خەلیفە)ی شاری (بەغدا)یە (٢)

لە بازاڕی مەحەببەتدا هەدییەی توحفەییی میران
لە بۆ خورشیدی تابانم پیاڵەی شۆخی مینایە (٣)

---

(٢) هیندۆ : خاڵی ڕەش . بەندەی زەنگێ . خەتی ڕەش بەسەر کاغەزەوە . بەیاض : سپیەتێ . کاغەز .

ئەم بەیتە بەڵگە هێنانەوەیە بۆ ڕاستیی ئەو حوکمەی لە بەیتی پێشۆدا گەیاندی . واتە : نیشانەی ئەوە کە لەشکری (خەطت) نیازی تەسخیری (بالای) هەیە ، ئەوەتە کە پایەت ئەوەندە بەرز بووە تەنانەت بەندەی خەطی ڕەشی سەر کاغەزی سپیی ڕۆت لە ولاتی ڕۆمدا ئەوەندە بەدەسەڵات و قسە ڕەوایە ، وەك خەلیفەی شاری بەغدا وایە و هەرچیت بوێ بۆت ئەکرێ .

نالێ لەم بەیتەدا بە عادەتی شاعیرەکانی کۆن کەڵکی لەوە وەرگرتووە کە ئەو وشانەی بەکاریاندێنێ هەریەکی پتر لە مەعنایەکیان هەیە و کە یەکەمیان بۆ مەعنایەکی بەکاردێنێ ، دۆهەمیان ئەبەستێتەوە بە یەکەمەوە لە ڕێگای مەعنایەکیتریەوە کە پەیوەندی لەگەڵ مەعنایەکی ئەم وشەی دۆهەمە ببێ و ، هەر بەمجۆرە . ئەوەتە لێرەدا ئەڵێ : بەتایبەتێ هیندۆی خەتی ڕەشی سەر کاغەزی سپیی ڕۆی مەحمۆد پاشا (لێرەدا لای «ڕۆ»وەکەدا «هیندو»ەکەی کردەوە بە «خاڵ» تا لەگەڵ «ڕۆ»ی «مەحمۆد پاشا»دا بگونجێ) ، ئیستاش لە ولاتی ڕۆمدا خەلیفەی شاری بەغدایە (لەم نیوە بەیتەی دۆهەمدا « هیندۆ »ی کردووە بە « بەندەی زەنگێ » بۆ پێسەلماندنی زیادە ڕەوییەکەی کە ئەوەتە کۆیلەیەك بکا بە خەلیفەی بەغدا لە ولاتی ڕۆمدا » .

هەر لەم بەیتەدا ئیشارەتێکی ناسك بۆ ئەوەش کراوە کە سوڵتان مەحمۆدی سەبوکتەگینی غەزنەوێ وەزیرێکی بووە پێشان کۆیلە بووە و ڕەشیش بووە ، کە ناوی (ئەیاز) بووە و لە فۆلکلۆری کوردیدا پێیئەڵێن (هەیاسی خاس) و ، (مەحمۆد پاشا) بووە بە (سوڵتان مەحمۆد) و کۆیلە ڕەشە (هیندو)وەکەی بووە بە (ئەیاز)ی وەزیری و بەغداش لەژێر دەسەڵاتی سوڵتان مەحمۆد و ئەیازی وەزیریا بووە و ئەوان خەلیفەی ڕاستەقینە بوون .

(٣) توحفە : دیاریی نایاب و گرانبەها . مینا : شۆشە . پیاڵەی شۆخی مینا :

له کۆهی (نەجد)ە ئێستاکە وەکیلی (قەیس)ی مالّ وێران
منم (مەجنوون) و زنجیرم گرێی گێسوویی (لەیلا)یە (٤)

کولاهی فەخر و تەعظیمم گەیشتە چەرخی ئەطلّەس ڕەنگ
کە بیستم قەلبی میرانم لەسەر مەملوکی ئاغـایە (٥)

ئەبێ مەبەست لێی ئاوێنەکەی جەمشید بێ کە ئەڵێن دنیای تیا دیوە .

واتە : ئەو دیارێ و خەڵاتی ڕوتبەی (میری میران)ییەی لەلایەن ڕۆمەوە پێتدراوە ، لە دەستی کەسێکی وەك ڕۆژ ڕۆناکی چون تۆدا وەك ئاوێنە جوانەکەی جەمشید وایە ، چۆن ئەو هەمو دنیای لەو ئاوێنەیەدا ئەدێ ، تۆیش هەمو شتێکت بەو ڕوتبەیە بۆ مەیسەر ئەبێ .

هەدییەی (عم) و (کم) و (گم) و (من) : هەدییە و . لە بۆ (عم) و (کم) و (گم) و (من) : لەبەر .

(٤) کۆە : کێو . نەجد : ولاتی نەجد کە مەجنونی لەیلا سەرگەردان بۆبۆ بە شاخەکانیا هەڵئەگەڕا . گێسۆ : زوڵف .

ئێمە وامان بە بیردا دێ مەبەستی نالێ لە (کێوی نەجد) شاخەکانی دەور و پشتـی سـولەیمانێ و ، لـە (وەکیلی قەیس) فەرمانـڕەوای ئەورۆژەی سولەیمانێ بێ و ، ئەو فەرمانڕەوایەش ناحەزی مەحمۆد پاشا بۆبێ و کە هەواڵی نیازی هێرش هێنانی مەحمۆد پاشای بیستبێ شاری بەجێهێشتبێ و دابێتیە چیا . ئەگەر وابێ کە ئێمە بۆی چووین ئەوە مەعنای بەیتەکە وای‌لێدێتەوە : هەرچەند فەرمانڕەوای وەك قەیسی عامیری شێت و مالّوێران شاری بەجێهێشتووە و داویەتە کێو ، کە ئەبۆ بە حوکمی شێتێ لە شاردا ببەسترایەتەوە ، من بووم بە (مەجنوون) و گرێی زوڵفی (لەیلا)م لێ بووە بە زنجیر و پێیەوە بەسراومەتەوە ، بۆیە ناتوانم شار بەجێبێڵم و بێم بۆلات .

لەوانەیە نیـوەی دواییی بەیتەکە ئیشارەت بێ بە بەندبـوونی نالێ بە خۆشەویستیی یارەکەیەوە و بۆیە شاری پێ بەجێنەهێڵرابێ .

لە کۆهی نەجدە ئێستاکە : ئەمە تێکستی (کم) و (من)ە . (چر) و (چن) و (ك) و (عب) : بە کۆهی نەجـدە . (عم) و (گم) : بە کێوی نەجـد . مالّ وێران (چر) و (عب) : مالّ کاول .

(٥) کولاە : کلاّو . چەرخی ئەطلّەس ڕەنگ : ئاسمانی شین . مەملوك : بەندە . ئێمە وای بۆ ئەچین مەبەستی نالێ لـە (مەملوك) یەکێ لە کۆیلەمەنە

له دنیا جەننەتی باقێ تەلاری شاهییە ، ساقێ !
(حەبیبە) طوزّرەیی طەوقی ملی (شیرین) و (عەذرا)یە (٦)

حوکمزّانەکانی بەغدا بێ و ، مەعنای بەیتەکە وابێ کەوا کە بیستم دڵی (میران) واتە مەحمود پاشا بەسەر والیی مەمالیکیی بەغدادا ئاغا و حوکمزّانە و والێ وەك مەملوك و بەندەی وایە چیی لێ بوێ دەس بەزّوێیەوە نانێ ، لەخوّشییانا سەری گەورەیێ و شانازیم گەیشتە ئاسمانی شین .

تەناسوبێکی ناسك لەم بەیتەدا لەنێوان (کولاە) و (سەر)ی (لەسەر)دا هەیە هەرچەند بەمەعنای (سەر)ی ئەندامی لەشیش نییە .

مەملوّکی : ئەمە تێکستی (عم) و (گم)ە و هەر بەمجوّرەش بەیتەکە مەعنا ئەگەیێنێ . (چر) و (چن) و (ك) و (عب) و (من) : محلول ، مەحلوّلی (؟) .

(٦) باقێ : نەبزّاوە و هەمیشەیێ . حەبیبە : یارەکەی نالێ . شیرین : مەعشوقەی فەرهاد و عاشیقەی خوسرەوی پەرویز . عەذرا : پاڵەوانی داستانی خوّشەویستیی (وامیق) و (عەذراء) .

لێرەدا نالێ لایەك ئەکاتەوە بەلای خوّی و پەیوەندی خوّیا لەگەڵ بنەماڵەی بابان و ئەڵێ : کاکەی مەیگیّز ! بەهەشتی نەبزّاوە و هەمیشەیێ لەم دنیایەدا بریتییە لە تەلاری شاهانە . (حەبیبە)ی خوّشەویستی منیش لە هەموّ نازداران جوانتر و خوّشەویستترە ، تەنانەت بەنیسبەت شیرینی فەرهاد و عەذرای وامیقیشەوە وەك لیرەی ملوانکەی مل وایە و ئەوانە بە حەبیبەی لای منەوە ئەنوێنن .

دیارە نالێ ئەوەشی مەبەست بووە کە وشەی (ساقێ) بە (ساقی)ی بەمەعنا (لاقی)یش بخوێنرێتەوە ، واتە : لاقی (حەبیبە) مۆری ملوانکەی ملی (شیرین) و (عەذرا)یە ، واتە (شیرین) و (عەذراء) ، گەردنیشیان ناگاتە لاقی (حەبیبە) ، ئەوەندە ئەم لە جیهانی جوانێ و نازداریدا پایە بڵندە .. دوّریش نییە (تەلاری شاهێ) ناوی کوّشکێکی (میرانی بابان) بوّبێ .

شاهییە (چن) : شاهیدە . شیرین و (چر) و (چن) : شیرین . دیارە ئەبێ بە (ی)ی ئیضافەوە بێ .

دوّر نییە وشەی (شاهییە) بەمجوّرە بوّبێ : (شاهیدە و) . نوسخەکەی (چن)یش بەشێکی ئەم بوّچوّنەمان پزّئەکاتەوە . ئەگەر وابێ مەعنای نیوە بەیتەکە وای لێدێتەوە : بەهەشتی نەبزّاوە بریتییە لە کوّشکی یار و لە مەیگیّز و مەی و خواردنەوە .

نیشانەی فەخرە بۆ من گەر بە سەر بێم نەك بە پێ ، ئەمما
بە مەرگی تۆ قەسەم ، شاهم ! ، عوذر مەسمۆعە ، سەرمایە (٧)

بە حەققی تاری کاکۆڵی سەراپا لۆلی ئەو شۆخە
ئەگەرچی پەشمە ، ئەمما دڵ لە طوزڕەی زوڵفی سەودایە (٨)

موحەققەق مەشرەبی « نالێ » لە شیعرا هەروەکو «خاکێ»
خەیاڵی « کوردی »یە ، بەیتی سەراپا زوڵفی دۆ تایە (٩)

---

(٧) عوذر مەسمۆعە : واتە ئەو عوذر و بیانووەی ئەیهێنمەوە بۆت بۆئەوەی لێم ببۆرێ کەوا نەهاتم ، شایانی ئەوەیە گوێی لێ بگیرێ . سەرمایە : وەك ئەتوانرێ بە (سەرما) مەعنای لێ بدرێتەوە ، بۆئەوەش ئەشێ بەمجۆرە بخوێنرێتەوە : سەر (ما)یە ، واتە : سەرم نییە ، واتە : سەربەست نیم و دەسەڵاتم لە دەستی خۆمدا نییە . ئەگەر وابێ پەیوەندی نەچۆنەکەی نالێ بە ناکۆکییە هەرگیز نەبڕاوەکەی نێوان (میرانی بابان) خۆیانەوە ئەبێ .

(٨) تار : تاڵ . کاکۆڵ : قژەسەر . پەشم : خەیاڵی خاو . خورێ و مۆ . سەودا : پەرێشان .

واتە : قەسەم بە تاڵی قژەسەری لەسەر تا خوار لۆلی ئەو یارە نازدارە ، دڵم بەهۆی زوڵفی لۆلیەوە ئاڵۆز و پەرێشانە ، هەرچەند ئەم دڵ پەرێشانییەم خەیاڵێکی پۆچ و بێمایە و بەرهەمە ، یان هەرچەند ئەو زوڵفەش کەوا دڵ گیرۆدەی بووە ، هیچ نییە ، هەر خورێ و موو ه !

(٩) موحەققەق : دیارە . بێگومان . مەشرەب : چەش . ئارەزۆ . ڕێباز .

واتە : بێگومان ڕێبازی شاعیرانەی نالێ ، بیرکردنەوەی (کوردی)یانەیە ، وەك چۆن وڵات و (خاکی)شی هەر (کوردی)یە و کوردستانە . . شیعرەکانیشی کە تێکڕا وەك زوڵفی یار ئاڵۆز و جوان و درێژن ، دۆ سەرن و دۆ مەعنا ئەبەخشن و بە دۆ جۆر لێك ئەدرێنەوە . نالێ لەم بەیتەدا ئیشارەتێکیشی بۆ ناوی (خاکێ) و (کوردێ) کرد . (مەشرەب)ی بەمەعنا (ئاو)یشی بەرابەر بە (خاك) دانا . . بەڵام بۆ ؟ نازانین !

کوردییە (چر) و (عب) : کردیە . ئەمیش بۆ (کوردییە) دەستئەدا .

تەنها (عم) و (گم) ، وشەی (نالێ) و (خاکی)یان خستووەتە ناو دۆ کەوانەوە و (کوردی)یان خستووەتە پشت گوێ . نوسخەکانیتر هیچ ئیشارەتێکی لەم چەشنەیان تیا نییە .

ئەڵاڵا .. ئەڵاڵا .. كە چ عەقڵ و چ كەماڵێكی هەیە !
لەگەڵ ئەو عەقڵ و كەماڵە چ جەماڵێكی هەیە ! (١)

دڵڕفێنێكە لە بۆ مەدحی ، سەراپایی ئەوێ
واجبە مەدحی بكا هەرچی كە ماڵێكی هەیە (٢)

ئەهلی ئەم شارە هەمۆ نۆكەر و ئەتباعی ئەون
یۆسفی میصرە ، عەجەب جاهـ و جەلاڵێكی هەیە ! (٣)

گەر خەیاڵی دەهەنی بێنمە بێو ئەم غەزەلە ،
دێن دەڵێن ئەم غەزەلە وردە خەیاڵێكی هەیە ! (٤)

— ٣١ —

(١) ئەڵاڵا . . ئەڵاڵا : وشەی سەرسامییە ، وەك (ماشەڵاڵا) و شتێوا . كەماڵ : وێڵ و فام . جەماڵ : جوانێ . دیارە ئەگەر جوانێ و تێگەیشتن پێكەوە لە ئافرەتێكدا كۆببنەوە ، ئەو ئافرەتە ئەبێ بە نمۆنە و لە هەمۆ لایەك پەنجەی بۆ ڕائەكێشن و باسی ئەكەن .

(٢) واتە : یار دڵڕفێنێكە بۆ تەعریف كردنی ، پێویست بە بەشداریێ كردنی هەموانە و كار بە یەك و دۆ مەیسەر نابێ . بۆیە پێویستە هەركەس خاوەنی دەسمایەیەك بێ لە تەعریف كردنا ، لە تەعریف كردنیا بەشدار بێ و تەعریفی بكا .

دڵ ڕفێنێكە لە بۆ (« پەراوێزی » چر) : دڵڕەقێكە كە لە بۆ . ئەوێ (« پەراوێزی » چر) و (عم) و (گم) : قەدی ئەو .

ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی چوارەمە .

(٣) واتە : یارەكەم ئەوەندە جوان و بە شان و شكۆیە خەڵكی ئەم شارە هەمۆ شوێنی كەوتۆن و بووون بە خزمەتكاری .. یارەكەم یۆسفی میصری سەردەمی خۆیەتی ، ماشەڵاڵا پایەیەكی چەند بەرزی هەیە !

ئەم (ت) : ئەو .

(٤) دەهەن : دەم .

واتە : ئەگەر بیر كردنەوە لە دەمی بۆنخۆشی یار بێنمە ناو ئەم غەزەلەوە ، ئەوانەی كە غەزەلەكە ئەخوێننەوە هەست بەو بۆنە خۆشە

خەطی سەبزی لە کەناری لەبی ، « نالێ » ! هەروەك
« خضری زیندە » لەسەر چاهە ، زولالێکی هەیە (٥)

— ٣٢ —

عاشقی بێ دڵ دەنالێ ، مەیلی گریانی هەیە
بێشکە هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە (١)

ئەکەن کە بنیادەم سەرخۆش ئەکا و ئەڵێن ئەم غەزەلە وردە سەرخۆشییەکی هەیە .

(٥) خەطی سەبز : گەنەمۆی سمێڵی تازە دەرهاتۆ . خضری زیندە : خدری زیندە کە ئەڵێن تا ڕۆژی قیامەت نامرێ چونکە ئاوی ژیانی خواردووەتەوە . چاهـ : چاڵ ، کانێئاو . زولال : سازگار .

واتە : نالییا ! سەوزەی گەنەمۆی سەر لێوی یار ، ئاوێکی سازگاری بە قەراخی لێوی یارەوە هەیە کە تەڕاییی ناودەمیەتی ، وەك چۆن خدری زیندەش بەسەر کانیی ئاوی ژیانەوەیە ئاوێکی سازگاری هەیە . دیارە نالێ لەم شوبهاندنەدا ئەوەی ڕەچاو کردووە کە ناوی (خضر) مەعنای (سەوز) ئەگەیەنێ و گەنەمۆی سەر لێوی یاریشی بەسەوز داناوە و ئەوە ڕۆیەکی شوبهاندنەکەیە .

ئەم مەعنایەمان بەگوێرەی ئەوە لێدایەوە کە (چن) لە پەراوێزی ئەم بەیتەدا نۆسیویە : « (نالی) منـادی ، لا مضاف الیه » واتە : (نالێ) بانگ لێکراوە ، دراوە پاڵ نییە ، واتە : ئەی نالێ ! نەك : لێوی نالێ . بەڵام ئەشکرێ ، وەك نالێ خۆی هەمۆ جارێ وائەکا ، لە وشەی (نالێ) هەم ناوی نالییش و هەم مەعنا لەفظییەکەیشیمان مەبەست بێ . (نال) بە قامیشی باریك و لاواز و ناو بۆش ئەڵێن . کەواتە ئەتوانین بڵێین واتە : لێوی وەك قامیش باریك و ناو بۆشی یار .. تاد .

خەطی سەبزی (کم) و (من) : خەطی سەوزی . (گم) : خەتی سەوزی ! خضری (من) : خدری . لەسەر چاهە (چن) و (ت) و (ك) : لەسەر چاهـ . (عم) و (عب) : لەسەری چاهە . زولالێکی (چر) و (ت) : زولالێکە . (چن) : زولالێك . بۆ (زولالێکی) و (زولالێکە)یش دەستئەدا .

لەنێوان (سەبز) و (کەنار) و ، (خضر) و (چاهـ)دا تەناسوب هەیە . هەروەها لەنێوان (سەبز) و (خضر)یشدا . لە (خضر) خۆیشیا لەطافەت هەیە چونکە نالێ خۆیشی ناوی (خضر) بووە .

چاوی من دەم دەڕێژێ ئاوی صاف و خوێنی گەش
دا بڵێن دەریای عومانە دوڕڕ و مەرجانی هەیە (٢)

پەرچەمی ڕۆ دادەپۆشێ ، پێچی زوڵفی پێچەیە
دا بە ڕۆژیش پێی‌بڵێن شەمعی شەبوستانی هەیە (٣)

---

(١) نالێ لەم بەیتەدا دڵـداری شوبهاندووە بە بەهـار و ، هاوار و نالەیی شوبهاندووە بە هەورە تریشقە و ، گریانی شوبهاندووە بە تاوە باران و ، ئەڵێ کە دڵدار دەستی کرد بە هاوار و نالە دیارە ئەبێ بیشگرێ ، چونکە هەورە تریشقە ئەبێ تاوە بارانێکی بەدوادا بێ .

لەنێوان (بێشکە) و (تریشقە)دا وشەئارایەکی جوان هەیە .

تاوی (چن) و (کم) : تاوە . (ت) و (ك) و (عب) و (اح) : تاو . بۆ(تاوە) و (تاوی)یش دەست ئەدا .

تەرتیبی بەیتەکانی ئەم پارچە شیعرەمان بەگوێرەی نوسخەکانی (چن) و (عم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خـا) و (خب) ڕێکخستووە . جیاوازیی نوسخەکانی تریشمان ، بەش‌بەحاڵی هەر بەیتێك ، لەئاستی خۆیدا ڕۆن کردووەتەوە .

(٢) دا : تا . دەریایەکە لە ڕۆژەڵاتی نیمچە دوڕگەی عەرەب ، لە باشوری ڕۆژاوایەوە وڵاتی (عومان)یش هەیە کە پایتەختەکەی شاری (مەسقەط)ە .

لەم بەیتەشدا نالێ چاوی خۆی داناوە بە دەریای عومان و ، فرمێسکی سپێ و سوری داناوە بە دوڕڕ و مەرجان کە لە بنی دەریا دەرئەهێنرێن . ئەڵێ : چاوم بۆیە جاروبار فرمێسك و خوێن ئەڕێژێ ، تا بڵێن دەریای عومانە دوڕڕ و مەرجانی‌هەیە و فرمێسکەکانی دوڕڕ و مەرجانەکانینی .

لە هێنانی (دوڕڕ) و (مەرجـان)دا بەدوای (ئاوی صـاف) و (خوێنی گەش)دا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

نالێ لە نیوەی یەکەمی ئەم بەیتەدا ئەوەشی مەبەست بووە بەمجۆرەش بخوێنرێتەوە :

چاوی من دەم ، دەم دەڕێژێ ئاوی صاف و خوێنی گەش

واتە : چاوم لەبارەی تەڕییەوە بووە بە دەم و ، دەمیشم ئاوی صاف و خوێنی گەش ئەڕێژێ .. تاد . ئەم ویستە کە نالێ ویستوێەتی وردەکارییەکی ئێجگار ناسك و جوانە .

ئاسمانی حوسنی مەحبوبەم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕۆ
دۆ هیلال و دۆ شەو و دۆ ماهی تابانی هەیە (٤)

---

(٣) پەرچەم : مۆی ناوچاوان کە دێتەوە بەسەر ڕۆدا . پێچ : لۆل خواردن . پێچە : پەچە ، پارچەیەکی ڕەشی تەنکە ژنان جاران ئەیاندا بە ناوچاویاندا بۆئەوەی نامەحرەم نەیانبینێ ، ئیستاش هێشتا لە هەندێ شوێنا هەر باوە بەتایبەتێ لەناو ژنانی بەسالاچۆدا . شەبوستان : حەرەم سەرای شاهان و تەختی نۆستنیان کە تەنیا مۆمێکیان تیا دائەگیرساند ..

واتە : پەرچەمی یار ڕۆی دائەپۆشێ و لۆلیی زوڵفیشی وەك پێچە بەسەریا دێتەوە و ئەیکا بە تاریکستانێ و شەبوستانی شاهانە و مۆمی ڕۆیشی لەژێر پەرچەم و زوڵفەکەیەوە ئەگڕێ . یار بۆیە وائەکا تا بڵێن دەم و چاوی حەرەمسەرای شاهانەیە دەستی کەسی ناگاتێ و ڕۆمەتی مۆمە دایگیرساندووە تیا .

پێچی زوڵفی پێچەیە : لەگەڵ هەندێ جیاوازیی شێوەی نۆسینا ، بەهۆی شێوەی ڕێنۆسی کۆنەوە ، ئەمە تێکستی (چر) و (ت) و (ك) و (اح) و (عب) و (خا)یە . (« پەراوێزی » چر) : چینی زوڵفی پێچەیە . (چن) : پێچی زوڵفی پێ چییە . (کم) و (من) : چینی زوڵفی پەچەیە . (خب) : پێچی زوڵفی پێچشی . دا (عم) و (کم) و (گم) : تا . نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە (عم) و (گم)دا بەمجۆرەیە :

ڕۆمەتی خۆی دادەپۆشێ ئەو بە پێچی زوڵفەکەی

ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی شەشەم و ، لە (کم) و (گم)دا بەیتی هەشتەمە .

(٤) نالێ لەمبەیتەدا ڕۆی جوانی یاری شوبهاندووە بە ئاسمان و ، بڕۆکانی کردووە بە دۆ مانگی یەکشەوە و ، زوڵفە ڕەشەکانی بە دۆ شەوی تاریك و ، ڕۆمەتەکانی بە دۆ مانگی تابان و ، ئەم هەمۆ شتە ناکۆکەی بەجارێ لە ڕۆیدا کۆکردووەتەوە و لە ئاسمانی تێپەڕاندووە کە نە دۆ ــ دۆی تیا کۆئەبێتەوە و ، نە مانگی یەکشەوە و مانگی تابان بەجارێ و ، نە شەوی تاریك و مانگی تابان پێکەوە .

حوسنی (چن) و (اح) : ڕۆیی . مەحبوبەم : تێکستی هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمان (مەحبوبم) بۆ . ئێمە هەم لەبەر مۆسیقای بەیتەکە و ، هەم لەبەر موناسەبەت لەگەڵ (ئەبرۆ) و (زوڵف) و (ڕۆ) و ، هەم لەبەر هاوتایی (حەبیبە) و (مەحبوبە) کە لە زۆر بەیتیتری نالێدا دێن ، وامان نۆسیوە ، هەرچەند (مەحبوب)یش لە ئەدەبدا جێی (مەحبوبە)

هەر لەبت ، یا سینەشت هەردۆ بەدەرخە ، دا بڵێن :
لەعلی ژۆمانیی هەیە ، یا لەعل و ژۆمانی هەیە (٥)

وەحشییە لێمان لەبەر طەعنەی ژەقیبی سەگ صیفەت
ڕاستە هەر ذێ‌ژۆحێ ، بۆ وەسواسە ، شەیطانی هەیە (٦)

ئەگرێتەوە .

ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی پێنجەمە .

(٥) ژۆمانێ : وەك هەنار . ژۆمان : هەنار .

واتە : یا هەر لێوی سۆرت ، یا لێو و سینەت پێکەوە دەرخە بۆ خەڵك تەماشایان بکەن ، بۆئەوەی بڵێن هەر لەعلی سۆری ژەنگ وەك هەنارت هەیە کە لێوتە ، یا بڵێن لەعلیش و هەناریشت هەیە کە لێوی سۆر و مەمکی خژتن .

هەر لەبت یا سینەشت هەردۆ بەدەرخە : ئەمە تێکستی (چر) و (عم)ە . (« پەراوێزی » چر) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : هەر لەبی یا سینەشی هەردۆ بەدەرخا . (چن) : دۆ لەبی یا سینەشی هەردۆ بەدەرخا . (عب) : هەر لەبت یا سینەشت هەردۆ بەدەرخە . (خب) : گەر لەبی یا سینەشی هەریەك بەدەرخا . بڵێن (عم) و (كم) و (ت) و (ك) و (اح) و (من) : بڵێم . لەعلی (چر) و (عم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خب) : لەعل . ئێمە بە (لەعلی)مان خوێندەوە . (چن) : لەعلە . (كم) و (عب) و (من) : لەعل و . (خا) : لەعل . لەعل و (عب) و (خب) : لەعل . ئێمە بە (لەعل و)مان خوێندەوە . (كم) و (من) : لەعلی .

ئەم بەیتە لە (گم)دا نییە و ، لە (عب) و (من)یشدا بەیتی حەوتەمە .

(٦) وەحشێ : دۆرەپەرێز و کەنارەگیر . طەعنە : تانە و لۆمە . ذێ‌ژۆح : گیان‌لەبەر . وەسواسە : وەسوەسە . خوتۆرەی دڵ .

واتە : یار لە ترسی لۆمە و سەرزەنشتی بەدکار لێمان تەرایە و خۆی ناداتە قەرەمان و ناکەوێتە ژەت . بەڵێ دیارە هەر مرۆیەك ئەهریمەنێکی هەیە دۆدڵێ و دڵەخورپە ئەخاتە دڵیەوە و ئەیترسێنێ و بەدکاریش بەش‌بەحاڵی یار ئەو ئەهریمەنەیە .

ڕاستە (عم) : ڕاسە . ذێ‌ژۆحێ (چر) و (عب) و (من) : ئینسانە . (خب) : ذێ‌ژۆح . وەسواسە (ت) و (ك) و (اح) : وەسواسی . (تو) : وەسواس .

ئەم بەیتە لە (چن)دا نییە و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی نۆهەمە .

دڵ موشەببەك بۆ لەبەر ئێشانی تێشانی موژەت
حەیفە قوربان ! ئاخر ئەم تێشانەیی شانی هەیە (٧)

لەحظەیێك و لەمحەیێك چاوم بە چاوی ناکەوێ
کێ دەڵێ وەحشێ غەزالە مەیلی ئینسانی هەیە ! (٨)

---

(٧) موشەببەك : کون کون وەك پەنجەرە . ئێشان : ئێشکردن و ئازار چەشتن . نیشان : بە نیشانە نانەوە . نێشانە : نیشانە . شان : سەرشان .

واتە : ئازیزەکەم ! دڵم بەهۆی ئازاری بە نیشانە نانەوەیەوە بۆ برژانگەکانت بۆ بە پەنجەرە ئەوەندەی کون تێبۆ . . حەیفە وای لێئەکەی . . دڵی من شتێکی بێبایەخ نییە ، نیشانەی شان و شکۆ بەسەرشانیەوەیە کە ئەوەتە تۆی تیا دانیشتۆی . . ئەوەندەی ئازار مەدە . .

ئێشانی نیشانی (چر) و (ك) و (اح) : بە بێ (ی)کانی ئیضافە . بەڵام زێنۆسی کۆن زێ ئەدا بە (ی)وە بخوێنرێتەوە . (چن) و (ت) و (عب) : ئێشان و نیشان . دیارە (نیشانی)یە . (عم) و (کم) و (گم) : ئێشان و نێشانی . نیشانەیی شانی : هیچکام لە نوسخەکان زاستەکەیان نەزانیوە . نوسخەکان هەمۆ ، بێجگە لە (کم) و (خا) و بە (« پەراوێزی » خا)یشەوە : نێشانە ئێشانی . (خا) : نیشانە ئێشانی . ئەگونجێ تێکستی ئەم نوسخانەش بەمجۆرە بخوێنینەوە (نیشانە ئیی شانی = نیشانە ئیشانی) . واتە : نیشانەی هەیە ، هیی سەرشان ، کە لەگەڵ مەعنای پێشۆدا ئەبێتەوە بەیەك . (کم) : ئێشانە نیشانی .

ئەم بەیتە لە (چر)دا بەیتی نۆهەم و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی چوارەمە .

(٨) لەحظە : ماوەی چاوکردنەوەیەك . لەمحە . ماوەی تێپەڕینی برۆسکەیەك . وەحشێ غەزال : ئاسکی کێوێ .

واتە : هەرچێ ئەکەم و ئەکۆشم تەنانەت بۆ ماوەی چاو تروکاندنێك و تێپەڕبۆنی برۆسکەیەکیش چاوم بە چاوی ناکەوێ . مەبەستی لەوەیە ئەوەندەش چاو ناکاتەوە و تروسکایی چاوی بۆ ئەو ماوە کەمەش بە پێش چاویا نارۆا . . وا دیارە ئەم ئاسکە کێوییە چاو جوانە ئارەزۆی دیتنی ئادەمیزاد یان دیتنی بیبیلەی چاوی ئادەمیزادی نەبێ ، بۆیە وا تاوێکی کەمیش چاوی ناکاتەوە . زۆی شوبهاندنی یار بە ئاسکی کێوێ ئەوەتە ئەم جۆرە ئاسکە هەمیشە سڵ ئەکاتەوە لە خەڵك و خۆی ناخاتە بەرچاو .

نالێ لەمبەیتەدا بەشێوەیەکی ئێجگار ناسك و هونەرمەندانە باسی

تۆ ئەگەر هەستی ، لە جێ ڕاوەستی ، دێو و کافریش
دێن دەڵێن : بەخودا قیامەت ڕاستە هەستانی هەیە (٩)

فارس و کورد و عەرەب هەر سێیم بە دەفتەر گرتووە
« نالێ » ئەمڕۆ حاکمی سێ مووکە ، دیوانی هەیە ! (١٠)

خەوالێیی چاوی یار ئەکا ..
ئەشگونجێ وشەی (کێ دەڵێ) کە بە شێوەی ڕێنووسی کۆن بەمجۆرە نووسراوە (کی دلی) ، بە (کەی دڵی)یش بخوێنرێتەوە .
وەحشێ (چر) : وەحش . ئەمیش هەر (وەحشی)یە . غەزالە (کم) : غەزالان .
ئەم بەیتە لە (چر)دا بەیتی حەوتەم و ، لە (کم) و (گم) و (عب) و (من)دا بەیتی سێهەمە .

(٩) واتە : ئازیزەکەم ! ئەگەر تۆ تاوێك لەجێی خۆت بجووڵێیت و خۆت دەرخەیت ، دێو و کافریش کە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت نییە ، دێن سوێند ئەخۆن کەوا قیامەت ڕاستە و سەرەنجام هەر بەرپا ئەبێ . مەبەستی لەوەیە بڵێ بە دەرکەوتنی تۆ شۆڕ و فوغانێك پەیدا ئەبێ ، هەرگیز ڕۆژی نەدابێ و عالەم هەموو لێت خڕ ئەبنەوە وەك بڵێی ڕۆژی قیامەت داهاتووە !
دێو و (خا) : دێوی . دەڵێن بەخودا (« پەراوێزی » چر) و (گم) : ئەڵێن بێ شك . هەستانی (عب) : هەڵسانی .
نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە (« پەراوێزی » چر)دا بە جۆرێکی کەش نووسراوەتەوە کە ئەگەر بیهێنینە سەر ڕێنووسی نوێ و هەڵەکانی ڕاست کەینەوە وای لێ دەرئەچێ :

تۆ کە هەستی ، شۆڕ و شینێکە کە دەهرێ و کافریش

ئەم بەیتە لە (چر) و (عب) و (من)دا بەیتی هەشتەمە .

(١٠) دیوان : بارەگای حوکمڕانێ . دیوانی شیعر .
واتە : دەرامەتی ولاتی فارس و کورد و عەرەبم هەموو خستووەتە ناو دەفتەری خۆم .. من ئەمڕۆ فەرمانڕەوای ئەم سێ ولاتەم بۆیە دەرامەتیان لە دەستی منداید و لیستەی دێتە دەفتەری منەوە .. من ئەمڕۆ دیوانی حوکمڕانیم هەیە حوکمی ئەم سێ ولاتەی لێوە ئەکەم ..
ئەمە مەعنا بەدیمەنەکەی بەیتەکە . مەبەستی ڕاستەقینەش لە دەرامەت

بەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنەوو بازاڕییە
چونکە ناگاتە گونی دێوانەکەی ، لێی عاریە (١)

زمانی ئەدەب و ، لە مۆڵك توانای شیعر وتن و ، لە دیوان دیوانی شیعرە . واتە : من ئەمڕۆ دەسەڵاتم بەسەر ئەم سێ زمانەدا ئەشکێ و ، شیعرم بە هەر سێ زمانەکە خستووەتە دەفتەری خۆمەوە و ، دیوانی شیعرم بەم سێ زمانە هەیە .

ئەم بەیتە کە باسی زمانی تورکیی تیا نییە ، نیشانەی ئەوەیە نالێ بەر لە بەجێهێشتنی کوردستان وتوێەتی . هەروەها بەڵگەی ئەوەشە کە نالێ شیعرێکی زۆری بەم سێ زمانە وتووە ، کە بەداخەوە ئیستا هەر ئەم چەند پارچە کوردێ و دۆ سێ پارچە فارسییەیمان لە بەردەستدایە .. بەڵکو لە دوازۆژا لە (سنە) و (شام) و (ئەستەمۆڵ) و (مەککە) و (مەدینە)ش شیعری‌تری سەر هەڵبدا .

مۆڵکە (خب) : شەهرە .

— ٣٣ —

(١) عاریە : عەیب و شۆرەیی لێ دێ .

واتە : ئەو جل و بەرگەی کە بریتییە لە سەروەت و سامانی دنیا ، هەرچەند بەدیمەن جوان و ڕازاوە بێ ، لەڕاستیدا ئەوەندە بێدەوام و تەمەن کورت و دەسەودەس پێکراو و ئایەخە ، هەرگیز ناتوانێ مرازی بنیادەم جێبەجێ بکا ، لەبەرئەوە وەك بەرگێکی کورت وایە گونی دانەپۆشێ . بۆیە تەنانەت ئەوکەسەش کە شوێنی دنیا کەوتووە و بۆی شێت بووە ، شەرمی لێدێ لەبەری بکا . لێرەدا نالێ بۆ تەواوکردنی قسەکەی و ئیسپاتکردنی بێبایەخیی دنیا ، هاتووە شێتی کردووە بە بەڵگە کە خۆی دائەماڵێ و بە ڕۆت و قوتێ ئەگەڕێ و ، ماڵی دنیای شوبهاندووە بە بەرگی شێت و ، دنیا پەرست بە شێت خۆی و ، بەرگ لەخۆداماڵینی شێتی بە دەربڕینی دەنگی نارەزاییی ئادەمیزاد داناوە لە دنیا .. واتە شێت لە شێتیی نییە جلەکانی لەبەری دائەکەنێ ، لە ژیرییەتی و دنیای بەلاوە هیچ و پۆچە ، بۆیە خۆی لێ ڕۆت ئەکاتەوە .

بەڕای ئێمە ئەبێ وشەی (عاریە) هەر بەمجۆرە لێك بدرێتەوە کە ئێمە لێکماندواوەتەوە ، نەك بە (عاریێ)ی بەمەعنا (ڕۆت) و ضەمیری (ە) ، چونکە ئەگەر وابوایە پێویست بەو پرسیار و وەڵامە نەئەما کە لە بەیتی دۆهەمدا هەیە .

من له بێ‌به‌رگیی (مه‌خه)م پرستێ ، که بۆچ ژۆتی ؟ وتی :
« ژه‌ببی من شێت بم ، ئه‌گه‌ر شاد بم به به‌رگی عاریه ! » (۲)

خه‌لعه‌تی ته‌شریفی هه‌رکه‌س بێ چییه ، غه‌یری که‌فه‌ن !
هه‌ر ئه‌وه هه‌م فاخیره و بۆ ئاخیره و یه‌کجارییه (۳)

کۆنه‌وو (چر) و (عب) و (من) و (خب) : کوته و = کۆته‌ه و . به‌ڵام ئاشکرایه هه‌ڵه‌یه چونکه (کۆته‌ه)یش هه‌ر (کورت)ه‌که‌یه . گونی (عم) : کنی . خۆیشی به (نزدش) واته (لای) مه‌عنای لێداوه‌ته‌وه ، به‌ڵام ئاشکرایه به‌هه‌ڵه‌دا چووه . دێوانه‌که‌ی (چر) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) : دێوانه‌که . لێی : ئه‌مه تێکستی (چر) و (عب) و (من)ه . نوسخه‌کانی‌تر ، (ت) نه‌بێ ، : لێ . (ت) : پێ .

(۲) مه‌خه : له‌وانه‌یه کورت‌کراوه‌ی (مه‌خۆل) بێ که ئه‌ویش کورت‌کراوه‌ی (محمود)ه . دیاره ناوی شێتێکی دیارێ بووه له سوله‌یمانیی سه‌رده‌می نالیدا ، زۆرجار به ژۆت و قۆتێ گه‌ژاوه . عاریه : خواسته‌مه‌نێ .

واته : له (مه‌خه)م پرسێ : بۆچ وا ژۆتی ؟ له وه‌ڵاما وتی : «خوا شێتم کا ئه‌گه‌ر به به‌رگی خواسته‌مه‌نێ شاد بم » . مه‌به‌ستی ئه‌وه بووه بڵێ : دنیا شتێ نییه بنیاده‌م پشتی پێ ببه‌ستێ و مالی دنیا وه‌ك مالی خواسته‌مه‌نێ وایه ، بۆیه منیش له‌به‌ری‌ناکه‌م و به ژۆتێ ئه‌سۆژێمه‌وه .

ئه‌مه‌ی نالێ به ده‌می (مه‌خه)وه ئه‌یگێژێته‌وه په‌نجه‌ی تاوانبار کردنی تێکڕای کۆمه‌ڵه و وائه‌گه‌یه‌نێ ئه‌م کۆمه‌ڵه هه‌مۆی شێته ئه‌وانه‌ی نه‌بێ داب و نه‌ریتی کۆمه‌ڵایه‌تییان پشت گوێ خستووه ..

له‌نێوان (بێ‌به‌رگێ) و (به‌به‌رگی)دا طیباق‌و ، له‌نێوان (ژۆتێ) و (وتی)دا جیناسی لاحیق و ، له‌نێوان (شێت) و (شاد)یشدا ــ به‌وپێیه که (د) وه‌ك (ت) ئه‌خوێنرێته‌وه ــ وشه‌ئارایی‌یه‌کی جوان هه‌یه .

مه‌خه‌م (عم) : مه‌حه‌م . (عم) له‌سه‌ریشی نوسیوه : « بفتح میم ، محمد نامی بوده » واته میمه‌که‌ی سه‌ری هه‌بێ ، موحه‌ممه‌د ناوێك بووه . (کم) : محه‌م . له نوسخه‌کانی (ت) و (« په‌راوێزی » عب و من) و (اح) و (من و (خا)دا به هه‌ڵه نوسراوه . گوتی (عم) : وتی . ژه‌ببی من : ئه‌مه تێکستی (چن)ه . نوسخه‌کانی‌تر هه‌مۆ : (یا رب) و (یا ربی) ..

(۳) خه‌لعه‌ت : خه‌ڵات . ته‌شریف : قه‌در زانین و گه‌وره کردن . که‌فه‌ن : کفن . فاخیر : نایاب و گرانبه‌ها . ئاخیره : ژۆژی قیامه‌ت .

واته : خه‌ڵاتی قه‌در زانین که به بنیاده‌م بدرێ ، له هه‌رکه‌سه‌وه بێ ،

کونجی ڕاحەت ، تاجی عیززەت خاریجی مەعمورەیە
کوندەبۆ هەر بانگە بانگ و ، هودهودیش هاواریە (٤)

پۆست بە کۆڵی (عامیرێ) فەرمۆی کەوا بۆ پوختە بۆن
جەوتی سەرکێوان گەلێ چاتر لە (تاڵێ شاری)یە (٥)

هیچ‌بایەخی نییە . تاقە خەڵاتێ کە بایەخی ببێ کفنە ، چونکە شتی بایەخ‌دار ئەوەیە بەردەوام بێ ، لە ماڵی دنیایشدا هیچ شتێ لە کفن بایەخدارتر نییە ، چونکە هەر ئەوە لە یەک‌کاتدا پاک و خاوێن و جوانیشە و سەراپای لەش دائەپۆشێ و دوا بەرگیشە تا ڕۆژی قیامەت و لەوپەڕی پێویستییشایە بۆ ئادەمیزاد .

لەنێوان (فاخیرە) و (ئاخیرە)دا جیناسی لاحیق هەیە .

خەلعەتی (چر) و (چن) و (عب) و (اح) و (من) و (خب) : بە بێ (ی)ی ئیضافە . ئەمیش هەر (خەلعەتی)یە . فاخیرە و بۆ ئاخیرە و : ئەمە تێکستی تەنها (عب)ە . نوسخەکانی‌تر ، (عم) نەبێ کە هەڵەیە ، فاخیرە بۆ ئاخیرەت .

(٤) مەعمۆرە : ئاوەدانێ . هودهود : پەپوە سلێمانە .

واتە : گۆشەیەک کە بنیادەم تیا بحەسێتەوە و ، تاجێکی سەربەرزێ کە بنیادەم بینێتە سەری ، لەناو خەڵک و ئاوەدانیدا دەسگیری نابێ . ئەبێ بۆی دۆرکەوێتەوە لە خەڵک و کونجی دۆرەپەرێزێ بگرێ و لە درۆزنێ و ماستاو کردن و فێڵ و تەڵەکەی کۆمەڵ تەرا بێ .. هەر بۆیەشە وا کوندەبەبۆ و پەپوە سلێمانە بانگە بانگ و هاوار هاواریانە و ئەم ڕاستییە لە خەڵک ئەگەیەنن و خۆشیان لە ئاوەدانێ دۆر کەوتۆنەتەوە و ئەوەتە یەکەمیان کونجی چۆڵی وێرانە و دۆهەمیان تاجی سەربەرزیی دەسگیر بووە کە پۆپنەکەی سەریەتی !

لە هێنانی (کوندەبەبۆ) و (هودهود)دا بەدوای (کونج) و (تاج)دا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

کونجی (عم) و (کم) و (گم) و (من) : گەنجی . مەعمۆرەیە : نوسخەکانی بەردەستمان ، (خا) نەبێ ، هەمۆ بەمجۆرەیان نۆسیوە : (معموریە) کە بۆ (مەعمۆرەیە) و (مەعمۆرییە)ش دەستئەدا . ئێمە (مەعمۆرەیە)مان هەڵبژارد . (خا) : مەعمۆرییە . بانگە بانگ و هودهودیش («پەراوێزی» چر) و (عب) : بانگە بانگە هودهود هەر . (کم) و (گم) : بانگە بانگە ، هودهودیش .

قوش قوشی ڕاوێ نەبێ ، مورغی کولانە و ئاخوڕە
سەگ سەگی تازێ نەبێ ، کادینیێو ئەنبارییە (٦)

فەرقی کۆساران لە پاساران دەفەرمۆی وەك چییە ؟
وەك عەزیزیی باز و وەك بێحورمەتیی پاساریە (٧)

---

(٥) پۆستبەکۆڵ : ئەوەی پێستی حەیوان لەبەرئەکا . مەبەست لە (مەجنۆنی لەیلا)یە . عامیرێ : ئەوەی لە هۆزی (بنی عامر) بۆ . جەوت : کلاوی بەڕۆی بەری دار بەڕۆ کە ئەیکوتن و پێستەی پێ خۆشئەکەن و ئەیکەن بە کوندە و مەشکە . تاڵی شارێ : دەرمانێکە بۆ خۆشکردنی پێستە بەکاریدێنن .

لەم بەیتەشدا نالێ بەڵگە بۆئەوە دێنێتەوە کەوا دۆرە پەرێزێ و لە ئاوەدانێ دۆرکەوتنەوە چاکترە بۆ بەختەوەریی مرۆڤ لەوەی لەناوخەڵکا بێ . ئەڵێ : مەجنۆنی کەوڵ بەکۆڵ کە خۆی یەکێ بۆ لەوانەی ئاوەدانییان بەجێهێشتبۆ و کەوتبۆنە چۆڵەوانێ و تاقێ کردنەوەی تایبەتیی لەم مەیدانەدا هەبۆ ، وتۆیە بۆ پوختە بۆنی پێستەی حەیوان جەوتی سەرکێوان کە بەرهەمی شاخ و کێو و چۆڵییە لە تاڵی شارێ باشترە کە دەرمانێکە لە بازاڕی شارەکاندا ئەفرۆشرێ . کەواتە بۆ پوختەبۆنی ئادەمیزادیش ژیانی شاخ و کێو چاترە تا ژیانی ناو شار و ئاوەدانێ .

فەرمۆی کەوا بۆ پوختەبۆن (عم) : وابۆ بە کێوێ پوختە بۆ . جەوتی (عب) : جوت . ئەمیش هەر (جەوتی)یە . چاتر (عب) : خۆشتر .

(٦) قوش : پەلەوەرێکە وەك باز ڕاوی پێئەکەن . مورغ : مریشك . تازێ : تانجێ . کادینێ : نیشتەجێی کادان . ئەنبارێ : نیشتەجێی عەمار .

واتە : بنیادەم بێ یا هەرچێ ، ئەبێ کار لێهاتۆ بێ و بۆ ئەو کارە دەسبدا کە بۆی دانراوە . بۆیە ، ئەگەر قوش قوشێ نەبێ ڕاو بکا ، فەرقی لەگەڵ مریشك چییە ؟ سەگ ئەگەر سەگی ڕاو نەبۆ ، مەگەر هەر لە کادانا لێیبکەوێ و پاسی عەمار بکا .

کادینیێو (خب) : کادینەوو . (عم) و (گم) : گاوی بنەی .

(٧) کۆسار : کوێستان . پاساران : پەنا گوێسەوانە . عەزیزێ : خاوەن عیززەتێ . پاسارێ : چۆڵەکە پاسارێ .

ئەم بەیتەش هەر بەڵگەیەکی‌ترە نالێ ئەیهێنێتەوە بۆ ئیسپات کردنی باشیی چۆڵەوانێ و دۆرەپەرێزێ .

واتە: ئەگەر ئەپرسێ فەرقی کۆسار و بنپاسار چییە کە هەردوکیشیان

سەهم هەتا جوعبە نشین بێ ، گۆنە زەردی خەڵوەتە
قەوس هەتا چللە گوزین بێ ، هەر ئەسیری خواریيە (٨)

نوصحی «نالێ» ژەنگە هەرکەس بیبیێ ، بیکاتە گوێ
چونکە نەظمی صاف و وردە ، هەروەکو مرواریيە (٩)

هەر فێنکێ ئەبەخشن و ئەویان خۆری تیا بێتینە و ئەمیان خۆر نایگرێتەوە ئەڵێم فەرقیان وەك فەرقی خاوەن شان و شکۆیی باز و بێحورمەتیی چۆلەکەپاسارێ وایە . باز چونکە بەدەرەوەیە ، ئەوەندە دەرۆن بەرزە خۆی لە قەرەی هیچ شتێکی پیس و ناشیرین نادا و هەر گۆشتی پەلەوەری خۆ ژاو کردۆ ئەخوا ، بەڵام چۆلەکە پاسارێ چونکە لە ئاوەدانێ و لە بن پاسارا ئەژێ ، حەیا و حورمەتی نییە و هەر تاوێ نە تاوێ نێر و مێیان لەناو خۆیاندا لە یەك ئەپەژن !

لەنێوان (کۆساران) و (پاساران)دا وشە ئارایێ و ، لەنێوان (پاساران) و (پاسارێ)دا تەناسوب هەیە .

کۆساران (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (خب) : کۆهساران .

(٨) سەهم : تیر . جوعبە : تیردان . گۆنە : گۆنا . قەوس : کەوان . چللە : ئەو ژێیەی کەوانەکە ئەچەمێنێتەوە . گوزین : هەڵاوێردۆ و پەسەند کردۆ .

واتە : تیر ، تا شارراوەی ناو تیردان بێ ، زۆی زەردە ، چونکە خەڵوەت نشینیی کردووە بە پیشەی خۆی . کەوانیش تا هاوژێی ژێکەی بێ و ئەو هەڵاوێرێ و لێی جیا نەبێتەوە ، ئەبێ مل کەچ و پشت کۆماوە و دیلی پەستێ بێ .

لە یەکخستنی (سەهم) و (قەوس) و ، لەنێوان (گۆنە زەرد) و (خەڵوەت)دا تەناسوب هەیە . نالێ بەتایبەتێ وشەی (خەڵوەت) و (چللە)شی خستووەتە پاڵ یەك ، چونکە (چلە)ی صۆفییانیش چل زۆژە لە خەڵوەتخانەدا بەسەری ئەبەن .

سەهم هەتا (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خب) : سەهم تا . قەوس هەتا (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خب) : قەوس تا . ئەمیش هەر (قەوس هەتا)یە . گۆنە زەردی (چر) و (چن) و (کم) و (ك) و (عب) و (خا) : کۆن و زەردی . (من) : کۆن و زەرد و . گوزین بێ (ت) : گوزین . ئەبێ (گوزینە) بێ .

با ڕەفیقانم بکەن شینم کە وەقتی زاریيە
قەط مەکەن تەقصیر لە گریان ، شیوەنم یەگجاریيە (١)

تیرەکەی ئەورۆژە مەحبوبەم کە لوطفی کرد بە من
گەر نەبەخشێ مەرهەمی وەصڵی ، بڕینم کاریيە (٢)

---

(٩) نوصح : ئامۆژگاری . بیبیێ : بیبیسێ . نەظم : هۆنینەوە . شیعر .
واتە : ئامۆژگاریيەکانی نالی ئەوەندە بەجێ و دڵگیرن ، لەوانەیە هەرکەس بیبانبیسێ ، وەك گوارە بکاتە گوێی ، لە گوێیان بگرێ و بیبانگرێتە دڵ و لە بیری نەچنەوە ، چونکە لە گوارەیەکی مرواری ئەچن دەنکەکانی ساف و ورد بن و جوان هۆنرابێتەوە ، کە دەستی هەر کچێ بکەوێ هەرگیز داینا کەنێ لە گوێی .

نوصحی (عم) و (کم) و (گم) : نەظمی . بیبیسێ (کم) : بێ کە ئەو . بیکاتە (چر) : بیگرێتە . وردە (کم) : دوڕڕە .

ئەم پارچە شیعرە لەبەر سادەییە لەڕادەبەدەرەکەی ، زەحمەتە هیی نالی بێ و تەنها لە نوسخەکانی (عم) و (گم)یشدا هەیە . ئەگەر هیی نالی بێ دیارە لە سەرەتای شیعر وتنیدا وتوێەتی . د. مارف خەزنەداریش بە هیی نالیی نازانێ . ئەڵێ : « هێشتا بۆم ساغ نەبوەتەوە هیی کێیە . بۆ (هیی) تاهیر بەگ دەشێ » . (بڕوانەرە : د. مارف خەزنەدار ، چەند پەراوێزێکی دیوانی نالی ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ، ژمارە ٣٤ی کانونی یەکەمی ١٩٧٥و کانونی دوهەمی ١٩٧٦ ، لاپەڕە ٤٢) . کاکە حەمەی ناریش پارچە شیعرێکی هەیە زۆر لەمە ئەچێ .

(١) تەقصیر : درێغێ . شیوەنم یەگجاریيە : شیوەنی مەرگمە .

(٢) مەرهەم : مەڵهەم .
واتە : یار لوتفی لەگەڵ کردم ، سەیرێکی کردم ، بەو سەیرکردنەی تیرێکی پێوەنام . ئەگەر مەڵهەمی بەیەك گەیشتنیشم پێ نەبەخشێ بڕینەکەمی پێ چاك بکەمەوە ، دەردم کاریيە و ڕاست نابمەوە .
ئەورۆژە (عم) : ئەم ڕۆژە .

حەپسی چاهی میحنەتم ، کافر بە حاڵی من نەبێ !
کار و پیشەم دائیمەن گریان و شین و زاریە (٣)

هەر بە ئومێدی عەیادەت بەڵکە جارێ بێتە لام
من ، ئەگەرچێ بیشمرم ، پێم‌خۆشە ئەم بیماریە (٤)

کەس نەکا مەنعی گوڵم ، گەرچێ دڵی کردوەمە خوێن
چونکە مەعلوەمە کە ئیشی خونچە هەر خوێن‌خواریە (٥)

کوچە کوچە خوون چەکەی پەیکانی موژگانی گوڵم ،
بۆ شەهیدێ شاهیدە دائیم کە خوێنم جاریە (٦)

---

(٣) چاهـ : چاڵ . میحنەت : مەینەت .
پیشەم (عم) : ئیشم .

(٤) عەیادەت : سەرلێدانی نەخۆش .
واتە : پێم‌خۆشە نەخۆش بم ، با بیشمرم ، بەمەرجێ یار لەکاتی نەخۆشیەکەمدا تاقە جارێك بێ سەرم لێبدا .

(٥) مەبەستی ئەوەیە بڵێ یار خونچەی نەپشکوتووە و ، خونچەش کە ئەپشکوێ و ئەبێ بە گوڵ و گەڵاکانی سوور ئەکەنەوە ، ئەو سووریەی سووریی خوێنی دڵی دڵدارانە .
خونچە (عم) : غونچە .

(٦) کوچە : کوڵان . خوونچەکە : ڕەوانبوونی خوێن . پەیکان : تیر .
موژگان : برژانگ .
واتە : ڕژانی خوێنی دڵم ، دڵۆپ دڵۆپ ، بەکوڵانانا ، بەهۆی تیری برژانگی یاری ڕوو وەك گوڵمەوە ، نیشانەی ئەوەیە خوێنم هەمیشە ئەڕوا و شەهیدی دڵداریم . لەم بەیتەدا ئیشارەت بەو ئەفسانەیە کراوە کە ئەڵێ (شەهیدی غەزا) تا ڕۆژی قیامەت هەر خوێنی لێ ئەڕوا !
خوونچەکەی (عم) : غونچەکەی . (عم) و ئامادەکەری ئەو دەستوسەی ئەم لەبەری نووسیوەتەوە لەو فەرقە گرنگە نەگەیشتوون کە تیپی (خ) لەم شوێنەدا هەیەتی لە (غ) لە (خونچە) و (غونچە)دا و نەیانزانیوە مەسەلە لە (غونچە) و (خونچە)دا نییە .. وابزانین (گم)یش لەبەر هەست کردن بەم جیاوازییە و لە تێگەیشتنی داوی بەیتەکەوە نییە (غونچە)ی بە (خونچە)

هەرچی مەحبوبان دەکەن خۆشە ، بەلأم داخی ژەقیب
دەمکوژێ ، طەرحی مرێ ، هەر وەك کەری بێگارییە ! (٧)

نالە نالی «نالی»یە وا خەلقی خستە زەلزەلە ،
یا نە خۆ حەشرە ، گونەهکارە وەها هاواریيە ؟! (٨)

بیدی مەجنونە وجودم لە هەمو بەر بەرییە
نە کەسێ موتتەفیعی یەك بەری یا سێبەرییە (١)

چیت لە کاکۆلی سەر و موێی میانی داوە ؟
هەمو هەر هەمم و پەرێشانیو دەردی سەرییە (٢)

نوسیوە ، بەلکو ویستویەتی بە عادەتەکەی خۆی (نالێ بکا بەکوردێ) !

(٧) طەرح : شێوە .
واتە : ئازیزان هەرچێ ئەکەن خۆشە و پێویستە بنیادەم باریان لە ئەستۆ بگرێ . بەلأم داخی بەدکار مـن ئەکوژێ ، کە وەك کەری بێگار هەمیشە خەریکە و خۆی ماندوێ ئەکا و هیچیشی بۆ خۆی نییە .

(٨) واتە : نالە نالی دەروونی زەبونی نالییـە خەلکی بێزار کردووە و دنیای ئالۆزاندووە ، یا نە خۆ ڕۆژی حەشرە ، هەر گوناهبارە و لەئاستی خۆیدا کەوتووەتە هاوار و پاڕانەوە و ، دەنگە دەنگیان گوێی عالەم کەڕ ئەکا .

(١) بیدی مەجنون : شۆڕەبێ . مونتەفیع : کەلك وەرگر .
واتە : بونی من وەك شۆڕەبێ وایە ، هیچ جۆرە بەرێکی نییە ، کەس قازانجی لە بەری یا لە سـێبەری دەسناکەوێ . (نالێ) بۆیە سێبەری شۆڕەبیی بە بێسود داناوە ، چونکە هەمیشە با لقەکانی بەملاوبەولادا ئەبا و هەرکەس لە سایەیا دانیشێ هەر تاوەنەتاوێ سێبەرەکەی ئەبێ بە خۆر .
لە کۆکردنەوەی (بەر) و هەردوێ (بەری) و (سێبەری)دا وشەئارایيەکی جوان هەیە . لە کۆکردنەوەی (یەك بەر) و (سێبەر)یشدا ، هەرچەند دووەمیش یەك وشەیە و (سێ) و (بەر) نییە ، طیباقێکی ناسك هەیە .

(٢) میان : ناوقەد . هەمم : هَمّ ، خەم .

به ڕیا باری تەکالیفی ژوستۆمێ بۆ خەڵق
چ دەکێشێ ؟ ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەرییە (٣)

موطمەئین خاطر و ئەیمەن مەبە هەر گیز لە شەڕی
نەفسی ئەممارە ، کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕییە (٤)

واتە : واز لە قژی بە کاکۆڵ کراوی سەری یار و لە ناوقەدی وەك مۆ باریکی بێنە .. هەمۆ هەر مایەی خەم و خەفەت و پەرێشانێ و دەردی سەرییە ، دەس‌بەرداری بێ باشترە بۆت .

لەنێوان (سەر) و (مۆ)دا تەناسوب و ، لەنێوان (هەمۆ) و (هەمم و)دا جیناسی تەرکیب هەیە .

کاکۆڵی (چر) و (چن) و (ت) و (عب) و (اح) و (خا) : کاکۆڵ . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . ئێمە ئەوەمان لا پەسەندتر بۆ کە عەطفی کرابێتە سەر . (کم) و (گم) و (ك) و (مز) و (من) : کاکۆڵ و . مۆیی (کم) و (ك) و (عب) و (من) : مۆی و . میانی داوە (« پەراوێزی » چر)و (کم) و (مز) و (عب) و (اح) و (خا) : میان داوە کە مۆ . (عم) و (کم) : میانت داوە . (ت) : میاندایە کە مۆ .

(٣) تەکالیف : تەکلیفات ، باری قورس لە ئەستۆ گرتن . ژوسۆم : داب و نەریت . حومق : بێعەقڵێ .

واتە : باری قورسی کرداری ڕیاکارێ بۆ ئەگریتە ئەستۆی خۆت لە خۆڕایێ ؟ کرداری‌وا نەفامییەکە تەنانەت کەریەتیشی ناگاتێ .. مەبەستی نالێ لەوکەسانەیە کە بۆ ژۆپامالێ و خۆ بە پیاو چاك دانە قەڵەم ئەرکی‌وا ئەگرنە ئەستۆی خۆیان ، نە خوا لەسەری فەرزکردۆن و نە لە خۆیشیدا پێویستە .

لەنێوان (تەکالیف) و (ژۆسۆم) و (کەرێ)دا کە بە ژێنۆسی جاران ئەنۆسرا (کری) و لەوانەبۆ بە (کرێ)یش بخوێنرێتەوە، جۆرە تەناسوبێك هەیە .

تەکالیفی (چر) و (چن) و (ت) و (مز) و (عب) و (اح) و (خا): تەکالیف. بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . ئێمە ئیضافەکەمان لا پەسەندتر بۆ . (عم) و (گم) : تەکالیف و .

ژوسۆمێ بۆ خەڵق . (عب) و (من) : ژوسۆمێ بۆ خەڵك . (خا) :

لۆمەیی «نالی»یی دێوانە مەکەن ئەی عوقەلا !
ئەمە موددێکە زەدەی لەطمەیی دەستی پەرییە (٥)

ڕۆستوم بۆ خەڵقێ . دەکێشێ (کم) : ئەکێشێ ، حومقێکە : ئەمە تێکستی (چر) و (چن) و (عب)ە . نوسخەکانیتر : باڕێکە .

(٤) موطمەئین خاطر : دڵنیا . ئەیمەن : ئەمین . نەفسی ئەمارە : دەرۆنی فەرمانڕەر بە خراپە کردن . شەڕیە : شەڕیەتی ، یا شەڕانییە .

واتە : هەرگیز دڵنیا و بێترس مەبە لە نەفسی خۆت کە ڕێگای خراپەت پیشانئەدا و فەرمانت ئەداتێ کە خراپە بکەی و ، هەڵت ئەخەڵەتێنێ .. ماری نەفس لەمێژە لەگەڵ بنیادەمدا لە شەڕایە و ئەیەوێ بە لاڕێیدا بەرێ و ، مرۆی زیرەك نابێ لێی پشتەسۆر بێ و پاڵی لێ بداتەوە .

لەنێوان (ئەمارە) و (ئەم مارە)دا جیناسی تەرکیب و ، لەنێوان (شەڕی) و (شەڕیە)دا جیناسی ناقیص هەیە .

(٥) دێوانە : شێت . عوقەلا : جەمعی عاقلە . زەدە : لێدراو . دەست لێوەشێنراو . لەطمە : شەقازلە .

واتە : ژیرینە ! لۆمە و سەرزەنشتی نالیی شێت مەکەن کەوا لەوانەیە قسەی لەجێی خۆیا نەبێ . ماوەیەکە پەرییان دەستیان لێ وەشاندووە و گرفتاری تیری نیگای نازداران بووە و ، بەدەم دەردەوە ئەناڵێنێ و نەهاتووەتەوە سەر خۆی .

نالیێ ئەوەشی مەبەست بووە کە وشەی (« نالی » یی) بە (ناڵەیی)یش بخوێنرێتەوە ، واتە : ناڵەی دێوانە ..

لەنێوان (دێوانە) و (عوقەلا) و ، (دێوانە) و (زەدە) و (پەرێ) و ، (زەدە) و (لەطمە)دا تەناسوب هەیە .

ئەمە موددێکە زەدەی لەطمەیی : ئەمە تێکستی (چر)ە . (« پەراوێزی » چر و خا) : موددەتێکە زەدەیی لەطمەیی . (چن) : موددەیێکە زەدەیی لەطمەیی . (عم) و (گم) : موددەیێکە کە زەدەی لەطمەیی . (کم) و (خا) : موددەیێکە کە زەدەی لۆمەیی . (ت) : کە دەمێکە زەدەیی لەطمەیی . (ك) و (اح) : موددەیێکە کە زەدەی لەطمەیی . (مز) : چونکە موددێکە زەدەی لەطمەیی . (عب) و (من) : کەمە موددێکە زەدەی لەطمەیی . کەمە : کە ئەمە .

— ٣٦ —

صەوتی نەغمەی بولبولە یا چەهچەهەی خرّخالّیە ؟!
دەنگی سۆلە ، یا لەژێر پێی نالّەنالّی نالّیە ؟! (١)

— ٣٧ —

لەوکەسە دینی ئەتۆ تۆری دڵ و ئیمانیە ،
زۆ بە زوڵفت دامەپۆشە ، یەعنی کافرسانییە (١)

— ٣٦ —

ئەم تاکە بەیتە لە دەستنۆسەکاندا تەنها لە نوسخەی (ت) و (خب) و ، لە چاپەکانیشدا تەنها لە (عم) و (گم)دا هەیە . لە نوسخەی (ت)دا لە دوادواییی دیوانەکەوە نۆسراوەتەوە و پاش ئەوە نۆسراوە « تمت شد . . » واتە : تەواوبۆ . لە نوسخەی (خب)یشدا لەپاش پارچە شیعری (ئەڵڵا . . ئەڵڵا . . چ جەماڵ و چ کەماڵێکی هەیە . .) وە نۆسراوەتەوە ، وەك بڵێی دوابەیتی پارچەکەیە ، هەرچەند ئاوازیشیان جیایە لەیەك . لە نوسخە چاپەکانیشدا بەشێوەی تاقانە بەیت دانراوە .

(١) صەوت : دەنگ . نەغمە : ئاوازی بولبول . چەهچەهە : ئاوازی بولبول و پەلەوەرە دەنگ خۆشەکانیتر ، لەو مەعنایەوە خوازراوە بۆ مەعنای (زرّە) . خرّخاڵ : بازنگ .

واتە : ئەم ئاوازە خۆشەی دێتە گوێم ، نازانم دەنگی بولبولە ئەخوێنێ ، یا زرّەی بازنگەکانی قۆڵی یارە ؟ دەنگی سۆلەکانی پێیەتی ، یا نالّەنالّی نالّی ژێر کەوشەکانیەتی ، لەژێر پێیدا ئەزیرّێنێ و ئەزریکێنێ ؟ مەبەستی لە (نالّی ژێر کەوشەکان) شەخصی (نالێ) خۆیەتی ، گوایە هەمیشە زەلیلی ژێر پێی یارە و هەرگیز لێی جوێ نابێتەوە .

نالێ ئەوەشی مەبەست بووە کە وشەی (نالّیە) کە جاران لەگەڵ (« نالی » یە)ی ئیستا وەك یەك ئەنۆسران ، واش بخوێنرێتەوە .

سۆلە (عم) و (ت) و (خب) : صۆلە . لەژێر پێی (عم) : لەژێر پێ . (ت) : لەژێر پای .

— ٣٧ —

ئەم پارچە شیعرە تەنها لە نوسخە چاپەکانی (عم) و (گم)دا هەیە .

دڵ کەوا هەم قاسییە ، هەم عاصییە ، دۆرە لە تۆ
مونزەجیر نابێ ، کە حوببی تۆ لە قاصێ دانییە (٢)

ئێمەش بە هیی (نالێ)ی ئەزانین . کەسیش نەیوتووە هیی ئەو نییە .

(١) دین : بینین . کافرسانێ : کافرستانێ ، ولاتی کافران .
واتە : کەسانێك هەن بینینی تۆ لەجێی نۆری دڵ و باوەڕدایە بۆیان . دەسا ڕۆی وەك ڕۆژی خۆت لە ڕۆی ئەوکەسانەدا دامەپۆشە و زوڵفی ڕەشی خۆتی بەسەردا مەهێنە و ،ئەو سەرچاوەی باوەڕەیان لێ مەکە بە کافرسانێ ..
لەنێوان (ئیمان) و (کافرسانێ)دا طیباق و ، لەنێوان (دین) و (ئیمان)دا جۆرە تەناسوبێك هەیە ، هەرچەند (دین) لێرەدا بەمەعنا (ئایین) نییە .
ئێمە لەوباوەڕەداین وشـــەی (لەوکەسە) ، لەبنچینەدا (لەوکەسەی) بووە و بە هەڵەی نۆسیاران گۆڕاوە .

(٢) قاسێ : ڕەق . عاصێ : گوناهبار . مونزەجیر : ئەوەی لەسەر کردنی شتێ لێی تۆڕە ببن و ئەویش لە کردنی ئەو شتە دەس‌بەردار ببێ . قاصێ : دۆر . دانێ : نزیك .
واتە : دڵم کەوا ڕەقیشە چونکە لەبەر ئەم سزای دۆرییەی تۆدا خۆی ڕائەگرێ و ، گوناهباریشە چونکە بێ‌گوێیی تۆ ئەکا کە ئەتەوێ دەس لە یەخەت بکاتەوە و نایکاتەوە ، بۆیە وایە چونکە دۆرە لێت . ئەگەر لە خۆتت نزیك بخستایەتەوە ، هەرچیت پێ بووتایە بەگوێی ئەکردی . بەڵام ئەو هەر لەبەر دۆرێ لێتەوە دەس‌بەردار نابێ لە خۆشەویستیت ، چونکە خۆشەویستیی تۆ فەرقی دۆر و نزیکی تیا نییە و ، ئەوەی خۆشی بوێیت ، دۆرێ و نزیکێ چون یەکە لای .
نالێ ئەم بەیتەی وا دارشتووە وەك بڵێی (فێڵ) بکا لە یار . پێی‌ئەڵێ : تۆ هەر تەنها دڵم لە خۆت نزیك بخەرەوە ، ئیتر هەمۆ شتێ بەئارەزۆی دڵی تۆ ئەبێ .. بەڵام یار بۆچی نزیکی ناخاتەوە ؟ چونکە نایەوێ لێیەوە نزیك بێ .. کە نزیکی خستەوە لە خۆی ، ئیتر چیی تیا ئەمێنێ و ، چێ ئەمێنێ دڵ بەگوێی بکا تیایدا ؟!
جیاکردنەوەی (قاصێ) و (دانێ) لەیەك ، کاری ئێمە خۆمانە . نوسخەکانی (عم) و (گم) نۆسیویانە (لە قاسێدا نییە) . ئێمە ئەمەمان لا هەڵە بۆ ، چونکە مەعنایەکی ئەوتۆ نابەخشێ و وشەی (قاسێ)یش دۆ جار لە بەیتەکەدا دۆبارە ئەبێتەوە . ئەگەر بییاننوسییایە (لە قاصیدا نییە)

گوێت لە ئاوازی سوروشکی من گرانی گوارەیە
غافڵی لەم دوڕڕی بەحرەین و عەقیقی کانییە (٣)

ڕۆمەتت شەمعی شەوی قەدرە ، دڵم پەروانەیە
نەحری مێنای ڕۆژی عیدە ، ڕۆحەکەم قوربانییە (٤)

ڕێی تێئەچۆ ، هەرچەند ئەو جوانییەی نەئەبۆ کە (قاصێ) و (دانێ) هەیانە .

لە (قاسێ) و (عاصێ)دا ، ئەگەر بەهۆی نزیکیی (سین) و (صاد)ەکەیانەوە لەیەك ، چاوپۆشێ لە جیاییەکەیان بکەین ، ئەتوانین بڵێین جیناسی لاحیق هەیە . لەنێوان (عاصێ) و (مونزەجیر)یشدا تەناسوب و ، لەنێوان (قاصێ) و (دانێ)یشدا طیباق هەیە .

(٣) بەحرەین : گەورەترین دوڕگەکانی ولاتی بەحرەینە کە لە ٣٣ دوڕگە پێکهاتووە لەناو کەنداوی عەرەبدا . عەقیق : مۆرۆیەکی سۆری گرانبەهایە .

واتە : تۆ بەهۆی قورسیی گوارەوە گوێت گران بووە و دەنگی داچۆڕانی فرمێسکی منت گوێ لێ نییە ، نازانی چۆن دوڕڕێکی بەحرەین و ئاقیقێکی کان لە کانیی چاوی من دائەوەرێ کە فرمێسك و خوێنی چاومن و ، گەڵێ لە گوارەکانی خۆت شایانترن بۆئەوەی گوێت لە داوەرینیان بێ و (بیانکەیتە) گوێ .. کەواتە لە (دوڕڕ) و (عەقیق)دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە .

نالێ لەمبەیتەدا گەڵێ وردەکاریی جوانی کردووە : داوەرینی فرمێسکی چاوی خۆی شوبهاندووە بە مۆسیقا . لە قورسیی گوارەوە چووە بۆ گرانیی گوارە و ، لە گرانیی گوارەوە چووە بۆ گوێ گرانێ . فرمێسکی چاوی شوبهاندووە بە دوڕڕ و ، خوێنی چاوی شوبهاندووە بە ئاقیق . لە وشەی (بەحرەین) هەم ولاتی (بەحرەین) و هەم هەردۆ چاوی خۆی مەبەست بووە . لە وشەی (کانێ)یش هەم (کان) و هەم (کانێ)ی مەبەست بووە .

(٤) شەوی قەدر : شەوە تاکەکانی دەی دوایی مانگی ڕەمەزان کە عادەت وابۆ زۆرکەس تا بەیانێ نەئەنۆستن و مۆمیان دائەگیرساند و خواپەرستییان ئەکرد و ، ئەوترا دوعای تیا گیرا ئەبێ . نەحر : لای سەرۆی سنگ . سەربڕین . حەیوانی سەربڕاوی ڕۆژی جەژنی قوربان . مێنا : مینا ، مِنی ، شوێنێکە لە مەککە قوربانێ سەربڕین و هەندێ

خوێنی صیرفە پێی سەر و دەستت حەنایێ کردووە
ژەنگی دەست و سەر نییە ، ژەنگی سەری دەستانییە (٥)

دۆر لە تۆ « نالێ » سەگێکە ، بێوەفایە ، هەرزەگۆ
بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە کە نانی نانییە ؟! (٦)

بەشی‌تری حەج لەوێدا جێبەجێ ئەکرێ .

واتە : ژۆمەتت ئەو مۆمەیە لە (ليلة القدر)دا دایئەگیرسێنن و (ليلة القدر)ەکەش زۆلفتــە ، دڵی منیش پەروانەیە بە دەوری مــۆمی ژۆتدا ئەخولێتەوە . سنگت وەك (مینا)ی مەککە وایە لە ژۆژی جەژنی قوربانداا کە حەیوانی تیا سەرئەبڕن بۆ قوربانێ و ، گیانی‌منیش لە (مینا)ی سنگتدا ئەبێ بە قوربانێ .

نالێ لە وشــەی (نەحر)ی بەمــەعنا لای ســەرۆی سنگ ، ئەوەشی مەبەست بووە کە مەعنای (سەربڕین)یش ببەخشێ و بەمەعنایە لەگەڵ وشەی (قوربانێ)دا تەناسوبیان لەنێواندا ئەبێ . لە وشەی (مینا)ی بەمەعنا شوێنیش ، ئەوەی مەبەست بووە کە مەعنای (شۆشە)ش بگەیەنێ و لەگەڵ (نەحر)ی بەمەعنا (سنگ) تەناسوبیان لەنێواندا بێ . جگە لەم تەناسوبانە تێکڕا لەنێوان (شەمع) و (پەروانە) و ، (نەحر) و (مینا) و (ژۆژی عید) و (قوربانێ)یشدا تەناسوب هەیە . لە (مینا)شدا لەطافەت هەیە چونکە دۆ مەعنا ئەبەخشێ .

(٥) صیرف : ژۆت . حەنایێ : خەناوێ . دەستان : داستانێ .

واتە : ئەو ژەنــگەی تۆ دەست و سەرت پێ خەناوێ کــردووە ، ئەو ژەنگە نییە خەڵکێ ئەیدەن لە دەست و سەریان ، ژەنگی ، واتە خوێنی سەرە داستانییەکانی دڵدارەکانتە کە هەریەکێ ژازێکیان لەگەڵت بووە و بەجۆرێك بە کوشتت داون .

ئەمە ئەو ئەندازەیە کە ئێمە لەم بەیتە بۆمان هەڵکژێنراوە . لاشمان وایە نیوەی دۆهەمی بەیتەکە ، بەتایبەتێ دوا بژگەی ، شتی‌تری تیایە . ئەوەش‌بــزانین کە (دەســتان) مەعــنای (فژ و فێــڵ) و (ئەفسانە)ش ئەبەخشێ .

لە کۆکردنەوەی وشەی (پێی) و (سەر) و (دەست)دا تەناسوب هەیە ، هەرچەند مەبەست لە وشەی (پێی) ، (پێ) نییە .

(٦) هەرزەگۆ : ئەوەی قسەی هیچ و پۆچ بکا . کەلب : سەگ . نانێ نانێ : ئەوەی بە تەماعنانەبەر هەڵخەڵەتێ .

ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەر و پەیوەندی نییە
نەی‌شەکەر قەددە ، بەڵێ بەندی هەیە ، قەندی نییە (١)

عادەتێکی هەیە هەرگیز لە کەسێ ناپرسێ
ظاڵمێکی وەیە قەط خەوفی خوداوەندی نییە (٢)

واتە : عەیب نەبێ لە زۆتدا ، نالێ سەگێکی بێوەفا و هەڵەوەڕە . بۆ کەمێك زۆی نادەیتێ ؟ لایەکی لێ بکەرەوە و پارۆیەك نانی بۆ هەڵدە ، بە کلکەلەقە مل شۆڕ ئەکا و دێ بۆ لات و بێدەنگ ئەبێ .

— ٣٨ —

(١) سەر و پەیوەند : سەر و ساخت . نەی‌شەکەر : قامیشی شەکر . بەڵێ : بەڵام .

واتە : ئاخ کەوا (حەبیبە) لەگەڵ ئەوەش کە گیرۆدەی عەشقی خۆیی کردین ، سەر و ساختی لەگەڵمان نییە و گوێمان ناداتێ . باڵای زێك و شیرینە وەك قامیشی شەکر ، بەڵام ئەوەی بە ئێمە ئەبڕێ شیرینییەکەی نییە ، بەند و گرێ و زنجیرەکانیەتی . (نالێ قەفەکانی نەی‌شەکەرەکەی داناوە بە بەند و گرێ و زنجیر) .

لەنێوان (قەدد) و (قەند)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (بەند) و (قەند)دا جیناسی لاحیق هەیە .

سەر و : ئەمە تێکستی (ك) و (من)ە . (عم) و (گم) : سەری . نوسخەکانی‌تر هەموێان : (سەر) ، بۆ (سەرو) و (سەری)یش دەستئەدا . بەڵێ (مز) : بەڵێ . بەندی هەیە ، قەندی نییە (چر) و (چن) و (ك) و (مز) و (اح) و (خا) و (خب) : قەندی هەیە ، بەندی نییە . (چر) وشەی (بەندی) بە (مابین قفها) واتە : نێوان قەفەکانی مەعنا لێداوەتەوە . بە (نقل از نسخهء قدیمه) واتە : بە نەقڵ لە نوسخەیەکی کۆنەوەشەوە ئەو تێکستەی نوسیوەتەوە کە ئێمە پشتمان پێ بەستووە . (گم) : بەندی هەیە و قەندی نییە .

(٢) وەی : بەڵێ .

واتە : خۆیەکی هەیە ئەوەتە کەس بەسەرناکاتەوە .. زۆرداریکی بەڵایە ، ترسی خوای لە دڵا نییە ، ئارەزۆی لە چێ بێ ئەیکا .

دەرحەقی من زەهر و سرکەفرۆشە بە برۆ
دەرحەقی غەیری ئەمن غەیری شەکەرخەندی نییە (٣)

دولبەرێکم هەیە مەشهوورە بە بێ مانەندێ
بێ شك و شوبهە ، خودا شاهیدە ، مانەندی نییە (٤)

ئەهلی دنیایی لەبەر حیرص و طەمەع هوشیارن
بە خوصوصێ بگەڕێیی مەست و خیردەمەندی نییە (٥)

ئەشگونجێ (ظاڵمێکی وەیە) بە (ظاڵمێکیوایە) مەعنا لێبدرێتەوە .

لەنێوان (هەیە) و (وەیە)دا هاوئاوازێ و ، لەنێوان (هەیە) و (نییە)دا طیباق هەیە .

هەرگیز (خب) : ئەصڵەن . لە کەسێ (چن) : لە کەسێك . وەیە (چن) و (عم) و (گم) و (ت) و (ك) و (مز) و (اح) :بەدە .

(٣) زەهر فرۆش ، سرکەفرۆش : کینایەیە لە زۆگرژ و زۆترش . شەکەرخەند: پێکەنینی وەك شەکر شیرین .

واتە : یار هەمیشە تۆزەیە لە من و بە زۆی گرژەوە سەیرم ئەکا . لەگەڵ خەڵکیتریشدا لە پێکەنینی زۆخۆشانە بەوڵاوە هیچیتری نییە .

بەراوردێکی جوانە ئەمەی نالێ ئەیکا لەنێوان دۆ حاڵەتدا کە یار لەگەڵ ئەم و خەڵکیتریا ئەکا .

بۆ زاگیرکردنی ئاوازی نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە ئەبێ تۆزێ درێژە بە (هێ)ی (زەهر فرۆش) بدرێ لە خوێندنەوەدا .

دەرحەقی من زەهر و (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) : دائیما دەرحەقی من .

(٤) مانەند : وێنە .

واتە : دولبەرێکم هەیە ناوبانگی بە بێهاووێنەیێ دەرکردووە . خوا ئاگاداری ، هیچ گومانی تیا نییە ، دولبەرەکەم بێهاوتایە .

بێمانەندێ (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (خا) : بە بێهەمتایێ . (« پەراوێزی » چر) : لە دنیادا وا .

ئەم بەیتە لە (عم) و (گم)دا بەیتی پێنجەمە و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی شەشەمە و ، لە (خب)یشدا نییە .

خانەقاش هەروەکو مەیخانە ، کە هەر ئاوا بێ
مەجلیسێکی هەیە ، ئەمما گەپ و گۆبەندی نییە (٦)

---

(٥) واتە : دنیا پەرستان بەهۆی پۆلەکییەتێ و تەماعی مالّی دنیاوە ، ئاگایان لە جیهانی دڵ و مەی و مەستێ نییە . بەناویانا بگەڕێی ، بەدەگمەنیش یەکێکی زیرەك و وریایان تیا نادۆزیتەوە دەستی لە دنیا داشتبێ و مەستی شەرابی خۆشەویستیی ڕاستەقینە بۆبێ ..

بەدیمەن لەنێوان (حیرص) و (طەمــەع) و (هوشیار)دا تەناسوب و ، لەنێوان (مەســت) و (خیرەدمەند)دا طیباق هەیە . بــەڵام لەڕاستیدا وانییە ، چونــکە نالێ ئەیەوێ بــڵێ ئەوەی (تەماعــکار) بێ (هوشیاری ڕاستەقینە) نییە و ، ئەوەی (خیرەدمەند) بێ (مەست)ە .

ئەهلی دنیایی لەبەر (عم) و (گم) : ئەهلی دنیا لەبەری . (ت) و (مز) و (خب) : ئەهلی دنیا کە لەبەر . بگەڕێی (چر) و (ك) و (من) : بگەڕێ . (چن) و (ت) و (مــز) و (خب) : بکــری . بۆ (بــگەڕێی) و (بکڕی)یش دەستئەدا . (خا) : بکڕێ . تەنانەت مەعناشی بە فارسێ لێداوەتەوە ، بەڵام بەئاسانێ مەعنای نایەت .

ئەم بەیتە لە (چر) و (چــن) و (ت) و (ك) و (مز) و (خــا)دا لەپێش دوابەیتەوە و ، لە (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) و (خب)دا لەپاش بەیتی (مەدرەسە مەحبەســەیە .. تاد)ەوەیە . ئێمە لامانوابۆ جێگای ڕاستەقینەی ئێرەیە چونکە وا باشتر لەگەڵ باسی خانەقا و حوجرە و فەقێکاندا ئەگونجێ و ، عەطف کردنەوەکەی (خانەقاش) ڕاستئەکاتەوە .

(٦) واتە : خانەقاش وەك مەیخانە ، خوا ئاوەدانی کا ، خەڵکی تیا کۆئەبنەوە ، بەڵام خەڵکەکەی بێتام و خوێن ، نوکتە و گاڵتە و گەپ نازانن و بۆئەوە ناشێن بنیادەم ببێ بە هاوڕێیان .

ئەشگونجێ ڕستەی (خوا ئاوای کا) بــە (خوا ئا وای کا) بخوێنینەوە واتە : وای لێ بکا .

خانەقاش (عم) و (مز) : خانەقایش . (عب) : خانەقەیش = خانەقایش . هەروەکو (گم) : گەروەکو . (مز) : وەکو . مەیخانە کە (خب) : مەیخانەیە .

ئەم بەیتە لە (کم) و (ت)دا نییە . لە (کم)دا لە نیوەی یەکەمی بەیتی پاشەوە و نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە بەیتێك پێکهاتووە بەمجۆرە :

واقیعەن خانەقا خۆش زەمزەمێکی تێدایە
مەجلیسێکی هەیە ئەمما کپ و گۆبەندی نییە .

واقیعەن خانەقە خۆش زەمزەمەییکی تێدا ــ
یە ، بەڵێ قەندی هەیە ، گەندی هەیە ، زەندی نییە (٧)

مەدرەسە ، مەجبەسەیە ، مەبحەثەیی وەسوەسەیە
کەسی تێدا هەیە ، ئەمما خۆش و خورسەندی نییە (٨)

طالیبی زێاهی (حیجاز)م ، لە (موخالیف) هەڵدەن
بێ (نەوا) قەلبی حەزینم قووەتی بەندی نییە (٩)

---

(٧) واقیعەن : زێاستەکەی . زەمزەمە : هەرا و زەنا . گەند : بۆگەن . مرۆی بێکەڵک . زەند : زیرەك . کەمتەرخەم . سەربەست .

واتە : زێاستە خانەقا هەرا و بەزمێکی خۆشی تیایە ، بەڵام هەرا و بەزمەکەی زیرەکانە و سەربەستانە نییە ، هەرچەند شتی خۆش و ناخۆشیشی تیایە .

لەنێوان (قەند) و (گەند) و (زەند)دا جیناسی لاحیق هەیە .

واقیعەن («پەراوێزی» چر) و (عب) و (خب) : واقیعی . خانەقە : (چر) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : خانەقا . زەمزەمەیێکی (عب) و (من) و (خب) : زەمزەمەیێکە . بەڵێ (مز) : بەڵێ . گەندی (ت) : بەندی .

(٨) مەدرەسە : حوجرەی فەقێ . مەجبەسە : حەپسخانە . مەبحەثە : جێگای باس و لێکۆڵینەوە . خورسەندێ : شادمانێ .

واتە : حوجرەکانی فەقێ بەندیخانەی گیان و بیرن و ، باسەکانی کە فەقێکان باسیان لێئەکەن هەمۆ وەسوەسە و خەیاڵی بێمایەن و ، نالێم فەقێکان بنیادەمی زیرەك و لێهاتوویان تیا نییە ، هەن ، بەڵام خۆشێ و شادمانێ لە دەم و چاویانا بەدێ ناکرێ .

لەنێوان (مەدرەسە) و (مەجبەسە) و (مەبحەثە) و (وەسوەسە)دا هاوئاوازییەکی جوان و ، لەنێوان (مەجبەسە) و (مەبحەثە)دا ــ بە چاوپۆشییەوە لە جیاوازیی (سین) و ثێ ــ جیناسی قەلب هەیە .

مەبحەثەیی (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) و (خب) : مەبحەثی پڕ . کەسی تێدا هەیە ئەمما (عم) و (عب) و (خب) : کەسی تیا نەبوە دڵێکی « لەگەڵ هەندێ وردە هەڵەی نۆسینەوەدا » . خۆش و (گم) : دڵی .

(٩) زێاه : زێگا . حیجاز : ولاتی حیجاز . ئاوازێکی مۆسیقایە . موخالیف : ناحەز . ئاوازێکی مۆسیقایە . بێنەوا : هەژار . بێ ئاوازی مۆسیقا .

شیعرەکانم ، کە جگەرگۆشی منن ، دەربەدەرن
دڵی « نالیێ » چ ڕەقە ، قەط غەمی فرزەندی نییە ! (١٠)

بەند : ڕاگیر بۆن .

واتە : مادەم ولاتی خۆم ، ئەهلی دنیای ئەوەن کە باسم کردن ، خانەقا و حوجرەی فەقێ و فەقێیشی هەروا ، من ئەم ولاتە بەجێدێڵم و ڕێگای حیجاز ئەگرمەبەر و ، ئەوەی پێیناخۆشە بیدەنە بەر شەق . دڵەی خەفەتباری هەژارم هێزی خۆڕاگرتنی لەم ولاتەدا نەماوە و ئەبێ بڕۆم .

دیارە لەباری لەطافەت و ناسککاریشەوە ئەتوانرێ مەعنای بەیتەکە وا لێبدرێتەوە کە : حەزم لە گوێ لێبۆنی مەقامی (حیجاز)ە و مەقامی (موخالیف)م ناوێ و ، دڵم بێ (ئاوازی مۆسیقا) خۆی پێ ڕاگیر ناکرێ .

قووەتی (چر) و (ك) و (مز) و (عب) و (اح) : بێ (ی)ی ئیضافە ، لەبەر ڕێنۆسی کۆن . (چن) : قەوەتی . نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە لە پەراوێزی (عب) و (من)دا بەمجۆرە نۆسراوەتەوە :

بە نەوا قەلبی حەزین قووەتی سەربەندی نییە

بەڵام مەعنایەکی ئەوتۆ نابەخشێ .

(١٠) جگەرگۆش : جگەرگۆشە ، لایەك لە جگەر . فرزەند : کوڕ ، منااڵ .

واتە : شیعرەکانم کە زادەی بیر و هۆشمن و ژانێکی سەخت گرتۆمی پێیانەوە تا لەدایكبوون و ، وەك پارچەیەك لە جگەرم وان ، ئیستا لە کۆشی خۆما نەماون و دەربەدەر کەوتۆن و ، هەریەکێ پارچەیەکیانی بەلایەکدا بردووە .. ئای لە من ، باوکێکی چەند دڵڕەقم ، خەمی منااڵی شیعری خۆمم نییە و ، بە کۆڵانانا بەرەڵاییان ئەکەم ئەم و ئەو بییانبەن و لەوانەشە هەندێکەس هەندێکیان بکەن بە هیی خۆیان !.

بە بۆچۆنی ئێمە ئەتوانرێ چەند شت لەم پارچە شیعرە وەرگیرێ .. یەکەم : ئەمە کە نالیێ لە سەرەتای بەجێهێشتنی کوردستانا وتۆیەتی و لەو سەردەمەدا لەباری ئەهلی دنیا و ئەهلی دینی ولاتەکە بێزار بووە و ، شێوەی هەڵسوڕان و بیرکردنەوەی فەقێ و شێخ و مەلای بە دڵ نەبووە. دۆهەم : هەندێکەس شیعری ئەویان دزیوە و کردۆیانە بە هیی خۆیان ، یا هیچ نەبێ لە شیعری خۆیاندا کەڵکیان لێ وەرگرتووە . سێهەم : ئەوە کە نالیێ شیعری خۆی کۆنەکردووەتەوە . چوارەم : ئەوە کە ژنی نەهێناوە و منااڵی نەبوە .

قەط (کم) و (گم) و (من) : قەت . (خب) : قەد . غەمی (گم) : خەمی . ئەم بەیتە لە (خا)دا نییە .

تیپی یێ

— ١ —

حەریقی ضیقی زیندانم ، نەسیمی صوبحدەم با بی !
ئەگەر ژۆحی منت باقێ دەوێ ، ساقی ! مەیی نابێ ! (١)

لە وەصڵی تۆ زیاتر خەوفناکم ، نەك لە هیجرانت
بە میثلی شەمع و پەروانە ، بەڵێ عاشق دەبێ وا بێ ! (٢)

— ١ —

(١) حەریق : سۆتاو . ضیق : تەنگێ . نەسیم : شنەبا. صوبحدەم : دەمەوبەیان . ناب : بێگەرد و خاوێن . صیفەتی شەرابە .

واتە : سۆتاوی زیندانی تەنگی دۆریتم ، دەسا با دەرگام لێ بکرێتەوە و شنەبای دەمەوبەیان بێتە ژۆرەوە تۆزێ دەرۆنم فێنك کاتەوە و لە شەوی گەرمی زیندان ڕزگار بم .. ئازیز ! ئەگەر ئەتەوێ بە لەش ساغ بم و گیانم دەرنەچێ ، بۆم ببە بە مەیگێڕ و شەرابی بێگەردم لە پیاڵەی سۆری لێوت بدەرێ .

ئەشگونجێ (با بێ) وا بخوێنینەوە کە یەك وشە بێ و (بابێ) بێ ، واتە (ئەی شنەبای بەیانیان ، دەرگایەکم لێ بکەرەوە) .

لەنێوان (بابێ) و (نابێ) و ، (باقێ) و (ساقێ)دا جیناسی لاحیق هەیە .

حەریقی («پەراوێزی» چن) : حەریفی . بەپێی ئەم نوسخەیە ، هاوئاوازیی وشەکان وا پێویست ئەکا (ضیقی)یش (ضیفی) بێ واتە (ضیعفی ، لاوازیی) . (گم) و (خب) : سیجنی .

زیندانم (عم) و (خب) : هیجرانم . (گم) : حیرمانم . دەوێ (کم) و (من) : ئەوێ .

(٢) خەوفناك : دڵ پڕ لە ترس .

واتە : دڵداران هەمۆ ئاواتیان ئەوەیە بە یاریان بگەن و هەمیشە شکاتیانە لەدەست دۆرێ . بەپێچەوانەی ئەوانەوە من لە نزیکیی یار زیاتر ئەترسم تا لە دۆریی ، چونکە کە لە یار نزیك کەوتمەوە دەس‌بەجێ گڕم تێ بەرئەبێ ، وەك چۆن پەروانە کە ئەگا بە مۆم ئەوەندە بەدەوریا دێت و دەچێ تا گڕی تێ بەرئەبێ .

نییه دەخڵم له شانامه و مەصافی ، غەیری ئەم نوکته :
که کوشتەی بەندی تۆیە هەرکەسێ ئازاد و ئازا بێ (٣)

کەسێ پوشتانی بالآته ، حەریفی ئاڵ و والآته
که شیبهی کاکوڵی ژۆلیده سەرگەردانی سەودا بێ (٤)

شاعیرەکانی پێشتر گەیشتن به یاریان لا ناخۆشە ، چونکە ئەڵێن جیابۆنەوەی بەدوادا دێ . بەڵام نالێ دڵنیایە کەوا له یەکەم گەیشتندا به یار گڕی تێبەرئەبێ و نامێنێتەوە بۆئەوە جارێکیتر دەردی دۆرێ بچێژێ ، بۆیە له پێ گەیشتنی ئەترسێ .

زیاتر (گم) : زیادتر ! . دەبێ (کم) و (من) : ئەبێ .

ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوە له (چر) و (عب) و (من)دا له شوێنی یەکتردان .

(٣) شانامه : شاهنامەی فیردەوسێ ، شاکاری ئەدەبی فارسێ . مەصاف : ئەوەی له ڕێزدا بێ .

واته : هەقم بەسەر شانامه و کتێبی وەك شانامەوە نییه و ، تەنها ئەو شتەم لا بەبایەخە تیایاندا که ئەڵێ هەرکەس ئازاد و ئازا بێ و سەر بۆ شتی هیچ و پۆچ شۆڕ نەکا ، خۆ ئەداته تۆ و ئەکەوێته بەندی تۆوە و لەو ڕێگەیەدا سەری خۆی دائەنێ .

لەنێوان (بەند) و (ئازاد)دا بەدیمەن طیباق و ، لەنێوان (ئازاد) و (ئازا)دا جیناسی ناقیص هەیە .

له (عم) و (گم) : به . شانامه و (عم) : شەهنامه و . مەصافی : هەمۆ نوسخەکان ، جگە له (عم) و (گم) : مەصاف . دیارە ئەبێ به (ی)ی ئیضافەوە بێ .

(٤) پوشتان : هاوقەد و دەسڵەمل . حەریف : هاودەم . ئاڵووالآ : ڕەنگاوڕەنگ . کاکوڵ : کاکۆڵ : قژی درێژی لاوان . ژۆلیده : ئاڵۆز و تێکچۆ .

واته : کەسێك ئەو بەختەوەرییەی دەسگیر ئەبێ که ببێ به هاوقەدت و دەس بکاته ملت و هاودەم بێ لەگەڵ دیمەنی شۆخ و ڕەنگاوڕەنگت ، که وەك کاکۆڵی شێواو و تێکچۆ ، بەهۆی دەردی عیشقتەوە سەرگەردان بۆبێ . ڕۆی ئەم شوبهاندنە ئەوەیە که مۆی کاکۆڵ هەمیشە تێکچووە و به شان و ملدا دێتەخوار و دەست ئەکاته مل و بەسەر سنگ و پشتدا بلآو

فیدای تەشریفی ڕێگەت بێ خەراجات و خەزێنەی دڵ
نیثاری تۆزی پێت بێ گەر لە چاودا قەطرەیێ مابێ (٥)

ئەبێتەوە .

لەنێوان (بالآتە) و (ئالآتە)دا جیناسی لاحیق هەیە . (ۆ)ی (کاکۆڵ)یش بۆ ڕاگرتنی کێشی بەیتەکە ئەبێ بە کورتی بخوێنرێتەوە .

که شیبهی (چن) و (خب) : بە میثلی . (ت) : لە میثلی . (ك) و (اح) و (خا) : مەثەل . سەرگەردانی : هەمۆ نوسخەکان ، (چن) و (کم) نەبێ ، : سەرگەردان و . (چن) : سەرگەردان . بۆ (سەرگەردان و) و (سەرگەردانی)یش دەستئەدا . (گم) : سەرگەردانی . ئێمە لامانوایە ڕاستەکەی (سەرگەردانی)یە .

(٥) تەشریف : قەدردار کردن . خەراجات : خەرج و باج . نیثار : بەخشش. شاباش .

نالێ لەمبەیتەدا خۆشەویستیی شوبهاندووە بەو پارە و خەرج و باجەی لە گەنجینەدا دائەنرێ و ، دڵیشی شوبهاندووە بە گەنجینەکە و ئەڵێ : هەرچێ خۆشەویستییەك لەوانەبێ لە دڵدا بێ هەمۆی بەقوربانی ئەوە بێ کە ڕێگا پیرۆز ئەکەی و دێی بۆ لام . هەر دڵۆپە فرمێسکێکیش لە چاوما مابێ و ، لە گریانا لەبەر دەردی دۆریت نەمرۆشتبێ ، ببێ بە بەخشش و شاباشی تۆزی بەری پێت و ڕێتی پێ ئاوڕشێن بکرێ ، چونکە هەر ئەمەم هەیە پێشکەشتی بکەم و «دیاریی شوانیش یا شنگە یا هەڵەکۆك» .

ئەشتوانرێ وشەی (مابێ) بە (ما بێ) بخوێنرێتەوە واتە : ئەگەر چاوم دڵۆپێ ئاوی تیابێ .

لەنێوان (تۆز) و (قەطرە)دا تەناسوب هەیە ، چونکە بە (قەطرە) ئاو زەوێ ئاوڕشێن ئەکرێ و (تۆز)ی لێ هەڵئەگیرێ .

ڕێگەت (چن) و (عم) و (ت) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : ڕێکەت . خەراجات و (چر) و (ت) و (عب) و (خا) : خەراجات . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (من) : خەراجاتی . تۆزی پێت بێ گەر : ئەمە تێکستی (چر)ە . (چن) : تۆزی بەرپێتە لەچاو گەر . (عم) : تۆزی پێکەت بێ لەچاودا . بەراوردێکی جوانی تیایە لەنێوان (ڕێکەت) و (پێکەت)دا . (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) و (خب) : تۆزی بەرپێت بێ لە چاودا . (خا) : تۆزەکەی پێت بێ لەچاو گەر .

له عەکسی ذاتی بێژەنگت هەتا کەی دیدە ڕەنگین بێ ،
جوتۆنی لەیل و مەیلی نەقشبەندێ عەکسی ئەسما بێ ؟! (٦)

مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ
کە نەقشی غەیری ڕەنگی ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ (٧)

---

(٦) نەقشبەندێ : پەیژەوی تەریقەتی صۆفییانەی نەقشبەندێ .
واتە : تاکەی چاوم بە وێنە تیا دانەوەی دیمەنی ذاتی بێڕەنگ و وێنەی تۆ ڕەنگین بێ ؟ تاکەی شێتیی مەجنۆن بەهۆی لەیلاوە و ئیددیعای مەیلی صۆفیی نەقشبەندێ لە خۆشەویستیی خوا و پیر ــ کە ناوی (نەقشبەندێ) ئەیگەیەنێ و واتە وێنە و یادی ئەوان لە دڵیا نەقش بووە ــ بەپێچەوانەی مەعنای ناوەکانەوە بێ ؟

بە بۆچۆنی ئێمە ، مەبەستی نالێ لە نیوە بەیتی یەکەم ئەوەیە بڵێ بە یار لایەك بکەرەوە بە لامدا و ، بە خۆتم بگەیەنە و ، با بەسی بێ هەر بیر لە وێنەت بکەمەوە و وێنەت لەپێش چاوم بێ و خۆت لێم دوور بی . مەبەستی لە نیوە بەیتی دوەهەمیش ئەوەیە بڵێ شێتیی مەجنۆن کە دراوەتە پاڵ لەیلا و ئەڵێن بەهۆی لەیلاوە شێت بووە ، بەپێچەوانەی ناوەکەیەوە ، شێێتێ نییە ، عاقڵییە و ، دڵدار شێت نابێ . ئیددیعای مەیل و خۆشەویستیی نەقشبەندییش بۆ خوا و بۆ پیر ، کە ناوەکەی وائەگەیەنێ وێنە و یادیان لە دڵیا نەقشە ، بەپێچەوانەی ناوەکەیەوە ، درۆیە و ڕاستیی تیا نییە .

ئەمەی نالێ ئەڵێ کە یار ڕەنگی نییە ، کەچێ وێنەشی لە چاویا ڕەنگ ئەداتەوە ، زیادەڕەوییەکی ئێجگار هونەرمەندانەیە .

لەیل و مەیلی نەقشبەندێ عەکسی (چر) : لەیل و مەیل نەقشبەند و عەکس . دیارە (مەیلی) و (عەکسی)یە بەنیشانەی بۆنی (و)ی (لەیل و)دا . (چن) و (ت) و (عب) : لەیل و مەیل نەقشبەند عەکس . دیارە (مەیلی) و (نەقشبەندێ) و (عەکسی)یە . (گم) : لەیلە .. تاد . (ك) و (اح) و (خا) : نە (و = واو) و نە (ی = یێ) بە هیچکام لە وشەکانی ڕستەکەوە نییە .

ئەم بەیتە لە (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (من)دا لەپێش دوا بەیتی ئەم پارچە شیعرەوەیە .

(٧) نەقشین : نەخشین ، نەخشاوێ . نەقشبەند : نەخشی چەسپکراو و داکوتراو .

ثوبوتت باعیثی نەفیی منە ، وەك لامی زولفەینت

لە هەردو لا قەدت بگرێتە ناو ، وەك (لامەلفلا) بێ (٨)

واتە : مادەم نەخشی ڕەنگی لە یار بەولاوە کەسێکی‌تر لە چاوما نەبێ و، هەموی بەهۆی گریان و فرمێسکی چاومەوە شۆرابێتەوە ، ئەوا ئەبێ هەر یاری نەخشین و نازەنینم ببێتە نەخشی دڵم و ، وێنەی ئەو لە دڵما نەخش ببێ ، چونکە هەر ئەوە هەمیشە ئەمێنێتەوە و هیچ نییە بتوانێ لەجێی خۆی هەڵیتەکێنێ .

لەنێوان (ئەو) و (ئاو)دا جیناسی ناقیص هەیە .

هەر («پەراوێزی» چر) و (کم) : وا . (چن) : هەر . کە نەقشی غەیری ڕەنگی (چر) و (عم) و (گم) و (من) : کە نەقشی ڕەنگی غەیری . ئەوەندە هەیە (چر) بە هەڵە (کە)کەی بە (لە) نوسیوە و (گم)یش (نەقشی)ی کردووە بە (نەخشی) ! . (ت) : کە نەقشی ڕەنگی ماسیوا . دوڕ نییە (ماسیی وا) بێ ، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە (ئاوی دیدە)وە هەیە ! (ك) و (اح) و (خا) و (خب): کە ڕەنگی نەقشی غەیری. ئاوی (ت) و (خب): ئاوی .

(٨) ثوبوت : بوت . باعیث : هۆ . نەفی : نەبوت . لامەلفلا : لا .

واتە : بوتی تۆ هۆی نەبوتی منە ، چونکە من بەهۆی خۆشویستنی تۆوە لەناو چووم ، هەروەك چۆن زوڵفەکانت بە لای ڕاست و چەپتدا هاتونەتە خوار و لە سەرەکانیانەوە وەك سەری تیپی (ل) چەمیونەتەوە و چوون بەیەکدا و بەهەردوکیان (لا) یەکیان دروست کردووە و دەوری باڵاتیان داوە و شاردوویانەتەوە .مەبەستی ئەوەیە بڵێ : بوتی تۆ بووە بەهۆی (لا)یەتیی من ، وەك چون جوتە زوڵفەکەی تۆ بە هەردوکیان (لا)یەکیان پێکهێناوە و بوون بەهۆی (لا)یەتیی باڵات .

وەك (کم) و (عب) و (من) : تا . لامی : لە زوربەی نوسخەکانا بێ (ی)ی ئیضافە . لە هەردو لا (ت) و (گم) : کە هەردو لا . (خب) : لە هەر لایێ . نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە (گم)دا بەمجۆرەیە :

وجوّدت باعیثی نەفیە بە ئەلف و لامی زولفەینت

ئەم بەیتە لە (عم) و (کم) و (گم)دا بەیتی حەوتەم و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی نۆهەمە .

گەهێ ئاهۆ ڕەوش شاهی ، گەهێ گەوهەر مەنیش ماهی
بلاّ با سینە صەحرا بێ ، بلاّ با دیدە دەریا بێ ! (٩)

کەمەندی زوڵفی دۆ لانە ، لە بۆ گەبر و موسوڵمانە
دەکێشێ بێ موحابانە ، چ لەمڵا بێ ، چ لەولا بێ ! (١٠)

لەئالیی ئەشکی «نالێ» بێ کەسە ، غەڵطانی نێو خاکە
مەگەر سەمعی قەبوڵت موشتەریی لۆلۆیی لالا بێ ! (١١)

---

(٩) گەهێ : گاهێ ، هەندێ جار . ڕەوش : ڕۆیشتن . مەنیش : خۆ ، سروشت . ماهی : مانگی . بلاّ : با .

ئەشگونجێ وشەی (ماهی) بە (ماهێ) بخوێنرێتەوە، واتە : وەک ماسێ لە بنی ئاودا .

ئەم بەیتە لە (عم) و (کم) و (گم)دا هەشتەم و ، لە (عب) و (من)دا حەوتەمە .

لەنێوان (شاهی) و (ماهی)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ئاهۆ) و (صەحرا) و ، (گەوهەر) و (دەریا)دا تەناسوب هەیە .

گەوهەر (« پەراوێزی » چر) و (گم) : لوءلوء . با ـ ی یەکەم ـ (چر) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) و (خا) : سا . با ـ ی دۆهەم ـ (کم) و (گم) و (ت) و (عب) و (من) : سا . دەریا (کم) و (گم) و (من) : بالاّ . نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە لە (ت)دا بەمجۆرەیە :

بلاّ با دیدە دەریا بێ ، بلاّ با سینە صەحرا بێ !

(١٠) کەمەند : جۆرە تەنافێک بووە جاران لە جەنگدا بەکارهێناوە بۆ خستنەمل و بەکێش کردنی جەنگاوەری بەرەی ئەولا . دۆ لانە : دۆباد . گەبر : ئاگرپەرست . موحابات : هەلاّوێردن .

واتە : تەنافی زوڵفی دۆبادی یار لە لای ڕاست و لای چەپەوە دڵدار بەکێش ئەکا ، وەک تەنافی جەنگاوەران نییە ، لەبەرەی موسوڵمانانەوە کافر بەکێش بکا و ، لە بەرەی کافرانەوە موسوڵمان بەکێش بکا . فەرقی بەرەی موسوڵمان و کافری لا نییە ، لە هەمۆ لایەکەوە خەڵک بەدیل ئەگرێ و هیچ لایەک بەسەر لایەکیتردا هەڵناوێرێ .

ئەم بەیتە لە (عم) و (کم) و (گم)دا نۆهەم و،لە (عب) و (من)دا هەشتەمە.

(١١) لەئالێ : جەمعی لوءلوئە ، واتە مرواریێ . غەڵطان : تێکەڵ . تێوەگلاو .

مەستۆرە کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك و عیتابێ ! (١)

سەمع : گوێ لێگرتن .
لۆلۆ : لوءلوء . لالا : لەءلاء ، تیشكدەرەوە .
واتە : دڵۆپە فرمێسکەکانی نالێ بێکەسن ، کەس (گوێ)یان ناداتێ و لێیان‌ناپرسێتەوە ، وەك دانەی مرواریێ لە چاوی دائەوەرێن و بەناو خاکا ڕۆئەچن . مەگەر گوێی پەسەند کردنی تۆ ، ئازیزەکەم ، گوێی لە گریانم بێ و بەزەیی پیاما بێتەوە و دەستێ بە چاوما بێنێ و دانەیەك لەو مرواریە گەشانەی فرمێسکم بەدەستتەوە بچێ و (بیکڕێ) لێم ...

— ٢ —

لەم پارچە شیعرەی نالیدا سەرەتای ئەدەبی ڕۆهەڵماڵراوی کوردێ بەدێ ئەکرێ کە تائیستاش داب و نەریتی کۆمەڵایەتێ نەیهێشتووە جێگای خۆی لە ئەدەبیاتماندا بکاتەوە و ، شێخ ڕەزای تاڵەبانیی لێ دەرکەی کەسی‌تر ئەم ڕێگەیەی نەگرتووەتەبەر. هەروەها هەرچەند ناشتوانرێ ئەم پارچە بە پارچەیەکی (هەجو) دابنرێ، چونکە تێکڕا لە چوارچێوەی پیاهەڵوتن و شان و شکۆ پێدانا دارێژراوە، لە دیمەنێکی بەدناو کردن و ئابڕۆ بردنیش بێبەش نییە ، نەخوازەڵا کە بەرابەر بە یەکێ لە میرکچەکانی ئەردەڵان وتراوە و ، ئەویش لەو کەمکەسانەیە ناویان بە شیعر و ئەدەبەوە دەرکردووە . بۆیە لەم ڕووەشەوە هەر بە پارچەیەکی ڕچەشکێن دائەنرێ و ، شێخ ڕەزا لەم مەیدانەشا بە قوتابیی قوتابخانەی نالێ ئەدرێتە قەڵەم .

وتنی شیعری‌وا لەلایەن خوێندەوارێکی مزگەوتەوە و ، پتر لە ١٥٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ و ، لە شارێکی لەڕادەبەدەر داب و نەریت ڕاگر و سەرپۆش لەسەری وەك سنەدا و ، بەرابەر بە میرکچێك ، نیشانەی چاونەترسان و بزێوێ و جەسارەتێکی بێسنوورە لە نالییەوە و ، بەڵگەی ئەو ئاگری یاخێگەرییەیە لە سینەیدا کڵپەی سەندبۆ . بۆیە ، بە ڕای ئێمە ، ئەبێ لەم ڕووەوە بە چاوی ڕێز لێگرتن و قەدر زانینەوە سەیری بکرێ و ، وادابنرێ شتێکی نوێ و گرانبەهای خستووەتە سەر گەنجینەی ئەدەبی کورد .

ڕازی بۆنی نالێ لە سنەدا و ، چێ لەنێوان ئەو و (مەستۆرە خانم)دا

. . . . . .

ڕۆی‌داوه و ، ئەم قەسیدەیەی بۆ وتووه و ، چ‌ئەنجامێکی لێ وەشاوەتەوە، دیار نییه . ئەوەی لێمان ئاشکرایه تەنها ئەوەندەیه مەستۆره ناوی (ماه شەرەف خانم) و کچی (ابو الحسن بەگ) ناوی لەلەی شازادەکانی ئەردەلآنه و له ١٢٤٤ ی . ك (١٨٢٨ ــ ١٨٢٩ی . ز)دا خوسرەو خان به نیازی دڵدانەوەی ئەبولحەسەن بەگی باوکی مارەی کردووه (*) . ئافرەتێکی شاعیر و ئەدەب پەروەر بووه .

جگه له نوسخەکانی بەردەستمان ، ئەم پارچه شیعرەمان له کەشکۆڵێکی‌تریشا دیبەوه ، دۆستی خۆشەویستمان شێخ موحەممەد عەلێ قەرەداغێ به کۆڕی زانیاری کوردی فڕۆشتبۆ . بۆ ئەم نوسخەیەش ئیشارەتی (کش)مان داناوه . ئەو کەشکۆڵه تەنها ئەم قەسیدەیەی نالیی تێدابۆ .

(چر) لەسەر ئەم قەسیدەیەی نۆسیوه : « جواب و سوئالی حەزرەتی نالێ لەگەڵ مەستۆرەی ژنی والێ » . (گم)یش لەسەری نۆسیوه : « نالێ لەو بەندی خوارەوەیدا پەلامارێکی زۆر ناشیرین و ناڕەوایانەی بردۆتەسەر بوێژی ناودار و وێژەوانی پایەبەرز که ماه شەرەف خانم (مەستۆره)ی کوردستانیی خێزانی والیی سنەیه (**) » . (ك)یش به « قصیدهء احتلامیة » واته : قەسیدەی شەیتانێ بۆن ناوی هێناوه . لە (تو)یشدا لەسەری نۆسراوه : « قصیدهء در تمدح مستوره حرم والی سنندج در زمان فقیهی درآنجا بخواب دیده‌است ، این‌است فرموده » . واته : قەسیدەیەك له پیاهەڵدانی مەستۆرەی حەرمی والیی سنەدا له سەردەمی فەقێیەتیدا لەوێ له خەودا دیویه ، ئەمەته فەرمۆیەتی » . له (عب)یشدا لەسەری نۆسراوه: «قصیدهء که در تمدح مستوره زن والی گفته‌است». واته : ئەو قەسیدەیەی له پیاهەڵدانی مەستۆرەی ژنی والیدا وتۆیەتی . له (اح)یشدا لەسەری نۆسراوه : « در خواب دیدن نالێ رحمه الله احتلام بدختر شاه سنه ، بچه نوع گفتگو کرده‌اند » . واته : له خەوا بینینی شەیتانێ بۆنی نالێ ، بەڕەحمەت بێ ، به کچی شای سنەوه ، چۆنیان گفتوگۆ کردووه . (خا)یش لەسەر بەشی یەکەمی نۆسیویه « سوئال » و لەسەر بەشی دۆهەمی نۆسیویه « جواب » .

(*) آیت الله آقای شیخ محمد مردوخ کردستانی ، تاریخ مردوخ ، جلد دوم، صفحه ١٦١ ، بدون سال و محل طبع .

(**) بگەڕێرەوه بۆ ل ٦٨ ــ ٧٣ی ئەم کتێبه .

هاتۆم ، وتی ، عوقدەم هەیە ، قەط مومکینە وا بێ ؟
هیی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ (٢)

لە هەندێ بەشی ئەم پارچە شیعرەدا نالێ شێوەیەکی ناتەواوی (تەرجیع‌بەند) و (دەور)ی بە دۆبارەکردنەوەی وشەی (قڵەشابێ) بەکارهێناوە .

(١) حەسنا : حەسناء ، ئافرەتی جوان . عیتاب : لۆمە و گلەیێ .
واتە : مەستۆرە کە بە ئافرەتێکی جوان و ئەدیبی دائەنێن ، ئەمشەو هاتە خەوم ، بەڵام چۆن نازێکی بەسەردا ئەکردم و چۆن بە گلەیێ و لۆمە بۆ لێم ؟!
بە چ نازێك و عیتابێ (خب) : بە چ ناز و چ عیتابێ .

(٢) عوقدە : گرێ . وا : کراوە (مفتوح) . ئەگەرەم : ئەگەر ئەم . مەسئەلە : پرس . داوا .
واتە : لە خەوما هاتە لام و وتی گرێ و ئاڵۆزییەکم هەیە ، ئاخۆ لەتوانادا هەیە چار بکرێ و بکرێتەوە ، یا ئاخۆ ڕەوایە هەروا بە چار نەکراوێ و نەکراوەیێ بمێنێتەوە ؟! ئەگەر تۆ بتوانێ ئەم پرسیارەم بۆ یەکاڵا بکەیتەوە و ، ئەگەر بشێ ئەم گرێیەم بە وەڵامێ بۆ چار بکرێ کە ڕاستەوخۆ جێی خۆی بگرێ ، یا ئەگەر بێتو ئەم داوایەم جێبەجێ بکەی ، ئەبم بە هیی تۆ .
دیارە گرێکە کچێتێ و ، چارەکردن و کردنەوەکەشی لاقەکردنی مەستۆرە خۆی و بە ژن کردنیەتی .
لە وشەی (جەواب)دا ئیشارەتێکیش کراوە بە وشەی (جەوواب)ی عەرەبێ واتە (گەڕاڵ) کە کینایە ئەبێ لە هینەکەی پیاو کە لێرەدا نالێ خۆیەتی .
لە (وا بێ)دا لەطافەت هەیە چونکە دۆ مەعنا ئەبەخشێ .

هاتۆم : ئەمە تێکستی تەنها (کش)ە . نوسخەکانی‌تر هەمۆیان : هات و . وتی (عم) و (گم) و (ك) و (عز) و (تو) و (عب) و (من) و (کش) : گوتی . قەط (گم) و (من) : قەت . (عز) و (کش) : قەد . هیی تۆم ئەگەر (عم) و (گم) : هەر تۆ مەگەر . (عز) : هاتۆم . دیارە (ئەگەر)ەکەی پەڕیوە . (اح) و (خا) : ئیی تۆم ئەگەر . (خب) : بێتو ئەگەر . مەسئەلە (عم) و (گم) و (ك) و (تو) و (خا) و (خب) و (کش) : موشکیلە .

هەر مەسئەلە بیکرێ کە بە تۆ شەرحی کرابێ
مومکین نییە کەس دەخڵی بکا چین و خەطا بێ (٣)

ئایینە بە مایینە دەبێ ژەنگ نوما بێ
(مەستورە) بەمەستورە دەبێ موهرەگوشا بێ (٤)

حەل کەی (ت) : حەل بێ .

(٣) مەسئەلە بیکر : مەسئەلەی بیکر ، ئەو بابەتەی کەس ژێی بە لێکدانەوەی نەبردبێ . شەرح : لێکدانەوە . (یەکالا کردنەوە) . چین و خەطا : ولاتی چین و ولاتی خەتا و خوتەن .

واتە : وەرە تۆ چاری ئەم مەسەلەیە بکە و لێکیبدەرەوە ، چونکە هەر مەسەلەیەکی کەس ژێ پێنەبردۆ کە تۆ بە زیرەکێ و توانای خۆت لێکتدابێتەوە ، با ولاتی چین و خەتا و خوتەنیش هەڵسێ و هێرش بێنێ، کەس ناتوانێ توخنی بکەوێ و خۆی بدا لەقەرەی .

(بیکر) ئیشارەتە بۆ کچێتیی مەستورە خانم و ، (شەرح)یش کینایەیە لە بە ژن کردن و ، مەبەست لە (دەخڵ)یش لاقەکردنە . (خەطا)یش ئیشارەتێکی بۆ مەعنای تاوان تیایە . مەبەستی نالێ ئەوەیە بە زوبانی مەستورەوە بڵێ وەرە تۆ لاقەم بکە و بمکە بە ژن ، چونکە هەر کچێ کە داوا لە تۆ بکا بیکەیتەوە و تۆیش بیکەیتەوە ، کەسیتر ناتوانێ تاوانیوا بکا دەستی بۆ بەرێ .

شەرحی : ئەمە تێکستی (عم) و (گم) و (تو) و (خا)یە . نوسخەکانیتر هەمۆ : (شەرح) . دیارە مەبەست هەر (شەرحی)یە . مومکین (عم) و (گم): لایق . خەطا : (عم) و (گم) : خەتا .

ئەم بەیتە لە (من)دا نییە .

(٤) ئایینە : ئاوێنە . مایینە : ئاواوێ ، تێکەڵ بە ئاو . ژەنگنوما : ئەوەی تیشك بداتەوە . بەمەستورە : بەم ئەستورە ، یاخود : بە مەستورە ، واتە : بە شتی داپۆشراو کە هینەکەی نالییە . موهرەگوشا : سەرقاپ کراوە ، کینایەیە لە کچی بە ژن کراو .

واتە : ئەبێ (ئاوێنەکەی) مەستورە خانم بە شتێکی ئاواوێ و وەك ئاو پاك بکرێتەوە تا ژەنگ بداتەوە و ، سەرقاپی مەستورە خۆیشی بەم شتە ئەستورە یا بەم شتە شارراوەیەی نالێ بکرێتەوە ...

لەنێوان (ئایینە) و (مایینە)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (مەستورە) و

نوکتێکی ظەریفە بە نەصیبی ظورەفا بێ
تەعریفی دەکەم ، بەڵکو لە بۆ دەردْ شیفا بێ (٥)

ئەم سیرّرە چییە میثلی سوها بێ ، نەسوابێ ؟!
دورّرێ کە وەکو دورّرێ سەما بێ ، نەسمابێ ؟! (٦)

(بەم ئەستۆرە)دا جیناسی تەرکیب هەیە .

ئایینە بە مایینە : ئەمە لە تێکستی تەنها (خا) وەرگیراوە کە نۆسیویە (مائینە) .(چر) و (عز) و (من) و («پەراوێزی» خا) : ئایینە بەم ئایینە . (عم) و (گم) : ئاوێنە بەم ئاوێنە . (ت) و (عب) : ئائینە بەم ئاینە . (ك) : ئاینە بەم ئاینە . (اح) : ئاینە بەم ئایینە . (خب) و (كش) : ئایینە بەم ئاینە . لە هەمۆ حاڵێکدا ئاشکرایە نالێ مەبەستی لە دارّشتنی (بە مائینە)دا بەجۆرێ کە وەك (بەم ئایینە) بێتە پێش چاو ، وشەئارایێ و پیشاندانی دۆ وشەی (ئایینە) پێکەوە و دروستکردنی جیناسێك بووە ، وەك لە (مەستۆرە بە مەستۆرە)دا ، ئەگینا زانیویە کەس ناکەوێتە ئەو هەڵەوە نەزانێ (بەم ئایینە) واتە (بە مایینە) و (بە مەستۆرە) واتە (بەم ئەستۆرە) . نۆسیارە شارەزاکانیش هەر بەم مەبەستە (بە مایینە)یان بە (بەم ئایینە) نۆسیوەتەوە . بەمەستۆرە (چر) : بە مەستۆرە . (عم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : بەم ئەستۆرە . (تو) و (عز) و (عب) و (كش) : بمستورە ، بەم ئەستۆرە ، یا بە مەستۆرە . موهرە گوشا بێ (چر) و (ك) و (خب) : مهر شکابێ . بۆ (موهری) و (موهرە)ش دەستئەدا . (ت) و (اح) : مهرکشا بی . ئەمیش هەر (موهرە گوشا بێ)یە . (عز) : موهرە شکابێ . (تو) و (كش) : موهری شکابێ . (عب) و (من) : مۆری شکابێ .

(٥) نوکتە : قسە یا بابەتی خۆش . ظەریف : خۆش . ظورەفا : جەمعی ظەریفە ، واتە مرۆی زۆخۆش و خۆشکردار و قسەخۆش .

واتە : ئەو پرسیارە ئاڵۆزە ، یا ئەو داوایە بابەتێکی یا شتێکی زۆر خۆش و باشە ، خوا بە نسیبی باشانی کا !. بۆتی باس ئەکەم و لێکیئەدەمەوە ، بەڵکو ببێ بە دەرمانی دەرد . . .

بەڵکو (عم) و (خا) و (خب) : بەڵکە . (گم) : بەڵکی. دەرد (چر) و (عم) و (گم) و (ك) : دەردی .

(٦) سیرّر : شتی نهێنێ . سوها : یەکێکە لە ئەستێرەکانی حەوتەوانە بەئاسانێ نابینرێ . نەسمابێ : نەسمرابێ ، کون نەکرابێ .

دوککانی توحەف ، کانی حەیا ، کانیی بەقا بێ
قوببەی لە قیبابی نوقەبا بێ ، نەقوپابێ (٧)

واتە:ئەو شتە نهێنییە چییە کە وەك ئەستێرەی سوها ون ونادیارییە و، لەبەرئەوەش ون و نادیارێ نییە کە سواوە و فەوتاوە ، نەسواوە ، هێشتا ساغ و تازەیە .. دوڕڕێکی پرشنگدارە لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان ئەچێ و هێشتا نەشسمراوە . مەبەستی لەوەیە دوڕ کاتێك پرشنگ ئەداتەوە بسمرێ و بکرێتە مل یا بکرێ بە گوارە .. مەبەستی مەستوڕە لە (شتەکەی) خۆیەتی .

لەم (نەکرانە مل) و (نەکرانە گوێ)یەشدا کە لە (نەسمران)ی دوڕڕەکەوە دەرئەکەوێ ، ئیشارەتێکیتری ناسك پەیدا ئەبێ .

لەنێوان (سیڕڕ) و (دوڕڕ) و ، لەنێوان (سوها) و (سوا) و (سەما)دا جیناسی لاحیق هەیە . لەنێوان (سەما بێ) و (نەسمابێ)یشدا ، لەسەر شێوەنوسی کۆن بەدیمەن ، طیباق هەیە .

دوڕڕێ کە وەکو دوڕڕی سەما بێ (عم) : دوڕڕەی وەکو دوڕڕێ کە سمابێ . (گم) و (عز) و (عب) : دوڕڕێکی .. تاد . (ت) و (تو) و (کش) : دوڕڕێ وەکو دوڕڕێتیی سەما بێ . (ك) : دوڕڕێ وەکو دوڕڕێ کە سمابێ. (اح) : دوڕڕێ وەکو دوڕڕێکی سەما بێ . (خا) : دوڕڕێ وەکو دوڕڕێیی سەما بێ . (خب) : دوڕڕێکی یەتیمی کە سما بێ . بەگوێرەی ئەو نوسخانەی کە وشەی (سەما)یان بە (سما) نوسیوە ، مەعنای نیوە بەیتەکە وای لێدێتەوە : دوڕڕێ وەکو دوڕڕی سمراو وانەبێ ، نەسمرابێ .

(٧) توحەف : جەمعی توحفەیە واتە نایاب و عەنتیکە . قوببە : گومەز . قیباب : جەمعی قوببەیە . نوقەبا : نوقەباء ، جەمعی نەقیبە ، پلەیەکە لەو پلانەی ئەهلی تەصەووفی پێئەگەن .

واتە : ئەو شتە چییە کە وەك دوکانی عەنتیکە نایاب و گرانبەهایە و ، کانی شەرم و شکۆ و حەیا و ، کانیی ژیانە چونکە منداڵ لەوێوە دەرئەچێ و سەرچاوەی ئاوی زیندەگانییە و ، لوتکەکەی لە گومەزی خاسانی خوا ئەچێ ئەوەندە بەرز و پیرۆز و دەست پێنەگەیشتووە و کەس (پێی) پیا نەناوە تا بقوپێ ؟.

لەنێوان (دوککان) و (کان) و (کانێ)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (نوقەبا بێ) و (نەقوپابێ)یشدا جیناسی موحەڕڕەف هەیە .

دوککانی : ئەمە تێکستی (عم) و (گم) و (عز) و (من)ە . نوسخەکانیتر

وەك خەیمە بە پەردێکی دو ئەستۆنە بە پا بێ
سەر تیلەکی نەختێ بە نەزاکەت قڵەشابێ (٨)

وەك هیممەتی صۆفیێ کە لەتێو خەڵوە خزابێ
مەستۆر و عەزیزی شەرەف و ڕێفعەت و جا بێ (٩)

هەمۆ بە بێ (ی)ی ئیضافەن ، بەڵام دیارە هەر لەبەر ڕێنۆسی کۆن وایان نۆسیوە . کانی (چر) و (ت) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) و (کش) بە بێ (ی)ی ئیضافە. دیارە لەمیشدا هەر لەبەر ڕێنۆسی کۆن وایان نۆسیوە. کانێ : ئەمە تێکستی (عم) و (گم) و (عز) و (من)ە . نوسخەکانیتر ، (تو) نەبێ کە نۆسیویە (کانِ) ، هەمۆ نۆسیویانە : کان ، بەڵام دیارە هەڵەیە . نیوە بەیتی دۆهەمیش بە ڕێنۆسی نوێ لە (عب) و (من)دا وای لێدێتەوە :

قوببەی نوقەبا بێ ، لق و پا بێ ، نەقوپابێ

(٨) خەیمە : خێوەت : ئەستۆن : هەسۆن ، کۆڵەکە ، ئەو دارەیە کە ئەدرێتە ژێر تەختەی دەوار . سەرتیلەك : لۆتکەی بەرزاییی دەوار ، ئەو شوێنەی دەوار کە لای سەرەوە هەردۆ سەرەکەی دەوارەکەی تیا بەیەکئەگەنەوە . نەزاکەت : ناسکێ .

واتە : ئەو شتە وەك دەواری دۆ هەسۆن وابێ (هەسۆنەکانی هەردۆ ڕانی مەستۆرە خۆینی) کە لای سەرتیلەکەکەیەوە بەئاستەم درزی تێبۆبێ.

دو ئەستۆنە (عم) و (گم) : دو ئەستۆنی . سەرتیلەکی (چر) : سەرشیلەگی . شیلەگ : ئەو کەندە بچکۆلەیە لە جۆگەی دائەدڕن بۆ ئاو هەڵگرتن بۆ سەرزەوێ . (عم) و (ت) و (ك) و (عز) و (تو) و (من) و (کش) : سەرتەپڵەکی . قلەشابێ (تو) : قەڵەشابێ . (من) : قڵیشابێ .

(٩) عەزیز : خاوەندەسەڵات بە جۆرێ کەس نەتوانێ دەستی بۆ بەرێ . ڕێفعەت : پایەبەرزێ . جا : جاه ، پایە .

واتە : ئەو شتە وەك هیممەت و بەرەکەت و لێهاتنی سۆفیێ وابێ کە خۆی خزاندبێتە کونی خەڵوەت خانە و کەس نەیبینێ و ، بەهۆی شەرەف و پایەی بەرز و شان و شکۆیەوە کەس نەتوانێ دەستی بۆ بەرێ و لە بەرچاو نەبێ ..

شەرەف و (ك) : شەرەف . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەست ئەدا . ڕێفعەت و (ك) : عیزەت . (کش) : ڕێفعەت . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش ئەگونجێ .

یا کۆمەڵە زیوی بوخەلا دۆر لە سەخا بێ
موغلەق بە بەخیلێ ، بە مەثەل مشتی مەلا بێ (١٠)

کاسێکی بلۆرینی نخۆنێ لە سەرابێ
نەختێکی لەبەر مەوجی لەطافەت قڵەشابێ (١١)

ئەم بەیتە و بەیتی پاشـــەوەی لـــە (عم) و (گم) و (ت) و (اح) و (خا) و (خب)دا لە شوێنی یەکتردان .

(١٠) بوخەلا : بوخەلاء، جەمعی بەخیلە واتە زۆرد و پارە پیس . سەخا : بەرچاو فراوانێ و بە دەس و دەهەنەیێ . موغلەق : داخراو ، قۆچـــاو . مشتی مەلا : کینایەیە لە نەکرانەوە و هیچ لێ نەبۆنەوە .

هێشتا مەستۆرە هەر لەســـەر پرســـیارەکەی ئـــەڕوا و وردە وردە نیشانەکانی دەرئەخا ، بۆئەوەی لێپرسراو هەڵێبێنێ چییە ، ئەڵێ : ئەو شتە چییە کە ئەڵێی کۆمەڵە زیوی بنیادەمی پارە پیسە کە هیچی لە دەست نەبێتەوە و ، لەبەر زۆدێ دەرگاکەی داخرابێ وەك بڵێێ مشـــتی مەلایـــە نۆقاوە ، کەس بۆی ناکرێتەوە ؟!

سەخا (اح) و (« پەراوێزی » خا) : خەلا . خەلا : چۆڵێ . بەمپێیە ئەم نیوە بەیتە وا ئەخوێنرێتەوە :

یا کۆمەڵە زیوی بوخەلا ، دۆر ، لە خەلا بێ

واتە : لە شوێنێکی دۆر شارراوێتەوە ، لە چۆڵییەك . بەگوێرەی ئەم نوسخانە لەنێوان (بوخەلا) و (خەلا)دا جیناسی ناقیص ئەبێ .

(١١) بلۆرین : شۆشەیێ . نخونێ : سەرەو نخۆن کراوە . سەراب : سەراو . مەوج : شەپۆل .

واتە : ئەوە چییە کە کاسەیەکی شۆشە لە ســـەرئاوێك سەرەونخۆن کراوێتەوە و ، لەبەر ناسکیی لەڕادەبەدەری خۆی تۆزێکی درزی بردبێ ؟

ئەشتوانرێ (لە سەرابێ) بە (لەسەرا بێ) بخوێنرێتەوە ، واتە : بەسەرەوە بێ . بەمپێیە نیوە بەیتەکە تێکڕا صیفەتی (زیوەکەی) بەیتی پێشۆ ئەبێ .

کاسێکی (چر) : کاسێکە . (عم) : کاسەیکی . (گم) : کاسەیێکی . بەڵام سەنگی بەیتەکە تێك‌ئەدا . بلۆرینی نخۆنێ : ئەمە تێکستی (من) و (خا)یە . (چر) و (تو) : بلۆرین نخۆن بێ . بۆ (بلۆرین و) و (بلۆرینی)یش دەس‌ئەدا . (عم) و (گم) : بلۆرین و نخۆنێ . (ت) : بلۆرین نخۆنێ . بۆ (بلۆرین و) و (بلۆرینی)یش دەست‌ئەدا . (ك) و (عب) و (اح) : بلۆرین و نخۆن بێ .

یاخۆ پەڵە بەفرێکی کە ئەصڵەن نەشکابێ
قەندیلی مونیر و گوزەری ئاب و هەوا بێ (١٢)

کام ئاب و هەوا ؟ موعتەدیلی نەشئو نوما بێ
یەعنێ لە وەسەط کانییە گەرمێکی تێزابێ (١٣)

لەو کانییەدا چۆزەرە ژێواسێ ژووابێ
بەو چۆزەرە ژێواسە کەمێکی قڵەشابێ (١٤)

(عز) و (خب) : بلـۆرین کە نخۆن بێ . (کش) : بلۆرینی نخـۆن بێ . لە سـەرابێ (ت) و (عز) و (تو) و (عب) و (من) و (خب) و (کش) : لەسەر ئابێ . هەر بە (لە سەرابێ) ئەخوێنرێتەوە . لەبەر (من) و (کش) : وەکو .

(١٢) قەندیل : چیای قەندیل لە ژۆژەڵاتی باکۆری کوردستانی عێراق . مونیر : ژۆناکەرەوە .

مەعنای ئەم بەیتە و دۆ بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێکئەدەینەوە .

کە ئەصڵەن (من) : لە ئەصـڵا . مونیر و (عـم) و (گم) و (ك) و (تو) و (خا) و (خب) : مونیری . (ت) و (عب) و (اح) : مونیر . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . (من) : نـەمیری (؟) . گوزەری (ت) و (عب) و (اح) : گوزەر . دیارە (گوزەری)یە .

(١٣) موعتەدیل : گونجاو . فێنـك . نەشئو نوما : پێگەیشـتن . وەسەط : ناوەڕاست .

ئاب و (گم) ئاو و !. نەشئو نوما : ئەمە تێکستی (خا)یە . نوسخەکانیتر هەمۆیان : نەشوو نوما . کانییە گەرمێکی : ئەمە تێکستی (عم) و (گم)ە . (چر) و (عز) و (تۆ) و (عب) و (کش) : کانی گەرمکی ، بەڵام سەنگی بەیتەکە تێکئەدا و (چر) خۆیشی لە پەراوێزا نۆسیویە ئەبێ (کـانییەوە) بـێ . (ت) و (ك) و (اح) و (خا) لەگەڵ هەندێ جیاوازیی ژێنۆسـدا : کانییەکی گەرمکی . (من) : کانییێ گـەرمکی . دیـارە (گەرمێکی)یـە . (خب) : کانییەکی گەرمی . تێزابێ : ئەمە تێکستی (عم) و (گم)ە . نوسخەکانیتر هەمۆیان : زابێ ، بۆیە دیارە هەندێکیان لەنگ ئەبن .

(١٤) واتە : یاخۆ ئەو شوێنە کامەیە کەس ژچەی تیا نەشکاندووە و بەسەریا نەژۆیشتووە و ، لۆتکەی بەرز و سپیی قەندیل ئاسـا و گوزەری ئاو و

یا قەصری موعەللا کە لە ئاوێنە کرابێ
یا غونچەیی نەشگوفتە کە ئاوی نەدرابێ ؟! (١٥)

یا گومبەدی نەزهەتگەهی نێو باغچەسەرا بێ
ئەلوانی گولاەمێز و شەکەربێزی تیابێ ؟! (١٦)

هەوای لەبارە بۆ پێگەیشتن و گەورە بۆن ، چونکە لە ناوەڕاستی ئەو بەفرە ساردەدا کانییەکی گەرم تەقیوە و ، بەو کانییە گەرمە بەهار هاتووە و چۆزەرە ڕێواسێك ڕواوە و ، بە ڕووانی ئەو چۆزەرە ڕێواسەش کەمێك لە پەڵە بەفرەکە شەقی بردووە ؟

مەبەست لە پەڵە بەفر ئەمبەر و ئەوبەری ڕانی سپیی مەستۆرەیە کە شوێنی بەرزی هەیە شوبهاندۆیەتی بە قەندیل و شوێنی نزمیشی هەیە کە (ئاو) و (هەوا)ی پیا ئەڕوا و مایەی نەش و نومای منالە لە سکی دایکدا . مەبەست لە (کانیی گەرم) و (چۆزەرە ڕێواس) و (قلەشانەکەشی) ئاشکرایە ..

لەو کانییەدا (چر) و (عز) و (تو) و (عب) و (من) و (کش) : لەو کانییەوە. ڕێواسێ (چر) و (ك) و (عز) و (تو) و (عب) و (من) و (کش) : ڕێواسێکی . (عم) : ڕێواس . دیارە (ڕێواسێ)یە . (ت) : ڕێواسکی . دیارە (ڕێواسێکی)یە . ڕووابێ (چر) و (ت) و (ك) و (تو) و (عب) و (من) و (کش) : دابێ . بەو (ت) : لەو .

(١٥) قەصری موعەللا : کۆشکی بەرز . نەشگوفتە : نەپشکۆتۆ .

واتە : یاخود ئەمە چییە ئەڵێی کۆشکێکی بەرزە لە ئاوێنە دروستکراوە ، یا خونچەیەکی نەپشکۆتووە چونکە (ئاو)ی نەدراوە تا (بپشکوێ) ؟ دیارە ئەگەر خونچە ئاو نەدرێ ناپشکوێ ، بەڵکو سیسیش ئەبێ و ئەمرێ ..

غونچەیێ (گم) : خونچەیێ . (من) : باخچەیێ .

(١٦) گومبەد : گومەز . نەزهەتگەهـ : شوێنی ڕابواردن و سەیران . ئەلوان : هەمۆ ڕەنگ . گولاەمێز : گوڵئامێز ، تێکەڵ بە گوڵ . شەکەربێز : ئەوەی ئەوەندە شیرین و خۆش بێ شەکر لە بەرچاوی خەڵك ببێزڕێنێ .

واتە : یاخود ئەمە چییە ئەڵێی گومەزی جێگای سەیران و ڕابواردنە لەناو باخچەی کۆشك و تەلار تێدا ، هەمۆ جۆرە بۆن و تامێکی خۆشیوای تیایە کە لە گوڵدا هەبێ و شەکر لە بەرچاوی بنیادەم ببێزڕێنێ ؟!

یا قورصی نمەك هەروەکو مەژمەژ بە ضیا بێ
جێی قەطرەیە ئاوێکی لەتێودا قڵەشابێ ؟! (١٧)

یا گردەکی گردێکی کە شیرین هەڵیدابێ
گردی نمەکین ، یەعنی گیای لێ نەڕووابێ (١٨)

گومبەدی (چر) و (عم) و (گم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خـا) و (خب) : گونبەدی . نەزهەتگەهی نێو (ت) و (خب) : نەزهـەتگە لەنێـو « لەگەڵ هەندێ وردە هەڵەی نوسینەوەدا » . ئەلوانی (ك) : ئەنواعی . گوڵامێز و (عم) و (گم) : گوڵامێـزی . (ت) و (ك) و (اح) و (خـب) : گوڵامێـز . بە نیشانەی (شەکەر بێزی)دا دیارە (گوڵامێز و)وە . (عز) : گوڵاوێز و .

نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە و بەیتی پێشەوەی لـە (چر) و (ك) و (تو) و (عب) و (من) و (کش)دا لەجێی یەکتردان .

(١٧) قورصی نمەك : پارچە خوێ کە بۆبێ بە کوڵۆ . ضیا : تیشك .
واتە : یاخود ئەمە چییە خۆی ئەڵێی کوڵۆ خوێیە و وەك پارچە بەردی مەژمەژ تیشکئەداتەوە و تەنها جێی دڵۆپێ (ئاو) لە ناوەڕاستەکەیدا درزی بردووە ؟!

جێی (عم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خـا) و (خـب) و (کش) : جێ . بۆ (جێی)یش دەستئەدا . لەنێودا (چر) و (عب) و (من) و (کش) : لەناودا .

(١٨) گردەك : تەپۆلکەی بچکوڵەی سـەر گرد . هەڵیـدابێ : پەیدابـۆبێ و هەڵکەوتبێ . نمەکین : خۆش و بەتـام و خوێ . شۆرە زەوێ کە سـپێ بکاتەوە و گیای لێ نەڕوێ .

مەعنای ئەم بەیتە و دۆ بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێك‌ئەدەینەوە .

مەبەست لە (گردەك) و لە (گرد) و لە (گیا) ئاشکرایە ..

لەنێوان (گردەك) و (گردێـك) و (گردی)دا جیناسـی ناقیص هەیە .
لەنێوان (شیرین) و (نمەکین)یشدا تەناسوبێکی جوان هەیە .

گردەکی (گم) : هەروەکو . شیرین (چر) و (عم) و (گم) و (ك) و (تو) و (عب) و (من) : تازە . گردی (چر) و (ت) و (تـو) و (عب) و (اح) و (خا): گرد . بۆ (گردو) و (گردی)یش ئەگونجێ . (من) : گرد و .

دامێنی بە ئەنواعی گوڵ و مڵ خەملاێ
گەنجێکی تێدا بێ کە طیلەسمی نەشکابێ (١٩)

حوققێکی زەڕی صافی لەسەر بانی نرابێ
نەختێکی بە صەد صەنعەتی (مانێ) قڵەشابێ ؟! (٢٠)

---

(١٩) دامێن : داوێن . خەملاێ : ڕازاوێتەوە . گەنج : خەزێنە . طیلەسم : طەلیسم ، پارچە کاغەزێك یا پارچە میتاڵێکە جادوگەران چەند وشە و نەخش و خشتەیەکی لێ ئەنوسن گوایە بۆ چاوەزار و شتیوا باشە . کراوە بە کینایە لە ڕاز و نهێنێ و شتی پەی پێ نەبراو .
تێدابێ (ت) و (اح) و (خا) : تیا بێ .

(٢٠) حوققێکی : حوققەیەکی . حوققە : سندوقی بچکۆلانەی بۆنخۆشێ و وردە شتی پێویستی ئافرەتە . زەڕ : زێڕ . مانێ : وێنەکێشێکی بەناوبانگی ئێرانێ بووە .

واتە : یاخود ئەمە چییە گردۆڵکەیەك بەسەر گردێکەوە هەڵکەوتبێ و دیمەنی زۆر جوان بێ ، گردۆڵکەیەکی بەتام و خوێ بێ ، سپێ بکاتەوە و گیای لێ نەڕوێ ، داوێنەکەی بە هەمو جۆرە گوڵێکی جوان ڕازاوێتەوە و ، گەنجێکیشی تیا شاررابێتەوە کەس هێشتا دەستی بۆ نەبردبێ ، (مەشهوورە گەنجینە تەلیسمی هەیە تا تەلیسمەکە نەکرێتەوە گەنجینەکە دەرناهێنرێ) ، قوتوێەکی زێڕی بێگەردی بەسەرەوە دانرابێ ، تۆزێك لەو قوتووە بە هەزار زەحمەت بە هونەرمەندێکی وەك (مانێ) درزێکی بچوکی تێکرابێ ؟!

لەم بابەتی (گەنج) و (طیلەسم)ەدا ئیشارەتێکیش بۆ ئەو ئەفسانەیە هەیە کە ئەڵێ مار بەسەرگەنجەوە پەپکە ئەکا . بە بەستنەوەی ئەو ئەفسانەیەشەوە بە بابەتی ئەم بەیتەوە و ، لەگەڵ مەعنا لێدانەوەی (گەنج)دا بەوجۆرە کە (نالێ) بە زوبانی (مەستۆرە)وە مەبەستی بووە ، مەعنایەکی نوێ بۆ (مار) لێرەدا پەیدا ئەبێ . لە وشەی (مانێ)یشدا بە پەیوەند لەگەڵ وشەی (صەنعەتی) ، ئیشارەتێکی ناسك بۆ (مەنێ) کراوە .
زەڕی (چر) و (ت) و (عز) و (تو) و (عب) و (اح) و (خب) و (کش) : زەڕ . دیارە (زەڕی)یە . صافی (عم) و (گم) و (اح) و (خب) : صاف . دیارە (صافی)یە . (عز) و (کش) : سورخ . صەنعەتی (کش) : صەنعەت . دیارە ئەویش هەر (صەنعەتی)یە . بانی (اح) و (خا) : بان . دیارە (بانی)یە .

یا ڕەئسی یەتیمێکی کە بێ بەرگ و نەوا بێ
غەڵطان و سەراسیمە : نە داکێك و نە بابێ (٢١)

فێسێکی سپێ و توندی لە کەللەی کەلی نابێ
هێشتاکو لە حەق جێگەیی خاصی نەدڕابێ (٢٢)

چەسپیدەوو خڕ هەروەکو بەر قاڵبی دابێ
نەختێکی لەبەر توندیو سفتێ قڵەشابێ ؟! (٢٣)

مانێ (چر) و (تو) و (عب) و (من) : بانێ . بانێ : خوداوەند . (کش) : بان . دیارە ئەویش هەر (بانی)یە .

(٢١) ڕەئس : سەر . یەتیم : هەتیو . بێبەرگ و نەوا : ڕۆت و لات و بێناز . غەڵطان : تێوەگلاو . سەراسیمە : سەرسام و داماو .

مەعنای ئەم بەیتە و دۆ بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێکئەدەینەوە .

یەتیمێکی کە بێ (عم) و (گم) : هەتیوێکی کە بێ . (ت) و (اح) : یەتیمێ کە بە بێ . غەڵطان و (ك) و (کش) : غەڵطان . دیارە ئەمیش بە (و)ەوەیە . داکێك و (گم) : دایکێك و .

(٢٢) سپێ و (عم) و (گم) و (ت) و (خا) و (خب) : سپیی . توندی (چر) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) و (خب) و (کش) : توند. دیارە (توندی)یە . لە حەق (خا) : بە حەق .

(٢٣) چەسپیدە : چەسپاوو پڕ بە پڕ .

واتە : یاخود ئەمە چییە سەرێکی ڕۆتی بێکڵاو و بێنازی هەتیوێك ، تۆشی دەرد و مەینەت و سەرگەردانێ بۆبێ کەسێکی نەبێ خزمەتێکی بکا و دەستێکی پیا بێنێ ، فێستێکی سپێ و توند و تۆڵی نابێتە سەر خۆی ــ کە وەك سەری کەچەڵ هیچ تۆکی پێوە نییە ــ ، فێستەکەش خڕ و پڕبەپڕی سەرەکە بێ وەك بڵێی لە قاڵب درابێ و ئەوەندە لۆس و توند بێ بە سەرەکە ، بەتەواوێ نەیگرتبێ ، بۆیە تۆزێکی شەقی بردبێ ؟!

مەبەست لە (سەر) و لە (بێتۆکیی سەر) و لە (فێستی سپێ)یش ئاشکرا و دیارییە و لەوە زیاتر ڕۆن کردنەوەی ناوێ .

هەروەکو بەر (چر) و (تو) و (عب) و (من) : هەروەك ئەبەر . هەروەها لە (عز) و (کش)یشدا بەڵام لەگەڵ هەڵەیەکدا لە نۆسینەوەی (هەروەك)دا

دورجێکی موجەوهەر کە هەمۆ حوسن و بەها بێ
دوژژێکی مونەووەر کە هەمۆ ئاوی صەفا بێ (٢٤)

بەیضێکی شوتورمورغێ کەوا تازە کرابێ
وەك بەیضەیی بەیضا بە ضیاوو بە سەنا بێ (٢٥)

بە (هەروەکو) . قالّبی (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : قالّب . ئەمیش هەر (قالّبی)یە . توندیو سفتێ (عم) و (گم) و (اح) و (خـا) و (خب) : سفتیو توندێ .

(٢٤) دورج : قوتۆیەکە ژنان زێژ و خشڵ و شتی گرانبەهـای خۆیـانی تیا هەڵئەگرن . موجەوهەر : پڕ لە گەوهەر . حوسـن : جـوانێ . بەها : ڕازاوەیێ . مونەووەر : ڕۆناك . صەفا : بێگەردێ و خاوێنێ .

واتە : یاخود ئەمە چییە قوتۆیەکی پڕ لە گەوهەر هەمۆی هەر جوانێ و ڕازاوەیێ بێ ؟! ئەمە چییـە دوژژێکـی ڕۆناك کـە هەمۆلایەکی ئاوێکی خاوێن و بێگەرد بێ وەك بڵێی تەنانەت خۆیشی ئاوە ؟!

لەنێوان (دوژ) و (ئاو)دا تەناسوب هەیە .

مونەووەر (چر) : مودەووەر . مودەووەر : خڕ . هەمۆ (خب) : پڕی .

(٢٥) بەیضێکی : بەیضەیێـکی ، هێلکەیەکی . شوتورمـورغێ : وەك هیی وشترمورغ . بەیضە : پەردەی بۆك . بەیضا : بەیضاء ، سپێ . سەنا : بەرزێ و شکۆ .

واتە : یاخود ئەمە چییە لە هێلکەی وشترمورغ ئەچێ تازە کردبێتی هێشتا هەڵمی ناوسکی وشترمورغەکەی لێ هەڵسـێ وەك پەردەی بۆك سپێ و خاوەنشکۆ و بەرزێ بێ ؟

لەنێوان هەردۆ (بەیضە) و (بەیضا)دا جیناسـی لاحیق و ، لەنێوان (بەیضا) و (بە ضیا)دا وشەئارایییەك هەیە ، لەسەرێکەوە لە جیناسی تەرکیب و لە سەرێکی‌کەوە لە جیناسی قەلب ئەچێ .

بەیضێکی (عم) : بەیضەیکی . شوتورمورغێ (عم) و (کم) و (ت) و (ك) و (عز) و (تو) و (اح) و (خب) و (کش) : شوتورمورغ . سەنا (ت) : بەصەفا . (اح) و («پەراوێزی» خا) : سیا . ڕەنگە مەبەست لە تاریکایێ بێ .

خرچێکی موده‌ووه‌ر ، به عه‌سه‌ل ئاوی درابێ
نه‌خێکی له‌به‌ر حوسن و حه‌لاوه‌ت قڵه‌شابێ ؟! (٢٦)

یاخود وه‌کو خۆی شاهیده ، با وه‌صفی وه‌هابێ :
سیمین مه‌مکێکی هه‌که تازه هه‌ڵیدابێ (٢٧)

یا تازه هه‌نارێکی که‌ناری گوڵی مابێ
بێ درز و قڵیش میثلی شه‌مامێکی ته‌ڵاّ بێ (٢٨)

---

(٢٦) خرچێکی : خرچه‌یه‌کی . خرچه : کاڵه‌کی نه‌گه‌یۆ . عه‌سه‌ل : هه‌نگوین . حه‌لاوه‌ت : شیرینێ .

واته : یاخود ئه‌و کاڵه‌که خرچه پێنه‌گه‌یشتووه چییه له‌گه‌ڵ پێنه‌گه‌یشتنیشیا ئه‌وه‌نده شیرینه ئه‌ڵێی به هه‌نگوین ئاودراوه و ، له‌به‌ر شیرنییه له‌ڕاده‌به‌ده‌ره‌که‌ی تۆزێکی به‌ئاسته‌م درزی بردووه ؟!

خرچێکی (عم) : خرچه‌یکی .

(٢٧) سیمین : سپێ وه‌ك زیو . هه‌که : که ، زاراوه‌یه‌کی (گۆرانی)یه .

مه‌عنای ئه‌م به‌یته و دۆ به‌یتی پێکه‌وه لێك‌ئه‌ده‌ینه‌وه .

با (عم) و (گم) : بـۆ . مه‌مکێکی هه‌که تازه : ئه‌مـه تێکستی (عب) و (تو) و (مـن) و (کش)ه . ئێمه ئه‌مان هه‌ڵبژارد چونکه چـوار نوسخه له‌سه‌ری هاوده‌نگ بۆن و ، وشه‌یه‌کیشه بۆ یه‌که‌مجار نالێ به‌کاری‌دێنێ و ، زاراوه‌یه‌کی ڕه‌سه‌نی یه‌کێ لـه دیالێکته کوردییه کۆنه‌کانـه و ، نالییش عاده‌تیه‌تی وشه له زۆر دیالێکته‌وه ئه‌خوازێ. (چر) : مه‌مکێکی بێ که تازه. (عم) و (گـم) و (عز) : مه‌مکێکی ته‌ڕ و تـازه‌ی . (ت) و (اح) و (خا) : مه‌مکێکی ته‌ڕ و تـازه . (ك) : مه‌مکێکی وه‌کو تـازه . هه‌ڵیدابێ (تو) : گوڵی‌دابێ .

(٢٨) که‌نار : لێوار ، قه‌راخ . شه‌مام : شه‌مامه . ته‌ڵاّ : زێڕ .

که‌ناری گوڵی : ئه‌مه تێکستی ته‌نهـا (عم) و (گم)ه . نوسخه‌کانی‌تر هه‌ندێکیان (ی)یان له‌پاش (که‌نار) یا (گوڵ) یا هه‌ردوکیان دانه‌ناوه و ، هه‌ندێکیان (گوڵی)یان به (کوڵی) نۆسیوه که ئه‌وه‌ش به‌پێی ڕێنۆسی کۆن دروسته . (ك) : که تازه و گوڵی . (عز) : که‌ناره گوڵی . مابێ (ت) : دابێ . ئه‌شگونجێ (که‌ناری گوڵی) به (که ناری گوڵی) بخوێنرێته‌وه واته : که گوڵی هه‌ناری . قڵیش (چر) و (عم) و (خا) : قڵش . (گم) : قه‌ڵه‌ش .

بۆ تەجرەبە تا لەذذەتی شیرینی ئەدا بێ
نەختێکی وەکو دیدەیی دەرزێ قلّەشابێ ؟! (٢٩)

یاخۆ ، مەثەلا ، میثلی نە وا بێت و نە وا بێ
مەشهۆر و خەفێ هەروەکو عەنقاوو وەفا بێ (٣٠)

تەلاّ : ئەمە تێکستی تەنها (خب)ە . نوسخەکانیتر هەمۆیان : طەلا .

(٢٩) ئەدا : جێبەجێکردن . دیدە : چاو .

واتە : یاخود ئەو پرسیارە وەلاّم نەدراوە بەو شتانە نەشوبهێنین کە تائیستا باسمان لێ کردن ، بەڵکو شتە پرسیار لێکراوەکە لەخۆیدا چۆنە هەروا وەصفی بکەین ، بڵێین ئەو مەمکە سپییە زیوینە کامەیە کە تازە و تەڕ هەڵیداوە و دەرکەوتووە ؟ ئەو هەنارە تازە دەرکەوتووە کامەیە کە هێشتا گوڵەکەی نەوەریوە و بە قەراخیەوە ماوە ، درز و قڵیشی تێنەبوە وەك هەنارێ کە بارانی پایز لێیبدا و ، ئەڵێی شەمامەی زێڕە ، تەنها بۆ تاقێ کردنەوە و هەستکردن بە شیرینییەکەی نەختێکی ئەوەندەی کونی دەرزییەك شەقی بردووە !

بە گوێرەی ئەم مەعنایە ، ئەوەی کە نالێ وتی گوایە شتە پرسیار لێکراوەکە ، وەك خۆی چۆنە وای وەصف ئەکا ، تەنها بۆ زیادەڕەوێ بۆ . ئەگینا ئەم جۆرە وەصفکردنەش هەر شوبهاندن بۆ .

ئەشتوانرێ مەعنای نیوەی یەکەمی بەیتی یەکەمی ئەم سێ بەیتە وا لێبدەینەوە بڵێین با وەك مەستۆرە خۆی چۆنە وا وەصفی ئەو شتە پرسیار لێکراوە بکەین و ئەو شتە بەوشتانە بشوبهێنین کە لە مەستۆرە خۆیدا دیارن ..

تا (چر) و (ت) و (عز) و (تو) و (من) و (خب) و (کش) : وا . هەڵەیە . لەپێشانا (دا) بووە . (اح) : دا . قڵەشا (گم) : قەڵەشا . (من) : قڵیشا .

(٣٠) مەثەلا : بۆنمۆنە . خەفێ : نادیار ، نهێنێ . عەنقا : باڵداڕێکی ئەفسانەییە دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە .

واتە : یاخود ئەمە چییە نە وەك ئەو شتانەیە پێشان شوبهاندمان پێیان و ، نە وەك ئەو شتانەیە پاشان شوبهاندمان پێیان .. شتێکی بەناوبانگە ، کەچێ لە بەرچاویش نییە وەك پەلەوەری عەنقا و وەك وەفا و پیاوەتێ لەبەرچاوبۆنی دۆستان کە خەڵك باسیان ئەکەن و لە ژیانیشمانا ڕۆیمان تێیان ناکەوێ .

صاحێب زەڕ و زیوێ کە فریبی عوقەلا بێ
ئیکسیری طەلّای ئەحمەری چەند قەطرە لە لا بێ (٣١)

دەعوای ئومەرا چەندە لەسەر تەختی کرابێ
چەند خوێن کە ڕژابێت و چ خوێنی نەڕژابێ (٣٢)

مەثەلا (ك) و (عز) و (تو) و (عب) و (من) و (كش) : مەثەلی . میثلی (ت) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : میثل . دیارە ئەمیش هەر (میثلی)یە .

(٣١) فریب : هەڵخەڵەتاندن . ئیکسیر : مایەیەکی کیمیاییە ئەڵێن مس ئەکا بە زێڕ . طەلّای ئەحمەر : زێڕی سوور .

واتە : یاخود ئەمە چییە کە خاوەنی زەڕ و زیوێکە تەنانەت پیاوی زیرەك و تێگەیشتوویشی پێ هەڵئەخڵەتێ و ، چەند دڵۆپێك لەو شتەی لایە کە لای خەڵك ئەوەندەی ئەو ئیکسیرە ، گرانبەهایە ، کە زێڕی سوری پێ دروست ئەبێ . مەبەست لە خوێنی کچێنییە کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆر بەبایەخە و بە نیشانەی سەربەرزیی کچ ئەدرێتە قەڵەم . زیوێ کە فریبی (چر) و (ك) و (تو) و (عب) : زیوێ کە فریب . ئەمیش هەر (فریبی)یە . (ت) و (اح) و (خا) : زیو بێت و فریب . ئەمیش هەر (فریبی)یە . (كش) : زیوی فریب . بەپێی ئەم نوسخەیە ئەبێ (صاحێب) بە (صاحێبی) و (فریب)یش بە (فریبی) بخوێنرێتەوە .

لەم بەیتەوە تا دوایێ لە (خب)دا نییە .

(٣٢) دەعوا : کێشە و هەرا . ئومەرا : جەمعی ئەمیرە واتە پادشاە .

واتە : یاخود ئەمە چییە ئەوەندە نایاب و بەنرخە پادشاهان چەند شەڕیان لەسەر تەختەکەی کردووە و هەرکامیان ویستوویە خۆی لەسەر تەختی دانیشێ و ، چەند خوێن لە شەڕا لەسەر ئەو ڕژاوە و ، ئەو خۆی کەس نەیتوانیوە دەستی بۆ بەرێ و خوێنی بڕێژێ . مەبەست لە (تەخت) لاشەی مەستورە و ، مەبەست لە (خوێن ڕژاندنی) لاقە کردنیەتی . .

ئەشگونجێ مەعنای نیوە بەیتی دوەەم ئەوەبێ مەستورە چەند جار خوێنی عادەتی مانگانەی لێ ڕژابێ ، بەڵام خوێنی کچێنیی هێشتا لێ نەڕژابێ .

ئومەرا (خا) : ئومەرای . چەندە (چر) : چەند . بۆ (چەندە) و (چەندی)یش ئەگونجێ . (عم) : چەندی . خوێن کە ڕژابێت و (عم) : خوێنێ ڕژابێت و . (گم) : خوێنێ ڕژابێت . ئەمیش هەر لەگەڵ (و)ی عەطفدا ئەبێ .

کێ بێ له جیهاندا چ گەدا بێت و چ شا بێ
تەرکێکی وەها ناسك و پڕ لەذذەتی گابێ ؟! (٣٣)

★ ★ ★

دێوانە کە زانێ کە دەبێ عوقدەگوشا بێ
هەستاوو گوتی : ئەشکی ڕەوانم بە فیدا بێ ! (٣٤)

---

(٣٣) تەرك ، تەرەك : کچی نەکراوە . ئەشگونجێ (تورك) بێ کە کینایەیە لە نازدار و دڵدار .

لەپاش ئەو هەموو پرسیار و ناوونیشان هەڵدانە کە (نالێ) بە زوبانی (مەستوورە)وە گێڕایەوە ، ئەم بەیتە ئەبێ بە پوختەی پرسیارەکە و ، بەیتەکانی پاشەوەش وەڵامی پرسیارەکەن .

تەرکێکی : ئەمە تێکستی (اح) و (« پەراوێزی » خا) یە . (چر) و (ك) و (تو) و (عب) و (من) و (کش) : سیڕڕێکی . یا بەمەعنای (نهێنییەکی) یا (سوڕڕەیەکی)یە ، واتە : ناوکێکی ، کە کینایە بێ لە خوار ناوك ! . (عم) و (گم) : سمتێکی . (ت) و (خا) : طورفەیکی . طورفە بە شتێ ئەڵێن ئەوەندە نایاب بێ کەس وێنەی نەدیبێ . نازك (عم) و (گم) : ناسك .

لەگەڵ ئەوەش کە هەموو نوسخەکانی بەردەستمان ، (خب) نەبێ ، ئەم بەیتەیان تیایە و لەبەرئەوە مەیدانی دانی ئەپاڵ کەسێکیتر لە نالێ بەولاوە ، ئێجگار تەسك ئەبێتەوە لەڕوی ڕەخنەگردا ، ئێمە هێشتا هەر بەلای ئەوەدا ئەچین کە هیی نالێ نەبێ و شاعیرێکیتر لەلاوە هاتبێ و دایناببێ و خستبێتیە چوار چێوەی پارچە شیعرەکەوە و لەگەڵ بەیتەکانیکەی تێهەڵکێشی کردبێ . بەڵگەی ئەم بۆچوونەشمان ئەمەیە :

١ ــ پرسیارەکە تێکڕا پڕە لە تەعبیری ناسکی ئەدەبێ و مەجاز و کینایە و شوبهاندنی ڕەوانبێژانە و ، بەزەحمەت لەگەڵ ئەم زەقێ و بێپەردەییەدا ئەگونجێ کە لەم بەیتەدا هەیە .

٢ ــ پارچە شیعرەکە لە دۆ بەش پێکهاتووە ، بەشێکی پرسیار و بەشێکی وەڵام . ئەگەر بشڵێین بەیتەکە هیی نالییە ، ئەبۆ لە داوێنی وەڵامەکەوە و بە دارشتنێکیتر دایناینایە ، نەك لێرەدا کە بەجارێ سیحری پرسیارەکە هەموی بەتاڵ ئەکاتەوە و هیچی تیا ناهێڵێ .

(٣٤) دێوانە : شێت . دەروێش . کینایەیە لە (هینەکەی) نالێ . عوقدەگوشا :

گرێکەرەوە . کینایەیە لە وەلاّمدانـەوەی مەستۆرە و جێبەجێکردنی داواکەی . ئەشکی زّەوان : فرمێسك . کینایەیە لە (ئاو) .

واتە : کە مەستۆرە لە پرسیارەکەی بووەوە و (دێوانەکەم) تێگەیشت کەوا (کردنەوەی ئەم گرێیە)ی خراوەتە ئەستۆ ، زّاسـت بووەوە وتی : یاخوا (فرمێسکی زّەوان)م بەقوربانت بێ ! .. تاد . پاشماوەی قسەکانی لە بەیتەکانی پاشەوەدا باسکراوە ..

لە (چر) و (ك) و (خا)دا لەسەر ئەم بەشەی ئەم پارچە شیعرە نۆسراوە : «جواب» واتە : وەلاّم . (عم)یش نۆسیویە : «وله في الجواب» واتە : هیی نالییە لە وەلاّمدانـەوەدا . (گم)یش نۆسیویە : «ئـەوەی خوارەوەشی جارێکیدیکە لە وەلاّمیدا داناوە» . (ت)یش بەیتی پێشۆی ، وەك دوابەیتی هەمـۆ پارچە شـیعرێك ، بـە خەتی سـۆر نۆسـیوە کە واتـە ئەمە قەسیدەیەکیترە . (تو)یش نۆسیویە : «حضرت نالیٰ خودش از زبان مستوره در جواب این قصیدهرا باز گفته» . واتە: جەنابی نالیٰ خۆی ئەم قەسیدەشی لە وەلاّمدا بە زوبانی مەستۆرەوە وتووە . بەلاّم وانییە چونکە وەلاّمەکە بە ناوی نالیٰ خۆیەوەیە نەك بە زوبانی مەستۆرەوە . (عب)یش نۆسیویە : « جواب خودرا از زبان مستوره چنین داده » واتە : (نالیٰ) وەلاّمی خۆی بە زوبانی مەستۆرەوە واداوەتەوە . ئەمەش هەر هەڵەیە . (اح)یش هیچ نیشانەیەکی جیـاکردنەوەی لەنێوان ئەم دۆ بەشەی پارچـە شیعرەکەدا دانەناوە .

گوتی : ئەمە تێکستی (عم) و (ك) و (عز) و (تو) و (عب) و (من) و (كش)ە. نوسخەکانیتر هەمۆ : وتی .

(٣٥) صاحێبی تەشریح : خاوەنی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و یەکالاّکردنەوە . هەیئەت : دیمەن . چا : چاك . شاریح : لێکدەرەوە و یەکـالاّکەرەوە . جاریح : زّەخنـەگر و بریندارکـەر . مۆضێحە گوشـا : زّۆنکەرەوەی لێکدانەوە . بریندێك بگاتە سەر ئێسك .

واتە : وتی پرسیارەکەت پرسـیارێکی قـورس و گرانە و بە هەمـۆ کەس لێكنادرێتەوە ، کەسێکی جوان و شۆخ و لێهاتۆی ئەوێ ، شت باش لێكبداتەوە و پێیبکرێ یەکالاّی بکاتەوە و ، زّەخنەگر بێ و بتوانێ زام بکا و ، زّۆنکردنەوەکانی لێكبداتەوە و برین بگەیەنێتە سەر ئێسك ..

بێجگە ئەم دۆ مەعنایەش کە بۆ هەرکام لە وشەکانمان باسکرد و ،

بۆ توند و ڕەقێ مەتنی مەتینی حوکەما بێ
تەدقیقی ئەمیش سیڕڕە دەبێ خوفیە ئەدا بێ (٣٦)

یەکێکیان بەدیمەن مەعنای مەلایانە بۆ و ئەویان ناخی مەبەستەکەی مەستۆرەی ئەپێکا ، ئەم بەیتە گەلێ ئیشارەتی‌تریشی تیایە . بۆنموونە (تەشریح) ئیشارەتە بۆ کتێبێکی (تشریح الافلاك) کە کتێبێکی مەلایانەیە لە زانستی ئاسمان شوناسیدا ، (بهاءالدین العاملی) داینناوە . (هەیئەت = الهیئة)یش زانستی ئاسمان‌شوناسیی کۆنە . زاراوەی (هەیئەتی چاك) لە حوجرەی فەقێدا بە کتێبی زۆر چاکی زانستی هەیئەت ئەڵێن . (شاریح)یش بەوکەسە ئەڵێن لەسەر (مەتن)ی کتێب ئەنۆسێ . ئەوەش بزانین کە (مەتن) خۆیشی بە عەرەبێ واتە (پشت) .. (جاریح)یش کەسێکە لە گفتوگۆی زانستیدا قسەی بەرابەرەکەی لەکەدار بکا . (مۆضیحە)یش زاراوەیەکی شەرعە لە باسی (قیصاص)دا ، بە زامێك ئەڵێن ئێسکی زامارەکەی دەرخستبێ .. سەرەڕای ئەوە کە لە کتێبی حوجرەدا لە چوارچێوەی هەندێ بابەتدا ، لەسەر هەندێ وردە بابەت ئەنۆسرا (موضحة) یا (مسئلة) یا (مهمة) یا شتی‌تری‌وا . کەواتە لە کۆکردنەوەی ئەم وشانەدا تەناسوب هەیە و لە هەرکامێکیشیاندا ، بەش‌بەحاڵی خۆی ، تەوریە هەیە . لەنێوان (شاریح) و (جاریح)یشدا جیناسی لاحیق هەیە .

لەوانەیە ئەم بەیتە ئیشارەتێکیشی بۆئەوە تیابێ کە نالێ لە سەردەمی لاوێتیدا کوڕێکی شۆخ و قۆز و بڕمێن بۆبێ ، چونکە لەلایەکەوە ئەڵێ جێبەجێ کردنی داواکەی مەستۆرە کەسێکی‌وای ئەوێ و ، لە سەرێکی‌کەشەوە عەقڵ نایگرێ دەست بەو خێرە خواوە بنێ بۆ کەسێکی‌تر .

(٣٦) مەتن : کتێبی خوێندنی مەلایانە کە بەتەنها خۆی ڕاست نەکرێتەوە و پێویستی بە لێکدانەوە و لەسەر نۆسین بێ . پشت . مەتین : پتەو و توند . حوکەما : جەمعی حەکیمە واتە فەیلەسۆف و زۆرزان . تەدقیق : وردەکاری . خوفیە : نهێنێ . ئەدا : بەجێهێنان .

واتە : ئەوەی ، یا ئەوشتەی ، ئەم پرسیارە لێكئەداتەوە یا ئەم شتە یەکالاّ ئەکاتەوە ، ئەبێ لەبارەی تونديێ و ڕەقییەوە وەك تێکستی ئەو کتێبانە بێ کە فەیلەسۆفەکان نۆسیویانە ، یا وەك پشتی ئەوان قایم و پتەو بێ . دیارە وردکردنەوە و لێکدانەوەی ئەمەش بە هەموکەس ناوترێ و ئەبێ بە دزییەوە بکرێ ، یاخود ئەم (لێکدانەوەیە) کارێکە ئەبێ بە نهێنێ و لە شوێنی تایبەتیدا جێبەجێ بکرێ .

نەرم و خۆش و مونتیج وەکو بەسطی ئودەبا بێ
طوولانیی‌یو بەرجەستە وەکو دەستی دوعا بێ (۳۷)

شەو نائیم و قائیم ، عەلەمی بابی ڕەضا بێ
بێ‌دیدە هەڵستێ بە مەثەل عەینی عەصا بێ (۳۸)

لەنێوان (مەتن) و (حوکەما) و (تەدقیق)دا تەناسوب و ، لە (مەتن) و (تەدقیق)دا تەوریە هەیە . لە هێنانی وشەی (مەتن) و دانەپاڵی (تونديژ) و (ڕەقیژ)یشدا بۆلای ، ئیشارت بۆ ئەو پەیوەندە کراوە کە لەنێوان (پشت) و (تۆوی پیاو)دا هەیە . لە (نهێنییەتیی لێکدانەوەی مەتن)یشدا ئیشارەت بەوە کراوە کە جاران ئەوانەی بابەتێکی بایەخداریان ئەزانیژ ، بە هەموکەسیان نەئەوت و لە چوارچێوەیەکی تەسکدا نەبوایە کەسیان فێر نەئەکرد .

(۳۷) مونتیج : بەرهەمدار . بەسط : پەخشان . طوولانیژ : درێژەدار . بەرجەستە : دیار و دەرکەوتوو .

نالیژ لەم بەیتەدا ڕۆیەکی‌تری یەکاڵا کەرەوەی پرسیارەکەی مەستۆرە لێك‌ئەداتەوە ، چونکە دیارە هەمیشە لە حاڵەتێکدا نییە و باری جیاجیای زۆرە .. لێرەدا ئەڵێ : نەرم بێ ، خۆش بەدەستەوە بێ ، بەرهەمدار بێ ، وەك پەخشانێکی ڕەوان بێ کە ئەدیب نوسیبێتی .. درێژ بێ ، دیار و هەستاوە بێ وەکو دەستی کەسێك کە بۆ لەخواپاڕانەوە دەستی درێژ کردبێ ..

وشەی (مونتیج) زاراوەیەکی عیلمی مەنطیق و ، وشەی (بەسط)یش لە زاراوەکانی بەلاغەیە .

(۳۸) نائیم : نوستوو . قائیم : بێدار . هەستاو . عەلەم : ئالا . بابی ڕەضا : دەرگای ڕەزامەندیژ و قەناعەت بەوەی خوا داویە . عەینی عەصا : هەروەك عاسا ، کینایەیە لە کوێریژ و بێچاویژ .

واتە : ئەوەی ئەم گرێکوێرەیە ئەکاتەوە و چاری ئەم مەسەلەیە ئەکا ئەبێ بەدەم خەویشەوە بێدار بێ و هەستابێ و ، لە دەرگای قەناعەت و ڕەزامەندیدا بە هەرچیژ خوا دای ، وەك ئالایژ قنج ڕاوەستابێ و ، کوێرانە هەستێ هەروەك عاسا ، شەلم کوێرم ناپارێزم ، ڕێ بداتەبەر ..

خۆ ئەگەر مەبەست لە (بابی ڕەضا) کەیخوسرەو خانی ناکام بێ کە پاشان مەستۆرەی مارەکردووە و ، کوڕێکیشی بووە ناوی (ڕەضا قولیژ

مەجذوبی طوروق ، مورتەعیشی لەرزش و تا بێ
سالیك ژەوشی مەسلەکی ژێگەی صولەحا بێ (٣٩)

خان) بووە ، ئەوە ئەبێ مەعنای بەیتەکە وا لێبدەینەوە کە ئیشارەتە بۆئەوە (هینەکەی) نالێ وەك ئالآیێ قنج لە دەرگای مالّی باوکی ژەضا قولێ خانا وەستابێ بۆئەوەی نەهێڵێ باوکی ژەضا قولێ خان ، واتە کەیخوسرەو خان ، دەرچێ خۆی بگەیەنێ بە مەستۆرە و مارەیکا یا ئەگەر مارەی کردبێ بیگوێزێتەوە . بۆیە مەعنای بەیتەکە بەمجۆرە لێك‌ئەدەینەوە چونکە تێکڕای پارچە شیعرەکە وائەگەیەنێ کە کاتێ نالێ ئەم «خەوە»ی دیوە ، مەستۆرە کچ بووە ، کە کچیش بۆ ئیتر چێ ئەکا لە مالّی باوکی ژەضا قولێ خاندا ؟ .

ژێیشی تێ‌ئەچێ مەبەستی نالێ لە (بابی ژەضا) دەرگای مەشهەدی ئیمام ژەضا بێ و بەیتەکە ئیشارەت بێ بە شیعەیەتیی میرە ئەردەلآنییەکانی سنە . کەسیش بۆی نییە بڵێ نالێ تەشبیهی وا چۆن ئەکا ؟ ئەوێ (هینەکەی) بشوبهێنێ بە دەستی بۆ لەخواپارّانەوە درێژکراو ، بۆ ئەبێ نەیشوبهێنێ بە عەلەمی قنج‌کراوەی دەرگای مەرقەدی ئیمامێك . .

لەنێوان (نائیم) و (قائیم)دا جگە لە طیباقی بەدیمەن ، جیناسی لاحیقیش هەیە . ئیقتیباسیشە لە حالّەتی خواپەرستان کە پێیان‌ئەڵێن (قائم باللیل) . لە کۆکردنەوەی (بێ‌دیدە) و (عەینی عەصا)یشدا تەناسوب هەیە چونکە عاسا هیی کوێرانە .

نائیم و (چر) : نائیم . دیارە ئەبێ لەگەڵ (و)ی عەطفدا بێ . ژەضا (عز) و (کش) : ژەجا . بێ‌دیدە هەڵستێ (ت) و (خا) : بێ دیدەیی هەستێ .

(٣٩) مەجذوبە : ژنی جەذبە لێ‌هاتۆ . جەذبە حالّەتێکە لەو حالّەتانەی بەسەر پەیژەوانی تەریقەتی نەقشبەندیدا دێن . طوروق : جەمعی (طەریقە)یە کە تەریقەتی ئەهلی تەصەووفە ، یا جەمعی (طەریق)ە بەمەعنا ژێگاوبان . مورتەعیش : موچوڕکە پیاهاتوو . لەرزش : لەرز . سالیك : ئەهلی سولۆك بەگوێرەی ڕێ و شوێنی ئەهلی تەصەووف . ژێگرتووەبەر . ژەوش : ژەوشت . مەسلەك : ژێگا . صولەحا : جەمعی صالیحە .

نالێ لەم بەیتە و بەیتی پاشەوەدا پێ‌شوبهێنراوەکانی لە جیهانی تەصەووف وەرئەگرێ و ئەڵێ : ئەو شتە وەك صۆفیی جەذبە لێ‌هاتۆ یا وەك شێتی ناوکۆڵان و ژێگاوبان و ، وەك لەرزوتادار لەخۆشییانا موچوڕکەی بەلەشدا بێ و ، ئەو ژێگایەی گرتبێتەبەر کە چاکانی خوا هەمۆ گرتۆیانەتەبەر . مەبەستی لەوەیە چاکانی خوا هەمۆ ئەو شتەیان کردووە

فەرقێکی هەبێ : داخڵی میحرابی ژەجا بێ
چاوێکی هەبێ : غەرقەیی فرمێسکی بوکا بێ (٤٠)

ژێی حورمەت و بێحورمەتیی هەرگیز نەکوتابێ
چەند ئاوی ژژابێت و ، چ ئاوی نەژژابێ (٤١)

که ئەو ئەیەوێ بیکا . .

لەرزش و : ئەمە تێکستی تەنها (اح)ە . نوسخەکانیتر هەمو : لەرزەوو . ئێمە ، لەبەر هاوسەنگێ لەگەڵ (مورتەعیش) و (ژەوش) ئەممان لا پەسەندتر بو . مەسلەکی : ئەمە تێکستی (عم) و (گم) و (عز) و (تو) و (کش)ە . نوسخەکانیتر هەمو : مەسلەك . دیارە لەوانیشدا هەر مەبەست (مەسلەکی)یە .

(٤٠) فەرق : تەوقەسەر . غەرقە : غەرق ، نوقم . بوکا : بوکاء ، گریان .

واتە : ئەو شتە تەپڵە سەرێکی هەبێ لە (میحراب)ی ئاواتا نابێتیە (زەوێ) و ، (چاو)یکی هەبێ ، تەنها چاوێك ، هەمیشە لە (فرمێسك)ی گریاندا نوقم بێ . .

لە وشەی (میحرابی ژەجا) و (فرمێسکیبوکا)دا تەوریە هەیە . هەروەك چۆن (غەرقە)ش ئیشارەتێکی بۆ (خەرقە)ی ئەهلی تەصەووف تیایە ، واتە وەك چۆن ئەوان خەرقە ئەدەن بەکۆڵیانا ، ئەمیش (فرمێسکەکەی) ئەکا بە خەرقە بۆ خۆی . .

غەرقەیی (تو) : غەرقە . ئەبێ ئەمیش (غەرقەیی) بێ ئەگینا نیوە بەیتەکە لەنگ ئەبێ .

نیوەکانی ئەم بەیتە لە نوسخەکانی (عم) و (گم) و (ت) و (اح) و (من) و (خا)دا بەرودوان .

(٤١) حورمەت : حەرامێ .

واتە : ئەو شتە هەرگیز ژێگای حەرام و بێحورمەتیی نەکوتابێتەوە و ، چەند ئاوی ژشتبێ ، بەڵام بە جۆرێکیوای نەژشتبێ ئابڕۆی پێ بچێ .

ئەشگونجێ ژستەی (ژێی حورمەت و) بە ژستەیەکی سەربەخۆ دانێین و مەعنای وا لێبدەینەوە : ژێگای ، ژێگای حورمەت بێ و ، بە ژێگای بێحورمەتیدا نەڕۆیشتبێ .

حورمەت و (چر) و (ك) و (عب) و (کش) : حورمەت . بۆ (حورمەت و) و (حورمەتی)یش دەستئەدا . (ت) و (عز) و (تو) و (من) : حورمەتی .

لەم رێگە سەریشی کە بچێ ، یەعنی کوژابێ
گەردن‌کەچێ بەرپێتە ، قەدەم رەنجەکە ، سا بێ (٤٢)

تا گەرمڕەوی رێگەیی ظولماتی بەقا بێ
(ماء الخضر)ت قەطرە لەسەر قەطرە فیدا بێ (٤٣)

چەند ئاوی (چر) و (عب) : چەن رۆی . (عز) : چەند ئاو . («پەراوێزی» خا) : چەند ئاو کە .

(٤٢) قەدەم رەنجەکە : ئازاری پێت بدە . کینایەیە لە داوای هاتن لە کەسێکی خاوەن پایە و رێ و شوێن .

واتە : دەسا فەرمۆ ، زەحمەت نەبێ تەشریف بێنە ، ئەگەر لەمپێناوەدا هینەکەم سەریشی تیا بچێ و بدرێ بەکوشت، هەر گەردن‌کەچی بەرپێتە و ئامادەیە بۆ جێبەجێ کردنی داواکەت و کردنەوەی گرێ‌کوێرەکەت .

نالێ بۆیە (سەرتیاچۆن)ی بە (کوژران) مەعنا لێداوەتەوە ، تا لەوە حاڵێ ببین کە مەعنای (سەر پیاچۆن)یش ئەگەیەنێ .. هەروەها (گەردن‌کەچی بەرپێتە)یش بێبەش نییە لە ئیشارەتێکی ناسك ...

بەرپێتە (ت) و (اح) و («پەراوێزی» خا) : سەر پێتە .

(٤٣) گەرمڕەو : ئەوەی تونـد و تیـژ رێ ببڕێ . کەسـێ زۆر پەلـەی بێ بە مەبەستی خۆی بگا . ظولماتی بەقا : ئەو تاریکاییەی سەرچاوەی ژیان و مانەوەی بەرەی ئادەمیزادە . منداڵدانی ئافرەت . مـاء الخضر : ئاوی خضر ، ئەو ئاوەی حـەزرەتی خضر پێغەمبەر لێی خواردووەتەوە و بۆیە نامرێ .. لێرەدا مەبەست لە (ئاوی مەلا خدری نالێ) خۆیەتی . قەطرە : دڵۆپ .

ئەم بەیتە پەیوەندی بە بەیتی پێشووەوەیە و مەعنای ئەو تەواو ئەکا . واتە : ئەو (شتە) گەردن‌کەچی بەرپێتە و سەریشی تیا بچێ هەر ناگەڕێتە دواوە ، دەسا فەرمۆ وەرە ، تا بە تیژێ و بە پەلە رێگای ئەو تاریکستانییە بگرێتەبەر کە سەرچاوەی ژیانە و ئاوی ژیانی تیایە ، یاخوا دڵۆپ دڵۆپ ئاوی زیندەگانیت ، یا (ئاوی مەلاخدرت) تا دوا دڵۆپ بەقوربان بێ و دوا چۆڕی بۆ تۆ ببڕێتەوە !

گەرمڕەوی (چر) : گەرمڕەو . ئەمیش هەر (گەرمڕەوی)یە . (گم) : گەرمڕەویی . (ت) و (کش) : کرمڕوی . ئەمیش هـەر (گەرمڕەوی)یە . رێگەیی : ئەمە تێکستی (ت) و (خا)یە. نوسخەکانی‌تر هەمۆ: (قەطرەیی) .

کێ بێ وەکو تۆ بەم شەوە ڕەحمی بە منا بێ !
مەجذۆبە صیفەت ، یەعنی صیلەی ڕەحمی تێدابێ ! (٤٤)

هەم جاذیبەوو قابیلەیی ئەخذ و عەطا بێ !
مەستۆرەوو مەخفێ ، شەبەهی بادی صەبا بێ ! (٤٥)

مەستانە هەڵستێت و بە کوێرێی ڕۆقەبا بێ
ئەم باب‌زەنە گەرم و تەڕی کا بە کەبابێ (٤٦)

★ ★ ★

بەم‌پێیە مەعنای بەیتەکە وای‌لێ‌دێتەوە : تا تیژ ڕۆیشتنی ئەو دڵۆپە ئاوە هەبێ کە ڕێگای تاریکستانی سەرچاوەی ژیانی گرتووەتەبەر ، ئاوی زیندەگانێ یا (ئاوی مەلاخدر خۆی)ت ، دڵۆپ دڵۆپ بەقوربان بێ .

(٤٤) صیلەی ڕەحم : بەسەر کردنەوەی خزم و کەس‌وکار .
مەعنای ئەم بەیتە و دۆ بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێکئەدەینەوە .
مەجذۆبە صیفەت (اح) و («پەراوێزی» خا) : مەجذۆبی صەفێ یان صەفێ . (خا) : مەجذۆبی صیفەت . دیارە (مەجذۆبێ صیفەت)ە بە (ی)ی مەصدەرییەت . («پەراوێزی» خا) : مەجذۆب صیفەت . دیارە ئەمیش (مەجذۆبە صیفەت)ە . صیلەی (چر) و (ك) و (عز) و (تو) و (عب) و (من) و (کش) : صەلای (؟) . (خا) : صیلە . دیارە ئەبێ (صیلەی) بێ . تێدا (ت) و (تو) و (عب) و (من) : تیا .

(٤٥) جاذیبە : ڕاکێش . قابیلە : وەرگر . ڕەزامەند . ئەخذ : وەرگرتن . عەطا : دان .
جاذیبەوو قابیلەیی: ئەمە تێکستی (عز) و (خا) و (کش)ە. نوسخەکانی‌تر هەمۆ : جاذیبەیی قابیلەیی . مەستۆرەوو (ت) : مەستۆرەیی .

(٤٦) ڕۆقەبا : جەمعی ڕەقیبە واتە بەدکار . باب‌زەن : شیشی کەباب .
ئەم سێ بەیتەش هەروا مەعنای دۆ بەیتەکەی پێشۆ تەواو ئەکەن . واتە : کێ بێ ، وەك تۆ ، بەم تاریکە شەوە بەزەیی بە منداً بێتەوە و وەك ژنە صۆفێ کە شێخ جەذبەی لێ هێنابێ و ڕایکێشابێ بۆلای خۆی ، بێ بەلامەوە و ، سیلەی ڕەحمی لەبەر چاو بێ و ، هەم هێزی ڕاکێشانی منی ببێ بۆلای خۆی و هەم شتیشم لێ وەربگرێ و بۆ (وەرگرتن و دان)

. . . . . .

دەس‌بدا و کەڵکی ئاڵوگۆڕی پێوەبێ ، شارراوە و نهێنییش بێ وەك سروەی بای سبەینان .. بەکوێرایی چاوی ناحەز و بەدکار ، بێ‌ترس و بێ‌پەروا وەك سەرخۆش هەڵسێ بێت بەدەممەوە ، تا (شیش)ەکەی منیش (کەباب)یکی بداتێ و بەو کەبابە گەرم و تەڕی کاتەوە ... بەپێی ئەم مەعنایە (شیش)یش و (کەباب)یش هەر یەك شتن و (شتەکە) جارێکیان لە ڕۆیەکەوە کراوە بە (شیش) و جارێکی‌کە لە ڕۆیەکی‌تردەوە کراوە بە (کەباب) .

لە وشەی (ڕەحم)دا ئیشارەت کراوە بە (ڕەحەم)ی ئافرەت و لە وشەی (مەستۆرە)شدا تەوریە هەیە .

ئەم مەعنایە کە ئێمە لێمانداوەتەوە لەسەر تێکستی زوربەی نوسخەکانە . ئێمە لامانوایە ئەگەر لە نوسخەی (عم) کە لەجیاتیی (گەرم و تەڕی) نۆسیویە (گرم بری) و ئەتوانرێ بە (گەرمە بە ڕێ) بخوێنرێتەوە ــ ئەم ڕستەیە وەربگرین و ، لە نوسخەکانی‌تریش (کا بە کەبابێ) کە بێنین و نیو بەیت بەمجۆرە پێکەوە بنێین :

ئەم باب‌زەنە گەرمە (یا : گەڕمە) بە ڕێ کا بە کەبابێ

مەعنایەکی جوانترمان دێتە دەست کە لەگەڵ مەعنای بەیتەکانی پێشەوەش باشتر ئەگونجێ ، چونکە مەعنای نیوە بەیتەکە وای لێدێتەوە : ئەم (شیش)ە گەرمە یا گەڕەی من بە پێ‌بەخشینی (کەبابێ) بە ڕێ بکا . بەپێی ئەم مەعنایە ، مەعنای (شیش) و (کەباب) یەکێ نابێ و جیا ئەبن لەیەك و (شیش) لای (نالێ) و (کەباب) لای (مەستۆرە) ئەبێ . هەروا بەپێی ئەممەعنایە ئەشتوانین (باب‌زەن) لەجیاتیی (شیش) بە (دەرگا کوتەوە) مەعنا لێ‌بدەینەوە ، واتە : (کەبابێ) بدا بەم (هینە)ی من کە دەرگاکەی ئەکوتێتەوە .

بە کوێریی ڕۆقەبا بێ (ت) و (عز) و (تو) و (عب) و (اح) و (من) و (کش): کوێرییی ڕەقیبان. گەرم و تەڕی کا بە کەبابێ (چر) : کرم تری کانی کبابی. (گم) : گەرم بەریی کوانی کەبابێ . (خا) : کرم تڕی کانی کبابی . مەعنای هیچ‌کام لەم نوسخانە دیار نییە . (کش) : کرم.. تاد. دیارە یا (گەرم و)وە یا (گەرمە)یە .

لە (عم) و (گم)دا نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە و بەیتی پێشۆ نییە و لە نیوەی دۆهەمی هەردوکیان بەیتێك پێکهاتووە .

« نالێ » ! وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ
ڕۆژەش مەکە پێی صەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ (٤٧)

تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ ،
دەرۆیش و گەدا شاە و ، دەبێ شاە گەدا بێ (٤٨)

---

(٤٧) هەزل : گاڵتەوگەپ . عار : نەنگ و شۆرەیێ . صەفحە : ڕۆ ، لاپەڕە .

نالێ پاشئەوەی ڕۆداوی خەوەکەی و گفتوگۆی نێوان خۆی و مەستۆرەی هەمۆ گێڕایەوە و لێبووەوە ، بە عادەتی شاعیران چاوێکی ڕەخنە ئامێز بە خۆیا ئەگێڕێتەوە و ، ئەوەتە لەم سێ بەیتەی دوا بەشی پارچە شیعرەکەیدا داوا لە خۆی ئەکا واز لەم جۆرە قسە بێجێیانە بێنێ و ، بە خۆی ئەڵێ بنیادەم بە خەو و خەیاڵ نابێ بە هیچ و ، چاترێش ئەوەیە لەجیاتیی قسەی هیچ و پۆچ شتێ بڵێ و بنۆسێ کە بۆ دوارۆژی پاش مردنی چاك بێ .

واتە : نالێ ! ڕۆی لاپەڕەی کتێب بەو گاڵتەوگەپ و قسەی هەلەق مەلەقانە ڕەش مەکەرەوە کە شاعیران شەرمیان لێ دێ . کتێب و دیوانی شیعر بە بابەتیوا بەدناو ئەبێ و ئابڕۆی پێ ئەچێ ..

پێی (چر) و (عم) و (ك) و (تو) و (عب) و (من) و (خا) و (كش): پێ.
هیچ (چر) و (خا) : هەر .

ئەم بەیتە لە (من)دا دوابەیتی ئەم پارچە شیعرەیە . وادیارە نازناوەکەی (نالێ)بە هەڵەیدا بردووە .

(٤٨) تەحریر : نۆسین .

واتە : ئەگەر بنیادەم حیسابی خەو و خەیاڵ بکا و بینۆسێتەوە و بەتەمای بێ بێتەدێ ، ئەبێ گەدا ببێ بە پادشا و پادشاش ببێ بە گەدا و هەمۆ شتێ ئاوەژۆ ببێ ، کە ئەوەش هەرگیز نابێ .

تەحریری (عم) و (گم) : تەعبیری . خەیاڵ و (عم) و (گم) : خەیاڵی . (ت) و (اح) : خەیاڵ . بۆ (خەیاڵ و) و (خەیاڵی)یش ئەگونجێ . بێتە (تو) و (عب) و (اح) و (من) و (كش) : بێنە . دەرۆیش و (تو) و (عب) و (كش) : دەرۆیش . بۆ (دەرۆیش و) (دەرۆیشی)یش ئەگونجێ . شاە و : نوسخەکانی بەردەستمان هەمۆ نۆسیویانە (شاە) ، بەڵام دیارە ئەبێ بە (و)ی عەتفەوە بێ .

وا چاکه خەیاڵ و خەوت ئەسراری هودا بێ
نەك بەحشی سورۆر و عەلەم و بادی هەوا بێ .. (٤٩)

— ٣ —

خۆشا ژەندێ له دنیا بێ موبالات و موجەژژەد بێ !
به ژۆژ زیندەی جەماعەت بێ ، به شەو مات و موجەژژەد بێ ! (١)

ئەم بەیته له (عم) و (گم)دا دوابەیتی بەشی پرسیارەکەیە . له (تو) و (کش)یشدا دوابەیتی بەشی وەڵامە ، واته لەگەڵ بەیتی پاشەوە لەجێی یەکتردان . له (من)یشدا لەگەڵ بەیتی پێشۆ لەجێی یەکتردان .

(٤٩) ئەسراری هودا : ژازی پەی بـردن به ژاستێ و ژێگه دۆزینەوه بۆ لای خودا . سـورۆر : خۆشـێ . عەلـەم : ئاڵایێ . باد : بـا . هەوا : ئـارەزۆبازێ .

واته : واباشتره بیر له دۆزینەوەی ژێگای ژاست ، ژێگای لای خوا بکەیتەوه ، نەك هەر خەریکی باسکردنی ژابواردن و (ئاڵایی هەڵگراو) و شەکانەوەی به بای ئارەزۆبازێ بێ .

خەیاڵ و خەوت (عم) و (گم) : خەیاڵت لەگەڵ . (ت) و (عب) و (اح) و (کش) : خەیاڵ خەوت . بۆ (خەیاڵ) و (خەیاڵی)یش دەستئەدا . (عز) و (من) : خەیاڵی خەوت . عەلـەم و (عم) و (گم) : عەلەمی . (ت) و (اح) و (خا) : عەلەم . بۆ عەطفیش و ئیضافەش ئەگونجێ . بادی (چر) و (عب) و (اح) و (خا) و (کش): باد.بۆ (بادو) و (بادی)یش دەستئەدا. ئەشگونجێ له ئەسڵدا (یاری) بۆبێ و به هەڵەی نۆسیار گۆژابێ . (گم) : بـابی .

— ٣ —

(١) خۆشا : چەند خۆشە ، خۆزگەی پێ بێ ! ژەند : ئەوەی خۆی بەهیچەوە نەبەستبێتەوە . موجەژژەد : ژۆت .

واته : خۆزگە به حاڵی ئەوکەسەی خۆی به دنیاوە نەبەستبێتەوە و له هەمۆ پەیوەندێکی دنیایێ ژزگار بۆبێ و ، هەرچێ ئەکا لەپێناوی سۆدی گشتیدا بێ .. به ژۆژ سەربەدەرەوەبۆ و کاروبار هەڵسۆژێنی ناو خەڵك بێ و ، به شەویش بۆ خۆی سـەر کز و مات بکا و ، خۆی لەم جیهانە هەمۆ دۆر بخاتەوە و لەگەڵ خوای خۆی خەریك بێ ..

لەنێوان (ژۆژ) و (شەو) و ، (جەماعەت) و (موجەژژەد)دا طیباق هەیە .

به صوورەت : جەلوەتێ ، غەرقی عەلایق هەروەکو خەڵقێ
به مەعنا : خەلوەتێ ، مەستی موناجات و موجەڕڕەد بێ ! (٢)

ئەگەر عالەم بێتە خەلعەتی تەشریفی سەرتاپای ،
وجوودی بێوجوودی بێ موباهات و موجەڕڕەد بێ ! (٣)

هەروەها طیباقێکی بەدیمەن لەنێوان (زیندە) و (مات)یشدا هەیە ، چونکە (مات) بەدیمەن وەك (مات)ی بەمەعنا (مرد) وایە .

خۆشا (چر) و (عب) و (من) : خۆشـــە . زیندەی (عم) : زیندوێ . (ت) : زیندە .

(٢) صوورەت : دیمەن . جەلوەتێ : نیسبەتە ئە پاڵ جەلوە ، واتە نومایش و دەرکەوتن . عـــەلایق : پەیوەند . خەلوەتێ : گۆشەگـیر . موناجات : پاڕانەوە لە خوا لەژێر لێوەوە .

واتە : خۆزگە بە حاڵی ئەوکەســـەی بەدیمەن بەدەرەوە بوو و نوقمی پەیوەندی کۆمەڵایەتیـــە وەك ئـــەم هەموو خەڵـــکە .. لەڕاســـتییشدا دوورەپەرێز و کەنارەگـیر بێ و تەنانەت لە پاڕانەوەشدا لە خـــوا دەنگی هەڵنەبڕێ .

لە بەرابـــەرێ پێکردنی (مەعنا) و (صوورەت)دا طیبـــاق و ، هەروەها لەنێوان (جەلوەتێ) و (خەلوەتێ)یشدا . سەرەڕای ئەوە کە ئەم دوانەی دوایێ جیناسی لاحیقیشیان لەنێواندایە .

خەلوەتێ (عم): خەلوەتێ و. (اح) و (خا): خەلوەت . دیارە ئەمیش هەر (خەلـــوەتی)یە . مونـــاجات و (چـــن) : موناجـــات . دیـــارە ئەمیش (موناجات و)وە .

(٣) خەلعـــەت : خەڵات . وجـــوود : بوون . ذات . موباهـــات : شانازێ و فیزکردن .

واتە : بەڕادەیەك دەستی لە دنیا داشۆردبێ ، ئەگەر ئەم دنیایەی هەموو بۆ بکەن بـــە خەڵاتێك و بیکەنە بەری سەرتاپای داپۆشێ ، ئـــەو هێشتا تۆسقاڵێك نەگۆڕێ و خۆی لێ بایێ نەبێ و گوێی نەداتێ ، وەك هیچ ڕوێ نەدابێ .

بێ موباهات و (ت) : بێ موبالات و . ئەم بەیتە لە (چن) و (ك) و (من)دا لەگەڵ بەیتی پاشەوەی لەجێی یەکتردان و ، لە (عب) و (اح) و (خا)یشدا نییە .

به ظاهیر طاوسی ڕەنگین ، صیفاتی (تِهْ عَلیَ التّاهی ِ)
به باطین قومری‌یو خاکستەرێ ذات و موجەڕڕەد بێ ! (٤)

ئەگەر تەکیە ، ئەگەر شێخە ، هەمۆ داوی عەلایق بۆن
بلاّ « نالێ » بچێ مەستی خەرابات و موجەڕڕەد بێ ! (٥)

---

(٤) خاکستەرێ : ڕەنگ وەك خۆڵەمێش . هەژار و بێئازار .

واتە : بەدیمەن بنیادەمێك بێ وەك تاوسی هەزار ڕەنگ ، فیز بكا بەسەر هەرکەسێکا کە فیز بەسەر خەڵکا بكا . لەڕاستییشا وەك کۆتری بەستەزمانی خۆڵەمێش ڕەنگ و ، مرۆیەکی هەژار و بێئازار بێ ، هیچ پەیوەندێکی بە دنیاوە نەبێ .

ئێمە مەعنای ڕستەی (تِهْ علی التّاهِی)مان وا لێداوەتەوە کە (تِهْ) فیعلی ئەمری عەرەبییە لە (تاهَ یَتِیهُ) واتە : فیزی کرد . بەمپێیە ئەبۆ ئیسمە فاعیلەکەی (تائِهْ) بێ نەك (تاهِێ) ، بەڵام وای بۆچووین کە نالێ لەخۆیەوە بۆ شوێنە گومکێ و هاوئاوازێ لەگەڵ (تِهْ) شوێنە گۆڕکێی بە (یێ) و (هێ)کە کردووە .

طاوسی (چر) و (چن) و (کم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : طاوس . ئەمیش هەر (طاوسی)یە . (گم) : تاوسی ! صیفاتی (چر) و (عب) : صیفاتە . قومری‌یو : ئەمە تێکستی (چن)ە . نوسخەکانی‌تر هەمۆ (قومرێ) کە بۆ (قومری‌یو) و (قومری‌یی)یش دەستئەدا . ذات و (چر) و (عب) : ذات . ئەمیش هەر (ذات و)وە .

ئەم بەیتە جۆرە ئیشارەتێکی تیایە بۆ ئایەتی (اذِلَّةٍ عَلَی المُوءمِنِینَ ، اعِزَّةٍ عَلیِ الکافِرِینَ) لە باسی موسوڵمانانداا .

(٥) عەلایق : پەیوەند . خەرابات : کەلاوە کۆن و وێرانە .

واتە : نە تەکیە و نە شێخ هیچیان بۆئەوە ناشێن کەس خۆیان پێوە ببەستێتەوە ، چونکە هەمۆ هەر داون و خەڵك ئەبەستنەوە بە دنیاوە و تۆشی ئاشۆبی دنیا پەرستییان ئەکەن . کەواتە با (نالێ) سەری خۆی هەڵبگرێ و ڕۆبکاتە کاول و وێرانەکان و سەرخۆشی عەشقی یەزدانێ ببێ و ، دەست لە هەمۆ جۆرە پەیوەندێکی دنیایێ داشۆرێ .

تەکیە (عم) و (عب) : تەکیە و . شێخە (عب) : شێخی . داوی (چر) و (چن) و (ك) و (اح) : داو . ئەمیش هەر (داوی)یە . (عب) و (من) : غەرقی . بلاّ (چن) : بڵێ . بچێ (کم) و (گم) و (من) : بەچێ .

له چاوی (ژۆدبار)م (نۆری) دیتن وەقته تارێ بێ
ئەمیش با ماجەرای هیجرانی (نـۆریی ژۆدبارێ) بێ (١)

— ٤ —

نالێ ئەم پارچه شیعرەی بەبۆنەی بۆ حەج چۆنی (نۆریی ژۆدباری)یەوه وتووه که دیاره یەکێك بووه له دۆستانی و ، وەك به پارچـه شیعرەکەدا دەرئەکەوێ سەر به تەریقەتی نەقشبەندێ بووه .

لەبارەی ئەم (نۆریی ژۆدباری)یەوه ئێمه هەر ئەوەنده ئەزانـین له دێی (ژۆدبار = ژووار) له هەورامان بنەماڵەیەکی ئایینـێ بووه ، یەکێك لـەو بنەماڵەیه ناوی (صبغة الله) بووه . مادەم نالییش باسی (نۆرێ) ناوێکـی (ژۆدبارێ) ئەکا و ناوی (صبغة الله) ناوێك و (يد الله) ناوێك ئەهێنێ ، ئەبێ ئەو (صبغة اللەی ژۆدبـاری)یه ئەمه بێ که لێرە ناوی هـاتووه و ئەبـێ پەیوەندێکی بەم (نۆری)یەوه هەبێ و وادیاره باوکی بووه و ، بەنیشانـەی وشەی (شوهۆد)یشدا له بەیتی سێیەمدا ، لەوەئەچێ لەوکاتەدا که نالێ ئەم پارچه شیعرەی دانەوه ئەو نەماوه . هەروەها وادیاره (يد الله)یـش مامی نۆرێ بووه و ، بەنیشانەی وشەی (دەستیار)دا له بەیتی سێیەمدا ، وادیاره لەکاتی دانانی ئەم پارچه شیعرەدا له ژیانا بووه . مامۆستا مەسعۆد موحەممەدیـش لەبارەیـەوه ئەڵـێ : « من لەبـارەی ئەم (شـێخ نۆرێ ژۆباری)یەوه هەر ئەوەنـده دەزانم بەینێـك له کۆێ ژیـاوه و پیاوێکی بەرچاو و ڕێز لێگیراویش بووه . بەپێی گێڕانەوەی دەماودەمی باوکم لـه باپیرمەوه شێخ نۆرێ نانی به شێخایەتێ پەیدا نەکردووه ، خۆی خـاوەن بەخشێن بووه و به ماڵی خۆی خزمەتی خەڵقی کردووه »* .

(١) ژۆدبار : چەم . نـاوی دێیەکـه له هەورامـانی بەری ئێـران ، خەڵکێ پێی‌ئەڵێن (ژووار) . تارێ : هەڵاتۆ . ماجەرا : ژۆداو . ئەنجام .

واتە : چاوی پڕ له فرمێسکم که لەبەر زۆریی گریان بووه بـه چەم ، خەریکه لێڵاییی دابێ و تیشکی بینینی لێ تـار ببێ . ئەمـەش ئەنجـامی دۆرکەوتنەوەی نۆریی ژۆدبارییه .

وەقته (عم) و (كم) و (گم) : وەختـه . نـۆرێ (چر) و (چن) و (ت) و (خا) : نور .

---

* مەسعۆد موحەممەد ، چەپکێـك له گوڵزاری نـالێ ، ١٩٧٦ ، بەغـدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ل ١١٢ .

چ میعمارانه بۆ تەعمیری کەعبەی دڵ دەچێتە حەج !
خودا یار و مەدەدکار و نیگەهداری عەماریی بێ ! (٢)

بە وەقتی تەلبییە مەستی شوهۆدی (صبغة الله) بێ !
بە گاهی تەرووییە سیرڕی (ید الله) دەستیاری بێ ! (٣)

---

(٢) میعمار : وەستا بەننا . تەعمیر : ئاوەدان کردنەوە . مەدەدکار : یارمەتیدەر . نیگەهدار : ئاگاداریکەر . عەماری : کەژاوە .

واتە : ماشەڵڵا نۆری چەند وەستایانە کەوتووەتەڕێ بۆ حەج بۆئەوەی دڵی خۆی بە یادی خوا ئاوەدان بکاتەوە . خوا یاری بێ و بەفریای بگا و ئاگاداری ئەو کەژاوەیە بێ کە لە سەفەرەکەیدا تیا دائەنیشێ .

دەچێتە (کم) و (من) : ئەچێتە . نیگەهداری (چـر) و (چـن) و (ت) و (عب) و (اح) و (خب) : بێ (ی)ی ئیضافە . بەڵام دیارە ئەبێ بە (ی)وە بێ.

(٣) تەلبییە : خۆێندنی دوعای (لبَّیْكَ .. اللَّهُمَّ لبَّیْكَ ..) . کە حاجی لەپاش ئیحرام دابەستن بۆ حـەج و لەکـاتی سۆڕانەوەیـاندا بەدەوری کەعبەدا و لە هەندێ کاتیتردا ئەیخوێنن . شوهۆد: یەکێکە لەو حاڵەتانەی بەسەر ئەهلی تەصەووفدا دێن و،وایان تیا دێتە پێش چاو کە هەمیشە لە حوزۆری خوادان . صبغة الله : کردەی بێگەردی خوا . ئیشارەتە بـە ئایەتی (صِبْغَةَ اللَّهِ ، وَمَنْ احْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً) . ید اللـە : دەستی هێز و توانای خوا . ئیشارەتە بە ئایەتی (یَدُ اللَّـهِ فَـوْقَ ایْدِیهِمْ) . دەستیار : یارمەتیدەر .

واتە : یاخوا ئەم دۆستەم لە وەختی (لَبَّیْكَ .. لَبَّیْكَ)کردنا مەستی حاڵەتی شوهۆد بێ و ، لە نۆری کردەی بێگەردی کردگاردا نوقوم بێ .. لەکاتی ئاو هەڵگۆستنی ڕۆژی هەشتی قوربانیشـدا خوا دەسـت بداتە باڵی و یارمەتیی بدا و کاری بۆ ڕاپەڕێنێ .

وەك پێشان وتمان بەم بەیتەدا دەرئەکەوێ کەوا (صبغةالله) و (یدالله) ناوی دۆکەسن و لەکاتی وتنی ئەم پـارچە شـیعرەدا یەکەمیـان مردۆ و دۆهەمیان زیندۆ بووە و ، بە پێشخستنی (صبغةالله)یشـدا ئەبێ ئەو باوکی نۆری و (یدالله) مامی بۆبێ .

بە وەقتی (عم) و (گم) و (من) : بەوەختی . تەلبییە (چر) و (ك) و (اح) و (خا) : تەلبییەت . صبغة الله بێ (عم) : صبغة اللهي . تەروییـە (چر) : تەربییەت . (عم) و (گم) و (من) و (ت) و (ك) و (عـب) و (اح) و (خـا) و

فویۆضاتی (صەفا)وو (مەروە) هەروەك ناودان دەمدەم
لە یەنبۆعی دڵی پڕ زەمزەمەی میزابی جارێ بێ ! (٤)

ئەگەر خەڵوەت نشین بێ ، (جانی جانان) بێ ئەنیسی ئەو
وەگەر هیجرەت گوزین ، زۆحی (عەزیزان) یاری غاری بێ ! (٥)

(خب) : تەربییە . بەڵام هەموێ هەڵەیە .

(٤) فویۆضات : لافاوی بەرەکەت . صەفا و مەروە : دۆ بەرزایین لە مەککە حاجێ بەنێوانیانا ڕائەکەن و ئەوە بەشێکە لە نەریتی حەج . ناودان : پلۆسکی باراناو . یەنبۆع : کانێ . زەمزەمە : شەوق و سۆز . میزاب : پلۆسك . جارێ : ڕەوان .

واتە : یاخوا لۆلەی لافاوی فەیض و بەرەکەتی صەفا و مەروە ، تاوتاو ، وەك پلۆسکی ئاو ، لە کانیاوی دڵی پڕ شەوق و سۆزی نۆریی زۆدباریەوە بڕوا .

لە وشەی (یەنبۆع)دا ئیشارەتێك بۆ شاری (یەنبۆع)ی حیجاز و ، لە وشەی (زەمزەمە)شدا ئیشارەتێك بۆ (زەمزەم) کراوە کە بیرێکە لە مەککە .
میزابی (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : میزاب . دیارە (میزابی)یە .

(٥) خەڵوەت نشین : ئەوەی لە شوێنێکی چۆڵدا بەتەنها دائەنیشێ خەریکی خواپەرستێ ئەبێ . جانی جانان : روح الارواح . کینایەیە لە خوای گەورە و هێمایشە بۆ نازناوی یەکێ لە پیرانی تەریقەتی نەقشبەندێ کە ناوی (شێخ مەظهەر) بووە . هیجرەت گوزین : ئەوەی کۆچکردن لە وڵاتی خۆی هەڵاوێرێ بەسەر مانەوە تیایدا . نیوەی یەکەمی بەیتەکە ئیشارەتە بەوە کە پێغەمبەر (د.خ) بەرلەوەی سرۆشی لە خواوە بۆبێ لە ئەشکەوتی (حیرا)دا خەڵوەت نشینیی ئەکرد . نیوەی دۆهەمیشی ئیشارەتە بە کۆچکردنی لە مەککەوە بۆ مەدینە و پەناگرتنی لەگەڵ حەزرەتی ئەبۆبەکر لە ئەشکەوتی (ثەور)دا . عەزیزان : خۆشەویستان . ئیشارەتە بۆ نازناوی یەکێکیتر لە پیرانی تەریقەتی نەقشبەندێ کە ناوی (سەید عەلیی ڕامیتەنێ)ی مامۆستای (بابا موحەممەدی سەمماس)ی مامۆستای (ئەمیر کولال)ی مامۆستای (شاهی نەقشبەند)ە . یاری غار : هاوڕێی ئەشکەوت . ئیشارەتە بۆ حەزرەتی ئەبۆبەکر .

واتە : ئەگەر نۆریی زۆدباریێ لەپاش بەجێهێنانی فەرزی حەج نیازی مانەوە و خەڵوەتنشینێ و گۆشەگیریی هەیە لە مەککەدا ، ئەوا ئەو خوایە

شەعائیر یەكبەیەك مەسرۆری سیرژی غەیبی لاژەیبێ
مەساعێ سەربەسەر مەشكۆری دەركی بەیتی بارێ بێ ! (٦)

نیشانەی (صبغة اللهي) لەسەر ئیسم و موسەممایە
بە بێ نەیرەنگی ئەو ژەنگە كە ژەنگی ئیفتیخارێ بێ (٧)

هاودەم و ئاگاداری بێ كە ئافەریدەگاری هەمۆ زیندەوەرانە . خۆ ئەگەر نیازی كۆچ كردنیشی هەیە بۆ مەدینە ، ئەوا گیانی پاكی خۆشەویستانی خوا هاوكۆچ و هاوژێی رێگای بێ .

وەك لە سەرەتادا ئیشارەتمان بۆ كرد ، بەمبەیتەدا دیارە نۆریی ژۆدبارێ لە پەیژەوانی تەریقەتی نەقشبەندێ بووە .

گوزین (چر) و (كم) و (گم) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : گوزین بێ . (من) : نوشین بێ . ژۆحی (چر) و (كم) و (گم) و (ك) و (عب) (اح) و (خا) و (خب) : ژۆح .

(٦) شەعائیر : جەمعی شەعیرەیە بەو كردەوانە ئەڵێن كە پێویستە لە حەجدا بكرێن . غەیب : نادیارێ : لاژەیبێ : خوای گومان لێنەكراو . مەساعێ : جەمعی مەسعایە واتە هەوڵ و تەقەلا . مەشكۆر : سوپاسكراو . دەرك : لێ حاڵێ بۆن . دەرگا . بەیت : خانۆ . بارێ : خوا .

واتە : یاخوا نۆریی ژۆدبارێ داب و نەریتی حەج بەجۆرێ بەجێبێنێ خوای نادیاری گومان لێنەكراو خۆشحاڵ بێ لێی .. هەرچێ هەوڵ و تەقەلایەكیش ئەدا لە ژێگەی خوادا ، لە قاپیی ماڵی خوادا ئەوەندە پەسەند بێ سوپاسی بكرێ لەسەری .

شەعائیر یەكبەیەك : تێكڕای نوسخەكان تیا كەوتبۆنە هەڵەوە ، ئێمە خۆمان بەپێی ژێ و شوێن ڕاستمان كردەوە . ئەمەش ئەوەی لە نوسخەكاندا نۆسراوە . (چر) و (كم) و (اح) و (خا) : شیعارێكی بە یەك . (چن) و (عم) و (گم) و (ت) و (ك) و (عب) : شیعاری یەكبەیەك . غەیبی : ئەمە تێكستی (عم) و (كم) و (من)ە . نوسخەكانیتر هەمۆیان : غەیب . دیارە ئەمیش (غەیبی) یە .

(٧) صبغة اللهي : ئەوەی خوا ژەنگی ژشتبێ. موسەمما : ناونراو. نەیرەنگ : فێڵ و تەڵەكەبازێ . ئیفتیخارێ : شانازێ پێوە كردن .

واتە : نۆرێ نیشانەی ئەوەی پێوەیە كە خوا ژەنگی ژشتووە و ژەنگی ئەوی پێوەیە و لەو جۆرە بنیادەمانەیە كە ئەو خۆشی ئەوێن ، یاخود

به کوێرێ دۆر له (نۆرێ) مایەوه « نالێ » لەمێ ، یارەب !
فویۆضی تۆزی ڕێگەی کوحلی چاوی ئەشکباری بێ ! (٨)

— ٥ —

ئەی قەلعەیی ماهم که دەڵێی ئەوجی بورۆجی !
وەی قوللەیی دۆرێ که دەڵێی قامەتی عۆجی ! (١)

نیشانەی چۆنەوه سەر (صبغةالله)ی پێوەیە لەڕۆی پیاوچاکییەوه و ، لەمبارەوه ناو و خاوەن ناو یەکیان گرتووەتەوه ، بێ فڕوفێڵی ئەوه که ئەو ڕەنگی خواییه پێیەوه نیشانەی شانازێ بەخۆوه کردن و خۆ به زل زانین بێ .

لەنێوان (نەیرەنگ) و (ئەو ڕەنگە) و (ڕەنگی)دا وشەئاراییەکی جوان هەیە .

ئیسم و : ئەمە شێوه ڕاستەکەیەتی ، هەرچەند له هیچ نوسخەیەکدا وا نەنۆسراوه . (عم) و (کم) و (گم) و (من) : ئیسمی . بەڵام هەڵەیە . نوسخەکانیتریش هەمۆ : ئیسم . دیارە ئەبێ (ئیسم و) بێ . له نیوه بەیتی دۆهەمیشدا زوربەی وشەکانی (نەیرەنگی) و (ڕەنگی) ، (ی)ی ئیضافەکەیان پێوه نییه .

(٨) لەمێ : لێرە . کوحل : کله . ئەشکبار : فرمێسکاوێ .

واته : نالێ بەهۆی دۆرییەوه له نۆرێ ئەوەندە گریا ، ئاوی چاوی داهات و کوێر بۆ و به کوێرێ بۆ خۆی لێرە ماوەتەوه بەتەنها .. دەسا خوایە بەرەکەتی تۆزی ڕێگەی سەفەری حەجی نۆرێ بکه به کلەی چاوی پڕ له فرمێسکی بۆئەوەی ڕۆشناییی تێبکەوێتەوه .

له نۆرێ (عم) و (کم) و (گم) : له تۆ وا . ئەشکباری : ئەمە تێکستی تەنها (چن)ه . نوسخەکانیتر هەمۆ : (ئینتیظاری) .

— ٥ —

به بۆچۆنی ئێمه لەوه ئەچێ نالێ ئەم پارچه شیعرەی بۆ دۆستێکی تازه پێگەیشتۆی خۆی وتبێ که به فەرمانڕەوایێ دۆرکەوتبێتەوه بۆ قەڵایێك ، چونکه له پارچه شیعرەکەدا ناوی (قەلعه) و (بورج) و (قوللە) هەیە و ، بەمانه و به (مەجلیس) و (ڕاو) و (سواریێ)یشدا لەوه ئەچێ ئەو دۆستە شیعر بۆ وتراوه یەکێ بۆبێ له میرانی بابان و ، کێ ئەڵێ مەبەست ئەحمەد

وەك قافی زەمین قابیلی ئیکمال و تەرەققیی ••
وەك بورجی سەما لایقی ئیقبال و عورۆجی ! (٢)

پاشا نەبێ لە سەرەتای لاویدا ؟! ئەم پارچە شیعرە لە گەلێ سەرەوە لەگەڵ پارچە شیعری «ئەم تاقمە مومتازە ..»دا پەیوەندی هەیە و ، لێرەش وەك لەوێ بە شان و باڵی نێرینەدا هەڵدان ، تەنها دیاردەیەکی باوە لە ئەدەبی کلاسێکی رۆژهەڵاتدا و بە هیچ کلۆجێ ناچێتەوە سەر شێوەیەکی پەیوەندی نارەوای جینسێ .. بەتایبەتێ کە نالێ لێرەدا رۆی دۆستەکەی ئەشوبهێنێ بە کەعبە و مۆی دەرهاتۆی سمێڵ و رێشیشی دائەنێ بە سوپای رەشی حەبەشە کە هاتن مەککەیان داگیر کرد و ، باسی زابواردنی مەردانەی وەك ئەنجومەن ئارایێ و زاو و سواریێ ئەکا .

(١) قەلعە : قەڵا . ماە : مانگ . ئەوج : لۆتکە . بەرزترین پلەی ئەستێرە . بورۆج : جەمعی بورجە ، بەمەعنا قەڵا ، یا هەرکام لە دوانزە بورجەکەی ئاسمان . قوللە : لۆتکە . قامەت : بالا . عۆج : عۆجی کۆڕی عەننەق ، زەلامێکی ئەفسانەییە ئەڵێن بالای ئەوەندە بەرز بووە بە دەستێکی ماسیی لە بنی دەریا دەرهێناوە و ، بەو دەستەکەی داویەتە بەر خۆر برژاندۆیەتی!
مەعنای ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی پێکەوە لێك ئەدەینەوە .
ماهم (خب) : مولهەم (؟) . دەڵێی (چر) و (ت) و (عب) : فەڵەك . ئەوجی : ئەمە تێکستی (کم) و (گم) و (من)ە . نوسخەکانیتر هەمۆ : (ئەوج) ، دیارە لەوانیشدا مەبەست هەر (ئەوجی)یە . وەی (عب) : ئەی . دۆرێ (عم) : درهم . (گم) : دەرهەم (؟)

(٢) قاف : کێوی ئەفسانەیی قاف . ئیکمال : بەرەو تەواوێ چۆن . تەرەققێ : سەرکەوتن و بەرزبۆنەوە . ئیقبال : رۆتێکردن . شان و شکۆ . عورۆج : بۆ سەرکەوتن .

واتە : ئەی مانگی لە قەڵادا دانیشتۆم ، کە قەڵاکەت ئەوەندە بەرزە بۆت بووە بە بورج و خۆیشت بۆیی بە ئەستێرە کە لە بەرزترین پلەدا بێ .. ئەی لۆتکەی دۆرێ کە لە دۆریدا ئەڵێی بالای عۆجی کۆڕی عەننەقی کەس دەسی ناتگاتێ .. ئەی لە قەڵای بەسەر کێوەوە دروستکراودا نشین ، کە خۆیشت وەك کێوی قاف لە زەویدا هەمیشە زیاد ئەکەیت و بەرز ئەبێتەوە .. ئەی پایە بەرز وەك بورجی ئەستێرەکانی ئاسمان ، کە شایانی ئەوەی رۆت تێبکرێ و شان و شکۆت زۆر ببێ و ، وەك چۆن پێغەمبەر سەرکەوت بۆ ئاسمان ، تۆیش کەسانی پایەبەرز بێن بۆلات .

ئەی ئاهووی نادیدە بە تەئثیری مەهیبێ
یــا گەوهەری ئەصدافیيو یاقوتی دورۆجی (٣)

بۆ مەجلیس و یارێ سەبەبی شەوق و سیراجی
بۆ ڕاو و سوارێ عەلەمی زین و سورۆجی (٤)

لە ئەفسانەی سەبارەت بە کێوی قافدا هەیە کەوا بەشی زۆری لەناو ئاوایە و ، چوار دەوری تۆپی زەویی داوە و ٥٠٠ فرسەق بەرزە .. تا نیوەڕۆ تیشکی خۆر بەسەریەوە سەوزە و لەوەوپاش شینە .. ئەبێ (ئیکمال) و (تەرەقفی)ی کێوی قاف ئیشارەت بێ بەو ئەفسانەیە .

ئیکمال و : ئەمە تێکستی (چن) و (عم) و (گم) و (ك)ە . (کم) و (من) : ئیکمالی . نوسخەکانیتر هەمۆ (ئیکمال) کە بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . سەما («پەراوێزی» چر) و (عب) و (من) : فەلەك . ئیقبالّ و (چر) و (ت) و (اح) و (خا) و (خب) : ئیقبالّ . ئەمیش هەر (ئیقبال و)وە.

نالێ لەم دۆ بەیتەدا کۆمەڵە وشەیەکی بەکارهێناوە کە هەمۆیان تەناسوبیان لەنیواندایە ، لە ڕۆی لەفظەوە یا لە ڕۆی مەعناوە ، وەك (قەلعە) و (ئەوج) و (بورج) و (سەما) و (عورۆج) و ، (قاف) و (زەمین).

(٣) ئاهۆ : ئاسك . نادیدە : لەبەرچاو نەبۆ . مەهیبێ : سامڵێکراوێ و هەیبەتداری . ئەصداف : جەمعی صەدەفە . صەدەف گیاندارێکی بچۆکی ئاوییە لە قاپڵۆغێکایە پێیئەڵێن صەدەف و بەناوبانگترین جۆری ، جۆرێکە پێیئەڵێن صەدەفی مرواری ، مایەیەك لە گیانی خۆیا پەروەردە ئەکا وردە وردە ڕەق ئەبێ ، ئەوە ئەو مایەیە کە پێیئەڵێن مرواری . دورۆج : جەمعی دورجە واتە ئەو سندۆقە بچکۆلەیەی کە ئافرەتان شتی گرانبەهای خۆیانی تیا هەڵئەگرن .

واتە : ئەوەندە لێمان دۆرکەوتۆیتەوە لەبەر سام لێکراوێ و بەرچاو نەکەوتنت وەك ئاسکی وەحشیت لێهاتووە کە خۆی ناداتە قەرەی ئاوەدانێ ، یاخود ئەڵێی گەوهەری ناو صەدەفی ، نابینرێی ، یا یاقوتی ناو قوتوی گەوهەر و زێڕ و شتی گرانبەهای ..

بەتەئثیری : ئەمە تێکستی (من) و (خب)ە . (چر) و (عم) و (گم) و (ك) و (اح) و (خا) : بە تەئثیر . بۆ (بە تەئثیری) و (بە تەئثیر و)یش دەستئەدا . (چن) : بە تەئثیر و . مەهیبی (عم) و (کم) و (گم) و (ت) : کەمینی (؟) . (خب) : مەحەببەت . ئەصدافی (کم) : صەددافی .

صەد حەیفی لە بۆ کەعبەیی حوسنت کە بەسەریا
نەججاشیی خەط هاتووە نێزیکە خورۆجی (٥)

---

(٤) سیراج : چرا . سورۆج : جەمعی سەرجە واتە زین .

واتە : تۆ لە کۆڕی یارێ کردن و ڕابواردنا ، یا لە کۆڕی دۆستایەتیدا مایەی سۆزی دڵی دۆستان و هاوڕێیان و چرای ڕۆناک کەرەوەی ئەنجومەنیانی . لە مەیدانی ڕاوکردن و سواریّ و ڕمبازییشدا وەک ئالآیێ بەسەر زینی پشتی ولآخەوە قیت و قنجی و لە هەمۆلایەکەوە دیاری .

لەنێوان (سیراج) و (سورۆج)دا وشەئارایێ هەیە .

مەجلیس و (کم) و (گم) و (من) : مەجلیسی . (اح) و (خا) و (خب) : مەجلیس . بۆ (مەجلیسو) و (مەجلیسی)یش دەستئەدا . شەوق و (چر) و (ت) و (اح) و (خا) : شەوق . بۆ (شەوق و) و (شەوقی)یش دەستئەدا .(چن) و (ك) : شەوقی . عەلەمی (چر) و (اح) و (خا) : عەلەم و . بەلآم هەڵەیە . (ك) و (عب) و (خب) : عەلەم . ئەبێ هەر (عەلەمی) بێ . زین و (چن) و (ت) : زین . دیارە (زینو)وە .

(٥) نەججاشێ : نازناوی پادشاهانی ئەوسای حەبەشە بووە . خەط : موّی دەموچاو .

نالێ لەم بەیتەدا ڕۆی برادەرەکەی شوبهاندووە بە (کەعبە) و موّی تازە دەرهاتوّی ڕیش و سمێڵیشی شوبهاندووە بە (نەججاشێ)ی پادشای حەبەشە ، لەوەدا وەک چۆن لەشکری حەبەشە بە سەرکردەیی (ئەبرەهە) هات کەعبەی داگیر کرد ، لەشکری ڕەشی موّیش هاتووە بەسەر ڕۆی ئەو برادەرەدا و خەریکە داگیری کا . خەفەتیش ئەخوا بۆئەوەی کە ڕۆی ئەو برادەرە جوانێ و گەشییەکەی جارانی نامێنێ و موّی ڕیش و سمێڵ دایئەپۆشێ .

حەیفی : ئەمە تێکستی (اح) و («پەراوێزی» خا)یە . (چر) و (چن) و (کم) و (گم) و (ك) و (من) و (خا) و (خب) : حەیفە . (عم) و (ت) و (عب): حەیف . بۆ هەردوکیان دەسئەدا . نەججاشیی (چن) و (ك) و (اح) و («پەراوێزی» خا) : بتخانەیی . خەط («پەراوێزی»چر) و (عم) و (کم) و (گم) : خەطت . بەپێی ئەم نوسخانە ئەبێ (نەججاشیی) بە (نەججاشێ) بخوێنرێتەوە . نێزیکە (چن) : نەزدیك . دیارە (نەزدیکە)یە . (اح) : نێزدیکە ! . (خا) و (خب) : نەزدیکە .

هەرچەندە دەکەن قەطعی سەرت ، دێیەوە ئەی خەط
وەك (هیندووی سەححاری مەجۆستێ) چ لەجۆجی ! (٦)

تەلوینی ژەقیبت چ بەیان کەم بە (مەقامات) ؟!
مەشهۆرە حیکایاتی (ئەبۆ زەیدی سورۆجێ) ! (٧)

---

(٦) قەطع : بڕین . هیندۆ : هیندێ . سەححار : جادۆگەر . مەجۆستێ : ئاگرپەرست . لەجۆج : منجڕ .

نالێ لەمبەیتەدا گلەیێ لەوە ئەکا کە مۆی دەرهاتۆی ژیش و سمێڵی برادەرەکەی گەیشتووەتە قۆناغی تاشینو ، تازە هیوای ئەوە بڕاوە کە دەم و چاوی بە ژۆشنییەکەی جارانی ببینرێتەوە . ئەڵێ : ئەی مۆی ناپەسەند و منجڕ ! هەرچەند سزات ئەدەن و سەرت ئەبڕن ، ئەوەندەی پێناچێ قوت سەر هەڵئەدەیتەوە ، ئەڵێی جادۆگەری ئاگرپەرستی هیندییت کە هەرچەند سەریانئەبڕێ دەسبەجێ زیندۆ ئەبوەوە .

دیارە ئەم مەسەلەی (جادۆگەری ئاگرپەرستی هیندی)یە بابەتێکی مێژۆییە و ، لە مێژۆدا کابرایەکیوا بووە ئیستا وەك نمۆنەی منجڕێ و لاساڕێ ناوی ئەهێنن .

هەرچەندە (چن) و (عم) و (ت) و (ك) و (اح) و (من) : هەرچەند . دەکەن (چن) و (عب) و (من) : دەکا . (کم) : ئەکەن . دێیەوە (چر) : دێیتەوە « لەگەڵ هەڵەیەکی نۆسینەوەدا » . خەط (گم) و («پەراوێزی» من) : خەت . (ك) و (اح) : مۆ . سەححاری (چن) و (ك) : سەححارە . (ت) و (عب) و (اح) : سەححار . ئەمیش هەر (سەححاری)یە . مەجۆستێ چ لەجۆجی (ك) و (اح) و («پەراوێزی» خا) : بێعار و لەجۆجی .

(٧) تەلوین : ژەنگاوژەنگ کردن . مەبەست لە دۆزمانێ و فرە ــ ژۆییە . ژەقیب : بەدکار . مەقامات : جۆرە پەخشانێکی ئەدەبی کۆنی عەرەبییە ناوەژۆکی زیاتر لە چیرۆك ئەچێ . ئیشارەتە بەو کتێبانەی بەمناوەوە نۆسراون وەك (مەقاماتی بدیع الزمانی هەمەدانێ) و (مەقاماتی حەریرێ) . ئەبۆ زەیدی سورۆجێ : کابرایەکی فێڵباز و خوازڵۆك بووە زۆر لە بەردەمی خەڵکا کوژۆزاوەتەوە بۆئەوەی بەزەییان پیابێتەوە و شتی پێ ببەخشن . گەلێ سەرگوزەشتەی لە مەقاماتی حەریریدا نۆسراوەتەوە .

واتە : هیچ پێویست ناکا باسی دۆزمانێ و ساختەچییەتیی بەدکارت بۆ بکەم و (مەقامات)ی لەبارەوە بنۆسم کە دێتە لات چێ ئەڵێ ، چونکە

مەعلۆمە لەوێ ژاز و خوطۆری دڵی «نالێ»
(ِاذْ حَلَّ بقَلْبي ، وَ بِاَسْرارِهِ نوجِی) (٨)

— ٦ —

گەر بازی نەظەر بازی ، لەم دەست و نیگارەت چێ !
بۆ یاریيو دەسبازێ ، لەم ژاو و دیارەت چێ ! (١)

بەدکار بەش‌بەحاڵی خۆی ئەبۆ زەیدێکی سورۆجیی‌تره و ، دەنگوباسی ئەبۆ زەیدی سورۆجییش لای هەمۆکەس ئاشکرا و دیاریيه .

تەلوینی : ئەمە تێکستی (من)ه . نوسخەکانی‌تر هەمۆیان ، (عم) و (گم) نەبێ : تەلوین کە ئەویش هەر (تەلوینی)یە . (عم) و (گم) : تەلبیس . مەشهۆرە (چر) و (عب) و (من) : مەعلۆمە .

ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی لە (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب)دا لەجێی یەکتردان .

(٨) خوطۆر : ئەوەی بە دڵدا بێ .

واتە : ژاز و نیازی دڵی (نالێ) هەمۆی لەوێ لای دۆست ئاشکرا و دیاریيە و ، پێویست بە وتنی هیچ ناکا و ، بەدکاریش ناتوانێ کار بکاتە سەر دڵی دۆست ، چونکە دۆست جێی خۆی لە دڵما گرتووە و ، هەمۆ نهێنییەکی دڵمی چپێنراوە بەگوێدا . .

ژاز و خوطۆری : ئەمە تێکستی (کم)ه . (چر) و (ت) و (ك) و (اح) : بە بێ (و)ی عەطف و (ی)ی ئیضافەکە . (چن) و (عب) : ژاز حوضۆر ، دیارە (ژازی حوضۆری)یە . (عم) و (گم) : ژاز و نیازی . (خا) : ژاز و خوطۆر . دیارە (خوطۆری)یە .

— ٦ —

(١) نەظەر باز : چاوکراوە . عادەت وایە باز بەرلەوەی بەری‌دەن بەدوای نێچیرا چاوی ئەبەستن و لەکاتی بەردانیا چاوی ئەکەنەوە . نیگار : نەخش و وێنە . دیار : ولآت .

نالێ لەم بەیتەدا قسە لەگەڵ خۆی ئەکا و ئەڵێ ئەگەر تۆ بە نیازی دڵداریێ کردن هاتوی بۆ ئێرە و بازێکی چاوکراوە و زیرەکی بەدوای نێچیرێکی‌وادا ئەگەڕێی بۆ ژاوکردن بشێ ، ئەوە ئەم یارە لەوانە نییە و

گەردن‌کەچی زوڵفی بۆی ، سا دڵ مەدە بەر موژگان
وا خۆت لە تەناف داوە ، ئیتر لە قەنارەت چێ ! (٢)

ئەو چاوە کە هەڵدێنێ ، صەد عەربەدە دەنوێنێ
هەر زۆحە کە بستێنێ ، لەم غەمزە دوبارەت چێ ! (٣)

نێچیرێکی ئەوتۆ نییە بازی بخرێتە سەر ڕاوی بکا .. خۆ ئەگەر تەنها ڕابواردن و دەسبازییشت ئەوێ ، ئەوە لە شوێنی خۆتدا ئاسان بۆ و پێویستی بەوە نەبۆ بێی بۆ ئەم ولاتە بۆ ڕاو .

دەست و نیگارەت (عم) و (کم) و (گم) و (« پەراوێزی » من) : ڕاو و شکارەت . (ت) : دەست نیگارەت . بۆ (دەست و) و (دەستی)یش ئەگونجێ . (اح) : دەستی . لەم ڕاو و دیارەت : ئەمە تێکستی (چن) و (عب)ە . (چر) و (خا) و (خب) : لەم یار و دیارەت . (« پەراوێزی » چر): لەو ڕاو و دیارەت . (عم) و (گم) : لەم دەست و نیگارەت . (کم) و (من) : لەم ڕاوی دیارەت . (ت) : لەو یارە دیارە . (ك) : لەم یارە دیارەت (اح) : لەم یارەوو یارەت .

(٢) قەنارە : داڕێکە قولاپی ئاسنی پێوەیە قەساب گۆشتی پیا هەڵئەواسن . نالێ لەم بەیتەشا هەر لەگەڵ خۆی قسە ئەکا و ئەڵێ : گەردنت بۆ زوڵفی یار کەچ کردووە ، باشە ، ئیتر بەسە و لەوەزیاتر دڵیش مەدەرە بەر قولاپی موژەی .. تۆ کە ملی خۆت داوە لە تەنافی زوڵفی یار ، دڵیشت بۆ بە قولاپی برژانگەکانیا هەڵئەواسێ ؟!

زوڵفی (ك) و (اح) و (خب) : زوڵف . دیارە ئەمیش (زوڵفی)یە . بۆی (چن) : بۆ . بەمپێیە (گەردن‌کەچی) بە (گەردن کەچی) ئەخوێنرێتەوە کە ببن بە موبتەدا و خەبەر . موژگان (چر) و (اح) و (خا) : هیجران . تەناف (چر) و (عم) و (عب) و (خا) : طەناف . قەنارە (من) : قەیارە . لە پەراوێزی (من) خۆیدا نۆسراوە : « سیلاحێکی وەك شمشێرە ، زۆر تەنکە» . بەڵام ئێمە خۆمان لە فەرهەنگەکانی بەردەستمانا هیچمان نەدێ.

(٣) عەربەدە : سەرخۆشێ و بەدمەستێ .

لێرەدا نالێ زۆری دەمی ئەکاتە یار و پێی ئەڵێ : بە تاقە چاو هەڵهێنانێك کارێك ئەکەی بە صەد بەدمەستێ کردنی ئینسانێکی سەرخۆش نەکرێ .. بەڵام من تەنها گیانم هەیە بە تیری چاو هەڵهێنانت دەری‌کەی ، کەواتە ئیتر غەمزەی دۆبارەی پاش چاو هەڵهێنانەکەت بۆچێ و لەپای چێ و ،

گەنجینەیی نێو سینە ، ژەنگینە بە صەد کینە
ئەی لەککەیی ئایینە ، یا ژەببی بە غارەت چێ ! (٤)

موژدەی قەدەمی سەر بو ، دڵ هات و لە ژێدا چۆ
جان ماوە لە بۆ وەصڵی ، بدرێ بە بەشارەت چێ ؟! (٥)

چیی‌ترم هەیە بەو غەمزەیەت لێم بستێنێ ؟

هەڵدێنێ (چن) و (گم) و (ت) و (عب) و (خب) و (من) : دەنوێنێ . بەمپێیە ئەم (دەنوێنی)یە بەمەعنا (دەخەوێنی)یە . (عم) و (کم) : ئەنوێنێ . غەمزە («پەراوێزی» چر) و (ت) و (عب) و (من) : عومرە . (چن) : عومر . بۆ (عومرە) و (عومری)یش ئەگونجێ . (عم) و (کم) و (گم) : عومری .

(٤) لەککە : پەڵە . ئایینە : ئاوێنە .

واتە : گەنجینەی ناو سنگت کە دڵتە صەد پەڵەی چڵکنی ژق و کینەی لە دڵدارانت لێ نیشتووە و وەك ژەنگی بەسەردا کرابێ پێی ژەنگاوێ بووە .. دەسا ئەی کینەی ناو دڵی یار کە بۆیی بە پەڵە بەسەر ئاوێنەی دڵیەوە ، لە خوام ئەوێ بە تاڵان بژۆیت و ، دڵی یار پاك ببێتەوە لێت !

نێو (کم) و (من) ناو . ژەنگینە : ئەمە تێکستی (چن) و (کم) و (گم) و (خب)ە . نوسخەکانی‌تر هەمۆ : ژەنگینە ، واتە ژەنگاوییە . ئایینە : ئەمە تێکستی (چن) و (کم) و (گم) و (من)ە . نوسخەکانی‌تر هەمۆیان : ئاوێنە .

(٥) واتە : سەرم لەپێناوی پێیا دانا کە بێت بۆ لام و ، بۆی بۆ بە قۆچی قوربانێ .. دڵیشم هەر زۆ چۆ بۆ لای و لە ژێگادا یا لە ژێگای خۆشەویستیدا تیاچۆ .. ئەوی مابێ لەپێناوی پێ‌گەیشتنیا داینێم ، تەنها هەر گیانمە ، کەواتە ئەی چێ بدەم بەوکەسەی مژدەی پێ‌گەیشتنیم ئەداتێ ؟! یاخود هەر گیانم ماوە بیدەم بە (بەشارەت‌چێ) و مژدە گەیێنی پێ‌گەیشتنی ؟ . ئیتر خۆیشم هیچ !

قەدەمی (چن) و (ك) و (خب) : قەدەمت . (ت) و (اح) : قەدەم . دیارە (قەدەمی)یە . دڵ (چر) و (عم) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : ژۆح . لە ژێدا (چر) و (ت) و (اح) و (خا) : بە غارەت . جان (عم) و (گم) : گیان . لەبۆ (ت) : لەسەر . بدرێ (عم) و (کم) و (گم) : بیدەی . (خب) : بیدا .

ئەم بەیتە و بەیتی پێشەوەی لە (عب)دا لەجێی یەکتردان .

وا خوانی کەناری من بۆ نوقڵی دەم و ماچە
ئەی لۆتەخۆری تەکیە ، سا تۆ لە کەنارەت چێ ! (٦)

بۆچ مایلی تەنهاییی ؟ سەودایێکە خۆڕایێ ..
ئەی مەردومی بینایێ ، لەم کولبەیی تارەت چێ ! (٧)

---

(٦) وا خوان : خوانی ڕاخراو و ڕازاوە . کەنار : داوێن . لۆتەخۆر : بخۆری پاروی زل . کەنارە : قەراخ ، لێوار .

واتە : کۆشی من کە ئەڵێی سفرە و خوانی ڕاخراو و ڕازاوەیە و پڕیەتی لە شیعری جوان ، تەرخانە بۆ باسی دەم و ماچی دەمی وەک نوقڵ بچۆک و شیرین و خۆشی یار . تۆیش ، ئەی کابرای پاروی زل گلێنی ناو تەکیە ، پیاوی ئەم مەیدانە نیت و شایانی ئەوە نیت بێیت لە قەراخی ئەم سفرەیەدا دانیشێ و دەستی بۆ ڕاکێشێ ...

ئەشتوانرێ مەعنای بەیتەکە بەمجۆرە لێکبدرێتەوە کە وا بگەیەنێ : ئەم گوێ ئاوی فرمێسکەم کە وەک سفرە و خوانی ئاوەدان بە گوڵاڵەی شیعری جوان ڕازاندۆمەتەوە ، بۆ نازارانی نوقڵە دەمم ئامادە کردووە و بۆ ماچ و مۆچی ئەوان .. تۆیش ئەی سۆفیی مفتەخۆری تیکە گلێنی ناو تەکیە ، هەر بۆ پاروی زل لێدانی ناو تەکیە باشی و بۆ ئەوە ناشێی ڕۆ بکەیتە ئەم گوڵ و گوڵزار و قەراخ ئاوە ..

ئەشتوانین مەعنای (وا) وا لێکبدینەوە کە لەگەڵ (من)دا بەرابەر بە (تۆ)ی نیوە بەیتی دۆهەم بێ و بەمەعنا (با بڵێین) بێ .

خوانی (کم) و (گم) : خوێنی (؟) . لۆتەخۆری (چر) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : لۆتەخۆر . دیارە (لۆتەخۆری)یە . تەکیە (چر) و (اح) و (خا) : مشکە .

(٧) مەردوم : گلێنەی چاو . کولبە : کەلاوە . تار : تاریك .

وێنەی یار لە چاوی (نالێ)دا نەخشی بەستووە و هەرگیز لە بەرچاوی ون نابێ . لەبەرئەوەش کە لەو بەولاوە کەسی خۆش ناوێ ، ئەڵێ لە وێنەی تۆ بەولاوە هیچی‌تر لە چاوما نییە . بەڵکو بەهۆی بینایی چاویشی دائەنێ .. لەوڕووەشەوە کە یار خۆی دیار نییە و نایبینێ ، چاوی خۆی بە وێرانە و کەلاوە کۆن و تاریك ئەداتە قەڵەم و ، دیسانەوە ئەگەڕێتەوە وێنەکەی ئەکا بە مایەی بینایی چاوی و ، ئەڵێ مادەم یار خۆی دیار نییە کوێراییم دابێ باشترە ، واتە وێنەکەشی لەچاویا نەمێنێ .. لەکورتێ

« نالێ » خۆشە نەومیدێ ، دڵ بەستە مەبە ئیدێ ..
گەرعاشقی تەجریدی ، لەم یار و دیارەت چێ ! (٨)

بیبڕینەوە ، نالێ لەم بەیتەدا ئەوەندە تەصەووراتی ورد و ناسکی دەربڕیوە مەگەر هەر بە هونەرمەندێکی وەك خۆی بکرێ .. ئەوەتە ئەڵێ : ئەی گلێنەی چاوم ! ئەی مایەی بینایيم ! . بۆچ حەزت لێیە وێنەت لە شوێنی تەنهایێ و چۆلاییی ناوچاوما بژێ، کە مادەم خۆتی لە بەرچاو نیت وەك کەلاوە و وێرانە وایە . شوێنیوا شوێنێ نییە تیا بحەسێیتەوە .. کەلاوەی تاریکی چاوم بەجێبێڵە کە خۆتی لێ دیار نیت .. با بە نەمانی وێنەشت لە چاوما کوێرایيم بە جارێ دابێ ..

(٨) نەومێدێ : نائومێدێ . دڵبەستە : ئەوەی دڵی بە شتێکەوە پەیوەند بێ . ئیدێ : ئیتر . عاشقی تەجریدێ : ئەوەی دۆر لە مادده دڵداریێ بکا .

واتە : نالیيا ! نائومێد بۆن شتێکی خۆشە و (الیأس احدی الراحتین) . هیچ نەبێ بنیادەم بە باریکا ئەکەوێ و لە چارەنۆسی خۆی دڵنیا ئەبێ . مادەم تۆش نائومێد بۆیی لەوە کە بە یار بگەی ، ئیتر دڵی خۆتی چێتر پێوە مەبەستە .. تۆ ئەگەر ڕاست ئەکەی ، دڵداریکی میثالێ و دۆر لە ماددییاتی ، ئەمە بۆ تۆ باشترە و واز لەم وڵاتە و لەم یارەت بێنە و ، ڕێگای عەشقی ڕاستەقینە بگرەرە بەر ..

ئێمە وای بۆ ئەچین ئەم پارچە شیعرە ئاوێنەی کێشەیەکی سەختی دەرۆنیی نالێ بێ و ، خەیاڵ نەبێ و ، پاش نائومێد بۆن لەخۆشەویستەکەی وتبێتی .. بەیتی حەوتەمیش زیاتر ئەمە ئەچەسپێنێ و ، بەو شێوە پڕ لە هونەرە ئاواتی ئەوەی تیا دەرئەبڕێ ، کە تەنانەت وێنەی یاریش لەبەرچاوی نەمێنێ و ، نائومێدییەکەی بۆ ببێ بە مایەی حەسانەوەیەکی ڕاستەقینە ..

هەروەها لە بەیتی یەکەم و چوارەمەوە نیشانەیەکی ئەوە دەرئەکەوێ کەوا ئەو خۆشەویستەی نالێ کچێکی (عەیار) بۆبێ و ، دەستێکی بۆبێ لە هەڵخەڵەتاندنا و بەدیمەن بەجۆرێ لەگەڵنالێ جۆلابێتەوە و ڕاستەقینەکەشی جۆرێکیتر بۆبێ . بەیتی پێنجەمیش نیشانەی ئەوەی تیایە کە نالێ بە دڵ چووەتە مەیدانی ئەو خۆشەویستییەوە و قوربانییەکی زۆری لەپێناودا داوە و ، بەیتی شەشەمیش وەڵامدانەوەی ئەوکەسانەیە کە خۆیان لەم کاری دڵدارییەی نالیدا هەڵقورتاندووە و لەمڵا و لەوڵا لێیدواون و کردۆیانە بە مایەی ناوهێنانی نالێ . لە بەیتی حەوتەمیشەوە

ئەی خەستەیی چاوت هەمو ئاهۆیی تەتارێ !
وەی بەستەیی زوڵفت هەمو شێرانی شکارێ ! (١)

خەندەت بووەتە باعیثی گریانی دەمادەم
بەرقە سەبەبی بارشی بارانی بەهارێ (٢)

ئەوە دەرئەکەوێ کەوا کچەکە لەئەنجاما بەهۆی شۆکردنەوە بە کەسێکی‌تر دەسی نەنابێ بە زۆی نالییەوە .. لە بەیتی هەشتەمیشدا نیشانەیەکی ئەوە دیارە کە نالێ پاش ئەم نائومێدبۆنە و دوای دانانی ئەم شیعرە ئەو شوێنەی بەجێهێشتبێ کە یارەکەی تیا بووە .

یار و دیارەت (ك) و (اح) : یارەوو یارەت . بەڵام لەگەڵ بەرزیی مەعنای خۆشەویستیدا ناگونجێ .

— ٧ —

(١) خەستە : نەخۆش . کەوتۆ . ئاهۆی تەتارێ : جۆرە ئاسکێکە ناوبانگی بە چاو جوانێ دەرکردووە . بەستە : گیرۆدە و بەسراوە . شکارێ : ڕاوێ .
واتە : ئەی ئەو دڵبەرەی ئەوەندە چاوت جوانە هەرچێ ئاسکی چاو جوانی تاتاریە ، هەمۆ نەخۆش و خەستەی چاوی مەستتن و ، هەرچێ شێری ڕاویە ، واتە هەرچێ دڵداری نازداران ڕاوکەرە ، هەمۆ بە تاڵی زوڵفەکانت گیرۆدە بۆن و بەسراونەتەوە . مەبەستی ئەوەیە بڵێ هیچ جوانێ لەئاستی جوانیی ئەوا نانوێنێ و ، کەس لە بەرابەر نازداریی ئەوا خۆی پێ ڕاناگیرێ .
لەنێوان (ئەی) و (وەی) و ، (خەستە) و (بەستە)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (ئاهۆ) و (شکار)دا تەناسوب هەیە .

(٢) دەمادەم : پەیدەرپەی . بەرق : برۆسکەی هەور . بارش : بارین .
واتە : پێکەنینی تۆ بووە بە هۆی گریانی پەیدەرپەیی من ، چونکە نیشانەی کەمتەرخەمیتە بەرابەر بە دڵدارەکانت و ، منیش کە بەو کەمتەرخەمیتە ئەزانم ، هەر ئەوەم بۆ ئەمێنێتەوە لە خەفەتانا دەس بکەم بە گریان . پێکەنینی تۆ وەك تیشکدانەوەی برۆسکەی ئاسمان وایە ، کە ئەو تیشک ئەداتەوە ، هاوار لە منەوە هەڵئەستێ و دەسئەکەم بە گریان و چاوم وەك هەوری بەهار فرمێسک دائەڕێژێ .

سەهمی نیگەهت خستمی ، هەستامەوە ژاکەم
ئەگریجەوو زوڵفت بە جەفا هاتنە یاریی (٣)

وای فەرمۆ کە ماچت نەدەمێ ژۆژەشی تۆ بم
ئەم ساڵە بەجێدێ ئەثەری وەعدەیی پاری (٤)

لە نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا حوسنی تەعلیل هەیە بۆ نیوەی یەکەمی بەیتەکە و ، لەنێوان (خەندە) و (دەمادەم)یشدا جۆرە تەناسوبێك هەیە هەرچەند (دەمادەم) پەیوەندی بە مەعنای (دەم)ەوە نییە . لەنێوان (خەندە) و (گریان)یشدا طیباق و،لەنێوان (بەرق) و (باران) و (بەهار)یشدا تەناسوب هەیە .

بەرقە : ئەمە تێکستی (ت) و (عم)ە . نوسخەکانیتر هەمۆ : بەرقت .

(٣) سەهم : تیر . نیگەھ : لاکردنەوە . یاریی : یارمەتێدانی .

واتە : ئاوژدانەوەت بە ناز بۆ بە تیرێك و دای لە جگەرم و خستمی . هەستامەوە خۆم لە دەست تیری تەماشات دەرباز کەم ، ئەگریجە و زوڵفت ، بەنیازی ئازاردانم ، هاتنە یارمەتێدانی نیگات و لێم بۆن بە داو و زنجیریان کردم .

ئەم هاتنی ئەگریجە و زوڵفە بەیارمەتیی تیری نیگای یارەوە ، هێمایە بۆ نزیك بۆنەوەی گۆنای یار لە دەمی شاعیر و ماچ کردنی. بەیتی پاشەوەش تاژادەیەك ئەم هێمایە بەهێز ئەکا .

ژاکەم (کم) و (گم) : ژامکرد . ئەگریجەوو (چن) و (ك) و (اح) : ئەگریجەیی .

(٤) واتە : یار ، پارەکە فەرمۆی ژۆژەشی لای تۆ بم ئەگەر ماچت نەدەمێ .. وا ئەمساڵ ئەنجامی بەڵێنەکەی پاری دەرئەکەوێ ..

بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتیی هاتنەدیی بەڵێنەکەی پاری یار ، یا ئەبێ بڵێین مەبەست لە ژۆژەش بۆنەکە ئەوەتە لەجیاتیی ماچ پێدان ، بە تاڵی زوڵفی بەستۆیەتیەوە . یا مەبەست هاتنی زوڵفی ژەشیەتی بەسەر ڕۆیا.. لەوانەشە بووترێ نالێ بەم پارچە شیعرە قسە لەگەڵ کوژ ئەکا و مەبەست لە ژۆژەش بۆن دەرهاتنی مۆی ژیش و سمێڵە . ڕاستە ئەم مەعنایە لە چوارچێوەی تەنها ئەم بەیتەدا ئەگونجێ ، بەڵام لەگەڵ تێکڕای پارچە شیعرەکە و لەگەڵ ڕێبازی گشتیی نالیدا ناجۆرە .

وای فەرمۆ (چن) و (ك) و (اح) : وات فەرمۆ . (ت) : دەیفەرمۆ .

مەغشۆشی زەڕە ، عاجزی زیو ، دەرهەمی دیرهەم
بۆچ تێکچووە صۆفیێ کەرەبۆز بۆ غەمی باری ؟! (٥)

هەر یارێ کە مالاّن گەڕ و بێگانەیە « نالیێ »
کەندۆمە ددانی طەمەعی بۆس و کەناری (٦)

ئەمسالّە : نوسخەکانی بەردەستمان هەمۆ نوسیویانە (ئەمسالّ) . بۆ ئەو تێکستەی ئێمە لێرەدا هەڵمانبژاردووە ، ڕاستەکەی (ئەمسالّە)یە ئەگینا بەیتەکە لەنگ ئەبێ . ڕێنوسی کۆنیش ڕێگا ئەدا هەردۆ وشەکە وەك یەك بنوسرێن . بەجێدێ (چر) و (عم) و (کم) و (گم) : کە بەجێدێ . بەپێی ئەم نوسخانە ئەبێ (ئەمسالّە) بە (ئەمسالّ) بخوێنرێتەوە . (ت) و (عب) و (من) : بەچێ دێ (؟) . (خا) : کە بەچێ دێ (؟) . (خب) : بەجێدێنێ . ئەڕەری («پەراوێزی» چر) و (عب) و (من) : سەبەبی .

(٥) مەغشۆش : تێکچۆ . زێڕی مس تێکەڵ کراو . دەرهەم : تێکشکاو . لەخەقەتابۆ ، بەپێی ئەوە کە لە (دەر) و (هەم) پێکهاتبێ .

واتە : سۆفیێ کەرەبۆز ، ئەگەر کەسێك بۆبێ بەو ناوەوە ، یاخود سۆفیی خاوەنی کەرەبۆز بەدوای پەیدا کردنی زێڕی ناپوخت و زیوی بێڕەواج و دڕەمی تێکشکاودا ئاڵۆز و عاجز و خەمگین بووە .. بەڵام بۆ خەمی ئەم بارە بێسۆدەی ئەخوا ؟ بۆ ڕێگای دڵدارانی ڕاستێ ناگرێتەبەر و دەس‌بەرداری ئەم دنیا پەرستییە نابێ ؟! .

مەغشۆشی (عب) و (من) و (خب) : مەخشۆش . نوسخەکانی‌تر هەمۆ : مەغشۆش . بەڵام هەرکامیان بێ ئەبێ بە (ی)ی ئیضافەوە بێ . زەڕە : ئەمە تێکستی (چر) و (عب) و (من)ە . نوسخەکانی‌تر هەمۆیان : زەڕ و . عاجزی : ئەمە تێکستی (عم) و (کم) و (گم) و (من)ە . (چر) و (چن) و (ت) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : عاجز . ئەمیش هەر (عاجزی)یە . (ك) : عاجزە . دەرهەمی دیرهەم : لەگەڵ جیاوازیی شێوەی نوسینیشدا ئەمە تێکستی زوربەی نوسخەکانە . (عب) و (من) : ددرهەمی کەوکەب (؟) . بۆچ (عم) و (گم) : بۆ . کەرەبۆز (ت) و (ك) و (اح) : کەرەبۆر . غەمی (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : غەم . بەڵام دیارە (غەمی)یە . باری (عم) و (گم) و (خا) : یاری . نیوە بەیتی دۆهەم لە (کم)دا بەمجۆرەیە :

(«نالیێ») گزە صۆفیی کەرەبۆزەی غەم و یاری

(٦) دان‌کەندن : کینایەیە لە دەس‌بەردار بۆن. طەمەع : تەما. بۆس . بۆسە،

بێ جوێ بۆنەوەیێ ، زەخم و برین و ئەثەرێ ،
تیری موژگانی دڕێژت لە جگەر تێدەپەڕێ •• (١)

ماچ . کەنار : لەباوەش گرتن .

نالێ لە بەیتی پێشۆدا ناڕەزایی خۆی لە بەدوای زێڕ و زیــو و درەما گەڕانی صۆفێ دەربڕێ . لەم بەیتەشدا مالّی دنیا ئەشوبهێنێ بە یــاری بێوەفا و مالّاَن‌گەڕ لەوەدا کە هەمیشــە لە دەسی کەسێکا نامێنێ و هــەر تاوێ هیی یەکێکە و ، ئەڵێ : هەر یارێ مالّاَن‌گەڕ و بێگانە و بێوەفا بــێ ، دانی ئەوەم کەندووە کە بەتەمای ماچ کردن و لەباوەش گرتنی بم .

بێگانەیە (عم) و (گم) : بێگانە بێ .

ئەم بەیتە لە (چن) و (کم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب)دا نییــە . (خا) و (کم) نەبێ هەمۆ ئەم نوسخانە نیشانەی ئەوەیان پیشان داوە کــە بەیتێك ناتەواوە . (کم)یش ، وەك وتمان ، بەیتی پێشۆی کردووە بە دوا بەیت و نازناوی (نالێ)ی تیا داناوە . (خا)یش هیچ .

(١) واتە : تیری برژانگی دڕێژت ، بێئەوەی جیابۆنەوەیەکی لە کەوانی بڕۆت ببێ و ، بێئەوەی زامێك یا برینێك یا نیشــانەیەك بە لەشــی دڵدارەوە بەجێبێڵێ ، جگەری ئەسمێ و کونی ئەکا .. مەبەستی ئەوەیە بڵێ تیری نیگات تیرێکی کاریگەرە ، هەرچەندیش بەدیمەن نیشانەیەك بەجێناهێڵێ .

ئەمەی ئێمە نۆسیومانەتەوە تێکستی تەنهــا نوسخەی (خب)ە کــە لە هەمۆ نوسخەکانی‌تر وردتر و جوانتر بۆ لامان . (چر) و (عب) :

لێ جوێ بۆنەوە بۆ زەخم و نیشانەی ئەثەرێ (*)

(«پەراوێزی» چر) و (چن) و (ك) و (اح) و (خا) :

بۆ جوێبۆنەوە بۆ زەخم و برین و ئەثەرێ

(عم) و (گم) :

بۆ جوێبۆنەوە بۆ زەخم و نیشانەی ئەثەری (**)

(*) لەبەرئەوەی کە ئەبۆ بەپێی ئــەم نوسخانە (ئەثــەرێ) بــە (ئەثەری) بخوێنرایەتــەوە ، (چن) لەســەری نۆســیوە : « بالأمالــة » واتــە : بە لارکردنەوەیەکەوە . مەبەستی لەوەیە بە (ئەثەرێ) بخوێنرێتەوە .

(**) (عم) لەسەر (بۆ جوێ) نۆسیویە : «چرا جدا ؟» واتە : بۆ جیا ؟ و لەسەر (بۆ) نۆسیویە : « برای » واتە : بۆ .

صۆفیی‌یی خەڵوە نشین بۆ نەظەرێکی گوڵی ڕۆت
ڕەنگە وەك نەرگسی تەڕ چاوی سپێ بێت و دەرێ (٢)

زوڵفی دۆ تایی ترازۆ مەثەلی دڵکێشت ،
ڕۆح دەکێشن بە دۆ سەر ، ئەم بە سەرێ ، ئەو بە سەرێ ! (٣)

(کم)یش هەروەك (عم) و (گم) وایە ، بەڵام لەجیاتیی (نیشانەی) نۆسیویە : (برینی) . تێدەپەڕێ (کم) : تێئەپەڕێ .

(٢) نەظەر : سەیرکردن .

واتە : تەنانەت سۆفیی خەڵوەنشین و گۆشەگیریش کە هەرگیز لە کونی تاریکی پەرستنگای خۆی نایەتە دەرەوە و سەری هەڵنابڕێ سەیری عالەم بکا ، لە ئاستی تۆدا لەبیر ئەچێتەوە و ، لەوانەیە بۆ چاوپێکەوتنێکی گوڵاڵە سۆرەی ڕۆت ، چاوی وەك نەرگسی تەڕ سپێ ببێ و کوێر ببێ و دەرپەڕێ، یاخود لەوانەیە دەس‌بەرداری ئەو وشکە صۆفییەتییەی ببێ و، چاوی بە تاریکایێ فێربۆی سپێ و ڕۆشن ببێتەوە و ، لە کونەکەی دەرچێ و بێتەدەرێ .

چاوی نەرگس : ئەو خاڵە سپییە تەڕانەیەتی کە پەڕەکانی گوڵەکەیان بەسەرەوە ئەڕۆێ .

لە کۆکردنەوەی (بێت) و (دەرێ)دا تەناسوب هەیە ، چونکە هەرچەند (بێت) لە (بۆن) دروست کراوە ، بۆئەوەش ئەشێ لە (هاتن) دروست بۆبێ و ، دیارە بەمەعنا لەگەڵ (دەرێ)ی لە (دەرچۆن) دروست‌کراوا بێپەیوەند نییە .

نەرگسی (کم) و (من) : نێرگسی . بێتە (چن) و (ت) و (ك) و (اح) : بێت و .

ئەم بەیتە لە (چر) و (عم) و (گم)دا بەیتی چوارەم و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی سێیەمە .

(٣) تا : تای ترازۆ . مەثەل : وەك . دڵکێش : کێشانەکەری یا ڕاکێشەری دڵ . سەر : تای ترازۆ .

واتە : زوڵفەکانت کە وەك تای ترازۆ وان لەوەدا کە تاڵەکانیان وەك پەتی ترازووەکە و شکانەوەکەشیان لە دامێنەوە وەك کاسەکانی ترازووەکەیە ، هەریەکی لەلایەکەوە وەك قولاپ دڵی دڵدار ڕائەکێشن و ئەیخەنە ناو تای خۆیانەوە و ، بەو ڕاکێشان و بەکێش کردنەی گیانی

من له ئیحرامی ئەدەبدام و ، ئەتۆش صەیدی حەرەم
موددەعێ ، هەروەکو سەگ ، بۆچی بە ئێمە دەوەڕێ ؟! (٤)

یادی چاوی بە فوتوورت لە دەرۆندا مەرەضە
غەمی زوڵفی بەخەمت بۆ لە دڵمدا بە گرێ (٥)

دڵدار ئەکێشن . لەبەرئەوەش کە هەردۆ سەری ترازووەکە هەر دڵی تیایە و دڵیش هەر دڵێکە ، لا نییە تا قورسێ و سۆکێ دەرکەوێ و ، کاری کێشانەکە هەرگیز نابڕێتەوە. هەروەها لەبەرئەوە کە کاری ئەم ترازووانەی زوڵفی یار تەنها دڵ‌کێشانە و کارێکی‌تریان نییە ، دیسانەوە کێشانەکە هەرگیز نابڕێتەوە .

ڕۆح (ت) : دڵ . دەکێشن (عم) و (گم) : دەکێشێ . (کم) : ئەکێشێ . ئەم بەیتە لە (چر) و (گم) و (عب) و (من)دا بەیتی دۆهەمە .

(٤) ئیحرام : حاجێ بەرلەوەی بگاتە مەککە ، لە چەند کیلۆمەترێك دۆر لە مەککەوە بەرگی تایبەتیی خۆی دائەکەنێ و بەرگێکی‌تری تایبەتێ لەخۆیەوە ئەپێچێ درۆمانی تیا نەکراوە ، هەروەها هەندێ کردەوەی تایبەتییشی لێ حەرام ئەبێ وەك ڕاوکردن و سەربڕینی حەیوان و هەر جۆرە خوێن ڕشتنێك و ، وەك چۆنە لای ئافرەت . بەوە ئەڵێن حاڵەتی ئیحرام . حەرەم : حەرەمی مەککە کە ڕاوکردنی تیا حەرامە . موددەعێ : بەدکار .

نالێ لەم بەیتەدا خۆی شوبهاندووە بە کەسێك کە لە ئیحرامدا بێ ، بەڵام ئیحرامی حەج نا ، ئیحرامی ئەدەب کە نزیکی یار نەکەوێتەوە و قسەی ناشیرین لە دەمی دەرنەچێ . یاریشی شوبهاندووە بەو نێچیرەی لە حەرەمی مەککەدا بێ کە کەس نەتوانێ دەسی بۆ بەرێ . بەدکاریشی شوبهاندووە بە سەگ کە بە حەق و ناحەق هەمیشە لەخۆیەوە بوەڕێ .. ئەڵێ : من لە ئیحرامی ئەدەبدام ، نە لە یار نزیك‌ئەبمەوە و نە وەڵامی قسەی ناپەسەندی وەك سەگ‌وەڕی بەدکاریش ئەدەمەوە . یاریش وەك نێچیری ناو حەرەمی مەککە وایە کە کەس دەسی بۆ نابا .. ئیتر بەدکار لەبەرچی لەخۆیەوە ، بەخۆڕایی ، دەسی کردووە بە وەڕین و ، بۆ لە گەفە ناکەوێ ؟ چیی ئەوێ ؟

ئەم بەیتە لە (چر) و (عم) و (گم)دا بەیتی شەشەم و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی پێنجەمە .

(٥) فوتوور : مەستێ و سستێ . مەرەض : نەخۆشێ . خەم : لۆل .

وەکو پەروانە بە شەو هێندە بە موشتاقێ دێم ،
بە چرای کوڵمتەوە ، ڕەنگە عەسەس لێم بگەڕێ (٦)

لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ
بێ خەطا کەس نییە ڕاضێ کە لە ئەولادی درێ •• (٧)

واتە : لەبەرئەوەی لە هەر شتێك ، شتێکی ودك خۆی پەیدا ئەبێ ، منیش،یادی چاوە سست و مەست و نەخۆشەکانت بووە بەهۆی نەخۆشێ بۆم و ، خەمی زوڵفە لۆلەکانت بووە بە گرێ لە دڵما .

چاوی (چر) و (گم) : دیدەی . غەمی (گم) : خەمی .

ئەم بەیتە لە (چر) و (عم) و (گم)دا بەیتی سێیەەم و ، لە (من)دا بەیتی حەوتەمە . لە (عب)یشدا نییە .

لەنێوان (غەم) و (خەم)دا جیناسی موضاریع و ، لەنێوان (خەم) و (گرێ)دا تەناسوب هەیە .

(٦) عەسەس : پاسەوانی شەوی ناو شار .

واتە : ئەوەندە بەسۆزەوە ، ودك پەروانە ، بە شەو دێم بە ڕۆی چرای کوڵمتەوە ، لەوانەیە پاسەوانی شەویش کە هەر شەوگەڕێکی تۆش ببێ ئەیگرێ ، لە سۆزی دەرۆنم حاڵێ ببێ و لێم گەڕێ بێم بۆلات و ڕێم لێ نەگرێ .

یاخود : ودك پەروانەی شەو ، ئەوەندە بەسۆز و پەلە دێم بۆ لات ، لەوانەیە پاسەوانی شەو گومانی شتێکی خراپم لێ بکا و ، لەبەر ڕۆناکیی کوڵمتدا کە تاریکیی شەوی ڕۆن کردووەتەوە ، بەدواما بگەڕێ .

پەروانە بە شەو (کم) و (خا) : پەروانەیی شەو .

ئەم بەیتە لە (چر) و (عم) و (گم)دا بەیتی حەوتەم ، لە (عب) و (من)دا بەیتی شەشەمە .

(٧) جگەرگۆشە : پارچەیەك لە جگەر . کینایەیە لە منااڵ کە پارچەیەکە لە جگەری دایك و باوکی .

نالێ لەم بەیتەدا شیعرەکانی خۆی شوبهاندووە بە منااڵی عەزیز و خۆشەویستی خۆی و ، مەعنا لێدانەوەشیانی بە هەڵە شوبهاندووە بە لێدان و ئازاردانیان .

واتە : باش لە شیعرەکانم حاڵێ ببن و بەڕاستێ مەعنایان لێبدەنەوە .

ڕاستێ جەوهەرییە تیغی زوبانی « نالێ »
نەرم و توند ، ئاوی گەلۆگیرە ، قصەی پێ دەبڕێ .. (٨)

شیعرەکانم منالّی جگەرگۆشەمن و ، بە خراپ لێحالّێبۆنیان مەیانخەنە بەر فەلاقە و دارکارێ .. هیچ باوکێك ڕازێ نییە منالّێکی خراپەیەکی نەکردبێ ، بە ناحەق لێیبدرێ ...

بێگومان ئێمەش گەلێجار نەمانتوانیوە ئەم داوا بەجێ و بەسۆزەی نالێ بەجێبێنین ، بەڵام چار چییە ؟ لەسەرێکەوە وردیی نالێ خۆی و لە سەرێکی کەشەوە نۆسینەوەی خراپ و نەبۆنی جارانی ڕێنۆسێکی تایبەتیی بۆ کوردێ ، بوون بەهۆی ئەوە کە منالّی خۆشەویستی نالێ و دەیان شاعیری کوڵۆڵترمان بە شۆڵی هەناری تەڕی مەعنا لێدانەوەی خراپ لەشیان سۆر بکرێتەوە ... هەوڵی ئیستای ئێمە بۆئەوەیە تاڕادەیەك فرمێسك لە چاوی ئەم جگەرگۆشانەی نالێ بسڕینەوە و کەمێك نازی باوك و دایکیان پێ ئاشنا بکەینەوە .

نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتە حوسنی تەعلیلە بۆ نیوەی یەکەمی .

بێخەطا (گم) : بێخەتا .

ئەم بەیتە لە (چر) و (عم) و (گم)دا بەیتی پێنجەم و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی چوارەمە .

(٨) جەوهەرێ : جەوهەردار ، دەبان . ئەڵێن : تیغی دەبان جەوهەری لێ ئەتکێ .. گەلۆگیر : لە قوڕگا گیراو .

واتە : بەڕاستێ زوبانی نالێ تیغە و ، تیغێکی جەوهەرداریشە وەك تیغی دەبان .. تیغێکی نەرمە ، چونکە گۆشتە . توندیشە ، چونکە قسەکانی بەتوێکڵ و ڕەق و کاریگەرن . ئەوەندە ڕەوانە ئەڵێی ئاوە ، بەڵام ئاوێکی لە قوڕگا گیراوە ، بەڕپەرچی دوژمن ئەداتەوە و دەمی ئەبەستێ و مەودای قسەی لێ ئەبڕێ .

ئەشتوانین بڵێین : (ڕاستێ «بەمەعنا دژی درۆ») موبتەدایە و ، (جەوهەریە) خەبەریەتی و ، ڕستەکەش گشتی خەبەری موبتەدایەکیترە کە (تیغی)یە و ، نیوە بەیتی دۆهەمیش کۆمەڵە خەبەرێکیتری ئەم موبتەدایەن . بەمپێیە ئەبێ (جەوهەریە) بە (جەوهەریە) بخوێنرێتەوە و ، مەعناش وایلێدێتەوە : ناوەڕۆکی تیغی زوبانی نالێ بریتییە لە ڕاستێ .. تاد .

نەرم و توند (چر) و (عم) و (عب) و (من) : توند و نەرم . ئاوی : ئەمە

ساقیَ ! وەرە ، مەیخانەیی دڵ کۆنە ڕەحیقی
گەر مایلی تەوفی حەرەم و بەیتی عەتیقی ! (١)

یەك ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموَ ڕەنگ
بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕژێی عیشقی حەقیقیَ (٢)

تێکستی تەنها (عم) و (گم)ە . (چر) و (عب) و (من) : ئاوە . (چن) و (ك) : ئاو و . (اح) و (خا) و (خب) : ئاو . بۆ هەر سێ ئیحتیمالەکە ئەگونجێ . گەلوَ (گم) : گەرو ! !

— ٩ —

(١) ڕەحیق : مەی . تەوف : تەواف ، بەدەوراگەڕان . حەرەم : حەرەمی مەککە . بەیتی عەتیق : البیت العتیق ، کۆنەماڵ ، کەعبە . ئیشارەتە بە ئایەتی (اِنَّ اَوَّلَ بَیْتٍ وُضِعَ لِلنّاسِ لَلَّذی بِبَکَّةَ مُبارَکاً) .

واتە : کاکەی مەیگێڕ ، ئەگەر حەزت لەوەیە بەدەوری حەرەمی مەککە و ماڵی کەعبەدا بسوڕێیتەوە و تەواف بکەی ، وەرە ناو مەیخانەی دڵم ، چونکە دڵم جێگای عەشقی ڕاستەقینەیە و شەرابی کۆنی بێگەردی خۆشەویستیی بێمەبەست و نیازی تیایە ..

دڵ ، کۆنە ڕەحیقی (عم) : کە تۆ کۆنە ڕەفیقی . (گم) : دڵ کۆنە ڕەفیقی ..

(٢) ڕەنگڕژیَ : ڕەنگڕژتن .

واتە : وەرە ناو مەیخانەی دڵم ، لە هیچلایەك دۆستێکیتری وەك منت دەسگیر نابێ، من یەك ڕەنگم و دوَڕوَ نیم و خوا بە یەك ئەزانم و کەسیکەی ناکەم بە هاوبەش .. (بێڕەنگم و لە دڵداریدا فەوتاوم و فەوتاویش ڕەنگی نییە ، یاخود توانای ئەوەم نییە دەرد و مەینەت لە خۆم دوَرخەمەوە و قازانج دەستی خۆم بخەم .. هەموَ ذات و صیفاتی جیهان لە مندا کۆبووەتەوە وەك لەشساغیَ و نەخۆشیَ و گەورەییَ و بچوکیَ و زانایَ و نەزانیَ و هوشیاریَ و بێهۆشیَ) . لە هەموَ ڕوویەك و دیمەنێکی ئەم جیهانەدا دەرئەکەوم و ، لە هەموَ لایەك نیشانەی بوَنم هەیە . خۆشەویستیی ڕاستەقینەش ئەبێ بەمجۆرە ڕەنگی بۆ بڕێژریَ کە من بۆم ڕشتووە . (یاخود خوا کە ڕەنگڕێژی عەشقی ڕاستەقینەیە ، ئەبێ

مرواریيی ئەشکم وەکو یاقوتی ، ژەوانە
ساقیَ ! بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقیَ •• (٣)

دائیم لە حەضەردا سەفەریَ بە •• لە وەطەندا
غوربەتکەش و عاجز بە ، ئەگەر ئەهلی طەریقی (٤)

بەمجۆرە بکا) (*) .

لە نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا ، بەتایبەتیَ لە وشەی (ژەنگ ژژیَ)دا هەمۆ نوسخەکان (چر) و (چن) و (خا) نەبێ کەوتۆنەتە هەڵەوە .

(٣) مرواریی ئەشك : فرمێسکی وەك دەنکی مرواریَ سپیَ. ژەوان : ژۆیشتۆ، جاریَ . لەعل : بەردێکی گرانبەهای سۆرە . عەقیق : ئاقیق ، بەردێکی گرانبەهای سۆریترە .

واتە : فرمێسکم وەك مرواریيش بە سپیەتیَ و ، وەك یاقوتیش بە سۆریَ ئەژوا لە چاوم .. مەبەستی لەوەیە بڵێ چاوم مرواریيش و یاقوتیشی لێ دائەوەرێ .. دەسا تۆیش ، کاکەی مەیگێژ ، لە لەعلی لێوی سۆری یار شەرابێکی وەك عەقیق سۆرم بۆ تێکە ، بۆئەوەی ببم بە خاوەنی ئەم هەمۆ گرانبەهایانە ..

لەو (« پەراوێزی » چن) : ئەو . بەمپێیە ئەبێ (شەرابێکی)یش (شەرابێکە) بێ . عەقیقیَ (کم) و (عب) و (من) : حەقیقیَ .

(٤) حەضەر : خانەنشین . غوربەتکەش : ئەوەی لە نامۆییدا بژیَ . ئەهلی طەریق : ئەهلی طەریقەت . ئەوەی ژێگەی ڕاستی گرتبێتەبەر .

واتە : ئەگەر بەڕاستیَ ئەهلی طەریقەتی یا ژێگەی ڕاستت گرتووەتەبەر، خۆت بە نیشتەجێ دامەنێ و ، لەکاتی نیشتەجێیەتیدا خۆت بە ژەوتەنیَ بزانە ، چونکە ژێگای مەرگت لەبەرە .. لە ولاتی خۆتا خۆت بە نامۆ دابنێ، چونکە نیشتمانی ڕاستەقینەت گۆڕستانە و سەرەنجام ئەبێ لەوێ ئۆقرە بگریَ و نیشتەجێ ببیَ .

دائیم (چر) و (عم) و (کم) و (ك) و (خا) و (خب) : دایم . سەفەریَ بە (ت) و (عب) و (من) و (خب) : سەفەریَ بەو . عاجز (چن) و (عم) و

(*) ئەو ئەندازە لێکدانەوەیە کە خستۆمانەتە نێو دۆ کەوانەوە ، هیی (چنگنیانیَ) و (مەزناوەیی)یە لە پەراوێزی نوسخەی (چن)ەوە لە فارسییەوە کردۆمانە بە کوردیَ .

خەڵقێ کە هەموو کۆدەکن و بەستە زوبانن ،
با بێن و لە « نالێ » بیبەن شیعری سەلیقێ (٥)

— ١٠ —

(بَرِقَ الْبَصَر) لەبەر بەرق تەلەئلوئی لەئالێ
(خَسِفَ الْقَمَر) لە ئیشراق قیامەتی جەمالی (١)

(ك) و (من) و (عب) و (اح) : مەحزۆن . طەریقی (عب) : حەقیقی !

(٥) کۆدەك : منالّ . بەستە زوبان : زمان بەسراو ، بێ دەسەلآت . سەلیقێ : لە (سەلیقە)وە هاتوە ، ئەوەی لەخۆیەوە بێت و خۆ پێوە ماندوو کردنی نەوێ .

واتە : ئەم خەڵقە هەموو منالّ و نەفامن و زمانیان بەیەکادێ ، هیچ لە شیعری ڕاستەقینە تێناگەن .. بڵێن با بێنە لای (نالێ) ، شیعری خۆییان بۆ بخوێنێتەوە کە وەك ئاوی ڕەوان لەخۆیەوە دێ ، بەڵکو زمان و بیریان بکرێتەوە و فێری چەشکردنی شیعر و ئەدەب بین .

دوور نییە مەبەستی نالێ لەم بەیتە بەڕپەرچدانەوەی هەندێ ڕەخنەگر بۆبێ کە بە چاوێکی بێبایەخ سەیری شیعرەکانییان کردبێ .

کە هەموو کۆدەکن و (« پەراوێزی » چر) و (کم) و (گم) و (عب) و (من) : کە طوفەیلین و هەمۆ . (چن) : کە هەموو کینك و کەڕ و . کینك : بە فارسێ (کینیك) واتە ڕژد و سۆك . سەلیقێ (چر) و (خا) : دەقیقێ . (کم) و (گم) و (عب) و (من) : حەقیقێ .

— ١٠ —

(١) بەرق : شەوق دانەوە . تەلەئلوء : بریسکانەوە . لەئالێ : جەمعی لوئلوئە بەمەعنا مرواریێ . ئیشراق : هەڵهاتن .

نالێ لەم بەیتەدا ددانەکانی یاری شوبهاندووە بە دانەی مرواریێ و ، دەرکەوتنی ئەو ددانانەی شوبهاندووە بە دەرکەوتنی بروسکەی ئاسمان کە چاو لەئاستیا ئەبڵەق ئەبێ . ڕوێشی شوبهاندووە بە ڕۆژی قیامەت لەوەدا کە دەرکەوتنی وەك دەرکەوتنی ڕۆژی قیامەت دنیا ئەشڵەژێنێ و ، دەرکەوتنی ئەو ڕووەشی کردووە بە هۆی مانگ گیران .

واتە : لەبەر شەوقدانەوە و بریسکانەوەی ددانە وەك مرواریيەکانی یار ، چاوی تەماشاکەران ئەبڵەق بۆ .. لەبەر هەڵهاتنی ڕۆژی جوانییشی ،

نییه دیده‌یی چ مه‌ردوم ، نییه مه‌ردومی چ دیده
له فرۆغی خه‌ددی فاریغ ، له خه‌یاڵی خاڵی خاڵێ (٢)
سه‌ری هه‌ردو کوڵمی داخۆ گوڵی نه‌وبه‌هاره ، یا خۆ
طه‌ره‌فی نه‌هاره ، زوڵفی (زُلَف" مِنَ اللّيالي) ؟! (٣)

که وه‌ك ده‌رکه‌وتنی ڕۆژی قیامه‌ت وایه ، مانگ گیرا ..

له‌نێوان (بَرِقَ) و (به‌رق)دا به‌دیمه‌ن وشه‌ئارایێ و به‌مه‌عنا طیباق و ، له‌نێوان (بـــه‌ر) و (به‌رق)دا جیناسی ناقیص و ، له‌نێـــوان (خَسِفَ) و (ئیشراق)دا طیباق هه‌یه .

له‌به‌ر به‌رق (عم) و (گم) و (من) و (خب) : له به‌رقی . ئیشراق (عم) و (گم) : شه‌رقی .

(٢) مه‌ردوم ــ ی یه‌کەم ــ : خه‌ڵك . مه‌ردوم ــ ی دۆهه‌م ــ : گڵێنه‌ی چاو . فرۆغ : گه‌شـــێ و ڕۆناکێ . خه‌د : کوڵم . فاریغ : بـــۆش . خاڵێ : چۆڵ .

واته : که‌س له‌و جیهانه‌دا نه‌ماوه گـــیرۆده‌ی جوانیی یار نه‌بۆێ .. چاوێك نییـــه ڕۆناکێ و شـــه‌وقی چاوی ئه‌وی تیا نـــه‌بێ و ، گڵێنه‌ی چاوێکیش نییه ڕه‌نگی خاڵی ڕه‌شی ڕۆمه‌تی ئه‌و نه‌خشی تیا نه‌به‌ستبێ .

نالێ ، له‌م‌به‌یته‌دا ســه‌ره‌ڕای ئـــه‌وه که ئه‌یه‌وێ چاوی هه‌مۆکه‌س به ڕۆناکیی کوڵمی یار و ، گڵێنه‌ی چاوی به ڕه‌شیی خاڵی ڕۆمه‌تیه‌وه خه‌ریك بکا ، ئه‌یه‌وێ بشڵێ هۆی بریقه‌دانه‌وه‌ی چاوی خه‌ڵك بریتییه له ڕۆناکیی کوڵمی یار و ، هۆی ڕه‌شیی گڵێنه‌ی چاویان ڕه‌شیی خاڵی ڕۆمه‌تیه‌تی . بۆیه (فرۆغی خه‌د) و (خه‌یاڵی خاڵێ) به شێوه‌ی له‌ف و نه‌شری موره‌تته‌ب به‌دوای (دیده) و (مه‌ردوم)دا دێنێ .

له‌نێوان (دیده‌یی چ مه‌ردوم) و (مه‌ردومی چ دیده)دا جیناسی قه‌لب و ، له‌نێوان (خاڵی) و (خاڵێ)دا جیناسی ته‌رکیب هه‌یه .

دۆ پارچه‌که‌ی نیوه به‌یتی یه‌که‌م له (عم) و (گم)دا له‌جێی یه‌کتردان .

(٣) داخۆ : ئاخۆ ، ئایا . یا خۆ : یاخود . طه‌ره‌ف : به‌ش . نه‌هار : ڕۆژ .

نالێ له‌م‌به‌یته‌دا جارێك ته‌نها سه‌رنجی دۆ گۆنای یار ئه‌دا و به گوڵی سه‌ره‌تای وه‌رزی به‌هـــاری ئه‌شوبهێنێ که به‌هار له تـــۆفی لاویدایه و گوڵیش له‌وپه‌ڕی گه‌شێ و جوانیدا .. جارێکیش له‌گه‌ڵ زوڵفیدا سه‌یر ئه‌کا و ، سۆر و سپیه‌تیی کوڵمی گه‌ش و ڕه‌شیی زوڵفی ڕه‌ش به‌راورد ئه‌کا و ، هونه‌رمه‌ندانه شه‌وی تاریـــك و ڕۆژی ڕۆناك له ڕۆمه‌تی یاردا

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان ، وەك یەشمی ئابداڕە
شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەك زوخاڵی (٤)

کۆئەکاتەوە کە بێ یەك نایانکرێ و یەکتر تەواو ئەکەن و جوانیی هەرکامیان بە بەراورد لەگەڵ هیی ئەویان دیار ئەدا .

واتە : ئەگەر تەنها سەیری سەری دۆ کوڵمی ئەکەی ، ئەڵێی گوڵی سۆری تازە بەهاری جوان و لاو و بۆنخۆشە . ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ زوڵفیش سەیری ئەکەی ، ئەڵێی ئەوکاتەیە شەو و ڕۆژ لە یەك نزیك ئەبنەوە و ڕۆناکیی ڕۆژ لە ئاسۆی تاریکدا لیزگ ئەدا ، یا ئەوکاتەیە کە ڕۆژ لە زەردەپەڕی ئێوارەدایە و تاریکێ خەریکە هێرش بێنێ .

لەنێوان (داخۆ) و (یاخۆ) و ، (بەهار) و (نەهار)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (نەهار) و (لەیل)دا طیباق و ، لەنێوان (زوڵف) و (زُلَف")دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە .

داخۆ (کم) : ئاخۆ . نوسخەکانیتر کۆمەڵێ جیاوازیی‌تریان تیا هەیە ، بەڵام هەمۆی هەڵەیە .

(٤) یەم : دەریا . مەرجان : گیاندارێکی دەریاییە وەك گیا وایە ، چەسپ بووە بە زەوییەوە ، سۆر و سپێ و ڕەشی هەیە . بۆ جوانێ لە جەواهیر سازیدا بەکاری‌دێنن . یەشم : بەردێکی ساف و بریقەدار و ، نوختە نوختەیە ، نوختەی سپێ و سەوز و شینی تیایە . شەبە : شەوە . مۆرۆیەکی ڕەشە .

نالێ لەم بەیتەدا چاوی یاری شوبهاندووە بە دەریای پڕ لە مەرجان و مەرجانەکەش ئەو کلەیەیە کە چاوی پێ ئەڕێژێ ، هەروا شوبهاندۆیەتی بە یەشم کە نوختەی ڕەش و سپیی تیابێ ، نوختە ڕەشەکانی کلەکەیە و ئاوداریەکەشی سپێنەکەی چاویەتی . بۆ دەربڕینی زیادەڕەویش شەوەی شوبهاندووە بە زوڵفی وەك خەڵۆز ڕەشی یار ، لەجیاتیی ئەوەی زوڵفی بشوبهێنێ بە شەوە ..

واتە : دەریای چاوی یار پڕە لە مەرجانی ڕەشی کلە و ، سپێنەی چاوەکانی لەگەڵ ئەو کلەیەی پێی ڕشتووە وەك یەشمی ئاودار وایە کە نوختە نوختەی سپێ و ڕەشی تیایە . زوڵفیشی ئەوەندە ڕەش و بریقەدارە تەنانەت شەوەی ڕەش و بریقەداری پێ ئەشوبهێنرێ .

یەمی (چر) و (چن) : یەم . دیارە (یەمی)یە . (ك) و (اح) : هەم . وەك (چر) : دەڵێ !. («پەراوێزی» چر) و (عم) و (گم) و (عب) و (من) : لە ،

به مەلاحەتی تەکەللوم هەمو زەمزەم و مەلیحێ
به فەصاحەت و تەبەسسوم هەمو کەوثەر و زولالێ (٥)

بەلآم له (عم) و (گم)دا لەگەڵ (و)یّکی عەطف لەپێش (له)وه . (ت) و (خب) : وەکو . شەبەیه شــەبیه (شەبیهی) : ئەمه تێکســتی (چن)ه . (چر) و (عب) و (خب) و (اح) : له شبیه شبه . ئەگونجێ به (له شەبەیه شیبهی) و به (له شەبیهی شەبه)ش بخوێنرێتەوه . (عم) و (گم) : شەوەیه شەبیهی . (کم) : له شــبیهی شبهی . دیاره (له شەبیهی شــیبهی)یه . (ت) : له شەبیه شبه . دیاره (له شەبیهی شەبه)یه . (ك) : شەبەهـ شەبیهی . (خا) و (من) : له شەبیهی شیبهی . زولّفی (چر) و (کم) و (عب) و (خا) : زولفەینــی . (ت) و (من) و (خب) : زولفەین . دیــاره (زولفەینی)یه . سیاهی : ئەمه تێکستی (ك)ه . (چر) و (عب) و (من) و (خا) : سیاه و . (چن) و (ت) و (اح) و (« پەراوێــزی » خا) و (خب) : سیاه . بەپێی وشەی پاشەوەی به (سیاهی) یا (سیاه و) ئەخوێنرێتەوه . (عم) و (گم) سیاهتەر . (کم) : سییەهـ . وەك زوخــاڵی : ئەمه تێکستی (چن)ه . (چر) : لەعلی ئاڵی . (عم) و (گم) : له خاڵی . (« پەراوێزی » چر) و (ت) و (ك) و (اح) و (« پەراوێزی » خا) : ئابداری . (عب) و (خب) : لەعل ئاڵی . دیاره (لەعل‌و)وه . (خا) : لەعل و ئاڵی .

(٥) مەلاحەتی تەکەللوم : خۆشێ و بەتامیی قسه . زەمزەم : بیری زەمزەم له مەککه . فەصاحــەت : قسه ڕەوانێ . تەبەســسوم : زەردەخەنه . کەوثەر : حەوزی کەوثەر له بەهەشتدا . زولال : سازگار .

واته : دەمی یــار له ڕوّی خۆشــێ و بەتامیی قســەوه ئەڵێی ئاوی زەمزەمی تیایه . لەبارەی قســه ڕەوانێ و ناسکیی زەردەخەنەشەوه ، لێوی وەك لێواری حەوزی کەوثەره .

مەلاحەت و (چــن) و (کم) و (ت) و (ك) و (اح) : مەلاحــەت . بۆ (مەلاحەت و) (مەلاحەتی)یش دەســتئەدا . زەمزەمو : («پەراوێزی» چــر) و (کــم) و (ك) و (عــب) و (مــن) و (خــب) : زەمــزەمه . (چن) : زەمزەمه و . (ت) : زەمــزەم . دیــاره (زەمــزەم و)وه . فەصــاحەت و (چن) و (ك) : صەباحەت . بۆ (صەباحەت) و (صەباحەتی)یش دەستئەدا . (کم) : صــەباحەتی . (اح) و (عب) و (خب) : صــەباحەت و . (من) : فەصاحەتی . کەوثەر و (« پەراوێزی » چر) و (چن) و (کم) و (ك) و (عب) و (من) و (خب) : کەوثــەره . (ت) : کەوثــەر . بۆ (کەوثــەرو) و (کەوثەره)یش دەستئەدا . بەیتەکه تێکڕا له (عم) و (گم)دا بەمجۆرەیه .

نەظەرم پڕە لە نۆری شەو و ژۆژی طەلعەتی تۆ
کە بە ژۆ شوعاعی شەمسی ، بە برۆ خەمێ هیلالی (٦)

ژوخی تۆ گوڵێکە صەد وەك هوزاری عاشق ، ئەمما
لە هەمۆ چەمەن دیارە بە ئوصوڵی نالە « نالێ » (٧)

بە صەباحەتی تەبەسسوم هەمۆ زەمزەمی مەلیحێ
بە مەلاحەتی تەکەللوم هەمۆ گەوثەری زولالێ

(٦) نەظەر : چاو . طەلعەت : ژۆ . شوعاع : تیشك . خەمێ : چەماوەیێ .
واتە : هەمیشە دیمەنی شەو و ژۆژی ژۆی تۆم لەبەرچاوایە و چاوم لێی پڕە . ئەوەتە کە سەیری ژۆمەتت ئەکەم تیشکی ژۆژم دێتە بەرچاو و، کە سەیری برۆی چەماوەت ئەکەم مانگی یەکشەوەم بۆ دەرئەکەوێ .

لە کۆکردنەوەی (شەو) و (ژۆژ) و ، (نۆر) و (شەو)دا طیباق و ، لە کۆکردنەوەی (ژۆژ) و (طەلعەت)دا کە بەمەعنا (هەڵهاتن)یش هاتووە تەناسوب و ، لەنێوان (بە ژۆ) و (برۆ)دا بەپێی شێوەنۆسی جاران کە هەردۆکیان وا ئەنۆسران (برو) جیناسی تەواو و ، لەنێوان (شەمس) و (هیلال)یشدا تەناسوب هەیە .

نۆری (چر) و (عم) و (کم) و (گم) : زیبی . (چن) و (ك) : نور . دیارە (نۆری)یە . (عب) و (من) : زیب و . ژۆژی (چر) و (چن) و (ت) و (عب) و (اح) و (خب) : ژۆژ . دیارە (ژۆژی)یە ، لە (عب)دا نەبێ کە لەوانەیە (ژۆژە) بێ چونکە (زیبی)یش (زیبە) بۆ . (من) : ژۆژە . بە ژۆ (ت) : ژۆ . بە برۆ (کم) و (عب) و (من) : برۆ .

(٧) ژوخ : ژۆ . هوزار : بلبل .
واتە : ژۆمەتی تۆ گوڵێکی تاقانەی بێهاوتایە هەزاران بلبل عاشقی بوون و بۆی ئەخوێنن ، بۆیە ئەبوا دڵدارێکی وەك نالێ لەناو کۆژی ئەم هەمۆ دڵدارانەدا هەر دیار نەبوایە .. کەچێ لە هەمۆ لایەکی چەمەن و گوڵزار و لەناو هەمۆ دڵدارانداً بەگوێرەی نالەنالی خۆی و بە هاوار و کوژۆزانەوەیدا دیارە ، چونکە دڵدارێکی ژاستەقینەیە ..

ئەشگونجێ (نالە «نالێ») بە (نالەنالی) بخوێنرێتەوە و مەعنای بەیتەکە وای لێبێتەوە : ژۆی تۆ گوڵێکە صەد دڵداری وەك بلبلی هەیە ، بەڵام بلبل لەناو هەمۆیاندا بەشێوەی تایبەتیی نالەنالی خۆیدا دیارە . بەپێی ئەم مەعنایە بەشی دۆهەمی وشەی (نالەنالی) کە (نالی)یە ئیشارەت ئەبێ

بنواژه نەوبەهار و فوتوحاتی گوڵشەنی

گوڵ زاری کردەوە ، لە دەمی ، غونچە پێکەنێ (١)

بۆ نازناوی (نالێ) و بلبلەکە (نالێ) خۆی ئەبێ .

لەنێوان (ڕۆخ) و (هوزار)دا هەم طیباق و هەم تەناسوب هەیە ، چونکە (ڕۆخ) ناوی باڵدارێکی ئەفسانەییشە . هەروەها لە کۆکردنەوەی (صەد) و (هوزار)دا بەپێی شێوەی نۆسینی جاران کە ئەنۆسرا (هزار) تەناسوب هەیە . لەنێوان (نالە) و (نالێ)یشدا جیناسی موضاریع هەیە .

وەك (چن) و (عب) و (من) : بەرگ . (عم) و (گم) : بەرگ و . بەرگ : پەڕە ، گەلا .

— ١١ —

(١) فوتوحات : بەرەکەت . گوڵشەن : باخێ کە گوڵی زۆری تیابێ .

واتە : سەیری وەرزی بەهاری نوێ و بەرەکەتی باخچەی گوڵان بکە ، هەر گوڵە و گوڵی لێ ئەبێتەوە ، گوڵ دەم ئەکاتەوە ، هەر کە ئەو دەم ئەکاتەوە خونچە بەدەمیەوە پێئەکەنێ و ئەپشکوێ .. ئەڵێی خونچە بێچوێ گوڵە ..

کۆکردنەوەی (گوڵ) و (زار) وشەکارییەکی جوانە ، هەرچەند مەبەست لە (زار) دەمە و شوێنی گوڵ نییە . بۆیە لە (گوڵ زار)دا تەوریەیەکی بەدیمەن هەیە ، ئەوەتە بەڕواڵەت مەعنای (باخ) و لەڕاستیدا مەعنای (دەم) ئەگەیەنێ . هەروەها بە ڕواڵەت لەنێوان (زاری) و (پێکەنێ)دا طیباق هەیە .

نەوبەهار و (ك) و (اح) : نەوبەهار . ئەمیش هەر (نەوبەهار و)وە . زاری (چر) و (تو) و (عب) و (اح) : زار . ئەمیش هەر (زاری)یە . کردەوە (چن) و (کم) و (ت) و (اح) و (خب) : گرتووە ، وەك بڵێی پێی‌گرتووە ، یا گرتەوە ، وەك چۆن ئەڵێن چۆلەکە دەمی گرتەوە . (خا) : گرتووە . لە دەمی (چر) : ئیرەمی . ئەبێ ئیشارەت بێ بە (باخچەی ئیرەم) کە ئایەتی (اِرَمَ ذاتِ العِماد ، الَّتي لم يُخْلَقْ مِثْلُها في البِلادِ) باسی لێ ئەکا . (ت) و (تو) : لە دم . (ك) و (عب) و (اح) و (من) و (خب): لەم . دیارە هەموی (لە دەمی)یە .

لەم پارچەلۆکە هەورە بە قەد زۆی هەمۆ زەمین
بەم ڕایەلە قەدیفەیی سەوزی عەجەب تەنێ (٢)

بورجی دەرختی سەوز و بولەندی وەك ئاسمان
پێوە شگۆفە هەروەکو نەجمن بە ڕۆشنێ (٣)

---

(٢) پارچەلۆك : پارچەی بچۆك . بە قەد : ئەوەندەی . ڕایەڵ : تان (تانی تان و پۆ) . قەدیفە : قەیفە . تەنێ : تەنین ، چنینی ڕایەخ .

نالێ لەم بەیتەدا نەوبەهاری شوبهاندووە بە وەستا و ، دڵۆپی باران کە لە ئاسمانەوە دائەچۆڕێ ــ بە ڕایەڵ و ، گیای سەوزی ڕۆی زەویی بە فەرش و ، ڕوانی گیای لەسەر زەوێ بە چنینی فەرش داناوە .

واتە : سەیری نەوبەهار بکە چۆن وەستایەکە (دیارە دانی وەستایێ ئەپاڵ نەوبەهار مەجازە) : لەم پارچە بچۆکەی هەور و ، بە ڕایەڵی بێ‌پۆی بارانی وەك تاڵە دەزۆ ، پارچە قەیفەیەکی سەوزی ئەوەندەی ڕۆی زەوێ ــ گەورەی چنێ !

ئەشتوانرێ (پارچەلۆکە) بە (پارچە لۆکە) بخوێنرێتەوە و (هەور) بشوبهێنرێ بە (لۆکە) .

بە قەد ڕۆی هەمۆ زەمین (عم) و (گم) : بە قەد ڕۆی هەمۆ زەوێ . (کم) و (اح) و (خا) : بە قەدەر ڕۆی هەمۆ زەمین . (من) : بە قەددی ڕووی زەمین . (خب) : بە قەدەر ڕووی زەمین .

(٣) شگۆفە : هەڵاڵە . نەجم : ئەستێرە .

نالێ لەم بەیتەدا درەختی شوبهاندووە بە ئاسمان لەوەدا کە بەرز و دیاریە و وەك ئاسمان گومەزێ ئەنوێنێ و ، هەڵاڵەی تازە دەرهاتوی درەختیشی شوبهاندووە بە ئەستێرەی ئاسمان لە سپیەتێ و ڕۆشنیدا .

واتە : شوێن هەڵاڵەکانی درختە سەوز و بەرزەکان ، هەڵاڵەی تازە پشکوتو سپێ ئەکاتەوە پێیانەوە ، وەك بڵێی ئەستێرەن بە بورجەکانی ئاسمانەوە .

بورجی (چر) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : بورج . دیارە (بورجی)یە . درەختی (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) : درەخت . بۆ (درەختی)یش دەستئەدا . سەوز و (تو) و (عب) و (من) و (خب) : سەوزی . بولەندی (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (اح) و (خا) : بولەندە . (خب) : بولەند . بۆ هەردوکیان ئەشێ .

بەزمی هوزارە ، قەل فڕی ئەغیارە ، دەوری گوڵ
صۆفیێ ! بڕۆ ، مەبە بە درۆك ، تۆ لە ئێمە نیی ٠٠ (٤)

هەر دارە بەرگ و ، هەر گوڵە ڕەنگێ خەڵاتیە
هەر جۆدی نەوبەهارە کە عالەم دەکا غەنێ (٥)

دیسان لە بگرە بەردەیی گوڵچین و باغەبان
بولبول کەناری گرت و دڵی غونچە ڕاچنێ (٦)

---

(٤) هوزار : بلبل : قەلفڕ : کینایەیە لە دەرکردن و دوورخستنەوە . ئەغیار : بێگانە و ناحەز . نیی : نیت .

واتە : سەردەمی ڕابواردنی عاشقانە کە وەك بلبل وان و ، کاتی دەرکردن و دوورخستنەوەی بەدکار و ناحەز و بێگانەیە و ، ڕۆژ ڕۆژی گوڵانە .. کەواتە ئەی وشکەصۆفیێ جێی تۆ لای ئێمە نییە .. تۆ نە بلبلی و نە گوڵی .. تۆ بێگانەی و .. لە ئێمە نیت .. دەسا لێمان مەبە بە درۆك و بڕۆ دوورکەوەرەوە ، درۆك و گوڵیان پێکەوە نەوتووە ..

مەبە بە درۆك (تو) : بڕۆ بە دەرەك . دەرەك : چینی بنەوەی دۆزەخ . (خب) : مەبە بە دەرەك ..

(٥) جۆد : بەخشش . غەنێ : دەوڵەمەند ، بێئیحتیاج .

واتە : دنیا هەمۆ ڕازاوەتەوە .. هەر درەختێ ئەگرێ بەرگی گەڵای نوێی پۆشیوە و ، هەر گوڵێك ئەبینێ ڕەنگێکی تازەی خەڵات کراوە .. مەبەستی لەوەیە درەختە ڕۆتەکانی زستان هەمۆ گەڵایان کردووەتەوە و ، ناوباخ و ڕۆی زەوێ هەزاران گوڵی ڕەنگاوڕەنگی لێ ڕواوە .. ئەمە هەمۆ دەس و دەهەنەداریی بەهارە وا جیهانی دەوڵەمەند کردووە و ، بەرگی کردووەتە بەری درەختی ڕۆتاوە و ، زەوی بە گوڵی هەمەجۆرە ڕازاندووەتەوە .

بەرگ و (چر) : بەرگێ . ڕەنگێ (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : ڕەنگ . ئەبێ (ڕەنگێ) بێ . دەکا (من) : ئەکا .

(٦) بگرە بەردە : بگرە و بەردە ، گێرە و کێشە . گوڵچین : ئەوەی گوڵ کۆئەکاتەوە و ئەیکا بە چەپك . باغەبان : باخەوان . ڕاچنێ : داچڵەکا .

لەمبەیتەدا یار و دڵداریێکی ڕاستەقینە هەیە کە (بلبل) و گوڵن و ،

خارایی سەوز و شینی لەبەرکردووە جەبەل
دامێنی وەردی سۆرە کە دەستم بە دامەنی ! (٧)

باخەوان و گوڵچینیش هەن کە کێشەیانە بۆ سۆدێکی تەسکی زۆژانە . گوڵ ئەیەوێ بمێنێتەوە و بە زۆی بلبلەوە بشنێ و ، بلبلیش ئەیەوێ بۆ گوڵ بجریوێنێ .. باخەوانیش خزمەتی گوڵ ئەکا و دڵی بە گوڵەکانی خۆشە و ئەیەوێ خۆی لێ بەهرەمەند بێ ، گوڵچینیش خواخوای ئەوەیەتی خونچەیەك زۆتر بپشکوێ و ببێ بە گوڵ و بیکاتەوە و بیبا بەدیاری یا بیفرۆشێ .. نالییش ئەڵێ لەم بگرە و بەردەی باخەوان و گوڵچینەدا کە هەرچۆن بێ بە زەرەری گوڵ و بلبل تەواو ئەبێ ، بلبل باخی لێ ئەبێ بە دۆزەخ و هەڵئەفڕێ و دۆر ئەکەوێتەوە و ، گوڵیش ژائەچنێ کەوا هەم بلبلی لێ دۆرکەوتەوە و هەم هاکا گوڵچینیش کردیەوە و بردی و مراندی ..

ئەشتوانین بلبل و خونچە بە دڵدار و یاری ژاستەقینە مەعنا لێبدەینەوە ، بڵێین کە باخچە و باخ وایان لێهات گوڵچین و باخەوان زۆیان تێ بکەن ، ئیتر دڵداران و یاران دۆر ئەکەونەوە و زۆیان نابێ خۆیان دەرخەن و ، ئەو گۆشەگیر ئەبێ و ئەمیش لە خەفەتا دڵی ژائەچڵەکێ ..

خۆ ئەگەر (بگرە بەردەیی) بە (بیکری پەردەیی) بخوێنینەوە ، وەك لە هەندێ نوسخەدا نوسراوە و پاشان ئیشارەتیان بۆ ئەکەین ، ئەوا مەعنایەکیتری ناسك دێتە ئاراوە و ، (بیکر) واتە (کچ) باغەبانەکە ئەبێ و پاسەوانیی (باخەکەی) خۆی ئەکا و ، مەبەست لە (گوڵچین)یش لای ئەولا و ، مەبەست لە (بولبول کەنار گرتن)یش ئەوە ئەبێ کە بەری ئەولا جێیەکی تایبەتێ بۆ خۆی بگرێ و ، مەبەستیش لە (ژاچنینی دڵی غونچە) ترس لێنیشتنی خونچەی نەپشکوتوی (بیکر)ەکە ئەبێ ..

بگرە بەردەیی (عم) و (کم) و (گم) : بیکری پەردەیی . (ت) و (من)یش هەر لەم ئاقارەدا ئەسۆزێنەوە، بەڵام بە هەڵەوە . گوڵچین و (عم) و (گم) : گوڵچینی . (ت) و (خا) و (خب) : گوڵچین . بۆهەردوکیان ئەگونجێ .

(٧) خارا : جۆرە قوماشێکی ئاوریشمە لە جوانیدا وا دێتە پێش چاو کەوا شەپۆل ئەدا . دۆ جۆری هەیە : سادە و خەت خەت . جەبەل : چیا . دامێن : داوێن ، بنار . وەرد : گوڵ ، یا زەویی کێڵراو کە ئامادە کرابێ بۆ تۆو تیا داچاندن .

واتە : شاخ بەرگی گیا و گەڵای سەوز و شینی پۆشیوە کە لە

وادێ بووه به وادییی پڕ نۆری (طۆر)ی (نار)
(نەعلەین) لە پێ فڕێ بدە « نالێ » بە (ئەیمەنێ) (٨)

شەپۆل‌دانەوەی ڕەنگدا ئەڵێی پارچەی خارایە لەبەریا . داوێنی شاخیش هەمۆ هەر گوڵاڵە سۆرەیە ، یا زەویی هەڵگیڕراوەیە سۆر ئەکاتەوە .. دەستم بە داوێنی شاخ بێ و لە خێـــر و بەرەکەتی ئەو گوڵاڵە سۆرەیە یا ئەو وەردە هەڵگیڕراوەیەم دەسگیر ببێ ! .

هێنانی ڕستەی (دەستم بە دامەنی) بۆئەوەیە تێبگەین کە ئەشـــتوانرێ (جەبەل) بە (ئافرەتی بالاڵبەرز) مەعنای لێبدرێتەوە و ، ئەو کاتە مەعنای (وەردی سۆر) و چۆنیەتیی (دەس بە دامێن بۆن)یش ئاشکرا ئەبێ ..

لەنێوان (سەوز) و (شین) و (سۆر)دا تەناسوب و ، لەنێوان (دامێن) و (دامەن)دا جیناسی ناقیص هەیە .

شینی (اح) : سۆری. دامێنی (چر) و (عم) : دامێن. دیارە (دامێنی)یە. (گم) : داوێنی . وەردی (چر) : وەردە . (اح) : وەرد . بۆ (وەردی) و (وەردە)یش ئەگونجێ . سۆرە (چر) و (اح) : سەوزە .

(٨) وادێ : شیو . طۆر : کێوی طۆر . (نەعلـــەین) : جۆتـــە نەعل ، جۆتە کەوش . ئەیمەنێ : هێمنێ .

نالێ لەم بەیتەدا ئیشارەت ئەکا بـــۆ ئایەتی (فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ اِنَّكَ بِالوادِ الْمُقَدَّسِ طُوىً) لە باسی حەزرەتی مۆسادا ، واتە : پێڵاوەکانت داکەنە ، چونکە تۆ لە شیوی پیرۆزدای کە شیوی داوێنی کێوی طۆرە کە نۆری خوای تیا دەرکەوت بۆ مۆسا و شاخەکە بەو نۆرە گڕی تێبەربۆ سۆتا .. هەروەها لـــە وشەی (ئەیمەن)یشدا ئیشـــارەت بە دۆ ئایەتی‌تر کراوە کە هەر باسی ئەم بابەتە ئەکەن ، ئەوانەش ئایەتی (.. مِنْ جانِبِ الطُّورِ الاَيْمَنِ) و (.. مِنْ شاطِیءِ الْوادِی الايْمَنِ)ن .

واتە : دۆڵ و شیو بەهۆی داهاتنی بەهارەوە وەك شیوە پڕ لە نۆرەکەی طۆری لێ هاتووە کە گڕی تێبەربۆ .. کەواتە تۆیش ئەی نالێ ، وەك مۆسا، پێڵاوەکانت داکەنە و بەهێمنێ بە پێی ڕۆتێ بەسەر ئەو گوڵ و گیایەدا بڕۆ.

لەنێوان (نۆر) و (طۆر)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (نـــۆر) و (نار)دا جیناسی لاحیق و تەناسوب و، لەنێوان (وادێ) و (نەعلەین)دا تەناسوب و، لە (وادێ) و (نەعلەین) و (هێمنی)دا ئیقتیباس هەیە .

طۆری (چـــر) و (کـــم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خـــا) : طـــۆر . دیارە (طۆری)یە . (تو) و (عب) و (خب) : طۆر و . مەعنای نایەت .

قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دنیایی دەنێ ،
قەدری ئەو کەمتر و ، هەردۆ لە غەمی یەکدی غەنێ (١)

ئەم پارچە شیعرەمان لە دۆستی خۆشەویستمان د. عزالدین مصطفی رسولەوە دەس‌کەوت لەگەڵ چەند پارچە شیعرێکی جیاجیای‌تردا ، لەسەر پارچە کاغەزێکی کۆن و بە خەتێکی کۆن و فارسێ ئامێز لەلایەن (محمد) ناوێکەوە نۆسرابوەوە . کاغەز و خەتەکە لەوانە نەبۆن لەوەدا دۆدڵ بین کە هیچ نەبێ هیی ٨٠ — ٩٠ ساڵێك بەر لە ئەمرۆن . لەلای سەرەوەشیەوە نۆسرابو «مناضره (مناظره) نالی سلیمانی مع میرزا صفا الشیرازی» . واتە یەکتر بەزێنیی نالیی سولەیمانەیێ لەگەڵ میرزا صەفای شیرازێ . لە هیچ‌کام لە نوسخەکانی بەردەستیشمانا نیشانەیەکی کەمی ئەم پارچە شیعرە نییە ، بەڵام شێوەی دارشتنی، دەق، شێوەی دارشتنی شیعری نالییە .

لەبارەی ئەم میرزا صەفای شیرازییەوە هیچ ئاگادارییەکمان نییە . بەڵام لە چەند بەشێکی پارچە شیعرەکەوە هەندێ شتمان بۆ دەرئەکەوێ . بۆنموونە لێیەوە دەرئەکەوێ کەوا ئەم میرزایە کابرایەکی دەسەڵاتداری ئێرانێ بووە و فارسیش بووە و شیعەش بووە . هەروەها ئەوەش دەرئەکەوێ کە زیاتر لەوانەیە نالێ لە مەدینە چاوی بەم میرزایە کەوتبێ و، لەسەر مەسەلەیەکی ئایینیش و سیاسییش (بە نیشانەی ناوهێنانی کورد و فارس و عەرەبدا لە پارچە شیعرەکەدا) لەگەڵیا تێگیرابێ و بۆیە ئەم پارچە شیعرەی وتبێ .

سەرێکی هەستی سیاسیی نالێ لەم پارچە شیعرەوە بەئاشکرا دیارە ، ئەوەش نەویستنی عەجەمە کە لە هەندێ شیعری‌تریشیا دەرئەکەوێ . لە پاڵی یەکا ڕێزکردنی ناوی کوردو عەرەبیش نیشانەی جۆرە دۆستایەتییەکیەتی لەگەڵ عەرەب . سەرەڕای هەموێ ئەمە ، ئەم پارچە شیعرە نیشانەی پایەی کۆمەڵایەتیی نالێ و سەربەدەرەوە بۆییەتی . ئەگینا مەلایەکی کوردی بێ‌کەس و بێ‌دەر و نامۆ چییەتی لە غەریبیدا خۆی بدا لە قەرەی کابرایەکی دەسەڵاتداری ئێرانێ و بە ڕۆیا هەڵشاخێ و بە شیعری سەرشکێنی خۆی بەدناوی بکا و بیزڕێنێ .

(١) دەنێ : سۆك . یەکدێ : یەکتر . غەنێ : بێئیحتیاج .

طاغی‌یو باغی‌یو ، باغی گوڵ و نه‌یره‌نگ و فه‌نی
شاد و شادابه به گوڵ ئاته‌شی‌یو ناره‌وه‌نی (٢)

هێنده دڵخۆشه له‌به‌ر سه‌بزی‌یو دار و ده‌وه‌نی ،
که ده‌ڕه‌قصێ وه‌کو شاخ و فه‌نه‌ن و نه‌سته‌ره‌نی (٣)

له خه‌زان بێ‌خه‌به‌ره به‌رگی به‌هار و چه‌مه‌نی
بێ‌به‌قایی گوڵ و سه‌رو و سه‌مه‌ن و یاسه‌مه‌نی (٤)

واته : سامان و ده‌سه‌ڵاتی بێ‌بایه‌خی دنیا به چ چاوێك سه‌یری منی شاعیری ده‌رۆن‌به‌رز و سه‌ر شۆڕنه‌کردۆ بکا و چه‌ندم ڕێز لێ‌بگرێ ، منیش هه‌ر به‌وچاوه سه‌یری ئه‌و ئه‌که‌م و ئه‌وه‌نده‌ی ڕێز لێ ئه‌گرم .. چونکه وه‌ك ئه‌و ئیشی به من نییه و هیچی له‌سه‌ر من په‌کی نه‌که‌وتووه ، منیش هه‌ر وام ..

مه‌به‌ستی نالێ له (ده‌وڵه‌تی دنیایی ده‌نێ) خاوه‌ن ده‌وڵه‌ته‌که‌یه که میرزای شیرازییه .

(٢) طاغێ : سه‌رکه‌ش و سته‌مکار . باغێ : یاخێ ، له‌خوانه‌ترس . نه‌یره‌نگ : فڕوفێڵ و جادۆگه‌رێ . فه‌ن : هونه‌ر و جوانێ . فڕوفێڵ . شاد : شادمان و گه‌ش . شاداب : تێراو . گوڵ‌ئاته‌شێ : گوڵه‌هه‌نار ، گوڵێکی سۆره . ناره‌وه‌ن : دره‌ختێکی گه‌ڵاپڕی سێبه‌ر خۆشه .

واته : میرزای دنیادار کابرایه‌کی سه‌رکه‌ش و له خوا یاخێ و زۆرداره، باخی به‌دیمه‌ن پڕ له گوڵ و کاری هونه‌رمه‌ندانه و له‌ڕاستیدا پڕ له فڕوفێڵی ، گه‌ش و تێراوه به گوڵ و دره‌ختی به‌دیمه‌ن جوان و له‌ڕاستیدا بێ‌بۆن و به‌ری وه‌ك گوڵه هه‌نار و دار ناره‌وه‌ن .

له‌نێوان (طاغێ) و (باغێ)دا جیناسی لاحیق و ، له‌نێوان (باغێ) و (باغ)دا جیناسی ناقیص هه‌یه .

(٣) ده‌ڕه‌قصێ : سه‌مائه‌کا . شاخ : لق . فه‌نه‌ن : لقی ڕاست . نه‌سته‌ره‌ن : گوڵێکی بۆن‌خۆشه ، سۆر و سپیی هه‌یه .. به هه‌ر لقێکیه‌وه چه‌ند گوڵ ئه‌ڕوێ . دره‌خته‌که‌ی دڕکاوییه . وه‌ك گوڵه‌باخی لای خۆمان وایه .

واته : شیرازێ ئه‌وه‌نده له‌به‌ر سه‌وزێ و دار و ده‌وه‌نی باخی دنیا شادمان و دڵخۆشه ، وه‌ك له‌رینه‌وه‌ی چڵ و دار گوڵه‌کانی به‌ده‌م شنه‌ی باوه ، که‌وتووه‌ته سه‌ما ..

(٤) واته : میرزای شیرازێ به‌جۆرێ بایێ و غه‌ڕڕا بووه و وانازانێ ڕۆژان

فەلەکی میهر مەهی ، وەقتە تەواو بێ زەمەنی
کەوکەبەی ئەنجومیی‌یو دائیرەیی ئەنجومەنی (٥)

خوانی ئەلوانی زەمین و صەفی سینێ و صەحەنی
طەشت و طاس و طەبەق و لەنگەر و شەمع و لەگەنی (٦)

من وەکۆ ڕەعدم و تۆ وەك گوڵ و سەبزەی دیمەنی
من دەگرییم و دەنالێنم و نۆ پێ‌دەکەنێ (٧)

ڕۆژیان لەدوایە ، تەنانەت گەلاّی سەوزی درەختی بەهار و چیمەنی شینی ژینی بەختەوەری ، ئاگایان لەوە نییە کەوا پایزێکیش بەڕێوەیە ، جێگای بەهار ئەگرێتەوە و ، گوڵ و سەرو و سەمەن و یاسەمەن هەمۆ سیس ئەبن و ئەوەرێن و دواییان دێ .

(٥) میهر مەهـ : مانگی میهر ، یەکێکە لە مانگەکانی ساڵی شەمسێ ، لە ئاخری ئەیلۆلەوە دەس‌پێ‌ئەکا و سەرەتای پایزە . زەمەن : زەمان ، کات . کەوکەبە : کۆمەڵی بەشان‌وشکۆ . ئەنجوم : ئەستێرەکان . دائیرە : کۆڕبەستن و خڕبۆنەوە .

نالێ لەم بەیتەدا ڕستەی (تەواو بێ)ی لە یەك‌کاتا بە دۆ مەعنای جیا بەکارهێناوە و ، کردۆیە بە (فیعل) بۆ دۆ فاعیلی جیا . ئەڵێ : میرزای شیرازێ ئاگای لەوە نییە کەوا هاکا ئەستێرەی پایزی گەیشتە برجی خۆی و پایزی بە تەواوێ داهات و ، کەوا هاکا سەردەمی ئەستێرەی بەختی بەسەرچۆ و ، کۆڕی خڕبووەوەی دەوری ، لەبەر نەمانی خۆی بلاّوەیان لێ‌کرد .

(٦) خوان : سفرە . ئەلوان : ڕەنگاوڕەنگ . صەف : ڕیز . صەحەن : قاپ و قاچاخ . طاس : تاسە، کاسە . طەبەق : قاپی گەورەی چێشت . لەنگەر : لەنگەرێ . شەمع : مۆم .

واتە : میرزا لەوەش بێ‌ئاگایە کەوا هاکا خوانی ڕەنگاوڕەنگی پڕ لە هەمۆ جۆرە خواردن و ڕیزە سینێ و تەشت و قاپ و قاچاخ و ، چێشتخانەی ئاوەدانی بڕایەوە و هیچی بەسەر هیچەوە نەما .

(٧) ڕەعد : گرمەی هەور . دیمەن : جەمعی دیمنەیە واتە سەر سەلوێنك .

واتە : من کە ئەنالێنم و ئەگریم هەوری بەهارم گرمەم دێ و باران بەسەر زەویدا ئەبارێنم .. تۆیش کە بە هاوار و نارەحەتیی من زیاتر

ئەی دەراتۆ لە دو مەجرایی دو میزابی مەبـــال
مەبە بادێ وەکو خەرزیە بەهەوای کیبر و مەنێ (٨)

تەنی ڕاضێ بە خەشین پۆشیی وەک شێر و شوتور
بێ نیازە لە بڕێشم تەنیو پیلەتەنێ (٩)

ئەبۆژێیتەوە ، گژوگیای سەر سەلوێنکی بە بارانی فرمێسکی من سەوز ئەبێ و ئەڕوێی .

هێنانی ڕستەی (دەگرێم) لەم بەیتەدا نیشانەی بێدەسەلآتیی نـالێ نییە لە بەرابـەر میرزای شیرازیدا ، بـەڵکو نیشانەیلەخواترسێ و پێ ناخۆشبۆنیەتی بە مل‌کەچنەکردنی میرزای شیرازێ بۆ ڕاستێ . وەک چۆن (ڕەعد) کە واتە گرمە نیشانەی هێزە و (سەبزەی دیمەن)یش سەرەڕای مەعناکەی ئیشارەتە بـە فەرمودەی پێغەمبەر کە ئەفەرموێ (اِیـاکُمْ وَ خَضْرَاءَ الدِّمَنِ) واتە خۆتان بپارێزن لە ئافرەتی بەدیمەن جوان و بە ڕەوشت بەد و نازەسەن کە وەک گیای سەر سەلوێنک وایە .. کەواتە وا نالێ میرزای شوبهاند بەوجۆرە ئافرەتانە .

(٨) دەراتۆ : دەرهاتۆ . مەجرا : شوێنی پیا ڕۆیشتنی ئاو . میزاب : پلۆسک . مەبال : میزکردن . بادێ : بایێ . خەرزیە : ئالەتی پیاو . کیبر : فیـز . مەنێ : ئاوی پیاو .

واتە : ئەی کابرای ناچیز کە لە دۆ پلۆسکی میزی پیاوێک و ئافرەتێک هاتۆیتە دەرەوە ، لە خۆت بایێ مەبە و ، وەک (هینی) پیاو کە هەستێ و لەبەر پڕبۆن لە (ئاو) هەڵاوسێ ، با مەکەرە خۆت .

ئەشتوانرێ وشەی (مەنێ) بە (منێ) بخوێنرێتەوە واتە (من .. من کردن) .

لەنێوان (مەبال) و (خەرزیە) و (مەنێ)دا تەناسوب هەیە .. هەروەهـا وشەئاراییەکی وردیش لە (میزاب)دا هەیە کە سـەرەڕای مەعناکەی ، بەدیمەن بۆ ئەوەش دەست ئەدا لە (میز) و (ئاب) پێکهاتبێ .

(٩) خەشین پۆشێ : لەبەر کردنی بەرگی زبر . شوتور : حوشتر . بڕێشم تەنێ: چنینی قوماشی ئاوریشم . پیلەتەنێ : پاڵەوانێ .

واتە : لاشەی من کە وەک شێر و حوشتر فێری ژیانی تاڵ و سوێر بووە و ، ڕازییە وەک ئەوان پەڵاسێکی زبری لەبەرابێ ، بەتەمای هیچ نییە لەم دنیایەدا و پێویستی بەوە نییە جلی ئاوریشم لەبەرکا و زۆری

گوتم ئەی قیبلە قوزە ! بۆچی بە تەحریری حەریر
ڕاغیبی لیبسی عەجەم ، تاریکی بەرگی یەمەنی ؟ (١٠)
گوتی تاجی عەرەب و ، ئالی عەبا فەرموێان :
عەیبە تەن پەروەری یو نەرمی یو نازك بەدەنێ (١١)

ئێمە مەردین و هەموێ شێری خەشین پۆشی مەصاف
کرمی قەز هەرچی تەنێ ، بو تەنی نیسوانی تەنێ (١٢)

بازوێی خۆی بەکاربێنێ دەس درێژیی پێ بکاتە سەر خەڵك .

(١٠) قیبلە قوزە : ئارەزوباز و شەهوەت پەرست . تەحریر : ئامادەکردن . حەریر : ئاوریشم . ڕاغیب : ئەوەی ئارەزوێی لە شتێ بێ . تاریك : ئەوەی واز لە شتێ بێنێ .

واتە : بە میرزام وت هۆ کابرای ئارەزوپەرست ، بۆچی بە ئامادەکردنی جلی ئاوریشم و لەبەرکردنی ، پیشانی ئەدەی کەوا حەزت لە جلی ئاڵووالای ئێرانییە و جلی سادەی یەمەنێ لەبەرناکەی ؟

داوای لەبەرکردنی جلی سادەی یەمەنێ ئیشارەتە بەوە کە پێغەمبەر (د.خ) بوردی یەمەنیی لەبەرکردووە .

لە نوسخەکەی بەردەستمانا وشەی (قیبلە قوزە) بە (قیبلە فەزە) نوسراوە . فەز : واتە هینەکەی پیاو . ئێمە لامانوابو ئەوە هەڵەیە و ڕاستەکەی بەوجۆرەیە کە خۆمان نوسیومانە ، چ لە ڕوێ مەعناوە و چ لە ڕوێ وشەئاراییشەوە بۆ پەیوەند لەگەڵ (قەز)ی بەمەعنا کرمی ئاوریشم .

وشەی (قیبلە قوزە) کە بە ڕێنوسی جاران ئەشخوێنرایەوە (قیبلە قەزە) واتە ئەوەی ئاوریشم قیبلەیەتی ، نیشانەیەکی تری یارێ کردنی نالییە بە وشە .

(١١) تاجی عەرەب : پێغەمبەر (د. خ) . ئالی عەبا : ئالوبەیتی پێغەمبەر کە هەموێانی لە عابایەکەوە پێچاوە . تەنپەروەرێ : خزمەتکردنی لەش .

وەنەبێ وشەی (گوتی) لەمبەیتەدا وەڵامی میرزا بێ ، بەڵکو هەر درێژەی قسەی نالییە بەڵگە بۆ ڕاستیی ئەو قسەیە دێنێتەوە کە لە بەیتی پێشوودا کردی . واتە : پێغەمبەر کە تاجی سەری میللەتی عەرەبە و ئالوبەیت کە تۆ لای خۆت ، خۆت بە شوێن کەوتوێان دائەنێی ، فەرموێانە شوورەییە پیاو ئەوەندە خۆی بە خزمەتی لەش و لەبەرکردنی شتی نەرم و ، ناسکیی بەدەنیەوە خەریك بکا .

قەز ، بریشم ، کە حەرامە لە ژەجول ، نەك نیسوان
سوننەتی شەرعە ، ئەگەر تابیعی ئەهلی سونەنی (١٣)

تەرکی ئارایشی تەن نەقدی ژەواجی عەرەبە
تۆ عەجەم ، مەردی موزەخرەف تەنیو قەلبەزەنی (١٤)

---

(١٢) مەصاف : مەیدانی جەنگ . کرمی قەز : کرمی ئاوریشم . تەنێ ـ ی یەکەم و سێهەم ـ : لە تەندنەوەیە . تەنی ـ ی دۆهەم ـ : لەشی .

ئەمەی ئەم بەیتە قسەی نالێ خۆیەتی و بەڵگەی ڕاستیی ئەو قسانەیە کە لە دۆ بەیتی پێشۆدا وتنی و ، پلارە ئەیگرێتە میرزا . واتە : ئێمە پیاوین ، شێری پەڵاس لەبەرکەری مەیدانی جەنگین .. لەو خاو و خلیچکانە نین کە بەرگی ئاوریشم لەبەرئەکەن ، چونکە کرمی ئاوریشم هەرچی ئاوریشمی تەنیوە ، بۆ لاشەی ئافرەتی تەنیوە ..

نالێ ، بە مەبەستی یارێکردن بە وشە ، ئەوەشی مەبەست بووە (کرمی قەز) بە جۆرێکی‌تریش بخوێنرێتەوە و ، شوبهاندنێك دروست ببێ .

لەنێوان هەر دو (تەنێ) و (تەنی)دا جیناسی تەرکیب و ، لەنێوان هەردو (تەنێ) خۆیاندا جیناسی تەواو هەیە .

(١٣) ژەجول : پیاو . نیسوان : ژنان . ئەهلی سونەن : ئەهلی سوننەت و جەماعەت ، بەرابەرەکەی (شیعە) و (ئەهلی بیدەعەت)ە .

واتە : ئاوریشم کە حەرامە لە پیاو و حەڵاڵە بۆ ژن ، بۆیە وایە چونکە پێغەمبەر (د.خ) وای داناوە . جا تۆیش ئەگەر شوێن ڕێ و شوێنی پێغەمبەر کەوتۆی مەیکەرە بەرت و ، ئەگەر شوێنیشی نەکەوتۆی چێ ئەکەی بیکە .

ئەتوانرێ وشەی (بریشم) بە (بە ژیشم)یش بخوێنرێتەوە ..

(١٤) ئارایش : ژازاندنەوە . نەقدی ژەواج : پارەی بە برەو و مامەڵە پێکراو . موزەخرەف : ئەوەی خەریکی شتی هیچوپۆچ بێ و خۆی هەر بەدیمەن جوان کردبێ . قەڵبەزەن : بێکارە .

واتە : عادەتی باو لەناو عەرەباندا ئەوەیە خەریکی تاس و لۆس‌دانی خۆیان نەبن . . تۆی عەجەمیش کە هەر خەریکی ئارایش‌دان و ژازاندنەوەی خۆتی ، خەریکی کاری بێمایەیت و پیاوێکی هیچوپۆچی .. یاخود لاشەیەکی ساختە و هیچت هەیە و ، هەرچەند بەناو پیاوی ، وەك ئافرەتێکی قەڵب و بێکارە وای (بەپێی ئەوە کە « قەڵبەزەن » بە « قەڵب

میللەتی کورد و عەرەب هەردویەکە تەفرەقە بۆن
لە جەفاوو میحەنی مولکی (سەبا)وو یەمەنی (١٥)

وەکو ئەو کرمە لەێو قوبیەیی ئەبریشمدا
عاقیبەت موردەیی یەئسی عەمەل و بێ‌کەفەنێ (١٦)

زەن »یش ئەخوێنرێتەوە . بەمپێیە کۆکردنەوەی ئەم (زەن)ە لەگەڵ (مەرد) بێ‌ملاّمەت نییە !

هێنانی وشەی (تەرك)یش لە سەرەتای ئەم بەیتەدا کە جاران ئەنوسرا (ترك) و بە (تورك)یش ئەخوێنرایەوە ، بێ‌پەیوەندێ نییە لەگەڵ (عەرەب) و (عەجەم) لەم بەیتەدا . . زاراوی (مەردی موزەخرەف)یش جۆرە جنێوێکی ئێرانییانەیە .

(١٥) میحەن : جەمعی میحنەتە واتە بەلاّ . سەبا : دەولەتی سەبەء لە یەمەن .

نالێ لە بەیتی پێشودا تەعریفێکی عەرەبی کرد و پلارێکی گرتە عەجەم . لێرەشدا وەك بڵێی بیر ئەکاتەوە و بەدوای شتێکا ئەگەڕێ کورد و عەرەب یەکیان تیا گرتبێ و تیا هاودەرد بن ، ئەبینێ هەردولا وەك یەمەنییەکانی پاش ڕۆخانی عەماراوی (مەئرەب)یان لێ‌هاتووە کە پرژ و بلاّو بۆنەوە و هەر کۆمەڵێکیان کەوتنە لایەك . کوردە ، میرنشینییەکانی بابان و سۆران و ئەردەلاّن و میرنشینییەکانی‌تریان هەبۆ ، ڕۆم و عەجەم هەموّیان یەك لەدوای یەك قۆت دان و ، عەرەبیشە ، لە سەرانسەری ولاّتە پان و بەرینەکەیانا دەولەتێکی سەربەخۆیان نەبۆ لە دەولەت بچێ ، بەپێچەوانەی عەجەمەوە کە هەرچۆن بێ خاوەنی شتێ بۆن بۆ خۆیان .

ئەم وشەی (یەمەنی)یە لە دەسنۆسەکەی بەردەستمانا بۆ (یەمەنی) و بۆ (میحەنی)یش دەستئەدا ، بەلاّم ئەگەر (یەمەنی) بێ ، نوختە بۆ (ی)کەی نەکراوە و ، سەری (ی)کە زیاتر لە سەری (م) ئەچێ . ئێمە (یەمەنی)مان لا لەبارتر بۆ ، بۆیە وامانۆسییەوە .

(١٦) کرمی ئاوریشم خێوەتێ بە دەوری خۆیا ئەتەنێ و لەناو خێوەتەکەدا بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ خەریکی ئاوریشم تەنین ئەبێ . جا کە بییانەوێ ئاوریشمەکەی کۆبکەنەوە ، یا لەبەر تیشکی هەتاو یا لەناو ئاوی‌گەرمدا دای‌ئەنێن تا کرمەکە ئەمرێ . ئەگەر بشیانەوێ سۆد لە گەراکەی وەربگرن و کرمەکە زۆر بکەن ، ئەوا لێی‌ئەگەڕێن تا پێ‌ئەگا و (باڵغ) ئەبێ و خێوەتەکەی بەجێ‌ئەهێڵێ و دەس‌ئەکا بە گەرا فڕێ دان و ئەگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی .

چونکه «نالێ» ! لەسەر ئەم ئەرضە غەریبی وەطەنی
هەستە باری مەدەنێ بە ، مەدەنێ بە ، مە دەنێ (١٧)

— ١٣ —

موساوێ وەك یەك و لۆلن لە هەر دۆ لاوە زولفەینی
نمۆنەی عەکسی حەرفی (میم) و (نۆن) و (واو)ە زولفەینی (١)

ئەم بەیتەش مەعنای بەیتی پێشۆ تەواو ئەکا و ، نالێ لەم بەیتەدا پارچە پارچە بۆنی کورد و عەرەبی شوبهاندووە بەو حالەتەی کرمی ئاوریشم کە لەژێر خێوەتەکەی دەرئەچێ بۆ گەرا فرێدان و لەپاش گەرا فرێدانەکە ، گەراکانی ئەبن بە کرم و ئەچنە ژێر خێوەتێکی نوێ کە خۆیان ئامادەیان کردووە و ئەکەونە ئاوریشم دروستکردن و پاشان بۆ وەرگرتنی ئاوریشمەکەیان ئەمرێنرێن و بە نائومێدێ و لەئەنجامی کارکردنیانا بێکفن (واتە بێخێوەت) سەر ئەنێنەوە .

لە عەیبدارکردنی میرزای شیرازییەوە بەوە کە بەرگی ئاوریشم لەبەرئەکا و ، لە وەصفکردنی عەرەب و کوردەوە بەوە کە وەك کرمی ئاوریشم وان ، ئاوریشمەکە دروست ئەکەن و پاشان ئەمرن و ئەفەوتێن ، وا دێتە پێش چاو نالێ ویستبێتی بڵێ عەرەب و کورد کار ئەکەن و عەجەم ئەیخۆن . .

(١٧) هەستە : بۆن . هەستەبار : ئەوەی بۆنی بار بێ بەسەر شانی کەسێکەوە . ئەشگونجێ (هەستە) بەتەنها خۆی فیعلی ئەمر بێ .

بە وردێ مەعنای جیاوازی ئەم سێ وشەی (مەدەنێ)مانە بۆ ڕاست نەکراوەتەوە . ئەوەندەی بۆی بچین لامانوایە مەبەستی نالێ ئەوەبێ بە خۆی بڵێ : مادەم نامۆ و دۆر لە نیشتمانی و ژێت کەوتووەتە ئەم مەدینەی پێغەمبەرە (د. خ) ، خۆت بکە بە باری سەرشانی ئەو بۆئەوەی لەودنیا تکاکارت بێ و، ببە بە خەڵکی مەدینە و، سۆك و بێحورمەت مەبە، قەدری ئەو پێغەمبەرەت لە بەرچاو بێ کە لەپەنایدای . بەمپێیە (مە)ی دوا (مەدەنێ) بە مەعنا (نە) ئەبێ .

(١) موساوێ : چونیەك . عەکس : پێچەوانە .

واتە : هەردۆ زوڵفی یار لە هەردۆ لای ڕۆیەوە یا لە سەر و خواری هەردۆ زوڵفیەوە وەك یەك وان و هەردوکیشیان لۆلن ، هەر ئەڵێی حەرفی (میم) و (نۆن) و (واو)ن ، چۆن ناوی ئەم سێ حەرفە لە هەر سەرێکەوە

به داوه ، کرژ و خاوه ، یەعنی ئاڵۆزاوه زولفەینی
دۆ تاوه ، دۆ سیان و شێوەکەی شێواوه زولفەینی (٢)

پەرێشان و شکستە و سەرنیگۆن داماوه زولفەینی
تومەز بادی صەبای چین و خەطای لێ داوه زولفەینی (٣)

بیخوێنیتەوە هەر (میم) و (نۆن) و (واو)یان لێدەرئەچێ ، یاخود وەك چۆن ئەگەر شێوەی ئەم سێ حەرفە هەڵگێڕیتەوە ، بە خۆیان و پێچەوانەکەیانەوە وەك زوڵفی چونیەك و لۆلی یاریان لێ دەرئەچێ .

میم و نۆن و واوە (کم) و (گم) و («پەراوێزی» من) و (خا) : نۆن و میم و واوە . (تو) و (عب) و (من) : میم و واون داوە .

(٢) بە داوە : داوی بەدەمەوەیە ، فێڵبازە . دۆ تاو : ئەوەی بە دۆ جۆر هۆنرابێتەوە . سیا : ڕەش .

واتە : زوڵفەکانی یار ، دڵدار ئەکەن بە داوەوە و ، ئاڵۆزن ، بەشێکیان کرژ و بەشێکیان خاوە و ، لە خاوێ و کرژیدا چون یەك نین ، نە هەموێان کرژ و نە هەموێان خاون ، بە دۆ جۆر هۆنراونەتەوە ، دۆ زوڵفی ڕەشن و شێوەکەیان شێواو و تێکچووە .

دو تاوە (عم) و (گم) : دو تان و .

هەرچەند هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمان لە نیوە بەیتی یەکەمدا نۆسیویانە (بە داوە) و ، لە نیوە بەیتی دۆهەمدا ، (عم) و (گم) نەبێ ، نۆسیویانە (دو تاوە) ، ئێمە لامانوایە ڕاستەکەی (بە داو و) و (دو تاو و)وە ، چونکە ئەگەر وابێ (تا) بەرابەری (سیان) ڕائەوەستێ کە (تا) واتە یەك و ، (دوتا) خۆیشی واتە : پێچ و لۆل و شکاوە و ، بۆ زوڵف باشتر ئەگونجێ تا (دو تاو) کە هۆنینەوەی بەن و مۆ و شتیوایە .

لەنێوان (کرژ) و (خاو)دا طیباق و ، لەنێوان (داو) و (خاو)دا جیناسی لاحیق و ، لە کۆکردنەوەی (دۆ) و (سیان)دا بەدیمەن طیباق هەیە .

ئەم بەیتە لە (کم)دا نییە .

(٣) پەرێشان : بڵاو . شکستە : ئەو زوڵفەی ڕاست نەبێ ، لۆل بێ . سەرنگۆن : سەرەوخوار بووەوە . بادی صەبا : ئەو بایەیە لە بەینی ڕۆژەڵات و باکۆرەوە هەڵئەکا .

واتە : زوڵفەکانی ئاڵۆز و تێکشکاو و پرژ و بڵاون و ، وەك جاران سەریان ڕۆی نەکردووەتە یەك ، شۆڕ بۆنەتەوە . پێشان نەمئەزانی بۆچی

له جێی پاوانەوو گەردنلغی داناوە زولفەینی
کە وەك ئەژدەر لە پێووو گەردنی ئالاوە زولفەینی (٤)

دو جادۆ ماری مەغزی ئادەمی خواری قەرار داوە
لەسەر شانی ، وەکۆ ضەحاك و ، ناوی ناوە زولفەینی (٥)

وایە ، پاشان بۆم دەرکەوت تومەز ئەمە خەتای بای صەبای چین و خەتایە چینەکانی زولفی یاری تێکداوە .

پەرێشـــان و (عم) و (گم) : پەرێشانە و . شـــکستە و (چن) و (ك) : شکست و . ئەمیش هەر (شکستەو)ە . (اح) و (من) و (خـــا) و (خب) : شکستە . تومەز (چر) و (عم) و (تو) : تمەز . (« پەراوێزی » خا) : تومەس . بادی (چـــر) و (ك) و (تو) و (عب) و (اح) و (خب) : بـــاد . ئەمیش هەر (بادی)یە . (گم) : بایی . صەبای (گم) : سەبا ! . (خب) : صەبا . خەطای (عم) : خەتای . (کم) و (گم) : خوتـــەن . (تو) و (عب) و (من) : خەطا . لێداوە (کم) و (گم) : لێیداوە .

(٤) پاوانە : خشڵێکی زێڕە ژنان ئەیکەنە پێ . گەردنلغ : خشڵێکیتری زێڕە ئەکرێتـــە مل و بە لیرەیـــەکی زۆر ڕازاوەتـــەوە . ئـــەژدەر : ماریـــکی ئەفسانەییە ئاگر لە دەمی دەرئەچێ . ئەژدەها .

واتە : زوڵفەکانی یار ئەوەندە درێژن بەسەر سنگیا بلاو بۆنەتەوە و وەك پاوانە گەیشتۆنەتە بەر پێی . بۆیە ئەڵێی ماری ئەژدەرن لە گەردن و قاچی ئالاون .

هێنانی (پێ) و (گەردن) بەدوای (پاوانە) و (گەردنلغ)دا لەف و نەشری مورەتتەبە .

گەردنلغی (کم) : گەردانلغی . (گم) : گەردانەیی .. لە پێوو (عم) : لەسەر پێ و . (کم) و (گم) : لە شۆشەی !

(٥) جادۆ مار : ماری سیحرباز . مەغز : مێشك . خوار : بخـــۆر . قـــەرار داوە : داناوە . ضەحاك : ئەژدەهاکی بەناوبانگ .

نالێ لەم بەیتەدا ئیشارەتی بـــە ماری سیحربازەکانی فیرعەون و ، بە مارەکانی سەرشانی ئەژدەهاك کردووە و زوڵفەکانی یاری داناوە بەهەرکام لەم دۆ کۆمەڵە مارە و ، دەستبەســـەراگرتنی بیر و دڵی دڵدارانیشی داناوە بە خواردنی مێشکیان لە ئەفسانەکەی ئەژدەهاکدا . ئەڵێ : یار جۆتێ مـــاری وەك مارەکانی سیحربـــازەکانی فیرعـــەون ، ســـیحر لە

به طوڕڕه وەك پەڕی طاوس ، به گەردەن ئاهووه ، یەعنێ
لەسەر ئاهۆیی گەردەن هەر دو حەڵقەی داوه زولفەینی (٦)

به ظاهیر ظوڵمەت و دۆده ، به باطین نۆر و ، ناڕێکی
له عۆد و عەنبەر و میشکی خەطای بەرداوه زولفەینی (٧)

دڵداران‌کەر و ، وەك مارەکانی سەرشانی ئەژدەهاك ، عەقڵ له دڵداران سێنی خستووەته سەرشانی خۆی و ئەڵێ گوایه ئەمانه زوڵفن .. ئەمانه زوڵف نین مارن .

ضەحاك و : (چن) ضەححاك . دیاره (ضەححاك و)وه . (تو) و (عب) و (من) : ضەححاکه .

(٦) طوڕڕه : مۆی ئەملا و ئەولای ناوچاو . ئاهۆ : ئاسك .

واته : به مۆی جوانیا که وەك تیشکی خۆر ئەدرەوشێتەوه ، ئەڵێی طاوسه و ، به گەردنی بەرزیا ئەڵێی ئاسکه . زوڵفی طاوسینی به سەر شان و ملی ئاسکانەیدا ئەڵقه ئەڵقه بووه و لۆلی خواردووه .

طوڕڕه (من) : طوڕڕەی . وەك پەڕی (عم) و (عب) و (من) : پەڕڕی . طاوس (عم) : طاوۆسه و . (گم) : تاوس ! (عب) و (من) : طاوۆس و . داوه («پەراوێزی» چر) و (عب) و (تو) و (من) : چاوه .

(٧) ظوڵمەت : تاریکێ . دۆد : دۆکەڵ .

واته : زوڵفەکانی یار بەدیمەن لەبەر ڕەشێ ئەڵێی تاریکین و ، لەبەر لۆلخواردن و پێچپێچێ ئەڵێی دۆکەڵی باریکن .. بەڵام مەسەلەکه هەر ئەوەنده نییه ، تاریکاییی زوڵفی یار لەڕاستیدا ڕۆشناییی دڵی دڵدارانه و، له بن ئەو دۆکەڵی زوڵفەوه ئاگرێك هەیه (که ئاگری ڕۆی یاره) گڕی بەرداوەته عۆد و عەنبەر و میشکی بۆنخۆشی خەتا و خوتەنی ــ زوڵفەکه و ئەو بۆنه خۆشه که له زوڵفی یارەوه دێ هیی ئەوەیه .. بەپێی ئەم مەعنا لێدانەوەیه (زولفەینی) نابێ بە فاعیلی فیعلی (بەرداوه) ، بەڵکو فاعیلی فیعلەکه ئەگەڕێتەوه بۆ نۆر و (زولفەینی)یش (موضافو ئیلەیهێ)ی (خەطای)ه و (بەرداوه)یان کەوتووەته بەینەوه .

ئەشگونجێ (زولفەینی) فاعیلی (بەرداوه) بێ و مەعناکه وای لێبێتەوه : زوڵفەکانی یار ئاگرێکیان بەرداوەته عۆد و عەنبەر و میشکی خەطا و خوتەنی خۆیان و ، له هەمان‌کاتیشا که ئاگر بەرئەدەنه خۆیان ، بۆیشن به دۆکەڵ . بەپێی ئەم مەعنایەش دیسان مەبەسته له ئاگر تێبەردانەکه

شکەنجی تاری پڕ میشکی تەتار و تارە ، ئەمما ئەو
دوتا و ، هەر تایە باریکی لە عەنبەر ناوە زولفەینی (٨)

وەکو دوودی سیاهە ئاهی « نالێ » و ، ئەم ، ڕەقیبانە
لە سەر تا پێ لە بەرگی مەرگ و ماتەم ناوە زولفەینی (٩)

بلاوبوونەوەی بۆنە خۆشەکەی زوڵفەکانە .

ناریکی : ئەمە تێکستی (چن)ە . نوسخەکانیتر هەموو نوسیویانە : (تاریکێ) . ئێمە تەنها (چن)مان لێرەدا بە ڕاست زانێ . میشکی (چر) و (تو) و (اح) و (خا) و (خب) : میسکی . (چن) و (ك) : میسك . دیارە (میسکی)یە . خەطای (عم) و (گم) : خەتای . بەرداوە (کم) و (گم) : داناوە .

(٨) شکەنج : پێچ و لوولی زوڵف . تار ــ ی ــ یەکەم : تاڵ . میشکی تەتار : جۆرە میشکێکە ناوبانگی بۆنخۆشیی دەرکردووە . تار ــ ی دووەم ــ : ڕەش و تاریك . دوتا : دووباد . تا : تاڵ .

واتە : یار بەچەشنێکە ، پێچ و لوولی تاقە یەك تاڵی زوڵفی ، پڕە لە میشکی تاتار و بەتەنها خۆی ڕەش ئەکاتەوە ، کەچێ ئەو زوڵفەکانی دووبادن و ، هەر تاڵێکی ئەو زوڵفە دووبادانەی باریکی لە عەنبەر بار کردووە .. جا یارێك کە هەر تاڵێکی زوڵفی دووبادی ئەوەندەی عەنبەر پێوەبێ ، ئەبێ چجۆرە بۆنخۆشییەك بە دەوروبەریدا بلاو بکاتەوە !

لەنێوان (تار) و (تەتار)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (تا) و (بار)دا تەناسوب هەیە .

میشکی (چن) و (اح) : میسك . دیارە (میسکی)یە . (عب) : میشك . دیارە (میشکی)یە . تایە (عم) و (گم) : تایی .

ئەم بەیتە لە (خب)دا نییە .

(٩) ڕەقیبانە : وەك ڕەقیب ، وەك بەدکار .

واتە : ئاە و هەناسەی نالێ ، لەبەر دەردی دووریی یار ، وەك دووکەڵی ڕەشی لێ هاتووە ، کەچێ یار لەجیاتیی ئەوەی نیشانەیەکی خۆشێ پیشان بدا و کارێك بکا تۆزێ خۆشییش بخاتە دڵی نالێ ، وەك ناحەز و بەدکار کە هەر ناڕەحەتیی مرۆی بوێ ، سەرتاپای زوڵفی ڕەش کردووە و بەرگی ڕەشی مەرگ و ماتەمی کردووەتە بەری ..

نەفەس بگرە لە هاتوچۆیی خۆڕایێ هەتا ماوی
کە ئەم بایە هەتا ئێستاکە هەر عومری بە با داوی (١)

لەنێوان (بەرگ) و (مەرگ)دا جیناسی لاحیق هەیە .
سیاهە (گم) : سیایە . (تو) و (عب) : سیاه و . (خب) : سیاهە . بۆ (سیاهە)یش و (سیاه و)یش دەستئەدا . نالێ و : ئەمە تێکستی تەنها (چر) و (عم) و (گم)ە . نوسخەکانیتر هەموویان : نالێ . ڕەقیبانە (« پەراوێزی » چر) و (چن) و (عم) و (گم) و (ك) و (تو) و (عب) : ڕەقیبانەش . پێ (کم) : پای . (تو) : پێی . لە بەرگی (چر) و (عب) و (خب) : لە بەرگ . دیارە (بەرگی)یە . (چن) و (ك) و (اح) : بە بەرگ . دیارە (بە بەرگی)یە. (کم) : بە بەرگی. مەرگ و (چر) و (ك) و (اح) و (خب): مەرگ . دیارە (مەرگ و)وە . (چن) و (کم) و (گم) و (خا) : مەرگی (؟) .

- ١٤ -

(١) نالێ لەم پارچە شیعرەدا ، وەك هەر خواپەرستێکی ڕاستی پێ لە هەڵە و ناتەواویی خۆ ـ ناو ، بە سەر و گوێڵاکی خۆیدا دێ و تەرزە شکێنی ئەکا و ، بێباریی چەرخی گەردوون و بێبەریی ڕابواردنی دنیای ئەخاتە پێش چاو و داوای گەڕانەوەی لێ ئەکا لە خراپە و ، ئەڵێ :

ئەو ئەندازە عومرەی تائیستا بەسەرتبردووە ، تازە لە دەستت ڕۆیشتووە و بۆت ناگێڕرێتە دواوە تا چۆن باشتر بێ وای بەسەربەری . کەواتە ئەبێ بیرێ لەوەی بکەیتەوە کە ماوە . بۆیە ، تا ماوی هەناسەت بگرە مەهێڵە بەخۆڕایێ بڕوا ، چونکە هەر ئەو هەناسە بەخۆڕایێ دانەیە تائیستا عومری داوی بە با ..

لەڕاستیدا تێپەڕبوونی ژیانی مرۆ هەر ئەو هەناسانەیە کە ئەیاندا . جا ئەگەر ئەو هەناسە دانانەی بەدەم کارێکی بەسوودەوە بوبێ ، ئەوە دیارە عومری لەخۆڕایێ زایە نەبوە . خۆ ئەگەر بەکارێکی بەدەوە یا بەخۆڕایێ و بێ هیچ کارێك هەناسەی دابێ ، ئەوە دیارە عومری بە با ڕۆیشتووە .

لەنێوان هەردوو شەی (با)دا ، سەرەڕای ئەوەی کە هەرکامیان بۆ مەعنایەك بەکارهاتووە ، جیناسی تەواو هەیە .

هاتوچۆیی : ئەمە تێکستی (چر) و (چن) و (خب) و (من)ە . نوسخەکانیتر هەموو : (هاتوچۆنی) . کە ئەم بایە هەتا ئێستاکە (چن) : هەتا ئێستاکە ئەم بایە .

حەیاتت نەقدی تەحصیلی بەقاوو ژیبحی ژیضوانە
ئەتۆ دەیکەی بە مایەی دەخڵ و خەرج و کەسبی بەدناوێ (٢)

عەجەب ماوم لە جەرگت ، ئەی دڵەی غافڵ ، کە موددێکە
لەسەر ئەم ئاگرەم داناوی ، هێشتا هەر نەبرژاوی (٣)

مەثەل دنیا ژن و ، چەرخیش خەژەك ، دەمدەم بە دۆخی غەم
ژەگی تاری وجۆدت با دەدا ، هێشتاکو هەر خاوی (٤)

---

(٢) نەقد : پارە . تەحصیل : پەیداکردن . بەقا : ژیانی هەمیشەیێ لەو دنیادا و ناوی چاك لەم دنیادا . ژیبح : قازانجکردن . ژیضوان : ژەزامەندیی خوا و ، ناوی دەرگاوانی بەهەشتیشە . دەخڵ : دەسکەوت . خەرج : سەرفکردن . کەسب : پەیدا کردن . کاسبێ .

واتە : ژیانت وەك پارەیەك وایە خوا نابێتیە مشتت بۆئەوەی ناوی چاکی ئەم دنیا و ژیانی هەمیشەیی ئەو دنیای پێ پەیدا بکەی و ، ژەزامەندیی خوا و دەرگاوانی بەهەشتی پێ دەسخەی ، کەچی تۆ کردۆتە بەهۆی دەس خستنی مایەی بەدناوێ و ئابڕۆچۆن بۆخۆت . ژیبحی (چر) و (چن) و (عب) و (خا): ژیبح . دیارە (ژیبحی)یە . (ك) ژیبح و . ئەتۆ دەیکەی (کم) و (گم) : ئەتۆ ئەیکەی . (خب) : وەرە مەیکە .

(٣) واتە : ئەی دڵەی بێئاگا .. من سەرم لە تۆ سڕ ماوە ، چەند بەجەرگ و لەرەسەختی .. ماوەیەکی زۆرە لەسەر ئاگری ئەم دنیای بێبەقایەم داناوی . کەچێ هێشتا قاڵ نەبۆیت و نەبرژاوی و هێشتا هەر کاڵ و کرچ و بێتەجرەبەی .. زۆژگار تائیستاش کاری تێ نەکردۆی ، ئەڵێی نە بات دیوە و نە باران .

هەرچەند لێرەدا (جەرگ) بەمەعنا (جگەر) نییە ، کۆکردنەوەی لەگەڵ (دڵ) تەناسوبێکی جوانی تیایە .

دڵەی غافڵ (چر) و (خا) : دڵی غافڵ . (چن) و (ك) و (اح) : دڵەی نازك . (کم) و (گم) : دڵەی بەدخۆ . (ت) : ئەی دڵ ، ئەی غافڵ . (خب) : ئەی دڵی نازك . لەسەر (ت) و (عب) : لە گۆشەی . ئەم ئاگرەم . (عم) و (گم) : ئەم ئاورەم . هێشتا هەر (چن) : ئیستا هەر . (من) : هێشتاکو .

(٤) خەژەك : ئالەتێکی دەستییە ژنان لە مااڵ لۆکەی پێ ئەڕێسن و ئەیکەن بە دەزۆ . دۆخ : ئەویش هەر خەژەکە . ئەبێ ئەو بەشەی بێ کە لۆکەکە

زەمانە چەرخ و ، چەرخی ئاسمانیشی ، فەلەك فیلكە
سەری رژشتەی وجۆدی چەندە باداوی‌یو هەر ماوی (٥)

ئەرێسێ . تار : تاڵ . وجۆد : لەش .

واتە : دنیا وەك ژنێك وایە بەسەر خەرەكێكەوە خەریکی لۆکە رستن بێ و ، چەرخی گەردۆنیش خەرەکەیە ، هەمیشە بە دۆخی خەم و مەینەت تاڵی رەگەکانی لەشت بائەدا ، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ئەوەندە بێعاری تاڵەکانی لەشت با ناخۆن و هەر خاون و کرژ نابنەوە .

لەنێوان (دەم) و (غەم)دا جیناسی لاحیق هەیە .

ژن و (عم) : ژنە و . (کم) و (گم) : ژنە . دۆخی (چر) و (چن) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : دۆخ . دیارە (دۆخی)یە . (ت) : دۆك . دۆك : دۆخ . دیارە (دۆکی)یە . رەگی : ئەمە تێکستی (چن)ە . نوسخەکانی‌تر هەمۆ : (رەگ‌و) . بادەدا (کم) : بائەدا .

(٥) چەرخ ـ ی یەکەم ـ : هەرچی کە بسۆرێتەوە . لێرەدا مەبەست تەشبیە . چەرخ ـ ی دۆهەم ـ : سۆرانەوە . ئاسمانیشی : ئەبێ بە (نۆن)یکی گیراو بخوێنرێتەوە کە ئەگەر بیکەیتەوە ببێ بە دۆ نۆن و ببێ بە (ئاسمان نیشی) . ئەوکاتە (نیش) واتە چزۆ و لێرەدا مەبەست قولاپی سەرە تەشیە کە خوریەکە یا لۆکەکەی پێوە بەند ئەکرێ و لەئەنجامی هەڵسۆراندنی تەشییەکەدا ئەیکا بە بەن یا بە دەزۆ . فەلەك : ئاسمانەکان . فیلکە : سەرە خرەکەی تەشییەکە کە کراوە بەسەر دارە ستۆنییەکەیدا و قولاپەکەی لێ گیر کراوە . رژشتە : تاڵ . وجۆد : گیان ، لەش .

نالێ تەشبیهی ئەم بەیتەی لە زانستی ئاسمان شناسیی کۆنەوە هێناوە، ئەڵێ : زەمانە وەك تەشێ وایە و ، سۆرانەوەی ئاسمانیش لەبەرئەوە کە ئەبێ بەهۆی هەڵاتن و ئاوابۆنی رۆژ و پەیدابۆنی چوار وەرزەکە ، وەکو نۆکی تەشییەکەیە و، فەلەکیش واتە ئاسمانەکان وەك سەرە خرەکەیەتی و هەمیشە لە سۆرانەوەدایە . ئەم تەشیی چەرخی زەمانەیە ، تائیستا چەندین جار سەرە تاڵی گیانتی باداوە . بەڵام تۆ هەر خوریە خاوەکەی جارانی و نارێسرێی و چەرخی زەمانە کارت تێ‌ناکا .

چەرخ و (عم) و (کم) و (گم) و (من) : چەرخە . چەرخی (چر) : چەرخ . دیارە ئەمیش (چەرخی)یە . سەری : ئەمە تێکستی (عم) و (گم)ە . نوسخەکانی‌تر هەمۆ : (سەر) ، بەڵام دیارە (سەری)یە . وجۆدی : ئەمە

مەگەر مەیخانەیە دنیا کەوا کاسی لەبەر کەئسی !
بە نەغمەی عۆدی سۆتاوی ، بە نەشئەی طاسی تاساوی ! (٦)

ئەمێستەیش ، گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تاڵ و تاڵاوە
بە مەرگی تۆ ، لە پاشانیش دەخۆی تاڵاوی تاڵاوی (٧)

تێکستی (چر)ە . نوسخەکانیتر هەمۆ : (سروشتی) . چەندە (عم) : چەند. خاوی (عم) : ماوی .

ئەم بەیتە لە (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا)دا نییە . یەکێکیش ، بێ دەربڕینی هیچ جۆرە بەڵگەیەك ، لە پەراوێزی (چر)دا نۆسیویە : « هیی نالێ نییە » .

(٦) کەئس : پیاڵە . نەغمە : ئاواز . طاس : تاس ، پیاڵەی مەی .

واتە : ئەڵبەت ئەم جیهانە مەیخانەیە و ، تۆیش بە کاسەی شەرابی ئەم مەیخانەیە کاس بۆیی و ، ئاوازەی عۆد و ساز و سەمتۆری وا کاری تێکردۆی ، سۆتاندۆیتی و ، نەشئە و کەیفی پیاڵەی شەرابی لە گەرۆت گیراوە و تاساندۆیتی ..

لەنێوان (کاس) و (کەئس)دا جیناسی موضاریع و ، لەنێوان (کاس) و (طاس)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (سۆتاوی) و (تاساوی) و ، (طاس) و (تاساو)دا وشەئارایێ هەیە . لەنێوان (عۆد) و (سۆتاوی)یشدا جۆرە تەناسوبێك هەیە چونکە (عۆد)ی داری بۆنخۆش ئەسۆتێنرێ ، هەرچەند لێرەدا مەبەست لە (عۆد)ی مۆسیقایە .

مەیخانەیە دنیا (خا) : دنیا مەیخانەیە . عۆدی (چن) و (کم) و (ت) و (عب) و (من) : عۆد . ئەمیش هەر (عۆدی)یە . طاسی (چن) و (کم) و (عب) و (اح) : طاس . دیارە (طاسی)یە . (گم) و (خب) : تاسی . تاساوی : ئەمە تێکستی (کم) و (گم) و (ت) و (خب)ە . نوسخەکانیتر هەمۆ : (طاساوی) ، بەڵام هەڵەیە چونکە وشەکە کوردییە .

(٧) ئەمێستەیش : ئیستەیش . عوشرەت : ڕابواردن .

واتە : هەرچەند ئەوەش کە ئیستە بە خۆشێ و ڕابواردنی دائەنێی ، لەڕاستیدا خۆشێ و ڕابواردن نییە ، تاڵاو و ژاری ماڕە ، بەڵام پاش مەرگیشت ، یا بە مەرگت قەسەم لەمەوپاشیش ، لەودنیا تاڵاوێکت دەرخوارد ئەدرێ ئەوەندە تاڵ بێ وەك پوختە و خەستەی تاڵاوی ئەم دنیا وابێ ..

هەوای سەیری بەڕ و بەحر ئاگری بەرداوەتە عومرت
کە تۆزێ مونعەقید خاکی ، دڵۆپێ مونجەمید ئاوی ! (٨)

کە خاکی ، خاکی دامەن بە ، وەگەر نە ، تۆزی بەربادی
کە ئاوی ، ئاوی گەوهەر بە ، وەگەر نە ، بڵقی سەرئاوی (٩)

عەیش و (ت) : عیشق . دیارە (عیشق و)وە . عوشرەتت (چر) و (ت) و (عب) : عوشرەتی . (من) : عوشرەت . دیارە (عوشرەتی)یە . تاڵاوی (چر) و (چن) و (عم) و (ك) و (اح) : تاڵاو . دیارە (تاڵاوی)یە . (كم) و (گم) و (خا) : تاڵاو و . (ت) : هەر تاوێ .

ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی یانزەهەمە .

(٨) هەوا : ئارەزۆ . با . سەیر : گەڕان . تەماشا . تۆزێ : كەمێك . مونعەقید : بەیەكەوە نۆساو . مونجەمید : مەیو .

واتە : تۆێ كە ئەوەندە ناچیزی ، لە تۆزێ خاکی بەیەكەوە نۆساوی بە قوڕ بۆ و ، لە دڵۆپێ ئاوی مەیو پەیدا بۆیی ، ئارەزۆی گەشتی وڵاتان عومری بەفەتەرات بردۆیی و ئاگری تێبەرداوە .. چیتداوە لەم ئارەزۆبازییە ، لەجێی خۆتا داكەوە بیرێ لە خوای خۆت بكەرەوە .

ئەشتوانرێ مەعنای (هەوا) بە (با) و (سەیر) بە (تەماشا) لێبدرێتەوە .

مەبەست لەو (خاك)ەی كە بناغەی ئادەمیزادە ، ئەو خاكەیە كە خوا حەزرەتی ئادەمی لێ دروست كردووە و ، مەبەست لە (ئاو)یش ئەو ئاوەیە كە ئەو خاكەی پێوە شێلراوە ، یا تۆوی ئادەمیزادە .

لەوانەیە نالێ ئەم پارچە شیعرەی لە سەفەری حەجیدا وتبێ و ، دۆریش نییە ئەوە بگەیەنێ كە بە ڕێگای دەریادا ڕۆیشتبێ بۆ حیجاز .

لە كۆكردنەوەی (بەڕ) و (بەحر) و ، (ئاگر) و (ئاو) و (مونعەقید) و (مونجەمید)دا طیباق و ، لە كۆكردنەوەی (تۆزێ) و (خاك)یشدا جۆرە تەناسوبێك هەیە ، هەرچەند (تۆزێ) لە (تۆز) نییە و بەمەعنا (نەختێك)ە .

ئاگری (عم) : ئاوری . عومرت (ت) : بەرگت . (خا) : فیكرت . خاکی : ئەمە تێكستی (چر) و (چن) و (كم) و (گم)ە . نوسخەكانیتر هەمۆ : (خاك و) .

ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی سیانزەهەمە .

(٩) خاکی دامەن : ئەو خۆڵ و تۆزەی ئەنۆسێ بە داوێنەوە . بەرباد : فەوتاو ،

هەتا شەققەی فەلەك نەبوە بە كافوورێ كفن ، هەستە
كە ئەمشەو فرصەتە ، هێشتا فەلەك ماوێ ، ئەتۆش ماوی (١٠)

بابردۆ . ئاوی گەوهەر : ئەو دڵۆپە بارانەی ئەكەوێتە سكی صەدەف و ئەبێ بە دوڕڕی یەكتا .

واتە : مادەم تۆ لە تۆزێ خۆڵ و دڵۆپێ ئاو دروست كراوی و خاك و ئاوی ، فیز مەكە و خۆت بە زل مەزانە و ئەو خاكە بە كە ئەتوسێ بە داوێنی خەڵكەوە ، ئەگینا نابی بە هیچ و با ئەتبا وەك تۆز .. ئاوێكی بەنرخیش بە وەك ئەو دڵۆپە ئاوەی ئەچێتە ناو سكی صەدەفەوە و ئەبێ بە دوڕڕی یەكتا ، ئەگینا هیچ نیت و بڵقی سەراویت و پۆچیت و هەر ئەوەندەت زانێ تەقیتەوە و بۆی بە هیچ .

تۆزی (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : تۆز . بۆ (تۆزی)یش و (تۆزو)یش دەستئەدا . (عب) و (من) : تۆز و . سەر ئاوی (« پەراوێزی » چر) و (خا) : بێناوی .

ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی چواردەهەمە .

(١٠) شەققە : پارچە قوماش . فەلەك : ئاسمان . كافوورێ كفن : كفنی سپێ وەك كافور . ماوێ : شینی كاڵ ، ئاسمانێ .

واتە : تا خوا ئاسمانەكانی وەك پارچە خامی سپیی كفن نەپێچاوەتەوە و ئیسرافیل فوی نەكردووە بە صوورا و خەڵك هەموی نەمردووە ، ڕاستبەرەوە ، بیرێ لە دواڕۆژی خۆت بكەرەوە .. هێشتا هەل لە دەست دەرنەچوە و دەرگای تۆبە دانەخراوە .. هێشتا ئاسمان شینی كاڵە و تۆیش ماوی ، ئەگینا كە قیامەت داهات یا كە تۆ مردی ، مەیدانی تۆبە كردن نامێنێ و دەرگات لەڕۆدا دائەخرێ .

ئەم بەیتە ئیشارەتە بۆ ئایەتی (یَوْمَ نَطْوِی السَّمَاءَ كَطَیِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ) .

لەنێوان (كافوور) و (كفن)دا تەناسوب و ، لەنێوان (ماوێ) و (ماوی)دا جیناسی تەواو هەیە .

شەققەی (چر) و (چن) و (خا) : شەق . دیارە (شەققی)یە . (عب) و (من) : شەققی . كافووری : ئەمە تێكستی (عم) و (كم) و (گم)ە . (چر) و (چن) و (ك) و (اح) و (خب) : كافوور . دیارە (كافووری)یە . (ت) و (عب) و (من) : كافوور و . بەڵام هەڵەیە . هەستە (چن) : هەڵسە . هێشتا (خب): هەرتا . ماوێ : ئەمە تێكستی (چر) و (عب) و (من)ە . نوسخەكانیتر

نەوالّەی تۆبە دەربێنە ، هەتا تەن نەبوەتە سفرە
پیالّەی شیشە بشکێنە ، هەتا وەك کۆپە نەشکاوی (١١)

بە میعراجی سولۆکی سالیکاندا تا نەچێ ڕۆژێ ،
لەناو جەهلی مورەککەبدا دەمێنێ هەروەکۆ ماوی (١٢)

هەمۆ : (ماوە) . ئەتۆش (عم) و (گم) : ئەتۆیش .
ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی هەژدەهەمە .

(١١) نەوالّە : بابۆلّە . تەن : لەش .
نالێ لەمبەیتەدا تۆبە کردنی شوبهاندووە بە بابۆلّە ئامادە کردن بۆ خواردن و ، مردن و دەسەلّات نەمانیشی شوبهاندووە بەوە کە لەشی بنیادەم ڕاکێشرێ لە گۆڕا و بکرێ بە سفرە و خوانی مار و مێرۆ .
واتە : بەرلەوەی ببێ بە سفرە و خوانی مار و میرۆی ناو گۆڕ، بابۆلّەی تۆبە دەربێنە و نانی خۆت بخۆ و بە سکی تێرەوە بڕۆ بۆ سەفەری دواڕۆژ .. بەرلەوەی ببێ بە گۆزەی شکاو ، پیالّەی خۆت دەربێنە و شەرابی خۆت بخۆرەوە کە شەرابی گەڕانەوەیە لە گوناە و مسۆگەر کردنی بەختیاریی دواڕۆژە .
لەنێوان (نەوالّە) و (سفرە) و ، (پیالّە) و (شیشە) و ، (پیالّە) و (کۆپە)دا تەناسوب هەیە .
پیالّەی (چن) : پیالّە . دیارە (پیالّەی)یە . (عب) و (من) : پیالّە و . شیشە (چر) و (خا) : نۆبە . (کم) و (گم) و (ت) : تۆبە . بشکێنە (کم) و (گم) : مەشکێنە . کۆپە (« پەراوێزی » چر) : شیشە .
ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی حەڤدەهەمە .

(١٢) میعراج : هۆی بەرز بۆنەوە . بەرزبۆنەوە . سولۆك : ڕێگرتنەبەر . لە زاراوەی ئەهلی تەصەووفدا جۆرە خواپەرستییەکی تایبەتییە لە ڕێگای ئازاردانی دەرۆنەوە . سالیك : ڕێ گرتووەبەر . ئەو صۆفییەی خەریکی سولۆك بێ . جەهلی مورەککەب : ئەوەیە بنیادەم نەزان بێ و نەشزانێ کە نەزانە . بەرابەرەکەی (جەهلی بەسیط)ە کە ئەوەتە بنیادەم نەزان بێ و بزانێ کە نەزانە .
واتە : تا ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێت نەکەوێتە ئەو ڕێگایە کە چاکانی خوا گرتۆیانەتەبەر ، ئەوەندەی تۆسقالّێ خوا بەڕاستێ ناناسێ و ، وەك لەمەوبەر نەتزانیوە کە خوات نەناسیوە ، هەروا بە نەزانییش ئەمێنیتەوە .

گەدا ئینسان و دنیا غوربەتە « مِنْ حَیْثُ لا تَشْعُرْ »
بە هیممەت طالیبی چشتێکی نازانێ بڵێی ناوی (١٣)

شتێکە بی شەبیهـ و جینس و فەصڵ و کەشف و تەقریرە
موبەڕڕایە لە تەقریر و حەدیثی حادیث و ڕاوێ (١٤)

بەڵام ئەگەر ڕێت کەوتە ئەو ڕێگایەی ئەوان ، هیچ نەبێ ئاگادار ئەبێ کەوا تا ئەو کاتە نەزان بوێ و مەیدانی ئەوەت بۆ بەرەڵڵا ئەبێ کارێك بکەی ئەو نەزانییەت نەهێڵێ و خوا بەڕاستێ بناسێ .

زاراوەی (جەهلی موورەکەب) لە زاراوەکانی زانستی مەنطیقە .

ڕۆژێ (« پەراوێزی » چر) و (عب) و (من) : هەروا . لەناو : ئەمە تێکستی (چن) و (کم)ە . نوسخەکانیتر هەمۆ : (لەنێو) .

ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی پانزەهەمە .

(١٣) ئەم بەیتە وەك بەڵگەی بەیتی پێشۆ وایە . لە بەیتی پێشۆدا وتی تا ئەو ڕێگایە نەگریتەبەر کە چاکانی خوا گرتوویانەتەبەر ، هەر بە نەزانێ ئەمێنیتەوە و نایشزانی کەوا نەزانی .. لەم بەیتەشدا ئەڵێ .. تەنها گرتنەبەری ئەو ڕێگایە ، دەلاقەیەك بۆ بنیادەم ئەکاتەوە بە ڕۆی خواناسیدا، چونکە تۆ ئەی بنیادەم ، لەم جیهانەدا وەك کابرایەکی لات وای کەوتبێتە غەریبێ و ، داوای شتێ بکەی خۆیشت ناوەکەی نەزانێ و ، بشتەوێ بەخۆڕایێ بتدەنێ .. دیارە ئەو شتەت هەرگیز دەسگیر نابێ .

گەدا : ئەمە تێکستی («پەراوێزی» خا) و (عم) و (کم) و (گم)ە . (چر) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) : کە تۆ . (چن) و (خب)یش هەر بەم ئاقارەدا ئەسۆڕێنەوە لەگەڵ هەندێ هەڵەدا کە نیوە بەیتەکەیان پێ تێكئەچێ. مەعنای نیوە بەیتەکە بەپێی تێکستی ئەم نوسخانە باش نایەت. لاتشعر (عب) : لایشعر . (خب) : لانشعر . بڵێی : ئەمە تێکستی (گم) و (عب) و (من)ە . نوسخەکانیتر هەمۆ : (بڵێ) ، بەڵام لە ڕێنۆسی کۆندا هەردۆ وشە وەك یەك نۆسراون . ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی حەوتەمە .

(١٤) بێشەبیهـ : بێوێنە . جینس و فەصڵ : دۆ زاراوەی عیلمی مەنطیقن . مەنطیقییەکان بییانەوێ شتێك بە کەسێك بناسێنن لەپێشا بەجۆرێ باسی ئەکەن کە ئەو شتە و شتیتری لە گەلێ شتا وەك ئەویش بگرێتەوە ، بەوە ئەڵێن تەعریف بە جینس . پاشان بە جۆرێکی‌کەش باسی ئەکەن کە لە

نەزانینت لەبەر عیجزە ، نەوەك جەهلە ، کە ئەم چشتە
قەدیمە نایەتە تەقریری قەولی حاکیی‌یو زاوێ (١٥)

بێگانەی جیا بکاتەوە، بەوەش ئەڵێن تەعریف بە فەصڵ . بۆنموونە کە باسی بنیادەم ئەکەن و پێمانی ئەناسێنن ئەڵێن «گیاندارێکی گۆیایە» . «گیاندار» جینسە و هەمۆ گیانداری ئەگرێتەوە . « گۆیا »یش فەصڵە و تەنها بنیادەمی بەرئەکەوێ . کەشف : دەرخستن . زاراوەی ئەهلی تەصەووفە، بە حاڵەتێك ئەڵێن لە قۆناغێکی تایبەتیدا بۆ پیاوانی خوا پەیدا ئەبێ و توانایان ئەبێ هەندێ شتی‌وا بزانن بنیادەمی‌تر نەیزانێ و لە زێگای خوێندن و فێربۆنیشەوە نایزانن . تەقریر ــ ی یەکەم ــ : زاراوەیەکی مەلایانەیە ، بەوە ئەڵێن کە مامۆستا بابەتێك بۆ فەقێ لێك‌ئەداتەوە . موبەززا : پاك . تەقریر ــ ی دۆهەم ــ : جۆرێکە لە جۆرەکانی حەدیثی پێغەمبەر (د.خ) . حەدیث : فەرمۆدە یا کردەوەی پێغەمبەر یا بێدەنگ‌بۆنی لە شتێ . حادیث : شتێ نەبۆبێ و پەیدا بۆبێ ، دژی (قەدیم)ە . حادیث و قەدیم لە بابەت و زاراوەکانی عیلمی کەلامن . زاوێ: ئەوەی قسەی پێغەمبەر ئەگێزێتەوە دەماودەم .

واتە : ئەو شتەی بەدوایا وێڵیت و ناناسێ ، شتێکە لە وێنەی نییە ، بە هیچ جۆرە ناساندنێك بە کەس ناناسێنرێ ، نە شێخ ئەتوانێ بیدۆزێتەوە و نە مەلا ئەتوانێ لێکی‌بداتەوە .. نە (عولۆمی عەقلییە) پەیی پێ ئەبا و نە (عولۆمی نەقلییە) .. نە عیلمی کەلام سەری لێ دەرئەکا و، نە حەدیثی پێغەمبەریش زۆنی ئەکاتەوە ..

وشەی (بێشەبیهـ) ئیشارەتە بە ئایەتی (لَیْسَ کَمِثْلِهِ شَیْءٌ) .
لەنێوان (جینس) و (فەصڵ)دا تەناسوب و ، لەنێوان (کەشف) و (تەقریر)دا طیباق و ، لەنێوان (حەدیث) و (حادیث)دا جیناسی لاحیق و، لەنێوان (حەدیث) و (زاوێ)دا تەناسوب هەیە .

شتێکە (چن) : کەسێك . دیارە (کەسێکە)یە . (کم) و (ك) و (عب) و (اح) و (من) و (خا) : شتێکی . کەشف و (عم) و (کم) و (گم) : دۆر لە . لە تەقریر و (ك) و (من) و (خب) : لە تەقریری . (اح) و (خا) : لە تەقریر . بۆ هەردوکیان ئەگونجێ . حادث و (چر) و (ك) و (اح) : حادیث . بۆ (حادیث و) و (حادیثی)یش دەستئەدا . (عب) و (من) : حاکی‌یو .
ئەم بەیتە لە (ت)دا نییە و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی هەشتەمە .

(١٥) عیجز : بێدەسەلاتی . حاکی : ئەوەی شتێ بگێزێتەوە .
واتە : کە نازانی کونهی ذاتی خوا چییە ، لەبەرئەوە نییە خۆت

له قورئاندا به (ما اُخْفِی لَهُمْ) مەکتوم و مەختوومە
بەیان نابێ بە تەفسیری دوصەد (کەششاف) و (بەیضاوێ) (١٦)

کابرایەکی نــەزانی ، لەبەرئەوەیە دەســەلآتت نییــە بیزانی و خوا هەر ئەوەندەی دەسەلآت داویتێ کــە ئیستا هەتە .. خوا خوایەکی قەدیم و بێسەرەتایە ، بە قسەی کەس باسی ناکرێ و زۆن ناکرێتەوە .

ئێمە وای بۆ ئەچین ئەم بەیتە و بەیتی پێشوێ ، نالێ یەکێکیانی لەجێی ئەویان نوسیبێ کە بە دڵی نەبوبێ ، چونکە لە گەلێ شتا لەیەکئەچن و دوبارە کردنەوەی وشەی (ڕاوێ)یش لە دو بەیتی لەپاڵ یەکدا تاڕادەیەک بێتامە . لاشمانوایە پێشوێیانی لەجیاتیی ئەمیان دانابێ ، چونکە تێکڕا ئەو پڕمەعناترە .

تەقریری (چــر) و (ك) : تەقریر و . (عم) و (کــم) و (ت) و (اح) : تەقریر . بۆ هەردوکیان دەستئەدا . (گم) : تەقریر . (عب) : تەعبیر . دیارە (تەعبیری)یە . (من) : تەعبیری . قەولی (گم) : بە قەولی .

ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی دوانزەهەمە .

(١٦) مەکتوم : شــاراوە . مەختوم : مۆرکراو . کەششاف : تەفسیرێکی قورئانە ناوی (الکشاف عن حقائق التنزیل ، وعیون الاقاویل ، في وجوه التاویل)ە ، موحەممەدی کوڕی عومەری خوارەزمێ (٤٧٦ ــ ٥٣٨ی . ك ١٠٨٣ ، ١٠٨٤ ــ ١١٤٣ ، ١١٤٤ی . ز) داینناوە . تەفسیرێکە بەپێی ڕێبازی بــیری موعتەزیلە و لەبارەی دەڕبــڕینی ڕووەکانی ڕەوانبێژیی قورئانەوە پایەیەکی بالآی هەیە . بەیضاوێ : تەفسیرێکە ناوی (انوار التنزیل واسرار التاویل)ە ئەبوسەعید ناصیروددین عەبدوڵلآی کوڕی عومەری بەیضاوێ داینناوە کە لە (٦٨٥ی . ك ــ ١٢٨٥ ، ١٢٨٦ی . ز)دا مردووە .

واتە : ئەو خوایە کە کەس لە کونهی ناگا ، لە قورئانا بە ئایەتی (فَلا تَعْلَمُ نَفْسٌ مــا اُخْفِی لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ اَعْیُنٍ ، جَــزاءً بِما کانوا یَعْمَلُوْنَ) باسی لێکراوە کە ڕاستییەکەی شاردووەتەوە چییە و دەرگای پەیبردن بە حەقیقەتی ئەوی مۆر کردووە و دوصەد تەفسیری قورئانی لە چەشنی (کەششاف) و (بەیضاوێ) ناتوانێ ڕۆنی بکاتەوە . ئەم ئایەتە واتە : هیچکام لەو پیاو چاکانە نازانن چییان لەو دنیا بۆ هەڵگیراوە لە پاداشی کرداریانا لەوشتانەی چاویان پێ فێنك ئەبێتەوە ، ئەو شتەش دیتنی خوایــە ، وەك خوا لە لایەکیتری قورئانا ئەفەرمــوێت (وُجُوهٌ یَوْمَئِذٍ ناضِرَةٌ ، الی رَبِّها ناظِرَةٌ) واتە : ئەو ڕۆژە زۆر ڕۆ گەشە

موبەییەن بۆ لە قورئاندا بە نـــۆری (قُرَّةُ الأَعْيُـنْ)
نە واضیح بۆ بە (کەششاف) و ، نە ڕۆشن بۆ بە (بەیضاوێ) (١٧)

کە جێگەت بۆ عیبادەت بێ ، چ فەوقانێ ، چ تەحتانێ
کە حوبیت بۆ سیادەت بێ ، چ (بەرزنجێ) ، چ (باراوێ) (١٨)

چونکە بۆ خوای خۆی ئەڕوانێ .

مەکتۆم (عب) و (من) : مەکتوب .

ئەم بەیتە لـــە (ت)دا نییە و ، لە (عم) و (کم) و (گم)دا لەگـــەڵ بەیتی دواێ لەجێی یەکتردان و ، لە (عب) و (من)یشدا بەیتی نۆهەمە .

(١٧) موبەییەن : ڕۆنکراوە .

مەعنای ئـــەم بەیتەش دەق وەك مەعنای بەیتی پێشـــۆ وایە . (قرة الاعین)یش بەشێکە لەو ئایەتە کە (ما اخفی لهم)ی بەیتی پێشۆی تیابۆ و لەوێ لێکمانداینەوە .

ئێمە لامانوایە نالێ یەکێ لەم بەیتە و بەیتی پێشۆی لەجێی ئەویان نۆسیبێ ، چونکە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە .

موبەییەن بۆ لە قورئاندا (عم) و (کم) و (گم) : لە قورئاندا موبەییەن بۆ . ئەم بەیتە لە (عب) و (من)دا بەیتی دەهەمە و ، لە (خب)یشدا نییە .

نەناسراوێك لە نوسخەی (چر)دا بە لاپاڵی بەیتی دوانزەهەمەوە تا ئەم بەیتە نۆسیویە : « شێوەیان بە هیی نالێ ناچێت » . بەڵام بۆ ؟ هیچی ڕۆن نەکردووەتەوە .

(١٨) فەوقانێ : سەرخان . تەحتانێ : ژێرخان . سیادەت : سەییدایەتێ . بەرزنجێ : سەیدی بەرزنجەیێ . بەرزنجە : مەڵبەندی ناوچەی سرۆچکە لە هەرێمی شارباژێڕ لە شارستانی سولەیمانێ . باراوێ : سەیدی باراوێ . باراو : دێیەکە لە ناوچەی چوارتا لە هەرێمی شارباژێڕ .

واتە : تـــۆ کە جێت بۆئەوە بـــوێ خواپەرستیی تیا بـــکەی ، هیچ جیاوازییەك لەنێوان سەرخان و ژێرخاندا نییە و ، ئەگەر بنیادەمت بۆئەوە خۆش بوێ کە لە نەوەی پێغەمبەرە (د.خ) ، هیچ جیاوازییەك لەنێوان سەیدی بەرزنجە و سەیدی باراوا نییە و هەمۆ هەر نەوەی پێغەمبەرن و ، ئەوە هیچ بایەخی نییە کە سەرخان بەرزە و ژێرخان لە بنەوەیە و ، بەرزنجـــە بەناوبانگە و بـــاراو لەوانـــەیە زۆرکەسی خەڵکی ناوچەکەش ناوی نەبیستبێ ..

مەکە دەعوایی پاکی‌یی نەسەب بۆ جیفەیی دونیا
کە سەیید بی ، چ (بەرزنجێ) ، چ (پیریایێ) ، چ (باراوێ) (١٩)

وەرە ئەم نیکتەیە من پێت‌بڵێم « نالێ » ئەگەر فەرضەن
هەمۆ دنیات بێ ، هێشتاکو هەر حەیران و داماوی (٢٠)

جێگەت (« پەراوێزی » چر) و (عب) و (من) : مەیلت . (چن) و (ك) و (اح) : جێگە . چ فەوقانێ ، چ تەحتانێ (عب) و (من) : چ تەحتانێ ، چ فەوقانێ .

ئەم بەیتە لە (ت)دا نییە و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی نۆزدەهەمە .

(١٩) جیفە : بۆگەن ، مردارەوەبۆ .

واتە : ئیددیعای ئەوە مەکە کە سەیدی (صحیح النسب)ی و کەس گومانی لەوەدا نییە کە ئەچیتەوە سەر پێغەمبەر (د.خ) و مەبەستیشت کۆکردنەوەی مالّی دنیا بێ کە وەك مردارەوەبۆ وایە . سەیید ، مادەم ڕاست بێ سەیید بێ ، فەرقی نییە سەیدی (بەرزنجەیێ) بێ کە هەموان بۆیان مۆر کردۆن سەیدن ، یا سەیدی (پیریایێ) بێ ، یا سەیدی (باراوێ) بێ کە لەوانەیە ئەوەندەی سەیدی (بەرزنجە) بەناوبانگ نەبن ..

بە ڕای ئێمە نالێ یەکێ لەم بەیتە و بەیتی پێشۆیشی لە جێی ئەویان نۆسیوە و ، وایشی بۆ ئەچین بەیتی پێشۆی لە جێی ئەم نۆسیبێ ، چونکە ئەو لەبارەی هونەرییەوە سەرکەوتۆترە .

جیفەیی (« پەراوێزی » چر) و (چن) و (ك) و (اح) و (خا) : زینەت . دیارە (زینەتی)یە . پیریایێ (ك) و (عب) و (اح) : پیریادێ .

ئەم بەیتە لە (عم) و (كم) و (گم) و (ت)دا نییە و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی شانزەهەمە .

لە نوسخەی (چر)دا بە خەتی کەسێکی‌تری غەیری (چروستانێ) ، لەسەر ئەم بەیتە نۆسراوە : «هیی نالێ نییە» .

(٢٠) فەرضەن : فرضاً ، گریمان ، با وای‌دانێین .

واتە : وەرە ، نالێ ، قسەیەکی ڕاست و وردت بۆ بکەم . ئەم دنیایشە هەمۆی هیی تۆ بێ ، بەوە نابی بە هیچ و هەروەکو ئیستا داماو و سەرسام ئەبی ، چونکە دەوڵەمەندیی ڕاستەقینە بە پارەداریێ نییە ، بەوەیە دەرۆن دەوڵەمەند بێ و ، ئەو دەردەش تۆ بەدەستیەوە گرفتاری ،

گوڵ که یاغێ و دەم درّاو بۆ ، کەوتە لاف و ڕەنگ و بۆی
باغەبان گوێی گرت و ، وا هێنای بە دەستی بەستە بۆی (١)

دەردی بێپارەیێ نییە ، دەردێکی گەلێ قۆڵترە ، لە ناخی دەروونی خۆتایە .. ئەو دەردەیە گۆشەیەکیت لە شیعرەکانتا دەربڕیوە .

ببێ (چر) و (چن) و (ت) و (خا) : بخۆی . هێشتاکو (ك) و (اح) : هێشتاکە .

(١) بەستە : بەسراو .

واتە : گوڵ کە پشکۆت و دەمی کردەوە و کەوتە هاش‌وهۆش و گەزاف لێدانی ئەوە کەوا خاوەنی ڕەنگی جوان و بۆنی خۆشە و ، وێستی شان لە شانی یار بدا ، باخەوان زۆر بە سۆکێ گوێی گرت و بە دەستی بەسراو هێنایە خزمەتی یار .

نالێ لەم‌بەیتەدا بە خەیاڵ داناوە کەوا کردنەوەی گوڵ و بە چەپك کردنی و بردنی بۆ یار ، لە حوکمی گرتن و بەدیل بردنیایە و ، لە تۆڵەی ئەوەدایە کە گوڵ ئێددیعای ئەوەی کردووە وەك یار جوانە و ، ئێددیعاکەشی ، کە دیارە دەم‌کردنەوە و وتنی ئەوێ ، بڕیتیە لە پشکۆتنی. لەبەرئەوە کە ئەم ئێددیعایەشی بە جۆرە بێحەیاییەك داناوە لەئاستی یاردا ، بە (دەم‌درّاوێ)ی داناوە و ، بڕیاری داوە کەوا ئەبێ لەسەر ئەو دەم درێژییە تەمێ بکرێ .

وشەی (دەستی بەستە) هەروەك مەعنای گیراوێ و دیلێ ئەگەیەنێ ، بەپێی ڕێنوسی کۆن ئەتوانرێ بە (دەستەی بەستە) واتە چەپکی بەسراویش بخوێنرێتەوە .

لەنێوان هەردۆ (بۆی)دا جیناسی تەواو و ، لەنێوان (دەستە) و (بەستە)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (دەم) و (دەست) و (گوێ) و ، (ڕەنگ) و (بۆ)یشدا تەناسوب هەیە .

که یاغی و : ئەمە تێکستی (چر) و (چن) و (عم) و (« پەراوێزی» خا)یە. (کم) : که باغێ . (گم) : که یاخێ و ! . (ت) و (من) : له باغی و . (عب): له باغی . (اح) و (خا) و (خب) : که باغێ و . دەستئەدا له (بەغی) بێ یا درابێتە پاڵ (باغ) . دەم درّاو بۆ (چر) و (خا) و (خب) : دەم درّاوە . (ت) و

ڕەنگی زەرد و سۆری خەوف و خەجڵەتی ، ئاوی حەیای
وا تکاو ، ئەرجۆ دەکەن عەفوی بکا وەك عەبدی خۆی (٢)

(ك) و (اح) : درّابو . ڕەنگ و بـۆی (چن) : ڕەنگی بـۆی . (؟) . (كم) و (خب) : ڕەنگ بـۆی . دیارە (ڕەنگ و بـۆی)ە . گوێی : ئەمە تێکستی (چر) و (كم) و (گـم) و (عب)ە . نوسـخەکانیتر هـەمۆ : گوێ . دیارە مەبەستە (گوێی)یە . وا هێنای (چر) : هێنای وا . (عم) و (كم) و (گم) : دای‌هێنا . (ت) : وای‌هێنا .

(٢) خەجڵەت : خەجاڵەتێ ، شەرمەزارێ . تکاو : ڕژاوە خـوار . ئەرجۆ : تکاکارێ .

واتە : گوڵیش لەترسی ئەوەی کە کردیانەوە و بردیان بۆلای یار و ، لە شەرمەزاریی ئیددیعاکەی پێشۆی خۆیدا کە حەیـای پێ چۆ ، ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد و ، ئیستا ئەم ڕەنگی زەرد و سـۆرەی و ئەم ئاو لـە ڕۆ بڕانەی تکای بۆ ئەکەن لای یار کە وەك بەندەی خۆی لێی ببۆرێ و لێی خۆش بێ .

نالێ لەم بەیتەشدا داینـاوە کە زەرد و سـۆریی گـوڵ ، کە دیارە گوڵ هەندێکی زەردە و هەندێکی سۆرە ، و کاڵ و کز بۆن و ئاو لە ڕۆ بڕانی ، کە دیارە گوڵ کە کرایەوە وردە وردە تەڕایێ لە ڕۆی ئەبڕێ ــ لە ترس و لە شەرمەزاریەتی لەوە کە ئیددیعای جـوانیی کردووە لەئاستی یارا و شانی داوە لە شانی .. جوانتر بۆ ئەگەر نالێ باسی کزییەکەشی بکردایە و ئەویشی بە ترس و شەرمەزارێ دانایە ، خۆ دیارە گوڵی کراوە کزیشە و بەرەو سیس‌بۆن ئەڕۆا .

هێنانی (خەوف) و (خەجڵەت) بەدوای (زەرد) و (سـۆر)دا لەف و نەشری مورەتتـەبە .

زەرد و (چر) و (اح) و (خا) : زەردە و . سۆری : ئەمە تێکستی تەنها (ك)ە و ئێمە لامانوایە هەر ئەمە ڕاستە . ئەمەش تێکستی نوسخەکانیتر: (چر) و (خا) و (من) : شـۆری . (چن) : سـۆرە . (عم) و (كم) و (عم) : شۆر و . (ت) و (عب) و (اح) و (خب) : شۆر . خەوف و (چن) و (خا) : خەوف . بۆ (خەوف و) و (خەوفی)یش ئەگونجێ . (عم) و (كم) و (گم) : خەوفی . خەجڵەتی (عم) و (كم) و (گم) و (اح) : خـەجڵەت و . (ت) و (عب) و (خا) و (خب) : خەجڵەت . بۆ هەر سـێ ئیحتیمالەکە ئەشێ . (ك) : خەجڵەتە . وا تکاو (چن) : وا تکا . (ت) : وا دکا و . بەش‌بەحاڵی (وا تکاو) ، ئێمە لامانوایە ڕاستەکەی (داتکاو) بێ و بە هەڵەی نۆسیار

چونکه بێنی بێوەفایێ و ناز و شۆخیی لێ دەهات ،
ناردییە بازاڕی ڕیسوایێ کە بیدا شوست و شۆی (٣)

دەست بە دەست چۆ تا گەیشتە دەستی عەططاری سەفیە
نایە سەر نار و عەذابی ڕۆحی داوو سفت و سۆی (٤)

گۆڕابێ . ئەرجۆ دەکەن (عم) و (گم) : ئەرجۆ دەکا . (کم) : ئەرجۆ ئەکـا . (من) : ئەرجۆ تەکا .

نالێ لەمبەیتەدا (وا تکـاو)ی بۆ دۆ مەعنـا بەکارهێناوە : لەلایەکەوە پەیوەندی بە (ئاوی حەیـای)ەوە هەبێ و ، لە لایەکی کەشەوە (ئەرجۆ)ی عەطف کرابێتە سەر .

(٣) ڕیسوایێ : بێئابڕۆیێ . شوستوشۆ . داشتن ، شۆردن .

واتە : یار گوێی نەدایە گوڵ و تکا و پاڕانەوەکەی هیچ کاری تێ نەکرد، لەبەرئەوە کە بۆنی بێوەفایێ و فیزکردن و خۆ بە شت زانینی لێئەهات و ئەوەی لەبـیر چۆبۆ کە جوانیی لە جوانیی یارەوەیـە ، ناردیە بازاڕی ڕۆهەڵماڵراوێ کە لەوێ هەزاران کـەس ئەیبینـن ، بۆئەوەی لـەوێ لە تەشتی گوڵاو گرەوەکانا دایشۆرن و هەرچێ بۆنی هەیە هەمۆی بگرن و لە تلپێکی بێبۆن و هیچوپۆچ بەولاوە هیچی لێ نەمێنێتەوە .

نالێ لێرەشا بازاڕی گوڵاوگرەوەکانی داناوە بە حـەمام لەوەدا کە گوڵ ئەخەنە ناو تەشت و، کردنەوەی چەپکە گوڵەکانی داناوە بە ڕۆتکردنەوە و ڕیسواکردن و ، هەڵفلیقاندنی گوڵی لەناو تەشتا داناوە بە شتن و ، گوڵاو گرتنەکەی داناوە بە پاککردنەوە لـە بۆنی بێوەفایێ و فیزکردن و خۆ بە زل زانین ..

بێنی (عم) و (کم) و (گم) و (من) : بۆنی . شۆخیی (خب) : عیشوەی . لێدەهات (کم) : لێئەهات .

(٤) عەططار : گوڵاوگر . سەفیە : نەفام . نار : ئاگر . سفت و سۆ : دەست پیا هێنانی شت و ئەمدیو و ئەودیو کردنی تا هیچی پێوە نەمێنێ .

واتە : گوڵە بەچەپکراوەکە لە بازاڕا چەند ئەم دەس و ئەودەسی کرد تا سەردنجام گەیشتە دەستی وەستای گوڵاو دروستکەری نەفام کە قەدری گوڵی لا نییە ، گوڵەکەی خستە سەر ئاگر کوڵاندی و سزای گیانی دا و ئەوەندە دەستی پیاهێنا و ئەمدیو و ئەودیوی پێ کرد تڵپی تەڕی لێ بڕێ ..

چونکه مەنشوری گوڵەندامیی بە ناوی خۆی دەوێ
یار ، ئەگەر لەو باغییانە کەس بمێنێ ، عارە بۆی (٥)

مەهـ بە شەو هەڵدێ ، پەنا دەگرێت و دەنوێتن بە ژۆژ
دا بگاتە سیژێی پەچچەی پەرچەم و وەصفی برۆی (٦)

لەدوای وشـــەی (سفت و سۆی)ەوە فیعلێکی (دا) لەبـــەر ناچاریی سەنگی بەیتـــەکە قرتێنراوە کـــە (دا) ی (عەذابی ژۆحی دا) جێگەکەی گرتووەتەوە و مەعناکەی ئەبەخشێ .

نالێ لـــەم بەیتـــەدا گوڵی شوبهاندووە بـــە بنیـــادەم و کوڵاندنەکەیی شوبهاندووە بە (عەذابی ژۆح) .

دەست بە دەست (چر) و (عم) و (گم) : دەس بـــە دەس . نار و (ت) و (عب) و (خب) : نار . دیارە ئەمیش (نارو)وە . عـــەذابی (خا) : عەذاب . دیارە ئەمیش (عەذابی)یە .

(٥) مەنشوور : فەرمانی بڵاوکراوەی میرێ . باغێ : گوڵی ناو باخ یاخود یاخێ بۆ و لە ژێ لاداو . عار : شۆرەیێ .

واتە : یار ئەیەوێ لەم جیهانەدا کەس نەبێ لـــە جوانیدا بەربەرەکانێیی بکا و بوێرێ لە ژۆیا بڵێ منیش هەم .. ئەیەوێ فەرمانی بەخشینی لەقەبی (گوڵەندامێ) هەر بە نـــاوی خۆیەوە دەرچێ و کەسیتر ئـــەو لەقەبەی نەدرێتێ . بۆیە ئەگەر یەکێك لەو گوڵە باخانە ، یا لەو جوانە یاخێ بووانە کە سەری بـــۆ نانەوێنن ، بمێنێ لـــە دنیادا ، شۆرەییە بـــۆ ئەو و ، لەبەرئەوەش بـــۆ ئەم گۆبەندەی ساز کرد و گوڵی کوڵۆڵی گەیانـــد بەو سەرەنجامە ناخۆشە کە خستیانە سەر ئاگر و کوڵاندیان .

وشەی (یار) لـــەلایەکەوە فـــاعیلی (دەوێ)یـــە و ، لە لایەکیکەوە موبتەدایە و ژستەی (عارە بۆی) خەبەریەتی .

مەنشۆری (چن) و (کـــم) و (عب) و (اح) و (خا) : مەنشـــۆر . دیارە (مەنشۆری)یە . بە ناوی (چر) و (کم) و (ك) و (اح) و (خا) : بە نامی . (عب) : بە ناو . دیـــارە ئەمیش (بە ناوی)یـــە . (خب) : بە تاڵەی ، بە طالیعی . لەو باغییانە (چن) : لەو یاغییانە .

(٦) واتە : مانگ بە شەو هەڵدێ وەك مانگی یەکشەوە و وەك مانگی تەواو و ، بە ژۆژیش خۆی ئەشارێتـــەوە و ئەخـــەوێ ، بۆئەوەی بە شەو دۆر لە خۆژاگرتنی بەدکار و ناحەز ، لە کاتی یەکشەوەییدا بە حوکمی ئاشنایێ

گەر بڵێم : شەمسی ، دەڵێ : ئەو خۆش ڕووە بێ پەردەیە
وەر بڵێم : سەروی ، دەڵێ : ئەو ئەحمەقە کوا گفتوگۆی ! (٧)

لەگەڵ بڕۆی یار و بە حوکمی لەیەکچوونیان بتوانێ بە سەربەستێ تەماشای بڕۆی بکا و حاڵێ ببێ چییە . لەکاتی تەواوییشدا بــە حوکمی ئەوەی لە ڕۆی یار ئەچێ بدا لێی و لەو نزیکەوە لە ڕازی زوڵفی بگا کە بووە بە پەچە بەسەر ڕۆیەوە . بۆیە بە ڕۆژیش خۆی حەشار ئەدا چونکە ڕۆناکیی ڕۆژ ڕۆناکیی ڕۆی یارە و ، لەبەر ئەو ڕۆناکییە تەماشای هیچی پێ ناکرێ ..

ئەشتوانین مەعنای بەیتەکە وا لێبدەینەوە کــەوا زوڵف و بڕۆی یار ڕەشن و لە ڕەشیدا لە جینسی شەوی تاریکن . مانگیش بۆیە بە شەوی تاریك هەڵدێ تا لە تاریکاییی شەوەوە شتێك لــە ڕازی ڕەشیی زوڵف و بڕۆی یار حاڵێ ببێ .

دەنوێنن : ئەمە تێکستی تەنها (چن)ە و هەر ئەم نوسخەیەش مەعنای تارادەیەك دیــارە . (چر) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (مــن) و (خا) و (خب) : دەنوێنێ . (عم) و (کم) : ئەنوێنێ . دا (عم) و (کم) و (گم) : تا . پەچــەیی (عــم) و (گــم) و (ت) و (عب) و (مــن) و (خب) : پێچەیی . پەرچەم و (عم) و (کــم) و (گم) و (مــن) : پەرچەمی . وەصــفی : ئەمە تێکستی (چر) و (چن) و (خا)یە ، بــەڵام بە شێوەی (وەصف) کە دیارە (وەصفی)یە . (عــم) و (کــم) و (گم) : کــەتف و . (ت) و (ك) و (اح) : صەففی ، بەڵام لەشێوەی (صفّ)دا . (عب) و (خب) : کەشف . دیارە (کەشفی)یە .

(٧) واتە : ئەگەر یار بە خۆر بشوبهێنم لە جوانیدا ، ڕازێ نــابێ و بە کەمی ئەزانێ بۆ خــۆی و ئەڵێ بەڵێ ڕاســتە خۆر ڕۆخســاری جوانە ، بەڵام بەداخەوە ڕۆی بەدەرەوەیە و هەمۆ کەس ئەیبینێ . ئەگەر بە سەرویشی بشوبهێنم لە بەرزیی بالآیا ، دیسان هەر ڕازێ نابێ و بە کەمی ئەزانێ بۆ خۆی و ئەڵێ بەڵێ ڕاستە سەرو بالای خشــت و بەرزە ، بەڵام بەداخەوە ئەو کەرە قسە ناکا ..

(کەریەتێ)ی سەرو ئیشارەتە بەوە کە درێژە و ، درۆیەکی فۆلکلۆرییش هەیە کەوا گوایە بنیادەمی درێژ بێعەقڵە . بێگفتوگۆییشی ئیشارەتە بەوە کە گەڵای نییە تا کە با لێیدا خشەی بێ .

دەڵێ ــ لە هەردۆ نیوە بەیتەکەدا ــ (کم) و (من) : ئەڵێ . خۆشڕووە (چر) و (عب) و (اح) و (من) و (خــا) : خۆشڕۆ . دیارە ئــەبێ واوێکی عەطفیش لەدوایەوە بێ . (چن) : خۆشڕۆ و ، خۆشڕۆی . (عم) و (کم) و (گم) و (ت) : خۆشڕووی . وەر (چن) و (من) : گەر .

دیده‌وو دڵ هه‌ردو وا جۆبار و جۆیای قه‌ددی تۆن
سه‌روی دڵجۆی عه‌رعه‌ر و ، دڵجۆی نه‌مامی دیده‌جۆی (٨)

چونکه باوکی ژۆمی‌یو دایکی حه‌به‌ش بۆ ، ما به به‌ین
ژۆژ و شه‌و ، کافوور و میسکی ، ژۆ گه‌نم ، خاڵ ده‌نکه جۆی (٩)

---

(٨) جۆبار : جۆگا . جۆیا : ئه‌وه‌ی به‌دوای شتێکدا بگه‌ڕێ . قه‌دد : باڵا . دڵ جۆ : ئه‌وه‌ی دڵ بییه‌وێ . دیده‌جۆ : ئه‌وه‌ی چاو به‌دوایا بگه‌ڕێ .

واته : چاوم بووه به جۆگا و وێنه‌ی تۆ له قه‌راخیا ژواوه و دیمه‌نت هه‌رگیز له به‌رچاوم ون نابێ .. چاوم هه‌میشه به‌دواتا ئه‌گه‌ڕێ ئه‌یه‌وێ بتبینێ .. یادت له دڵما ژواوه و هه‌رگیز لێی هه‌ڵناکه‌نرێ و هه‌میشه بیرت لێ ئه‌که‌مه‌وه . تۆ ئه‌وه‌نده شۆخ و باڵابه‌رزی ، هه‌رچه‌ند سه‌روی ، به‌ڵام عه‌رعه‌ر به دڵ عاشقت بووه .. تۆ که‌سێکی ئه‌وه‌نده شۆخی ته‌نانه‌ت ئه‌و نه‌مامانه‌ش که دیده به‌دوایانا ئه‌گه‌ڕێ ، یا دیده بووه به جۆگه و ئه‌وان له قه‌راخیا ژواون ، به دڵ به‌دواتا ئه‌گه‌ڕێن و بیرت لێ ئه‌که‌نه‌وه .

دیده‌وو (کم) و (خب) : دیده‌یی . مه‌گه‌ر بڵێین بۆ دڵیش دۆ چاوی داناوه . هه‌ردو وا جۆبار و (چر) و (کم) و (ك) : هه‌ردو جۆباری . ئه‌بێ (هه‌ردووه) بێ . (عم) و (گم) : هه‌ردویان جۆبار و . (ت) و (عب) : هه‌ردۆ وا جۆبار . دیاره (جۆبار و)وه . (اح) و (خا) و (خب) : هه‌ردو جۆبار . دیاره (هه‌ردووه جۆباری)یه. سه‌روی (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : سه‌رو . دیاره (سه‌روی)یه . عه‌رعه‌ر و : ئه‌مه تێکستی (عب) و (خب)ه . نوسخه‌کانی‌تر هه‌مۆ : (عه‌رعه‌ره) . نه‌مامی (چن) و (ت) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : نه‌مام . دیاره (نه‌مامی)یه .

(٩) واته : له‌به‌رئه‌وه‌ی که یار باوکی ژۆمێ و سپییه و دایکی حه‌به‌شه‌یێ و ژه‌شه ، خۆیشی له‌و ناوه‌دا ماوه‌ته‌وه ، بۆیه ئازیز تۆ نه سپیی ته‌واو و نه ژه‌شی ته‌واوی ، له هه‌ردولات تیایه ، ژۆی ژۆناکی وه‌ك کافوورت له باوکته‌وه و زوڵفی ژه‌شی وه‌ك میسکت له دایکته‌وه بۆ هاتووه‌ته‌وه ، ژۆی گه‌نم ژه‌نگت له باوکته‌وه و خاڵی وه‌ك ده‌نکی جۆ ژه‌ش ژه‌شت له دایکته‌وه پێ بژاوه ..

باوکی (عب) و (خب) : باوك . ژۆمی‌یو : ئه‌مه تێکستی ته‌نها (چن)ه . نوسخه‌کانی‌تر هه‌مۆ : میصری‌یو . ئێمه ئه‌وه‌ی (چن)مان لا ڕاستتر بۆ . دایکی (چر) و (خا) : داکی . (ك) و (عب) و (اح) و (خا) : دایك . بۆ (دایکی)یش

من گوتم : سەروی قەدت مەوزۆنە ، ئەو طەبعەم هەیە
ئەو گوتی : « نالێ » بە میزابی کینایەتمان دەشۆی (١٠)

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ ، چونکە میثلی غونچەیە ، بۆیێ دەپشکوێ (١)

لەم وەعدە خۆشەدا گوڵ وگوڵ چیهرە ێکەڵن
یەك ڕەنگ و موتتەحید ، بە دڵ ، ئەمما بە تەن جوێ (٢)

ئەگونجێ . ما بە بەین : ئەمە تێکستی (چر) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا)یە . نوسخەکانیتر کەوتۆنەتە چەند هەڵەی جۆربەجۆری مەعنا نەبەخشەوە . ڕۆژ و (ت) و (ك) و (اح) : ڕۆژ . دیارە (ڕۆژ و)وە . کافوور و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : کافوور . دیارە (کافوور و)وە .

(١٠) میزاب : پلۆسك .

واتە : بە یارم وت : باڵای وەك سەروت بەرز و ڕێکە ، بۆیە کاریشی کردووەتە من و وا سروشتم ڕێك‌وپێکە و شیعری جوانم بۆ دێ (یاخود بە کینایە مەبەستی لەوەیە بڵێ بۆیە منیش ئارەزوم لێتە) . یاریش لە وەڵامدا وتی : بە ئاوی پلۆسکی کینایەی وەك میزاوت دامانمەشۆ . (مەبەستی یا لەوەیە بڵێ کینایەکانت ئەوەندە بێبایەخن شایانی شانی من نین و لەوە ئەچن بنیادەم بە ئاوی پلۆسکی باراناو داشۆرڕێ ، یاخود ، بەم‌کینایە بێتامانە مەمکە بە بنێشتە خۆشەی ژێرزمانی خەڵك و ناوم مەخەرە ناو ناوان) .

گوتم ، گوتی (کم) و (من) : وتم ، وتی . ئەو طەبعەم (عم) و (گم) : وا طەبعم . کینایەتمان (چر) و (چن) و (خا) : کیتابەتمان . لە («پەراوێزی» چن)یشدا (کینایەتمان) هەیە .

(١) واتە : تەشریف هێنانی بەهارە ، جیهان نوێ ئەکاتەوە و ، دڵیشی وەك خونچە وایە بۆیە بە هاتنی بەهاری نوێ ئەپشکوێ و ئەکرێتەوە .

(٢) گوڵ چیهرە : ئەو نازدارانەی ڕۆیان وەك گوڵ وایە . موتتەحید : بە یەك بۆ .

واتە : وەرزێکی ئەوەندە جوانە گوڵی پشکۆتۆ و نازدارانی ڕۆ وەك گوڵی تیا تێکەڵ بوون ، نازداران بەناو گوڵزار و باخچەکانا ئەسۆزێنەوە ،

عەرعەر عەدیلی قەددییە ، یەعنێ بەرابەرن
سونبول شەبیهی زوڵفییە ، فەرقی نییە موێ (٣)

لەم خۆشییە کە هێزمی مەطبەخ سەوز بووە ،
ماوم عەجەب لە دیدەیی صۆفێ کە نارۆێ ! (٤)

لەبارەی دەرۆنەوە هەمۆ لە یەك ئەچن و بنیادەم ناتوانێ لە یەکیان جیا بکاتەوە ، چونکە هەرچێ گوڵە یاری بولبولە و هەرچێ نازدارانیشن یاری دڵدارانیانن ، تەنها بەدیمەن لە یەك جوێن ، کەسێ بۆیان بڕوانێ ، دیاریان ئەکا و لە یەکیان ئەکاتەوە .

خۆشەدا (عم) و (گم) : خۆشە وا . گوڵ و (اح) : گوڵ . دیارە (گوڵ و)وە . (خا) : گوڵی . مەعنای نایەت . گوڵ چیهرە (چن) : گوڵ غونچە .

ئەم بەیتە ، لەگەڵ بەیتی پاشەوەی لە (عم) و (کم) و (گم)دا پاش و پێش و ، لە (عب) و (من)یشدا بەیتی چوارەمە .

(٣) عەدیل : هاوتا . موێ : مۆیەك .

واتە : لەم باخ و گوڵزاری بەهارەدا کە نازدارانی تێڕژاوە ، داری بەرز و باریکی عەرعەر ، دەق ، وەك باڵای یار وایە و ، ئەوەندەی یەکن . تاڵی گیای بۆنخۆشی سونبولیش کوتومت لە زوڵفەکانی ئەچێ ، مۆیەك چییە جیاوازییان لەبەینا نییە .

شوبهاندنی عەرعەر بە باڵای یار و ، سونبول بە زوڵفی ، بۆ دەربڕینی زیادڕەوییە لە بەرزێ و باریکیی باڵای یار و ، بۆنخۆشیی تاڵەکانی زوڵفیدا و پێیئەڵێن (تەشبیهی مەقلۆب) ، ئەگینا ئەبۆ باڵای یار بە عەرعەر و ، زوڵفی بە سونبول بشوبهێنرایە . وردەکارییەکی جوانیش لەوەدا هەیە کە نالێ ئەڵێ زوڵفی یار و سونبول مۆیەك جیاوازییان لەبەینا نییە ، لەکاتێکا کە زوڵف خۆی موە .

ئەم بەیتە لە (تو) و (عب) و (من)دا بەیتی پێنجەمە .

(٤) هێزم : دار . مەطبەخ : چێشتخانە . نارۆێ : سەوز نابێ . تەڕ نابێتەوە . ئەبڵەق نابێ .

واتە : ئا لەم وەرزە خۆشەدا کە هەمۆ شت لە جم‌وجۆڵ و گەشەکردن و بۆژانەوەدایە ، تەنانەت داری وشکی زەنگەقڵیشی چیشت خانەیش

تیپی شکۆفه ، خەیمەیی داوه له هەر طەرەف ،
یا شاهی نەوبەهاره ، هەڵی‌داوه هۆردوێ ؟! (٥)

دنیا که گوڵ گوڵێ بووه ، قوربان ، ئەتۆش وەره ••
طالیب بە گوڵ بە ، قەیدی چییە گوڵ گوڵی بوێ ! (٦)

سەوز بووەتەوە ، سەرم لە سۆفێ سڕماوە که چەند وشك و دڵڕەقە ، فرمێسکی شادمانێ ناکەوێتە چاوی و ، چاوی بە تەماشای ئەم دیمەنە جوانانەوە ئەبڵەق نابێ . دیارە صۆفێ وەك دڵی کوێرە ، چاویشی کوێرە و هیچ نابینێ .

سەوز بووە (عم) و (گم) : ڕوایەوە .

ئەم بەیتە لە (تو)دا بەیتی سێهەم و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی دۆهەمە .

(٥) شکۆف : شکۆفە ، هەڵاڵەی درەخت . خەیمە : دەوار . طەرەف : لا . هۆردۆ : لەشکر .

واتە : نازانم ئەم دیمەنە سپییە جوانەی ئەیبینم ، تیپی هەڵاڵەی درەختەکانە بۆ هەر لایەك ئەڕوانێ دەواری خۆی هەڵداوە ، یاخود شای نەوبەهارە بارگەی ئۆردۆی خستووە و خێوەتی سپیی بۆ داکوتاوە ؟!

تیپی : (عم) و (گم) نەبێ ، هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمان تیا کەوتۆنەتە هەڵەوە و وایان‌زانیوە عەرەبییە بە (طیپ) یا (طیب)یان نۆسیوە ! بۆیە ئەڵێین هەڵە چونکە ئاشکرایە لێرەدا مەبەست (طیب)ی عەرەبی بەمەعنا بۆن‌خۆشێ نییە . یا شاهی (ت) : پاشایی . بەپێی ئەم نوسخەیە نیوە بەیتی دۆهەم عەطف نابێ بۆسەر نیوە بەیتی یەکەم و ، لە هیچ‌کام لە دۆ نیوە بەیتەکەدا پرسیار نابێ ، بەڵکو هەمۆی (جوملەی خەبەرێ) ئەبێ و (شکۆف)یش (شکۆفە) ئەبێ و نیوە بەیتی دۆهەم (حوسنی تەعلیل) ئەبێ بۆ نیوە بەیتی یەکەم .

ئەم بەیتە لە (تو) و (عب) و (من)دا بەیتی شەشەمە .

(٦) گوڵگوڵێ : گوڵگوڵین . ئەوەی هەمۆ گیانی گوڵ بێ .

واتە : دنیا یەك پارچە بووە بە گوڵ و ڕازاوەتەوە . قوربان تۆیش وەرە بۆ سەیر ، مەڵێ من خۆم گوڵم ، پێویستم بە دیتنی گوڵ نییە .. هەر گوڵت بوێ چاکە ، قەید ناکا ئەگەر گوڵ بێ بۆ سەیری گوڵ ..

لەنێوان (گوڵگوڵێ) و (گوڵ ، گوڵی)دا جیناسی تەرکیب هەیە .

بولبول ، كه گەرمه نەغمەيى ، ئاگر دەكاتەوه
غونچه ، حەزينه ، جەرگ و دڵى بۆ دەكا توێ (٧)

«نالێ» ! زوبانەكەى تەڕ و پاراوى سەوسەنت
حەيرانى چاوى نێرگسه ، وەك لاڵه ، نادوێ .. (٨)

ئەتۆش (خب) : ئەتۆيش .
ئەم بەيته له (تو) و (عب) و (من)دا بەيتى حەوتەمه .

(٧) واته : بولبول دڵى له عەشقى گوڵدا ئەوەنده پڕه له سۆز ، به ئاوازێكى ئەوەنده گەرم و بەكوڵ ئەخوێنێ ، ئاگر بەرئەداته دڵى خونچەى دڵدارى . خونچەش يارێكى بەوەفايه پڕى دڵيه له خەفەت بۆ بولبولى دڵدارى ، بۆيه ئەپشكوێ و جەرگ و دڵى خۆى بۆ توێ ئەكاتەوه تا به ئاگرى ئاوازى ئەو بيبرژێنێ .
لەنێوان (دەكاتەوه) و (دەكا توێ)دا جۆره جيناسێكى تەركيب هەيه .

گەرمه نەغمەيى (عم) و (گم) : گەرمى نەغمەيه . (كم) : گەرم نەغمەيه . بۆ (گەرمى)يش دەسئەدا . (ت) : گەرمه نەغمەيه. ئاگر (عم) و (گم) : ئاور . غونچه حەزينه (چر) : غونچەى حەزينه . (گم) : خونچه حەزينه ! (خا) : غونچه حەزينەيى .
ئەم بەيته له (تو)دا بەيتى چوارەم و ، له (عب) و (من)دا بەيتى سێيەمه.

(٨) سەوسەن : گيايەكه گەڵايەكى باريك و درێژ و گوڵى جوان و ڕەنگاوڕەنگى هەيه .

واته : نالييا ! زوبانى درێژ و تەڕ و پاراوت كه ئەڵێى گەڵاى سەوسەنه، له نەتوانايى نييه ناتوانێ شيعرێ بڵێ شايانى ئەم نەوبەهاره جوانه بێ .. حەيرانى چاوى خەوالۆى نەرگس بووه ، وەك خەوى لێخستبێ واى بەسەرهێناوه و ، لاڵى كردووه و له گۆى خستووه ..

له كۆكردنەوەى (تەڕ) و (پاراو) و ، (سەوسەن) و (نێرگس)دا تەناسوب هەيه . هەروا لەگەڵ (لاله)ش بەديمەن ..

زوبانەكەى (گم) : زمانەكەى . (كم) : زمانێكى . (من) : زوبانێكى . پاراوى (چر) و (چن) و (تو) و (ك) و (عب) و (خا) : پاراو . دياره (پاراوى)يه . (كم) و (ت) و (اح) : پاراوه .

یار دڵی خوێنین و چاوی پڕ لە گریانی دەوێ
ئارێ ئارێ گوڵ لە باغان ئاوی بارانی دەوێ (١)

هەرکەسێ ڕۆی تۆ دەبینێ ، خۆی بە قوربانت دەکا
چونکە ئەبڕۆی تۆ هیلالی عیدە ، قوربانی دەوێ (٢)

— ١٧ —

(١) ئارێ : بەڵێ .

واتە : یار گوڵە سۆرەی باخانە ، بۆیە حەز لە شتێ ئەکا لە چەشنی خۆی بێ ، لەبەرئەوە ئەیەوێ دڵی دڵدارەکانی هەمیشە پڕ بێ لە خوێن و، بۆیەشە پەیدەرپەی ئازاری دڵیان ئەدا . لەبەرئەوەش کە گوڵەباخ هەمیشە پێویستی بە بارانە ئاوی بدا ، ئەیەوێ چاوی دڵدارەکانی هەمیشە پڕ بێ لە گریان .

خوێنین و (ت) و (اح) : خوێنین . بۆ (خوێنین و) و (خوێنینە)یش دەستئەدا . باغان (گم) : باخان ! . ئاوی (ك) و (اح) و (خا) : ئاو . دیارە (ئاوی)یە . (من) : تاوی . دەوێ ــ لە هەردۆ نیوەبەیتەکەدا (کم) و ، تەنها لە نیوەی دۆهەمدا (من) : ئەوێ . .

لە نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا حوسنی تەعلیل هەیە .

(٢) قوربان ــ ی دۆهەم ــ : قوربانێ . (ی)کەی ضەمیری غائیبە .

واتە : هەرکەس چاوی بە ڕۆمەتی وەك مانگی چواردەت ئەکەوێ ، ئەوەندە گرەویدەی ئەبێ، خۆی لە دەورت ئەگێڕێ و خۆی ئەکا بە قوربانێ بۆت ، کە قوربانییش لە (١٠) تا (١٤)ی مانگی قوربانداا ئەکرێ و ڕۆی تۆیش وەك مانگی (١٤) وایە . بۆیەش ئەوکەسەی چاوی بە ڕۆت بکەوێ خۆی ئەکا بە قوربانیی ، چونکە بڕۆت لە مانگی یەکشەوەی شەوی جەژنی قوربان ئەچێ کە خەڵك زۆر بەپەرۆشەوە بەدوایا ئەگەڕێن و ، هەر کە دییانەوە خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ قوربانێ کردن . کە ڕۆیشتیان دێ ، تێئەگەن گەیشتۆنەتە ڕۆژانی جەژن و (ایام التشریق) و ، کاتی قوربانێ کردنەکە هاتووە و خۆیان ئەکەن بە قوربانێ بۆت .

لەنێوان (قوربانت) و (قوربانی)دا جیناسی لاحیق هەیە .

ئاو له چاوانم به خوڕ دێ ، ئاگری دڵ ناکوژێتەوە
وەك جەهەننەم ئەم تەنورە ئاوی طۆفانی دەوێ (٣)

عەشق سوڵطانێکە هەر گا ڕۆ له وێرانێ بکات
ئاهی سەرد و ، ئەشکی گەرم و ، قەلبی بوریانی دەوێ (٤)

بەقوربانت (عم) و (گم) و (خب) : بـەقوربانی . دەکـا (کم) : ئەکا . هیلالی (چن) و (گم) و (من) : هیلاله . (ت) و (ك) و (عب) و (اح) : هیلال. دیارە (هیلالی)یە . (خـا) : هیـلال و . (گم) و (من) : عیدی . دەوێ ــ لێرە و له هەمۆ بەیتە داهاتووەکانیشا ــ (کم) و (من) : ئەوێ .

(٣) ئەڵێن گریان و فرمێسك ڕشتن کەف و کوڵی دڵ دائەمرکێنێتەوە و باری دڵ سوك ئەکا ، بەڵام ئەمە بەشبەحاڵی نالێ ڕاست نییە . بۆیە ئەڵێ : من هەمیشە چاوم بەخوڕ فرمێسکی لێ ئـەڕوا ، لەگەڵ ئەوەشا ئاگری دڵم ناکوژێتەوە.. وادیارە تەنوری دەروونی من ئەوەندە بەتینە لەئاستی ئاگری جەهەننەمدایە و بە گریانو فرمێسك چاری ناکرێ ، پێویستی بە تۆفانێکی وەك تۆفانەکەی نوحە هەڵسێ دایمرێنێتەوە .

لە دۆ تەعبیری (ئاو بەخوڕ هاتن) و (نەکوژانەوەی ئاگر)دا طیباقێکی جوان بەدێ ئەکرێ .

ئاگری دڵ (چر) و (عم) و (اح) و (خا) : ناری دڵ . (« پەراوێزێکی » چر) : ئاگری . ئەم (ت) و (اح) و (خا) : ئـەو . طۆفانی (گم) : تۆفانی ! (خب) : بارانی .

(٤) سوڵطان : خاوەن دەسەڵات . هەرگا : هەرکـاتێ . وێرانێ : وێرانەیەك. بوریان : برژاو و هەڵقرچاو .

واتە : خۆشەویسـتێ پادشایەکی‌خـاوەن دەسـەڵاتی‌وایە ڕۆ بکاتـە هەرلایەك کاری خۆی هەر ئەکا ، تەنانەت ئەگەر ڕێیشی بکەوێتە دڵێکی وێرانەی‌واوە کە هەرگیز مەعنای دڵداریی نەفامیبێ ، ئاهـ و هەنـاسەی سەرد و فرمێسکی گەرم و دڵی بەکەباب‌بۆی لێ ئـەوێ و پێیشی پەیـدا ئەکا ..

لەنێوان (سوڵطان) و (وێران) و ، (سـەرد) و (گـەرم)دا طیبـاق و ، لەنێوان (قەلب) و (بوریان)دا تەناسوب هەیە .

هەرگا (چن) و (عب) : هـەرگاه . (عم) : وەقتێ . لە وێرانێ (چر) و

دوَر له تۆ دڵ هێنده بێئارام و بێحاڵ کەوتووە
ئەی مەسیحای عەصر ! لەو لێوانە دەرمانی دەوێ (٥)

ڕۆم ئەوا زەرد بۆ وەکۆ پایز له هیجران « نالیا »
عەشق ئیستاکەش له من سەیلی بەهارانی دەوێ ! (٦)

(اح) و (خا) : له وێرانه . (عم) : له هەر موڵکێ . (ك) : له جێگایێ . (عب) : له ویرانێك .

ئەم بەیته له (ت)دا نییه .

(٥) مەسیحا : حەزرەتی عیسا که به چاككردنەوەی نەخۆش بەناوبانگ بووه .
عەصر : چەرخ .

واته : بەهۆی دەردی کاریگەری دوَریی باڵای تۆوه ئارام و ئۆقرەم لێ بڕاوه و دڵم لەسەر خۆی نەماوه . دەسا ئەی ئەوەی لەمچەرخەدا جێگەی حەزرەتی عیسات گرتووەتەوە ، دڵ دەرمانی دەردی خـۆی لەو لێوانەی تۆ ئەوێ که ماچێکه ...

ڕستەی (دوَر له تۆ) بۆئەوەش دەستئەدا که ڕستەی نزا بێ ، وەك ئەڵێن : دوَر بێ لێت ، زۆر نەخۆشم ..

هێنده (گم) : ئیسته . بێحاڵ (چر) و (عـم) و (کم) و (گم) و (من) و (خا) : بەدحاڵ . مەسیحای (عم) : مەسیحایی . عەصر (عم) : زەمـان . لێوانه (عم) و (گم) : لێوه .

ئەمبەیته له (عب) و (خب)دا نییه .

(٦) واته : من لەتاو دەردی دوَریی یار ، ڕۆم وەك گـەڵای زەردی پایز زەرد هەڵگەڕاوه و ، هێز و توانای گریانم لەبەر بڕاوه و کانیاوی چاوم وشکاوی هاتووه .. کەچێ عەشق هێشتا دەست له یەخەم ناکاتەوه و ئەیەوێ وەك لافاوی بەهـار فرمێسـکی بۆ هـەڵڕێژم .. مەبەسـتی لەوەیە بڵێ من گەیشتۆمەته پایزی تەمەن و خەفەت له هەموَلایەکەوه گەمـاروَی داوم ، کەچێ عەشق ئەیەوێ ئیستاش له تۆفی گەنجایەتێ و هەڕەتی لاویدا بم .

نیوەی یەکەمی ئەم بەیته له نوسخەکانی بەردەستمانا جیاوازیی زۆری تیایه . ئێمه لێرەدا لەسەر تێکستی (عم) و (کم) و (گم) و (من) ڕۆیشتوَین و ، وا تێکستی نوسخەکانیتریش وەك خۆیان ئەنوَسینەوە :

(چر) : **ڕۆم ئەوا «نالێ» کەوا زەردە لەبەر هیجرانی یار**

خاڵێ نییە ژەشماری دو زوڵفت لە بەڵایێ
حەڵقەی شەڕیان بەستووە هەر یێکە لە لایێ (١)

عاشق دڵی نایێ لە دلارامی جودا بێ
ئەڵبەت کە دلاڕامێ لەوێ بێ ، دڵی نایێ (٢)

(چن) و (عب) و (« پەراوێزی » من) :

ڕۆم ئەوا « نالێ » کەوا زەرد بۆ لەبەر هیجرانی تۆ

(« پەراوێزی » چر) و (خا) :

ڕۆم ئەوا زەرد بۆ وەکۆ پایز لە داغی هیجری تۆ

(« پەراوێزێکی‌تری » چر) :

ڕۆم ئەوا « نالێ » کە زەردە وا لەبەر هیجرانی یار

(ت) و (ك) و (اح) و (خا) :

ڕۆم ئەوا « نالێ » کە زەردە وا لەبەر هیجرانی تۆ

(خب) : **ڕۆم ئەوا «نالێ» کە زەرد بۆ من لەبەر هیجرانی یار**

— ١٨ —

(١) واتە : زوڵفەکانت کە ئەڵێی ژەشمارن بەڵایەکیان بەدەمەوەیە ، بێ‌ملاّمەت نییە هەریەکەیان لە لایەکەوە ئەڵقەیان بەستووە و لـە بەرابەری یەکتردا ڕاوەستاون خۆیان ئامادە کردووە بۆ شەڕ .

مەبەستی نالێ ئەوەیە بڵێ : بە هەر جۆر ئەگەر بەگژاچوونەکەیان زیانی بۆ خۆیان بووایە .. ئەوە ناخۆشە ، ئـەوەی زیـانی تۆش ئەبێ لەوناوەدا دڵداری بێچارەیە کە گیرۆدەی داوی ئەو زوڵفانە بووە .

زوڵفت (ك) : زوڵفی .

ئەم بەیتە لە (من)دا بەیتی شەشەمە .

(٢) دلاڕامی : مایەی ئارامیی دڵەکەی ، یارەکەی . جودا : جیا . دلاڕامێ : دڵ ئارامیی ، ئارامیی دڵ .

واتە : دڵدار حەز ناکا و دڵی نایەت لە مایەی ئارامیی دڵی خۆی جیا ببێتەوە کە یارەکەیەتی و ئەیەوێ هـەر لای بێ . دیـارە کە ئارامیی دڵی

بنوازێ خۆشیی ڕەقصی لەگەڵ خەرقەیی ئەزرەق
مومکین نییە بەم پاکییە ، لەم ئەرضە ، سەمایێ (٣)

مومکین نییە جەلبی دڵی خۆبان بە من و تۆ
نەمبیستووە تەسخیری مەلایك بە مەلایێ (٤)

دڵدار لای یار بێ ، دڵ هەرگیز ناگەڕێتەوە و یار بەجێناهێڵێ و نایەت .
لەنێوان هەردو (دڵی نایێ)دا جیناسی تەواو و ، لەنێوان (دلارامی) و (دلارامێ)دا جیناسی تەرکیب هەیە .
ئەڵبەت کە (چر) و (عب) : ئەڵبەتتە .
ئەم بەیتە لە (کم)دا نییە .

(٣) ڕەقص : سەما ، هەڵپەڕکێ . خەرقەی ئەزرەق : پاڵتۆی شین . سەما : ڕەقص . ئاسمان .
واتە : سەیرکە زەوێ بە بەرگی شینی بەهارییەوە چۆن ئەشنێتەوە ئەڵێی سەما ئەکا .. سەیرکە شنەکەی سەمایەکی چەند جوانە .. سەمای وا پاك ، یا ئاسمانی وا سایەقەی سامالّ و خاوێن ، لەم ڕۆی زەوییەدا هەرگیز نایەتەدێ . بەپێی مەعنای دۆهەم نالێ ڕۆی زەویی بە بەرگی بەهارییەوە شوبهاندووە بە ئاسمانی بێ پەڵە هەور .
لە کۆکردنەوەی (ئەرض) و (سەما)دا بەدیمەن طیباق و ، لە وشەی (سەما)دا تەوریە هەیە .
خۆشیی ڕەقصی : ئەمە تێکستی تەنها (ت)یە . (چر) و (ك) : خۆشێ و ڕەقصی . («پەراوێزی» چر) و (عم) و (کم) و (عب) و (من) : چ خۆش ڕەقصێ . (چن) و (خب) : خۆشیی ڕەقص . دیارە (ڕەقصی)یە . (گم) : چخۆش ڕەقص . (اح) و (خا) : خۆشێ و ڕەقص . بەم (گم) : بەو . لەم ئەرضە سەمایێ (گم) : لە ئەرز و لە سەما بێ . (خب) : لەم ئەرضە سەما بێ .
ئەم بەیتە لە (عم) و (کم) و (عب)دا بەیتی چوارەمە .

(٤) جەلب : ڕاکێشان . خۆبان : جوانان . تەسخیر : هێنانە ژێربار و ڕامکردن . مەلایك : مەلائیکە ، فریشتە .
نالێ لەم بەیتەدا ڕۆی دەمی ئەکاتە خۆی و هەر یەکێ بگری لە دڵداران . ئەڵێ : دڵی نازداران بە داماوی وەك من و تۆ ، ڕاناکێشرێ .. نازداران

نەقدی دڵ و جان بۆ قەدەمت نیمە بەهایە
غەیری ئەمە ، قوربان ، بە خودا نیمە بەهایێ (٥)

ئەی شەمع ! بترسە لە هەناسەم کە بگاتە
ئەو دۆکەڵی زوڵفە کە پەڕیشانە بە بایێ (٦)

ئەوەندە لە ڕکێف یاخین ، ئەڵێی مەلائیکەی خوان .. مەلائیکەی خوا لەکوێ بە مەلایەکی بەسەزمان ئەهێنرێتە ژێر بار !

لە نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا حوسنی تەعلیل هەیە . لەنێوان (مەلایك) و (مەلایێ)یشدا جیناسی لاحیق هەیە .

مومکین (چر) : قابیل . نەمبیستووە (چر) : مومکین نییە . (من) و (خب) : نەمدیوە . ئەبێ (نەمدیتووە) بێ ، ئەگینا بەیتەکە لەنگ ئەبێ .

ئەم بەیتە لە (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (عب)دا بەیتی پێنجەم و ، لە (خب)دا بەیتی شەشەمە .

(٥) نەقد : پارەی نەخت . قەدەم : هاتن ، پێ و قودۆم . نیمە : نیوە . بەها : بایێ ، نرخ .

واتە : تۆ ئەوەندە نازاری ئەگەر بنیادەم دڵ و گیانی بکا بە شاباشی ڕێت ، هێشتا کەمە و نیوەی ئەو ئەندازەیەیە کە شایانیەتی . منیش ، ئازیزەکەم ، هەر ئەم نیوە شك ئەبەم و وا لەبەر پێتا فڕێی ئەدەم ، هیوام وایە پەسەندت بێ ..

ئەشتوانین مەعنای بەیتەکە وا لێبدەینەوە بڵێین : ئەوەی شایانی شاباشی ڕێت بێ ، نەختینەی دڵ و گیانە ، بەڵام من دەمێکە دڵ و گیانم لەپێناوتا داناوە ، بۆیە ئەم نەختینەیەم نەماوە . ئازیزەکەم ، بەخوا ئەم نرخە شك نابەم ، شتێکیتر بفەرمۆ ، بەڵکو بمبێ بیکەم بە شاباشی ڕێت ..

لەنێوان (نیمە بەهایە) و (نیمە بەهایێ)دا جیناسی تەرکیب هەیە .

نیمە ــ ی یەکەم ــ (عم) و (کم) و (گم) و (من) : نیوە . بەهایە ــ ی یەکەم ــ (ك) و (اح) و (خا) و (خب) : بەهایێ . بەخودا (کم) و (گم) و (من) : بەخوا .

ئەم بەیتە لە (چر) و (خب)دا بەیتی چوارەم و ، لە (عم) و (کم) و (گم) و (عب)دا بەیتی سێیەمو ، لە (من)دا بەیتی یەکەمە .

(٦) شەمع : مۆم .

تا چاکی نەکەی پڕ لە هەوا سینەیی « نالێ »
وەك زەنگلە ئاوازەیی نالەی دڵی نایێ (٧)

— ١٩ —

وەرە ساقێ ! بە شین و نەدب و واوەی
ئەوا فەرشی حەیاتی خۆم دەکەم طەی (١)

نالێ لەم بەیتەدا کوڵمی یاری شوبهاندووە بە شـــەمعی داگیرساو و ، زوڵفی ڕەشی شوبهاندووە بە دۆکەڵی شەمعەکە کە زۆر باریك و ناسکە و، هەناسەی خۆیشی شوبهاندووە بە بایەکی توند و بەمە وێنەیەکی ئێجگار جوانی دروست کردووە ، ئەڵێ :

ئەی مۆمی کوڵمی هەڵگڕاوی یار ! با بەس بێ ئازاردانی دڵەی دڵدارانی دەرۆن بیماران ! بترسە لە هەناسەی ساردی نائومێدیم ، کە بگاتە زوڵفی ڕەشی وەك دۆکەڵی گڕی کوڵمت ، کە ئەوەندە ناسك و تاڵ تاڵە کەمترین با بڵاوەی پێ ئەکا و ئەیبا بە ئاسمانا ، چ جایێ هەناسەی ساردی من کە « کێو لە بن دێنێ » !

ئەو (« پەراوێزی » چر) و (خا) : ئەم . دۆکەڵی (چر) و (چن) و (ت) و (عب) و (خا) : دۆکەڵ . دیارە (دۆکەڵی)یە . (ك) و (اح) و (خب) : دۆکەڵە . زوڵفە (چن) : زوڵفەی .

ئەم بەیتە لە (من) و (خب)دا بەیتی پێنجەمە .

(٧) چاك : لەت . درز . هەوا : فۆ . هەوای عەشق . زەنگلە : زەنگ .

واتە : تا شمشاڵی پڕ لە (هەوا)ی دڵداریی ، سنگی نالێ ، بە هێزی (ژەندن) زۆر چاك لەت نەکەی ، یا تـــا زۆر چاك پڕی نەکەی لە هەوا ، ئاوازەی نالەی دڵی ، یا نالەی قامیشێکی بە چەشنی زەنگ لێ نایەت .

نالێ لەم بەیتەدا یەکێکی تری لە شاکارە هونەرییەکانی خۆی دەربڕیوە : لە یەك کاتدا (چاك)ی بەمەعنا (باش) و (درز) و ، (هەوا)ی بە مەعنای (فۆ) و (ئارەزۆی دڵـــداری) و ، (نایێ)ی بە مەعنـــای (شمشاڵێـــك) و (نـــایەت) بەکارهێناوە .

نالەی (چن) و (عم) و (کم) و (گم) و (عب) و (خب) : دەنگی .

(کم) ئەم پارچە شیعرەی لە تیپی (هێ)دا هۆنیوەتەوە و دوا تیپەکانی بە (هێ) داناوە ، بەمجۆرە : لایە ، نایە .. تاد .

دەزانێ خۆ دەچینە جێی غەریبان
بە مەرگی خۆت ئەگەر چاوان سیا کەی ! (٢)

- ١٩ -

(١) ساقێ : مەیگێڕ ، کینایەیە لە یـار . نەدب : گریان و هاوار و ڕۆ ڕۆ . واوەی : سۆکڵاوەی (واوەیل)ە ، واتە : بەدبەخت خۆم ! . طەی : پێچانەوە .

واتە : ئازیـز ! تا گیانێکم تیابۆ جارێك بە وەصڵی خـۆت دڵشادت نەکردم .. دەسا هیچ نەبێ ئیستا کەوا لەتاو دەردی دۆریت فەرشی ژیانم ئەپێچمەوە و کۆچی دوایێ ئەکەم ، وەرە تۆزێ بە سەرما بگرێ و کەمێك شین و ڕۆ ڕۆم بۆ بکە .

بە شین و نەدب و واوەی : ئەمە تێکستی (چن)ە . ئەمەش تێکستی نوسخەکانیتر وەك خۆیان : (چر) و (ت) و (عب) و (اح) و (خب) : بە شین مذهب وی . (عم) و (گم) : بە شینی مەذهەبی دەی . (کم) و (من) : بە شین و مەذهەب و وەی . دەکەم (کم) و (من) : ئەکەم .

ئەم بەیتە لە (خا)دا نییە .

لە دەسنۆسێکی دیوانی نالیدا کە وەختی خۆی دەست کاك موحەممەد موصطەفا هۆشەنگ کەوتووە و لەگەڵ نوسخە چاپەکەی (کم)دا بەراوردی پێ کردووە و وێنەیەکی بەراوردەکەی بۆ ناردۆین* ، لەم پارچە شیعرەدا، لەپاش ئەم بەیتەوە ، ئەم بەیتەی خوارەوەش هەیە :

عەزیزم ! بۆ ویصالت ، نااڵە تا کەی !
هەتا کەی ، چاوەکەم ، دەردم ! دەوا کەی !

لە دەسنۆسەکەی کاك هۆشەنگدا (تا کەی) بە (ناکەی) نۆسراوە . دیارە هەڵەیـە .

(٢) واتە : تۆ هەرگیز بە دەربەستی دڵی منەوە نەبۆیی .. توخوا ئەمجارە تۆزێ دڵم ڕاگرە و هاوبەشی دەردم بە ، ئەزانێ ئەچمە ئەو شوێنەی کە دانیشتووانی هەمیشـە بە غەریبێ ئەمێننەوە و ڕێیان ناکەوێـتەوە ناو کەس و کاریان (مەبەستی لە گۆرستانە) .. سا توخوا ئەمجارە چاوت مەڕێژە و با تۆزێ نیشانەی گریان بە چاوتەوە دیار بێ ..

---

* لە باسی «ئاخۆ دەسنۆسێکی (دیوانی نالێ) هەیە بە خەتی نالێ خۆی ؟»دا ، لە دوا لاپەڕەکاندا ، بەدرێژێ باسی ئەم دەسنۆسە کراوە .

گله ناکەم ئەوەندەی دەنکە جۆیێ
ئەگەر کەللەی سەریشم پڕ لە کا کەی (٣)

هەمۆ وەقتم دوعایە : داخۆ کەی بێ
بە تیرێکم شەهیدی کەربەلا کەی ؟! (٤)

نالێ ئەیەوێ بڵێ یار ئەوەندە دڵڕەقە پرسە گرتنیشی لە پرسە گرتنی خەڵك ناچێ . خەڵکێ کە کەسێکیان ئەمرێ بەرگی ڕەش ئەپۆشن .. ئەمیش کە دڵدارێکی دڵسۆزی وەك منی ئەمرێ (ڕەش) ناکاتەبەری ، ئەیکاتە چاوی .. دیارە ئەم ڕەشکردنە چاوەش وەك ڕەشپۆشێ نییە و ، نیشانەی شادییە . بۆیە نالێ پێیئەڵێ ڕەش مەکەرە چاوت و با تۆزێ نیشانەی خەفەتت پێوە دیار بێ ، بەڵام بە شێوەی ئەوە پێیئەڵێ کەوا بڵێ : بە مەرگی خۆتت سوێند ئەدەم خەفەتم بۆ مەخۆ و (ڕەش)م بۆ مەکەرە چاوت ..

دەزانێ (چر) و (عم) و (گم) و (ت) و (عب) و (خب) : دەزانم . (کم) و (من) : ئەزانێ . دەچینە (« پەراوێزی » چر) و (کم) و (ك) و (اح) (من) و (خا) : ئەچینە . (عم) و (گم) : دەچیتە (؟) .

لە دەسنوسەکەی لای کاك هۆشەنگدا، لەپاش ئەم بەیتی دۆهەمەشەوە، ئەم بەیتە هەیە :

بشمکەی شەق شەق و لەت لەت لەپاشان
حەطەب سۆزم کەی و خاکم بە با کەی !

(٣) گله : گلەیێ .

واتە : نازت لەسەرمە چونکە خۆشم ئەوێی ، بۆیە ئەگەر پاش مردنیش کەللە سەرم پڕ بکەی لە کا و لە مەیدانا وەك گۆ یاریی پێ بکەی ، ئەوەندەی دەنکە جۆیەك گلەییت لێ ناکەم .

(پڕکردنی کەللەسەر لە کا) کینایەیە لە کرداریوا نیشانەی ناحەزێ و دوژمنایەتێ بێ .

لەنێوان (گله) و (کەلله)دا بەپێی زێنۆسی کۆن جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (دەنکە جۆ) و (کا)یشدا تەناسوب هەیە .

ئەوەندەی (کم) : ئەمەندەی .

(٤) کەی بێ : کەی ڕۆبدا . شەهیدی کەربەلا : حەزرەتی حوسەینی کوڕی حەزرەتی عەلێ .

چ خۆشە من وەکو تـــازێ بنۆڕم
ئەتۆش هەروەك غەزالەی بەڕ هەڕا کەی ! (٥)

بە حەسرەت عومری من یەکبارە فەوتا
مەگەر عومرێ دوبارەم پێ عەطا کەی (٦)

گوتت : «نالێ» ! ئەتۆ بمرە ئەمن دێم
خودا کەی بێ ، خودا کەی بێ ، خودا کەی ! (٧)

ئەم بەیتە وەك تەواوکەری بەیتی پێشوو وایە . واتە : گلەییت لێ ناکەم هەرچیم لێ بکەی ، چونکە من دڵدارم و، دڵداریش لای‌وایە هەرچێ لـــە یارەوە بێ خۆشە .. بۆیە هەمیشـە دەسەو دوعام و لە خوا ئەپارێمەوە ئاخۆ کەی بێ بە تیرێکی نیگای ستەمکارت شەهیدم بکەی .

ئەشگونجێ مەبەستی نالێ هەر دەربڕینی سۆزی دیدار بێ و ، بەیتەکە پەیوەندی بە بەیتی پێشووەوە نەبێ .

وەقتم (عم) و (کم) و (عب) و (من) و (خب) : وەختم . (گم) : کاتم !! . داخۆ (کم) : ئاخۆ . بێ (کم) و (ت) و (من) : دێ . (گم) : بێی .

(٥) چ : چەند . تازێ : تانجێ ، سەگی ڕاو . بنۆڕم : نۆڕە جۆرە دەنگێکی سەگە وەك لۆرە و قۆزە ، لە کاتی هەست بە بێدەسەلآتی و بێچارەییدا لێیەوە دەرئەچێ .

واتە : چەنـــد خۆشە وەك تانجێ بەدواتا ڕاکەم و پیـــاتا نەگەمەوە و لە خەفەتی ئەوەدا بنۆڕێنم و ، تۆیش وەك ئاسکی دەشت هەڵبێی و بدەیتە غـــار و .. بەوچەشنە لەنێوان ئومێد و نائومێدیدا بم !

تازێ (چر) و (عب) و (من) : تاژێ . غەزالەی (عم) و (گم) : غەزالی . ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی لە (چر)دا لە شوێنی یەکتردان .

(٦) حەسرەت : داخ و خەفەت . یەکبارە : بەیەکجارێ .

واتە : ئازیز ! لە داخی دەردی دۆریت عومـــرم بەجارێ لەناوچۆ .. مەگەر عومرێکی نوێم پێ ببەخشیتەوە و زیندۆم کەیتەوە ، ئەوەش بەوە کە بە وەصڵی خۆت شادم کەی ..

(٧) واتە : ئازیز ! تۆ پێت وتم بمرە ، دێمە سەرت .. منیش لە خۆشیی ئەو مژدەی هاتنەی تۆدا چاوەڕوانی مردنم و ئاواتەخوازیمی .. سا خوایە

(بِحَمْدِ الله) دو چاوی یارم ئۆخەی
بە بێ مەی مەستە ، بێ مەی مەستەبێ مەی (١)

لە بوستانی (ئیرەم)دا قەط نییە وەك
شەمامەی وەك شەمامەی وەك شەمامەی (٢)

ئاخۆ کەی بێ بمرم و ، ئاخۆ لەخۆوە هاتنەکەی ئەویش کەی بێ ! بەمپێیە (بێ)ی یەکەم واتە : (ڕۆبدا) و فاعیلەکەی ضەمیرە و ئەگەڕێتەوە بۆ (مردن) و ، (بێ)ی دۆهەمیش هەر واتە : (ڕۆبدا) و فاعیلەکەی (خوداکەی)ی سێیەمە و ، واتە (خود ئا کەی) بەمەعنا (لەخۆوە هاتنەکەی) کە ضەمیرەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ یار .

ئەشگونجێ نیوە بەیتەکە بەمجۆرە بخوێنینەوە :

خوداکەی بێ خودا ، کەی بێ خوداکەی !

و (خوداکەی)ی دوایێ ، وەك هەر لە مەعنای پێشۆدا بە (خودئاکەی) مەعنا لێبدەینەوە ، واتە : ئەی خوایە کە هەر بۆ خۆت بۆیی و خوات بۆ خۆت نییە ، ئەم لەخۆوە هاتنەی یار بە بۆنەی مردنی منەوە کەی بێ و کەی ببێ بە ڕاست ؟! .

هەروەها ئەشگونجێ ڕاست و ڕەوان مەعنای نیوە بەیتەکە وا لێبدەینەوە : خوایە کەی بێ بمرم .. خوایە کەی بێ یار بێتە سەرم و (خودا کەی)ی سێیەمیش بۆ دۆپات کردنەوەی ئەوەی یەکەم و دۆهەم بێ .

خودا (کم) : خوا . بێ ــ هەردۆ جارەکە ــ : (عم) و (کم) و (گم) و (ك) و (من) : دێ .

(١) مەستەبێ : مەست ئەبێ .

واتە : ئۆخەی لە سایەی خواوە ، چاوەکانی یارم بێئەوەی شەراب بخۆنەوە مەستن ، ئەوەش شتێکی سەیر نییە چونکە چاوەکانی یار خۆیان لەخۆیاندا لە حوکمی شەرابدان و ، شەرابیش بێئەوەی پێویستی بە مەی خواردنەوە ببێ ، خۆی لەخۆیدا مەستە چونکە مەستێ لەوەوە پەیدا ئەبێ .

(٢) بوستانی ئیرەم : باخی بەناوبانگی ئیرەم کە لە قورئاندا بە ئایەتی (اِرَمَ

شەوی هیجر و بەقای عومری ژەقیيم
خودا طەی بێ ، خودا طەی بێ ، خودا طەی (٣)

وەرە ، موطریب ، بە کوێرِیی چاوی ئەغیار
صەدای نەی دێ ، صەدای نەی دێ ، صەدای نەی (٤)

لە دۆریی نازەنینم ژەنگ زەردم
وەکو بەی ، هەروەکو بەی ، هەروەکو بەی (٥)

لە نەهرەینی دو چاوم ئەشکی خوێنین
پەیاپەی دێ ، پەیاپەی دێ ، پەیاپەی (٦)

ذاتِ العِمادِ ، الَّتي لم يُخْلَقْ مِثْلُها في البِلادِ) باسی لێکراوە و ئەڵێن شەدّاد دروستی کردووە گوایە بەهەشتی ژۆی زەوییە . شەمامە ــ ی دۆهەم ــ : مەمك .

واتە : هەرگیز لە باخی ئیرەمدا شەمامەیەکی خــرّ و بۆنخۆشی وەك مەمکی وەك شەمامە خرّ و بۆنخۆشی یارم ، دەسگیر نابێ .

(٣) طەی : پێچانەوە . دوایێ هێنان . دوابڕین .
واتە : خوایە شەوی دۆرێ لە یار و تەمەنی وەك شەو درێژ و تاریکی بەدکار بپێچڕێنەوە و دوایێ بێن و دوایان بڕێ .

(٤) نەی ــ یەکەم ــ : شمشاڵ . نەی ــ ی دۆهەم ــ : یاری بــاڵا وەك داری شمشاڵ بەرز . نەی ــ ی سێیەم ــ : (نە) و (ی)ی ضەمیری غائیب .
واتە : کاکەی گۆرانێبێژ ! وەرە زۆژ زۆژی خۆمانە .. وا بەکوێرایی چاوی بەدکار دەنگی شمشاڵی کۆرِی ئاهەنگی یارم دێتە گوێ و ، دەنگــی یاری باڵا وەك شمشاڵ بەرز خۆیشی ئەبیســم کە بە بەدکــار ئەڵێ (نە) و زێگای نادا بێتە ژۆرەوە .

(عم) وشــەی (دێ)ی بــە (دەی) نۆسـیوە کە فیعلــی ئەمر بێ ، واتە دەستپێبکە .

(٥) واتە : زەنگم لە خەفەتی دۆریی یار ، وەکو بەی زەرد هەڵگەڕاوە ، لە بەی نەبێ ، لە هیچی‌تر ناچم .

(٦) نەهرەین : جۆتە جۆگا . پەیاپەی : یەك لەدوای یەك . لە پشتی ســەری یەکەوە . لەدوای یەکەوە .

گوتی : « نالێ » ! ئەتۆ بمرە ، ئەمن دێم
خودا کەی بێ ، خودا کەی بێ ، خودا کەی ! (٧)

واتە : بێوچان دڵۆپی فرمێسکی خوێنین ، یەك لەدوای یەك بەڕیز لە هەردۆ چاوی وەك جۆگامەوە دائەوەرێ .

(٧) ئەم بەیتە لە پارچە شیعری پێشوێشدا هەبۆ . لەوێ بەدرێژێ مەعنامان لێداوەتەوە .
ئەم پارچە شیعرە تەنها لە نوسخەکانی (عم) و (گم)دا هەیە . ئێمەش هیچ گومانی ئەوەی لێ ناکەین کە هیی نالێ نەبێ .

★ ★ ★

لە نوسخەکەی (گم)دا پارچە شیعرێکی دوانزە بەیتیی‌تریش هەیە سەرەتاکەی ئەمەیە :

دەرۆێش نییەم کەوتومە دۆی ئێل بە حەی حەی
مەجنۆن نییەم بەحر و بەڕ و بید ئەکەم طەی

ئەگەر ئەم پارچە شیعرە هیی نالێ بوایە ، ئەبۆ لەم شوێنەدا بماننۆسییایەتەوە ، بەڵام بەڵگەیەکی‌وامان دەسگیر بۆ ئەوە بگەیەنێ هیی نالێ نییە ، بۆیە پشت گوێمان خست . سەرەڕای ئەوە کە لە هیچ نوسخەیەکی چاپ و دەسنۆسی‌تریشدا نییە .

بەڵگەی هیی نالێ نەبۆنی ئەم پارچە شیعرە ئەوەیە کاك جەمال موحەممەد کە یەکێکە لە دەرچووانی ئەمسالی بەشی کوردۆڵۆژیی زانکۆی سلێمانێ لە ڕۆژنامەی (هاوکارێ)دا ، لەژێر شادێڕی « هۆنراوەیەك لەنێوان (نالێ) و (فیکرێ)دا » وتارێك و پارچە شیعرێکی بڵاو کردەوە ، لە وتارەکەیدا باسی ئەو پارچە شیعرە ئەکا کە وەك ئەڵێ لەم‌دواییەدا لە دەسنۆسێکی کۆنی باوەڕپێ‌کراوا دیویەتی هەشتا ساڵێك بەر لە ئەمڕۆ نۆسراوەتەوە و دراوەتە پاڵ فیکرێ(*) . هەرچەند ئەو پارچە شیعرە کە کاك جەمال بڵاوی کردووەتەوە ١٣ بەیتە و ئەوەی (گم) بڵاوی کردووەتەوە ١٢ بەیتە و ، هەرچەند هەندێ جیاوازییان لەنێواندا هەیە ، تێکڕا هەر یەك پارچە شیعرن و جیاوازییەکانیشیان لەو جۆرەن زۆڕ جار لە تێکستە دەسنۆسەکاندا بەرچاو ئەکەون . بۆیە ئێمە ئەوەی کاك جەمالمان پتر لا

(*) هاوکارێ ، ژمارە ٣٢١ ، ١٩٧٦/٦/١٠ ، ل ٤ .

جێگەی بڕوا بۆ و پارچە شیعرەکەمان بەجێ‌هێشت بۆ خاوەنی خۆی .

سەرەڕای ئەوەش کە کاك جەمال نۆسیویە ، د. مارف خەزنەداریش هەمان پارچە شیعری داوەتە پاڵ فیکرێ و ئەڵێ : « دوازدە دێڕ شیعرە.. (ل ٨٥) . (واتە لە لاپەڕە ٨٥ی دیوانی نالیی چاپی گیوی موکریانیدا) لە دەسنۆسێکدا دۆزیمەوە کە لە دوا سالآنی سەدەی ڕابردۆدا نۆسراوەتەوە لەگەڵ غەزەلێکی حەوت دێڕێ و پێنج خشتەکییەکی حەوت پارچەیێ (*) » . ئەگەر ئەو دەسنۆسەی کاك جەمال و د. خەزنەدار قسەی لێ‌ئەکەن ، یەکێ بن ئەوە هیچ ، خۆ ئەگەر دوانی جیا جیا بن ئەوە بەڵگەکە زیاتر بەهێز ئەبێ کە پارچە شیعرەکە هیی (فیکری)یە .

(*) د. مارف خەزنەدار ، لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبێ : چەند پەراوێزێکی دیوانی نالیێ ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ، ژمارە ٣٤ ، کانۆنی یەکەمی ١٩٧٥ و کانۆنی دۆهەمی ١٩٧٦ ، ل ٤١ ــ ٤٤ .

پرژ و بلاّو

— ١ —

برێ پارچەی غەزەل یارم ، کەوای کرد
برێ بەندی دڵم یارم ، کە وای کرد (١)

— ٢ —

یك نیم رخت : (أَلَسْتُ منكم بِبَعيدْ)
وان نیم دیگر : (اِنَّ عَذابي لَشَديدْ) (١)

— ١ —

ئەم تاقە بەیتەم لە سەردەمی فەقێیەتیما بیستووە کە هیی نالییە و لەو وەختەوە لەیادمە . هەموّ نیشانەکانی شیعری نالییشی پێوەیە — **م٠ ع٠ م**

(١) غەزەل : جۆرە قوماشێکە .

واتە : یار پارچەی غەزەلی برێ بیکا بە کەوا .. یار کە وای کرد و مەقەستەکەی هێنا بە قوماشەکەدا ، ئەوەندە بەنازەوە پیا هێنا ، بەندی دڵمی برێ .

— ٢ —

ئەم چوارخشتەکییەمان لە دەسنوّسەکەی (ت)دا دییەوە لە دواییی دیوانەکەوە نوّسیبوّیەوە . هەروەها لە کەشکوّڵێکیشا برای بەڕێز شێخ موحەممەد عەلێ قەرەداغێ پیشانی داین و چەند پارچە شیعرێکی‌تریشی تیا بوّ هیی نالێ و لە ساڵانی ١٣٢٨ — ١٣٣٦ی . ك (١٩١٠—١٩١٨ی . ز)دا نوّسرابووەوە .

(١) واتە : نیوەی ڕوّمەتت کە دایئەپۆشێ ، لەگەڵ ئەوەشدا کە لێمانەوە نزیکی ، وائەگەیەنێ لێمانەوە دوّری و ، وەك ئەوە وایە بڵێی : ئاخوّ

برگرد رخت نوشته : (يُحيْيي وَ يُميتْ)
(مَنْ ماتَ مِنَ العِشْقِ ، فَقَدْ ماتَ شَهيدْ) (٢)

ـ ٣ ـ

گۆشتی قەڵەو حوققە بە چوارده پارە
وەقتێ گوتت (حوققە) ، ضەمیر دیارە (١)

لێتانەوە دوور نیم ؟! بەڵێ دوورم .. دیارە دوورێ و نزیکێ بە کەڵك لێ وەرگرتنە ، تۆش کە زۆت داپۆشێ و نەتهێشت بیبینین و کەڵکی لێ وەربگرین ، بە نزیك دانانرێی . ئەو نیوەکەیشی کە دەریئەخەی ، ئاگر بەرئەداتە دڵمان و ، وەك ئەوە وایە پێمان بڵێی : سزای من بۆ ئێوە سزایەکی سەختە .

(٢) واتە : بە دەوروبەری زۆتدا نۆسراوە : ژێنەر و مرێنەرە ، ماچێ بە کەسێ بدا ئەژێنێتەوە و ، زۆ لە کەسێ وەرچەرخێنێ ، لەداخا ئەیکوژێ و ، هەرکەسیش بە دەردی دڵداریێ بمرێ شەهیدە ..

(اِنَّ عَذابیِ لَشَدیِد) و (یُحیِی وَ یُمیِت) لە ئایەتی قورئان ئیقتیباس کراون .

لە دەسنۆسەکەی (ت)دا (ألست) بە (الهت) و ، (شەهید) بە (شهیداً) و، لە هەردۆ نوسخەکەدا (یحیی) بە (محیی) نۆسرابووە . دۆ هەڵەی پێشۆمان لەبەر زۆناکیی کەشکۆڵەکە و ، ئەو هەڵەکەی ترمان ، لە خۆمانەوە بۆ ڕاگیرکردنی هاوسەنگیی دۆ وشەکە و ، ڕاستیی لەبارەی ڕێزمانەوە و ، تەواویی ئیقتیباسەکە ـ ڕاست کردەوە .

ـ ٣ ـ

(١) مامۆستا مەسعۆد موحەممەد لە خوالێخۆشبۆ مەلا موحەممەدی مەلا ئیبراهیم (دلاوەر)یەوە ئەگێڕێتەوە کەوا نالێ (حەرفی شەرحی موغنێ)ی بە شیعر کردووە بە کوردیێ و لەناو فەقێیاندا باو بووە . دلاوەر خۆی تەنها ئەم بەیتەی لەیاد بۆ کە میسالی (اَلْبُرْ ، الْکُرْ ، بِسِتِّینَ دِرْهَماً)ی پێ هێناوەتە سەر کوردیێ و ، واتە چۆن لە عەرەبییەکەدا لەپاش (الْکُرْ)وەوە (مِنْهُ)یەك تەقدیر کراوە ، لە کوردییەکەشدا لەپاش (حوققە)وە (ی)یەك تەقدیر کراوە (*) .

(*) مەسعۆد موحەممەد ، چەپکێك لە گوڵزاری نالێ ، بەغدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ١٩٧٦ ، ل : شەصت و دۆ و شەصت و سێ .

— ٤ —

وەك دوڕ و یاقوت نەقشە : دندان و لەبی ئاڵی
هەر وەك بەڕەزا پەخشە : ئەگریجە لەسەر خاڵی (١)

— ٥ —

بدور دایری فُنجانُ چینی
شکاندی دایری فنجانْ چینی (١)

جەمال ناوێکی فەقێی مەلا موحەممەدی ناوبراویش ئەم بەیتە و باسەکەی بۆ خۆم گێڕایەوە . بەداخەوە ئیستا ناوی باوکی ئەو جەمالەم لەبیر نەماوە — م. ع. م.

— ٤ —

ئەم بەیتە لەپاڵ کتێبێکی (حیسام‌کاتێ)ی مەنطیقدا نوسرابوەوە . کتێبەکە ئیسماعیلی کوڕی شێخ مەحمودی کوڕی شێخ خضری کوڕی شێخ ئووەیس (*) ناو لە ١١٤١ی . ك (١٧٢٨ — ١٧٢٩ی . ز)دا نوسیبوێەوە . خەتی بەیتەکەش هەر کۆن بو . کتێبەکە یەکێکە لە کتێبەکانی بنەماڵەی ڕەحمەتێ موفتیی هەڵەبجە ، دۆستی خۆشەویستمان شێخ موحەممەد عەلیِ قەرداغیِ پیشانی‌داین .

(١) بەڕەزا : گیایەکی کوێستانییە ، ئەخوریِ . پەخش : بڵاو .
لە دەسنوسەکەدا (ژێرێك) بۆ (شینی نەقشەکە) کرابو ، واتە ببیِ بە (نەقشی) . ئێمە ئەوەمان لا هەڵە بو .

— ٥ —

ئەم بەیتە لە دوایی کتێبی تەرکیبی (ئاقا حوسەینی خوانساری)یەوە نوسراوەتەوە کە موصطەفا ناو بۆ شێخ مەعرۆفی برای نوسیوەتەوە لە ١٢٧١ ی . ك (١٨٥٤ — ١٨٥٥ ی . ز)دا لە دێی خەرپانیِ . کتێبەکە هیی کتێبخانەی بنەماڵەی موفتیی هەڵەبجەیە ، دۆستی خۆشەویستمان شێخ موحەممەد عەلیِ قەرەداغیِ پیشانی‌داین .

(١) مەعنای بەیتەکەمان بۆ ڕاست نەکرایەوە ، بۆیە ، دەق ، بە ڕێنوسەکەی خۆی نوسیمانەوە .

(*) ئەم شێخ ئووەیسە لە بنەماڵەی سەیدە مەلاکانی تەکیەی قەرەداغە و باپیرە گەورەی بنەماڵەی شێخە مەلاکانی خەرپانییە .

لەبارەی (نـــالی)یەوە نوێسیویانە

هیچ زیادەڕەوییەکی تیا نییە ئەگەر بڵێین لەناو ئەو شاعیرانەدا بە زاراوەی کرمانجیی خوارۆ شیعریان وتووە ، کەسیان ئەو قەدر و پایەیەی نەدراوەتێ کە بە نـــالێ دراوە . دەیان جار دیوانەکەی نوێسراوەتەوە ، مەلا و فەقێ شانازییان بە نالێ زانییەوە کردووە . زۆشنبیرانی بیری نوێی ناو ئەدەبی کوردیش هەر لـــە سەرەتاوە هەستیان بە زێ و شوێنی نالێ کردووە و لێیدواون .

وا لێرەدا تێکستی چەند بابەتێـــك بڵاو ئەکەینـــەوە (ئەمـــین فەیضێ) لـــە (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد) و ، (پیرە مێرد) لە زۆژنامەی (ژیان) و (گۆران) لـــە لاواندنەوەی پیرە مێرددا ، لەبارەی نالییەوە نوێسیویانە .

ئەمین فەیضێ نوێسیویە ئەڵێ :

« نالێ خەڵقی دێیەکە لە شارەزوۆر کە واقیـــع بووە لە طەرەفی شـــەرقی سولەیمانێ ، ئیسمی (خاکوخۆڵ)ە .

« مەرحوم تەحصیلی لە قەرەداغ و لە ســـولەیمانیدا ئیکمـــال کردووە . قەرەداغ شەش سەعات دوۆرە لە سولەیمانییەوە .

« نالێ بۆ ئیفای حەج چووەتە حیجاز .

« لەوێ دەرحەق حەضرەتی فەخری زۆسول قەصیدەیەکی موکەممەل و موطەووەلی نەظم کردووە .

« چووەتە ئەستەمۆڵ ، لە ئەثنای صـــوحبەتا لەگەڵ ئودەبـــا و فوضەلای ئەوێ ، گەلێ ئاثاری فیکر و فەطانەتی نواندووە و ، زۆر مەظهەری تەوەججوهـ بووە . تا نیهایەتی عومری لە ئەستەمۆڵا ماوەتەوە . مەدفەنی موبارەکی ئەوەتە لە (ئۆسکۆدار) . ذەکای نالێ ئینکار ناکرێ . لاکین ئەوەندەی صەنایعی لەفظییە ئیستیعمـــال کردووە ، پیـــاو زەنگـــە بڵێ شـــیعری ئـــەو نەتیجـــەی عیلـــم و ئیشتیغاڵە » (١) .

---

(١) ئەمین فەیضێ ، ئەنجومەنی ئەدیبـــانی کورد ، ئەستەمۆڵ ، چاپخـــانەی « تەرجومانی حەقیقەت » ، رەبیعولئەووەلی ساڵی ١٣٣٩ .

(ئێمە خۆمان تێکستی نوێسراوەکەی ئەمین فەیضێ و ئەوانیتریشمـــان هێنایە سەر شێوەی زێنوۆسی کۆزی زانیاری کورد) .

خاوەنی (ئەنجومەنی ئەدیبان) چەند پارچە شیعر و چەند بڕگەیەکی چەند پارچەی‌تریشی لە شیعرەکانی نالیّ ، خستووەتە ئەنجومەنەکەیەوە . یەك دۆ پەراوێزیشی بۆ ئەو پارچە شیعرانە کردووە و ، مەعنای هەندێ وشەشی ڕۆن‌کردووەتەوە .

★ ★ ★

(پیرە مێرد)یش ، لەژێر شادێڕی «خدمەتێکی بێ‌هەمتا . بە موناسەبەتی طەبعی دیوانی نالییەوە»دا نۆسیویە ، ئەڵێ :

« تەقریبەن نەوەد ساڵ لەمەوپێش ، ڕۆژێکی ڕەنگ زەردی پایز کە شینایی ئاسمان غوبارێکی کەثیف دایپۆشیبۆ ، لە دەمەدەمی بەیانیدا پیرێکی سەر و ڕیش سپیی ئیفتادە ، مێزەر بەسەر ، بە مات و مەلوّلێ ، لەپشت ئەسپێکی بەکورتانەوە ڕۆ بە (وەیس) لە سولەیمانێ دەرچۆ .

« لەدوایەوە غەیری چەند فەقێیەکی خانەقا نەبێت ، تەشییع‌کەرێکی نەبۆ . گاەگاە ، بە دەنگێکی حەزینی گریاناوییەوە ، قسەی لەگەڵ ئەم جەماعەتە بچۆکە ئەکرد و لە هەمۆ هەنگاوێکدا جارێ ڕۆی بۆ لای سولەیمانێ وەرئەگێڕا . لەگەڵ هەمۆ ئاوڕ دانەوەیەکدا ئاهێکی گڕاوێ تێکەڵاو بە فەضا ئەبۆ و فرمێسکێکی مرواریّ بەسەر ڕیشی سپیدا گلۆر ئەبۆوە .

« ئەم پیری فتادەیە مەلا خضر (نالیّ) بووە ! ...

« لەپاش (ئارشی کۆیە) و ئیحتیلالی ئەم ناوە لەطەرەف ڕۆمەوە و پاش کوژانەوەی ئەستێرەی (بەبە)کان ، دڵی نالیّ قوبوڵی مانەوەی نەکرد لە وڵاتەکەیدا .

« بە صەد مەشەققەت ، بە صەد دڵ پچڕین ، چەمەنزاری بەهاری شارەزۆر ، هەوای ڕەوح بەخشی کوێستانی کوردستانی ، مەهبەطی وەحیی ، مولهیمی ئەشعاری بەجێ‌هێشت .

« ئەو کوردستانی بە کوردەوە ئەویست ، چاوی بینینی نێزەی (حەیتە) و (قەرەبینا)ی (ڕۆم)ەکانی نەبۆ . مەردانە پێی نا بە دڵیا ، خەیاڵی (حەیبە)ی خستە ئەولاوە ، ڕۆ بە مەجهۆلات ، بە غوربەت سەری نایەوە .

« پاش ئەوەی (ئەحمەد ــ موختار) مەجبۆر بۆ بە تەرکی تەختی (بەبە) ، (نالیّ)ش بە ئارەزۆ و ئیختیاری خۆی تاجی (ملك الشعرا)یی لە سەری خۆی فڕێدا و نایە ژێر پێیەوە ، چونکە لە نەظەر ئەودا موڵکی بێ تەخت شاعیری بێ تاجی ئەویست ! ..

« لە لای دەشتی وەیس ، بە کوڵی گریانەوە ، خوا حافیزیی لە

تەشییع‌کەرەکان کرد. بە وەجد و ئیستیغراقەوە قەدرێ سەیری گردی سەیوان، دەشتی فەقێکان ، چوار باغ و کانیسکانی کرد ، وەقائیعی ماضییەی هێنایە پێش چاو ، ڕمبازێ و جلیتێنی لاوچاکانی بابان ، شەڕە تۆپ و قەڵە مردارەی فەقێکان، حەوشی خانەقا و ئیجتیماعی کۆڕی(٢) (سالم) و سائیری شاعیرەکانی بە سۆزی دڵەوە تەخەططور کرد ... موقابیل بەمانە هەموێ دۆ قەطرە سروشکی گەرمی بە یادگار ـ فەقەط بە یادگارێکی سەرمەدێ ـ بۆ ڕەوانە کردن .

((لەپاشدا سواری بارگیرەکەی بۆ و ، ڕۆی کردە دۆڵ و شاخەکانی بازیان ....

((نالێ ، ئەمە ئەوەڵ هەنگاوی بو کە بۆ عەدەم هاویشتی ـ عەدەمی ماددێ، نەك مەعنەوێ .

((ئەگەر شیعر بە غایە ـ وەسیلە نا ـ عەد بکرێت و ئەگەر شیعر عیبارەت بێ لە صەنعەتێکی بەرزی بەدیعێ .. و ئەگەر لە شیعردا ئیبداع شەرطێکی ئەعظەم بێت ، بێگومان (نالێ) گەورەترین شاعیری کوردە .

((بەڵێ ، موحتەمەلە نەظەر بە ذیهنییەتی حاضرە ئەشعاری نالێ تینۆیەتیی حیسسییات نەشکێنێ ، وەکەذا موحتەمەلە نەظەر بە تەلەققیی عەصری حاضر لە شیعرەکانیدا حیسسییانی ورد و بەرزی کەمتر تیا بێت و کەمتر هەیەجانێکی بەدیعێ ببەخشێت ، فەقەط لازمە لە بیرماندا بێت (نالێ) لە زەمانێکدا ژیاوە کە شەرائیطی کەمالی شیعر عیبارەت بووە لە جیناس ، ئیستیعارە و لەف و نەشر، جەمعی ئەضداد و سائیرە . وەلحەق لەمانەدا قەڵەمی نالێ لە هیی شاعیرەکانیتر زیادتر موەففەق بووە .

((عەلاوەی ئەمانە صاحیبی ئوسلۆبێکی طەننانە ، شیعرەکانی خۆش ئاهەنگ و ڕەوانە ، وە لە ئەکثەری مەنظۆمەکانیدا فکری ورد (تەشبیهاتی خۆ ـ کرد) و خەیاڵی بڵندی بە طەرزێکی ڕەنگین و ئاودار ئەدا کردووە .

((لە نەظەر (نالێ)دا شیعر ئەصڵ و غایەیە ، قەت بە وەسیلەی لە عەمەل نەهێناوە . حەیات ، عیشق ، حەتتا حیسسییاتی باوکێ لەلای ئەو عیبارەتن لە شیعر . بۆ ئەو (گوارە)یەك ، (گوڵ)یێك ، (مۆدنە)یەك ، (پانی‌بەرز)یێك موتەساوییەن باعیثی ئیلهام و جۆششی حیسسییاتی بووە .

((لەسەرەوە وتمان (حەتتا حیسسییاتی باوکێ لەلای ئەو عیبارەتن لە شیعر) . بۆ ئیثباتی ئەمە قەطعەیی ئاتییە کافییە : ـ

---

(٢) لە سەرچاوەکەدا نۆسراوە : (کوردێ) . ئێمە ئەوەمان بە هەڵەی چاپ زانێ ، یا ئەبێ (کوردێ و) بێ .

شیعرەکانم کە جگەرگۆشی منن ، دەربەدەرن
دڵی (نالێ) چ ڕەقە قەت غەمی فرزەندی نییە

« لە نەظەر منداْ حەتتا (حەبیبە)ی ماڵیاوەش شەخصییەتێکی حەقیقێ نەبوە و تەنها ڕەمزێکە حەضرەتی نالێ کردوێیە بە واسیطەی ئیظهاری دەهای شاعیرانەی .

« ئەی ڕۆحی بڵندی نالێ ! هیچ شوبهەم نییە ئەو دۆ قەطرە فرمێسکەی نەوەد ساڵ لەمەوپێش لەنزیك گردی شێخ محێدینەوە ، تێکەڵاوت گرد بە ئەبەدییەت و کە تائیستا جارێ بۆ ، ئیستا بە تەخلیدی ناوت و طەبعی شیعرەکانت ــ جگەر گۆشە دەربەدەرەکانت ــ گەڕاوەتەوە بۆ سینەت و ئاگری فیراقی وەطەنی کوژانۆتەوە .

« پێش‌ئەوەی خیتام بەم دۆ کەلیمەیە بهێنم ، ئەمەوێ موقابیل بە حوسنی ئینتیخابیان و بەو ئەذییەت و کولفەتەی لە گۆکردنەوە و چاپدانی ئەم دیوانە قیمەتدارەدا کێشاویانە ، بە دڵ تەشەککوری (مەریوانێ) و (کوردێ) بکەم .

« شوبهە نییە پاراستنی ئەشعاری پێشینانمان لە فەوتان ، گەورەترین خزمەتێکە بۆ ئەدەبییاتی کوردێ ئەگرێت . وا ئەم دۆ لاوە بەقیمەتە بەشی خۆیان ئەم خدمەتەیان ئیفا کرد . فەقەط لەسەر خوێندەوارانی کوردیش لازمە لە تەشویق و تەشجیع غافڵ نەبن » (٣) .

(پ ٠٠٠٠)

★ ★ ★

(گۆران)یش ، نۆسیویە ، ئەڵێ :

« مامۆستا پیرە مێرد !

« لەگاتێکا تۆ چاوت بۆ قەڵەم ئەگێڕا ئیلهامی خۆتی پێ بنۆسێ ، لە کوردستانی عێراقا قەڵەم بەدەست سێ چوار مامۆستای گەورەوە بۆن :

« قەڵەمێك بەدەست پیری یەکەمی شێوەی سلێمانێ ، نالییەوە بۆ ، شیعری کلاسیکی پێ ئەنۆسێ . بەپێچەوانەی ئەو هەستی پەسەند و حورمەتەوە بەرامبەر بە نالێ لەدڵتا بۆ ، دەستت بۆ قەڵەمی ئەو نەبرد ، چونکە ئەو وەستایەکی بەهرەدار بو ، بەڵام لەسەر تان و پۆی ئەدەب و عەرۆضی بێگانە

(٣) ژۆژنامەی (ژیان) ، ژمارە ٢٩٣ ، ١٤ی ئەیلوۆلی ١٩٣١ ، بەبۆنەی لەچاپدانی یەکەمجاری (دیوانی نالی)یەوە لەلایەن (کوردێ و مەریوانی)یەوە .

(ف ــ ٤٦)

نەخشی ئەچنێ . تەنیا چینی بەرزی خوێندەواری سەردەمی دەرەبەگێ ئەیتوانێ(٤) تێبگا . هەرچی تۆ بوێت ، ئەگەڕایت کالایەك دابێنی ، بەتەواوێ خۆماڵێ بێت . بەرز و نزمی گەلی کورد زمان بتوانن لەبەری‌کەن)) (٥)

★ ★ ★

(٤) لە سەرچاوەکەدا نوسراوە : ئەیانتوانێ ، بەڵام دیارە هەڵەی چاپە .

(٥) وتاری مامۆستا گۆران لە کتێبی (یادی پیرەمێرد)دا کە لەسەر ئەرکی (یانەی سەرکەوتن) و لەژێر چاودێریی مامۆستا (علاءالدین سجادی)دا لەچاپدراوە . ل٥٧، بەغدا، ١٩٥١ . کتێبی ناوبراو ئەو وتار و شیعرانەی تیا کۆکراوەتەوە کە لە ئاهەنگی چلەی کۆچی دواییی پیرە مێرددا خوێنراونەتەوە یا بەوبۆنەوە نوسراون .

لەبارەی نوسخەکانی بەردەستمانەوە

هەرچەند لە سەرەتای ئەم کتێبەدا وردە باسێکی ئەو نوسخانە کراوە کە لەکاتی نوسینی سەرەتاکەدا لە بەردەستمانا بوون و ، پاشانیش کە نوسخەکانی کاك جەمال موحەممەد و دوای ئەویش کە نوسخەکانی بەڕێز شێخ موحەممەدی خاڵمان بۆ هات ، کەمێك لەو نوسخانەش دوایـن ، وای بە باش ئەزانین لەم دواییەشدا بە شێوەیەکی فراوانتر لە تێکڕای ئەو نوسخانە بدوێین بۆئەوەی تەماشاکەری بەڕێـز لە یەك شوێندا و بە شێوەیەکی تەواوتر لـەو نوسخانە ئاگادار و شارەزا ببێ .

★ بەر لە هەرچێ وا ناوی نوسخەکانی بەردەستمان و خاوەنەکانیان دوبارە ئەکەینەوە :

چر : نوسخەی دەستوسی مەلا موحەممەدی چروستانێ .
چن : نوسخەی دەستوسی مەلا عارفی چنگنیانێ .
عم : نوسخەی چاپی عەلێ موقبیل .
گم : نوسخەی چاپی کوردێ و مەریوانێ .
گم : نوسخەی چاپی گیوی موکـریانێ (چاپی دووەم) . چاپی یەکەمیش هەروەك چاپی دووەم وایە .
ت : نوسخەی دەستوسی ژەستۆڵی حاجێ ئەحمەدی توربەیێ .
ك : نوسخەی دەستوسی مەلا فەتاحی کاگرەڵێ .
عز : نوسخەی دەستوسی مەلا عەزیزی ڕێشاوێ .
تو : نوسخەی دەستوسی کتێبخانەی تۆفیق وەهبێ .
مز : نوسخەی دەستوسی کتێبخانەی موحەممەد ئەمین زەکێ بەگ .
عب : نوسخەی دەستوسی مەلا عەبدوڵڵای گەلاڵێ .
اح : نوسخەی دەستوسی مەلا ئەحمەد ناوێك .
من : ئەو نوسخە دەستوسەی بە هەڵـە داومانەتە پاڵ مامۆستا نەجمەددین مەلا .

خا : نوسخەی دەسنوسی یەکەمی کتێبخانەی شێخ موحەممەدی خاڵ .

خب : نوسخەی دەسنوسی دوەهەمی کتێبخانەی شێخ موحەممەدی خاڵ .

گش : ئەو کەشکۆڵەی شێخ موحەممەد عەلی قەرەداغی بە کۆڕی زانیاری کوردی فرۆشتووە .

★ تێکڕای نوسخەکان ، کەم و زۆر ، چاودێـــریی ڕێزی پیتەکانی ئەلف و بێیان کـــردووە ، **عب** نـــەبێ لەم ڕێـــگایە لای‌داوە : لەپێشـــانا پارچە دڕێژەکەی **ئەلا ئـــەی نەفسی بوم ئاسا** و ئەوجا **ئەی ســـاکینی ڕیاضی مەدینـــەی مونـــەووەرە** و **دَرونیِ لِدارِ الشّـــارَزُورِ** و **ماتـــەم وەکو زولفەینی ســـییەھ** و **مەستوَرە کە حەسناوو ئەدیبـــەی** نوسیوەتەوە ، ئەنجا هاتووەتـــە سەر بیسمیللا کـــردن و نوسینەوەی پارچـــەکانی‌تر ، ئەویش بە بێ چاودێڕێ کردنی ڕێزی ئەلف و بێ .

★ نوسخە تەواوەکان کە ڕزی تیپەکانی ئەلف و بێیان ڕاگرتووە ، هەموَیان پارچە شیعری **ئەی جیلوەدەری حوسن و** یان خستووەتە پێشـەوە ، **کم** و **من** نەبێ **یا بَدْرُ عُلُوّاً**یان کردووە بە یەکەم و **ئەی جیلوەدەری**یان لەدوای ئەوەوە داناوە . **گم**یش **تاتایی ســـەری طوڕڕەیی**ی کردووە بە یەکەم و **ئەی جیلوەددری حوسن و** ی کردووە بە سێیەم ..

★ نوسخە دەسنوسەکانی **چر** و **چن** و **ت** و **ك** و **عز** و **عب** و **اح** و **من** و **خا** و **خب** ، وەك نوسخە چاپەکانی **عم** و **کم** و **گم** بە نوسخەی تەواو دائەنرێن ، هەرچەند لێـــرە و لەوێ پارچە شیعرێك یا بەیتێك لـــە نوسخەیەکیاندا هەبێ و لە نوسخەیەکی‌تریاندا نەبێ . نوسخەکانی **تو** و **مز** بە نوسخەی تەواو ناژمێررێن .

★ نوسخەی **چر** ، هەرچەند لەچاو نوسخە دەسنوسەکانی‌تردا نوسخەیەکی تازەیە ، ئەتوانـــرێ لە هەموَیان بە پاکتر و وردتر دابنرێ . نوسـەر لە زۆر شـــوێندا سەر و بۆری بـــۆ وشەکان کردووە . لە پـــەراوێزەوە (نوسخە)ی زۆری نوسیوەتەوە . لە هەمو نوسخە دەسنوسەکانی‌تر زیاتر واوی عەطف و یێی ئیضافەی داناوە کە عادەتی نوسەرانی کۆن وابووە خستوَیانەتە پشت گوێ . زۆری مەبەســـت بووە بە ئەمانەت تێکستەکە بنوسێتەوە . لە داوی نالی گەیشتووە . نەیویستوە زو شت ببڕێتەوە . لە پشتی کتێبەکەوە نوسیویـــە « عائد الی محمد عبدالرحیم الچرستانی

وبأناملە کتب » و ئیمزای کـردووە . واتـە هینی موحەممەدی کوڕی عەبدوڕڕەحیمی چروستانییە و بە پەنجەی ئەو نوسراوەتەوە . لەدوای کتێبەکەوە ناوی خـۆی و ساڵی نوسـینەوەی نەنوسـیوە ، بەڵام ئێمە خەتەکەی ئەناسـین ، دیـارە خەتی خۆیـەتی و کـاك مەلا یەحیا و کاك ئەحمەدی کوڕیشی ئەڵێن خەتی باوکیانە .

★ نوسخەکەی **چن**یش لە نوسـخە چاکەکانی بەردەستمانە . بە خەتێکی جوانی فارسیی نوسراوەتەوە . لە زۆر شوێنا سەر و بۆری بۆ کراوە . نوسەر لەجیاتیی (حەوت)ی سەر (ی) ، (داکشاوە)ی بەکارهێناوە . لە هەندێ شوێنیشا لەسەر (ی)ی حەوتخواز نوسیویە : « بالأمالة » واتە بە لارکردنەوەیەکەوە تا بە (ی)ی بۆش بخوێنرێتەوە . جاروباریش ، بەڵام کەم ، ئیشارەتی بۆ مەعنا کردووە ، یا لە زێگای ئیعرابی نەحوییەوە یارمەتیی داوە بۆ مەعنا زانین . ئەم نوسخەیەمان بە هۆی کاك مەعصوومی کوڕی حاجی مەلا عارفی چنگیانییەوە دەسگیر بۆ . نوسەر ناوی خۆی و ساڵی نوسینەوەی نەنوسـیوە ، بـەڵام کاك مەعصوم ئـەڵێ دەسنوسی باوکیەتی .

★ چاپەکەی **عم** واتە **عـەلی موقبیل** هەرچەند تازادەیەك بەسـەر حازردا هاتووە ، چاپێکی خوێندەوارانە و زێکوپێکە و پەراوێزەکانیشی بێسوود نین .

★ نوسـخەی **کم** یەکەمین نوسـخەی لەچاپدراوی دیوانی نالییـە . تێکڕا زەحمەتگر هەسـت ئەکا کەوا تا زادەیەك نوسخەیەکی پـاك و ئەمینە و دەسکاریی دەسنوسەکەی تیا نەکراوە و زوربەی هەڵەکانی هیی ئەوەن کوردێ و مەریوانێ کە دەسنوسەکەیان خستووەتە ژێر چاپەوە ، بە باشێ بۆیان نەخوێنـراوەتەوە . لەگـەڵ ئەوەشا ئەبێ زەحمەتی ئـەوەیان لێ بگیرێ کە هەموو **دەگا**کانیان کردووە بە **ئەگا** و **دەوێ** بە **ئەوێ** و **گوتی** بە **وتی** ، کەچی لە نوسخە دەسنوسەکاندا تێکڕا **دەگا** و **دەوێ** و **گوتی**یە .

★ چاپەکەی **گم** تازادەیەکی زۆر لە ئەمانەتی ئەدەبییەوە دوورە . **گم** بێئەوەی گوێ بـەو ڕاستییە بدا کـە بەرهەمی هـەر ئەدیبێك زادەی سەردەمی خۆی و جۆری کولتوور و زمانی ئەو سەردەمەیە ، هەوڵێکی زۆری داوە بۆئەوەی وشە عەرەبێ و فارسییەکانی دیوانەکە بکا بە کوردێ . تەنانەت وشەیوای تێخستووە تائیستا لەپاشماوەی ئەو سەردەمەدا بەرچاوی کەس نەکەوتووە .

هەرچەنـد ئێمە لە چەنـد شوێنێکیشدا کەڵکمان لـەم نوسـخەیە وەرگرتووە ، ئەتوانین بڵێین لەبـەر ئەو هەمۆ دەسکارییەی تیا کراوە ، تێکڕا وەك (نوسخە) پشتی پێ نابەسترێ .

گم هەرچەند دیارە نوسخەی دەسنۆسیشی لابووە ، زیاتر پشتی بە نوسخە چاپەکەی **عەلی موقبیل** بەستووە .

★ نوسخە دەسنۆسەکەی **ت** کە **ڕەسوڵ** ناوێکی کوڕی **حاجێ ئەحمەدی تورباتی** لە ١٣١٠ی . ك (١٨٩٢ ـ ١٨٩٣ی.ز)دا نۆسیویەتەوە ، نوسخەکەی **عبی** لێ دەرکەی ، لە هەمۆ نوسخە دەسنۆسەکانی بەردەستمان کۆنترە . نۆسەرەوەی ئەم نوسخەیە لە نۆسینەوەدا کەوتووەتە کۆمەڵێ هەڵەی دیاریەوە ، بۆیە لەوە ناچێ خوێندەوارێکی تەواو بۆبێ .

★ نوسخەکەی **ك** نوسخەیەکی تا بڵێی نایابـە و بە خەتێکی فارسیی جوان نۆسراوەتەوە . دیـارە مەلا فەتاحی نۆسەری مەلایـەکی پێگەیشتۆ و خوێندەوارێکی باش بووە . لەوە ئەچێ زۆر شانازیی بە دیوانی شاعیرانی کوردەوە کـردبێ و زۆر جاری نۆسیبنەوە و دۆست و بـرادەر لێیان سەندبێ و بۆیان نەگێڕابێتەوە . ئەوەتە لە سەرەتای ئەم نوسخەیەدا کە لە بەردەستی ئێمەدایە نۆسیویە ئەڵێ : « صد هزار بار قسم بقرآن و قسم و قسم بجمیع مقسومات تا حیات عاریه در بدنم باقی باشد اشعار نالیٰ یا اشعار مولوی علیهما الرحمـة بکس نبخشم و نفروشم . العبد الاثیم عبدالفتاح ١٣٢٠ » . واتە صەد هەزار کەڕەت سوێن بە قورئان و سوێن بە هەرچی سوێنی پێ بخورێ تا گیانی خواستەمەنێ لە لەشما مابێ شـیعری نالیٰ یا شیعری مەولـەوێ بەڕەحمەت بن ، بـە کەس نەبەخشم و نەفرۆشم . بەندەی تاوانبار عەبدولفەتتاح ١٣٢٠ .

لە داوێنی دیوانەکەشەوە نۆسیویە : « تمام شد غزلیات نالی رحمه الله از دست فقیر غمگسار عبدالفتاح پسر عبدالعزیز پسر احمد مشهور به کاگردلی و نورولی در قریهء شمیران در خدمت جناب شیخ عبدالله روز پنج‌شنبه و نصف آخر جمادی الاولی ١٣٢٧ سال شهید شدن شیخ سعید حفید بدست موصلی ، وبعـد از سال وفات ملا عبدالقادر ابن المؤمن . شیخ محمد امین باباکوچکی سالی قبل از ملا قادر ، و ملا عزیز روغزادی سالی قبل از شیخ محمد امین متوفی شدند . الهم اغفر لنا ولهم واحشـرنا في زمرتهم آمین ثم آمین » . واتە : غەزەلـەکانی نالیٰ بەڕەحمەتبێ تەواو بۆن بەدەستی هەژاری خەمبار عەبدولفەتتاحی کوڕی

عەبدولعەزیزی کوڕی ئەحمەدی ناوبانگ کاگردەڵێ و نەورۆڵێ لە دێی شەمێران لە خزمەتی جەنابی شێخ عەبدوڵڵادا ، لە ڕۆژی پێنجشەممەی نیوەی دواییی جومادەلئوولای ١٣٢٧ (١٩٠٩)ی ساڵی شەهید بۆنی شێخ سەعیدی حەفیددا بەدەستی مۆسڵییەکان و ، پاش ساڵی کۆچی دواییی مەلا قادری مەلا مۆمن . شێخ موحەممەد ئەمینی باوەکۆچەکێ ساڵێ بەر لە مەلا قادر و ، مەلا عەزیزی ڕۆغزایێ ساڵێ بەر لە شێخ موحەممەد ئەمینکۆچی دواییان کرد . خوایە لە ئێمەش و لەوانیش خۆش بی و لەگەڵ ئەوانا زیندوومان بکەیتەوە . ئامین !

★ بەداخەوە خاوەنی نوسخە دەسنوسەکەی **عـز** ئەوەندە مەودای نەداین کەڵکی تەواوی لێ وەرگرین . جگە لەوە کە پارچە شیعری **فاتیحە تەسخیرە شاری دڵ**مان لەبەری نوسییەوە کە لە هیچ نوسخەیەکیتردا نەبو و ، بەراوردی چەند قەسیدەیەکی کەمیشمان پێ کرد . بۆیەشە وا ناوی لەم کتێبەدا کەم دێ .

★ نوسخەکەی **تو** تەنها چەند پەڕەیەکی جیا جیایە پێکەوە جوزوبەند کراون و لە چەند پارچە شیعرێك زیاتری تیا نییە . بەڵام لەبارەی نوسینەوەوە دیارە کەسێکی خوێندەوار و بە شێوەیەکی فامیدە نوسیویەتەوە . سەر و بۆری بۆ گەڵێ وشەش کردووە . هیچ شتێکی بە گڵمۆزێ و تێکەڵ و پێکەڵێ بەجێنەهێشتووە . ئەم نوسخەیە ئیستا لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کورددایە .

★ نوسخەکەی **مز**یش بە نوسخەیەکی تەواو ناژمێرڕێ . (ئەمین) ناوێك نوسیویەتەوە لەوانەیە هەر موحەممەد ئەمین زەکێ بەگ خۆی بێ . لە شوێنێکیا مێژوی ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی شەشەڵانی ١٣٢١ (١٩٠٤ی.ز)ی پێوەیە . بە خەتێکی جوان و ڕێکوپێك نوسراوەتەوە ، بەڵام لەبارەی ڕاگرتنی تێکستەوە ئەوەندە پوخت نییە . لە لاپەڕەی یەکەمی نوسراوە : « غذای روح » و ، لە لاپەڕەی دوهەمیشیدا پارچە شیعرێکی تورکێ و ئەم بەیتە کوردییە :

شیعری نالێ وەك شەکر ، من هەروەکو طوطیی ئەوم
بێ شەکر مومکین نییە طوطێ ببێتن بەر حەیات

و ئەم بەیتە فارسییە پێشکەشکراوە بە نالێ :

الا ای پیر شیرین دم تو هستی مفخر اکراد
چو خواندم نظم رنگینت فرستادم به تو اوراد

دەسنوسەکە لە دواییشیەوە هەندێ بەیت و پارچە شیعری تورکی و فارسی و عەرەبیی تیایە . ئەم دەسنوسە ئیستا لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کورددایە .

★ نوسخەکەی **عب** هەرچەند وەك وتمان ڕێزی ئەلف و بێی لە ڕێکخستنی پارچە شیعرەکانا زۆر سەرنج نەداوە ، بەڵام تا بڵێی نوسخەیەکی جوان و خەت خۆشە و تەمەنی لە تەمەنی نوسخەکەی **ت**دایە . وەك لە دواییەکەیەوە نوسراوە لە ٢٦ی ڕەبیعولئەووەلی ١٣١٠ی . ك (١٨٩٢ — ١٨٩٣ی.ز)دا نوسراوەتەوە . نوسەرەکەی ناوی مەلا عەبدوڵلای گەلاڵییە . دیارە کەسێکی خوێندەوار بووە . لە سەرەتای دیوانەکەوە نوسیویە : « کلیات رئیس الشعراء مولانا ملا خضر نالی رحمه الله » . لە داوێنەکەشیەوە پێنج خشتەکیی **وەفایی**ی لەسەر پارچە شیعری **گوڵبنی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە** و ، پێنج خشتەکیی **سالم**ی لەسەر پارچە شیعری **هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بوّ** و ، پێنج‌خشتەکیی **فایق**ی لەسەر پارچە شیعری **ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بۆمن** و لەسەر پارچە شیعری **نەفەس بگرە لە هاتوچۆیی خۆڕایێ هەتا ماوی** نوسیوەتەوە . ئەم دەسنوسە هیی کتێبخانەی کاك عەبدوڕڕەحمانی مزوریە و بەهۆی کاك جەمال موحەممەدەوە دەسگیرمان بۆ .

★ نوسخەکەی **اح** نوسخەیەکی جوانە بە خەتێکی خۆشی فارسێ و بە یەك دەست نوسراوەتەوە لە ١٣١٧ی . ك (١٨٩٩—١٩٠٠ی . ز)دا . نوسەری ئەم نوسخەیە **ئەحمەد** ناوێکە بۆ برادەرێکی خۆیی نوسیوەتەوە کە ناوی **مەلا عەبدوڕڕەحمانی چۆڕێ** بووە . تێکڕا نیوەکانی دوابەیتی پارچە شیعرەکانی لە دۆ دێڕا سەر و خوار نوسیوەتەوە . سەر و بۆر و پەراوێزی پێوە نییە . لە چوار شوێندا کە پارچە شیعرەکان نازناویان تیا نییە ، شوێنی دێڕێکی بە سپیەتێ بەجێهێشتووە ، وەك بڵێی وا لە خوێندەوار بگەیەنێ کە بەیتێك سەری تیا چووە . ئەم نوسخەیەشمان هەر بەهۆی کاك جەمال موحەممەدەوە دەسگیر بۆ .

★ نوسخەکەی کە ناومان ناوە **من** و داومانەتە پاڵ **مامۆستا نەجمەددین مەلا** ، لەڕاستیدا ئەبۆ ناومان بنایە **مج** چونکە دەسنوسی **مەلا جەلالی مەلا ئەحمەدە** و ، لەسەر نوسینی کاك جەمال موحەممەد لە سەرەتاوە بە هیی مامۆستا نەجمەددین مەلامان دانا و کە بە هەڵەی خۆمان و کاك جەمالمان زانێ مەیدانی ڕاستکردنەوەی هەڵەکە لەدەست دەرچۆبۆ . مەلا جەلال گەلێ پەراوێز و سەر و بۆر و دەسکاریی بۆ کردووە . لەزۆر شتدا لە نوسخەی **گم** ئەچێ . هەروەها لە نوسخەی **عب**یش ئەچێ . لەوە ئەچێ

نوسەر لەبەر ئەو دوانە نوسیبێتیەوە . سالێ نوسینەوەی پێوە نییە . ئەم نوسخەیەشمان هەر لە رێگای کاك جەمال موحەممەدەوە دەس‌کەوت .

★ نوسخەکەی **خا** نوسخەیەکی زۆر جوانە ، هەرچەند مایەی داخە کەوا لاپەرە (٥) و (٦) و ، (١٠) و (١١)ی نەماوە . لە یەکەم لاپەرەیدا نوسراوە : « از افکار ابکار و درر غرر جناب نالی ، والی ملك معانی و مقالی رحمه‌الله الباری‌است » . واتە ئەمە هەندێکە لە بیرە بە بیری کەسا نەهاتووەکان و مرواریيە رژۆنەکانی جەنابی نالیی فەرمانداری ولاتی مەعنا و وشە ، رەحمەتی‌خوای لێ بێ . دۆ سێ کەسی خەت خۆش لە نوسینەوەیدا بەشدار بوون ، بەڵام کەسیان ناوی خۆی نەنوسیوە . یەکێکیان لە داوێنی دیوانەکەوە بەر لە تەواوبوونی (تیپی هێ) بە هەشت پارچە ، نوسیویە : « عجالة حسب الفرمایش جناب ملا عبدالحمید ترقیم پذیرفت . آه از دست حرارت سلیمانی » . واتە : بەپەلە لەسەر فەرمودەی جەنابی مەلا عەبدولحەمید نوسرایەوە . ئاخ لەدەس گەرمای سلێمانێ . ئەمەیان لەوانیان زیاتر بایەخی بە کارەکەی داوە . تێکڕای کتێبەکە پڕیەتی لە سەر و بۆر و (نوسخە) و تاك و تەرایش مەعنای هەندێ وشەی لێدراوەتەوە . نوسەرەکان جار جار دۆ جۆر سەر و بۆریان داناوە ، واتە بە هەردۆ جۆرەکە ئەگونجێ . لە پایانی کتێبەکەشدا نوسراوە : « در هجدهم شهر صفر المظفر مطابق هزار و سیصد و بیست و یکم هجری این چند غزل نالی علیه الرحمة از دست فقیر و چند کسان دیگر قلمی پذیرفت . والسلام علی تابع الحق ١٣٢١ » واتە : ئەم چەند غەزەلەی نالێ رەحمەتی خوای لێبێ ، لە هەژدەی مانگی سەفەری ڕێکەوتی هەزار و سیصەد و بیست و یەکدا (١٩٠٣ ــ ١٩٠٤ی . ز) بە دەستی منی هەژار و چەند کەسێکی‌تر نوسرایەوە . سلاوی خوا لەوەی شوێنی ڕاستێ بکەوێ ١٣٢١ . تێکڕا ئەم نوسخەیە ئەوەمان پیشان‌ئەدا کەسانێکی زیرەك و خوێندەوار نوسیویانەتەوە . ئەم نوسخەیە ئیستا لە کتێبخانەی بەڕێز شێخ موحەممەدی خاڵدایە و ، ئەو دایە لامان .

★ نوسخەکەی **خب** سالێ نوسینەوە و ناوی نوسەری پێوە نییە ، بەڵام دیارە زۆریش کۆن نییە . لە هەندێ شوێنا سەر و بۆری بۆ کراوە . پەراوێزی بەسەرەوە نییە . خەتەکەی خۆشە . ئەم نوسخەیەش ئیستا لە کتێبخانەی بەڕێز شێخ موحەممەدی خاڵدایە و ئەو دایە لامان .

★ کەشکۆڵەکەش کە شێخ موحەممەد عەلێ قەرەداغێ فرۆشتبوی بە کۆڕ و بە نیشانەی **کش** ئیشارەتمان بۆ کردووە ، تەنها پارچە شیعرەکەی لەمەڕ **مەستورە**ی تیابو .

★ ★ ★

ئاخۆ دەسنۆسێکی (دیوانی نالێ) هەیە
بە خەتی (نالێ) خۆی ؟

وەختی خـۆی کاك موحەممەد موصـطەفا هۆشەنگ کە لـە ئاژانسی دەنگوباسی عێراق کار ئەکا ، بەراوردێکی نوسخە چاپەکەی (کم) و نوسخەیەکی دەسنۆسی بۆ ناردبۆین کە ، وەك ئەڵێ ، زۆتر لە مەلا یەحیای کوڕی مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانیی وەرگرتبۆ و ، نۆسیبۆی : « ئەم تەصحیحات و زیادییانەم لە دیوانێکی دەسخەتی مەلا خضری نالێ وەرگرت کە ئەو دیوانە هیی مەلای چروستانێ بـۆ ، بەهۆی مەلا یەحیای کوڕیەوە خواسـتم و سۆدم لێ وەرگرت (لە) ١٩٤١ (ی)مدا لە سولەیمانێ » .

زۆری پێنەچۆ ، وەك لە پێشەکییەکەدا وتمان ، دەسنۆسێکی تەواوی دیوانی نالیمان لە زێگای کاك ئەحمەدی چروستانییەوە دەسگیر بۆ مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانیی باوکی نۆسـیبۆیەوە . ئەو نوسـخەیە ، چەند پەڕە بەراوردەکەی کاك هۆشەنگی لەبیر بردینەوە و من خۆم کە بەراوردی نوسخەکانم ئەکرد ئەوەم بە بـیردا نەهاتبۆ کە مەبەستی کاك هۆشەنگ لـە « دیوانێکی دەسخەتی مەلا خضری نالێ» ئەوەیە دیوانەکە بە خەتی نالێ خۆی نۆسراوەتەوە و، ئیددیعایەکیواش لێکۆڵینەوە و کەوتنە پەیجۆرێکی باشی ئەوێ ..

تا لەمدواییەدا کە ئەم دیوانە خرابوە ژێر چاپ و موحەممەدی برام پێش چاپ پیا ئەچوەوە ، لەبارەی بابەتێکی سەر بە نالییەوە تەلەفۆن بۆ کاك هۆشەنگ ئەکا . هۆشەنگ پێیئەڵێ کەوا بەراوردەکەی لەسەر دەسنۆسێکی نالێ خۆی ، ئامادەکردووە . کە موحەممەد ئەوەی بۆ گێڕامەوە ، هەستم بەو هەڵەیە کرد کە تێیکەوتبۆم و بەراوردەکەی هۆشەنگم لەیـاد چۆبو . لەچاپدانی دیوانەکە لە دوادواییدا بۆ ، بۆیە مەیدانی ئەوە نەبۆ کەڵکێکی ئەوتۆ لە بەراوردەکە وەربگیرێ . لەگەڵئەوەش کەوتینە بەراورد کردنی لەگەڵ دەسنۆسەکەی چروستانێ خۆی . بۆمان دەرکەوت ئەو دەسنۆسەی کاك هۆشەنگ دیویە ، ئەوەندەی کە خۆی دەسنیشانی کردبێ ، لە ١٢٢ شوێندا جیاوازیی لەگەڵ چاپەکەی (کم) هەیە و ،

له ٥٤ شوێنیشدا جیاوازیی لەگەڵ نوسخە دەسنوسەکەی چروستانێ هەیە ، جیاوازیی‌تریشی لەگەڵ هەردوکیان هەیە کە ئەو ئیشارەتی بۆ نەکردوون . بەڵام زوربەی ئەو جیاوازییانەی کە کاك هۆشەنگ ئەڵێ تێکستی ئەو دەسنوسەن ، چروستانێ بە (نوسخە) لە دەسنوسەکەی خۆیدا نوسیونیەتەوە و ، ئەگەر بەراوردی دەسنوسەکەی ، کاك هۆشەنگ واتەنێ ، نالێ و دەسنوسەکەی چروستانێ بکەین ، بۆمان دەرئەکەوێ ئەوەی چروستانێ زۆر بەجێتر و لەبارترە و ئەشتوانین لە دەرفەتێکی داهاتودا بەراوردی هەردو تێکستەکە بخەینە بەرچاوی ڕەخنەگرانی ئەدەب . بەنیازی وردبوونەوەیەکی زیاتر لە مەسەلەکە چومە لای کاك هۆشەنگ و نوسخەکەی چروستانییشم لەگەڵ خۆم برد ، بەتایبەتێ کە ئەم نوسخەیەش وەختی خۆی کەوتبوە دەستی کاك هۆشەنگ و دیارە لەوکاتەدا چاپەکەی (کم)یشی لابووە چونکە وەك کلیشەکەی ئەو چاپە لە پشتەکەی نوسیوە « دیوانی نالێ » و لەجیاتیی (یمنی)ی نوسەری کلیشەکە نوسیویە (هۆشەنگ) و ئەمەشی لێ نوسیوە : « صەحافێ کردن وە ڕێکخستنی ئەم دیوانە جوانەم بە یادگار بۆ برای هاوخوێن و هاودین و هاوزمانم کرد لە تەئریخی ١٩٣٩/٦/٦دا بە یاریدەدانی یەزدانی خاوێن لە شاری سلێمانێ . م . هۆشەنگ » . ئەمویست دیسانەوە مەسەلەکە لە کاك هۆشەنگ بپرسمەوە بزانم ئەڵێ چێ ؟ دیتم کاك هۆشەنگ هەر سوڕە لەسەر ئەوە کەوا وەختی خۆی دەسنوسێکی دیوانی نالیی بە خەتی نالێ خۆی لە مەلا یەحیای کوڕی مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانێ وەرگرتووە و ، ئەو دەسنوسە کتێبێکی قەوارە بچوك بووە و ، لەدوای هەر پیتێکەوە چەند لاپەڕەیەکی بە سپیەتێ هێڵرابوەوە و ، لە زۆر لاوە لای گۆشەی سەرەوە بەتایبەتێ کە غەزەلی تازە دەستی پێ بکردایە مۆرێکی نالیی پێوەبو ، مۆرەکەش مۆرێکی هێلکەیێ بو ، لێی‌نوسرابو « ملا خضر نالی » و ، لەپاڵ ئەو نوسخەیەدا کتێبێکی (آلام ڤرتر)ی گۆتەش هەبۆ نالێ کردبۆی بە عەرەبێ . . .

بەرابەر بەم قسانەی هۆشەنگ و بەو هەمۆ جیاوازییەی لەنێوان دەسنوسەکەی چروستانێ و ئەو دەسنوسەدا هەیە کە هۆشەنگ دیویەتی و ئەڵێ خەتی نالێ خۆی بو ، ئەبێ بڵێین هۆشەنگ نوسخەیەکی‌تری دیوە ، بەڵام بێگومانیشین لەوە کە ئەو نوسخەیە نەك تەنها دەسنوسی نالێ نەبوە ، بەڵکو نوسخەیەکی باشیش ،ەبوە . بەڵگەشمان ئەمانەن :

١ ــ وەك وتمان بە بەراوردی ئەو دەسنوسە و دەسنوسەکەی چروستانیدا دەرئەکەوێ کەوا ئەمەی چروستانێ گەلێ وردتر و پوختتر و ڕاستترە .

٢ ــ هۆشەنگ ئەڵێ لەو دەسنوسەدا لەسەر پارچە شیعری **ماتەم وەکو زولفەینی سییەهـ گرتی سەراپات** نوسرابۆ : « مرثیە حضرت نالی برای پدر

حبیبه » . واته : لاواندنه‌وه‌ی حه‌زره‌تی نالی بۆ باوکی حه‌بیبه . به‌لام چۆن نالی به خۆی ئه‌ڵێ : « حضرت نالی » ؟

٣ ــ هۆشه‌نگ ئه‌ڵێ : له ده‌سنوسه‌که‌دا له‌نێوان به‌یتی ٦٨و ٦٩دا فاصیله‌یه‌ك ئه‌وه‌نده‌ی سه‌طرێك به سپێتی به‌جێ‌هێڵرابو ، واته جێگه‌ی به‌یتێکی‌تر بو . ئه‌گه‌ر نوسه‌ری ئه‌و ده‌سنوسه نالی بێ ، ئه‌بێ ئه‌و جێگایه‌ی بۆچی به سپێتی به‌جێ‌هێشتبێ ؟ بشێ خۆی شیعری خۆی بۆ نه‌خوێنرابێته‌وه !

٤ ــ هۆشه‌نگ ئه‌ڵێ : له غه‌زه‌لی **نه‌مردم من ئه‌گه‌ر ئه‌مجاره بێ تۆدا** له‌دوایدا به‌یتێك نوسرابۆ . به‌یته‌که ئه‌مه‌یه :

ئه‌گه‌رچی خۆم به ته‌ن دوڕم له لای تۆ
خوا ئه‌یزانێ ڕۆحم وا له لای تۆ ..

ئه‌نجا ئه‌ڵێ : دیاره که (ئه‌م به‌یته) سه‌ره‌تای پارچه شیعرێکه و ده‌ست نه‌که‌وتووه .. جارێ با گوێ نه‌ده‌ینه ئه‌وه که ئه‌م به‌یته بێ‌تامه ، له بازاڕی هیچ ڕه‌خنه‌گرێکدا به هیی نالی دانانرێ .. به‌ڵام چۆن ئه‌شێ نالی خۆی شیعری خۆی ده‌س‌نه‌که‌وتبێ !

٥ ــ ئه‌گه‌ر نوسخه‌ی‌وا ده‌سنوسی نالی لای چروستانی بۆبێ ، بۆچی به هیچ جۆرێ له ده‌سنوسه‌که‌ی خۆیدا په‌نجه‌ی بۆ ڕاناکێشێ و نوسخه‌کانی له‌سه‌ر ڕاست ناکاته‌وه و ، ئه‌و هه‌مۆ جیاوازیی نوسخانه ئه‌نوسێته‌وه ؟

٦ ــ ئه‌گه‌ر ڕاست بێ نالی (آلام ڤرتر)ی گۆته‌ی وه‌رگێڕابێته سه‌ر عه‌ره‌بێ ، دیاره ئه‌بێ له تورکییه‌وه وه‌ری‌گێڕابێ .. به‌ڵام کوێ‌ڕا نالی ئه‌و تورکییه فێر بۆ بتوانێ یه‌کێك له شاکاره‌کانی ئه‌ده‌بی ئه‌ڵمانیی لێوه بکا به عه‌ره‌بێ و ، ئه‌بێ چه‌ند کتێبی ئه‌ده‌بی نوێی خوێندبێته‌وه ، تا بگاته ئه‌وه کتێبێکی‌وا هه‌ڵبژێرێ بۆ وه‌رگێڕان .. ئه‌مه له حاڵێکا که ئه‌م کتێبه له‌و سه‌رده‌مه‌دا کرابێتیش به تورکێ !

به‌ڕای ئێمه ئه‌گه‌ر کتێبی‌وا له‌پاڵ ئه‌و ده‌سنوسه‌دا بۆبێ ئه‌بێ که‌سێك نوسیبێته‌وه و ، یه‌کێکی‌تر له‌به‌ر نه‌زانێ دابێته پاڵ نالی .

٧ ــ مه‌سه‌له‌ی مۆره‌که‌ش شتێکی سه‌یر نییه . دوڕ نییه نالێ مۆرێکی بۆبێ و که‌وتبێته لای که‌سێك و هه‌ر له‌به‌رئه‌وه که ده‌سنوسه‌که شیعری نالێ بووه ، مۆره‌که‌ی نالییشیان پیا نابێ ، مادەم کاك هۆشه‌نگ نالێ نالێ له داوێنی دیوانه‌که‌وه نوسیبۆی که‌وا خۆی نوسیویه‌ته‌وه .

٨ ــ کاك مه‌لا یه‌حیای کۆڕی چروستانێ خۆیشی بۆی دوپات کردینه‌وه که‌وا نوسخه‌ی‌وایان هه‌رگیز نه‌بوه .

لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ سوپاسێکی زۆری کاك هۆشەنگ بکەین کە هەر لە سەرەتاوە پیاوانە هات بەدەم بانگەوازمانەوە و ئەو بەراوردانەی بۆ ناردین و ، ئەبێ ئەوەش بڵێین کەوا لە بەراوردەکانیا ، لە پارچە شیعری **گوڵبنی قەددت لە قوبەی سینە غونچەی گردووەدا** بەیتێك هەبۆ، ئەو بەیتە لە (عم) و (گم)یشدا هەبۆ ، بەڵام ئێمە بە هیی نالیمان نەزانێ ، بۆیە لە پەراوێزا نۆسیمانەوە . دەرکەوت هەمان بەیت لە پێنج‌خشتەکییەکی (وەفایێ)یشدا بەسەر ئەو پارچە شیعرەوە هەبۆ و ، لە داوێنی نوسخەی (عب)دا نۆسرابوەوە ، هەرچەند (عب) بۆخۆی لە دیوانەکەی نالیدا نەینۆسیبوەوە . ئێمە لەکاتی خۆیدا پێمان‌نەزانێ کەوا لەناو بەراوردەکانی کاك هۆشەنگیشدا هەیە ، ئەگینا هەر لەگەڵ خستنە پەراوێزەکەیدا باسی ئەوەشمان ئەکرد . هەروەها لە پارچە شیعری **وەرە ساقێ ! بە شین و نەدب و واوەی**یشدا دۆ بەیت لەو بەراوردەدا هەبۆ ، یەکێکیان لەپاش بەیتی یەکەم و ئەویان لەپاش بەیتی دۆهەمەوە . ئەو دۆ بەیتەشمان لە شوێنی خۆیاندا لە پەراوێزا نۆسییەوە .

فاتح عبدالکریم

★ ★ ★

پاشـــــه‌کێ

بەر لە هەرچێ ئەبێ خوێندەواری خۆشەویست لەوە ئاگادار بکەین کەوا ئەم کتێبە لە دۆخێکی ڕاست و ڕەواندا نەخراوەتە ژێر چاپ . وەك کاکم لە سەرەتاکەیدا باسی کرد ، ئەو جارێك بە کارەکـــەی باوکمدا ڕۆیشتووەتەوە و تێکستی شیعرەکانی کە لەبەر نوسخە چاپەکاندا نۆسرابۆنەوە ، لەگەڵ نوسخەکانی **چر** و **چن** بەراورد کردووە و ، پاشانیش جارێکی‌تر لەگـــەڵ نوســـخەکانی **ت** و **ك** و دیسانەوە **عز** و **تو** و **مزی** بەراورد کردووە . کە بڕیاری لەچاپدانیش درا و من کاری سەرپەرشتیی چاپ و ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپم گرتە ئەســـتۆ ، دیم پێویستمان بە چاو پیا گێڕانەوە و پیاچۆنەوەیەکی‌تریشە . بەمپێیە منیش پارچە پارچە بە شیعرەکان و نۆسینەکەی کاکم و باوکمدا ئەچۆمەوە و ، دیـــارە لە ماوەی ئەم کارەدا گەلێ بابەتی‌تر ئەهاتە ئاراوە و بیر و ڕای نوێ پەیدا ئەبۆ و ، لەگەڵ کاکم و باوکم و بەتایبەتێ لەگەڵ کاکم ئەکەوتینەوە لێکدانەوە و زۆر جار وائەبۆ لەسەر تاقە بەیتێك ماوەیەك پەکمان ئەکەوت ، تا ڕامان بەجۆرێ یەکی ئەگرت . ئەم کارە هەرچەند مەینەت و ئەرکێکی گران بۆ بۆ هەمۆمـــان ، بەڵام لەگەڵئەوەشدا کارێکی ئێجگار بەسۆد بۆ ، بۆیە مەینەتی حەوت هەشت مانگی ئاڵوگۆڕ کردنی بیر و ڕا ونۆسینەوە و دارشتنەوەی سەرلەنوێی لێکدانەوەکە ، بەش بەحاڵی باوکیشم و کاکیشم و خۆیشم مایەیەکی ڕاستەقینەی بەختەوەریی ژیانە ...

هەر لە ماوەی ئەم‌کارەدا ئەرکێکی نوێ کەوتە ئەستۆی کاکم . دەس‌کەوتنی ئەو سێ دەسنۆسەی کاك جەمال موحەممەد بۆی نـــاردین و پاشـــانیش ئەو دۆ دەسنۆسەی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ بۆی ناردین ، کاکمی ناچار کرد بەراوردی ئەم نوسخانەش لەگەڵ تێکڕای دەسنۆسەکان بگرێتە ئەستۆ و ، ئەبێ بڵێم ئەگەر ناتەواوییەکیش لەم بەراوردەدا هەبێ ، نابێ ئەوە بشـــارێتەوە کـــە خوێندنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو پێنج دەسنۆســـە کارێکی ئاســـان نەبۆ بـــۆ کاکم ، بەڵام بە باشێ لە هەقی هات .

★ ★ ★

له سەرەتاکەدا وتراوە کەوا جیاوازییە رێزتێچووەکانی تێکستەکان لە پەراوێزدا نوسراونەتەوە و ، ئەوەی سوور زانرابێ هەڵەیە خراوەتە لاوە . لێرەدا پێویستە ڕوونی بکەینەوە کەوا کام تێکست لە هەموان بە ڕاستتر و لەبارتر و لەگەڵ شوێن و ، چەشنی نالێ و قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردێ ، بە گونجاوتر دانرابێ خراوەتە بڕبڕەی شیعرەکانەوە . تێکرایش تێکستیوا لای **چر** و **چن** و **خا** و **ك** و **عب** و **تویە** . باقیی جیاوازییەکانیش مەگەر سوور زانرابێ هەڵەن، ئەگینا لە پەراوێزدا نوسراونەتەوە. گەلێ جار جیاوازییواشمان نوسیوەتەوە کە دڵنیا نەبوین لە ڕاستێ و ناڕاستیی ، هەر لەبەرئەوە نوسیومانەتەوە کە مەعناکەیمان بۆ ڕاست نەکراوەتەوە . بەڵکو گەلێ جار جیاوازییوایشمان نوسیوەتەوە کە لامان وابوە هەڵەیە ، بەڵام هەر لەبەرئەوە کە لە نوسخەیەکی وەك **چر** یا **چن**دا وا نوسراوە ، پشت گوێمان نەخستووە . ئەبێ ئەوەش بڵێین کەوا تێکڕا ئەمە لە نیوەی دوهەمی کتێبەکەدا دیارترە .

وەك ئاشکرایە نوسخە دەسنوسەکان مەگەر سەر و ژێریان بۆ وشە کردبێ، ئەگینا بەپێی ڕێنوسی فارسێ نوسراونەتەوە و وائەبێ وشەیەك دەستئەدا بە چەند جۆر بخوێنرێتەوە . ئێمە پشت بە زانینی کوردێ و فارسێ و شارەزایێ لە ئەدەبی کلاسیکی کورد بە زاراوە و مەعنا و فۆرمیەوە و ، شارەزایێ لەو بابەتانەی ئەم ئەدەبە لێیان ئەدوێ و ، هونەری وشەئارایێ و جیناس و تەوریە و خوێندنەوەی شکستەی فارسێ ، توانیومانە تێکستەکان بخوێنینەوە و بڕیار بدەین کام خوێندنەوەی گونجاو مەبەستە و کامیتریش هەر لەوانەیە مەبەست بێ و کام خوێندنەوە مەبەست نییە . هەر بەمپێیەش نوسخە جیاوازەکانمان هێناوەتە سەر ڕێنوسی نوێ ، ئەگینا خۆ دیارە ڕێنوسی تێکستەکان هەموی ڕێنوسی کۆنی فارسییە . ئەو تیپانەی ئێستا ئێمە لەجیاتیی جۆڵە (حرکە)بەکاریان ئەهێنین و ، ئەو نیشانانەی (ڕ) و (ڵ)ی قەڵەویان پێ لە لاواز و ، (ۆ) و (ێ)ی بۆشیان پێ لە هیی کورت و درێژ جوێ ئەکەینەوە ، ئەوسا نەبوون . تەنانەت باو نەبوە (و)ی عەطف و (ی)ی ئیضافەش بنوسن و زۆر جار (گ)یشیان بە (ك) نوسیوە . ئێمە هەمو ئەمانەمان بەپێی ئەو ڕێ و شوێنە ساغکردووەتەوە کە ئێستا باسمان لێکرد. خۆ ئەگەر کەسێکیش لایوابێ خراپی بۆچووین ، ئەتوانێ تێکستەکە بگێڕێتەوە بۆ سەر ڕێنوسی کۆن و خۆی سەرلەنوێ هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدا و دۆریش نییە ڕێی لە شتێکی نوێ و وردتر بکەوێ .

★ ★ ★

سەرەڕای نەبوونی ڕێنوسێکی تایبەتیی کوردێ کە بووە بە هۆی ئەوە تێکستی کوردێ بەپێی ڕێنوسی فارسێ بنوسرێتەوە و ، ئەوەش بووە بە هۆی

ئەوە زۆرکەس وشەیەك نەزانن و بە هەڵە بیخوێننەوە و بینوسنەوە ، هۆیەکی‌تری گرنگی پەیدابوونی ئەم هەمو نوسخە جیاوازانە و نەتوانینی ڕاست‌کردنەوەی قەسیدەکی کلاسیکی کوردیش بەشێوەیەکی بێ‌گومان و تەواو ، ئەوەیە تێکڕا ئەدەبی کورد لای خوێندەواری کورد واتە لای مەلا و فەقێ بایەخی نەبوە و ، ئەوانەی خۆیان بەم ئەدەبەوە خەریك‌کردووە زیاتر کۆلکە مەلا و فەقێی ناسەرکەوتو بوون . بۆیە ئەگەر مەلایەکی باش و فەقێیەکی زیرەکیش خۆی دابێتە ئەدەبی کورد ، تێکستی نیوە و ناتەواو و پڕ لە هەڵەی دەسگیر بووە و نەیتوانیوە ئەو مەبەستەی هەیەتی بەتەواوێ بەجێبێنێ . کۆلکە خوێندەواریی ئەوانەی بەرهەمی ئەدەبیان نوسیوەتەوە ، بووە بە هۆی ئەوە وشەیەکیان لێ بگۆڕێ بە وشەیەکی‌تر و تیپێکی بە تیپێکی‌تر و ، ئیستاش ئێمە کە کەرەستەی بە هەڵە نوسراوە ڕاست ئەکەینەوە ، گەلێ جار لەم ڕێگەوە بۆی ئەڕۆین و هەرچێ وشەی نزیك لە وشە نەخوێنراوەکە و ، هەرچێ تیپی نزیك لە تیپەکانەوە هەبێ ، خڕیان ئەکەینەوە و ڕێگا ڕێ‌تێ‌چووەکانی بەهەڵەداچوون ئەهێنینە بەرچاومان و ، بە بەراورد لەگەڵ مەعنای گونجاودا ئەگەڕێین بەدوای ڕاستیدا و ، گەلێ‌جاریش دەرئەکەوێ بەمپێیە ئەگونجێ ئەو وشەیە بە چەند جۆری ڕاست بخوێنرێتەوە . دیسانەوە لەناو ئەوانەشدا بەدوای جوانتر و گونجاوتریاندا ئەگەڕێین .

★ ★ ★

سەیرە لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆش‌بەختانە گەلێك لەوانەی ئەم دەسنوسانەی بەردەستی ئێمەیان نوسیوەتەوە مەلای باش بوون و نیشانەی ئەوە بە دەسنوسەکانیانەوە دیارە کە نالییان باش زانیوە و هەوڵیان‌داوە بە باشێ بۆ خوێندەواری ڕۆن بکەنەوە ، تێکڕا لە بابەتی‌وادا کەوتونەتە هەڵەوە کە پێوەندی بە زانستی ئیسلام یا زمانی عەرەب یا زمانی کوردەوە هەیە و نەئەبو نەیزانن . بۆنموونە وشەی (تەرەح ــ ل ١٦٦) کە وشەیەکی عەرەبییە و واتە خەفەت ، لە هەمو نوسخەکاندا ، تەنانەت لە نوسخەی (گم)یشدا کە هەمو تیپە عەرەبییەکان بە کوردێ ئەنوسێتەوە ، بە (طەرەح) نوسراوە ، وەك بڵێی زمانی عەرەبێ تیپی (تێ)ی تیا نەبێ و ، وشەی (حەظیرە ــ ل ٤٣٢) کە وشەیەکی عەرەبییە لە تێکڕای نوسخەکانی بەردەستمانا نوسراوە (خەطیرە) و ، وشەی (موتوربە ــ ل ٥٤٦) کە وشەیەکی کوردییە تاقە نوسخەیەك بە ڕاستی نوسیوە و ، وشەی (شەعائیر ــ ل ٦٣٦) کە زاراوەیەکی ئایینییە، لە هەمو نوسخەکاندا بە (شیعار..) نوسراوە .

★ ★ ★

لە سەرانسەری ئەم دیوانی نالییەدا دو پارچە شیعر لە دەسنوسەکانا هەیە

لەسەریان نوسرابێ بەبۆنەی چییەوە دانراون* ، کە لاواندنەوەکەی سلێمان پاشا و قەصیدەکەی (مەستورە)ن و ، ئەوی‌تری هەمۆ ئەبێ بە لێکدانەوە و بە ورد بۆنەوە لە مەعنای پارچە شیعرەکاندا شتێکیان لێ بزانین . نەبۆنی یەکێتیی بابەتیش لە شیعری کۆندا زیاتر ئەم کارە ئالۆز ئەکا . نەزانینی بۆنەی دانانی پارچە شیعرێك ئەوەندەی‌تر کۆسپ دێنێتە رێی ساغکردنەوەی مەعناکەی . ئەمەش کە مەعنای شیعری کلاسیکی کوردێ پێوەندی بە هەمۆ سەرێکی کولتۆری ئیسلامەوە هەیە و ، مەلای کوردیش تا لێکدانەوەی کتێبێکی قەواعیدی عەرەبێ و مەنطیق و کەلامی یۆنانێ و شیعری (امرىء القیس) و (حافظی شیرازێ) و شیعری ئایین و سۆفیگەرێ لەئارادا بۆبێ خۆیان بە (خانێ) و (جزیرێ) و (نالێ) و (مەولەوی)یەوە خەریك نەکردووە ، ئەوەندەی‌تر ئەرکی ساغکردنەوەی شیعری نالێ و هاوچەشنی نالیی قورستر کردووە .

★ ★ ★

رێستە ئەبێ هەمیشە هەوڵی ئەوەمان بێ کارمان پوخت و رێك‌وپێك بێ ، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین لەبەر گەلێ هۆی‌وا کە لە سنۆری دەسەڵاتی بنیادەم بەدەرن ، مرۆ بێناتەواویش نابێ . دیارە ئەم کارەی ئێمەش لەم قانۆنە بەدەر نییە .

وا جارێ پێشەکێ ئێمە هەندێ ناتەواویی کارەکەی خۆمان ئەخەینە پێش چاو . بە دڵیش چاوەڕوانی رەخنەی خوێندەوارانین بۆئەوەی هەم ئێمەش لە کاری‌تری لەمەوپاشماندا کەڵك لەو رەخنانە وەربگرین و ، هەم کەسی‌تریش نەکەوێتە ئەو هەڵانەی ئێمەوە .

● ئەبۆ لەچاپدانی سەرەتاکە بکەوتایەتە پاش لێبۆنەوە لە چاپکردنی کتێبەکە خۆی بۆئەوەی پوخت‌تر و وردتر بێ . هەر بۆیەش دوور نییە خوێندەوار جاروبار هەست بە وردە ناکۆکییەك لەنێوان هەندێ رای ناو سەرەتاکە و ناو کتێبەکەدا بکا . دیارە لە حاڵێکا کە ناکۆکیی‌وا هەبێ پشت بە رای ناو کتێبەکە ئەبەسترێ .

● لە ماوەی لێکدانەوەی شیعرەکاندا گەلێ بابەتی ــ وابزانین ــ بەبایەخمان دیارێ و دەس‌نیشان کردووە کە تائیستا کەس ئیشارەتی بۆ نەکردۆن . ئەگەر

---

* بەڵێ لە هەندێ نوسخەدا چەند حاڵەتێکی ئیشارەت‌کردن بۆ هۆی دانانی چەند پارچە شیعرێك هەیە وەك لە پەراوێزەکاندا رۆنمان کردووەتەوە ، بەڵام یا هەڵەن یا مەعنایەکی ئەوتۆ نابەخشن و رۆناکییەکی‌وا نادەن بەدەستەوە .

سەرەتای کتێبەکەمان پاش لەچاپدانی دیوان و لێکدانەوەکە بخستایەتە ژێر چاپ ، ئەو بابەتانەمان ئەخستە سەرەتاکەوە . بەڵام مادەم سەرەتاکە هەر لە سەرەتادا چاپکرا ، هیچ نەبێ ئەبۆ ئەو بابەتانەمان بە تیپی زەش لەچاپ بدایە ، تا بەئاسانێ بدۆزرێنەوە .

● ئەبۆ هەر لە سەرەتاوە زۆنمان بکردایەتەوە کەوا بەگوێرەی زێنۆسی ئیستای کوردێ وشە لەیەك چووە کوردییەکان بە سەنگ و تەرازوی جیناسی عەرەبێ ناکێشرێن ، چونکە لە کوردیدا تیپ جێگەی جۆڵەی عەرەبێ ئەگرێتەوە. بۆیەش ، دۆر نییە لە هەندێ شوێندا لە دیارێ کردنی جۆری جیناسدا کەوتبینە هەڵەوە .

● وەك چۆن نۆسیومانە فلاّنە بەیت لە فلاّنە نوسخەدا نییە ، ئەبۆ بشمانوتایە فلاّنە پارچە شیعر لە فلاّنە نوسخەدا هەیە و ، لە فلاّنە نوسخەدا نییە ، هەرچەند ئەشتوانرێ ئەمە بە بەراوردکردنی نوسخەکانا بزانرێ .

● ئەبۆ جیاوازیی نوسخەکانمان لە پەراوێزێکیترا لە داوێنی لاپەرەوە بنۆسییاتەوە ، تا ئەوکەسەی مەبەستی تەنها زانینی مەعنای بەیتەکانە ، کاتی خۆی بە تەماشاکردنی جیاوازیی تێکستەوە نەباتەسەر .

● ئەبۆ جیاوازییەکانمان بە زێنۆسی کۆنیش دەسنیشان بکردایە ، لەگەڵ دەسنیشان کردنیاندا بە زێنۆسی نوێ .

● ئەبۆ ناوی ئەو نوسخانەمان بنۆسیایە کە تێکستی شیعرەکان ، وەك ئێمە نۆسیومانەتەوە ، لەو نوسخانەدا بەوجۆرەن . ئیستا هەر ئەوەندە ئەتوانین بڵێین تێکستی شیعرەکان لە هەر بەیت و وشەیەکدا وەك تێکستی ئەو نوسخانەیە کە ناویان بەجۆرێکیتر نەهاتووە لە پەراوێزا .

● نەئەبۆ ئەوەندە زۆر بایەخ بە هەندێ جیاوازیێ بدەین کە لەڕاستیدا جیاوازیێ نین و سروشتی زێنۆسی کۆن وایە ، وەك نەبۆنی واوی عەطف یا یێی ئیضافە بەدوای هەندێ وشەوە .

● نەئەبۆ ئەوەندە بایەخ بە هونەرەکانی وشەئارایێ و جیناس بدەین و لەبریتیی ئەوە ئەبۆ خۆمان بە لێکدانەوەی ئیستیعارە و تەشبیە و مەجازەکانەوە زیاتر خەریك بکردایە .

● ئەبۆ نوسخەی (من)مان ، لە حاڵی پێویستیدا نەبێ ، نەکردایە بە پشتێ ، چونکە جیاوازییەکی ئەوتۆی لە نوسخەی (کم) نییە .

محمدی مەلاکریم

ئاگاداریَ و ڕوَنکردنەوە

★ لەگەڵ شاعیری ناسك كاك حەمە عەلیَ مەدهۆشدا باسی شیعری نالیمان ئەكرد . ڕاستییەكی گەلیَ سادەی تیَگەیاندم كە بەداخەوە نە ئیَمە كەسمان بۆی چوَبوَین و نە ــ من بزانم ــ كەسیَتریش خستوَیەتیە سەر كاغەز . ئەوەش ئەوەیە وشەی (ماڵیاوا) لە شیعری :

جەنانی وەك جینان كردم بە ماوا
(حەبیبە)ی (ماڵیاوا) ، ماڵی ئاوا

دا (ل ــ ١٢٢) ، ناوی دێیەك نییە (حەبیبە)ی یاری (نالیَ) لەوێ ژیابێ . مەبەست لە (ماڵیاوا) ، (ماڵی ئاوەها)یە ، واتە : حەبیبەیەك كە لە ماڵێكی وەك دڵی منا ئەژیَ ، یاخوا هەمیشە ماڵی ئاوا بێ كە دڵەكەی منە و ، هەرگیز دڵم لە خۆشەویستیی ئەو چۆڵ و خاڵیَ نەبێ و كوێر نەبێتەوە . م

★ دوَ وشەی (بۆ ڕیا) لە بەیتی :

ڕیشەكەی پان و دڕێژە ، بۆ ڕیا خزمەت ئەكا
ظاهیرە هەركەس بە طوَل و عەرضی ڕیشیدا ڕیا

دا (ل ــ ١٢٨) ، ئەشگونجیَ (بۆریا) بێ . (بۆریا) ئەو قامیشە باریكەیە ئەیكەن بە چیغ . واتە : سۆفیَ كە ڕیش ئەهێڵێتەوە و پەروەردەی ئەكا ، ڕیشەكەی بۆ ئەوە باشە بیكەن بە چیغ . . .

★ وشەی (چەقیبوَ) لە بەیتی :

هێند مونتەظیری تۆ بو هەتا چاوی سپیَ بوَ
نەرگس ، كە لەسەر یەك قەدەم و دیدە چەقیبوَ

دا (ل ــ ٣٧٧) ، ئەشگونجیَ بە (چەقی بوَ) بخوێنرێتەوە ، واتە دۆخی چەقینی هەبوَ .

★ هەندێ وشە وەك (طەلیسم) و (تەلیسم) و (طیلەسم) و ، (عەشق) و (عیشق) و ، (طاق) و (تاق) و شتی‌وا ، وائەبێ بە شێوەی جیا جیا نوسراون . ڕێبازی ئێمە تێکڕا ئەوە بووە وشەی لە عەرەبییەوە هاتو و بە عەرەبییەتی ماو ، بە تیپەکانی خۆیان بنوسینەوە .

★ وائەبێ شێوەی نوسینەوەی وشەیەك لە دو نوسخەدا جیایە ، بەڵام هەردولا لەوەدا کەوا وشەکە فلانە وشەیە ــ هاوەڕنگن . ئێمە بە پێویستمان نەزانیوە ئیشارەت بۆ دۆخی‌وا بکەین .

★ لەبەر بێ‌کاتی نەمانتوانی بەراوردێکی نوسخەکانی (عب) و (اح) و (من) و، (خا) و (خب) لەگەڵ ئەو پارچە شیعرانە بکەین کە پێش دەسکەوتنی ئەو پێنج نوسخەیە لەچاپ درابوون .

★ بەهۆی شوێن‌پێ‌کەوتنی (هەڵەی باو)ەوە ئێمەش وشەی (هەزار)ی بەمەعنا (بولبول)مان لەم دیوانەدا بە (هوزار) نوسیوەتەوە . بەڵکو لە گەڵێ لادا هەندێ لە نوسخەکانیش (بۆر)یان بۆ (هێ)کە کردووە .. بەهۆی ئەم هەڵەیەوە گەڵێ جار باسی جیناسی موحەڕڕەفمان لەنێوان (هەزار)ی بەمەعنا ژمارە و (هوزار)ی بەمەعنا بولبولدا کردووە . لێرەدا ئەمانەوێ بڵێین کەوا هەر باسێکی لەم چەشنە هەڵەیە و ، مەسەلەکە لەو حاڵەتانەدا کە وشەی (هەزار) بۆ دو مەعنا دەس‌بدا ، لە تەوریە و لەطافەت بەولاوە نییە . ئەوەندەی ئێمە شوێنی ئەم هەڵەیەمان دۆزیبێتەوە ، لەم لاپەڕانەدا هەیە : (٤٥ ، ٤٨ ، ١٤٤ ، ١٦٨ ، ٥٣٩ ، ٦٦١ ، ٦٦٤) .

★ بە هەڵە پارچە شیعری :

خاڵێ نییە ڕەشــماری دو زوڵفت لە بەڵایێ
حەڵقەی شەڕیان بەستووە هەرێکە لە لایــێ

کە پارچەی هەژدەهەمە (ل ــ ٧٠٤) کەوتووەتە پێش پارچەی نۆزدەهەم و بیستەمەوە و ، ئەبۆ ئەم پارچەی بیستەم بووایە .

پێڕستی پارچه شیعره‌کانی دیوانی نـالێ

ژماره	نیوه‌ی یه‌که‌می یه‌که‌م دێڕی هه‌ر پارچه شیعرێك	لاپـه‌ڕه

تیپی ئه‌لف

(١) ئه‌ی جیلوه‌ده‌ری حوسن و جڵه‌وکێشی ته‌ماشا ٧٥
(٢) ئه‌ستێره هه‌مۆ مه‌حوه له‌ێو نۆری قه‌مه‌ردا ٧٩
(٣) تا تایی سه‌ری طوڕڕه‌یی پڕ پێچشی با دا ٨٣
(٤) ته‌به‌سسوم ده‌رده‌خا حوققه‌ی ده‌م و جه‌وهه‌ر له‌ێو ئه‌ودا ٨٧
(٥) جۆشش و تابه له‌ێو دیده‌یی گریانمدا ٨٩
(٦) گه‌ر بێیه ده‌رێ ، سه‌روی ڕه‌وانی له ئیره‌مدا ٩٣
(٧) ڕۆخم ڕه‌نگینی ڕه‌نگی ڕۆمه‌تی ڕه‌نگینته ، بازا ٩٥
(٨) ئه‌حوه‌لی ته‌فره‌قه نه‌ظه‌ر ته‌قوییه‌تی سه‌به‌ب ده‌کا ٩٧
(٩) بولبولی طه‌بعم ئه‌وا دیسان ئه‌ناخوانێ ده‌کا ١٠١
(١٠) طه‌بعی شه‌ککه‌رباری من ، کوردێ ئه‌گه‌ر ئینشا ده‌کا ١٠٦
(١١) پێم ده‌ڵێن : مه‌حبۆبه خێڵ و قیچه ، مه‌یلی شه‌ڕ ده‌کا ١٠٨
(١٢) چاوه‌که‌ت ئاگر له سینه‌ی عاشقی میسکین ده‌کا ١١١
(١٣) یا بدرُ علوّاً و ضِیاءً و کمالاً ١١٤
(١٤) حیره‌تزه‌ده وا دیده وه‌کۆ حه‌لقه‌یی ده‌ر ما ١١٨
(١٥) جه‌نانی وه‌ك جینان کردم به ماوا ١٢٢

ژمارە نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك لاپــەڕە

(١٦) پەچەیی پەرچەمی‌یو ، پرچی سیا ١٢٤
(١٧) ڕیشەکەی پان و دڕێژە ، بۆ ڕیا خزمەت دەکا ١٢٨

تیپی بــێ

(١) زولفەینی بە خەم مار و بە حەڵقەن وەکو عەقرەب ١٣٣

تیپی تــێ

(١) ماتەم وەکو زولفەینی سییەھ ، گرتی سەراپات ١٣٧
(٢) چاوت لە برۆ یەعنی لەژێر طاقی نەظارەت ١٤٥
(٣) مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرمۆت ١٤٨
(٤) ئەی سەروی بولەند قەدد و ، برۆ تاق و ، مەمك جۆت ! ١٥٢

تیپی ثێ

(١) عومری بێ حاصڵی من چۆ بە عەبەث ١٥٥

تیپی چیم

(١) عیشقت کە مەجازێ بێ ، خواهیش مەکە ئیللا کچ ١٥٧

تیپی حێ

(١) ساقی ! وەرە ڕەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح ١٦٤

تیپی دال

(١) ابروان تو طبیبان دل افگارانند ١٦٨

تیپی ڕێ

(١) ئیلتیقای پۆلاوو ئاسن هەر نیزاعە و گیرودار ١٧٠
(٢) قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرۆر ! ١٧٤
(٣) سەیلی هیجرت بەردی بنچینەی لە ڕەگ هێنامەدەر ٢٠١
(٤) شەوی بەهاری جوانێ خەوێ بو پڕ تەشویر ٢٠٤
(٥) تیر ناز نگەهك هەر دلە نیجەیری وار ٢١٧
(٦) نفس ساعت گیپی ایشلرسە گر یاد ایلە طاعتدر ٢١٩
(٧) آن زلف مشکبار بدان روی چون نگار ٢١٩

تیپی ڕێ

(١) خاو و بێخاوی دو زوڵفی خاوم از ٢٢١

تیپی ڕێ

(١) هەی کەڕێکم بۆ ، چ‌پەیکەر ؟ طەی‌کەری هەوراز و لێژ ٢٢٤

تیپی سـین

(١) کە تۆ هاتی ، لە نەومیدێ نەما بـاس ٢٣٠
(٢) لەکن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیڤلا نییە باس ٢٣٣
(٣) صابۆنی کەفی پێیە کەفی زاری چاپلۆس ٢٣٧

تیپی طـێ

(١) مۆی سپێ کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط ٢٤٢

تیپی قـاف

(١) قوربان ، مەحاڵە پێکەوەبن صەبر و ئیشتیاق ٢٤٨

ژمارە	نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك	لاپــەڕە
(٢)	چییە گواڕە گوناهی ، وا بە نەستەق	٢٥١

تیپی کاف

(١)	ئەی شۆخی بێ‌نیاز.و گران‌ناز و غەمزە ســـۆك	٢٥٥

تیپی میــم

(١)	بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام	٢٦١
(٢)	ئەی تازە جەوان ! پیرم و ئوفتادەوو کەوتوم	٢٦٤
(٣)	حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم	٢٧١
(٤)	دەورانییە ، وەك هێڵەکی سەودا ، سەری گێژم	٢٧٦
(٥)	عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم	٢٨٠
(٦)	شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم	٢٨٣
(٧)	ماچی دەمەکەی دامێ کە دامێ سەر و ماڵم	٢٨٦
(٨)	لایقی مەخزەنی طەبعە هەمو کەنزی غەزەلم	٢٨٨
(٩)	عەزیزم ، زۆحی شیرینم ، دو چاوم !	٢٩٣
(١٠)	گەر دەپرسێ من لەبەرچێ کەم دەخۆم	٢٩٥
(١١)	وەی کە زۆزەردی مەدینە و زۆسیاهی مەککە خۆم !	٢٩٩
(١٢)	دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە ، جەوابی نادەم	٣٠٥
(١٣)	فاتیحە ! تەسخیرە شاری دڵ بە طابۆری ئەلەم	٣٠٨
(١٤)	لەبت میم و ، قەدت ئەلف و ، زوڵف چیم	٣١٢
(١٥)	سوی مصر است مرا عزم از این لجهء غم	٣١٣

تیپی نــۆن

(١)	کە تۆی قیبلە ، دەمت ســا بێنە قوربان !	٣١٥

ژمارە	نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك	لاپـەڕە
(٢)	ڕەفیقان ! من ئەوا ڕۆییم لەلاتـان	٣١٧
(٣)	لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان	٣٢٠
(٤)	ئەهلی تەعدادی مەحاسین تۆسییان	٣٢٣
(٥)	ڕەقیب و موددەعێ فیتنە و عیلاقەی جاوی جادۆتن	٣٢٦
(٦)	ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بۆمن	٣٣١
(٧)	دۆری لە من خستەوە بێ سەبەبێ یاری من	٣٣٣
(٨)	خەندە و دەمی مەحبۆبە کەوا زۆر نمەکینن	٣٣٧
(٩)	ئەم طاقمە مومتازە کەوا خاصصەیی شـاهن	٣٤٠
(١٠)	خەطات فەرمۆ کە خۆشە چین و ماچین	٣٤٥
(١١)	بە جان سەختیییو دڵ بەردێ ، من و تۆ	٣٤٩

تیپی واو

(١)	وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتومیە نـاو	٣٥٥
(٢)	هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بۆ	٣٦٧
(٣)	تا فەلەك دەورەی نەدا ــ صەد کەوکەبی ئاوا نەبۆ ــ	٣٧٠
(٤)	دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی ، فەرەقی بۆ	٣٧٥
(٥)	دەرۆنم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ	٣٧٩
(٦)	نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ	٣٨٠
(٧)	زوڵفت کە لەسەر ڕۆ بە خەم و تابشە ئەمڕۆ	٣٨٤
(٨)	شەوی یەلدایە ، یا دەیجۆرە ئەمشەو	٣٨٧

تیپی هـێ

(١)	ساقێ ! بە مەیی کۆنە لەسەر عادەتی نەو بە	٣٩١

ژمارە	نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك	لاپـەڕە
(٢)	دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی (حەبیبە) !	٣٩٤
(٣)	خاڵی بەینی چاو و ئەبرۆت ئینتیخابی کاتیبە	٣٩٨
(٤)	درونی لدار اا (شارزور) و بردە	٤٠١
(٥)	لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میثلی تەندۆرە	٤٠٦
(٦)	وەصفی زۆخساری لە فیکری بەنی ئادەم بەدەرە	٤١١
(٧)	ئەی ساکینی زێاضی مەدینەی مونەووەرە	٤١٥
(٨)	سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە	٤٤٨
(٩)	(حلقە در گوش)ی کەفی زەنگینی تۆیە ئەم دەفە	٤٥٠
(١٠)	کەوا زەرتایی یەکتایێ دەڵێی خورشیدی ئافاقە	٤٥٥
(١١)	بە مەرگی خۆت قەسەم ، زاهید ، هەمۆ عومرت عوبۆرێکە	٤٥٨
(١٢)	سەری هەر مۆی بەدەنم طەرزە تەمەنایێکە	٤٦١
(١٣)	شاهێنی دو چاوت کە نیگا و مەیلی بەدانگە	٤٦٤
(١٤)	بنوازە وشکە صۆفیو زەقصی بە هەلهەلە	٤٦٦
(١٥)	شکەنجی عەرض و طۆلی پێچی زوڵفت بێ سەرەنجامە	٤٧٠
(١٦)	سەودا زەدەکەی زوڵفت ، ئەزهاری لەکن پەشمە	٤٧٤
(١٧)	بایێ لە طەرەف قیبلەمەوە دێت و وەزانە	٤٧٧
(١٨)	ئەلا ئەی نەفسی بۆم ئاسا ، هەتاکەی حیرصی وێرانە !	٤٨٢
(١٩)	سوروشکی من کە لێڵاوە ، غوباری کۆە و هامۆنە	٥٢٠
(٢٠)	دڵ سیاسەنگ نەبێ ، مائیلی خاکی وەطەنە	٥٢٤
(٢١)	لەووەختەوە بیستۆمە دیتن بە قەدەر چاوە	٥٢٨
(٢٢)	ئەو سیلسیلە وا میشگی خەطا نێوی براوە	٥٣٠
(٢٣)	زوڵفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بلاوە	٥٣٢
(٢٤)	تا لە من ئەو زوڵفە زێی بۆسە و کەناری گرتووە	٥٣٨

ژمارە	نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك	لاپـــەڕە
(٢٥)	گوڵبنی قەددت لە قوبیەی سینە غونچەی کردووە	٥٤٤
(٢٦)	گەرمێ و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە	٥٤٨
(٢٧)	سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خضرە ، نیوە هەودایە	٥٥٦
(٢٨)	بیستم لە هەمۆ لایە مەیلی شەڕ و دەعوایە	٥٦١
(٢٩)	سەرمایەیی سەودا کە دەڵێن زوڵفی دو تایە	٥٦٣
(٣٠)	موشەخخەص لەشکری خەططت لەسەر تەسخیری بالآیە	٥٦٥
(٣١)	ئەڵڵا .. ئەڵڵا .. کە چ عەقڵ و چ کەمالێکی هەیە	٥٧١
(٣٢)	عاشقی بێدڵ دەنالێ ، مەیلی گریانی هەیە	٥٧٢
(٣٣)	بەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنەوو بازاڕییە	٥٧٨
(٣٤)	با ڕەفیقانم بکەن شینم کە وەقتی زارییە	٥٨٣
(٣٥)	بیدی مەجنۆنە وجۆدم لە هەمۆ بەر بەرییە	٥٨٥
(٣٦)	صەوتی نەغمەی بولبولە ، یا چەهچەهەی خرخاڵیە	٥٨٨
(٣٧)	لەوکەسە دینی ئەتۆ نۆری دڵ و ئیمانیە	٥٨٨
(٣٨)	ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەر و پەیوەندی نییە	٥٩٢

تیپی یـــێ

(١)	حەریقی ضیقی زیندانم ، نەسیمی صوبحدەم با بێ !	٥٩٧
(٢)	(مەستۆرە) کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ	٦٠٣
(٣)	خۆشا ڕەندێ لە دنیا بێ موبالات و موجەڕڕەد بێ	٦٣٠
(٤)	لە چاوی (ڕۆدبار)م (نۆری) دیتن وەقتە تارێ بێ	٦٣٣
(٥)	ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بورۆجی !	٦٣٧
(٦)	گەر بازی نەظەربازی ، لەم دەست و نیگارەت چێ !	٦٤٢
(٧)	ئەی خەستەیی چاوت هەمۆ ئاهۆیی تەتارێ !	٦٤٧

ژمارە	نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك	لاپـەڕە
(٨)	بێ جوێ بۆنەوەیێ ، زەخم و برین و ئەثەرێ	٦٥٠
(٩)	ساقیَ ! وەرە ، مەیخانەیی دڵ کۆنە ڕەحیقی	٦٥٥
(١٠)	(بَرِقَ الْبَصَر) لەبەر بەرق تەلەئلولی لەئالیَ	٦٥٧
(١١)	بنواڕە نەوبەهار و فوتوحاتی گوڵشەنی	٦٦٢
(١٢)	قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دنیایی دەنیَ ،	٦٦٧
(١٣)	موساویَ وەك یەك و لۆلن لە هەردۆلاوە زولفەینی	٦٧٤
(١٤)	نەفەس بگرە لە هاتوچۆیی خۆڕایێ هەتا ماوی	٦٧٩
(١٥)	گوڵ کە یاغیَ و دەم دڕاو بۆ ، کەوتە لاف و ڕەنگ و بۆی	٦٩١
(١٦)	تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ	٦٩٧
(١٧)	یار دڵی خوێنین و چاوی پڕ لە گریانی دەوێ	٧٠١
(١٨)	خاڵیَ نییە ڕەشماری دو زوڵفت لە بەڵایێ	٧٠٤
(١٩)	وەرە ساقیَ ! بە شین و نەدب و واوەی	٧٠٧
(٢٠)	(بِحَمْدِ اللّه) دو چاوی یارم ئۆخەی	٧١١

پرژ و بڵاو

(١)	بڕیَ پارچەی غەزەل یارم ، کەوای کرد	٧١٥
(٢)	یك نیم رخت (أَلَسْتُ مِنْكُم بِبَعِيد)	٧١٥
(٣)	گۆشتی قەڵەو حوققە بە چوارده پارە	٧١٦
(٤)	وەك دوڕ و یاقوت نەقشە : دندان و لەبی ئاڵی	٧١٧
(٥)	بدور دایری فنجانْ چینی	٧١٧

ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی چاپ

هەڵەکان	لاپەڕە	دێڕ	ڕاستکردنەوەکەیان
نەبوو	٦	١	نەبۆ
١٣١٢ ی	١٢	٢١	١٣١٠ ی
هەمۆ	١٣	٢٣	زوربەی
گوڵخەنی	١٩	٥	کولخەنی
گوڵخەنی	١٩	٧	کولخەنی
گوڵخەنی	١٩	٩	کولخەنی
لەشکرەکەشیی	٣٩	١٢	لەشکرکەشیی
بیە	٤٤	٢٣	نەما
باث	٤٥	٣	باس
نالە	٤٥	٢٢	ناله
تەکللوم	٤٨	٩	تەکەللوم
باث	٥٢	١٣	باس
باث	٥٢	١٤	باس
مایەی	٦٨	١٥	بەمایەی
تیپی	٧٥	٢	پیتی
گەورەیێ	٧٥	١٧	گەورەیی
لەرزی	٨٣	٥	لەرزێ
لەرزی	٨٣	٢٥	لەرزێ
قۆت	١٠٢	٦	قۆت
خوڕدا	١٠٩	٢٤	خۆردا
بەڵام.. تاد دێڕی پاشەوەی	١١١	٢٢ و ٢٣	—
هەبۆن	١١١	٢٤	هەیە
بۆنخۆششییەکەی	١١٢	٧	بۆنخۆشییەکەی
بەڵام.. تاد دێڕی پاشەوەی	١١٢	١٣ و ١٤	—

هەڵەکان	لاپەڕە	دێڕ	ڕاستکردنەوەکەیان
نوسرابۆ	١١٣	٢٣	نوسراوە
بۆك	١١٧	٢٩	بۆك
کۆر	١٦٠	٨	کوڕ
کۆڕ	١٦٢	٨	کوڕ
١٣١٦ ی	١٧٠	١٢	١٣١٠ ی
١٨٩٨ ـ ١٨٩٩ ی	١٧٠	١٣	١٨٩٢ ـ ١٨٩٣ ی
جۆڕە	١٧٠	٢٢	جۆرە
شێوەسۆر	١٧٨	١٤	شیوەسۆر
داخو	١٨٨	٣	داخۆ
تەهی	٢٠٠	٢٠	تیهی
غەیبەوە	٢٠١	٧	غەیبەوە
پێنج	٢٠٥	٦	شەش
٤	٢١٧	٣	٥
٤	٢١٧	٣١	٥
٥	٢١٩	١	٦
٦	٢١٩	٤	٧
٥	٢١٩	١١	٦
٦	٢١٩	٢٦	٧
شیعرەکانی	٢٣٠	١٠	شیعرەکانیان
ڕێیێتێچێ	٣٠٣	٢٨	ڕێیێتێئەچێ
ئەبەر	٣٠٧	١٨	ئەبەر .
تەتڵەسی	٣٤٣	٢٨	ئەتڵەسی
جەمجا .	٣٧٤	٢٦	جەمجا :
بەستۆن	٤٤٤	٨	نەبەستۆن
ئاهی :	٤٤٧	٦	ئاهی
شەهسەوارەیی	٤٤٧	١٧	شەهسەوارەیی .
کُفێ	٤٥٠	٥	کُفێ
بژانگە :	٤٦٤	٢٥	بژانگە
(«پەراوێز»)ی	٤٦٩	١٥	(«پەراوێزی»
بچکۆلەبە	٤٩٤	١٧	بچکۆلەیە
حەی :	٤٩٧	٢٦	حەی
موعجیزە :	٥٠٩	٣	موعجیزە .
شێرانە	٥١١	٢٥	شێرانە .

هەڵەکان	لاپەڕە	دێڕ	ڕاستکردنەوەکەیان
نێدا	٥١٥	٣	تێدا
لێڵاوو ..	٥٢١	١٤	لێڵاو و .
لەراستیشدا	٥٤٨	٢٧	لەڕاستییشدا
بی	٥٩٧	٣	بێ
بەمجۆرەیە .	٦٦٠	٣٢	بەمجۆرەیە :
(هێمنی)	٦٦٦	٢٩	(ئەیمەنێ)
(« پەراوێزی » خا) و (عم) و (کم) و (گم)ە .	٦٨٦	١٩	(عم) و (کم) و (گم) و («پەراوێزی» خا)یە .

★ ★ ★

(٢٠٠٠) دانە لەمکتێبە لەچاپدراوە
دەستپێکردنی لەچاپدان ١٩٧٦/١/١٠
لێبۆنەوە لە چاپ ١٩٧٦/٨/٣١

لە کتێبخانەی نیشتمانیدا
ژمارە (٨٠١)ی ساڵی ١٩٧٦ی دراوەتێ

A PUBLICATION OF THE KURDISH ACADEMY

THE COLLECTION OF NALI'S POETRY

((MALA KHDR AHMAD SHAWAYS MIKAILI))

COLLATED AND EXPLAINED
BY
MALA ABDULKAREEM MUDARRIS
&
FATIH ABDULKAREEM

REVISED BY
MUHAMMAD I MALA KAREEM
ASSOCIATE MEMBER OF THE KURDISH ACADEMY

Kurdish Academy Press
BAGHDAD
1976